تصوير أبو عبد الرحمن الكردي

PKK

حەسەن جودی

مێژوویێک لە ئاگر

نهێنی خۆڕاگری بزووتنەوەی ئاپۆجی

دیمانەیەک لەگەڵ (جەمیل بایك) دا

PKK

مێژوویەک لەئاگر

نهێنی خۆڕاگری بزووتنەوەی ئاپۆجی

دیمانەیەک لەگەڵ (جەمیل بایک)دا

حەسەن جودی

لەبڵاوکراوەکانی کۆمیتەی ڕاگەیاندنی (پ ج د ک)

- ناوی پەرتووك: PKK مێژوویێك لە ئاگر
- بابەت: دیمانەی رۆژنامەیی
- ئامادەکردنی: حەسەن جودی
- تایپ: ئاراس رۆژهەڵاتی، کارۆخ
- چاپ: چاپی یەکەم (٢٠٠٨)
- نرخ: ١٠٠٠٠دینار

مافی لە چاپدانەوەی ئەم پەرتووکە پارێزراوە

ناوەرۆك

دوو قسە بۆ مێژوویکی ئاگرین...!!

بەشی یەکەم:
ئافراندنی مێژوو..١ـ٣٤

بەشی دووەم:
ڕەوشی بابەتی و خودی لەدایکبوونی تەڤگەری (PKK)....................٣٥ـ٧٢

بەشی سێیەم:
ڕێگایەك بۆ تێکۆشان... ڕێگایەك بۆ ئازادی (١٩٧٢ ـ ١٩٧٩)..............٧٣ـ٢٧٠

بەشی چوارەم:
کودەتا...بەرخۆدان... یەکەم گوللە (١٩٨٠ ـ ١٩٨٦)........................٢٧١ـ٣٧٠

بەشی پێنجەم:
بەرەو ژیانەوە...بەرەو چارەسەری (١٩٨٦ ـ ١٩٩١)........................٣٦٥ـ٤٢٧

بەشی شەشەم:
زەمەنی پیلانگێرییە مەزنەکان ... گەڕانەوەی مێژووە شوومەکە!! (١٩٩١ ـ ١٩٩٨)...٤٢٨ـ٥١٩

بەشی حەوتەم:
کاروانی ڕۆما...لوتکەی پیلانگێری (١٩٩٨ ـ ١٩٩٩)........................٥٢٠ـ٥٦٤

بەشی هەشتەم:
ژانی گۆڕانکاری... بەرەو پارادیگمایەکی نوێ (٢٠٠٠ ـ ٢٠٠٣)...........٥٦٥ـ٦٠٤

بەشی نۆیەم:
بەرەو سیستەمی ئازادی گەل (٢٠٠٢ ـ ٢٠٠٦)..............................٦٠٥ـ٧٠٤

پاشکۆکان:
١ـ جەمیل بایك لەچەند دێڕێکدا....................................٧٠٥ـ٧٠٧
٢ـ کرۆنۆلۆژیای مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK)...............٧٠٨ـ٧٢٥
٣ـ کورتکراوەی ناوی پارت و ڕێکخراوەکان.............................٧٢٦ـ٧٢٧
٤ـ فەرهەنگۆکی هەندێك لە وشە و زاراوەکان..........................٧٢٨ـ٧٣٥
٥ـ لیستی ناوی شەهیدانی...٧٣٦ـ٧٤٠
٦ـ هەندێك لەئارم و ئاڵای تەڤگەری ئاپۆچی...........................٧٧٦ـ٧٨١
٧ـ چەپکێك وێنە لە مێژووی تێکۆشانی (PKK) وە.......................٧٨٢ـ٧٨٨

دوو قسە بۆ مێژوویکی ئاگرین...!!

-۱-

باوەڕناکەم بزووتنەوەیەك لەمێژوو و رۆژگاری ئەمڕۆماندا هەبێت هێندەی بزووتنەوەی (PKK) ڕووبەڕووی پیلانگێڕی و هێرش و شاڵاوی لەناوبردن بووبێتەوە. هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە تاوەکو ئەمڕۆ هەمیشە ئەو بزووتنەوەیە بە مەترسی هەرە مەزن دەبینرێت و هەوڵی لەناوبردنی دەدرێت. هەڵبەتە ئەمەش بێ هۆکار نییە و چەندین هۆکاری هاوبەش وتەنانەت شاراوە لەپشت سەرجەم ئەو پیلانگێڕی و هێرش و شاڵاوانەدا خۆی حەشارداوە. کەواتە ئەو هۆکارانە چیین؟ نهێنی ئەو ترس و فۆبیا مەزنە کە لەبەرامبەر بزووتنەوەی ئاپۆچی و (PKK)دا هەیە چییە؟ ئەگەر هەر لەسەرەتاوە هەوڵی لەناوبردنی ئەو بزووتنەوەیە دەدرێت، بۆچی نەك هەر لەناو نەبردرا، بەڵکو بۆتە گەورەترین بزووتنەوە لەهەر چوار پارچەی کوردستان، تەنانەت بووە بەیەکێك لەگەورەترین بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی خۆرهەڵاتی ناوین و جیهان؟ کەواتە نهێنی مەزنبوون و خۆڕاگری (PKK) چییە؟ (PKK) دووژمنی کێیە و کێ دووژمنایەتی (PKK) دەکات؟ جیهانبینی و هەڵوێست و چەمکەکانی (PKK) بۆ ژیان، مێژوو، ئازادی، وڵات، گەل، فیکر، ئایدیۆلۆژیا، شۆڕش، تاك، کۆمەڵگا، دەوڵەت، دەسەڵات، خیانەت، وڵاتپارێزی و ...هتد، چییە؟ هەروەها چۆن دەڕوانێتە کێشەی کورد، کێشەی ژن و کێشە مرۆڤایەتییەکانی تر؟ لەم پێناوەدا خاوەن چ پرۆژەیەکی چارەسەرییە؟ (PKK) خاوەن چ سیستەمێکی بیرکردنە و و ژیان و کارکردنە؟ بۆچی ئەو پیلان و هێرش و شاڵاوانەی لەناوبردن سەرەتا "ئۆجەلان" دەکەنە ئامانجی خۆیان؟ کەواتە "ئۆجەلان" کێیە و خاوەن چ فیکر و فەلسەفە و سیاسەتێکە؟ ڕۆڵ و پێگەی "ئۆجەلان" لەنێو ئەو بزووتنەوەیەدا چییە؟ لەبەرامبەر هەموو هەوڵەکانی لەناوبردندا، ئاسۆی داهاتووی بزووتنەوەی (PKK) چییە و چۆن دەبێ؟

گومانم نییە کە ئەم پرسیارانە و سەدان پرسیاری تر لەهۆش و هزری ئەو کەسانە دێت و دەچێت کە خوازیارن لەڕاستینەی ئەوە تێبگەن کە بۆچی هێندە پیلانگێڕی و هێرش و شاڵاو لەدژی (PKK) دەکرێت؟ بۆچی (PKK)ش هێندە خۆڕاگری و بەرخۆدانی دەکات و تادێت هەر هەنگاوی مەزنتر دەهاوێژێت؟

لێرەدا بۆ گەیشتن بە وەڵامی ڕاستی سەرجەم ئەم پرسیارانە و سەدان پرسیاری دیکە دەتوانین پەنا بۆ کلیلی هەموو دەرگاکان ببەین، ئەویش مێژووە، مێژووی خودی بزووتنەوەی (PKK). بەڵام کاتێك دەرگای مێژووی بزووتنەوەی (PKK)ش دەکەینەوە ئەمجارەیان سەدان پرسیاری دیکە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە؛ ئەم بزووتنەوەیە چۆن و کەی و بە چ شێوەیەك لەدایکبووە و دەستی بەجموجۆڵ و تێکۆشان و بەرخۆدان کردووە؟ قۆناخەکانی پێشکەوتنی ئەو بزووتنەوەیە چیین و کەی و چۆن و بە چ شێوەیەك ئەو قۆناخانە بەدوای یەکدا هاتوون؟ چ ڕوویانداوە و چ پێشکەوتنێکیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە؟ کارەکتەرە سەرەکییەکانی هەر قۆناخێك لەو قۆناخانە کێن و خاوەن چ تایبەتمەندی و هەڵسوکەوت و پراکتیکێکن؟ هەر پرسیارێك چەندین کلکە پرسیار و لق و پۆپەی لێدەبێتەوە، لەناواخنی وەڵامی هەر پرسیارێکیشدا چەندین پرسیاری دیکە سەرهەڵدەدەنەوە... لەئاکامدا خۆمان لەنێو دەریایەك پرسیاردا دەبینینەوە، کە دەگەینە وەڵامی هەر پرسیارێك زیاتر سەرسوڕمانی دەمانگرێ و خولیای پرسیاری تر و

وەڵامی ترمان لەلا زیاتر دەبێت... ئیدی چەندە لەنێو ئەو مێژووەدا قووڵ دەبینەوە هێندەش سەرسام دەبین، هێندەش لەنهێنی پیلان و هێرش و شاڵاوەکانی نەیارانی تێدەگەین... هێندەش لەنهێنی خۆڕاگری و بەرخۆدان و مەزنبوونەکەی تێدەگەین...

لەمیانەی ئەو قووڵبوونەوەیەدا؛ سەرەتا لەوە تێدەگەین کە بزووتنەوەی (PKK) وەك پشکۆیەك لەژێر خۆڵەمێشی هەزاران ساڵەی مێژوودا خۆی حەشارداوە و هەر پزیسك دەدات، تا لەزەمەنێکی شەوەزەنگی بەستەڵەکگرتوودا بڵێسە دەدات و گڕو کڵپە دەسێنێ و گڕکان ئاسا هەڵدەقوڵێ، هەڵدەقوڵێ و گڕ لەمێژوویکی شووم، لەقەدەرێکی سەپێنراو بەردەدات... مێژوویێکی نوێ دەئافرێنێ... ئیدی مێژوو لەسەرووی قەدەرە سەپێنراوەکانەوە ڕێڕەوی خۆی دەگرێ...

لەم چوارچێوەیەدا؛ کاتێك بەهەگبەیەکی پڕ لەپرس و ڕامانەوە دەچینە نێو دەریای مێژووی بزووتنەوەی (PKK)وە، بەسەرهات و ڕووداوەکان، پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان، پەلکێشی خۆیت دەکات و تا قووڵایی مێژووی مرۆڤایەتیت دەبات، بەجۆش و مۆڕاڵێکی بەرزەوە، بە باوەڕی و ئیرادە و وزەیەکی تۆکمەوە، جارێکی دیکە دەتگەڕێنێتەوە نێو ڕۆژگاری ئەمڕۆ، لەبانێژەی ئەمڕۆشەوە ئاسۆی داهاتوویێکی پرشنگدارت نیشان دەدات. بەمەش سەفەر بەنێو ئەو مێژووی (PKK)دا، وەك سەفەرە بەنێو سەمفۆنیایەکی ئەمردا، وەك سەفەرە بەنێو ڕۆمانێکی بێکۆتاییدا، سەفەرە بەنێو شیعرێکی هارمۆنیدا، داستانێکی پڕ لەماجەرادا... بێگومان وەك چۆن لەپشت ئەو سیمفۆنیایەدا؛ ئۆرکسترایەکی مەزن، مایسترۆیەکی دانا، بیسەرێکی عاشق دەبینی، ئەوا مسۆگەر لەناواخنی ئەو ڕۆمانەدا پاڵەوانەکان، بەمەیل و توانستی خۆیانەوە، لەنێو ناکۆکی و ململانێ دان و تادێت گرێی نێو گرفت و ڕووداوەکان ئاڵۆز دەبێت و ڕووەو کردنەوە و چارەسەری دەچێت. هەر بەهەمان شێوەش لەو شیعرەدا لەبری ریتمێکی سواو، پانتاییەکی تاریك، چێژ لە هارمۆنیایەکی هەمەچەشنە و پانتایەکی پڕ لە ئیستاتێك وەردەگریت. کاتێك کە بەپەیژەی ڕووداوەکانی ئەو داستانەدا هەڵدەزنیی لەپێشتدا حیکایەتخوانێك بەهەموو مەندی و حیکمەتی خۆیەوە، شێلگیرانە هەوڵدەدات ئاراستەی ڕووداوەکان بەرەو ئاقاری ئازادی ببات، بە فازانجی هەموو ئەوانەی عاشق و دێوانەی ئازادین بشکێنێتەوە... چونکە بەهانەی یەکەم و کۆتایی بۆ لەدایکبوونی ئەم سیمفۆنیایە، ئەم ڕۆمانە، ئەم شیعر و داستانە تەنیا و تەنیا ئازادییە...

بۆیە کە مرۆڤ بەنێو ئەو مێژووەدا دەگوزەرێ، بەردەوام گوێت لەو زایەڵەیە دەبێت کە بەنەغمەیەکی پڕ لەسۆزەوە دەچریکێنێ و دەبێژێ: "ئەگەر ژیانێك هەبێت، با بە ئازادی و بۆ ئازادی بێت، ئەگەر مردنێکیش هەبێت، با هەر بە ئازادی و بۆ ئازادی بێت". ئەمە فەلسەفە و کرۆك و ناوەڕۆکی بانگەوازی ئەو پشکۆیەیە کە لەگەڵ یەکەم پزیسکی خۆیدا جاری دا... بێگومان کە مرۆڤ بەنێو مێژوویێکی ئاگریندا دەگوزەرێ، موچرك بەدوای موچرك بەگیانی مرۆڤدا دێت، تا ئاستی سەرسامبوون و شۆکبوون دەڕوات؛ چۆن مرۆڤ موچرك نایگرێت و سەرسام و شۆك نابێت کە دەبینێ؛ لەپێناو ئەو بانگەوازییە ئەمردا هەر جەستەیە دەسووتێ، هەر گیانە و هەڵدەکوروزێ... کوا چ سیمفۆنیایەك هەیە وەك ئەم سیمفۆنیایە نەغمەکانی گڕ بن؟ کوا چ ڕۆمانێك و شیعرێك و داستانێك هەیە وەك ئەم ڕۆمانە، ئەم شیعر و داستانە حەرفەکانی کڵپە بن؟ چۆن مرۆڤ شۆك نابێت هەر بەتەنیشت ئەو ڕۆح و جەستانەی دەبنە تۆپەڵێك ئاگر و گڕ لە هەموو ناشیرینییەکانی گەردوون بەردەدەن، ڕۆح و جەستەگەلێکیش هەن لەبەرد بەردترن، لەبەستەڵەك بەستەڵەکترن، وەك بڵێی گڕی هەموو گەردوون ناتوانێ خاوێنیان بکاتەوە... ئیدی ئەوە سیمفۆنیایەکە بێهەڵچوون و داچوون نابێت، ڕۆمانێکە بێ ناکۆکی و ململانێ نابێت، شیعرێکە و داستانێکە بێ توخمی ئەزۆك و شەڕانگێز نابن...!!

بەڵام سیحری ئاگرینی ئەو مێژووە لەچی دایە؟ لەکوێ دایە؟ ئەمە نهێنییەکە و بەتینی گەرم و بڵێسەداری خۆی تا قووڵایی خۆی دەتبات، ئینجا پێت دەڵێت "ئەوە منم ... ئیدی بمناسە و لێم تێبگە...".

بۆیە ئەوەی لەم مێژووەدا دەیخوێنیتەوە نهێنی لەدایکبوون و مەزنبوونی بزووتنەوەیەکە کە هیچ کەس مەزەندەی لەدایکبوونی ناکات، نەخاسمە پێشکەوتن و مەزنبوون و سەرکەوتنەکەی، ئەمە هەر لەدەرەوەی خەیاڵ دابوو... کەچی لەدەرەوەی مەزەندە و شیمانەکان، بەبێ ئەوەی روخسەت لەباڵادەستەکانی ئەو جوگرافیایە و جیهان وەربگرێت، سەرییەڵدا... بەڕوو ئاسا رەگی داکوتا و باڵای کرد، چڵ و پۆپەی دەرکرد، چەندە چڵ و پۆپە دەکات ئەوەندەش رەگدادەکوتێ، چەندە بەقووڵایی مێژوودا شۆڕدەبێتەوە ئەوەندەش بەرەو لوتکە هەڵدەکشێ... ئیدی لەنێو دۆزەخی جوگرافیایەکی ونبوودا، ئەو جوگرافیایەی کە لەمێژ ساڵە هەنجن هەنجنیان کردبوو و پاشان سڕیبوویانەوە، درەختێك باڵانما دەکات و خوازیارە لەو دۆزەخەی کە پێی دەگووترێت گێژاو (کائیوس) نسێیەکی فێنك، ساباتێکی دڵڕفێن بۆ گەلانی خێر لەخۆنەدیو، بۆ ژنانی ئازارچەشتوو، بۆ مرۆڤایەتی لەسەر خاکی مێزۆپۆتامیا و هەموو جیهان بخولقێنێ...

ـ ٢ ـ

ئەوەی وا خەریکە دەیخوێنیتەوە بەرکۆڵی مێژووی تێکۆشانی سی و پێنج ساڵەی بزووتنەوەی (PKK) و ئاپۆچێتییە، لەسەر زمانی یەکێك لەپێشەنگانی ئەو بزووتنەوەیە. ئەم پەرتووکە دیمانەیەکی رۆژنامەوانییە لەگەڵ **بەڕێز جەمیل بایك (هەڤاڵ جومعە)** کە یەکێکە لەدامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ئاپۆچێتی و (PKK)، کە بەدرێژایی تێکۆشانی سی و پێنج ساڵەی ئەو بزووتنەوەیە (تەڤگەرەیە) بەشداری و رۆڵی لەسەرجەم قۆناخەکانی تێکۆشاندا هەبووە و شایەدحاڵ و ئاگاداری رووداو و ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان بووە. لەمیانەی ئەم دیدارەدا بەڕێز"**جەمیل بایك**" بەشیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ورد و فراوانەوە بیرەوەری و رووداوەکان دەگێڕێتەوە و باس لەتەواوی قۆناخەکانی مێژووی بزووتنەوەی (PKK) لەسەرەتاوە تا رۆژی ئەمڕۆ دەکات و هێڵی گشتی ئەو مێژووە دەستنیشان دەکات، کە خۆی لەناو خودی رووداو و پێشکەوتنەکاندا بووە و کارەکتەرێکی گرنگ و چالاکی نێو ئەو مێژووەیە.

لەڕاستیدا یەکێك لەو هۆکارانەی کە هانیدام ئەم دیدارە رێکبخەم بۆنەوە دەگەڕێتەوە کە لەجیهان و خۆرهەڵاتی ناویندا بەگشتی و باشووری کوردستاندا بەتایبەتی، بەشێوەیەکی سیستەماتیك و پلان بۆکراودا، هەڵمەتێکی فراوان و چڕوپڕ و بەردەوامی؛ رەشکردن، ئاوزڕاندن، چەواشەکاری و شێواندن لەبەرامبەر راستینەی بزووتنەوەی (PKK) و رێبەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان و شۆڕشگێڕانی نێو ئەم بزووتنەوەیە ئەنجامدراوە و پێشخراوە، لەبەرامبەر فەلسەفە و هزر و ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و سیستەمی ژیان و بیر و کارکردنی (PKK)دا هەوڵ و تەقەللایەکی بێوچان دراوە و لەمەشدا ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتخایەنیش بێت، تاڕادەیەکی بەرچاو ئەو هەڵمەتانەیان سەریگرتووە. هەڵبەتە دامودەزگاکانی دەوڵەتە زلهێزە ئیمپریالیستەکان، تورکیا و داگیرکەرانی دیکەی کوردستان، هەروەها هێزە بەکرێگیراو و تەسلیمکارەکانی کورد و چەندین نووسەری قەڵەمفرۆش و ویژدانفرۆشی کورد و بیانی رۆڵێکی گرنگیان لەو هەڵمەتەدا بینیوە و تەنانەت لەمڕووەوە لەنێو پێشبڕکێیەکی سەرسوڕهێنەر دابوونە و تا ئانوساتی ئێستاش لەسەر پێشخستنی ئەم هەڵمەتە هەر بەردەوامن و چاوەڕێش ناکرێت "ئیمپریالیزم ـ داگیرکەرانی کوردستان ـ هێزە وابەستەکانی کورد ـ نووسەرە خودفرۆشەکان" هەروا زوو دەستبەرداری ئەم هەڵمەتە هاوبەشەیان بن. بێگومان زۆر کەمن ئەوانەی بەبێ مەبەست و لەخافڵگیری و نەزانییەوە کەوتوونەتە خزمەتی ئەو هەڵمەتە دژە شۆڕشیەوە. بۆیە گێڕانەوە و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی مێژووی بزووتنەوەی (PKK) لەسەر زمانی خودی (PKK)ییەکان، ئەوانەی بەوپەڕی دروستی و راستگۆیی و جورئەتەوە بەردەوامی بەتێکۆشانی ئازادیخوازانەی خۆیان دەدەن، ئەرکێکی گرنگ و پڕ بەبایەخە.

بەداخەوە خودی شۆڕشگێڕانی ئەم بزووتنەوەیە لەمڕووەوە کەمتەرخەمیان نواندووە و مێژووی ئەو بزووتنەوەیەیان بەشێوەیەکی فراوان بەهەموو کەسێك نەناساندووە. ئەمەش جێی رەخنەیە. چونکە ناسین و تێگەیشتن لە (PKK) لەڕێی خودی (PKK) و (PKK)ییەکان راستترین و زانستیانەترین رێگەیە بۆ ناسین و تێگەیشتن لەمێژوو و فەلسەفە و سیستەمی بیرکردنەوە و ژیان و تێکۆشانەکەی.

لەمیانەی وردبوونەوە و لێکدانەوەی سەرجەم ئەو هەڵمەتە پروپاگەندەییەی لەدژی ئەو تەڤگەرە بەڕێوە براوە دەبینرێت کە زۆر شێواز و ئوسلوب بەکاربراوە بۆ وێناکردنێکی ناشرین بۆ ئەم بزووتنەوەیە. بەر لەهەموو شتێك خواستوویانە ئەو پەیوەندییە دیالیکتیکیەکەی نێوان " گەل، (PKK)، ئۆجەلان" بشێوێنن یان بیپچڕێنن و لەیەکدابڕاو سەیربکرێن. ئەو هێز و لایەنانە بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە دیالیکتکییە بشێوێنن و لەیەکدی بیپچڕێنن هەرچی بەدەمیاندا هاتووە گووتوویانە، هەرچی لەدەستیان هاتووە کردوویانە، لەکەمپینی ئاوزڕاندن و رەشکردنەوە بگرە تادەگاتە هەوڵەکانی کوشتن و تیرۆر، لەشەڕ و هێرشبردنەوە تادەگاتە پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییەکان ...هتد، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵ و تەقەللا بەردەوامانەیان، کەچی وەك لەمیانەی خوێندنەوەی ئەم دیالۆگەدا دەردەکەوێت؛ نەك هەر پەیوەندی تۆکمەی نێوان" گەل، (PKK) و ئۆجەلان " لاواز نەبووە و نەپچڕاوە، نەك هەر ئیرادەی ئازاد و سەربەخۆی ئەم سێینەیە بێ کاریگەر نەبووە و نەشکاوە، بەڵکو تا هاتووە ئەم ئیرادەیە بەهێز و تۆکمەتر بووە و رۆحی بەرگری و بەرخۆدانی، پەیوەستبوونی گەل بە فەلسەفە و ژیانی ئازادی (PKK) و رێبەر ئۆجەلان تا هاتووە مەزنتر بووە، تا هاتووشە باوەڕی (PKK) و رێبەر ئۆجەلان بەهێز و تواناو ئیرادەی گەل و مرۆڤایەتی پێشکەوتنخوازیش تۆکمە و بەهێزتر بووە. بۆیە پێویست دەکات هەرکەس و هێز و لایەنێك بخوازێت دۆستایەتی یان دووژمنایەتی ئەو پەیوەندییە دیالیکتیکیانەیەی ئەم سێینەیە بکات، ئەوا پێویستە ئەو راستینەیە بەقووڵی تێبگات کە ئەو پەیوەندییە سەرچاوەی خۆی لەراستینەی فەلسەفە و سیستەمی بیرکردنەوە و ژیان و تێکۆشانی رێبەر ئۆجەلان و گەلی کوردستانەوە وەردەگرێت.

لەم روانگەیەوە؛ دەگەینە ئەو راستییەی کە ناکرێت بەزیهنییەت و چەمك و لۆژیکە باوەکان لە (PKK) و رێبەر ئۆجەلان و ئاستی ئەمڕۆی گەلی کوردستان تێبگەین، چونکە بەڕێز ئۆجەلان و (PKK) بەزیهنییەت و چەمکێکی نوێوە سەریانهەڵداوە و تێکۆشاون و پەرەیان سەندووە، بەمەش کەسێتییەکی نوێ و هاوچەرخیان بۆ کورد ئافراندووە. زیهنییەتێك لەسەر بنەمای فەلسەفەیەکی پووخت و سەنتێزی (کۆتێزی)یەوە، لەتیۆری و کرداریدا بەناوێتەیی پێگەیشتووە و پێشکەوتووە، کە قۆناخ بەقۆناخ خۆی پووخت و هەڵاوێرد کردووە و گەیشتۆتە ئەو ئاستەی وەك واقیعێك و راستییەك رەگی خۆی داکوتێ و لەهەڵکشاندا بێت. بەمەش مێژووی ئەم تەڤگەرە بۆتە قۆناخێکی نوێ و گرنگ لەمێژووی هاوچەرخی گەلی کوردستان و مرۆڤایەتی، پارچەیەکی دانەبڕاو لەمێژووی کوردستان، خۆرهەڵاتی ناوین و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. ئیدی لەرووپەلەکانی مێژووی تەڤگەری (PKK)دا؛ پووختەی مێژووی گەلێك کە دەستبەرداری مەیلی ئازادیخوازانەی خۆی نابێت و لەپێناو گەیشتن بەئازادی لەئاستی هەرە بڵندا قوربانی، قارەمانێتی و گیانفیدایی هەرە مەزنی نواندووە و بۆتە سەرچاوەی مۆڕاڵ و وزە و توانستێکی بەهادار بۆ گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین و جیهان.

ئیدی لەئاکامی تێکۆشانی شکۆدارانەی رێبەر ئۆجەلان و تەڤگەری (PKK) و خودی گەلی کوردستان نموونەی تاك و کۆمەڵگایەکی نوێ و هاوچەرخ ئافرێنرا، تا ئاستێکی بەرزیش توانیویەتی قۆناخی "بەگەلبوون" و "بەنەتەوەبوون"بیڕێت و بەڕادەیەك بتوانێت خۆی ناوێتەی فەلسەفەی ئازادی بکات و بەجورئەتەوە بێژێ:" ئەگەر ژیانێك هەبێت با بەئازادی و بۆ ئازادی بێت، ئەگەر مردنێکیش هەبێت با هەر بەئازادی و بۆ ئازادی بێت" و ببێتە

نموونەی" گەلی سەرکەوتن"، ببێتە ناسنامەیەکی ئازاد بۆ خۆرهەڵاتی ناوینێکی نوێ، ئەو گەلەی لەهەموو ئاستەکاندا نکۆڵی لێدەکرا و دەتوایەوە و قڕدەکرا، تەنانەت گەیەندرابووە ئەو قۆناخەی خۆی نکۆڵی لەخۆی بکات و رازی بێت بەم نکۆڵیکردنە و لەململانێ و ناکۆکی و شەڕ و پێکدادانە جیهانی و هەرێمییەکاندا وەك "قۆچی قوربانی"ی هەمیشەیی و وڵاتەکەیشی وەك "گۆڕەپانی شەڕ"ی بەردەوام وابوو، ئەمڕۆ لەسایەی ئەو تێکۆشانە چڕوپڕەی خۆی و ڕێبەر ئۆجەلان و تەڤگەری (PKK)دا زۆر بەجورئەت و شێلگیرییەوە دەڵێت:"من هەم و جگە لەژیانی ئازادانە و سەرکەوتن بەهیچ شێوە ژیانێکی دیکە و ئەنجامێکی دیکە رازی نابم" و وەك ئەرکێکی شارستانی و مێژوویی، ئەخلاقی و مرۆڤایەتی ببێتە داینەمۆی دیموکراتیزەبوونی خۆرهەڵاتی ناوین و پزیسکی شۆڕشێکی زیهنی – ویژدانی سەرتاپاگیر...

حەسەن جودی

کەرکوک ـ باشووری کوردستان

هاوینی ٢٠٠٨

بەشی یەکەم:

ئافراندنی مێژوو

پشکۆیەك

لەنێو خۆڵەمێشی مێژوودا

با سەرەتا لەم خاڵەوە دەست پێبکەین کە تەڤگەری (PKK) وەك هەر تەڤگەرێکی دیکە خاوەن مێژوویێکە، کەواتە شوێنگەی مێژووی (PKK) لە مێژووی کوردستان و هەرێمەکە و مرۆڤایەتیدا چییە؟

(PKK) لەمێژووی مرۆڤایەتیدا شوێنگەیەکی گرنگ و تایبەتی خۆی هەیە، (PKK) بەو شتەی کە تێکیداوە و ئاشکرای کردووە، بنیادیناوە و ئافراندوویەتی و پێشیخستووە جێی خۆی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا گرتووە، هەمیش هەر لەئێستاوە جێی خۆی گرتووە. (PKK) بۆ مێژووی مرۆڤایەتی چەندین ئەرکی بنچینەیی و گرنگی پێکهێناوە. ئەو ئەرکانە چین؟ یەکەم: تاوەکو ئێستا ئەو مێژووەی مرۆڤایەتی کە دەخوێندرێت و فام دەبێت، مێژووی راستەقینەی مرۆڤایەتی نییە. بەڵکو زیاتر مێژووی دەسەڵاتەکانە. مێژوو بەگوێرەی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانیان و نزیکایەتیان نووسراوەتەوە. کەچی ئەوەی لەبنەڕەتدا مێژوو دەئافرێنێت کۆمەڵگای ژێرەوەیە. بەڵام وا نیشاندراوە و تێگەیەندراوە کەوا کۆمەڵگای ژێرەوە هیچ رۆڵێکی لەمێژوودا نییە، وەك بڵێی ئەوەی مێژووی ئافراندووە و پێشیخستووە دەسەڵاتدارەکان بووبن، هەڵبەتە ئەمەش راست نییە. مێژووی مرۆڤایەتی لەبنەڕەتدا مێژووی کۆمەڵگاکانی ژێرەوەیە. مێژوو لەسەر

شانی کۆمەڵگای ژێرەوە پێشکەتووە و گەیشتۆتە ڕۆژی ئەمڕۆ. مرۆڤ ناتوانێت نکۆڵی لەشوێنگەی دەسەڵاتەکان لەمێژوودا بکات، جێی خۆیان هەیە، بەڵام جێی ئەوان زۆر کەم و لاوازە. دەسەڵاتەکان مێژوویان دزیوە، مێژوویان بەهەڵە نووسیوەتەوە، ئەمەشیان بەئەنقەست کردووە.

لەم خاڵەدا (PKK) و سەرۆك ئاپۆ موداخەلەی ئەمەیان کرد. مێژووی ڕاستەقینە چییە؟ مرۆڤایەتی لەسەر کامە مێژوو گەیشتۆتە ڕۆژی ئەمڕۆ؟ ئەوەی مێژووی پێشخستووە چییە؟ ڕاستینەی ئەو مەسەلانەیان خستەڕوو. ئەمە یەکێکە لەخاڵە گرنگەکان.

دووەم: مێژووی مرۆڤایەتی لەسەر شارستانییەتی خۆرهەڵاتی ناوین پێشکەوتووە. خۆرهەڵاتی ناوین بنچینەی مێژووی مرۆڤایەتییە، بنچینەی شارستانییەتە. مرۆڤایەتی چ هەنگاوێکی هاوێشتبێت ئەوا لەسەر ئەو بنچینەیە هەنگاوەکانی هاوێشتوون. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو مێژووەی کەوا ئێستا دەخوێندرێت یان فام دەکرێت دەبینین خۆرهەڵاتی ناوینی تێدا نییە. وا نیشان دەدرێت کەوا مێژوو لە خۆرئاواوە دەستپێکردووە، ئەمەش شێواندن و ئاوەژووکردنێکە. چونکە وەکو باسمکرد بناخەی مێژووی هەموو مرۆڤایەتی، مێژووی پێشکەوتنی شارستانییەتەکان خۆرهەڵاتی ناوینە. لە خۆرهەڵاتی ناویندا ڕەگ و بناخەی خۆیان داکوتاوە و ئاواکردووە و لەسەر ئەو بنەمایە هەنگاویان هاوێشتووە. بەڵام مرۆڤ دەبینێت نکۆڵی لەم ڕاستییە دەکرێت، ئەمڕۆ خۆرئاوا لەهەموو ڕوویێکەوە مۆرکی لەمێژوو داوە، بۆیە بەئەنقەست نکۆڵی لەشوێنگەی خۆرهەڵاتی ناوین لەمێژوودا دەکات. مێژووی لەخودی خۆیەوە دەستپێکردووە. (PKK)، سەرۆك ئاپۆ بۆ ڕاستکردنەوەی ئەمە هەوڵیان دا. واتا ئەوەمیان خستەڕوو کە هەموو مرۆڤایەتی و شارستانییەت لە خۆرهەڵاتی ناوینەوە سەریانهەڵداوە و پێشکەوتوون، پێویستە مرۆڤایەتی نکۆڵی لەمێژووی خۆی و ڕەگ و بناخەی خۆی نەکات. بەپێچەوانە نزیك نەبێتەوە. یەکێك لەو مەسەلانەی ڕاستیانکردەوە ئەمەبوو.

سێیەمیشیان: لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، لەپێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا، لەشارستانییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگی کوردان هەیە. شارستانییەتی ئاواکردووە و پێشیخستووە، هەموو وزە و هێزی خۆی خستۆتە نێو شارستانییەتەوە. بەڵام ئەمڕۆ کورد لە دونیادا پەراوێزخراوە،

مرۆڤ دەتوانێت بڵێت؛ کورد دایکی شارستانییەتە، دایکی مێژووی مرۆڤایەتییە، بەڵام ئەو منداڵەی لێیەوە لەدایکبووە نکۆڵی لەدایکی خۆی دەکات. واتا هیچ رۆڵێك بە کورد نابەخشێت. (PKK)، سەرۆك ئاپۆ رۆڵی کورد لەمێژوودا، لەشارستانییەتدا چییە؟ بۆچی کورد ئەمرۆ لەم دۆخەدا دەژیت؟ راستینەی ئەو مەسەلانەیان خستۆتەڕوو.

واتا (PKK) لەهەموو رووێکەوە مێژووی لەشێواندن و ئاوەژووکردنەوە دوورخستەوە و راستیکردەوە، ئەو مێژووەی لینگەوقووچ بوو، خستییەوە سەرپێی خۆی.

ئەو مێژووەی دەزانرێت هەم بەشێکە لەنێو سەرتاپای مێژووی مرۆڤایەتی، هەمیش بەشێکی وەهایە کە تێیدا زۆرێك شێواندن و ئاوەژووکردنەوە هەیە. لەبنەڕەتدا ئەمە مێژووی مرۆڤایەتی نییە، بەڵکو راستینەی مێژووی مرۆڤایەتی شاردراوەتەوە. ئەم مێژووەش مێژووی کۆمەڵگای ژێرەوەیە، مێژووی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوینە، لەنێویشدا شوێنگەیەکی تایبەتی کوردان هەیە. (PKK)، سەرۆك ئاپۆ ئەمانەیان خستەڕوو. بێگومان ئەمەش تێڕوانین و نزیکبوونەوەیەکی نوێیە، زیهنییەتێکی نوێیە. (PKK) لەدونیادا نزیکبوون و زیهنییەتێکی نوێی بۆ مێژوو پێشخست، لەو زیهنییەتە باوەی هەبوو گۆڕانکارییەکی مەزنی ئەنجامدا و هێشتاش ئەنجامی دەدات. ئیدی مرۆڤ ئەگەر بیەوێت بزانێت لەمێژوودا چ شوێنگەیەکی (PKK) هەیە و ئەم شوێنگەیە چۆنە، پێویستە لێرەوە (PKK) بناسێت و لێی تێبگات.

لەمێژوودا، زۆر تەڤگەر و سەرۆك دەرکەوتوون، چ بەخراپی و چ بە باشی، هەندێك شتیان بۆ مرۆڤایەتی ئافراندووە، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی مرۆڤایەتییان گۆڕیوە و پێشخستووە، یان بۆ مرۆڤایەتی ژیان و بەهایان قازانجکردووە و لەمێژوودا شوێنی خۆیان گرتووە، بەڵکو ئەوانەی بەمرۆڤایەتیشیان دۆڕاندووە ئەوانیش لەمێژوودا شوێنیان گرتووە. بەڵام بەخراپی شوێنیان گرتووە. تەڤگەرێك، سەرۆکێك لەمێژوودا چ شوێنگەیەکیان هەیە؟ مرۆڤ چ شوێنگەیەکیان پێدەدات؟ ئەمە لەسەر چ دەمێنێتەوە؟ ئەو تەڤگەرە یان ئەو سەرۆکە بۆ مرۆڤایەتی چ هەنگاوێکیان هاوێشتووە؟ چ بەهایەکیان ئافراندووە؟ چ گۆڕانکارییەکیان ئەنجامداوە؟ بەمانە دەناسرێت. ئەگەر گۆڕانکاری مەزنیان کردبێت و قۆناخێکیان بەجێهێشتبێت و قۆناخێکی نوێیان دەستپێکردبێت، لەژیاندا گۆڕانێکی مەزنیان دەستپێکردبێت، لە ئەخلاق و کولتووری مرۆڤایەتیدا

گۆڕانی مەزنیان پێکهێنابێت، ئەوا ئەو تەفکەر و سەرۆکانە جێیەکی باش دەگرن. بەوانەش دەڵێن "تەفکەری پێشەنگ" کە بۆ مرۆڤایەتی پێشەنگیان کردووە، ئەگەر گەلیش بن، پێیان دەگووترێت "گەلی پێشەنگ" ئەگەر سەرۆك بن، پێیان دەڵێن "سەرۆکی پێشەنگ". واتا ئەوانەی گۆڕانکاری بنچینەیی و مەزنیان ئەنجامداوە، مۆرکی خۆیان لەمێژوو و ژیان داوە، ئەوەی لەمێژوودا گۆڕانکاری مەزنیان ئەنجام دابێت ئەوا بەهەمان شێوە شوێنگەیەکی مەزن دەگرن.

ئیدی سەرۆك ئاپۆ و (PKK)ش لەمێژووی مرۆڤایەتیدا لەبەر ئەوەی راستینەی مرۆڤایەتییان لەهەموو رووێکەوە دەرخستۆتەڕوو، شێواندن و ئاوەژووکردن لەمێژووی مرۆڤایەتیدا چین و چۆن و لەکوێدا دەستپێکردووە و پێشکەوتووە؟ چۆن مێژووی راستەقینەی مرۆڤایەتی شاردراوەتەوە، ئەوەیان خستەڕوو. لەزیهنییەتدا گۆڕانکارییەکی زۆر مەزنیان ئەنجام داوە. ئەو زیهنییەتەی تاکو ئێستا هەیە رەتدەکەنەوە و نزیکبوون و زیهنییەتێکی نوێ پێشدەخەن، رووە راستەقینەکەی مێژوو دەردەخەنەڕوو. بۆیە گۆڕانکارییەکی مەزن لەمێژووی مرۆڤایەتی دەئافرێنن. تاوەکو ئێستا کەسێك گۆڕانکارییەکی بەمشێوەیەی نەخستۆتە پێشخۆی و جورئەتی بەمشێوەیەی نەکردووە و گۆڕانکارییەکی وەهاشی ئەنجام نەداوە. بۆیە شوێنگەی (PKK) و سەرۆك ئاپۆ لەمێژووی مرۆڤایەتیدا شوێنگەیەکی تایبەت و پڕ گرنگی خۆیان هەیە.

ئەگەر شۆڕشگێڕێتی موداخەلەکردنی مێژووە، ئەوا ئەو کاتە ئەو موداخەلەیەی کەوا (PKK) لەمێژوودا کردوویەتی چییە؟

راستە شۆڕشگێڕێتی موداخەلەکردنی مێژووە. ئەگەر لەمێژوودا، ئیدی چ مێژووی مرۆڤایەتی بێت، یان مێژووی گەلێك بێت، رەگەزێك بێت، یان هی چینێك بێت، ئەگەر لەقۆناخێکی مێژوویاندا لەپەلوپۆ کەوتوون و خۆیان ونکردووە و کەتوونەتە نێو گێژاوە و پێشناکەون، لەدۆخی وەهادا پێویست دەکات موداخەلەیەك ئەنجام بدرێت. هەمیش موداخەلەکە بەشێوەیەك راست بێت کەوا رێ لەپێش ئەو دۆخە بگرێت. بەڕادەیەك

مرۆڤایەتی، یان گەلەکە، یاخود چینەکە، لەو دۆخە رزگاری ببێت و زەبری بەرنەکەوێت و نەکەوێت و لاواز و پەرشوبلاو نەبێت، تەنانەت بۆ ئەوەش کە لەناو نەچێت. چونکە کاتێك مرۆڤ لەمێژوو دەڕوانێت، تەنانەت لەرۆژگاری ئەمرۆشدا زۆر شت هەن مرۆڤایەتی دەخەنە نێو مەترسییەوە. بۆ نموونە؛ ئەمرۆ مرۆڤایەتی، وەك دەگووترێت؛ ئەگەر تەدبیر وەرنەگیردرێت زەبرێکی مەزنی بەردەکەوێت. وەك دەڵێن: کێشەی ئیکۆلۆژی (ژینگەیی) پڕ جددی لەئارادا هەیە، ئەمەش هەڕەشە لەژیانی تەواوی مرۆڤایەتی دەکات. هەڵبەتە ئەمەش راستە. کەواتە ئەمرۆ بۆ مرۆڤایەتی کێشەیەکی وەها جددی هەیە، بێسنوور هەڕەشە لەژیانی مرۆڤایەتی دەکات، هەروەها چەکە ئەتۆمی و کیمیاوی و بایۆلۆژییەکانیش بەهەمان شێوە هەڕەشە لەژیانی هەموو مرۆڤایەتی دەکەن. لێرەدا پێویستە موداخەلەیەك بۆ سەر دۆخی ئەمرۆی مرۆڤایەتی بکرێت. لەم رووەوە کێ ئەم موداخەلەیە بکات و پێش لەمانە بگرێت، ئەوا لەمێژووی مرۆڤایەتیدا شوێنگەیەکی شکۆدار دەگرێت. کێ ئەم وێرانکاری و تێکدادانە نەبینێت و بەردەوام بکات و تەنانەت زیاتری بکات، ئەوا لەمێژوودا جێیەکی خراپ دەگرێت.

بۆ نموونە؛ بۆ گەلی کورد ئەو ژیانەی تێیدا دەژیا ژیان نەبوو،- بەژیا یان دەمرد دیار نەبوو، ئەگەر گەلێك لەدۆخێکی بەمشێوەیەدا بێت پێویستە موداخەلەیەك ئەنجام بدرێت، ئەگەر بۆ ئەو دۆخە موداخەلە نەکرابایە، ئەوا نەدەتوانرا ئەو گەلە لەو دۆخە دەربخرێت و دەرئەنجام بەو شێوەیە رۆژانە دەمرد و لەناو دەچوو.

کە مرۆڤ لە مێژووی مرۆڤایەتی، گەلان، چینەکان، عەشیرەتەکان، ئایینەکان و ئایینزاکان دەڕوانێت، دەبینێت کە لەم پێناوەدا خەباتیان کردووە، رێکخستنیان پێشخستووە، شەڕیان کردووە و تێکۆشانیان پێشخستووە. هەموو ئەمانە بۆچی بوون؟ بۆ موداخەلەکردنی مێژووە، تاکو خۆیان لەلاوازی و پیسی رزگار بکەن. بۆ ئەوەی بتوانن بژین و بەها بۆخۆیان بئافرێنن و لەکارواندا بەجێنەمێنن. هەمووی لەم پێناوەدا بووە. ئیدی شۆڕشگێڕی بەتەواوی لە کامە خاڵدا پێویستە؟ لەخاڵێکدا کە مرۆڤایەتی، یان گەلێك، چینێك بکەوێتە نێو مەترسییەوە، موداخەلەی شۆڕشگێڕی پێویستە. بێگومان پێویستە ئەمەش راست ئەنجام بدرێت. واتا هەر موداخەلەیەکیش ئەنجامگیر نابێت و پێش لە وێرانکاری و پەرشوبلاوی و مەرگ ناگرێت و پێشکەوتن و سەرکەوتن

بەدیناهێنێت. بۆیە مرۆڤ ناتوانێت بەهەر هەموو موداخەلەیەك بڵێت: ئەوە موداخەلەیەکی شۆڕشگێڕییە. کەواتە کامە موداخەلە شۆڕشگێڕییە؟ ئەو موداخەلەیەی کە پێش لەخراپی و پەرشوبڵاوی و لەناوچوون دەگرێت، پێشکەوتن و سەرکەوتن، ژیان و مەزنکردنی بەهاکان لەگەڵ خۆیدا دێنێت و دەبێتە موداخەلەیەکی شۆڕشگێڕی.

لەم روانگەیەوە موداخەلەی (PKK)ش موداخەلەیەکی شۆڕشگێڕییە، بۆچی شۆڕشگێڕییە؟ چونکە سەرۆك ئاپۆ و (PKK) هەم بۆ مێژووی مرۆڤایەتی، هەم بۆ مێژووی خۆرهەڵاتی ناوین، هەمیش بۆ مێژووی گەلی کورد موداخەلەیەکی مەزنیان ئەنجام دا. لەو مێژووانەدا راستی چییە؟ ئەوەی کە مرۆڤایەتی و خۆرهەڵاتی ناوین و کورد بەرەو پێشەوە دەبات و سەری دەخات. ئەی چ هۆکارێك بۆ دواوەیان دەگەڕێنێتەوە و بە دۆڕاندنیان دەدا و مەترسی دروست دەکات؟ ئەمانەیان خستەڕوو. واتا لەو مێژووانەدا چ بەبنچینە وەربگیردرێت؟ چ پەسند بکرێت و چ پەسند نەکرێت؟ ئەمانەشی خستەڕوو. لێرەدا سەرۆك یەکلاییبوونەوەیەکی پێشخست. چی هی مرۆڤایەتییە و چی هی مرۆڤایەتی نییە، لەکوێدا هەڵە و خراپی هەیە؟ چ بۆ مرۆڤایەتی، خۆرهەڵاتی ناوین و گەلی کورد پەسند بکات چیش بەلاوە بنێت؟ بۆئەوەی مێژوو بخاتەوە سەرپێی خۆی و لەخراپی و پیسی و چەوتی پاکبکرێتەوە. ئیدی ئەو موداخەلەیەی (PKK) و سەرۆك ئاپۆ بۆ مێژوویان کردووە لەسەر ئەو بنەمایانەیە. لەبەر ئەوەی لەسەر ئەو بنەمایانە موداخەلەی کردووە بۆیە موداخەلەیەکی شۆڕشگێڕییە. چونکە دەرئەنجامی خۆی هەیە؛ پێشکەوتنی بەدیهێناوە، ئەگەر موداخەلەیەك پێشکەوتن بەدینەهێنێت و بەهاکان قازانج نەکات، ئەوا ئەو موداخەلەیە موداخەلەیەکی شۆڕشگێڕی نییە و هیچ شتێك بەقازانجکردن نادات، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەدۆڕاندن و ونکردنی دەدات. لەمێژوودا موداخەلەی بەو شێوەیە هەن و زۆر شتیان بە مرۆڤایەتی و گەلان لەدەستداوە. تەنانەت هەندێکیانی بەرەو نەمان بردووە. کەواتە هەر موداخەلەیەك کەی و چۆن ئەنجام دەدرێت چ ئەنجامێك بەدەست دەخات؟ ئەگەر مرۆڤایەتی کەوتوو بێت، یان گەلێك کەوتوو بێت و هەمیش لەئاستی هەرە خراپدا کەوتبێت و گەیشتبێتە دوا ئاستی کەوتوویی، واتا ئاستی مردن و لەناوچوون، لەکاتێکی وەهادا موداخەلەکان زیاتر ئەنجام دەدرێن. کە خراپی هەیە و

لەتەشەسەندن دایە و گەیشتۆتە دوا ئاستی خۆی، ئەوا موداخەلەکان لەکاتی وەهادا ئەنجام دەدرێن. چونکە ئەگەر لەکاتی خۆیاندا ئەنجام نەدرێن ئەوا ئەو موداخەلانەش ئەنجامگیر نابن. ئەگەر موداخەلەکە بەهزر و رێکخستنێکی راست ئەنجام درا و بەگوێرەی ئەو هزر و رێکخستنەش ملیتانی ئەو موداخەلەیە دروست بوون و کار و خەباتیش بەگوێرەی ئەمە بەرەو پێشەوە برا، ئەوا ئەو کاتە ئەو موداخەلەیەش ئەنجامگیر دەبێت. واتا موداخەلەی بەمشێوەیە دەبێتە موداخەلەیەکی شۆڕشگێڕی.

سەرۆك ئاپۆ و (PKK)ش لەمێژووی مرۆڤایەتی و خۆرهەڵاتی ناوین و کوردانەدا موداخەلەیەکی بەمشێوەیان ئەنجام دا. چی هی مرۆڤایەتییە؟ چی هی خۆرهەڵاتی ناوینە؟ چی هی کوردانە؟ چیش هی ئەوان نییە؟ چی راستە و چی چەوتە؟ لەکوێدا شێواندن و ئاوەژووکردنەوە هەیە؟ ئەوەی مرۆڤایەتی، خۆرهەڵاتی ناوین بێهێز و وزە دەکات چییە؟ ئەوەی لەراستینەی خۆیان دوور دەخاتەوە چییە؟ موداخەلە لەچیدا بکرێت و پێشبخرێت تاکو بتوانرێت مرۆڤایەتی، گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین و گەلی کورد رزگار بکرێت، لەم رووەوە سەرۆك ئاپۆ و (PKK) سەرەتا لەرووی هزر و زیهنییەتەوە موداخەلەیەکی نوێیان ئەنجام دا، بەزیهنییەتێکی نوێ لەمێژوو نزیك بوونەوە. لەسەر ئەو بنەمایەش رێکخستن و ملیتانێتیان پێشخست. هەر بۆیە موداخەلەکە موداخەلەیەکی مەزنە. ئەم موداخەلەیە هەم بۆ مرۆڤایەتی، هەم بۆ گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین، هەمیش بۆ گەلی کوردستان هەم بۆ جڤاك (کۆمەڵگا)ی ژێر و هەم بۆ جڤاکی سەروو و دەسەڵاتەکان هەندێك دەرئەنجامی خستەڕوو، زۆر سەراوژێربوونی ئەنجام دا، هەر بۆیە بووە موداخەلەیەکی شۆڕشگێڕی. ئەم موداخەلەیە موداخەلەیەکی مەزنە، ئەو دەرئەنجامانەی کە بەدەستیهێناون مەزنن. هەر لەبەر ئەم هۆیەیە سەبارەت بە (PKK) و سەرۆك ئاپۆ زۆر گفتوگۆ و مشتومڕ دەکرێت.



ڕێبەر ئۆجەلان لەتافی لاوێتیدا

سەرۆك ئاپۆ دەبێژێ "مێژوو لە رۆژگاری ئەمرۆماندا شاراوەیە، ئێمەش لەقوولایی مێژوودا شاراوەمین" کەواتە (PKK) لەکوێی مێژوودا شاراوەبوو؟ ئەی لەرۆژگاری ئەمرۆماندا نوێنەرایەتی چ مێژوویێك دەکات؟

بێگومان تێڕوانین و هەڵوێستێکی سەرۆك ئاپۆ بۆ مێژوو هەیە. لەسەرەتای مێژووی مرۆڤایەتییەوە تاوەکو رۆژی ئەمرۆمان، ئەوەی مرۆڤایەتی پێشیخستووە و سەریخستووە چییە؟ ئەوەی مرۆڤایەتی لاوازکردووە و بۆ دواوەوەی گەڕاندۆتەوە و بەدۆڕاندنی داوە چییە؟ لەسەر ئەو مەسەلانە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و فراوانی پێشخستووە. سەرۆك بینی کە ئەو مێژووەی ئەمرۆ دەنووسرێت و وەك مێژوو دەناسرێت مێژوویێکی راست نییە، چونکە لەو مێژووەدا زۆر شێواندن و ئاوەژووکردنەوە و نکۆڵیکردن هەیە.

هەروەها زۆر هەڵوێست و تێڕوانینی لەخۆوە دەستپێکردن (ناوەندگەرا ـ سەنترالیزم) هەن. چەندە ئەو شێواندن و ئاوەژووکردنەوە و نکۆڵیکردنەش لەئارادا بن و مێژووی راستەقینە و بنچینەیی شاردرابێتەوەش، بەڵام ئەوەی بینی کە مێژوو لەسەر رەگ و کۆکی خۆی شینەبێتەوە. نەك وەك بەو شێوەیەی باسی لێوە دەکرێت و دەگووترێت مێژوو دەژێت. بۆیە سەرۆك گووتی "ئێمە لەسەرەتای مێژوو و مێژووش لەئێمەدا دەژێت" لەبەر ئەم هۆیە ئەو چەمکەی ئافراند. واتا هیچ جارێك ناکرێت نکۆڵی لەمێژووی مرۆڤایەتی بکرێت. مێژوو لەشوێنێك دەست پێناکرێت. ئەوەی مێژووی پێشخستووە ناکرێت نکۆڵی لێبکرێت. بۆ ئەمە ئەو چەمکەی پێشخست. هەر بۆیە سەرۆك گووتی: "من مێژووم خستەوە سەر پێی خۆی". ئەگەر مرۆڤ بڕوانێت دەبینێت کە؛ خۆرئاوا هەموو مێژوو بەخۆیەوە دەبەستێتەوە و لەخۆیەوە دەستپێدەکات. واتا خۆرهەڵاتی ناوین بەتەواوی بەلاوە دەنێت. لای ئەوان مێژوو بەخۆرئاوا؛ بەگریك، هێلینی...هتد دەستپێکردووە. بۆنموونە؛ تۆ دەبینیت سۆسیالیزمی بنیادنراو (ریئال سۆسیالیزم) مێژوو لەخۆیەوە دەستپێدەکات. وەك بڵێی پێش ئەو مرۆڤایەتی یان مێژوویەك نەبووبێت. ئەمەش نکۆڵیکردنێکی مەزنە، بەڵام تۆ چەندە نکۆڵی لەمێژوو بکەیت و بنچینەکەی بشاریتەوە و ئاوەژووشی بکەیت، ئەوا مێژوو دەڵێت:"من هەم" و راستینەی خۆی رووبەڕووی تۆ دەکاتەوە، خۆیشی بە تۆ بەپەسندکردن دەدات، تۆ چەندە نکۆڵی لێدەکەیت بیکە، لەئاکامدا تۆ ناتوانیت نکۆڵی لێبکەیت. تۆ چەندە شێواندن و ئاوەژووکردنەوە ئەنجام بدەیت تۆ ناتوانی راستینەی مێژوو ونبکەیت و بیشاریتەوە، چونکە بە گەلێك شێوە خۆی دەژێنێت.

بەگوێرەی نزیکبوونەوە و چەمکی سەرۆك ئاپۆ بۆ مێژوو؛ مێژوو لەشوێنێکەوە دەستپێناکات، بەکەمێك شت دەستپێناکات، بەڵکو لەرەگ و قووڵایی مرۆڤایەتییەوە مێژوو دەگرێت و دەیهێنێت. مرۆڤایەتی چۆن گەیشتۆتە رۆژی ئەمڕۆ؟ چی مرۆڤایەتی گەیاندۆتە رۆژی ئەمڕۆ؟ ئەوەی مرۆڤایەتی پێشخستووە چییە؟ ئەوەی ژیان و بەها ماددی و مەعنەوییەکانی مرۆڤایەتی پێشخستووە چییە؟ لەسەر چ بنەمایەك پێشکەوتوون؟ ئەمانەی بۆ خۆی بەبنچینە وەرگرتووە. بۆیە دەڵێت:" مێژوو لەئێمەدا و ئێمەش لەدەستپێکی مێژوودا دەژین" واتا پەیوەندییەکی دیالیکتیکی نێوان ئەمڕۆ و

مێژوو دەستنیشان دەكات. هەروەها مێژوویش تەنیا وەك شتێكی تێپەڕبوو نابینێت، بەڵكو ئەوەی ئەمڕۆش تێیدا دەژین و بەیانیش تێیدا دەژین ئەوەش مێژووە. هەربۆیە دەڵێت: "ئەمرۆ ئێمە لەمێژوودا دەژین".

لێرەدا دەبێت بپرسین؛ سەرۆك ئەو تەڤگەرەی لەسەر چ بنامەیەك پێشخست؟ بۆ وەڵامەكەیشی دەتوانین بڵێین؛ بەتەواوی لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی پێشیخست. ئەگەر بپرسین؛ بنچینەی مێژووی مرۆڤایەتی چییە؟ بناخەكەی نیۆلۆتیك و شۆڕشی نیۆلۆتیكە. سەرۆك لەو قۆناخەوە مێژووی مرۆڤایەتی وەردەگرێت و دەیگەیەنێتە رۆژی ئەمڕۆ. ئیدی لەنێوان ئەو دوو قۆناخە زەمەنییەدا لەمێژوودا چ پێشكەتووە و چۆن پێشكەوتووە؟ لەمێژوودا شتی باش و خراپ چیین؟ هی مرۆڤایەتی و هی دەرەوەی مرۆڤایەتی چیین؟ لێكۆڵینەوە لەسەر هەمووی دەكات و مێژوو و ئەوەی ژیان و بەها بۆ مرۆڤایەتی پێشدەخات، لەهەموو خراپی و ئاوەژووكردن و بەلاڕێدابردن و تكۆلێكردنێك پاككردەوە. چونكە دەبینێت كە بناخەی مێژووی مرۆڤایەتی نیۆلۆتیكە. ئەوە نیۆلۆتیكە بۆ مرۆڤایەتی سەرەتا هەموو بەهاكان دروست دەكات، شارستانییەتەكانیش لەسەر ئەو بناخەیە پێشدەكەون. ئەگەر مرۆڤایەتی گەیشتۆتە ئەم ئاستەی ئەمڕۆ ئەوا لەسەر ئەو بناخەیە پێشكەوتووە.

هەروەها سەرۆك دەبینێت كە لەدوای نیۆلۆتیكەوە، لەمێژوودا لادان و بەلاڕێداچوونێك هەیە. ئەو شارستانییەتەی بنیادیش دەنرێت لەسەر ئەو بەلاڕێداچوونە پێشدەكەوێت. بۆنموونە؛ لەبنچینەی مێژووی مرۆڤایەتیدا دەسەڵاتداریتی، دەوڵەت، باڵادەستێتی، لەئارادا نییە. مرۆڤایەتی لەقۆناخێكی زۆر دوور و درێژدا بەیەكسانی و لەدەرەوەی دەسەڵاتداریتی ژیاوە، چینەكان لەئارادا نەبوون، دەسەڵاتداریتی نەبوو. ئەمانە پاشان دەردەكەون و لەئەنجامی بەلاڕێداچوونێكدا دروست دەبن. پێویستە ئەو بەلاڕێداچوونە راستبكرێتەوە و مێژوو راستەڕێی خۆی بگرێت، بۆ ئەوەی ئەو بەلاڕێداچوونە راستبكرێتەوە بەرخۆدانێكی زۆر مەزن بۆ ئازادی ئەنجام دراوە، چەندین ئایین، ئایینزا و ئایدیۆلۆژیا دەركەوتوون، لەپێناوی ئەوەی ئەو بەلاڕێداچوونە نەهێڵن. هەموو ئەو تەڤگەرانە بۆ ئەوە دەركەوتوون، تاوەكو ئەو خراپییەی لەنێو مرۆڤایەتیدا دەركەوتووە پاكبكەنەوە. هەمووی هەوڵدانن بۆ ئەوەی ئەو زوڵم و زۆرییەی هەیە نەیهێڵن و

لەجێگەیدا ئازادی، یەکسانی و دادپەروەری بەدیبهێنن. هەموویان لەم پێناوەدا خەبات و شەڕ و تێکۆشانیان کردووە، ئەوەی مێژووی پێشخستووە و بۆتە دینامیکیەتەکەیشی، ئەومیە، ئەوەی مرۆڤایەتیشی ژیاندووە هەمان شتە.

بۆیە سەرۆك ئاپۆ لەسەر بناخەی قۆناخی نیۆلۆتیك، واتا لەسەر بەهاکانی کۆمینالی دیموکراتی، هەموو ئەو شەڕ و تەڤگەر و تێکۆشانانەی بۆ ئازادی، دادپەروەری و دیموکراتی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دەرکەوتوون بۆ خۆی بەبنچینە وەرگرتووە و کردوویەتی بەبناخەی (PKK) و (PKK)شی لەسەر ئەو بنەمایە پێشخستووە. ئەو زیهنییەتەی کە لەرێگەیەوە ئەو رێکخستنەی پێ پێشخستووە لەسەر ئەو بناخەیەیە. تەڤگەری (PKK) بەتەواوی هێز و وزەی خۆی لەمەوە وەردەگرێت. لەمێژوودا؛ لەنیۆلۆتیکەوە تا رۆژی ئەمرۆ هەرچی بەهایەکی کۆمینالی دیموکراتی هەبێت بەبنچینەی وەرگرتووە و لەسەر ئەم بنەمایە خەباتی دیموکراتی، ئازادی، دادپەروەری و یەکسانی پێشدەخات. ئەمەش بناخەیەکی پڕ بەهێز و بنچینەییە.

ئەگەر (PKK) هێندە بەهێزە، هێندەش لەدژیدا هێرش ئەنجام دەدرێت و نەیارانی ناتوانن لەهێرشەکانیاندا ئەنجام وەربگرن، هۆیەکەی بۆ ئەو بناخە تۆکمەیە دەگەڕێتەوە. بۆیە هەموو کەسێك دەڵێت:"ئەم هێزە لەکوێ وەردەگرێت؟!!" هەڵبەتە بەگوێرەی خۆشیان هەندێك لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەش دەکەن. شتی هەرە راست ئەومیە کە (PKK) بناخەیەکی مێژوویی بەهێزی هەیە، چونکە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هەر شتێك کە ئازادی، دادپەروەری، دیموکراسی و یەکسانی بەبنچینە وەربگرێت کردوویەتی بەبناخە بۆ خۆی و خۆی پێ ئاواکردووە، ئەمەش ئاواکردنێکی پڕ بەهێزە و مێژووییە. ئەگەر تۆ لەسەر بناخەیەکی مێژوویی خۆت دابمەزرێنیت ئەوا دەبیتە خاوەن بناخەیەکی پڕ تۆکمە. ئیدی هێزی (PKK) لەمەدا چڕبۆتەوە. بۆیە پێویستە کەس لەشوێنێکی دیکە لەسەرچاوەی هێزی (PKK) نەگەڕێت. ئەگەر بگەڕێت ئەوا هەڵەیە و راست نییە و نایدۆزێتەوە. تەڤگەرێك چەندە لەسەر بنچینەیەکی پتەو و راست ئاوا ببێت، بەو رادەیەش بەهێز دەبێت. ئەگەر لەمێژوویش بڕوانین ئەوا دەبینین کە هەر تەڤگەرێك بەهەمان شێوە هەڵسوکەوتی کردبێت پتەو و بەهێز بووە و توانیویەتی مۆرکی خۆی لەمێژوو بدات. چونکە لەبنچینەدا مێژوویان بەئامانج وەرگرتووە، بۆیە

بەهێزبوونە و مۆرکی خۆیان لەمێژوو داوە و ڕۆڵی خۆیان بینیوە. هەر تەفگەرێکیش مێژوو و بنچینەی مێژووی مرۆڤایەتی و دینامیکییەتەکەی بەبنچینە وەرنەگرتبێت، ئەگەر لێی بڕوانیت دەبینیت کە تەفگەری لەمشێوەیە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبینیوە و هیچ گۆڕانکارییەکیشیان ئەنجام نەداوە، هەروەها لەمێژوویشدا شوێنێکیان نەگرتووە. ئەوەی لەمێژوودا شوێنگەیەکی گرتووە، وەکو گووتم؛ ئەو تەفگەرانەن کەوا مێژوو و بنچینەی مێژووییان بەڕاستی و بۆ ئاواکردنی خۆیان بەبنەما وەرگرتووە، لەسەر بنچینەیەکی پتەو دەستیان پێکردووە، بۆیە هەروا بەئاسانی لەناونەچوونە و هەمیش گۆڕانکارییان ئەنجامداوە.

ئیدی (PKK)ش لەنیۆلۆتیك بەدواوە؛ ئەوەی مرۆڤایەتی ژیاندووە و پێشیخستووە، کە بەها کۆمیناڵییە دیموکراتییەکانن، بۆخۆی بەبنەما وەرگرتووە. (PKK) کۆی بەرخۆدانی ئەوانە. مرۆڤ لەمێژووی شارستانییەتدا دەبینێت کە بۆ ئازادی، دیموکراسی و یەکسانی زۆر خەبات و تێکۆشان هەن، (PKK) هەموو ئەمانە بەبنەما وەردەگرێت. چونکە ئەگەر تۆ وەها نزیك نەبیتەوە ئەوا ناتوانیت کێشەی کورد چارەسەر بکەیت. چونکە لە کوردستاندا مرۆڤایەتی کەوتۆتە ژێر پێیانەوە، ئەگەر تۆ دەخوازیت گەلی کورد هەڵبسێنیتە سەرپێ، ئەوا دەبێت بزانیت کە تۆ مرۆڤایەتی هەڵدەسێنیتە سەرپێ. کێشەکەش ئەوەیە؛ مرۆڤایەتی لەسەر چ بنەمایەك هەڵدەستێت و هەنگاو دەنێت؟ لەسەر کۆك و ڕەگی خۆی و لەسەر بەهاکانی خۆی هەڵدەستێت و هەنگاودەنێت. ئەگەر تۆ وەهات کرد ئەوا دەتوانیت ڕابوون لەمرۆڤایەتی ئەنجام بدەیت. ئەمڕۆش گەلی کورد بەمجۆرە ڕابووەتە سەرپێیان. بویە هەموو کەس سەرسووڕماوە و دەڵێت:" ئەمە چۆن ڕوویدا؟!" واتا لەبنەڕەتدا دەبووایە ئەمە ڕووینەدابایە. بۆیە نوێنەرانی سیستەمی باڵادەست دەڵێن:" ئێمە گەلی کوردمان خستبووە دۆخێکەوە هەرگیز نەدەبوو ڕابووایە، ئەمە چۆن بوو وەها ڕابوو؟" ئیدی ئەم ڕابوونەی سەرۆك ئاپۆ و (PKK)، مرۆڤایەتی لەسەر بەها و بنچینەی خۆی ڕاگردەوە سەرپێیان، هەڵبەتە ئەمەش زۆر بە زەحمەتی ئەنجام درا.

هەر بۆیە ئەو موداخەلەیەی سەرۆك ئاپۆ پێشیخست موداخەلەیەکی مێژوویی مەزنە و گەلێك دەرئەنجامیشی دەرخستۆتەڕوو، لەبەر ئەوە موداخەلەیەکی شۆڕشگێڕییە.

به‌واتایه‌ك له‌واتاكان؛ مێژووی (PKK) مێژووی سه‌رۆكیشه‌. چونكه‌ ئه‌م ته‌ڤگه‌ره‌ به‌و ده‌ستیپێكرد. كه‌واته‌ ئاماده‌كاری سه‌رۆك له‌رووی كه‌سێتی، هزر، رۆح و پراكتیك بۆ ئافراندنی مێژوو و ده‌ستێوه‌ردان له‌مێژوو به‌ چ شێوه‌یه‌ك بوو؟ یان بڵێین له‌ چ واتایه‌كدا مێژووی (PKK) مێژووی سه‌رۆكیشه‌؟

مرۆڤ ناتوانێت مێژووی (PKK) و سه‌رۆك ئاپۆ لێك جودابكاته‌وه‌. له‌وانه‌یه‌ راستینه‌ی سه‌رۆك و (PKK) یه‌ك نه‌بن. مرۆڤ ناتوانێت ته‌واو بڵێت (PKK) سه‌رۆكه‌ و سه‌رۆكیش (PKK)یه‌. به‌ڵام له‌بنچینه‌شدا هه‌ر وایه‌. واتا كاتێك مێژووی (PKK) تاوتوێ ده‌كه‌یت، ئه‌وا له‌هه‌مانكاتدا مێژووی سه‌رۆك ئاپۆش تاوتوێ ده‌كه‌یت، كه‌ مێژووی سه‌رۆك ئاپۆ تاوتوێ ده‌كه‌یت، ئه‌وا مێژووی (PKK)ش تاوتوێ ده‌كه‌یت. له‌م واتایه‌دا ده‌بنه‌ یه‌ك. به‌ڵام به‌ته‌واوی بڵێی (PKK) ئاپۆیه‌، ئاپۆ (PKK)یه‌ راست نییه‌. له‌راستیدا به‌قورسایی ئاپۆ و (PKK) وه‌كو یه‌كن. ئه‌گه‌ر تۆ گووتت: (PKK) ئه‌وا ئاپۆ به‌ئه‌قڵی مرۆڤدا دێت، ئه‌گه‌ر گووتیشت؛ ئاپۆ ئه‌وا (PKK) به‌ئه‌قڵی مرۆڤدا دێت. تۆ ناتوانیت له‌یه‌كتریان جودا بكه‌یته‌وه‌، چونكه‌ یه‌كن. بۆچی؟ چونكه‌ راستینه‌ی مێژوو و ئاستی پێشكه‌وتنی كۆمه‌ڵگای كورد، له‌رووی مێژوویی و كۆمه‌ڵایه‌تییه‌وه‌ له‌كه‌سێتی سه‌رۆك ئاپۆدا گوزارشت له‌خۆی ده‌كات. مرۆڤ له‌كه‌سی سه‌رۆك ئاپۆدا قووڵبوونه‌وه‌یه‌كی مێژوویی و جڤاكی كورد ده‌بینێت. واتا مرۆڤ ده‌بینێت كه‌ چۆن له‌كه‌سی مرۆڤێكدا مێژوو و كۆمه‌ڵگا پێكهاتووه‌؟ چۆن پێشكه‌وتووه‌؟ بۆنموونه‌؛ ئه‌گه‌ر له‌مێژووی سه‌رۆك ئاپۆ هه‌ر له‌منداڵییه‌وه‌ تاوه‌كو ئه‌مرۆ بروانیت چ شه‌رێكی كردووه‌؟ چۆن خۆی رێكخستووه‌؟ چۆن گۆڕانی له‌خۆیدا ئه‌نجام داوه‌؟ چۆن مێژووی كۆمه‌ڵگای له‌خۆیدا پێكهێناوه‌ و گوزارشتیان لێده‌كات؟ ئه‌وا مرۆڤ ده‌توانێت له‌مێژووی (PKK)ش تێبگات. له‌ماڵ و گونده‌كه‌یه‌وه‌ بگره‌ تا ده‌گاته‌ له‌گوند ده‌ركه‌وتنی و هاتنی بۆ ئه‌نقه‌ره‌، له‌وێشه‌وه‌ بۆ (PKK) هه‌نگاو هاوێشتن. له‌مانه‌دا هه‌مووی مرۆڤ ده‌توانێت له‌مێژووی (PKK) تێبگات. لێره‌دا

تێدەگەین کە چۆن توانیویەتی لەکەسی خۆیدا هزرێکی سەربەخۆ بەبنچینە وەربگرێت؟ کەسێتییەکی سەربەخۆ و ئازاد چۆن ئاوادەکات؟ چۆن لەسەر ئەو بنەمایەش رێکخستن و جڤاکێکی ئازاد دەئافرێنێت؟ هەموو ئەمانە خەبات و شەڕی ئەون. واتا سەرۆک ئاپۆ سەرەتا لەگەڵماڵی خۆیان، گوندی خۆیان دەستی بەشەڕ کرد. ئیدی خۆی دەرخستە دەرەوەی ئەو زیهنییەتە باوەی هەبوو، ئەو ژیانەی دەگوزەرێندرا. ئەو زیهنییەت و ژیانەی پەسند نەکرد. لەو کاتەوە لێپرسینەوە و پێداچوونەوەی لە خێزان و بنەماڵە و گوند و ژیانی ئەوێ کرد. لەئاکامی ئەو لێپرسینەوە و پێداچوونەوەیەدا خۆی لەژێر کاریگەری خێزان و گوند رزگارکرد. واتا لەوێدا دەستیپێکرد، ئەو زیهنییەت، سیستەم و ژیانەی کەوا هەبوو لەهەموو روویێکەوە خۆی لێپچڕاند و لەدژیاندا راوەستا و ئەوانەی رەتکردەوە.

سەرۆک ئاپۆ دەبێژێ:" لەدروستبوونی مندا سێ قۆناخ هەیە. یەکەمیان: قۆناخی لەدایکبوونم". ئەم قۆناخەش تا دەگاتە جێهێشتنی گوند و تا دەبێتە شۆڕشگێڕ و (PKK) ئاوا دەکات، ئەمە قۆناخێکە، "قۆناخی دووەمین: قۆناخی شۆڕشگێڕییە. قۆناخی سێیەمیش: لێپرسینەوەی ئەو شۆڕشگێڕییەتەی هەیە". واتا خۆ رزگارکردنە لەو کێماسی و چەوتیانەی لەو شۆڕشگێڕییەتەدا هەیە، بەتەواوی خۆ ئاواکردنە لەسەر بناخەی زیهنییەتێکی نوێ.

بۆ نموونە؛ مرۆڤ ئەگەر لەسەر کەسێتی سەرۆک ئاپۆ بڕوانێت ئەوا دەبینێت کە لەسەر چ بنچینەیەک ئاوابووە 'و چۆن ئەمەش لە (PKK)دا پێکهاتووە. واتا سەرۆک ئاپۆ لەخۆیدا چی ئاواکردووە، خواستوویەتی لە (PKK)شدا و لە جڤاکیشدا هەمان شت ئاوا بکات. بۆیە مرۆڤ ناتوانێت (PKK) و سەرۆک ئاپۆ لەیەک جودا بکاتەوە. وەک سەرەتا گووتم؛ تەواو وەک یەک نین. بەڵام لەگشتیدا وەک یەکن. هەرچی لەخۆیدا ئاوایکردووە هەمووی لە (PKK)شدا ئاواکردووە و پێکیهێناوە. بۆیە ئەو زیهنییەتەی لەخۆیدا ئافراندوویەتی کردوویەتی بەزیهنییەتی (PKK)ش، ئەو تایبەتمەندی و پێوانانەی کە لە کەسێتی و ژیان و تەرز و شێوازی خۆیدا ئاوایکردووە هەموویانی لە (PKK)شدا ئاواکردووە. نەک هەر لە (PKK)دا لەجڤاکیشدا خواستوویەتی ئاوای بکات. لەکۆمەڵگادا لەسەر ئەو بنەمایە زۆر هەنگاویشی هاوێشتووە. واتا جڤاکێک و تەڤگەرێکی لەکەسێتی

خۆیدا بەرجەستەکردووە و لەکەسێتی خۆیشیدا (PKK) و جڤاکی بەرجەستەکردووە. هەربۆیە مرۆڤ ناتوانێت (PKK) و سەرۆك ئاپۆ زێدە لەیەکتر جودابکاتەوە، لەبەر ئەومیە جڤاك هێندە سەرۆك ئاپۆ پەسند دەکات و بۆخۆی بەبنچینە وەردەگرێت، لەهەموو رووێکەوە وەك سەرۆك ئاپۆ دەیەوێت خۆی ئاوا بکات. چونکە ئەو ئافراندنەی سەرۆك لەخۆیدا بەدیهێنا ئافراندنێکی مەزنە. چۆن ئەو ئافراندنەی بەدیهێنا؟ سەرەتا لەزیهنییەتدا بەدیهێنا، شەڕێکی زیهنی بەڕێوەبرد، لەرووی زیهنییەتەوە زیهنییەتێکی ئازادیخوازی بۆ خۆی بەبنچینە وەرگرت، کە بتوانێت ئیرادە و کەسێتییەکی ئازادیخواز بئافرێنێت. لەسەر ئەو بنەمایەش پراکتیکێکی ئازادیخواز پێشبخات و ئازادی بئافرێنێت. چونکە سەرۆك ئاپۆ بەدوای ئازادیدا دەگەڕا و ئازادی بەبنچینە وەرگرت. هەر شتێك کە خزمەتی ئازادی نەدەکرد، لەدەرەوەی ئازادی بوو و کۆیلایەتی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا هەمووی رەتکردەوە، هەربۆیە شەڕێکی مەزنی لەزیهنییەتدا پێشخست، لەئاکامی ئەو شەڕەدا گەیشتە ئیرادەیەکی ئازاد، هزرێکی ئازاد. لەسەر ئەو بنەمایەش رێکخستن و ملیتانیبوونێك کە ئازادی بەبنچینە و ئامانج وەربگرێت ئاواکرد، گەلێکی ئافراند کە ئازادی بەبنچینە و ئامانج وەربگرێت. هەر بۆیە ئیرادەیەکی پتەوی کوردانی خستەڕوو، چونکە ئەو ئیرادەیەی سەرەتا لەخۆیدا ئافراندبوو، ئەو شتەی لەخۆیدا ئافراندبوو، پێکهێنانی لەنێو (PKK) و جڤاکدا بەبنەما وەرگرت.

بۆیە ئەگەر مرۆڤ بڕوانێت دەبینێت کە ئەو بەهایانەی لە سەرۆك ئاپۆدا پێشکەوت، ئەوا لە(PKK) و جڤاکیشدا پێشکەوتووە، چونکە سەرۆك ئاپۆ لەکەسێتی خۆیدا پێکهێنانی مێژوو و جڤاکی بەبنچینە وەرگرت، واتا ئەممەشی لەچوارچێوەی شەخسیدا دەرهێنا، بەتەواوی خۆی لەخۆیدا دەرهێنا و خۆی کردە (PKK) و خۆی کردە گەلی کورد، خۆی کردە مرۆڤایەتی. چونکە خواستی کێشەی گەلی کورد چارەسەر بکات، کاتێك بینی چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد چارەسەری کێشەی مرۆڤایەتییە، چونکە لە کارەکتەری کێشەی گەلی کورد دایە. بۆیە لەکێشەی کوردەوە دەستپێکرد و خۆی گەیاندە کێشەی مرۆڤایەتی. بینی کە کێشەی کورد و کێشەی مرۆڤایەتی لەزۆر رووەوە بەیەکەوە پەیوەستن و لەیەك دەچن.

لێرەدا کاتێك خواستی کێشەی مرۆڤایەتی چارەسەر بکات، بینی کەوا کێشەی مرۆڤایەتیش پەیوەستە بەکێشەی ژنەوە. واتا لەکێشەی کوردەوە دەستپێکرد، بینی کە کێشەی کورد پەیوەستە بەکێشەی مرۆڤایەتییەوە، کێشەی مرۆڤایەتیش کێشەی ژنە. چونکە لەمێژوودا؛ لەدەستپێکدا ژن ئازادی خۆی لەدەستداوە، هەموو کۆیلایەتییەك بە کۆیلایەتی ژن دەستپێکردووە، هەموو کۆیلایەتی لەسەر ئەو بنەمایە پێشکەوتووە، هەموو دەسەڵاتدارێتی لەسەر ئەو بنەمایە پێشکەوتووە، ئیدی ئەگەر تۆ دەخوازیت کێشەکان چارەسەر بکەیت ئەوا دەبێت ژن بخەیتە ناوەند و تەوەری هەموویانەوە.

لەم روانگەیەوە؛ ئەوەی سەرۆك ئاپۆ گوزارشتی لێدەکات مێژووە، جڤاکە، چارەسەری کێشەی مێژوو و جڤاکە. مێژوو و جڤاك لەخودی خۆیدا چارەسەر کرد و لەخودی خۆیشیدا مێژوو و جڤاکی چارەسەر کرد، ئەمەش خۆ بەمەزنی ئافراندنە. لەبەر ئەوەی خۆی بەمەزنی ئافراند، (PKK)شی مەزن ئافراند، گەلی کوردیشی مەزن ئافراندەوە. بۆیە مرۆڤ ناتوانێت مێژووی سەرۆك ئاپۆ، (PKK)، گەلی کورد لەیەکتر جودابکاتەوە. چونکە بوون بەیەك، لەسەر بنەمای ئەو یەکبوونەش پێشکەوتن بەدیهات.

سەرۆك ئاپۆ هەمیشە هەموو کێشەیەکی کردە کێشەی خۆی، لەخۆیدا چەندە چارەسەری بەدیهێنابێت ئەوا لەنێو تەڤگەر و گەلیشدا خواستوویەتی چارەسەری بەدیبهێنێت، ئەمەی بەبنچینە وەرگرتووە. ئیدی پێشکەوتنی (PKK) و گەلی کورد لەسەر ئەم دیالیکتیکەیە. چونکە هەموو کێشەیەکی کردە کێشەی خۆی و لەخودی خۆیدا چارەسەری کرد، ئەوەی لەخۆیشیدا چارەسەری دەکرد لەنێو پارت و جڤاکیشدا خواستوویەتی چارەسەری بکات. ئیدی ئەمە پێشکەوتنی بەدیهێنا. لە دیالکتیکی سەرۆك ئاپۆدا چارەسەری بنچینەییە، هزری چارەسەری بەبنەماگرتن بنچینەیە، لەبەر ئەوەی چارەسەری بەبنچینە وەردەگرێت ئەوا هزرێك کە چارەسەری پێشبخات بەبنەما وەردەگرێت و کێشەکان چارەسەر دەکات، بەمە پێشکەوتن و سەرکەوتن بەدیدەهێنێت.

ئەمەش پەیوەستە بەزیهنییەتەوە، زیهنییەت لەسەر چ بنچینەیەك بێت، بەگوێرەی ئەمەش ژیان، پراکتیك، ئوسلوب، کار، خەبات، کەسێتیش پێشدەکەوێت. لە زیهنییەتی سەرۆك ئاپۆدا ژیانکردن تەنیا بۆ خودی شەخسی خۆی نییە، بەڵکو بەتەواوی ژیانکردنە بۆ ئازادی گەلی کورد، ئازادی مرۆڤایەتی، ئازادی ژن، بەتەواوی ئازادی بۆ

خۆی بەبنچینە وەردەگرێت. لەبەر ئەوەی کۆیلایەتی و دەسەڵاتدارێتی و هەموو شێوەکانیان رەتدەکاتەوە. تەنانەت ژیانبوون و مردنیش هەر بۆ ئازادی بەبنچینە وەردەگرێت، لەدەرەوەی ئەمە شێوە و ژیان و مردنێکی دیکە پەسند ناکات. ئەمەش لەگەڵ خۆیدا ئیرادەیەکی ئازاد، کەسێتی ئازاد، رێکخستنێکی ئازاد، جڤاکێکی ئازاد، دەئافرێنێت.

لەمێژووی گەلی کورددا سەرۆك ئاپۆ مێژوویێکی نوێی پێشخست، هەم جڤاکی ژێرەوەی بەبنچینە وەرگرت، هەمیش لەمێژوودا رۆڵی کوردی بەبنچینە وەرگرت، هەروەها بەتەواوی خۆی خستە دەرەوەی ئەو زیهنییەتە باوەی کە هەیە. سەرەتا زیهنییەتی باوی موحاسەبە کرد، هەم لە کوردستان و هەمیش لەدونیادا، لێپرسینەوە (موحاسەبە)یەکی مەزنی پێشخست، ئیدی ئەو زیهنییەتەی رەتکردەوە و خۆی لێی رزگار کرد. هەر بۆیە ئیرادەیەکی ئازاد و کەسێتییەکی ئازادی لەخۆیدا ئافراند. ئەگەر مرۆڤ لەرووی زیهنییەتەوە ئازادی بۆ خۆی بەبنەما وەرنەگرێت، ئەوا ناتوانێت هزرێکی ئازاد، سیاسەتێکی ئازاد، رێکخستنێکی ئازاد، تەڤگەرێکی ئازاد، گەلێکی ئازاد، جڤاکێکی ئازاد، کەسێتییەکی ئازادیش پێشبخات. بەپێچەوانەوە لەبن ناوی ئازادییدا بە کۆیلایەتی یان بەشێوەیەکی دەسەڵاتدارێتی بژیت، ئەوا وەك چۆن لەسۆڤییەتدا روویدا روودەدات.

لێرەدا لەبەر ئەوەی زیهنییەتی باوی رەتکردەوە و خۆی خستە دەرەوەی ئەم زیهنییەتەوە. بۆیە بەتەواوی لەبیرکردنەوە و راماندا بیرکردنەوە و رامانێکی ئازادیخوازانەی بەبنچینە وەرگرت، بەرادەیەك کەس نەیتوانی کۆنترۆڵ لەسەر سەرۆك ئاپۆ دابنێت. لەبەر ئەمەشە هیچ کەس و لایەنێك نەیانتوانیوە لەسەر (PKK)ش کۆنترۆڵ دابنێن، نەیانتوانیوە لەسەر گەلی کوردیش کۆنترۆڵ دابنێن، چونکە بەگوێرەی ئەو زیهنییەتە رێکخستن و ملیتان و گەلێکی ئافراند، ئیدی دەسەڵاتدارێتی و کۆیلایەتی پەسند ناکات، خیانەت و بەکرێگیراوێتی پەسند ناکات. بەتەواوی ئازادی بەبنچینە وەردەگرێت، بۆ ئازادی ژیانبوون، بۆ ئازادی مردن. ئەگەر مردنێکیش هەبێت با بۆ ئازادی بێت. ئەگەر تۆ لەسەر ئەو زیهنییەتە، ئیرادەیەك، کەسێتییەك، گەلێك، تەڤگەرێکت ئاواکرد ئەوا زوو بەزوویی و هەروا بەئاسانی کەس ناتوانێت چاودێری و کۆنترۆڵی لەسەر دابنێت. ئیدی ئەمە چێبوونێکی مەزنە. هێزی ئەم گەلەش لەو خاڵەوە

سەرچاوە دەگرێت. کەس ناتوانێت چاودێری بکات و تەسلیمییەتی بەسەردا بسەپێنێت. بۆچی؟ چونکە بەتەواوی ئازادی بۆخۆی بەبنچینە وەردەگرێت، لەدەرەوەی ئەمە هەر شتێکی دیکە رەتدەکاتەوە. ئەمە پەیوەست بەچییە و بەچییەوە چێبوو؟ ئەگەر سەرۆك ئاپۆ لەو زیهنییەتە باوەی هەیە خۆی رزگار نەکردبا و لێپرسینەوەی لەگەڵ خۆیدا نەکردبا و رەتینەکردبایەوە و زیهنییەتێکی دیکەی بەبنچینە وەرنەگرتبایە ئەوا ئیرادە و کەسێتی و تەڤگەر و جڤاکی سەربەخۆ پێشنەدەکەوت. بۆیە مێژووی سەرۆك ئاپۆ دەبێتە مێژووی (PKK). هەر گۆڕان و پێشکەوتنێك لەسەرۆکدا بەدیهاتبێت ئەوا ئەو گۆڕان و پێشکەوتنانە لە (PKK) و جڤاکیشدا بەدیهاتوون. بۆچی؟ چونکە سەرۆك ئاپۆ ژیانێکی شەخسی لەخۆیدا نەهێشتووە. ژیانی خۆی بەتەواوی کردە ژیانی گەل و رێکخستنەکەی، خۆی لەگەڵ گەل و رێکخستندا کردە یەك، هەموو کێشەکانی گەل و رێکخستنی کردۆتە کێشەی خۆی و لەخۆیدا چارەسەری کردووە، هەرچییەکی لەخۆیشیدا چارەسەر کردبێت ئەوا هەوڵیداوە لەنێو (PKK) و گەلیشدا چارەسەری بکات. بوونەتە یەك و تۆ ناتوانیت جودایی بخەیتە نێوانیانەوە. هەربۆیە گەل دەبێژێ: " (PKK) **گەلە، گەلیش لێرەیە" و" بێ سەرۆك ژیان نابێ"** چونکە ژیانی خۆی و سەرۆکی کردە یەك، چارەنووسی خۆی و سەرۆکی کردۆتە یەك. ئیدی ئاکامی ئەو زیهنییەتە و بە پراکتیك کردنی ئەو زیهنییەتەیە. ئەو زیهنییەتەی لە سەرۆك ئاپۆدا بەدیهاتووە، بەگوێرەی ئەو زیهنییەتە، پەیوەستە بەو ئەخلاق و کولتوورەی بەدیهاتووە و تەرزی بە پراکتیك بوونییەتی.

ئەگەر لە واتایەکدا یەکە و لە واتایەکیشدا یەك نییە، کەواتە لە کوێدا مێژووی (PKK) مێژووی سەرۆك ئاپۆ نییە؟



رێبەر ئۆجەلان لەتافی لاویدا

بێگومان شەخسێك لەهەموو رووێکەوە نابێتە پارتییەك، یاخود نابێتە تەڤگەرێك و گەلێك. گەلێك یان تەڤگەر و پارتییەکیش لەهەموو رووێکەوە نابنە شەخسێك. ئەو شتەی بۆتە یەك چییە؟ لە زیهنییەت و بیرکردنەوە و راماندا، لە کولتوور و ئەخلاقدا، لە تەرز و ئوسلوبدا و لە ژیانی ئەو دایە و لە ئیرادەی ئەو دایە. ئەوەی بۆتە یەك ئەمەیە. ئەوەی نەبۆتە یەکیش شەخسێك لە هەموو رووێکەوە ناتوانێت خۆی بکات بەتەڤگەرێك یان گەلێك. ئەوەی نەبۆتە یەکیش لێرەدایە.

لەمیانەی لێکۆڵینەوەکردنی مێژوودا، بەتایبەتی مێژووی (PKK) زۆر نزیکبوون و چەمکی هەڵە و چەوت دەردەکەونەپێش بۆ مێژوو. کەواتە ئەو نزیکبوون و چەمکە هەڵە و چەوتانەی بۆ مێژوو و مێژووی (PKK) بەتایبەتی دەردەکەون چیین؟ نزیکبوون و چەمکی راست چیین؟ مرۆڤ چۆن دەتوانێت لە مێژوو و مێژووی (PKK) نزیکبێتەوە و لێیەوە ئەنجامگیر بێت؟

بێگومان لەنزیکبوونەوە (مامەڵەکردن) لە (PKK) و سەرۆك ئاپۆدا زۆر نزیکبوونی هەڵە هەن، هەم لەدەرەوەی تەفکەری ئێمە و هەمیش لەنێو تەفکەری ئێمەدا. هەر تەنیا لەدەرەوەی ئێمە نزیکبوونی هەڵە و چەوت نیین، بەڵکو لەنێو تەفکەری ئێمەشدا هەن. ئەو نزیکبوونانە چیین؟ ئەگەر مرۆڤ بەگشتی باسیان لێوەبکات دوو مامەڵەکردن یان هەڵسوکەوت هەن: یەکەمیان بەشێوەیەکی پڕ خەیاڵی سەیری سەرۆك ئاپۆ دەکات، وەکو بڵێی کەسێکی نائاساییە و مرۆڤ ناتوانێت لێی تێبگات، وەك پێغەمبەرێك دەبینرێت، نزیکبوونێکی وەها هەیە. ئەمەش زیاتر لەنێو تەفکەری ئێمەدا لەئارادایە، هەڵبەتە ئەمە هەڵەیە. پێویست دەکات مرۆڤ راستینەی سەرۆك ئاپۆ بناسێت و تێبیگات، وەها مامەڵە لەگەڵ سەرۆك نەکرێت، پێویستە مرۆڤ وەکو پێغەمبەرێك لێی نەڕوانێت و تێگەیشتن و پەیوەستبوون پێیەوە وەها بە دۆگماتیك و خەیاڵی نەبێت. ئەمە هەڵەیە. نزیکبوونی دووەمیش لەدەرەوەی ئێمەیە، ئەمانە بریتین لە تێنەگەیشتن و نەناسینی راستینەی (PKK) و سەرۆك ئاپۆ، وەك: ناخوازن لێی تێبگەن، هەڵوێستی نکۆڵیکارانە، کەمێك شتی دەربارە دەزانن و ئەمە بەس دەبینن، ئەو جۆرە نزیکبوونە هەلانە لەدەرەوەی ئێمە هەن.

لەبەرامبەر (PKK)شدا بەهەمان شێوە نزیکبوون و تێگەیشتنی چەوت هەن، هەندێك کەس (PKK) وەك تەفکەرێکی میللیگەرایی دەبینن، هەندێکیش (PKK) چەپڕەو دەبینن. ئەوانەی (PKK) بەمیللیگەرا دادەنێن دەڵێن:" (PKK) تەفکەرێکی سۆسیالیستی نییە و تەفکەرێکی قەومییە. ئەوانەی تریش کە (PKK) چەپ دەبینن دەڵێن:"(PKK) تەفکەرێکە وڵاتپارێز نییە و دووری کوردانە". ئەوانە وەها نزیك دەبن. هەندێك دەڵێن:"(PKK) تەفکەرێك نییە بەئیرادە و هێزی خۆیەوە کار بکات، گرێدراوی هەندێك هێز و دەوڵەتە، ئەو هێز و دەوڵەتانەش بۆ ئەوەی تورکیا لاواز بکەن، ئەو تەفکەرەیان دروستکردووە". واتا دەڵێن:"(PKK) تەفکەرێك نییە لەسەر هێز و ئیرادەی خۆی رابوو‌بێت، تەفکەرێکی ئازادیخواز نییە". بۆیە دەڵێن:"(PKK) تەفکەرێکی تیرۆریستە". بێگومان زۆر نزیکبوونی دیکە و بەگوێرەی خۆیان لە (PKK) دەکەن. ئەمانە هەمووی نزیکبوونی راست نیین. ئەمە لەکاتێکدا تەفکەری (PKK) وەك چۆن تەفکەرێکی کوردایەتی و وڵاتپارێزییە و ئەمە بەبنچینە وەردەگرێت، ئەوا

بەهەمان شێوە کێشەکانی مرۆڤایەتیش بەبنچینە وەردەگرێت. نەك وەك دەزانرێت تەنیا تەفگەرێکی قەومی یان چەپ بێت و دووری کێشەی کوردان بێت.
هەروەها سەرۆك ئاپۆ پێغەمبەرێك نییە، وەك هەندێك کەس لەناو ئێمەدا وەها هەڵسوکەوت دەکەن کە سەرۆك پێغەمبەر بێت، یان پێیان وایە مرۆڤ ناتوانێت لە سەرۆك تێبگات و تەواو بەرجەستەی بکات. یان سەرۆك ئاپۆ زۆر لەپێشە و مرۆڤ ناتوانێت پێی بگات. ئەمانە هەمووی راست نیین. بۆچی ئەو نزیکبوونانە پێشدەکەون؟ بۆچی تێگەیشتن لەراستینەی سەرۆك و (PKK) نایەتەدی؟ ئەمە پەیوەستە بەو زیهنییەتەوە. ئەگەر مرۆڤ بەزیهنییەتی باو لە (PKK) نزیك ببێتەوە ئەوا ناتوانێت لە (PKK) تێبگات، جا لەناو ئێمەدا بێت، یان لەدەرەوەی ئێمەدا بێت، ئەگەر کەسانێك ناتوانن راستینەی (PKK) و سەرۆك ئاپۆ تێبگەن، ئەوا لەبەر ئەوەیە کە تێگەیشتنیان لەگەڵ حیسابی ئەوان یەکناگرێتەوە، بۆیە ناخوازن لێی تێبگەن. لەبنەڕەتدا تێدەگەن، بەڵام بەرژەوەندی ئەوان رێگەیان پێنادات راستینەی (PKK) بڵێن. واتا ناخوازن تێبیگەن، بۆیە بەئەنقەست سەبارەت بە (PKK) و سەرۆك ئاپۆ شتی چەوت بڵاودەکەنەوە و هەر شتێك کە مرۆڤایەتی یان گەلی کورد پەسندی نەکەن و نەفرەتی لێبکەن لەسەر (PKK) و سەرۆك ئاپۆ بڵاویدەکەنەوە، بۆ ئەوەی کاریگەری سەرۆك و (PKK) بشکێنن و بێکاریگەریان بکەن. چونکە بەرژەوەندی ئەوان ئەمە دەخوازێت. بۆیە وادەکەن، لەبنەڕەتدا تێدەگەن کە سەرۆك و (PKK) چیین، لەوانەیە بەقووڵی لێی تێنەگەن، چونکە ئەو زیهنییەتەی کە هەیە مرۆڤ لەخۆیدا دەرنەخات مرۆڤ ناتوانێت بەتەواوی و لەهەموو رووێکەوە لە (PKK) و سەرۆك ئاپۆ تێبگات. بەڵام ئەوەی بخوازێت تێبیگات ئەگەر بەقووڵیش نەبێت ئەوا دەتوانێت هەندێك شتیان لێ تێبگات. هەندێك کەس تێدەگەن، بەڵام لەگەڵ بەرژەوەندییان یەکانگیر نابێتەوە، بەرژەوەندیان رێگەیان پێنادات، بۆیە سەرۆك ئاپۆ و (PKK) بەهەڵە دەناسێنن، کارێکی وەها دەکەن. هەندێکیش بەراستی ناتوانن تێبگەن. چونکە بەو زیهنییەتەی هەیانە ناهێڵێت تێبگەن. ئەمەش لەبنەڕەتدا ئەو زیهنییەتە ناهێڵێت راست تێبگەن. چونکە زیهنییەتی سەرۆك ئاپۆ زیهنییەتێکی دیکەیە و لەو زیهنییەتەی ئەمرۆ لەدونیادا هەیە، خۆی دەرخستووە و رەتیدەکاتەوە، لەدەرەوەی ئەم زیهنییەتە زیهنییەتێکی دیکە بەبنچینە وەردەگرێت.

ئیدی ئەگەر تۆ دەخوازیت لە سەرۆك ئاپۆ و (PKK) تێبگەیت ئەوا پێویستە لەزیهنییەتی سەرۆك ئاپۆ تێبگەیت. واتا کام زیهنییەتە بەبنچینە وەردەگرێت؟ ئەگەر تۆ خواستت ئەو زیهنییەتە بناسیت و کەوتیتە لۆژیکی ئەو، ئەوکاتە بەئاسانی دەتوانیت لێی تێبگەیت. شتێك کە مرۆڤ لێی تێنەگات لەئارادا نییە، بەڵام ئەگەر تۆ نەخوازیت لەزیهنییەتی سەرۆك ئاپۆ تێبگەیت، بخوازیت بەو زیهنییەتەی باڵادەست تێیبگەیت ئەوا ناتوانیت تێیبگەیت. ئەو کاتە بەگوێرەی خۆت لێی تێدەگەیت. هەڵبەتە ئەمەش هەڵە دەبێت. لەوانەیە تۆ هەندێك راست تێبگەیت، بەڵام زۆر شتیش بەهەڵە تێیدەگەیت و ناتوانیت بگەیتە راستی ئەو. ئیدی لەبەر ئەمەیە نزیکبوونی هەڵە پێشدەکەوێت. چ لەناو ئێمە و چ لەدەرەوەی ئێمەش ئەوانە روودەدەن. بۆیە ناتوانن تێیبگەن. ئەو زیهنییەتە ناهێڵێت، بەڵام هەندێك لایەنیش، بۆ نموونە؛ دەوڵەتە داگیرکەرەکان، دەوڵەتە سەرمایەدارەکان، چقاکی سەردەست ئەمانە هەموویان بەئەنقەست (PKK) بەهەڵە دەناسێنن. ئەگەر بە قووڵیش نەبێت بۆخۆیان کەمێك تێدەگەن. بەڵام لەزیهنییەتی (PKK)دا مەترسی لەسەر خۆیان دەبینن، ئەگەر دووژمنایەتییەکی مەزنی سەرۆك ئاپۆ دەکرێت لەبەر ئەم هۆیەیە، ئەگەر دەڵێن:"تیرۆریستە" و پیلانگێڕی نێودەوڵەتی پێشدەخەن لەبەر ئەم هۆیەیە. چونکە بینیان کە زیهنییەت، سیستەم، ئەخلاق، کولتوور و ئەو ژیانەی کە لەئارادایە رەتدەکاتەوە و ئەلتەرناتیفێکی نوێ لەشوێنیدا پێشدەخات، ئەمەشیان بۆخۆیان پڕ مەترسیدار بینی و هەر بۆ ئەمەش پیلانگێڕی نێودەوڵەتیان پێشخست. ئیدی ئەمانە بەئەنقەست سەرۆك و (PKK) بەچەوتی دەناسێنن و دەیخەنەڕوو. بەڕادەیەك هەتا کاریگەری بشکێنن، بۆ ئەوەی ئەلتەرناتیفێك لەدژی ئەوان پێشنەکەوێت.

بەراستی تێگەیشتنی چەوت بۆ تێکۆشانی سی ساڵەی (PKK) دەبینرێت، بۆنموونە؛ نەوەی نوێ کە چاوی خۆی دەکاتەوە (PKK) دەبینێت ئەو مێژووە نابینن، وەك بڵێی (PKK) یەکسەر لەدایکبووە و مەزن بووە. واتا ئەو مێژووە نابینن کە

(PKK) چۆن لەدایك دەبێت و چۆن پێشدەکەوێت و چۆن مەزن دەبێت و دەگاتە رۆژی ئەمڕۆمان. بەمەش تێگەیشتنێکی راست بۆ ئەم مێژووە نابینرێت و خوێندنەوەیەکی راست بۆ مێژووی (PKK) نییە. ئەمەش لەگەڵ خۆیدا کێشە دروست دەکات. بۆ نموونە؛ وا دەبینرێت کە سەرۆك ئاپۆ دەستگیردەکرێت پاشان باس لەو مەسەلانە دەکات کە ئێستا باسی لێوە دەکات. کەچی ئەگەر چاو بە ئەدەبیاتی (PKK) بخشێنینەوە دەبینین پانزە ساڵ پێش ئێستا، تەنانەت زیاتریش باسی لەو مەسەلانە کردووە کە ئێستا باسی لێوە دەکات، تەنانەت بەفراوانی باسی لێوە کردووە... ئایا لێرەدا ئەمە بە هەڵە خوێندنەوەی مێژووە؟

راستە، وەکو گووتم؛ هەندێك کەس بەئەنقەست مێژووی (PKK) دەشێوێنن، چونکە لەگەڵ حیسابی ئەواندا یەکانگیر نابێتەوە. زیهنییەتی سەرۆك بۆ خۆیان مەترسیدار دەبینن. هەندێکیش ناتوانن تێیبگەن، بۆیە لەتێگەیشتنیان کەموکوڕی هەیە، بۆیە دەکەونە نێو هەڵەوە. ئەمە پەیوەستە بەم خاڵەوە. ئەگەر مرۆڤ لە مێژووی (PKK) بڕوانێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، ئەو شتانەی سەرۆك لەئیمراڵییەوە و لەمیانەی بەرگرینامەکانی و دیدارەکانی لەگەڵ پارێزەرەکانیدا پێشیدەخات هەمووی لەسەرەتای ئەم تەڤگەرەدا هەیە. بۆ نموونە؛ ئەگەر مرۆڤ پەرتووکی "**رێگای شۆڕشی کوردستان ـ مانیفێستۆ**"(١) بخوێنێتەوە و بەرگرینامەکانی ئێستای بخوێنێتەوە و لەگەڵ یەکدی بەراوردیان بکات دەبینێت زێدە جودایی لەنێوانیاندا نییە، هەموو ئەو شتانەی لە بەرگرینامەکاندا هەیە لە "**رێگای شۆڕشی کوردستان**"دا هەیە. کەواتە شتی جودا چییە؟ سەرۆك هەروەکو خۆیشی دەڵێت:" لە ئیمراڵی لەبیرکردنەوە و رامانی خۆمدا گەیشتوومەتە ئاستی پاککردنەوە (پاڵاوتەکاری ـ هەڵاوێردکردن) و خۆم رەفینە

کردووه (خۆم پاڵاوتەکردووە، یان خۆم هەڵاوێردکردووە) " واتا لەبیرکردنەوە و رامانی خۆیدا شتی هەڵە و کەموکوڕی بەلاوە ناوە. شتە هەڵەکانی راستکردۆتەوە، شتە پڕ کەموکوڕییەکانی کاملکردووە و دەڵێت:" لەمندا گۆڕان نەبووە، لەمندا قووڵبوونەوەیەك بەدیهاتووە" مرۆڤ کە لەسەر "مانیفێستۆ" و بەرگرینامەکان لێکۆڵینەوە بکات دەتوانێت ئەم راستییە ببینێت کە لەبنچینەدا گۆڕانکاری نیین، بەڵکو قووڵبوونەوەیەکی مەزن بەدیهاتوون، بیرکردنەوە و رامانی خۆی لە هەڵە و کەموکوڕییەکان پاڵاوتووە و هەڵاوێردی کردووە و کاملی کردووە. ئەوەی لە سەرۆك رووی داوە ئەمەیە. هەر لەسەرەتاوە ئەو زیهنییەتەی هەیبووە خستیە ژێر لێپرسینەوەوە، هەوڵیداوە لەهەموو روویێکەوە خۆی لەو زیهنییەتە باوە رزگار بکات. چەندە خۆی لێی بەدوور خست، ئەوەندەش ئەمەی لەنێو تەڤگەر و لەنێو جڤاکیشدا پێشخست. ئەگەر مرۆڤ بڕوانێت؛ لەو رۆژەوەی تەڤگەری (PKK) دەرکەوتووە تارۆژگاری ئەمڕۆ پێشکەوتنەکانی تەڤگەر و سەرۆك لەسەر ئەو بنچینەیە بەدیهاتووە، واتا لەسەر بنەمای زیهنییەتێك بووە، ئەو زیهنییەتە چییە؟ بەتەواوی بە بنەماوەرگرتنی ئیرادەیەکی ئازاد، کەسێتییەکی ئازاد، جڤاکێکی ئازادە. لەهەموو روویێکەوە رەتکردنەوەی کۆیلایەتی و دەسەڵاتدارییە. واتا لەمەدا قووڵبوونەوە هەیە، گۆڕان نییە.

بۆنموونە؛ لەساڵی (١٩٩٨)دا سەرۆك بەبۆنەی ئاگربەستەوە وتەیەکی بۆ تەلەفزیۆن پێشکەش کردبوو، چەند رۆژێك بەر لەئێستا(٢) جارێکی دیکە ئەم وتەیەی سەرۆك لە (ROJ TV) پێشکەش کرایەوە. لە تورکیادا زۆر کەناڵ لە راگەیاندنەکانی خۆیاندا گووتیان:" ئۆجەلان چۆن لە ئیمرالییەوە قسەدەکات و ئەو قسانەش چۆن دەگاتە تەلەفزیۆن و بلاودەکرێتەوە؟" واتێگەیشت کە ئەم وتانەی سەرۆك تازە لە ئیمرالیەوە گووتراوە. کەچی لەراستیدا لەساڵی (١٩٩٨)دا ئەو قسانە گووتراوە. ئەمە چ دەخاتەڕوو؟ ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەوەی لەم رووەوە لە سەرۆکدا بەدیهاتووە گۆڕانکاری نییە، بەڵکو قووڵبوونەوە هەیە. ئەوانەی ئەو مەسەلانە ئاوەژوو دەکەن ئەوا بەئەنقەست دەیکەن. وانیشان دەدەن گوایە ئەوەی لەبەرگرینامەکاندا هاتووە لەهەموو روویێکەوە نوێیە. واتا سەرۆك ئاپۆ لە قۆناخی ئیمرالیدا هەموو شتێکی خستۆتە لایەکەوە و سەرەتایەکی نوێی دەستپێکردووە. ئەمە وانییە.

تەنانەت ئەم قووڵبوونەوانە لەماوەی ئیمرالیشدا دەستی پێنەکردووە. مرۆڤ ئەگەر لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی (PKK) بکات ئەوا دەبینێت ئەم قووڵبوونەوەیە لەسەرەتای ئەم مێژووەدا هەنگاو بەهەنگاو دەستپێکردووە و هاتووە و پێشکەوتووە، لە ئیمرالیشدا قووڵبوونەوەکە زیاتر پێشکەوتووە، واتا ئەم قووڵبوونەوەیە تەنیا لە ئیمرالی دەستپێنەکردووە. هەر لەرۆژی دامەزراندنی (PKK)وە تا دەگاتە ئیمرالی ئەم قووڵبوونەوەیە هەنگاو بە هەنگاو پێشکەوتووە. سەرۆك ئاپۆ هەمیشە لەزیهنییەتی خۆیدا هەرشتێك خزمەتی ئازادی نەکردبێت بەلاوەی ناوە و پاکیکردۆتەوە، لەسەر ئەو بنەمایەش قووڵبوونەوەیەکی پێشخستووە. یەکێك خاوەن ویژدان بێت دەتوانێت ئەم راستییە ببینێت. بەڵام یەکێك ویژدانی رەشبووبێت ئەوا بەئەنقەست مەسەلەکان ئاوەژوو دەکاتەوە و دەیشێوێنێت. وەکو گووتم؛ ئەوانەی ئەمە لەگەڵ حیساباتیاندا یەك ناگرێتەوە، بۆ ئەوەی بەرژەوەندی خۆیان بپارێزن هەڵدەستن بەناوزڕاندنی سەرۆك و (PKK)، تاوەکو کاریگەرییەکانیان بشکێنن. هەندێك کەسیش، جا چ لەناو ئێمەدا بن یان لەدەرەوەی ئێمەدا، لەبەر ئەوەی ناکەونە نێو قووڵایی زیهنییەتی سەرۆك ئاپۆوە و ناتوانن لە لۆژیکی ئەو تێبگەن، بەو زیهنییەتەی هەیە دەخوازن لەسەرۆك ئاپۆ و لە (PKK) تێبگەن. هەڵبەتە ئەمەش بۆخۆی ئاستەنگی هەرە مەزنە لەبەردەم تێگەیشتنی سەرۆك ئاپۆ و (PKK)دا. هەربۆیە بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆیان ئەنجام بەدەستدەخەن. ئیدی ئەگەر ئەو جۆرە نزیکبوونەوانە پێشدەکەون، لەبەر ئەم هۆیانەیە پێشدەکەون. بۆ ئەوەی راست لە (PKK) و سەرۆك ئاپۆ تێبگەن پێویست دەکات بکەونە نێو چوارچێوە و قووڵایی زیهنییەتی سەرۆك ئاپۆ و (PKK) و لۆژیکیانەوە. ئەو قووڵبوونەوەی ئەنجامدراوە و ئەو هەڵە و کەموکوڕیانەی تێیدا بژارکراوە راست تێبگەن.

(PKK) لەتێکۆشانی سی ساڵەی خۆیدا بە زۆر قۆناخی جودا جودا تێپەڕیوە و زۆر هەنگاوی جددی بەدوای یەکدا هاوێشتووە. کەواتە مێژووی سی ساڵەی (PKK) چۆن پۆلین دەکرێ؟

مرۆڤ دەتوانێت بەزۆر شێوە مێژووی (PKK) پۆلین بکات. یەك: لەسەرەتای لەدایکبوونی تەفگەری (PKK) تا دەگاتە قۆناخی پیلانگێڕی نێودەوڵەتی (١٩٩٩/٢/١٥) قۆناخێکە و لەدوای پیلانگێڕی نێودەوڵەتیش قۆناخێکی ترە. بەمشێوەیە دەکرێ مێژووی (PKK) لێکۆڵینەوە و پۆلین بکرێت.

چۆن و بۆچی وا پۆلین بکرێت؟

چونکە لەدەرکەوتنی (PKK)وە تا پیلانگێڕی نێودەوڵەتی کاریگەری سۆسیالیزمی بنیادنراو لەسەری بەهێزە. مرۆڤ دەتوانێت ئەم کاریگەرییە لەزیهنییەتدا، لەشێوەی ڕێکخستن و تێکۆشاندا، لەژیاندا، لەکولتوور و ئەخلاقدا، لەئوسلوبدا ببینێت. لەدوای پیلانگێڕی نێودەوڵەتیشەوە وەك سەرۆك دەڵێت:" بیرکردنەوە و ڕامانی خۆمم ڕەفینەکرد، هەڵەکانم بەلاوەنا و پاکم کردەوە، کێماسییەکانم تەواو کرد" بۆیە لەدوای پیلانگێڕی نێودەوڵەتییەوە قۆناخێکی دیکە دەستپێدەکات. بۆچی؟ چونکە لەزیهنییەتی سەرۆك ئاپۆدا پاککردنەوەی کاریگەری سۆسیالیزمی بنیادنراو هەیە. بۆیە بەقۆناخێکی نوێ دادەنرێت. ئەم شێوە نزیکبوونە و پۆلینکردنە ڕاستە.

هەروەها مرۆڤ دەتوانێت لەسەرەتای (PKK)وە تا دەگاتە هەڵەمبازی (١٥)ی ئابی (١٩٨٤) بکاتە قۆناخێك. ئەمەش دروستبوونی (PKK)یە. لە (١٥)ی ئابی (١٩٨٤)یشەوە تا دەگاتە پیلانگێڕی نێودەوڵەتیش دەبێتە قۆناخێکی تر. ئەمەش لەپارتیبوونی (PKK)دا قۆناخی دووەمە. قۆناخی یەکەم: ئاواکردنی (PKK)یە. قۆناخی دووەمیش: خەباتکردنە لەپێناو ئەوەی (PKK) چۆن بگاتە بنچینە و ناسنامەی خۆی و لەسەر بنچینەی خۆیدا چۆن پێشبکەوێت؟ ئێمە لەمێژووی (PKK)دا بەم قۆناخە دەڵێین: قۆناخی دووەمی بەپارتیبوون. قۆناخی یەکەم: لەدەرکەوتنەوە تا دروستبوون و تا دەگاتە هەڵەمبازی (١٥)ی ئاب. هەرچەندە (PKK) لە (١٩٧٨) دامەزراوە، بەڵام بەتەواوی نەگەیشتۆتە ناسنامە و چوارچێوەی خۆی. بۆیە ئەم قۆناخە تا (١٥)ی ئابی (١٩٨٤) بەردەوام بوو. ئیدی لەدوای (١٥)ی ئابەوە چۆن بگاتە ناسنامەی خۆی و بنچینەی خۆی؟

لەسەر ئەم بنەمایە خەبات و تێكۆشان پەرەپێدەدات و جڤاك پێشدەخات. بۆیە دەڵێین؛ لەپارتیبووندا قۆناخی دووەمە. لەپیلانگێڕی نێودەوڵەتیش بەدواوە دەبێتە قۆناخی سێیەمین. ئەمەش لەپارتیبووندا قۆناخی سێیەمینە. واتا مرۆڤ دەتوانێت مێژووی (PKK) بۆ سێ قۆناخ پۆلین بكات. یەك: پارتیبوونی یەكەم. كە ئەمە چێبوونی (PKK)یە. دوو: پارتیبوونی دووەمین. كە لە (١٥)ی ئابەوە تا دەگاتە پیلانگێڕی نێودەوڵەتی. سێیەمینیش: پارتیبوونی سێیەمین. واتا لەسەر بناخەی خۆی چێبوون، ئەو هەڵانەی ڕوویانداوە، چۆن ئەمانە بەلاوە بنرێن. لەقۆناخی سێیەمیندا ئەم پرۆسەیە دەستپێكرد، مرۆڤ دەتوانێت بەمشێوەیە پۆلینكردنێك ئەنجام بدات. چونكە لەقۆناخی دووەمیندا: بۆ ئەوەی پارتیبوون لەسەر بناخەی خۆی چێببێت و پێشبكەوێت، جڤاك و ملیتانی خەبات لەسەر ئەو بنەمایە پێشبكەون كار و خەبات كرا. لەمەشدا هەندێك ئەنجامیش بەدەستخران، بەڵام هەندێك لەرێدەركەوتنیش ڕوویاندا، هەندێك هەڵەش دەركەوتن. بۆیە (PKK) تەواو لەسەر بناخەی خۆی چێنەبوو و پێشنەكەوت. ئیدی لەگەڵ هاتنی قۆناخی سێیەمیندا لەدوای پیلانگێڕی نێودەوڵەتی، سەرۆك قۆناخی پارتیبوونی سێیەمینی دەستپێكرد، بۆ ئەوەی ئەو هەڵە و كەموكوڕیانە نەمێنن، بۆ ئەوەی بەتەواوی لەسەر بنچینەی خۆی پارتیبوون پێشبكەوێت و سەربكەوێت.

لەلایەكی دیكەوە؛ مرۆڤ دەتوانێت دیسان بەشێوەیەكی دیكە لێكۆڵینەوە و پۆلین بكات: یەك؛ لەسەرەتای تەڤگەرەوە تا دەگاتە پارتیبوون قۆناخێكە، ئێمە بەم قۆناخە دەڵێین: قۆناخی گروپ، كە پاشان تەڤگەر دەكەوێتە قۆناخێكی دیكە كە پارتیبوونە، بێگومان لەنێو هەر قۆناخێكیشدا هەندێك خاڵی بنەڕەتی، وێستگەی سەرەكی هەن، مرۆڤ دەتوانێت لەسەریان ڕابوەستێت. دیسان دەتوانرێت لەسەرەتای تەڤگەرەوە تا دەگاتە كۆنگرەی سێیەمین (١٩٨٦) بكاتە قۆناخێك. چونكە لەسەرەتاوە تا كۆنگرەی سێیەمین چێبوونی (PKK)یە، (PKK) لەهەموو ڕوویەكەوە یەكلایی دەبێتەوە؛ لەرووی چوارچێوە و ناسنامە و تایبەتمەندییەكانییەوە. لەدوای كۆنگرەی سێیەمینیشەوە قۆناخێكی دیكەیە. ئەم قۆناخە چییە؟ دەتوانین بڵێین؛ قۆناخی چێبوونی ملیتانی ئەو تەڤگەرەیە. واتا تا (١٩٨٦) چێبوونی پارتییە، لەوێش بەدواوە چۆن ملیتانی ئەو تەڤگەر

و پارتییە ئاوابێت؟ هەموو كار و خەبات لەسەر بنەمای ئەمەیە، واتا چۆن ملیتانی (PKK) ئاوا بكرێت. چونكە تۆ كە پارتییەكت دامەزراند و ئەو پارتییە بەهەموو ناسنامەی خۆی دەركەوتەڕوو، بەڵام ئەمە بەس نییە، بەڵكو پێویستی بەوە هەبوو ملیتانی پارتیش ئاوا بكرێت. ئەگەر بەگوێرەی ئەم پارتییە ملیتانیش ئاوا نەكرایە ئەوا ئەو پارتییە ئەگەر بەهەموو ناسنامەی خۆیشی دەربكەوێتە ڕوو، ئەوا ئەو پارتییە نەدەگەوتە بواری كرداری و ژیانەوە. كێ ئەم پارتییە بخاتە پراكتیكەوە؟ كێ ئەمە بخاتە پراكتیك و ژیانەوە؟ هەڵبەتە ملیتانی ئەو پارتییە ئەمانە دەكات، بۆیە پێویستبوو ملیتانی پارتی ئاوا ببێت. هەربۆیە ئەو شیكردنەوانەی سەرۆك ئاپۆ لەدوای كۆنگرەی سێیەمینەوە بەفورسایی پێشیخست هەمووی بۆ ئەوە بوو ملیتانی پارتی ئاوا ببێت، كە لەسەر ئەو بنەمایەش جڤاك بنیاد بنێتەوە. هەربۆیە سەرۆك لەكۆنگرەی سێیەمدا هەڵسەنگاندنێكی مێژوویی پێشخست و گووتی:" لێرەدا ئەوەی شیبكرێتەوە و هەڵسەنگێندرێت جڤاك و مێژووە نەك كەس و ئەمرۆیە" واتا ئەوەی لە (PKK)دا چارەسەر دەكرێت (شیدەكرێتەوە) جڤاك و مێژووە. هەڵبەتە ئەگەر تۆ لەجڤاك و مێژوودا چارەسەریت پێشخست تۆ دەتوانیت لەشەخس و لەسەردەمیشدا چارەسەری پێشبخەیت، تۆ دەتوانیت لەتاك تێبگەیت و لەسەردەم تێبگەیت. ئەگەر تۆ لەمێژوو تێنەگەیشتیت ناتوانیت لەسەردەمیش تێبگەیت. ئەگەر تۆ لەجڤاك تێنەگەیشتیت تۆ ناتوانیت لەشەخسیش تێبگەیت. ئەگەر تۆ چەندە لەمێژوو و جڤاك تێبگەیت ڕاستینە و كێماسی و هەڵە و چەوتییەكان، خاڵە لاواز و بەهێزەكانی، باشی و خراپییەكانی، ئەگەر لەهەموو ڕوویێكەوە چەندە لێی تێگەیشتیت تۆ دەتوانی سەردەم و شەخسیش لەهەموو ڕوویێكەوە تێبگەیت. ئەوەی لە (PKK)دا شیكراوەتەوە و چارەسەركراوە ئەمەیە، هەر بۆیە سەرۆك تا كۆنگرەی سێیەم خەبات و تێكۆشانی كرد بۆئەوەی چۆن (PKK) بگەیەنێتە ناسنامەی خۆی. بەكۆنگرەی سێیەمەوە ئیدی (PKK) لەهەموو ڕوویێكەوە یەكلایی بووەوە و بەدیار بوو. لەسەر ئەو بنەمایەش ئیدی چۆن ملیتانی ئەم پارتییە ئاوابێت و جڤاكێك ئاوا بكرێت، چونكە جڤاكیش هەر لەخۆیەوە ئاوا نابێت، لەڕووی هزری و ڕامانەوە كولتوورێك دەركەوت، پێویست دەكات ملیتانێك ئاوا ببێت تاوەكو ئەو هزر و كولتوور و ئەخلاقە پێك بهێنێت و لەجڤاكیشدا پێشیبخات. دەكرێ

بەمشێوەیەی ئاماژەم پێدا مێژووی (PKK) پۆلین بکرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، پۆلینی بەمشێوەیەش راستە.

هەروەها دیسان دەکرێ مرۆڤ لەسەرەتای پەیدابوونی تەڤگەرەوە تا ساڵی (١٩٩٠) بکاتە قۆناخێك، لەساڵی (١٩٩٠)یش بەدواوە بکاتە قۆناخێکی دیکە. ئەمەش پۆلینکردنێکی هەڵە نییە. لەسەرەتاوە تا ساڵی (١٩٩٠) تەڤگەری (PKK) بەتەواوی نەبۆتە تەڤگەرێکی جڤاکی و جەماوەری، خەبات و تێکۆشانی سەرۆك لەو قۆناخەدا بۆ ئەوە بوو کە چۆن تەڤگەری (PKK) لەتەڤگەرێکی کادیرانەوە دەربخات و بیکاتە تەڤگەرێکی جەماوەری. لەئاکامی ئەمەدا تەڤگەر بووە تەڤگەرێکی جەماوەری. ئیدی لەساڵانی نەوەد بەدواوە (PKK) تەنیا تەڤگەرێکی کادیری نییە، بەڵکو تەڤگەرێکی جەماوەریشە. واتا جەماوەر بەتەواوی شوێنی خۆی تێدا گرتووە، هەر کەس شوێنی خۆی تێدا گرتووە. ئیدی (PKK) تەنیا بە کێشەی کادیرانەوە خەریك نابێت و راوەستانی لەسەر ناکات، تا ئەوکاتە زیاتر لەسەر کێشەی رێکخستنی و کادیربوون رادەوەستا، بەڵام دوای ساڵانی نەوەد ئیدی لەسەر کێشەی جەماوەریش رادەوەستا. چونکە تەڤگەر ببووە تەڤگەری گەل، گەل لەهەموو روویێکەوە شوێنی خۆی تێدا گرت. ئیدی کێشەی گەل و جەماوەریش لەنێو تەڤگەردا دەرکەوتنەڕوو، پێویستبوو ئەو کێشانەش بخاتە پێش خۆی و چارەسەریان بکات. دەکرێ ئەمە وەکو قۆناخێك لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

هەروەها دیسان لەسەرەتای تەڤگەرەوە تا دەگاتە کۆنگرەی شەشەمین (زستانی ١٩٩٩) بکرێتە قۆناخێك. دەکرێت بەم قۆناخە بگووترێت قۆناخی منداڵێتی (PKK). چونکە تا کۆنگرەی شەشەمین (PKK) نەبۆتە (PKK). هەرچەندە خۆیشی لەساڵی (١٩٧٨)دا راگەیاندبێت، بەڵام هێشتا نەگەیشتووەتە ناسنامەی خۆی. بۆیە هەموو خەباتی ئەو قۆناخە بۆ ئەوەبوو (PKK) لەهەموو روویێکەوە دیار بێت و بگاتە ناسنامەی خۆی. بۆیە مرۆڤ دەتوانێت بەم قۆناخە بڵێت: قۆناخی زارۆکی (منداڵێتی). لەو قۆناخە بەدواوە؛ کە ئیدی ناسنامەکەی دیار بوو، ملیتانی ئەم پارتییە دروست بوو، ئەو قۆناخەش دەبێتە قۆناخی لاوێتی. لەساڵی (١٩٩٠)یش بەدواوە، کە تەڤگەر لەتەڤگەرێکی کادیری دەرکەوت. بەتەواوی بووە تەڤگەرێکی جەماوەری. ئەم قۆناخەش بووە قۆناخی کامڵبوون. واتا مێژووی مرۆڤێك چۆن لەمنداڵییەوە دەستپێدەکات و بەلاوێتی

تێدەپەڕێت و دەگاتە کاملبوون، دەکرێ مێژووی (PKK)ش وەها پۆلین بکرێت. ئەم پۆلینکردنەش هەر راستە.

دیسان مرۆڤ دەتوانێت مێژووی (PKK) لەسەرەتایەوە تا دەگاتە قەڵەمبازی (١٥)ی ئابی (١٩٨٤) بکاتە قۆناخێك. لەو قۆناخەدا تەڤگەری چەکداری زێدە لەئارادا نییە، بەڵکو زیاتر تەڤگەرێکی سیاسی و رێکخستنی بوو، زیاتر تەڤگەرێکی سیاسییە و قۆناخی پێشخستنی رێکخستنبوونی سەربازییە. لە (١٥)ی ئابی (١٩٨٤)ەوە تا دەگاتە (١٩٩٣) قۆناخی گەریلایی و شەڕە، چارەسەرکردنی کێشەکەیە بەشەڕ. لەهەموو رووێکەوە خستنەڕوو و ناساندنی کێشەی کوردە. ئەمەش قۆناخی دووەمینە، واتا قۆناخی یەکەم خۆ رێکخستنکردنە بۆ کێشەیەك (دۆزێك). قۆناخی دووەمینیش ناساندن و خستنەڕووی کێشەکەیە، ئاواکردنی زەمینە و توانستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. لەساڵی (١٩٩٣)یش بەدواوە خەباتکردنە لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکە. چونکە ئیدی کێشەکە لەهەموو رووێکەوە دەرکەوت و ناسرا. بۆ ئەوەی چارەسەر ببێت توانست و زەمینەی دروست بوو. لەساڵی (١٩٩٣)یش بەدواوە پێویستبوو کێشەکە بە سیاسی بگاتە چارەسەری، واتا قۆناخی چارەسەرکردن. لەساڵی (١٩٩٣)دا سەرۆك ئاگربەستی راگەیاند و گووتی:" ئیدی کێشەکە دەرکەوتە ڕوو، بۆ ئەوەی کێشەکە بە سیاسی و دیالۆگ چارەسەر ببێت دەرفەت و توانست دروست بووە. ئیدی پێویستە ئێمە بە دیالۆگ چارەسەری بکەین" بۆ ئەمەش ئاگربەستی راگەیاند.

ئەو کاتە سەرۆك گووتی:" قۆناخی ژیانەوە سەرکەوت (تەواو بوو) و کاتی چارەسەرییە (دیموکراسییە)..."

راستە. دەکرێ لەساڵی (١٩٩٣) بەدواوە بە قۆناخی چارەسەری دابنرێت. هەروەها دەکرێت مێژووی (PKK) وا پۆلین بکرێت: قۆناخی ژیانەوە؛ قۆناخێکە لە سەرەتای تەڤگەرەوە تا ساڵی (١٩٩٣). لە (١٩٩٣)ش بەدواوە قۆناخی چارەسەرییە.

ئیدی هەموو ئەو پۆلینکردنانە راستن و دەکرێ مرۆڤ بەمشێوەیە لێکۆڵینەوە لە مێژووی (PKK) بکات و لێی تێبگات...

پەراوێزەکان:

(١) پەرتووکی "**رێگای شۆڕشی کوردستان ـ مانیفێستۆ**": ئەم پەرتووکە لەساڵی (١٩٧٨) لەلایەن رێبەر ئۆجەلانەوە نووسراوە.

(٢) مەبەستی کاتی سازدانی ئەم دیدارەیە.

بەشی دووەم:

ڕەوشی بابەتی و خودی لەدایکبوونی تەڤگەری (PKK)

لەساڵانی حەفتاکاندا؛ لەسەردەمی دەرکەوتنی (PKK)دا ڕەوشی جیهان، خۆرهەڵاتی ناوین، تورکیا و کوردستان چۆن بوو؟

وەك دەزانرێت کاتێك کە تەڤگەری ئاپۆچی دەرکەوت، جیهان بۆ دوو جەمسەر دابەش ببوو، یەکێکیان جەمسەری سەرمایەداری (کاپیتالیزم) بوو، کە ئەمریکا پێشەنگایەتی دەکرد، دووەمیشیان جەمسەری سۆسیالیزم بوو، کە یەکێتی سۆڤییەت پێشەنگایەتی دەکرد. لەنێوان هەردوو جەمسەردا ناکۆکی و شەڕێکی مەزن هەبوو. هەر یەکێکیان دەیانویست لەهەموو ڕوویێکەوە ئەوەی دیکە لەناو ببات. بەمەشیان دەگووت "شەڕی سارد" و ئەو شەڕە لەدژی یەکتری بەڕێوەدەبرا. هەموو کەس بەگوێرەی ئەو شەڕە نزیکبوونەوەی خۆی لەهەموو کێشەکان دەکرد. تۆ لەگەڵ کاپیتالیزمیت یان لەگەڵ سۆسیالیزمیت؟ لەرووی ستراتیژییەوە کامە هێز بۆ خۆت بەبنەما وەردەگریت؟ بۆیە هەموو هێزەکان بەگوێرەی ئەم ڕاستییە ستراتیژ و تاکتیکی خۆیان دیاردەکرد. هەندێك دەوڵەتیش لەجیهاندا هەبوون، نە لایەنگری ئەمریکا بوون نە سۆڤییەت، پێیان دەگووترا "جیهانی سێیەم" یان "وڵاتانی بێلایەن" واتا ئەوانەی بە ئەمریکا و سۆڤییەتەوە گرێدراو نەبوون، لەنێوان سۆڤییەت و ئەمریکادا ئەو هێزانە دەیانخواست خۆیان وەکو هێزێك نیشان بدەن. بۆیە پێیان دەگووترا "هێزی سێیەم". بەڵام ئەو هێزانە زێدە کاریگەریی خۆیان نەبوو، لەبنەڕەتدا جیهان دوو بەش بوو؛ یەك سۆڤییەت و ئەویتریش ئەمریکا، هەموو ناکۆکییەکان بەگوێرەی ئەم ڕاستییە شرۆڤە دەکران، ستراتیژ، تاکتیك، ڕێکخستن و خەبات و هەموو شتێك بەگوێرەی ئەمە پێشدەکەوتن.

کاتێك کە تەڤگەری ئاپۆیەتی (ئاپۆچێتی)یش دەرکەوت، جیهان بەمشێوەیە بوو، جیهان دوو بەش بوو، شەڕێکی سارد بەڕێوە دەچوو، کاریگەری ئەم ڕەوشەش لەسەر هەموو کەس و لایەنێك هەبوو. تەڤگەری ئاپۆچێتی لەبەر ئەوەی زیاتر ئازادی بۆ خۆی بەبناخە وەردەگرت، ئازادیش سۆسیالیزم گوزارشتی لێدەکرد، بۆیە ئاپۆچێتی سۆسیالیزمی بۆخۆی بەبنچینە وەرگرت. ئەو بەشەی سۆڤییەت سەرۆکایەتی دەکرد

بۆخۆی بەبناخە وەرگرت، هەم لەئایدیۆلۆژیادا و هەمیش لەرێکخستن و ستراتیژدا. بێگومان کاریگەری ئەمەش لەسەر تەڤگەرەکەمان دروست بوو، هەروەها ئەو کاتە ناکۆکی تەنیا لەنێوان سۆسیالیزم و کاپیتالیزم، سۆڤییەت و ئەمریکا نەبوو، بەڵکو ناکۆکی لەنێوان خودی سۆسیالیزمیشدا هەبوو، سۆسیالیزم لەنێو خۆیشیدا ببووە چەندین بەش؛ سۆڤییەت جودا بوو، چین جودا بوو، ئەلبانیاش جودا بوو. هەروەها سۆسیال دیموکرات هەبوون جودا بوون. واتا تەڤگەرە سۆسیالیستییەکان وەها بەش بەش ببوون و لەنێوانیاندا ناکۆکی وەها هەبوو، یەکتریان پەسند نەدەکرد و دژی یەکتری رادەوەستان. هەر لایەك خۆی بە سۆسیالیست دەبینی و ئەوەی تری مەحکوم دەکرد. لەم رووەوە لەنێو تەڤگەرە سۆسیالیستەکاندا زیاتر کاریگەری سۆڤییەت و چین هەبوو، کاریگەری ئەلبانیا و کۆمۆنیزمی ئەوروپا و سۆسیال دیموکراتەکان زێدە نەبوو، واتا دیار نەبوو کە کامەیان نوێنەرایەتی سۆسیالیزم دەکات. چونکە هەر کەسێك خۆی بە سۆسیالیست دەدیت و ئەوانی تریشی مەحکوم دەکرد، لەنێوان ئەوانیشدا شەڕێکی دژوار هەبوو تاوەکو ئەوانی تر بێکاریگەر بکات و خۆی باڵادەست بکات، کاتێك کە تەڤگەری ئاپۆچێتی دەرکەوت ئەو کێشەیە لەنێو سۆسیالیزمدا هەبوو.

بێگومان سەرۆك ئاپۆ ئەمەی بەراست نەبینی. واتا سۆسیالیزمی بە بناخە وەرگرت، بەڵام سۆڤییەت، چین، ئەلبانیا، کۆمۆنیزمی ئەوروپا و سۆسیال دیموکرات هیچیانی بەڕاست نەزانی. بۆیە کۆششی دەکرد لەوە تێبگات لەدەرەوەی ئەوانە سۆسیالیزم چییە و چی نییە. دەیخواست ماهییەت و جەوهەری سۆسیالیزم بەبنەما وەربگرێت. بۆیە بەشی سۆسیالیزمی زانستی بەبنەما وەرگرت، نەك سۆسیالیزمی سۆڤییەت یان چین، یاخود ئەلبانیا، کۆمۆنیزمی ئەوروپا و سۆسیال دیموکرات. دەیخواست خۆی لەژێر کاریگەری ئەوان رزگار بکات.

لەلایەکی دیکەشەوە لەنێوان کاپیتالیزم و سۆسیالیزم و تەڤگەری گەلانی ژێردەستدا ناکۆکییەك هەبوو، لە جیهاندا هەرچی گەلی ژێردەستە هەبوو لەدژی داگیرکەری (کۆلۆنیالی) و ژێردەستی تەڤگەری نەتەوەییان پێشدەخست. تەڤگەری بەمشێوەیەش پڕ بەهێز پێشدەکەوتن و لەتەڤگەری رزگاریخوازی گەلی ڤێتنامدا گەیشتبووە لوتکە، کاریگەری خۆشی هەبوو. کاتێك کە تەڤگەری ئاپۆچێتی دەرکەوت تەڤگەری گەلی ڤێتنام

زۆر بەهێز بوو، کاریگەری هەبوو لەسەر هەموو گەلانی بندەست، کاریگەری لەسەر ئەو چینانەش هەبوو کە لەدژی زوڵم تێدەکۆشان، کاریگەری خۆی لەسەر تەفگەری ئێمەش هەبوو. لە قۆناخێکی بەو شێوەیەدا تەفگەرەکەمان دروست بوو.

هەرێمی خۆرهەڵاتی ناوینیش بەتەواوی بەگوێرەی ئەمریکا و سۆڤییەت پارچە پارچە ببوو. ئەمریکا و سۆڤییەت دەیانخواست لەهەرێمەکەدا خۆیان بەهێز بکەن، یەکدی لاواز بکەن، هەم لەئاستی دەوڵەتاندا و هەمیش لەئاستی رێکخستنەکاندا، بەگوێرەی ئەمە دابەش ببوون، بەشێکیان لەگەڵ ئەمریکا و بەشێکیشیان لەگەڵ سۆڤییەت بوون. بۆیە ناکۆکی مەزن لەهەرێمەکەدا بەرێوە دەچوو، هەرێمی خۆرهەڵاتی ناوین لەمێژوودا دوور لەراستینەی مێژوویی خۆی و لەژێر کاریگەری ئەمریکا و سۆڤییەتدا دەگوزەرا. بۆیە هەرێمەکە زیاتر لەنێو بێ کەسێتیدا دەژیا. چونکە هەم دووری راستینەی خۆی ببوو، هەمیش تەواو وەکو ئەوەی ئەمریکا یان سۆڤییەت نەدەژیا. لەنێوان سۆڤییەت و ئەمریکادا ببووە لەیستۆکێك، ئەم هەرێمە لەرەوشێکی بەمجۆرەدا بوو، بۆیە لەنێو پەرشوبلاوی و بێ کەسێتیدا دەژیا.

کوردستانیش پارچە پارچە ببوو، بەسەر دەوڵەتانی داگیرکەردا دابەش کرابوو، ئەو دەوڵەتانەش یان لەگەڵ سۆڤییەت یان لەگەڵ ئەمریکا پەیوەندییان هەبوو، بۆ ئەوەی سۆڤییەت و ئەمریکا بتوانن لەهەرێمەکەدا یەکتری تەنگەتاو بکەن چاوپۆشیان لەدۆستی خۆیان دەکرد. دۆستەکانیان هەرچییەکیان بکردایە، تەنانەت ئەگەر لەدەرەوەی چەمك و تێروانینی ئەوانیش بایە، بەهۆی بەرژەوەندی خۆیانەوە، هیچیان نەدەگووت.

کوردستان بەتەواوی بەش بەش کرابوو، هەر بەشێکیش لەژێر دەستی داگیرکەرێکدا بوو، کۆمەڵگای کوردستانیش لەنێوخۆیدا بەش بەش ببوو. دەتوانین بڵێین؛ گەلی کورد لە سەرەمەرگدا دەژیا. لەنێوان ژیان و مەرگدا دەهات و دەچوو. گەلێکی بەمجۆرە هەیە یان نییە؟ دەژی یان ناژی؟ دیار نەبوو. چونکە جیهان لەمیانەی یەکەمین و دووەمین جەنگی جیهانیدا رێکخرابوو و شێوەی وەرگرتبوو، لەبنەرەتدا بناخەی ئەم رێکخستنبوونە لەیەکەمین جەنگی جیهانیدا دانرابوو. خۆرهەڵاتی ناوینیش لەیەکەمین جەنگی جیهانیدا رێکخستەکرابوو، ئەمەش بەگوێرەی بەرژەوەندی سیستەمی کاپیتالیزم ئەنجام درابوو.

ئەم رێکخستەبوونەش لەسەر پارچەبوونی کوردستان و نکۆڵیکردنی کورد دامەزرابوو. بۆیە ئەو سیاسەتەی لەسەر کوردان بەرێوە دەچوو سیاسەتی نکۆڵی و قڕکردن بوو. چونکە سیستەم بەتەواوی لەسەر نکۆڵی و قڕکردنی کوردان و پارچەکردنی کوردستان ئاوابوو. سیاسەتیش لەسەر ئەم بنەمایە بەرێوە دەچوو. کاتێك کە تەفگەری ئاپۆچێتی سەریهەڵدا نە ئەمریکا و نە سۆڤییەت، نە خۆرهەلاتی ناوین نە دەوڵەتانی داگیرکەر، کەسیان کوردیان پەسند نەدەکرد، بۆیە کوردان بەتەواوی مەحکومی نکۆڵی و قڕکردن ببوون و هەموو کەسێك ئەوەی وەکو سیاسەتێك بەبنەما وەردەگرت.

دەوڵەتانی داگیرکەریش بێسنوور ئەو سیاسەتەیان بەبنەماگرت، کەسیش لەدژی ئەو سیاسەتە رانەوەستا. لەبنەڕەتدا داگیرکەران سیاسەتی نکۆڵی و قڕکردنیان پێشنەخستووە، بەڵکو سیستەمی جیهانی پێشیخستووە. سیستەمی جیهانی لەسەر ئەو بنەمایە خۆی ئافراندووە، بۆیە دەوڵەتانی داگیرکەریش هەروا بەئاسانی نکۆڵی و قڕکردنی بێسنووریان بەرێوە دەبرد.

ئیدی کورد بەرەو لەناوچوون دەچوو، وای لێهاتبوو نەك جیهان و داگیرکەران نکۆڵیان لە کورد دەکرد، تەنانەت کوردان خۆشیان نکۆڵیان لە خۆیان دەکرد. ئیدی گەیشتبووە قۆناخێکی بەو شێوەیە. چ کاپیتالیست و چ سۆسیالیست هەموو کەسێك نکۆڵی لە کورد دەکرد. مرۆڤ دەتوانێت واتایەك بەو نکۆڵیکردنەی ئەوان بدات، چونکە بەگوێرەی بەرژەوەندی ئەوان بوو، دەتوانن نکۆڵی لە کورد بکەن و لەناویشی ببەن. وەهاشیان کردبوو. بەڵام کورد نکۆڵی و قڕکردنی خۆی پەسند بکات یان نۆرماڵ ببینێت، ئەمە خراپە. ئیدی گەل گەیشتبووە قۆناخێکی بەمشێوەیە. چونکە لەمێژوودا هەندێك راپەڕینی ئەنجام دابوو، ئەو راپەڕینانەش شکستیان هێنابوو و کۆمەڵکوژی بەدواوە هاتبوو، لەدوای کۆمەڵکوژیەکانیش ئەوانەی باش بوون داگیرکەران تەسلیمیان کردبوون و خستبوویاننە نێو نکۆڵیکردنەوە و سیخوڕییان پێ بەپەسندکردن دابوون. بۆیە ئیدی ئیرادەی کوردان شکێنرابوون. ئیدی" ئێمە ناتوانین رابببینە سەرخۆ، ناتوانین سەربەخۆ بین، پێویستە ئێمە داگیرکەری پەسند بکەین، نکۆڵی و قڕکردن پەسند بکەین، ئیدی ئەمە قەدەری ئێمەیە" ئەمەیان وەك قەدەرێك پەسند کردبوو.

کوردان هەر خۆیان بە خۆیان ئەومیان بەبنچینە وەرگرت کە"چۆن لە کوردێتی خۆیان رزگاربکەن و خۆیان بە پەسندکردن بدەن و بتوانن بژین". ئەو دۆخەی لە کوردستاندا پێشکەوتبوو دۆخێکی بەمشێوەیە بوو، بەبیرم دێت کاتێك من دەچوومە قوتابخانە، ئێمە لەقوتابخانە تورکی فێردەبووین، بەزۆر تورکییان فێردەکردین، کە دەگەڕاینەوە ماڵ دەمانخواست بە کوردی قسە بکەین، باوکم پێی دەگووتم: " فێری تورکی ببە بۆ ئەوەی ببیتە مرۆڤ" بۆچی وەهای پێدەگووتم؟ چونکە لە کوردێتیدا هیچ شتێك نییە، واتا سەرکەوتنێك لە ئارادا نییە، تۆ نە دەتوانی بخوێنیت نەدەتوانی ببیتە خاوەن کارێك، تۆ ئەگەر لەسەر کوردێتی (کوردبوون)ی خۆت پێداگیری بکەیت نە قوتابخانە نە کار و نەژیانت هەبوو. بۆیە پێیدەگووتم:" فێری زمانی تورکی ببە، تاوەکو ببیت بە مرۆڤ". باوکم بەمرۆڤبوونی لەتورکیبووندا دەبینی. ئەمە بەداخوازی و دڵی ئەو بوو؟ نەخێر. ئەمە بەداخوازی و دڵی ئەو نەبوو. بەڵام ئەمەی پەسند دەکرد هەرچەندە بەدڵیشی نەبووبێت.

مامۆستاش دەیگووت:" دەبێت بەتورکی قسە بکەن، کوردی قەدەخەیە". ئەوەی بە کوردی قسەی بکردایە دەستنیشانیان دەکرد و لێیاندەدا. بێگومان ئەوانە دەیانویست بەو شێوەیە داگیرکەری بە پەسندکردن بدەن و کوردان بتوێننەوە. چونکە ئەوانە مامۆستای داگیرکەربوون، ئەرکی ئەوان ئەوە بوو کوردان بکەنە تورك. ئەویش گوایە بەخوێندن دەیانویست ئەمە بکەن. دەوڵەت ئەمەی تەنیا لەرێگەی مامۆستاکانی نەدەکرد، بەڵکو لەرێگەی خێزانیشەوە ئەمەی ئەنجام دەدا. ئیدی خێزانیش تەنانەت بەمنداڵەکانیان دەگووت:" دەست لە کوردبوونی خۆتان بەربدەن و فێرە زمانی تورکی بین، بۆ ئەوەی ببنە مرۆڤ". داگیرکەران کوردیان وەکو مرۆڤ نەدەبینی و هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەیان لەگەڵدا دەکرد، هەڵسوکەوتی ئاژەڵیان لەگەڵدا دەکرد، بۆیە دەیانگووت:" کوردی کلکدار". سووکایەتیان بە کورد دەکرد و بە مرۆڤیان حیساب نەدەکرد و توانستی ژیانیان بە کورد نەدەدا، هەمیشە سووکایەتی و زوڵمیان لێدەکرد، ئیدی کوردیش ئەو وزمیەی لەخۆیدا نەدەبینی لەدژی ئەو سیاسەتە دەربکەوێت. چونکە زۆر راپەڕینیان لەم پێناوەدا پەرپاکردبوو، هەمووشیان شکستیان هێنابوو. کۆمەڵکوژییان کردبوون، ئیرادەیان شکابوو. بۆیە ئیدی بەدڵخوازی بێت یان نا، بۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤ و لەو

سووکایەتی پێکردن و زوڵمە رزگاری ببێت و بتوانێت بژی، داگیرکەری و سیاسەتی داگیرکەرانەی پەسند دەکرد و نکۆڵی و فڕکردنی خۆی پەسند دەکرد. لەمێژوودا؛ زۆر کەم مرۆڤ یان گەل ئەمە پەسند دەکەن. کەسیش وەکو کوردان ئەمەی پەسند نەکردبوو. ئیتر مەترسی مەزنیش لەمەدا بوو.

کاتێك کە تەڤگەری ئاپۆچییش دەرکەوت رەوشی جیهان و هەرێمەکە و گەلی کورد لەو چوارچێوەیەدا بوو. لەرەوشێکی بەمجۆرەدا چ کاریگەریی هەبوو؟ لەلایەکەوە فیکری سۆسیالیزم بەکاریگەر بوو. لەلایەکی دیکەشەوە تەڤگەری گەلانی ژێردەست بەگشتی و ڤێتنام بەتایبەتی کە لە لوتکەدابوو، بەکاریگەر بووە. بۆیە سەرۆك ئاپۆ لێکۆڵینەوەیەکی مەزنی دەستپێکرد، لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی:" ئەو ژیانەی کە کورد تێیدا دەژی ژیان نییە، مرۆڤ ناتوانێت بەمە بڵێت ژیان. پێویستە مرۆڤ ئەو ژیانە رەتبکاتەوە" بەڵام ئەگەر ئەو ژیانە رەتبکەیتەوە چ ژیانێکی دیکە دەخوازیت؟ ئەو ژیانەش چۆن و بە چ فیکرەیەك دێتەدی، لەسەر ئەو مەسەلانە لێکۆڵینەوەی دەکرد. سەرۆك ئاپۆ دەڵێت:" من گووتم ببمە ژەنەراڵێکی تورکیا بۆ ئەوەی کورد رزگار بکەم، بینیم ئەو رێگایەم لێگیراوە و ئەو رێگایە نابێت، خۆم لە ئیسلامییەتدا قووڵکردەوە، بینیم بەمەش نابێت. لەکۆتاییدا بینیم سۆسیالیزم وەڵامی ئەو داخوازییانەم دەداتەوە". چونکە سۆسیالیزم ناهەقی و زوڵم پەسند ناکات و ئازادی بەبنەما وەرگرتووە". بۆیە دەڵێت:" بینیم مەگەر کورد تەنیا بە فیکری سۆسیالیستی رزگاری ببێت و بوومە سۆسیالیست و چارەسەریم لە سۆسیالیزمدا دۆزییەوە" هەروەها دەڵێت:" بەڵام بینیم سۆسیالیزمیش بەش بەش و پارچە پارچەیە؛ سۆڤییەت، چین، ئەلبانیا، کۆمۆنیزمی ئەورووپا، سۆسیال دیموکرات... مرۆڤ ناتوانێت بەمانە لە راستی سۆسیالیزم تێبگات، راستینەی سۆسیالیزم چییە؟" لەو رووەوە کەوتە نێو لێکۆڵینەوەوە؛ ئەو کاتە تەڤگەری گەلی ڤێتنام هەبوو و کاریگەری خۆی هەبوو. مادام تەڤگەری گەلی ڤێتنام لەدژی ئەمریکا دەتوانێت بۆ ئازادی خۆی شەڕ بکات، بۆ وڵاتی خۆی تێبکۆشێت، کەواتە ئێمەش میللەتێکی ژێردەستین و پارچە پارچەین، لە ڤێتنام زۆر خراپترین، ڤێتنامیش پارچە پارچە بووە، بەڵام دیسانیش شەڕ و خەبات دەکات، بەردەوام لەدژی ئەمریکا تێدەکۆشێت، ئەگەر گەلی ڤێتنام دەتوانێت لەدژی ئەمریکا

شەڕ بکات و بەرخودانێکی بەهێز بکات و جیهانیش خاوەنداری لێدەکات، ئەوا ئێمەش دەتوانین بۆ خۆمان خەباتێك بکەین. ئیدی تەڤگەری ئاپۆچیتی لە هەلومەرجێکی بەمجۆرەدا پێشکەوت.

بۆچی ئەم فیکرمیە لە سەرۆك ئاپۆدا پێشکەوت؟ چونکە سەرۆك ئاپۆ لە گونددا خێزان و گوندی رەتکردەوە و ئەو ژیانەی رەتکردەوە، ئەو پەیوەستبوونەی رەتکردەوە، خۆی لێدابڕی، بیر و ئیرادە و کەسێتی ئازادی بۆخۆی بەبنەما وەرگرت. ئیدی لەمەوە کەوتە نێو لێکۆڵینەوەوە و گەڕان بەدوای ئازادیدا، لەئاکامدا ئەمەی لە سۆسیالیزمدا بینیەوە. کاتێکیش خواستی لە راستینەی سۆسیالیزم تێبگات و لەمەدا چەندە خۆی قووڵکردەوە، ئەوەندەش لەراستینەی گەلی کورد تێگەیشت و لەجیهان و داگیرکەری تێگەیشت. لەسەر ئەو بنەمایە دەستپێیکرد، واتا سەرۆك ئاپۆ خواستی و هەروا تەڤگەرێك پێشبخات پێشنەکەوت، یان هەروا بەداخوازی ئەو پێشنەکەوت. واتا ئەگەر سەرۆك ئاپۆ کەوتە نێو ئەو لێکۆڵینەوانەوە ئەوا لەبەرئەوە بوو کەوا تەڤگەرێکی بۆ گەلی کورد پێویست بینی و ئەو ئەرکەی خستە ئەستۆی خۆیەوە. بێگومان ئەرکێکی وەها لە گۆڕێدا هەبوو ئەرکێکی مێژوویی هەبوو، ئەو ئەرکە مەرجی خستەپێش سەرۆك ئاپۆ، ئەویش خاوەنداری لەم ئەرکە کرد. ئەوەی سەرۆك ئاپۆ کردوویەتی ئەمە بوو، ئەگەر هەلومەرجەکە دروست نەبایە کە بۆ گەلی کورد تەڤگەرێکی ئازادیخوازی دەسەپاند و دەبێت هەندێك کەس ئەو ئەرکە پێکبهێنن، ئەگەر ئەمانە هەموو نەهاتبایە پێشەوە، ئەوا هەڵبەتە سەرۆك ئاپۆ هەر لەخۆیەوە ئەمەی نەخستە ئەستۆی خۆی. ئەگەر ئەو هەلومەرجە نەبایە ئەگەر بشیخواستبایە ئەوا نەیدەتوانی تەڤگەرێکی وەها پێشبخات. واتا هەم هەلومەرجی بابەتی (ئۆبژێکتیف) و هەمیش خودی (سۆبژێکتیف) لەدایکبوونی ئەم تەڤگەرەی دەرخستەپێش. بێگومان لێرەدا رۆڵی سەرۆك ئاپۆش گرنگە. چەندە مەرجی ئۆبژێکتیڤیش پێشبکەوێت، ئەگەر تۆ لەرووی سۆبژەکتیڤەوە موداخەلەیەك نەکەیت، موداخەلەیەکی راست لەئاستی بیر، رێکخستن و چالاکی ئەنجام نەدەیت، ئەوا ناتوانیت تەڤگەرێك پێشبخەیت. رەوشی ئۆبژێکتیف هەندێك هاتبووە ئاراوە، هەمیش لەزۆر رووەوە بەدیهاتبوو، تەڤگەرێکی وەهای دەخواست، تەنانەت لە کوردستاندا زۆر درەنگ کەوتبوو. ئیدی سەرۆك ئاپۆ ئەو ئەرکەی کە درەنگ مابوو

گرتییە ئەستۆی خۆی. لەبەر ئەوەی ئەرکێك بوو زۆر درەنگیش مابوو و سەرۆك ئاپۆ خستیە پێشخۆی، ئەوا هەموو کەسێك سەرۆك ئاپۆشی پەسند کرد و لەدەوری سەرۆك ئاپۆدا گەیشتنە یەك و کۆبوونەوە.

لەولاتێکدا یان لە گەلێکدا، زولم و سووکایەتی و نکۆلیکردن بەهێز بێت و لە کەسی ئەو گەلەدا مرۆڤایەتی بکەوێتە ژێرپێوە، مرۆڤ دەزانێت کە کێشەیەکی مەزن لەو ولات و گەلەدا هەیە، کێشەیەکی مرۆڤایەتی هەیە، کێشەی ناسنامە هەیە، کێشەی ئازادی هەیە. ئیدی کێ خاوەنداری لەم کێشەیە بکات، ئەوا هەموو کەسێك ئەو بەبنەما وەردەگرێت. ئیدی لەبەر ئەوەی سەرۆك ئاپۆ بینی مرۆڤایەتی لە کوردستاندا کەوتۆتە ژێر پێوە، سووکایەتییەکی مەزن لەئارادایە، لەناوبردنی مەزن هەیە، ئیدی گەلی کورد لەپلەی مردن دایە... ئەمەی بینی، بۆ ئەوەی ئەم گەلە نەمرێت، مرۆڤایەتی نەمرێت، لەرووی فیکری و پراکتیکییەوە چی پێویستە ئەوەی پێشخست و خاوەنداری لێکرد. لەبەر ئەوەی داڕووخان مەزن بوو، بۆیە رابوونیش مەزن بوو، ئیدی رابوونێکی مەزنیش هاتەدی.

لێرەدا بێشانسی سەرۆك ئاپۆ و (PKK) لەکوێ دایە؟ لەجیهاندا ئەو ناکۆکییەی سۆڤییەت و ئەمریکا گەیشتبووە پلەی هەرە بڵندی خۆی، پلەی کۆتایی خۆی، ئیدی لە جیهاندا تەڤگەری بەمشێوەیە نەمابوو، ئەو کێشەیە (کێشەی گەلانی بندەست) چارەسەر ببوو، تەنیا کێشەی کورد مابوو، هەر کەسێك سوودی خۆی لە ناکۆکی نێوان سۆڤییەت و ئەمریکا وەرگرتبوو، زۆر ناکۆکی خۆیان چارەسەر کردبوو، مخابن گەلی کورد زۆر درەنگ مابوو، ئەو ئەرکەی پێویستبوو پێکهاتبایە پێکنەهاتبوو. ئیدی سەرۆك ئاپۆ و (PKK) لەسەر پێکهێنانی ئەم ئەرکە راوەستان و خاوەندارێتیان لێکرد. بۆیە مرۆڤ دەتوانێت بڵێت: زۆر بەدرەنگی خاوەندارێتی لەم ئەرکە کرا، ئەو ئەرکەی دەبایە پێکهاتبایە پێکنەهاتبوو. ناچار سەرۆك ئاپۆ و (PKK) خستیانە ئەستۆی خۆیانەوە، هەمیش لەکۆتایی شەڕی سارددا، لەکۆتایی تەڤگەری گەلانی ژێردەستدا تەڤگەرێکیان لە کوردستاندا پێشخست. بێشانسییەکە خۆی لێرەدایە.

ئیدی ئەو قۆناخە لە جیهاندا تەواو ببوو، کۆتایی پێهاتبوو، کەچی لە کوردستاندا ئەم قۆناخە تازە دەستپێکردبوو. بێگومان ئەمەش زەحمەتی و دژواری زۆری بۆ سەرۆك

ئاپۆ و (PKK) و گەلی کوردیش دروستکرد. بێشانسی گەلی کورد، سەرۆك ئاپۆ و (PKK) لێرەدایە. ئەگەر لەمە زووتر هەندێك کەس خاوەنداریيان لەم ئەرکە بکردبایە، ئەوەندە زۆر و زەحمەتی نەدەهاتە ئاراوە. لەوانەبوو کێشەی گەلی کورد ئاسانتر چارەسەر ببایە، ئەگەر کێشەی گەلی کورد هەروا بەئاسانی چارەسەر نابێت، چونکە کێشەیەکی جیهانییە و پەیوەستە بە رەوشی جیهانەوە. رەوشی جیهانیش لەو کاتەدا بۆ ئەوەی هەر کەسێك کێشەی خۆی چارەسەر بکات توانستی زۆری دەردەخستەڕوو، چونکە جیهان ببووە دوو بەش؛ بەشێك بۆ ئەوەی خۆی بەهێز بکات دۆستی خۆی دروست دەکرد و هاوکاری دەکرد، ئێمە لەکۆتایی ئەو قۆناخەدا رابووین. بۆیە ئێمە زێدە سوودمان لێی نەبینی. ئیدی جیهان ببووە یەك بەش، لە قۆناخێکی وەهادا ئێمە خواستمان تەفگەری گەلی کورد و کێشەی گەلی کورد چارەسەر بکەین، ئەو قۆناخەش تەواو ببوو. بۆیە ئەو تەفگەرەی پێشمانخست لە دەرەوەی قۆناخ پێشکەوت. درەنگ پێشکەوت. بۆیە لەگەڵ قۆناخدا ببووە ناکۆکییەك. ئەمەش زۆری و زەحمەتی لەگەڵ خۆیدا هێنا.

لەساڵی (١٩٣٨)وە تا دەرکەوتنی تەفگەری (PKK) هیچ تەفگەرێکی کوردان و هیچ سەرهەڵدانێك لەباکوور لەئارادا نەبوو. لەو ماوەیەدا تورکیا خۆیشی لەنێو ئەو دوو جەمسەرییەی سۆڤییەت و ئەمریکادا لایەنگیری کاپیتالیزم بوو، هەر لەو ماوەیەدا زۆر تەفگەری چەپگەریش لە بەرامبەر ئەو رژێمە سەرهەڵدەدەن، لەنێو خودی رژێمیشدا ناوە ناوە کودەتا بەرپا دەبوون... واتا تورکیا لەنێو رەوشێکی نائارام دابوو. هەرچەندە تورکیا وەکو رژێم و دەوڵەت خۆی بەلای جەمسەرێکدا شکاندبۆوە، بەڵام وەکو دیاربوو لەنێو گرژی و ئاڵۆزییەکدا دەژیا. هۆکاری ئەو گرژی و ئاڵۆزییە چیبوو؟

ئەو دۆخە چۆن و تاچەند رەنگدانەوەی لەسەر سەرهەڵدانی تەڤگەری (PKK) کرد؟

بێگومان لەشەڕی نێوان ئەمریکا و سۆڤییەتدا، تورکیا لەگەڵ ئەمریکادا بوو. ئەوەی لەدژی رژێم دەربکەوتبایە، بەواتای لەدژی ئەمریکا دەرکەوتووە و ئۆبژێکتیڤیش لەگەڵ سۆڤییەتدا پەیوەندی خۆی دەبەست و سۆڤییەتی بەبنەما وەردەگرت. تەنانەت لەدەرکەوتنیدا کاریگەری سۆڤییەتی لەسەر دەبوو. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە هەمیشە لە تورکیا کاتێك جولانەوە و تەڤگەر سەریانهەڵداوە لەنێو رژێمیشدا لەبەرامبەر ئەو جولانەوە و تەڤگەرانە کودەتا بەرپادەبوون، ئەو کودەتایانەش بەردەوام ئەو تەڤگەرانەی سەرکوت دەکرد یان دەیخواست سەرکوتیان بکات و زەبری لێدەوەشاندن، بۆ ئەوەی رژێم بتوانێت خۆی بپارێزێت و بەرژەوەندییەکانی سیستەمی سەرمایەداری بپارێزێت. چونکە ئەرکی رژێمی تورکیا تەنیا خۆپاراستن نەبوو، دەبایە لەدژی سۆڤییەت کاپیتالیزمیش بپارێزێت. بۆیە هەر تەڤگەرێك لەدژی سیستەمی کاپیتالیزم دەربکەوتبایە پێویستبوو رژێم پاکتاوی بکردایە، تاکو بتوانێت ناوخۆی خاوێن بکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت لەدژی سۆڤییەت رابوەستێت، ئەو کودەتایانە هەموویان بۆ ئەم مەبەستە بەرپادەبوون. هەرکاتێك کودەتاکانیش بەرپادەبوون ئامانجیان ئەوەبوو تەڤگەرە شۆڕشگێڕییەکان و چەپگەرەکان لاواز و بێکاریگەر و پاکتاویان بکات.

کەواتە کودەتاکان هەموویان هێزە دەرەکییەکانیان لەپشت بووە؟

بێگومان لەپشت هەموو کودەتاکانەوە پشتیوانی ئەمریکا هەیە و پشتیوانییەکی بەهێزیشە، چونکە تورکیا ئەندامێکی ناتۆ(NATO)یە. ئەرکی ناتۆش دژایەتیکردنی سۆڤییەت بوو، لەناوبردنی سۆڤییەت بوو، پاراستنی سیستەمی کاپیتالیزم و بەرژەوەندییەکانی بوو. لەبنەڕەتدا ناتۆ بۆ ئەم مەبەستە دروست ببوو. تورکیاش

هێزێکی ناتۆ بوو، تورکیا دژایەتی سۆڤییەتی دەکرد و پارێزوانیی لە سیستەمی کاپیتالیزم دەکرد. خودی رژێمی تورکیاش لەنێو ئەو سیستەمەدا بوو، بۆ ئەوەی هەم رژێم و هەم سیستەمی کاپیتالیزم بپارێزێت لەدژی سۆڤییەت رادەوەستا، بۆ ئەوەی لەدژی سۆڤییەت رابوەستێت دەبێت نێوخۆی خاوێن بکاتەوە و خۆی تۆکمە بکات. بۆیە هەر تەڤگەرێکی ئازادیخواز و دیموکراتخواز دەربکەوتبایە هەمووی بەلایەنگری سۆڤییەت حیساب دەکرد و هێرشی دەکردە سەریان و زەبری لێدەوەشاندن. بێگومان ئەمەش کاریگەری لەسەر ئەو تەڤگەرانە دەکرد، ئەو تەڤگەرانەی لەدژی رژێمی تورکیا و سیستەمی سەرمایەداریش سەریانهەڵدەدا زیاتر لەژێر کاریگەری سۆڤییەتدا بوون، نەیاندەتوانی ببنە خاوەن کەسێتی و کارەکتەرێکی ئازاد، چ لەبیرکردنەوە، چ لەرووی رێکخستن و چالاکیدا، هەر کاتێك کودەتا بەرپادەبوو و شاڵاوەکانی کودەتا لەدژی ئەو تەڤگەرانە پێشدەکەوت، ئەو تەڤگەرانەش لاوازدەبوون و بەمەش زیاتر دەکەوتنە ژێر کاریگەری سۆڤییەتەوە. بۆیە نەیاندەتوانی لەدژی رژێم و کاپیتالیزم بەهێز رابوەستن.

رژێمی تورکیا لەسەر نکۆڵی و قڕکردنی کورد و لەسەر دووژمنایەتی رەنج و کۆمەڵگای ژێرەوە و سۆسیالیزم ئاوابووە، رژێمێکی بەمشێوەیە، بۆیە بەتەواوی لەدژی سۆسیالیزم و سۆڤییەت و تەڤگەری گەلانی ژێردەست و ئازادی و دیموکراسی رادەوەستا.

هەم لەناو تورکیا و هەمیش لە دەرەوەی تورکیا رژێمێکی زۆر زوڵمکاربوو و بەهەموو شێوەیەك زەبروزەنگی بەکاردەهێنا، هەر تەڤگەرێکیش لەدژی ئەو رژێمە سەریهەڵدابایە، ئەوا لەدژی سەرمایەداری دەردەکەوت و بۆ ئازادی و سۆسیالیزم تێدەکۆشان، لەبەر ئەوەی سۆسیالیزمی بنیادنراو هەبوو ئەو سۆسیالیزمەیان بەبنەما وەردەگرت و لەژێر کاریگەری ئەمەدا بوون، چەندە لەدژی رژێم و سیستەمی سەرمایەداری شەڕیان دەکرد، بەڵام نەیاندەتوانی ببنە هێز. رژێمیش تادەهات زەبری لێدەوەشاندن. بۆچی زەبریان بەردەکەوت؟ چونکە بەراستی لەسەر بنەمایەکی راست دروست نەدەبوون و پێشنەدەکەوتن، هەرچەندە لەدژی رژێمیش تێدەکۆشان، بەڵام لەبنەڕەتدا بە کەسێتی و زیهنییەت و چەمك و ئایدیۆلۆژیای رژێمەوە لەدژی رژێم بوون، بۆیە نەیاندەتوانی ببنە هێز، بەمەش رژێم بەئاسانی دەیتوانی زەبریان لێبوەشێنێت، چەندە زەبریشیان

بەردەكەوت لاوازتر دەبوون و زیاتریش لەم چەمكەدا قووڵدەبوونەوە. بۆیە تەڤگەرە چەپڕەو و دیموكراتخوازەكان زێدە نەیاندەتوانی ببنە ئەلتەرناتیف.

كاریگەری ئەو تەڤگەرانە لەسەر كوردستانیش هەبوو. چونكە ئەو سۆسیالیزمەی لە توركیا دەناسرا سۆسیالیزمی سۆڤییەتی بوو، هەموو ئەو تەڤگەرانەی سەریانهەڵداوە سەرەتا لەژێر كاریگەری سۆڤییەت دابوون، پاشان هەندێكیان كەوتنە ژێر كاریگەری "چین"، هەندێكیشیان كەوتنە ژێر كاریگەری "ئەلبانیا".

سۆسیال دیموكرات و كۆمۆنیزمی ئەوروپا زێدە لە توركیا بەكاریگەر نەبوون، بۆیە لەنێو كورداندا ئەوانەی لە سۆسیالیزم تێدەگەیشتن لەڕێی سۆسیالیزمی توركیاوە لە سۆسیالیزم تێدەگەیشتن، لەڕێی چەپی توركیاوە لە سۆسیالیزم تێدەگەیشتن. چەپەكانی توركیا لە سۆڤییەت و چین لە سۆسیالیزم تێدەگەیشتن، چەپە كوردەكانیش لە چەپەكانی توركەوە لە سۆسیالیزم تێدەگەیشتن. بۆیە تەڤگەرێكی سۆسیالیستی بەهێز لە كوردستاندا سەریانهەڵنەدەدا. تەنانەت تەڤگەرێكی نەتەوەیی بەهێزیش سەریهەڵنەدەدا. چونكە وڵاتپارێزیش زۆر لاواز ببوو. واتا نە تەڤگەرێكی نەتەوەیی بەهێز و نە تەڤگەرێكی سۆسیالیستی بەهێز سەریهەڵدەدا.

ئیدی تەڤگەرێكی هەم سۆسیالیست و هەم وڵاتپارێز بە سەرۆك ئاپۆ و (PKK) سەریهەڵدا. بۆچی سەریهەڵدا؟ چونكە سەرۆك ئاپۆ ئەو وڵاتپارێزییەی كە هەبوو، هەمیش ئەو سۆسیالیزمەی كە هەبوو بەبنەمای وەرنەگرت، هەم لەدژی ئەو سۆسیالیزمەی كە هەبوو ڕاوەستا و خواستی بنچینە و بناخەی سۆسیالیزم تێبگات، هەمیش لەدژی ئەو وڵاتپارێزییەی هەبوو ڕاوەستا. چونكە بینی وڵاتپارێزییەكی لاوازە و لەدواوە ماوە. ئەمەش كێشەی كورد چارەسەر ناكات. چونكە (پ د ك) زۆر لەدواوە بوو و نەیدەتوانی كاریگەری ئەوتۆی هەبێت و گۆڕانكاری بێنێتەدی، زۆر بێ توانست بوو و باوەڕیشی بەخۆیشی نەبوو، زۆر شكلی بوو، زێدە وڵاتپارێزیشی تێدا نەبوو. بۆیە سەرۆك بینی ئەو وڵاتپارێزی و سۆسیالیزمەی لەئارادان ناتوانن كێشەی كورد چارەسەر بكەن. بۆیە هەردووكیانی بەبنەما وەرنەگرت. ئەوەی بەبنچینە وەرگرت كە چۆن بتوانێت هەم خۆیشی و هەم گەل لەژێر كاریگەری ئەو دوو چەمكە ڕزگار بكات. بۆیە

بە سەرۆك ئاپۆ و (PKK)وە لە کوردستاندا یەکەمین تەڤگەری وڵاتپارێز و سۆسیالیست سەریهەڵدا و پێشکەوت.

ئەو کاتە سۆڤییەت لەکوێی جیهاندا رکابەرێکی ئەمریکا و ئیمپریالیزم هەبووایە هاوکاری دەکرد، بۆ نموونە؛ کوبا بە گوێرەی سۆڤییەت شوێنی هەرە دوورە، کەچی هاوکاری تەڤگەری ئازادیخوازی ئەو وڵاتەی دەکرد لەدژی ئەمریکا. بەڵام بەتەنیشت ئەوەوە میللەتێکی ژێردەست هەیە و هیچ هاوکاری و پشتگیرییەکی نەکرد، بۆنموونە؛ هیچ پشتگیری کوردانی لەباکووری کوردستان نەکرد، یاخود بەگشتی هاوکاری هیچ سەرهەڵدان و تەڤگەرێکی کوردی لەبەشەکانی تریشدا نەکرد، بۆچی وەهایە؟ ئەمە سەرنجراکێشە، ئەمە بەهۆی تایبەتمەندێتی کوردستان و گەلی کوردەوەیە یان هۆکاری تر هەیە؟

لێرەدا هەرچەندە سۆڤییەت بەناوی سۆسیالیزمیشەوە سەریهەڵدابێت، لەبنەڕەتدا لە ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و تەرزیاندا مەسیحیبوون و خۆرئاوایبوونیان بەبنەما وەرگرتبوو. ئیدی بەو شێوەیە سۆسیالیزمیان وەرگرتبوو، ئەگەرنا لەبنچینەدا خۆی سۆڤییەت لە کاپیتالیزم دانەبڕاندبوو، خۆی لە دەسەڵاتدارێتی و کۆیلایەتی نەپچڕاندبوو. ئەمە هۆیەك بوو بۆ ئەوەی کە کێشەی کوردان نەبینێت. لەبەر ئەوەی سۆڤییەت وەکو لقێکی کاپیتالیزم چێببوو، خودی کاپیتالیزم کوردستانی ژێردەستە و پارچەکردبوو، ستاتۆیەکی دروستکردبوو کە کوردی تێدا نەبێت، کوردی قڕ دەکرد و نکۆڵی لێدەکرد، ئەو ستاتۆیە کاپیتالیزم دروستیکردبوو. ئیدی سۆڤییەت هەرچەندە بەقسە دژی کاپیتالیزم رادەوەستا، لەبنچینەدا لە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیادا، لەهەموو

روویێکەوە خۆی لە کاپیتالیزم دانەبڕانبوو. بۆیە ببووە لقێکی کاپیتالیزم، لەبەر ئەوەی لقێکی ئەو بوو، هیچ کاتێك سۆڤییەت خۆی نزیکی کێشەی کورد نەدەکردەوە. ئەگەر لێی نزیك نەبۆتەوە لەبەر ئەم هۆیە نەیکردووە. چونکە کاپیتالیزم لە سیستەمی خۆیدا کوردی پەسند نەدەکرد و نکۆڵی و قڕکردنی کوردانی بەبناخە وەرگرتبوو، سیستەمی خۆرهەڵاتیش هەر لەسەر ئەمە بنیاد نرابوو، بۆیە نکۆڵی و قڕکردنی کوردان بەبناخە وەردەگیرا. بۆیە سۆڤییەتیش ئەمەی بەبناخە وەردەگرت. ئەگەر سۆڤییەت بەڕاستی خۆی لە سیستەمی کاپیتالیزم دەربخستبایە، لە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیا و ژیان و ڕێکخستن و کەسایەتی کاپیتالیزم دەربخستبایە، دەبایە کوردی بەبنچینە وەربگرتبایە، رابوونی کوردانی بەبنچینە وەربگرتبایە.

مرۆڤ دەبینێت؛ لەم ڕووەوە هیچ هەنگاوێکی نەهاوێشتووە. وەك چۆن کاپیتالیزم بە تاکتیك لە کێشەی کورد نزیکبۆتەوە، ئەوا سۆڤییەتیش جار بەجار بە تاکتیك نزیکی کێشەی کوردان بۆتەوە. بۆ نموونە؛ بەهاوکاری سۆڤییەت کۆماری مەهابادی ئاوابوو، کەچی هێشتا ساڵێك نەبوو ئاوا ببوو دەستبەرداری بوو. هەروەها ئەمریکاش دەستی هاوێشتە تەڤگەری بارزانی و پاشان دەستبەرداری بوو. واتا هەم ئەمریکا و هەم سۆڤییەتیش بە تاکتیك نزیکبوونەتەوە. ئەو سیستەمەی لە خۆرهەڵاتی ناوین دامەزراوە لەسەر بنەمای پارچەبوون و لەناوبردنی کوردان دامەزراوە. سۆڤییەت و ئەمریکاش ئەمەیان بەبنچینە وەرگرتووە، کامە دەوڵەت لایەنگری سۆڤییەت دەبوو، ئەمریکا دژایەتی دەکرد، کامە دەوڵەتیش لایەنگری ئەمریکا بوو سۆڤییەت دژایەتی دەکرد و تەنگەتاوی دەکرد. ئالێرەدا مەسەلەی کورد وەکو تاکتیك بۆ ئەوان پێویستبوو و دەستیان بۆ درێژ دەکرد، ئیدی کە ئێراق لایەنگری سۆڤییەت بوو، ئەمریکا هاوکاری بارزانی دەکرد، بۆ ئەوەی سۆڤییەت لە ئێراقدا لاواز بکات. کاتێك کە ئێراق لەمیانەی پەیماننامەی جەزائیردا لە ئێران و ئەمریکا نزیکبووەوە ئەمریکا یەکسەر دەستبەرداری تەڤگەری بارزانی بوو. واتا سەبارەت بەمەسەلەی کورد نزیکبوونەوەی ئەمریکا چۆن بووە ئەوا نزیکبوونەوەی سۆڤییەتیش هەمان شت بووە. چونکە سیستەمی کاپیتالیزم ئەمەی بەبنچینە وەردەگرت. لەبەر ئەوەی سۆڤییەتیش خۆی لەنێو ئەو سیستەمە دەرنەخستبوو، بۆیە خۆی لەمەسەلەی کورد نزیك نەکردەوە. ئەگەر نزیك نەبۆتەوە

لەبەر ئەم خاڵە نزیك نەبۆتەوە. ئەو سیستەمەی جیهانیش تاراددیەك لەسەر ئەو سیستەمەی لە خۆرهەڵاتی ناویندا ئاوا ببوو، ئەویش خۆی ئاوا کردبوو، ئەگەر تۆ دەست بۆ کێشەی کورد درێژبکەیت و نزیکبوونەوەیەکی دیکە بۆ کێشەی کورد بکەیت ئەوا ئەوکاتە بەو واتایە دێت تۆ ئەو سیستەمە تێکدەدەیت و دەبێت تێکیبدەیت. ئەمە لەکاتێکدا سیستەم لەسەر ئەو بنەمایە دروست بووە، بۆیە سۆڤییەت بەمشێوەیە نزیکبۆتەوە، چونکە بەرژەوەندی خۆی لە پشتگیری کورداندا نەدەبینی، لەچیدا بینی؟ لەپاراستنی ئەو ستاتۆیەی بۆ کوردان دەستنیشانکرابوو، بۆیە خۆی نزیك بە کێشەی کورد نەکردەوە.

ئەو رەوشەی باستان کرد تەڤگەری ئاپۆچی تا چەند بەشێوەیەکی راست شیکردەوە و وەڵامی پێویستی بۆ ئەو رەوشە دایەوە؟

کاتێك کە تەڤگەری ئاپۆچی دەستی بەتێکۆشان کرد، ئەو رەوشەی کە لە جیهان و ناوچەکە و کوردستاندا هەبوو دەبینرا، بەگوێرەی ئەو رەوشەش شیکردنەوە و ستراتیژ و تاکتیکی خۆی پێشدەخست. (PKK) و تەڤگەری ئاپۆچی وەها لەدایك بوو. بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە هەر لەسەرەتاوە بەتەدبیر نزیکبۆتەوە، بۆیە خۆی نەخستە ژێر کاریگەری سۆڤییەتەوە. ئەوکاتە هەموو ئەو تەڤگەرانەی دەرکەوتن لەبەر ئەوەی سۆڤییەت نوێنەرایەتی ئازادی و دیموکراتی و سۆسیالیزمی دەکرد، بۆیە هەموویان سۆڤییەتیان بەبنەما وەردەگرت، (PKK)ش ئەوەی بەبنەما وەردەگرت. واتا سەرەتا (PKK)ش تەواو لەراستینەی سۆسیالیزم تێنەگەیشتبوو، بەڵام هەندێك لایەنی راستینەی سۆسیالیزمی دەبینی و لەم رووەوە رەخنەی خۆی هەبوو. بۆیە ئەو ناوەندانەی بۆخۆی بەبناخە وەرنەگرت و خواستی لەدەرەوەی ئەو ناوەندانە سۆسیالیزم بۆخۆی بەبناخە وەربگرێت. ئەمەش هەر لەسەرەتاوە بووە تەدبیر بۆ (PKK) و لەو تەڤگەرانەی کە هەشبوون جیاوازتر دەبینرا. بەڵام ئەگەر تۆ بڵێی بەتەواوی خۆی لەو

سۆسیالیزمەی کە هەبوو و لەو رەوشەی کە لەئارادا بوو رزگار کردبێت، ئەمە راست نییە.

(PKK) لەدەرکەوتنی خۆیدا؛ هەم لەلایەکەوە ئەو سۆسیالیزمەی هەبوو بەبنەما وەرگرت، هەمیش راستینەی خۆرهەڵاتی ناوینی بەبنەما وەرگرت. بۆیە (PKK) ئەو تەفگەرەیە کەوا لەخۆیدا هەم خۆرهەڵات و هەمیش خۆرئاوای بەبنەما وەرگرتووە. (PKK) بەتەواوی نە تەفگەرێکی خۆرهەڵاتییە، نە خۆرئاوایشە، بەڵکو سەنتێزێکی خۆرهەڵات و خۆرئاوایە. ئەمە راستینەی (PKK)یە. (PKK) نە بەتەواوی بووە تەفگەرێکی سۆسیالیزمی بنیادنراو، نە بەتەواویش تەفگەرێکی خۆرهەڵاتی ناوینی. بەڵکو لە هەردووکیشیاندا هەندێك تایبەتمەندی وەرگرتووە، سەنتێزی هەردووکیانی دروستکرد. (PKK) سەنتێزی هەردووکیانە، بۆیە (PKK) بووە تەفگەرێکی جودا.

مرۆڤ ئەگەر سەرنج لەو تەفگەرانە بدات کە لە خۆرهەڵاتی ناویندا دەرکەوتوون یان تەواو خۆرهەڵات بەبنەما وەردەگرن یان تەواو خۆرئاوا بەبنەما وەردەگرن. بەڵام (PKK) هەردووکیانی بەبنەما وەرنەگرت. بەڵکو لەهەردووکیانیشی وەرگرت و سەنتێزی هەردووکیانی دروستکرد، بۆیە جودابوو. ئەمە راستینەی (PKK)یە. ئەمەش پەیوەستە بە راستینەی سەرۆك ئاپۆوە، سەرۆك ئاپۆ ئەو ژینگەیەی دەوروبەری کە لێی لەدایکبووە و تێیدا ژیاوە خستیە ژێر پرسیارەوە، لەمەشدا ئەو شتەی رەتیکردەوە و ئەو شتەی بۆخۆی بەبنەما وەرگرتووە، لەسەر ئەو بنەمایەش ئەو هەنگاوانەی هاوێشتوویەتی بەمەوە پەیوەستە. ئەو ژینگەیەی سەرۆك تێیدا مەزن بووە بەتەنیا کورد لێی ناژی، بەڵکو کورد، تورك، ئەرمەنی، ئاشووری و عەرەب هەن، ژینگەیەکی بەمشێوەیە. هەروەها زۆر ئایین و ئایینزایش لەو ژینگەیەدا هەن، لە ئیسلامییەتەوە بگرە تا دەگاتە مەسیحییەت. هەروەها ئەو ژینگەیەی ئەوی لێ بوو داگیرکەری بەتەواوی تێیدا جێگیر نەبووە، کاپیتالیزم تێیدا ناژیت، فیوداڵیزم بەتەواوی تێیدا ناژیت، ئەمانە هەمووشیان هەن، بەڵام زۆر بەهای ژیانی نیولۆتیکیش تێیدا دەژیت. لەبەر ئەوەی لە ژینگەیەکی وەهادا مەزن بووە، هەروەها ئەو خێزانەی تێیدا لەدایکبووە خێزانێکی هەژارە، لەخێزانیشدا وەکو خێزانەکانی دیکە دەسەڵاتی پیاو (پیاوسالاری) تێدا نییە، زیاتر دەسەڵاتی ژن (دایکسالاری) تێیدا باڵادەستە، واتا خێزان وەکو

خێزانەکانی تر نییە، ژینگە وەکو ژینگەیەکی تر نییە، ئەو کولتوورەی لەوێ هەیە جودایە. زۆر گەل و ئایین و ئایینزا هەن، زۆر تایبەتمەندی گەلان و ئایین و ئایینزاکان هەیە. لەژینگەیەکی وەهادا لەدایکبووە و ژیاوە و مەزن بووە. کاریگەری ئەو ژینگە و خێزانانە لەسەر شێوەگرتنی سەرۆك ئاپۆ زۆرە.

ئەگەر لە سەرۆکدا کەسێتی ئازاد و ئیرادەیەکی ئازاد پێشکەوت، زیهنییەتێکی دیکە پێشکەوت ئەوا تاڕادەیەك پەیوەستە بەم راستییەوە. پاشان ئەمە دەبێتە راستینەی (PKK)ش. بۆیە لەتەڤگەری ئاپۆچیدا مرۆڤ کە دەبینێت هەر لەسەرەتای خۆیدا یەك تایبەتمەندی بەتەنیا نابینێت، هەم تایبەتمەندی خۆرهەڵاتی و هەمیش تایبەتمەندی خۆرئاوایی دەبینێت. ئەمە پەیوەستە بەو ژینگەیەوە. چونکە چەندین گەل لەو ژینگەیەدا هەن. سەرۆك ئاپۆ هەر بەتەنیا لەژێر کاریگەری کورددا نەبووە. بۆیە هەر بەتەنیا لەژێر کاریگەری سۆسیالیزمی بنیادنراویشدا نەماوە، یان لەژێر کاریگەری ناوچەی خۆرهەڵاتیشدا نەماوە. وەکو چۆن لەو ژینگەیەدا زۆر گەل و ئایین و ئایینزا هەن و تایبەتمەندییە باشەکانیان بەبنەما وەرگرتووە، لە جیهانیشدا زۆر هێز و کولتوور هەن، لەنێو ئەوانیشدا هەرچییەکی باش هەیە وەریگرتووە و بەسەنتێزی کردووە. ئەمە پەیوەستە بەو راستینەیەوە. بۆنموونە؛ ئەگەر سەرۆك ئاپۆ لەژینگە و خێزانێکی دیکەدا دەربکەوتبایە، ژینگەیەك کە بەتەواوی کوردی تێدابایە، یان لە خێزانێکدا کە دەسەڵاتی باوکسالاری تێدا باڵادەست بایە ئەوا لەوانەبوو شێوەگرتنی سەرۆك ئاپۆ جیاواز تر بووایە لەوەی ئێستای، سەرۆکێکی بەمجۆرە و تەڤگەرێکی بەمجۆرە دەرنەکەوتبایە. پێویستە مرۆڤ ئەو راستییەش ببینێت.

لەساڵانی حەفتاکاندا کاپیتالیزم هەم لەسەر خۆرهەڵاتی ناوین و تورکیا بەگشتی و هەمیش لەسەر باکووری کوردستان تا چەند کاریگەری خۆی کردبوو؟ هەروەها رژێمی داگیرکەری تورکیا چەندە کاریگەری خۆی لەسەر باکوور کردبوو؟

هەم کاپیتالیزم و هەمیش داگیرکەری لە کوردستاندا زۆر پێشکەوتبوو. بەڵام لەو ناوچەیەی سەرۆك تێیدا لەدایك بووە نە داگیرکەری و نە کاپیتالیزم زۆر پێشنەکەوتبوو. بۆیە لەو ناوچەیەدا زۆر گەل و نەتەوە جودا دەژیان و نەتوابوونەوە. ئەگەر داگیرکەری و کاپیتالیزم لەو ناوچەیەدا زۆر پێشبکەوتبایە ئەوا دەتوانەوە. کاتێك مرۆڤ سەرنج دەدات لەوێ زێدە توانەوە رووینەداوە، تواندنەوەی تێکەوتووە، بەڵام تەواو سەرنەکەوتووە، داگیرکەری و کاپیتالیزم تەواو خۆیان جێگیر نەکردووە، کاریگەری خۆیان هەیە، بەڵام کولتووری نیۆلۆتیکیش زۆر بەهێز تێیدا دەژیت، گوندێتی هەیە، نەك گرێدراوی ئاغا و بەگ، بەڵکو گوندێتییەکی کەمێك ئازاد هەیە. چونکە بەتوانستی خۆی دەژیت. بۆیە هەرچەندە کاپیتالیزم و داگیرکەری لە کوردستاندا زۆر بەهێز بووە و هەوڵەکانی تواندنەوە زۆر بەهێز بووە، زۆر گۆڕانکاری ئەنجامداوە، تورکبوونی پێشخستووە و کوردێتی زۆر لاواز کردووە. بەڵام لەو ناوچەیەی کە سەرۆك تێیدا لەدایك بووە نە کاپیتالیزم و نە داگیرکەری زێدە پێشنەکەوتووە، کاریگەریان هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەو کاریگەرییەش هێشتا کولتووری گوندێتی زۆر بەهێزە، بۆیە گەلان و ئایین و ئایینزاکان نەتواونەتەوە.

بۆنموونە؛ لەوێ لەناو خێزانیشدا دەسەڵاتدارێتی پیاو زێدە باڵادەست نەبووە، ئەگەر کاریگەری کاپیتالیزم و داگیرکەری لەوێ هەبایە ئەوا لەخێزانیشدا گۆڕانکاری بەدیدەهات. گۆڕانکاری بەسەر ئەو گەلانەشدا دەهات. لەبەر ئەوەی ئەوە رووینەداوە سەرۆك هەموو ئەو تایبەتمەندییانە وەردەگرێت. ئەمە بەگرنگی دەزانم بۆیە من باسی دەکەم.

بەگشتی ئەو کاتە ئەو مشتومڕەی لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی و مەسەلەی چینایەتی هەبوو چ رەنگدانەوەیەکی لەسەر تەڤگەرەکە هەبوو؟

بێگومان ئەوکاتە گفتوگۆ و مشتومڕی بەمشێوەیە هەبوو، زۆرتریش لەنێو تورکیادا هەبوو، لەنێو رۆشنبیران و خوێندەڤاناندا هەبوو، زیاتریش مەسەلەی چینایەتی بەبنەما وەردەگیرا، بەڵام سەرۆك ئاپۆ شانبەشانی گفتوگۆی مەسەلەی چینایەتی مەسەلەی نەتەوەییشی بەبنچینە وەردەگرت. واتا تەڤگەری (PKK) هیچ کاتێك وەکو تەڤگەرەکانی دیکە نەبووە بەتەڤگەرێکی چینایەتی، بۆیەش وەکو تەڤگەرەکانی دیکە بەرتەسك نەمایەوە، هەرچەندە ناوی خۆی کردە "پارتی کرێکارانی کوردستان"یش، ئەمەش کاریگەری سۆسیالیزمی بنیادنراو بوو. چونکە ئەو کاتە ئەو پارتیانەی بۆ ئازادی و سۆسیالیزم دامەزران هەموویان یان ناوی خۆیان دەکردە" پارتی کۆمۆنیست"یان"پارتی کرێکاران" لەبەر ئەوەی کاریگەری شۆڕشی ڤێتنامیش هەبوو و لەهەمانکاتدا سۆسیالیزمیشی بەبنەما وەردەگرت، ناوی خۆی کردبووە پارتی کرێکاران. (PKK)ش ئەو ناوەی لەخۆی نا. واتا پارتی کرێکاران گوزارشت لەچی دەکات؟ گوزارشت لەمەسەلەی چینایەتی دەکات. چونکە تۆ ئەگەر گووتت: پارتی کرێکاران، واتا دەبیتە تەڤگەر و رێکخستنی چینێك. بەڵام (PKK) هیچ کاتێك چینی کرێکاری بەتەنیا بەبنەما وەرنەگرتووە. (PKK) هەرچەندە ناوی خۆیشی ئەمە بێت لەسەر ئەو بنەمایەش دامەزرابێت، لەژێر کاریگەری ئەمەشدا دامەزرابێت، هەم لەرامان و بیرکردنەوەدا هەمیش لەپراکتیکی خۆیدا خۆی تەنیا بە کرێکارانەوە ستووردار نەکردووە، بەڵکو هەموو کۆمەڵگای بندەستی بەبنچینە وەرگرتووە، واتا کۆمەڵگای ژێرەوەی بەبنەما وەرگرت، هەموو چینە ژێردەستەکانی بەبنەما وەرگرت، ئەوەی لەژێر زوڵمدان لەرووی ئایینی، رەگەزی و نەتەوەیی، هەمووی بەبنەما وەرگرت. بۆیە نەبووە تەڤگەری تەنیا چینێك. تەنانەت نەبووە تەڤگەری تەنیا گەلێکیش، نەبووە تەڤگەری تەنیا ئایین و ئایینزایەکیش. هەر لەسەرەتاوە بووە تەڤگەرێکی هەموو نەتەوە، ئایین و رەگەزەکان و وەهاش پێشکەوت. ئەمە پەیوەستە بەو شێوەگرتنەی سەرۆك ئاپۆ و ئەو ناوچەیەی لێی بووە. لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیەی لێی بووە وەکو گووتم؛ تەنیا یەك نەتەوە یان یەك ئایین و ئایینزای لێ نییە، بەڵکو هەموو ئایین و نەتەوە و ئایینزا و ئەتنیکێکی تێدایە. ئەمەش کاریگەری لەسەر سەرۆك ئاپۆ کردووە. سەرۆك ئاپۆ هەر لەسەرەتای تەڤگەرەکەوە تەڤگەرێکی رێکخست کە ئازادی بەبنەما وەردەگرێت، کەواتە

بنچینەی هەموو ئایین و ئایینزا و نەتەوە و ئەتنیکێکی بەبنچینە وەرگرتووە. کاتێك ئێمە دەمانگووت کرێکار (کارگەر) تەنیا گوزارشتی لە چینی کرێکار نەدەکرد، ئێمە کە دەمانگووت کارگەر واتا مەبەستمان ئەوەی هەژار، ژێردەست، ئەوەی زوڵمی لەسەر بێت، ئێمە ئەوانەمان بەبنچینە وەرگرت. بۆیە (PKK) وەها بەرتەسك نەمایەوە و نەبووە تەڤگەرێکی مارژینالْ. بووە تەڤگەرێکی جەماوەری (گەلەری). لەو تەڤگەرەشدا هەموو چین و توێژێك جێی تێداگرت.

لەمێژووی کورداندا دەزانرێت کە چەندە تەڤگەر دەرکەوتوون لە ناوچەیەکدا، یان لە ئایینزایەکدا، یان لە ئایینێکدا، یان لە عەشیرەتێکدا قەتیس ماوە، بەڵام تەڤگەری ئاپۆچی هیچ کاتێك لە ناوچەیەك یان عەشیرەتێك و ئایینێك و ئایینزایەکدا، تەنانەت لە پارچەیەکیشدا قەتیس نەماوە. بەڵکو کەوتە نێو تەواوی کوردستان، لە کوردستاندا چەندە نەتەوە و ئایین و ئایینزا ...هتد هەن کەوتە نێو هەموویانەوە. هەموویان لەنێو (PKK)دا شوێنیان گرت، بۆیە کاریگەری (PKK) بەتەنیا لە باکوور نەمایەوە، بەڵکو کەوتە نێو هەموو پارچەکانی کوردستانیشەوە. تەنانەت کەوتە ناو هەموو خۆرهەڵاتی ناوینیشەوە. ئەمڕۆ لە جیهانیشدا کاریگەری خۆی هەیە، بێگومان ئەمە پەیوەستە بەراستینەی زیهنییەتی تەڤگەرەوە. پەیوەستە بە فەلسەفە و ژیان و شێواز و پراکتیکەکەیەوە.

واتا ئەوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی دەستەواژەی "کوردستان ژێردەستە" ئەو شیمانەیەش لەلای تەڤگەری ئاپۆچی سەریهەڵدا کە بەچینی سەردەستی کوردیش رزگاری نابێت، بەڵکو بە چینی ژێردەستە خۆی رزگاری دەبێت...

وایە، منیش مەبەستم ئەوەبوو. تەڤگەری ئاپۆچی وەکو ئەو پارتیانەی کە هەبوون لەمەسەلەکە نزیك نەبووەوە، واتا کۆمەڵگای ژێردەستی بۆخۆی بەبنەما وەرگرت، وەها نزیکبۆوە. بۆیە تەنها وەکو مەسەلەیەکی چینایەتی یان تەنیا نەتەوایەتی لێی نەڕوانی،

بەڵکو هەم مەسەلەی چینایەتی و هەمیش مەسەلەی نەتەوەیی کردە یەك. مەسەلەی ژێردەستی و سەردەستی کردە بنچینە؛ کێ ژێردەستە و کێ بندەستە؟ واتا چۆن بتوانێت کۆیلایەتی نەهێڵێت ئازادی بەدیبهێنێت؟ چونکە بۆ خۆی ئازادی بەبنچینە وەرگرت، ئەوانەی بە ئازادی ناژین، ئیدی بە چ شێوەیەك دەبێت با ببێت، لە کۆیلایەتی دەژین، هەموویانی بۆ خۆی بەبنچینە وەرگرت. بۆیە بووە تەڤگەرێکی گەل (گەلەری) چونکە کۆمەڵگای ژێرینی بەبنچینە وەرگرت. تەنیا چینێکی بەبنچینە وەرنەگرت، کەچی لە جیهاندا ئەوانەی ناوی کۆمۆنیست یان کارگەران (کرێکاران)یان هەڵگرتبوو بەتەواوی چینایەتیان بەبنەما وەردەگرت، لە چینایەتیشدا هەندێك چینیان بۆ خۆیان بەبنچینە وەرگرتبوو. واتا هیچ کاتێك کۆمەڵگای ژێرەوەیان بەبنچینە وەرنەگرتووە. هەربۆیە نەبوونە تەڤگەرێکی ئازادیخواز، نەبوونە تەڤگەرێکی دیموکراسی، بۆیە کێشەی ئازادی و دیموکراسی و یەکسانیان چارەسەر نەکرد. خۆیان لەژێر کاریگەری دەسەڵاتدارێتی و کۆیلایەتی رزگار نەکرد.

سەرنجراکێشە!! هەر لە سەرەتاوە لەدەرەوەی کورداندا لەنێو گەلانی دیکەشدا ملیتان و شۆڕشگێڕ تەڤلی (بەشداری) تەڤگەرەکە دەبن!؟

هەڵبەتە، هەر لەسەرەتاوە هێشتا سەرۆك ئاپۆ بەتەنیایە، کێ لەگەڵ سەرۆك ئاپۆ شوێن دەگرێت؟ "کەمال پیر" و "حەقی قەرار"ن، هەردووکیشیان کورد نیین، خەڵکی کوردستانیش نین، بەڵکو تورکن و لە تورکیادا دەژین، بێگومان ئەمە زۆر گرنگە.

شەهید حەقی قەرار



شەهید کەمال پیر

هەمیش هەردووکیان بێدوودڵی لەگەڵ سەرۆك ئاپۆدا شوێن دەگرن، هێشتا نە کورد و نە کەسێکی کوردستان لەگەڵ سەرۆك ئاپۆ شوێنگیر نەبووە، بەڵام ئەوان باوەڕی بە سەرۆك دەهێنن. بۆچی؟ ئەو دوو هەڤاڵە لەگەڵ سرۆکدا شوێنگیر دەبن، چونکە لە سەرۆکدا؛ ئازادی خۆیان و ئازادی هەموو گەلان و ئازادی مرۆڤایەتی دەبینن، بۆیە بێ دوودڵی لەگەڵ سەرۆکدا شوێن دەگرن.

بۆ نموونە؛ لەمێژوودا زۆر شۆڕشگێڕ هەن چوون لەنێو هەندێك تەڤگەری گەلانی تردا شوێنیان گرتووە و بۆ ئەو گەلانە شەڕیان کردووە. بەوانە دەڵێن" شۆڕشگێڕی ئەنتەرناسیۆنالیست" واتا ئەوانە نەك تەنها بۆ وڵات و گەلی خۆیان بەڵکو بۆ ئازادی هەموو گەل و وڵاتان شەڕیان کردووە. هەمیش نەك لەوڵاتی خۆیان، بەڵکو چوونەتە دەرەوەی وڵاتی خۆیان و لەنێو تەڤگەری ئەو وڵاتانە شوێنیان گرتووە و بۆ ئازادی و دیموکراسی شەڕیان کردووە. بەڵام ئەوەی "حەقی قەرار" و کەمال پیر بەمشێوەیە نییە، هێشتا تەڤگەرێك لە کوردستان دەرنەکەوتووە، تا لە تورکیاوە بێن شوێنی تێدا بگرن، تەنانەت تەڤگەرێك لەگۆڕەپاندا نییە، تەڤگەرێك دەردەکەوێت یان نا؟ ئەمەش دیار نییە، سەرۆك ئاپۆ تەنیایە، ئەوانە هەردووکیان لەگەڵ سەرۆکدا شوێن دەگرن، بۆ ئەوەی تەڤگەرێك ئاوابکەن. بۆیە دۆخی شۆڕشگێڕێتی "حەقی قەرار" و "کەمال پیر" لەدۆخی شۆڕشگێڕێتی ئەنتەرناسیۆنالیش جوداترە. پاشان لە زیندانیشدا کاتێك دادوەر لە "کەمال" پیر دەپرسێ:" تۆ بۆچی لەنێو چەپی تورك شوێنگیر نەبوویت، لەکاتێکدا ئەم هەموو تەڤگەر و گروپە چەپڕەوانە هەن، ئەو هەموو تەڤگەرە کوردیانە هەن تۆ شوێنت تێدا نەگرتووە، کەچی تۆ لەنێو (PKK)دا شوێنگیر بوویت، هۆکاری ئەمە چییە؟" "کەمال پیر"یش دەڵێت:"چونکە من لەو تەڤگەر و گروپانەدا ئازادی و دیموکراسی و سۆسیالیزم و سەرکەوتنم نەدیت، بۆیە من لەنێو ئەو تەڤگەرانەدا شوێنم نەگرت. من لەنێو (PKK) و لەگەڵ سەرۆك ئاپۆدا سۆسیالیزم و ئازادی و سەرکەوتن و دیموکراسیم بەدیکردووە، بۆیە من شوێنم تێیدا گرتووە" ئەمە راستینەی سەرۆك ئاپۆ و (PKK) بەدیار دەخات. هێشتا سەرۆك ئاپۆ بەتەنیایە، "کەمال پیر" و "حەقی قەرار" بێدوودڵی لەگەڵ سەرۆك ئاپۆدا شوێن دەگرن و دەخوازن پێکەوە لە کوردستاندا تەڤگەرێك پێشبخەن. ئەمە لەکاتێکدایە کە تەنانەت کورد و کوردستان خاوەنداری

لەخۆیان ناکەن، کەچی ئەم دوو هەڤاڵە خاوەندارێتی لە گەلی کورد و گەلی کوردستان دەکەن. ئەمەش زۆر جودایە. ئەگەر لە سەرۆك ئاپۆدا سۆسیالیزم و ئازادی و دیموکراسی و سەرکەوتن و برایەتی گەلانیان نەبینیایە، هەر لەسەرەتاوە هێشتا هیچ لەئارادا نییە بەمشێوەیە شوێنیان لەگەڵ سەرۆك ئاپۆدا نەدەگرت، ئەمەش بەو واتایەدێت کە سەرۆك ئاپۆ هەر لەسەرەتاوە کەسێتییەکی وەها تەنگ نییە، کەسێتیەکی وەها نییە تەنها کورد و کوردستان بەبنچینە وەربگرێت، بەڵکو کەسێتییەکە بەو رادەیەی کورد و کوردستان بەبنچینە وەردەگرێت هێندەش هەموو گەلان و مرۆڤایەتی بەبنچینە وەردەگرێت، "کەمال پیر" و "حەقی قەرار" ئەو راستییە دەبینن، بۆیە بێدوودڵی لەگەڵیدا شوێندەگرن.

سەرۆك دەڵێت:" من نیو سەعات قسەم لەگەڵیاندا کرد، بەڵام ئەوان بێدوودڵی لەگەڵ مندا شوێنیان گرت، تاوەکو شەهیدیش بوون ئەو پەیوەستبوون و هەڤاڵێتییە بەردەوام بوو" ئەوان لە کەسێتی سەرۆك ئاپۆدا چی دەبینن؟ بێگومان ئازادی هەموو گەلان و گەلی خۆیان و سەرکەوتنی خۆیان دەبینن. بۆیە شوێندەگرن. چونکە وەکو باسم کرد؛ کەسێتی سەرۆك ئاپۆ لەو ناوچەیەی تێیدا لە دایکبوو و دەژیا زۆر ئایین و نەتەوە هەبوون، لە ژینگەیەکی وەهادا مەزن بوو، هەموو گەلانی دەناسی و ئاشنای هەموو ئایینەکان بوو، لەواندا شتی باش و خراپ چیین، هەمووی بینی. ئەم ئاشنابوونەش کاریگەری لەسەر شێوەگرتنی کەسێتی سەرۆك ئاپۆ کرد، پاشان سەرۆك ئەمەی گەیاندە ئاستی زانابوون و هوشیاری و کەسێتی خۆی بەتەواوی لەسەر ئەوە ئاواکرد. لەکەسێتی خۆیدا گوزارشتی لەهەموو گەلان و ئایینەکان دەکرد، گوزارشتی لە ئازادی دەکرد. بۆیە هەردووکیان ئەمەیان بینی و بێدوودڵی لەگەڵیدا شوێنیان گرت.

تێکۆشانی ئازادی و رزگاری گەلان لەو کاتەدا تاچەند کاریگەری لەسەر کوردستان بەگشتی و ئاوابوونی ئەو تەڤگەرە بەتایبەتی هەبوو؟

ڕێپێوانێکی جەماوەری لەساڵانی حەفتاکاندا

بێگومان تەڤگەرە ئازادیخوازەکانی گەلان کاریگەری مەزنیان لەسەر کوردستان، هەمیش لەسەر دەرکەوتنی تەڤگەری ئاپۆچی هەبوو، بەتایبەتی تەڤگەری گەلانی ڤێتنام، فەلەستین، مۆزەمبیك، ئەریتریا و ئەنگۆلا...هتد هەمووی هەبوون. تەڤگەری هەرە بەناوبانگ و بەرچاویش تەڤگەری گەلی ڤێتنام بوو. ڤێتنام نەك تەنیا لەسەر کوردستان و تەڤگەری ئێمە کاریگەری هەبوو، بەڵکو لەسەر تەواوی جیهان کاریگەری هەبوو، هەموو گەلانی ژێردەست تەڤگەرە چەپڕەو و ئازادیخوازەکان لەژێر کاریگەری تەڤگەری ڤێتنامدا بوون، لاوان لەژێر کاریگەری ڤێتنامدا بوون، بۆ ئەوەی ڤێتنام بەسەر بکەوێت زۆر بزووتنەوەی پرۆتستۆیی لەدژی ئەمریکا پێشدەکەوتن، تا دەهات ئەو بزووتنەوانەش بەهێز و فراوانتر دەبوون. زێدەتریش بزاڤی لاوان لەبرەو دابوون. بۆ نموونە: بزاڤی لاوان زۆر بەهێز بوو و لەساڵی (١٩٦٨)دا لە جیهاندا سەریهەڵدا، لەبنچینەدا ئەمە تارادەیەك لەژێر کاریگەری شەڕی ڤێتنامدا بوو. ئەمانە هەمووی کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر کەسێتی سەرۆك ئاپۆدا دروستکرد، هەڵبەتە سەرۆك ئاپۆ خۆیشی دەڵێت:" لەلایەکەوە تەڤگەری ڤێتنام، لەلایەکی تریشەوە بزاڤی شۆڕشگێڕی

لاوان لە توركیا كاریگەری زۆر مەزنیان لەسەر من كرد، من بینیم كەوا گەلی ڤێتنام وەكو ئێمە گەلێكی ژێردەستە و بۆتە دووبەش، هەمیش لەدژی ئەمریكا كە هێزێكی مەزنە سەریهەڵداوە و شەڕدەكات. گەلانی ژێردەست و ئازادیخوازانی جیهانیش هەموو لەگەڵ ڤێتنامدا جێدەگرن. بۆچی ئێمە شەڕ نەكەین؟ ئێمەش وەكو گەلی ڤێتنام پارچە پارچە بووین، پێویستە ئێمەش بۆ ئازادی خۆمان شەڕ بكەین". لەم رووەوە ئەمڕۆ ئەو ئەنجامە هەڵدەهێنجرێت، هەروەها لە توركیاشدا بزافی چەپڕەوی لاوان هەبوو، بزافێكی رادیكاڵ و بەهێز بوو، ئەویش بۆ ئازادی شەڕیان دەكرد، گفتوگۆ لەم بارەیەوە گەرم بوو، چالاكی پرۆتستۆیی، رێپێوان ئەنجام دەدران، سەرۆك ئەمانە هەمووی دەبینێت و گوێبیستی دەبێت، ئەمەش كاریگەری خۆی دروست دەكات. لەسەر ئەو بنەمایەش چۆن دەست بهاوێژێتە كێشەی كورد و چۆن ئەو كێشەیە بخاتەڕوو و بیكاتە رۆژەڤەوە؟ لەم رووەوە دەكەوێتە نێو لێكۆڵینەوە و لێگەڕینەوە. لەمەدا باشتر لەراستی تێدەگات. سەرەتا بە تەنیایە، لەرووی تیۆرییەوە خەریكی لێكۆڵینەوە دەبێت و تێیدا قووڵ دەبێتەوە، چەندە خۆی لەم لێكۆڵینەوەیەدا قووڵتر دەكاتەوە، باشتر لەكێشەی كورد تێدەگات. چونكە لە مێژووی مرۆڤایەتی تێدەگات. لەو مێژوودا لە توركیا تێدەگات و لەوێشدا مێژووی كوردان و ئەو ستاتۆ و ژیانەی كورد كە تێیدا دەژیت دەبینێت و تێیدەگات، كە ناكرێت مرۆڤ ئەو ستاتۆ و ژیانە پەسند بكات. لە جیهانیشدا هەموو لەدژی ئەو ستاتۆیە لەشەڕ و تێكۆشان دایە، بۆیە دەڵێت:" پێویستە ئێمەش ئەو شەڕ و تێكۆشانە بكەین". لەسەر ئەو بنەمایە دەست بەكار و خەبات دەكات، ئەو تەڤگەرەش لەسەر ئەو بنەمایە دروست دەبێت.

ئەوكاتە رەوشی بزافی چەپگەر هەم لە باكووری كوردستان و هەمیش لە توركیا بە چ شێوەیەك بوو؟ هەڵوێستی ئەوان لەبەرامبەر دۆزی كورد و كێشەی كورد چۆن بوو؟

کاتێك هێشتا تەڤگەری ئاپۆچی تازە دەرکەوتبوو؛ هەندێك تەڤگەری دیکەی کوردی هەبوون، هەندێك تەڤگەری چەپی تورکیش هەبوون. چەپی تورك هەم لەژێر کاریگەری سۆسیالیزمی بنیادنراودا بوون، هەمیش لەهەموو روویێکەوە خۆیان لەژێر کاریگەری کەمالیزم رزگار نەکردبوو. هەرچەندە چەپیش بوون، لەوانەیە بەراستی نیازی ئەوانیش باش بووبێت، لەم پێناوەشدا، زۆر خەبات و تێکۆشان و فیداکاریشیان کردووە، دەستگیریش دەکران و دەشکوژران، بەڵام لەبەرامبەر کێشەی کوردان خاوەن هەڵوێستێکی وەها جددی نەبوون. بەگشتی نزیکبوونەوەی تەڤگەری چەپی تورك وەك نزیکبوونەوەی سۆسیالیزمی بنیادنراو و کاپیتالیزم و داگیرکەران بوو، هەمان هەڵوێستیان هەبوو، تاك تاك هەندێك کەس هەبوون باسی کێشەی کوردیان دەکرد و دەیانخواست باشتر لەو کێشەیە تێبگەن، نموونەی ئەوانەش "ماهیر چایان، ئیبراهیم کایپاك کایا، دەنیز گەزمیش، دکتۆر حیکمەت کڤلجملی" هەریەك لەوانە سەرۆکی بزاڤێك بوون. بەڵام ئەوان لەهەموو روویێکەوە لەکێشەی کورد تێنەگەیشتبوون و دەیانخواست لێی تێبگەن، هێدی هێدی باسیشیان لێوەدەکرد. بەڵام زۆر بەکەمی باسیان لێوە دەکرد. بەگشتی کەس باسی لێوە نەدەکرد، تەنانەت دەیانگووت:" کێشەی کوردی چی؟ ئێمە هەموو شۆڕشگێڕ و سۆسیالیستین، ئەگەر ئێمە دەسەڵاتمان خستە دەستی خۆمانەوە، کاتێك کە سۆسیالیزممان سەرخست، هەموو کێشەکان چارەسەر دەبن، ئەوکاتە کێشەی کوردیش چارەسەر دەبێت" نزیکبوونەوەیان لەسەر ئەو بنەمایە بوو. تەنانەت هەندێکیان دەیانگووت:" کێشەی کورد و کوردستانی چی؟! کوردستان وەکو گۆڕستانە، مرۆڤی مردوو چۆن زیندوو دەبێتەوە؟ کێشەی کوردیش نەماوە و مردووە". تەواوی بزاڤە چەپگەرەکانی تورك وەها نزیکی کێشەی کورد دەبوونەوە. بەڵام لە ناویشیاندا وەکو گووتم؛ هەندێك کەس هەبوون لەسەر کێشەی کورد راوەستەیان دەکرد و دەیانخواست لێی تێبگەن. بەڵام تەمەنی ئەوانیش بەشی ئەوەی نەکرد. چونکە دەوڵەت شاڵاوی بردە سەر ئەو بزاڤانە، بەتایبەتی هێرشی کردە سەر سەرۆکی ئەو بزاڤانە، لێرەوە زەبری لەوان دا. بۆیە ئەمەش نەیهێشت ئەوانەی لەسەر کێشەی کورد رادەوەستان بتوانن زیاتر خۆیان قووڵ بکەنەوە.

بۆ نموونە؛ سەرۆك ئاپۆ دەچووە نێو هەندێك گفتوگۆی ئەوانیشەوە و گوێی لێیان دەگرت، بە ئاخاوتنی ئەوانیش کاریگەر دەبوو. سەرۆك دەڵێت:" من گوێبیستی ئاخاوتنەکانی دکتۆر حیکمەت و ماهیر چایان بووم، کاریگەرییان لەسەر من کرد" هەروەها لەسێدارەدانی دەنیز گەزمیش و هاوڕێکانی کاتێك بەر لەوەی لەسێدارە بدرێن هاواردەکەن "بژی برایەتی گەلی کورد و تورك" کاریگەری لەسەر سەرۆك دروست دەکات. تەنانەت ماهیر چایان لە گفتوگۆیەکدا دەبێژێت:" پێویستە گەلی کورد خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، کەس ناتوانێت ئەمە دیاری بکات"، پاشان ئیبراهیم کایپاك کایا سەبارەت بە کێشەی کورد هەندێك شت دەنووسێت، ئەمانە هەمووی کاریگەری خۆیان هەیە، بەڵام ئەو هەڵوێستانە تاکەکەسی بوون، نەببوون بە بزاڤێك، یان نەببووە چەمکێکی گشتی بزاڤی چەپگەر. واتا بزاڤی چەپگەر نەیتوانیبوو هەم خۆی لەژێر کاریگەری سۆسیالیزمی بنیادنراو و هەمیش لەژێر کاریگەری کەمالیزم رزگار بکات. ئەگەر تۆ خۆت لەهەردووکیشیان رزگار نەکەیت، ناتوانیت راست لە کێشەی کورد نزیك ببیتەوە. بەگشتی و بەتەواوی نزیکبوونەوەی کەمالیزم بنەمابوو، کە رەتکردنەوەی کورد بوو. هەندێك لایەنیش بەئاشکرا رەتیان نەدەکردەوە و نەیاندەگووت:" کورد نییە" بەڵکو دەیانگووت:" ئێستا کێشەیەکی وەها پێویست نییە باسی لێوە بکرێت، ئەم کێشەیە کێشەیەکی شۆڕشە، ئێمەش وا شۆڕش دەکەین، ئەمە لەگەڵ شۆڕشدا چارەسەر دەبێت" وەها نزیك دەبوونەوە. بێگومان ئەم نزیکبوونەوەیەش نزیکبوونەوەی نکۆڵیکردن بوو لە کورد، تەنانەت لە ئەنقەرەدا هێشتا تەڤگەرێکی جودا دروست نەببوو، سەرۆك ئاپۆ لەگەڵ چەپی تورك هەندێك گفتوگۆی دەکرد. ئەوکاتە هێشتا بیرێکی ئێمە نەبوو کە بەناوی کوردستان رێکخستنێك پێشبخەین، سەرۆك ئاپۆ زیاتر دەیخواست کێشەی کورد لە چەپی تورك تێبگەیەنێت. بۆ ئەوەی چەپی تورك لەژێر کاریگەری کەمالیزم و سۆسیالیزمی بنیادنراودا دەربکەون. چونکە تەنیا سەبارەت بەکێشەی کورد بەهەڵەدا نەچووبوون، لە زۆر کێشەی دیکەشدا هەڵە و کەموکورتی ئەوان هەبوو. سەرۆك ئاپۆ دەیخواست لەمیانەی ئەو گفتوگۆیانەوە ئەوان لەراستینەی ئەو کێشانە تێبگەیەنێت، ئەوان لەو هەڵە و کەموکورتیانە رزگاربکات.

بۆ نموونە؛ ڕۆژێکیان سەرۆکی بزاڤێکی چەپگەری تورك بە سەرۆك ئاپۆ دەڵێت:" ئەوە چییە دەڵێی کورد و کوردستان؟ شتێکی وەها نییە و نەماوە، ئەگەر تۆ دەخوازیت شۆڕشگێڕی بکەیت وەرە ئێمە پێکەوە شۆڕشگێڕی بکەین، بەڵام ئەگەر تۆ دەخوازیت مرۆڤێکی مردوو زیندوو بکەیتەوە، ئەوا مرۆڤی مردوو زیندوو نابێتەوە. بۆیە وزەی خۆت بەفیڕۆ مەدە..." نزیکبوونەوەی ئەو کەسانە وەها بوو. هەڵبەتە لەئاکامی ئەو گفتوگۆیانە سەرۆك بینی کە ئەوان ڕاست نزیکی کێشەکە نابنەوە، بەمشێوەیەش کێشەی کورد تێناگەیەنرێت و چارەسەر نابێت. ئەو بزاڤە چەپگەرانەش بەمشێوەیە نابنە هێزێك و ئەنجامگیر نابن. بۆیە ئێمە لەئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامە و بڕیارماندا کە لە کوردستاندا ڕێکخستنێکی جودا پێشبخەین.

ئەگەر ئەوکاتە چەپی تورك ڕاست نزیکی کێشەی کورد ببایەوە لەوانەبوو ئەو هەنگاوە جودایەمان نەهاوێشتبایە. بەڵام ئێمە زۆر کارمان کرد کە بینیمان نابێت، لەئاکامدا ئێمە ئەو بڕیارەماندا کە تەڤگەرێکی جودا دروست بکەین، واتا نزیکبوونەوەی ئەوان لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە باسمان لێوەکرد.

تەڤگەرە کوردەکانیش دەیانگووت:" کورد هەیە" بەڵام کوردێکی چۆن هەیە؟ کوردستانێکی چۆن هەیە؟ کێشەی خۆی چییە و چ ستاتۆیەکی هەیە و ستاتۆیەکی چۆن دەخوازێت؟ چۆن کوردستان و گەلی کورد لەو ستاتۆیەی هەیە ڕزگار بکرێت؟ سەبارەت بەو مەسەلانە زێدە خاوەن ڕوانین نەبوون. بۆیە نە لەڕووی فیکری و نە لەڕووی ڕێکخستن و پراکتیکییەوە زێدە کاریان نەدەکرد، قووڵبوونەوەیەکیان نەبوو. تەنانەت کاریگەریشیان نەبوو، واتا ئەو تەڤگەرانە هەن یان نیین، زێدە دیار نەبوو، نە لەسەر جڤاکی کورد کاریگەریان هەبوو، نە لەسەر چەپی تورك و نە لەسەر دەوڵەت کاریگەری ئەوتۆیان هەبوو، زیاتر تەڤگەرە چەپەکانی تورك لەسەر کۆمەڵگا و لەسەر کوردیش کاریگەریان هەبوو. تەڤگەرە کوردییەکان کاریگەری ئەوتۆیان نەبوو، چونکە کار و خەباتێکیان نەبوو، بۆیە جددیەتێکی خۆیشیان نەبوو. ئێمە ئەوەمان بینی، بۆیە لەدەرەوەی هەموو ئەو تەڤگەرانەوە خواستمان تەڤگەرێکی دیکە پێشبخەین. بۆیە ئێمە تەڤگەری ئاپۆیمان پێشخست.

بۆ یەکەمین جار سەرۆك ئاپۆ گفتوگۆی لەسەر کێشەی کورد و ئەو ستاتۆیەی کوردی تێیدا دەژی کرد و بەروونی خستیەڕوو و گووتی:" ئەو ستاتۆیەی ئێمەی تێیدا دەژین ستاتۆیەکی داگیرکەرانەیە" واتا وڵاتەکەمان داگیرکراوە، داگیرکەران داگیریان کردووە و توانەوە (ئەسمیلاسیۆن) هەیە، تالانی هەیە، لەهەموو روویێکەوە نکۆڵی و لەناوبردنی کوردان هەیە. ئەمەیە ئەو ستاتۆیەی گەلەکەمان تێیدا دەژی و ئەو ستاتۆیەش بۆ ئێمە مردنە، ئێمە ناتوانین ئەو ستاتۆیە پەسند بکەین، پێویستە ئەمە رەتبکەینەوە. کورد ئیرادەی نەماوە، جڤاك و کەسێتی کورد نەماوە، لەهەموو روویێکەوە کەسایەتی دەکوژرێت، پێویستە ئێمە ئیرادەی کوردان بخەینەڕوو، ئیرادە و جڤاك و کەسێتی ئازاد دەربخەینەڕوو. ئیدی لێرەوە دەستی پێکرد، لێرەوە گفتوگۆی پێشخست، هەم لەدژی چەپی تورك، هەمیش لەدژی ئەو بزاڤە کوردیانەی کە هەبوون. بەمەش شەڕێکی ئایدیۆلۆژی و فیکری پێشخست...

لەنێو چەپی تورکدا کەمالیزم و شۆڤێنیزم باڵادەست بوو، بۆیە لەدژی کەمالیزم و شۆڤێنیزم خەباتێکی زۆر دژواری پەرەپێدا. لەنێو بزاڤە کوردییەکانیشدا میللیگەرای سەرەتایی باڵادەست بوو، لەدژی ئەمەش تێکۆشانێکی پێشخست. لە کوردستاندا ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت باڵادەست بوو. شانبەشانی ئەمەش ئایدیۆلۆژیای ئیسلامییەت، ئایینزایی، عەشیرەتی، ناوچەیی، بنەماڵەیی و تەریقەتەکان هەموویان باڵادەست بوون. سەرۆك لەدژی هەر هەموویان شەڕێکی ئایدیۆلۆژیایی بەهێزی برەو پێدا. راستینەی ئەو ئایدیۆلۆژیایانە چییە و گوزارشت لە چی دەکەن، خستیەڕوو و گەلی لێیان تێگەیاند، کادیرانی تێگەیاند. لەسەر ئەو بنەمایە ئەو پێکهاتە و رێکخستنانەی لەسەر ئەو ئایدیۆلۆژیایانە ئاوا بوون، هەموویان لاواز بوون و کاریگەرییان کەم بووەوە، ئایدیۆلۆژیا و رێکخستن و خەباتی ئێمە پێشکەوت، بەمشێوەیە بووینە تەفگەرێك.

لەساڵانی حەفتاکاندا لە باشووری کوردستان بزاڤێکی میللیگەرایی هەبوو، بەتایبەتی لەنێو ساڵانی (١٩٧٠ـ ١٩٧٤)دا گەیشتبووە ئاستێکی بەرزیش. بەڵام لە (١٩٧٥)دا شکستێکی مەزنیشی خوارد، لێرەدا هەم

مەزنبوونی ئەو بزاڤە و هەمیش شکستخواردنی تا چەند کاریگەری و رەنگدانەوەی لەسەر بیر و رامان و گروپە سەرەتاییەکەی تەڤگەری ئاپۆچی کرد، کە ئەوکاتە تازە دەستی بە تێکۆشان دەکرد؟

ئەو تەڤگەرەی باشووری کوردستان زێدە کاریگەری لەسەر باکووری کوردستان نەبوو، لەوانەیە لەنزیك سنووری نێوانیاندا لەنێو گەلدا هەندێك کاریگەری هەبووبێت، بەڵام لە دەرەوەی ئەمە هەم لەنێو گەل و هەمیش لەنێو لاواندا زێدە کاریگەری خۆی نەبوو، ئەمە لەکاتێکدا کە لەباشووردا زۆر بەهێز بوو. کاتێك کە شکستیشی هێنا ئەو کاریگەرییەی کە هەشیبوو نەما. تەنانەت لە باکوور ئەوانەی هێڵی ئەو بزاڤەیان بۆ خۆیان بەبنەما دەگرت، هەر ئەوانیش بەناوی کوردان هەبوون، کە بەو هێڵە خۆیان بە رێکخستە کردبوو، کە خۆیان زۆر مارژینالْ بوون، لەسەر کۆمەڵگا و دەوڵەتی تورك و چەپی تورك و جڤاکی تورك کاریگەری وایان نەبوو. کاتێك ئەو شکستە روویدا، ئیدی بەتەواوی ئەو کاریگەرییەی هەشیبوو نەما. بەڵام بۆ سەرۆك ئاپۆ ئەو شکستانە گوزارشتی لە شتێك کرد؛ لە باشووردا بزاڤێکی هێندە بەهێز بووبێت و زەبرێکی هێندە مەزنیشی بەریکەوێت، رابوونێکی وەها مەزن و کەوتنێکی وەها مەزن، سەرۆك ئاپۆ لەسەر ئەو بنەمایە راوەستەی لەسەر کرد و لێی تێگەیشت کە بۆچی بزاڤێکی هێندە بەهێز لەماوەیەکی کورتدا شکستی هێنا؟ بۆیە ئەو بزاڤەی لە باکوور سەرهەڵبدات چۆن هەوڵبدرێت وەها نەبێت؟! بێگومان لەمەدا هەندێك دەرەنجامی بەدەستخستبوو. واتا بزاڤێك لەسەر هێزی خۆیی خۆی و باوەڕیی خۆی سەرهەڵنەدات و بەپشتیوانی هەندێك هێزی دیکە سەرهەڵبدات بزاڤێکی وەها بێ ئەنجام دەبێت.

لە باشووردا؛ لە بزاڤی بارزانیدا ئەم راستینەیە سەلمێنرابوو. چونکە ئەو بزاڤە لەسەر هێزی خۆیی خۆی سەریهەڵنەدابوو، بەڵکو لەسەر هێزی هەندێك لە دەوڵەتان سەریهەڵدابوو، باوەڕی خۆی بە خۆی و گەلی خۆی نەبوو، زیاتر باوەڕی بە دەرەوە هەبوو، بە هاوکاری و پەیوەندی دەرەوە خەباتی بەڕێوە دەبرد. کاتێك پەیمانی جەزائیر مۆرکرا و ئەو هاوکاری و پەیوەندییە پچڕا، ئەو بزاڤە یەکسەر کەوت، ئەمەش

دەرەنجامێکی زۆر گرنگی بۆ کوردان خستەڕوو. سەرۆك ئاپۆ ئەمەی شیکردەوە و دەرەنجامی لێ هەڵهێنجا. بزافی ئاپۆچیش لەسەر بنەمای ئەو دەرئەنجامانە خۆی رێکخست. هەر لەسەرەتای تەڤگەرەوە ئەمەی کردە پرەنسیپێك و گووتی:" پێویستە ئەم تەڤگەرە لەسەر باوەڕی و هێزی خۆیی خۆی سەرهەڵبدات". تەڤگەریش لەسەر ئەو بنەمایە سەریهەڵدا و تا رۆژی ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت ئەمەی بۆ خۆی کردە بنەمایەك، بۆیە تا ئێستا شکستی نەهێناوە.

ئەگەر سەرۆك ئاپۆ لەمەدا ئەنجامی بەدەستنەخستبایە و تەڤگەری لەسەر ئەو بنەمایە ئاوا نەکردبایە و پێداگری لەسەر ئەو راستییە نەکردبایە، ئەوا ئێستا تەڤگەری ئێمەش هەر لە زووەوە وەکو بزافەکەی مەلا مستەفا پاکتاو دەبوو. ئەمە تایبەتمەندی و پرەنسیپێکی بناخەیی و سەرەکی ئەم بزافەمانە. واتا باوەڕ بەدۆستایەتی دەکات و بەها دەداتە دۆستایەتی، بەڵام هەمیشە خۆی و هێزی خۆیی خۆی بەبنچینە وەردەگرێت و باوەڕی بەخۆی و گەلی خۆی دەکات، لەسەر هێڵی خۆی هەنگاو دەهاوێژێت. بۆیە دەتوانێت لەدژی هەموو هێرشەکان و لەیستۆکەکان رابوەستێت، هەر لەبەر ئەمەشە گورزی مەزنی بەرناکەوێت. کاتێك کە بزافی ئێمە سەریهەڵدا شکستەکەی مەلا مستەفا کاریگەری خۆی لەوەدا هەبوو کە لەمەودوا بزافەکەی ئێمە چۆن بەردەوام بێت؟. چونکە لەمێژووی کوردانذا زۆرجار کوردان رابوونە و راپەڕینیان بەرپا کردووە و زەبریان بەرکەوتووە و کۆمەڵکوژ کراون، پاشانیش ئەوانەی ماون دەوڵەت هەموویانی تەسلیم وەرگرتووە و تەنانەت کردوونی بە سیخوڕ و خستوونیەتە خزمەتی خۆیانەوە. بۆ ئەوەی جارێکی دیکە گەلی کورد نەکەوێتە رەوشێکی بەمجۆرەوە پێویستە تەڤگەر لەو شکستانەوە بەشێوەیەکی مەزن سەرهەڵبداتەوە. واتا پێویستە بۆشاییەك لە مێژووی تێکۆشانی کورددا دروست نەبێت.

هەڵبەتە لە باکوور تا ساڵانی چل راپەرینەکان بەردەوام ببوون، هەمووشی سەرکوت و کۆمەڵکوژ کرابوون و لەناوبردرابوون. لە ساڵانی چلەکانیش بەدواوە بێدەنگییەك دروست ببوو. توانەوەیەك ئەنجامدرابوو، لە باشووریش بزافێك زەبری بەرکەوتبوو، ئەگەر تۆ زوو نەکەویتەخۆ و رۆڵێك نەبینی ئەوا تۆ ناتوانیت ئەو شکست و ئەو بۆشاییەی دروست بووە پڕی بکەیتەوە. ئەمە نەك تەنیا لە باشووردا، بگرە لە

باكووریش تەسلیمییەتێك دروست ببوو، ئەوا ئەو شكستە ئەو دۆخەی خراپتر دەكرد. نزیكبوونەوەی ئەم تەڤگەرە و سەرۆك ئاپۆش ئەوەبوو؛ مادام تەڤگەری كورد لە باشوور زەبری خوارد، ئەوا پێویستە لەباكوور ئەو تەڤگەرە دەست پێبكاتەوە، پێویستە بۆشایی دروست نەبێت. پێویستە ئەو شكستە ببێتە هۆكاری خەبات و تێكۆشان و گوڕدان بە ڕێكخستنی كوردان...

ئیدی بەم نزیكبوونەوە و فیكرەوە تەڤگەر لە باكوورەوە كەوتە جوڵە. چونكە لە مێژوودا؛ لەو ڕووداوانەی كە ڕوویان دابوو، سەرۆك ئاپۆ ئەنجامی لێوە هەڵدەهێنجا و ئەو ئەنجامەشی بۆ خۆی بە بنەما وەرگرت و دەیكردە وانەیەك بۆ خۆی. جا چ لەمێژووی گەلی كورد بێت یان لە مێژووی گەلانی دیكە بێت، چ باش چ خراپ، هەمووی بۆ خۆی كردۆتە ئەزموون. لەسەر ئەو بنەمایەش تەڤگەری پێشخستووە، نەك تەنیا شتی باش دەخاتە خزمەتی تەڤگەرەوە، بەڵكو شتی خراپیش دەخاتە خزمەتی تەڤگەرەوە. چۆن شتی خراپ دەخاتە خزمەتی تەڤگەرەوە، ئەوا شتی خراپیش دەكاتە هۆكارێك بۆ ئەوەی جارێكی دیكە شتی خراپ دووبارە نەبێتەوە و ڕوونەداتەوە. ئەگەر شكستێكیش ڕوویدا ئەوا ئەم شكستە دەكاتە هۆكارێك تاوەكو چیدی شكست ڕوونەداتەوە. بۆ ئەوەی تەڤگەر بەردەوام بكات و بەهێزتر بێت. ئیدی بەم نزیكبوونەوەیە لە شكستی تەڤگەری مەلا مستەفا بارزانیدا، هەم ئەنجام و ئەزموونی لێوەرگرت، هەمیش ئەوەی كردە هۆكارێك بۆ ئەوەی تەڤگەری ئاپۆچی پێشبخات. ئەگەر تەڤگەر بەشێوەیەكی جودا لە باكوور پێشكەوت ئەوا لەبەر ئەمە پێشكەوت، ئەگەر شكست دووبارە نەبووەوە، لەبەر ئەم هۆیەیە.

لە ساڵانی حەفتاكاندا؛ گروپەكە تازە دەست بە خەبات دەكات...

ئەوكاتە كۆمەڵگای كوردی، لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە، لەلایەكەوە فیوداڵیزم هەیە و لەلایەكی دیكەشەوە كاپیتالیزم خۆی دەخزێنێتە ناوییەوە، لەو خاڵەدا چۆن لەكۆمەڵگا دەڕوانرا و چۆن

شیدەکرایەوە؟ هەروەها سیاسەتی نکۆڵی و توانەوە و قڕکردنیش بەڕێوەدەبرا، ئەم سیاسەتە گەیشتبووە چ ئاستێك؟

لەو قۆناخەدا کۆمەڵگای کورد لەهەموو شتێك دەژیا، تەنیا خۆی نەدەژیا و بە ناسنامەی خۆی نەدەژیا، بۆ بەرژەوەندی خۆی نەدەژیا، راستینەی خۆی نەدەژیا، بۆیە لەدەرەوەی خۆی هەموو شتێکی تر دەژیا. بۆ هەموو کەسێك دەژیا و کاری دەکرد و خزمەتی هەموو کەسێکی دەکرد، بەڵام تەنیا خزمەتی خۆی نەدەکرد. لەلایەکەوە دەوڵەت سیاسەتی نکۆڵی و قڕکردنی بەڕێوە دەبرد، لەلایەکی دیکەشەوە کورد خۆیشی نکۆڵی و قڕکردنی خۆی بەڕێوە دەبرد. کاتێك ئەمانە هەردووکیان دەگەیشتنە یەکتر ئەوا یەکتریان تەواو دەکرد، قۆناخی ئەوکاتە بۆ کوردان قۆناخێکی لەناوچوونی زۆر خێرا بوو. لەلایەکەوە فیوداڵیزمی تێدا بوو، لەلایەکی دیکەشەوە کاپیتالیزم تێیدا بوو، لەلایەکەوە عەشیرەتگەرایی، تەریقەتگەرایی و بنەماڵەگەرایی تێدابوو، لەلایەکی دیکەشەوە فیکری داگیرکەری و رێکخستنی داگیرکەری، کوشت و بڕی هەبوو، توانەوە (ئەسمیلاسیۆن)ی تێدابوو. لەدۆخێکی وەهاشدا کورد باوەڕی بەخۆی نەبوو و دەیگووت:" ئیدی هەموو شتێك تەواو بوو" بەمەش کورد خۆی دووری خۆی دەکەوێتەوە و دەستبەرداری زۆر شتی خۆی دەبێت و شتی داگیرکەران بۆ خۆی بەبنەما وەردەگرێت.

بێگومان ئەوکاتە توانەوە و پەرشوبڵاوی و بێ مۆراڵییەکی مەزن و نکۆڵی لە خۆکردنێك پێشدەکەوت. هەڵبەتە ئەمە خۆی واتای چیبوو؟ ئەمە بێ کەسێتی و بێ رێکخستنی بوو، بێ کەسێتی و بێ رێکخستنی لە برەو دابوو، بەتەواوی دەست لە خۆبەردان و باوەڕ بەخۆنەبوون، دیتنی چارەسەری لە دووژمن و داگیرکەری پەرەیسەندبوو. واتا ئەو رەوشەی گەلی کوردی تێدا دەژیا رەوشێکی بەمشێوەیە بوو، تۆ زێدە شتێکی بەناوی کورد و کوردستانت نەدەبینی. تەنانەت دۆخەکە گەیشتبووە رادەیەك کاتێك تۆ بتگووتبایە کورد و کوردستان، دەیگووت:"ئەمە چییە؟! بۆ هێشتا کورد و کوردستان ماوە؟! هێشتا باوەڕی وەها هەیە کورد و کوردستان مابێت؟!"

وەهایان بە ئێمە دەگووت. مەبەستم کورد خۆی وەهای دەگووت. کاتێك ئێمە تازە گەڕابووینەوە کوردستان و دەستمان بەکار دەکرد دەیانگووت:" هەندێك کەس هاتوون دەڵێن:" کورد و کوردستان هەیە... تۆ بڵێی ئەمە راست بێت؟ شتێکی وەها هەیە؟ ئەمانە شێتن، ئەمانە بێ ئەقڵن" سەرەتا وەهایان پێدەگووتین.

بۆ نموونە؛ من و سەرۆك ئاپۆ چووینە ماڵی سەرۆك لەگوندەکەیان، ئەوکاتە سەرۆك ئاپۆ ئەنقەرە دەیخوێند و تازەش لە زیندان دەرکەوتبوو، ماوەیەك بوو سەردانی ماڵەوەیشی نەکردبوو، ئێوارە لەماڵیان لەسەر خواردن بووین کە باوکی سەرۆك بە سەرۆکی گووت:" پێشان تۆ کۆمۆنیست بوویت، من بیستوومە دەڵێن ئێستا بوویتە کوردپەروەر، ئەمە زۆر مەترسیدارە، دیسان تۆ ببەوە بە کۆمۆنیست باشترە". کاتێك باوکی وەهای گووت، من زۆر سەرم سوڕما، بینیم سەرۆك پێکەنی و گووتی:" باوکی منیش دەزانێت ئەو کۆمۆنیزمەی هەیە مەترسیدار نییە و کوردێتی (کوردایەتی) زۆر مەترسیدارترە". واتا کەسێك باوەڕی نەدەکرد و پێیان سەیر بوو، ئەمەیان بە ئیشی شێتەکان دەزانی، دەیانگووت:" مومکین نییە شتی وەها بێتەئاراوە". هەربۆیە لەسەرەتای دەرکەوتنی ئەو تەفگەرەدا دەیانگووت:" هەندێك کەس پەیدابوونە بەخۆیان دەڵێن ئاپۆچی، ئەوانە یاندم ئەڵلا چەتەسی (YANDIM ALLAH ÇETESİ)ن"(١).

واتا ئەوانەی خوا شێتی کردوون، واتا ئەمانە شێتن و ئەقڵیان نییە. نە کورد و نە کوردستان لە گۆڕێدا هەیە، کەچی ئەوانە پەیدابوونە و دەڵێن:" کورد و کوردستان رزگاردەکەین، مەگەر تەنیا مرۆڤی شێت ئەو شتانە بڵێت". دەیانگووت:" ئەو هەموو کەسە رابوون و سەریانهەڵدا، نەیانتوانی هیچ بکەن، ئێوە دەتوانن شت بکەن؟!" تەنانەت باوکی من دەیگووت:" شێخ سەعید رابوو سەریهەڵدا، کەسی وەکو "شێخ سەعید" نەیتوانی هیچ بکات ئێوە دەتوانن شتێك بکەن؟! ئەو شێخ بوو، موریدی هەبوو و گەل پشتیوانی لێدەکرد و توانستی ئەو هەبوو، لەناو گەلدا کاریگەری خۆی هەبوو، ئێوە چیین؟ چەند هەژار و فەقیرێکن، نە لەناو جڤاکدا جێگەی ئێوە هەیە، نە توانستێکیشتان هەیە، کێ گوێ لە ئێوە دەگرێت؟! ئێوە بەخۆتان خۆتان لە ناو دەبەن، ئێمەش لەگەڵ خۆتان لەناو دەبەن، دەست لەو شتانە بەربدەن، ئەمە نابێت..." واتا ئەو رەوشەی کورد تێیدا بوو وەها بوو.

پەراوێزەكان:

(١) یاندم ئەڵلا چەتەسی؛ دەستەواژەیەك (ئیدیۆمێك)ی توركییە بۆ ئەو كەسانە بەكار دێت كە باكیان بەهیچ شتێك نییە و لەهیچ ناترسن، یان وەك بڵێی خوا شێتی كردووە، بۆ ئاپۆچییەكان بەو واتایە بەكاریان دەهێنا كە هیچ شتێكی شەخسی خۆیان نییە جگە لە ئازدی گەل و رزگاری وڵات ئاشقی هیچ شتێك نیین و لەهیچ شتێكیش ناترسن، لەلای خۆمان دەستەواژەی (بەلای خوا) بەكاردەهێنن، تارادەیەك ئەم ئیدیۆمە هاو واتی ئیدیۆمە توركییەكەیە.

بەشی سێیەم:

ڕێگایەك بۆ تێكۆشان...
ڕێگایەك بۆ ئازادی
(١٩٧٢ ـ ١٩٧٩)



رێبەر ئۆجەلان لەدوای دەرچوونی لەزیندانی ماماك



هەڤاڵ فوئاد (عەلی حەیدەر قەیتان)

یەکەمین گروپی ئەو تەڤگەرە چۆن ئاوا دەبێت و کێ لەم گروپە سەرەتاییەدا شوێن دەگرێت؟

وەکو گووتم سەرەتا سەرۆك ئاپۆ بەتەنیایە، لەرووی تیۆرییەوە هەندێك لێکۆڵینەوە دەکات و بە هەندێك ئەنجام دەگات. هەڤاڵان "**کەمال پیر**" و "**حەقی قەرار**" دەناسێت، هەردوو هەڤاڵ لە ئەنقەرە، لەگەڕەکی "**سامان پازاڕی**" لەگەڵ سەرۆکدا دەژین. لەو گەڕەکەدا خانوویەك بە کرێ دەگرن و هەرسێکیان پێکەوە دەمێننەوە و دەژین. بەڵام هێشتا گروپێك یان تەڤگەرێك لەئارادا نییە. سەرۆك زیاتر لە رووی تیۆرییەوە قووڵبوونەوەی خۆی بەردەوام دەکات، ئەو دەرئەنجامەی بەدەستیدەخات دەیداتە هەڤاڵان، "**کەمال پیر**" و "**حەقی قەرار**"یش هاوکاری سەرۆك دەکەن و هەڤاڵێتی لەگەڵدا دەکەن، خزمەتی دەکەن، بەتوانستی خۆیان هاوکاری سەرۆك دەکەن، بۆ ئەوەی سەرۆك خەباتی تیۆری خۆی بەرەو پێشەوە ببات. واتا لە رووی تیۆرییەوە هاوکارییەکی ئەوتۆی سەرۆك ناکەن، بەڵکو سەرۆك بەتەنیا خۆی بەردەوامی بەو لێکۆڵینەوەیە دەدات.

بۆ نموونە؛ لەلایەنی ژیان و گوزەرانەوە، لەرووی دابینکردنی پەرتووکەوە هاوکاری سەرۆك دەکەن. ئیدی سەرۆك لەم لێکۆڵینەوەیەدا خۆی قووڵ دەکاتەوە و دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە لەدەوری ئەم فیکرە و ئەو ئەنجامەی پێیگەیشتووە، گروپێك دابمەزرێنێت. بەم قەناعەتە دەگات. سەرەتا لە نەورۆزی ساڵی (١٩٧٣)دا هەندێك لەو هاورێیانەی بە شەخسی دەیانناسی، واتا هەڤاڵێتییەکی فیکری نییە، بەلاّم باوەڕیان پێدەکات و دەبینێت گەنجی دروستن و خوێندکارن، بەوان دەڵێت:"بابەیەکەوە بچینە سەیران". باسی نەورۆز ناکات. چونکە ئەو کاتە کەس زێدە نازانێت نەورۆز چییە! ئیدی دەچنە بەنداوی "چووبووك" لە ئەنقەرە، ئەوکاتە بەهارە و خەڵکانێکیش بۆخۆیان دەچنە سەیران... دەڵێت:" با ئێمەش بچین بۆ سەیران" دەچنە بەنداوی "چووبووك" و لەوێ دادەنیشن، تا ئەوکاتە ئەو دەرئەنجامانەی لە لێکۆڵینەوە و قووڵبوونەوەی خۆی بەدەستیهێناوە لەگەڵ ئەو گروپە باسی لێوەدەکات. واتا گروپێکی فیکری و رێکخستنی نییە، بەڵکو چەند هاورێ و دۆستێکی شەخسی ئەون لەنێو خوێندکاراندا، دەیانناسێت و باوەڕیان پێدەکات. تا ئەوکاتە زێدە گفتوگۆیەکی فیکری لەم بارەیەوە لەگەڵیاندا نەکردبوو. ئیدی بۆ یەکەمین جار لەم سەیرانەدا بۆ ئەوانی باسدەکات و بەوان دەڵێت:" کوردستان داگیرکراوە". کاتێك ئەمەش دەڵێت تامەزرۆی ئەوەشە کە کاردانەوەی ئەوان بزانێت. بێگومان بە تەدبیرەوە باسی لێوە دەکات. چونکە تا ئەو کاتە لەگەڵ ئەواندا سەبارەت بە کورد و کوردستان هیچ قسەیەکی نەکردووە، هیچ گفتوگۆیەکی نەکردووە. بۆیە کاردانەوەی ئەوانیش مەراق دەکات، کە داخوا ئەوان چۆن نزیك دەبنەوە؟ پەسندی دەکەن یان ناکەن؟ هەڤاڵێتی سەرۆك دەکەن یان ناکەن؟ سەرۆك نازانێت. بۆیە بە تەدبیرەوە قسە دەکات و باسی هەموو شتێکیان بۆ ناکات، زۆر بەکورتی باسیان بۆ دەکات و پێیان دەڵێت:"ستاتۆی کوردستان داگیرکراوە" واتا بۆ یەکەمین جارە لەگەڵ ئەو هاورێیانەیدا ئەو قسانە دەکات. سەرەتای خەباتی ئەو بزاڤە لەوێوە دەست پێدەکات، هەرچەندە ئەوانە هێشتا گروپێك نین، گروپێکی فیکری نین. بەلاّم دەبنە بناخەیەك. من خۆم تەڤلی ئەو گفتوگۆیە نەببووم، نازانم کێ بوون. بەلاّم یەکێکیان هەڤاڵ فوئاد (عەلی حیدەر قەیتان)بوو. ئەوانی دیکە وا مەزندە دەکەم کەسیان لەنێو بزاڤی ئێمەدا نین. وا دیارە هەندێکیان نەهاتنە نێو تەڤگەرەوە ئەوەی

هەشبوون پاشان لەگەڵ ئێمەدا بەردەوام نەبوون. ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم وابزانم تەنیا هەڤاڵ "فوئاد" لەنێو ئێمەدا ماوە.

سەرەتای ئەم تەڤگەرە بەم گووتنە "کوردستان داگیرکراوە" دەستی پێکردووە. چونکە بۆ یەکەمین جار سەرۆك سەبارەت بە کوردستان چۆن و چی بیردەکاتەوە، لەگەڵ هەندێك کەسی دیکەی دەرەوەی خۆی باسی دەکات. وەکو گووتیشم؛ بە تەدبیریشەوە قسە دەکات و داخوا چ کاردانەوەیەکیان دەبێت. بێگومان کاردانەوەی ئەوان باشە، خراپ نییە.. واتا روانینێکی زۆریان نییە و هەموویان بە سەرنجەوە گوێی لێدەگرن. هەڵبەتە شتێکی ئەوتۆش لەسەر کوردستان نازانن، ئیدی ئەو قسانە بڵاوناکەنەوە و هەر لەوێ دەمێنێتەوە.

پاشان تا دەهات سەرۆك هێدی هێدی بۆ هەر کەسێك کە دەیانناسێت ئەو فیکرە روونبدەکاتەوە. سەرەتا گروپبوون وەها دەستپێدەکات و پێشدەکەوێت.

ئایا مەتریاڵ (سەرچاوە)ی ئەو گروپە لە رووی فیکرییەوە بۆ نموونە پەرتووك، بە تایبەتی سەبارەت بە کورد و کوردستان چیبوون؟. وا دیارە ئەدەبیاتی مارکسیزم ئەوکاتە زۆر بوو، بەڵام سەبارەت بە کورد چ مەتریالێکتان هەبوو و پشتتان بە چ دەبەست؟

بێگومان زەحمەتی هەرە مەزنیش لەمەدا بوو، سەبارەت بە کوردان هیچ پەرتووکێك نەبوو، سەرچاوە نەبوو. سەرۆك ئاپۆ لەهەندێك پەرتووکی کلاسیکی چەپدا لە کێشەی کورد تێگەیشت، نەك وەك ئەوەی لەسەر کوردان هەندێك پەرتووك و مەتریال هەبووبن و ئەوانەی خوێندبێتەوە و لەرێی ئەمەوە لە کێشەی کورد تێگەیشتبێت. لەئاخافتنی پێشتریشدا گووتبووم؛ سەرۆك ئاپۆ دەبینێت کە فیکری سۆسیالیزم کێشەی کورد چارەسەر دەکات، ئیدی هەوڵیدا لەم رووەوە خۆی بەهێز بکات. بەڵام بەناوی سۆسیالیزمەوە زۆر چەمکی لەیەکدی جودا هەبووون، ئەوە دەبینێت کە ئەو چەمکانە هەمووی هی سۆسیالیزم نییە، کەواتە لەدەرەوەی ئەمانەدا سۆسیالیزمی راستەقینە

چییه؟ لەخودی سۆسیالیزم لە سۆسیالیزم تێدەگات. بۆیە بەتەواوی پەرتووکە کلاسیکییەکانی سۆسیالیزم بەبنەما وەردەگرێت، مارکسییەت بۆ خۆی بەبنەما وەردەگرێت. ئەو پەرتووکانە دەخوێنێتەوە.

پەرتووکی مانیفێستۆی کۆمۆنیزم(٤) هەیە، لەو پەرتووکەدا پێشگووتنێك (پێشەکییەك) لەسەر ئیتاڵیا هەیە. سەرۆك ئەو پەرتووکە و ئەو پێشەکییە دەخوێنێتەوە، لەو پێشەکیەدا باس لەوە دەکرێت کە پارچەبوونی ئیتاڵیا چۆن دروست دەبێت و لەسەر چ بنەمایەك ئەو یەکێتیە دێتەدی، لەمیانەی هۆی پارچەبوونی ئیتاڵیا پارچەبوونی کوردستان دەبینێت و یەکێتی کوردستان چۆن دێتەدی، لەمەدا کەمێك لەمەسەلەی کورد تێدەگات. لەلایەکی دیکەشەوە پەرتووکەکانی "لینین" هەیە، پەرتووکی ماق چارەی خۆنووسین، بزاڤی نەتەوەیی لە خۆرهەلاتدا، ئەو پەرتووکانە دەخوێنێتەوە. ئەو پەرتووکانە باس لەمەسەلەی نەتەوەیی و مەسەلەی گەلان و گەلی بندەست و ئەو ولاتانەی داگیرکراون دەکات. کە ئەو پەرتووکانە دەخوێنێتەوە لەمەشدا هەندێك لە کێشەی کورد تێدەگات، تا دێت لە مێژووی مرۆڤایەتی تێدەگات، لەرێی ئەو مێژووەشدا مێژووی تورکیا تێدەگات و مێژووی تورکیا دەخوێنێتەوە کە چ مێژوویەکە، لەمەدا چەندە قووڵ دەبێتەوە ئەوەندە لە کێشەی کوردیش تێدەگات. واتا نەك پەرتووك و مەتریال سەبارەت بە کورد هەبێت و بیخوێنێتەوە و شیبکاتەوە و تێیبگات، وەها نییە.

بێگومان بەمشێوەیە تێگەیشتن لە کێشەی کورد راستە زۆر زەحمەتە و هەر کەس ناتوانێت بەمشێوەیە راست لە کێشەی کورد تێبگات. واتا تۆ هەم راست لە سۆسیالیزم تێبگەیت، چونکە بەناوی سۆسیالیزمەوە زۆر چەمکی جیاواز هەن و تێگەیشتن لە راستینەی سۆسیالیزم زۆر زەحمەتە، هەمیش تۆ هیچ مەتریالێکت سەبارەت بە کێشەی کورد لەبەردەستدا نییە هەتا بتوانیت لەراستینەی کورد تێبگەیت. بێگومان ئەمە زۆر دژوارە و هەرکەس ناتوانێت ئەوە بکات. ئیدی سەرۆك ئاپۆ لەبەر ئەوەی لەرێی پەرتووکە کلاسیکییەکانی سۆسیالیزمەوە کەمێك لە راستینەی سۆسیالیزم تێگەیشت، مێژووی بەبنچینە وەرگرت، لەبەر ئەوەی قورسایی خۆی خستە سەر مێژوو، ئەوا لە مێژووی مرۆڤایەتیش تێگەیشت. چونکە مێژوو دەبێتە دایکی هەموو زانستەکانی دیکە.

ئەگەر تۆ باش لە مێژوو تێگەیشتیت ئەوا تۆ دەتوانیت لەهەموو زانستەکانی دیکەش تێبگەیت. ئیدی لێرەدا لەبەر ئەوەی چەمکی مێژوویی و لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەلای سەرۆك ئاپۆ بەهێزە، بۆیە لە کێشەی کورد تێگەیشت و خستیەڕوو. ئەمەی زۆر بە زەحمەتی و بە رەنجێکی مەزن ئەنجام دا.

وابزانم ئەو کاتەی تۆ سەرۆك و هەڤالان "حەقی قەرار" و "کەمال پیر" دەناسیت هێشتا گروپ تەواو دروست نەبووە...

باڵەخانەی کۆلێژی زانستە سیاسییەکان ـ زانکۆی ئەنقەرە

کاتێك من تەڤلی ئەو گروپە بووم و هەرسێکیانم ناسی، هێشتا گروپێك دروست نەببوو، بەناوی گروپێکەوە تەڤگەرێك لەئارادا نەبوو. تەنیا هەندێك کەس هەبوون لەیەکتر نزیك ببوونەوە، بەڵام ئەو کەسانە لەسەر بنەمای تەڤگەرێك خۆیان بەرێکخستن نەکردبوو، بۆیە تا ساڵی (١٩٧٣) هیچ گروپێك لەئارادا نەبوو. من لەو ماوەیەدا بەشداری ئەو تەڤگەرە بووم. کاتێك من بەشدار بووم وەکو گووتم؛ گروپێکی ئایدیۆلۆژی لەئارادا نەبوو، تەنانەت گروپێکی سیاسیش نەبوو، بەڵکو هەندێك هەڤاڵ هەن و باوەڕیان

بەیەکدی هەیە و وەك گروپێکی زۆر بچووکی شەش حەوت کەسی دەبوون، گفتوگۆیەك لەنێوانیاندا هەبوو، بەلاّم خۆی لە گروپێکی سیاسی یان رێکخستنی بەرجەستە نەدەکرد. پاشان هێدی هێدی گروپ دروست بوو و پێشکەوت و بووە گروپێکی ئایدیۆلۆژی. ئەم گروپ خەباتی ئایدیۆلۆژی پێشخست، ئەو خەباتەی قوولکردەوە. لەئاکامدا خۆی ناساند و بناخەیەکی بۆخۆی دروستکرد، شەرێکی ئایدیۆلۆژی بەرێوەبرد، زۆر ئایدیۆلۆژیای دیکەی شکست پێهێنا و خۆی سەرخست، لەسەر ئەو بنەمایە هێدی هێدی تەڤگەرەکە گەشەی کرد.

تۆ چۆن و کەی بەشداری ئەو گروپە بوویت؟ لەرێی کێوە سەرۆکتان ناسی؟

رێبەر ئۆجەلان لەگەڵ هەڤاڵ جەمیل بایکدا



هەڤاڵ جومعە (جەمیل بایك) لەتافی لاویدا

من له ئەنقەره له کۆلیژی "زمان، مێژوو، جوگرافیا" له زانکۆی ئەنقەره دەمخوێند، لەبەشی زمان و ئەدەبیاتی تورکی بووم، لەوێ لەنێوان ئێمەی خوێندەڤان و فاشیسته تورکەکان بەردەوام شەڕ و پێکدادان دەردەکەوتن. لەو شەڕانەدا من و هەڤاڵ "کەمال پیر" یەکدیمان ناسی، ئەویش شۆڕشگێڕ بوو، منیش شۆڕشگێڕ بووم، بەمشێوەیه یەکدیمان ناسی، بەر لەو پێکداپژانه یەکترمان نەدەناسی، ئیدی لەسەر ئەو بنەمایه بووینه هەڤاڵی یەکتر. واتا هەڤاڵێتییەکی شۆڕشگێڕانه و گشتگیر دروست بوو. چونکه تا ئەوکاتەش له شۆڕشگێڕێتی خۆمدا ئەندامی هیچ تەڤگەرێك نەبووم، وەکو گەنجێك شۆڕشگێڕیم بۆخۆم بەبنەما وەردەگرت. بەڵام کامه تەڤگەر باشه؟ من ئەوەم دەستنیشان نەکردبوو، لەهیچ تەڤگەرێکدا شوێنگیر نەببووم و پەیوەندیم لەگەڵ هەموو تەڤگەرەکان هەبوو، هەڤاڵێتی من و "**کەمال**"یش هەڤاڵێتییەکی بەو شێوەیه بوو.

پاشان کاتێك کە متمانە و باوەڕی بە من پەیدا بوو، بە سەرۆك ئاپۆ و بە ئەوانیشی گووتبوو، وادیارە ئەوانیش بە هەڤاڵ "کەمال"یان گووتبوو:" تۆ دەتوانیت بیهێنیتەوە ماڵ" رۆژێك هەڤاڵ "کەمال" بەمنی گووت:"هەندێك هەڤاڵ هەن، تۆ دەخوازیت ئەو هەڤاڵانەم بناسیت؟ هەڤاڵی منن و باشن و ئەوانیش کوردن" چونکە من پێم گووتبوو:"من کوردم" منیش گووتم:" بەڵێ دەخوازم بیانناسم" ئیدی منی لەگەڵ خۆیدا بردە ئە ی سەرۆك و ئەوانی تێدا دەمانەوە. بەمشێوەیە ئەوانم ناسی. واتا هەڤاڵ "کەمال پیر" منی بە سەرۆك ئاپۆ و ئەوان ناساند. کاتێك کە چوومە ئەو ماڵەیان سەرۆك ئاپۆ لەماڵ نەبوو، هەڤاڵ "حەقی قەرار" لەماڵ بوو، لەگەڵ برای هەڤاڵ حەقی"باقی" و "ئیبراهیم خۆجە (ئیبراهیم ئایدن)" خەڵکی دێرسیم بوو، "فەهمی یەڵماز" هەبوو خەڵکی دەریای رەش بوو، هەموویان لە ماڵێکدا دەمانەوە. هەر ئەوان هەبوون، کەسی تر نەبوو. پاشان سەرۆك هاتەوە، دوای ئەوەی خواردنمان خوارد هەڤاڵ "کەمال پیر" گووتی:"ئەوە ئەو هەڤاڵەیە کە بۆتانم باسکرد" سەرۆك سەبارەت بە کوردان و کوردستان لەمنی پرسی، تا ئەوکاتەش چەمکی من لەم رووەوە وەکو چەمکی چەپی تورك بوو، من دەمگووت:" کە ئێمە شۆڕشمان بەرپاکرد و سۆسیالیزم بەدیهات هەموو کێشەکان چارەسەر دەبن، ئەوکاتە کێشەی کوردیش چارەسەر دەبێت" نزیکبوونەوەی منیش وەهابوو، بینیم سەرۆك پێدەکەنێت، پاشان دەستی بەقسە کرد، نزیکەی چوار ـ پێنج کاتژمێر بەردەوام بوو. ئیدی سەری من تێکەڵ و پێکەڵ بوو، ئەو شتانەی کە من هیچ نەمدەزانی و نەم بیستبوو باسی لێوەکرد. ئیدی شەو درەنگ کەوت، پێویستبوو بگەڕابمایەوە زانکۆ. چونکە لەسەر حیسابی دەوڵەت دەمخوێند، ئەو شوێنەی من بۆی بچوومایە فاشیست زۆر بوون، هەڤاڵان گووتیان:" مەڕۆ، مەترسیدارە" ئیدی منیش نەڕۆیشتمەوە و شەو لەلایان مامەوە. بەیانی گەڕامەوە شوێنی خۆم و لەوێشەوە چوومەوە کۆلێژ.

بێگومان بەیانی هەڤاڵ "کەمال پیر" هاتەوە و یەکترمان بینی و لێی پرسیم:" چۆن بوو؟" منیش هەروا گاڵتەم کرد و گووتم:"باش نەبوو" بینیم هەڤاڵ "کەمال" زۆر عاجز بوو، کە بینیم زۆر عاجز بووە، گووتم:" نا نا زۆر باش بوو". ئەوکاتە گووتی:"منیش هەروا مەزەندەم دەکرد" زۆر بەمە دڵخۆش بوو. ئیدی پەیوەندیم

بەمشێوەیە دروست بوو. ئیدی دوای ئەو ئاخافتنەی سەرۆك لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەدا کەوتمە نێو جموجوڵەوە.

چ یۆتۆپیایەك لە هزر و خەیاڵی سەرۆك و هەڤاڵانی سەرەتای گروپی ئایدیۆلۆژیدا هەبوو؟ کە هێشتا نەبۆتە پارتییەك و رێکخستنتان نییە، بەڵام گروپێك خوێندەڤانن، خاوەن چ یۆتۆپیایەك بوون؟



شەهید حەقی قەرار لەسەر دیوار نووسیوویەتی "بڕووخێ داگیرکاری"

سەرەتا ئێمە خاوەن زانابوونێکی بەهێز نەبووین، ئەزموونێکی ئەوتۆمان نەبوو، توانستی ماددیمان نەبوو... چیمان هەبوو؟ لەهەڤاڵێتیدا باوەڕیمان بەیەکتر دەکرد، هەمیش باوەڕییەکی پڕ مەزن هەبوو. واتا کاتێك هەڤاڵێك شتێکی بگووتبایە، یەکسەر باوەڕمان پێیدەکرد و هیچ گفتوگۆمان لەسەری نەدەکرد، باوەڕی هێندە بەهێز بوو لەنێوانماندا. چونکە لەژیان و پراکتیکدا یەکترمان ناسیبوو. بۆیە دووڕوویی و درۆ و

هەڵخەڵەتان و شتی وەها لەنێوانماندا نەبوو، واتا نزیکبوونەوەمان بۆ یەکتر بەتەواوی و لەهەموو شتێکدا بەکراوەیی بوو، هیچ شتێکمان لەیەکتر نەدەشاردەوە. لەبەر ئەوە زۆر بە یەکتر بەباوەڕ بووین، لەسەر هەموو شتێك بە ئاشکرا لەگەڵ یەکتر قسەمان دەکرد، هیچ شتێکمان نەبوو لەیەکتری بشارینەوە، ئێمە چیمان هەبووایە چ باش چ خراپ بە ئاشکرا قسەمان لەسەری دەکرد و هیچمان نەدەشاردەوە و پێویستیمان بە شاردنەوەی هیچ شتێك نەد   دەمانگووت:" پێویستە هەموو شتێك هەموو هەڤاڵان بیزانن. چونکە هەڤاڵێتی ئەمەی دەخواست".

لەلایەکی دیکەشەوە؛ ئەو هەڤاڵانەی کە هاتبوونە لای یەکتر هەموویان لە چینێکی هەژارەوە هاتبوون، گوندنشین بوون، لەگوندە هەژارەکانەوە هاتبوون. راستە هەموومان لە زانکۆ دەمانخوێند، بەڵام هەمووشمان منداڵی خێزانە هەژارەکان بووین. هەڵبەتە توانستی خێزانەکانی ئێمەش زێدە نەبوو کە ئێمە بخەنە بەرخوێندن، بۆیە لەسەر بودجەی دەوڵەت دەمانخوێند، یان بەقەرز کردن لە دەوڵەت دەمانخوێند، تەنانەت ئەمەش بەشی ئێمەی نەدەکرد. بۆیە بۆخۆشمان هەندێك کارمان دەکرد. ئیدی هەر کارێك هەبووایە، کرێکاری و حەماڵیمان دەکرد و بەمەش هەندێك پارەمان بەدەست دەهێنا. ئێمە بەو شێوەیە ئیدارەمان دەکرد و دەژیاین و دەمانخوێند. چونکە توانستی خێزانەکانی ئێمە زۆر کەم بوو، لەبەر ئەوەی هەموو هەڤاڵان لە چینێکی هەژار و گوندی بوون، ئەمەش لەگەڵ خۆیدا لەیەك نزیکبوونەوەیەکی زۆر بەهێزی دەئافراند. لەیەکتر تێگەیشتن، رێز لەیەکترگرتن، بەیەکتر باوەڕکردن، هەموو شتێك بەیەکەوە ژیانی دەئافراند.

بۆ نموونە؛ ژیانی ئێمە ژیانێکی کۆمین (هەرەوەز)ی بوو. واتا هەرچییەکمان هەبووایە دەماندایە کۆمین و هەڤاڵێك لەسەری رادەوەستا، هەرچییەکمان هەبووایە تەسلیمی ئەومان دەکرد، ئەویش لەنێوانماندا پێداویستییەکانی ئێمەی پێکدەهێنا، واتا کەسمان بە تەنیا شتێکمان نەبوو، ژیانێکی شەخسیمان نەبوو، توانستێکی شەخسیمان نەبوو، هەرچییەکمان هەبووایە، بۆ هەموو هەڤاڵان بوو. تەنانەت جلوبەرگەکانیش هی هەموومان بوو. بۆ نموونە؛ پاڵتۆیەکمان هەبوو، کامە هەڤاڵ بچووبایە دەرەوە ئەو لەبەرخۆی دەکرد. چونکە هەر هەڤاڵێك پاڵتۆیەکی خۆی نەبوو، کێ دەچووە دەرەوە

لەبەرخۆی دەكرد و كە دەگەڕایەوە یەكێكی تر لەبەری دەكرد، واتا توانستی ئێمە زۆر كەم بوو، بەڕادەیەك نەماندەتوانی پێداویستییە سەرەتاییەكانیش دابین بكەین. زۆر بەزەحمەت دەمانتوانی هەندێك لەپێداویستییەكان دابین بكەین. بۆیە هەموومان توانستی خۆمان دەدایە یەكتری. تەنیا بەمشێوەیە دەمانتوانی بژین و بگوزەرێین. چونكە بەهیچ شێوەیەكی تر مومكین نەبوو، هەم گوزەران لە ئەنقەرە زۆر گران بوو، هەمیش بەگوێرەی ئەو گرانییە توانست و ئیمكانییەتیشمان نەبوو، تەنیا بەوەی توانستی خۆمان دەدایە یەكتر تاوەكو بتوانین بژین. واتا هەر لەسەرەتاوە ژیانی ئێمە لەسەر بنەمای كۆمین ئاوابوو، هەموو هەڤاڵان باوەڕیان زۆر بەیەكتر هەبوو، لە رێزگرتندا كەس كەمتەرخەمی نەدەكرد و بێسنوور رێزیان لەیەكتر دەگرت. ئەگەر مەترسییەك هەبووایە یان زەحمەتییەك هەبووایە هەر هەڤاڵێك دەیخواست ئەو زۆر و زەحمەتی و مەترسییە بخاتە ئەستۆی خۆیەوە بۆ ئەوەی مەترسییەكە نەچێتە سەر هەڤاڵێكی دیكە، یان لەزەحمەتیدا نەژێت. "ئەگەر مەترسیەك یان زەحمەتیەك هەیە با لەسەر من بێت نەك لەسەر هەڤاڵی من" چەمكێكی بەمشێوەیە لەنێوان هەڤاڵاندا هەبوو.

بۆ نموونە؛ لە بزاڤەكاندا پەیڕەوێك دەنووسرێت و هەر كەسێك ئەمەی پەسند كرد، پەیڕەوی دەكات و لەسەری بەڕێوە دەچن، بەڵام ئێمە شتێكی وەهامان نەبوو، هەرچەندە شتێكی وەهاشمان لە وێنەی پەیڕەوی ناوخۆدا نەبوو، بەڵام وەك بڵێی لەنێوانماندا پەیڕەوێك هەیە و نووسرابێت وەهابوو، هیچ شتێكی نووسراوی بەم چەشنەمان نەبوو، ئێمە لەدڵەوە ئەو پەیڕەوەمان بۆ خۆمان دروست دەكرد، هەر هەڤاڵێكیش ئەمەی پەیڕەو دەكرد بەهوشیارییەوە پەیڕەوی دەكرد. لەوانەیە لەرووی ئەزموون و زانابوونەوە ئەوەندە بەهێز نەبووین، بەڵام باوەڕییەكی زۆر بەهێزمان بە سەرۆك هەبوو. چونكە ئێمە دەمانبینی بەردەوام سەرۆك دەیخوێندەوە، شەو و رۆژ دەیخوێندەوە، كاتێك شتێكی دەخوێندەوە و لێی تێدەگەیشت دەهات لەگەڵ ئێمە گفتوگۆی دەكرد، ئەوەی تێدەگەیشت بە ئێمەشی دەدا. واتا بەرەنجێكی مەزن و بە ئێشێكی مەزنەوە بە لێكۆڵینەوەیەكی مەزنەوە هەرشتێك و ئەنجامێكی دەربخستبایە دەیخواست بەئێمەشی بدات و بەئێمەشی دەدا، لەسەر ئەو بنەمایە ئێمەشی

پێشدەخست. ئێمە زیاتر شتی ئامادەکراو و پاككراومان لە سەرۆك وەردەگرت، لێکۆڵینەوەکردن و بەرمنجی خۆمان خۆمان پەروەردە بکەین، شتێکی وەها کەم بوو. زیاتر سەرۆك ئێمەی پەروەردە دەکرد، ئەوەی سەرۆك بە ئێمەی دەدا و وەرماندەگرت و لەنێو کەسانی دیکەدا بلاومان دەکردەوە. بۆ ئەوەی هەندێك هەڤاڵ بۆ خۆمان قازانج بکەین. ئەوەی ئێمە دەمانکرد زیاتر ئەوە بوو، شانبەشانی ئەوەش هەندێك خۆمان پەروەردە دەکرد، پەرتووکمان دەخوێندەوە، بەلام بەشێوەیەکی سیستەماتیك نەبوو. بەلام سەرۆك پڕ بە سیستەم و بەرێکوپێکی دەیخوێندەوە. ئێمە هەم دەچووینە زانکۆ و وانەکانەوە هەمیش کاری دیکەمان دەکرد. بۆیە کات و توانستی ئەوەمان نەبوو پەرتووك بخوێنینەوە و لەرووی ئایدیۆلۆژییەوە خۆمان قووڵبکەینەوە. بۆیە ئێمە زیاتر لە سەرۆکمان وەردەگرت. بەمە خۆمان پەروەردە دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا کە دەرفەتمان دەبوو خۆمان پەروەردە دەکرد. لەناو ئەو کەسانەی کە باوەڕیمان پێیان دەکرد ئەو فیکرەیەمان بلاودەکردەوە. ئێمە وەها کارمان دەکرد.

بەکورتی هەڤاڵێتییەکی پتەو و تۆکمە لەنێوانماندا هەبوو، رێز و باوەڕییەکی زۆر مەزن هەبوو، هەرشتێك کە شایستەی خۆمان نەدەبینی شایستەی هەڤاڵی خۆشمان نەدەبینی، هەرچییەکمان شایستەی خۆمان ببینیایە شایستەی هەڤاڵی خۆشمان دەبینی، ئەوەی لە ئێمەدا بنچینەبوو ئێمە بەیەکدیمان باوەڕ دەکرد و رێزی یەکترمان دەگرت و بەدروستی لەیەك نزیك دەبووینەوە. هەروەها باوەڕییەکی مەزنیشمان بە سەرۆك و فیکری سەرۆك هەبوو، هەر ئەوەمان هەبوو، هیچ شتێکی دیکەمان نەبوو، ژیانێکی شەخسیمان نەبوو، ژیانی ئێمە بەتەواوی بۆ یەکتر بوو، ئیمکانمان بۆ یەکتر بوو، ئێمە بەمشێوەیە دەژیاین. هەر لەو کاتەوە خۆمان لەخودی خۆمان دەرخستبوو. ئەمەش بە سەرۆك هاتەدی. ئێمە ژیانی سەرۆکمان بینی کە چۆن دەژی، ئێمەش ئەو ژیانەمان بەبنچینە وەرگرت. لەژیانی سەرۆکدا ژیانێکی شەخسی نەبوو، بۆیە ئێمەش ژیانێکی شەخسیمان نەدایە پێش خۆمان. ئەمە هەر لەسەرەتاوە وایکرد ئێمە لە ئێمە دەربخات. بۆیە هیچ کاتێك ژیانێکی شەخسی بۆ ئێمە دروست نەبوو، ئیدی ئەمە بووە پرەنسیپێك لەنێو ئەم تەڤگەرەدا، بووە هێزێك لەنێو تەڤگەردا. واتا ملیتانێتی ئەم

تەڤگەرە لەسەر ئەو بنەمایە پێشکەوت؛ لەسەر دروستبوون و پەیوەستبوون و باوەڕی پێشکەوت.

بێگومان لەو کاتەدا بەقورسی لەکێشەی کورد تێدەگەیشتین، نەماندەزانی کە کێشەیەکی هێندە گران و هێندە مەترسیدارە. ئێمە وەها تێنەدەگەیشتین، بەڵکو وەك هەر کێشەیەکی دیکە دەمانبینی. دواتر ئێمە لەوە تێگەیشتین کە کێشەکە زۆر گران و مەترسیدارە. ئێمە کەی لەوە تێگەیشتین کە زۆر مەترسیدار و گرانە؟ کاتێك کە گروپ دروست بوو و بڕیارمان دا لە ئەنقەرەوە بچینە کوردستان و لەکوردستان پەرە بە تێکۆشان بدەین، ئەو کاتە لەنێو ئێمەدا هەندێك کەس گووتیان:" ئەمە زۆر مەترسیدارە، ئەمە مردنە، پێویستە ئێمە نەچینە کوردستان، ئێمەش وەك هەر رێکخراو و تەڤگەرێکی دیکە با هەر لە ئەنقەرەدا بمێنینەوە، ئەوان چی دەکەن با ئێمەش وابکەین" ئەوکاتە لەمەترسی ئەو کێشەیە تێگەیشتین. تا ئەو کاتە ئێمە تێنەگەیشتبووین کە بەراستی کێشەیەکی پڕ مەترسیدارە، تۆ ئەگەر دەست بهاوێژیتە ئەو کێشەیە ئەوا دەبێت رۆحی خۆت بخەیتە نێو چنگتەوە.

ئێمە لەوە تێنەگەیشتبووین، دوای بڕیاری گەڕانەوەمان لە ئەنقەرەوە بۆ کوردستان لێی تێگەیشتین. چونکە زۆر کەس ترسان و دەستبەرداری تێکۆشان بوون. واتا ئەو کەسانەی باوەڕیان بە پێشکەوتن و سەرکەوتن نەبوو، تەنیا مردنیان دەهاتە بەرچاو. بۆیە هیچ هەنگاوێکیان نەدەهاوێشت. ئەوکاتە تێگەیشتین ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی پڕگران و خەتەرناکە، ئەوەی کەوتە نێو ئەو مەسەلەیەوە دەبێت بەگوێرەی ئەمە هەڵسوکەوت بکات.

ئیدی ئەم تەڤگەرە هەر لەسەرەتایەوە چەندە پێشکەوت و چەندە گۆڕانکاری دەئافرێنێت و چەندە مەزن دەبێت یۆتۆپیایەکی وەهامان نەبوو. ئەوەی هەمان بوو ئەمە بوو:"مادام هەر کەس بۆ گەل و وڵاتی خۆی خەبات دەکات، ئێمەش گەل و وڵاتێکمان هەیە و پارچە پارچە و ژێردەست بووە، پێویستە ئێمەش خەبات بکەین و وڵاتمان وڵاتێکی بندەستە و پارچە پارچە بووە، پێویستە خاوەنداری لە وڵات و گەلی خۆمان بکەین" تێڕوانینمان بەو شێوەیە بوو. تۆ بڵێی بتوانین خاوەنداری لەمە بکەین یان نا؟ زێدە بیرمان لێی نەدەکردەوە، ئەمە پاشان بەدیهات.

ئێوە بەرلەوەی بگەڕێنەوە کوردستان لە ئەنقەرە گروپێکی بچووك بوون، باستان لەو پەیوەندییە هەڤاڵێتییەش کرد کە لەنێوانتاندا هەبوو، تا ئەوکاتە لەرووی سیاسییەوە بیرکردنەوەیەکی سیاسی یان راستر بڵێین چالاکی سیاسیتان هەبوو؟ لەبەرامبەرتاندا هیچ هێزێك هەبوو لەدژتاندا چالاکی بنوێنێت؟

بێگومان بەرلەوەی بچینە کوردستان لە ئەنقەرە چالاکیمان هەبوو. چالاکییەکانمان یەکەمیان: لەنێو خوێندکاراندا بوو لە خوێندنگا و زانکۆدا، ئەو کاتە فاشیستی تورك هەبوون، لەنێوان فاشیستەکان لەلایەك و هێزە چەپ و دیموکراتیخوازەکاندا شەڕ هەبوو، شەڕەکانیش دژواربوون، فاشیستەکان دەیانخواست لەهەموو خوێندنگاکاندا باڵادەستی خۆیان بسەپێنن و نەهێڵن شۆڕشگێڕ و دیموکراتیخوازەکان بچنە خوێندنگاکانەوە، شۆڕشگێڕەکانیش بەرگریان دەکرد. ئیدی شەڕ و پێکدادان دروست دەبوون و دەستبەسەرداگرتن روویدەدا. کێ بکەوتبایە خوێندنگایەکەوە نەیدەهێشت ئەوەی دیکە بکەوێتە ئەو خوێندنگایەوە، واتا زۆر توندوتیژ بوو، بۆیە چالاکییەکانی ئێمەش لەدژی فاشیستەکان لەخوێندنگاکاندا بوو. بێگومان لەناو هەموو تەڤگەرە چەپڕەوەکان و تەڤگەرە کوردییەکانیشدا بەمشێوەیە ناسراین. واتا ئێمە لەناو تەڤگەری چەپەکاندا لەدژی فاشیستەکان شوێنمان گرت، لەدژی فاشیستەکان لە هەموو شوێنێك شەڕمان کرد. هەمیش لە پێشەوە شەڕمان کرد، ئەمە هەم ئێمەی ناساند و هەمیش بیروباوەڕییەکی بەهێزی بۆ ئێمە ئافراند. بۆ نموونە؛ هەموویان رێزی ئێمەیان دەگرت. بۆچی؟ چونکە ئێمە لەدژی فاشیستەکان لە پێشی پێشەوە رادەوەستاین، ئێمەیان بە هێزێکی مەزن دەبینی بۆ خۆیان.

شانبەشانی ئەمە لە ئەنقەرە لە گەڕەکی "**ئایدن پاشا، تووزلوچایر** و **ماماك**"دا چالاکیمان دەکرد. لەو گەڕەکانەدا زیاتر کورد هەن، زۆربەشیان کوردی عەلەوین، فاشیستەکان دەیانخواست لەو گەڕەکانەدا رێکخستنی خۆیان دروست بکەن و کوردان

بترسێنن و بێکاریگەریان بکەن، هەوڵێکی بەمجۆرەیان دەدا. ئێمەش لەو گەڕەکانەدا لەدژی فاشیستەکان تێکۆشاین و خەباتمان کرد و شەڕمان کرد. زیاتریش ئەو تێکۆشانە لەژێر سەرۆکایەتی هەڤاڵ "کەمال پیر"دا بەڕێوەدەچوو. لەو گەڕەکانەدا هەندێك گەنجی ناسیبوو، رێکیخستبوون. بەو گەنجانە لەدژی فاشیستەکان خەبات و چالاکی دەکرد و هەموو ئەو گەڕەکانەیان لە فاشیستەکان خاوێن کردەوە. ئەو گەڕەکانە کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی ئێمە، واتا لایەنێکی چالاکییەکانمان ئەمە بوو.

لایەنێکی تریش لە چالاکییەکەمان لەدوای کودەتای سەربازی ئاداری ساڵی (١٩٧١)دا سەربازەکان لەهەموو جێگەیەکدا باڵادەستی فاشیستەکانیان سەپاندبوو. ئیتر هەوڵی ئەوەمان دەدا کە چۆن باڵادەستی ئەوان بشکێنین و باڵادەستی شۆڕشگێڕ و چەپەکان بسەپێنین. لەم رووەوە کار و خەباتمان دەکرد. لەناو چەپی تورکیشدا هەندێکیان دەیانخواست ئەمە خراپ بەکار بهێنن، چەپی سەرەکی و تەڤگەرە سەرەکییەکان زەبریان بەرکەوتبوو و دەستگیرکرابوون و لەسێدارە درابوون، شەهیدببوون، بەمەش بۆشاییەك هاتبووە ئاراوە. هەندێکیش فێڵبازیان دەکرد و دەیانخواست ئەو بۆشاییە بۆخۆیان پڕبکەنەوە. زووتر دەستیان هاوێشتبووە نێو گەنجانەوە. چونکە گەنجان بێ رێکخستن مابوونەوە، کەسانی نێو تەڤگەرەکانی دیکە هەموویان دەستگیرکرابوون و شەهیدببوون و لەسێدارە درابوون، ئەوەی مابووەوەش لە زیندانەکاندا بوون. ئەوانە لەو بۆشاییەدا سوودیان وەرگرت و دەستیان خستبووە نێو گەنجانەوە و رێکخستنیان پێشخستبوو، لەم رووشەوە هەندێك کارمان کرد؛ یەکەم: بۆئەوەی هەموو بزاڤەکانی لاوانی چەپگەر لەژێر کۆنترۆڵی کەسانی دیکەدا نەبێت، هەوڵماندا تا ئەو گەنجانە لەژێر کاریگەری ئەوانە دەربخەین و لەنێو رێکخستنی ئەواندا دەربکەون. بۆ ئەوەی تەڤگەرەکانی گەنج و چەپ کۆببنەوە و ببنە هێزێك و بتوانن لەدژی فاشیستەکاندا رابوەستن و باڵادەستی فاشیستەکان بشکێنن.

بۆ نموونە؛ لە کۆلیژی زانستە سیاسییەکاندا، ئەو کۆمەڵەیەی سەرباز و پۆلیسەکان دابوویان بە فاشیستەکان، سەرۆك ئاپۆ کار و خەباتی دەکرد بۆئەوەی ئەو کۆمەڵەیە لەدەست فاشیستەکان دەربکەوێت و بکەوێتە دەست چەپی تورکیا و لەمەشدا بە ئەنجامیش گەیشت، لە دەست فاشیستەکانی دەرخست و تەسلیمی چەپی تورکیای

کردەوە. هەروەها لەدژی لەسێدارەدانی" دەنیز گەزمیش" و هاوڕێکانی و شەهیدبوونی" ماهیر چایان" و هاوڕێکانی سەرۆك لە کۆلیژی زانستە سیاسییەکاندا چالاکی بایکۆتکردنی پێشخست. بەم هۆیەوە کەوتە زیندانەوە، پاشان ئازاد بوو. هەروەها بۆ ئەوەی لاوانی چەپ و دیموکرات هەموویان لەژێر چەتری ڕێکخستنێکدا کۆبکاتەوە و ببێتە هێزێك تاکو بتوانن لەدژی فاشیستەکان لە خوێندنگاکاندا رابوەستن "کۆمەڵەی خوێندکارانی خوێندنی باڵای شۆڕشگێڕ لە ئەنقەرە (ADYÖD)" دامەزرا، لەوێدا ئێمە کار و خەباتمان دەکرد، لەئەنجامی ئەو کارەدا سەرۆك بووە سەرۆکی نهێنی (ADYÖD). چونکە لەرووی فەرمییەوە بەڕێوەبەرایەتییەك هەبوو، ئێمە ئەو بەڕێوەبەرایەتییەمان فراوان کرد تاکو هەموو لاوانی تێدا کۆبکەینەوە. ئێمە ئەوەمان ئەنجامدا و بووە هێزێکی مەزن. لەسەر ئەو بنەمایە پروپاگەندە و رێکخستەبوونێکی بەهێز لە زانکۆدا دەستپێکرد، زۆر بەشی زانکۆمان لەژێر کاریگەری فاشیستەکان دەرخست، ئیدی شۆڕشگێڕان باڵادەست بوون.

لەلایەنێکی دیکەشەوە؛ هەوڵمان دەدا کە چۆن بتوانین چەپی تورك و تەنانەت لایەنە کوردییەکانیش بخەینە سەر رێی راست و لەژێر کاریگەری کەمالیزم و شۆڤێنیزم و میللیگەرای سەرەتایی دەریانبخەین. بۆچی تەڤگەرە چەپڕەوەکان و کوردییەکان لە کودەتا سەربازییەکان زەبریان بەرکەوت؟ هۆکاری ئەم زەبرخواردنە چیبوو؟ هەڵە و کەموکوڕی لەمەدا چیبوو؟ هەروەها بۆ ئەوەی ئەمە دووبارە نەبێتەوە پێویستە چی بکرێت؟ کێشەکە چۆنە؟ لەسەر ئەو مەسەلانە گفتوگۆمان دەکرد و دەمانخواست ئەوانە لەو مەسەلانە تێبگەیەنین و ئەوانە رابکێشینە سەر راستەڕێی تێکۆشان. ئیدی کارێکی بەمشێوەیەشمان ئەنجام دەدا...

بە بەرپابوونی کودەتای (١١)ی ئاداری (١٩٧١) گروپە چەپەکانی وەك گروپی "ماهیر چایان" و گروپی "دەنیز گەزمیش" تەسفیەدەکرێن. لێرەدا کودەتایەکە بەگشتی و تەسفیەبوونی ئەو دوو گروپە بەتایبەتی چ کاریگەرییەکی لەسەر گروپەکەی ئێوە هەبوو؟



ڕێپێوانی جەماوەری بزاڤە چەپ و شۆڕشگێڕییەکان

هەڵبەتە سەرۆك زیاتر بزاڤەکانی پارتی ـ بەرەیی ـ **ڕزگاری گەلی تورکیا** (Türkıye Halk Kurtuluş Partisı-Cephesi) **بەڕێبەرایەتی "ماهیر چایان"(١)** و **ئەرتەشی ڕزگاری گەلی تورکیا** (Türkıye Halk Kurtuluş Ordusu) **بەڕێبەرایەتی"دەنیز گەزمیش"(٢)** و **ئەرتەشی ڕزگاریخوازی کرێکاران و جووتیارانی شۆڕشگێڕی تورکیا** (TİİKKO) **بەڕێبەرایەتی " ئیبراهیم کایپاك کایا"ی(٣)** لەهەموو گروپەکانی دیکەی چەپ باشتر دەبینی. چونکە ئەو کاتە زۆر گروپ و بزاڤی دیکەی چەپ هەبوون، زێدەتریش خۆی نزیکی بزاڤەکەی **"ماهیرچایان"** دەبینێت، نەك بەتەواوی ئەوانە بەبنەما وەربگرێت. بەڵام لەهەندێك ڕووەوە هەواداری خۆی بۆیان هەیە، لەهەندێك شتدا خۆی نزیکی ئەوان دەبینێت. چونکە هیچ کاتێك نەبووەتە ئەندامی ئەو بزاڤە، دەخوازێت لەو سێ بزاڤە و هەموو بزاڤە چەپگەرەکانی تریش باشتر تێبگات. مێژووی بزاڤی چەپ مێژوویەکی چۆنە؟ چۆن سەریهەڵداوە؟ چی کردووە؟ چۆن زەبری بەرکەوتووە؟ لەچیدا زەبری خواردووە؟ لەسەر ئەو مەسەلانە بە قووڵی ڕاوەستەی کردبوو و ئەوەی بینیبوو کە دەزگای ئیستخباراتی تورك (میتMİT) زۆر بەهێزە. میتی تورك دەکەوێتە نێو بزاڤەکانەوە؛ یان ئەو بزاڤانە بەتەواوەتی دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و

پووچیان دەکاتەوە و کۆتاییان پێ دەهێنێت، یان ئەگەر نەتوانێت بیانخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە ئەوا پارچە پارچەیان دەکات. بەمەش بێکاریگەریان دەکات و بزافەکان بەگژ یەکتردا دەدات و شەڕی یەکتریان پێدەکات. بەمشێوەیە بێکاریگەریان دەکات. واتا بزافی چەپی تورك هیچ کاتێك نەیتوانیوە پیلانەکانی میت پووچەڵ بکاتەوە و لەنێو گەمارۆ و کۆنترۆڵی میت (MİT)دا دەرنەکەوتووە. بۆیە هەمیشە زەبری بەرکەوتووە. ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە. سەرۆك چۆن بتوانێت ئەو تەڤگەرەی پێشیدەخات نەکەوێتە نێو ئەو رەوشەوە و ئەو هەڵەیەوە. واتا چۆن میت (MİT) نەتوانێت کۆنترۆڵ لەسەر تەڤگەرەکە دروست بکات؟ چی بکات بۆ ئەوەی ئەمە روونەدات؟ بۆچی بزاڤ و تەڤگەرەکانی دیکە دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی میتەوە؟ دەبینێت هۆکارەکەی تەرز و شێواز و بیرکردنەوەیانە، هەم رامان و بیرکردنەوەیان هۆکارە، چونکە تەواو لە کەمالیزم خۆی دانەبڕیوە، هەمیش ئەو تەرزەی خەباتی پێدەکەن هۆکاری ئەمەیە. کەواتە پێویستە هەم لە رامان و بیرکردنەوەی کەمالیزم خۆیان دابڕن، هەمیش لەتەرزدا تەرزێکی ئەوتۆ بەڕێوە ببەن بۆئەوەی تەڤگەرەکە نەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵەوە. ئەو تەرزەی چەپی تورك پەیرەوی دەکات چ تەرزێکە؟ تەنیا بە کۆمەڵە و بە رۆژنامە کار دەکەن، هەموویشی ئاشکران، بۆیە میت (MİT) یەکسەر کۆنترۆڵیان لەسەر دادەنێت. بۆیە پێویستە تا تەڤگەر دروست دەبێت و دەتوانێت لەسەر پێی خۆی رابوەستێت ئەو تەرزە بەڕێوە نەبرێت. سەرۆك دەرئەنجامێکی بەو شێوەیەی دەرخستبوو. بۆیە تەڤگەری ئێمە بەم شێوە و تەرزە دەستی بە خەبات نەکرد. واتا بە دروستکردنی کۆمەڵە و دەرخستنی رۆژنامە دەستی پێ نەکرد، بۆیە تا دەوڵەت تێگەیشتنی تەواوی لەسەر تەڤگەری ئێمە دروست بوو، تەڤگەرەکەمان مەسافەیەکی باشی وەرگرتبوو. واتا رەگی خۆی باش داکوتابوو و کرۆك و بناخەی خۆی تۆکمە کردبوو، پاشان کە میت (MİT) خواستی کۆنترۆڵی خۆی بکات، بەڵام نەیتوانی.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە سەرۆك هەمیشە بەرێزەوە لەو سێ بزاڤانەی باسمان کرد نزیکبووەوە. چونکە کاریگەری ئەوان لەسەر ئەو هەبوو. لەوان هەندێك شت تێگەیشتبوو، بۆیە هەمیشە خۆی قەرزاری ئەو بزاڤانە دەبینی. چونکە خۆی کەسێتییەکی چەپە و لە تەڤگەرێکی چەپ دایە، لەبەرامبەر هەموو تەڤگەرێکی چەپ و

کەسێتییەکی چەپیشدا خۆی بە بەرپرسیار دەزانی، بەرپرسیارێتی خۆیشی هەمیشە پێکدەهێنا. کاتێك "**دەنیز گەزمیش**" و هاورێکانی لەسێدارە دران و "**ماهیر چایان**" و هاورێکانی شەهید بوون، بایکۆتی سیاسی پێشخست، بۆ ئەوەی تەڤگەری چەپرەو کۆبکرێتەوە زۆر فیداکاری کرد و کەوتە نێو هەوڵدانەوە. هەمیشە خۆی بەرپرسیار بینی و ئەو بەرپرسیارێتییەشی پێکهێنا.

بێگومان لێرەدا هەڤاڵێتی "**حەقی قەرار**" و "**کەمال پیر**"یش رۆڵی مەزنی خۆیان هەیە، لەبەرامبەر ئەوەی کورد نین و کوردستانییش نین و هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ سەرۆك ئاپۆدا شوێنیان گرت، **سەرۆك ئاپۆ** بەردەوام بەهایەکی مەزنی بەمەدا، لە شەخسی ئەو هەڤالانەدا بەردەوام گەلی تورك و چەپی تورکی بۆ خۆی بەبنەما وەرگرت و بەرێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵیاندا دەکرد و خۆی قەرزاربار بینی، ئیدی چی بکات تاوەکو ئەو قەرزە بداتەوە؟ چیبکات ئەو رێزگرتنە لە پراکتیکیشدا پێکبهێنێت، ئەم یەکێتییەی نێوان سەرۆك و "**حەقی قەرار**" و "**کەمال پیر**" گوزارشتی لە یەکێتی نێوان گەلی کورد و تورکیش دەکرد، یەکێتییەك لەسەر بنەمای ئیرادەیەکی ئازاد و دیموکرات ئاوابوو. هەڵبەتە لە چەمکی **سەرۆك ئاپۆ**شدا ئەمە بەبنچینە وەردەگرێت، واتا چۆن یەکێتی گەلان لەسەر بنەمای ئیرادەیەکی ئازاد و دیموکرات ئاوا بکات؟ ئیدی ئەمە لەشەخسی "**حەقی قەرار**" و "**کەمال پیر**"دا پێکهاتبوو، هەمیشە ئەمەی بۆ خۆی بەبناخە وەردەگرت، بەردەوامیش لەهەر هەلومەرجێکدا خواستی بەرپرسیارێتی خۆی لەبەرامبەر گەلی تورکیا و چەپی تورکیا و هێزی ئازادی و دیموکراتی تورکیا پێك بهێنێت. بۆیە خاوەندارێتی لە شەهیدبوونی "**ماهیر چایان**" و ئەوانی دیکە کرد، تەڤگەری ئاپۆچێتی کردە بەردەوامی ئەو تەڤگەرانە، مادام ئەوان هێندە کاریان کرد و کەمێك ئەنجامیشیان بەدەست خستبوو، کاریگەریان لەسەر **سەرۆك ئاپۆ** هەبوو، بۆ ئەوەی لەمەسەلەی کورد تێبگات و خاوەندارێتی لە گەلی کورد و کوردستان بکات، پێویستە **سەرۆك ئاپۆ**ش بەردەوامی بەو تەڤگەرانە بدات، بەمشێوەیە خاوەندارێتی لێکرد و بەرسڤی دایەوە، ئەو شەهیدبوونانەی کردە هۆکاری ئەوەی تەڤگەرێکی ئازادیخواز و دیموکراتیخواز لە کوردستان پێشبخات.

ئەگەر (PKK) لەدایکبوو و بەمشێوەیە پێشکەوت ئەوا هۆکارێکی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە. چونکە ئەو شەهیدبوونانەی کردە هۆکارێك تاکو تەڤگەری ئازادی و دیموکراتی و سۆسیالیزم نەکوژێتەوە و لەناو نەچێت و لاواز نەبێت و بژێت، وەها بەرسڤی دایەوە و بەرپرسیارێتی خۆی بەجێهێنا. بێگومان لەو شەهیدبوونانەش ئەنجامی لێوە هەڵهێنجا. واتا چی "دەنیز گەزمیش" و هەڤاڵانی بەرەو پەتی سێدارە برد؟ چی "ماهیر چایان" و هاوڕێکانی بەرەو شەهیدبوون برد؟ باش لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەم مەسەلانە کرد، لەمەوە ئەو دەرئەنجامەی دەرخست کە پێویستە چارەنووسەکەی تەڤگەری ئاپۆچێتی وەکو چارەنووسی ئەو تەڤگەرانە نەبێت. چونکە بە لەسێدارەدان و شەهیدبوونی ئەوان ئەو تەڤگەرانەش تەسفیەبوون و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەما، پارچە پارچە بوون، گەلێکیان نەمان و گەلێکیشیان کەوتنە ژێر کاریگەری دەوڵەتەوە، ئەو تەڤگەرە هێندە مەزنانە لە گۆڕێدا نەمان، ئیدی چی بکات تاکو رەوشێکی بەو شێوەیە بەسەر بزووتنەوەی ئاپۆچێتیشدا نەیەت؟ لەمەشدا ئەو وانەیەی لێهەڵهێنجا. لەسەر ئەو بنەمایە تەڤگەری ئاپۆچێتی پێشخست. ئەم تەڤگەرەشی کردە بەردەوامی ئەو تەڤگەرانە، نوێنەرایەتی ئەو تەڤگەرانەی لە گۆڕەپانی کوردستان و لە نێو گەلی کورددا کرد و ژیاندنی.

ئەو چالاکییە پرۆتستۆییەی لەدژی لەسێدارەدانی دەنیز گەزمیش و هاوڕێکانی شەهیدبوونی "ماهیر چایان" لەساڵی (١٩٧٢) ئەنجام دەدرێت، رۆڵی سەرۆك ئاپۆ لەم چالاکییەدا چییە؟ وەك دەزانرێت بەهۆی ئەم چالاکییەوە دەستگیریش دەکرێت، زیندانیبوونی سەرۆك بۆ یەکەمین جار چ واتایەك دەهات و سەرۆك خۆی چ ئەنجامێکی لێوە دەرخست؟



شەهید دەنیز گەزمیش

شەهید ئیبراهیم کایپاک کایا

شەهید حوسێن ئینان

شەهید یوسف ئەسلان

دۆغان فرتنه

لەو بایکۆتەی کە لە کۆلێژی زانستە سیاسیەکاندا ئەنجامدرا دوو کەس سەرکێشی ئەم چالاکییە دەکەن، یەکیان **سەرۆك ئاپۆ** بوو، ئەوەی تریشیان "**دۆغان فرتنە**"بوو. "**دۆغان**" گەنجێکی خەلکی ناوچەی "**تراکیا**"یە و هەڤالێکی "**ماهیر چایان**"بوو، ئەمانە هەردووکیان ئەو بایکۆتە پێشدەخەن و پێشەنگایەتی ئەو بایکۆتە دەکەن، هەردووکیشیان دەستگیر دەکرێن. لەم چالاکییەدا رۆلی **سەرۆك ئاپۆ** سەرۆکایەتیکردنی ئەو چالاکییەیە. هەردووکیان نزیکەی حەوت ـ تا هەشت مانگ لە زیندانی "**ماماك**" دەئاخنرێن و دادگایی دەکرێن. پاشان لە ئەنجامی ئەو دادگاییەدا ئازاد دەکرێن. وابزانم باوکی "**دۆغان فرتنە**" ژەنرالە، ئەمەش لە ئازادکردنیاندا کاریگەری خۆی هەیە. ئەگەر وا نەبایە ئەوکاتە زەحمەت بوو هەردووکیان ئازاد بکەن. ئەگەر "**دۆغان**" بەربدەن و سەرۆك بەر نەدەن ئەوەش نابێت. ناچار بوون هەردووکیان بەربدەن، بەم هۆیەوە ئازادکران.

لەلایەکی دیکەشەوە تاوانی ئەوان تاوانێکی ئەوتۆ نەبوو کەوا سزایەکی گرانیان بەسەردا جێبەجێ بکەن، ئەگەر تەواو سزایان بدابانایە لەوانەبوو بیانخستنایەتە چوارچێوەی "تاوانی رێکخستنی"، ئەوکاتە چوار ـ پێنج سال زیندان دەکران. چونکە

ئەوکاتە سزای ڕێکخستنبوون هەر ئەوەندە بوو، وەکو ئێستا نەبوو. بێگومان پاشان ئەو سزایەیان گران کرد و کردیانە پانزە ـ بیستساڵ. ئەوکاتە بەمشێوەیە نەبوو، لەبەر ئەوەی تەنیا بایکۆتیش بوو، هەروەها لەبەر ئەوەی باوکی "دۆغان فرتنە"یش ژەنراڵ بوو، ناچار بوون حەوت ـ هەشت مانگیان زیندانیکردن، دوای دادگاییکردن ئازادیان کردن، بەمشێوەیە ئازادبوون.

بێگومان سەرۆك ئاپۆیش خۆی دەیگووت و لەم بارەیەوە نووسینیشی هەیە، لەوانەیە ئێوە خوێندبێتانەوە دەڵێت:" کاتێك لە زینداندا بووم زۆر بیرم دەکردەوە من چی بکەم کە جارێکی دیکە نەکەومە زیندانەوە، من چی بکەم بۆ ئەوەی ئەو تەڤگەرەی کە دەستم پێیکرد چارەنووسەکەی وەکو چارەنووسی تەڤگەری "ماهیر چایان" و "دەنیز گەزمیش" نەبێت". واتا تەڤگەرەکە زەبری بەرنەکەوێت و بەردەوام بکات و بەئامانجی خۆی بگات. سەرۆك دەڵێت:"من لەسەر ئەو مەسەلەیە زۆر بیرم کردەوە" هەروەها دەڵێت:"من لەگەڵ خۆمدا بڕیارم دا کە جارێکی تر هەرگیز نەکەومە زیندانەوە و نەگیرێم و تەڤگەرەکەمان نەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵەوە و هەرگیز زەبری بەرنەکەوێت". هەروەها دەڵێت:" لەسەر مەسەلەی کوردستان زۆر بیرم کردەوە و تێیدا قووڵبوومەوە" بۆیە دەڵێت:"لە بنچینەدا من لە زینداندا گەیشتمە ئەنجام و بڕیارم دا بەناوی کورد و کوردستان تەڤگەرێك پێشبخەم" هەروەها دەڵێت:"سوودی ئەم زیندانیبوونە ئەوەبوو" هەڵبەتە دوای ئەوەی لەزیندان دەرکەوت هەنگاوی ئاواکردنی ئەو تەڤگەرەی هاوێشت. سوودی ئەو زیندانیکردنەش ئەوەبوو. ئەگەر ئەو بەرخۆدانییەی لە زانکۆ پێشنەخستبایە و دەستگیرنەکرابایە و قووڵبوونەوەیەکی بەو شێوەیە نەژیابایە، باش دووژمنی نەناسیبایە و ئەزموونی لەوە هەڵنەهێنجابایە لەوانەبوو تەڤگەری ئێمەش پێشنەکەوتبایە، ئەگەر پێشبکەوتبایەش لەوانەبوو وەکو تەڤگەرەکانی دیکەی بەسەر بهاتبایە، چی بەسەر ئەو تەڤگەرانە هات هەمان شتیش بەسەر تەڤگەری ئێمەدا بهاتبایە.

بۆ هەڤالانی ئەو کاتە ئەو دەسگیرکردنە بە چ واتایەك دەهات؟

ئەوکاتە تەڤگەر یان گروپ لەئارادا نییە و هێشتا سەرۆك بەتەنیایە. بەگشتی وەکو کەسێتییەکی چەپڕەو هەڵسوکەوت دەکات و هیچ گروپێك لەدەوربەریدا نییە، تەنیا چەند هەڤاڵێکی شەخسی لە زانکۆدا هەیە، واتا هەڤاڵێتییەکی چەپایەتی (چەپڕەوێتی) هەیە.

دوای ئەوەی گروپ دروست دەبێت و هەندێك پێشدەکەوێت، هەڵگری چ چەمکێکی فەلسەڤی و سیاسی و ئایدیۆلۆژین و بە چ رەنگێك شیکردنەوەی مەسەلەکانیان دەکرد؟

کەناری چووبووك

بێگومان هەر لەسەرەتاوە وەکو ئەمڕۆ لە رووی فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی و سیاسی و رێکخستنی و ژیاندا قووڵبونەوەیەکی زۆر لەئارادا نەبوو. سەرەتا وەکو سەرۆکیش دەڵێت:" من گووتم کوردستان داگیرکراوە، من ئەوەم دەستنیشان کرد". دەڵێت:" ئەمەش بۆ من دەستنیشانکردنێکی زۆر مەزن بوو" تەنانەت دەڵێت:"لە کەناری **چووبووك**، لەگەڵ هەڤالانم بۆ یەکەمین جار روونمکردەوە و باسم لێوەی کرد، من زۆر بە زەحمەتی و دژواری روونمکردەوە، زۆر زەحمەتیم بینی" هەروەها دەڵێت:" بیرکردنەوەیەکی وەها نەبوو کە تەڤگەرێکی جودا پێشبخەین، سەرەتا بیرکردنەوەیەکی وەها نەبوو، توانست و زەمینەیەکی وەها زێدە بەهێزیش بۆ ئەوە نەبوو. واتا بە زانابوونێکی سنووردار گەیشتمە هەندێك ئەنجام، ئەنجامی هەرە مەزنیش ئەوەبوو کە کوردستان ستاتۆیەکی داگیرکراوێتی هەیە، مادام داگیرکراوە پێویستە مرۆڤ لەدژی ئەمە رابوەستێت"، دەڵێت:" ئیدی من بەم دوو وشەیە **"کوردستان داگیرکراوە"**دەستم پێکرد.

بێگومان پاشان کە ئەو فیکرەیەی خستە ناو ئەو کەسانەوە بینی کەسەکان ئەم فیکرەیە پەسند دەکەن و لەسەر ئەم فیکرەیە دێنە لای یەکتر. ئیتر ئەم فیکرەیەی قووڵکردەوە و بەهێزتری کرد. بەمەش لە ئەنقەرە سەرۆك لەگەڵ هەڤاڵ **"محەمەد**

خەیری دوورموش"دا پەرتووکی مێژووی داگیرکەری (مێژووی کۆلۆنیالیزم)یان ئامادەکرد، سەرۆك قسەی کرد و هەڤالْ "محەمەد خەیری دوورموش"یش پێیداچووەوە و کردی بە نامیلکەیەك و بلاوکرایەوە. لە مێژووی تەڤگەری ئێمەدا ئەم نامیلکەیە یەکەم نووسینی ئێمەیە، یەکەمین بەلگەی تەڤگەرە و تا ئێستاش لە ئەرشیفی تەڤگەردا پارێزراوە. ئەم نامیلکەیە دەبێتە بناخەی هەموو ئەو هەلسەنگاندن و شیکردنەوانەی کە پاشان دەکرێن. پەرتووکی مانیفێستۆ ـ رێگای شۆرشی کوردستان لەسەر بنەمای ئەم هەلسەنگاندنە پێشیخست. پاشان هەندێك پەرتووکی دیکەی لەسەر ئەمە پێشخست و ئەم هەلسەنگاندنەی فراوان کرد. واتا ئایدیۆلۆژیا و دەستنیشان کردنەکانی ئەم تەڤگەرە هەمووی لەم ئاخافتنەی سەرۆکدا هەیە. لەو نامیلکەیەدا ئەوەی دەستنیشانی کردووە، هەمان ئەو دەستنیشانکردنەیە کە ئێستا لەبەرگرینامەکانی ئەم دواییەیدا هەیە. واتا ئەو دەستنیشانکردنانەی کە لە بەرگرینامەکەدا هەن هەمان ئەو دەستنیشانکردنانەن کە لەو نامیلکەیەدا دیاریکردوون. ئەو هەلسەنگاندنە بۆ هەموو هەلسەنگاندنەکانی دواتری ئەم تەڤگەرە بناخە و بنچینەیە. تا ئەوکاتە ئەو لێکۆلینەوە و لێگەرینانەی لە رووی تیۆرییەوە ئەنجامی دابوو کردنی بە تیۆری و ئایدیۆلۆژیای ئەم تەڤگەرە. ئەوکاتە قسەی کرد و کرایە نووسین و لەسەر هەڤالانیش بلاوکرایەوە، بۆ ئەوەی هەموو هەڤالان پەروەردەی لەسەر ببینن، تاوەکو روانین و فیکری هەموو هەڤالان بکاتە یەك. واتا بۆ ئەوەی یەکێتی ئایدیۆلۆژی لە کادیردا بئافرێنێت.

بێگومان پێش ئەوە سەرۆك ئاپۆ هەندێك جڤینی کردبوو، بۆ نموونە؛ لە ئەنقەرە لە "ژووری بیناسازان" ی "کۆمەلەی ئەندازیاران" سیمینارێکی سازکرد. ئەو کاتە هەندێك لە چەپی تورکی بۆ ئەم سیمینارە بانگهێشت کردبوو، ئەو لێکۆلینەوەیەی کردبووی و ئەو دەرئەنجامەی بەدەستیهێنا بوو لەو سیمینارەدا پێشکەشی کرد. تا ئەو کاتە ئەنجامی لێکۆلینەوەکانی تەنیا دەیدا بە گروپەکە، بەلام بۆ یەکەمین جار لەو سیمینارەدا ئەو فیکر و دەرەنجامەی دایە هەر کەس و بلاویکردەوە. ئەمە لەسالی (١٩٧٦)دابوو. هەروەها جڤینی دیکەشی کرد، پاشان ئەو نووسینەی کردە نامیلکە.

تایبەتمەندی سەرەکی کەسێتی ئەو هەڤالانەی ئەو گروپەی سەرەتا چی بوو و بەچی دەناسران؟ بەتایبەتی هەڤالان "حەقی قەرار" و "کەمال پیر"؟ هەروەها لە رووی پراکتیکییەوە تەڤلیبوونی ئەوان بۆ مەزنکردنی گروپ بە چ رەنگێك بوو؟

هەڵبەتە رۆڵی هەڤالان "کەمال پیر" و "حەقی قەرار" لە چێبوون و پێشخستنی گروپەکەدا خاوەن رۆڵ و پێگەیەکی تایبەتین. چونکە هەردووکیان هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ سەرۆك ئاپۆدا شوێنیان گرتبوو و فیکری سەرۆکیان بەر لەهەموو کەسێك وەرگرتبوو. بۆیەش لەهەر کەس زیاتر سەرۆکان ناسیبوو و باش لێی تێگەیشتبوون. ئەو دوو هەڤالە لە هەموو هەڤالان زیاتر بەردەوام لە سەرۆك و فیکرەکەی تێدەگەیشتن، لە هەموو هەڤالانیش زیاتر لەو قۆناخەدا رۆڵی خۆیان گێرا، هەم لە تێگەیشتن لە فیکری سەرۆك و هەمیش لە تێگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئەو فیکرەیەدا رۆڵی زۆر بەرچاویان بینی. بۆیە لە دروستبوون و پێشکەوتنی گروپدا رۆڵێکی بەمشێوەیان هەیە.

دەتوانم بڵێم؛ لەنێو تەڤگەری ئێمەدا کەسێتی وەکو کەسێتی ئەو هەڤالانە ئاوا نەبووە، لەوانەیە زۆر هەڤاڵی پڕ بەهێز و بەهادار دروستبوونە، بەڵام تایبەتمەندی ئەو هەڤالانە من لەهەڤاڵی دیکەدا نەمبینیوە، هەندێك تایبەتمەندی لەهەڤالان بەدیهاتووە، بەڵام هەندێك تایبەتمەندیش تا ئێستا پێکنەهاتووە. هەردوو هەڤاڵیش نەك تەنیا لە هەندێك لایەنەوە بەهێز بوون، بەڵکو مرۆڤ دەتوانێت بڵێت؛ لە هەموو روویەکەوە خۆیان پێشخستبوو و خۆیان پەروەردە کردبوو. واتا شۆڕشگێڕێتی ئەوان شۆڕشگێڕێتییەکی وەها تەنگ نەبوو، تەنیا لەهەندێك رووەوە پێشکەوتوو بن، بەڵکو شۆڕشگێڕێتییەك بوو لەهەموو روویەکەوە پێشکەوتبوو، بێگومان هەندێك تایبەتمەندی ئەوان هەن هەم وەکو یەکن، هەمیش لە یەکتر جودان.

چۆن؟

بۆ نموونە؛ هەردوو هەڤاڵ لەپارتیبوونی (PKK)دا و لەئافراندنی کولتوور و ئەخلاقی (PKK)دا رۆڵێکی گرنگ و تایبەتیان هەیە. ئەگەر (PKK) بووە بە تەفکەرێك و پارتییەك و بووە خاوەن ناسنامە و تەرز و کولتوور و ئەخلاقی خۆی، لێرەدا رۆڵی مەزنی هەردوو هەڤاڵ هەیە، پێویستە مرۆڤ بەر لە هەموو شتێك ئەم راستییە بڵێت. بۆیە سەرۆك ئاپۆ بۆ هەڤاڵ "حەقی قەرار" دەڵێت:"وەك رۆحێکی شاراوەی من بوو". واتا مەبەستی ئەو کەسە بوو کە نوێنەرایەتی سەرۆکی دەکرد، ئەمە راستە. هەروەها بۆ هەڤاڵ "کەمال پیر" دەڵێت:" پێویستە تەفکەر لە رۆحی کەمال پیر تێبگات". چونکە رۆحی "کەمال پیر" رۆحی سەرۆك ئاپۆیە، بەکرداربوونی ئەوە، بۆیە سەرۆك وەها دەڵێت. واتا ئەم دوو هەڤاڵە نەك تەنیا لە فیکر و رامانی (PKK) تێگەیشتبوون، بەڵکو لەوەش تێگەیشتبوون کە ئەو فیکر و فەلسەفە و رامانە چۆن و بە چ شێوەیەك بیخەنە پراکتیکەوە. لە بنچینەدا ئەوەی "حەقی" و "کەمال"یان مەزن کرد ئەمە بوو، بۆیە سەرۆك ئاپۆ باس لە رۆحی "کەمال" و رۆحی "حەقی قەرار" دەکات بەرۆحی شاراوەی خۆی دەزانێت". لەکەسایەتی هەردوو هەڤاڵیشدا یەکسەر تێگەیشتن و یەکسەر پێکهێنان هەیە. ئەمە لە سەرۆك ئاپۆدا بنچینە و بنەمایە. واتا تێگەیشتن و پێکهێنان وەك یەك دەبینێت. یەکێك ناخاتە پێش ئەوەی تریانەوە، تۆ هەم تێبگەیت و بیخەیتە بواری کردارییەوە، هەمیش بیکەیت و تێبگەیت. ئەوەی لە کەسێتی "کەمال" و "حەقی"دا پێکهاتووە ئەمەیە "یەکسەر تێگەیشتن و یەکسەر پێکهێنان". هەڵبەتە ئەمە تەرزی سەرۆك ئاپۆیە، تەرزی پراکتیکبوون و خەبات و ژیانی سەرۆك ئاپۆیە. لەو قۆناخەدا ئەوەی ئەمەی لە کەسێتی خۆیدا پێکهێناوە ئەو دوو هەڤاڵەن. بۆیە سەرۆك ئاپۆ وەهای لەسەریان گووتووە.

لەم هەڤاڵانەدا بەبێ دوو دڵی بە سەرۆك و بە تەفکەر و رێباز باوەڕکردن هەیە، لە چ هەلومەرجێکدا دەبێت با ببێت، هیچ کاتێك باوەڕی خۆیان لاواز نەکردووە. بۆ نموونە؛ کاتێك ئێمە لە لوبنان بەشداری شەڕی فەلەستین دژ بە ئیسرائیلمان دەکرد، دەوڵەت چووبوو لە زیندان بە هەڤاڵ "کەمال پیر"یان گووتبوو:"هەموو هەڤاڵانی ئێوە کوژراون، ئەوانەی ماویشن ئێمە دەیانگرین و دەیانهێنینەوە" هەڤاڵ "کەمال"یش گووتبووی:" ئێوە درۆ دەکەن" یەکسەر پێهەڵگرتنێکی وەهای کردبوو. بێگومان هیچ زانیارییەکی

ئەوتۆیشی لەبەردەستاندا نەبوو. بۆ نموونە؛ ئەم پروپاگەندەیەی دوژمن لەسەر هەڤاڵانی دیکە کاریگەری کردبوو، کەوتبوونە گومانی ئەوەی تۆ بڵێی ئەمە راست بێت؟ راست نەبێت؟ لەوانەیە راستیش بێت. بەڵام هیچ کاریگەری لەسەر هەڤاڵ "کەماڵ" نەکردبوو و گووتبووی:" ئێوە درۆ دەکەن"و چووبووە پێش هەموو هەڤاڵانیش گووتبووی:" ئەوانە درۆ دەکەن، هەڤاڵان هیچ شەهید نەکەوتوون، لەوانەیە هەندێکیان شەهید بکەون، بەڵام ناتوانن هەموو هەڤاڵان شەهید بکەن و بیانگرن و بیانهێنن". یەکسەر ئەو پڕوپاگەندەیەی دووژمنی شکاندبوو. ئیتر ئەمە چ دەخاتەڕوو؟ باوەڕییەکی بەهێزیان هەبووە بە تەڤگەر و ئایدیۆلۆژیا و بە هەڤاڵێتی، هەم لایەنی تێگەیشتنیان زۆر بەهێزە، هەمیش لایەنی پێکهێنانیان زۆر بەهێزە.

هەروەها لەئەواندا لایەنی فیداکاری لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوو. لە فیداکاریدا بێسنوور بوون، لە جورئەتیاندا، لە باوەڕیاندا، لە پەیوەستبوونیاندا سنوور نەبوو، لە خۆنوێکردنەوە و خۆ پێشخستندا سنوور نەبوو، لە بەها ئافراندن و لە بەها مەزنکردندا سنووریان نەبوو. لە ژیانی ئەواندا، لە کەسێتی ئەواندا، ژیانێکی شەخسی نابینرێت، ژیانی ئەوان بەتەواوی ژیانێکی رێکخستنییە. لەژیانی خۆیاندا بەتەواوی ئازادیان بەبنەما و بنچینە وەرگرتووە. هیچ کاتێك لەگەڵ هەڵە و کەموکوڕی و گرفتدا ناژین، هیچ کاتێك ئەگەر سەریشیان تێدا بچێت ئەوەیان پەسند نەکردووە کە وەها بژین. چوونە سەر کێشە و چارەسەرکردنی کێشەکە بنچینە و بنەمایە، بەها پێشخستن بنەمایە، هەڤاڵی خۆ پێشخستن و مەزنکردن و بەسەرخستن بنەمایە، لاوازی و کەموکوڕی هەڤاڵانیان لەدژی هەڤاڵانی خۆیان بەکارنەدەهێنا، بەڵکو هەوڵدان بۆ رزگارکردنیان بنەمایە. کاتێك مەترسییەك هەبووایە بۆ ئەوەی ئەو مەترسییە نەگاتە هەڤاڵێکی دیکە ئەوان ئەو مەترسییەیان دەخستە پێش خۆیان. واتا تایبەتمەندێتی ئەوان و کەسێتی ئەوان بەتەواوی لەسەر ئەو بنەمایە بوو. هەموو شتێکی خۆیان بە تەواوەتی خستبووە خزمەتی هەڤاڵێتی و گەل و تەڤگەرەوە.

بۆ نموونە؛ لە روونکردنەوە و تێگەیاندن و قەناعەت پێکردندا زۆر بەهێزبوون. واتا تا مەسەلەیەکیان بەکەسێك بەپەسندکردن و قەناعەت کردن نەدابایە دەستبەرداری نەدەبوون، روونیان دەکردەوە و قەناعەتیان پێدەهێنا، تاوەکو ئەنجامیان وەرنەگرتبایە

دەستبەرداری نەدەبوون. لەژیانی خۆشیاندا زۆر دڵنزم بوون. واتا دەستپڕۆیی و توانست خواستن و لەسەر توانستەکان ژیانبوون، یان لەسەر دەستپڕۆیی ژیانبوونیان نەبوو. دەیانگووت:" ئێمە ملیتانین، سەرۆك دەبێژێ ئێمەش ئەنجامی دەدەین، ئێمە سەرۆکمان هەیە، ئێمەش ملیتانی ئەو سەرۆکەین.

بۆ نموونە؛ هەردوو هەڤاڵیش نەفرەتیان لە دەستپڕۆیی دەکرد، نەفرەتیان لەوە دەکرد بە مەرج و مەنسەب و دەستپڕۆیی شۆرشگێڕی بکرێت. تەڤگەر چ توانستێکی بەوان بدایایە ئەو توانستەیان بە بنەما وەردەگرت و پیرۆزیان دەبینی. واتا "ئەو توانستە کەمە، یان بەوە نابێت" شتێکی وەهایان نەبوو. هیچ کاتێك شتێکیان لەتەڤگەر نەدەخواستن، هەمیشە چۆن بتوانن توانست بۆ تەڤگەر بئافرێنن و چۆن تەڤگەر مەزن بکەن، ئەمەیان بەبناخە وەردەگرت. بۆ نموونە؛ لەنێو ئێمەدا ئەوەی لەهەر کەسێك زیاتر کرێکاری دەکرد و ئێش و زۆر و زەحمەتی دەبینی هەڤاڵ "حەقی قەرار" بوو، لەنێو ئێمەدا ئەوەی دەستپێك لە ئەنقەرە دەرکەوت و چووە "ئەدەنە" و لەوێ خەباتی سیاسی دەکرد و حەماڵێتیشی دەکرد هەڤاڵ "حەقی قەرار" بوو. هەم لەوێ خەباتی دەکرد و هەمیش حەماڵێتی دەکرد، خۆی پێ بەرێوە دەبرد، توانستی ئافراندووە و تەنانەت توانستی زیادیشی بۆ هەڤاڵانی ئەنقەرە دەنارد. لە هەردوو هەڤاڵانیشدا هیچ کاتێك و بەهیچ شێوەیەك هەرگیز کۆیلایەتیان پەسند نەکردووە، جا بەهەر شێوەیەك بێت. هەمیشە چەندە کاریان کردبێت خۆیان قەرزارباری تەڤگەر و هەڤاڵێتی بینیوە و ئەمەیان بەبناخە وەرگرتووە.

بۆ نموونە؛ ئێمە بۆ جاری دووەم لە زینداندا هەڤاڵ "کەمال پیر"مان رفاندبوو، سەرۆك لە سوریاوە گووتی:" بۆ لای منی بنێرن" منیش پێیمگووت:" ئێمە تۆ دەنێرین" گووتی:" من ناچم" گووتم:" ئاخر سەرۆك دەڵێت" گووتی:" من چۆن بچم؟ من دوو جارە کەوتوومەتە زیندانەوە، تەڤگەر منی دەرخستووە (لەزیندانەوە منی رفاندووە). من قەرزارباری ئەو تەڤگەرەم و من هیچ شتێکم بۆ ئەو تەڤگەرە نەکردووە، من چۆن بچمە دەرەوەی وڵات؟ بۆیە من ناچم" وەهای گووت. من گووتم:" سەرۆك داوای کردووە و پێویستە تۆ بچیت، لەوێش پەروەردە دەبینی. وەکو تریش بۆ ئەوەی

سەرنج لەسەر تۆ نەمێنێت و چیدی چاودێریش نەکرێیت، پاشان بگەڕێوە" من وەها قەناعەتم پێیکرد، وەها نەبایە دەرنەدەکەوت بۆ دەرەوەی وڵات.

هەروەها خۆشەویستی هەردوو هەڤاڵ زۆر بەهێز بوو، لەسەر هەموو شتێك رادەوەستان، تەنانەت لەسەر وردەکاریەکانیش. هیچ نەیاندەگووت:" هیچ نییە، شتێك نابێت" بۆ نموونە، لەلای زۆر لە هەڤاڵان ئەم چەمك و لۆژیکە هەبوو. بەڵام هەردوو هەڤاڵ زۆر وردبین و بەسەرنج بوون، تەنانەت سەرنجی بچووکترین وردەکاریان دەدا. شتێك کە زۆر لە هەڤاڵان نەیاندەبینی، ئەوان دەیانبینی.

بۆ نموونە چۆن؟

بۆ نموونە؛ عەبدولڕەحمان ناوێك هەبوو، لەسەرەتای گروپدا لەنێو ئێمەدا بوو، ئەو کەسە هەڤاڵانی زۆر بێزار دەکرد، نەیدەتوانی لەگەڵ هەڤاڵان بگونجێت. ئێمە دەمانگووت:" ئیتر کەسێتییەکی وەهایە..چی لێبکەین!!" پاشان رۆژێکیان لە ئەنقەرە لەبەشی ناوخۆیی خوێندکاراندا گردبووینەوە، ئەو شوێنە لەدەستی ئێمە دابوو، "عەبدولڕەحمان" گووتی:" ئێمە یان هەنگاوێك دەهاوێژین یان کۆتاییمان پێدێت" گووتمان:" تۆ چ لەئێمە دەخوازیت؟ ئەوەی تۆ دەیڵێیت راست نییە" گووتی:" یان ئەو هەنگاوە دەهاوێژین یان ئێوە دەزانن" هەروەها گووتی:" شەش مانگ نابات ئێوە کۆتاییتان پێدێت" گووتمان:" ئیدی عەبدولڕەحمانە و سەرەڕۆیە و لەخۆیەوە قسە دەکات" کەمال پیر گووتی:" نا، ئەمە شتێك دەزانێت بۆیە وەها قسە دەکات...چونکە دەڵێت:" شەش مانگ نابات!" دیارە شتێك دەزانێت. پێویستە ئەمە روون بکاتەوە؟" گووتمان:" ئیدی وەها قسە دەکات و گوێی مەدەرێ" بەڵام "کەمال" پێداگیری لەسەر ئەمە کرد. بێگومان لەبەر ئەوەی ئێمەی هەڤاڵان گرنگیمان بەمە نەدا، ئەو پێداگیرییەی هەڤاڵ "کەمال" وەها مایەوە. بەراستیش دوای شەش مانگ هەڤاڵ "حەقی" شەهیدکرا، هەوڵی کوشتنی (إغتیال) سەرۆکیان دا، ئەگەرچی سەریش نەکەوت. واتا لەهەموو لایەکەوە هاتنە سەرمان و خواستیان تەسفیەمان بکەن. هەڤاڵ

"کەمال پیر" بەمشێوەیە لەسەر هەر قسە و گووتنێك رادەوەستا و ئەنجامی لێوە هەڵدەهێنجا.

بۆ نموونە؛ هەر دوو هەڤاڵیش نەیاندەخواست هەڤاڵی خۆیان بشکێننەوە، نەك بەو واتایەی چاوی خۆیان لە هەڵە و لاوازی و کەموکورتییەکان دەپۆشی، هیچ کاتێك چاوپۆشیان نەدەکرد. بەڵام ئەو شێوازەی دەیانگرتەبەر وره و باوەڕی بە هەڤالان دەبەخشی، وریابوون لەوەی هەڤالانی خۆیان نەشکێننەوە. زۆر بە هەستیارییەوە نزیك دەبوون. واتا شکاندنەوەی مرۆڤێك و لە دەستدانی کەسێکیان پەسند نەدەکرد. هەروەها لە ئاژیتاسیۆنکردندا هەڤاڵ "کەمال پیر" زۆر بەهێز بوو؛ کە دەچووە زۆر شوێن بە تورکی قسەی دەکرد و کوردی نەدەزانی، گوندنشینانیش لە تورکی تێنەدەگەیشتن، دیسانیش گوێیان لەهەڤاڵ "کەمال پیر" دەگرت. کە ئاخافتنی کۆتایی پێدەهات دەیانگووت:" ئێمە ئامادەین لەگەڵتدا بێین" بەمشێوەیە کاریگەری خۆی دەکرد، بە کەسێتی و هەڵسوکەوت و ئاخافتنی خۆی کاریگەری لەسەر مرۆڤ دەکرد. کاتێك مرۆڤ لەگەڵ "کەمال پیر" بژیایە وەك ئەوە وابوو مرۆڤ لەگەڵ سوپایەك بژیێت، ئەو سایکۆلۆژی و باوەڕییەی دەدایە مرۆڤ. چۆن؟ بە ژیان و هەڵسوکەوت و ئاخافتنی خۆی باوەڕی و مۆراڵی بە مرۆڤ دەبەخشی.

کاتێك ئێمە هەڤاڵ "کەمال"مان لە زیندان رفاند، هەندێك کەسی ئاسایی لە زینداندا هەبوون، گوندیبوون، هەڤاڵ "کەمال" زۆر کاریگەری لەسەر ئەوان کردبوو، ئەوانە لەرفاندنی هەڤاڵ "کەمال" لە زینداندا رۆڵێکی پڕ مەزنیان گێڕا. لەبەر ئەوەی جارێکی تریش هەڤاڵ "کەمال" لە زیندان هەڵاتبوو و دەوڵەتیش بەمەی زانیبوو، تەدبیری زۆری وەرگرتبوو تاوەکو جارێکی تر هەڵنەیەت، ئیدی هەڤاڵ "کەمال" نەیدەتوانی زیندان کون بکات و رابکات؛ هەڤاڵ "کەمال" ئەو کەسانەی قازانج کردبوو، زیندانی بەرێگەی ئەوانەوە کون کردبوو، دەوڵەت هیچ هەستی پێنەکردبوو، هەڤاڵ "کەمال" و ئەو گوندنشینانە هەموویان هەڵهاتن، ئێمە ئەو کەسانەمان گەیاندە ماڵی خۆیان و بینیمان جارێکی تر گەڕانەوە و هاتنەوە لامان. گووتمان:" ئێوە بۆچی گەڕانەوە؟" گووتیان:" ئێمە بێ هەڤاڵ کەمال هەڵناکەین، ئێمە ئیلا و بیلا لەگەڵ هەڤاڵ "کەمال" دەمێنینەوە، لەگەڵ هەڤاڵ "کەمال" شۆڕشگێڕێتی دەکەین".

ئیدی هەردوو هەڤاڵ قسەیان لەگەڵ هەر کەسێك بکردایایە مسۆگەر قازانجیان دەکرد. هەمیش خۆیان پەروەردە دەکرد و خۆیان بەهێز دەکرد. هیچ کاتێك کاتی خۆیان بەفیڕۆ نەدەدا. لەژیانی خۆیاندا بەپلان و بەپرۆگرام دەژیان و کاریان دەکرد و ئەمەیان بەبنچینە وەردەگرت. لەژیانی ئەواندا هیچ کاتێك بێ ڕێکخستنی و بێ پیلانی و هەوەسکاری (کەیفییەت) نەدەهێنرا، دیسپلینیان زۆر بەهێز بوو. کەسێتی ئەوان ئەو کەسێتییە بوو کە سەرۆك ئاپۆ دەیخواست بیئافرێنێت. کەسێتییەك بوون بەتەواوی ڕێکخستن و سەرکەوتنیان بەبنچینە وەردەگرت، بێ ڕێکخستنیان پەسند نەدەکرد، هەر دەبووایە کێشە و گرفتەکان چارەسەر ببوونایە، هەر پێویستبوو ئەنجامیان بەدەست بهێنابایە. بۆیە دەچوونە هەر جێگایەك ڕێکخستنیان دەبردە ئەو جێگایە، ئەخلاق و کولتوور و ژیان و کەسێتی و زانابوون و ڕۆحی ڕێکخستنیان دەبردە ئەوێ. لە هەر کوێیەك بوونایە لەوێ هەم کادیران پێشدەکەوتن، هەمیش چالاکی پێشدەکەوت. لە هەمانکاتدا ئەوان کەسی چالاکوانیش بوون. کە دەچوونە هەر شوێنێك لەوێ چالاکیان دەکرد، چالاکیان پێشدەخست و گۆڕانکاریان ئەنجام دەدا، لەوێ ئەنجامیان بەدەستدەخست. هیچ کاتێکیش توانستی مەزنیان لەتەڤگەر نەدەخواست، لەوپەری بێ توانستیدا شۆڕشگێڕیان کردووە. لەنەبوونی و زۆری و زەحمەتیدا شۆڕشگێڕێتیان کردووە و ڕۆژێك نەیانگووت؛ توانست نییە و زۆری و زەحمەتی هەیە، ئێمە ناتوانین کار بکەین یان وەها کار ناکرێت... ڕۆژێك بێ وەرەیی و بێ مۆراڵیمان لەوان نەبینی. هەر بۆیە لەشێوەگرتنی (PKK)دا لە پارتیبوونی (PKK)دا، لە کولتوور و ئەخلاقی (PKK)دا، لە کەسێتی (PKK)دا ڕۆڵێکی مەزن و خەباتێکی مەزنی ئەو هەڤاڵانە هەیە. بۆیە سەرۆك ئاپۆ هێندە بەها دەداتە ئەو هەڤاڵانە و دەڵێت:" ئەوانە نوێنەرایەتی ڕۆحی ئەو تەڤگەرەیان دەکرد" هەروەها دەڵێت:" هەمیشە ئەو ڕۆحە بۆ ئێمە پێویستە. چونکە بەڕاستی لەسەر ئەو کەسێتییەی ئەوان (PKK) بنیادنرا و پێشکەوتن بەدیهات و ئەنجامگیر بووە. لەبەر ئەم هۆیەیە سەرۆك وەها باسیان دەکات.

جگه لەو هەڤاڵانە هەڤاڵی دیکەش لە گروپدا هەبوون، کە وەکو پێشەنگی گروپ تێکۆشانیان دەکرد نزیکبوونێکی ئەو هەڤاڵانە بە گشتی لە سەرۆك و نزیکبوونی سەرۆك لەو هەڤاڵانە چۆن بوو؟ بە چ رەنگێك نزیکی یەکتر دەبوونەوە، واتا سەرۆك بە حوکمی ئەوەی لەوان پێشەوەتر بوو و پێشەنگایەتی ئەو گروپەی دەکرد چۆن لەیەکتر نزیك دەبوونەوە؟

شەهید محەمەد خەیری دوورموش



شەهید مەزلوم دۆغان

بێگومان لەدەرەوەی "کەمال پیر و حەقی قەرار"، هەڤاڵی دیکەی وەك "محەممەد خەیری دورمووش و مەزلوم دۆغان"یش هەبوون. ئەوانیش لەو قۆناخەدا زۆر کار و خەباتیان کرد؛ لەپێشکەوتنی گروپ و تەڤگەردا لە پارتیبوونی تەڤگەردا، ئەوانیش رۆڵی بەرچاوی خۆیان بینی.

هەڵسوکەوت و نزیکبوونەوەی هەڤاڵان بۆ یەکتری وەکو گووتم؛ بەرۆحێکی هەڤاڵێتییەوە لەیەکتر نزیك دەبوونەوە، یەکێك خۆی مەزن ببینێت و هەڤاڵانی خۆی بچووك ببینێت یان بەدواکەوتوو بیبینێت، یاخود بێ رێزی بەرامبەر بکات... شتی وەها لەئارادا نەبوو. لەنێو ئێمەدا جوداکارییەك نەبوو، وەك؛ ئەو هەڤاڵە لە پێشە و ئەوەی تر لەدواوەیە و بەگوێرەی ئەمەش نزیکبوونەوە بکرێت، شتی بەمجۆرە نەبوو. ئەو هەڤاڵانەی هەر لەسەرەتاوە تەڤلی ئەو گروپەبوون، لە ژیانیشیاندا و لە کاریشیاندا، وەکو یەك بوون. هیچ کاتێك جوداییەکمان نەدەخستە نێوانیانەوە. تەنانەت ئەو هەڤاڵانەی کە تازە تەڤلی ئێمە دەبوون، هێشتا بەتەواوی لەگروپ تێنەگەیشتبوون، زۆر

هەستیاربووین لەوەی کە زۆر باریان گران نەبێت، زێدە زەحمەتی نەبینن، هەستیاربووین لەوەی بەهەڵە لەشت تێنەگەن، هەستیاربووین لەوەی شێوەگرتنی ئەوان بەراست و دروستی بێت و ئەو زۆری و زەحمەتیانەی ئێمە کێشامان ئەوان نەیکێشن، ئەو تەنگاسیانەی ئێمە بەسەرماندا هاتووە ئەوان بەسەریاندا نەیەت. بۆ ئەوەی شۆڕشگێڕێتی ئەوان باشتر و تۆکمەتر پێشبکەوێت. ئەمە لە گروپدا ئەخلاق و کولتوورێکمان بوو، شێوەگرتنی گروپ بەتەواوی لەسەر ئەو بنەمایە بوو. تۆ جیاوازیت نەدەبینی لەنێوان هەڤاڵێك کە لەسەرەتاوە تەڤلی گروپ بووە و ئەوەیش کە لەدواییدا هاتووە، بەمشێوەیە بوو.

پەیوەندی نێوان سەرۆك و هەڤاڵانی گروپ دیسان لەسەر هەمان بنەمابوو، بەڵام هەموو هەڤاڵانی گروپ هەمیشە لەنێوان خۆیان و سەرۆکدا جیاوازیەکیان دادەنا. ئەمە نەك سەرۆك دەیکرد، بەڵکو هەڤاڵان ئەمەیان دەکرد. واتا هەموو هەڤاڵان بێ شك و بێ نیقاش سەرۆکیان پەسندکردبوو، بێدوودڵی پێی بەباوەڕ بوون؛ سەرۆك چی بڵێت، ئەوا ڕاست دەڵێت، نزیکبوونێکی بەمشێوەیە لەنێو هەموو هەڤاڵاندا هەبوو.

بێگومان ئەمە لەنێو هەڤاڵاندا بەکار و ژیانی سەرۆك دروست ببوو، نەك سەرۆك ئەمەی دەخواست. ئەمە بەخواستی ئەو دروستنەبوو، بەڵکو بەتەواوی بە ژیان و کاری سەرۆك ئەو ڕێز و حورمەتە، ئەو پەسندکردنە، دروست بوو.

بۆ نموونە؛ لە مێژووی زۆر تەڤگەردا سەرۆکایەتی تەڤگەرەکان یەکسەر هەر لەسەرەتاوە بەمشێوەیە دەرناکەون و پەسند ناکرێن، زۆر کات تێدەپەڕێت تا ڕێکخستن دروست دەبێت و کار و خەبات دەکرێت، چەندین کۆنگرە ساز دەکرێن، لە ئەنجامی ئەمانەدا ئینجا سەرۆکێك پەسند دەکەن. بەڵام لەئەوەی ئێمەدا بەو شێوەیە نەبوو، هێشتا لە سەرەتادابن و گروپێکی زۆر بچووکین دوو - سێ کەسین لە قۆناخێکی وەهادا سەرۆك وەك سەرۆك پەسند کراوە. بۆچی؟ چونکە ئەوەی خەباتی تیۆری بەڕێوە دەبرد، ئەوەی فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیا و توانستی ئەو تەڤگەرەی هەموو پێشخستووە سەرۆك ئاپۆیە، هەمیش بەتەنیا بەخۆی و بە ڕەنجی خۆی ئەمەی کردووە. هیچ کاتێك ئەمەی نەکردە موڵکی خۆی، بەئێش و ڕەنج و زەحمەتییەکی مەزنەوە هەرچییەکی ئافراند خواستی بیکاتە موڵکی هەموو هەڤاڵان و هەموو گروپ، خواستی هەموو هەڤاڵان لەسەر ئەوە

بەهێز بکات. چۆن خۆی بەهێز کرد، دەیخواست بەهەمان شێوەش هەموو هەڤاڵان بەهێز بکات، لاوازێتی هەڤاڵانی پەسند نەدەکرد، کەماسی پەسند نەدەکرد، هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە چۆن بتوانێت هەڤاڵانی خۆی بەهێز بکات. چونکە دەیزانی سەرکەوتنی خۆی لە بەهێزکردنی هەڤاڵانیدا دەرباز دەبێت، ئەگەر هەڤاڵی خۆی بەهێز نەکات ئەوا چەندە خۆیشی بەهێز بکات بێسوودە. کە هەڤاڵی خۆی بەهێز کرد ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ئەو و سەرکەوتنی ئەویش. بۆیە هەم خۆی پەروەردە دەکرد و هەمیش هەڤاڵانی پەروەردە دەکرد، چەندە بۆ خۆی توانست و دەرفەتی دەرەخساند، بەهەمان شێوە بۆ هەڤاڵانیشی توانست و دەرفەتی دەرەخساند، شەو و رۆژ دەیخوێندەوە و لێکۆڵینەوەی دەکرد و زێدە نەدەخەوت. هەروەها ژیانێکی زۆر سادە و ساکاری هەبوو، هەڤاڵان ئەمەیان دەبینی، بۆیە سەرۆکیان پەسندکرد، حورمەت و رێزیان بۆی هەبوو، نەك لەبەرئەوەی سەرۆك ئەمەی دەخواست. سەرۆك هیچ کاتێك ئەمەی نەدەخواست ئێمە بەو شێوەیە نزیکبوونەوەیەکی جودای بۆ بکەین. تەنانەت بە نزیکبوونەوەی بەمشێوەیە توورە و بێزاریش دەبوو، دەیگووت:" من ئاغا نیم، سەرۆك عەشیرەت نیم، ئێوەش کۆیلەی من نین، تا ئێوە بەمشێوەیە لەمن نزیك ببنەوە. لەرێز و حورمەتیشدا ئەو رێز و حورمەتەی لەنێو جڤاکدا هەیە بۆ من مەیکەن، ئەگەر رێز و حورمەتتان بۆ من هەیە، هەڤاڵێتی لەگەڵ مندا بکەن، ئەگەر رێز و حورمەتی ئێوە بۆ من هەیە، ئەوا رێز و حورمەت لەسەر بنەمای هەڤاڵێتییەکی راست و دروست ئاوا دەکرێت، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو فیکرە دەبێت. ئێوە لەم فیکرەدا چەندە خۆتان بەهێز کرد و چەندە خۆتان کردە هێزی چارەسەری بۆ گەل، ئەوکاتە بەراستی رێز و حورمەتی من دەگرن..." هەر لەو کاتەوە ئەمەی بەبنچینە وەرگرت.

لەم رووەوە با بیرەوەرییەکی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە؛ ئێمە ماڵێکمان هەبوو بەکرێمان گرتبوو، لەگەڕەکی "حەیرانجی"، لەپشت بینایەی مەجلیسی تورکیا، ماڵەکە ڤاتی ژێرەوەی بینایەك بوو، واتا ژێرزەمین بوو، شوێنەکەمان زۆر سارد بوو، توانستی ئەوەشمان نەبوو شوێنێکی تر بەکرێ بگرین، هەر کاتێکیش کە باران دەباری پڕی ئاو دەبوو، شوێنێکی وەها بوو... لەنزیك ئێمە باخچە (پارك)یەك هەبوو، رۆژێك خۆرەتاو بوو، هەوا خۆش بوو، خەڵك بۆ خۆیان دانیشتبوون، من و سەرۆکیش بەوێدا تێپەڕین،

من گووتم:" ئەو پارکە لە ئێمەوە نزیکە، ئێمە دەتوانین جار بەجار سوودی لێوەربگرین و لێی دابنیشین". بۆچی وەهام گووت؟ چونکە ژێر زەمینەکەمان زۆر سارد بوو، ئەوێش پارکە و دەرەوەیە و هەوا خۆشە و مرۆڤ دەتوانێت لێرە دابنیشێت، لەنێو ئەو ژێرزەمینەدا لەسەرمان هەر مردین. بینیم سەرۆك لەمنی روانی و لە پارکەکەی روانی؛ کە خەڵك و گەنج لەوێ دانیشتبوون، پێی گووتم:" پێویستە شۆڕشگێڕی کوردستان وەك راهیبەکان بن" کاتێك کە ئەمەی گووت وەك بڵێی لەپڕ ئاوێکی ساردیان بەسەرمدا کردبێت، من زانیم کە سەرۆك بۆچی وەها دەڵێت، واتا سەرۆك وەها تێگەیشت کە ئێمەش لەوێ وەکو ئەو گەنجانە بژین، ئیدی بینیم ئەو کاتە شیکردنەوەیەکی بۆ من پێشخست و گووتی:" بۆیە گووتم پێویستە مرۆڤ وەکو راهیبەکان بژیت. وەها نەبێت ئەوا شۆڕشگێڕی لە کوردستاندا دروست نابێت، ئەو شۆڕشگێڕییەتەی تۆ لە چەپی تورکدا دەیبینی بەشی چارەسەرکردنی کێشەی کورد ناکات..."

هەرچەندە من وەها بیریشم نەدەکردەوە، مەبەستیشم ئەمە نەبوو، کاتێك بینیم سەرۆك وەها شیکردنەوە دەکات، هەرچەندە وەکو بەسەرداکردنی ئاوێکی ساردیش بوو، بەڵام ئەمە بۆ من بوو بەبنچینە و بنەمایەك. بێگومان کە چووینەماڵەوە، پێیمگووت:" من بەو مەبەستە گووتم، نەك وەك ئەوان بژین، ژێرزەمینە و ساردە، ئەوێش خۆرەتاوە و پارکێکە. ئێمە دەتوانین جار بەجار بچینە ئەوێ، گفتوگۆ بکەین و لەوێ پەرتووك بخوێنینەوە، بۆیە وەهام گووت". واتا سەرۆك بەمشێوەیە هەستیار بوو؛ لە رۆیشتن و دانیشتندا هەمیشە پەروەردەکردنی هەڤاڵی خۆی بەبنچینە وەردەگرت، بۆ ئەوەی نەکەوێتە هەڵەوە، نەکەوێتە ژێر کاریگەری کولتوور و ئەخلاقی سیستەمی باڵادەستەوە، بەڵکو لێی رزگار بکات. ئەمەی بەبنچینە وەردەگرت.

لەژیانی سەرۆك ئاپۆدا پەروەردەکردن و خۆ پەروەردەکردن بنەمابوو، لەسەر خواردندا، لە رۆیشتندا هەمیشە پەروەردە بوو. ئیدی بۆ هەڤاڵی خۆی بە بەرپرسیارێتییەکەوە دەژیا، حورمەتێکی مەزنی نیشان دەدا، بۆیە هێندە لەسەر هەڤاڵان رادەوەستا بۆ ئەوەی لاوازی لە هەڤاڵاندا دەرنەکەوێت، هەڤاڵان لە دەست نەدرێن، تەفکەر و گەل لەدەست نەدرێت. هیچ کاتێك لەدەستدان (بەفیڕۆدان) و لاوازی شایستەی هەڤاڵی خۆی نەدەبینی. تەنیا سەرکەوتنی شایستەی هەڤاڵانی دەبینی. چونکە دووژمن هەمیشە

ژێرکەوتنی کوردی بەبنەما وەردەگرت و بە شایستەی دەزانی و لەم پێناوەشدا کاریدەکرد، بۆیە سەرۆك لەدژی ئەو چەمکەی دووژمن رادەوەستا کە تەنیا دۆڕان و شکستی بەشایستەی کوردان دەبینی. بۆیە هەموو هەوڵێکی ئەوەبوو کە چیبکات تاکو مرۆڤی کورد و هەڤالانی خۆی بکاتە هێزی چارەسەری و لەسەرکەوتندا بژین، نەك لەدۆڕاندن و ژێرکەوتن؟ لەژیانی خۆیدا هەمیشە ئەوەی بەبناخە وەردەگرت، بۆیە لەناو هەڤالاندا حورمەتێکی مەزن بۆ سەرۆك دروست ببوو، هەڤالان کە لە سەرۆکیان دەڕوانی لێیەوە فێر دەبوون و سەرۆکیش فێری دەکردن. ئیدی کرۆك (ناوك)ی ئەم تەڤگەرە و کادیرانی ئەم تەڤگەرە سەرەتا بەمشێوەیە دروست بوو. بۆیە تەڤگەرەکە بە تۆکمەیی دروست بوو و لەسەر ئەو بنەمایە بەڕێوەچوو...

لەو کاتەدا سەرچاوەی ماددی و مەعنەوی گروپەکە لەکوێوە دەهات؟ ئەو تەنگاسی و زەحمەتیانەی تووشی بوون چۆن چارەسەرتان دەکرد؟

لەسەرەتای ئەو گروپەدا لەرووی سیاسی و ڕێکخستنییەوە ئەزموونێکمان نەبوو، لەرووی ماددیشەوە هیچ ئیمکان و توانستێکمان نەبوو، ئەم تەڤگەرە خۆی توانستی ماددی و مەعنەوی بۆ خۆی ئافراند. بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ لەرووی ماددی و مەعنەوییەوە هێندە بەهێزە و گەیشتۆتە ئاستی بەدەستهێنانی بەهای مەزن، هەموو ئەمانە ئەم تەڤگەرە خۆی بەرەنجی خۆی ئافراندی، بەرەنجێکی مەزن، بەئێش و زەحمەتییەکی مەزن، بە سەبر و لەهەمانکاتدا بە پێداگرییەکی مەزنەوە خوڵقاندی. پێویستە ئەم راستییە باش تێبگەین. ئەم تەڤگەرە هیچ کاتێك ماددییەتی بۆ خۆی بەبنەما وەرنەگرتووە، هەمیشە مەعنەویاتی بەبنچینە وەرگرتووە، ماددییەت بە پەیوەست بە مەعنەویاتەوە لێی نزیکبۆتەوە. بۆیە نەکەوتۆتە هەڵەوە و پیس نەبوو و تێك نەچوو.

کاتێك مرۆڤ لەمێژووی مرۆڤایەتی بڕوانێت؛ ئەوەی هەمیشە مرۆڤی لەسەر ڕێباز هێشتۆتەوە و بەڕێوەی بردووە، ماددییەت نەبووە، بەڵکو لایەنی مەعنەویات بووە،

هەمیشە مادديیەت خراپی و پیسی (گەماری) بۆ مرۆڤایەتی دروستکرووە. مرۆڤ دەتوانێت بێ مادديیەت بژیت، بەڵام ناتوانێت بێ مەعنەویات بژیت، ئەگەر تۆ مەعنەویاتی خۆتت لەدەستدا ئەوا تۆ مرۆڤایەتی خۆتت لەدەست داوە، ئەگەر تۆ مادديیەت لەدەست بدەیت تۆ مرۆڤایەتی خۆت لە دەست نادەیت، لەوانەیە لە مرۆڤایەتیبوونی خۆت هەندێك شت لەدەست بدەیت، بەڵام هەموو مرۆڤایەتی خۆت لەدەست نادەیت. بەڵام ئەگەر مەعنەویاتت لەدەستدا، ئەوا تۆ مرۆڤایەتی خۆت لەدەست دەدەیت. بۆیە مەعنەویات بنەمایە، لەمێژوودا هەمیشە مادديیەت خراپبوونی دروست کردووە. لەمێژوودا؛ بۆ ئەوەی ئەو خراپبوونە لەنێو مرۆڤایەتیدا بسڕنەوە و مرۆڤایەتی دیسان لەسەر بنچینەی خۆی بەڕێوە بچێت، ئەو شێواندن و داڕووخانانەی لە مرۆڤایەتیدا لە ئارادابووە راستیبکەنەوە و سەر لەنوێ بنیادی بنێنەوە و مرۆڤایەتی لەسەر سروشتبوونی خۆی پێشبکەوێت هەمیشە بزوتنەوەی مەعنەوی سەریانهەڵداوە. ئەگەر مرۆڤ لەهەموویان تەفگەرەکانی پێغەمبەران، ئایینەکان، ئایدیۆلۆژیاکان بڕوانێت، ئامانجیان چیبووە؟ ئامانجیان ئەوەبووە کە چۆن بتوانن خراپی و گەماری لەنێو مرۆڤایەتیدا نەهێڵن و بیسڕنەوە، چۆن ژیانێکی باش بۆ مرۆڤایەتی بخوڵقێنن، ئەمانەیان کردۆتە ئامانجی خۆیان و لەسەر ئەو بنەمایە خەبات و تێکۆشان و شەڕیان کردووە، ئەو تەفگەرانە چەندە توانیویانە ئەو خراپی و خراپیانە نەهێڵن و لەناویبەن هێندە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا شوێنیان گرتووە، بەو رادەیەش مۆرکی خۆیان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە کاروانی مرۆڤایەتی داوە.

بۆ نموونە؛ با بڕوانین ئامانجی یەهودییەت، مەسیحییەت و ئیسلامییەت هەموویان ئەمە بووە، ئامانجی فەلسەفە هەر هەمان شت بووە، زانست هەمان ئامانجی هەبووە، تەنانەت فیوداڵیزم و کاپیتالیزم و سۆسیالیزم، هەر هەموویان بۆ ئەم مەبەستە دەرکەوتوون. ئەمڕۆ لە جیهاندا سەرجەم ئەو بزاڤانەی هیومانیزم و ژینگەپارێزی و ...هتد دەڵێن:" ئێمە دەخوازین مرۆڤایەتی لەخراپی رزگار بکەین". کەواتە مەعنەویات مرۆڤایەتی بەڕێوە دەبات و لەسەر پێیانی دەهێڵێتەوە، نەك مادديیەت.

ئیدی سەرۆك ئاپۆش هەر لەسەرەتای ئەم تەفگەرەدا مەعنەویاتی بەبنچینە وەرگرت، لەبەر ئەوەی مەعنەویاتی بەبنچینە وەرگرت و فەلسەفەی ئەو تەفگەرەی لەسەر ئەو

بنەمایە پێشخست، کێشە و گرفتی ماددیش چارەسەر کران، لەئاکامدا ماددییەت ئەو تەڤگەرەی خراپ نەکرد، هەر کاتێك مەعنەویات لەتەڤگەریشدا لاواز بووبێت، واتا چالاکی ئایدیۆلۆژی لاواز بووە، ئەوا کولتوور و ئەخلاقیش لاوازبووە، گەماری و چەتەگەری و خراپی پێشکەوتووە. بۆیە کادیرانی ئەم تەڤگەرە پێویستە بەردەوام مەعنەویات بەبنەما وەربگرن، نەك ماددییەت. پێویستە بەدوای ماددییەتدا راگەراکە نەکەن، هەمیشە ماددییەت بە مەعنەویاتەوە پەیوەست بکەن، ئەوکاتە ماددییەت خزمەت دەکات و خراپەکاری لێناکەوێتەوە، چونکە ئەگەر تۆ ماددییەتت بەبنەما وەرگرت رۆژ بەرۆژ زیاتر پەیوەستی مادییەت دەبیت، هەر هێندە ماددییەتت بەبنەما وەرگرت ئیدی هەموو خراپییەك بەمرۆڤ دەکات و مرۆڤ لەمرۆڤایەتی دوور دەخاتەوە و دەیکات بە دووژمنی مرۆڤایەتی. ئەگەر تا ئەمڕۆ تەڤگەری (PKK) خاوێن و پاکژ ماوەتەوە و پەیوەستە بە ئامانجەکانی خۆیەوە و هێندەش لەنێو گەلدا شوێنی گرتووە، هۆکارەکەی ئەمەیە.

سەرەتا کێشەی ماددی زۆرجدیمان هەبوو، وەکو گووتم؛ ئەو هەڤالانەی لەگرووپدا شوێنی خۆیان دەگرت هەموو کەسی هەژاربوون و توانستی خۆیان و خێزانەکانیان زێدە نەبوو، کەسێکیش توانستی بەئێمە نەدەدا، چونکە کەس ئێمەی نەدەناسی و هەروەها بە ئاسانیش باوەڕیان بە ئێمە نەدەکرد تاکو بڵێن:" مادام ئەوانە بۆ ئێمە کاردەکەن، با ئێمەش توانستێك بەوان بدەین" بۆیە ئێمە لەم رووەوە زۆر تەنگاسیمان کێشا. هەم خۆت بژیێنی و خۆت موحتاجی کەسێك نەکەیت و خۆت خراپ و گەمار نەکەیت و هەمیش کاری شۆڕشگێڕی بکەیت، بێگومان ئەمە زۆر زەحمەت بوو، هەر لەسەرەتاوە ملیتانی ئەم تەڤگەرە وەها ژیا و شەڕی کرد و زۆری و زەحمەتی چارەسەر کرد و بەمشێوەیەش پێشکەوت. لەسەر هێزی خۆیی خۆی پێشکەوت و هیچ کاتێك خۆی موحتاجی کەسێکی دیکە نەکرد. لەبەر ئەوەی کێشە و گرفتی ماددی هەبوو خۆی نەفرۆشت و نەکەوتە خزمەتی کەسێکەوە، لەپێناو ماددییەتدا خۆی بەهەمەندێك لایەن پەیوەست نەکرد، هەرچەندە کێشەی ماددی خۆیشی هەبووبێت، چارەسەرکردنی لەسەر هێزی خۆیی بەبنچینە وەرگرت. تەنانەت رۆژێکیش نەمانگووت:" کێشەی ماددیمان زۆرە، جا چۆن بژین و چۆن شۆڕشگێڕی بکەین، چۆن ببینە تەڤگەرێك؟ ئیدی

بەمشێوەیە نابێت" هەرگیز وەهامان نەگووت. بەڵکو گووتمان؛ کێشەیەکمان هەیە، پێویستە چارەسەری بکەین. ئێمە چۆن ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین؟ ئێمە دەبێت بەهێزی خۆمان چارەسەری بکەین، ئێمە دەبێت خۆمان ماندوو بکەین تاکو ئیمکانییەت بۆ خۆمان دروست دەکەین، ئێمە دەبێت بەتەواوی لەسەر توانستی خۆمان بژین، دەبێت خۆمان موحتاجی کەسێکی دیکە نەکەین.

دەوڵەت دەیزانی کێشەی جددی ماددیمان هەیە، ئیدی ئەوکاتە پیلۆت (نەجاتی کایا)یان رۆڵگیر کرد و خستە دەورەوە، دەیانخواست لەرێی "پیلۆت"ەوە زەبر لە تەفگەر بدەن و تەفگەر بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، لەنێو تەفگەریشدا زۆر کادیر تەسفیە بکەن. ئەگەر "پیلۆت"یان خستە ناو تەفگەرەوە بۆ ئەو مەبەستە بوو. "پیلۆت" دەیبینی ئێمە چەندین رۆژ برسین و هیچمان نییە بیخۆین، دەیگووت:" وەرن با خواردنتان بۆ بکڕم، وەرن با بتانبەمە چێشتخانەوە" ئێمە پەسندمان نەدەکرد، دەمانگووت:" تۆ بۆچی ئێمە دەبەیتە چێشتخانە؟ ئەو پارەیەی دەیدەیتە چێشتخانە با بەخواردنی بدەین و لەماڵەوە خواردن دروست بکەین، هەم خاوێنترە و هەمیش هەرزانترە" ئەویش دەیگووت:" نا پێویست ناکات، جا خواردنێکتان لە چێشتخانە بدەمێ چییە، زۆرە؟ ئێوە لەبەرامبەر هەموو شتێکن" دەیخواست بەمشێوەیە کاریگەریمان لەسەر دروست بکات، دیسان کە دەیزانی کێشەیەکی ماددی جددیمان هەیە رۆژێك گووتی:" ئەو شوێنەی من ئیشی تێدا دەکەم، بیرۆیەکی فرۆکەوانی سڤیلە، پارەیەکی زۆر دێتە ئەوێ، ئێمە دەتوانین بەئاسانی دەستی بەسەردا بگرین، هیچ شەهیدێکیش نادەین، با ئەمە بکەین" ئەمەی بە من و هەڤاڵ "کەمال پیر" گووت. من و هەڤاڵ "کەمال پیر"یش گووتمان:" با بیکەین، مادام پارەیەکی ئەوەندە زۆرە، ئەگەر شەهیدیش بدەین با بیکەین، ئێمە دەچین حەماڵێتی دەکەین، کەچی هێشتا بەشمان ناکات، ئەگەر ئێمە ئەو پارەیە بە دەستبخەین هەم هەڤاڵانمان دەحەسێنەوە، هەمیش دەتوانین زیاتر کار بکەین، ئێمە ئیدی هەم حەماڵێتی ناکەین هەمیش کاتی خۆمان بەتەواوی تەرخان دەکەین بۆ کار و خەباتی سیاسی و رێکخستنی، زۆر باشتر دەتوانین ئەنجام وەربگرین". ئیدی چووین بە سەرۆکمان گووت. سەرۆك گووتی:" با بمێنێت ئەمە مەکەن" ئێمە زۆر سەرمان سووڕما، گووتمان:" تۆ بڵێی سەرۆك بۆ وا دەڵێت؟!" سەرۆکیش دەزانێت رەوشی ماددیمان زۆر خراپە، هێندە

پارە، کە دوازدە ملیۆن پارەی تورکی بوو، پارەیەکی گەلێك زۆر بوو. بە سەرۆکمان گووت:"رەوشمان لەپێش چاوانە، با ئەمە بکەین، ئەگەر شەهیدیش بدەین کێشە نییە، هەر هیچ نەبێت تەڤگەرەکەمان بەسەردەکەوێت" سەرۆك گووتی:" نا" ناچاربووین لەلای سەرۆك دەرچووین، پاشان لەنێوان خۆمان گفتوگۆمان کرد و گووتمان:" کەواتە سەرۆك شتێك دەزانێت، بۆیە ئەمە پەسند ناکات، ئەگەرنا بۆچی پەسندی ناکات؟!" بەڵام ئێمە هەرگیز حیسابی ئەوەمان نەدەکرد کە "پیلۆت" سیخوڕ بێت، بۆیە سەرۆك پەسندی ناکات. پاشان جارێکی دیکە چووینەوە لای سەرۆك و پێمانگووتەوە، دیسان پەسندی نەکردەوە. کاتێك پەسندی نەکردەوە گووتمان:" ئیدی پێویست ناکات ئەوەندە پێداگری بکەین". بۆیە وازمان لێیهێنا. پاشان بەدیارکەوت کە "پیلۆت" دەیەوێت رامانکێشێتە ناو ئەو چالاکییەوە و لەو چالاکییەدا هەمووومان تەسفیە بکات. ئەگەر توانی کادیری باشی تەڤگەرەکە تەسفیە بکات، ئەوکاتە دەتوانێت تەڤگەرەکەش بەتەواوی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و پاشان دەوڵەتیشەوە. واتا بەپارە تەڤگەرەکە بکڕێت، لەلایەکەوە تەڤگەرەکە بەپارە بکڕێت و لەلایەکی تریشەوە کادیرەکان لەو چالاکییەدا تەسفیە بکات. بەمەش تەڤگەرەکە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتەوە. ئەرکی ئەو ئەمە بوو. سەرۆکیش لەو کەوتۆتە گومانەوە، ناتوانێت بە ئێمەش بڵێت، دەڵێت:" ئەگەر بەوان بڵێم ئەوانیش بەهەندێك هەڤاڵانی دیکەش دەڵێن، ئەو کاتە مەترسیدار دەبێت..." بۆیە بەئێمە ناڵێت، "پیلۆت"یش وا بیردەکاتەوە کە ئەگەر بڵێت:" پارەیەکی هێندە مەزنە" ئێمەش دەڵێین:"با بیکەین" لەمە سوود وەردەگرێت و زەبرێکمان لێدەوەشێنێت. چونکە بەڕاستی زۆر لە هەڤاڵان بەنۆرە حەماڵیمان دەکرد، ئەگەر وا نەبایە نەماندەتوانی بگوزەرێین، ئێمە حەماڵیشمان دەکرد کەچی زۆر بەزەحمەتی دەمانتوانی بگوزەرێنین.

بەبیرم دێتەوە؛ هەتا شەڕی "حیلوان"ی ساڵی (١٩٧٨)، بەبیرم نایەت رۆژێك هەڤاڵان تێر نانیان خواردبێت، ئەمە راستییەکە. ئەم تەڤگەرەمان لەنێو زۆری و زەحمەتییەکی مەزندا پێشخست. بەبیرم دێتەوە؛ هەموو هەڤاڵان حەماڵێتیان کرد و لەخواردنی خۆیان بڕی و خۆیان بەبرسێتی هێشتەوە بۆ ئەوەی پارە کۆبکەینەوە تاکو چەکێك بکڕین. یەکەمین چەکی ئەم تەڤگەرە بەمشێوەیە کڕدرا. دیسانیش پارەکەمان بەشی کڕینی

چەکێکی نەکرد، بە قەرز کڕیمان، کاتێك ئەو چەکەمان کڕی گووتمان:" ئیدی بووینە خاوەن چەکێك، ئیدی دەتوانین شت بکەین" واتا لە بێ توانستیدا چۆن توانست دروست بکەین؟ ئەوەمان بۆ خۆمان بەبنەما وەرگرت، ئێمە نەمانگووت:" مادام توانستمان نییە، ئیدی نابێت" و دەستبەرداری خەبات نەبووین. ئێمە نەمانگووت:" توانستمان نییە با بچین هەندێك توانست لەهەندێك کەس بخوازین، تاکو توانست بەئێمە بدەن" ئێمە ئەوەمان بەبنەما وەرنەگرت، بەڵکو بەتەواوی لەسەر توانستی خۆمان خەباتمان کرد و رابووین، ئەوەمان بەبنچینە وەرگرت. ئیدی ئەمە ئەو تەڤگەرەی پێشخست و ژیاندی...

لەو قۆناخەدا؛ گروپ هێدی هێدی ئاوا دەبێت و مەزن دەبێت، زۆر کەس بەتایبەتی گەنج تەڤلی گروپ دەبن، ئەو کەس و گەنجانە چۆن پەروەردە دەکرێن و چۆن ئامادە دەکرێن بۆ خەبات؟ ئەو کاتە پەروەردە چۆن بوو و بۆ ئێوە بە چ واتایەك دەهات؟ رۆڵی پەروەردە لە پێشخستنی گروپدا چیبوو؟ هەڤاڵان چۆن نزیکی پەروەردە دەبوونەوە؟ سەرۆك چۆن نزیکی پەروەردە دەبۆوە؟ هەروەها ئەو سەرچاوانەی بۆ پەروەردەکردن بەکارتان دەهێنا چیبوون؟

لە (PKK)دا پەروەردە ئەرکێکی بنچینەییە، ئەوەی راست لەو ئەرکە نزیك نەبێتەوە، هیچ کاتێك راست لە ئەرکەکانی دیکەیشی نزیك نابێتەوە، ئەوەی لەم ئەرکەدا قووڵنەبێتەوە و ئەنجام وەرنەگرێت، ئەوا لە ئەرکەکانی دیکەشدا ناتوانێت ئەنجام بەدەستبخات. هەموو ئەرکەکان پەیوەستن بە ئەرکی پەروەردەوە، وەك پێشینانمان دەڵێن:"چ بچێنیت ئەوە دەدووریتەوە" ئەگەر تۆ شتێکت نەچاند تۆ ناتوانی شتێکیش بدووریتەوە، یان تۆ چیت چاندووە لەوە زیاتر ناتوانیت شتی دیکە بچنیتەوە، ئەمە راستە. بۆ شۆرشگێرپش ئەگەر تۆ کەسانی خۆت پەروەردە کرد، تۆ کەسانی خۆت کردە هێزی چارەسەری، ئەوا تۆ دەتوانیت بەم کەسە ئەنجامگیر ببیت. هەموو خراپییەکان

لەنەزانینییەوە دەردەکەوێت، مرۆڤی نەزان خراپی دەکات. ئەگەر تۆ ناخوازیت کەسانی تۆ خراپی بکەن، تۆ ئەو کەسانە پەروەردە بکە و بیانکە بەهێزی چارەسەری. ئەو کاتە ئەو کەسانە خراپی ناکەن، ئەو کاتە ئەو کەسانە خزمەتێکی باشی گەلی خۆیان دەکەن. ئەگەر لەنێو (PKK)دا بۆ هەموو شتێك لێبووردن هەبێت، ئەوا بۆ خۆ پەروەردە نەکردن لێبوردن نییە. چونکە خۆ پەروەردە نەکردن پەسندکردنی ئەو کەسێتییەیە کە دووژمن و داگیرکەران دروستیان کردووە، ژیاندنی ئەو کەسێتییەی دووژمنە لەنێو تەڤگەردا. بۆیە لێبووردنی بۆ نییە و تاوانێکی مەزنە. چونکە داگیرکەر هیچ کاتێك ناخوازێت مرۆڤی کورد پەروەردە ببێت و هوشیار ببێتەوە، زانابێت و ببێتە هێزی چارەسەری، بۆ ئەوەی بتوانێت داگیرکەرێتی خۆی بەئاسانی بەڕێوە ببات. ئەگەر (PKK) دەخوازێت داگیرکەری لە کوردستاندا نەهێڵێت رێی ئەمە بە کوێدا تێدەپەڕێت؟ تۆ بتوانیت مرۆڤی خۆت پەروەردە بکەیت و بیکەیتە هێزی چارەسەری. ئەگەر تۆ ئەمەت کرد، ئەوا دەتوانیت لە هەموو رووێکەوە لە داگیرکەری تێبگەیت و لەدژی رابوەستیت و خەبات و تێکۆشان بکەیت و ئەنجام وەربگریت. بەشێوەیەکی دیکە ئەمە ناکرێت و نابێت. بەو کەسێتی و کۆمەڵگایەی داگیرکەران دروستیان کردووە تۆ ناتوانیت دژی داگیرکەران رابوەستیت، بەمە دژیشی رابوەستیت تۆ ناتوانیت ئەنجامگیر ببیت. پاشان ئەوەی بەمشێوەیە سەرهەڵبدات، دیسان دەچێتەوە باوەشی داگیرکەران و لەگەڵ داگیرکەران دەبێتەوە یەك. ئەگەر کەسانێك خیانەت دەکەن لەبەر ئەم هۆیەیە دەکەونە خیانەتەوە، کە دەچن لەگەڵ دووژمن دەبنە یەك لەبەر ئەم هۆیەیە. مرۆڤێك کە لەهەموو رووێکەوە خۆی لە داگیرکەران دابڕاندبێت، هیچ کاتێك ناچێت لەگەڵ داگیرکەران ببێتە یەك. کەسێك بۆ ئەوەی لەگەڵ داگیرکەران نەبێتە یەك خزمەتی ئەو ناکات و لەدژی رادەوەستێت و هیچ کاتێك چاوی لەوە نەبێت، پێویستە چیبکات؟ دەبێت ئەو کەسێتییەی داگیرکەران دروستیان کردووە، ئەو کۆمەڵگایەی داگیرکەران فۆرمیلە (شێوە)یان پێداوە تێکیبدات، لەسەر ئەو بنەمایەش کەسێتی و کۆمەڵگای نوێ بنیاد بنێتەوە، ئەوەش بە پەروەردە دێتەدی. بەشداری نەکردن لەپەروەردە پێداگریکردنە لەسەر مانەوەی کەسێتی کۆن، پێداگرییە لەسەر داگیرکەری، پێداگرییە لەسەر

کۆیلایەتی. دەرکەوتن لە کۆیلایەتی و لەژێر داگیرکەری و هەنگاونان بۆ ئازادی تەنیا لەرێی پەروەردەوە دێتەدی. بۆیە پەروەردە زۆر گرنگە.

هەر لەسەرەتاوە؛ ئەم تەڤگەرە پەروەردەی وەك ئەرکێکی بنچینەیی دیاریکرد، خواستی بە پەروەردە ئەو کەسێتییەی داگیرکەران بنیادیان ناوە تێك بدات و لەشوێنیدا کەسێتییەکی نوێ بنیاد بنێتەوە، ئیرادەیەکی نوێ و ئازاد، کەسێتییەکی ئازاد بنیاد بنێت. ئەمەش لە فیکر و رامانەوە دەستپێدەکات. پێویستە دەستپێك لە فیکر و راماندا ئازادی بئافرێنیت، بۆ ئەوەی بتوانیت کەسێکی ئازاد، ئیرادەیەکی ئازاد، لەسەر ئەو بنەمایەش کۆمەڵگایەکی ئازاد بئافرێنیت و ئازادی بهێنیتەدی.

ئیدی (PKK) لە پەروەردەدا ئەمەی بەبنچینە وەرگرت. پەروەردەی خستە پێش هەموو ئەرکەکانی دیکەوە، هەموو ئەرکەکانی دیکەی پەیوەست بەم ئەرکەوە بەرێوە برد. چەندە لەم ئەرکەدا ئەنجامگیر بوو، هێندەیش لەئەرکەکانی دیکەدا ئەنجامگیر بوو. (PKK) سەرەتا پەروەردەی لەماڵان دەستپێکرد. ئەو ماڵانەی بەکرێمان گرتبوو و تێیدا دەماینەوە و تێیدا دەمانخوێند، لەو ماڵانەدا دەستمان بەپەروەردە کرد، ئەو ماڵانەمان کردە خوێندنگایەك. ئێمە نەمانگووت:" با لەو ماڵانەدا بەحەساوەیی بژین" بەڵکو گووتمان:" ئێمە پێویستە لەو ماڵانەدا پەروەردە بۆ گەلەکەمان بکەین" ئیدی ئەو ماڵانەمان وەك خوێندنگایەك بەکارهێنا. هەقی ئەو ماڵانەمان بەتەواوی دەدا، هیچ کاتێك لەو ماڵانەدا ژیانێکی شەخسی نەژیاین، نەشمانهێشت کەس بۆ شەخسی خۆی تێیدا بژێت، نەمانهێشت کەس ژیانێکی حەساوەی تێدا بژێت، گووتمان:" لەو ماڵانەدا هەر کەسێك تێیدا بژێت و بێتە ئەو ماڵانەوە پێویستە بۆ گەلی خۆی بژێت، بۆ ئازادی بژێت". بۆیەش لەو ماڵانەدا بەرنامەیەکی پەروەردەمان پێشخست، لەسەر ئەو بەرنامەیە هەموو هەڤاڵانی خۆمانمان پەروەردە کرد.

بێگومان بۆ ئەوەی دووژمن هەست بەمە نەکات، زۆر دیقەتمان دەکرد و تەدبیریشمان وەردەگرت. چونکە زۆر لە هەڤاڵان دەهاتن و دەچوون و دەمانەوە و پەروەردەیان دەبینی و گفتوگۆیان دەکرد. هەڵبەتە ماڵێك هێندە گەنج بێن و بچن سەرنج رادەکێشێت. بۆیە دیقەتی تەواویشمان دەکرد، لەو ماڵانەدا هەموو هەڤاڵانمان پەروەردە دەکرد، لەوانەیە ئەوە بۆ ئێمە سەختیش بووبێت. بۆ نموونە؛ ئەگەر جێیەکی گراوە و

ئاشکرا و یاسایی هەبایە، دەتتوانی لەوێ هەم زۆر کەس کۆبکەیتەوە، هەمیش پەروەردەیان بکەیت، بەڵام ئێمە نە توانستێکی وەهامان هەبوو تا شوێنێکی بەمشێوەیە بگرین، نە لەرەوشێکی بەمجۆرەشدا بووین، ئێمە دەمانزانی ئەگەر ئێمە بەمشێوەیە بکەین، دەوڵەتیش زۆر پیاوی خۆی تێدەخزێنێت. چونکە تەفگەری چەپی تورك، گروپە کوردییەکان، هەموو بەو شێوەیە کاریان کردبوو، بۆیە کەوتبوونە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتەوە. پێویستبوو ئێمە نەکەوینە ژێر کۆنترۆڵەوە، هەر هیچ نەبێت لەدەستپێکەوە، پێویستە کادیرێکی ساخڵەم و تۆکمە ئاوا بکەین، کە ئەگەر پاشان دەوڵەت سیخوڕی خۆیشی تێوەخزاند نەتوانن بمانخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، بۆیە پەروەردەکردنمان لەماڵان بۆ خۆمان بەبنچینە وەرگرت، ئەمە لەهەموو رووێکەوە زۆر زەحمەت و دژواربوو، کە هەم دەوڵەت هەستی پێنەکات، هەمیش پەروەردەکردن لەماڵان ژمارەیەکی کەم کەم پەروەردە دەکەیت، تۆ کە کەم کەم پەروەردە دەکەیت زۆر کاتی تۆیشی دەخوارد، زۆر ماندوویشی دەکردی، بەڵام ئەمە رێگەی هەرە راست بوو. تەنیا بەمشێوەیە دەتوانی بەگوێرەی ئامانجی تەفگەر کادیر پەروەردە بکەیت و راست پێشیبخەیت و کۆنترۆڵی دووژمنیشی بەسەرەوە نەبێت. ئەگەر ئێمە ئەو شێوازەمان بەبنچینە وەرگرت ئەوا لەبەر ئەم هۆیە بوو. ئەم شێوازە ئەنجامی خۆیشی هەبوو، واتا هەم کادیربوونی ئێمە ساخڵەم دروست بوو، هەمیش یەکێتی کادیر و یەکێتی تەفگەر بنیادنرا، هەمیش دووژمن زێدە هەستی پێنەدەکرد و کۆنترۆڵی دووژمنیش لەسەرمان دروست نەدەبوو. بۆیە تەفگەر بەمشێوەیە لەسەر بناخەیەکی پتەو و تۆکمە ئاوا بوو، کادیری خۆی بنیادنا و لەسەر بنەمای ئەو کادیرانەش هەنگاوی هاوێشت، هەروەها زێدە زەبریشی بەرنەکەوت و بەرەو هەڵدێر نەچوو و نەکەوتە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتەوە.

بێگومان هەر هەفاڵێك پەروەردەی شەخسی خۆیشی دەکرد، هەروەها وەك گروپ بەرنامەی گروپ هەبوو، پەروەردەی بەکۆمەڵ (بەیەکەوە)یان دەبینی. سەرۆکیش پەروەردەی خۆی هەبوو، هەڵبەتە بەردەوام خۆی پەروەردە دەکرد. لەخۆپەروەردە کردنیشدا ئەو دەرئەنجامانەی بەدەستیدەخست دەیدایە هەفاڵان. بۆ نموونە؛ هەفاڵانی کۆدەکردەوە و لەگەڵیاندا دەئاخفت و گفتوگۆی دەکرد، هەم شتێکی بیخواستبایە دەیدایە هەفاڵان، هەمیش شتێکی کەوا لەوانەدا راستیبکردبایەوە راستی دەکردەوە و

دەیخستەڕوو. ئیدی پەروەردەی ئێمە لەو ماڵانەدا بەمشێوەیە پێشکەوت. ئەو ماڵانە هەر یەکەی بووە ئەکادیمیا و خوێندنگایەك، ڕۆڵێکی مەزنی وەهای بینی. ئیدی ئەمە بووە چەمکێك لەنێو ئەم تەڤگەرەدا، ئێمە لەکوێدا شوێن و ئیمکانییەتێکمان هەبووبێت و دەرفەتێکمان بەدەستکەوتبێت ئەو شوێن و توانست و دەرفەتەمان بۆ پەروەردە بەکارهێناوە. ئێمە وەها نزیکبووینەوە. ئەم چەمکەمان لێرەوە وەرگرت. سەرۆك بناخەی ئەو چەمکەی لێرەوە دەستپێکرد و پێشیخست، هەمیشە ماڵەکانی ئێمە لەهەر کوێیەك بووبێت بوونەتە خوێندنگا و شوێنی پەروەردە، شوێنی پەروەردەکردنی کادیر و پێشخستنی کادیر. ئێمە بەخوێندنەوەی پەرتووك، بە گفتوگۆ، چ بەتەنیا و چ بە گروپ گروپ پەروەردەمان پێشخست. یەکێتی کادیران و یەکێتی تەڤگەریش بەساخڵەمی ئاوابوو و لەسەر ئەو بنەمایەش هەر دەهات بەپەروەردە خۆی قووڵتر دەکردەوە و هەنگاوی تۆکمەتری دەهاوێشت و مەزنتری دەکرد و تا ڕۆژی ئەمڕۆش هەر بەردەوامە.

هێشتا گروپ نەبۆتە پارتییەك و هەڤاڵانیش هەموویان بەیەکەوە دەژین و خەبات دەکەن، ئەو کێشە و ناکۆکییانەی ئەو کاتە لەنێوان هەڤاڵاندا دەردەکەوتن چیبوون و چۆن چارەسەر دەکران؟

کێشەکانی ئەو کاتە زێدەتر کێشەی نێو ژیان بوون، واتا کێشەی ئایدیۆلۆژی، ڕێکخستنی و پراکتیکی زێدە نەبوو. چونکە تەڤگەر لەرووی ئایدیۆلۆژی، ڕێکخستنی و پراکتیکدا زۆر بەهێز نەببوو، کادیریش خۆی بەهێز نەببوو، تا کێشەی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخستنی دەربکەون. ئەگەر کێشەش هەبووایە کێشەی پەروەردە بوون، ئەم کێشەیە چۆن چارەسەر بکەین؟ چۆن خۆمان پێشبخەین و هەڤاڵان پێشبخەین، ئەو کێشەیەشمان بەو پەروەردەیەی کە لەماڵان پێشماندەخست چارەسەرمان دەکرد.

لەلایەکی دیکەشەوە؛ کێشە و گرفتی نێو ژیان دەردەکەوتن. چونکە توانستی ماددییمان کەم بوو، زۆر جار نەماندەتوانی پێداویستییەکانمان دابین بکەین. بۆ نموونە؛

دەمانخواست پەروەردە بکەین، پەرتووك پێویستبوو، توانستمان نەبوو پەرتووك بەدەستبخەین. ئەم کێشەیە چۆن چارەسەر بکەین. زێدەتر لەسەر ئەو مەسەلانە گفتوگۆ دەکران یاخود کێشە دەردەکەوت. وەکو گووتم؛ لەبەر ئەوەی کولتوور و ئەخلاقێکمان بۆ خۆمان بەبنچینە وەرگرتبوو، لەمەشدا گوێڕایەڵی یەکتری، ڕێز و حورمەت، بەیەکتر باوەڕکردن، بەهادان بەیەکتری بنەما بوون بۆمان، کێشە و گرفتێکی وەها جددی کە بەخۆیەوە خەریکمان بکات یان ورە و مۆڕاڵ و باوەڕی هەڤالان دابەزێنێت و بشکێنێت نەبوو. چونکە هەموو کێشەکانمان بەئاخافتن و گفتوگۆ بەئاسانی چارەسەر دەکرد. ئەگەر کێشەیەك دەربکەوتبایە، بەیەکەوە دادەنیشتین و گفتوگۆمان دەکرد، کێ کەوتۆتە کێماسییەوە و هەڵەی کێ هەیە ڕەخنەمان دەکرد و ئەویش پەسندی دەکرد و کۆتایی پێدەهات. واتا کێشەکان زۆر درێژەی نەدەکێشا و پێداگری زۆر نەدەکرا، کەسی وەها لەسەر کەموکوڕی و هەڵە پێداگری نەدەکرد، ئەگەر یەکێك هەڵەیەکی بکردبایە، خۆی دەیگووت:"ئەو هەڵەیەم کردووە"

چۆن؟

بۆ نموونە؛ ئێمە هەمووومان بەنۆرە دەچووین حەماڵێتیمان دەکرد و کارمان دەکرد. ڕۆژێکیان نۆرەی هەڤاڵ **"حەقی قەرار"** بوو، نۆرەی هەڤاڵێکی تریش بەناوی **"یلماز"** بوو. ئەو هەڤاڵە تازە تەڤلی ئێمە ببوو، هەردووکیان پێکەوە چووبوونە حەماڵێتی. کاتێك لەکار دەگەڕێنەوە ئەو هەڤاڵە نوێیە بەهەڤاڵ **"حەقی قەرار"** دەڵێت:" با دۆندرمەیەك بخۆین" زێدە ڕەوشی بێ توانستی ئێمەش نازانێت. هەڵبەتە هەڤاڵ **"حەقی"**یش بیردەکاتەوە، ئەگەر ئەمە ڕەتبکاتەوە، **"یلماز"** هەڤاڵێکی نوێیە و کار و حەماڵێتی دەکات دڵی چۆتە دۆندرمەیەکەوە، دڵی بشکێنێت باش نییە، بەڵام ئەگەر دۆندرمەیش بکڕن ئەوا بەو پارەییەی کە دەمێنێتەوە دەبێت خواردن بۆ ئێوارە بکڕێت کەم دەبێت و بەشناکات، هەڤالانمان هەموو چاوەڕێی ئەو پارەیەن خواردنی پێبکڕن. حیسابی ئەمەش دەکات، لەئاکامدا هەڤاڵ **"حەقی"** دەڵێت:" با بیکڕین" دۆندرمەکە دەکڕن، پاشان بەو هەڤاڵەش دەڵێت:" هەڤاڵ بڕوانە، ئێمە کە هاتووین کار دەکەین بۆ

هەڤاڵان کار دەکەین، ئێستا ئەوان چاوەڕێی ئێمەن، ئەگەر ئێمە ئەو پارەیە نەبەینەوە ماڵ ئەوا پرسی دەمێننەوە، خۆ ئەگەر پارەش نەبەین هەڤاڵان هەر هیچ ناڵێن. ئەگەر بشڵێین دۆندرمەمان خواردووە، یان پارە کەم بوو هەر هیچ ناڵێن" بەس ئەخلاقێکی ئێمە هەیە، هەڤاڵ لەماڵ برسین و ئێمەش لێرە دۆندرمە بخۆین باش نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ هەڤاڵێکی نوێیت دڵم نەشکاندی، بۆیە ئێمە کە گەڕاینەوە بەهەڤاڵان دەڵێین:" ئەمڕۆ ئێمە پارەی کارەکەمان وەرنەگرت، سبەی بەو پارەیەی کە نانی پێدەخۆین نان ناخۆین، دەیخەینە شوێنی پارەی دۆندرمەکە و دەیدەینە هەڤاڵان، بە هەڤاڵانیش مەڵێ" ئەو هەڤاڵەش دەڵێت:" منیش ئەمەم نەزانی"، ئێوارە کە گەڕانەوە، بینیمان پارەیان نەهێناوەتەوە، ئێمەش گووتمان:" کێشەیەك نییە" ڕۆژی دواتر پارەیان هێنا. دوای ساڵێك ئەو هەڤاڵە ئەو مەسەلەیەی بەئێمە گووت. گووتمان:" شتێك نابێت، ئەو کاتەش دەتانتوانی ئەو مەسەلەیە بەئێمە بڵێن، دۆندرمەیەکتان خواردووە کەی کێشەیەکە؟ ئێوە کار دەکەن..."

دەتوانم بڵێم؛ کولتوور و ئەخلاقی ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە بوو، بەهەر هەڤاڵێکت بگووتبایە ئەم کەموکوڕی و هەڵەیەت هەیە ڕەتینەدەکردەوە و دەیگووت:" ڕاستە" و ڕەخنەدانی خۆی دەدا، کۆتایی پێدەهات. بۆیە لەنێو هەڤاڵاندا کێشەیەك نەدەهاتە ئاراوە، چونکە هەڤاڵێتییەکی تۆکمە هەبوو، باوەڕ بەیەکتری هەبوو، ڕێز لەیەکتری گرتن هەبوو. ئەگەر کولتوور و ئەخلاقییەتێك هەبێت کێشە و گرفت دەرناکەوێت، ئەگەر هەشبێت چارەسەر دەبێت و خراپەکاری لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت. کێشەکانی ئێمە زێدەتر بەمشێوەیە دەردەکەوتن. واتا زەحمەتییەکانی ژیان هەبوو، لەمەدا کێشەیەك دەرکەوتن، وەکوتر زێدە کێشەیەك لەئارادا نەبوو.

بۆ نموونە؛ پەرتووکمان پێویستبوو، زیاتریش بۆ سەرۆك پێویستمان پێی هەبوو. چونکە شەو و ڕۆژ لێکۆڵینەوەی دەکرد، پارەمان نەبوو پەرتووك بکڕین، دەچووینە پەرتووکخانەکان دانەیەکمان بەپارە دەکڕی و دوو ـ سێیەکیشمان دەدزی. ناچار بووین بەمشێوەیە پێداویستی خۆمان دابین بکەین. چونکە وەکوتر توانستمان نەبوو ئەم هەموو پەرتووکانە بکڕین. تەنانەت ڕۆژێکیان سەرۆك زۆر نەخۆش کەوت، من ترسام لەوەی بمرێت، تا ئەو ڕادەیە نەخۆش کەوتبوو، پێویستبوو بۆ لای دکتۆرمان ببردبایە،

پارەمان نەبوو بۆ لای دکتۆری ببەین، من چوومە زانکۆ گووتم:" بەڵکو بتوانم لەهاوڕێیانی زانکۆم هەندێك پارە وەربگرم، چووم چەندێکیانم بینی، بڕێك پارەم لێوەرگرتن، بەڵام دیسان بەشی چوونە لای دکتۆری نەدەکرد. چیبکەم؟ هەم بە بەرچاومان سەرۆك گران نەخۆش کەوتووە، هەمیش پارە نییە بیبەینە لای دکتۆر، ئیدی شتێك نەبوو بتوانین بیکەین، پاشان سەرۆك دوو ـ سێ رۆژ وەها بەگرانی نەخۆش کەوت، پاشان هێدی هێدی چاکبووەوە.

بۆ نموونە؛ جارێکیان سەرۆك لەگەڵ هەڤاڵێك دەبووایە بچووبایە ئەستەنبۆڵ بۆ کارێکی رێکخستنی، هەرچی پارەی هەمانبوو دامانێ. لەدەستماندا هیچ پارە نەما، گووتمان:" با بچینە خوێندنگا بگەڕێین لەوانەیە ئەو هەڤاڵانەی لە چەپی تورك دەیانناسین هەبن هەندێك پارەیان لێوەربگرین. واتا کێشەکانی ئێمە بەمشێوەیە بوون.

تەنانەت رۆژێکیان من و هەڤاڵ فوئاد (علی حەیدەر قەیتان) لەماڵەوە بووین، گەدەی ئەو هەڤاڵە نەخۆشی "گاستریید"ی هەبوو، زۆر ئازاری هەبوو، برسیش بوو، پێم گووت:" وا دەچمە نانەواخانە و نان دێنم و دێمەوە" هەڤاڵ "فوئاد" گووتی:" چۆن دەچیت نە پارە هەیە نە هیچ؟" گووتم:" دەڵێم پێنج لیرەیم پێیە، وردەم لەلا نییە، نانم بدەرێ پاشان پارەکەیت بۆ دێنم" گووتی:" ئەگەر گووتی بێنە بۆت ورد دەکەمەوە، تۆ چی دەڵێیت؟" منیش گووتم:"دەست دەخەمە گیرفانم و دەڵێم وەڵڵا لەماڵەوە لەیادم کردووە" گووتی:" شەرمە وا مەکە" گووتم:" هیچ نابێت" ئیدی چووم و وامگووت، ئەو جوامێرەش نانی دامێ. بەمشێوەیە ئەوەشمان تێپەڕاند. واتا ئەو کێشانەی ئێمە تێیدا دەژیاین وەهابوون، بەڵام ئەو کێشانە لەنێو هەڤاڵاندا بێ حورمەتی دروست نەدەکرد، خراپەکاری لێنەدەکەوتەوە. چونکە کولتوور و ئەخلاقی ئێمە رێگەی ئەمەی نەدەدا، لەبەر ئەوەی هەڤاڵێتی و باوەڕییەکی تۆکمە لەنێوانماندا هەبوو، هەر کێشەیەك دەربکەوتبایە بەئاسانی چارەسەرمان دەکرد.

لە جڤینی کەناری چووبووك بەدواوە دەوڵەت تا چ ئاستێك ئاگاداری هەبوونی گروپێکی بەمشێوەیە بوو کە گروپێکی گەنج هەن و

لەجموجۆڵ دان؟ ئەگەر بەم گروپەی دەزانی تا چەند زانیاری تەواوی هەبوو؟

دەوڵەت تا ساڵی (١٩٧٥) دەرهەق بە گروپەکە زێدە زانیاری نەبوو، چونکە بەناوی گروپەکەوە نووسین و شتی تر لەئارادا نەبوو، دوای (١٩٧٥) بە تەفلیبوونی "پیلۆت" دەوڵەت هەستی پێکرد کە شتێك هەیە. چونکە "پیلۆت" بەردەوام زانیاری بە دەوڵەت دەدا، ئیدی وەکوتریش تەفگەرەکە خۆی گەیاندبووە ئاستی گروپێك، لێرە و لەوێ سیمیناری سازدەدا، کۆبوونەوەی ئەنجام دەدا، ئاخافتن و گفتوگۆی دەکرد. لەدەرەوەی ئێمە گروپەکانی دیکە دەیانگووت:" ئاپۆچی پەیدابوونە" سەبارەت بەئێمە قسە و باسیان دەکرد، ئیدی دەوڵەت بەمشێوەیە هەستی پێکرد، بەڵام دەوڵەت هیچ کاتێك سەبارەت بەئێمە زانیاری راستی بەچنگ نەکەوتبوو و لەراستینەی ئێمەش تێنەگەیشتبوو. واتا ئێمەشی وەکو هەر گروپێکی دیکەی چەپی تورك و گروپە کوردییەکانی تر دەبینی، لەوانەیە هەندێك تایبەتمەندی ئێمە هەبن، بەڵام لەبنچینەدا هەروەکو ئەوانی تری لەقەڵەمدەداین و پێی وابوو کە ئێمەش گروپێکین وەك هەر گروپێکی دیکە. بۆچی؟ چونکە سەرۆك بەمشێوەیە زانیاری دەدایە"پیلۆت"، "پیلۆت"یش ئەو زانیارییانەی سەرۆك پێیدەدا دەچوو دەیدا بە دەوڵەت. بۆ نموونە؛ سەرۆك دەیگووت:" ئێمەش هەر لە ئەنقەرە کار دەکەین، وەك هەر تەفگەرێکی دیکە، ئێمە لەبەر ئەوەی توانستمان نییە بۆیە کۆمەڵەیەك بۆ خۆمان ناکەینەوە و رۆژنامەیەك بۆ خۆمان دەرناخەین، ئەگەر ئێمە توانستمان هەبووایە ئەوا ئێمەش وەکو ئەوان کاردەکەین". کاتێك کە سەرۆك وەها قسەی دەکرد، "پیلۆت" دەیگووت:" مادام وایە من ئەو توانستە پەیدا دەکەم". سەرۆك زانیارییەکی وەهای بە "پیلۆت" نەدەدا کە تێبگات ئێمە جیاواز لەوانی دیکە بەنیازین خۆمان بکەینە رێکخستن و دەچینە کوردستان و لەوێ دەست بە کار و تێکۆشان دەکەین... هیچ کاتێك نەیدەهێشت ئەو شتانە بزانێت. ئەو زانیارییەی دەیدا ئەوە بوو کە؛ ئەو تەفگەرانە هەندێك کەموکورییان هەیە، ئێمەش دەخوازین کێماسی ئەو تەفگەرانە نەهێڵین و لەگەڵ ئەو

تەفگەرانە بەیەكەوە كار دەكەین، سەرۆك وەهای دیاردەكرد و وەهای تێدەگەیاند، بۆیە "پیلۆت"یش تێڕوانینی خۆی بۆ دەوڵەت دەگووت، دەوڵەتیش كە لەراپۆرتەكانی ئەوی دەروانی وا تێدەگەیشت كەوا ئەو تەفگەرە تەفگەرێكی مەترسیدار نییە.

بۆ نموونە؛ فاتمە (كەسیرە یلدرم) لەنێو ئەو تەفگەرە شوێنی خۆی گرت. باوكی "فاتمە" سیخوڕێكی مەزن بوو، دەوڵەتیش بەوە باوەڕی دەكرد. "پیلۆت"یش هەبوو، "فاتمە"ش هەبوو، خانەوادەی "فاتمە" سیخوڕێكی مەزنی دەوڵەتن و خۆیشی بۆ دەوڵەت سەلماندووە، "فاتمە"ش كچێكی ئەو خانەوادەیەیە، ئەویش چۆتە ناو تەفگەرەكەوە، پاشان لەگەڵ سەرۆك زەواجێكیشی كرد. بۆیە دەوڵەت وامەزندەی دەكرد كە ئەم تەفگەرە زۆر مەترسیدار نییە و دەتوانێت بیخاتە ژێر كۆنترۆڵەوە، دەوڵەت كەوتە نێو مەزەندەیەكی بەمشێوەیەوە.

واتا هەڵوێستێكی بەرچاوی دەوڵەت لەو كاتەدا لەهەمبەر گروپەكە نەبوو...

بێگومان نەبوو، چونكە سەرۆكیش ئەمەی دیقەت دەكرد. واتا لەرووی فەرمییەتەوە هیچ شتێكی بەدەستەوە نەدەدا. چونكە ئێمە نە رۆژنامەمان دەردەخست و نە كۆمەڵەمان كردبووەوە، ئێمە هەموو پڕوپاگەندەی خۆمان بەدەم (زارەكی) ئەنجام دەدا. هیچ بەڵگەیەك بەدەست دەوڵەتەوە نەبوو تاكو بتوانێت ئێمە لەرێیەوە شیبكاتەوە و لێمان تێبگات، هەندێك زانیاری بەدەست گەیشتبوو و بەگوێرەی ئەو زانیارییانەش زێدە جودایی ئێمە و تەفگەرەكانی دیكە نابینێت، بۆیە دەوڵەت لەو قۆناخەدا ئێمەی بەخەتەرناك نەدەبینی...

تا چ كاتێك ئەمە هەر وا بەردەوام بوو...؟

رێبەر ئۆجەلان لەكاتی پێشكەشكردن و تۆماركردنی شیكردنەوەكانی

تا سەرۆك لەكۆتایی ساڵی (١٩٧٦) لە ئەنقەرە كۆبوونەوەیەكی لەهۆڵی "ژووری بیناسازان" كرد. ئیدی لەو سیمینار و كۆبوونەوەیەدا سەرۆك ئەو ئەنجامانەی لەمیانەی لێكۆڵینەوەكەیدا بەدەستیخستبوو، بۆ دەرەوەی ئێمە باسی لێوەكرد، یەكسەر دوای ئەو سیمینارە سەرۆك لە ئەنقەرە نەمایەوە و هاتە كوردستان، لە شاری ئاگرییەوە دەستیپێكرد تا عەنتاب، سەرەتای (١٩٧٧) بوو، لەهەموو شارەكان جڤینی كرد، دوای تەواوبوونی جڤینەكان دیسان گەڕایەوە ئەنقەرە. ئیدی ئەو كاتە دەوڵەت بینی ئەو زانیارییانەی پێیگەیشتووە راست نین. واتا ئەم تەڤگەرە وەكو تەڤگەرەكانی دیكە نییە، ئەوان جودان و ئێمەش زۆر جودا و پڕ مەترسیدارین. ئەو كاتە لەم مەسەلەیە تێگەیشت، لەو كاتە بەدواوە بڕیاریان دا كەوا هێرش بێننە سەر تەڤگەرەكەمان، سەرەتا بە شەهیدكردنی هەڤاڵ "حەقی قەرار"، دوای ئەمەش هەوڵی تیرۆركردنی سەرۆكیان دا لە ئەنقەرە، خواستیان تەڤگەرەكە لەناو ببەن، بینیان كە تا ئەو كاتە بەهەڵەدا چوونە، دەوڵەت بینی ئەو پارە و توانستەی لەڕێی پیلۆت (ئەجاتی كایا)وە خەرجیكردووە و خێزانی "فاتمە" و فلان هەمووی بێ ئەنجام بووە، ئەمەیان بینی و بۆیە بڕیاری هێرشكردنیان دا. تەنانەت خواستیان تۆڵە لە"پیلۆت"یش بكەنەوە، دوای ئەوەی بینیان ئەو زانیارییانەی پێیداون هەمووی هەڵەیە، پێیان گووت:" دەبێت خراپییەكانی خۆت

خاوێن بکەیتەوە، ئەگەر تۆ خاوێنی نەکەیەوە ئێمە خاوێنت دەکەینەوە" بۆیە "پیلۆت" کەوتە هەوڵی ئەوەی سەرۆك لەناو ببات، ئیدی هەر بەدوای سەرۆکەوە بوو، هەڵبەتە سەرۆکیش خۆی شاردەوە، پاشانیش چووە دەرەوەی وڵات. ئیدی دەرفەتی کوشتنی نەما، لەگەڵ کودەتای (١٢)ی ئەیلولدا لە ئەدەنە لەژێر ناوی رووداوی ترومبێلەوە تەسفیەیان کرد...

باشە لەکاتێکدا گروپەکە هەندێك مەزن دەبێت و هەندێك چالاکیش ئەنجام دەدات، هەڵوێستی هێزە چەپگەراکان و هێزە کوردییەکانی ئەو کاتە لەهەمبەری تەڤگەرەکە چیبوو؟

ئەوانەی هەندێك ئێمەیان دەناسی و رێزیان لێدەگرتین، کار و چالاکی ئێمەیان لەبەرامبەر فاشیستەکان بینیبوو، بۆیە رێزیان لێدەگرتین. تەنانەت هەندێکیان لەژێر کاریگەری فیکری ئێمەشدا بوون. بۆ نموونە؛ دەیانگووت" وەرن لە بارەگای کۆمەڵەکانی ئێمەدا بۆ جەماوەری ئێمە سیمینار بدەن، چەمکی خۆتان بۆ خەڵك روونبکەنەوە، هەندێکیان ئەو هەڵوێستەیان هەبوو، هەندێکی تریشیان ئێمەیان بەمەترسیدار دەبینی و لەدژی ئێمە رادەوەستان...

کامیان زیاتر لەدژی تەڤگەرەکە بوو؟

بۆنموونە؛ لەناو هێزی تورکاندا گروپی رووناکبیران (Aydınlıkçılar)ی دۆغو پەرینچەك (PERİNCEK DOĞU) هەبوو، کە ئێستا لە تورکیادا بەخۆیان دەڵێن "پارتی سۆسیالیست" و کەناڵی ئاسمانی (ULUSAL TV)یان هەیە، ئەوانە و هاوشێوەیان ئێمەیان بەخەتەرناك دەزانی و لەدژی ئێمە رادەوەستان. هەروەها هەندێکیان دەیانخواست دەستبەرداری چەمك و هێڵی فیکری خۆمان ببین و تەڤلی ئەوان ببین. هەندێکیان لەسەر ئەو بنەمایە نزیکدەبوونەوە. بۆ نموونە؛ گروپی رێگای

شۆڕش (DEV_ YOL) هەبوون، بەرپرسیاری ئەوان وەها نزیکدەبووەوە، بەئێمەی دەگووت:" واز بهێنن، چ کورد و کوردستانتانە؟ ئیدی هەردووکیان مردوون و ناژێنەوە، کاری ئێوە پووچە، ئەگەر دەخوازن شۆڕشگێڕی بکەن وەرن با پێکەوە بیکەین..." واتا دەیانخواست ئێمە بۆ ئەمە رابکێشن. گروپەکەی "ئاکتان ئینجە" هەبوو، لەهەموو لایەکەوە پڕوپاگەندەی ئێمەیان دەکرد، لەگەڵ ئێمەدا جموجۆڵیان دەکرد، دەیانهێشت بۆ جەماوەری ئەوان سیمینار بدەین، ئەوانیش لەناو چەپی تورك وەها نزیکدەبوونەوە.

بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە لەدژی فاشیستەکاندا بە بڕیار بووین و لەهەموو جێیەکدا لەپێشەوە بووین، هەروەها لەکۆکردنەوە و گردکردنەوەی گەنجانی شۆڕشگێڕ لە تورکیادا سەرۆك زۆر کاری کردبوو، بۆیەش هەموویان ڕێزیان لە ئێمە دەگرت. بۆ نموونە؛ لە کۆلێژی"زمان، مێژوو، جوگرافیا"دا من و هەڤاڵ "کەمال پیر" گووتمان:" کورد و کوردستان هەیە" ئەو هێزانەی چەپی تورك هەموویان هێرشی سەر ئێمەیان کرد، باش بوو ئێمەیان دەناسی، کە لەدژی فاشیستەکان لەپێشەوە بووین، لەم رووەوە هەندێك ڕێزیان لێدەگرتین، لەئێمەیان نەدا، ئەگەر وا نەبایە لەوانەبوو لە ئێمەشیان بدابایە. گووتیان:" ئەمە چییە؟ ئەمە لەکوێ دەرکەوت؟ هەر ئەمە مابوو؟ شتێکی وەها نییە...؟". واتا لەلایەکەوە ڕێزی ئێمەیان دەگرت، لەلایەکی دیکەیشەوە هەبوون لەدژی ئێمە رادەوەستان، هەندێکیان دەیانخواست ئێمە رابکێشنە لای خۆیانەوە. بەگشتی نزیکبوونەوەی هەندێك لەچەپەکانی تورك بەمشێوەیە بوو.

گروپە کوردییەکانیش نەیاندەخواست لەگەڵ چەپی تورك جموجۆڵ بکەین، چونکە چەمکی ئەوان چەمکی میللیگەرایی بوو، بەرتەسك و دواکەوتوو بوون. ئەوان چوون بەجودا "کۆمەڵەکانی کولتووری دیموکراتی شۆڕشگێڕ (DDKD)یان دامەزراند. واتا لە (ADYÖD) شوێنیان نەگرت، ئەمە لەکاتێکدا ئێمە دەمانگووت:" پێویستە هەموو شۆڕشگێڕان، دیموکراتیخوازەکان، کورد و تورك لە (ADYÖD)دا گردببینەوە بۆ ئەوەی ببینە هێز، بۆ ئەوەی دەست بەسەرداگرتنی فاشیستەکان بۆ سەر خوێندنگاکان بشکێنین، ئەگەر وەها نەبێت و هەر یەکێك بچێت جودا جودا بمێنێتەوە، ئەوا ئەو هێزەی کە شۆڕشگێڕان هەیانبوو پارچە پارچە دەبوو، بەمەش هیچ کاتێك ناتوانن لەدژی فاشیستەکان رابوەستن، تەنانەت تەواوی ئەو خوێندنگایانەی تێیدا باڵادەست

بوون لەدەستیان دەدا. ئیتر لەوانەبوو نەتوانن بکەونە نێو خوێندنگاکانیشەوە، رەوشێکی بەمجۆرە دەردەکەوت" بۆ ئەوەی رەوشێکی بەمشێوەیە دەرنەکەوێت ئێمە گووتمان:" پێویستە هەموو هێزەکان ببنەیەك و بەیەکەوە لەدژی فاشیستەکان رابوەستن، تاکو بتوانین ئەنجام بەدەستبخەین. ئیدی لە نێو چەپی تورکدا گروپەکەی دۆغو پەرینچەك چوون بەجودا بۆ خۆیان شوێنێکیان کردەوە، گروپە کوردییەکانیش چوون بەجودا بۆ خۆیان کۆمەڵەیەکیان بەناوی (DDKD) کردەوە. ئێمە لەدژی ئەوە بووین، بۆیە ئەوانە بەئێمەیان دەگووت:" ئەوانە کورد نین، هیچ پەیوەندییان بە کوردایەتییەوە نییە.... ئێمە کوردین و بۆ کوردان کاردەکەین، بۆیەش ئێمە رێکخستنێك دادەمەزرێنین... ئێمە لەگەڵ تورك جموجوڵ ناکەین و لەناو رێکخستنی ئەواندا شوێن ناگرین..." ئەوانیش بەمشێوەیە نزیکدەبوونەوە، ئەوانە دەیانخواست ئێمە لەناو کورداندا گۆشەگیر بکەن، تا ئیرادەی ئێمە بەتەواوی بشکێنن. ئەوانیش وا نزیکدەبوونەوە و بەمشێوەیە لەدژی ئێمە رادەوەستان. ئەو کاتە لەناو کوردان زۆر رێکخراو و رێکخستن لەئارادا نەبوو، هەموویان لە ناو (DDKD) دا جێیان گرتبوو. کەمال بورقای و ئەوانیتریش لەناو پارتییەکی تورکدا بەناوی پارتی سۆسیالیستی تورکیا (TSP)دا شوێنیان گرتبوو. رێکخراوەکانی "ئاڵای رزگاری، رزگاری، پ د ك ی تورکیا، رێگای ئازادی ..." هەموویان لەو کۆمەڵەیەدا شوێنیان گرتبوو و لەدژی ئێمە رادەوەستان. بێگومان ئێمە ئەو کاتە ئەوەمان بە راست نەزانی و دەمانگووت:" بەرژەوەندی تەڤگەری چەپڕەو و دیموکراتخواز، چ کورد بێت یان تورك پێویستە هەموو لەنێو یەك کۆمەڵەدا شوێن بگرن، بۆ ئەوەی بتوانن خۆ بەهێز بکەن. چونکە کودەتای ساڵی (١٩٧١) زەبرێکی کوشندەی لە تەڤگەرە دیموکراتیخواز و چەپڕەوەکان وەشاندبوو، پەرشوبڵاوی کردبوونەوە و ئیرادەی شکاندبوون، هێزە فاشیستەکانیشی پڕ بەهێز کردبوو، لەزۆر جێگەدا باڵادەستێتی فاشیستەکان هەبوو. بۆ نموونە؛ لەهەندێك خوێندنگادا شۆڕشگێڕەکان نەیاندەتوانی هەنگاوێك بهاوێژن. ئەگەر تۆ ئەو هێزانە نەکەیتە یەك هێز، ئەوا تۆ ناتوانیت رێگری لەمە بکەیت، ئیدی ئێمە رێگریمان لەمە کرد. بەراستی تەڤگەرێکی زۆر بەهێز لە ئەنقەرە دروست بوو، کاریگەری خۆیشی لە ئەستەنبوڵ و شوێنی دیکەش دروست بوو، گەنجان هەموویان لەلای یەکتر کۆبببوونەوە و رۆحێکی بە

گەنجان بەخشی، ئیرادەیەك ئافرێنرا، لەدژی فاشیستەکاندا گەنجان کەوتنە جموجۆڵەوە، هەم لە خوێندنگا و زانکۆکاندا، هەمیش لەدەرەوەی خوێندنگا و زانکۆکاندا، لە نێو بازاڕەکانیشدا پێکدادان روویدەدا، بەم شەڕە کاریگەری فاشیستەکان شکێنرا، شۆڕشگێڕەکان لەزۆر جێگادا بالادەست بوون. لێرەدا ئیدی تەفگەری شۆڕشگێڕی خۆی کۆکردەوە، جارێکی دیکە پێشکەوت.

هەر لەقۆناخی گروپبووندا، هەڵوێستی ئەو کاتەی جڤاکی کوردی بە چ رەنگێك بوو؟ کوردان چۆن لە گروپەکە نزیك دەبوونەوە و چۆن لێی تێدەگەیشتن؟

کاتێك ئێمە تازە لە ئەنقەرەوە چووینە کوردستان بۆ ئەوەی ئێمە دەست بەخەبات بکەین، یەکێك لەوانەی سەرەتا گەڕانەوە کوردستان من و هەڤاڵ "کەمال پیر" بووین، هەردووکمان چووینە شاری عەنتاب، کاتێك چووینە عەنتاب و دەستمان بەخەبات کرد، هەم چەپی تورك ـ هەڵبەتە زیاتر چەپی تورك هەبوون گروپە کوردییەکان زێدە نەبوون ـ هەمیش گەلی کورد دەیانگووت:" دوو کەس هاتوون دەبێژن کورد و کوردستان هەیە" واتا گاڵتەیان پێمان دەکرد، چەپی تورکیش دەیانخواست رێگریمان لێبکەن بۆ ئەوەی کار و خەبات نەکەین و قسە نەکەین. نزیکبوونەوەیان بەتەواوی لەسەر ئەو بنەمایە بوو. تەنانەت خەڵکی کورد دەیانگووت:" ئێوە گوناهن دەکوژرێن، دەست لەو کارە بەردەن و بۆخۆتان بچن بخوێنن و خوێندنی خۆتان تەواو بکەن باشترە، بەردەوامی بەژیانی خۆتان بدەن، ئێوە دوای چی کەوتوون؟ ئیشێکی پووچە، ئێوە نەدەتوانن شتێك بکەن و خۆشتان بەخۆڕایی بەکوشت دەدەن... ئێوە گوناهن بچن لەماڵ و حاڵی خۆتان دانیشن و خوێندنی خۆتان بکەن..." ئەو شتانەیان بەئێمە دەگووت و نزیکبوونەوەیان بەو شێوەیە بوو. واتا نە چەپی تورك نە گروپە کوردییەکان، نە گەل کەس باوەڕیان بەوە نەدەکرد کە ئەو تەفگەرە وەها پێشبکەوێت.

تەنانەت لەناو ئێمەشدا هەندێك لە هەڤاڵان باوەڕیان بەمە نەدەکرد، کاتێك بڕیارماندا بگەڕێینەوە کوردستان، لەترسان لەگروپەکەدا دوو لەسێی گروپەکە دەستیان لەتەڤگەر بەردا. بینیان کە تەڤگەر جدیە و ئیشی گاڵتە نییە، واتا دەخوازێت لە کوردستان هەنگاو بهاوێژێت و خەبات و تێکۆشان بکات، ئەوانە وا مەزەندەیان نەدەکرد، بەڵکو پێیان وابوو وەکو تەڤگەرەکانی دیکە لە ئەنقەرە دەمێنێتەوە، تەڤگەرێکی نەرم و ریفۆرمیست دەبێت، دەوڵەتیش زێدە هێرش و شاڵاوی ناهێنێتە سەر، ئەوان وەها حیسابیان دەکرد، بەڵام کە بینیان تەڤگەر ناخوازێت لە ئەنقەرە بمێنێتەوە، دەخوازێت لە کوردستاندا کار و خەبات بکات و لەهەموو بەرەیەکەوە شەڕی داگیرکەری بکات، ئەمەیان زۆر بە خەتەرناك بینی، بە مردنیان دەزانی. بۆیە لە کادیراندا دوو لەسەر سێیان دەستیان لە تەڤگەر بەردا و بەئاشکرا گووتیان:" ئێمە ناچینە کوردستان" ئیدی لە سێ بەش تەنیا بەشێکی مایەوە. بێگومان لەو بەشەش هەموو نەهاتنە کوردستان، یەکسەر هەموویمان نەگەڕاندەوە کوردستان. چونکە مەترسیدار بوو، چی دەبێت چی نابێت، دیار نەبوو. بۆیە هەنگاو بە هەنگاو گەڕاینەوە. وا بیرمان کردەوە؛ با ئەوانە سەرەتا بچن، بزانن چ ئەنجامێك لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن، ئەگەر ئەنجامگیربوون، ئەوا پاشان ئەوانی تریش دەتوانن بچنە کوردستان، ئەگەر لەناویشچوون، با هەموو بەیەکەوە لەناو نەچن.

بەو شێوەیە سەرۆك تەدبیری وەهای وەرگرتبوو. بۆیە کادیرێکی زۆر کەم سەرەتا کەوتە کوردستان، ئەوانە دەستیان بەکار کرد، پاشان هەڤاڵانی تریش هێدی هێدی هاتنەوە کوردستان. بێگومان ئەگەر یەکسەر هەموومان بچووینایە کوردستان، ئەمە پڕ خەتەرناك دەبوو. هەڵبەتە ئێمە هەم یەکسەر هەموو کادیرانمان نەخستە کوردستان، هەمیش ئەو هەرێمانەمان بەبنچینە وەرگرت کە نزیك بە سنووری تورکیان(٥). نەك هەرێمە دوورەکانی دوور بە تورکیا. چونکە ئەمەش مەترسیدار بوو، هەم ئەزموونی ئێمە نەبوو، هەمیش پەیوەندی ئێمە لەو هەرێمانە نەبوو، هەمیش توانستمان نەبوو. هەروەها هەندێك کەس و لایەن هەڕەشەیان لەئێمە کردبوو، وەك "سیراج بیلگین" ئەو کەسە ئەوکاتە لە پارتی دیموکراتی کوردستان ـ تورکیا (پ د ك-T)دا بوو. دەیگووت:" نابێت ئێوە بێنە کوردستان، ئەگەر بێنە کوردستان ئێمە قاچتان دەشکێنین". بێگومان

ئەو هەڕەشەیە جددی بوو، بۆیە پێویستبوو حیسابی هەموو ئەو مەسەلانەمان بکردایە و بەگوێرەی ئەمەش هەنگاوی خۆمان بهاوێشتبایە. هەربۆیە لەنزیك سنووری تورکیادا، واتا لەشاری " ∙رسیم"ەوە بگرە تا دەگاتە شارەکانی"ئەلعەزیز" و "عەنتاب" و ئەو شوێنانە، سەرەتا هەنگاومان بۆ ئەو شوێنانە هاوێشت، بۆ ئەوەی بتوانین لەو شوێنانەوە هەنگاو بەهەنگاو بکەوینە نێو هەموو کوردستانەوە. ئێمە هەنگاوێکی بەو شێوەیەمان بەبنەما وەرگرت و لەسەر ئەو بنەمایە کار و خەباتمان پێشخست. بێگومان سەرەتا گەل باوەڕی بە ئێمە نەدەکرد. چونکە زۆر راپەڕین بەرپابووبوون، هەموو راپەڕینەکانیش زەبریان بەرکەوتبوو و ئەوەی لەرابردوودا راپەڕینیشیان بەرپاکردبوو هەموویان شێخ و ئاغا و بەگ و سەرۆك عەشیرەت بوون. خەڵك بینیبوویان کە ئەگەر ئەوانە نەیانتوانی بێت شتێك بکەن، کە لە ئێمەشیان دەروانی هەموو لاوین، نە شێخین و نە ئاغا و نە بەگ، نە لەپشت ئێمەشدا عەشیرەتێك هەیە و نە هێزێکمان هەیە، بۆیە دەیانگووت:" ئەو گەنجانە دەتوانن چی بکەن؟ ناتوانن هیچ بکەن". لەلایەکی دیکەشەوە کورد ئیرادەی شکابوو و ئیدی قۆناخی تەسلیمییەتی پەسند کردبوو، جا چۆن تۆ پەسند بکەن؟ بێگومان پەسندیان نەدەکردین، باوەڕیان پێنەدەکردین. دەیانگووت:" دەست لەو کارانە بەردەن، شێخ سەعید نەیتوانی، سەید رەزا نەیتوانی، شێخ عوبێدوڵڵا نەیتوانی، بارزانی نەیتوانی، ئێوە چۆن دەتوانن راپەڕین ئەنجام بدەن؟ جا ئێوە کێن؟ ئێوە کەسانی دەم رووتن... جا ئێوە کێشەی کورد چارەسەر دەکەن؟ ئێوە خۆتان لەناودەبەن، بڕۆنەوە ماڵی خۆتان و ئیشی خۆتان بکەن..." هەڵبەتە تا ئەو تێڕوانینەی ناو گەلمان شکاند، زۆر و زەحمەتییەکی مەزنمان بینی، بەمەش یەکسەر بێ مۆڕاڵ نەبووین، باوەڕیمان بەخۆمان لەدەست نەدا، ئەو نزیکبوونەوانەشمان بۆخۆمان کردە هۆکاری ئەوەی زیاتر و زیاتر بە ئیرادە کار و خەبات بکەین، توانیمان بۆ خۆمان پەیوەندی لەنێو خەڵکدا دروست بکەین، توانستمان بۆ خۆمان ئافراند، چالاکیمان ئەنجام دا... هێدی هێدی پێشکەوتین، ئیدی خەڵك بینی کە بەڕاستی هەندێك شت دروست دەبن، ئەو کاتە هێدی هێدی باوەڕیان بە تەڤگەر کرد. شێوازی ژیانی ئێمەیان بینی، ئەخلاقی ئێمەیان بینی، بینیان کە ئێمە بۆ خودی خۆمان هیچ ناژین، لەبنەڕەتدا ئەمە زۆر باوەڕی بەخەڵك بەخشی. هەروەها بینیان تا دێت تەڤگەریش پێشدەکەوێت، چالاکیش پێشدەکەوێت،

ئەنجامیش دەردەکەویت، هێدی هێدی گەل باوەڕی بە تەڤگەرەکەمان هێنا و بەشداری تێدا دەکرد.

تا پێش سازدانی جڤینی گەرەکی"دیکمان" چەمکی ڕێکخستن و ڕێکخستنبوون، تا چ ئاستێك پەرەیسەندبوو و بەچ شێوەیەك بوو؟

لەمێژووی تەڤگەری ئێمەدا، جڤینی "دیکمان"، کە لەساڵی (١٩٧٦)دا سازدرا، یەکەمین جڤینی فەرمی ئێمەیە. تا ئەو جڤینە کێ دەیخواست کار بکات کاری دەکرد. لە کوردستانیشدا تا پێش ئەم جڤینە هەندێك کار و خەباتمان کردبوو و هەندێك ئەنجامیشمان بەدەستخستبوو، ئیدی ئەوە دەرکەوتبووە روو کە تەڤگەر لە کوردستاندا تا رادەیەك خۆی جێگیر دەکات، تا دێت پێشدەکەوێت، ئەمەش لەگەڵ خۆیدا کێشە و گرفتی نوێ دەردەخات، پێویستە ئەو پراکتیکەی بەڕێوەچووە و ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتوون، گفتوگۆی لەسەر بکرێت و چارەسەر بکرێت. بۆیە ئەم جڤینە سازدرا. لە مێژووی تەڤگەری ئێمەدا یەکەمین جڤینی فەرمیمانە. تا ئەو جڤینە سەرۆك بە تەنیا ئەو تەڤگەرەی بەڕێوە دەبرد و سەرپەرشتی دەکرد، سەرۆك لەو جڤینەدا گووتی:" ئیدی تەڤگەر پێشدەکەوێت، تا ئێستا من بە تەنیا بەڕێوەم بردووە، نابێت لەمەودوا بەمشێوەیە بێت، پێویستە بەڕێوەبەرایەتییەکی ئەم گروپ و تەڤگەرە هەبێت" لەم جڤینەدا بەڕێوەبەرایەتییەکی گروپ دروست بوو؛ یەکێکیان هەڤاڵ **"حەقی قەرار"** بوو، ئەوەی تریش **"قەمەر ئۆسکان"** بوو، ئەو کەسە پێشتر لەچەپی تورکدا لە ئەرتەشی رزگاریخوازی کرێکاران و جووتیارانی تورکیا (TİİKKO)دا بوو، لەگەڵ **"ئیبراهیم کایپاك کایا"** بوو، کاتێك کە ئەویش لە (١٩٧٣)دەستگیر دەکرێت، ئەو **"قەمەر ئۆسکان"**ە ئێشکگر (نۆبەتچی) بووە، دوا ئێشکگریش بووە. ئێمەش بۆ رێزگرتن لە **"ئیبراهیم کایپاك کایا"** پەسندمان کرد کە تەڤلی گروپی ئێمە ببێت. ئێمە شوێنیمان کردەوە و گووتمان:" ئەمە شۆڕشگێڕێکە و لەگەڵ **"ئیبراهیم کایپاك کایا"** شوێنی گرتووە، **"ئیبراهیم کایپاك کایا"**ش شەهید بووە و ئەویش ماوە، دەوڵەتیش لەو دەگەڕا،

بەخۆیشی دەیخواست لەگەڵ ئێمەدا بێت، هەڤاڵ "فوئاد" و هەڤالانی دیکەی لەشاری دێرسیم بینیبوو، هەڵبەتە هەڤاڵ "فوئاد" و ئەوان ئەو کەسەیان هێنا، ئێمەش وەها رێزمان لێیگ ت و بەهادارمان بینی، هیچ جیاوازییەکیشمان نەخستە نێوان خۆمان و ئەوەوە، دەمانــووت:" ئەمە شۆرشگێرێکی دێرینە، هەڤالانی شەهیدبوونە و ئەو بەتەنیا ماوە، با شوێنێکی بدەینێ..."

ئیدی هەڤاڵ "حەقی قەرار" و ئەو "قەمەر ئۆسکان"ەمان کردە یارمەتیدەری سەرۆك. واتا یەکەمین جار بەفەرمی و بەمشێوەیە بەرێوەبەرایەتی گروپ دروست بوو. ئیدی لەو جڤینەی "دیکمان" بەدواوە کار و خەبات لەژێر سەرپەرشتی و بەرپرسیارێتی ئەو بەرێوەبەرایەتییەدا بەرێوە دەچوو. ئەمە داخوازی سەرۆك بوو. بۆیە ئەمە گرنگە. لەو کۆبوونەوەیەدا کێشە و گرفتی رێکخستنی گفتوگۆ کرا، لەئەنجامی ئەو گفتوگۆیەدا دەرکەوت کە ئەو کێشانە چۆن چارەسەر ببن، بۆ ئەو مەبەستەش ئەو بەرێوەبەرایەتییە بۆ گروپ پێکهات. لەبەر ئەوەی تەڤگەر پێشدەکەوێت و دەبێتە گروپێکی ئایدیۆلۆژی و فراوانتر دەبێت و بەرەو گروپێکی سیاسی دەچێت، بۆیە پێویستە بەرێوەبەرایەتییەکی خۆی هەبێت. ئەگەر بەرێوەبەرایەتییەکی نەبێت، ئەوا هەر بەتەنیا سەرۆك بەرێوەی دەبات، ئەمە هەم بۆ سەرۆك و هەمیش بۆ گروپ زەحمەتە.

لەو چوارچێوەیەدا تەڤگەر لەگروپێکی ئایدیۆلۆژییەوە بەرەو گروپێکی سیاسی هەنگاو دەنێت، تەڤگەر مەزن و فراوان دەبێت. پێویستە بەرێوەبەرایەتییەکی خۆی هەبێت، چونکە ناکرێ سەرۆك بە تەنیا بێت، بۆیە بەرێوەبەرایەتییەکی گروپمان بەمشێوەیە دروستکرد. پاشان ئەو "قەمەر ئۆسکان"ە کە چووە دێرسیم کاری نەکرد، دەیخواست لەسەر ئەو بەها و توانستەی تەڤگەر پێی دابوو لێی پاڵ بکەوێت و بیخاتە خزمەتی شەخسی خۆیەوە، بیکاتە سەرمایەیەك و لەسەر ئەو بنەمایەش کەوتە نێو هەندێك پەیوەندی شەخسییەوە، بۆ شەخسی خۆی هەندێك توانستی دروست کرد. بێگومان ئێمە ئەوەمان پەسند نەکرد، هەڵبەتە دوای ئەمەش بینیمان کار ناکات و بەشەخسی لەتوانستی تەڤگەر نزیك دەبێتەوە و دەخوازێت بیخاتە خزمەتی شەخسی خۆیەوە و بۆ

شەخسی خۆی و خزمەتی خۆی بەکاری بهێنێت. گووتمان:" ئەمە وانابێت" و پەیوەندی خۆمان لەگەڵیدا بچڕاند...

جگە لەو بڕیارەی دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتییەك بۆ تەڤگەر، چ هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەو کار و خەباتە کرا کە تا ئەوکاتە بەڕێوە بردرابوو؟ چ ڕێنماییەکی بۆ دوای جڤین و بۆ خەباتی داهاتووی تەڤگەر هەبوو؟

هەڵبەتە لەو کۆبوونەوەیەدا تەنیا بەڕێوەبەرایەتی دانەمەزرا، ئەو پراکتیکەی هەبوو هەڵسەنگێندرا، لەو پراکتیکەدا شتی هەڵە و کەموکوڕی چیین؟ شتی باش چیین؟ پێویستە لەمەولا چ پراکتیکێك بەڕێوە ببەین؟ چۆن مەزن و فراوانی بکەین؟ تەڤگەر بەرەو کوێ دەچێت؟ مەترسییەکانی چیین و چۆن دێنە پێش تەڤگەرەوە؟ چۆن بتوانین تەدبیری پێویست وەربگرین؟ هەروەها ڕێنمایی و بڕیاری ئەوە وەرگیرا کە پێویستە بکەوینە نێو هەندێك هەرێم و ناوچەی نوێوە، پێویست دەکات بۆ ئەو شوێنانە کادیر بنێردرێن... ئەمانە هەمووی گفتوگۆیان لەسەر کرا. لەسەر ئەو مەسەلانەش بڕیار دران. دوای ئەو جڤینە کار و خەباتمان بەهێزتر و قووڵتر کردەوە. بۆ نموونە؛ بۆ هەندێك هەرێم و ناوچەی نوێ کادیرمان بۆی نارد، لەو هەرێمانەی هیچ نەچووبووین لەو شوێنانە دەستمان بەخەبات کرد، لەو شوێنانەش هەندێك پێشکەوتن بەدیهاتن.

بۆ ئەوەی پراکتیك بەرەو پێشەوە ببەین و هەندێك هەرێمی نوێ بکەینەوە و خەبات لەهەندێك هەرێمی دیکەی نوێ پێشبخەین ئەم جڤینە گرنگ بوو. هەروەها لەو هەرێمانەی خەباتمان تێیدا کردبوو بڕیارماندا کە بەرەو پێشەوەتری ببەین، لەسەر ئەو مەسەلانە چەندین بڕیارمان وەرگرت. هەروەها هەندێك لە هەڤالانمان بۆ سەر شارەکان دابەشکرد و ئەرکمان پێیان سپارد و هەندێك هەڤاڵی دیکەی نوێشمان ناردە نێو خەباتەوە، هەروەها ئەو هەڤالانەی لە ئەنقەرە مابوونەوە چۆن کار و خەبات بکەن، لە

گەڕەکەکاندا، لەزانکۆکاندا، کاری ئایدیۆلۆژی چۆن بکرێت؟ لەسەر ئەو مەسەلانەش هەندێك بڕیارمان وەرگرت.

بێگومان ئەو بڕیارانە مۆڕاڵێکی بەهێزتری ئافراند و بیر و باوەڕییەکی تۆکمەی لەنێو هەڤالاندا خولقاند. ئەو قەناعەتە زیاتر بوو کە ئیدی تەڤگەر ئەنجامگیر دەبێت، کار و خەبات ئەنجامی هەیە، ئەمە وای لەکادیران کرد زیاتر خەبات بکەن، زیاتر هەنگاو بهاوێژن. هەڵبەتە هەموو ئەمانە لەئەنجامی ئەو جڤینەدا بەدیهات...

ئەو چالاکییانەی ئەو کاتە هەڤاڵ کەمال پیر لە گەڕەکی "تووزلوچایر" ئەنجامی دەدا؛ بۆ گروپ بە چ واتایەك دەهات؟ ڕەنگدانەوەی ئەو چالاکییانە لەنێو کۆمەڵگادا چۆن بوو؟

ئەو چالاکییانەی کە هەڤاڵ "کەمال پیر" لە گەڕەکەکانی "تووزلوچایر، ئابدین پاشا، ماماك" بەڕێوەی دەبرد، هەم چالاکی سیاسی بوو، هەمیش چالاکی عەسکەری بوو. گروپەکەمان لەخاوێنکردنەوەی ئەو گەڕەکانە لەفاشیستەکان ڕۆڵی گرنگی هەبوو. شانبەشانی چالاکی عەسکەری، چالاکی سیاسیشی بەڕێوە دەبرد. هەندێك کادیر کە لەو کارەدا بەشدار ببوون، لەڕووی چالاکی عەسکەرییەوە ئامادە دەکران، ئەمە زۆر گرنگ بوو. هەمیش تەڤگەر لەگەڵ گەل پەیوەندی خۆی دروست کرد. واتا . تەڤگەر لەچوارچێوەی خوێندەڤاناندا دەردەکەوت و خیتابی خەڵکی دەرەوەی خوێندنگا و زانکۆی دەکرد. ڕاستە تەڤگەرەکەمان لەنێو خوێندەڤاناندا دەستی پێکردبوو و کاری دەکرد، بەڵام لەوێشدا خۆی دەرخست. چالاکییەکانی نێو ئەو گەڕەکانە گوزارشتی لەمە دەکرد، ئەمەش بەو واتایە دەهات کە تەڤگەر هەنگاو بۆ نێو گەل دەهاوێژێت و دەخوازێت لەناو گەلدا خەبات بکات و گەل قازانج بکات، خۆی لەچوارچێوەی خوێندکاران و ڕۆشنبیران دەردەخات و ڕێکخستنی گەل بەبنچینە وەردەگرێت. چونکە ئێمە تەڤگەرێکی سۆسیالیست بووین، پێویستبوو گەلمان بەبنچینە وەرگرتبایە، تەنیا بەهەندێك لە خوێندەڤانان تەڤگەر نابێتە تەڤگەرێکی سۆسیالیست، پێویستبوو تا

دەهات خۆی لەم چوارچێوەیە دەربخستبایە... ئیدی لەو گەڕەکانەدا ئەو هەنگاوانەمان دەهاوێشت. ئەمە ئامادەکاری بوو بۆچی؟ ئەمە لەهەمانکاتدا ئامادەکردنی کادیران بوو بۆ چوونە کوردستان، لەهەموو رووێکەوە، هەم ئامادەکردنی کادیر بوو بۆ کارکردن لەنێو گەلدا کەبتوانێت ئەزموون وەربگرێت، هەمیش ئامادەکردنی کادیران بوو لەرووی چالاکی نواندنەوە، واتا کار و چالاکی نێو ئەو گەڕەکانە بۆ ئێمە گرنگ بوو، بەو چالاکییانە ئامادەکارییەك کرا، بەو ئامادەکارییەوە کادیران کەوتنە نێو کوردستانەوە. لەبەر ئەوەی لەو گەڕەکانەدا هەندێك ئەزموونی لەرووی چالاکی و خەباتکردن لەنێو گەلدا وەرگرتبوو، ئەو ئەزموونەی لە کوردستانیش پێشخست و سوودی لێوەرگرت. ئەمەش ئەوە دیاردەکات کە تەڤگەری ئاپۆچی هەر لەسەرەتای خەباتکردنییەوە گەلی بەبنچینە وەرگرتووە، هەر تەنیا لەبۆتەی رۆشنبیراندا نەماوەتەوە و جموجۆڵی نەکردووە، هێڵ و رێبازی خۆی بەتەواوی هێڵ و رێبازی گەلە، لەنێو گەلدا ژیانبوون، لەنێو گەلدا خەباتکردن و پێشخستنی ئیرادەی گەلی بەبناخە وەرگرتووە، لەسەر ئەو بناخەیە خۆی کردە تەڤگەرێك و هێشتا لە ئەنقەرە لەنێو خوێندکاران دابوو کادیربوونی خۆی ئافراند، لەو گەڕەکانەشەوە چووە نێو گەلەوە، لەوێشدا خەباتی بەرەو پێشەوە برد. ئەمەش راستینەی ئەم تەڤگەرە نیشان دەدات، کە گەل بەبنچینە وەربگرێت، نەك تەڤگەرێك تەنیا بۆ نوخبەی رۆشنبیران بێت، ئەو چەمك و نزیکبوونەوەیە ئەم تەڤگەرەی لەتەڤگەرێکی رۆشنبیران دەرخست و کردی بە تەڤگەرێکی گەلەری.

بەر لەوەی ئەم تەڤگەرە بەناوی (PKK)وە بناسرێت، بە چ ناوێك خەباتی دەکرد؟ هەروەها گەل و هێز و لایەنە سیاسییەکان چ ناوێکیان لەو تەڤگەرە نابوو؟

ئێمە بەخۆمان دەگووت:" شۆڕشگێڕانی کوردستان"، ئێمە ئەو ناوەمان بۆخۆمان دانابوو. بەلام لەدەرەوەی ئێمە زۆر ناویان لەئێمە دەنا؛ هەندێك کەس ئەو ناوەی ئێمە

لەخۆماڵمان ناوە پەسندیان دەکرد و ئەوانیش دەیانگووت "شۆڕشگێڕانی کوردستان". هەندێکی تریش بەئێمەیان دەگووت:"رزگاریخوازانی نەتەوەیی (ULUSAL KURTULUŞÇU) یان "سوپای رزگاریی نەتەوەیی (ULUSAL KURTULUŞ ORDUSU) هەندێکیش ئەم ناوەیان لەئێمە نابوو. بەڵام ئێمە هیچ کاتێك ئەو ناوەمان لەخۆ نەناوە، هەندێکی تریش دەیانگووت:"یاندم ئەڵلا چەتەسی YANDIM ALLAH ÇETESİ" یان"ئەڵلا چەتەسی ALLAH ÇETESİ " وەهایان دەگووت. هەندێکی تریش دەیانگووت:" ئاپۆچی" هەندێکی تریش بە ئێمەیان دەگووت:"میللییەتچی کوردان" هەندێکی تریش دەیانگووت:" شۆڕشگێڕانی کورد" یان "سۆسیالیستانی کورد" هەر یەکە و ناوێکی لە ئێمە دەنا. لەناو گەلیشدا گەل دەیگووت:" تەلەبە - خوێندکاران". ناوەکانی دیکە زیاتر هێز و لایەنە چەپ و کوردەکان لە ئێمەیان دەنا، بەڵام ئێمە دەمانگووت:" ئێمە شۆڕشگێڕی کوردستانین" بەم ناوە ئێمە دەناخفین و بەیاننامەمان دەردەخست.

بەبێ ئەوەی کورد میراسێکی شۆڕشگێڕی و ئەزموونێکی شۆڕشگێڕی هەبووبێت، ئەو تەڤگەرە دەست بە تێکۆشان دەکات. وەکو دیار دەبێت زۆر بە تەڤگەری گەلی ڤێتنام کاریگەر دەبێت، هەڵبەتە مۆدێلی شۆڕشگێڕێتی ڤێتنامیش و تەرزەکەیشی بەشی کوردستانی نەدەکرد، کەواتە شۆڕشگێڕییەکی چۆن و چ بنەمایەك بە بنچینە وەرگیرا؟

بێگومان لەپێش ئێمەدا ئەزموون و میراس و توانستێکی مەزن لەئارادا نەبوو، تاکو ئەمانە بکەینە بناخەیەك بۆ خۆمان و لەسەر ئەمەش تەڤگەرێك ئاوا بکەین و پێشیبخەین. ئێمە ئەزموونی مێژووی مرۆڤایەتیمان بۆخۆمان بەبنچینە وەرگرت. لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، مرۆڤایەتی چۆن بۆ ئازادی و دیموکراسی شەڕ و خەباتی

کردووه؟ ئەو ئەزموونانەمان بۆخۆمان بەبنچینە وەرگرت، هەروەها لەمێژووی گەلەکەشماندا، ئەگەر لاوازیش بێت، ئەگەر کەمیش بێت، ئەو بەرخۆدانانەی ئەنجام دراون بۆ خۆمان بەبنچینەمان وەرگرت. لەسەر ئەو بنەمایە ئەو تەڤگەرەمان پێشخست. بۆیەش پێشخستنی ئەم تەڤگەرە زۆر دژوار و سەخت بوو، تەنیا دەبووایە لەسەر هێزی خۆمان رابوەستایە، نەماندەتوانی لەهیچ جێگەیەك و لەهیچ هێزێك هاوکاری و پشتیوانییەك وەربگرین، یان هیوایەکی وەهامان هەبێت. هیوامان هەر خۆمان بووین و هێزیشمان هەر خۆمان بووین. پێویستبوو بەتەواوی لەسەر هێز و توانستی خۆمان رابوەستایە، بۆیە ئەمەش دژوار و زەحمەت بوو، وەکوتریش رێگەچارەیەکی دیکە نەبوو، یان تۆ دەستت بەتێکۆشان نەکردبایە، ئەگەر تۆ بتگووتبایە:" ئەزموون نییە، توانست نییە، کەسێکیش هاوکاریمان ناکات و ئەمە نابێت". کەس نەیدەتوانی ئەمە هەرگیز پەسند بکات. چونکە رەوشی گەلەکەمان لەپێش چاوان بوو، رۆژ بە رۆژ دەتوایەوە و لەهەڵدێری مەرگ دابوو، لەسەر گەلەکەمان زوڵم و وەحشییەتێکی مەزن، توانەوەیەکی نەتەوەیی مەزن بەرێوەدەچوو، ئەگەر تۆ موداخەلە نەکەیت ئەوا واتای ئەوەیە ئەم گەلە لەبەین دەچێت. ناتوانیت بڵێیت:" توانست و ئەزموون نییە یان کەمە، با دەست بە خەبات نەکەین تا هەندێك توانست و ئەزموون پەیدا دەکەین، چونکە ئەو توانستەمان نییە کاربکەین" واتا هەر رۆژێك تێدەپەرێت زیاتر تەنگ بەگەلەکەمان هەڵدەچنرا و توانای ژیان کەمتر دەبووەوە، پێویستە تۆ رۆژێك زووتر موداخەلەی ئەم رەوشە بکەیت و رێگری لەم رەوشە بکەیت، هەرچەندە توانست و ئەزموونیش کەم بێت، تۆ ناتوانیت ئەمە بکەیتە بیانووی ئەوەی کە موداخەلە نەکەیت، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێت ئەم بێ توانستی و بێ ئەزموونییەش بکەیتە بیانووی ئەوەی ئەو موداخەلەیە بکەیت. روانین و چەمکی ئەم تەڤگەرە ئەوەبوو، واتا ئەگەر ئەزموون نییە، دەبوو تۆ ئەزموون لەخۆتدا دروست بکەیت، خۆت پێشبخەیت. ئەگەر توانست نییە، توانست بئافرێنیت، ئەگەر زانابوون نییە تۆ دەبێت خۆت زانا بکەیت، ئەگەر تۆ ئەمانەت ئەنجام دا ئەوا تۆ دەتوانیت کێشەکە چارەسەر بکەیت. ئەگەرنا هەر لەخۆیەوە چارەسەر نابێت و کەسیش چارەسەری ناکات. بۆیە ئێمە نەمانگووت:" توانست و ئەزموونمان کەمە ئێمە ناتوانین ئەمە ئەنجام بدەین.." ئێمە نکۆڵیمان لەو

راستییەی خۆمان نەدەکرد، بەڵکو دەمانگووت:" ئەزموون و توانستمان کەمە، بەڵام ئێمە ناچارین و ئەمە ئەرك و کاری ئێمەیە، پێویستە ئەم ئەرکە پێك بهێنین".

بەم چەمك و تێڕوانینەوە دەستمان بەکار و خەبات کرد. بۆیە لەبەر ئەوەی ئەزموون و میراسێکی وەها مەرن ، تۆکمە نەبوو، هەموو شتێکمان بەخۆمان ئافراند. ئێمە زێدە نەماندەزانی چ راستە و چ هەڵەیە، لەپراکتیکدا لەمانە هەمووی تێگەیشتین. واتا هەم ئێمە کارمان دەکرد، هەمیش لەو کارانەماندا شتی باش و خراپ چییە فێردەبووین و خۆمان لەسەر ئەو مەسەلانە پەروەردە دەکرد. ئەم تەڤگەرەمان بەتەواوی لەسەر ئەم بنەمایە پێشخست. بێگومان لەبەر ئەوەش بوو ئێمە کەوتینە نێو زەحمەتی و هەڵە و کێماسی زۆرەوە، وەکو تر هیچ چارەیەکی ترمان نەبوو، مەگەر تۆ تەنیا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە هەوڵت دا و گووتت:" ئەمە کێشەی منە" و خواستت چارەسەری بکەیت، ئیتر لەوێدا راستی و هەڵە دەبینیت، بەمشێوەیە ئەزموون وەردەگریت و توانست دەخولقێنیت، ئەگەر تۆ بڵێیت:" ئەزموون و توانستمان کەمە و ئەگەر کار بکەم دەکەومە نێو هەڵەوە" ئەو کاتە تۆ ناتوانیت هیچ هەنگاوێك بهاوێژیت. بۆیە ئێمە هەم کارمان کرد و هەمیش خۆمان خۆمان پەروەردە دەکرد، ئەوەی کە لەپراکتیکیشدا دەرکەوتووە خۆمان لەسەری پەروەردە دەکرد. چەندە هەڵە و کێماسیمان دەکرد، بۆخۆمان دەمانکردە پەروەردەیەك و بەمشێوەیە ئەزموونمان لێی وەرگرت. لەسەر ئەو بنچینەیە تەڤگەر پێشکەوت.

بۆ نموونە؛ من ساڵی (١٩٨٠) چوومە سوریا، لەوێندەرێ سەرۆکی پارتییەك بەمنی گووت:" بە ئێوە دەڵێن زێدە سیاسەت نازانن و هەموو هەژارن و گوندنشینن و هەڵەیان زۆرە" گووتم:" کێ ئەو قسەیەی گووتوە راستی گووتوە" بێگومان ئەو باوەڕی نەکرد کە من وەها بڵێم. پێی وابوو من دەڵێم:" شتێکی وەها نییە، کێ وەهای گووتوە درۆیە و هەڵەیە، ئێمە وەها نین.." پێم گووت:" من مەزەندە دەکەم کێ ئەوەی بە تۆش گووتوە، ئەوەی ئەو قسەیەشی گووتوە خۆی هیچ کێماسی و هەڵەیەکی نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی پراکتیکی نییە، بۆیە هیچ کێماسی و خەتایەکی نییە، ئێمە کار دەکەین، بۆیەش لەپراکتیکدا هەڵە و کێماسیمان زۆر دەردەکەوێت، ئەی ئێمە چی بکەین؟ لەپێش ئێمەدا ئەزموونێکیش نەبوو، پێویستە هەموو شتێك خۆمان بەخۆمان دروستی بکەین، بۆیە

زۆر کێماسی و هەڵەی ئێمە دەرکەوتن، ئێمە لەمەش ناترسین، لەهەڵە و کەموکوڕییەکانی خۆمان ئەنجام هەڵدەهێنجین و لەسەر ئەو بنەمایەش خۆمان پەروەردە دەکەین و ئەزموون وەردەگرین. مرۆڤی ئێمە گوندین، ئێمە چی بکەین، گەلی ئێمە گەلێکی گوندنشینە، ئێمە بخوازین و نەخوازین هەر ئەمەیە و هەر بەم کەسانە هەموو کار و خەباتی خۆمان دەکەین، کەسێکی دیکە لەئاسمانەوە ناهێنین...". بێگومان من کاتێك وەهام پێی گووت، زۆر شەرمی لەخۆی کرد.

من بۆچی ئەمە باس دەکەم؟ چونکە ئەو کاتە کەسێك نەبوو خۆی لە کێشەی کورد نزیك بکاتەوە، لەوانەیە هەندێك کەس هەبووبن بەناوی کوردەوە هەندێك ئاخافتنیان کردبێت، بەڵام دەترسان لەوەی بکەونە نێو پراکتیکەوە، ئەو هەنگاوەشیان نەهاوێشت. ئێمە بە بەرپرسیارێتییەوە هەڵسوکەوتمان کرد و لەمەش نەترساین. ئێمە گووتمان؛ دەبێت ئێمە ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، ئەگەر هەڵە و کەموکوڕیشمان هەبێت، دەتوانین لەو هەڵە و کەموکوڕییانەمان ئەنجامی لێوە دەربخەین و راستی بکەینەوە. ئەگەر ئێمە نەیکەین کەس نایکات. ئەگەر ئەزموون و توانست نییە ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی هیچ هەنگاوێك نەهاوێژین، چونکە کادیرێك بەدانیشتن نابێتە کادیر، نەخاسمە لە کێشەی کورددا؛ ئەگەر تۆ خۆت ماندوو نەکەیت و خۆت نەخەیتە ژێر بەرپرسیارێتییەوە و جددی نەبیت، تۆ ناتوانیت لە کوردستاندا هیچ گۆڕان و پێشکەوتنێك بەدی بهێنیت، دەبێت بەجددییەت و بەرپرسیارێتییەوە خۆت ماندوو بکەیت و خۆت بخەیتە ژێر ئەرکەوە. هەڵبەتە دەبێت تۆ هەوڵ بدەیت کە هەڵە و کەموکوڕیت نەبێت، بەڵام کاتێك کە ئەزموون نەبێت، زانابوون و توانستێکت نەبێت، هەڵەش دەردەکەوێت و کێماسیش دەردەکەوێت، دەبێت مرۆڤ لەمەش نەترسێت، کە تۆ کەموکوڕی و هەڵەی خۆتت بینی و چاوپۆشیت لێ نەکرد و بۆ خۆت کردت بە ئەزموونێك و هۆکارێك بۆ نەهێشتنی ئەو هەڵە و کێماسیانە، ئەوا ئەو هەڵە و کێماسیانە زێدە زیانی خۆی نابێت و خراپی لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت. زۆر نموونەی وا لەپراکتیکی تەڤگەری ئاپۆچیدا روویداوە.

لەوانەیە ئێمە زۆر کەموکوڕی و هەڵەمان کردبێت، بەڵام ئێمە لە کوردستاندا زۆر گۆڕان و پێشکەوتن و سەرکەوتنمان بەدیهێناوە و زۆر بەهای مەزنمان بۆ گەلی کورد

ئافراندووە. ئەوانەی دەیانگووت:" ئەزموون و توانست نییە و مەترسیدارە، با ئەو شتانەمان هەبێت پاشان دەست بۆ کێشەی کورد دەبەین" بۆ ئەم گەلە هیچ شتێکیان نەکردووە.

وەکو دیار دەبێت ئەو پێوانە شۆڕشگێڕییانەی ئەوکاتە، جا چ پێوانەکانی چەپی تورك بێت، یان ئەوەی ڤێتنام یاخود کلاسیکی کوردستان تێری شۆڕشگێڕی و تێکۆشانی ئەو گروپەی نەدەکرد، بۆ نموونە؛ ئەگەر شۆڕشگێڕێکی ڤێتنامی هاتبایە کوردستان دەیتوانی شۆڕشگێڕییەکی سەرکەوتووانە لە کوردستاندا بکات؟

کێشەی کورد کێشەیەکی مەزنە و زۆر دژوارە، وەك کێشەی هیچ گەل و وڵاتێکی دیکە نییە. کێشەی کورد کێشەیەکی جیهانییە، کاتێك تۆ دەست بهاوێژییە کێشەی کورد وەك ئەوە وایە دەست بهاوێژیتە کێشەی هەموو جیهانەوە، دەست بهاوێژیتە ناو کێشەی تەواوی مرۆڤایەتی و ئەو سیستەمەی لەجیهاندا لەئارادایە. بۆیە پێویستە تەفگەرێك، یان پراکتیکێك بەگوێرەی ئەم کێشەیە پێشبکەوێت، ئەگەر ئەو تەفگەرە لە بیر و راماندا، لەرێکخستن و چالاکی نواندندا بەگوێرەی کێشەکە پێشنەکەوێت، هیچ کاتێك ناتوانێت کێشەکە چارەسەر بکات. ئیدی لەهەر وڵاتێکدا بەگوێرەی هەلومەرجی ئەو وڵاتە، بەگوێرەی کارەکتەری ئەو گەلە، بەگوێرەی ئەو کێشە و وڵات و گەلە، تەفگەر و شۆڕش پێشکەوتوون، تۆ ناتوانیت سۆڤییەت، ڤێتنام یان شوێنێکی دیکە بۆ خۆت بەبنەما وەربگریت. تۆ دەتوانیت سوود لەئەزموونی هەموویان وەربگریت، ئێمەش سوودمان لەئەزموونی هەموو مرۆڤایەتی وەرگرتووە، بەڵام هیچ کاتێك هیچ وڵاتێك و گەلێکمان بەبنچینە وەرنەگرت. واتا ئەوانە چییان کردووە ئێمەش وەها بکەین و وەها دەتوانین سەربکەوین... هیچ کاتێك نەکەوتینە هەڵەیەکی بەمجۆرەوە. چونکە هەر وڵات و میللەتێك، ئەو هەلومەرجەی تێیدایە، ئەو کێشەیەی تێیدا دەژیت، تایبەتمەندییان، لەیەکتر جودایە.

لێرەدا کێشەی کوردستان نە وەك کێشەی ڤێتنامە، نەوەك کێشەی چین، سۆڤییەت، کوبا، ئەنگۆلا، یان هەر ولاتێکی دیکەی جیهانە. کێشەی کورد کێشەی گەلێکە بۆتە چوار بەش، هەر بەشێکیش لەژێر دەسەلات و داگیرکەری دەولەتێك دایە. هەر یەك لەو دەولەتانەش لە جیهاندا لەگەل هەندێك هێز و دەولەتی دیکەدا پەیوەندی و هاوپەیمانێتیان هەیە، ئەو سیستەمەی لە جیهاندا هەیە ئەو کوردستانی پارچە کردووە و خستوویەتییە ژێردەستی ئەو داگیرکەرانە، لەنێو سیستەمیشدا جێگەی بە کوردستان نەداوە، بەلکو تەواو نکولی و قڕکردنی بەبنچینە وەرگرتووە، ئیدی گەلێك لەنێو خۆیدا بە بنەمالە، عەشیرەت، ئایین، ئایینزا و ناوچەوە پارچە پارچە بووە، جیهان نکولی لێدەکات... خۆیشی خاوەندارێتی لەخۆی ناکات، کێشەکە کێشەیەکی بەمجۆرەیە. کاتێك تۆ دەستت بۆ ئەو کێشەیە برد، وەکو ئەوە وایە تۆ دەست بۆ هەموو کێشەکانی جیهان دەبەیت، تۆ هەموو جیهان دەکەیتە دووژمنی خۆت، ئەم کێشەیە کێشەیەکی هێندە مەزن و قوولە، کێشەیەکی نێودەولەتییە، نەك تەنیا کێشەی ولاتێك و گەلێك بێت، یان تەنیا ناوچەیەك بێت، بەلکو کێشەیەکی نێودەولەتییە. ئەگەر تۆ دەتەوێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکەیت، دەبێت بەگوێرەی ئەمە لە بیر و رامان، لە رێکخستنبوون و چالاکی نواندن نزیك ببیتەوە. بۆ ئەوەی بتوانیت راست لە کێشەکە تێبگەیت، راست گفتوگۆی لەسەر بکەیت، بۆ ئەوەی بتوانیت کێشەکە راست چارەسەر بکەیت، دەبێت شێواز و ئافراندنی راست پێشبخەیت، ئەگەر وەها نەبێت، ئەوا ئەو موداخەلەیەی تۆ دەیکەیت، چارەسەرییەك لەگەل خۆیدا ناهێنێت، تەنانەت لەوانەیە کێشەکە قورستر و دژوارتر بکات و کێشەی تریش لەگەل خۆیدا بهێنێت.

هەلبەتە جیاوازی (PKK)ش لەمەدایە. زۆر پارت و رێکخراو لە باکوور بەناوی کوردان بەر لە (PKK) دەرکەوتبوون، ئەو پارت و رێکخراوانە ناویان هەبوو، بەلام شوێنپەنجەی ئەوان هیچ دیار نەبوو، هێشتا تەڤگەری ئاپۆچێتی دەرنەکەوتبوو ئەوانە هەبوون، زۆر ئیمکانیاتی ئەوانیش هەبوو، بەلام ئەوانە هەموویان تەنیا ناویان مایەوە، تا دەهات تەڤگەری ئاپۆچێتی پێشدەکەوت و لەدەرەوەی تەڤگەری ئاپۆچێتی هیچ تەڤگەرێکی دیکە نەما. بۆچی؟ چونکە ئەوانە ئەگەرچی بەناوی کوردیش دەئاخفین، بەلام باش و دروست تێنەگەیشتبوون کە کێشەی کورد چییە، راست لێی

نزیکنەبوونەوە، خۆیان لەکێشەکە تێنەگەیشتبوون جا چۆن دەتوانن کێشەکە چارەسەر بکەن؟!

لەبەر ئەوەی سەرۆك ئاپۆ راست لە کێشەی کورد نزیك بووەوە و راست لێی تێگەیشت و راست گفتوگۆیشی کرد، بۆیە کێشەکەی راست خستەڕوو و هەموو کەسێکی تێگەیاند، پارت و رێکخراوەکانی دیکە هیچیان ئەو کێشەیان دەرنەخستەڕوو لە کەسیشیان تێنەگەیاند. ئەگە است لە کێشەکە نزیك نەبیتەوە، ئەوا تۆ ناتوانیت ئەو کێشەیە بە پەسندکردنیش بدەیت، تۆ ناتوانیت چارەسەریشی بکەیت. ئیدی (PKK) ئەمەی کرد، جودایی نێوان (PKK) و تەڤگەرەکانی دیکە لێرەدایە. سەرۆك ئاپۆ ئەزموونی هەموو جیهانی بۆخۆی کردە بناخە و لەسەر ئەو ئەزموونانە لە کێشەکە تێگەیشت و کێشەکەی گفتوگۆ کرد و خستیە نێو گفتوگۆکانەوە و لەهەموو روویێکەوە کێشەکەی بەتێگەیاندن دا، بۆیەش بۆ چارەسەری کێشەکە زۆر هەنگاو هاوێشتراون، لەسەر ئەزموونی تەواوی جیهان ئەزموونێك ئافرێنرا، واتا مرۆڤ دەتوانێت بڵێت:" ئێمە لەهەموو روویێکەوە، لە سفرەوە دەستمان پێکرد، لەرووی ئەزموونی سیاسییەوە بیگرە تا دەگاتە توانستی ماددی، هەموو شتەکانمان بە خۆمان ئافراندمان، بەرەنجی خۆمان ئافراندمان، بەرەنج و ئیش و کار و زەحمەتییەکی مەزنەوە هەموو ئەو پێشکەوتن و ئەزموون و ئیمکانیاتەمان خوڵقاند.

لێرەدا بەتەواوی لەسەر هێزی خۆمان رابووین، ئێمە لەهیچ کەسێك هیچ هێزێکمان وەرنەگرت، هیچ هاوکارییەکمان وەرنەگرت، تەنانەت هەر کەس دەیخواست رێگریمان لێ بکات، بۆ ئەوەی ئێمە دەستبەرداری ببین، بەڵام ئێمە پێداگریمان کرد. واتا ئێمە هەم دەستبەرداری نەبووین، هەمیش باوەڕیمان بەخۆمان هێنا و لەسەر هێزی خۆمان رابووین. بێگومان ئەمە زۆر و زەحمەت بوو، مرۆڤی زۆر ئازار دەدا، بەڵام وەکوتر هیچ چارەیەکی دیکە نەبوو. ئەمەش پێشکەوتنی هەرە راستە، پێشکەوتنی راست لەسەر ئەو بنەمایە دێتەدی. هەرچەندە ئێمە زۆر و زەحمەتیمان بینی، بەڵام ئێمە ئەزموون و توانستێکمان بۆخۆمان خوڵقاند. بۆیە لەبەر ئەوەی ئێمە لەسەر هێزی خۆمان رابووین، هەموو توانستێکمان بەخۆمان ئافراند، لەبەر ئەوە بێمنەت بووین، ئێمە نەکەوتینە ژێر

کاریگەری ئەم و ئەوەوە، ئێمە نەکەوتینە خزمەتی هیچ هێزێکەوە، هیچ هێزێکیش نەیتوانی ئێمە تەسلیم بکات.

ئیدی ئەگەر تۆ دەخوازیت لە کوردستاندا کۆیلایەتی نەهێڵیت و ئازادی و دیموکراسی دەستەبەر بکەیت، تەنیا بەمجۆرە دەتوانیت ئەنجامگیر ببیت. کوردستان زۆر خراپ و گەمار کراوە، ئەگەر تۆ نەتوانیت ئەو خراپی و گەمارییە رابماڵیت و خاوێنی نەکەیتەوە، ئەوا تۆ ناتوانیت ئازادی بەدیبهێنیت. ئەمەش بە چ دێتەدی؟ کە تۆ رەخنەیەکی مەزن پێشبخەیت و لەسەر بنەمای ئەو رەخنەیەش رەخنەدانێکی مەزنت پێشخست، ئینجا دەتوانیت ئەو گەماری و خراپییە رابماڵیت و خاوێنی بکەیتەوە، ئەو کاتە دەتوانیت تەڤگەرێکی ئازادیخواز و دیموکراتیخواز بەرەو پێشەوە ببەیت، ئەوەی (PKK) و سەرۆك ئاپۆ ئەنجامیان داوە ئەمەیە.

ئەو پەیوەندییەی لەنێوان گروپەکە و کۆمەڵەی خوێندکارانی خوێندنی باڵا لە ئەنقەرە (ADYÖD) دا هەبوو چۆن بوو؟ هەروەها بەسوود وەرگرتن لەو رێکخراوە یاساییە، گروپەکە تا چەند توانی کار و خەباتی خۆی بەرەو پێشەوە ببات و خۆی فراوان بکات؟

لەساڵی (١٩٧١)دا لە تورکیا کودەتایەکی سەربازی بەرپا کرا، ئامانجی ئەو کودەتایەش ئەوەبوو کە تەڤگەرە شۆڕشگێڕەکان تەسفیە بکرێن. بۆیە بە ئەنجامگیربوونی کودەتا سەربازییەکە زۆر گرتن و کوشتن و لەسێدارەدان و ئەشکەنجەیان ئەنجام دا و زەبرێکی کوشندەیان لە تەڤگەری شۆڕشگێڕی دا. شانبەشانی ئەمەش فاشیستی تورکی بەهێزکرد و لەهەموو رووێکەوە هاوکاری ئەوانی کرد، چ بەنهێنی و چ بەئاشکرا ئەوەی لەدەستی هات کردی، زۆر هەنگاوی بۆ جێگیرکردنی فاشیستەکان هاوێشت، تەڤگەری چەپی تورك زیاتر تەڤگەرێکی خوێندەڤانان بوو، بۆ ئەوەی تەڤگەری چەپ لە تورکیا تەسفیە بکات لە خوێندنگاکان و زانکۆکاندا فاشیستەکانیان جێگیر کرد و بەهێزیان کردن، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لەو شوێنانەدا تەڤگەری شۆڕشگێڕی خۆی کۆنەکاتەوە و بەهێز نەبێتەوە.

بەمەش بتوانن دەسەڵاتدارێتی خۆیان پتەو و تۆکمە بکەن و بەڕێوەی ببەن. بەمشێوەیە کودەتا سەربازییەکە گەلێك هەنگاوی هاوێشت، دوای ئەوەی حوکمی عەسکەری هەڵوەشایەوە و جارێکی دیکە حوکمی مەدەنی گەڕایەوە، تەڤگەری شۆڕشگێڕیش کە زەبرێکی جددی بەرکەوتبوو، ئیرادەی شکابوو، لاواز و پەرشوبڵاو بوو و لە وزە و تاقەتی خۆی کەوتبوو، فاشیستەکانیش زۆر بەهێز ببوون، بۆیە پێویستبوو کە تەڤگەری [illegible]ێڕی کۆبکرایەتەوە سەریەك، بۆ ئەوەی بتوانێت ئیرادەی خۆی و چالاکی خۆی بەهێز بکاتەوە و حاکمییەتی فاشیستەکان بشکێنێت.

لە تورکیادا؛ دوای کودەتایەکە "پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی تورکیا ـTSİP" دامەزرا. ئەم پارتییە لەناو گەنجاندا لەژێرناوی (ADYÖD)دا ڕێکخراوێکی دروست کردبوو، بەتەواوەتی سوودی لەو بۆشاییە وەرگرت کە لە تەڤگەری شۆڕشگێڕیدا هاتبووە ئاراوە و ئەو ڕێکخستنەیان دروست کرد. خۆیشی پارتییەکی چەپ بوو، هەرچەندە ئەو پارتییە سوودی لەو بۆشاییە وەرگرتبوو و دەستی خستبووە نێو خوێندنگا و زانکۆکان و گەنجانەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پراکتیکی ئەو پارتییە نەبوو کەس زێدە باوەڕی پێ نەدەکرد. بۆیە نەیدەتوانی هەموو گەنجان لە دەوروبەری خۆی کۆبکاتەوە. لەنێو گەنجاندا تەنیا بەشێکی زۆر کەمی ڕێکخستە کردبوو. لەبنچینەدا گەنجان لەدەرەوەی ئەم پارتییە لەڕێکخستندا بوون، ئیدی فاشیستەکانیش پڕ بە ڕێکخستن و حاکمییەت بوون. ئەمەش مەترسیدار بوو، پێویستبوو چارەسەرییەك بۆ ئەو دۆخە بدۆزرێتەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە سەرۆك ئاپۆ لەنێو خوێندەڤانان و چەپی تورکدا هەوڵ و تەقەللایەکی پێشخست، گووتی:" پێویستە ئەو ڕێکخستن (ڕێکخراو)ەی لەناو گەنجاندا ئاوابووە فراوانتری بکەین، هەم بەڕێوەبەرایەتییەکەی فراوان بکەین، هەمیش لەناو هەموو خوێندنگا و زانکۆکاندا بەڕێوەی ببەین. بۆ ئەوەی هەموو گەنجە چەپڕەوەکان تێیدا کۆبکەینەوە، تا بتوانین لەهەمبەر فاشیستەکان ڕابوەستین. ئەگەر وەها نەبێت ئەوا تەڤگەری گەنجان و چەپڕەوێتی زیاتریش لاواز دەبێت. لەسەر ئەو بنەمایە بەکار و داخوازی سەرۆك ئاپۆ لەهەموو زانکۆ و خوێندنگاکاندا کۆبوونەوە ئەنجام دران، هەموو کەسیش ئەم داخوازییەی پەسند کرد، لەئەنجامی ئەو کۆبوونەوانەدا پاڵێوراوان هەڵبژێردران و هەموو ئەو پاڵێوراوانە لە (ADYÖD)دا کۆبوونەوە، بڕیاریاندا کە

بەڕێوەبەرایەتی (ADYÖD) فراوان بکرێت، بەرادەیەك هەموو ڕێکخراوە چەپڕەوەکانی تورکیا بکەونە نێو بەڕێوەبەرایەتییەکەیەوە و تێیدا بەشداری بکەن. واتا ئەم ڕێکخراوە تەنیا لەدەست گروپێکدا نەبێت، بەڵکو هەرچی تەڤگەری چەپڕەو لە تورکیادا هەن، نوێنەری گەنجەکانیان هەمووی بکەوێتە بەڕێوەبەرایەتییەکەوە. بەمەش ئەم ڕێکخراوە ببێتە ڕێکخراوی گەنجانی هەموو چەپەکانی تورکیا. ئیدی پاڵێوراوان ئەم بڕیارەیان وەرگرت و بەڕێوەبەرایەتییەکە وەها فراوان بوو، لەهەموو ڕێکخراوەکانەوە نوێنەریان کەوتە نێو بەڕێوەبەرایەتییەوە. لەسەر ناوی گروپی ئێمەش سەرۆك ئاپۆ و هەڤاڵ "حەقی قەرار" کەوتنە بەڕێوەبەرایەتییەوە. سەرۆك بووە سەرۆکی (ADYÖD).

لەراستیدا (ADYÖD) ڕێکخراوێکی ئاشکرابوو و بەفەرمی دامەزرابوو، بەڵام ئەو بەڕێوەبەرایەتییە فراوانە لەلای دەوڵەت فەرمی نەبوو.

هەڵبژاردنی ئەو پاڵێوراوانە لە کام ساڵ بوو؟

لەکۆتایی ساڵی (١٩٧٢)دا ئەو هەڵبژاردنە ئەنجام درا. بەڵام لەفەرمییەتدا هەر بەڕێوەبەرایەتییەکەی پێشان بەڕێوەبەرایەتییەکی فەرمی بوو، لەراستیشدا ئەوەی (ADYÖD)ی بەڕێوەدەبرد ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بەرفراوانە بوو، کە تەڤگەری لاوانیشی بەڕێوە دەبرد. سەرۆکی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە فراوانەی (ADYÖD)یش سەرۆك ئاپۆ بوو. (ADYÖD) لەهەموو زانکۆ و خوێندنگاکاندا دەستی بەخۆ ڕێکخستن کرد. لەسەر ئەو بنەمایەش یەکێتی هەموو چەپی تورك لەناو گەنجاندا ئاوابوو و بووە هێزێك. بەمەش لەدژی فاشیستەکان ڕاوەستا، لەنێوان فاشیستەکان و تەڤگەری گەنجانی چەپڕەودا زۆر پێکدادان ڕوویاندا، هەم لەخوێندنگاکاندا، هەمیش لەدەرەوەی خوێندنگاکاندا. ئەمەش وایکرد تەڤگەری چەپ هەنگاو بهاوێژێت، تەڤگەری چەپ خۆی کۆکردەوە و بووە هێزێك، فاشیستەکانیش زەبری جددیان بەرکەوت، لەپێشخستنی تەڤگەری گەنجاندا لەلایەن (ADYÖD)وە ڕۆڵێکی پڕ مەزنی سەرۆك هەبوو. لەبنچینەدا سەرۆك ئەو خەباتەی بەڕێوە برد و ئەنجامیش بەدەستهێنرا...

وەك دەزانرێت؛ ئەو گروپە سەرەتا لە ئەنقەرە دادەمەزرێت، بەتایبەتیش لە كۆلێژی "زانستە سیاسییەكان"دا سەرهەڵدەدات. بۆچی شارێكی تر یان لە كۆلێژێكی دیكە سەریهەڵنەدا؟ وەكو دەگووترێت؛ هەموو پیاوانی دەوڵەتیش لەو كۆلێژەدا دەركەوتن و مەزن بوون. كەواتە سەرهەڵدانی ئەم گروپە لە ئەنقەرە و لەم كۆلێژەدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟

ڕاستە، ئەوانەی ئەو تەفكەرەیان ئاواكرد لە ئەنقەرە بوون و خوێندەڤان بوون. ، ئەوانەی لەگروپدا شوێنیان گرتبوو هەمووشیان لە زانكۆدا لەوانەكانیان زیرەك بوون. بۆچی لەزانكۆدا؟ چونكە ئەوكاتە لە توركیادا بیری نوێ و بیری سۆسیالیستی لە زانكۆدا پەرەیسەند بوو. واتا تۆ لە زانكۆدا لەبیری سۆسیالیزم تێدەگەیشتی، نەتدەتوانی لەشوێنێكی دیكە لێی تێبگەیت. ئەگەر گروپەكە لەنێو خوێندەڤانانی زانكۆدا سەریهەڵدا لەبەر ئەم هۆیە بوو. چونكە ئێمە سەرەتا لە سۆسیالیزم تێگەیشتین، پاشان لەخۆمان و كێشەی كوردیش تێگەیشتین. ئەگەر ئێمە لە سۆسیالیزم تێنەگەیشتباینایە ئەوا لەخۆمان و لە كێشەی كوردیش تێنەدەگەیشتین. سۆسیالیزم لەنێو خوێندەڤاناندا تێگەیشتین، ئەو بیرە لەنێو خوێندەڤاناندا پێشكەوتبوو. بۆیە گروپەكە لە زانكۆدا دروست بوو.

لە توركیادا "كۆلێژی زانستە سیاسییەكان" گرێدراوی زانكۆی ئەنقەرەیە، ئەو كۆلێژە زۆر كادیری دەوڵەت دروست دەكات، بەڵام ئەم كۆلێژە كەوتبووە دەست تەفكەری چەپڕەوەوە. واتا تەفكەری چەپڕەو لەوێ باڵادەستی خۆی چەسپاندبوو. سەرۆك و هەڤاڵ "فوئاد"یش هەر لەو كۆلێژە دەیانخوێند. تایبەتمەندی ئەو كۆلێژە ئەوەیە كە بە سیاسەتەوە مژوول دەبێت. نەك لە توركیادا، بەڵكو ئەوەندەی من بیزانم ئەو كاتە لەخۆرهەڵاتی ناویندا هەمووی، تاكە كۆلێژێكی بەمشێوەیە بوو، ئێستا لەوڵاتانی دیكەشدا ئەو كۆلێژە دامەزراوە. واتا كۆلێژێكی زۆر ئەوازە بوو، لەوێ ئابووری، سیاسەت،

دیپلۆماسی، سۆسیۆلۆژی لەئاستێکی بەرزدا دەخوێنرا. ئیدی ئەو کۆلێژە پێداویستییەکانی دەوڵەتی لەرووی کادیرەوە پێکدەهێنا. ئەوەی لەو کۆلێژە دەرچووبایە، دەبووە پارێزگار (والی)، قایمقام، ئابووریناس، دیپلۆمات، سیاسەتمەدار. واتا بۆ دەوڵەت کادیری پێدەگەیاند، لەو کۆلێژەدا تەفگەری چەپڕەو زۆر پێشکەوتبوو و بالآدەستی خۆی چەسپاندبوو. هەڵبەتە ئەو وانانەی دەخوێندرێن بەردەوام مرۆڤ بەرەو پێشەوە دەبات و دەیخاتە نێو لێکۆڵینەوە و بیری نوێوە. بۆیە ئەوانەی لەو کۆلێژەدا دەخوێنن کەسێتییەکی داخراو نابن، کۆنەپەرست دەرناچن، بۆ بیری نوێ کراوە دەبن، لە کەسێتی ئەواندا لێکۆڵینەوە و تێخوێندنەوە پڕ بەهێز دەبێت، بە ئاگان لەوەی لە جیهاندا چ روودەدات؟ چ بیرێکی نوێ و سیاسەتێکی نوێ هەیە؟ چونکە وانەکانیان لەسەر ئەو مەسەلانەیە. بۆیە لەو کۆلێژەدا تەفگەری چەپڕەوی پێشکەوت و بالآدەست بوو، سەرۆکیش لەم کۆلێژە دەیخوێند، ئەو گروپەش سەرۆك دروستی کردبوو، گروپەکەش هەموویان لە زانکۆ دەیانخوێند و لەوانەکانی خۆشیاندا زیرەك بوون. هەروەها ئەو چینەی لێشییەوە هاتبوون هەموویان منداڵی هەژار و گوندنشین بوون. بۆیە گروپێکی نەوازە و بەهێز دروستبوو...

گروپ لە ئەنقەرەوە بەرەو کوردستان دەچێت، بۆچی گروپ دەگەڕێتەوە کوردستان؟ لەگەڕانەوەدا بۆ کوردستان و لەئەنجامی خەباتکردن لە کوردستاندا چ ئەنجامێکی بەدەستخست و لەسەر ئەو دەرئەنجامانە چ هەنگاوێك هاوێشترا؟

بەر لەوەی ئێمە بڕیاری گەڕانەوە بۆ کوردستان بدەین و دەست بەخەبات بکەین، من و سەرۆك چووینە عەنتاب و ئورفە و تا گوندی سەرۆك چووین. بێگومان سەرۆك بە منی نەگووت؛ ئێمە بۆچی دەچین؟ تەنیا گووتی:" من لە زینداندا دەرکەوتووم و لەمێژیشە نەچوومەتە گوند، دەخوازم جارێك بچم، ئەگەر دەخوازیت تۆش وەرە با پێکەوە بچین" منیش ئەو ناوچەیەم هیچ نەبینیبوو، بۆیە گووتم: "باشە با بچین" هەردووکمان

پێکەوە چووین. هەڵبەتە کە چووین سەرۆك لە شارەکانی عەنتاب و ئورفە و خەڵفەتی و گوندەکانی خەڵفەتی هەندێك جڤینی ئەنجامدا، لەگەڵ خوێندەڤانان و مامۆستایان و گوندنشینان. من ئەو کاتە تێگەیشتم کە سەرۆك خەریکی هەندێك لێکۆڵینەوەیە، هەر بۆ ئەم مەبە ـەش هاتووە و ئەو جڤینانەش بۆ ئەمە دەکات.

دوای ئەوەی ئێمە لەوێ گەڕاینەوە و چووینە ئەنقەرە، ڕۆژێکیان سەرۆك لەگەڵ من و هەڤاڵ "کەمال" گفتوگۆی کرد، سەبارەت بەوەی؛ ئایا بچین لە کوردستان دەست بە خەبات بکەین؟ داخوا کاتی ئەوە هاتووە یان نا؟ چ وەختێك مرۆڤ دەست بەو خەباتە بکات باشترە؟ لەسەر ئەو مەسەلانە لەگەڵ هەردووکمان گفتوگۆی کرد. ئێمە تێگەیشتین کە سەرۆك دەخوازێت لە هەڵوێستی ئێمە تێبگات. ئێمە ئەو کاتە گووتمان:" پێویستە بچین لەوێ کار بکەین، ئێمەش بۆ ئەمە ئامادەین بچین لەوێ کار بکەین" سەرۆك گووتی:" ئاخر ئێوە ئێستا لە زانکۆ دەخوێنن، چ لەخوێندنەکانتان دەکەن؟". ئێمەش گووتمان:" بەسە، ئەوەی تا ئێستا خوێندوومانە بەسە، ئێمە ناخوازین چیدی بخوێنین، دەخوازین دەستبەرداری خوێندن ببین، بە تەواوی شۆڕشگێڕی بکەین" دواتر گووتی:" هەلومەرج لە کوردستان زۆر و زەحمەتە و توانستیش نییە، پەیوەندی نییە، مەترسیدارە، ئێوە دەتوانن لەوێ شۆڕشگێڕی بکەن؟" گووتمان:" ئێمە هەموو شتێك دەدەینە بەرچاومان" گووتی:" ئاخر وەها عاتیفی نزیك نەبنەوە، وەکو ئێوە لێی تێگەیشتوون وەها نییە، زۆر گران و بەزەحمەتە، ئەگەر ئەو هەنگاوە بهاوێژرێت، ئەگەری دەرکەوتنی هەندێك شت هەیە و هەندێك شت لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. پێویستە ئێمە هەموو ئەو شتانە بزانین، ئینجا بڕیار بدەین" ئێمەش گووتمان:" ئێمەش بڕیاری خۆمان دەدەین". چونکە سەرۆك کاتێك کە بڕیاری وەربگرتبایە هیچ کاتێك لەخۆیەوە ئەو بڕیارەی وەرنەدەگرت، پێشتر لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرد و گفتوگۆی لەسەر دەکرد، پاشان دەگەیشتە ئەنجام، لەلای خۆیەوە دەگەیشتە ئەنجام و بڕیارێك، بەڵام هیچ کاتێك ئەو ئەنجام و بڕیارەی بەئاشکرا نەدەگووت، هەروەها ئەو بڕیارەی پێیگەیشتووە داخوا چەندە ڕاستە یان ڕاست نییە؟ کوێی ئەم بڕیارە ڕاستە یان ڕاست نییە؟ بۆ ئەوەی لەم مەسەلانەش تێبگات گفتوگۆی دەکرد. کاتێك لەگەڵ من و هەڤاڵ "کەمال" گفتوگۆی کرد، ئێمە لەوە تێگەیشتین کە سەرۆك لەلایەن خۆیەوە

بڕیاری داوە، بەڵام هیچ کاتێك بەئاشکرا بە ئێمەی نەگووت. زێدەتر دەیخواست لەوە تێبگات کە؛ ئێمە چۆن نزیك دەبینەوە؟ ئێمە عاتیفی نزیك دەبینەوە یان بەراست لەم مەسەلەیە نزیك دەبینەوە؟. کاتێك ئێمە گووتمان:" ئێمە ئامادەین" ئیدی سەبارەت بەزۆر لایەنی ئەم مەسەلەیە قسە و گفتوگۆی کرد و شیکردەوە. ئەگەر لەبڕیاری ئێمەدا لایەنی عاتیفی زاڵە، یان لایەنێکی مەسەلەکە روون نەبێت لەلامان، ئێمە ئەوە دەبینین و بڕیاری خۆمان بەمشێوەیە دەدەین، بۆ ئەوەی پاشان ئێمە پەشیمان نەبینەوە و نەڵێین:" ئەو لایەنەمان نەبینبوو و نەزانیبوو..."

کاتێك لەهەموو روویێکەوە مەسەلەکەی باس کرد و خستییە پێش ئێمە و ئێمەش هەر سووربووین لەسەر بڕیاری خۆمان، گووتی:" تەواو، مادام وایە ئێوەش گونجاوی دەبینن، با ئامادەکاری بکەین و ئێوە دەنێرین. بێگومان لە ئەنقەرە تا کۆتایی (١٩٧٥) بەو کار و چالاکییانەی ئەنجاممان دابوو گروپێك ئاوا ببوو، ئیدی پێویستبوو ئەو گروپە بچووبایە کوردستان و لە کوردستان دەستی بەخەبات بکردایە. ئەو خەباتەی دەبووایە ئێمە لە ئەنقەرە بمانکردبایە، کردبوومان، هێشتاش شتی بکرابایە هەبوون، بەڵام شتی بنچینەیی لە ئەنقەرە ئەنجامدرابوو، پێویستبوو ئێمە هەنگاو بەرەو کوردستان بهاوێژین، ئەگەر ئێمە دەخوازین ئەم گروپە پێشبکەوێت، کە لە پراکتیکیشدا پێشدەکەوت، ئەمە ئیدی لە ئەنقەرە نەدەبوو، بەڵکو ئەمە لە کوردستاندا بەدیدەهات. بۆیە ئێمە ئەو بڕیارەمان دا. بەڵام کاتێك ئێمە چۆن بکەوینە کوردستان؟ لەکوێوە دەست پێبکەین بۆ ئەوەی ئەنجام بەدەست بخەین و نەکەوینە نێو هەڵە و کێماسی و زەبرمان بەرنەکەوێت؟. لەسەر ئەمەش گفتوگۆمان کرد، بۆیە ئێمە ئەو بازێڕە نزیکانەی سنووری تورکیامان(٦) بەبنچینە وەرگرت. چونکە ئەو بازێڕانە نزیك بە تورکیا بوون، نیو تورکیا نیو کوردستانن، کادیرانیش هەموویان زێدە ئەزموونی خۆیان نییە، لە گەرەکی"توزلوچایر" هەندێك پڕاکتیکمان هەیە، هەرچەندە کوردی عەلەویش بن، بەڵام زۆر دووری کورد کەوتبوون. واتا دەمانتوانی ئەو ئەزموونە بۆ ئەو بازێڕانەش سوودی لێ ببینین. بەڵام تۆ یەکسەر بکەویتە کوردستان و بچین لە دیاربەکر و هەکاری و بینگۆل و ئەو شوێنانە دەست پێبکەین زەحمەت بوو، لەوانەبوو ئەو کادیرانە نەتوانن لەناو گەلدا خەبات بکەن و ئیرادەیان بشکێت، ئەمەش مەترسیداربوو.

لەلایەکی دیکەشەوە، "سیراج بیلگین" کە ئەو کاتە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان ـ تورکیا (پ د ك-T-) بوو، هەڕەشەی لێکردبووین و گووتبووی:" ئەگەر بکەونە کوردستان ئێمە قاچتان دەشکێنین" پێویستبوو ئێمەش وریا بین. ئەگەر لەو شوێنەی ئەوان هەندێك کاریگەرییان هەیە ئێمە دەست بەخەبات بکەین، ئەوا زەبرمان بەردەکەوێت، بۆیە پێویستبوو ئێمە هەنگاو بە هەنگاو بکەوینە کوردستانەوە. هەروەها بازێڕەکانی نزیك تورکیا خوێندەڤان و کرێکاری زۆری تێدا بوو... واتا لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەندێك پێشکەوتووتر بوون، بۆیە ئێمە دەتوانین بەئاسانی کاری تێدا بکەین و زووش ئەنجام بەدەستبخەین، دەشتوانین لەو بازێڕانەدا زووتر کادیر پەیدا بکەین و پێداویستی تەڤگەر پێك بهێنین. لەو بازێڕانەدا هەنگاو بەهەنگاو پێشبکەوین. ئێمە ئەوەمان بەبنچینە وەرگرت، ئەمەش ڕاست بوو.

هەڵبەتە ڕاستی ئەمەش لە پراکتیکدا دەرکەوتەڕوو، بۆیە لە عەنتابەوە بگرە تا دێرسیم ئەو خەتەمان بەبنچینە وەرگرت، ئێمە سەرەتا چووینە ئەو بازێڕانەوە. بێگومان ئێمە یەکسەر هەموو کادیرانمان نەخستە نێو ئەو بازێڕانەوە، چ دەبێت و چ نابێت دیار نییە، گووتمان:" سەرەتا با هەندێك کادیر بچین، بزانین دەتوانین ئەنجام وەربگرین یان نا، یاخود چ ئەنجامێك دەردەکەوێت؟ مەترسییەکانی چیین؟ با ئەنجامی خەباتەکە دەربکەوێت، بەگوێرەی ئەنجامی ئەو خەباتەش هەنگاوی نوێ دەهاوێژین".

ئیدی لەکۆتایی (١٩٧٥)دا ئەو هەنگاوانەمان هاوێشت، لەساڵی (١٩٧٦) یش کۆبوونەوەمان لەسەر ئەو پراکتیکە لە "دیکمان" سازدا. ئەو هەنگاوانەی ئێمە هاوێشتوومانە چۆنە و چ ئەنجامێکی بەدەستخستووە؟ لەو پراکتیکەدا کێماسی چییە؟ لایەنی باش چییە؟ گفتوگۆمان لەسەر ئەمە کرد. ئیدی ئێمە بڕیارمان وەرگرت کە ئەو هەنگاوەی هاوێشتوومانە بەهێزتر و تۆکمەتری بکەین. چونکە لەم خەبات و پراکتیکەدا بەدیارکەوت کە ئەو هەنگاوەی تەڤگەر لە کوردستاندا هاوێشتوویەتی دەتوانێت بەهێزتری بکات، چونکە ئەو شوێنانەی ئێمە چووین گروپمان جێگیر کردبوو، ئێمە بۆخۆمان هەندێك پەیوەندی و کادیرمان دروستکردبوو، جەماوەرێکمان ڕێکخستبوو، هەندێك چالاکیمان ئەنجام دابوو، ئەمەش ئەوەی بەدیار خستبوو کە دەتوانین تەڤگەر مەزنتر بکەین و هەنگاوی تریش بهاوێژین، دەتوانین بچینە هەندێك ناوچەی دیکەش و

کادیری بۆ بنێرین و کار و خەباتیان تێدا بکەین و لەسەر ئەو بنەمایەش تەڤگەر بەهێزتر بکەین. ئەمە بەروونی دیار ببوو. ئیدی ئەو هەنگاوەمان لە جڤینی "دیکمان"دا گفتوگۆ کرد و لەئەنجامی ئەو جڤینەدا بڕیارمان وەرگرت کە ئەو هەنگاوە بەهێزتر و قووڵتر بکەینەوە. لەسەر بنەمای ئەو بڕیارەش تەڤگەرمان لە کوردستاندا بەهێزتر کرد. هەندێك کادیرمان ناردە باژێڕەکانی دیکە، هەڵبەتە ئێمە دەچووینە هەر جێگەیەك پێشکەوتنمان بەدیدەهێنا. سەرەتا چەپی تورك و گروپە کوردییەکانیش دەیانخواست ڕێگریمان لێ بکەن، بۆ ئەوەی نەتوانین لەو شوێنانە کار بکەین، بەڵام ئێمە سووربووین لەسەر خەبات، لەئاکامی ئەو سووربوونە هەموو کەسێکمان دەخستە نێو گفتوگۆوە، هەڵبەتە لەگفتوگۆکانیشدا ئێمە پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنی زۆر بەهێزمان دەکرد، کەس نەیدەتوانی لەبەرامبەر ئێمە وەها پڕوپاگەندە بکات. لە گفتوگۆکاندا ئێمە بەسەردەکەوتین، بۆیە زۆربەیان لەنێو ئەو گفتوگۆیانەدا دەکەوتنە ژێر کاریگەری ئێمەوە، ئێمە ئەو ئاستەنگییەی ئەوانمان بەمجۆرە بێکاریگەر دەکرد، ئیدی بەمشێوەیە خەباتمان پێشخست...

لەو قۆناخەدا؛ تەڤگەرەکە یەکەم شەهید دەدات، کە هەڤاڵ "ئایدن گول" بوو، بەدەستی ڕێکخراوی ڕزگاری گەل (Halkın Kurtuluşu) شەهید دەکەوێت. بۆچی ئەو هەڤاڵەیان شەهید کرد؟ ئەو پەیامەی لەمیانەی ئەو شەهیدکردنەوە بەتەڤگەر درا چی بوو؟ هەڤاڵانی گروپەکە چۆن لەو ڕووداوە نزیك بوونەوە...؟

شەهید ئایدن گول



شەهید عەلی دۆغان یلدرم

لەبنچینەدا، لەمێژووی تەڤگەری ئێمەدا یەکەمین جار هەڤاڵ "**عەلی دۆغان یلدرم**" لەگەڕەکی "**تووزلوچایر**"ی ئەنقەرە کاتێك کە مەشقی فێربوونی دەمانچەی بە هەڤاڵان دەدا خۆی قەزای کرد و شەهید بوو. ئەمە بەر لە شەهیدبوونی هەڤاڵ "**ئایدن گول**" روویدا. بەڵام لە کوردستاندا یەکەمین شەهیدی ئێمە هەڤاڵ "**ئایدن گول**"ە، کە لەساڵی (١٩٧٦) لە دێرسیمدا رێکخراوی **رزگاری گەل** (Halkın Kurtuluşu) شەهیدیان کرد. پێش ئەوەی ئێمە لە دێرسیمدا خەبات بکەین رێکخراوی **رزگاری گەل** (Halkın Kurtuluşu) و **ئەرتەشی رزگاریخوازی کرێکاران و جووتیارانی تورکیا** (TİİKKO) و هەموو گروپەکانی چەپی تورك هەبوون، یەکەمین جار بەناوی کوردستان ئێمە لەوێدا دەستمان بەخەبات کرد. بێگومان کاتێك ئێمە دەستمان بەخەبات کرد، ئەو تەڤگەرانەی چەپی تورك لاواز دەبوون و لە کورتیان دەدا، "**ئایدن گول**"یش پێشتر هەڤاڵێکی رێکخراوی "**رزگاری گەل**" بوو، کاتێك ئێمە لەوێ دەستمان بەخەبات کرد، لەوان دابڕا و تەڤلی ئێمە بوو.

ئەوانە چەپ بوون یان فاشیست بوون؟

ئەوانە چەپی تورك بوون. لە دێرسیمدا فاشیستەكان جێگیر نەببوون، هەمووی چەپی تورك بوون، تەڤگەرەكانی كوردانیش لەوێ نەبوو، ئێمە سەرەتا لەوێ دەستمان پێكرد، لەبەر ئەوەی ئێمە سەرەتا دەستمان بەو خەباتە كرد، لە چەپی تورك دادەبڕان و تەڤلی ئێمە دەبوون، "ئایدن گول"یش لەوانە بوو. "ئایدن گول" لەخوێندنگای ئامادەیی دەیخوێند، ئەوانە بینیان كە ئەگەر رێ لەم دابڕانە نەگرن ئەوا دەتوێنەوە و نامێنن، لە گفتوگۆكانیاندا نەیاندەتوانی رێ لەنێمە بگرن، ئێمە لەهەر جێگەیەك گفتوگۆمان دەكرد كاریگەریمان دروست دەكرد و دابڕان لەوان دروست دەبوو و تەڤلی ئێمە دەبوون. كاتێك بینیان بە گفتوگۆ ناتوانن رێگریمان لێ بكەن، خواستیان بە كوشتن رێگریمان لێ بكەن. چونكە تازە تەڤگەری ئێمە كەوتبووە ئەوێ، هێشتا بەتەواوی خۆی لەوێ بەرێكخستن نەكردبوو، هێشتا تەڤگەریش لەوێ بەتەواوی نەناسرابوو، لێرەدا مەگەر بە كوشتنێكی بەمجۆرە بتوانن پێش لە ئێمە بگرن. وادیارە وەها بیریان كردبووەوە، ئیدی لە خوێندنگای ئامادەیی ئەو هەڤاڵەیان شەهیدكرد. بۆ ئەوەی ترس و شڵەژان دروست بكەن و بەمەش حاكمییەتی خۆیان بەردەوام بكەن و كەس تەڤلی ئێمە نەبێت، ئەوەی تەڤلی ئێمەش بووە لەنێمەی دابڕنەوە.

كاتێك كە هەڤاڵ "ئایدن گول" شەهید كەوت من لەگوندی "باڵك كایا"ی سەر بە ناوچەی "خۆزات" ی دێرسیم بووم. ئێمە هەواڵێكمان پێگەیشت كە لەناو شاری دێرسیم هەڤاڵێك لەلایەن رێكخراوی "رزگاری گەل"ەوە شەهیدكراوە، بەڵام نەمانزانی كێیە؟ رووداوەكە چۆن روویداوە ئەوەشمان نەزانی. بۆیە بەرەبەری ئێوارە بەرێكەوتین بۆ ئەوەی بچینە نزیك دێرسیم، بۆ ئەوەی زانیاری وەربگرین و بەگوێرەی ئەمەش ئەگەر رەوشێك هەبێت بتوانین موداخەلە بكەین، بەڵام لەبەر ئەوەی باوبۆران بوو نەمانتوانی بچینە دێرسیمەوە، ئیدی پاشان گەیشتینە دێرسیم... تا ئێمە گەیشتین تەرمەكەیان ناشتبوو، ئەو كاتە تێگەیشتین كە هەڤاڵ "ئایدن گول" شەهید كراوە، هەڤاڵ "ئایدن گول" كادیرێكی زۆر لە پێشەوەی ئێمە نەبوو، تازە تەڤلی ئێمە ببوو، لە ئامادەیی دەیخوێند، بەڵام پێشتر لە ئامادەیی لەرێكخراوی "رزگاری گەل" خەباتی كردووە، لەبەر

ئەوەی بەناوی ئەوان کاریکردووە و پاشان دابڕاوە، بینیان ئەگەر پێشی ئەمە نەگرن لەوانەیە ئەوانیتریش دابڕێن، بۆ ئەمە شەهیدیان کرد.

ئێمە پۆستەری ئەو هەڤاڵەمان لە کوردستان لەو شوێنانەی خەباتمان تێیدا دەکرد بڵاوکردەوە، هەروەها لە تورکیادا لەهەر شوێنێکی کە ئێمەی لێبووین، بڵاومانکردەوە، پۆستەری ئەو هەڤاڵەمان لەدیوار هەڵواسی. لە پۆستەرەکەشدا شیعرێکی "**نووری دێرسیمی**"مان تێدا نووسیبوو، ئەو شیعرە سەبارەت بە دێرسیم نووسیبووی، شیعرەکە بەناوی "**تۆڵەسەندنەوە**"بوو، پارچەیەك لەو شیعرەمان لەسەر پۆستەرەکە نووسیبوو، کاتێك لە خوێندنگا و زۆر شوێندا لە دیوارمان هەڵواسی زۆر کاریگەری خۆی کرد، هەم لەسەر هەڤاڵان و هەوادارانی ئێمە، هەمیش لەسەر رێکخراوەکانی دیکە کاریگەرییەکی مەزنی هەبوو. ئەمەش خەباتی ئێمەی بەهێزتر کرد.

ئێمە بەو هێرشەی رێکخراوی "**رزگاری گەل**" هەنگاومان بۆ دواوە نەهاوێشت، ئێمە هەم خاوەنداریمان لە شەهیدی خۆمان کرد، هەمیش خواستمان ئەو شەهیدبوونە بکەینە هۆی بەهێزکردنی تەڤگەرەکەمان. چونکە ئامانجی ئەوان ئەوە بوو و دەیانخواست بەو شەهیدکردنە ترس دروست بکەن، بۆ ئەوەی هەنگاو بۆ دواوە بهاوێژین، ئەمە ئامانجی ئەوان بوو، بۆ ئەوەی رێ لە پەرشوبڵاوبوونەوەی خۆیان بگرن. پێویستبوو ئێمەش هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بهاوێژین، تاکو بتوانین ئەنجام وەربگرین، ئەوەی ئێمە کردمان ئەوەبوو، هەم لە دێرسیم هەمیش لەدەرەوەی دێرسیم، کاتێك بەلێبڕاوانە بەرامبەر ئەو هێرشە راوەستاین و ملکەچ نەبووین، پۆستەرەکەی ئەو هەڤاڵەشمان بڵاوکردەوە، بۆ یەکەمین جاریش وشەی "**کوردستان**"مان بڵاوکردەوە. چونکە لەو پارچە شیعرەی کە لەسەر پۆستەرەکە نووسیبوومان وشەی "**کوردستان**" هەبوو، هەموو کەسێك بەمە سەرسام ببوو، تا ئەو کاتە پۆستەرێکی بەمشێوەیە بەدیوارەوە هەڵنەواسرابوو.

بۆ نموونە؛ گرووپی دیکەی کوردان هەبوون، هیچ کاتێك باسی کوردستانیان نەدەکرد، یەکەمین جار ئێمە بەمشێوەیە کوردستانمان خستە گفتوگۆوە، واتا شەهیدبوونی "**ئایدن گول**" گفتوگۆیەکی بەمجۆرەی لەناو هەموو کەسێك پێشخست و ترسێکی شکاند، چونکە ئێمە ئیدی بەئاشکرا خاوەنداریمان لە کوردستان کرد. تا ئەو کاتە، ئەوەی ناوی کوردستانی نەخستبووە سەر زمانی خۆی و دەترسا، بەمە جورئەتی وەرگرت...

لەسەرەتای تێکۆشانی گروپدا سێ کەسی گوماناوی تەڤلی گروپ دەبن کە "عەبدولڕەحمان، نەجاتی کایا و کەسیرە یلدرم"ن. ئەو کەسانە چۆن تەڤلی تەڤگەر بوون؟ چ کار و کردەوەیەکیان لەناو گروپدا کرد؟ ئەگەر دەوڵەت ئەوانەی خزاندبێتە ناو گروپەکەوە ئەوا دەیخواست لەرێگەی ئەو کەسانە بە چ ئەنجامێك بگات؟

پێشتر "کەسیرە یلدرم" لەناو چەپی تورك دابوو، لەقۆناخی (ADYÖD)دا کە گفتوگۆ دەکرا و پاڵێوراوان بۆ فراوانکردنی بەڕێوەبەرایەتی (ADYÖD) هەڵدەبژێردران، ئیدی لەو قۆناخە ئەو تەڤگەری ئێمەی ناسی و پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئێمە بەست و خواستی کە تەڤلی ئێمە ببێت. ئەو بینی کە گروپی ئێمە بەهێز و زیرەکە، ئەو گروپە ئەو کاری هەڵبژاردنەی پێشخستووە، ئەمە سەرنجی ئەوی راکێشا، بۆیە دەستبەرداری چەپی تورك بوو و خواستی تەڤلی ئێمە ببێت.

له چ گروپێکی چەپی تورك دابوو؟

لەگروپی رێگای شۆڕش (DEV-YOL)دا بوو. بێگومان کاتێك کە خواستی پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئێمەدا دروستبکات و تەڤلی ئێمە ببێت، ئەمە بووە هۆی ئەوەی زۆر گفتوگۆ بێتەئاراوە. بۆچی؟ چونکە خێزانی "کەسیرە یلدرم" بەشداری لە کۆمەڵکوژییەکەی (١٩٣٨)ی دێرسیمدا لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا کردبوو. ئەمە دەوڵەتیش دەیزانی و هەموو کەس دەیزانی، بنەماڵەیەکی سیخوڕ (جاسوس) بوو، لە کۆمەڵکوژی گەلی کورددا بەشدار ببوو، ئەویش کچی ئەم بنەماڵەیە بوو، بۆیە ئێمە گووتمان؛ پێویستە بەشداربوونی ئەو کچە پەسند نەکەین، ئەگەر پەسندی بکەین ئەوا زەرەرمەند دەبین. چونکە ئەو کاتە هەر کەسێك دەڵێت:" کچی سیخوڕێکە، کە لە

کۆمەڵکوژی گەلدا بەشدار بووە، ئەم تەڤگەرە چۆن چۆنی ئەو وەها پەسندی دەکات...؟ ئەمە بۆ تەڤگەر مەترسیدارە".

وەکوتریش لە کوردستاندا راستییەك هەیە؛ منالی سیخوڕانیش دەبنە سیخوڕ. ئەمە راستییەکی تورکیاشە... بۆ نموونە؛ منداڵی پۆلیسەکان دەبنەوە پۆلیس، منداڵی ئەفسەرەکان دەبنەوە ئەفسەر. واتا کولتوورێکی بەمجۆرە هەیە، بۆیە ئێمە گووتمان:" لەوانەیە "کەسیرە"یش سیخوڕ بێت" چونکە خێزانەکەی ئەو هەر سیخوڕێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو سیخوڕێکی مەزنیش بوو، بۆیە گووتمان:" پێویست ناکات وەریبگرین".

بێگومان ئەوکاتە نزیکبوونەوەی سەرۆك بۆ ئەم مەسەلەیە جودا بوو، دەیگووت:" ئێمە "کەسیرە" وەك کەسێك لێی ناڕوانین، بەڵکو ئێمە "کەسیرە" لە کوردستاندا وەکو چینێك یان توێژێك لێی دەڕوانین، ئەویش توێژی سیخوڕانە. چونکە لە کوردستاندا توێژێکی بەمجۆرە هەیە، ئەگەر تۆ دەخوازیت لە کوردستاندا ئازادی پێشبخەیت و ئەنجام وەربگریت و کێشەی کورد چارەسەر بکەیت، پێویستە باش لەو چین و توێژە تێبگەیت و بێ کاریگەری بکەیت. ئەگەر تۆ ئەم چینە بێکاریگەر نەکەیت ناتوانیت کێشەی کوردیش چارەسەر بکەیت، ناتوانیت ئازادی بەدیبهێنیت". دووەمینیش سەرۆك دەیگووت:"راستە بنەماڵەی ئەو بەشداریان لە کۆمەڵکوژی کورددا کردووە و سیخوڕن، بەڵام ئێمە ناتوانین مرۆڤێك بەهۆی بنەماڵە و خێزانەکەیەوە تۆمەتبار بکەین، لەوانەیە ئەو کەسە خاوێن و بێ وەی بێت، ئەگەر خێزانەکەی سیخوڕە بەو واتایە نایەت ئەویش سیخوڕ بێت، لەوانەیە ئەو کەسێکی دروست بێت". سێیەمینیش: سەرۆك دەیگووت:" ئەم خێزانە خێزانێکی کوردە، دووژمن کردوونی بەسیخوڕ و لە کۆمەڵکوژییەکاندا بەشداری پێکردووە و لەدژی کوردان بەکاریهێناوە، ئێمەش دەتوانین کچی ئەو خێزانە لەدژی خودی خێزانەکە و لەدژی دەوڵەتیش بەکار بهێنین. واتا ئێمە پێچەوانەی بکەینەوە، چۆن دەوڵەت خێزانێکی کوردی لەدژی کوردان بەکارهێناوە، ئێمەش پێویستە کوردان ڤازانج بکەینەوە و لەدژی دەوڵەت بیخەینە جموجوڵەوە، ئەگەر ئێمە توانیمان ئەمە بکەین دەتوانین ئەنجام بە دەستبخەین، ئەگەرنا زەحمەت و دژوارە" لەرووێکی تریشەوە بەراستی "کەسیرە" ژنێکی زیرەك و زاناش بوو، لە ئەنیستۆی باڵای راگەیاندن و چاپەمەنی سە بە زانکۆی ئەنقەرە دەیخوێند. سەرۆك

دەیگووت:" "كەسیرە" ژنێكە، ئەگەر ئەم ژنە دروست بێت و مرۆڤ قازانجی بكات زۆر سوودی خۆی هەیە بۆ تەڤگەر". چونكە سەرۆك تەنانەت هەر لەو كاتەشدا نزیكبوونەوەیەكی جودای بۆ ژن هەبوو، واتا لەسەر مەسەلەی ژن رادەوەستا و بەهای بە ژن دەدا. هەڵبەتە ژنێكی زانای وەك "كەسیرە"ش كەم پەیدا دەبوو، ئەگەر مرۆڤ بتوانێت ئەو ژنە قازانج بكات ئەوا زۆر سوودی بۆ تەڤگەر دەبێت. هەروەها دەیگووت:" ئەگەر ئێمە "كەسیرە" وەربگرین لەوانەیە دەوڵەت هەندێك حیسابات بكات. چونكە خێزانەكەی خێزانێكی سیخوڕە و لەگەڵ دەوڵەتە، لەوانەیە دەوڵەت وا بیر بكاتەوە كە" دەتوانین لەرێگەی ئەو خێزانەوە و لەرێگەی "كەسیرە"وە تەڤگەرەكە بخەینە ژێر كۆنترۆڵی خۆمانەوە و كاریگەری لەسەر بكەین" ئەگەر ئێمەش ژیربین دەتوانین ئەمە بۆ خۆمان بەكار بهێنین و سوودی لێوەر بگرین". واتا سەرۆك وەها ئایدیۆلۆژی و سیاسی لە مەسەلەكە نزیك دەبووەوە...

ئێمەش (هەڤالان) لەهەموو روویێكەوە لەمەسەلەكە نزیك نەدەبووینەوە، ئێمە دەمانگووت:" خێزانەكەی سیخوڕە، ئەویش كچی ئەو خێزانەیە، لەوانەیە كچی سیخوڕێك هەر سیخوڕ دەربچێت، سیخوڕیش رێز و حورمەتی لەناو كۆمەڵگادا نییە". بێگومان نزیكبوونەوەی سەرۆك نزیكبوونەوەیەكی راست و زانستی بوو، ئەوەی ئێمە نزیكبوونەوەیەكی عاتیفی و بەكاردانەوە بوو، زێدە بەهای خۆی نەبوو. لەئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەدا لەبەر ئەوەی باوەڕیشمان بەسەرۆك هەبوو، ئەو هەڵسەنگاندن و شیكردنەوەیەی سەرۆكیش پێشكەوت، لەئەنجامی ئەو هەڵسەنگاندن و شیكردنەوانەدا ئێمەش پەسندمان كرد كە تەڤلی تەڤگەرەكەی ئێمە ببێت و بەمشێوەیە "كەسیرە" تەڤلی ئێمە بوو و لە ناو ئێمەدا جێگەی گرت.

بەڵام "عەبدولڕەحمان" لە كۆلێژی زانستە سیاسییەكاندا دەیخوێند، لەوێ سەرۆك و هەڤاڵ "فوئاد" و هەڤاڵانی تری ناسیبوو، پەیوەندی لەگەڵ هەڤاڵان بەستبوو، بەمشێوەیە پەیوەندی خۆی لەگەڵ تەڤگەر دروستكرد.و تەڤلی ئێمە بوو، هەڵبەتە خوێندكارانی ئەو كۆلێژە زۆربەی زۆری چەپ بوون، ئەوەی چەپیش نەبووایە نەیدەتوانی بچێتە وانەكانەوە. ئەویش لەوێ دەیخوێند و هەڤاڵان دەناسێت و پەیوەندی خۆی دەبەستێت، وەها تەڤلی ئێمە دەبێت.

بەڵام" پیلۆت" لەرێگەی "عەبدولڕەحمان"ەوە ئێمە دەناسێت و ئەو ئەوی تەفلی تەفگەر کرد، "عەبدولڕەحمان" بە ئێمەی گووت:" نەجاتی کایا(پیلۆت) خەڵکی ناوچەی ئێمەیە ـ واتا خەڵکی ئاگرییە ـ لە دەزگای تورك قوشو (TÜRK KUŞU)دا کەدەزگایەکی مەزنی فڕۆکەوانی مەدەنییە، کاردەکات و ئەویش کوردە و کەسێکی باشە و من دەیناسم، دەخوازێت تەفلی ئێمە ببێت" ئێمەش گووتمان:" مادام وایە با بێت و بیهێنە، ماد؛ میناسیت و پاکژە دەخوازێت تەفلی ئێمە ببێت بیهێنە". "پیلۆت"یش لەرێگەی "عەبدولڕەحمان"ەوە تەفلی ئێمە بوو. بێگومان ئێمە نەماندەزانی "پیلۆت" کێیە و چییە و چ کارەیە؟ ئەوانە هەر سێکیان بەمشێوەیە تەفلی ئێمە بوون.

"عەبدولڕەحمان" هەمیشە ئاشقی خۆی بوو، خۆی بەبنەما وەردەگرت و زۆر تاکڕەو و خۆپەرست بوو، هیچ کاتێك لەگەڵ هەڤالاندا یەکانگیر نەدەبووە و ژیانێکی شەخسی بۆ خۆی بەبنچینە وەردەگرت، هەر لەخۆیەوە لەسەر زۆر شت و مەسەلە هەڵیدەدایێ و گفتوگۆی بێسەروبەر و پێچەوانەی دەکرد، بۆیە هیچ هەڤاڵێك خۆشینەدەویست، لێی رازی نەبوون، هیچ هەڤاڵێکیش نەیدەخواست لەگەڵ ئەو کار بکات، هەڵبەتە زێدە لەگەڵ ئێمە نەمایەوە، لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٦)دا نزیکەی دوو ساڵێك لەگەڵ ئێمە مایەوە، پەیوەندیمان لەگەڵی پچڕاند. چونکە هیچ هەڤاڵێك نەیدەخواست لەگەڵیدا کار بکات، دەچووە هەر جێگەیەك دەبووە کێشە، ئێمە بینیمان ئیدی نابێت، بۆیە گووتمان:" با پەیوەندی لەگەڵدا بپچڕێنین" ئیدی پەیوەندیمان لەگەڵیدا پچڕاند.

"پیلۆت" دوای ئەوەی تەفلی ئێمە بوو، زیاتر دەیخواست لەدەوروبەری سەرۆکدا بمێنێتەوە، لە بنەڕەتدا بە سەرۆکەوە خەریك دەبوو، وەکوتریش نەك لەسەر هەموو هەڤالان، بەڵکو بەهەمندێك هەڤاڵی دیکەش خەریك دەبوو. بێگومان ئەمە سەرنجڕاکێش بوو، ئێمە نەماندەزانی "پیلۆت" سیخوڕێکە، پاشان کەوتە کۆلێژی زانستە سیاسییەکانەوە، گووتمان:" تۆ چۆن چوویتە ئەو کۆلێژەوە؟" گووتی:" من کەسێکم خستە شوێنی خۆمەوە بۆ تاقیکردنەوە، بەمشێوەیە لەتاقیکردنەوە سەرکەوتم" ئێمەش باوەڕمان پێیکرد، چونکە شتی وەها روویدەدا، ئێمە بەخۆشمان زۆر جار لەبری کەسانی تر دەکەوتینە تاقیکردنەوەوە و کەسانی تریش لەبری ئێمە دەکەوتنە تاقیکردنەوەوە. ئەو شتانە زۆر روویاندەدا، بۆیە گووتمان:" دەکرێ شتی وا ببێت، بەڵام پاشان دوای

ئەوەی لەرەوشەکە تێگەشتین، ئێمە تێگەشتین کە شتی وەها نییە، بەڵکو هەر ساڵ، دەوڵەت و ئیستخباراتی تورکیا هەندێك سیخوڕی خۆی دەخاتە ناو هەموو خوێندنگا و زانکۆکانەوە، وەك خوێندەڤان دەیانێرێت، بۆ ئەوەی لەناو خوێندەڤاناندا بمێننەوە و بکەونە نێو تەڤگەرەکانەوە، هەمیش کادیری خۆیان پەروەردە دەکەن. لەهەر خوێندنگا و زانکۆیەکدا کۆنتاژان (کۆتا ـ حصة)ی خۆیان هەیە. بۆ نموونە؛ لەهەر ساڵێکدا لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکاندا بیست کەس لەکادیرانی خۆیان دەخەنە ئەم کۆلێژەوە و وەك خوێندەڤان دەخوێنن، هەم دەبنە کادیر و پرۆفیشناڵ، هەمیش لەوێدا دەکەونە نێو تەڤگەرەکانەوە و لەناویاندا کاری سیخوڕی دەکەن. چونکە سەرنجیشیان ناکەوێتەسەر.

پیلۆت (ئەجاتی کایا)یش وەها کەوتە کۆلێژی زانستە سیاسییەکانەوە، هەمیش لەپلەی یەکەمیندا خستوویانەتە ئەو کۆلێژەوە، نەك بەتاقیکردنەوە و شتی وەها، بەڵکو بە کۆنتاژان (کۆتا ـ حصة) کەوتۆتە کۆلێژەوە. پاشان تێگەیشتین کە "پیلۆت" هێشتا لەناگری لە ناوەندی و ئامادەییدا دەخوێنێت، ئەفسەرێکی تورك کاریگەری لەسەر حەوت زارۆکی کورد دەکات و بەخۆیانەوە پەیوەستیان دەکات و دەیانکاتە سیخوڕ. کاتێك کە ئامادەییش تەواو دەکەن، هەموویان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ئەنقەرە، خۆیشی دێتە ئەنقەرە، لە ئەنقەرەش لەگەڕەکی "ئەمەك"دا خۆی جێگیر دەکات و هەر حەوتیشیان دەخاتە زانکۆوە. ئیدی "پیلۆت"یش یەکێکە لەو حەوت کەسانە. "پیلۆت" کەوتە ناو ئێمەوە و ئەوانەی دیکەش کەوتوونەتە نێو گروپە چەپەکانی تورکەوە. بێگومان ئێمە پاشان لەو شتانە تێگەیشتین. وەکو گووتم؛ "پیلۆت" زیاتر لەسەر سەرۆك رادەوەستا، کە سەرۆك بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، بۆ ئەوەی هەمیشە زانیاری بەدەست بخات و بیداتە ئیستخبارات و بەگوێرەی فەرمان و رێنمایی ئیستخبارات هەڵسوکەوت بکات. وەکوتریش لەسەر هەندێك هەڤاڵی تری گروپەکە کە دەناسران و لەپێشەوە بوون رادەوەستا، بۆ ئەوەی بیانخاتە نێو هەندێك چالاکییەوە. بەمەش تەسفیەیان بکات و هەموو گروپەکە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

لەلایەکی تریشەوە، گروپەکەمان لەرووی ماددییەوە لەنێو تەنگاوی دابوو، گوایە لەرێگەی ماددیەوە هەندێك پێداویستی گروپەکە پێك بهێنێت و بەمەش کاریگەری

لەسەر بکات و بیخاتە دەستی خۆیەوە. ئیدی کاری ئەو ئەمە بوو. ئەو جێیەی "پیلۆت" ئیشی تێدا دەکرد و ئەو مووچەیەی وەریدەگرت و ئەو پارەیەی کە خەرجیدەکرد لەگەڵ یەکتردا بەراوردی بکەیت دەبینیت ئەو پارەیەی خەرجی دەکرد پڕ زێدەتر بوو. ئەمەش سەرنجی سەرۆك رادەکێشێت. دووەمینیش؛ سەرۆك دەبینێت کە "پیلۆت" هەر بەسەرۆکەوە خەریکە، نزیکبوونەوەی لەسەرۆك سەرنج ڕادەکێشێت، بەتایبەتی کە بەردەوام دەیگ " تۆ هەر چییەك بڵێیت جێبەجێی دەکەم و ئامادەم" بۆ نموونە؛ سەرۆك دەڵێت:" سەد هەزار بۆ ئێمە پێویستە" ئەویش دەڵێت:" دابینی دەکەم" ئەم هەموو پارەیە لەکوێ دابین دەکات؟ ئەم شتانە هەمووی سەرنجی سەرۆك رادەکێشێت.

بۆ نموونە؛ دەبینێت بەهەندێك هەڤاڵانەوە خەریك و مژوولە، سەرۆك لەمەوە دەکەوێتە گومانەوە، بۆ ئەوەی گومانی خۆی ساق بکات، "پیلۆت"یش کە زۆر پێداگری لەسەر چالاکی و شتی وا دەکات، سەرۆکیش دەڵێت:" باشە، فلانە رۆژ وەرە گەڕەکی "تووزلوچایر" هەموو هەڤاڵانیش لەوێ کۆدەبنەوە، گفتوگۆ دەکەین و بڕیاری چالاکیکردن دەدەین. ئیدی ئێمە چالاکی دەکەین" بێگومان دەڕوا یەکسەر ئەو زانیارییە بەئیستخبارات دەدات، ئەو رۆژە ئەو جێگەیەی کە سەرۆك باسی لێوە کردبوو، ماڵی هەڤاڵ "مستەفا قەرەسوو" بوو، بە سێ ـ چوار ئەڵقەی پۆلیس و ئیستخبارات دەوروبەری ئەو ماڵە دەگرن. سەرۆك هەڤاڵێك بۆ ئەو ماڵە دەنێرێت و پێی دەڵێت:" برۆ بڕوانە لەدەوروبەری ئەو ماڵە چی هەیە؟" ئەو هەڤاڵەش دەچێت و دەبینێت ئەو شوێنە هەمووی تۆق دراوە. ئەو هەڤاڵەش دەگەڕێتەوە و بەسەرۆك دەڵێت:" ئەو شوێنە بە پۆلیسی مەدەنی و نا مەدەنی دەورە دراوە" ئیدی مەسەلەکە ئاشکرا دەبێت و مەسەلەی "پیلۆت" ئاشکرا دەبێت. هەڵبەتە دوای ئەمە سەرۆك و تەڤگەر تەدبیریان وەرگرت. دەوڵەت بە "پیلۆت"ی گووت:" تۆ پێویستە خراپی خۆت خاوێن بکەیتەوە" بۆیە خواستی سەرۆك لەناو ببات، هەر لەهەوڵی ئەمەدا بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی تەدبیرمان وەرگرتبوو، نەیتوانی ئەمە بکات. پاشانیش دەوڵەت "پیلۆت"ی لەکودەتای (١٢)ی ئەیلولی (١٩٨٠) لە ئەدەنە لەژێر ناوی رووداوی ترومبێلەوە کوشت.

هەڤاڵ مستەفا قەرەسوو

"کەسیرە"ش تەڤلی ئێمە بوو، پاشان سەرۆك زەواجی لەگەڵدا کرد، سەرۆك دەیخواست بەڕاستی "کەسیرە" قازانج بکات. واتا دەیویست "کەسیرە" لەهەموو روویێکەوە بکەوێتە خزمەتی تەڤگەرەوە، بەڵام "کەسیرە"ش دەیخواست سەرۆك بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، هەوڵێکی بەمجۆرەی هەبوو. بۆ نموونە؛ "کەسیرە" هیچ حیسابێکی بۆ هەڤاڵانی دیکە نەدەکرد و بەهەندی وەرنەدەگرتن و رێزیشی لەوان نەدەگرت، هەموو هەوڵێکی بۆ سەرۆك بوو کە چۆن سەرۆك بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، بۆ ئەوەی بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە هەموو ئوسلوب و شێوازێکی بەکار دەهێنا، بەڵام بێگومان سەرۆك هیچ کاتێك ئەمەی پەسند نەکرد و نەکەوتە ژێر کۆنترۆڵی "کەسیرە"وە. تەنانەت رۆژێکیان لە ئامەد (دیاربەکر) لە ماڵێکدا کە هەڤاڵ "محەمەد خەیری دورمووش"یش لەوێ بوو، من و هەڤاڵ "کەمال" و سەرۆك و "کەسیرە"ش هەبووین. مشتومڕێك لەنێوان سەرۆك و "کەسیرە"دا دەرکەوت. بینیم زۆر سوکایەتی بە سەرۆك دەکات،

سەرۆکیش لەبەر ئەوەی ئێمە لەوێ بووین زێدە دەنگی نەکرد، لەماڵەکە دەرکەوت و چوو، دوای ئەوەی سەرۆك لە ماڵ دەرچوو، هەڤاڵ "محەممەد خەیری" بە "کەسیرە"ی گووت:" تۆ بۆچی وا دەکەیت؟" بینیم وەها هاتەسەر ئەو هەڤاڵە زۆر سەیر بوو، ئەو کاتە بە هەڤاڵ "محەممەد خەیری"م گووت:" پێویست ناکات، لەگەڵ ئەمەدا گفتوگۆ و شتی وا نابێت" من دەرکەوتم و چووم. پاشان هەڤاڵ "کەمال پیر"م بینی و پێیم گووت:" ئیدی رەوشی "کەسیرە" زۆر جددییە، ئەم هەموو سوکایەتییە بەسەرۆك دەکات و یاری بە ئەعسابی سەرۆك دەکات، ئێمە پێویستە چارەیەك بۆ ئەمە ببینینەوە" گووتمان:" پێویستە ئێمە سزای ئەو بدەین ـ واتا بیکوژین ـ بەڵام ئەگەر بە سەرۆك بڵێین و بە تەڤگەر بڵێین پەسندی ناکەن، با ئێمە بەبێ ئاگاداری ئەوان ئەمە جێبەجێ بکەین و ئەو بەرپرسیارێتییە پێك بهێنین و ئەم تەڤگەرە و سەرۆك لەو کەسە رزگار بکەین، ئەمە زۆر مەترسیدارە" پاشان هەڤاڵ "کەمال" گووتی:" کاتێك کە ئێمە ئەو کەسەمان تەڤلی خۆمان کرد، هەندێك گفتوگۆ دروستبوو، ئێستا ئەگەر ئێمە ئەو شتە بکەین بۆ تەڤگەر باش نابێت، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی دەوڵەت هێرش بکاتە سەر تەڤگەرەکەمان و زەرەر لە ئێمە بدات، چونکە ئێمە بەتەواوی خۆمان رێکنەخستووە، بۆیە ناتوانین لەژێر باری ئەمەدا دەربکەوین و با ئێستا وەها بمێنێتەوە" ئیدی ئێمە دەستبەرداری بووین و نەمانکرد. بێگومان ئەو مەسەلەیەمان بەهیچ کەسێك نەگووت...

"کەسیرە"ش بینی ئەو شێوازانەی بەکاری دەهێنێت ئەنجامگیر نابێت، لە کەشوهەوای کۆنگرەی سێیەمدا، خواستی هەندێك تەڤلیهەڤی (ئاڵۆزی) و پیلانگێڕی پێشبخات، بۆیە دەستگیرکرا و دادگایی کرا، دادگاش سزای لەسێدارەدانی بۆ بڕییەوە. بێگومان سەرۆك هیچ کاتێك لەسێدارەدانی پەسند نەکردووە، بۆیە ئەم بڕیارە پێك نەهات و پێکنەهێنرا. چونکە سەرۆك لەسێدارەدانی بەراست نەزانی. ئیدی لە ریزی پارتی دەرکرا و بڕیار درا لەچوارچێوەی بەرەی رزگاری نەتەوەیی کوردستان (ERNK)دا کاربکات، تا خۆی دەسەلمێنێت کە کەسێکی دروستە، بۆ ئەو مەبەستەش رەوانەی یۆنانستان کرا، هەڵبەتە لەوێش هەڵات و رۆیشت و لەئێمە دابڕا.

فاتمە (کەسیرە) هیچ کەسێکی بەشداری ئەو تەڤگەرە نەکرد، تەنیا خۆی هات و پاشان کچێکی بە رەگەز یۆگسلاڤی بەناوی "نادیرە"ی بەشدار پێکرد، ئەو کچەش لە تورکیا

دەیخوێند. وەکوتر کەسێکی تری تەڤلی ئەو تەڤگەرە نەکرد، هیچ کاتێك لەگەڵ ئەو تەڤگەرەشدا نەبووە یەك. بەڵام زۆر زیرەك بوو، توانستی خۆی زۆر بوو، هیچ کاتێکیش ئەو زیرەکی و توانایەی خۆی نەخستە خزمەت تەڤگەرەوە، هیچ کاتێك رێزی هەڤاڵانی نەدەگرت، هەموو شەڕی ئەو لەدژی سەرۆك بوو. واتا دەیخواست سەرۆك تەسلیمی خۆی بکات و بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، کاتێك بینی ئەمەی بۆ مەیسەر نابێت، خواستی سەرۆك و تەڤگەر خراپ بکات، بۆ ئەمەش هەموو شێواز و رێگایەکی بەکارهێنا، هەڵبەتە تەڤگەر رێگەی ئەوەی لێگرتبوو، لەسەر ئەمە دادگایی کرد، کە بینی ئەمەش سەرناگرێت، لەئەنجامدا دابڕا و رۆیشت.

ئەو سێ کەسە پەیوەندییان بەیەکەوە هەبوو؟

ئێمە نازانین پێشتر پەیوەندییان بەیەکەوە هەبوو یان نا، بەڵام لەناو تەڤگەردا پەیوەندییەکی بەرچاویان بەیەکەوە دیارنەبوو. ئەگەر پێشتر پەیوەندییان بەیەکەوە هەبووە یان نا ئێمە ئەو شتە نازانین.

باسی کەسێکتان کرد بەناوی "قەمەر ئۆسکان". لەدوای رووداوی شەهیدبوونی "ئیبراهیم کایپاك کایا" و هاورێکانیدا ئەو" قەمەر ئۆسکان"ە لە پاشماوەی ئەو گروپەدا بەشداری لەگروپەکە دەکات...ئەمە بە چ نیازێکەوە بەشداری گروپەکە دەبێت؟

گروپەکەی "ئیبراهیم کایپاك کایا" بەناوی ئەرتەشی رزگاریخوازی کرێکاران و جووتیارانی شۆڕشگێڕی تورکیا (TİİKKO) بوو، "ئیبراهیم کایپاك کایا" سەرۆکی ئەو تەڤگەرە بوو، لەساڵی (١٩٧٣) دا دەستگیرکرا و لە زیندانی دیاربەکردا بە ئەشکەنجە کووشتیان. ئەو کەسە لەو گروپەدا بوو. کاتێك "ئیبراهیم کایپاك کایا" و هاورێکانی لە دێرسیم لەمیانەی ئۆپەراسیۆنێکدا دەستگیرکران، "قەمەر ئۆسکان" ئێشکگر

(نۆبەتچی)ی دوایی بووە. "ئیبراهیم کایپاك کایا"ش بەرلەوەی بکوژرێت لەنووسینێکی خۆیدا دەڵێت:" پێویستە لێپرسینەوە لەگەڵ دوا نۆبەتچی بکرێت" مەبەستیشی "قەمەر"بووە. "قەمەر" ئەو کاتە دەستگیرنەکرا و نەکەوتە دەست دەوڵەتی تورکیاوە. ئیدی کاتێك ئێمە لە دێرسیم دەستمان بەخەبات کرد، لەوێ هەڤاڵانی ئێمە دەناسێت و پەیوەندی لەگەڵ هەڤاڵان دەبەستێت.

هەڵبەتە ئەو کاتە (TİİKKO) زەبری بەرکەوتبوو و پەرشوبڵاو ببوو، ئەویش، گوایە دەوڵەت بەدوایدا دەگەڕێت، خۆی شاردبۆوە. ئیدی هەڤاڵانیش گووتیان:" ئەوە هەڤاڵی ئیبراهیم کایپاك کایا و ئەوانە" ئێمەش ئەومان بەهادار بینی و بەمشێوەیە پەیوەندیمان لەگەڵیدا پێشخست. ئێمە نەمانزانی بوو ئەو کەسە هەمان ئەو کەسە بووە کە دوا نۆبەتچی بووە، هەمان ئەو کەسە بووە کە ئیبراهیم کایپاك کایا دەڵێت:" پێویستە حیسابی لێبپرسن" ئێمە بۆخاتری ئیبراهیم کایپاك کایا بەها و نرخمان پێیدا و تەفلی خۆمادمان کرد، تەنانەت ئێمە لە کۆبوونەوەکەی "دیکمان"دا لەئاستی بەڕێوەبەرایەتیدا ئەرکیشمان پێی سپارد. بەڵام دوای ئەوەی گەڕایەوە دێرسیم هیچ کار و خەباتێکی نەکرد و خواستی پەیوەندی و توانستەکانی تەڤگەرەکە بۆ خزمەتی شەخسی خۆی بەکار بهێنێت. بێگومان ئێمە ئەوەمان پەسند نەکرد و پێمان گووت:" دروست بە، ئێمە ئەم هەموو بەهایە بە تۆ دەدەین، لە ئەخلاقی ئەم تەڤگەرەشدا ئەوە نییە کە تۆ لەسەر حیسابی تەڤگەر ژیانێکی شەخسی بژیت، ئەگەر تۆ دەخوازیت کار بکەیت دەبێت بەگوێرەی ئەم تەڤگەرە و کولتوور و ئەخلاقی ئەم تەڤگەرە کار بکەیت، ئەگەرنا تۆ دەتوانیت لەدەرەوەی ئەم تەڤگەرەدا بمێنیتەوە و دەخوازیت چ بکەیت بیکە" ئێمە بەمشێوەیە پەیوەندیمان لەگەڵیدا پچڕاند...

لەو قۆناخەدا؛ لەلایەکەوە هەم دەوڵەت هێرش بۆ سەر تەڤگەر دەهێنێت، هەمیش لەلایەکی دیکەوە هێزە چەپگەرەکان، فاشیستەکان، کوردییەکانی وەکو ڕێکخراوەکانی "ستێرکا سۆر، ڕزگاری گەل، (DDKD) و هاوشێوەکانیان هێرش دێننە سەر

تەڤگەرەکەتان، بۆچی ئەم هەموو هێرش و دژایەتیکردنە؟ بۆچی هێزە چەپ و کورد و فاشیستەکان و دەوڵەت هەموویان بەیەکەوە هێرش و دژایەتی ئەم تەڤگەرە دەکەن؟

سەرەتا دەوڵەت بەئاشکرا نەهاتە سەر ئێمە، دەوڵەت چ تاکتیکێکی بەڕێوە برد؟ گروپەکانی چەپی تورك، گروپە کوردییەکان، فاشیستەکان هەر هەموو ئەو گروپانەی لەدژی ئێمە خستە جموجۆڵەوە و پاشان ئاغا و سەرۆك عەشیرەتە کوردییەکان و هەندێك عەشیرەتیان لەدژی ئێمە خستەگەڕ، کاتێك بینی بەمانە ناتوانێت ئەنجام بەدەستبخات، تادێت تەڤگەریش پێشدەکەوێت و مەزن دەبێت، ئیدی ناچاربوو خۆی هێرش بکاتە سەر تەڤگەر، بۆچی سەرەتا خۆی هێرشی نەکرد؟ ئەگەر سەرەتا خۆی هێرشی بکردبایە وەکو ئەوە وابوو هەبوونی تەڤگەری پەسند کردبێت و ڕەوایەتی پێدەدا. بۆیە بەئاشکرا نەدەهاتە سەر تەڤگەرەکەوە، چونکە ئەگەر دەوڵەت هێرش بباتە سەر تەڤگەرێك ئەمە هەر کەس دەڵێت:" کەواتە ئەم تەڤگەرە تەڤگەرێکی بەهێزە، بۆیە دەوڵەت هێرشی دەباتە سەر، ئیدی بەهیچ شێوەیەکی دیکە ناتوانێت ڕێگری لەم تەڤگەرە بکات بۆیە دەوڵەت وەها بەئاشکرا و بەهەموو توانست و هێزی خۆیەوە دەستی بەهێرش کردووە". بەمەش ئەم تەڤگەرە لەناو گەلدا زیاتر ڕێزی لێدەگیرێت و بەهێزتری دەکات. دەوڵەتی تورکیا نەیدەخواست بەمشێوەیە تەڤگەر بناسرێت، سەرەتا گووتی:" پێویست ناکات بەهێزی خۆم هێرشی ببەمە سەر، دەتوانم بەرێگەی تەڤگەرەکانەوە؛ چ تورك بن یان کورد، یان گروپە فاشیستەکان بن زەبر لەو تەڤگەرە دەوەشێنم و ڕێ لەپێشکەوتنی دەگرم و تەسفیەی دەکەم". حیساباتێکی وەهای کرد، تاکتیکێکی وەهای پەیڕەو کرد. پاشان بینی ئەمەش بەشی تەسفیەکردن ناکات. ئیدی هەندێك ئاغا و عەشیرەتی کوردیشی خستەگەڕ، بۆ ئەوەی بیانخاتە نێو شەڕی دژ بەئێمەوە. تاکو هەر کەس بکاتە دووژمنی ئەو تەڤگەرە و گۆشەگیر و هەناسەبڕی بکات، بەو شێوەیە بیخنکێنێت و زەبری لێبدات... تاکتیکی بەمجۆرەیشی بەڕێوەبرد.

بۆ نموونە؛ ئەو کاتە لە کونسوڵخانەی ئەمریکا لە ئەدەنە (چوکورئاوا)دا سیخوڕی ناوەندی ئیستخباراتی ئەمریکی (CIA) هەن و لەوێ کاردەکەن. حوکمی "شاه" لە ئێراندا بالآدەست بوو، لەناوچەی خۆرهەلآتی ناویندا ناوەندی (CIA) تاران بوو. هەموو زانیارییەکان لەوێ لە سەفارەتی ئەمریکا لە تاران کۆدەکرایەوە. کاتێك کە حوکمی "شاه" رووخێنرا و شۆڕشی خەڵکی ئێران بەرپابوو، ئەو سەفارەتە لەلایەن ئێرانییەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا. ئەو بەڵگانەی لەسەفارەتەکەدا هەبوون هەموویان بلآوکردەوە. هەم بەنوسخەی ئەسڵی و هەمیش بە وەرگێڕدراوی بلآوکرانەوە. منیش ئەو بەلگانەم خوێندەوە، لەو بەلگانەدا، کونسوڵییەی ئەمریکا لە "ئەدەنە" زانیاری بۆ سەفارەتی ئەمریکا لە"تاران" دەنێرێت... تێیدا چ دەڵێت؟ دەڵێت:" چەپی تورك، گروپە کوردییەکان نە بۆ ئێمە نە بۆ تورکیا مەترسیدار نین. بەلآم تەڤگەرێك هەیە بەناوی "ئاپۆچی" ئادێت ئەو تەڤگەرە پێشدەکەوێت و بەهێز دەبێت. ئەمەش زۆر مەترسیدارە، پێویستە لەبەرامبەر ئەو تەڤگەرە هەندێك تەدبیر وەربگیردرێن. یەکەم: پێویستە شەخسی ئاپۆ بەئامانج وەربگیردرێت، بە چ بێزار و توورە دەبێت؟ لەو چوارچێوەیەدا پروپاگەندە لەسەر ئاپۆ بکرێت، بۆ ئەوەی کەسێتی ئەو لاواز و ناشیرین بکرێت، تاوەکو لەنێو گەلدا بچووك ببینرێت. دووەم: پێویستە عەشیرەتەکان چەکدار بکرێن و لەدژی ئەو تەڤگەرە بخرێنەگەڕ. سێیەم: پەیوەندی نێوان ئەم تەڤگەرە و تەڤگەرەکانی دیکە خراپ بکرێت. لەنێوانیاندا شەڕ و ئاژاوە بنرێتەوە، کەوا بتوانرێت ئەو تەڤگەرە گۆشەگیر بکرێت و بێکاریگەر ببێت".

هەڵبەتە ئەوەی لەو قۆناخەشدا لەدژی ئێمە پەیڕەو دەکران ئەو شتانە بوون. واتا ئاشکرا بوو کە لەپشت ئەو شتانە هەندێك دەوڵەت هەن. چونکە شەڕی ئێمە و گروپە چەپەکان و کوردییەکان و عەشیرەتەکانی کورد بێ هۆکار نەبوون. هەڵبەتە ئەو کاتەش ئێمە هەڵسەنگاندنی وەهامان دەکرد، واتا دەمانگووت:" لەپشت ئەم هێزانە هەندێك دەوڵەت هەن، هەندێك لەدەزگا ئیستخباراتییەکان هەن، ئەوانە هەر لەخۆڕا ئەو شتانە ناکەن، چونکە هیچ کاتێك لەدژی ئەو هێزانە دەستمان نەدابووە چەك، ئێمە ئامانجێکی وەهامان نەبوو کە ئەوانە لەناو ببەین. ئێمە دەمانخواست لە کوردستان کاربکەین. کاتێك ئێمە دەستمان بە کار کرد بینیمان ئەو هێزانە هەموو هێرشیان بۆهێناین.

لەراستیدا ئێمە شەڕی ئایدیۆلۆژیمان پێشدەخست، لەشەڕی ئایدیۆلۆژیشدا دەیاندۆڕاند، ئەمجارە بینیمان بە چەك هێرشیان کردە سەرمان. ئیدی "ئایدن گول" بەمشێوەیە شەهیدکرا. هەڵبەتە پاشان ئەو هێرشانە بەمشێوەیە بەردەوام بوو. زۆرێك لە هێز و گروپە چەپڕەوەکان و کوردییەکان لەنێوان خۆیاندا لەدژی ئێمە بەرەیەکیان ئاواکرد. کۆمەڵەکانی کولتووری دیموکراتی شۆڕشگێڕ (DDKD) و رزگاریخوازانی نەتەوەیی کوردستان - کوك (KUK) و رزگاری (RIZGARİ) و ئاڵای رزگاری (ALA RIZGARİ) و رێگای ئازادی (ÖZGÜRLÜK YOLU) هەر هەموویان، لەبەرەیەکدا بەناوی یەکێتی هێزە دیموکراتی و نەتەوەییەکان (UDG) گەیشتنە یەك و لەدژی ئێمە کاریان کرد. ئیدی کوك (KUK) هێرشی ئێمەی کرد، زۆر هەڤاڵی ئێمەیان شەهید کرد. ئەو بەرەیە هاوکاری (KUK)یان کرد. لەشارەکانی "وان" و "دیاربەکر"یشدا رێگای ئازادی (ÖZGURLÜK YOLU) و کۆمەڵەکانی کولتووری دیموکراتی شۆڕشگێڕ (DDKD) هەڤاڵانیان شەهید دەکرد. واتا لەهەر شوێنێك کە کوك (KUK) هەبوو ئەو شەڕی ئێمەی دەکرد، لەهەر شوێنێکیش کە رێگای ئازادی (ÖZGURLÜK YOLU) یان (DDKD) هەبوو ئەوانەش هێرشان دەکردە سەر ئێمە. تەنانەت تا ئەوکاتە پۆلیسێك، سەربازێك، سیخوڕێکیان نەکوشتبوو، کەچی ئەوانە بەدەیان هەڤاڵی ئێمەیان شەهید کرد. لە چەپی تورکیشدا رێکخراوی رزگاری گەل و ئەوانەش گەلێك هەڤاڵی ئێمەیان شەهید کرد. لەلایەکی دیکەشەوە فاشیستەکان هێرشیان دەکردە سەرمان. هەروەها عەشیرەتە کوردییەکان و ئاغاکانیش؛ وەك عەشیرەتی "سلێمانان" و "بوجاق" و ئەوانەش هێرشیان دەکرد، لەبەرامبەر هەموو ئەو هێرشانە تەڤگەر خۆی پاراست. ئیدی ناچار بوو خۆی بپارێزێت؛ دەبووایە یان تۆ لەبەرامبەر هەموو ئەوانە شەڕ بکەیت و لەبەرامبەر هێرشی ئەواندا رابوەستیت و خۆت بپارێزیت، یانیش تۆ تەسلیم ببوویتایە، لەهەر دوو بژاردا دەبووایە یەکێکیان بگریتەبەر. بێگومان ئێمە نەماندەتوانی تەسلیم ببین، ئەگەر تەسلیم ببووینایە کۆتاییمان پێدەهات و نەدەماین، پێویستبوو خۆمان بپارێزین. ئیدی ئەگەر لەبەرامبەر ئەو هێزانە بەرگریمان لەخۆمان کرد، لەبەر ئەوە بەرگریمان لەخۆمان کرد، هیچ کاتێك ئێمە دەستمان بە شەڕ نەکردووە و نەمانخواستووە لەبەرامبەر ئەواندا ئێمە شەڕ بکەین. ئەوانە دەستیان

بەشەڕ کرد و شێوازی شەڕیان بەبنەما وەرگرت و خواستیان بەم شێوازە زەبر لەئێمە بدەن و ئیرادەی ئێمە بشکێنن و بمانخنکێنن، ئێمەش لەبەرامبەر ئەوە ناچار بووین خۆمان بپارێزین، ئەگەر ئێمە خۆمان نەپاراستبایە، هەرگیز نەدەتوانرا تەڤگەرەکەمان بەردەوام ببایە و تا ئەمڕۆ هاتبایە. هەر لەو کاتەدا تەڤگەرەکە کۆتایی پێدەهات. هەڵبەتە ئامانجیشیان ئەمە بوو.

بۆ نموونە؛ هەندێك بەرپرسیاری تورکیاش بەگوێری ئەوە لێدوانیان دەدا. ئەو کاتە "حەسەن فەهمی گونەش" وەزیری ناوخۆ بوو، بەئاشکرا لێدوانی دەدا. هەندێك بەرپرسیاری تورکیای ئەو کاتە دەیانگووت:" پێویستە بەو شێوەیە ئەو تەڤگەرە گۆشەگیر بکەین و تەسفیەی بکەین". هەروەها ئەو کاتە "کەمال یاماك" هەبوو بەرپرسیارێکی سەربازی بوو لە ئامەد، ئەو دەیگووت:" ئێمە لەدژی کورد و تەڤگەری کورد نین، ئێمە لەدژی ئاپۆچییەکانین، پێویستە هەموو کەس لەدژی ئاپۆچییەکان رابوەستێت" واتا بەمشێوەیە ئۆرگانیزەشیان دەکرد. ئەم شتانە هەمووی بە بەڵگە و دیکۆمێنتیش هەن و ماون. "حەسەن فەهمی گونەش" دەیگووت:" ئێمە پێویستە هاوکاری ئەوانە بکەین کە لەدژی (PKK) رادەوەستن". لێدوان و قسەی بەمشێوەیان دەکرد. هەڵبەتە لە پراکتیکیشدا ئەوەی دەیانکرد هەر ئەوە بوو، بەڕاستی لەناو ئەم هەموو هێرشەدا زۆری نەمابوو بختکێین. رەوشێکی وەهابوو. گروپە کوردییەکان، گروپە چەپڕەوەکان، گروپە فاشیستەکان، عەشیرەتەکان و ئاغاکان هەموو کەس هێرشیان دەکردە سەرمان. بێگومان تەڤگەرێك کە لەبەرامبەر هەموویان رادەوەستا هەروا ئاسان نەبوو، زۆر زەحمەت بوو، تۆ هەم لەبەرامبەر ئەو هەموو هێزانە و هەمیش لەبەرامبەر دەوڵەت رابوەستیت زۆر زەحمەت بوو. لەوەدا ئێمە گەلێك شەهیدمان دا و زیانمان زۆر بەرکەوت. لەو قۆناخەدا تا ساڵی (١٩٧٩) نزیکەی سەد هەڤاڵی ئێمە شەهید بوون. تەنانەت دەوڵەتیش هێندە زیانی بەئێمە نەگەیاند بوو. دوای ساڵی (١٩٧٩) بەدواوە هەندێك حەساینەوە. واتا تەڤگەر لەو شەڕانەدا هەندێك خۆی چەسپاند و لەرووی بەجەماوەریبوونەوە گەشەی کرد. ئیدی نەیاندەتوانی بەو هێز و گروپانە رێگری لەئێمە بکەن. ئیدی هێدی هێدی دەوڵەت خۆی کەوتە دەورەوە، بەئاشکرا کەوتەگەڕ.

ئەو راپۆرتانەی کونسوڵییەی ئەدمنە کەی نووسرابوون؟ چونکە لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە (١٩٧٩) بلاوکرانەوە...

بەتەواوی بیرم نایەتەوە، بەڵام لەوانەیە راپۆرتی ساڵی (١٩٧٧) و (١٩٧٨) بن.

ئەو کاتە هێشتا (PKK) ناوی نەبوو...

بەڵێ، هێشتا (PKK) دروست نەببوو، چونکە راپۆرتەکە دەڵێت:" ئەو تەڤگەرە ناوی "ئاپۆچی"یە و ئەو ناوەشی لە "ئاپۆ"وە وەرگرتووە".

لەئەنجامی ئەو هێرشانەدا، رووداوی شەهیدبوونی هەڤاڵ " حەقی قەرار" روودەدات، ئەو رووداوە چۆن روودەدات و کێ لەپشت ئەو رووداوەوە بوو؟ هەروەها بۆچی هەڤاڵ "حەقی قەرار" بەئامانج دەگیردرێت؟ ئەو هەڵوێستانەی لەنێو تەڤگەردا لەبەرامبەر ئەو رووداوە دەرکەوتنە پێش چیبوون؟ ئەو ئەنجامەی ئەو رووداوە لەگەڵ خۆی هێنای چیبوو؟

شەهید حەقی قەرار

هەڤاڵ **"حەقی قەرار"** لە (١٨)ی گوڵانی (١٩٧٧)دا لە شاری عەنتاب شەهیدکرا، ئەوەی هەڤاڵ **"حەقی قەرار"**یشی شەهید کرد ڕێکخراوێك هەبوو بەناوی **ستێرکا سۆر** (STÊRKA SOR) ئەو ڕێکخراوە ئەو هەڤاڵەی شەهید کرد، سەرۆکی ئەو ڕێکخراوەش ناوی **"عەلائەددین قاپان"** بوو، ئەو کەسە بەرەگەز کورد بوو و پێشتر لەناو ڕێکخراوێکی چەپی تورك دابوو بەناوی **ئەرتەشی ڕزگاری گەلی تورکیا** (THKO). **"دەنیز گەزمیش"** سەرۆکی (THKO) بوو، کە لەڕێکخراوەکەدا کاری دەکرد دەستگیرکرابوو، لە زینداندا بوو، دوای دەرکەوتنی لە زیندان ڕێکخراوی **ستێرکا سۆر** (STÊRKA SOR)ی دروستکرد. ئەوەی لە **"ستێرکا سۆر"**دا جێیان دەگرت هەندێك لەو کەسانە بوون کە پێشتر لە **پارتی دیموکراتی کوردستان** ـ تورکیا (پ د ك-T) دابوون، هەندێکیش لە **ئەرتەشی ڕزگاری گەلی تورکیا** (THKO) کە چەپی تورکیا بوون، هەندێکیش ئەوانە بوون کە بەخۆیان دەگووت:" ئێمە **کاوەچی** (KAWACI)ین، **"ستێرکا سۆر"** لەوانە پێکهاتبوو. بێگومان گروپێکی سیخوڕی بوو. **میت** (MİT)

دروستیکردبوو، بەناوی رێکخراوێکی کوردییەوە دروستیکردبوو، ئامانجیشی بەتەواوی ئەوەبوو کە چۆن بتوانن تەڤگەری ئێمە تەسفیە بکەن، بەتەواوی تەسفیەکردنی ئێمەیان بۆ خۆیان بەئامانج وەرگرتبوو، واتا دەوڵەت دروستیکرد بوو. بەڵام بەناوی کوردایەتی دەیانخواست ئەو ئامانجە بپێکن. بەمشێوەیە خۆیان پەردەپۆش بکەن، تاکو کەس راستینەی ئەوان نەزانێت. "عەلائەددین" کەسێکی بێ کەسێتی بوو، کەسێکی سەرسەری و لومپەن بوو، ئێمە پێشتریش لە ئەنقەرە دەمانناسی. کاتێك هەڤاڵ "حەقی قەرار" سەرەتا لە ئەنقەرە چووە ئەدەنە کار بکات، لەوێش ئەوی بینیبوو، کاتێك هەڤاڵ "حەقی قەرار" دەچێتە عەنتاب دەست بە کار دەکات ئەوانیش دەچنە عەنتاب، گوایە بۆ ئەوەی لەوێ "ستێرکا سۆر" دەست چالاك بکات. لەوێ هەڤاڵ "حەقی قەرار" بە هەڤالان دەڵێت:" ئەو "ستێرکا سۆر"ە مەترسیدارە، با هەڤالان وریا بن، ئەوە رێکخراوێکی سیخوڕانە، ئامانجی ئەوانیش ئەوەیە کە دەخوازن ئێمە تەسفیە بکەن، با هەڤالان خۆیان لەوان بەدوور بگرن و وریا بن، بۆ ئەوەی ئێمە لەدەستی ئەوان زیان نەبینین" بەمشێوەیە هەڤالان ئاگادار دەکاتەوە.

ئیدی لەنێو ئێمەدا هەندێك هەڤاڵ لەگەڵ ئەواندا دەکەونە نێو پەیوەندییەوە، گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەن، دوای ئەم گفتوگۆیە دەڵێن:" با کاتێك دابنێین یەکتر ببینینەوە بۆ ئەوەی ئەم گفتوگۆیە بەردەوام بکەین، با هەڤالی ئێوەش و هەڤالی ئێمەش بێن ئەو کاتە گفتوگۆ بکەین". ئەو هەڤالانە دێن بە هەڤاڵ "حەقی قەرار" دەڵێن:" ئێمە گفت (موعد)ێکمان داناوە، لەرۆژی (١٨)ی گوڵان، لەگەڕەکی نووری پازار باشی (NURİ PAZAR BAŞI) لەچاپخانەی فلان...". هەڤاڵ "حەقی قەرار"یش بەوان دەڵێت:" ئێوە هەڵەتان کردووە، ئێوە بۆچی ئەو موعیدەتان داناوە، من بەئێوەم گووتبوو کە لەگەڵ ئەوانە نەکەونە نێو پەیوەندییەوە، ئەوانە مەترسیدارن. ئەوانە دەخوازن ئێمە تەسفیە بکەن، پێویستبوو ئێوە ئەو مەوعیدەتان لەگەڵیاندا دانەنابایە" هەڤالان دەڵێن:" تازە موعیدەکەمان داناوە، جا نازانین ئێمە نەچین باش نابێت" هەڤاڵ "حەقی قەرار" دەڵێت:" مادام وایە پێویستە ئێمە بەتەدبیرەوە بچین" هەندێك هەڤاڵ پێشتر بۆ ئەوێ دەنێرێت و دەڵێت:" بچنە ئەو شوێنە و تەدبیر وەربگرن، پاشان ئێمەش دێین" ئەو هەڤالانە بە پاسی شارەوانی دەچنە شوێنی موعیدەکە، درەنگ دەگەنە ئەوێ،

هەڤاڵ "حەقی قەرار"یش دەچێتە گەرەکی "خۆش گوردوو" لەوێ ماڵێکی ئێمە هەبوو، دەمانچەی لێبوو، دەخوازێت دەمانچەکە وەربگرێت و لەوێش هەندێك هەڤاڵ لەگەڵ خۆیدا ببات و بچێتە شوێنی موعیدەکە. واتا بەتەدبیرەوە دەچێت، بۆ ئەوەی زەبریان بەرنەکەوێت، دەچێتە ئەو ماڵە نە دەمانچە هەیە نە هەڤاڵان لە ماڵەوەن، ئیدی ئەویش وەها دەچێتە شوێنی موعیدەکە، دەڵێت:" هەر چۆنێك بێت هەڤاڵانی دیکە پێش ئێمە چوونەتە ئەوێ، ئێستا ئەوان تەدبیریان وەرگرتووە، وەکوتریش بێگومان کاتی موعیدەکە رۆژە. ئەو جێیەی موعیدیشیان لێی داناوە شوێنی کوردە عەلەوییەکانە و فاشیستەکانیش لەو ناوە نین، بۆیە مەترسییەکی ئەوتۆش نابێت. ئەگەر مرۆڤ هەندێك تەدبیر وەربگرێت دەتوانرێت رێگیری لە پیلانگێڕییەکان بکات" وادیارە هەڤاڵ "حەقی قەرار" وا بیر دەکاتەوە. ئیدی بەمشێوەیە دەچێتە شوێنی موعیدەکە، بێگومان ئەوان پێشتر چووبوون و خۆیان جێگیر و ئامادەکردبوو، لە گازینۆش پروپاگەندەی ئەوەیان کردبوو و گووتبوویان:" فاشیستەکان ئێستا دێنە ئێرە، ئەو فاشیستانە دەخوازن هێرش بێننە سەر ئەو گازینۆیە و کوشتوبڕی ئەنجام بدەن، ئێمەش تەدبیرمان وەرگرتووە، کە هاتن ئێمە فرسەتی ئەوان نادەین." ئەوانەی لەوێشن دەنگ ناکەن... کاتێك کە هەڤاڵ "حەقی قەرار" دەگاتە ئەوێ ئەوانیش دەڵێن:" ئەوە فاشیستەکەیە و لێی بدەن" یەکسەر ئەوانیش لێی دەدەن، ئیدی ئەو هەڤاڵە هەر لەوێ شەهید دەکەوێت. "بۆزان ئەسلان"ێك هەبوو، گوایە ئەو لەگەڵ هەڤاڵ "حەقی" بوو، ئەویش پێشتر لە رێکخراوی "رزگاری گەل" بوو، لەو رێکخراوە هاتبوو و تەڤلی ئێمە ببوو.

واتا شەهیدبوونی هەڤاڵ "حەقی قەرار" ئاشکرایە، ئەوانەی لەدەرەوەی ئێمە "ستێرکا سۆر" و لەناو ئێمەشدا هەندێك پیاوی دەوڵەت هەن. ئەوانە پێکەوە ئەو پیلانگێڕییە دادەنێن و ئەو بڕیارە وەردەگرن، ئەو موعید و موعیدکاریە بۆ ئەو مەبەستەیە و هەر بۆ مەبەستە ئەو شوێنە دیاریدەکەن، ئەو شەهادەتە بەمشێوەیە روودەدات. واتا کەسانی سیخوڕی دەوڵەت لەناو ئێمە و لەدەرەوەی ئێمە پێکەوە ئەو پیلانە ئەنجام دەدەن.

بێگومان شەهیدبوونی هەڤاڵ "حەقی قەرار" بۆ ئێمە رووداوێکی گرنگ بوو، زەبرێکی مەزن لەئێمە کەوت، بەم شەهیدبوونە پەیامیان بەئێمە دا، ئەو پەیامە چیبوو؟ "یان ئێوە دەست لەو کارە بەردەدەن یان وەکو حەقی قەرار دەکوژرێن" ئەو پەیامەی

بەئاشکرا بە ئێمەیان دا ئەوە بوو، بۆیە ئەم شەهیدبوونە لەنێو هەندێك لەهەڤاڵان و هەوادارانی ئێمە شڵەژان و ترسێکیشی دروستکرد، ئەوانە دەستیان لەتەڤگەر بەردا و هەڵاتن و لەشاری عەنتابیش نەمان. تەنانەت هەندێکیشیان لەترسان تا ئەورووپا رایانکرد. لەناخی هەندێك لەهەڤاڵانی تریشدا رکوکینێکی مەزن دروستبوو، کە چۆن بتوانن تۆڵەی ئەو هەڤاڵە بکەنەوە. واتا ئەم شەهیدبوونە ئەو دەرئەنجامانەی لەگەڵ خۆیدا هێنا و بەمشێوەیە کاریگەری خۆی کرد.

لە مێژووی تەڤگەری ئێمەدا، تا ئەو کاتە هەڤاڵان "عەلی دۆغان یڵدرم و ئایدن گول"مان بەر لەشەهیدبوونی هەڤاڵ "حەقی قەرار" لێ شەهید بوو، بەڵام شەهیدبوونی هەڤاڵ "حەقی قەرار" لەئاستێکی بەرزدا روویدا. هەڤاڵ "حەقی قەرار" هەم هەڤاڵێکی هەرە لەپێشەوەی گروپی سەرەتایی بوو و لەگەڵ سەرۆکدا شوێنی گرتبوو، هەمیش هەڤاڵێك بوو نە کورد و نە خەڵکی کوردستانیش بوو، بەڵکو خەڵکی کەنار دەریای رەش بوو. لەنێو گروپدا یاریدەدەری سەرۆك ئاپۆ بوو، لەجڤینی "دیکمان"دا ئەرکێکی وەهای پێسپێردرا، ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی و یاریدەدری سەرۆك بوو. یەکێك بوو لەو هەڤاڵانەی باش لە سەرۆك تێگەیشتبوو و پێکیدەهێنا، هەڤاڵێکی بەمجۆرە بوو، بۆیە شەهیدبوونی ئەم هەڤاڵە بۆ ئێمە زیانێکی پڕ مەزن بوو. ئەو شەهیدبوونە شەهیدبوونێکی ئاسایی نەبوو. نەك لەبەر ئەوەی هەڤاڵێکی لەو ئاستەدا شەهید کەوت بۆیە زیانێکی مەزن بوو، بەڵکو لەبەر شوێنگەی هەڤاڵ "حەقی" بوو لەنێو تەڤگەردا. "حەقی قەرار" لەنێو ئەم تەڤگەرەدا بەرجەستەی راستییەکی دەکرد، گوزارشتی لە راستییەك دەکرد، لەبەر ئەوە ئەو شەهیدبوونە زۆر گران بوو بۆ ئێمە و زیانێکی مەزن بوو.

بۆچی هەڤاڵ "حەقی قەرار"یان کردە ئامانج؟ بۆچی کە لە "ئەنقەرە" و "ئەدەنە" خەباتی دەکرد نەیانکوشت؟ بۆچی لە "عەنتاب" کوشتیان؟ بێگومان ئەمە بە پیلان و بەرنامە دایاننابوو، ئامانجێك لەپشت ئەمەوە هەبوو، لە ئەنقەرە و ئەدەنەش دەیانتوانی شەهیدیان بکردایە. بەڵام ئەگەر لەو شوێنانە شەهیدیان بکردایە ئامانجی ئەوان بەدینەدەهات. پێویستە لە کوردستان بکوژرێت. هەر بۆیە لە "ئەنقەرە" و "ئەدەنە" نەیانکوشت و لە عەنتاب کوشتیان. لەلایەکی دیکەوە بۆچی هەڤاڵێکی دیکەیان بە

ئامانج نەگرت و هەڤاڵ "حەقی" قەراریان کردە ئامانج؟ هەڵبەتە لەپشت ئەمەشدا ئامانجێك هەبوو. چونکە هەڤاڵ "حەقی قەرار" نە کورد بوو و نە خەڵکی کوردستان بوو، بەهەبوونی "حەقی قەرار" و "کەمال پیر" لەگەڵ سەرۆك ئاپۆ سیاسەتی دەوڵەتی تورك کە لەسەر نکۆڵی و قڕکردن بنیادنراوە زەبرێکی مەزنی بەرکەوتبوو، بەتەفلیبوونی ئەم دوو هەڤاڵە بۆ تەڤگەرەکە داگیرکەری زەبرێکی کوشندەی بەرکەوتبوو. چونکە دەوڵەتی تورکیا نکۆڵی لە کورد دەکرد، نەك تەنیا ئەمەش، بەڵکو دەیخواست لەناویشی ببات، هەڤاڵ "حەقی قەرار" و "کەمال پیر"یش خاوەندارێتی لە کورد و کوردستان دەکەن. ئەمەش بۆ دەوڵەتی تورکیا خیانەتێکی مەزنە، سزای ئەمەش مردنە. چونکە ئەگەر مرۆڤ باش لێکۆڵینەوە لەسەر دەوڵەتی تورکیا بکات، دەبینێت کە بۆ دەوڵەت و دەسەڵات برا برای کوشتووە، نەریت و کولتووری بەمجۆرەیان لەسەردەمی عوسمانییەکاندا هەیە، بۆ بەرژەوەندی دەوڵەت بۆ دەسەڵاتدارێتی هەموو شتێك ڕەوایە. تەنانەت برا براش دەکوژێت، یەکتریشیان کوشتووە. کولتوور و نەریتێکی وەهایان هەیە. ئەگەر ئەوانەی بۆ دەوڵەت و دەسەڵات برای خۆیان کوشتبێت بێگومان لەکەسێکی وەکو "حەقی قەرار" هەر هیچ نابوورن. واتا خاوەندارێتیکردنی ئەوان لە کورد و کوردستان بۆ دەوڵەت خیانەتێکی مەزن بوو، پێویستبوو کە سزا بدرێن. ئەگەر "حەقی قەرار"یان کردە ئامانج لەبەر ئەو هۆیە بوو. بۆچی بە"حەقی" دەستیان پێکرد و لە "کەمال" دەستیان پێنە کرد؟ چونکە "حەقی" لەبەرێوەبەرایەتیدا بوو، یاریدەدەری سەرۆك بوو، وەکوتریش یەکەمین کەس بوو کە لەپراکتیکدا هەنگاوی بۆ دەرەوەی ئەنقەرە هاوێشتبوو و لە ئەنقەرە دەرکەوتبوو، بۆیە "حەقی قەرار"یان کردە ئامانج. "حەقی" ئەو کەسە بوو کە باش لە سەرۆك تێدەگەیشت و پێکیدەهێنا، بۆیە کردبوویانە ئامانجی خۆیان، لە شەخسی هەڤاڵ "حەقی قەرار"دا خواستیان ڕێگیری لەوە بکەن کە کەس لە تورکیا تەڤلی تەڤگەر ببێت، تاکو تەڤگەر نەبێتە تەڤگەرێکی ڕەوا، تەڤگەر لەلای تورکیا بناخە و پەیوەندی دروست نەبێت و هاوکاری بەدەستنەخات. چونکە بە تەڤلیبوونی هەڤاڵ "حەقی قەرار" و "کەمال پیر" ڕێی ئەمە کرابۆوە، کە لەناو تورکیا تەڤلیبوون بۆ تەڤگەر دروست دەبوو، ئەمەش بۆ دەوڵەتی تورکیا پڕ مەترسیدار بوو، ئەم ڕێیە کێ کردبوویەوە؟ ئەو دوو هەڤاڵە کردبوویانەوە، پێویستبوو بەکوشتنی ئەوانەش ئەو ڕێیە

بگیردرێت و دابخرێت. بۆ ئەوەی لە تورکیادا تەفلیبوون نەبێت، بۆ ئەوەی بەرەی تورکیا پتەو ببێت، تاکو بتوانێت تەفگەری کورد دەمرکێنێتەوە و تەسفیەی بکات. ئیدی لەبەر ئەم هۆیانە هەڤاڵ "حەقی قەرار"یان کردە ئامانجی خۆیان، پێویستبوو لە کوردستان بکوژرێت بۆ ئەوەی بە تورکەکان بڵێن:" بڕوانن حەقی قەرار چوو بۆ کوردان خەبات بکات و لەم پێناوەدا وازی لە خوێندنەکەیشی هێنا، فیداکاری بۆ کوردان کرد. تەنانەت کورد خاوەن لە کورد دەرنەدەکەوت، حەقی خاوەندارێتی لە کورد کرد، کەچی کوردان "حەقی قەرار"یان لە کوردستان کوشت." چونکە پێویستبوو بە دەستی کوردان بکوژرێت. هەر بۆ ئەمەش "عەلائەددین قاپان" و "ستێرکا سۆر"یان ئامادە و دروستکردبوو، پێویستبوو بەدەستی ڕێکخراوێك کە بەناوی کوردان کار دەکات و سەرۆکی ئەم ڕێکخراوەش کورد بێت و گوایە ئەوەی دەشیکوژێت هەر دەبێت کورد بێت، بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێت پڕوپاگەندەی ئەوە بکات؛ "ئیدی بڕوانن کوردان حەقی قەراریان کوشت، مرۆڤ ناتوانێت خاوەندارێتی لە کوردان بکات، ئەگەر ئێوەش بۆ کوردان خەبات بکەن ئەوا کورد ئێوەش دەکوژێت" بۆیە بە ڕێکخراوێکی گوایە کوردی کوشتیان بۆ ئەوەی بگەنە ئامانجی خۆیان. ئەگەر وا نەبایە بە ڕێکخراوەکانی دیکەش دەیانتوانی "حەقی" بکوژن، بەکەسانی دیکەش دەیانتوانی "حەقی" بکوژن، بەڵام ئەو کاتە نەیاندەتوانی بگەنە ئامانجی خۆیان.

ئەگەر لەدەرەوەی کوردستان بیانکوشتبایە دیسان نەیاندەتوانی بگەنە ئامانجی خۆیان، ناتوانن پڕوپاگەندە بکەن، بۆیە پێویستبوو هەم لە کوردستان و هەمیش بەدەستی کوردان بکوژرێت، بۆ ئەوەی بتوانن هەم لەسەر خێزانەکەیان ڕاوەستە بکەن، هەم لەسەر خەڵکی تورکیا (تورك)یش ڕابوەستن، تاکو تەفلیبوون بۆ ئەم تەفگەرە نەیەتەدی و تورك بکەنە دووژمنی تەفگەرەکە، هەم خانەوادەکەی بکاتە دووژمنی تەفگەرەکە، هەمیش لەشەخسی خانەوادەشدا تورك بکاتە دووژمنی تەفگەرەکە. ئەگەر هەڤاڵ "حەقی قەرار"یان کردە ئامانج بۆ ئەم مەبەستانە کردیانە ئامانجی خۆیان.

بە تیرۆرکردنی هەڤاڵ "حەقی قەرار" خواستیان ئەو پەیوەندییەی لەسەر بنەمای ئازاد و دیموکراتیانە سەرۆك و "حەقی و کەمال" لەنێوان خۆیاندا پێشیانخستبوو تێکبدەن، چونکە گوایە کورد ئەو پەیوەندییەی پەسند نەکرد. "حەقی قەرار" و

سەرۆك پەیوەندی نێوان كورد و توركیان لەسەر بنەمایەكی نوێ ئاوا كردبوو و پێشیاندەخست، ئەمەش بۆ دەوڵەت زۆر مەترسیدار بوو، ئەگەر سەرۆكیش ئەمە دەكات، بەڵام دەبێت "حەقی قەرار" هەرگیز ئەمە نەكات، ئەمە خیانەتێكە و پێویستە بكوژرێت و سزا بدرێت ئەو پەیوەندییەش تێكبدرێت. ئەگەر هەڤاڵ "حەقی" بەمشێوەیە كوژرا هۆكار و ئامانج ئەمە بوو.

شەهیدبوونی هەڤاڵ حەقی قەرار چی لەگەڵ خۆیدا هێنا؟

مەراسیمی بەخاكسپاردنی شەهیدێك لەساڵانی حەفتاكاندا

خانەوادەی هەڤاڵ "حەقی"یان خستە ناو پڕاواكسیۆنەوە و پێیان گووتن:" بڕوانن كوڕەكەی ئێوە چوو بۆ كوردان ئەم هەموو فیداكارییەی كرد كەچی كوردان كوشتیان" بۆ ئەوەی خانەوادەكەی بكەنە دووژمنی تەفگەر. بۆ نموونە؛ باقی قەرار (سلێمان)ی برای هەڤاڵ "حەقی قەرار"یان بەمشێوەیە لەدژی تەفگەر وروژاند.

هه‌ڵبه‌ته پاشانیش له‌ته‌فگه‌ر دابڕا و بووه به‌ڵا به‌سه‌ر ته‌فگه‌ره‌وه و ڕۆیشت. هه‌روه‌ها خواستیان به‌م شه‌هاده‌ته شڵه‌ژان و ترسێك له‌ناو ته‌فگه‌ردا دروست بکه‌ن، بۆ ئه‌وه‌ی په‌رشوبڵاوه به ته‌فگه‌ره‌که بکه‌ن و ته‌سفیه‌ی بکه‌ن، ئه‌مه ئامانجیان بوو، چونکه له‌ئاستی به‌رزدا زه‌بریان وه‌شاند بوو، تاکو بتوانن په‌رشوبڵاوه به ته‌فگه‌ره‌که بکه‌ن. هه‌ڵبه‌ته دوای ئه‌و ڕه‌شه‌کوژییه خواستیان ئه‌نجام به‌ده‌ست بخه‌ن، ئه‌مجاره‌یان له ئه‌نقه‌ره له گه‌ڕه‌کی"تورك ئیش بلۆکله‌ری" هه‌وڵی کوشتنی سه‌رۆکیان دا، ئه‌م هه‌وڵه‌یان بێئاکام بوو. ئیدی مرۆڤ ده‌بینی که ده‌خوازن دوای کوشتنی هه‌ڤاڵ "حه‌قی" و له‌ناوبردنی سه‌رۆك ده‌توانن به‌ته‌واوی ته‌فگه‌ره‌که ته‌سفیه بکه‌ن. به‌مه‌ش به شه‌هیدکردنی "حه‌قی قه‌رار" قۆناخی ته‌سفیه‌کردنی ته‌فگه‌ر ده‌ستی پێکرد، بێگومان ئه‌و قۆناخه ته‌نیا به‌شه‌هیدبوونی هه‌ڤاڵ "حه‌قی قه‌رار"دا سنووردار مایه‌وه، ته‌فگه‌ر ئه‌و په‌یامه‌ی وه‌رگرت که بینی ئیدی ده‌وڵه‌ت به توندی هێرش دێنێته سه‌ر ته‌فگه‌ره‌که و بڕیاری ته‌سفیه‌کردنی ته‌فگه‌ری داوه، بۆیه ته‌فگه‌ریش هه‌ندێك ته‌دبیری وه‌رگرت، تاکو ئه‌و ئامانجانه‌یان پێکنه‌یه‌ت.

شه‌هیدبوونی هه‌ڤاڵ "حه‌قی قه‌رار" بووه هۆی ئه‌وه‌ی ته‌فگه‌ر بکاته بڕیارێك، چونکه بینی که ئیدی ده‌وڵه‌ت بڕیاری داوه ته‌فگه‌ر به توندوتیژی و تیرۆر و کوشتن ته‌سفیه ١
بکات، پێویسته ته‌فگه‌ریش خۆی بپارێزێت، ئیدی بۆ کوردستان قۆناخێکی نوێ ده‌ستپێده‌کات. ئه‌گه‌ر له کوردستان ده‌خوازیت خه‌بات بکه‌یت پێویسته تۆ به‌ر له‌هه‌موو شتێك ته‌دبیری خۆپاراستن وه‌ربگریت. چونکه ئه‌گه‌ر تۆ خۆت نه‌پارێزیت ئه‌وا ناتوانیت کار و خه‌باتیش بکه‌یت؟ ئه‌ی چۆن خۆت بپارێزیت؟ ده‌وڵه‌ت به توندوتیژی و کوشتن و تیرۆر دێته سه‌ر تۆ، ته‌نیا ده‌توانیت به چه‌ك خۆت بپارێزیت، وه‌کوتر هیچ ڕێیه‌کی دیکه نییه، ئیدی لێره‌دا ته‌فگه‌ر ئه‌م بڕیاره‌ی دا که خۆی به چه‌ك بپارێزێت. چونکه وه‌کوتر به‌هیچ شێوه‌یه‌کی دیکه نه‌ده‌کرا خۆت بپارێزیت. ئیدی شه‌هیدبوونی هه‌ڤاڵ "حه‌قی قه‌رار" بۆ ته‌فگه‌ر ئه‌نجامێکی به‌مجۆره‌ی خسته‌ڕوو و هه‌ڵوێستێکی به‌مجۆره‌ی بۆ خۆی به‌بنچینه وه‌رگرت و پێشیخست. بۆیه "به‌رگری ڕه‌وا" که‌وته ڕۆژه‌ڤی ته‌فگه‌ره‌وه، بۆ ئه‌وه‌ی بزانێت چۆن خۆی بپارێزێت و بژیت و به‌رده‌وام ببێت. به‌مه‌ش ته‌فگه‌ر تێکۆشانی چه‌کداری ده‌رخسته پێش، ئه‌گه‌ر ئه‌و شه‌هیدبوونه ڕووی نه‌دابایه،

ئێمە ئەو هەنگاوەمان نەدەهاوێشت، چونکە تا ڕوودانی ئەم شەهیدکردنە ئێمە بە سیاسی کار و خەباتمان دەکرد، واتا ئامانجێکی وەهامان نەبوو کە ئێمە خەباتێکی عەسکەری بەو شێوەیە پێشبخەین. بەڵام ئەم ڕووداوی شەهیدبوونە بەئێمەی گووت:" ئەگەر ئێوە دەخوازن کاری" سیاسی بکەن ڕێی ئەمە بە خۆپاراستن دەبێت. ئەمەش بە چەك دەگرێت. ئیدی لەمەوە ئێمە دەستمانکرد بە خۆپاراستن، ئەوەشمان بەچەك کرد. ئیدی هەنگاوێکی بەمجۆرەمان هاوێشت، لەبەر ئەوە گرنگ بوو.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەم شەهیدبوونە شەهیدبوونێکی زۆر مەزن بوو، دووژمن دەیخواست ئیرادەمان بشکێنێت و بمانترسێنێت، بەهەندێك کوشتنی دیکەش کە دوای هەڤاڵ "حەقی قەرار" سەرۆکیان کردبووە ئامانجی خۆیان. ئەگەر سەرۆکیشیان بکوشتبایە ئەو کاتە دەگەیشتنە ئامانجی خۆیان، ئەوەی کوشتیان کوشتیان، ئەوەی دیکەشیان تەسلیم دەگرت. ئامانج ئەمە بوو. ئێمە نەماندەتوانی ئەمە پەسند بکەین، ئەمە کۆتایی ئێمە بوو. ئەگەر ئێمە دەخوازین لە تێکۆشان بەردەوام بین، ئەوا پێویستە ئێمە ئیرادەی خۆمان و تەڤگەر بەهێز و تۆکمە بکەین و هەنگاوێك بە تەڤگەر بهاوێژین. وەکوتر نەدەکرا ئێمە لەسەرپێیان ڕابوەستین و کار بکەین، ئیدی ئەم شەهیدبوونە هەنگاوێکی بە تەڤگەر هاوێشت. ئەم هەنگاوە چیبوو؟ هەنگاوی پارتیبوون بوو.

سەرۆك دوای ئەم شەهیدبوون و هێرشکردنە هاتە عەنتاب ئەو کاتە خانوویێکمان لە گەڕەکی خۆش گوردوو (HOŞGÖRDÜ) بەکرێ گرتبوو، لەو خانووەدا شەو و ڕۆژ مایەوە تا بەرنامەی کۆنگرە و پارتیبوونی ئامادە کرد، ڕەشنووسی بەرنامەی پارتی ئامادە کرد. ئێمە ئەو پرۆگرامەمان بڵاوکردەوە، گفتوگۆ و جڤینی باشی لەسەر کرا، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو بنەمایە تەڤگەر بکەینە پارتی. سەرۆك بەمشێوەیە بەرسڤی ئەو هێرشەی دایەوە، ئەو شەهیدبوونەی کردە هۆی ئەوەی تەڤگەر لە گروپێکەوە بگەیەنێتە پارتیبوون. ئەمەش بووە خەتێك و تایبەتمەندییەك و پرەنسیپێك لەنێو ئەم تەڤگەرەدا؛ " پێویستە هەر شەهیدبوونێك ببێتە هۆی ئەوەی تەڤگەر مەزنتر ببێت، بە تەڤگەر هەنگاو بهاوێشترێت" شەهیدبوونێکی مەزن بوو، پێویستبوو ئەنجامەکەیشی مەزن بێت، ئەویش بە پارتیبوون دێتەدی. بۆیە سەرۆك ئەم هەنگاوەی

به تەفگەر هاوێشت. پیلانگێرییەکی مەزن بوو. چونکه ئەم شەهیدبوونە تەنیا لەدەرەوەی ئێمە پێك نەهات، بەڵکو لەناو ئێمەشدا هەندێك کەس هەبوون لەو پیلانگێرییەدا بەشداربیوون؛ کەسانی وەکو بۆزان ئەسلان، قفرجك عەلی، ئەحمەد...هتد ئەوانە زۆربەیان ئەو کەسانەبوون کە لە رێکخراوی "رزگاری گەل"ەوە تەفلی ئێمە ببوون. ئەوانە و "ستێرکا سۆر" پێکەوە ئەم رەشەکوژییەیان ئەنجام دا. بۆیە زۆر گرنگ بوو، پیلانگێرییەکی مەزن بوو.

لەمێژوودا؛ زۆر جۆر پیلانگێری هەیە، توانیویەتی تەفگەرەکان پەرشوبڵاو بکاتەوە، هەندێك پیلانگێریش هەیە پێچەوانە هەڵدەگەڕێتەوە و دەکەوێتە خزمەت تەفگەرەوە و وا دەکات ئەو تەفگەرە بەهێزتر و تۆکمەتر ببێت و سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.

ئیدی پیلانگێری شەهیدکردنی هەفاڵ "حەقی قەرار" پەرشوبڵاوبوونی دروست نەکرد، بەپێچەوانەوە تەفگەری مەزنتر کرد. ئەمەش بە هەڵوێست و نزیکبوونەوەی سەرۆك ئاپۆ بەدیهات. ئەگەر سەرۆك ئاپۆ لەئان و ساتی خۆیدا هەنگاوێکی مەزنی بەم تەفگەرە نەهاوێشتبایە، ئەگەر بۆ بیرەوەری و رێزگرتنی ئەو هەڤاڵە رەشنووسی پرۆگرامی نەنووسیبایە و تەفگەری بەرەو پارتیبوون ئاراستە نەکردبایە، ئەوا ئەو پیلانگێرییە بەسەردەکەوت و تەفگەر پەرشوبڵاو دەبوو، چونکە ئامانجی پیلانگێرییەکە ئەوە بوو.

ئەوانەی لەناو ئێمەدا بەتایبەتی رۆڵیان لەو پیلانگێرییەدا هەبوو، لەدوای شەهیدبوونی هەفاڵ "حەقی قەرار" بەخۆیان دەگووت:" ئێمە حەقیچیین" بەمەش دەیانخواست تەفگەریش بخەنە دەستی خۆیانەوە، هەوڵێکی بەمجۆرەیان دا؛ هەم لە کوشتنی هەفاڵ "حەقی قەرار"دا بەشداربیوون، هەمیش ئەو کوشتنەیان بۆ خۆیان دەکردە سەرمایە و دەکەوتنە پشت ناوی هەفاڵ "حەقی قەرار"ەوە و دەیانگووت:" ئێمە حەقی قەرارچیین" و دەیانخواست بەو شێوەیە تەفگەر بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، کارێکی بەمجۆرەیان بەرێوە دەبرد. کاتێك کە تەفگەر ئەو پیلانگێرییەی ئاشکرا کرد، بەسەر ئەو پیلانگێرییەدا چوو ریسوای کرد و حیسابیان لێ خوازرا و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کرا و سزای ئەو کەسانەی دا. بێگومان بەمەش ئەوانە بێچارە مانەوە و سەرنەکەوتن، رەوشی ئەوان ئاشکرا بوو، بە ترس و شڵەژانەوە لەناو تەفگەردا هەڵاتن و چوونە ناو گرووپەکانی دیکەوە. بۆ لای ئەوانە چوون کە بەیەکەوە ئەو پیلانگێرییەیان ئەنجام

دابوو، لەگەڵ ئەوانەدا بوونە یەك و هێرشیان کردە سەر تەڤگەرەکەمان، لە بەرەی (UDG)دا و لەدەرەوەی ئێمەدا دەیانگووت:" ئێمە لەدژی ئاپۆین و لەدژی ئاپۆچییەکانین" خواستیان بەمجۆرە تەڤگەر تەسفیە بکەن. بێگومان تەڤگەریش چووە سەریان و زەبری لەوانە وەشاند و پەرشوبڵاوەی پێکردن و بێ کاریگەری کردن. بۆیە نە تەڤگەر کەوتە دەست ئەوانەوە و نە تەسفیەش بوو. بەڵکو تەڤگەر هەنگاوێکی بۆ پارتیبوون هاوێشت و بووە پارتی (PKK).

بۆیە لە مێژووی تەڤگەری ئێمەدا شەهیدبوونی هەڤاڵ "حەقی قەرار" پڕ گرنگە. واتا نوێنەرایەتی قۆناخێك دەکات و قۆناخێك لە خۆوە دەگرێت. بۆ ئێمە بووە ئەزموونێکی مەزن لەداهاتوودا. بۆ نموونە؛ کاتێك یەکەمین کۆنگرەی کۆنگرەی گەلی کوردستان لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٢) سازدرا، کە لەئاکامدا دووچاری هەندێك کێشە و گرفت بووین، لەئەزموونی ئەم رووداوە ئەزموونمان وەرگرت و توانیمان لە کێشە و گرفتەکە تێبگەین و چارەسەری بکەین.

ئەگەر شەهیدبوونی هەڤاڵ "حەقی قەرار" رووی نەدابایە و لەو ئەزموونە نەژیابووینایە و تێینەگەیشتینایە ئەوا ئەو کێشەیەی کەوا لە یەکەمین کۆنگرەی کۆنگرەی گەلدا تێیدا ژیاین نەماندەتوانی لێی تێبگەین و تەدبیری پێویست وەربگرین. ئەو کاتە زەبرێکی مەزنیشمان دەخوارد.

چۆن؟ ئەگەر ئەو مەسەلەیە زیاتر روونبکەنەوە سوودمەندتر دەبێت...

ئەوەی لەیەکەمین کۆنگرەی کۆنگرەی گەلدا روویدا بەتەواوی وەکو پیلانگێڕییەکەی دژ بە هەڤاڵ "حەقی قەرار" بوو، چۆن هەندێك کەس لەناو ئێمەدا لەگەڵ "ستێرکا سۆر" رێککەوتبوون و بەیەکەوە کاریان کردبوو و ئەو رەشەکوژییەیان ئەنجامدابوو، پاشانیش لەپشت ناوی هەڤاڵ "حەقی قەرار"ەوە خۆیان شاردەوە و کاریان دەکرد تاکو راستینەی ئەوان دەرنەکەوێتە روو و هەمیش دەیانخواست تەڤگەر بخەنە دەست

خۆیانەوە، کە تەفگەریشیان خستە دەست خۆیانەوە، زەبر لە تەفگەر بوەشێنن و سەرۆك بێکاریگەر بکەن. کاتێکیش کە ئەم شتەیان بۆ نەچووە سەر و راستینەی ئەوان ئاشکرا بوو، ئەوا هەلاتن و چوون لەبەرەی دژدا هەولیاندا و هێرشیان برد بۆ ئەوەی تەفگەر تەسفیە بکەن، تەفگەریش لەدژی ئەمە راوەستا و نەیهێشت بگەنە ئامانجی خۆیان... هەر هەمان شت، بەلام لە قۆناخ و زەمەنێکی دیکەدا دیسان هاتەوە پێشمان. ئەویش لە یەکەمین کۆنگرەی کۆنگرەی گەلدا بوو. فەرهاد (عوسمان ئۆجەلان) و بۆتان (نیزامەددین تاش) و تاقمەکەیان دەیانگووت:" ئێمە پەیوەستین بە سەرۆکەوە، ئێمە دەخوازین داخوازی و چەمکی سەرۆك پێکبێنین، بەلام هەندێك کەس هەن ناهێلن ئێمە ئەمە پێك بهێنین" ئەم پروپاگەندانەیان دەکرد. کەچی ئەمە لەکاتێکدا خۆیان لەدژی سەرۆك بوون، بەلام دەیانگووت:" ئێمە لەگەل سەرۆکین و سەرۆك بەبنچینە وەردەگرین" بەم پروپاگەندەیە دەیانخواست راستینەی خۆیان بشارنەوە، بۆ ئەوەی کەس لێیان تێنەگات تاکو بتوانن تەفگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە، کە تەفگەریان خستە دەستی خۆیانەوە زەبر لە سەرۆکیش بوەشێنن. چونکە تا تەفگەر نەخەنە دەستی خۆیانەوە ناتوانن زەبر لە سەرۆك بوەشێنن. دەزانن کە گەل و کادیران پەیوەستن بە سەرۆکەوە، ئەگەر سەرەتا لەدژی سەرۆك دەربکەون ئەوا هەر لەسەرەتاوە دەیاندۆراند. بۆ ئەوەی ئەنجام بەدەستبخەن پێویستبوو پەیوەستبوونی گەل و کادیران بە سەرۆکەوە ئیستغلال بکەن، خۆیان وا نیشان بدەن کە لەگەل سەرۆکن، بۆ ئەوەی بلێن:" ئێمە دەخوازین خەتی سەرۆك پێکبێنین، بەلام هەندێك کەس ناهێلن" بۆ ئەوەی لەبەرامبەر ئەو کەسانەی ئەوان باسیان دەکەن کاردانەوە و رکوکین دروست بکەن، ئەو کاردانەوە و رکوکینانەش بە رێکخستن بکەن. بەمەش بتوانن تەفگەر بخەنە ژێر کۆنترۆلی خۆیانەوە، کە خستیانە ژێر کۆنترۆلی خۆیانەوە سەرۆکیش تەسفیە بکەن. ئەوان ئەو پیلانگێرییەیان بەو شێوەیە بەرێوە دەبرد. کاتێك راستینەی ئەوان دەرکەوتەروو و ئاشکرابوون کە ئەوانە سەرۆك بەبنچینە وەرناگرن، بەلکو لە بنچینەدا لەدژی سەرۆکن، کە لەمەدا سەرنەکەوتن ئیدی هەلاتن و چوون لەدەرەوە لە بەرەی دژی ئێمەدا دەستیان بەهێرشکردنە سەر سەرۆك کرد و گووتیان:" ئێمە لەدژی سەرۆك و خەتی سەرۆکین، لە بنچینەدا ئێمە هەر لە کۆنەوە باوەرمان بە سەرۆك نەبووە، پێشتریش ئێمە لەدژی

سەرۆك و خەتی سەرۆك بوون..." ئیدی دەستیان بەم ئاخافتنانە كرد، لەبەرەی دەرەوەدا دەستیان بە هێرشكردنە سەر تەڤگەر كرد بۆ ئەوەی تەسفیەی بكەن. پێشتر دەیانخواست تەڤگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە، كاتێك ئەمەیان بۆ مەیسەر نەبوو و سەرنەكەوتن و راستینەی ئەوان دەركەوت، هەڵاتن و ئینجا لە دەرەوەی تەڤگەر هێرشیان دەستپێكرد.

بێگومان تەڤگەر بەئەزموون وەرگرتن لە پیلانگێرییەكەی دژ بەهەڤاڵ **"حەقی قەرار"** لەو پیلانگێرییەش تێگەیشت و لەدژی راوەستایەوە. وەك چۆن ئەوانەی هەڤاڵ **"حەقی قەرار"**یان شەهید كرد و پاشان گووتیان:" ئێمە **حەقیچیین**" و لە پشت ناوی **"حەقی"**یەوە خۆیان دەشاردەوە بۆ ئەوەی تەڤگەر بخەنە ژێر كۆنترۆڵی خۆیانەوە، **"بۆتان"** و **"فەرهاد"**یش بەهەمان شێوە لەهەوڵی تەسفیەكردنی سەرۆك شوێنان گرتبوو و دەیانگووت:" ئێمە سەرۆك بەبنچینە وەردەگرین." لەپشت ئەمەش دەیانخواست خۆیان بشارنەوە، بۆ ئەوەی تەڤگەر بخەنە دەست خۆیانەوە، وەك چۆن ئەوانەی رەشەكوژی **"حەقی"**یان كرد و ئاشكرا بوون كە لەو رەشەكوژییەدا رۆڵیان هەبووە هەڵاتن، **"بۆتان"** و **"فەرهاد"**یش بەهەمان شێوە سەرنەكەوتن و راستینەی ئەوان ئاشكرا بوو كە لەدژی سەرۆكین و لە پیلانگێڕی تەسفیەكردنیدا شوێنیان گرتووە، ئەوانیش هەڵاتن و بە ئاشكرا لەدژی سەرۆك راوەستان. وەك چۆن ئەوانەی تر دەیانگووت:" ئێمە لەدژی ئاپۆ و ئاپۆچییەكانین" ئەوا **"فەرهاد"** و **"بۆتان"**یش دەیانگووت:" لەدژی سەرۆكین و دژی رێبازی ئەوین". ئیدی ئێمە پێشتر لەو پیلانگێرییەی سەر هەڤاڵ **"حەقی قەرار"** هەندێك ئەنجامان بەدەست خستبوو، بۆیە من وەكو شەخسێك دەڵێم؛ من یەكسەر لەو پیلانگێرییەی ئەوان تێگەیشتم، كە ئەوانە هەرچەندە دەڵێن:" ئێمە گرێدراوی سەرۆكین و خەتی سەرۆكیش بەبنچینە وەردەگرین" بەڵام راست نییە، بەڵكو لەبنەڕەتدا ئەوانە لەدژی سەرۆكن و لەدژی رێبازی سەرۆكن، بۆ ئەوەی رێكخستن (تەڤگەر) بخەنە دەستی خۆیانەوە هەموو كەسێك دەخەڵەتێنن و راستی خۆیان دەشارنەوە و خۆ دەخەنە پشت سەرۆك و دەخوازن ئێمە بێكاریگەر بكەن، چونكە تا ئێمە بێكاریگەر نەكەن ناتوانن رێكخستن بخەنە دەستی خۆیانەوە و ناتوانن سەرۆكیش تەسفیە بكەن. لەبەر ئەوەی ئەوانە ئەمەیان دەزانی، بۆیە ئێمەیان بە ئامانج

وەرگرتبوو، مەسەلە و گرفتی ئەوان ئێمە نەبووین، بەڵکو سەرۆك بوو. هەڵبەتە پاشان ئاشکراش بوو کە گرفت ئێمە نین، بەڵکو بۆ ئەوان گرفت سەرۆکە.
ئیدی ئێمە بەمشێوەیە ئەزموونمان لەرابردووی تەفگەرەکەمان وەرگرت. ئێمە لەوێدا پێداگرییمان کرد کە ئەوانە ڕێبازی سەرۆك بەبنچینە وەرناگرن، بەڵکو ئەوانە لە تەسفیەچیین. ئامانجی ئەوان سەرۆکە، ئەمەش بەهاوکاری هەندێك هێزی دەرەوەی ئێمە ئەنجامی دەدەن، ئێمە ئەمەمان ئاشکرا کرد، هەڵبەتە کە ئەمەش ئاشکرا بوو، هەڵاتن و بەئاشکراش گووتیان:" ئامانجی ئێمە سەرۆك و ڕێبازی سەرۆکە، نەك هەر ئێستا بەڵکو پێشتریش ئێمە لەدژی ئەو بووین" بەو شێوەیە ڕاستینەی ئەوان ئاشکرا بوو و بەمشێوەیەش بێکاریگەرمان کردن.

ئەمە لێکچوواندێکی گرنگە... بۆ نموونە؛ کاتی وەرگرتنی تەرمی هەڤاڵ "حەقی قەرار" لە خەستەخانەدا، ئەو کاتە وابزانم تێڕوانینی جودا جوداش دەردەکەوێتەڕوو، لە تەسفیەگەرێتی ساڵی (٢٠٠٤)شدا بەهەمان شێوە تێڕوانینی هاوشێوەی ئەو کاتە دەرکەوتنەڕوو، تەنانەت هەمان چەمك بەڵام لە کات و شوێنی جیاواز...

بێگومان کاتێك هەڤاڵان خواستیان تەرمی هەڤاڵ "حەقی قەرار" لە نەخۆشخانە وەربگرنەوە، دەوڵەتیش دەیزانی کە هەڤاڵان دەخوازن تەرمەکەی وەربگرنەوە و لەمەشدا بە بڕیارن، دەوڵەت دەیخواست ئەمەش بکاتە هۆی کۆمەڵکوژییەك و زەبرێکی دیکەش لە تەفگەر بوەشێنێت، دەوڵەت نەیدەخواست تەرمەکە تەسلیم بکاتەوە. هەڤاڵانیش سووربوون لەسەر ئەوەی تەرمەکە وەربگرنەوە، بۆیە ناکۆکییەکی مەزن دەرکەوتەڕوو. کەمێك مابوو شەڕێك بێتە ئاراوە. ئەگەر شەڕ بەرپاببایە، ئەوا ئەو کاتە دەوڵەت زەبرێکی مەزنتری لەئێمە دەدا. سەرۆك ئەو کاتە لە مەسەلەکە تێگەیشت، بۆیە

گووتی:" پێویستە ئێمە ئێستا لێرە پێداگری نەکەین، با تەرمەکە لەخەستەخانەکە و لەشار دەربکەوێت و با تەسلیمی خانەوادەکەی بکەنەوە، وەك بلێی خانەوادەکەی وەریدەگرێت، پاشان ئێمە دەتوانین موداخەلە بکەین و تەرمەکە ببەینە ئەو شوێنەی هەڤاڵ "**حەقی**" لێی لەدایکبووە، لەوێش دەتوانین میتینگێك سازبدەین، بەمشێوەیە ئەو پیلانگێڕییە پووچەڵ دەکەینەوە" ئەگەر سەرۆك ئەو کاتە موداخەلەی نەکردبایە، بەڕاستیش هەڤاڵان بەکاردانەوە و هەڵوێستی عاتیفیانە نزیك مەسەلەکە دەبوونەوە و سووربووین لەسەر ئەوەی هەر دەبێت تەرمەکە لە خەستەخانە وەربگرینەوە، دەوڵەتیش تەرمەکەی نەدەدایەوە و دەیخواست بەمە زەبرێك لە هەڤاڵان و تەڤگەر بدات. ئەو کاتە لەوانەبوو زەبرێکی مەزنمان بخواردبایە، ئیدی سەرۆك لەم لەیستۆکە تێگەیشت و لەیستۆکەکەی تێکدا. خانەوادەکەی تەرمەکەیان وەرگرتەوە، بەڵام کاتێك لەشار دەرچوون هەڤاڵان خۆیان گەیاندە تەرمەکە و بردیانەوە شوێنی لە دایکبوونی هەڤاڵ "**حەقی قەرار**" لە قەزای "**ئولوبەی**"ی سەر بە پارێزگای **ئۆردوو** (ORDU) لەوێ مەراسیم و میتینگێکی مەزن ئەنجامدرا و بەمشێوەیە ئەو پیلانگێڕییەش پووچەڵکرایەوە.

هەڵبەتە من لەبەر ئەوە ئەو نموونەیەم هێنایەوە، ئەو پیلانگێڕییە چۆن پووچەڵ کرایەوە؟ چۆن ئێمە ئەو رووداوەمان کردە هۆی هاوێشتنی پێنگاڤێك بۆ تەڤگەرەکەمان و تەڤگەر لە گروپەوە گەیشتە "پارتی"یەك؟ بەهەمان شێوە لەقۆناخی کۆنگرەی یەکەمی **کۆنگرەی گەل**یشدا ئەو پیلانگێڕییە لەدژی تەڤگەر چنرابوو... تێگەیشتن لەراستینەی ئەو پیلانگێڕییە و ئاشکراکردنی و بێ کاریگەرکردنی و خاوەنداریێتیکردن لە تەڤگەر، لەزۆر رووەوە وەکو ئەوەی کاتی شەهیدکردنی هەڤاڵ "**حەقی قەرار**"بوو، هەڵبەتە هەر لەبەر ئەمەش بوو ئەو نموونەیەم هێنایەوە.

دوای شەهیدبوونی هەڤاڵ "حەقی قەرار"، هەڤاڵ "خەلیل چاوغون"یش لە رووداوێکی دیکەدا شەهید دەبێت. ئەو رووداوە

چۆن و به چ شێوەیەك رووده‌دات؟ هەروەها بۆچی ئەو هەڤاڵە بە ئامانج دەگیردرێت؟



شەهید محەمەد قەرەسوونگوور

شەهید خەلیل چاوغون

هەڤاڵ"خەلیل چاوغون" خەڵکی "حیلوان"بووە عەشیرەتی سلێمان (سلێمانان) لەوێ هەیە، ئەو عەشیرەتە لەگەڵ پارتی بزاڤی نەتەوەپەرست (MHP) و دەوڵەتدا پەیوەندی خۆیان هەبوو، هاوکاری و پشتیوانی لە دەوڵەتەوە وەردەگرت، بەمەش لە حیلوان بە زۆر و فشار و چەك بالادەستی خۆیان سەپاندبوو، شار و شارەوانیان خستبووە دەستی خۆیانەوە، لەسەر هەموو گوند و خەڵکی ئەو ناوچەیەدا دەسەلاتی خۆیان ئاوا کردبوو. هەرچییەکیان دەخواست دەیانکرد، دەوڵەتیش هەر ئەو بوون، پاساش هەر ئەو بوون، بەبێ ئەوان کەس نەیدەتوانی نە لە گوند و نە لە شاریش یەك هەنگاو بهاوێژێت. واتا دەسەلاتێکی رەهای بەمجۆرەیان هەبوو، زوڵمێکی مەزنیان لەخەڵکی ئەو ناوچەیە دەکرد، چ لە گوندەکان، چ لە شاریش. نیدی ئێمە کاتێك دەستمان بەخەبات کرد، هەندێك گەنج، خوێندکار، ئەوانەی لەئامادەیی یان لە پەیمانگای پەروەردەیی و هەندێك لە گوندنشین بەشداری تەڤگەر ببوون، یەکێك لەوانەش کە هەر لەسەرەتاوە لەناو تەڤگەردا شوێنی گرتبوو هەڤاڵ "خەلیل چاوغون" بوو. لەناو ئەوانەدا ئەوەی

باش لە تەڤگەر تێگەیشتبوو ئەو هەڤاڵە بوو و پێشەنگی ئەوان بوو، واتا هەڤاڵ "خەلیل چاوغون" لەوێ نوێنەرایەتی تەڤگەری دەکرد، هەمووشیان بەو شێوەیە "خەلیل چاوغون"یان پەسند دەکرد. واتا کەسێتی ئەو کەسێتییەکی جددی بوو، بە رێکخستنی بوو، خۆی پەروەردە دەکرد و تا دەهات پێشدەکەوت، لەژیانی خۆیشیدا زۆر دڵنزم بوو، زۆر تایبەتمەندی رێکخستنی و تەڤگەری لەخۆیدا کۆکردبووەوە و بەرجەستەی کرد بوو، هەر بۆیە هەموو هەڤاڵانی ئەوێش ئەویان پەسند دەکرد و بۆ خۆیان وەك سەرۆکێکی ئەو ناوچەیەیان دەبینی، هەڤاڵ "خەلیل" هەرچییەکی بگووتبایە ئەوان جێبەجییان دەکرد. بێگومان تەڤگەر لەوێ لەناو خوێندڤانانی ئامادەیی و لەناو خەڵکی گوندەکاندا کار و خەباتی دەکرد و هەندێك پەرەیدەسەند. عەشیرەتی "سلێمانان"یش ئەمەیان بینی کە تەڤگەرێك لەوێ پێشدەکەوێت، ئەگەر پێشبکەوێت ئەوا بۆ ئەوان مەترسیدار دەبێت.

چونکە چەندە هوشیاربوونەوە بێتەدی ئەوەندەش کاردانەوە پێشدەکەوێت، ئەمەش بۆ دەسەڵاتدارێتی ئەوان مەترسیداربوو. ئەم راستییەیان بینی، لەو ناوچەیە کێ پێشەنگایەتی و سەرۆکایەتی ئەمە دەکات؟ هەڤاڵ "خەلیل چاوغون" دەیکات، بۆیە هەڤاڵ "خەلیل چاوغون"یان کردە ئامانج بۆ خۆیان. ئیدی کاتێك لە ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی هەڤاڵ "حەقی قەرار"دا، لە حیلوان پۆستەری هەڤاڵ "حەقی قەرار" هەڵدەواسن، "سلێمانان"یش کە دەوڵەت لە پشتیانەوەیە هەوڵدەدەن زەبرێك لە تەڤگەر بوەشێنن، بۆیە بەپێویستیان بینی زەبرێك لە "خەلیل چاوغون" بوەشێنن. ئەگەر زەبریان لە "خەلیل چاوغون" وەشاند و تەسفیەیان کرد ئەوا ترسێکی مەزن دروست دەکەن و دەسەڵاتی خۆیان تۆکمەتر دەکەن، ئەو کاتە تەڤگەر پەرشوبڵاوەی پێدەکرێت و نامێنێت.

بۆیە "سلێمانان" هەڤاڵ "خەلیل چاوغون"یان شەهید کرد. ئەگەر لەم ئاستەدا زەبریان وەشاند بۆ ئەوەبوو ئەنجام بەدەستبخەن، تاکو هەموو کەسێك بترسێت و لەدژی ئەوان کەس سەرهەڵنەدات و تەڤگەریش لەوێ تەسفیە ببێت و لەناو بچێت. بێگومان شەهیدبوونی هەڤاڵ "خەلیل چاوغون" لەدوای شەهیدبوونی هەڤاڵ "حەقی قەرار" شەهیدبوونی هەرە گرنگ بوو، لەوانەیە ئەو هەڤاڵە لەئاستی هەڤاڵ "حەقی قەرار"دا

نەبووبێت، بەڵام شەهیدبوونی هەڤاڵ "خەلیل چاوغون"یش گوزارشتی لە شتێك دەکرد، ئەویش ئەوبوو؛ فیودالی کورد بەپشتیوانی دەوڵەت هێرشی کردۆتە سەر تەڤگەر و کوشتنی ئەنجام داوە، لەوێدا دەبایە ئێمە یان لەدژی ئەوان رابوەستینایە، یانیش سەری خۆمان بچەماندایەتەوە. دەوڵەت و "سلێمانان"یش وا مەزندەیان دەکرد کە:" ئەگەر ئێمە زەبرمان لە خەلیل چاوغوندا ئیدی کەس ناتوانێت لەدژی ئێمە رابوەستێت" بەمشێوەیە حیساباتیان دەکرد، هیچ حیسابی ئەوەیان نەکرد کە ئێمە لەدژیان دەوەستینەوە و شەڕ دەکەین و زەبریان لێ دەوەشێنین. هەڵبەتە هیچ کاتێکیش کەس لەدژی ئەوان رانەوەستا بوو و زەبریشیان بەر نەکەوتبوو، زۆر بەخۆیان بەباوەڕ بوون. بێگومان ئەو کاتەی کە هەڤاڵ "خەلیل چاوغون" شەهید بوو، لەرووی عەسکەرییەوە ئامادەکارییەکی وەها جددیمان نەبوو، چەکی ئێمەش نەبوو، کادیری ئێمە رێکخستەبوونێکی وەهای نەبوو کە شەڕی عەسکەری بەڕێوە ببات.

بیرکردنەوە و رامانێك لەم رووەوە هەبوو...؟

لەم بارەیەوە بیرکردنەوە و رامان هەبوو، بەڵام تا ئەو کاتە تەنیا لەدژی هەندێك کەسی دەوڵەت و سیخوڕ و فاشیست هەندێك چالاکیمان ئەنجام دابوو، ئەمەش زێدە رێکخستەبوونێکی بەهێز و ئیمکانیاتێکی بەهێز ناخوازێت. بەڵام لە حیلوان لەدژی ئێمە عەشیرەتێك بەرێکخستەیی رووبەڕوومان دەبێتەوە، تەنانەت چینێك لەدژی ئێمە راوەستاوە، چینی فیودالی کورد، هەم عەشیرەتە و هەمیش رێکخستنێکی فیودالییە. واتا لە عەشیرەتیش دەرکەوتووە و بووە بەرێکخستنێکی فیودالی، بووە بە رێکخستنێکی دەوڵەت، هەمووشیان چەکدارن و چەکەکانیشیان چەکی (G1) و کلاشنکۆفن، زۆربەی هەرە زۆری عەشیرەتەکە ئەو چەکیان هەیە و رێکخستەکراون. بۆیە لەدژی ئەوان راوەستان پێویستی بە رێکخستنێکی عەسکەری هەیە. هەروەها بەرەنگاربوونەوەی ئەوانە ئیمکانیاتی عەسکەری پێویستە، ئێمە رێکخستنێکی بەمشێوەیەمان نەبوو، کادیری بەمجۆرەشمان ئامادە نەکردبوو، لەرووی چەك و تەقەمەنیشەوە تەنیا یەك

کلاشنکۆفمان هەبوو، هەموو تەڤگەرەکەمان تەنیا یەك کلاشنکۆفی هەبوو، هیچ چەکێکی ترمان نەبوو، ئەو کلاشنکۆفەش ئێمە بەقەرز کڕیبوومان، چونکە پارەی ئێمە بەشی کڕینی ئەو کلاشنکۆفەشی نەدەکرد. واتا لەرووی چەك و تەقەمەنییەوە ئێمە چەکمان نییە، ئەوان هەموویان چەکدارن، هەمووشیان ڕێکخستە کراون و دەوڵەتیان لەپشتە و ڕێکخستەبوونێکی عەسکەرییان هەیە، نەك تەنیا ڕێکخستەیەکی عەسکەری، بەڵکو پەیوەندییان لەگەڵ (MHP)ش هەیە، کە پارتییەکی فاشیستەکانە و ڕێکخستنێکی بەهێزیشە. مەگەر ڕێکخستنێکی عەسکەری بتوانێت لەبەرامبەریدا ڕابوەستێت. ئێمەش ڕێکخستنێکی وەهامان نەبوو و چەکیشمان نەبوو.

بۆیە ڕەوشێکی زۆر جددی دەرکەوتبووە پێشمان؛ یان دەبایە ئێمە لەدژی ئەوان ڕابوەستاینایە، یانیش ئەو شەهیدبوونەمان پەسند بکردبایە، ئەگەر ئەو شەهیدبوونەمان بەبێدەنگی پەسند بکردبایە و ئێمە لەدژی **"سلێمانان"** دەرنەکەوتینایە، ئەوا گەل نەك لە حیلوان بەڵکو لەتەواوی کوردستاندا باوەڕی بەئێمە نەدەما و تەڤگەر لە حیلوانیش نەدەما. چونکە ئێمە لە پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنی خۆماندا لەدژی بەکرێگیراو و خائینان و فیودالی کورد رادەوەستاین، چونکە فیودالی کورد لە مێژوودا هەمیشە ڕۆڵی بەکرێگیراوێتی و سیخوڕێتیان بینیوە، بۆ بەرژەوەندی خۆیان کورد و کوردستانیان فرۆشتووە، لەگەڵ دووژمن دان. مێژوویێکی بەمجۆرەیان هەیە، بۆیە ئێمە لەدژیان رادەوەستاین. ئێستاش ئەو چینە هێرشی کردۆتە سەر ئێمە و هەڤاڵی ئێمەیان شەهیدکردووە، ئەگەر ئێمە لەدژیان ڕانەوەستین، کەواتە ئەو پڕوپاگەندانەی ئێمە کردوومانە هەمووی راست نییە و ڤالایە، ئەو کاتەش کەس باوەڕیمان پێناکات و دەڵێن:" بڕوانن عەشیرەتی سلێمانان، **"خەلیل چاوغون"**یان شەهید کرد، کەچی تەڤگەر نەیتوانی لەدژی **"سلێمانان"** ڕابووەستێت". ئەو کاتە کێ بەئێمە باوەڕ دەکات؟! ئێمە زەبرێکی مەزن دەخۆین، بۆیە پێویستبوو بڕیارێکمان وەرگرتبایە.

ئیدی لێرەدا سەرۆك بڕیارێکی مێژوویی وەرگرت، سەرۆك گووتی:" چی دەبێت با ببێت پێویستە ئێمە لەدژی سلێمانان ڕابوەستین، هەمیش دەبێت لەزووترین کاتدا ڕابوەستین و زەبر لەوان بوەشێنین، ئەگەر ئێمە ئەمە نەکەین، ئەوا لە حیلوان ناتوانین کار و خەبات بکەین و لەتەواوی کوردستانیش کەس باوەڕمان پێناکات و زەبرمان

بەردەکەوێت" بۆیە ئێمە پێویستبوو لەدژی "سلێمانانگ رابوەستینەوە. بەڵام لەلایەکی دیکەوە هیچ چەکێکمان نییە و ڕێکخستەیەکی عەسکەریشمان نییە، چۆن لەدژیان رابوەستینەوە؟ ئەگەر هەر بەمجۆرە رابوەستین زەبرمان بەردەکەوێت. پێویستە هەرچی زووترە ڕێکخستنێکی عەسکەری پێشبخەین و هەندێك چەکیش پەیدا بکەین بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لەدژی ئەوان رابوەستین، پێویستە ئەمەش زۆر درەنگ نەکەوێت، چونکە درەنگیش بمێنێت کاریگەری خراپی دەبێت و ئیدی ناتوانین درەنگ بکەوین.

سەرۆك ئەو بڕیارەی وەرگرت و ئەو ئەرکەشی بەهەڤاڵ "**محەمەد قەرەسنگور**" سپارد و گووتی:" پێویستە تۆ لێرە ڕێکخستنێکی عەسکەری زوو ئاوا بکەیت و لەدژی "سلێمانان" بکەویتە نێو جموجۆڵەوە و پێویستە ئەو زەبرەی ئێمە لەوانیش دەیوەشێنین لەشوێنی خۆیدا بێت و بەکاریگەر بێت و پێویستە ئەنجامگیر بێت و سەرکەوتوو بێت، ئەگەر ئێمە چالاکی بکەین و سەرنەکەوین و زەبرمان بەربکەوێت ئەوا بۆ ئێمە خراپ دەبێت. پێویستە ئێمە زەبرمان بەرنەکەوێت، بەڵکو زەبر بوەشێنین. هەروەها ئێمە زەبرێکی وەهایان لێبدەین کەوا لە "سلێمانان"دا شڵەژان و ترسێك دروست بکات و لەناو گەلیشدا باوەڕییەکی بەهێز دروست بکات، کە بتوانین بەرخۆدانی تەڤگەر لێرەدا پێشبخەین".

ئیدی لەو چوارچێوەدا ئامادەکارییەك ئەنجامدرا، بێگومان ئەو ئامادەکارییە درەنگ کەوت، سەرۆك کە بینی درەنگ دەکەوێت جارێکی دیکە چووە **ئورفە** و موداخەلەی کرد، **هەڤاڵ محەمەد قەرەسوونگوری** خواست، هەڤاڵ "**کەمال پیر**"یش ئەو کاتە چووە ئەوێ، ئەویشی خواست، ئەو کاتە "**سدقی پایداش**" هەبوو، وڵاتپارێزێکی ئەو ناوچەیە بوو، لە عەشیرەتی "**پایداش**" بوو. بەڵام ئەو عەشیرەتگەرایی بەبنەما وەرنەدەگرت، لەگەڵ هەڤاڵان جموجۆڵی دەکرد، ئەویش هات، سەرۆك لەوێ کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەوان ئەنجامدا و رەخنەی کردن، منیش ئەو کاتە ئامادە بووم، دوای ئەو رەخنەیە ئەوان گەڕانەوە حیلوان، کاتێك کە دەچوونە حیلوان هەڤاڵ "**کەمال پیر**" گووتی:" ئەگەر سەرۆك جارێکی تر بانگمان بکات ئەوا من نایەم" من پێم گووت:" **هەڤاڵ کەمال** من باش تۆ دەناسم" گووتی:" من بە کامە روو بێمە لای سەرۆك؟ ئەرکێکی بە ئێمە

سپاردووە تا من ئەو ئەرکە پێکنەهێنم ناتوانم بێم، ئەگەر من ئەرکی خۆمم پێکهێنا ئەو کاتە دەتوانم بێم بیبینم".

بێگومان لێرەشدا پێویستە مرۆڤ هەڵوێست و نزیکبوونەوەی هەڤاڵ "کەمال پیر" بۆ سەرۆك و بۆ ئەرك و بۆ رێکخستن تێبگات، لەلای هەڤاڵ "کەمال پیر" ئەرك بۆ ئەوەی مرۆڤ جێبەجێی بکات ئەرکە، ئەرك پیرۆزە، پەیوەستبوون بە سەرۆك، هەڤاڵێتی و تەڤگەر بە ئاخافتن نابێت، بە ئەرك پێکهێنان و لە ئەرکیشدا سەرکەوتن دەبێت. بۆیە هەڤاڵ "کەمال پیر" وەها ئاخفی. لێرەدا پێویستە مرۆڤ باش هەڤاڵ "کەمال پیر" بناسێت. واتا چۆن لەرێکخستن تێدەگات و چۆن لێی نزیك دەبێتەوە؟ چۆن لەئەرکی رێکخستن نزیك دەبێتەوە؟ لەئەرکدا سەرکەوتن بەبنچینە وەردەگرێت، بۆیە بەمشێوەیە قسەی کرد.

بێگومان ئەوان گەڕانەوە حیلوان، پاشان ئەو چالاکییە پێکهات، چالاکییەکی پڕ بەهێز بوو، زەبرێکی مەزن بە "سلێمانان" کەوت، هەمیش بەرۆژ و لەنێو بازاڕی حیلواندا لە سەرۆکی ئەم عەشیرەتەیاندا، هەندێکیان مردن و هەندێکی تریشیان بریندار بوون، ئەوانەی بریندار بوون بردیاننە عەنتاب، هەواڵیان بۆ هەڤالانی عەنتاب نارد کە بریندارەکان بۆ عەنتاب رەوانە کراون، ئەو هەڤالانەی لە عەنتابیش بوون بریندارەکان ئەوانەی لەگەڵ بریندارەکانیشیان بوون لەبەر دەرگای نەخۆشخانە کوشت و بریندار کرد، لە "سلێمانان" یەکێکیان هەڵات و چووە ئەدەنە، کە گەیشتە ئەدەنەش لەوێ ئەویش کوژرا. سلێمانان کە بینیان دەچنە هەر شوێنێك رزگاریان نابێت. بێگومان سەرۆك عەشیرەتەکەش کوژرا. بۆیە زەبرێکی مەزنیان بەرکەوت و ترسێکی گەورەیان لێنیشت، گەلیش باوەڕییەکی مەزنیان بەتەڤگەر هێنا، ئەو "سلێمانان"ەی کە دەیانگووت مرۆڤ ناتوانێت لێیان نزیك ببێتەوە، بینیان کە هەموویان دەکوژرێن، لەبازاڕدا دەکوژرێن، لەدەرەوەی حیلوان دەچنە هەر شوێنێك دەکوژرێن، ئەمە باوەڕییەکی مەزنی بە گەل بەخشی. ئەو کاتە گەل هەموو لەدژی "سلێمانان" سەریهەڵدا و لەگەڵ تەڤگەر بوو. شەڕی حیلوان بەمشێوەیە دەستی پێکرد و بەمشێوەیەش ئەنجامی وەرگرت.

حیلوان بەقەزا و گوندەکانییەوە بەتەواوی کەوتە ژێر کاریگەری تەڤگەرەوە، هەموو گەل لەگەڵ تەڤگەر بووە یەك، زۆریش پەیوەندییان بەتەڤگەرەوە کرد، پاشان

"سلێمانان" تەسلیم بوون، لە میکرۆفۆنی شارەوانیدا قسەیان کرد و گووتیان: "ئێمە تەسلیم دەبین، تەڤگەر چ لە ئێمە بخوازێت ئێمە جێبەجێی دەکەین" شارەوانیان تەسلیم کرد و چەکی خۆیشیان هەموو تەسلیم کرد.

ئێمە لە حیلوان بەڕێوەبەرایەتییەکمان لەخەڵك (گەل) دروست کرد، هەموو توێژێك لەنێو ئەو بەڕێوەبەرایەتییەدا جێیان تێدا گرت، بووە "**ئەنجوومەنی گەل**" ئیدی ئەو ئەنجوومەنە تەواوی "حیلوان"ی بەڕێوە دەبرد، هەموو بڕیارەکان ئەو ئەنجوومەنە وەریدەگرت، ئیدی دەوڵەت لەوێ ئیفلاسی کرد.

ئەو ڕەوشە تا کەی بەردەوامی کرد؟

تا بەرپابوونی کودەتای (١٢)ی ئەیلولی (١٩٨٠) بەردەوام بوو، گەل خۆی حیلوانی بەڕێوە دەبرد...

نموونەیەکی "دەسەڵاتی گەل" بوو...؟

بێگومان... بۆیە ئەزموونی حیلوان زۆر گرنگە، هەم لە مێژووی تەڤگەردا هەمیش لە مێژووی گەلدا بۆ یەکەمجار گەلی کورد بەبێ فیوداڵی کورد و بەبێ سەرۆك عەشیرەتی کورد، لەدژی دەوڵەت سەریانهەڵدا و ڕاپەڕین و ئەنجامگیریش بوون. ئەگەر مرۆڤ لە مێژووی گەلی کورد و مێژووی تەڤگەری کورد بڕوانێت ئەوا دەبینێت هەرچی ڕاپەڕینی کورد بەرپابووە گشتیان فیوداڵی کورد و سەرۆك عەشیرەتی کورد سەرۆکایەتی ڕاپەڕینەکەیان کردووە، بۆ بەرژەوەندی خۆیان گەلیشیان دەخستە جموجۆڵ و شەڕەوە، ئەمەشیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان کردووە، نەك بۆ گەل یان بۆ کوردایەتی، بەڵکو کوردایەتیان بۆ خۆیان کردۆتە ئامرازێك... هیچ کاتێکیش ئەنجامگیر نەبوونە. لە حیلوان بەبێ فیوداڵ و سەرۆك عەشیرەت و هەمیش لەدژی ئەوان تەڤگەرێك ناوابوو و ئەو تەڤگەرە بەئەنجام گەیشت. ئەمە لە مێژووی کوردستاندا شتێکی نوێ بوو و کاریگەری زۆر مەزنیشی لەسەر گەل دروست کرد، گەل بینی کە بەبێ فیوداڵ و سەرۆك

عەشیرەتەکانیش دەتوانن سەرهەڵبدەن و ڕاپەڕن. بەرابوونی بەمشێوەیە دەتوانن ئەنجام بەدەست بخەن، تاکو ئێستا ڕاببوون و هیچ ئەنجامێکیان بەدەست نەخستبوو، بەڵام بەم شێوازە ڕابوون توانیان ئەنجام بەدەست بخەن و لە حیلوان ئەنجامگیر بوون. کەواتە فیودالی کورد و سەرۆك عەشیرەتی کورد سەرناکەون و تەڤگەر بەسەرناخەن، مەگەر تەنیا گەل خۆی ڕاببێت دەتوانێت سەربکەوێت، ئەزموونی حیلوان ئەمەی سەلماند.

هەروەها ڕاستینەی چینی فیودالی کوردی ئاشکرا کرد، ئەوانە لە کوردستاندا چ ڕاستییەکیان هەیە؟ نوێنەرایەتی چی دەکەن؟ ئەمەی لە "گەل" کەیاند، ترسێکی مەزنیان شکاند، گەل زۆر لە فیوداڵەکان دەترسا، ئەو ترسەی شکاند، ئیدی لەهەموو جێیەك لەدژی زوڵمکارانی کورد، فیوداڵ، ئاغا، سەرۆك عەشیرەتی کورد گەل ڕابووە سەر پێیان. واتا ئەمە تەڤگەرێکی ئازادیخواز و دیموکراتخوازی لەناو گەلدا پێشخست، هوشیاری و زانابیەکی مەزن و لەسەر ئەو بنەمایەش ڕێکخستن و کەوتنە جموجوڵی ئاواکرد و پێشخست. ئیدی لەدژی زوڵمی فیودالان گەل ڕابوو و قەدەری خۆی خستە دەستی خۆیەوە، فیوداڵ و بەکرێگیراوانی کوردیش لەشەخسی "سلێمانان"دا زەبرێکی مەزنیان بەرکەوت، ئیدی نەیاندەتوانی وەکو پێشان زوڵم لە گەل بکەن، بینیان کە ئەو قۆناخ و سەردەمە بۆ ئەوان تەواو بوو و بەسەرچوو، تا ئەو کاتە لەبەرامبەر گەل هەرچییەکیان خواستبایە لە ناوچەکەی خۆیان دەیانکرد، هەڵبەتە دەوڵەتیش لەرێگەی ئەوانەوە دەسەڵاتی خۆی بەڕێوە دەبرد.

تەنانەت دەیانگووت؛ ژنهێنانیش دەبایە بە ئیزنی ئەوان بایە...

هەمووشت بە ئیزنی ئەوان بوو، ئیدی ئەو سەردەمە کۆتایی پێهات و تەڤگەرەکەمان قاچێکی دەوڵەتی شکاند و زەبرێکی مەزنی لێوەشاند. چونکە دەوڵەت داگیرکەرێتی و دەسەڵاتدارێتی خۆی لەرێی ئەوانەوە بەڕێوە دەبرد، بۆیە ئەوانیش هەرچییەکیان بکردایە دەوڵەت چاوپۆشی لێدەکرد. چونکە ئەو چینە بوو قاچی دەوڵەت بوون، ئەوانیش سوودیان لەمە وەردەگرت و هەموو شتێکیان بەبێ یاسا بەڕێوە دەبرد، بۆیە گەلیان بەتەواوی ترساند بوو و تەسلیمیان کردبوو... ئیدی کە "سلێمانان" زەبریان

بەرکەوت ئەوانی تر نەیاندەتوانی چیدی بەمشێوەیە هەڵسوکەوت بکەن، هەم فیوداڵان زەبریان بەرکەتبوو، هەمیش دەوڵەت زەبری بەرکەوتبوو، بۆیە لەهەموو شوێنێك سەردەمی گەل دەستی پێکرد، ئیدی گەل باوەڕی بەخۆی دەکرد، ئیرادەی خۆی بەبنچینە وەردەگرت، پێڤاژۆیەکی بەمجۆرە لە ناوچەی ئورفە و دەوروبەری پێڤاژۆیەکی بەمجۆرە پێشکەوت، لەزۆر شوێندا دەوڵەت و فیوداڵیش ئیفلاسیان دەکرد، دەسەڵاتی گەل پێشدەکەوت. ئیدی حیلوان پێڤاژۆیەکی بەمجۆرەی پێشخست و پێشدەخست، بۆیە زۆر گرنگ بوو.

لە مێژووی گەلی کورد و تەڤگەرەکانیدا بۆ یەکەمجار بوو لەهەموو توێژ و چینێکی گەل بەڕێوەبەرایەتییەك ئاوا بکرێت. بۆ نموونە؛ ئێستا هەندێك واتێدەگەن کە سەرۆك ئاپۆ دوای دەستگیرکردنی لە ئیمرالی، کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی کەشف کردووە و دایهێناوە. ئەمە وانییە ئێمە سەرەتا لە حیلواندا بە پراکتیك کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیمان پێکهێناوە. ئەزموونی حیلوان لەبەر ئەم خاڵەش گرنگە. چونکە لەوێ لەهەموو توێژەکانی نێو گەل بەڕێوەبەرایەتییەك ئاوا بوو، ئەو بەڕێوەبەرایەتییە حیلوانی بەڕێوە دەبرد. واتا کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی (بەڕێوەبەرایەتی گەل) دروست بوو. نەك ئەمڕۆ سەرۆك ئەمەی کەشف کردبێت، بەڵکو هەر لەدەستپێکی ئەم تەڤگەرەدا ئەمە هەیە. سەرۆك لە مێژوو و پراکتیکی ئەم تەڤگەرەدا ئەنجام و ئەزموونی لێوەرگرتووە و لە بەرگرینامەکانیدا گەیاندی بە"سیستەم" ێك. لەوانەیە پێشان وەکو سیستەمیك نەدەناسرا. چونکە کاریگەری "سۆسیالیزمی بنیادنراو" هەبوو، سەرۆك هزری خۆی لەو کاریگەرییانە خاوێنکردەوە و گەیاندییە سیستەمێك، نەك تازە کەشف کرابێت و تازە لەنێو ئەم تەڤگەرەدا قسەی لەسەر کرابێت. هەرچەندە وەك سیستەم و بە سیستەم تازە قسەی لەسەر دەکرێت، بەڵام لەرووی چەمك و پراکتیکدا هەبووە، لە حیلوان ئەمە پراکتیزە کراوە، بۆیە لەم خاڵەشدا ئەزموونی حیلوان گرنگە.

واتا لە حیلوان دەسەڵاتداریێتی دەوڵەتیش و فیۆداڵانیش تێکشکێنران و لەشوێنیدا "دەسەڵاتی گەل" ئاوابوو. ئیرادەی بەڕێوەبەرایەتی گەل ئاوابوو. ئیدی ئیرادەیەکی خۆجێی (محلي) لە شارەوانیدا دروست بوو. بەمشێوەیە کۆنفیدرالیزم لە حیلوان پێکهات. پێڤاژۆی گەل لەوێ دەستپێکرد. هەر بۆیە خەڵکی حیلوان لە قەزا و

گوندەکانی هەموویان لەدژی "سلێمانان" لەگەڵ تەفگەر بوون، بۆیە "سلێمانان"یش ناچار تەسلیم بوون، ئیدی ئەمە قۆناخێکی نوێی لە کوردستان دەستپێکرد، بۆیە چالاکییەکەی حیلوان گرنگە. کاتێك کە ئێمە شەڕی حیلوانمان دەستپێکرد وەکو گووتم؛ تەنیا یەك کلاشنکۆفمان هەبوو.

ئێمە بۆ ئەو مەبەستە چووینە"سروج"، چەپی تورك لەوێ هەندێك چەکیان کڕیبوو، قاچاخچییەکان ئەوانیان خەڵەتاندبوو و چەکیان نەدابوونێ، بە ئێمەیان گووت، بۆ ئێمەش چەك پێویستبوو، ئێمە چووین ئەو قاچاخچیانەمان بینی و پێمان گووتن:" ئەو چەکانە هی ئێمەن، پێویستە ئێوە بماندەنەوە، ئەوان ئێمەیان دەناسی، بەمشێوەیە دوو کلاشنکۆفمان لێوەرگرتن، ئەوەمان بە چەپی تورکیش گووت:" ئێمە ئێستا پێویستیمان بەو چەکانە هەیە، ئەگەر ئێوە پەسندی بکەن ئەوا بە قەرز لەئێوەی وەردەگرین و بەکاری دەهێنین و پاشان بۆ ئێوەی دەگەڕێنینەوە" ئەوانیش گووتیان:" تەواو، باشە" هەڵبەتە ئەوان نەیاندەتوانی ئەو چەکانە وەربگرنەوە، ئێمە بەمشێوەیە قسەمان لەگەڵیاندا کرد و ئەو دوو کلاشنکۆفەمان وەرگرت. بەمەش چەکی ئێمە بووە سێ کلاشنکۆف.

ئەم سێ کلاشنکۆفەمان هێنایە حیلوان. بەم سێ کلاشنکۆفە دەستمان بەشەڕی حیلوان کرد. تەنیا سێ کلاشنکۆف، لەبەرامبەر ئێمەشدا عەشیرەتێك هەمووی بە چەکی (G۱) و نارنجۆك خۆیان چەکدار کردبوو. تەنانەت تا ئەو شەڕەش نەماندەزانی نارنجۆك چییە و هیچ بەکارمان نەهێنابوو و لەدەستیشماندا نارنجۆك نەبوو. بەڵام گوندییەکی گوندێکی سەر بەشاری وێرانشار نارنجۆکێکی لەسەر زەوی دۆزیبووەوە، وادیار بوو لە سەرباز و شتی وا کەوتبوو و ماوەیەکی زۆر بوو لەسەر زەوییەکە کەوتبوو، لەژێر باراندا مابووەوە و ژەنگی گرتبوو و خراپیش ببوو. ئەو گوندییە بەئێمەی گووت:" نارنجۆکێك لەلای من هەیە. دەیدەم بە ئێوە" ئێمەش گووتمان:" باشە بماندەرێ" کاتێك ئێمە ئەو نارنجۆکەمان وەرگرت گووتمان:" ئیدی ئێمە بووینە خاوەن نارنجۆك، دەتوانین هەموو شتێك بکەین" واتا چۆن دەوڵەتێك بۆمبای ئەتۆمی بەدەستدەخات و دەبێتە خاوەن هێزێکی مەزن و ئیدی ناترسێت" بۆ ئێمەش بەهەمان شێوە بووە هێزێکی مەزن. ئەو نارنجۆکە بۆ ئێمە گوزارشتێکی وەهای هەبوو و گووتمان:" ئیدی نارنجۆکێکی ئێمەش

هەیە و دەتوانین هەموو شتێك بكەین" كەچی خۆی یەك دانە نارنجۆكیش بوو، وەكوتریش ئێمە نەماندەزانی نارنجۆك چۆن دەتەقێنرێت. هەر ئەوەندەمان دەزانی دەكوژێت. بەڵام نەماندەزانی چۆن دەتەقێنرێت، هەڤاڵ **"محەممەد قەرسوونگور"** سەربازی توركیای كردبوو، گووتی:" من دەزانم" دەستی بۆ ئەڵقەكەی برد گووتمان:" نامان، وریابە، مەترسیدارە..." گووتی:" هیچ نییە، من پەروەردەی ئەوەم بینیوە و دەزانم چۆن دەتەقێنرێت" ئێمە دیسان دەمانگووت:" چ دەبێت و چ نابێت دیار نییە، وریابە، نارنجۆكەكە بتەقێنرێت هەمووان دەكوژێت". ئێمە شەڕمان بەم ئیمكانیاتە و لەم كەش و هەوایەدا دەستپێكرد، بەڵام ئیرادەیەك و سووربوونێك هەبوو، بەمە دەستمان پێكرد و سەركەوتین.

دوای ئەوەی هەڤاڵ **"خەلیل چاوغون"** شەهید كرا، گەل زۆر ترسابوو. من و هەڤاڵ **"كەمال پیر"** كە چووین بۆ حیلوان هیچ ماڵێك نەیدەتوانی ئێمە میوانداری بكات، تەنیا كەسێك ئێمەی بە دزی بردە ماڵی خۆی و بە ئێمەی گووت:" تكا دەكەم، مرۆڤ ناتوانێت لەبەرامبەر سلێمانان رابوەستێت، خەلیل كوژرا ئێوەش خۆتان بە كوشتن نەدەن و ئێمەش بە كوشتن نەدەن، بڕۆن با سلێمانان نەزانن كە ئێوە هاتوونەتە ئێرە..." بێگومان ئێمە بەزۆر قەناعەتمان پێیكرد، ئێمە هەندێك كەسمان بەنهێنی هێنایە ئەو ماڵەوە، بەنهێنی قسەمان لەگەڵیاندا كرد، خواستمان باوەڕییان پێبدەین، چەندە قسەمان لەگەڵیاندا دەكرد، بەڵام زێدە باوەڕیان نەدەكرد، ئیدی لەوێ دەركەوتین و چووین ئەو چەكانە بهێنین، سلێمانان لەبەر ئەوەی خەڵكی قەزاكە هەمووی دەناسن، كە یەكێكی نامۆ و غەوارە (غەریب) بێت و بچێت دەزانن كە كەسێكی غەریب هاتۆتە قەزاكەوە، بینیان كە ئێمە غەریبین یەكسەر بە ترومبێل دوامان كەوتن و تاقیبیان كردین، شوفێری ئەو ترومبێلە ئێمە لێی سوار ببووین لەدژی سلێمانان قسەی زۆر دەكرد، جارێك بینیمان یەكسەر دەنگی خۆی بڕی، گووتمان:"چیبوو؟" گووتی:" سلێمانان بە ترومبێل تاقیبی ئێمە دەكەن" بینیمان بەراستی دوو ترومبێل لەپشتمانەوە دێن، گووتمان:" لەوانەیە ئەوان بن، بازۆ(لێبخوڕە)" گووتی:" ئیدی ناتوانم لێبخوڕم" ئەژنۆی شكا، زۆر ترسا، گووتمان:" باشە ئەگەر هاتن بڵێ:" من ئەوانە ناناسم، ئەوانە میوانن و نەفەرن و لە حیلوانەوە سواربوونە، چیین و چی نین من نازانم، من پارەی

خۆم وەردەگرم و نازانم کێن تۆ وەها بڵێ" من و هەڤاڵ "کەمال"یش لەنێوان خۆماندا ڕێککەوتین کە بڵێین:" ئێمە مامۆستاین لە سیڤەرەکەوە هاتووین و دەچینە ئورفە مووچەی خۆمان وەردەگرین، ئێمە ترومبێلمان تا حیلوان پەیدا کرد، لە حیلوانیش ئەو ترومبێلەمان بینی و لێی سوار بووین و دەچینە ئورفە، ئەگەر باوەڕیان کرد باشە، ئەگەر باوەڕیشیان نەکرد و خواستیان بمانگرن خۆ دەهاوێژینە سەر چەکەکانیان، کە چەکەکانیانمان خستە دەستی خۆمانەوە ئێمە چەندێکیان لێ دەکوژین، ئەوانیش ئێمە دەکوژن". وەکوتر ڕزگار بوون نییە، ئێمە چەکیشمان پێنەبوو، من و هەڤاڵ "کەمال پیر" بووین، "کەمال پیر"یشمان تازە لەزیندانی ئورفە ڕفاندبوو، قاچاخ بوو و ناسنامەیەکی ساختەی پێبوو. بێگومان ترومبێلی یەکەمی "سلێمانان" هات و پێشی ئێمەی گرت و گووتی:" ڕابوەستن" ئێوە لەکوێوە دێن؟" گووتمان:" ئێمە لە سیڤەرەکەوە دێین و دەچینە ئورفە، مامۆستاین" ئێمەیان نەناسی. چونکە پێشتر ئێمەیان نەبینیبوو، هیچ زانیارییەکیان لەسەر ئێمە نەبوو، هەمووشیان چەکدار بوون، چەکی گەویج و کلاشنکۆفیان پێبوو، گووتیان:"بڕۆن" ترومبێلەکەی دیکە هات و لەلای ترومبێلی یەکەم ڕاوەستا، لەنێوان خۆیان مقۆمقۆیەکیان کرد و جارێکی دیکە بەدوامانەدا هاتن. ئیدی ئێمە گەیشتینە "ئورفە" و ناچار بوون گەڕانەوە و ڕۆیشتن. بەمشێوەیە خۆمان ڕزگار کرد، ئێمە کە چووین بەشۆفیرمان گووت:" لە حیلوان باسی ئەمە مەکە" ئێمە چووین چەکمان هێنا، کە گەڕاینەوە بینیمان شۆفیرەکە گەڕاوەتەوە و هەموو خەڵك پێی زانیوە، ئەو کەمە مۆراڵەی دروستیشمان کردبوو ئەویش نەماوە، جارێکی دیکە دەستمان پێیکردەوە. واتا لە هەلومەرجێکی بەمجۆرەدا تەڤگەر دەستی بەشەڕی حیلوان کرد. بێگومان زۆر بە زەحمەتی ئەو شەڕەمان پێشخست، تا زەبری یەکەممان لە "سلێمانان" نەدا گەل باوەڕی بە ئێمە نەدەکرد.

ئێمە لەناو بازاڕ و بەڕۆژ و لەپێش چاوی خەڵك بوو لەوان درا، ئەوان لەناو ترومبێلدا بوون و دەگەڕان و دەسوڕانەوە. هەڤاڵانیش لێیان دان، زەبرێکی مەزنیان لێدرا، ئەوەی برینداریش بوو و هەڵاتبووە دەرەوەی حیلوان کوژران، ئەو کاتە گەل باوەڕی بە ئێمە کرد و هەموو گەل ڕابوو و لەگەڵ تەڤگەردا شوێنگیر بوون.

باست لەوە کرد کە یەك کلاشینکۆفتان هەبوو، ئەو کلاشنکۆفەتان چۆن بەدەستخست؟ هەڵویست و مۆراڵی هەڤالان بۆ ئەم کلاشنکۆفە چیبوو و چۆن بوو؟

بێگومان ئێمە کە ئەو کلاشنکۆفەمان بە قەرز کڕی، مۆراڵێکی زۆر مەزن و تۆکمەی لەنێو هەڤالان دروست کرد. چونکە هەموو هەڤالان حەماڵێتیان کردبوو و لەدەمی خۆیان گرتبووەوە و بەم پارەیەی پاشەکەوتمان کردبوو کڕیبوومان. کە پارەکەش بەشی نەکرد، لە سروج قاچاخچییەکانمان دەناسی، بەقەرز لێیانمان وەرگرت. ئەو کاتە ئەگەر هەڵە نەبم ئەو چەکەمان بە یازدە هەزار کڕی و مزەللی بوو. ئێمەش تەنیا دە هەزارمان هەبوو، پاشان هەزارەکەی ترمان دایەوە بە قاچاخچییەکە. کاتێك ئەو کلاشنکۆفەمان کڕی و بووینە خاوەن چەك، ئیدی دەمانگووت:" ئێمە چەکمان هەیە و دەتوانین شەڕ بکەین" هەموو هەڤالان وەکو چاوی خۆیان دەیانپاراست بۆ ئەوەی ژەنگ نەگرێت و شوێنێکی خراپ نەبێت و زەبری پێنەکەوێت، کاتێك ئەو کلاشنکۆفەمان لە قاچاخچییەکە وەرگرت بە هەڤاڵ **"کەمال پیر"**مان گووت:" لەلای ئەو قاچاخچییانە باش خۆت لێی فێر بکە" چونکە ئێمە نەماندەزانی بەکاری بهێنین و چۆن کار دەکات و چۆن بیکەینەوە. گووتمان:" تۆ فێر ببە، ئێمەش لە تۆوە فێر دەبین". ئیدی لە قاچاخچییەکە فێر ببوو و چەکەکەی هێنایە ئورفە. پێمان گووت:" با بزانین چۆن بەکار دەهێنرێت و چۆن دەکرێتەوە و خاوێن دەکرێتەوە؟" ئیدی هەڤاڵ **"کەمال پیر"** چەکەکەی کردەوە، کە ویستی پارچەکانی بخاتەوە سەریەك نەیتوانی، کاتێك کە نەیتوانی بیخاتەوە سەریەکتری ئەو چەکە لەدەست ئێمەدا وەك پارچەیەك ئاسنی لێهات. ئیدی گووتمان:" ئەو هەموو رەنجەی دامان و ئەو هەموو پارەیەی ئێمە هەمووی بەفیڕۆ چوو" پێیمان گووت:" بۆچی باش فێر نەبوویت؟" گووتی:" من فێر بووم بەس ناچێتەوە سەر یەك" گووتمان:" ئەگەر بەفشار بیخەیتەوە سەریەك لەوانەیە پارچەیەك یان شوێنێکی بشکێت، ئەمەش نابێت" گووتی:" نا ئیللا دەیخەمەوە سەریەك" گووتمان:" ئاخر بەفشار نابێت، ئەم جارە لەدەستتدا دەشکێت، بۆیە دەستی

لێمەدە" گووتی:" ئێمە ناچارین فێر ببین" ئەویش راستی دەگووت. ئەملا و ئەولا، دیسان پارچەکانی خستەوە سەر یەکتری، خواستی جارێکی تر بیکاتەوە گووتمان:" مەیکەرەوە، ئامان!!، لەوانەیە بشکێت یان خراپ ببێت، با پارەکەمان بەفیرۆ نەچێت". گووتی:" پێویستە ئێمە فێر ببین"، ئیدی بەمشێوەیە فێربووین کلاشنکۆف چۆن دەکرێتەوە و چۆن بەکار دەهێنرێت. پێشتر چەکمان نەبوو، کەسیش پەروەردەی نەکردبووین، بەمشێوەیە لەکردنەوە و بەکارهێنانی کلاشنکۆف تێگەیشتین. ئەو کلاشنکۆفەمان بەهەموو شارەکانی کوردستاندا دەگەڕاند و بەو کلاشنکۆفە چالاکیمان ئەنجام دەدا، هەڤاڵانی ئێمەش وا تێگەیشتبوون کە لەهەموو شوێنێك کلاشنکۆفمان هەیە، ئەو گروپانەش کە لەدەرەوەی ئێمەش لەدژی ئێمە بوون هەر وایان دەزانی لەهەموو شوێنێك کلاشنکۆڤ ئێمە هەیە، بێگومان هەمووی هەر یەك کلاشنکۆف بوو، ئێمە هێندە دەمانگەڕاند نەمانهێشت رۆژێك بگیردرێت، یان پیس ببێت، تۆ هەرگیز نەتدەبینی پیس بووبێت. هەموو هەڤاڵانیش وەکو چاوی خۆیان دەیانپاراست.

دوای سەرکەوتن لە شەڕی حیلوان کە دەسەڵاتی گەل دێتە ئاراوە و گەل مۆراڵ وەردەگرێت و پێشکەوتن روودەدات... ئەو هێزە چەپ و کوردانەی کە پێشتر شەڕی تەڤگەریان دەکرد، دوای ئەوەی پراکتیکێکی ئاپۆچییان بینی کە دەسەڵات بۆ ئاپۆچییان نییە، بەڵکو بۆ گەلە، ئەو هێزانە چۆن نزیك دەبوونەوە؟ هەروەها دەوڵەت چۆن نزیك دەبووەوە؟

بێگومان تەڤگەر بە شەڕی حیلوان خۆی باشتر ناساند، پێشکەوتنێك بەدیهات، باوەڕپێیەکی زیاتری بە گەل بەخشی، بۆیە ئەو هێرشەی لەسەر تەڤگەر هەبوو، مەزنتر و زیاتر بوو، دەوڵەت گروپەکانی تری زیاتر دژی ئێمە هاندا. زێدەتریش ئەو گروپانەی کە بەخۆیان دەگووت:" ئێمە کوردین" ئەو گروپانە زیاتر هێرشیان کردە سەر ئێمە،

هەم لەرووی ئایدیۆلۆژییەوە هێرشیان کردە سەرمان و دەیانخواست ناوی تەڤگەرەکەمان بزڕێنن و دەیانگووت:" ئەوانە شەڕ دژی عەشیرەتەکان دەکەن، عەشیرەتەکان بەگژ یەکتردەوە دەنێن، خراپکاری دەکەن..." بەمشێوەیە پڕوپاگەندەیان دەکرد، بەمەش لەنێوان خۆیاندا بەرەیەکیان لەدژی ئێمە بەناوی **یەکێتی هێزە دیموکراتی و نەتەوەییەکان** (UDG) دامەزراند.. لەژێر ئەو ناوەدا (DDKD، KUK، ڕێگای ئازادی، ئاڵای رزگاری و ...هتد) نەك لەدژی دەوڵەت، بەڵکو لەدژی ئێمە بە عەسکەری هێرشیان کردە سەر ئێمە، تا ئەو کاتە گروپە کوردییەکان بە عەسکەری هێرشیان نەکردبووە سەر ئێمە، بەڵکو بە پڕوپاگەندە دژی ئێمە بوون، تەنیا گروپەکانی چەپی تورك بە عەسکەری هێرشیان دەکردە سەرمان، بەڵام دوای حیلوان لەبەر ئەوەی شەڕی حیلوان راستینەی ئەوانیشی ئاشکرا کرد، کە چییە و چی نییە؟! لەناو گەلیشدا ئیدی قیمەتیان نەدەما و ریسوا دەبوون و تادەهات لاوازتر دەبوون و پەرشوبڵاوەیان پێدەکرا و بنکەی جەماوەری خۆیشیان لەدەست دەدا، شەڕی حیلوان ئەمەی زیاتر کرد و پێشخست، بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر پێیان بمێنن بە عەسکەریش هێرشیان کردە سەر تەڤگەر، ئەو بەرەیان دامەزراند. بەو بەرەیەش لەدژی تەڤگەر هێرشی عەسکەریان ئەنجامدا.

وابزانم هەر ئەو کاتە بوو کە لە شارەکانی دیلۆك (عەنتاب) و دێرسیم دا لەناو تەڤگەردا گروپێك بەناوی "تێکۆشین" دەردەکەون کە خاوەن مەیلی جودان. ئەو گروپە چۆن و بۆچی دەرکەوتن و خاوەن چ مەیل و چەمك بوون؟ پاشان چییان لێهات؟

ئەوانەی **تێکۆشین** (TEKOŞİN)یان دروستکرد لەبنەڕەتدا ئەو کەسانە بوون کە پێشتر لەناو چەپی تورکدا کاریان کردبوو، لەناو ئەوانیشدا چەند کوردێکیش هەبوون، ئەوانە دەستبەرداری چەپی تورك بوون و گووتبوویان:" ئێمە بەناوی کوردستان ڕێکخستنێك پێشدەخەین"، کاتێك خواستبوویان هەنگاوێکی بەمجۆرە بهاوێژن، چەپی تورك بەوانەیان گووتبوو:" ئەگەر ئێوە دەخوازن بۆ کوردستان ڕێکخستنێك پێشبخەن ئەوا

ڕێکخستنێکی ئاپۆچییەکان هەیە ئەو شتانەی ئێوە دەیڵێن قسەی ئاپۆچییەکانە، ئێوە شتێکی جوداتر لەوان نالێن، بڕۆن تەفلی ئەوان ببن و لەناو ئەواندا کار بکەن باشترە" ئەوانە گووتبوویان:" نا، ئێمە جودا خۆمان ڕێکخستە دەکەین و ڕێکخستن ئاوا دەکەین". هەندێك لەوانەی "تێکۆشین"یان دروستکرد لەو کەسانە بوون، هەندێکیش ئەوانە بوون کە بەشداریان لەرەشەکوژییەکەی هەڤاڵ "حەقی قەرار" کردبوو، لەناو ئێمەدا بوون، هەندێکیش پیاوی خودی دەوڵەتی تورکیا بوون. واتا لەوانە هەموویان گروپی "تێکۆشین" دروستببوو. ئامانجی ئەو گروپەش ئەوە بوو چۆن تەفگەری ئێمە بخەنە دەستی خۆیانەوە، چۆن توانستی تەفگەر بکەوێتە دەستیان؟ لەم پێناوەدا هەوڵیان دەدا. کاتێکیش کە ئەم ئامانجانەیان بەدینەهات، ئیدی خواستیان تەفگەر تەسفیە بکەن و بەمجۆرە خۆیان لەشوێنی تەفگەر دابنێن. لەمەشدا هەر سەرنەکەوتن و ئەنجامیان بەدەست نەهێنا، کاتێك ئێمە لە حیلوان لەدژی "سلێمانان" شەڕمان دەکرد و هەمموومان بەمە خەریك ببووین، ئەمەش لەگەڵ خۆیدا هەندێك بۆشایی لە دیلۆك و دێرسیمدا دروستکرد، ئەوانیش ئەم هەلەیان قۆستەوە، پێیان وابوو دەتوانن لەو شوێنانە تەفگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە. بێگومان هەندێك لەناو ئێمەشدا هەبوون و لەگەڵ ئەوانە لەنێو پەیوەندی دابوون، ئەوانە هەموویان پێکەوە کاریان دەکرد، ئێمە ئەوەمان نەدەزانی، ئەوانەی ناو ئێمە و ئەوانەی لەدەرەوە "تێکۆشین"یان دروستکردبوو پێکەوە کاریان دەکرد. ئێمە ئەو کاتە لە حیلوان بووین. هەواڵمان پێگەیشت کە لە عەنتاب بەناوی "تێکۆشین" کودەتایەك ڕوویداوە و دەستیان بەسەر تەفگەردا گرتووە. هەموو شتێکی تەفگەریان خستۆتە دەستی خۆیانەوە. بۆیە ئێمە چووینە عەنتاب بۆ ئەوەی بزانین ئەوە چ مەسەلەیە و چۆن ڕوویداوە و کێن ئەوانەی وایانکردووە. کە چووینە عەنتاب بینیمان کە مەسەلەکە ڕاستە. واتا هەندێك کەس لەناو ئێمەدا لەگەڵ ئەوانەی لەدەرەوەی ئێمە "تێکۆشین"یان دروستکردووە و بەیەکەوە دەستیان بەسەر تەفگەردا گرتووە، هەموو توانستی تەفگەریشیان بۆخۆیان بردووە و ئیدی دەڵێن:" تەواو ئاپۆچی لێرە کۆتاییان پێهات" هەندێك لە هەڤالانی ئێمە لەبەرامبەر ئەم ڕووداوە شۆك بوونە، نازانن چیبکەن؟! هەڵبەتە ئەو هەڤاڵانەشیان بێکاریگەر کردووە، هەموو شتێکیان خستۆتە دەستی خۆیان، هەر یەکێك بەخۆی بڵێت:" من ئاپۆچیم" تەسفیەی دەکەن.

بۆیە لەنێو کادیران و گەلدا شڵەژان و ترسێك پەیدا بووە، هەر کەسە و چۆتە ماڵی خۆی و بەبێدەنگی لێی دانیشتووە و نازانێت چی بکات؟ لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی لەوێ نییە، کەسێکی ئەوتۆش لەوێ نییە ڕێنماییان بکات. ئیدی بەمشێوەیە باڵادەستی خۆیان سەپاند بوو، ئێمە کە چووین بینیمان ڕەوشەکە زۆر مەترسیدارە، بەراستیش تەفگەر لەوێ تەسفیە بووە و هەموو شتێك کەوتۆتە دەستی "تێکۆشین"ەوە، ئەمەش لەڕێگەی ئەوانەی لەناو ئێمەدا بوون ئەنجامیان داوە، ئەگەر وا نەبایە نەیاندەتوانی وەها بکەن. ئێمە دەستمان بەسازدانی چەندین کۆبوونەوە کرد، هەم لەگەڵ هەڤاڵان، هەمیش لەگەڵ گەل، تا ئەوانەمان تەنگاو کرد، جارێکی دیکە هەموو شتێکی تەفگەرمان لەدەست ئەوان دەرخستەوە، ئەوانە هەڵاتن، بەمشێوەیە بێ ئەنجام بوون. بێگومان سەرەتا ڕوونمان کردەوە ئەم مەسەلەیە چییە و چ نییە، جڤینمان لەگەڵ هەڤاڵان و گەل ساز کرد. کاتێك کە هەڤاڵان و گەل لە ڕەوشەکە تێگەیشتن و بینیان بەڕێوەبەراتیش هاتۆتە ئێرە و لەمەش هێز و وزەیان وەرگرت، ئیدی دژی ئەوان دەرکەوتن و ئەوان نەیاندەتوانی جموجۆڵ بکەن و بچنە ناو هەڤاڵان و گەلەوە، ڕەوشیان زۆر تەنگ بوو، ناچارمان هەڵاتن. ئەو کاتە چووینە سەریان و هەندێك لەوانەمان سزا دا و هەموو ئیمکانییەتی تەفگەر؛ لە چەك و هەر چییەك هەبوو جارێکی تر لەدەستیان دەرهێنرایەوە. ئیدی جارێکی تر تەفگەر کار و خەباتی خۆی لەوێ دەستپێکردەوە. بێگومان کاتێك ئێمە ڕەوشەکەمان لە عەنتاب بینی مەزەندەمان کرد کە هەمان شت لە "دێرسیم"یش ڕوودەدات. کە هێشتا ڕووینەدابوو یەکسەر هەڤاڵانمان نارده ئەوێ و گووتمان:"بڕۆن لەوێش تەدبیری خۆتان وەربگرن، تا دەکرێت زوو بچن. چونکە بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی وەرمانگرتووە ئەوا لە دێرسیمیش هەمان شت ڕوودەدات. ئێمە هەم مەزەندەمان کردبوو، هەمیش زانیاریمان وەرگرتبوو. هێشتا شتێك دیارنەبوو، بەڵام بە هەڤاڵانمان گووت:" زوو بچن و درەنگ نەکەون" بەرلەوەی ئەوان شتێك بکەن ئێوە بچنە ئەوێ، کە گەیشتنە ئەوێ ئەوان ناتوانن کارێك بکەن". ڕێك ئەو کاتەی هەڤاڵان گەیشتنە ئەوێ خواستبوویان لەوێش خۆیان رابگەیەنن و دەست بەسەر تەفگەردا بگرن، ئەزموونی عەنتاب (دیلۆك)یش هەبوو، هەڤاڵان یەکسەر پێشیان لێگرتن و لەپیلانەکەیاندا سەرنەکەوتن، لەوێش چووینە سەر ئەوان، ئەو ڕێکخستنەمان

پەرشوبلاو کردەوە، چونکە ئێمە هەندێکمان سزا دا، هەندێکیشیان کە ببوونە ئامراز بەدەست ئەوانەوە، کە لە رەوشەکە تێگەیشتن دەستبەرداری ئەوان بوون و گەڕانەوە نێو تەفگەر، چونکە بینیان ئەمە رێکخستەیەکی شۆڕشگێڕی نییە، ئامانجی خۆیشی ئەوەیە کە ئەم تەفگەرە بخاتە دەست خۆیەوە و تەسفیەی بکات. لەمە تێگەیشتن و دەستبەرداری بوون، چوونی ئێمە بۆ سەر ئەوان ئەو رێکخستنەی پەرشوبلاوە پێکرد و بەمشێوەیە "تێکۆشین" بێکاریگەر تەسفیە بوو.

بێگومان ئیدی هەندێك لەوانەی بە نهێنی لەگەڵ ئەوانەدا کەوتبوونە نێو پەیوەندییەوە سیخوڕ بوون، ئەمە ئاشکرا بوو، بەتایبەت هەندێك لەوانەی لە رەشەکوژییەکەی هەڤاڵ "حەقی قەرار" بەشدار بوون، ئەوانە هەمان ئەو کەسانە بوون کە پڕوپاگەندەی ئەوەیان دەکرد و دەیانگووت:" ئێمە حەقیجیین" بەمە دەیانخواست تەفگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە ، کاتێك کە لەیستۆکی ئەوان ئاشکرا بوو، هەڵاتن، لەگەڵ "تێکۆشین"دا بەیەکەوە رایانگەیاند کە تەفگەر تەسفیە دەکەن. بێگومان تەفگەر ئەو دەرفەتەی بەوان نەدا، هێزێکی ئەوتۆشیان نەبوو کە بتوانن ئەمە ئەنجام بدەن، بەمجۆرە ئەو مەترسییەشمان وەها بێکاریگەر کرد...

هەنگاوێکی هاوشێوەی هەنگاوەکەی "حیلوان" لە "سیڤەرەك"یش هاوێشترا. ئەو هەنگاوە چۆن هاوێشترا؟ ئەو دەرئەنجامانەی لەگەڵ خۆیدا هێنای چیبوون؟

لە سیڤەرەکدا چەتەی فیوداڵ "محەممەد جەلال بوجاق" باڵادەست بوو، چەتەکانی "بوجاق" تەنیا لە سیڤەرەکدا دەسەڵاتدار نەبوون، بەڵکو لەدەوروبەری سیڤەرەکیش باڵادەست بوون، هەم لە بازێڕ هەم لە قەزاکانی نزیك سیڤەرەك و هەمیش لە گوندەکان بەتەواوی دەسەڵاتدارێتی ئەوان بەڕێوە دەچوو. بەبێ ئەوان نە گەل دەیتوانی هەنگاوێك بهاوێژێت و نە دەوڵەتیش، بەتەواوی بەدەست ئەوانەوە بوو، بەسەدان چەکداری خۆی هەبوو، هەموویشی پیاوکوژ بوون. زۆر کەسیان کوشتبوو. واتا لە سیڤەرەك و

دەوروبەری سیڤەرەك گەل زۆر لەوان دەترسا، گەلیان بەتەواوی تەسلیم کردبوو. دەوڵەتیش هەموو شتێکی تەسلیم بەوان کردبوو، بۆیە زوڵمێکی مەزنیان پەیڕەو دەکرد، بێ یاساییەکی زۆریان بەڕێوە دەبرد، خەڵکیان دەگرت و دەیانکوشت و دادگاییان دەکرد و سزایان دەدان. دەستیان بەسەر موڵك و ماڵی خەڵك دادەگرت. کەسێکیش نەیدەتوانی لەدژی ئەوان رابوەستێت، تەنانەت ئەوانەش کە بەخۆیان دەگووت:" ئێمە شۆڕشگێڕین" وەکو (DDKD، رزگاری، ئاڵای رزگاری. کاوەجی) هەموویان لەوێ بوون، هیچیان لەدژی ئەو چەتە فیوداڵە نە ئاخافتنێکیان دەکرد نە کارێکیان دەکرد. کاتێك ئێمە لە حیلوان تەڤگەرمان پێشخست، هەم کاریگەری خۆی لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری حیلوان دروست کرد، هەمیش "محەمەد جەلال بوجاق" ئەو مەترسییەی بینی، بۆیە هەوڵیدا بۆ ئەوەی زەبر لە حیلوان بدات، ئێمە ئەوەمان دەبینی کە مەترسییەك لە ئارادایە. بۆ ئەوەی ئێمە حیلوان بپارێزین، هەمیش رێگیری لەو زوڵمەی کەوا "محەمەد جەلال بوجاق" لەسەر گەل دەیکات بکەین، لەدژی ئەو چەتە فیوداڵە دەستمان بە ئامادەکارییەك کرد. ئەگەر ئێمە ئامادەکاریمان نەکردبایە و نەچووینایە سەری مسۆگەر ئەو دەهاتە سەر ئێمە، دەهاتە سەر حیلوان... ئێمە ئەزموونی حیلوانیشمان هەبوو، چۆن "سلێمانان" هێرشیان کردبووە سەر تەڤگەر و زەبریان لە تەڤگەردا بوو، زۆر ئێش و زەحمەتیمان بینی تاکو توانیمان لەدژیان رابوەستین، نەماندەخواست هەڵەیەکی بەمجۆرە لە سیڤەرەکیش دووبارە بکەینەوە. بۆیە لەژێر سەرۆکایەتی هەڤاڵ "محەمەد قەرەسوونگور"دا بۆ سیڤەرەك ئامادەکاریمان کرد، بێگومان کاتێك کە ئامادەکارییەکانمان دەکرد ئەو ئامادەکارییانە زۆر بەزەحمەتی و دژواری ئەنجام دەدرا.

بۆ نموونە؛ لەوێ دۆستێکی زۆر باش هەبوو، من و هەڤاڵ "محەمەد قەرەسوونگور" چووینە ماڵی ئەو دۆستە، هەندێك هەڤاڵی دیکەشمان لەگەڵ دابوو. ئەو دۆستە دەیگووت:" هیچ هێزێك ناتوانێت لەدژی محەمەد جەلال بوجاق رابوەستێت، ئەگەر ئێوە دەخوازن با بچینە دیاربەکر هێرش بکەینە سەر فەیلەقی سوپای تورکیا، من بۆ ئەمە ئامادەم و هەم، بەڵام بۆسەر محەمەد جەلال بوجاق من ئامادە نیم و من لەگەڵدا نیم". هەروەها دەیگووت:" لەسەرەوە خودا و لەخوارەوەش بوجاق، مرۆڤ هەرگیز

ناتوانێت لەدژی بوجاق رابوەستێت" تەنانەت دەیگووت:" باوەڕیم زۆر بە ئێوە هەیە، من تکا دەکەم، من ماڵ و منداڵی خۆم هەمووی تەسلیمی ئێوە دەکەم، من دەزانم لەمێژەوە زەرەر ناگاتە خانەوادەی من. من لێرە دەردەکەوم و دەڕۆم". تا ئەو رادەیە دەترسا، ئەو کەسە کەسی هەرە باش و ولاتپارێز بوو، تەنانەت ئەویش ئەو هێزەی نەدەبینی کەمرۆڤ لەدژی بوجاق رابوەستێت و دەیگووت:" ئەگەر هەر کەسێك لەدژی بوجاق رابوەستێت ئیدی کۆتایی بەو کەسە خۆی دێت"

بۆیە زۆر بەزەحمەتی ئەو ئامادەکارییەمان پێشخست، پێویستبوو سەرەتا زەبر لەخودی بوجاق کەوتبا، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجام بەدەست بخەین. چونکە لەئەزموونی "سلێمانان" ئەوەمان بینیبوو. ئەگەر تۆ زەبرت لە سەرۆکەکە وەشاند و ئەنجامیشت بەدەستخست، ئەوا تۆ دەتوانیت سەرکەوتوو بیت. بۆیە زیاتر لەسەر بوجاق راوەستاین. لەئاکامدا چالاکییەکە ئەنجام درا، بوجاق و هەندێك کەسی خۆی چووبوونە گوندێك. هەڤالان زانیارییان وەرگرتبوو، چووبوونە سەر ئەو ماڵەی ئەوان لێی بوون. هەڤالان باوەڕیان بەخۆیان هەبوو کە دەتوانن ئەنجام بەدەست بخەن، ئەو نارجۆکەی کە باسم لێیەوەکرد، کە کەسێکی خەڵکی وێرانشار دابووی بە ئێمە، هەڤالان هەندێك بەو نارنجۆکە باوەڕ ببوون. کەوا نارنجۆکەکە دەهاوێژنە ژوورەوە و پاشانیش هێرش دەکەن. بەمشێوەیە دەتوانن ئەنجام بەدەست بخەن.

لەلایەکەوە پشتیان بەم نارنجۆکە قایم کردبوو، لەلایەکی دیکەشەوە کاتێك کە بوجاق چووبووە گوندەکە، هەڤالان لە شوێنێکی دیکە بوون. یەکسەر کە هەواڵیان پێگەیشتبوو چووبوونە گوندەکە. واتا زێدە بەپلان و ئامادەکارییەکی مەزنەوە نەچووبوون. چونکە زۆر زەحمەت بوو بوجاق وەها بەدەست بکەوێت، دەرفەتێکی بەمشێوەیە رەخسابوو، هەڤالانیش گووتبوویان:" تا هەواڵ بۆ هەڤالان دەنێرین و ئامادەکارییەکی باشتر بکرێت، لەوانەیە ئەو لە گوندەکە بڕوات، تا نەچووە با خۆمانی پێبگەیەنین". هەڵبەتە لە ئامادەکارییەکانی هەڤالاندا کەموکوڕی هەبوو، واتا لەچالاکی هێرشکردنەکە بۆ سەر بوجاق دا کەموکوڕی هەبوو. هەڤالان دەچن و هێرش دەکەن، ئیدی شەڕ دەست پێدەکات. هەڤالان نارنجۆکەکە دەهاوێژن، بەلام ناتەقێتەوە، چونکە نارجۆکەکە خراپ بووە، کۆن بووە. کاتێك کە نارنجۆکەکە نەتەقییەوە، پشتیشیان بەم نارنجۆکە بەستبوو

و پیلانەکەیان لەسەر ئەو نارنجۆکە دارشتبوو. بۆیە پیلانی هەڤالان سەرناگرێت. ئیدی هەڤاڵ "**ساڵح کەندال**"یش دەچێتە ئەو ژوورەی کە "**بوجاق**"ی لێیە، لەو باوەڕە دایە کە نارنجۆکەکە دەتەقێتەوە، کاتێك کە ناتەقێتەوە هەڤاڵ "**ساڵح کەندال**" دەبێتە ئامانج، یەکسەر لەوێ شەهید دەبێت. هەندێك لە پیاوانی "**بوجاق**"یش دەکوژرێن، "**بوجاق**" خۆیشی بریندار دەبێت و خۆی دەخاتە ژێر تەرمەکانەوە، هەڤالان دەڵێن:" وادیارە تەواو بووە". لەبەر ئەوەی هەڤاڵ "**ساڵح کەندال**"یش شەهید بووە و دوو هەڤاڵی دیکەش بریندار ببوون، هەڤالان دەڵێن:" وادیارە **محەممەد جەلال بوجاق** کوژراوە، هیچ دەنگی چەکیش نایەت" تاریکیش بووە. ئیدی هەڤالان بۆ دواوە دەگەڕێنەوە.

شەهید سالح کەندال

شەهید جومعە تاق

بێگومان شەهیدبوونی هەڤاڵ "**ساڵح کەندال**" شەهیدبوونیکی زۆر گرانە. ئەمەش لەسەر هەڤالان کاریگەری دەبێت، لەپیلانی هەڤالاندا ئەوەیە کە دوای چالاکییەکە بچنە **سیڤەرەك** و بکەونە ناو بازێر و لەناو گەلدا بڵاوی بکەنەوە کە "**بوجاق**" بەسزا

گەیەندراوە، ئەگەر بەگوێرەی پیلانەکە هەنگاویان هاوێشتبایە، مەزەندەیان دەکرد کە گەل هەمووی رابیبایە سەرپێ، ئێمە ئەنجامەمان وەردەگرت. لەوانەیە وەکو ئەوەی "سلێمانان"یش درێژەی نەکێشا بایە، چونکە کوشتنی "محەمەد جەلال بوجاق" کاریگەرییەکی پڕ مەزنتری دەکرد، هەژاندنێکی دروست دەکرد، گەلیش رادەبوو، لەوانەبوو نەیانتوانیبایە زێدە بەرگری بکەن.

هەڵبەتە پێش هەڤالان هەواڵ دەگاتە سیڤەرەك و دەڵێن:" محەمەد جەلال بوجاق کوژراوە"خەڵك کە ئەم هەواڵە دەبیستن گشتیان هەڵپەرکێ دەکەن. هەندێك قوربانی سەر دەبڕن و هەندێکی دیکە شایی دەکەن. واتا لە شار و لە گوندەکان دەبێتە شایلۆغان، بەڵام دوای کاتژمێرێك هەواڵێکی دیکە دەگاتە شار و دەڵێن:" محەمەد جەلال بوجاق بریندار بووە و نەکوژراوە". کاتێك ئەو هەواڵە دەگاتە خەڵك بێگومان ئەمجارەیان خەڵك دەترسێت کە "نەمردووە!! داخۆ چییمان بەسەر دێت؟ وا دیلان و هەڵپەرکێشمان کرد" بۆیە هەندێکیان واز لەهەڵپەرکێ دێنن و هەندێکیشیان دەچنە ماڵی "بوجاق" بۆ ئەوەی رێگیری لە کۆمەڵکوژییەکی شیمانەکراو بگرن. بۆ ئەوەی پیاوانی "بوجاق" نەچنە سەریان، ئەمجارەیان رەوشێکی بەمجۆرە لەناکاو دێتەئاراوە. بۆیە بەگوێرەی پیلانی ئێمە چالاکییەکە ئەنجامگیر نەبوو، لەبەر ئەوە ئیشی ئێمە لە سیڤەرەك کەوتە نێو زەحمەتییەوە. شەڕی سیڤەرەك زۆر درێژەی کێشا، هەم درێژەی کێشا و هەمیش بەگوێرەی پیلانەکەی داڕێژرابوو بەرێوەنەچوو. ئێمە دەمانخواست لەوێ پڕوپاگەندەی چەکداری پێشبخەین و بەمەش ئەنجامگیر ببین، لەسەر ئەو بنەمایەش گەریلا پێشبخەین، گەریلاش لەهەرێمی "بۆتان" جێگیر بکەین. ئامانجی ئێمە ئەوەبوو. واتا کاتێك لەدژی چەتەی "محەمەد جەلال بوجاق" لە سیڤەرەك ئەو شەڕەمان پێشخست، بۆ ئەوەبوو؛ یەکەم: حیلوان بپارێزین. دووەمیشیان: کە ئێمە حیلوانێکی نوێ دروست بکەین. سێیەمیشیان: کە تاکتیکی پڕوپاگەندەی چەکداری بگەیەنینە گەریلا و گەریلاش لە "بۆتان" جێگیر بکەین، ئامانج ئەمانە بوو، لە حیلواندا "سلێمانان" گروپێکی چەتەی فیوداڵ بوو، ئێمە زەبرێکمان لێی وەشاند بوو، کاریگەری خۆیشی هەم لەسەر گەل هەمیش لەسەر دەوڵەت و فیوداڵەکان دروست کردبوو، بەڵام فیوداڵی مەزن لەبنچینەدا "محەمەد جەلال بوجاق" بوو. ئەگەر لە کوردستاندا زەبر لەو چەتەیە

وەشێندرا ئەوا ئیدی فیودالیەت نەیدەتوانی بەرگەی مانەوەی بگرتبایە، فیودالەکان زەبرێکی مەزنیان بەردەکەوت. واتا لە دیموکراتیزەبوونی کوردستاندا دەبووە هەنگاوێکی مەزن، گەلیش زیاتر دەکەوتە جموجۆڵەوە، زیاتر باوەڕی بەخۆی دەکرد، ئەمە لە کوردستاندا گۆڕانێکی گەورەشی دروست دەکرد بۆ تەڤگەر، بەڵام ئیدی لەبەر ئەوەی ئەو چالاکییە لەسەرەتادا تەواو ئەنجامگیر نەبوو، وەکوتریش ئەو تاکتیك و پیلانەی پەیوەست بەم چالاکییەوە دابوومانە پێش خۆمان پێشنەکەوت. لەخەتی ئێمەدا لە پێشەنگایەتی شەڕدا هەندێك لادان دروستبوو. هەندێك کێماسی دەرکەوت و ئەو کێماسییەش هەندێك هەڵەی دروست کرد، هەڵبەتە بۆیە شەڕی ئەوێ زۆر درێژەی کێشا، زۆر زەرەر و قوربانیشمان دا. هەم ماددی و هەمیش مەعنەوی قوربانیمان دا، لەوێ ئەو شەڕەی پێشکەوت ببووە شەڕێکی کلاسیك. وەك چۆن لە کوردستاندا لەنێوان عەشیرەتەکاندا شەڕی بەرەیی (سەنگەر لەیەکترگرتن) بەرپا دەبوون، شەڕێکی بەمجۆرە لە سیڤەرەك پێشکەوت، ئەمە خەتی ئێمە نەبوو کە بەمشێوەیە شەڕی سەنگەر پێشبخەین و زۆر کەس بخەینە نێو سەنگەری شەڕەوە و دوو ڕۆژان شەڕی بەرامبەرەکەمان بکەین. ئەمە چەمك و خەتی ئێمە نەبوو بۆ شەڕ. ئەمە چەمك و خەتی کلاسیکی شەڕکردن بوو لەناو کورداندا، ئەگەر تۆ شەڕی سەنگەرت بەڕێوە برد مسۆگەر تۆ ناتوانیت ئەنجامگیر ببیت. چونکە چەتەی "بوجاق" هەموویان پیاوکوژ بوون، شەڕی سەنگەریان کردبوو، شەڕی عەشیرەتەکانی دیکەیان کردبوو. لەم ڕووەوە ئەزموونێکی زۆر مەزنیان هەبوو، چەك و ئیمکانیاتی خۆیان زۆر و زەبەند بوو، هەڵبەتە دەوڵەتیش لەپشت ئەوانەوە بوو، بەڵام ئێمە نە ئیمکانیاتمان هەبوو، نە چەکی باشمان هەبوو، نە ئەزموونێکی شەڕی سەنگەریشمان هەبوو، بۆیە بەگوێرەی ئامانج و پیلانی ئێمە لەوێ شەڕ پێشنەکەوت و درێژەی کێشا و قوربانیمان دا، لە تاکتیکی ئێمەدا دوورکەوتنەوە و هەڵە دەرکەوت. بێگومان پاشان تەڤگەر موداخەلەی ئەمەی کرد، ڕێی لەمە گرت، بەڵام تا ئێمە ڕێمان لەمە گرت زۆر قوربانی و زیادمان لێکەوت. بەگوێرەی پیلانی ئێمە دەبایە ئەوەندە زیانمان لێنەکەوتبایە، ئەوەندە شەڕ درێژەی نەکێشابایە. ئیدی گەیشتە ڕادەیەك هەموو توانستی تەڤگەرەمان خستە خزمەتی شەڕی سیڤەرەکەوە، کەچی چەمك و تاکتیکی ئێمە لەدەرەوەی ئەمە بوو. لەبەر ئەوەی لە

تاكتیكدا دووركەوتن و هەڵەیەك روویدا، شەڕ ئەوەندە فراوان بوو و بەرۆژان بەردەوام بوو و بووە شەڕی سەنگەر بەسەنگەر، بۆ ئەمەش نە مرۆڤ بەشی دەكات، نە فیشەك بەشی دەكات. بۆیە بۆ ئێمە زۆر زیانمەندبوو، بۆ ئەوەی رێگیریش لەمە بكەین، بە هەموو ئیمكانیاتی خۆمانەوە كەوتینە جموجۆڵ. واتا هەموو ئیمكانیاتی تەڤگەر كەوتە نێو ئەم شەڕەوە، تاكو توانیمان رێی لەپێش بگرین. هەڵبەتە دوای ئەمەش كودەتای سەربازی (١٢)ی ئەیلولی (١٩٨٠) رەوشێكی نوێی هێنایە ئاراوە.

ئیدی ئێمە نەماندەتوانی وەك پێشتر لە سیڤەرەك بەردەوامی بە شەڕ بدەین، هەڵبەتە ئەو تاكتیكەی كە پەیڕەویش دەكرا تاكتیكی ئێمە نەبوو. ئێمە دەمانخواست رێی لەپێش بگرین، كە كودەتای (١٢)ی ئەیلولی (١٩٨٠)ش روویدا رەوشەكەی گرانتر كرد، پێویستبوو بەتەواوی لەوێ گۆڕانكاریمان بكردبایە. ئەو گۆڕانكارییانەمان كرد و بەمشێوەیە رێگیریمان لە زیانلێكەوتنی زیاتر گرت.

بێگومان چەتەی "بوجاق"یش زۆر زەبریان بەركەوت، واتا ئەو دەسەڵاتەی ئەوان هەرچەندە بەتەواوی لەناو نەبردرا، بەڵام ئیدی نەیاندەتوانی وەكو رابردوو زوڵم لەخەڵك بكەن، گەل هەناسەیەكی هەڵكێشا، بۆیە لەنێو گەلدا باوەڕی بۆ تەڤگەر تۆكمەتر بوو، زۆر گوندنشین لەگەڵ تەڤگەر شوێنگیر بوون، ئیدی ئەو ترسەی "بوجاق" شكێندرا، گەل لەدژی ئەو راوەستان، ئەوانە نەیاندەتوانی وەكو پێشان بە كەیفی خۆیان چ بخوازن بیكەن. دیسان لەبەر ئەوەی شەڕی سیڤەرەك دوای شەڕی حیلوان پێشكەوت، كاریگەری باشی لەسەر گەلی ناوچەی دیكەش كرد، واتا هەرچەندە شەڕی سیڤەرەك بەگوێرەی تاكتیكی ئێمە بەڕێوە نەچووبێت، زیان و قوربانی ئێمەش هەبوو، بەڵام دەنگدانەوەیەكی مەزنی لە باكووری كوردستان هەبوو، لەسەر گەل كاریگەرییەكی بەهێزی دروست كرد، هوشیاربوونەوەیەكی مەزن، تەڤلیبوونێكی مەزنی هێنایە ئاراوە. واتا تا دەهات تەڤگەری لەرووی جەماوەریبوونەوە پێشدەكەوت، كاریگەرییەكی بەمجۆرەی دروست كرد...

لەچوارچێوەی هەر دوو ئەزموونی حیلوان و سیڤەرەكدا كە دەسەڵاتی گەل ئاوا دەبێت، لەلایەكی دیكەشەوە تەڤلیبوونێكی مەزن بۆ تەڤگەر دێتەئاراوە، ئەمە چ كێشە و گرفتێك بۆ تەڤگەر دروست دەكات؟ لەم رووەوە چەمك و تێڕوانینی تەڤگەر لەو كاتەدا چیبوو؟

هەڵبەتە لەلایەكەوە تەڤگەر لەناو گەلدا بەهێز دەبوو و پێشدەكەوت، باوەڕی گەل بەتەڤگەر تۆكمەتر دەبوو، گەل لەناو تەڤگەردا شوێنگیر دەبوو، لەهەموو رووێكەوە تەڤگەر مەزن دەبوو... لەلایەكی تریشەوە ئەو تاكتیكەی لە سیڤەرەك خستبوومانە پێش خۆمان جێبەجێنەكرا. پێشەنگێتی (كادیرانی پێشەنگ) نەیتوانی ئەو تاكتیكە جێبەجێ بكات، لە تاكتیكدا لادانێك روویدا. ئەو لادانەش كێشەكەی گرانتر كرد، هەروەها هێرشی دەوڵەت، فیوداڵەكان، گروپە كوردییەكان، هەندێك لە گروپەكانی چەپی تورك لەسەر تەڤگەر هەبوو، بۆیە تەڤگەر هەندێك زۆری و سەختی دەچێشت، واتا لەدژی هەموو ئەو هێرشانە چۆن خۆی بپارێزێت؟ ئەو كێشە و گرفتانەی دەركەوتن چۆن چارەسەریان بكات؟ لە سیڤەرەك لە تاكتیكدا دووركەوتنەوەیەك هەبوو و لەگەڵ خۆیدا خراپی دروست دەكرد، چۆن تاكتیك بچەسپێت و رێگیری لەزەرەر و زیان بكرێت؟ لەبەر ئەوەی گەل تەڤلی تەڤگەر دەبێت و تەڤگەر مەزن دەبێت، ئەمەش لەگەڵ خۆیدا هەندێك كێشە و گرفتی دروست كردبوو. ئیدی پێویستبوو تەڤگەر هەموو ئەو كێشە و گرفتانە چارەسەر بكات. لێرەدا لە كادیران و پێشەنگدا كێشەیەك لەئارادا بوو.

ئەو كێشەیە چیبوو؟

هێز و توانای كادیر بەشی ئەوەی نەدەكرد كە پێشەنگایەتی بكات و تەڤگەر بەهێز بكات و بەرەو پێشەوەی ببات و ئەو كێشە و گرفتانەی دەركەوتوون چارەسەریان بكات. گەل پێشەنگی دەخواست، كادیری پێشەنگی دەخواست. بەڵام پێشەنگیش نەیتوانی

ببێتە هێزی چارەسەری، واتا لەهەموو روویێکەوە ئەو پێشکەوتنانەی لەئارادا بوون پێشەنگایەتی کەوتبووە دواوەی ئەو پێشکەوتنانەوە. ئەمە مەترسی خستە سەر تەڤگەرەوە لەگەڵ خۆیدا بنبەستبوونێکی دروستکرد، تەنانەت کەمێك مابوو تەڤگەر زەبرێکی مەزنی بەربکەوێت. ئیدی تا دەهات هێرش دژی تەڤگەریش زیاتر دەبوو. تەڤگەر لەرێگەی تەدبیر وەرگرتنەوە نەیتوانی ببێتە بەرسڤ. ئەمەش بۆ تەڤگەر بنبەستبوونی دروستکرد، هەمیش رێی لەبەردەم زەرەر و زیان کردەوە. لەمەشدا تەڤگەر زۆر کەوتە زۆری و زەحمەتییەوە.

بێگومان سەرۆك هەموو ئەمانەی بینی، چۆن رێگیری لەم رەوشە بکات؟ ئەگەر رێگیری لەمە نەکات ئەوا مەترسیدارە، ئەو کاتە بینی کە توانستی رێگیریکردن لەم رەوشە مەترسیدارە و ئەو گرفتانە لە وڵاتدا نییە، مەگەر لەدەرەوەی وڵاتدا بتوانرێت هەندێك کەناڵ بکرێتەوە، لەدەرەوە هەندێك ئامادەکاری بکرێت و ئەو ئامادەکارییانە بخاتە وڵات کە مرۆڤ بتوانێت هەم ببێتە بەرسڤ، هەمیش کێشەکان چارەسەر بکات. بۆ ئەوەی تەڤگەر زەبری بەرنەکەوێت و بتوانێت لەسەرپێی خۆی رابوەستێت و لەسەر بناخە و ئامانجی خۆی بەرێوەبروات. ئەو زۆری و زەحمەتییانەی ئێمە لە سیڤەرەکدا بینیمان، ئەو زەرەر و زیانەی لێمان کەوت، ئەو هێرشانەی کرانە سەر ئێمە، ئێمەی ناچار کرد چارەسەرییەك بدۆزینەوە، چارەسەریش ئەوە بوو کە مەگەر تەنیا لەدەرەوەی وڵات بێت. بەمجۆرە رێگای دەرەوەی وڵات کەوتە پێش تەڤگەرەوە.

سەرۆك ئەو رێگەیەی بەمجۆرە کردەوە، بێگومان وەکوتریش کاتێك شەری سیڤەرەکمان رێکخست، ئامانجی ئێمە چیبوو؟ ئێمە پارتیبوونمان پێشدەخست، دەمانخواست دامەزراندنی پارتیش لەگەڵ شەری سیڤەرەك رابگەیەنین. ئامانجێکی بەمجۆرەشمان هەبوو، واتا دەمانخواست بەچالاکی لەسەر "محەممەد جەلال بوجاق" دامەزراندنی پارتی رابگەیەنین. چونکە زۆر بیرمان کردبووەوە؛ ئێمە بەرەو پارتیبوون هەنگاو دەهاوێژین، ئێمە دەبینە پارتی، بەڵام پێویستە پارتییەکی شۆرشگێر خۆی بە چالاکییەك رابگەیەنێت، کەوا کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر گەل دروست بکات و باوەرییەکی تۆکمە بئافرێنێت، ئەمەش زۆر گرنگ بوو.

ئەو کاتە ئێمە حیسابی ئەوەمان کرد، چالاکییەکی چۆن ئەنجام بدەین؟ بەگوێرەی ئایدیۆلۆژیا و فیکر و ئامانجی ئێمە راست بێت. لەدژی دەوڵەت چالاکییەك ئەنجام بدەین باشترە یان لەدژی خائینی کورد و چەتە و فیودالی کورد؟ بێگومان ئێمە ئەوەمان گفتوگۆ کرد، لەئەنجامی ئەم گفتوگۆیانە راگەیاندنی پارتی بە چالاکییەك لەدژی "محەمەد جەلال بوجاق" زۆر راستتر و باشترمان بینی. چونکە رێکخستنی ئێمە تا ئەو کاتە لەو ئاستەدا نەبوو و بەهێز نەبوو کەوا بتوانین لەدژی دەوڵەت بتوانین چالاکییەکی وەها ئەنجام بدەین، کە شایستەی راگەیاندنی پارتی بێت. ئەگەر ئێمە چالاکییەکی بەمجۆرەمان ئەنجام بدابایە، ئەوا ئەو هێرشەی بهاتبایە سەرمان، نەماندەتوانی بەرسڤی بدەینەوە. ئەو کاتە ئێمە زەبرمان بەردەکەوت. بەڵام ئەگەر لەدژی "محەمەد جەلال بوجاق" چالاکییەك ئەنجام بدەین، ئەوا ئەو هێرشانەی پاشان بکرێتە سەرمان دەتوانین وەڵامی بدەینەوە. چونکە ئاستی رێکخستنی ئێمە دەیتوانی وەڵامی هێرشی بەمجۆرە بداتەوە، ئەمە لەلایەك.

لەلایەکی تریشەوە، ئەگەر تۆ دەخوازیت لە کوردستان چالاکی ئەنجام بدرێت ئەوا پێویستە تۆ سەرەتا لەقاچ و ستوونەکانی بدەیت، چونکە لە کوردستان زیاتر قاچەکانی (پەلوپۆکانی) لەخودی دەوڵەت بەهێزترن. ئیدی "محەمەد جەلال بوجاق" قاچێکی بەهێزی دەوڵەتی تورکیا بوو. ئەگەر تۆ زەبرت لەم قاچەی دا و ئەنجامگیر بوویت، ئەوا تۆ قاچێکی دەوڵەتی تورکیات لە کوردستان شکاند. ئەمە بۆ تۆ نەفەسێکی مەزن دەئافرێنێت، توانستی مەزن بۆ کار و خەبات دەخولقێنێت. ئێمە کە تەڤگەرێکی سۆسیالیستی بوون، لەدژی فیودالیزم بووین، لەدژی بەکرێگیراوێتی بووین، ئێمە تەنیا لەدژی ئیمپریالیزم و داگیرکەری نەبووین، بەڵکو لەدژی بەکرێگیراوێتی و خیانەتکاری و فیودالیزمیش بووین. ئەگەر تەڤگەرێکی ئازادیخواز و دیموکراتیخواز لە کوردستاندا لەدژی توێژ و چینێکی سیخوڕ و بەکرێگیراو و خائین کە زوڵمکار و رەنجخۆری گەلە و خوێنی گەل دەمژێت چالاکییەك ئەنجام بدات، ئەوا چالاکییەکی راستە. واتا بە گوێرەی کارەکتەر و ئامانجی تەڤگەرە.

بۆیە ئێمە "محەمەد جەلال بوجاق"مان کردە ئامانج و بڕیارمان دا چالاکی لەدژی ئەنجام بدەین. بەم چالاکییەش دامەزراندنی پارتی (PKK) رابگەیەنین. چونکە ئێمە

تەفگەرێکی ریفۆرمیست نەبووین، بەڵکو ئێمە تەفگەرێکی شۆڕشگێڕ و رادیکاڵ بووین، راگەیاندنی دامەزراندنی پارتییش پێویستبوو بەتەرزێکی شۆڕشگێڕانە بووایە. بۆیە ئێمە خواستمان بە چالاکییەکی بەمجۆرە پارتی رابگەیەنین. هەڵبەتە کاتێك چالاکییەکە لەدژی "بوجاق" ئەنجامدرا لە هەموو شوێنێك بەیاننامە (جاڕنامە)ی پارتیبوون و دامەزراندنی پارتیشمان بڵاوکردەوە... بەم چالاکییە هەموو کەس زانی کە پارتی دامەزراوە و پارتی راگەیاندراوە...

بەر لەوەی ئەو چالاکییە لەدژی بوجاق ئەنجام بدرێت هیچ کاتێك هەڤاڵان و چەتەکانی بوجاق رووبەڕووی یەکتر ببوونەوە؟

بێگومان پێش ئەوەی چالاکییەکە ئەنجام بدرێت ئێمە ئامادەکاریمان دەکرد، لەکاتی ئەو ئامادەکارییانەدا ئەو کاتە هەڤاڵ "جومعە تاق" هەبوو باوکی "جومعە تاق"یش پیاوی "بوجاق" بوو. لە "سیڤەرەك" باخچەیەك هەبوو، ئەو باخچەیە شوێنێکی وەها بوو کە زۆر فەرمانبەر، رۆشنبیر و مامۆستا و خوێندەڤانان و خەڵکی دیکەش دێنە ئەو باخچەیەوە... هەڤاڵ "جومعە تاق"یش دەچێتە ئەو باخچەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەندێك کەس پەیوەندی پێشبخات و پڕوپاگەندە بکات. چونکە ئامادەکاریمان بۆ پێشخستنی کار و خەبات دەکرد لە سیڤەرەك. ئەو کاتەش لە سیڤەرەك زێدە هەڤاڵی ئێمە نەبوو. زۆر کەم هەڤاڵمان لەوێ هەبوو، دەتوانم بڵێم؛ نزیکەی دە تا پازدە هەڤاڵ و دۆستی ئێمە هەبوو. ئیدی لەو پارکەدا، کەسانی نێو پارتەکانی دیکەش هاموشۆ دەکەن وەك (DDKD) و رێگای ئازدی و رزگاری و...هتد. کە"محەممەد جەلال بوجاق"یش لەگەڵ پیاوەکانی دەکەونە نێو ئەو پارکەوە، هەموو کەسێك، تەنانەت ئەوانەش کە بەخۆیان دەگووت:" شۆڕشگێڕین، لە فلان تەفگەرین و لەفیسار پارتیین..." هەموویان لەپێشوازیدا لەترسان هەستانە سەرپێ. بێگومان تەنیا هەڤاڵ "جومعە تاق" هەڵناسێت، ئەمەش سەرنج و دیقەتی "بوجاق" و پیاوانی رادەکێشێت، پیاوەکانی "بوجاق" دەخوازن یەکسەر بیکوژن، "بوجاق" ناهێڵێت. چونکە تا ئەو کاتە شتێکی وەها

رووینەداوە، لەبەر ئەوە ناهێڵێت، نەك كوشتنی ئەو ناخوازێت، كە چۆتە هەر جێگایەك هەموو كەس لەپێشی هەڵساوە، یەكەمجارە كەسێك بە بەرچاوی خەڵكەوە لەبەری هەڵناستێت. "محەممەد جەلال بوجاق" ئەمە دەبینێت و دەخوازێت لەمە تێبگات و بزانێت ئەمە كێیە و بۆچی هەڵناستێت؟ چونكە هەندێك شتیشی بیستبوو، بۆ نموونە شەڕەكەی حیلوانی بیستبوو، هەروەها بیستبووی كە تەفگەر دەخوازێت لە سیڤەرەك هەندێك كار و خەبات بكات و پێشبخات، ئەم شتانە دەبینێت و ئەگەرە مەترسیدارەكان شیمانە دەكات، بۆیە دەخوازێت تێبگات، تا ئەو كاتەش شتێكی وەها لە سیڤەرەك رووینەداوە. بێگومان پیاوانی "بوجاق" چەند جارێك دەخوازن بیكوژن، "بوجاق" ناهێڵێت و دەچێتە بەردەم ئەو مێزەی هەڤاڵ "جومعە تاق" لێی دانیشتووە و پێی دەڵێت:" تۆ كێی و خەڵكی كوێی؟ خەڵكی سیڤەرەكیت یان نا؟ تۆ چ دەكەیت لێرە؟ تۆ دەزانی من كێم؟ هەموو خەڵك لەپێش من هەستان تۆ بۆچی هەڵنەستایت و...هتد". هەڤاڵ "جومعە تاق"یش دەڵێت:" ئەگەر ئەوان هەستاون بۆ خۆیان هەستاون، بەڵام من هەڵناستم". هەروەها دەڵێت:" من تۆش دەناسم تۆ كێی؟ تۆ محەممەد جەلال بوجاقیت و منیش خەڵكی ئێرەم و باوكی منیش پیاوی تۆیە. من كوڕی فلانە كەسم. ئەگەر هەموو كەسێك هەستایە سەر پێیان ئەوا بەو واتایە نایەت كە پێویستە منیش هەستمە سەر پێ" "بوجاق" دەڵێت:" كەواتە تۆ من دەناسیت و خەڵكی ئێرەشیت، لەپیاوەكانی خۆیشی دەپرسێت:" بەڕاستی خەڵكی ئێرەیە، كوڕی فلانە كەسە؟ پیاوەكانیشی دەڵێن:"راستە وایە" دیسان پیاوەكانی دەخوازن بیكوژن، "بوجاق" دەڵێت:" با بگەڕێینەوە و بڕۆین، وەكو ئێوە لەرەوشەكە تێگەیشتوون بەمجۆرە نییە، ئەوەی ئێوە لێی تێگەیشتوون زۆر لەوەش خراپترە، پێویستە ئێمە باش لەرەوشەكە تێبگەین" ئیدی دەردەچن و دەڕۆن. بێگومان ئەوەی لە باخچەكە بوون كە هەموویان رابیوونە سەر پێیان دەڵێن:" مسۆگەر جومعە تاق دەكوژرێت" كاتێك دەبینن "جومعە تاق" لەدژی ئەوان قسەی كرد و لەكاتی قسەكردنی خۆیشیدا رانەبووە سەر پێیان، كەچی نەیانكوشت و رۆیشتن. ئیدی هەموویان لەدەوری هەڤاڵ "جومعە تاق" كۆدەبنەوە و پێی دەڵێن:" تۆ بۆچی واتكرد؟ لەوانە بوو تۆیان بكوشتبایە، مرۆڤ چۆن لەپێش محەممەد جەلال بوجاق شتی وا دەكات؟!..."

بێگومان هەڤاڵ "جومعە تاق" قسەیان بۆ دەکات و تەنانەت هەندێك قسەی ناشرینیشی لەدەم دەردەچێت. پێیان دەڵێت:" ئێوە بێشەرمەن... ئەگەر محەممەد جەلال بوجاق بۆتە بەڵا بەسەر خەڵکەوە ئەوا ئێوە بەم شێوازەی خۆتان کردووتانە بە بەڵا... باشە ئەمە گەلە و نەزانە و شت نازانێت، خۆ ئێوە هەندێکتان بەخۆتان دەڵێن؛ ئێمە شۆڕشگێڕین و ئێمە تەڤگەری شۆڕشگێڕین و تەنانەت دەشڵێن ئێمە لەدژی فیوداڵیزمیشین، کەواتە بۆچی لەپێش مَحەممەد جەلال بوجاق هەڵدەستن؟ بۆچی بوجاق هێندە بەسەر گەلدا مەزن دەکەن؟ ئەگەر لە بنەڕەتدا بوجاق ئاواهی مەزن بووە ئەوا ئێوە مەزنتان کردووە... ئێوە بێشەرمەن و هیچ پەیوەندییەکی ئێوە بە سۆسیالیزم و شۆڕشگێڕی و ولاتپارێزییەوە نییە..." بێگومان کەسیش لەبەرامبەر ئەو هەڤاڵە ناتوانێت قسەیەکیش بکات. هەڵوێستی ئەو هەڤاڵە و ئەو ئاخافتنانەی لەنێو سیڤەرکدا دەنگێکی مەزنی دایەوە و لەهەموو شوێنێك بلاوببووەوە. ئیدی ئەمە زۆر خەڵکی ولاتپارێزی لەئێمە نزیك کردەوە. هەندێکیش بەنهێنی پەیوەندییان لەگەڵ بەستین. تا ئەو کاتە نزیکەی دە تا پازدە هەڤاڵمان هەبوو، کەچی دوای ئەم رووداوە زۆر پەیوەندیمان بۆ دروست بوو، زۆر کەسی نێو تەڤگەری دیکە وازیان لەوان هێنا و تەڤلی تەڤگەری ئێمە بوون، ئیدی ئەو تەڤگەرانەی دیکە تەنانەت ناویشیان نەما، هەموویان لەوێ تەسفیەبوون، ئیدی تەڤگەری شۆڕشگێڕی لە سیڤەرەك کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ئێمەوە، تەنیا ئێمە و "بوجاق" ماینەوە، ئەو تەڤگەرانەی دیکە هەموویان نەمان.

بەگشتی ئەو تێکۆشانە چەکدارییەی لە حیلوان و سیڤەرەك بەرێوەچوو بۆ ئەو قەڵەمبازەی کە دواتر لە ئەروه لە (١٥)ی ئابی (١٩٨٤) ئەنجام درا بەچ واتایەك دەهات و تا چەند رۆڵی لە دەستپێکردنی ئەو قەڵەمبازەدا هەبوو؟ •

لەبنەڕەتدا پراکتیکی حیلوان و سیڤەرەك ئامادەکاری بوو بۆ قەڵەمبازی (١٥)ی ئاب. واتا ئێمە دەمانخواست پروپاگەندەی چەکداری لەوێ ئەنجام بدەین و پێشبخەین، لەمەشەوە

بیگەیەنینە ئاستی گەریلا و گەریلاش لە "بۆتان" جێگیر بکەین و لە "بۆتان" گەریلایی و شەڕی چەکداریش رابگەیەنین. هەرچەندە لە حیلوان و سیفەرەك شەڕمان پێشخست، بەڵام بەفەرمی شەڕی چەکداریمان رانەگەیاندبوو، ئامانجێکی بەمجۆرەمان نەبوو. چونکە ئێمە هێشتا نەگەیشتبووینە رێکخستەبوون (تنظیم)ێکی عەسکەری و گەریلایی کە بتوانین شەڕی گەریلایی رابگەیەنین. لەبنەڕەتدا ئێمە دەمانخواست ئامادەکاری ئەمە لە حیلوان و سیفەرەك پێشبخەین و بگەینە ئاستی تێکۆشانی گەریلایی و لەهەرێمی بۆتان گەریلا جێگیر بکەین و شەڕی گەریلاش لەوێ لە بۆتان رابگەیەنین. ئەگەر شەڕی حیلوان و سیفەرەك نەبایە و ئامانجی بەمشێوەیەمان نەبایە ئەوا نەماندەتوانی قەڵەمبازی (١٥)ی ئاب پێشبخەین، چونکە ئامانجێکی وەهامان هەبوو. لەبنەڕەتیشدا ئەو ئامانجەمان لە حیلوان و سیفەرەك دابووە پێش خۆمان، بەشێوەیەکی روونیش لە سیفەرەکدا خستبوومانە پێش خۆمانەوە. بۆیە سەرۆك ئاپۆ لە سیفەرەکیش ئەرکی بە هەڤاڵ "محەمەد قەرەسوونگور" سپارد کەوا پروپاگەندەی چەکداری رێکخستە بکات و بەرنامەی ئەوەشی نووسی و دای بە هەڤاڵ "محەمەد قەرەسوونگور" کە رێکخستنێکی پروپاگەندەی چەکداری لەوێ دامەزرێنێت، بۆ ئەم مەبەستە بەرێوەبەرایەتییەك لە سێ هەڤاڵ پێکهات، پێویستبوو لەژێر بەرپرسیارێتی ئەو بەرێوەبەرایەتییەدا هەندێك یەکینەی پروپاگەندەی چەکداری پێك بێت کە ئێمە بگەیەنێتە قۆناخی گەریلایی. بەڵام وەکو گووتم؛ ئەو تاکتیکەی کە بۆ سیفەرەك دامانرشتبوو پێك نەهات، بێگومان ئەو ئامانجەش بەدینەهات و درەنگ کەوت. ئەگەر ئێمە لە (١٥)ی ئابی (١٩٨٤)دا لە "بۆتان" لە "ئەروهـ شەمدینان و چەتاخ" شەڕی چەکداریمان راگەیاند، ئەوا بێگومان درەنگ راگەیاندرا... لە ئەروهـ و شەمدینان چالاکی ئەنجامدرا، ئەوەی چەتاخ باش ئەنجام نەدرا. ئێمە ئامانجمان ئەوە بوو زۆر زووتر گەریلا بخەینە هەرێمی بۆتان و لەوێ شەڕی گەریلایی رابگەیەنین. بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە لە سیفەرەك ئەنجامی پێویستمان بەدەست نەهێنا و ئەو پێشکەوتنەی دەمانخواست و پیلانمان کردبوو بەدینەهات، چوونی ئێمە بۆ هەرێمی بۆتان و هەنگاو هاوێشتنی گەریلا و جێگیرکردنی گەریلا لە بۆتانیش درەنگ کەوت. هەربۆیە قەڵەمبازی (١٥)ی ئابیش درەنگ کەوت.

پێش ئەوەی یەکەمین کۆنگرەی پارتیبوون و دامەزراندنی (PKK) رێکبخەن، تا ئەو کاتە؛ ئەدەبیاتی ئەو تەڤگەرە "رۆژنامە و گۆڤار و نامیلکە و نووسراو..." چی هەبوو؟

تا کۆنگرەی یەکەمینی دامەزراندنی (PKK)، ئێمە زێدە بە شتی نووسراو کارمان نەدەکرد. زیاتر بەزارەکی (بەدەم) کارمان دەکرد. واتا هەر هەڤاڵێك وەکو رۆژنامەیەك وابوو، وەکو رادیۆیەك یان تەلەفزیونێك بوو. ئێمە بەو تەرزە کارمان دەکرد. ئەوە تەرزێکی نوێ بوو، تەرزێکی ئاسان نەبوو و زۆر کار دەخوازێت، خەرجکردنی وزەیەکی زۆر دەخوازێت، مرۆڤ زۆر ماندووش دەکات. بەمشێوەیە ئافراندنی یەکێتی کادیر و تەڤگەریش زۆر زەحمەتە، دروستکردنی یەکێتی گەل و تەڤگەریش زەحمەتە، زۆریش زەحمەتە. بەلآم چەندە زەحمەتیش بێت ئەوەمان ئافراند. تا ئەو کاتە رۆژنامە یان گۆڤارێکمان نەبوو، رادیۆ و تەلەفزیۆن و شتێکی بەمجۆرەشمان نەبوو، سەرەڕای ئەمەش کادیری ئێمە لەهەموو جێگەیەك وەك یەك دەئاخفین. تەنانەت هەموو کەس دەیگووت:" رۆژنامەیەکیان نییە، هیچ شتێکیان نییە، کەچی هەمووشیان وەك یەك دەئاخفن، قسەکانیان وەك یەکە. ئەمە چۆن دەئافرێنن؟ چۆن بەمجۆرە یەکێتی نێوانیان دروست بووە؟ ئوسلوبیان یەکە و ئاخفتنیشیان وەك یەکە، تەنانەت تەڤگەرەکانی دیکە کە رۆژنامەیان هەبوو نەیاندەتوانی ئەم یەکێتییە دروستبکەن". هەرکەس سەری سوڕمابوو.

هەروەها لەو قۆناخەدا سەرۆك بە"کاسێت" کاری دەکرد. لە کاسێتدا دەئاخفی و نوسخە (کۆپی)ی ئەو کاسێتانەمان دەنارده بەڕێوەبەرایەتی هەموو ناوچەیەك، هەڤاڵان گوێیان لەو کاسێتانە دەگرت و بەگوێرەی ئەمە پروپاگەندەیان دەکرد، ئیدی یەکێتی تەڤگەریش بەمە ئافرێنرا. هەروەها سەرۆك جڤینی بەهەموو کادیران دەکرد. بەمە یەکێتی کادیر و تەڤگەر ئاوا بوو. لەبەر ئەوەی سەرۆك جڤینی بەهەموو کادیران دەکرد و بە کاسێت دەئاخفی و ئەو کاسێتانەش دەگەیشتە دەست هەڤاڵان، گوێیان لێدەگرت و خۆیان لەسەر پەروەردە دەکرد، بەمجۆرە یەکێتی نێوان کادیران دروست بوو. بۆیە

کادیران وەك یەك دەئاخفین، ئیدی ئێمە باوەڕییەکی بەهێزمان بە گەل دەبەخشی، بینیان کە لەهەر شوێنێك هەڤاڵێکی ئێمە هەبێت وەك یەك دەئاخفین، لە ئاخافتنی هەڤالاندا ناکۆکی نابینرێت، ئەمە کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر گەل دروستکرد، بەمە باوەڕی گەل بە تەڤگەر دروست بوو، کە لە تەڤگەرەکانی دیکەیان دەڕوانی؛ هەر کادیرێکیان قسەیەکیان دەکرد، بۆیە زێدە باوەڕیان پێیان نەدەکرد.

ئێمە ئەم تەرزەمان بەهوشیارییەوە پێشخست، تەرزێکی نوێ بوو، دەوڵەتیش فێری تەرزێکی بەمشێوەیە نەببوو، ئەزموونی دەوڵەت جیاواز بوو، لەبەرامبەر تەڤگەرەکانی دیکە و تەرز و شێوازەکانی دیکە ئەزموونی خۆی هەبوو. هەڵبەتە لەبەر ئەوەش بوو نەیاندەتوانی کۆنترۆڵی خۆیان لەسەر ئێمە دروست بکەن، نەیاندەتوانی لەئێمەش تێبگەن، نەیاندەتوانی تەدبیریش لەبەرامبەر ئێمە وەربگرن. ئەمە هۆکارێك بوو بۆ گرتنەبەری ئەم تەرزە لەلایەن تەڤگەرەکەمانەوە. هەروەها ئێمە نەماندەخواست یەکسەر و زوو بەڵگەیەك بدەینە دەست دەوڵەتەوە، بۆیە ئەو تەرزەمان بەڕێوە برد، لەم تەرزەیشدا زۆر سوودمەند بووین و ئەنجامگیریش بووین.

پاشان ئیدی سەرۆك ئاخفی و هەڤاڵ **"محەممەد خەیری دوورموش"**یش پاکنووسی کرد و کردمانە نامیلکە، ناوی یەکەم نامیلکەشمان **"مێژووی کۆلۆنیالیزم"**بوو. ئەم نامیلکەیە یەکەمین نووسراوی ئەم تەڤگەرەیە، هەموو نووسراوەکانی ئەم تەڤگەرە سەرچاوەکەی خۆی لەم نامیلکەیەوە وەردەگرت. ئەمە بووە بناخەی هەموو ئەدەبیاتی ئەم تەڤگەرە. ئەم نامیلکەیەمان لە ساڵی (١٩٧٦)دا لەهەموو کوردستان و بەسەر هەموو کادیران بڵاوکردەوە. دوای ئەمە نووسراوی دووەمینی تەڤگەر **"ڕێگای شۆڕشی کوردستان"** بوو. ئەمە دووەمین نووسراوی تەڤگەرەکەمان بوو، کە ئێمە پێی دەڵێین: "مانیفێستۆ" یان " مانیفێستۆی یەکەم". ئەمە خودی سەرۆك نووسی. واتا لەسەر کاسێتیش تۆماری نەکرد، بەڵام **"مێژووی کۆلۆنیالیزم"** لەسەر کاسێت تۆماری کرد و ئاخفی و هەڤاڵ **"محەممەد خەیری دوورموش"** پاکنووسی کرد. هەرچی **"ڕێگای شۆڕشی کوردستان ـ مانیفێستۆ"**بوو سەرۆك بەدەستی خۆی نووسی، پاشان دیسان هەڤاڵان پاکنووسیان کردەوە، بەمجۆرە بووە پەرتووك و بڵاومانکردەوە.

بێگومان دەرخستنی پەرتووك یان نامیلكە زۆر زەحمەت بوو، تەنانەت دەرخستنی بەیاننامەیەكیش زۆر زەحمەت بوو، وەكو ئەمرۆ تەكنیك پێشنكەوتبوو. ئامێرێك هەبوو پێیان دەگووت تەكسیر(رۆنیۆ) بەدەست دەسووڕێندرا و نوسخەی زێدە دەكرد. ئێمە بەو ئامێرە بەیاننامە و پەرتووك و نامیلكەمان چاپ دەكرد، ئەو ئامێرەشمان لە خوێندنگایەكی توركیا دزی، بەشەو چووینە خوێندنگایەكەوە و دەرمانخست و لەشوێنێكی شاراوەدا شاردمانەوە. ئیدی هەموو بەیاننامە و پەرتووك و نامیلكەیەكمان بەو ئامێرە دەرخست.

بێگومان پرۆگرامی پارتی پێش كۆنگرەی یەكەمین سەرۆك نووسی. ئەو پرۆگرامەمان پێش كۆنگرە بلاوكردەوە و گفتوگۆی لەسەر كرا و پاشان كۆنگرە سازدرا. دوای كۆنگرە بەیاننامەی دامەزراندن"جاڕنامەی دامەزراندنی PKK " سەرۆك نووسیبووی و لەگەڵ راگەیاندنی پارتیدا ئەو جاڕنامەیە بلاوكرایەوە.

سەبارەت بەو شەڕ و خەبات و پراكتیكەی لە ئورفە و حیلوان و ناوچەكانی سەر بە حیلوان و دەوروبەری بەڕێوەمان بردبوو هەڤاڵ "محەمەد خەیری دوورموش" نامیلكەیەكی بچووكی نووسی، بەناوی "با راستەڕێ دابنێین"، بەر لەوەی پارتی دابمەزرێت ئەوانە هەمووی ئەدەبیاتی ئێمە بوون. ئەدەبیاتی ئێمە كەم بوو، زێدە دەوڵەمەند نەبوو.

بەرەو یەکەمین کۆنگرە...

کەی بەتەواوی بیر لەوە کرایەوە کە کۆنگرەیەکی تەڤگەرەکە ساز بدرێت و ببێتەپارتییەك؟

بێگومان لەدوای شەهیدبوونی هەڤاڵ "حەقی قەرار" سەرۆك یەکسەر هاتە عەنتاب، ئەو کاتە پاییز بوو، وا مەزەندە دەکەم مانگی دە بوو. ئێمە لەگەڕەکی "خۆش گوردوو" خانوویێکمان بەنهێنی بەکرێ گرتبوو، لەو ماڵەدا رەشنووسی پرۆگرامی نووسی. تا هەمووی نووسی و تەواویکرد لەو ماڵە دەرنەچوو، پاشان ئەو رەشنووسەی دایە من، گووتی:" ئەمە بگەیەنە هەموو ناوچەکان، با کادیران بیخوێننەوە و گفتوگۆی لەسەر بکەن، تێڕوانین و رەخنە و پێشنیازی خۆیان بنووسن و کۆی بکەنەوە و بۆمنی بێنن، منیش لەبەر چاویان دەگرم و فۆرمیلەی کۆتایی دەدەمێ". بۆیە ئێمە لەهەموو ناوچەکاندا لەناو هەڤاڵاندا بڵاومان کردەوە، بێگومان لەهەموو ناوچەکان هەڤاڵان خوێندیانەوە و گفتوگۆیان لەسەر کرد. هەندێك لەهەڤاڵان دەیانبینی بەرەو پارتیبوونێك دەچین و هەنگاوی بۆ دەنرێت و ئامادەکاری بۆ دەکرێت. چونکە ئەو پرۆگرامەی لەبەر دەستیان دابوو پرۆگرامێك نەبوو بۆ رێکخراوێکی لاوان یان شتێکی تر بێت. لەبەر ئەوەی ئێمە تەڤگەرێکی لاوانیشمان پێشخستبوو. سەرۆك پرۆگرامێکی بۆ لاوانیش نووسیبوو. واتا هەڤاڵان دەیانزانی کە ئەم پرۆگرامە جودایە، پرۆگرامێکی پارتییە، لەوانەیە هەموو هەڤاڵان بەتەواوی لێی تێنەدەگەیشتن، بەڵام هەندێك لەهەڤاڵان لەمە تێدەگەیشتن کە ئامادەکارییەك هەیە و هەنگاوێك هاوێشتراوە. بێگومان ناوی پارتی لە پرۆگرامەکەدا نەبوو، پرۆگرامەکە رەشنووس بوو، بەڵام کە مرۆڤ دەیخوێندەوە دەیبینی کە ئەمە پرۆگرامی پارتییەکە و ناوەرۆکەکەی بۆ پرۆگرامی پارتییەکە. بۆیە لێی تێدەگەیشتن.

بێگومان بەنووسینی ئەم رەشنووسە ئەو هەنگاوەمان هاوێشتبوو. هەڵبەتە شەهیدبوونی هەڤاڵ "حەقی قەرار" بووە هۆی ئەوەی کە تەڤگەر هەنگاوێك بهاوێژێت. لەراستیدا بۆخۆی تەڤگەرێکی سیاسییە و گروپێکی سیاسی دروستبووە، ئەگەر دوای ئەمە هەنگاو بهاوێژێت ئەوا هەنگاوی پارتیبوون دەهاوێژێت. سەرۆك بۆ بیرەوەری ئەم هەڤاڵە، ئەم هەنگاوەی بەتەڤگەر هاوێشت. ئەگەر (PKK) دامەزرا لەسەر شەهیدبوونی هەڤاڵ "حەقی قەرار" دامەزرا. ئەم شەهیدبوونەی کردە بناخەی پارتیبوون، بۆ ئەوەی هەڤاڵ "حەقی قەرار" بە ئەمری بمێنێتەوە. ئەوە بۆ ئەم مەبەستە بوو. ئەمە نزیکبوونی سەرۆك بوو بۆ شەهیدبوون. بێگومان ئەمە بووە پرەنسیب و تایبەتمەندییەکی ئەم تەڤگەرە. پێویستە هەر شەهیدبوونێك بکەینە هۆی پێشخستنی تەڤگەر و هەنگاوێك بەتەڤگەر بهاوێژین. ئیدی بناخەی ئەم چەمکە بەشەهیدبوونی هەڤاڵ "حەقی قەرار" هاوێشترا. لەسەر بنەمای ئەم چەمکەش (PKK) دامەزرا. سەرۆك بەمشێوەیە پەیوەستبوون بەبیرەوەری شەهیدبوونی هەڤاڵ "حەقی قەرار"ی پێکهێنا. ئەم بیرەوەرییە بیرەوەری هەڤاڵێتییە، رێزگرتنە، چونکە هەڤاڵ "حەقی قەرار" هەر لەسەرەتاوە بێدوودڵی لەگەڵ سەرۆك شوێنگیر ببوو، هەڤاڵێتییەکی بەهێز و تۆکمە و پەیوەستییەکی تۆکمەی هەبوو، پێویستبوو بۆ رێز و بیرەوەری ئەم هەڤاڵە سەرۆك ئەمەی پێکهێنا بایە، ئەویش بەم هەنگاوە پێکهات، ئیدی ئەمە تایبەتمەندی و نزیکبوونەوەی سەرۆك ئاپۆیە بۆ شەهیدبوون. ئەم تایبەتمەندی و نزیکبوونەوەیە پاشان بووە تایبەتمەندی و نزیکبوونەوەی (PKK)یش، هەر شەهیدبوونێك لە (PKK)دا بۆتە هۆیەك بۆ هەنگاو هاوێشتن و لەهەر رووێکەوە تەڤگەر بەهێز و تۆکمە ببێت. ئەگەر ئەم تەڤگەرە چەندە زەبریشی خواردبێت هیچ پەرشوبڵاو نەبووە، ئەمە هۆیەکە. چونکە هەر شەهیدبوونێك و زەبرێك هۆکار بووە بۆ ئەوەی تەڤگەر لەهەموو رووێکەوە مەزن ببێت. ئەمە نەیهێشت دووژمن ئەنجامگیر ببێت، ئەمە هێزێکی مەزنی بۆ تەڤگەر ئافراند. هەر شەهیدبوونێك بۆتە هێزێکی مەزن بۆ ئەم تەڤگەرە. لەسەر ئەو بنەمایە تەڤگەری بەهێز و تۆکمە کردووە و پێشیخستووە. بۆیە دووژمن نەیتوانیوە ئەنجام بەدەستبخات.

سەرۆك ئاپۆ هەم لە مێژووی کورددا هەمیش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا چەمکێکی نوێ و نزیکبوونەوەیەکی نوێی بۆ شەهید و شەهیدبوون پێشخست. مرۆڤ چۆن لەشەهید نزیك ببێتەوە؟ پەیوەستبوون بەشەهیدەوە پێویستە چۆن بێت؟ ئیدی ئەو چەمکەی پێشخست. ئەمەش چەمکێکی نوێ بوو. ئەم چەمکە، نەك هەر تەنیا بە (PKK)، بەڵکو بە کوردانیشی بەفازانجکردنی مەزن دا.

ئەو ئامادەکارییانەی بۆ سازدانی کۆنگرە کرا چۆن و بە چ شێوەیەك ئەنجامدرا ؟

دوای ئەوەی پرۆگرامەکە بڵاوکرایەوە؛ بۆ ئەوەی ئێمە بەفەرمی بگەینە ئاستی پارتی (پارتیبوون)، لەهەموو شوێنێکدا گفتوگۆی لەسەر کرا، لەدەرەوەی ئەمەشدا سەرۆك ئاپۆ خۆیشی هەندێك جڤینی لە ناوچەکان کرد، بۆ ئەوەی تێگەیشتنی باش لە پرۆگرام هەبێت، بۆ ئەوەی تێگەیشتنی باش لەسەر ئەو هەنگاوە هەبێت کە دەهاوێشترێت. شانبەشانی ئەمەش هەندێك جڤینیشی بۆ ئەو کادیرانەی سەرەتا تەفلی ببوون دەکرا، لەو جڤینانەدا لەسەر مەسەلەی رێکخستن زۆر گفتوگۆ کرا.

جڤین (کۆبوونەوە)ێکی شاری ئەلازخ (ئەلعەزیز)مان هەیە، ئەم جڤینە لە مێژووی تەڤگەرەکەماندا جڤینێکی گرنگە. دوای ئەوەی سەرۆك پرۆگرامەکەی نووسی و ئێمە بڵاومانکردەوە و لەهەر شوێنێك گفتوگۆی لەسەر کرا، ئیدی دوای ئەمە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانە چییە؟ بۆ مەسەلەی رێکخستن چ بیر دەکاتەوە؟ لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو مەسەلانەمان هەڵسەنگاند و لەسەری راوەستاین. بۆ ئەو هەنگاوەی دەیهاوێژین تا چەند تێگەیشتن هەیە؟ بەراستی ئەو هەنگاوە دەهاوێژین یان نا؟ چۆن لەم هەنگاوە نزیك دەبینەوە؟ ئیدی ئەمانە هەمووی گفتوگۆی لەسەر کرا، ئەو کۆبوونەوەیەمان لەماڵی "ئایتەکین توغلوك" سازدا، هێشتا کۆبوونەوە لەنیوەیدا بوو، هەندێك زانیاریمان وەرگرت کە لەوانەیە پۆلیس پێی زانیبێت و هێرش بکاتە سەر کۆبوونەوەکە. ئێمە

یەکسەر شوێنی کۆبوونەوەکەمان گۆڕی و چووینە دەرەوەی شار، لەوێ کۆبوونەوەکەمان تەواو کرد.

بێگومان ئەو کۆبوونەوەیە گرنگ بوو. بۆ نموونە؛ لەم جڤینەدا "عەلی چەتینەر" و "شاهین دودەمز" و ئەوانە کە هەموویان سێ چوار کەس بوون گووتیان:" هێشتا زووە ئێمە هەنگاوی پارتیبوون بهاوێژین، پێویستە ئێمە بەرێگەی رێکخستنی گەنجان کار بکەین تا ماوەیەك، پاشان هەنگاوی پارتیبوون بهاوێژین". ئەمەیان بەراست نەدەزانی و سووریش بوون لەسەر رای خۆیان. بێگومان سەرۆك و هەڤالان "محەممەد خەیری و مەزلوم دۆغان" و هەڤالانی دیکەش دەیانگووت:" پێویستە ئێمە پارتیبوون پێشبخەین. ئیدی تەڤگەر گەیشتۆتە ئەو قۆناخە، ئەگەر ئەم هەنگاوە نەهاوێژین تەڤگەر پێشناکەوێت، ئیدی دەوڵەتیش هێرشمان بۆ دێنێت. شەهیدبوونی هەڤاڵ "حەقی قەرار" و پاشان هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆك کە لە ئەنقەرە ئەنجامیاندا، لەهەموو رووێکەوە هێرش بۆ سەر تەڤگەر بەهێز دەبێت، ئیدی هەنگاوێك کە پێویستە بهاوێژرێت هەنگاوی پارتیبوونە. بۆیە پێویستە ئەم هەنگاوە بهاوێژین و رێکخستەبوونی خۆمان پێشبخەین، تاکو بتوانین لەدژی ئەو هێرشانە رابوەستین..." هەندێك هەڤاڵیش هەرچەندە بەقووڵی و بەتەواوی لەمەسەلەی پارتیبوون تێنەدەگەیشتن، بەڵام لەگەڵ چەمکی سەرۆك بوون و لەدژی ئەوان بوون.

بۆیە لەم کۆبوونەوەیەدا زیاتر ئەو ئەنجامە دەرکەوت کە پێویستە هەنگاوی پارتیبوون بهاوێژین. ئەمە گرنگ بوو، بەگشتیش نزیکبوون و مەیلی کادیرانیش لەناوچەکاندا هەمان شێوە بوو، کە لەئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەی لەسەر رەشنووسی پرۆگرامەکەدا کرابوو. ئیدی لەسەر بنەمای ئەو کۆبوونەوەیە لەناو کادیراندا گفتوگۆ سەبارەت بە پرۆگرام، تێگەیشتن لەچەمکی پارتی، رێکخستەبوونی پارتی، زیاتر ئەنجامدرا. واتا ئەم کۆبوونەوەیە رۆڵێکی بەمجۆرەی بینی.

سەرۆك بەخۆیشی دوای ئەم کۆبوونەوەیە لەهەندێك ناوچەدا کۆبوونەوەی ئەنجام دا، بۆ ئەوەی کادیر شۆڕشگێڕێتی ئەماتۆریانەی سەردەمی گروپ دەرباز ببێت، بۆ ئەوەی ئەگەر سبەینێ هەنگاوێکمان بەرەو پارتیبوون هاوێشت ئەو هەنگاوە زەبری بەرنەکەوێت، چونکە ئەو شۆڕشگێڕێتییەی لەئارادا هەبوو شۆڕشگێڕێتییەکی پارتیبوون

نییە، بەڵكو هی قۆناخی گروپە و بەدڵە. واتا نەك ئەو شۆڕشگێڕێتییەی بەرێسا و پەیرەو و پرۆگرام ئاوا بوویێت، بەڵكو شۆڕشگێڕێتییەكی بەدڵە، هەر كەسێك لەكوێ كاردەكات ئەوا دەیكات، زێدە ناچاربوونێك نییە، شۆڕشگێڕێتییەكی پرۆفشیۆناڵی زێدە نییە. هەرچەندە هەندێك لە هەڤاڵان بە پرۆفیشناڵی خەبات دەكەن، بەڵام هەموو كەسێك بە پرۆفیشناڵی كار ناكات، واتا شۆڕشگێڕێتییەكی قۆناخی گروپ هەیە، ئەماتۆرە، پڕ پۆلەتیك (سیاسی) نییە، زۆر ئایدیۆلۆژیك نییە، زۆر پرۆفیشناڵ و رەسمی نییە، بەگوێرەی پەیرەو و پرۆگرام بەرێوە ناچێت. بێگومان شۆڕشگێڕێتی پارتیبوون لەهەموو روویەكەوە جودایە، پێویستە خۆی لەو تەنگبوون و ئاماتۆریە دەربخات و خۆی زیاتر رەسمی و پرۆفیشناڵ بكات، ئیدی نەك بەگوێرەی دڵی خۆی، بەڵكو بەگوێرەی ئامانج و رێباز و تاكتیك و ژیانی تەڤگەر بژیت و كاربكات، بۆیە زۆر جیاوازە. سەرۆك دەیخواست كادیر لە شۆڕشگێڕێتی ئاماتۆری رزگار بكات و بەرەو شۆڕشگێڕێتی پرۆفیشناڵی ببات، لەم رووەوە دەیخواست هەنگاو بە كادیر بهاوێژێت، كادیر زیاتر قووڵ بكاتەوە و چڕوپڕی بكات، بۆ ئەوەی مەسەلەی پارتی و رێكخستەكردنی پارتی و ئەرك و بەرپرسیارێتی پارتی باش تێبگات، كە ئەگەر سبەی پارتیمان دامەزراند لەتەڤگەردا تەنگەتاوی نەبێت، بۆ ئەم مەبەستە ئەو كۆبوونەوانەی ساز دەدا، چونكە ئەزموونێكی پارتیبوونمان نەبوو. هیچ كادیرێكی ئێمە تێیدا نەژیابوو، بۆیە مەسەلەی پارتیبوونیشمان نەدەزانی، رێكخستەبوونی پارتی چییە و چ لە مرۆڤ دەخوازێت، رەسمییەت و رێساكانی پارتیبوون چیین؟ وەكوتریش ئەگەر پارتی دامەزرا دووژمن زۆر جیاوازتر هێرشی دەكاتە سەر، پێویستە ئەمانە هەموو تێبگەیەنرێت و بزانرێت. لەبەر ئەوەی ئەزموونێكی بەمجۆرە نەبوو، سەرۆك دەیخواست ئەوە لە كادیر تێبگەیەنێت، تاكو كادیر ئەو هەنگاوە بهاوێژێت و لەسەر ئەم بنەمایەش پارتیبوون ئاوا بكات و بە تۆكمەیی ئاوای بكات.

پاشان لەناو شاری ئامەددا، لەگەڕەكی ئۆفیس كۆبوونەوەیەكی فراوانترمان سازدا، چونكە دوای كۆبوونەوەكەی ئەلعەزیز لەسەر بنەمای ئەو كۆبوونەوەیە كار و خەباتمان كرد، لەسەر ئەو بنەمایەش ئەو كۆبوونەوەیەمان لە ئامەد سازدا. كۆبوونەوەكەی ئەلعەزیز بەرتەسك بوو، مەسەلەی رێكخستنیمان بە گروپێكی بەرتەسك گفتوگۆ كرد، واتا زیاتر

کادیره لەپێشەکان بوون. بەڵام کۆبوونەوەکەی ئامەد کە لە گەڕەکی ئۆفیس سازدرا کادیران زیاتر تەڤلی بوون، بۆ نموونە؛ لەهەر ناوچەیەك سێ یان چوار یان پێنج کادیرمان تەڤلی کۆبوونەوەکە کرد. ئیدی دەمانەوێت بڕیار لەسەر سازدانی کۆنگرەیەك (کۆنگرەی یەکەمین) بدەین. لەو کۆبوونەوەیە هەندێك کەس هەبوون لەدژی ئێمە دەرکەوتن، واتا نەیاندەخواست تەفگەر بڕیارێکی بەمجۆرە بدات و بکەوێتە ئامادەکاری بۆ سازدانی کۆنگرەیەك، هەندێك کادیر کە لە ماردینەوە هاتبوون، هەبوون، لەناو پارتییە کوردییەکانەوە هاتبوون، ئەوانە نەیاندەخواست بڕیارێکی وەها بگرین، لەناو ئێمەشدا "عەلی چەتینەر" و "شاهین دونمەز" و ئەوانەش نەیاندەخواست، بەڵام گروپێکی بەژمارە زۆر نەبوون، ژمارەی هەرە زۆر بڕیاری وەرگرت کە ئێمە کۆنگرە ساز بدەین.

شەهید سەیفەددین زووغورلوو

کێ زیاتر بەو ئامادەکارییانەوە خەریك بوو؟

لەو کۆبوونەوەیەی ئامەد بڕیاری ئەوەمان وەرگرت و ئەرکمان بە سەرۆك سپارد کە ئەو دەستنیشانی بکات؛ کێ تەفلی کۆنگرە ببێت؟ چۆن بێینە شوێنی کۆنگرە و لەکوێ کۆنگرە سازبدرێت؟ هەموو ئەو ئەرکانەمان بە سەرۆك سپارد. سەرۆك لەگەڵ کامە هەڤاڵ ئەو ئامادەکارییانە بکات، خۆی ئەو هەڤاڵانەی دەستەی ئامادەکاری دەستنیشان بکات، بۆچی ئەو ئەرکەمان تەنیا بە سەرۆك سپارد؟ بۆ ئەوەی دووژمن بەمە نەزانێت، نهێنیبوونی ئەم کارە بپارێزرێت، چونکە ئەگەر ئەم ئەرکە بەزۆر هەڤاڵ بسپێردرێت لەوانەیە دووژمن هەستی پێبکات و ئەمەش مەترسی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و لەوانەیە لەناوبردنیش رووبدات. پێویستبوو کۆنگرە بەسەلامەتی ساز بدرێت. بۆیە ئێمە زۆر وریا و بەدیقەت بووین، لەبەر ئەوە لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو ئەرکەمان بە سەرۆك سپارد و گووتمان:" تۆ کامە هەڤاڵ گونجاو دەبینیت دەتوانیت لەگەڵ ئەو هەڤاڵانە ئامادەکاری پێك بهێنیت". ئیدی لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو بڕیارەمان بەبنچینە وەرگرت، واتا بڕیاری ئەوەی کە ئێمە بچینە کۆنگرە، ئامادەکاری کۆنگرەش سەرۆك بەڕێوەی ببات، کات و شوێن و چوون و هاتن هەمووی سەرۆك دەستنیشانی بکات.

سەرۆکیش لەگەڵ هەڤاڵان "مەزلوم دۆغان و سەیفەددین زووغورلو" کە ئەو کاتە لە ئامەد بوون، هەموو ئەو ئامادەکارییانەی ئەنجام دا. هەڤاڵانی دیکە کەسیان لەو ئامادەکارییەدا شوێنگیر نەبوون. هەموو هەڤاڵانی دیکە چوون لە ناوچەکاندا بە کار و خەباتەوە خەریك بوون. واتا کۆنگرە کەی و چۆن و لەکوێ سازدەدرێت، کەس نەیدەزانی. سەرۆك بڕیاری دابوو لەگوندی فیس لەماڵی هەڤاڵ "سەیفەددین زووغورلو " کۆنگرە سازبدرێت، ئەوەشیان دەستنیشان کردبوو کە کەی هەڤاڵان بێن و چۆن بێن...؟ هەواڵی بۆ هەر ناوچەیەك دەنارد کە فلان و فلان هەڤاڵ بێنە فلانە جێگە، هەڤاڵانیش کە دەهاتنە شوێنی دیاریکراو، هەڤاڵ "مەزلوم دۆغان" و "سەیفەددین زووغورلو " ئەوانیان دەگواستەوە شوێنی کۆنگرە. واتا ناو و نیشانی شوێنی کۆنگرەیان

بە کەس نەگووتبوو. چونکە لەوانەبوو لەهاتندا گرتن روویدابایە، ئەگەر بزانن ئەوا شوێنی کۆنگرە ئاشکرا دەبێت، بۆیە هیچ کەسێك شوێنی کۆنگرەی نەدەزانی. بۆ نموونە؛ هەڤاڵان کە دەهاتنە ئامەد نەیاندەزانی کۆنگرە لە ئامەدە یان لەشوێنێکی دیکەیە، کەس نەیدەزانی لەکوێیە؟ تەدبیرێکی بەمجۆرە وەرگیرابوو. هەموو هەڤاڵان بەمشێوەیە کۆبوونەوە و بۆ شوێنی کۆنگرە نێردران. لە کۆتاییدا سەرۆك و من و وابزانم فاتمە (کەسیرە) یان هەڤاڵ "ساکینە جانسز" بوو، مابووین، هەڤاڵ "سەیفەددین زووغورلو" بە ترومبێلێك ئێمەی بردە شوێنی کۆنگرە.

ئیدی کۆنگرەی یەکەم لەسەر ئەو بنەمایە و ئەو ئامادەکارییانە پێشکەوت...

کەش و هەوا (ئاتمۆسفێر) ی یەکەمین کۆنگرە چۆن بوو؟ بەشداربووانی کۆنگرە لەرووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە بە چ شێوەیەك بوو؟

ئەو خانووەی کەوا لەگوندی "فیس"دا یەکەمین کۆنگرەی :PKK تێیدا سازدرا

كە كۆنگرە دەستیپێكرد، بەتەواوی بەیادم نایەتەوە (٢٢) یان (٢٣) هەڤاڵ بووین، لەدەرەوەی ئەو هەڤاڵانە دەبووایە هەڤاڵ "**كەمال پیر**" و "**محەممەد قەرەسوونگور**"یش تەڤلی كۆنگرە ببوونایە، هەڤاڵ "**كەمال پیر**" لەبەر ئەوەی لە زینداندا بوو، بۆیە تەڤلی كۆنگرە نەبوو، هەڤاڵ "**محەممەد قەرەسوونگور**"یش خەریكی خەباتی سیڤەرەك بوو، ئەمەش بۆ ئێمە گرنگە. واتا كاتێك هەنگاوی پارتیبوون و ئەو ئامادەكارییانەی لەم رووەوە دەمانكرد، شانبەشانی ئەمەش خەبات و شەڕی **سیڤەرەك**مان پێشدەخست. چونكە ئێمە دامەزراندنی پارتیمان بەچالاكی لەسەر "**محەممەد جەلال بوجاق**" رادەگەیاند. بۆیە دەبووایە ئامادەكارییەكان تەواو ببایە، بەمەش هەڤاڵ "**محەممەد قەرەسوونگور**" تەڤلی كۆنگرە نەبوو. ئەو ئامادەكارییەكانی بەڕێوە دەبرد. لەدەرەوەی ئەم دوو هەڤاڵە هەموو ئەو هەڤاڵانەی دەستنیشان كرابوون تەڤلی بوون، ژمارەی هەڤاڵانیش (٢٢) تا (٢٣) كەس دەبوون، ژمارەی هەڤاڵانی كچ كەم بوو، وابزانم دوو یان سێ كەس بوون.

بێگومان كۆنگرە دوو رۆژ بەردەوام بوو، لەماڵی هەڤاڵ "**سەیفەددین زووغورلو**" ئەنجامدرا و تەواو بوو. دایك و باوكی هەڤاڵ "**سەیفەددین زووغورلو**"یش نەیاندەزانی كە ئێمە كۆنگرە لەماڵی ئەوان سازدەدەین، هەڤاڵ "**سەیفەددین زووغورلو**" بە دایك و باوكی خۆی گووتبوو:" ئەوانە هەڤاڵی منن لە خوێندنگا، من دەعوەتم كردوون دوو - سێ رۆژ لێرە دەمێننەوە، بۆخومان خواردن دەخۆین و قسە دەكەین و پاشانیش هەر كەس دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی". بەمشێوەیە بە خانەوادەكەی گووتبوو، تەنانەت پاش كۆنگرەش دوای كاتێكی دوور و درێژ خانەوادەكەی نەیزانیبوو ئەوە كۆنگرە بوو و كۆنگرەی دامەزراندنی (PKK) لەوێ سازدراوە، پاشان بەماوەیەكی زۆر ئینجا تێگەیشتن، دوای ئەوەی كە هەر كەس زانی ئەوانیش پێیان زانی. بەراستی زۆر بەنهێنی ئامادەكارییەكان ئەنجامدرا بوون، بۆیە بەبێ مەترسی و بەسەركەوتوویی تەواو بوو.

رۆژەڤی كۆنگرە چی بوو؟

ڕۆژمەی کۆنگرە لەلایەن سەرۆکەوە ئامادەکرابوو، پێشنیازی کرد و پەسند کرا. کۆنگرەش کۆنگرەی یەکەمین بوو و بۆ دامەزراندنی (PKK) بوو، بۆیە زێدە فرە ڕۆژمە نەبوو، پێویستبوو پرۆگرام بخوێندرێتەوە و پەسند بکرێت، هەروەها بەڕێوەبەرایەتییەك بۆ پارتی هەڵبژێردرێت. لەلایەکی دیکەوە دامەزراندنی پارتی چۆن ڕابگەیەنرێت، دوای ڕاگەیاندنی پارتی چ ڕوودەدات، ڕەوشی سیاسی چییە؟ زیاتر لەسەر ئەو مەسەلانە گفتوگۆ کرا، هەروەها گفتوگۆ لەسەر ڕەوشی کادیر و مەسەلەی ڕێکخستن کرا. ئەمانە ڕۆژمەی سەرەکی کۆنگرە بوون. لە کۆنگرەدا بە قورسایی سەرۆك ئاپۆ قسە و هەڵسەنگاندنی کرد، هەڤاڵانیش هەڵسەنگاندیان دەکرد، بەڵام کەم بوو و زیاتر گوێیان دەگرت.

چونکە هەندێك لەئێمە هیچ کۆنگرەیەکیشی نەدیبوو، بەتەواوی نەشماندەزانی کۆنگرەیش چییە؟ لەوانەیە هەندێکیان پەرتووکیان خوێندبێتەوە کە باسی لە کۆنگرەی حزبەکان کردبێت، کە چ لە کۆنگرەدا گفتوگۆ دەکرێت و چۆن گفتوگۆ دەکرێت و...هتد. بێگومان هەموو شتێکیش لە پەرتووکەکان نانووسرێت، واتا هەندێك لە هەڤاڵان لەڕووی تیۆرییەوە سەبارەت بەوەی کۆنگرەی حزبی چییە زانیارییان هەبوو. ئیدی پارتی چییە و کۆنگرەی پارتی چییە و چ دەخوازێت، زێدە کەس زانیاری و ئەزموونی نەبوو، بۆیە هەمووومان بەجۆش و خرۆش بووین، جۆش و خرۆشێکی مەزن هەبوو، زیاتریش هەڤاڵان دەیانخواست تێبگەن، بۆیە کەم قسەیان دەکرد و زیاتر گوێیان لەشیکردنەوەکانی سەرۆك دەگرت و دەیانخواست لێی تێبگەن، لە کۆنگرە و پارتی و پارتیبوون تێبگەن، لەخۆیان تێبگەن. بێگومان هەندێك لە هەڤاڵانیش قسەیان دەکرد، وەك هەڤاڵان "محەممەد خەیری دوورموش، مەزلوم دۆغان" هەندێك هەڤاڵی دیکەش قسەیان دەکرد و تەقلی گفتوگۆیەکان دەبوون. وەکو گووتم؛ جۆش و خرۆشێکی مەزن لەناخی هەڤاڵاندا هەبوو. چونکە ئێمە هەم دەبینە پارتی، هەمیش بەشداری کۆنگرە بووین، ئەمەش جۆش و خرۆشێکی هێنابووە ئاراوە.

ئەو چەمك و مەیلانەی لەنێو كۆنگرەدا دەركەوتن چیبوون؟ چ بڕیار و ڕێنماییەك لە كۆنگرەوە دەرچوو؟

مرۆڤ دەتوانێت بڵێت لە كۆنگرەدا سێ مەیل و چەمك هەبوون، ئەو مەیلەی كەوا سەرۆك نوێنەرایەتی دەكرد كە هەمان مەیل مۆركی خۆی لەسەر كۆنگرە بەجێهێشتبوو، واتا بەوپەڕی هوشیارییەوە لە پارتیبوون و لە كۆنگرەدا دەژیان، بۆیە بەشداربوونی خۆیان بۆ كۆنگرە زۆر بەهێز بوو، لەسەرووی هەموویانەوە سەرۆك. مەیلی دووەمیش ئەو هەڤالانە بوون تێڕوانینی سەرۆكیان بەبناخە وەردەگرت و تەڤلیشی دەبوون، بەڵام هەڵسەنگاندن و بەشداربوونیان كەم بوو، زیاتر دەیانخواست تێبگەن، بەڵام بەتەواوەتی تەڤلی ئاخافتنەكانی سەرۆك دەبوون، لەگەڵ هەر بڕیارێكیدا بوون كە سەرۆك دەیخواست لە كۆنگرە بیدات، بەڵام زۆر بەهوشیارییەوە نەبوو، چونكە ئەگەر زۆر بەهوشیارییەوە بووایە ئەوا تەڤلیبوونی خۆیان زیاتر دەكرد، لەبەر ئەوە تەڤلیبوونی ئەوان لاواز بوو، ئەمەش مەیلێك بوو لەنێو كۆنگرەدا.
ژمارەیەكی زۆر بچووكیش خاوەن مەیلێكی دیكە بوون، ئەو مەیلە چ بوو؟ ئەوانە بوون كە لە كۆبوونەوەكانی دیكەشدا لەدژی دامەزراندنی پارتی بوون و نەیاندەخواست تەڤگەر ببێتە پارتی. كەسانی بەمجۆرە زێدە تەڤلیبوونی خۆیان ئەنجام نەدەدا، ئەوانیش هەر دوو ـ سێ كەس دەبوون **"شاهین دونمەز، عەلی چەتینەر"** و یەك دوو كەسی تریش هەبوو، زێدە نەبوون. ئەوانە بە ئەنقەست تەڤلی گفتوگۆكان نەدەبوون. ئیدی كۆنگرە بە سەلامەتی و جۆش و خرۆشەوە تەواو بوو.
كاتێك كە كۆنگرە بەرەو تەواو بوون دەچوو، ئیدی دەست بەهەڵبژاردن كرا تاكو بەڕێوەبەرایەتییەك بۆ پارتی هەڵبژێردرێت. سەرۆك پێش هەڵبژاردنەكە ئاخافتنێكی پێشكەش كرد و تێیدا گووتی:" من ئەو تەڤگەرەم تاكو ئێستا هێناوە، باش و خراپ، هەر هەڤاڵێك ئامادەبێت سەرۆكایەتی تەڤگەر بكات من ئامادەم سەرۆكایەتی ئەم تەڤگەرە تەسلیم بەو بكەم". بێگومان كەس دەرنەكەوت كە ئەم ئەركە لەئەستۆی خۆی بگرێت. جا ئەركێكی هێندە مەزن كێ دەتوانێت لەئەستۆی خۆی بگرێت، تا ئەو كاتە

سەرۆك لەئەستۆی خۆی گرتبوو. واتا لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە تا دەگاتە لایەنی ڕێکخستنی کەس لە سەرۆك ئاست بەرزتر و بەهێزتر نەبوو. بۆیە کەس خۆی بۆ ئەم ئەرکە ئامادە نەبینی. سەرۆکیش گووتی:" مادام کەس خاوەنداریێتی لێناکات و لە ئەستۆی مندا دەیهێڵنەوە کەواتە دەبێت منیش دیقەت بکەن و بەبنچینە وەربگرن، واتا ئێمە ئیدی دەکەوینە قۆناخێکی نوێوە، ئیدی ئەو شۆڕشگێڕێتییەی لەمەودوا بیکەین وەکو کە لەرابردوودا دەمانکرد نابێت، ئیتر نابێت هەر کەس بە کەیفی دڵی خۆی کاربکات، بەڵکو دەبێت بەگوێرەی پێداویستی پارتی کاربکەین..."

لەئاخافتنی خۆیدا باسی ئەو قۆناخەی کرد کە لەدوای خۆمان بەجێمانهێشتووە قۆناخێکی چۆن بوو؟ ملیتانێتی ئەو قۆناخەی داهاتوو دەبێت چۆن بێت؟ هەروەها ئاماژەی بەوەش دا کە پێویستە باش لەو مەسەلەیە تێبگەین کە ئەو هەنگاوەی بۆ پارتیبوون هاوێشتوومانە بە چ واتایەك دێت و چۆن ملیتانێتی پارتیبوون جودایە و ئەرکی جیاوازترە، چونکە ئەو قۆناخەی تێیداین زۆر جیاواز و قووڵ و چڕوپڕ ترە. ئیدی پێویستە کەس بە شۆڕشگێڕێتی رابردوو لە پارتیبوون نزیك نەبێتەوە، بۆ ئەوەی هەنگاوی پارتیبوون بەبێ کێشە پێشبکەوێت و زەبرمان بەرنەکەوێت... ئیدی لەسەر ئەو مەسەلانە ئاخافتنی کرد. چونکە سەرۆك دەیبینی کادیری هەرە لەپێش کە لەکۆنگرەشدا ئامادەن هەرچەندە لەسەر پرۆگرام گفتوگۆ کراوە و چەندین کۆبوونەوەمان ئەنجام داوە، هێشتاش لەمیانەی بەشداریکردنی لە گفتوگۆکانی نێو کۆنگرەدا دەیبینی کە بەتەواوی لەپارتیبوون تێگەیشتن بەدینەهاتووە، بۆیە ئەم ئاخافتنانەی کرد. پاشان گووتی:" ئەوەی دەخوازێت بۆ کۆمیتەی ناوەندی خۆی پێشنیاز بکات دەتوانێت خۆی پێشنیاز بکات، کامە هەڤاڵیش گونجاو دەبینن دەتوانن پێشنیازی بکەن". ئێمە ئەوەمان دەستنیشان کرد کە کۆمیتەی ناوەندی ئێمە حەوت کەس بێت، سەرۆك گووتی:" بەگوێرەی ئەمەش پێشنیاز بکەن، هەم دەتوانن خۆتان خۆتان پێشنیاز بکەن و هەمیش دەتوانن هەڤاڵانی دیکەش پێشنیاز بکەن.

بە سەرۆکەوە حەوت کەس لە کۆمیتەی ناوەندییدا دەبێت یان سەرۆك جودابووە؟

بە سەرۆکەوە حەوت کەس لە کۆمیتەی ناوەندی بن، سەرۆك جودا و کۆمیتەی ناوەندیش جودا نەبوو. سەرۆکیش لەناویدا کۆمیتەی ناوەندی حەوت کەس بن، ئەو کاتەش لە سیستەمی ئێمەدا سەرۆکمان جودا نەکردبووەوە، سەرۆکیش لەو کۆمیتەی ناوەندییەدا ئەندامێکە، بەمشێوەیە بوو.

بێگومان "شاهین دوەمەز" هەستا خۆی پێشنیاز کرد و گووتی:" من ئامادەم و دەخوازم ببمە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی". سەرۆك تارادەیەك "شاهین دوەمەز"ی دەناسی، بۆیە پێیگووت:" بەراستی تۆ ئامادەی ئەم ئەرکە پێك بهێنیت؟ ئەرکێکی زەحمەتە، چڕوپڕ و زۆر مەترسیدارە، زۆر شت لەمرۆڤ دەخوازێت، تۆ دەتوانیت لەژێر باری ئەم ئەرکەدا دەربکەویت؟". "شاهین" گووتی:" من خۆم ئامادە دەبینم" بێگومان سەرۆکیش هیچی نەگووت، بینی کە هەڤالانی تریش لە کۆنگرەدا شتێك نالێن، گووتی:" باشە مادام خۆت گونجاو دەبینیت"، ئیدی ناوی ئەویشی نووسی، هەڤالانی دیکەش هەڤالانی تریان پێشنیاز دەکرد. بۆ نموونە هەندێك لەهەڤالان هەڤاڵ "مەزلوم دۆغان"یان پێشنیاز کرد، سەرۆك گووتی:" تۆ ئامادەی بۆ ئەم ئەرکە؟" هەڤاڵ "مەزلوم دۆغان" گووتی:" من خۆم پێشنیاز نەکردووە، هەڤالان منیان پێشنیاز کردووە، مادام هەڤالان پێشنیازیان کردووە ناتوانم رەتیبکەمەوە". چونکە کولتوور و چەمکێکی ئێمە هەبوو کە ئەگەر تەڤگەر یان هەڤالان ئەرکێکی بەکەسێك سپارد، پێویستە ئەو ئەرکە پێکبێنێت. بێگومان بۆیە هەڤاڵ "مەزلوم"یش ئەو ئاخافتنەی کرد، دیسان نەریت و کولتوورێکی ئێمە هەبوو کە کەسمان خۆی خۆی پێشنیاز نەدەکرد، هەمیشە هەڤالان هەڤالێکیان پێشنیاز دەکرد، هیچ کاتێك کەسێك شەخسی خۆی پێشنیاز نەدەکرد، نەریت و کولتوورێکی بەمجۆرەمان هەبوو. هەڵبەتە ئیدی "شاهین دوەمەز" لەدەرەوەی نەریت و کولتووری ئێمە هەڵسوکەوتی کرد، کاتێك کە خۆی خۆی پێشنیاز کرد سەرنجی سەرۆك و هەمووشمانی راکێشا، بەلام پێویستبوو ئێمە ئەوەمان رەخنە بکردبایە، واتا سەرۆك و

هەموو هەڤالانیش دەیانزانی کە "شاهین دۆنمەز" ناتوانێت ئەم ئەرکە پێکبێنێت، هەر کەس دەیزانی کە لە کەسێتی "شاهین دۆنمەز"دا تایبەتمەندی دەسەلاتخوازێتی زۆر بەهێزە، کەسێتی ئەو کەسێتییەکی ناجێگیرە و تەفلیهەڤە (تێکەڵ و پێکەڵە)، لە کەسێتی ئەودا سەرەڕۆیی (لومپەنیزم) هەیە و ناکەوێتەوە ناو ڕێکخستن و دیسپلینەوە، جددیەتی نییە، کەسێتییەکە دووژمن وێرانی کردووە، تایبەتمەندی کەمالیزمیشی تێدا بەهێزە...هتد. هەر بۆیە سەرۆك پێی گووت:" بەراستی ئامادەی بۆ ئەم ئەرکە؟" سەرۆك چاوەڕێی رای هەڤالان بوو لەم بارەیەوە، هەڤالانیش دەنگی خۆیان نەکرد، بۆیە سەرۆکیش هیچی نەگووت.

بێگومان لێرەدا ئێمە هەڵەیەکی مەزنمان کرد، ئێمە هەمووشمان دەمانزانی کە "شاهین دۆنمەز" شایستەی ئەو ئەرکە نییە، کەچی کەسمان دەنگمان نەکرد. پاشان "شاهین دۆنمەز" بووە بەلایەکی مەزن بەسەر تەڤگەرەوە، زەبرێکی مەزنی لەتەڤگەر دا. کاتێك کە دەستگیر کرا بەرخۆدانی نەکرد و تەسلیم بوو، هەرچییەکی تەڤگەری دەزانی تەسلیمی دووژمنی کرد. ئەمەش تەخریباتێکی مەزنی بۆ ئێمە دروست کرد. هۆکاری ئەوەی ئەو تەخریباتانەمان بەسەردا هات ئەوا دەتوانم بڵێم لەم خاڵەوە دەستی پێکرد، لەم هەڵەیەوە دەستی پێکرد.

لە ئاکامی هەڵبژاردندا حەوت هەڤاڵ بۆ کۆمیتەی ناوەندی دەستنیشان کران، لەوانە یەکێکیان سەرۆك بوو، "محەممەد قەرەسوونگور، من (جەمیل بایك)، مەزلوم دۆغان، محەممەد خەیری دوورموش، باقی قەرار (برای حەقی قەرار) یەکێکیشیان ئەو "شاهین دۆنمەز"ە بوو. ئیدی ئەو حەوت کەسە بووینە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (PKK). پاشان لەناو کۆمیتەی ناوەندیدا دەستەی کارگێڕییشمان هەڵبژارد، هەڤاڵ "محەممەد قەرەسوونگور"یشمان گونجاو بینیبوو کە لەدەستەی کارگێڕیدا بێت، بەلام ئەو هەڤاڵە ئەمەی پەسند نەکرد و گووتی:" هەڤالانی لەمن باشتر هەن ئەو ئەرکە پێکبێنن، کە هەڤالان منیان شایستە بینیوە شتێکی باشە، بەلام من خۆم شایستە نابینم، من هەڤاڵی دیکە شایستە دەبینم". ئەو هەڤاڵە خۆی لە کۆنگرەدا ئامادە نەببوو، بۆیە کە کۆمیتەی ناوەندی و دەستەی کارگێڕی هەڵبژێردران ئاگای لێنەبوو، تەنانەت خۆیشی پێشنیازی کردبوو کە کێ بکەوێتە شوێنی ئەو، ئێمەش گووتمان:" مادام وایە هەڤاڵێکی ترمان

دەستنیشان کرد، بۆ دەستەی کارگێرپیش سەرۆك و من و ئەو "شاهین"ە بووین، واتا دەستەی کارگێڕی لە سێ کەس پێکهاتبوو، ئیدی بەمشێوەیە کۆنگرە تەواو بوو.

پێویستبوو بەیاننامەی راگەیاندن ئامادە کرابایە، ئامادەکاری سیفەرەك تەواو بکرابایە و بەو چالاکییەش ئێمە (PKK) رابگەیەنین. تا ئەو کاتەش پارتی لەهەموو شوێنێك رێکخستە بکرێت و رێکخستنی پارتی دروست ببێت، ئیدی بۆ رێکخستەبوون دەستمان بەخەبات کرد. بۆ رێکخستنی پارتیش کۆمیتەیەکمان دروستکرد "کۆمیتەی رێکخستنی پارتی" من لەو کۆمیتەیەشدا بووم، بۆ ئەوەی بتوانین بەخێرایی پارتی رێکخستە بکەین. سەرۆکیش ئامادەکاری نووسینی بەیاننامەی دامەزراندنی پارتی دەکرد. دەتوانم بۆ کۆنگرەی یەکەم ئاماژە بەو شتانە بکەم.

خاڵێك سەرنجی مرۆڤ رادەکێشێت؛ شاهین دونمەز دەناسرێت، کەسێتی ئەو و تایبەتمەندێتییەکانی و مەسەلەی دەسەلاتخوازێتی و خۆ بەبنچینە وەرگرتن و لومپەنیزمی ئەو...هتد. بەلام بۆچی سەرۆك یان ئەو کۆمیتەیەی بۆ ئامادەکاری کۆنگرە پێکهێنرابوو شاهین دونمەزیان کردە ئەندامی کۆنگرە، پێشتریش تێڕوانینی ئەو لە کۆبوونەوەکاندا دیار بوو کە دژی پارتیبوونە، کەچی دیسانیش سەرۆك و کۆمیتەی ئامادەکار شاهین دونمەز وەك ئەندامی بەشدار لە کۆنگرە دەستنیشان دەکات و پاشانیش دەبێت بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامی دەستەی کارگێڕی...

راستە، راستینەی "شاهین دونمەز" بەمجۆرە بوو، بەلام لەپراکتیکیشدا کاری دەکرد، بۆ ئەوەی خۆی بە پەسندکردن بدات زۆر کاری دەکرد. وەکوتریش تواناکاری خۆی هەبوو کە پێشبکەوێت. چونکە لە زانکۆش خوێندبووی، واتا توانستێکی وەهاشی هەبوو.

لەلایەکی تریشەوە چەمکێکی سەرۆك هەبوو کە کەسێك بڵێت:" من دەتوانم فلاّن کار بکەم" سەرۆك نەیدەگووت:"نا ناتوانیت" و "نابێت" هیچ کاتێکیش ئەمەی نەگووتووە. دەیخواست راستینەی ئەو بەو بناسێنێت، لەو کۆنگرەیشدا خواستی راستینەی ئەو بەو بناسێنێت، بەلاّم کاتێك کە "شاهین دونمەز" سوور بوو، ئەویش گووتی:"مادام تۆ خۆت ئامادە دەبینیت و دەخوازیت، شتێکی من بیڵێم نییە". ئەمە نزیکبوونەوەی سەرۆك بوو، واتا هەڤاڵێك بیگووتبایە دەتوانم ئەو کارە بکەم، سەرۆك نەیدەگووت:" نا" دەیگووت:" مادام تۆ خۆت ئامادە دەبینیت فەرموو بیکە".

ئەمە نزیکبوونەوەیەکی دیموکراتیانەیە...؟

بێگومان کەسێك بڵێت:" من دەتوانم ئەو کارە بکەم" تۆ ناتوانیت بڵێیت:" تۆ ناتوانیت بیکەیت"، وەکوتریش سەرۆك بۆچی ئەو چەمکەی بەبنەما وەرگرت؟ چونکە چەمکی دیموکراتیانەی بەبنەما و بناخە وەردەگرت. ئەمە هۆکارێك بوو. هۆکارێکی تریش ئەوە بوو کە داگیرکەران هەمیشە بەخەڵکی ئێمەیان گووتبوو:" ئێوە ناتوانن شتێك بکەن، ناتوانن ئەنجام بەدەست بخەن". ئەو چەمکەیان بەساڵان خستبووە نێو مێشکی گەلی ئێمەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی ئێمە باوەڕ بەخۆی نەکات. سەرۆکیش دەیخواست ئەم چەمکە لەخەڵکی ئێمەدا بشکێنێت، تەنانەت ئەو هەڤاڵانەی کە لاواز بوون و نەیاندەتوانی کارێك بکەن، سەرۆك دەیخواست و هەوڵیدەدا و باوەڕی بەوان بدات، مۆڕاڵ و ورەی بەوان دەبەخشی، بۆ ئەوەی باوەڕی بەخۆیان بکەن و بتوانن هەنگاو بهاوێژن. دەیگووت:" ئێوە دەتوانن بیکەن"، واتا ئەم ئوسلوب و نزیکبوونەوەیەی پەیڕەو دەکرد، تاکو بەم هەڤاڵانە هەنگاو بهاوێژێت، بۆ ئەوەی ئەو شتەی دووژمن بەساڵان خستبوویە مێشکی خەڵك، ئەویش بتوانێت لە مێشکی خەڵك دەریبخات، دووژمن و داگیرکەران گووتبوویان:" تۆ ناتوانیت هیچ بکەیت". ئەگەر تۆش هەر پێی بڵێیت:" تۆ ناتوانیت، تۆ ناتوانیت..." ئەو کەسە ناتوانێت هیچ هەنگاوێك بهاوێژێت. پێویستە تۆ پێی بڵێیت:" تۆ دەتوانیت بیکەیت" و هێز و وزە و مۆڕاڵی بدەیتێ، تاکو ئەو کەسە هەنگاو بهاوێژێت و باوەڕی لەلا دروست ببێت. چونکە سەرۆك ئەم تێڕوانینەی بەبنەما

وەردەگرت، کە "شاهین دونمەز" گووتی:" من دەتوانم و ئامادەم و بەخۆم باوەڕم" نەیخواست بیشکێنێتەوە و گووتی:" مادام تۆ دەڵێیت من دەتوانم، فەرموو بیکە". هەڵبەتە پاشانیش سەرۆك دەیخواست رەوشی ئەو و لاوازییەکانی بناسێت و هەمیش لەناو کار و جڤینەکاندا خۆی لە لاوازییەکانی رزگار بکات و هەنگاو بەرەو پێشەوە بهاوێژێت، سەرۆك بەمجۆرە لە "شاهین دونمەز" نزیکبووەوە. بەمە زۆر وزە و مۆڕاڵیشی وەرگرت و جورئەتیشی وەرگرت، لە پراکتیکدا هەنگاویشی دەهاوێشت. هۆی ئەوەی سەرۆك رەوشی "شاهین دونمەز"ی دەزانی و رێگیری لێنەکرد لەبەر ئەم هۆیانە بوو.

سەرۆك نزیکبوونەوەیەکی بۆ مرۆڤەکان هەبوو، دەیگووت:" ئەگەر لە (٪۹۹)ی خراپ بووبێت و لە (٪۱)ی باش بێت ئەوا پێویستە مرۆڤ ئەو (٪۱) بەبنەما وەربگرێت و ئەو (٪۱) بەهێز بکات، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لایەنی خراپەی ئەو کەسە کەم بکاتەوە". نزیکبوونەوەی سەرۆك بەتەواوی لەسەر ئەو بنەمایە بووە؛ سەبارەت بە "شاهین دونمەز"یش هەمان ئەو نزیکبوونەوەیەی بەبنەما وەرگرت...

چەند هەڤاڵێکی کچ بەشداری کۆنگرە ببوون، بەڵام کەسیان لە کۆمیتەی ناوەندیدا شوێنگیر نەبوون، خۆیان نەیاندەخواست یان هۆکاری دیکە هەبوو؟

هەڤاڵ ساکنە جانسز

هەڤاڵ عەباس(دوران کالکان)

ئەو کاتە هەڤاڵانی کچ زۆر بێ ئەزموون بوون و تازە بوون لە پراکتیکدا، بۆ خۆیشیان خۆیان بەگونجاو نەدەبینی، هەڤاڵانیش کەس ئەوانیان پێشنیاز نەکرد، بۆیە هەڤاڵانی کچ نەبوونە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییەوە...

لە کۆنگرەدا ناو و ئاڵا و سیمبۆلی پارتی چۆن گفتوگۆی لەسەر کرا؟ بەتایبەتی ناوی (PKK).

لە کۆنگرەدا هەندێك گفتوگۆ کرا و هەندێك پێشنیاز کران، ئەو کاتە ئێمە بەتەواوی بڕیارمان لەسەر نەدا. ئەو مەسەلانەمان بۆ سەرۆك بەجێهێشت و گووتمان:" با پێشنیازی زیاتر وەربگرێت و پاشان لەناو ئەو پێشنیازانەدا ناوێکی گونجاو و ئارمێکی گونجاو دەستنیشان بکات". ئیدی لەناو پێشنیازەکاندا هەم بۆ ناو و هەمیش بۆ ئارم ئەو ناوەی دەزانرێت **پارتیا کارکەرێن کوردستان** (PKK) و ئەو ئارمەی دەزانرێ؛ **زەمینەیەکی سوور، لەناوەڕاستیدا چەکوش و داسێك** دەستنیشان کران، ناوی (PKK) وابزانم پێشنیازی هەڤاڵان **"مەزلوم دۆغان"** و **"فەرهاد کورتای"** بوو. هەڤاڵ **"فەرهاد کورتای"** خەڵکی شاری ماردین بوو، ئەندازیار بوو لە زیندانی **دیاربەکردا** شەهید بوو.

ئەوان ناوی (PKK)یان پێشنیاز کردبوو و بەمشێوەیە ئەو ناوە پەسندکرا. لەدەرەوەی ناوی (PKK) چەندین ناوی دیکەش پێشنیاز کران، بەڵام ئەم ناوەیان پەسندکرا، هەڵبەتە ئەوەی ئارمیش "چەکوش و داس" بوو، لەدەرەوەی ئەم ئارمە ئارمی دیکەش پێشنیاز کرابوو، بەڵام ئەمەیان پەسند کرا. چونکە تەفکەری ئێمەش ئەو کاتە لەژێر کاریگەری سۆسیالیزمی بنیادنراودا بوو. لە جیهاندا هەموو ئەو تەفکەرانەی بۆ ئازادی و سۆسیالیزم و دیموکراتییەت شەڕیان دەکرد زۆربەیان ئەو ئارمەیان بەبنچینە وەردەگرت، ئێمەش لەژێر ئەو کاریگەرییانەدا بووین، بۆیە ئەو ئارمەمان پەسند کرد.

پارتی دادەمەزرێت، کاریگەری دامەزراندنی پارتی لەسەر هەڤاڵان و گەل چۆن بوو؟ دەنگدانەوەیەکی چۆنی هەبوو؟

بێگومان کە کۆنگرە سازدرا و دەستمان بە ڕێکخستەکردنی پارتی کرد کاریگەری زۆر بەهێزی لەسەر کادیران کرد و جۆش و خرۆشێکی مەزنی بەخشی و ئیدی ئێمە بووینە پارتی و هەر کەسێکیش خۆی بە پارتی دەزانی. بێگومان ئەمە هێز و وزەی بە هەڤاڵان بەخشی و بەم دڵخۆشییەوە زیاتر کەوتینە نێو کار و خەباتەوە. بەڵام بێگومان هێشتا لە شۆڕشگێڕێتی سەردەمی بەر لە پارتیبووندا دەژیان و پارتێتی نەدەژیان، هەر بۆیەش تەواو لە پارتیبوون تێنەدەگەیشتین، ئیدی خۆمان بەئەندامی پارتی دەبینی. بەڵام لەبنەڕەتدا لەزۆر رووەوە دووری پارتیبوون بووین. واتا لەهەموو رووێکەوە لە شۆڕشگێڕێتی سەردەمی گروپدا دەژیاین و شۆڕشگێڕی ئەماتۆر بووین. ڕەوشی کادیر بەمجۆرە بوو، بەڵام مۆڕاڵ و جۆشێکی بەهێزی بە کادیر بەخشیبوو. چونکە هەر کەس خۆی بە ئەندامی پارتی دەزانی، بۆیە بەجۆشەوە کاری دەکرد، بەڵام بە کەسێتی ئاماتۆرییەوە.

بێگومان کاریگەری لەسەر گەلیش هەبوو، لەبنەڕەتدا کە دامەزراندنی پارتیمان ڕاگەیاند کاریگەری خۆی کرد، بێگومان بەر لەوە گەل نەیزانیبوو کە هەنگاوێکی بەمجۆرەمان هاوێشووە.

کە کۆنگرە کۆتایی هات، دامەزراندنی پارتی کەی راگەیەنرا...؟

هەڵبەتە لەهەمان رۆژدا دامەزراندنی پارتی رانەگەیەندرا. چونکە هێشتا رێکخستەبوونمان تۆکمە نەکردبوو، ئەگەر ئێمە رایبگەیەنین، بێ رێکخستنی هەیە، دەوڵەت هێرشمان بۆ بێنێت و زەبرێکی مەزن دەخۆین. بۆیە پێویستبوو کە رێکخستەبوونێك بەدیبێنین، هەڵبەتە بەچالاکی سیفەرەك دەمانخواست رایبگەیەنین، هێشتا ئامادەکاری ئەنجامدانی ئەو چالاکییە تەواو نەببوو، بۆیە ئێمە رامانئەدەگەیاند، ئیدی پاشان رامانگەیاند.

بێگومان گەل کاتێك کە دامەزراندنی پارتی راگەیەنرا، ئەو کاتە پێی زانی کە پارتی دامەزراوە، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر بەهێزی لەسەر گەل دروست کرد، گەل زیاتر باوەڕی بە تەڤگەر کرد، زیاتر خۆی تەڤلی تەڤگەر کرد، لەزۆر شوێندا تەڤگەر زۆر فراوان و مەزن و بەهێز بوو، ئیدی گەل بەهێزبوونی خۆی دەبینی. چونکە پارتی خۆی دامەزرا، تاکو ئەو کاتە لە کوردستاندا گەلی کورد ناوی پارتییەکی بۆ خودی خۆی نەبیستبوو، ئەو پارتییانەی هەبوون هەمووی پارتی دەوڵەت بوون، هی کوردانیش نەبوون، هی دەوڵەت بوو هی تورکیا بوون. بەناوی کورد و کوردستان هیچ پارتییەك نەبوو و کورد نەیبیستبوو، یەکەمینجار بە راگەیاندنی دامەزرانی (PKK) بینی کەوا پارتییەك بەناوی کورد و کوردستان دامەزراوە، لەبەر ئەمە زۆر کاریگەری خۆی لەسەر گەل کرد، واتا بینیان کە پارتی ئەوان دامەزراوە، ئیدی خاوەنێکی ئەوان هەیە، تا ئەو کاتە خۆی بێخاوەن دەبینی، خۆیان بێ رێکخستن و بێ هێز دەبینی، بەڵام بە لەدایکبوونی (PKK) ئیدی خۆی بە هێز و توانا بینی، بینی کە ئەویش هێزێکە و ئیدی پارتی ئەویش هەیە. لەبنچینەدا ئەو کاریگەرییەی خۆی لەسەر گەل کرد، گەلیش زیاتر خۆی لەتەڤگەر نزیك کردەوە و تێیدا بەشداربوو، بۆیە تەڤگەر لەهەموو شوێنێکدا بەم هەنگاوە بەهێز و فراوانتر بوو. لەمێژووی گەلەکەماندا یەکەمینجار بوو بەناوی ئەوەوە پارتییەك دروست ببێت. پارتییەك کە بە چالاکییەك خۆی رابگەیەنێت، هەمیش بە چالاکی دژ بە "**محەمەد جەلال بوجاق**" خۆی رابگەیەنێت. چونکە گەلی کورد چەندە

بەدەستی داگیرکەران زوڵمی چەشتبوو، بەو رادەیەش بەدەست خائین و سیخوڕ و دەسەڵاتداری کوردیش زوڵمی بینیبوو، لەبنەڕەتیشدا ئەو زوڵمەی دووژمن و دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دەیانکرد بەدەستی ئەو خائینانەوە دەیانکرد. دەوڵەت لەهەندێك شوێندا خۆی دەدایە پێش، لەزۆر شتیشدا خۆی لەدواوە دەشاردەوە و چینی خائینی کوردی دەدایە پێش، هەموو زوڵم و تاوانی بەدەستی ئەوان دەکرد، بۆیە ئەو زوڵم و تالآنی و کوشتنانەی ئەوان دەیانکرد گەل چاك دەیبینی، چونکە بە بەرچاوی گەلدا دەیانکرد، لەراستیدا دەوڵەڤ بەمە دەیخواست کاردانەوە و رك لەبەرامبەر ئەوان بێت، نەك لەبەرامبەر دەوڵەت، واتا تاکتیکی بەمجۆرەی بەڕێوەدەبرد، کوردی لەدژی کورد بەکاردەهێنا، کوردی بە کورد بەکوشت دەدا، بۆیە گووتنێکیان هەیە دەڵێت:" سەگ سەگە، چ سپی چ رەش جیاوازیان نییە، سەگ بە سەگ بە کوشت بدە" ئەو تاکتیکەیان دژ بە کورد بەڕێوە دەبرد.

ئیدی کاتێك لەدژی "**محەمەد جەلال بوجاق**" ئەو چالاکییە ئەنجامدرا و لەگەڵ چالاکییەکەدا پارتی راگەیەنرا، کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر گەل کرد، باوەڕییەکی بەهێزی بە گەل بەخشی، بۆیە گەل بە پارتی باوەڕی کرد و لەهەموو شوێنێك کەوتنە نێو جموجوڵەوە و لەزۆر شوێندا گوێڕایەڵی پارتی بوو و لەنێو رێکخستنی پارتیدا شوێنی گرت، پارتی چی دەخواست یەکسەر پێکیدەهێنا، کاریگەرییەکی بەمجۆرەی کردە سەر گەل.

بۆیە لەدایکبوونی (PKK) لەدایکبوونێکی مێژوویی بوو، لە مێژووی گەلی کورددا لاپەڕەیەکی نوێ بوو، هەنگاوێکی نوێ بوو، یەکەمین جار بوو پارتییەك بەناوی ئەوانەوە دابمەزرێت و رابگەیەنرێت. ئیدی گەلی کوردیش بووە خاوەن پارتی خۆی. تا ئەو کاتە پارتییەکیان نەبوو، بەناوی کورد و کوردستان رێکخستنێك نەبوو و تێیدا بەشدار نەببوون، تەنیا لە رێکخستنەکانی دەوڵەتی تورکیا بەشدار ببوون، ئەو رێکخستنانەی کەوا تەسفیەی گەلی کوردیان ئەنجام دەدا، واتا ئەو رێکخستنانەی پێشتر گەلی کورد تێیدا شوێنیان دەگرت تەسفیەی گەلی کوردیان دەکرد. بۆیە لەدایکبوونی (PKK) مێژوویی بوو و لاپەڕەیەکی نوێ بوو بۆ گەلی کورد.

ئیدی به لەدایکبوونی (PKK) و ڕاگەیاندنی دامەزرانی (PKK)، قۆناخێك لە کوردستان کۆتایی پێهات و قۆناخێکی نوێ سەریهەڵدا و دەستیپێکرد. پێشتر مێژوو، نەك لەسەر قاچەکانی، بەڵکو لەسەر سەری خۆی بەڕێوە دەچوو و سەراونخون ببووەوە، بەم لەدایکبوونە ئیدی مێژوو گەڕێندرایەوە سەر قاچەکانی خۆی. بۆیە لەدایکبوون و ڕاگەیاندنی دامەزرانی (PKK) پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی دوو قات زیاتر کرد، ئیدی کاریگەرییەکی بەمجۆرەی کرد.

کاریگەری دامەزرانی پارتی لەسەر دەوڵەت و هێزەکانی دیکە چۆن بوو؟ بۆ ئەوان بە چ واتایەك دەهات؟

دیمەنێك لە کۆمەڵکوژییەکەی مەرعەش

دەوڵەت بەگرتنی "شاهین دونمەز" و خیانەتی ئەو تێگەیشتبوو کە ئێمە کۆنگرەمان سازداوە و بووین بە پارتییەك، تا بەر لەگرتنی "شاهین دونمەز" دەوڵەت نەیدەزانی و

هیچ زانیارییەکی نەبوو. بەڵام بەم گرتنەی "شاهین دونمز" کە دانی بەهەموو شتێکدا نابوو و هەموو شتێکی تەسلیم بە دەوڵەت کردبوو، بەبێ ئەشکەنجەکردن دانی بەهەموو شتێکدا نابوو، دەوڵەت بووە خاوەنی زانیاری. هەڵبەتە دەوڵەت سەرەتا باوەڕی پێنەکردبوو، گووتبووی:" ئەمە درۆ دەکات ئێمە دەخڵەتێنێت" بەوجۆرە مەزەندەی نەدەکرد کەوا "شاهین" بەبێ ئەشکەنجەکردن تەسلیم ببێت، چونکە ئەو قسانەی "شاهین" کردبووی هیچ تەحەمولیان نەدەکرد، هەندێك شت کە "شاهین" دانی پێدا نابوو دەوڵەت هیچ زانیارییەکی لەسەر نەبوو و نەیدەزانی، بۆیە دەوڵەت دەیگووت:" ئەمە درۆ دەکات" و باوەڕیان پێینەکرد. وەکوتریش لەئاستیکی وەهادا خیانەتێکی بەوجۆرەیان هیچ باوەڕ نەدەکرد. چونکە کادیری ئەم تەڤگەرەیان بەجۆرێکی تر ناسیبوو، بۆیە سەرەتا پێی باوەڕ ناکەن، پاشان باوەڕیان پێکردبوو. تا ئەو کاتەش تەڤگەر هەندێك تەدبیری بۆ خۆی وەرگرتبوو.

دەتوانم بڵێم؛ پێش ئەوەی ئێمە دامەزراندنی پارتی رابگەیەنین دەوڵەت دەیزانی کە ئێمە کۆنگرەمان سازداوە و پارتیمان دامەزراندووە و رێکخستنێکی پارتی هەیە و دەخوازین بە چالاکی بەسەر "بوجاق"دا پارتی رابگەیەنین. "شاهین" بەتەواوی نەیدەزانی، بەڵام مەزەندەی دەکرد کە پارتی بە چالاکی بەسەر "بوجاق"دا خۆی رادەگەیەنێت، ئەمەی باس کردبوو. بۆیە دەوڵەت دەیزانی چۆن رێگیری لەمە بکات، دەیخواست تەدبیری ئەمە وەربگرێت و لەسەر ئەمەش سوور بوو، بەڵامْ ئێمەش لەسەر بڕیاری خۆمان سووربووین.

ئەمە راستینەی ئەم تەڤگەرەیە، ئەگەر تەڤگەر هەرچییەکی داوەتە پێش خۆی تێیدا سووربووە و پێکیهێناوە، جا چ درەنگ بێت یان لەکاتی خۆیدا بێت، ئەمە تایبەتمەندییەکی ئەم تەڤگەرەیە. لەبەر ئەوەی خاوەن تایبەتمەندییەکی بەمشێوەیە، گەلیش ئەمە دەزانێت، بۆیە گەل باوەڕی بەم تەڤگەرە کرد. واتا تەڤگەری ئاپۆچی هەرچییەك بڵێت راست دەبێژێت و پێکیدەهێنێت. ئیدی قەناعەتێکی بەمجۆرە لەنێو گەلدا دروست بووە. چونکە لەژیان و پراکتیکی (PKK)دا ئەمەی بینیوە، کە (PKK) نەتوانێت شتێك بکات نابێژێت، کە دەئاخڤێت کەواتە دەیکات، کە کردی ئینجا قسە

دەكات. ئیدی ئەمە باوەڕییەكی بەهێزی بە گەل بەخشی، بەمشێوەیە (PKK) لەناو گەلدا ناسرا.

من لەئاخافتنی خۆشمدا گووتم؛ بۆ نموونە ئێمە دەمانخواست لە سیفەرەك بگەینە گەریلا و گەریلاش لەهەرێمی "بۆتان" پێك بێنین، هەرچەندە لە سیفەرەك ئەو ئامانجانەی بۆخۆمان دانابوو بەتەواوی پێكنەهات، دیسانیش دەستبەرداری نەبووین، درەنگیش بێت ئێمە دیسان ئەو ئامانجەمان پێكهێنا.

لەمەسەلەی راگەیاندنی دامەزرانی (PKK)شدا هەرچەندە "شاهین دونمەز" خیانەتیشی كرد، دیسانیش ئێمە سووربووین لەسەر ئەوەی بەچالاكی بەسەر "بوجاق"دا پارتی رابگەیەنین. ئیدی ئەوە تایبەتمەندییەكی ئەم تەفكەرەیە، دەوڵەت چەندە خواستی رێگیریش لەمە بكات بەڵام نەیتوانی. كاتێك پارتی راگەیەنرا، ئەمە بۆ دەوڵەتیش شتێكی نوێ بوو، چۆن بۆ گەلی كورد و تەنانەت كادیری تەفكەر راگەیاندنی دامەزرانی (PKK) گوزارشتی لەشتێكی نوێ دەكرد، بۆ دەوڵەتی توركیاش گوزارشتی لەشتێكی نوێ كرد، چونكە تا ئەو كاتە بەناوی كورد و كوردستان هیچ پارتییەك دروست نەببوو، بەمشێوەیەش خۆی رانەگەیاندبوو، هەر پارتییەكیش كە دروست بووبێت بەشاراوەیی خۆی هێشتۆتەوە و بەمشێوەیە خۆی رانەگەیاندبوو، كەسێك نەیدەزانی ئەو پارتییانە هەن یان نا، بەناوی پارتییەكان كار و خەباتیان نەدەكرد. هەبوون پارتی بوون، بەڵام رێكخستن و چالاكی و خەباتیان نەبوو، كەسێك پێی نەزانیبوو كە هەن، ئێستا (PKK) بە چالاكییەك خۆی بۆ دونیا رادەگەیەنێت، ئەمە یەكەمین جارە شتی وەها ئەنجام بدرێت. ئەمە بۆ دەوڵەتی توركیا زۆر گرنگ بوو، كەواتە ئیدی كورد بەئاشكرا و بەناوی خۆی خۆی رادەگەیەنێت و خاوەندارێتی لەچارەنووسی خۆی دەكات و ئیدی چارەنووسی خۆیان دەخەنەوە دەستی خۆیان.

كەواتە راگەیاندنی دامەزرانی (PKK) بەو واتایە دەهات كە؛ ئێمە ئیدی ئەو ژیانە پەسند ناكەین، ئیدی لەهەموو رووێكەوە داگیركەری رەتدەكەینەوە، ئێمە پەیوەندی خۆمان لەگەڵ داگیركەری دەپچڕێنین. ئەمە راگەیاندنی ئەوە بوو، بۆیە بۆ دەوڵەت ئەمە پڕ گرنگ بوو...

لەبەرامبەر ئەو هەنگاوەی کە تەڤگەر بۆ بوون بە پارتی هاوێشتبووی، دەوڵەتیش هەنگاوی هاوێشت؛ لە (٢٤)ی مانگی دوازدەی (١٩٧٨)دا **"کۆمەڵکوژی مەرعەش"**ی ئەنجام دا. ئەم کۆمەڵکوژییە وەڵامێك بوو بۆ پارتیبوونی ئێمە. بەر لەوەی ئێمە پارتی رابگەیەنین **کۆمەڵکوژی مەرعەش** ئەنجام درا. بۆچی؟ چونکە **"شاهین دونمەز"** زانیاری بەدەوڵەت دابوو، کە ئێمە کۆنگرەمان سازداوە و بووین بە پارتییەك و رێکخستنی پارتی پێشدەخەین و خۆیشی بە چالاکییەك گوزارشت لەم دامەزراندنە دەکات. ئیدی دەوڵەت دەیخواست رێگیری لەمە بکات، هەم لە **سیڤەرەك** هاوکاری **"محەممەد جەلال بوجاق"**ی دەکرد، هەمیش بەچڕوپڕی هێرشی دەکردە سەر ئێمە، تەڤگەرەکانی دیکەی لەدژی ئێمە هاندەدا و شەڕی لەدژی ئێمەی پێدەکردن. لەلایەکی دیکەشەوە **کۆمەڵکوژی مەرعەش**ی ئەنجام دا، بۆیە بەمە بەرسڤێکی دا بە سازدانی کۆنگرە و رێکخستەبوونی پارتی.

دەوڵەت بە شەهیدکردنی هەڤاڵ **"حەقی قەرار"** پەیامێکی بۆ کادیران دا "دەستبەردەن، ئەگەر دەستبەرنەدەن هەمووتان وەکو **حەقی قەرار** دەکوژین...". بەڵام بە **کۆمەڵکوژی مەرعەش** پەیامێکی بۆ گەل دا "پێویستە ئێوە لەم تەڤگەرەدا بەشدار نەبن، ئەگەر شوێن بگرن ئەوا دەتانکوژین و کۆمەڵکوژتان دەکەین، پێویستە ئێوە دووری ئەم تەڤگەرە رابوەستن". پەیامێکی بەمشێوەیەی بە گەل دا. ئێمە ئەو پەیامەمان وەرگرت. سەرۆك ئەو کۆمەڵکوژییەی مەرعەشی شیکردەوە و پاشان وەك نامیلکەیەکیش بڵاوکرایەوە، ناوی نامیلکەکەش **"سەبارەت بە کۆمەڵکوژی مەرعەش"**بوو.

ئەم کۆمەڵکوژییە گوزارشت لەچی دەکات؟ بۆچی لەو کاتەدا ئەنجام درا؟ ئەو کۆمەڵکوژییە چی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت؟ ئەو مەسەلانەی هەموو لەو نامیلکەیەدا شیکردەوە، یەکەمجار لەسەرتاپای تورکیا و کوردستاندا سەرۆك ئەو کۆمەڵکوژییەی شیکردەوە و لێی تێگەیشت و ئامانجەکەی بینی، ئەو نامیلکەیەمان لەسەر کادیران بڵاوکردەوە، بۆ ئەوەی کادیران لە پێڤاژۆیەکە (قۆناخەکە) تێبگەن، دووژمن چۆن دێتە سەر تەڤگەر و ئەو هەنگاوەی دەگرێت بهاوێژێت چ هەنگاوێکە؟ کە دەخوازن کودەتایەکی سەربازی ئەنجام بدەن. چونکە ئیدی ئەو تەدبیرانەی تاکو ئەو کاتە دەوڵەت وەریگرتبوو هیچ ئەنجامێکی بۆ ئەم تەڤگەرە نەبوو، ئیتر دەوڵەت دەیخواست بەئاشکرا و

بەهەموو هێزی خۆیەوە هێرش بکاتە سەر تەفگەر، تا ئەو کاتە سەرەتا بەدزییەوە هێرشی بردە سەر تەفگەر، زیاتریش هەندێك گروپی ناردە سەر تەفگەر، کە ئەنجامی بەدەستنەخست، هەندێك گروپی دیکەیشی لەگەڵ گروپەکانی دیکە ناردە سەر تەفگەر، گروپە چەپڕەوەکان، گروپە کوردییەکان، فیوداڵی کورد... کە بینی بەمەش ئەنجام بەدەستناخات، بە نیوە نهێنی و نیوە ئاشکرا لەهەندێك ناوچەدا هاتە سەر تەفگەر، ئیدی ئەو تاکتیکەی بەڕێوە دەبرد، کە بینی بەمەش ناتوانێت ڕێگیری لەپێشکەوتن و مەزنبوونی تەفگەر بکات، ئیتر بەئاشکرا و بەهەموو هێزێکی خۆیەوە دەیخواست هێرش بکاتە سەر تەفگەر، بە **کۆمەڵکوژی مەرعەش** ئەم پێفاژۆیە دەستپێکرد. ئەمە ئامادەکاری بوو بۆ ئەنجامدانی کودەتای سەربازی (١٢)ی ئەیلولی (١٩٨٠). سەرۆك ئەمەی دەستنیشانکرد، ئیتر هەڵوێستی دەوڵەت لەسەر ئەو بنەمایە بوو. چونکە بینی ئیتر مەسەلەی (PKK) وەکو رابردوو چارەسەر نابێت، بە لەدایکبوون و راگەیاندنی دامەزرانی (PKK) ئیدی لە کوردستاندا رەوشێکی نوێ پێشدەکەوێت و کورد بە ئاشکرا خۆیان رادەگەیەنن، کە شەڕ و کار و خەبات دەکەن. دەوڵەتیش بەمشێوە ئامادەکاری خۆی پێشخست و بەو جۆرە وەڵامی ئێمەی دایەوە، ئێمە خواستمان کە لە **سیفەرەك** تەفگەر بگەیەنینە گەریلا، دەوڵەتیش خواستی بە **کۆمەڵکوژی مەرعەش** بکاتە کودەتای سەربازی. ئیدی لەنێوان ئێمە و دەوڵەتدا شەڕێکی بەمجۆرە پێشکەوت.

بێگومان راگەیاندنی دامەزرانی (PKK) لەچوارچێوەی کورد و تورکیادا نەمایەوە، بەڵکو بەراگەیاندنی دامەزرانی (PKK) دەنگی کوردان گەیشتە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیش. تا ئەو کاتە جیهان چی لەبارەی کوردەوە دەزانی؟ وایاندەزانی کە کورد و کوردستان لە تورکیادا مردووە، کێشەیەکی بەمجۆرە نەماوە، بەڵام بە راگەیاندنی دامەزرانی (PKK) بینیان کە کورد نەمردووە و دەڵێت:" من هەم" ئەو کاتە لەهەندێك دەزگای راگەیاندندا ئەو مەسەلەیە باسکرا و ئاماژەی پێدرا، کەواتە کورد هەنگاو دەهاوێژێت تاکو بۆخۆی کار و خەبات بکات، کەواتە نەمردوون، بەراگەیاندنی لەدایکبوونی (PKK) ئەم راستییە ئاشکرابوو. بۆیە راگەیاندنی دامەزرانی (PKK) تەنیا راگەیاندنێکی ئاسایی و سادە نەبوو، بەڵکو موداخەلەیەك بوو سەر مێژوو، ئەو مێژووەی کەوا نکۆڵی لە کورد دەکرد و لەناوی دەبرد، (PKK) موداخەلەی ئەمە بوو، بەئاشکرا راگەیاندنی ئەمە بوو کە

ئیدی:" من ئەو مێژووە رەتدەکەمەوە، من ئەو ژیانە رەتدەکەمەوە، من هەم، یان بەئازادی دەژیم یان ناژیم" ئەو پەیامەی دایە هەر کەس...

وەکو باستان کرد، بەر لە رۆژانی کودەتای (١٢)ی ئەیلولی (١٩٨٠)، رەوشێکی گرژ و ئاڵۆز لەئارا دابوو، لەدوای دامەزراندنی (PKK)وە کۆمەڵکوژی مەرعەش روودەدات، هەروەها باسی ئەوەشتان کرد کە سەرۆك ئەو کۆمەڵکوژییەی شیکردەوە و هەڵیسەنگاند و پێشبینی رووداني کودەتایەکیشی کرد، ئەو کاتە تەفگەر و سەرۆك چ تەدبیرێك وەردەگرن؟ هەروەها تا چەند ئەو شیکردنەوە و مەزندە و هەڵسەنگاندن و پێشبینیانە بوونە موڵکی گەل و هێز و لایەنەکانی دیکە؟

بێگومان ئەو کاتە رەوشێکی پڕ دژوار هەبوو، چەپەکان و فاشیستەکان شەڕیان لەدژی یەکتر دەکرد، ناکۆکییەکان زۆر بەهێز بوون، لەلایەکی دیکەشەوە تەفگەری کورد لەپێشکەوتن دابوو، لەنێوان کورد و دەوڵەتی تورکیادا ناکۆکی بەهێزتر دەبوو، لە تورکیادا لەنێوان چەپ و فاشیستەکانیشدا ناکۆکییەکان بەهێزتر دەبوون، کێشە و گرفتە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتییەکان زۆر بوون.

هەروەها لەهەرێمەکەدا هەندێك گۆڕان و پێشکەوتن روویاندەدا، لە خۆرهەڵاتی ناوین و جیهاندا، سۆڤییەت موداخەلەی ئەفغانستانی کردبوو، لە ئێراندا رژێمی "شاهەنشاه" کەوتبوو و شۆڕشێکی جەماوەری بەرپا ببوو، لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناویندا ناکۆکی نێوان سۆڤییەت و ئەمریکا هەبوو، هەندێك دەوڵەت لەگەڵ سۆڤییەت و هەندێکی تریش لەگەڵ ئەمریکادا سەنگەربەند ببوون، ئەو پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕانەش کاریگەری خۆیان لەسەر تورکیا دەکرد، چونکە تورکیا دەوڵەتێکی ناتۆ (NATO) بوو، ئەرکی ناتۆش ئەوە بوو کە سیستەمی سەرمایەداری و بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت، ئەو رەوشەی

لەناوچەکە و جیهاندا هەبوو، ئەو ڕەوشەی تورکیای تێدا دەگوزەرا چی دەخواست؟ پێویستبوو تورکیا بتوانێت هەم سیستەمی سەرمایەداری و هەم ئەو ڕژێمەی لەتورکیا باڵادەست بوو بیانپارێزێت، هەر بۆیە کودەتای سەربازیان هەنگاو بەهەنگاو ئەنجام دەدا. ڕەوشێکی بەمجۆرە هەبوو، بەڵام زێدە لەلایەن هیچ کەسێکەوە شینەدەکرایەوە و نەدەبینرا. سەرۆك ئەمەی بینی، تەنانەت بە **کۆمەڵکوژی مەرعەش** ئەم ڕەوشە بەتەواوی ڕوونبۆوە کە بەرەو کوێ دەچێت، سەرۆك خواستی هەم کادیر و تەفگەر بۆ ئەمە ئامادە بکات، هەمیش ئەم ڕەوشە لە چەپی تورکیش بگەیەنێت، بۆیە شانبەشانی ئەمە سەرۆك سەبارەت بە ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت نامیلکەیەکی دەرخست بەناوی **"ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت چیین و چۆن سەریانهەڵداوە؟"** بۆ ئەوەی پێداویستی کادیر لەڕووی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخستنییەوە دابین بکات، چونکە ئێمە پارتیمان دامەزراند بوو و ڕێکخستنی پارتی و خەباتی پارتی هەبوو، ڕەوشی کادیران هەبوو، لە چەندین ڕووەوە کادیر لە ئەماتۆری و سەرەتاییبووندا دەژیا و نەدەبووە بەرسڤ. یاخود کێشە و گرفتی بۆ ڕێکخستەبوون و خەباتی پارتی دروست دەکرد، مەترسی دروست دەکرد، بۆ ئەوەی پێداویستی کادیران لەم ڕووەوە دابین بکات، سەبارەت بە ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت ئەو نامیلکەیەی دەرخست، ئەو نامیلکەیەشمان بڵاوکردەوە، لەسەر **کۆمەڵکوژی مەرعەش**یش نامیلکەیەکی نووسی و بڵاومانکردەوە، بۆ ئەوەی هەم کادیران پەروەردە بکرێن و ئامادە بکرێن بۆ هەر پێشکەوتن و پێشهاتێك و بۆ هەر ئەرکێك، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو کێشە و گرفتانەی تێیدا دەژین چارەسەریان بکەین.

لەلایەکی دیکەشەوە سەرۆك دەیخواست بەرپرسیارێتی خۆی لەبەرامبەر چەپی تورك و گەلی تورکیا پێکبهێنێت، سەرۆك هەمیشە و لەهەر هەلومەرجێکدا ئەوەی بەبنچینە وەردەگرت. بۆ ئەم مەبەستە سەرۆك منی ناردە ئەنقەرە و پێی گووتم: " برۆ چەپی تورك ببینە و قسەیان لەگەڵدا بکە و پێیان بڵێ کە لە تورکیادا وا خەریکە کودەتایەکی سەربازی ڕوودەدات، ئەمەش زۆر مەترسیدارە، پێویستە مرۆڤ بەخێرایی تەدبیر وەربگرێت... پێویستە هەموو هێزە چەپ و دیموکراتیخوازەکان لەچوارچێوەی بەرەیەکی دیموکراتییدا کۆببنەوە، ئەگەر ڕێککەوتن ئەنجام نەدرێت، ئەوا هەموو تەفگەرەکان زەبریان بەردەکەوێت" سەرۆك بە منی گووت، ئەمە مەسەلەیەکیان کە

پێویست دەکات لەگەڵیاندا قسەی لەسەر بکەیت، دووەمیش: ئەزموونەکەی ساڵی (١٩٧١) هەبوو، کە کودەتا سەربازییەکە زەبرێکی مەزنی لە چەپ دابوو. کادیرانی پێشەوە (پێشەنگ) هەموویان دەستگیر کرابوون، لەسێدارە درابوون، کوژرابوون، تەڤگەرەکان پەرشوبڵاو ببوون، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پێڤاژۆیەکی بەهەمان شێوە روونەداتەوە پێیان بڵێ:" با هەر تەڤگەرێك هەندێك لە کادیرانی کۆمیتە ناوەندی خۆی رەوانەی دەرەوەی تورکیا بکات، ئەوانەی کە دەمێننەوە ئەگەر زەبریشیان بەربکەوێت ئەوا ئەوانەی دەرەوە دەتوانن بەردەوامی بە تەڤگەرەکەیان بدەن، لەساڵی (١٩٧١)دا لەبەر ئەوەی تەدبیرێکی بەمجۆرە وەرنەگیرابوو، هەموو کادیرانی پێشەنگ شەهید بوون. هەر بۆیە ئەو تەڤگەرانە زەبری کوشندەیان خوارد و نەیانتوانی بەخێرایی خۆیان کۆبکەنەوە، ئەگەر جارێکی دیکە رەوشێکی بەمجۆرە دەربکەوێت ئیدی ناتوانن خۆیان کۆبکەنەوە سەریەك، ئەمەش پڕ مەترسیدار دەبێت، ئەگەر لە تورکیا چەپی تورکیا و تەڤگەری چەپی دیموکراتی زەبریان بەربکەوێت ئەوا کاری ئێمەش زۆر دژوار دەکات. بۆ ئەوەی ئەمە روونەدات و تەڤگەری ئێمەش زەبری زۆر مەزنی بەرنەکەوێت، پێویستە تەڤگەری چەپی تورکیاش زەبری بەرنەکەوێت...". بەمنی گووت:" لەسەر ئەم مەسەلانە قسەیان لەگەڵدا بکە و چ ئەنجامێکی دەبێت وەرە بەگوێرەی ئەوەش ئەو کاتە هەڵسەنگاندنی خۆمان دەکەین، بەگوێرەی ئەمەش چ بڕیارێك پێویست بێت وەریدەگرین و چ هەنگاوێکیش پێویست بێت دەیهاوێژین"

بێگومان من چوومە ئەنقەرە و هەندێك هێزی چەپی تورکیام بینی، لەم بارەیەوە گفتوگۆم لەگەڵیاندا کرد، ئەوان مەزنەدە و پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد کە کودەتایەك رووبدات، وەکوتریش دەیانگووت:" ئەگەر کودەتایەکیش رووبدات ئەوا ئێمە ئامادەین لەدژی رابوەستین، بۆ ئێمە گرنگ نییە". هەر بۆیەش ئەو پێشنیازەی ئێمەیان زێدە بەجددی وەرنەگرت. هەم بۆ ئەوەی رێککەوتن ئەنجام بدەین، هەمیش هەندێك کادیری خۆیان بۆ دەرەوە رەوانە بکەن، ئەمانەیان بەجددی وەرنەگرت. کاتێك کە بینیم هەوای ئەوان جودایە و قاچیان لە هەوایە و پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕەکان تاقیب ناکەن و لێی تێناگەن و بەمشێوەیە پێداگریش لەسەر هەڵوێستی خۆیان دەکەن، منیش گەڕامەوە. من بە سەرۆکم گووت:" رەوشی ئەوان بەمشێوەیە"، سەرۆك گووتی:" مادام وایە

ئێمە ئەو تەدبیرەی پێویستە بۆخۆمان وەردەگرین، ئێمە ئەركی خۆمان پێكهێنا، كە ئەوان پێكی ناهێنن ئێمە چیبكەین؟ شتێكی ئێمە بیكەین نییە. با ئێمە بۆخۆمان چ تەدبیرێك پێویستە وەریبگرین".

رێك ئەو كاتە "شاهین دوەمەز" لەشاری ئەلعەزیز دەستگیر كرابوو، كاتێك كە من دەچوومە ئەنقەرە سەرەتا چوومە "ئەلعەزیز" لەوێ هەڤاڵانم بینی، پاشان چوومە ئەنقەرە، لە ئەنقەرە نزیكەی مانگێك مامەوە، كە گەڕامەوە دیسان لەرێی خۆمدا چوومەوە ئەلعەزیز، چونكە ترومبێل بۆ هاتن و چوون تا ئەلعەزیز هەبوو، بۆیە من چوومە ئەلعەزیز، لەوێ سەردانی هەڤاڵانیشم كرد، لەبنەمادا من پێویستبوو بچوومایە ئامەد (دیاربكر)، چونكە سەرۆك لەوێ بوو. من بلێتم بڕی و هاتمە ئەلعەزیز، لەبەر ئەوەی بلێتم بۆ ئامەد دەستنەكەوت، بۆیە چوومە لای هەڤاڵانی ئەلعەزیز بۆ ئەوەی ئەوانیش ببینم و پاشان بلێتی ئامەد پەیدا بكەم و بچمە ئامەد. بێگومان من نەمدەزانی كەوا لە ئەلعەزیز هەڤاڵان گیراون، من چوومە گەڕەكی "فوزی چەخماخ"، لەوێ هەندێك دۆست و هەواداری خۆمانم بینی و بەمنیان گووت:" تۆ لێرە لە چ دەگەڕێیت؟ هەموو هەڤاڵان گیراون، پۆلیس وا هەموو شوێنێك دەگەڕێت و دەپشكنێت" وامزانی گاڵتە دەكەن، كەچی بینیم بەراستیانە و گاڵتە ناكەن و زۆربەی هەرە زۆریان گیراون، كاتێك كە بینیم هەندێكیان گیراون، لەرەوشی هەندێك هەڤاڵم پرسی زانیم كە هەندێك لە هەڤاڵانیش نەگیرابوون، گووتم؛ با هەم ئەوان ببینم و لە رەوشەكە تێبگەم و هەمیش تەدبیری پێویست وەربگرین، پاشان دەچمەوە ئامەد. هەڵبەتە بلێتیش نەبوو، گووتم؛ تا ئەو كاتە بلێتیش پەیدا دەكەم و بەرەو ئامەد بەڕێدەكەوم، ئەنجامی ئەو جڤینانەی كەوا لەگەڵ هێزە چەپڕەوەكاندا ئەنجامم دابوو بە سەرۆك دەڵێم".

ئەو هەڤاڵانەی نەگیرابوون بەشەو ئەوانم بینی و قسەم لەگەڵیاندا كرد، بینیم رەوش زۆر جددیە، هێشتا نەمانزانی بوو كە "شاهین دوەمەز" تەسلیم بووە، بەڵام لەشێوەی گرتن و هێرشەكانی دووژمن تێگەیشتم كە تەسلیمییەتێك و خیانەتێك هەیە، هەڵبەتە ئەمەش مەگەر هەر "شاهین" بیكردبایە. واتا من لەشێوەی هێرشكردنی دووژمن دەركم بەوەكرد كە "شاهین" ئەو زانیارییانەی داوە و تەسلیم بووە. منیش لەوێ گیرام، بەڵام لەبەر ئەوەی ناسنامەی من ساختە بوو، دیاریش نەبوو كە ساختەیە، ناسنامەی ئەنقەرە

بوو، بۆیە من دوو سێ سەعات لەدەست ئەواندا مامەوە، پاشان منیان بەردا، من زانیم کە پاشان دەمناسنەوە، بۆیە منیش یەکسەر لەوێ دەرکەوتم و نەمامەوە، دوای کاتژمێرێك کە منیان بەردا هەستیان بە من کرد، بەدوامدا هاتبوون و لەهەموو شوێنێك دەگەڕێن و دەرگاکانی ماڵەکان دەگرن و ئۆپەراسیۆنی مەزن دەکەن. بێگومان ئەو کاتە من لە ئەلعەزیز دەرچووبووم، کە دەرچووم، گومانم هەبوو، گووتم؛ لەوانەیە بە ئەنقەست منیان بەردا بێت، بۆ ئەوەی تاقیبم بکەن تاکو سەرۆك و هەڤاڵانی دیکەش بگرن، بۆیە یەکسەر نەچوومە ئامەد، چوومە چەند شوێنێکی دیکە، وابیرم کردەوە کە ئەگەر تاقیبم دەکەن با شوێنی خۆم ونبکەم، پاشان دەچمە ئامەد. کە چوومە ئامەد بە سەرۆکم گووت:" رەوش بەمجۆرەیە، پێویستە تەدبیر وەربگرین، وادیارە شاهین تەسلیم بووە و خیانەتێکی مەزن لەئارادایە" ئێمە تەدبیرمان وەرگرت، هەڵبەتە پاشان دەرکەوت کە "شاهین" خیانەتێکی مەزنی کردووە، ئەو ماڵەی کە سەرۆك لە ئامەد لێی دەمایەوە ئەدرەسی ئەو ماڵەشی داوە بە دووژمن. بەڵام وەکو گووتم؛ سەرەتا باوەڕیان پێی نەکردووە، پاشان باوەڕیان پێیکردبوو، بەمەش درەنگ کەوتبوون، تا ئەو کاتەش تەدبیر وەرگیردرابوو، "شاهین" پۆلیس دێنێتە ئەو ماڵەی کە سەرۆك لێی دەمایەوە، دەبینێت کە کەسی تێدا نییە. واتا ئەگەر وانەبایە ئەو کاتە سەرۆکیش دەگیرا و تەڤگەریش گورزێکی کوشندەی بەر دەکەوت.

کۆچی مەزن
بەرەو دەرەوەی وڵات...

ئەو کاتە بڕیاری چوونە دەرەوەی وڵات دەدرێت و سەرۆك بەرەو دەرەوەی وڵات دەکەوێتەڕێ و بەرەو باشووری رۆژئاوای کوردستان (سوریا) دەچێت و پاشان دەچێتە لوبنان، بێگومان ئەو بڕیارە بەگوێرەی ئەو رەوشە وەردەگیردرێت، وەك تاکتیکی "هەنگاوێك بۆ دواوە و دوو هەنگاو بۆ پێشەوە" وایە، بەڵام بۆچی سوریا و لوبنان، لەکاتێکدا ئەو کاتە رەوشی باشووری کوردستان هەبوو، شەڕ هەبوو، هەندێك جوڵانەوە هەبوون، هەروەها رەوشی ئەو کاتەی ئێران هەبوو، ئەرمەنستان لەسەر سنووری تورکیا هەبوو، بەگشتی وڵاتانی دیکەی سەر سنووری تورکیا هەبوو. ئەو کاتە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی رەوشەکە چۆن بوو بۆ هەڵبژاردنی لوبنان و کامپی فەلەستینییەکان لەوێ؟

لەگەڵ خیانەتەکەی "شاهین" دەوڵەت لەهەموو رووێکەوە هێرش و شاڵاوی دەهێنایە سەر تەڤگەرەکەمان، چونکە هەموو زانیارییەکی بە دەوڵەت دابوو، لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانە هەموو رێکخستنەکان و کادیرانی ئێمە ئاشکرا ببوون، بۆیە هەندێك لە هەڤاڵانیش گیران، شەڕی سیڤەرەکیش بەگوێرەی تاکتیك بەرێوە نەدەچوو، لەوێ

ڕەوشێکی دژوار هەبوو، بە "کۆمەڵکوژی مەرعەش"یش پەیامی دەوڵەت ئاشکرا و ڕوون بوو، ئیدی لە تورکیادا کودەتایەکی سەربازی ڕوودەدات و وا لەبەر دەرگایە. ئامانجی بنچینەیی ئەو کودەتایە ئێمەین. دەخوازن تەڤگەری (PKK) تەسفیە بکەن. ئەمە لەلایەن ئێمەوە یەکلایی ببۆوە، ئێمە چۆن لەدژی ئەمە ڕابوەستین و خۆبپارێزین؟ چۆن ئەو تەخریباتانەی تێیدا دەگوزەراین بتوانین بەلاوەی بنێین؟ ئێمە گفتوگۆمان لەسەر ئەو مەسەلانە کرد. سەرۆك بینی کە بەو توانستەی کە لەبەر دەستمان دایە و ئەو ڕەوشەی تێیدا دەژین مومکین نییە بتوانین ڕێگیری لە مەترسییەکان بکەین، ئەمە تەنیا لەدەرەوەی وڵات دەبێت، بەڵام لەدەرەوەی وڵاتیش هیچ پەیوەندییەکی ئێمە نییە، کەسیش ناناسین، ئێمە چۆن ئەو توانست و دەرفەتە بئافرێنین؟ ئەمە زۆر زەحمەتە.

هەڤاڵ "ئەدهەم ئەکچان" هەبوو، خەڵکی سروج بوو، سەرۆك گووتی:" لەوانەیە ئەو هەڤاڵە خزم و کەسوکاریان لە سوریا هەبێت" سەرۆك قسەی لەگەڵ ئەو هەڤاڵە کرد، ئەویش گووتی:" ڕاستە هەندێك خزم و کەسوکارم لەوێ لە "کوبانێ" هەیە". هەڵبەتە " کوبانێ " و "سروج"یش دراوسێی یەکترن و سنوور لەنێوانیاندا هەیە، زۆر خێزان لەم لان و زۆریش لەو لان و هەموو خزمی یەکترن، لەناوچەکانی دیکەش خزمایەتی بەمشێوەیە هەیە. ئەگەر ئێمە سوریامان دایەپێش خۆمان لەبەر ئەم هۆیە بوو دامانە پێشخۆمان، چونکە ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ هیچ وڵاتێك نەبوو، کەسمان نەدەناسی، تەنیا ئەوە بوو هەندێك هەڤاڵی ئێمە خزمیان لە سوریا هەبوو، ئێمە ئەوەمان دەزانی کە سنوور دروست بوو خزم و کەسوکاریان لەوبەر سنوور هەیە و هاتن و چوونیش هەیە. ئیدی گووتمان ئەگەر توانستی دەرچوون هەبێت تەنیا ئەو ڕێیە هەیە و دەتوانین ئەو دەرگایە بکەینەوە، وەکوتر مومکین نابێت. هەڤاڵ "ئەدهەم" گووتی:" خزمی من لەوێ هەن" بێگومان ڕەوشی ئەو خزمانەی ئەو چییە و چی نییە؟ ئایا سەرۆك دەتوانێت لەلایان بمێنێتەوە و بیحەوێننەوە و بیشارنەوە؟ ئێمە ئەوەشمان نەدەزانی. هەڤاڵ "ئەدهەم" گووتی:" ئێمە دەتوانین بچین، خزمی ئێمە باشن و خراپ نین، هەڵبەتە ئێمە ڕەوشی سەرۆك نابێژین، ئێمە دەڵێین: ئەویش خزمی خۆمانە، بەمشێوەیە دەچین. ئیدی بزانین چۆن دەبێت؟" وەکوتریش توانست نەبوو، ئیدی ئێمە

ئەوەمان بەمشێوەیە پەسند کرد، ئەگەر سەرۆك بەرەو سوریا رۆیشت لەبەر ئەم هۆیە بوو، وەکوتر توانستی ئێمە نەبوو.

تەنیا من و هەڤاڵ عەباس (دوران کالگان) دەمانزانی کە سەرۆك لەگەڵ هەڤاڵ "ئەدهەم" دەچنە سوریا، وەکوتر کەس ئاگای لێنەبوو. ئێمە ئەوەمان بەشاراوەیی هێشتەوە تا سەرۆك گەیشتە ئەوێ و پاشانیش هەر بەشاراوەیی مایەوە، کەسێك نەیدەزانی کەوا سەرۆك چووە بۆ کوبانێ.

بێگومان کاتێك ئێمە سەرۆکمان رەوانەی کوبانێ کرد، بڕیاری ئەو چوونەمان لە ئورفە وەرگرت. واتا ئێمە لەبازێڕی ئورفە کۆبوونەوەیەکمان سازکرد، هەرسێکمان سەرۆك و هەڤاڵ "عەباس" و من بووین، ئێمە ئەو بڕیارەمان وەرگرت، ئیدی سەرۆك و هەڤاڵ "ئەدهەم" چوون و دەبووایە بە قاچاخ سنووریان دەرباز بکردبایە، ئەو کاتە قاچاخچێتی هەبوو، قاچاخچی پارەیان بە سەربازەکان دەدا و بەمشێوەیە دەرباز دەبوون. ئیدی بەمشێوەیە دەرباز بوون. بێگومان ئێمە دڵنیا نەبووین لەکاتی دەربازبووندا چی روودەدات؟ داخوا بەساخی دەرباز دەبن یا نا؟. بێگومان تا چوون و دەرباز بوون ئێمە لەسەر ئاگربووین، کە چوون و گەیشتنە ئەوبەر سنوور و تەلەفۆنیان کرد، ئیدی گووتمان:"باشە" چونکە بەساخی گەیشتن. ئیدی ئێمە دەتوانین کار بکەین، ئەگەر ئێمەش بگیرێین مادام سەرۆك ساخە، دەتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات، هەموو ترسی ئێمە ئەوە بوو کە سەرۆك نەگیرێت، بەمشێوەیە چوونە دەرەوەی سەرۆك بەڕێوە چوو، ئیدی چووبوون لە سنووردا پارەیان بە سەربازێك دابوو و بەمشێوەیە دەرباز ببوون و گەیشتنە کۆبانی.

لە کۆبانی سەرۆك چۆن خۆی گەیاندبووە لای فەلەستینییەکان؟

هەڵبەتە کە سەرەتا چوونە ئەوێ، سەرۆك ئەوەی بەبنەما وەرگرتبوو کە چۆن بتوانێت ئەو خێزانە قازانج بکات، کە ئەو خێزانەی قازانج کرد لەرێگەی ئەو خێزانەوە چووە شام (دیمەشق) و لەوێش چووە لای فەلەستینیەکان لە بەیروت بەمشێوەیە سەرۆك ئەو رێگەیەی کردەوە، بەرێگەی پەیوەندی ئەو خێزانەوە ئەو کەناڵەی کردەوە، بە توانستی

ئەم ماڵە گەیشتە شام و چووە لای فەلەستینیەکان و بەتوانستی فەلەستینیەکانیش چووە لوبنان، کە ناوەندی تەڤگەرە فەلەستینیەکان لەوێ ببینێت و قسەیان لەگەڵدا بکات بۆ ئەوەی بتوانێت بۆ ئێمە شوێن دابین بکات و بەڵێن وەربگرێت کە ئێمە بتوانین هەندێك کادیر رەوانەی ئەوێ بکەین و لەوێ پەروەردەیان بکەین، تاکو بتوانین بەم کادیرانە موداخەلە بکەین و ئەو کێشە و گرفتانەی تێیدا دەژین بتوانین چارەسەریان بکەین. ئەمە بۆ ئەوە بوو.

سەرۆك چووە کوبانێ ، پاشان هەواڵی بۆ ئێمە نارد و گووتی:" هەندێك هەڤاڵ بنێرن" بێگومان کاتێك کە گووتی هەڤاڵ بنێرن، سەرەتا گروپێکی بچووکی خواست، پاشان گووتی:"(٢٥٠) کەس بنێرن" فەرمانێکی بەمشێوەیەی نارد، کاتێك ئەو فەرمانەی بۆ ئێمە نارد ئێمە گووتمان:" سەرۆك چۆن لە کاتێکی وەها زوودا ئەم هەموو توانستەی لەدەرەوە ئافراند کە وەها (٢٥٠) کەس دەخوازێت؟! چونکە جێگیرکردن و گوزەراندنی ئەم هەموو هەڤاڵە لەدەرەوە زەحمەتە". پەیوەندی ئێمەش وەها نەبوو، ئێمە گووتمان:" چۆن وەها زوو ئەم پەیوەندییە و ئەو توانستەی ئافراند؟" ئێمە سەرمان سووڕما. وەکوتریش گووتمان:"(٢٥٠) کادیر و هەمیش کادیری پێشەوە بنێرین چۆن کێشەی رێکخستن لێرە چارەسەر بکەین؟" گووتمان:" ئەمە راست نییە" چونکە زۆر هەڤاڵیش گیرابوون، گووتمان بەو هەڤاڵانەی ماون دەتوانین رێگیری لەتەخریبات بکەین و دەتوانین کێشەی رێکخستنیش چارەسەر بکەین". من و هەڤاڵ "عەباس" قەناعەتێکی وەهامان هەبوو، تەنانەت ئێمە لەم رووەوە هەندێك کاریشمان کردبوو و هەندێك ئەنجامیشمان بەدەستخستبوو و دەمانگووت:" ئیدی دەتوانین ئەنجام بەدەستبخەین". بۆیە ئێمە داخوازی سەرۆکمان پێکنەهێنا، ئێمە (٢٥٠) کەسمان نەنارد، ئێمە ژمارەیەکی کەمی هەڤاڵانمان نارد. بێگومان ئێمە هەڵەیەکی مەزنمان کرد، ئەو هەڵەیەش پاشان بۆ ئێمە بووە هۆکاری ئەوەی کە زەرەر و زیانی مەزنمان بەربکەوێت.

ئەگەر ئەو کاتە داخوازی سەرۆکمان جێبەجێ بکردایە و هەڤاڵانمان رەوانەبکردایە ئەوا ئەو هەڤاڵانەی مابوون و پاشان لەمیانەی کودەتای (١٢)ی ئەیلولی (١٩٨٠) دەستگیرکران، دەستگیر نەدەکران، نەدەکەوتنە دەست دووژمنەوە و ئەوەندە دوور و درێژ لە زینداندا

نەدەمانەوە و ئەوەندە ئەشکەنجەشیان نەدەبینی. لەوانەبوو رەوشی تەفگەریش وەها نەبایە.

ئیدی ئێمە هەڵەیەکی مەزنمان کرد. بۆچی؟ چونکە ئێمە دەمانگووت:" ئەگەر ئێمە ئەو ژمارە زۆرە بنێرین ئەوا لە وڵات بۆشایی دروست دەبێت، ئەو کاتەش ئێمە ناتوانین رێ لەبەردەم تەخریباتەکان بگرین و بەلاومیان بنێین. ئەگەر لەدەست ئێمەدا ئەو کادیرانە هەبن ئەوا دەتوانین تەخریباتەکان بەلاوە بنێین، بەڵام سەرۆك لەو قەناعەتەدا نەبوو. واتا دەیبینی کە پێویستە تەدبیری ریشەیی (بنچینەیی) وەربگرین، پێویستە موداخەلەی ریشەیی بکەین، ئێمە بەقووڵی لەوە تێنەگەیشتبووین، ئێمە دەمانگووت:" ئێمە بەهەندێك تەدبیر دەتوانین رێ لەم تەخریباتانە بگرین و دیسان کێشەکانمان چارەسەر بکەین و خەبات بەهێز بکەینەوە و درێژەی پێبدەین" پاشان بەدەرکەوت کە ئەوەی سەرۆك راست بوو، ئەوەی ئێمە بەهەڵە دەرچوو، بۆیە ئەو خەتایەمان کرد.

سەرۆك چۆن توانستی ئەوەی ئافراند کە بتوانێت جێگە و گوزەران بۆ (٢٥٠) کادیر دابین بکات تاکو پەروەردە ببینن؟

سەرۆك چووبووە لای فەلەستینیەکان و داوای لەوان کردبوو کە هەندێك لە هەڤاڵان لەلای ئەوان پەروەردە ببینن، فەلەستینییەکان زێدە نەیاندەخواست ئەو توانستە بەئێمە بدەن، چونکە ئێمە هیچ ناناسن، سەرۆك چۆتە لایان و قسەی بۆیان کردووە و گووتوویەتی:" ئێمە تەڤگەرێکی بەمشێوەیەین، بەمە زانیارییان لەسەر ئێمە پەیدا کرد، پێشتر هیچ زانیارییەکی راستیان لەسەر ئێمە نەبوو، پێشتر ئەو زانیارییانەی سەبارەت بەئێمە بەوانیان دابوو، هەمووی هەڵە بوو. وەك گوایە" ئێمە تەڤگەرێکی شۆڕشگێڕ نین، بەڵکو تەڤگەرێکی گرێدراوی ئەمریکاین، گرێدراوی ئیسرائیلین، گرێدراوی میت (MİT)ی تورکیاین. یان گوایە ئێمە لەدژی شۆڕشگێڕانین و شۆڕشگێڕان دەکوژین... واتا لەسەر ئەو بنەمایانە زانیارییان لەسەر ئێمە بەوان دابوو، بۆیە فەلەستینییەکان راستینەی ئێمەیان نەدەناسی، تا ئەو کاتە هیچ هەڤاڵێکی ئێمەیان نەبینیبوو، یەکەمجار

سەرۆکیان بینی و سەرۆك قسەی بۆیان کرد بوو، بەڵام ئەوان زۆر زانیاری و نامەیان لەبەر دەست دایە، کە لەلایەن ئەو پارتیانە بۆیان ناردراوە کە پێیان باوەڕ دەکەن و پەیوەندییان لەگەڵیاندا هەیە. بۆیە بەم زانیارییانەی بەدەستیان گەیشتووە هەڵسوکەوت دەکەن و ناخوازن توانست بە ئێمە بدەن، ناتوانن بەئاشکرا بڵێن:" ئێمە ناخوازین"، بەڵام چونکە سەرۆك زۆر پێداگری دەکات و دەڵێت:" ئێمە چۆن بیانهێنین؟ لە سوریادا کێشەی "ئیخوانی موسلیمین" پەرەیسەندووە، بێ ناسنامە و بێ هیچ شتێك ئێمە چۆن بیانهێنین؟ ئێوە هاوکاریمان بکەن، ناسنامە و توانست بەئێمە بدەن تا بتوانین لە سنووری سوریا تا لوبنان هەڤاڵان دەرباز بکەین" ئەوانیش دەڵێن:" وەڵڵا ناتوانین، ئەگەر ئێوە خۆتان دەتوانن بیانهێنن ئەوا بیانهێنن" ئەوانە لەو قەناعەتەدا بوون کە ئێمە ناتوانین کەسێك بهێنینە لای ئەوان. بۆیە دەڵێن:" ئەگەر دەتوانن بیانهێنن بۆ ئێرە بیانهێنن. سەرۆك دەبینێت کە هیچ چارەیەکی دیکە نییە، دەڵێت:" باشە" ئیدی دەگەڕێتەوە شام و لەوێش بۆ کوبانێ و لە کوبانێ هەواڵی بۆ ئێمە نارد گووتی:" هەڤاڵان بنێرن"، لەبەر ئەوەی کە ئێمە دوودڵ بووین، واتا ئێمە توانستمان نییە، چ زوو سەرۆك ئەو توانستەی دابین کردووە؟ لەوانەیە ئەگەر هەڤاڵان بچنە ئەوێ پەرێشان ببن و بگیرێن، لەوانەیە تەسلیمی تورکیا بکرێنەوە، هەروەها دەمانگووت:" ئەگەر هەڤاڵان بنێرین، لێرە بۆشایی دروست بێت" بەڵام ئێمە دیسانیش گروپێکمان نارد.

سەرۆك لەوێ هەندێك پەروەردەی ئەو گروپەی کرد و هەندێك لەو گروپەی ڕەوانەی لای ئێمەی کردەوە و لەرێگەی ئەو گروپەدا هەندێك زانیاری و تەعلیماتی بۆ ئێمە ناردبوو، کە ئێمە هەندێك تەدبیر وەربگرین و هەندێك هەڤاڵی دیکەش دەربچن.

بێگومان ئەو گروپەی ناردبوونی گیرابوون و نەگەیشتنە لای ئێمە. بۆیە ئەو تەعلیماتانە پێك نەهاتن. ئەو تەدبیرانەش وەرنەگیردران، واتا ئەو موداخەلەیە بەمشێوەیە بێ ئەنجام بوو. من ئەو کاتە دوو جاران چوومە لای سەرۆك، لە دوای ئەوەی سەرۆك دەرچووبوو، دوو جاران چووم و هاتم. لەجاری دووەمدا سەرۆك گووتی:" بڕۆن لەوێ کۆمیتەیەکی ناوەندی کاتیی (لجنە مرکزیە مؤقتە) دروست بکەن و ئەو هەڤاڵانەی کۆمیتەی ناوەندی کە نەگیراون با هەموویان بێن و دەرکەون". وەکوتر

گووتی:" هەندێك هەڤاڵی دیکەش دەتوانن دەربخەن". من چووم و هەڤاڵ "عەباس"م بینی و بەیەکەوە هەڵسەنگاندنمان کرد و بەگوێرەی ئەو تەعلیماتەی سەرۆك داویەتی، کە چۆن کۆمیتەیەکی ناوەندی کاتیی لە هەڤاڵان دروست بکەین؟ چۆن لەناوچە و هەرێمەکاندا دیسان هەندێك کۆمیتەی رێکخستنی ئاوا بکەین؟ ئەو هەڤاڵانەی کە ئاشکرا بوونە چ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و چ هەڤاڵانی دیکە و کادیری پێشەوە چۆن دەریانبخەین و بۆ لای سەرۆك رەوانەیان بکەین، قسەمان لەسەر ئەو تەدبیرانە کرد. وا دامانناباوو کۆبوونەوەی دوایی بکەین و ئێمەش بەرێبکەوین، سەرەتا من دەرچووومایە و پاشان هەڤاڵ "عەباس"یش دەرچووبایە. ئیدی ئەو هەنگاوەمان پێشخست.

لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە؛ لەچەمکی ئەو تەڤگەرەدا گوایە "توانست کەمە و ئەو شتە نابێت" چەمکێکی بەمشێوەیە نییە، بەڵکو ئەگەر توانستێکی زۆر بچووکیش هەبێت، ئەوا توانستێکە و توانستێکی مەزنیشە. ئەگەر تۆ راست لەو توانستە نزیك ببیتەوە و ماف تەواو بەم توانستە بدەیت، ئەوا دەتوانیت لەم توانستەدا توانستێکی پڕ مەزن دروست بکەیت، نزیکبوونەوەی ئەم تەڤگەرە لەسەر ئەو بنەمایەیە، کاتێك کە سەرۆك چووە دەرەوە، چووە سوریا توانستێکی وەها مەزنی لەبەر دەستدا نەبوو، سەرۆك نەیگووت:" بەم توانستە کار ناکرێت". تەنیا یەك خێزان هەبوو، ئەو خێزانەش چۆنە؟ ئەویش دیار نەبوو، بەڵام توانستەکە هەر ئەوە بوو، سەرۆك ئەمەی وەك توانستێك بینی و راست لێی نزیکبووەوە و ماف ئەو توانستەی دا و بەم توانستە زۆر توانستی مەزنی خوڵقاند. بەرێگەی خێزانێك هەزاران خێزانی لەتەڤگەر نزیك کردەوە، بەرێگەی پەیوەندییەکی وەها سادەوە پەیوەندییەکی زۆر مەزنی لە خۆرهەڵاتی ناوین لەگەڵ تەڤگەرە فەلەستینییەکان و سوریا ئاوا کرد، لەوێ تەڤگەر زۆر سوودمەند بوو، ئیدی ئەمە راستینەی سەرۆك و راستینەی ئەم تەڤگەرەیە، ئەو تەرزەی ئەم تەڤگەرە بەبنەمای وەردەگرێت، بەمشێوەیە، پراکتیکبوونی ئەم تەڤگەرە لەسەر ئەو بنەمایەیە، واتا چۆن ئەو توانستەی لەبەر دەستدایە مەزنی بکات و توانستی دیکەی لێ بئافرێنێت، ئەمە بەبنەما وەردەگرێت و دەیکات بەبناخە بۆ توانستی خۆی. تەڤگەر بەم چەمك و تەرزەوە کار و خەبات دەکات. ئیدی ئەگەر مرۆڤ بەمشێوەیە کار بکات ئەوا دەتوانێت ئەنجامی مەزنیش بەدەستبخات. هەروەها راستییەکی دیکەی سەرۆك و

ئەم تەڤگەره هەیە، ئەویش چییه؟ هیچ كاتێك نالێت:" ئەو كەسە وایە و ئەم وایە، خواستوویەتی قازانجی بكات، لەسەر ئەمە پێداگری كردووه، ئەگەر ئەو كەسە هی تۆ نییه و خواستت بیكەیت بەهی خۆت، كە كردت بەهی خۆت تۆ دەتوانیت پێشكەوتن و سەركەوتن ئەنجام بدەیت. ئەگەر تۆ گووتت:" ئەمە هی من نییه" ئەوا تۆ ناتوانیت ئەو قازانج بكەیت، كە تۆ قازانجیشت نەكرد تۆ ناتوانیت تەڤگەر مەزن بكەیت و بیگەیەنیت بەسەركەوتن. بێگومان كە كەسێك هی تۆ نەبێت و تۆ قازانجی بكەیت زۆر زەحمەته، بەڵام كە تۆ قازانجیشت كرد ئەوا قازانجی دەكەیت و ئەنجام بەدەست دەخەیت، ئەگەر تۆ گووتت:" ئەمە هی فلان پارتییه" و بەوەی دیكەشت گووت:" ئەویش هی فیسار پارتییه، ئەمەش هی دەوڵەته..." زێدە كەست بۆ نامێنێتەوه كە رێكخستەی بكەیت، زیاتریش ئەوانەی ناخوازن كار بكەن، ناخوازن خۆیان ماندوو بكەن ئەم بەهانه و بیانووانه بۆ خۆیان دروست دەكەن. كەسی بەمجۆره تەنیا ئەوەی هەیه بەبنەما وەردەگرێت و لەسەر هی ئامادە و حازر دەخوازن كار بكەن. كەسی بەمجۆره توانستی ئامادەش ناپارێزیت. ئەم چەمكە شتێك نائافرێنێت و ئەوەی هەشە كۆتایی پێدێنێت. ئەگەر تۆ دەخوازیت ئەوەی هەیه بمێنێت و بیپارێزیت و بەفیرۆی نەدەیت رێگەی ئەمە بەكوێدا دەرباز دەبێت؟ تۆ هی نوێ تەڤلی بكەیت، كە هی نوێ تەڤلی بكەیت دەتوانیت ئەوەی كۆنیش بپارێزیت، تۆ دەتوانیت تەڤگەر بەمشێوەیە مەزن بكەیت، ئەگەر وەها نەبێت تۆ هیچ كاتێك ناتوانیت تەڤگەر بەرەو پێشەوه ببەیت و بیگەیەنیتە سەركەوتن.

ئیدی سەرۆك ئاپۆ بەم چەمكە له سوریا و لوبنان كاری كرد، كە هەر كەسێكی بینی خواستی پەیوەندی لەگەڵدا ببەستێت و كاریگەری لەسەر دروست بكات و بۆ خۆی بیكاتە دۆست. لەمەدا پێداگری كرد. لەناو گەلی كوردیشدا وەها كاری دەكرد، لەناو عەرەبیشدا وەها كاری دەكرد. ئیدی ئەمە ئەنجامی بەدەستهێنا. لەو گۆڕەپانەدا توانست بۆ تەڤگەر بەمشێوەیە خوڵقێنرا، بەم تەرز و چەمكە بەدیهات.

بە مانەوەی رێبەر ئاپۆ و هەڤاڵان لە لوبنان و لەلای فەلەستینییەکان، هەڵوێست و نزیکبوونەوەی تەڤگەرە فەلەستینییەکان لەبەرامبەر تەڤگەر چۆن بوو، لەکاتێکدا کە پێشتر باك (تحفظ)یان لەبەرامبەر تەڤگەر هەبووە. چونکە وەك دەزانرێت ئەو کاتە هەندێك هێز و لایەنی باشوور بەوە تاوانبار دەکران کە پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە، ئەمە چۆن و تا چەند رەنگدانەوەی خۆی لەسەر پەیوەندی تەڤگەر بەو تەڤگەرە فەلەستینییانەوە کرد؟ هەروەها رێبەر ئاپۆ چۆن و تا چەند ئەو پەیوەندییە و ئەو دەرفەتەی خستۆتە خزمەتی تەڤگەری ئازادیخوازی کوردەوە؟



شەهید ئەحمەد ئەکچان

کاتێك کە سەرۆك چووە لای فەلەستینییەکان لە لوبنان، هەروا بەئاسانی پەیوەندی لەگەڵ فەلەستینییەکان پێشنەکەوت، زۆر بەزەحمەتی پێشکەوت. ئەمەش هۆکاری خۆی هەبوو. هۆکاری یەکەم: لەبەر ئەوەی تەڤگەری "مەلا مستەفا" پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل هەبوو. فەلەستینییەکانیش لەبەر ئەوە باوەڕیان بە کوردان نەدەکرد و نەیاندەخواست پەیوەندی لەگەڵ کوردان پێشبخەن. واتا بەگومان لە کوردان نزیك دەبوونەوە، چونکە لەنێوان ئیسرائیلییەکان و فەلەستینییەکاندا ناکۆکییەکی مەزن هەبوو، تەڤگەری "مەلا مستەفا بارزانی"یش پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکادا بەستووە، فەلەستینییەکان کوردانیان بەدۆستی ئیسرائیلی و ئەمریکایی دەبینی و بەم چاوە سەیری هەموو کوردانیان دەکرد، هەر بۆیەش زێدە باوەڕیان بە کوردان نەدەکرد و نەیاندەخواست پەیوەندی لەگەڵدا پێشبخەن. بێگومان نەیاندەزانی لەناو تەڤگەری کورداندا چی هەیە؟ واتا کوردانیان بەرێگەی "مەلا مستەفا" و (پ د ك) ناسیبوو و لەم روانگەیەوە سەیری هەموو کوردیشیان دەکرد. ئیدی ئەمە بۆخۆی ئاستەنگێکی مەزن بوو.

بێگومان سەرۆك تا کێشەی کورد و (PKK)ی بەوان ناساند کاتێکی زۆری خایاند. پاشان فەلەستینییەکان بینیان کە کورد هەمووی وەك (پ د ك) نین، سەرۆك پەیوەندی نێوان کورد و فەلەستینییەکان و هەموو عەرەبەکانی لەسەر بناخەیەکی نوێ دروست کردەوە، لەناو عەرەبدا شوێنێکی تایبەتی بۆ کوردان ئاواکرد، بۆ دیپلۆماسییەتی کورد و پەیوەندی کورد دەرگایەکی نوێی کردەوە، گۆڕەپانی خۆرهەڵاتی ناوین بۆ کوردان داخرابوو، نەیاندەتوانی دیپلۆماسی و پەیوەندی خۆیان پێشبخەن. ئیدی سەرۆك ئاپۆ ئەو رێگەیەی بۆ کوردان کردەوە، ئەو سەنگەرەی خستە خزمەتی کوردان. شانبەشانی ئەمە زۆر زانیاری نا راستیان سەبارەت بە تەڤگەری (PKK) بە فەلەستینییەکان دابوو، گوایە (PKK) تەڤگەرێکی وەها شۆڕشگێڕ نییە و تەڤگەرێکە گرێدراوی ئەمریکایە، گرێدراوی تورکیایە، لەدژی شۆڕشگێڕان رادەوەستێت و شەڕ دەکات، ئەمەش ئاستەنگێکی مەزنی دروست کرد لەبەردەم پێشکەوتنی پەیوەندییەکان لەگەڵ فەلەستینییەکان، لەبەر ئەم هۆیەش بوو فەلەستینییەکان بەگومان نزیك دەبوونەوە. سەرۆك تاکو توانی راستینەی تەڤگەری (PKK)ی بەوان ناساند و تا قەناعەتی پێکردن

کە ئەو زانیارییانەی لەسەر (PKK) بەوان دراوە ڕاست نین کاتێکی زۆری خایاند. لەپاشاندا بینیان کە ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە تەفگەری (PKK) بەوان دراوە راست نین، لەهەڵوێست و نزیکبوونەوە و هەڵسەنگاندنەکانی سەرۆکدا، هەروەها پاشان لە کامپەکانیان هەڤاڵانیان بینی، ژیان و کاری هەڤاڵانیان بینی، بینیان کە ئەو زانیارییانە هەمووی هەڵەن، هەڵوێست و نزیکبوونەوەیان بۆ کوردان هەڵەیە، کە هەموو کورد وەکو (پ د ك) نین و وەکو ئەویش بیرناکەنەوە. پاشان خۆیان بە سەرۆکیان گووتبوو: "بمانبەخشن، ئێمە ئێوەمان بەمشێوەیە نەناسیبوو، فەرموو بڕوانن ئەوەندە نامە و زانیاری لەسەر ئێوە هەیە، ئێمە پێشتر ئێوەمان نەدەناسی، بۆیە نەماندەخواست زێدە پەیوەندی لەگەڵ ئێوە پێشبخەین، بەگومان لەئێوە نزیك دەبووینەوە، بەڵام ئێمە بینیمان کە وانییە". تەنانەت لەم ڕووەوە داوای لێبوردنیان کرد، پەیوەندی ئێمە و فەلەستینییەکان و عەرەبەکان بەزەحمەت پێشکەوت، تاکو پێشکەوت زۆر ئاستەنگی دەهاتە پێش ئێمە...

ئەو هێز و لایەنە کوردییانەی لەوێ بوون و بیرۆی خۆیان لە لوبنان و سوریا هەبوو، چۆن لەمانەوەی سەرۆك و هەڤاڵان لە لوبنان نزیك دەبوونەوە و لێیان دەڕوانی؟

ئەوانەی سەرەتا ڕاست لەئێمە نزیك دەبوونەوە و هاوکاری ئێمەیان دەکرد کەم بوون. پاشان تەفگەر پەیوەندییەکانی خۆی پێشخست و لەوێ خۆی بەهێز کرد. ئینجا پارتە کوردییەکان لەتەفگەر نزیك بوونەوە. سەرەتا وەها نەبوو، کاتێك کە سەرۆك دەربازی سوریا ببوو، پارتی چەپی کورد لەوێ هەبوو، کەمێك هاوکاری سەرۆکیان کردبوو و دۆستایەتیان کردبوو، لەدەرەوەی ئەو پارتییە، ئەوانی دیکە نە تەفگەریان دەناسی و نە نزیکبوونەوەیەکی ڕاستیشیان هەبوو، چونکە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ پارتەکانی دیکەی کورد لە باکوور و باشوور هەبوو. ئەمانیش سەبارەت بە (PKK) زانیاری ناڕاستیان بەوان دابوو، پەیوەندییان لەگەڵ ئەوان بەهێز بوو. بۆیە ڕاست (PKK)یان نەدەناسی،

نەیاندەخواست لە (PKK)ش نزیك ببنەوە. تەنیا پارتی چەپی كورد لە سوریا سەرەتا پەیوەندییان لەگەڵ هەڤاڵان بەستبوو، بەگوێرەی توانستی خۆیان هاوكاری هەڤاڵانیان كردبوو، لە لوبناندا پارتی و ڕێكخستنەكانی كورد زێدە بەهێز نەبوون. دیسان هەندێك گروپی بچووك بچووك هەبوون، یەكێك لەو گروپانە گروپێكی بچووك سەرەتا هاوكاری ئێمەیان كرد. لەوێ كەسێك هەبوو ناوی "حەسەن" بوو، رابیتەیەكیان هەبوو ڕێكخراوێكی بچووك بوو و هەندێك پەیوەندیشیان لەگەڵ فەلەستینییەكان هەبوو، ئەوانە لە لوبنان بۆ دابینكردنی خانوو و ناسینی لوبنان و تەڤگەرە فەلەستینییەكان و وەرگێڕی كردن بۆ ئێمە هەندێك هاوكاریان كردین. واتا هاوكاری ئەوان و هی پارتی چەپی كورد لە سوریاش هاوكارییەكی وەها مەزن نەبوو، نە لەرووی ماددی و نە لەرووی سیاسییەوە هاوكارییەكی مەزنیان نەكردین، چونكە خۆشیان توانستێكی مەزنیان نەبوو. واتا زێدەتر هاوكاری ئەوان ئەوە بوو كە ئەو شوێنەی هەڤاڵان نەیاندەناسی بەهەڤاڵانیان دەناساند، لەجێگیركردنی هەڤاڵاندا هاوكارییان دەكردین، وەك وەرگێڕ هاوكارییان دەكردین، سەبارەت بە گەل و تەڤگەرەكان زانیارییان بەئێمە دەدا، لەم لایەنانەوە هاوكارییان دەكردین...

گەلەكەمان هەم لە باشووری رۆژئاوا و هەمیش لە لوبنان لەگەڵ چوونی سەرۆك و هەڤاڵان بۆ ئەوێ چۆن تەڤگەر دەناسن و پەیوەندی خۆیان لەگەڵ تەڤگەری (PKK) پێشدەخەن؟ تا چەند لەناو تەڤگەردا شوێنگیر دەبن و دەبنە هێزێكی سەرەكی بۆ تەڤگەر...؟

كاتێك سەرۆك چووە ئەو گۆڕەپانە، چ سوریا چ لوبنان چەندە پەیوەندی لەگەڵ پارت و تەڤگەرەكانی ئەوێ بەبنچینە وەردەگرت، ئەوەندەش لەناو گەلدا پەیوەندی پێشخستن و ئاواكردنی ڕێكخستنیشی بەبنچینە وەردەگرت، ئەگەر لەناو گەلدا كاری ڕێكخستنی پێشنەكەوتبایە، ئەوا مومكین نەبوو ئەوەندە دوور و درێژ لەو گۆڕەپانەدا بژیاینایە.

هەندێك كەس واتێدەگەن كە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت، پارت و تەڤگەرەكان و بەتوانست و هاوكاری ئەوانەوە ئێمە توانیمان لەوێ بژین و خەباتی خۆمان بەردەوام بكەین. ئەمە راست نییە، ئێمە چەندە لەگەڵ دەوڵەت و پارتی و تەڤگەرەكانی ئەوێ پەیوەندیمان پێشخست، لەبنەڕەتدا ئێمە زیاتر پەیوەندیمان لەگەڵ گەلەكەمان بەبناخە وەردەگرت. ئێمە دەمانزانی كە ئەگەر لەگەڵ گەلی خۆمان پەیوەندییەكی بەهێز نەبەستین و پێشنەخەین و گەل هوشیار نەكەینەوە و رێكخستەی نەكەین و رۆحی ئەو گەلە ڤازانج نەكەین و خۆمان لەناو گەلدا جێگیر نەكەین ئەوا ئێمە ناتوانین لەوێ بژین، ئەگەر لەوێش بژین ناتوانین بەسەربەخۆیی لەوێ بژین، ناتوانین ئازادی و سەربەخۆیی خۆمان، هەر لە ئایدیۆلۆژیاوە تا دەگاتە رێكخستنی بپارێزین. بۆیە ئێمە هوشیاركردنەوە و رێكخستەكردنی گەلی خۆمان لەوێ بەبنچینە وەرگرت. ئیدی ئەگەر بەها و پێگەی تەڤگەری (PKK) لەناو دەوڵەتەكان و پارتی و تەڤگەرەكاندا دروست بوو بەمە دروست بوو، ئەگەر ئێمە ئەو كارەمان بەبناخە وەرنەگرتبایە كەسێك ڤیمەتی نەدەدایە تەڤگەرەكەمان، ئەمە راستییەكی ئەم تەڤگەرەیە.

بێگومان كاتێك ئێمە تازە كەوتبووینە ئەم گۆڕەپانەوە وەكو گووتم؛ سەرۆك بەرێگەی خێزانێكەوە دەستپێكرد و بە هەزاران خێزانی رێكخست، ئەمەی بەگرنگ دەزانی، ئەمە تەرز و رێبازی ئەم تەڤگەرەیە. رێبازی سەرۆك ئاپۆ بەتەواوی گەل بەبناخە وەردەگرێت، هوشیاركردنەوەی گەل، رێكخستەكردنی گەل، هێزی گەل لەهەموو رووێكەوە بەبنچینە وەردەگرێت. یەكێك گەل بەبنچینە وەرنەگرێت و لەناو گەلدا نەژیت و لەهەموو رووێكەوە گەل مەزن نەكات و بەسەرینەخات ناتوانێت ببێتە (PKK)یی. چونكە رێبازی (PKK) بەتەواوی ئەمە بەبنچینە وەردەگرێت. بۆیە ئێمە بچینە هەر جێگەیەك لەوێ پەیوەندی بەستن لەگەڵ گەل، جێگیربوون لەناو گەلدا، ڤازانجكردنی رۆحی گەل، ئاوێتەبوون لەگەڵ گەل لەهەموو رووێكەوە و پشتبەستن بەتوانستی گەل بەبنچینە وەردەگرین، ئەمە راستینەی ئەم تەڤگەرەیە، بۆیە كاتێك سەرۆكیش چووە ئەم گۆڕەپانە، نەك تەنیا پێشخستنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت و پارتەكان و تەڤگەرەكانی بەبنچینە وەرگرتبێت، بەڵكو بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییانە راست پێشبكەوێت و فشار و گوشاری مەزن لەسەر تەڤگەر دروست نەكەن و تەڤگەر

بتوانێت ئازادی و سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت، سەرۆك ڕێکخستەکردنی گەلی بەبنچینە وەرگرت. لەئاکامی ئەمەدا گەل قازانج کرا و لەوێ پەیوەندییەکان پێشکەوتن و هێندە دوور و درێژ لەم گۆڕەپانەدا ژیاین و تەڤگەرمان بەتوانستی ئەوێ مەزن کرد و بەرەو پێشەوە برد. ئەگەر وەها نەبایە، مومکین نەبوو بمانتوانیبایە لەو گۆڕەپانەدا هێندە کارمان بکردبایە و هێندە توانستمان بۆ تەڤگەر بئافراندبایە.

پەراوێزەکان:

(١) ماهیر چایان: سەرۆکی بەرەی ـ پارتی ـ رزگاری گەلی تورکیا (Türkiye Halk Kurtuluş Partisi-Cephesi) بوو. لە پێناو رزگارکردنی دەنیز گەزمیش و هاورێکانی لە لەسێدارەدان چوار تەکنیکاری ئینگلیزی دەڕفێنن، هێزەکانی دەوڵەتیش لەبەرامبەر ئەوەدا دەست بە ئۆپەراسیۆنێکی گەورە دەکەن، لەئاکامدا لە(٣١)ی ئاداری(١٩٧٢)دا لەگەڵ نۆ لە هاورێکانی لە قزڵدەرە شەهید دەکرێن و هەر چوار تەکنیکارە ئینگلیزەکەش دەکوژرێن.

(٢) دەنیز گەزمیش: پێشەنگی ئەرتەشی رزگاری گەلی تورکیا (Türkiye Halk Kurtuluş Ordusu) بوو. لەگەڵ دوو لە هاورێ سەرکردەکانی "یوسف ئەسلان و حوسێن ئینان"دەستگیرکران و لە (٦)ی گولانی (١٩٧٢) لەزیندانی "ماماك" لەسێدارە دەدرێن.

(٣) ئیبراهیم کایپاك کایا: سەرۆکی ئارتەشی رزگاریخوازی کرێکاران و جووتیارانی شۆڕشگێڕی تورکیا (TİİKKO) بوو. لەئاکامی شەڕ و پێکدادانێکدا لە هەرێمی دێرسیم ساڵی (١٩٧٣) دا دەستگیرکرا و لە زیندانی دیاربەکردا لەژێر ئەشکەنجەدا لە (١٨)ی گولانی (١٩٧٣)دا شەهید دەکرێت.

(٤) پەرتووکی مانیفێستۆی کۆمۆنیزم پەرتووکی هەرە سەرەکی فیکری کۆمۆنیستییە. ئەم پەرتووکە لەنووسینی کارڵ مارکس و فریدیك ئەنگلسە.

(٥) مەبەستی سنووری نێوان باکووری کوردستان و تورکیایە، کە بە لای باکوردا شارەکانی عەنتاب، مەرعەش، مەلاتیا، سیواس ئەرزنجان، ئەلعەزیز تا دەگاتە دێرسیم دەگرێتەوە.

(٦) مەبەستی سنووری نێوان باکووری کوردستان و تورکیایە.

بەشی چوارەم:

کودەتا...بەرخۆدان...

یەکەم گوللە

(١٩٨٠ ـ ١٩٨٦)

با بگەڕێینەوە سەر ڕەوشی ئەو کاتەی تورکیا؛ لە (١٢)ی ئەیلولی (١٩٨٠)دا کودەتایەکی سەربازی ڕوودەدات، بۆچی ئەو کودەتایە بەرپا بوو و چی لەگەڵ خۆیدا هێنا و چی برد؟ هەروەها چ کاریگەرییەکی لەسەر تێکۆشانی تەڤگەری (PKK) کرد؟

ڕێبەر ئۆجەلان لە لوبناندا

ئەو کودەتایەی کە لە (١٢)ی ئەیلولی (١٩٨٠) ڕوویدا زۆر هۆکاری بەرپابوونی هەبوو؟ بەڵام ئامانجی بنەڕەتی ئەو کودەتایە تەسفیەکردنی تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد بوو، ئەمەی بەبنچینە وەرگرتبوو؛ ئەگەر ئەو تەڤگەرە تەسفیە نەکات ئەوا ناگاتە

ئامانجی خۆی. ئەو کودەتایە بەدەستی ئەمریکا ئەنجام درا، بۆ ئەوەی بتوانێت تورکیا بە سەلامەتی بهێڵێتەوە. چونکە لە ئێران حوکمی"شا" رووخابوو و ئەمریکا گورزێکی کوشندەی بەرکەوتبوو، لە ئەفغانستاندا سۆڤییەت تێیکەوتبوو، ئەمە بۆ ئەمریکا گورز و کودەتا بوو. لە خۆرهەڵاتی ناویندا بەرەی لایەنگری سۆڤییەت بەهێز ببوو، لە تورکیاشدا تەڤگەری چەپی تورك و تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کوردستان لەنێو پێشکەوتنێکی مەزن دابوون و کێشەی جددی لەئارادا بوون. ئەگەر رێگری لەمانە نەکات ئەوا لەوانەیە تورکیاش لەدەستی دەربچێت، ئەو کاتە ئەمریکا و سیستەم (سیستەمی سەرمایەداری) زەبرێکی مەزنی بەردەکەوت، بۆ ئەوەی سیستەم زەبری بەرنەکەوێت، بۆ ئەوەی ئەو زەبرەی لە سیستەمیش کەوتووە بێکاریگەری بکات کودەتایەکی سەربازیان لە تورکیا پێشخست.

دیارە ئامانجی ئەو کودەتایە فرە رەهەند بوو...

ئامانجی ئەو کودەتایە ئەوە بوو کە تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کوردستان تەسفیە بکات، تەڤگەری شۆڕشگێڕی چەپ لە تورکیا تەسفیە بکات، تاکو بتوانێت کێشە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تورکیا پەردەپۆش بکات، تاکو بتوانێت ئەو بۆشاییەی بەرووخانی "شا" دروست بووە پڕبکاتەوە، بۆ ئەوەی کاریگەری شۆڕشی خەڵکی ئێران لەناوچەکەدا پێشنەکەوێت. هەروەها تاکو بتوانن لەدژی سۆڤییەت تەڤگەری ئیسلامی پێشبخەن. چونکە ئەو کاتە ستراتیژییەکی ئەمریکا هەبوو، دەیانگووت:" دروستکردنی پشتێنەی سەوز (الحزام الاخضر) لە باشووری سۆڤییەت" واتا لە باشوورەوە سۆڤییەت گەمارۆ بدەن، بۆ ئەوەی نەهێڵن سۆڤییەت زیاتر لە باشووردا پەلبهاوێژێت و بێتە خوارەوەتر و بگاتە خۆرهەڵاتی ناوین و ناوچەکانی دیکە، بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەری سۆڤییەت کەمتر بکەنەوە و تەنگاوی بکەن و نەهێڵن سۆڤییەت زیاتر هەنگاو بهاوێژێت، ئیدی بەمەش بتوانن لە خۆرهەڵاتی ناویندا تەڤگەری چەپ و دیموکراتیخواز دابمرکێننەوە... دەیانخواست ئەمانە هەمووی بەدەستی تورکیا ئەنجام بدەن، تورکیاش لەلایەکەوە لەدژی شۆڕشگێڕان لەناو تورکیادا دەستیکرد بە گرتن و کوشتن، یاساکانی

خۆی گۆڕی، ئەشکەنجەی دژواری پەرەپێدا بۆ ئەوەی بتوانێت ئەنجامگیر ببێت و ناوخۆی ساخڵەم بکات، تاکو بتوانێت ئەو رۆڵەی لەلایەن ناتۆ و سیستەمی سەرمایەداری پێدراوە لەناوچەکەدا جێبەجێی بکات. بۆیە کودەتای (١٢)ی ئەیلول ئەشکەنجەی دژواری پێشخست، رەشبگیری و رەشەکوژی بەرفراوانی ئەنجامدا، پەرەیان بە لەسێدارەدان دا. واتا هەرچی کەسێکی دیموکراتیخواز و سۆسیالیست بووایە دەخرایە زیندانەوە، زۆر رێکخراو و رێکخستنی مەدەنی هەبوون، هەموویان داخران، پارتییەکان هەموویان داخران، وەحشیەتێکی مەزنیان پێشخست. ئەنجامی بنچینەییش تەسفیەکردنی تەڤگەری (PKK) بوو. بۆیە لە کوردستاندا وەحشیەتێکی زۆر مەزنتریان پەیرەو کرد، وەك بڵێی سەر لەنوێ سەربازییانە کوردستانیان داگیرکردبێتەوە وابوو، زۆر رەشەکوژی و رەشبگیری و ئەشکەنجە و تالانیان پەیڕەو کرد، بۆ ئەوەی بتوانن بەتەواوی ئیرادەی گەل تێکبشکێنن و تەسلیمی وەربگرن.

بێگومان تەڤگەر پەیوەندی خۆی لەدەرەوە دروست کردبوو، هەندێك کادیری خۆی رەوانەی دەرەوە کردبوو، دەوڵەت بەمەی نەزانیبوو. پاشان دەوڵەت هەستی بەمە کرد، کاتێك کە گروپی هەڤاڵ "کەمال پیر" و ئەوان گەڕانەوە و هەڤاڵ "کەمال پیر" و ئەوان دەستگیر کران و هەندێك بەڵگە کەوتە دەست دووژمن، ئەو کاتە زانیان کە تەڤگەر پەیوەندی خۆی لەگەڵ خۆرهەڵاتی ناوین و فەلەستینییەکان پێشخستووە و گروپ چووە و پەروەردەی بینیوە و گەڕاوەتەوە و ئامادەکارییەك دەکات بۆ ئەوەی شەڕێکی گەریلایی ئەنجام بدات، ئەو کاتە لەمەسەلەکە تێگەیشتن و ئەمەیان زۆر بە مەترسیدار بینی، بۆیە یەکسەر کودەتای سەربازیان پێکهێنا.

لەبنچینەدا لەوانە بوو کودەتایەکە هەندێك درەنگتر روویدابایە، بەڵام کاتێك ئەو زانیارییانە کەوتە دەستی ئەوان، کودەتایان زووتر ئەنجام دا. چونکە ئەگەر درەنگتر بمێنن، ئەوا ئەو گروپەی پەروەردەی بینیوە و گەڕاوەتەوە لەوانەیە گەریلا رێکبخات و شەڕی گەریلایی دەستپێبکات. ئەو کاتەش پڕ درەنگ دەمێنن. بۆیە پێویستبوو یەکسەر موداخەلە بکەن و نەهێڵن شەڕی گەریلایی رێکخستە بکرێت و کودەتایان هێنایە پێشەوە و زۆر کەسیان دەستگیر کرد. لەبنەڕەتدا زۆربەی کادیرانی ئێمە کە دەستگیرکرابوون پێش کودەتاکە دەستگیر کرابوون، لەکودەتای (١٢)ی ئەیلولدا ئێمە

لەرووی کادیرەوە زێدە زەرەرمان نەبینی. چونکە ئەوەی گیرابوو ئەوا گیرابوو، ئەوانەی تریشمان دەرخستبووە دەرەوە. بۆیە دەستگیرکردنی هەڤاڵانی ئێمە دوای (١٢)ی ئەیلول کەم بوو.

بێگومان ژمارەیەکی زۆر کادیر لە زینداندا بوو، دەوڵەت خواستی کەوا لە زینداندا ئەو کادیرانە هەمووی تەسلیم وەربگرێت، ئەگەر هەموویان تەسلیم وەربگرێت، ئەوا تەڤگەر زەبرێکی مەزنی بەردەکەوێت و زێدە لەدژی ئەوان بەرخۆدان نامێنێت. بۆیە دەیخواست ئیرادەی ئەوانەی لە زینداندان بشکێنێت و تەسلیم بکات و لە شەخسی زیندانییەکانیشدا هەم تەڤگەر و هەمیش گەل تەسلیم بکات.

بەڵام زیندانیانی زیندانی ئامەد (دیاربەکر) لەدژی حوکمی(١٢)ی ئەیلول بەرخۆدانێکی مەزنیان پێشخست و نەیانهێشت ئەو حوکمە لە زینداندا ئەنجام بەدەستبخات. زیندانی ئامەد بووە قەڵای بەرخۆدان، ئیدی بەم بەرخۆدانە حوکمی (١٢)ی ئەیلول گورزێکی مەزنی بەرکەوت. یەکەمجار لەم زیندانەدا زەبری بەرکەوت و بێ ئەنجام مایەوە. بەڵام لە زیندانەکانی دیکەدا و لەدەرەوەی زیندانەکاندا بەئاسانی بەرنامەی خۆی بەڕێوە دەبرد، هەنگاوی دەهاوێشت و ئەنجامی بەدەست دەهێنا. تاکە شوێنێك کە ئەنجامی بەدەستنەخستبوو و دەیخواست تێیدا ئەنجامگیر ببێت و بەرنامەی خۆی تەواو بکات زیندانی ئامەد بوو. لەوێ ئەشکەنجەیەکی مەزنی بەڕێوە برد، تا ئەشکەنجەیشی مەزنتر دەکرد (PKK)ش بەرخۆدانی لە زیندانی ئامەد مەزنتر دەکرد. لەئاکامی ئەمەدا بەرخۆدانی (PKK) بەسەرکەوت، ئیدی بۆیە حوکمی(١٢)ی ئەیلول لەوێ گورزێکی مەزنی بەرکەوت.

لەلایەکەوە؛ حوکمی (١٢)ی ئەیلول هەوڵی دەدا لە تورکیا و لە کوردستان تەڤگەرەکان پەرشوبڵاوە پێبکات و تەسلیمیان بکات. بۆ ئەمەش هەموو شتێکیان گۆڕی، دەستووریشیان گۆڕی و دەستکاریان کرد و یاسای نوێیان دەرخست، پەرشوبڵاوەیان بە رێکخستنەکان کرد، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تەڤگەری کورد و چەپی تورکیش توانست و دەرفەتی خۆ رێکخستەکردنیان نەمێنێت. ئیدی سیاسەتێکی بەمجۆرەیان بەڕێوە دەبرد، بۆ ئەوان ناوەوە گرنگ بوو، ئەگەر بتوانن لەناوەوە ئەنجامگیر ببن ئەوا دەتوانن بەئاسانی لەدەرەوەش ئەنجامگیر ببن.

لەلایەکی دیکەشەوە؛ سیاسەتێکی دیکەیان لەبەرامبەر ئەو شۆڕشگێڕانەی چووبوونە دەرەوەی تورکیا و کوردستان بەڕێوەدەبرد، ئەویش لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپادا پیلانێکیان داڕشت کە چۆن ئەو کادیر و شۆڕشگێڕانەی چوونەتە دەرەوە رایانکێشنە ئەوروپا و لە ئەوروپاشدا مالیی (دەستەمۆ)یان بکەن و رۆحی شۆڕشگێڕانەیان بکوژن، بۆ ئەوەی نەبنە مەترسی بۆ رژێمی تورکیا. ئەم ئەرکانەیان دابوو بە ژەنراڵێکی تورك بەناوی "حەیدەر سالتك"، ئەو ژەنراڵە چووبووە ئەوروپا و لەسەر ئەم مەسەلەیە راوەستا و لەگەڵ دەوڵەتەکانی ئەوروپا کارێکی بەمجۆرەیان بەڕێوەبرد، بۆ ئەوەی بتوانن تەڤگەری شۆڕشگێڕی لە تورکیا و کوردستان بەتەواوی تەسفیە بکەن و بێکاریگەریان بکەن، کارێکی بەمجۆرەیان بەڕێوە دەبرد...

وا دیارە لە زیندانی ئامەددا دوو خەت بەڕێوە دەچوو"بەرخۆدان" و "تەسلیمییەت"، لەنێوان هەردوو خەتدا زیندان دەبێتە گۆڕەپانی یەکلاییبوونەوە و سەرکەوتن...لێرەدا ئەو بەرخۆدانەی بە هەڤال مەزلوم دۆغان دەستیپێکرد و بەدوایدا زنجیرەیەك بەرخۆدانی دیکەش پێشدەکەوێت، چۆن شرۆڤە دەکەن و چ کاریگەرییەکی بەسەر خەبات و تێکۆشانی (PKK) و گەلی کورد دەبێت...؟

کادیرانی (PKK) لەزینداندا لەکاتی دادگاییکردندا

کادیرانی (PKK) لەزینداندا



شەهید مەزلوم دۆغان

شەهید مەحمود زەنگین

شەهید فەرهاد کورتای

شەهید نەجمی نوونەر

شەهید نەشرەف ئانیك

بێگومان لە زیندانی ئامەددا شەڕێکی مەزن بەڕێوە چوو، لەوێ هەم خیانەتی مەزن، هەمیش بەرخۆدانی مەزن روویدا... دەوڵەت هەندێك کەسیان تەسلیم کردبوو، وەك: "شاهین دونمەز" و "یلدرم مەرکیت" و...هتد، بەرێگەی ئەوانەوە دەوڵەت دەیخواست بەتەواوی بەرخۆدان تێکبشکێنێت و تەسلیمییەت و خیانەت بالادەست بکات. "شاهین دونمەز" و "یلدرم مەرکیت" هەر تەنیا دەستبەرداری تەفگەر نەبوون و هەر تەنیا تەسلیم نەبوون و هەر تەنیاش خیانەتیان نەکردبوو، شانبەشانی ئەمە بەشدارییان لە ئەشکەنجەدانی هەڤالانیش دەکرد و ئەشکەنجەیان لەسەر هەڤالان بەڕێوە دەبرد، بۆ ئەوەی بتوانن بەرێگەی ئەوانەوە ئیرادەی هەڤالان بشکێنن. کە دەوڵەت و جەللادەکانی دەوڵەت ئەشکەنجەی هەڤالان بکەن زێدە کاریگەری خۆی نابێت، بەلام کاتێك کە هەڤالی خۆت و لەگەڵ خۆت دابوو خیانەتت لێدەکات و ئەشکەنجەت دەدات، داقورتاندنی ئەمە پڕ زەحمەت و مەترسیدارە. ئیدی دەوڵەتی تورکیا سیاسەتی خۆی لەو زیندانەدا هەمووی بە سەرپەرشتی ئەفسەرێکی تورك بەناوی "ئەسەد ئۆکتای یلدران" بەڕێوە دەبرد، ئەو ئەفسەرەش "شاهین" و "یلدرم"ی لەدژی هەڤالان بەکاردەهێنا. بەتایبەتی بەدەستی ئەوان ئەشکەنجەیان لە هەڤالان دەکرد، بۆیە زۆر زەحمەت بوو.

لەبەر ئەمەش بوو لەو زیندانەدا لەدژی ئەو خیانەتە و وەحشیەتە بەرخۆدانێکی مەزنیش کرا. لەوێ؛" یان تەسلیم ببیت یان بەرخۆدان بکەیت". ملیتانی (PKK) نەیدەتوانی تەسلیمییەت و خیانەت پەسند بکات، پێویستبوو لەدژی تەسلیمییەت و خیانەت و ئەشکەنجە بەرخۆدانیان بکردبایە و ئەم بەرخۆدانەیان بەسەر خستبایە.

ئیدی هەڤالان "**مەزلوم دۆغان، کەمال پیر، محەممەد خەیری دوورموش، فەرهاد کورتای** و...هتد" ئەو ئەرکە مێژووییەیان جێبەجێکرد. چونکە بینیان کە ئەگەر لەدژی ئەم وەحشیەتە رانەوەستن و ئەو تەسلیمییەتە نەشکێنن، ئەوا هەم تەفگەر و هەم گەلیش و هەمیش خۆیان زەبرێکی مەزنیان بەردەکەوێت. بینیان کە توانستی خۆشیان زێدە نییە کە لەدژی ئەو تەسلیمییەتە رابوەستن، تەنیا گیانیان هەیە، وەکوتر هیچ شتێکی دیکەیان نییە، ئیدی بەگیانی خۆیان لەدژی ئەو تەسلیمییەت و خیانەتە راوەستاون. ئەگەر هەڤاڵ "**مەزلوم دۆغان**" لەیەکەم رۆژی نەورۆزی ساڵی (١٩٨٢)خۆی سووتاند، ئەگەر هەڤالان" **"فەرهاد" کورتای، ئەشرەف ئانیك، مەحموود زەنگین، ئەجمی ئۆنەر**"

لە شەوی (١٨)ی (٥)ی ساڵی (١٩٨٢)دا خۆیان سووتاند، ئەگەر پاشان هەڤاڵان " **کەمال پیر، محەممەد خەیری دوورموش ، عاکف یڵماز، عەلی چیچەك**" لەرۆژی (١٤)ی تەممورزی ساڵی (١٩٨٢)دا مانگرتن لەخواردنیان تا مردن دەستپێکرد، ئەمە هەمووی لەپێناو ئەوە بوو کە بتوانن لەوێ بەرخۆدان پێشبخەن و سەربخەن و نەهێڵن کە تەسلیمییەت باڵادەست ببێت، لەم پێناوەدا بوو. بۆیە ئەرکێکی مێژوویيان خستە پێش خۆیان و جێبەجێیان کرد.

کاتێك کە ئەو چالاکییانەیان پێشخست تەعلیماتیان لە کەس وەرنەگرت، ڕێنماییان لە کەس وەرنەگرت، توانستی ئەوەش نەبوو کە تەعلیمات و ڕێنمایی وەربگرن. چونکە پەیوەندییان لەگەڵ پارتی پچڕابوو، دووژمن نەیدەهێشت کە نە لەگەڵ لەدەرەوە پەیوەندی ببەستن و نە لەدەرەوەش پەیوەندییان لەگەڵ ببەسترێت، هەموو پەیوەندییەك بەتەواوی پچڕابوو. هەڵبەتە بەمشێوەیە دەیانخواست ئیرادەیان بشکێنن و تەسلیمیان بکرن. ئیدی ئەم هەڤاڵانە ئەو مەترسییەیان بینی و لەدژی ئەو مەترسییە چۆن ڕابوەستن، پێداویستی تەڤگەر لەوێ چییە؟ پێداویستی گەل لەوێ چییە؟ ئەوەیان دەستنیشانکرد، بۆ ئەوەی ئەو پێداویستییانە جێبەجێ بکەن ئەرکیان خستە پێش خۆیانەوە و ئەو ئەرکەیان پێکهێنا. ئەگەر ئەو چالاکییانەیان پێشخست بۆ ئەم مەبەستە بوو، بۆ ئەوەی بتوانن پێداویستی تەڤگەر پێکبێنن و ئامانجی تەڤگەر بەدیبێت و ئامانجی داگیرکەران نەیەتەدی.

لەبنەڕەتدا ئەو چالاکییانە ئەنجامی مەزنیان بەدەستخست، ئەوە ملیتانێتی (PKK) بوو لەپراکتیکدا، پێکهێنانی ڕاستینەی سەرۆك ئاپۆ و ڕێبازی (PKK)بوو، هەڵبەتە لەبەر ئەمەش بوو لەوێ بەرخۆدانێکی مەزن پێشکەوت، لەوێ ئەو تەسلیمییەتەی کەوا دووژمن خستبوویە پێش گەلی کورد پووچەڵ بووەوە. لەوێ کودەتای (١٢)ی ئەیلول گورزێکی کوشندەی بەرکەوت. پرۆگرامی (١٢)ی ئەیلول لەوێ گورزی بەرکەوت و ئیدی بووە هۆکاری ئەوەی ئەو کودەتایە تێك بچێت و ئەنجامگیر نەبێت.

بۆیە بەرخۆدانی ئەو هەڤاڵانە بەرخۆدانێکی مێژووییە، حوکمی فاشیستی سەرەتا لە زیندانی ئامەد گورزی بەرکەوت. پاشان دوای ئەمە نەیتوانی خۆی کۆبکاتەوە سەریەك؛ تا دەهات کودەتای (١٢)ی ئەیلول هەنگاوی بۆدواوە هاوێشت، ئەم چالاکییانە جارێکی

دیکە ڕێی پێشکەوتنی دیموکراسییەت و حوکمی مەدەنی لە تورکیا کردەوە، بۆیە بەرخۆدانێکی مێژوویی بوو و ڕۆڵێکی مەزنی بینی. ئەو بەرخۆدانە ڕاستینەی ملیتانێتی (PKK)ی لەهەموو ڕوویەکەوە خستەڕوو، هەندێك پێوانەی خستەڕوو. ئیدی پێویستە ملیتانێتی لەسەر ئەو پێوەرانە پێشبکەوێت، بە پێوانەی لەمە ژێرتر و نزمتر ملیتانێتی نابێت هەبێت، لەبەر ئەمە " مەزلوم، فەرهاد، کەمال و خەیری" و هەڤالانی دیکە هەم لەناو (PKK)دا و هەمیش لەناو گەلی کورددا جێگەیەکی مەزنیان گرت، گەل و تەڤگەریش ئەو پێوانانەی ئەو هەڤالانە ئافراندیان بەبنەما وەرگرت، ئەو پێوانانە نوێ بوون، پێوانەی مەزن بوون، ئەگەر تۆ ئەو پێوانانەت بەبنەما وەرگرت، ئەوا تۆ دەتوانیت لەدژی خیانەت و تەسلیمییەت و داگیرکەریدا بەرخۆدان بەرەو پێشەوە ببەیت و بەهێزی بکەیت و ئەنجامگیر ببیت، ئیدی بە بەرخۆدانی ئەو هەڤالانە مێژوویێکی نوێ نووسرایەوە، مێژووی بەرخۆدان نووسرایەوە.

بۆ هەر تەڤگەرێك زیندانەکان گرنگن، ڕاستینەی هەر تەڤگەرێك لە زیندانەکاندا ئاشکرا دەبێت، ڕاستینەی کادیر لە زینداندا ئاشکرا دەبێت، ئەگەر تەڤگەرێك لە زیندانەکاندا بەرخۆدانی بەهێزکرد، ئەوا هەر کەس بەو تەڤگەرە باوەڕ دەکات، ئەگەر تەڤگەرێك خۆی لە زیندانەکاندا نەسەلمێنێت و بەرخۆدانی مەزن پێشنەخات، ناتوانێت بیر و باوەڕی خۆی بە گەل ببەخشێت، ناتوانێت دڵی گەل قازانج بکات، ئەگەر (PKK) لە زیندانی ئامەددا بەرخۆدانێکی وەها مەزنی نەکردایە، گورزێکی مەزنی لە داگیرکەری نەخستبایە، باوەڕییەکی بۆ گەل نە ئافراندبایە، هیچ کاتێك گەل باوەڕی بە (PKK) نەدەکرد و (PKK)ش هێندە پێشنەدەکەوت. ئەگەر ئەو بەرخۆدانە پێشنەکەوتبایە و لەشوێنیدا تەسلیمییەت پێشبکەوتبایە، هیچ کاتێك قەڵەمبازی (PKK)ی ئاب، ئەو بەرخۆدانە مەزنەش پێشنەدەکەوت. لەوانەبوو تەڤگەر هەر لەوێ زەبرێکی مەزنی خواردبایە و کۆتایی پێهاتبایە و تێکچووبایە.

ئیدی لە تەواوی زیندانەکانی تورکیا و باکووری کوردستان و لەژێر وەحشییەتێکی مەزندا هەموو زیندانەکان تەسلیم بوون، هەموو ڕێکخستن و لایەنەکان تەسلیم بوون، تەنیا (PKK) تەسلیم نەبوو، زیندانی ئامەد تەسلیم نەبوو، بەرخۆدانێکی مەزنی نواند و ئەنجامگیربوو، ئەمە کاریگەری لەسەر هەموو زیندانەکانی دیکەش کرد. پاشان

زیندانەکانی دیکەش کەوتنە نێو بەرخۆدانەوە، ئەمە کاریگەرییەکی لەسەر گەل کرد، وایکرد گەلیش بەرخۆدان بکات. ئیدی بەرخۆدانەکانی "مەزلوم، فەرهاد، خەیری، کەمال" و هەڤاڵەکانی دیکە بووە هۆی ئەوەی لەنێو زیندانەکان و دەرەوەی زیندانەکاندا بەرخۆدان پێشبکەوێت و تەسلیمییەت روونەدات. تا ئەو کاتە تەسلیمییەت و خیانەتکاری روویدەدا و کودەتای (١٢)ی ئەیلول بەئاسانی بەرنامەی خۆی بەرێوەدەبرد. لەو باوەڕەش دابوو کە دەتوانێت بەئاسانی ئەنجام بەدەستبخات. ئیدی بەرخۆدانی"مەزلوم، خەیری، کەمال و فەرهاد" و هەڤاڵەکانی دیکە گورزێکی مەزنی لەو کودەتایە دا و رێگیری لەسەرکەوتنی کرد، ئەو پێڤاژۆیەی پێچەوانە کردەوە. تا ئەو کاتە تەسلیمییەت پێشدەکەوت، لەوێ کە بەرخۆدان دەستپێکرد و لە زیندانەکانی دیکە و لەنێو گەلدا بەرخۆدان پێشکەوت، باوەڕییەك بە تەڤگەر پێشکەوت، کەسەکان باوەڕییان بەخۆیان هێنا کە دەتوانن لەدژی حوکمی فاشیستی رابوەستن. هەر بۆیە حوکمی فاشیستی تا دەهات بۆ دواوە گەڕایەوە و ناچار بوو رێگەی حوکمی مەدەنی کردەوە. ئەگەر ئەم بەرخۆدانە نەبووایە مومکین نەبوو رێگیری لەسەرکەوتنی ئەم کودەتایە بکرێت.

وەکو باست کرد؛ لەدوای بەرخۆدانەکەی هەڤاڵ مەزلوم دۆغان هەڤاڵان "فەرهاد کورتای، ئەشرەف ئانیك، مەحمود زەنگین، نەجمی ئۆنەر" بەشێوەیەکی دیکە درێژە بە بەرخۆدان دەدەن، بەیەکەوە گڕ لەجەستەی خۆیان بەردەدەن...ئەو پەیامەی هەڤاڵ فەرهاد کورتای و هەڤاڵانی بە چالاکییەکەی خۆیان بەخشیان چیبوو؟

لەبنەڕەتدا پەیامی بەرخۆدان هەڤاڵ "مەزلوم" بەخشی، لە نەورۆزدا دژی ئەو زوڵم و وەحشییەتەی ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا، سەرۆکایەتی بەرخۆدانی کرد. هەڤاڵ "مەزلوم دۆغان" ئەندامی کۆمیتە ناوەندی بوو، بەو چالاکییە پێشەنگایەتی بەرخۆدانی کرد و لەخۆیەوە دەستپێکرد. هەڵبەتە پێشەنگایەتیش هەر ئەمەیە، واتا

نەیگووت:" با هەڤاڵێکی دیکە خۆی بسووتێنێت یان چالاکییەك ئەنجام بدات" ئەگەر بەهەر هەڤاڵێکی بگووتبایە ئەو هەڤاڵەش ئەوەی دەکرد. بەڵام بەخۆی و لەخۆیەوە دەستیپێکرد، بۆچی لەخۆیەوە دەستیپێکرد؟ چونکە ئەو وەحشییەتەی لەسەر ئەو ئەنجام دەدرا زۆر مەزن بوو، ئەگەر هەمان ئەو چالاکییەی هەڤاڵ "مەزلوم" ئەنجامی دابوو هەڤاڵێکی دیکە ئەنجامی بدابایە و بیانگووتبایە ئەو چالاکییەی ئەنجام داوە، ئەوا ئەوەندە کاریگەری خۆی لەسەر کادیر نەدەبوو، ئەگەر هەڤاڵ "مەزلوم" خۆی ئەو چالاکییەی ئەنجام دا، بۆ ئەوەبوو کە کاریگەرییەك لەسەر هەموو کادیران لەدژی تەسلیمییەت دروست ببێت و بەرخۆدان بەهێزەوە ئەنجام بدرێت، بۆیە چالاکییەکەی لەخۆیەوە دەستپێکرد. ئەمە لەبەر ئەو هۆیە بوو. هەروەها کولتوورێکی ئەم تەڤگەرە هەبوو، لە کولتووری ئەم تەڤگەرەدا، بەرپرسیارێتی تۆ چەندە مەزن بێت دەبێت پراکتیکی تۆش هێندە مەزن بێت، ئەمە کولتوور و ئەخلاقێکی ئەم تەڤگەرە بوو، لەوێش بەرپرسیار هەڤاڵان "مەزلوم دۆغان، کەمال و خەیری" بوون. چونکە ئەوانە هەڤاڵی مەرکەزی بوون، پێویستبوو بەرخۆدان لەوێ لەژێر بەرپرسیارێتی ئەو هەڤاڵانەدا پێشبکەوتبایە، بەرپرسیارێتیش ئەمە دەخوازێت، پێویستە ئەوانە لەهەر کەسێکی دیکە زیاتر لەدژی ئەو زوڵم و ئەشکەنجە و وەحشییەتە رابوەستن، لەپراکتیکیشدا پێشەنگایەتی بکەن، بۆ ئەوەی کادیران ئەمە ببینن و هێز و وزە وەربگرن، تاکو کادیرانیش بتوانن بەرخۆدان بکەن. هەڵبەتە ئەو هەڤاڵانە لە زینداندا لەهەموو بەرخۆدانەکاندا بەشدارییان تێدا کرد، هەر بۆیە کادیرانیش لەدژی ئەو وەحشییەتەی بەڕێوە دەبردرا تەسلیم نەبوون و بەردەوام لەنێو بەرخۆداندا مانەوە، بەڵام داگیرکەر ئەشکەنجە و زوڵم و وەحشییەتێکی وەهایان پێشخست، ئیدی ئیرادەی مرۆڤ نەیدەتوانی تەحەمولی بکات، لە ئاستێکی وەهادا وەحشییەتیان ئەنجام دەدا، لەدژی ئەمە مەگەر تەنیا لە ئاستێکی پێشەنگیدا تۆ بتوانیت لەدژی رابوەستیت، ئینجا دەتوانیت رێ لەپێش ئەو وەحشییەتە بگریت، ئەگەرنا زەحمەت بوو تۆ بتوانیت رێ لەپێش ئەو وەحشییەتەدا بگریت، ئیدی لەبەر ئەوەبوو هەڤاڵ "مەزلوم دۆغان" بۆ خۆی ئەو چالاکییەی ئەنجام دا.

بێگومان کاتێك هەڤاڵ "مەزڵوم" ئەو چالاکییەی ئەنجام دا کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر هەڤاڵان کرد. هەر بۆیە هەڤاڵ "فەرهاد کورتای" و هەڤاڵانی دیکە بەدوایدا چالاکییەکەیان ئەنجام دا. تاوەکو ئەو بەرخۆدانە بەهێزتر و بۆ پێشەوەتری ببەن، هەر بۆیە هەر چوار هەڤاڵیش خۆیان سووتاند.

کاتێك ئەو چالاکییە ئەنجام درا هەڤاڵ "کەمال پیر" دەڵێت:" لەبنەڕەتدا ئەو چالاکییەی کە ئەو هەڤاڵانە ئەنجامیان دا دەبووایە ئێمە ئەنجامامان دابایە" لێرەدا بەمشێوەیە رەخنەدانی خۆیشی دەدات، بەرەخنەدان لەئەرك نزیك دەبێتەوە، دەڵێت:" ئێمە درەنگ ماوین" هەر بۆیە هەڤاڵان "کەمال پیر، محەمەد خەیری، عاکف یلماز و عەلی چیچەك"یش دەست بەچالاکی دەکەن. بەمەش بڕیاربوونێکی مەزن، ئیرادەیەکی مەزن دەردەکەوێتە روو، دەوڵەت دەبینێت کە چەندە وەحشییەتێکی مەزنی ئەنجام دا و لەئاستی هەرە بەرزدا بەڕێوە برد، وەحشییەتی لەمە ئاست بەرزتر نییە بڕێوەی ببات، کەچی بەرخۆدانێکی بەهێزی لێکەوتەوە و ئەو وەحشییەتەی پووچەڵکردەوە.

دەوڵەت بینی کە ئیدی ناتوانێت شتێکی دیکە ئەنجام بدات، ئەو وەحشییەتەی ئەنجامی بدابایە ئەنجامی دا، کەچی بەرخۆدانێکی مەزن لەدژی ئەمە پێشکەوت. بێگومان کە هەڤاڵان بەدوای یەکدا خۆیان سووتاند و کەوتنە چالاکی مانگرتنی بێکۆتاییەوە، وەك بچنە ئاهەنگ بەرەو مەرگ دەچوون، دەوڵەت زۆر لەمە ترسا و پەیامێکی وەرگرت، چونکە ئەگەر یەکێك بەمجۆرە خۆی بسووتێنێت و گیانی خۆی فیدا بکات، ئەوا دەتوانێت هەموو شتێك ئەنجام بدات، دەوڵەت بینی کە هەرچی وەحشییەت و ئەشکەنجە هەیە ئیرادەیان ناشکێنێت. تەواو بە پێچەوانەی ئەمە ئەو وەحشییەتە دەبێتە هۆی ئەوەی بەرخۆدان مەزنتر ببێت، دەوڵەت ئەمەی بینی، ئەوەی بیکردبایە ئەوا کردی، ئیدی شتێکی دیکە لەبەرامبەر هەڤاڵان پەیڕەو بکات نەمابوو، بەڵام بەرخودان بەهێزەوە ئەنجام درا، بۆیە هیوای دەوڵەت شکا.

ئیدی ئەمە راستینەی (PKK) بوو ژیا، چونکە لە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیای (PKK)دا ئەشکەنجە چەندە دژوار بێت، وەحشییەت چەندە مەزن بێت، پێویستە ببێتە هۆی بەرخۆدانی مەزن، ئیدی لە زیندانی ئامەددا هەڤاڵان "مەزڵوم، خەیری، کەمال و فەرهاد" و هەڤاڵانی دیکە ئەمەیان پێکهێنا، واتا ئەو ئەشکەنجە و زوڵم و وەحشییەتەی

لەبەرامبەریان دەگرێت، نەیانکردە بەهانەیەك کەوا دەستبەرداری لە پارتی و گەل بکەن، حەسانەوەیان نەدایە پێش خۆیان... بەڵکو ئەمەیان کردە هۆی ئەوەی وەحشییەت و ئەشکەنجە لەگۆڕ بنێن و مرۆڤایەتی هەستێننە سەرپێیان، ئیدی لەبەر ئەمە بەرخۆدانێکی مەزن پێشکەوت و کودەتای (١٢)ی ئەیلول لەوێ گورزێکی مەزنی بەرکەوت...

دەرچوون لەگێژاوی خۆرهەڵاتی ناوین... گەڕانەوە بۆ وڵات

لەساڵی(١٩٨١)دا بۆ جاری یەکەم بوو کۆنفرانسێکی (PKK) سازدەکرێت، دوای ئەوەی هەندێك هەڤاڵ لە دەرەوەی وڵات پەروەردە دەبینن و سەرۆکیش لە دەرەوەی وڵاتە، زۆربەی هەڤاڵانیش لە زیندان دان و بەرخۆدان دەکەن، لەرەوشێکی بەمجۆرەدا کۆنفرانس سازدەدرێت. ئەم کۆنفرانسە لەمێژووی (PKK)دا شوێنگەیەکی چۆن دەگرێت؟ هەروەها ئەو چەمك و بڕیارانەی لەو کۆنفرانسەدا وەردەگیرێن چ کاریگەرییەکی لەسەر خەبات و تێکۆشانی تەڤگەری (PKK) دەکات؟



شەهید کەمال پیر

شەهید محەمەد خەیری دوورموش

شەهید عەلی چیچەك

شەهید عاكف یلماز

وەك دەزانرێت؛ یەكەمین كۆنفرانسی (PKK) لە لوبنان لە كامپی بەرەی دیموكراتی **رزگاری فەلەستین** (الجبهة الدیمقراطیة لتحریرفلسطین)(١) سازدرا، پاشان ئێمە ئەو شوێنەمان

کردە " ئەکادیمیای مەعسوم قۆرقماز". بێگومان سازدانی ئەم کۆنفرانسە لەمێژووی تەڤگەری ئێمەدا شوێنگە و رۆڵێکی مەزنی خۆی هەیە.

لەمێژوودا زۆر تەڤگەر هیجرەت (کۆچ) یان کردووە، چوونەتە دەرەوەی وڵات، بۆ ئەوەی هەندێك ئامانج بەدیبهێنن، بەڵام ئەو تەڤگەرانە جارێکی دیکە نەگەڕاونەتەوە وڵات و تەسفیە بوونە، لەدەرەوە ماونەتەوە و مارژینالْ بوونە، بێکاریگەر ماونەتەوە، ئەوەی لەدەرەوە مارژینالْ و پەناهەندە نەبووە و جارێکی دیکە گەڕاونەتەوە وڵات، هەم بەردەوام بوونە و هەمیش ئەنجامیان بەدیهێناوە. بۆچی چوونە دەرەوە و هیجرەت روویداوە؟ ئەگەر تەنگەتاوی و مەترسی مەزن لەئارادا بن هیجرەتیش روودەدات، بۆ ئەوەی رێگیری لەپێش ئەو تەنگەتاوی و مەترسیانە بکرێت هیجرەتیش روودەدات. لەمێژوودا زۆر نموونەی بەمجۆرە هەن. بۆ دموونە "حەزرەتی محەمەد"یش هیجرەتی کردووە. بۆچی؟ چونکە رووبەڕووی مەترسییەکی مەزن بۆتەوە، بۆ ئەوەی رێگیری لەم مەترسییە بکات و بتوانێت بەردەوامی بە تەڤگەرەکەی خۆی بدات هیجرەتی کردووە. ئەو هیجرەتەش ئەنجامگیر بووە. ئیدی ئیسلامییەتی بەسەرخستووە. ئەگەر ئەو هیجرەتە نەبووایە ئەوا "حەزرەتی محەمەد"یش نەدەما و ئیسلامییەتیش کۆتایی پێدەهات، کەواتە هیجرەت بۆ ئەمە گرنگە.

کاتێك کە سەرۆکیش چووە دەرەوە هەنگاوێکی بەمجۆرەی هاوێشت، تەڤگەر زۆر تەنگاو ببوو، کێشەی مەزنی تەڤگەر هەبوو، نەیدەتوانی لە وڵات چارەسەریان بکات، زێدە پێداگریکردن لەسەر مانەوە لە وڵات، لەوانەبوو تەڤگەر تەسفیە ببایە. ئیدی بۆ ئەوەی ئەمە روونەدات، سەرۆك ئەو هەنگاوەی هاوێشت، کاتێك ئەو هەنگاومیشی هاوێشت لەسەر توانستێك نەیهاوێشت، توانست زێدە نەبوو، وەکو ئەوە وابوو تۆ لەشەوە زەنگێکدا هەنگاو بهاوێژیت، کۆتاییەکەی چ دەبێت دیار نییە. واتا لەوانەبوو لەم دەرکەوتنەدا جارێکی دیکەش گەڕانەوە نەبێت، لەم دەرکەوتنەدا لەناویش بچێت، یان لەدوای دەرکەوتندا مرۆڤ ببێتە پەناهەندەش... واتا هەموو شتێك مومکین بوو، ئیدی سەرۆك بۆ ئەوەی هەم لەناو نەچێت هەمیش مارژینالْ نەبێت، هەم نەبێتە پەناهەندە، هەمیش بتوانێت بۆ تەڤگەر توانست بئافرێنێت و تەڤگەر لەو توانستانە سوودمەند بێت و بتوانێت جارێکی دیکە خۆی کۆبکاتەوە سەریەك، تاکو بتوانێت کێشەکانی خۆی

لە وڵات چارەسەر بکات ئەو هەنگاوەی هاوێشت و لەسەر بنەمای ئەو ئامانجانە هەمیشە بەهەستیارییەوە هەنگاوی هاوێشت.

لەئاکامی ئەوەدا ئێمە گەیشتینە کۆنفرانسی یەکەم. ئیدی گرنگێتی کۆبوونەوە لە کۆنفرانسی یەکەم چیبوو؟ بەو مانایە دەهات کە ئەو هەنگاوەی ئێمە لە هیجرەتدا هاوێشتبوومان ئیدی گەشتبووە کۆتایی. هیجرەت تەواو ببوو، ئیدی پێویستبوو گەڕانەوە بۆ وڵات ئەنجام بدرێت. بۆیە ئەو هەنگاوەی بۆ دەرەوەی وڵات ئەنجام درابوو ئەنجامێکی باشی دابوو، مەترسی رووینەدەدا. لەم هەنگاوەدا زۆر توانستمان بەدەستخستبوو، تەڤگەر چەندین کێشەی خۆی چارەسەر کردبوو و خۆی کۆکردبووەوە سەریەك. ئیدی لەکۆنفراسەکەدا رووی خۆی دەدایە وڵات، تاکو هەنگاوێك لە وڵاتدا بهاوێژێت. بۆیە ئەم کۆنفرانسە کۆنفرانسێکی مێژوویی بوو و رۆڵێکی گرنگی مێژوویی پێکهێنا.

لەم کۆنفرانسەدا دەرکەوت کە ئەو شتەی لەمێژوودا بەسەر زۆر تەڤگەردا هاتووە بەسەر ئەم تەڤگەرە نەهاتووە، کۆنفرانسەکە گوزارشتی لەمە دەکرد. بێگومان تا سازدانی کۆنفرانسەکە زۆر خەبات کرابوون لەرووی سیاسی، ئایدیۆلۆژی، عەسکەری، رێکخستنی، دیپلۆماسییەوە. لەئاکامی ئەو خەباتانەدا یەکلایی بوونەوەیەك و بە بڕیاربوونێك و پێشکەوتنێك لە کادیراندا بەدیهاتبوو. چەمکە هەڵەکان هەمووی بەلاوە نرابوو، کادیر خۆی کۆکردبۆوە سەریەك، تەڤگەریش خۆی کۆکردبۆوە سەریەك. لەسەر ئەو بنەمایە کۆنفرانس سازدرا.

لەو کاتەوەی ئێمە دەرکەوتبووینە دەرەوەی وڵات تا سازدانی کۆنفرانسەکە تەڤگەر لەناوخۆیدا لەنێو زۆر کێشەدا دەژیا. چونکە کاتێك کادیرانمان بۆ دەرەوە دەرخست، لە کادیراندا چەندین چەمك هەبوو، پەرشوبڵاوییەك لەئارا دابوو، لە هەندێکیاندا ئیرادە شکابوو، هەندێکیان واتێدەگەیشتن کە ئیدی ئێمە ناگەڕێینەوە وڵات، گەڕانەوە بۆ وڵات مومکین نییە. چونکە کودەتای (١٢)ی ئەیلولیش روویدا بوو، هەندێکیان دەیانگووت:" وەحشییەتێکی مەزن لە تورکیادا هەیە، تەڤگەرەکان هەموویان زەبریان بەرکەوتووە، بۆیە ئیدی زەحمەتە ئێمە بگەڕێینەوە وڵات" لە هەندێکیاندا ئەم چەمکە هەبوو، ئیدی ئێمە هەر لە دەرەوە دەمێنینەوە... لەهەندێکیشیاندا کاتێك لەژێر زوڵمی دەوڵەتی

تورکیـادا دەرکەوتنــە دەرەوەی وڵات، لــەنێو پراکتیکێکــی پــڕ دژواردا دەرکــەوتبوون، گووتیان:" ئیدی بۆ خۆمان لێرە هەناسەیەك هەڵدەمژین" بـەمجۆرە دەسـتیان لـەخۆیان بەردا" و دەیانگووت:" ئیدی مەترسی نەماوە و لەژێر ئەو پراکتیکە دژوارە دەرکەوتین، با هەنـدێك بۆخۆمـان بحەسێینەوە" چـەمکێکی بـەمجۆرە لەهەندێکیانـدا هـەبوو، بۆیـە ژیانبوون لەسەر ئەو توانستەی هەیە و بیرنەکردنەوە لەهیچ شتێکی دیکە، هەبوو.

ئیدی لەهەندێکی تریاندا ئەوە هەبوو کە دەیانگووت:" لوبنانیش مەترسیدارە" چونکە ئەو کاتە لە لوبنانیش شەڕ هەبوو، مەترسیدار بـوو، ڕێکخستنە شۆڕشگێڕەکانی تورکیـا هەموویان روویان لە ئـەوروپا کردبـوو، لـەناو ئێمەشدا هەنـدێك هـەبوون دەیـانگووت:" لوبنان مەترسیدارە، ئێمە لێـرە چیبکەین؟ ئێمـە ئیـدی نـاتوانین بچینەوە وڵاتـیش، بـا ئێمـەش بـچینە ئـەوروپا، تـا لـە تورکیـادا رەوش دەگۆڕدرێـت". هەنـدێکیان ئەمـەیان بەبنـچینە وەردەگـرت. هەنـدێکی تـریش دەیـانگووت:" ئێمـە دەرکەوتووینەتـە دەرەوەی وڵات و پەروەردەیەك دەبینین و دیسان دەگەڕێینـەوە وڵات و کار و خـەباتی خۆمـان لـە وڵات بـەردەوام دەکـەین، ئێمـە زێـدە لێـرە (لوبنـان) نامێنینـەوە" لـە هەندێکیانـدا ئـەم چەمکە هەبوو. لە هەندێکی تریشدا ئەوە هەبوو دەیانگووت:" دەوڵەت ئەوەندە زوڵم و ئەشکەنجە دەکات و لە زیندانەکاندا وەحـشییەت بەڕێوە دەچێت، بـا هەنـدێك فڕۆکـەی تورکیا بڕفێنین یان هەندێك سەفیر و کونـسوڵخانەی تورکیـا بارمتـە بگـرین، بـۆ ئـەوەی بتـوانین ڕێگـیری لـەو وەحـشییەت و لـەو لەسـێدارەدانە بکـەین و هـەڤاڵان لەمـە رزگـار بکـەین " چـونکە ئـەو کاتــە دەسـت بـە لەسـێدارەدان کرابـوو، بـۆ هـەڤاڵانیش بڕیـاری لەسێدارەدانیان دەدا، بەمەش لەسێدارەدان زۆر پێشدەکەوت. هەنـدێك کادیریش کـە لـە هەڵوێـست و نزیکبوونــەوەی فەلەسـتینییەکانیان دەڕوانـی، بــە کاردانــەوە (ردفعـل) هەڵسوکەوتیان دەکـرد و دەیـانگووت:" ئێمـە بۆچـی هاتووینەتـە ئێـرە؟ رەوشـی دەرەوە چییە؟ ئـەو پەیوەندییانـە چـۆن دروسـتبووە؟ ئـەو توانـستە چـۆن ئـافرێنراوە؟ مـرۆڤ پێویستە چۆن لێی نزیك ببێتەوە؟ لەو مەسەلانە تێنەدەگەیشتن، زۆر شتیان لەدەرەوەی چەمکی خۆیان دەبینی و بە کاردانەوە نزیك دەبوونەوە.

هەروەها زۆر لایەن و ڕێکخستن دەیانخواست لـەو رەوشـەی ئێمـە تێیـدا دەژیـاین سـوود وەربگرن و لەسەر ئێمە فشار دروست بکەن بۆ ئەوەی دەستبەرداری ئازادی خۆمان ببین

و بکەوینە خزمەتی ئەوانەوە. لەناو فەلەستینییەکانیشدا هەندێکیان دەیانخواست ئێمە بکەنە عەسکەری خۆیان و بۆ خۆیان بمانخەنە نێوشەڕی خۆیانەوە، هەندێك لەنێو تەڤگەری فەلەستینی لەسەر ئێمە لەگەڵ تورکیا پەیوەندییان دەبەست و وەك ئەوەی ئێمە ببینە کاڵای بازرگانیکردن بازرگانییان بەئێمە دەکرد. هەوڵیان دەدا هەندێك توانست لە تورکیا بەدەستبخەن. تورکیاش بەوانی دەگووت:" پێویستە ئێوە نەهێڵن ئەوانە جارێکی دیکە بگەڕێنەوە تورکیا". ئەوانیش دەیانگووت:" پێویستە ئێوەش دان بەئێمەدا بنێن و رێگە بدەن نووسینگە لە تورکیادا بکەینەوە..." بەمشێوەیە لەسەر ئێمە سەودا و مامەڵەیان دەکرد.

لەلایەکی دیکەوە؛ تورکیا هەندێك سیخوڕی خۆی ناردبووە لوبنان بۆ ئەوەی لەکامپەکاندا زەبر لە ئێمە بوەشێنن. بۆیە لەنێو کادیراندا زۆر چەمکی هەڵە هەبوو، ئیرادە لاواز ببوو یان شکابوو، یان بەگوێرەی خۆیان ژیانکردن هەبوو.

بێگومان سەرۆك لەبەرامبەر هەموو ئەو چەمکانەدا شەڕی کرد، ئەو چەمکە هەڵانەی هەموو خستەڕوو و تێیگەیاندن و کادیرانی بۆ لای چەمکی تەڤگەر راکێشا و جارێکی دیکە رووی کادیرانی ناراستەی تەڤگەر کردەوە، بۆ لای کولتوور و ئەخلاق و ژیان و ئامانج و ئایدیۆلۆژیای تەڤگەر ئاراستگیر کردەوە. بێگومان هەروا ئاسان نەبوو، ئەمە نزیکەی ساڵ و نیوێکی خایاند، هەڵبەتە هەموو کادیرانی ئێمە لە کامپی فەلەستینییەکاندا بوون. کەس لەدەرەوەی ئەو کامپەدا نەبوو. لەو کامپەدا خوولی پەروەردەیی کرایەوە و لەئاکامی ئەو پەروەردەیەدا ئەو چەمکە هەڵانە راستکرانەوە و لەکادیراندا یەکێتییەك دروست بوو و خۆ کۆکردنەوەیەك بەدیهات. لەسەر بنەمای ئەمە ئەو کۆنفرانسە سازدرا.

بێگومان ئەو کاتە لەناو ئێمەدا "سەمیر" هەبوو، "سەمیر" رەوشی کادیرانی دەبینی کە ئیرادەیان شکاوە، هەریەکە و لەرەوشێکدا دەژین و پەرشوبڵاوییەك هەیە، هەر کەس بەگوێرەی خۆی نزیکبوونەوەیەکی هەیە، ئەوەی دەبینی و دەیخواست ئەمە قووڵتر بکاتەوە، کادیران هەموو بەرەو ئەورووپا ئاراستەگیر بکات. واتا بێ باوەڕی دروست دەکرد، خیتابی سۆزی کادیرانی دەکرد، توانستی تەڤگەر هەرچییەك هەبێت دەیخواست هەمووی بخاتە خزمەتی ژیانی شەخسییانەوە. لەو چوارچێوەیەدا دەیگووت:" ماڵی

پارتی دەریایە، ئەوەی نەیخوات بەرازە". لەلایەکی دیکەوە هەوڵی دەدا کە پەیوەندی نێوان ئێمە و فەلەستینییەکان تێکبدات، بۆ ئەوەی تەڤگەر نەتوانێت لەوێ بژیت و کار و خەباتێك بکات، بۆ ئەوەی ناچار ببێت روو لە ئەوروپا بکات، ئەویش ئەو هەوڵانەی دەدا.

ئیدی سەرۆك لەدژی هەوڵ و تەقەللاکانی ئەویش کادیرانی بەهێز کرد، کادیرانی لەرووی چەمکەوە بەهێز دەکرد. بەمشێوەیە چەمکەکانی "سەمیر" نەیدەتوانی لەسەر کادیران بەکاریگەر ببێت و بەتەواوی لەژێر کاریگەری ئەودا دەرکەوت، لەکادیراندا کۆمبوونێك (گردبوونەوەیەك) بەدیهات، لەسەر ئەو بنەمایە کۆنفرانسەکە سازدرا.

کەسێك باوەڕی نەدەکرد کە (PKK) لەکاتێکی وەهادا ئەم کۆنفرانسە سازبدات. چونکە ئەو ماوەیە (١٩٨١) پێڤاژۆیەکی وەهابوو کە تەڤگەری شۆڕشگێڕی لە تورکیا و کوردستان بەتەواوی لەتەسفیەبوون دابوون، پێڤاژۆیەکی وەها بوو، بۆیە کەسێك باوەڕی نەدەکرد کە لە قۆناخێکی وەهادا خۆی کۆبکاتەوە و کۆنفرانس سازبدات و بڕیاری مێژوویی وەربگرێت و رێ لە تەسفیەبوون بگرێت و پێڤاژۆیەکی دیکە دەستپێبکات. بێگومان ئەمە بەخەباتێکی نائاسایی ئەنجام درا، سەرۆك بەشەو و رۆژ لەسەر ئەمە راوەستا، لەئاکامی ئەمەدا ئەوە بەدیهات. ئەمە لەکاتێکدا هەموو تەڤگەرە شۆڕشگێڕییەکانی تورك و کورد پەرشوبلاوەیان پێدەکرا و دەتوانەوە، تەنیا (PKK) لەم پێڤاژۆیەدا خۆی کۆکردەوە و گەیشتە کۆنفرانسێك.

کاتێك کە ئاکامی کۆنفرانسەکە بە بەلاغێك راگەیەنرا، هەموو کەس سەری سووڕما؛ چۆن (PKK) لە پێڤاژۆیەکی وەهادا کۆنفرانسێك سازدەکات؟ تۆبڵێی ئەمە راست بێت؟ ئەمە مومکین نییە. چونکە کەسێك باوەڕی نەدەکرد، لەبەر ئەوەی هەموو لەتەسفیەبوون دابوون، ئەوەی تەنیا لەنێو تەسفیەبووندا نەبوو (PKK) بوو، کە ئەوەی رێی لە تەسفیەبوون گرت (PKK) بوو. بۆیە ئەمە زۆر گرنگە.

بێگومان کاتێك کە کۆنفرانسەکە سازدرا، گروپێکی وەکو "سەمیر" و "داوود" هەبوو، دەیانخواست کۆنفرانسەکە بێ ئەنجام تەواو ببێت، کۆنفرانسەکە هیچ بڕیارێك وەرنەگرێت. لە کۆنفرانسەکەدا زیاتر پەرشولاوی بێتە کایەوە و تەڤگەر و کادیران بەرەو ئەوروپا ئاراستەگیر ببن. هەموو هەوڵێکیان لەم پێناوە بوو، ئەوان وا حیساباتیان

دەكرد كە دەتوانن ئەنجامیش بەدەستبخەن، ئەو پێشكەوتنەی لە كادیراندا بەدیهاتبوو نەیاندەبینی و نەیاندەزانی. ئەوانە چۆن لە كادیران تێگەیشتبوون؟ وا تێگەیشتبوون كەوا كادیران كاتێك لە وڵات دەركەوتوون، چۆن دەژیان و بیریان دەكردەوە هەر بەهەمان شێوە ماونەتەوە. ئەمە لەكاتێكدا سەرۆك لەمیانەی پەروەردەوە كادیرانی لەو رەوشە رزگار كردبوو، ئیدی كادیران روویان لە وڵات بوو، شتێكی تر دەژیان، لە كادیران و لە رێكخستندا خۆ كۆكردنەوەیەكی تۆكمە بەدیهاتبوو. بێگومان ئەوانە زێدە ئەمەیان نەدەزانی، ئەوانە وا تێدەگەیشتن كە دەتوانن لە كۆنفرانسەكەدا كاریگەری لەسەر رەوتی كۆنفرانسەكە بكەن و وەكو دەیانەوێت لە كۆنفرانسەكەدا بڕیار وەربگرن، بۆیە لە كۆنفرانسدا هەندێك لەوانە هەستان و ئاخفین، زیاتر "داوود"یان دەرخستەپێش. حیساباتیان ئەوەبوو كە؛" با "داوود" بئاخفێت بزانین كاریگەری خۆی چۆن دەبێت و كاردانەوەكان چۆن دەبن؟" ئەوا بەگوێرەی ئەمەش تاكتیك پەیڕەو بكەن. كاتێك كە "داوود" ئاخفی و سەرۆك و كادیران زۆر بەهێز چوونە سەر "داوود" ئەو كاتە ئەوانە تێگەیشتن كە كادیران وەكو ئەوان لێی تێگەیشتوون وەها نین، لە كادیراندا گۆڕانكارییەكی مەزن بەدیهاتووە. بۆیە نەیانتوانی لەكۆنفرانسدا هیچ كاریگەرییەكیان هەبێت و هیچ ئەنجامێكیان بەدەستنەخست، هەڵبەتە لەبەر ئەوە هەنگاویان بەرەو دواوە هاوێشت و تاكتیكی خۆیان گۆڕی، بۆ ئەوەی بتوانن لەدوای كۆنفرانسەوە كار بكەن. چونكە بینیان كە ئەو شتەی دەیانخواست لەكۆنفرانسەكەدا ئەنجامی بدەن، زەمینەی نەماوە، ئەگەر زۆر پێداگریش بكەن، ئەوا بەتەواوی خۆیان ئاشكرا دەكەن و زەبریان بەردەكەوێت. ئیدی بۆ ئەوەی نەكەونە رەوشێكی بەمجۆرەوە خۆیان بۆ دواوە كشاندەوە و خۆیان شاردەوە.

بێگومان لەكۆنفرانسەكەدا زۆربەی كادیران گوێیان بەقسە و هەڵوێستەكانی "سەمیر" و "داوود" نەدا، بەڵكو گوێیان لە قسە و شیكردنەوەكانی سەرۆك دەگرت، بەڵام چەمكێكی وەها ملیتانیش لەئارادا نەبوو، واتا بە قووڵایی لە كەشی كۆنفرانسەكە نەدەژیان، تەفلیبوونێكی وەها تۆكمەیان بۆ كۆنفرانسەكە نەبوو، زیاتر تەفلی ئاخافتنەكانی سەرۆك و ئەو بڕیارانەی سەرۆك دەیخواست لە كۆنفرانسەكە وەربگیردرێت دەبوون. بەڵام تەفلیبوونێكی زێدە بەهوشیاری و داناییەكی بەهێز نەبوو. بێگومان زێدەتر

فورسایی سەرۆك لە کۆنفرانسەکەدا هەبوو، سەرۆك هەڵسەنگاندن و ئاخافتنی گرنگی کرد. مرۆڤ دەتوانێت بڵێت سەرۆك مۆرکی خۆی لە کۆنفرانسەکە دا. ئەو چەمك و رۆحەی دەیخواست لە کۆنفرانسەکەدا بیچەسپێنێت، چەسپی و باڵادەستی کرد. ئەو کۆکردنەوەیەی کە لەمیانەی پەروەردەوە بەدیهاتبوو لە کۆنفرانسەکەدا قووڵتر و بەهێزتر بوو. بۆیە کۆنفرانسەکە بەسەرکەوتوویی تەواو بوو.

کۆنفرانسەکە زۆر بڕیاری مێژوویی وەرگرت. ئەم کۆنفرانسە ئەرکی کۆنگرەیەکی جێبەجێ کرد. ناوی کۆنفرانس بوو، بەڵام لەبنەڕەتدا ئەرکی کۆنگرەیەکی پێکهینا. واتا بڕیاربوون و سافیبوونێکی تۆکمەی لەنێو کادیراندا خوڵقاند، بۆیە لە پەروەردەدا کە کۆکردنەوەیەك بەدیهاتبوو، بەکۆنفرانسەکەش قووڵتر و بەهێزتر بوو، ئیدی لەم کۆنفرانسەدا بڕیار درا کە رێکخستن رووی لە وڵات بێت و موداخەلە لە وڵات ئەنجام بدات.

تا ئەو کاتە زیندانییەکان نوێنەرایەتی تەڤگەر و بەرخۆدانیان دەکرد، ئیدی زیندانەکان رۆڵی خۆیان تەواو دەکرد، پێویستە تەڤگەر لەدەرەوە موداخەلە بکات، ئەگەر زۆر درەنگ بمێنێت ئەوا مەترسیدارە. چونکە ئیدی زیندان ئەوەی دەبووایە ئەنجامی بدابایە ئەنجامی دابوو، لەمە زیاتر شتێکی تر نەبوو بیکات، پێویستە ئیدی لە دەرەوەی زینداندا گەریلا بکەوتبایە دەورەوە. ئیدی کۆنفرانسەکە ئەمەی دەستنیشانکرد، کۆنفرانسەکە ئەو رۆحەی ئافراند، بۆیە ئاراستەی رێکخستنی دایە وڵات و بەتەواوی رێگەی لە پەناهەندەیی و مەترسییەکانی گرت، ئەمە گرنگ بوو. ئەو مەترسییانەی لەو هەنگاوەدا هەبوو، بەم کۆنفرانسە تەڤگەر رێی لێگرت و بەلاوەی نا. ئەو هەنگاوەی لە دەرەوەدا هاوێشترا بەم کۆنفرانسە گەیشتە لوتکە. لەبەر ئەوە کۆنفرانسەکە گرنگ بوو...

ئیدی تەڤگەر ئەو بڕیارە دەدات کە بەرەو وڵات بگەڕێتەوە، بەڵام ئەو گەڕانەوەیە چۆن ئەنجام دەدرێت؟ پێم وایە ئەو کاتە (١٩٨٢ ـ ١٩٨٤) زیاتر لەباشووری رۆژئاوای کوردستانەوە بەرەو باشووری

کوردستان و لەوێشەوە بەرەو باکووری کوردستاندا تێدەپەڕین، لەسەر ئەو سنوورانەش هێزەکانی باشوور هەبوون؛ وەکو (پ د ك، حزبی شیوعی ئێراق، ی ن ك...هتد)، کەواتە چ ئاستەنگییەك و زەحمەتییەك لەبەردەم گەڕانەوەی یەکینە و گرووپەکانی کادیران هەبوو بۆ باکووری وڵات؟

پۆستەرێك بۆ بیرەوەری بەرخۆدانەکەی شەهید مەزلووم دۆغان

پۆستەرێك بۆ هاندانی تێكۆشانی چەكداری لەساڵانی هەشتاكاندا

دوای كۆنفرانسەكە یەكسەر دەست بە گەڕانەوە بۆ وڵات نەكرا. سەرۆك ئەو بڕیارەی لەمیانەی كۆنفرانسەكەدا وەرگرت و رووی رێكخستن و كادیرانی كردە وڵات. بەڵام دوای كۆنفرانسەكە یەكسەر گەڕانەوە بۆ وڵات دەستپێنەكرد. چونكە پێویستبوو كادیران لەسەر بڕیار و رێنماییەكانی كۆنفرانسەكە قووڵ بكرایەوە، ئەو ئامادەكارییانەی هەبوون دەبایە تۆكمە و بەهێزتر بكرابایە. وەكوتریش پێوست بوو هەندێك تەدبیریش

وەربگیرابایە، لەسەر ئەو بنەمایەش گەڕانەوە بۆ وڵات ئەنجام بدرابایە، بۆ ئەوەی لە گەڕانەوە بۆ وڵات زێدە کێشە و گرفت دەرنەکەوێت. ئەم تەدبیرانە لەم پێناوە دابوو، هەر بۆیە دوای کۆنفرانسەکە کادیران دیسان لەسەر ڕۆحی کۆنفرانسەکە و بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسەکە پەروەردە کرانەوە، بۆ ئەوەی کادیران بە ئامادەکارییەکی باشترەوە بچنەوە وڵات و بتوانن ببنە وەڵام. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە؛ هەوڵدەدرا بۆ ئەوەی هەندێك تەدبیر وەربگیردرێت. بۆ نموونە؛ هەوڵدەدرا هەندێك کەناڵ بکرێتەوە، چونکە زۆربەی کادیران دەبایە بکەوتبانایە هەرێمی بۆتانەوە. ئێمە هیچمان ئەو هەرێمەشمان نەدەناسی، هیچ پەیوەندییەکی ئێمەش لە بۆتان نەبوو، کاریگەری (پ د ك)ش لەسەر ئەو هەرێمە هەبوو، ڕێکخستنی (پ د ك) لەوێ هەبوو، پێویستبوو پەیوەندی خۆمان لەگەڵ (پ د ك) پێشبخەین، بۆ ئەوەی لەچوونی ئێمە بۆ ئەو هەرێمە ڕووبەڕووی مەترسی نەبینەوە. چونکە پێشتر ڕووداوی تر ڕوویدا بوو، "عەلی عەسکەری"(٢) و هاوڕێکانیشی چووبوونە ئەوێ، (پ د ك) ئەوانەی لەناوبردبوو، ئەگەر ئێمەش بەبێ (پ د ك) بچینە ئەو هەرێمەوە لەوانەیە ئێمەش ڕووبەڕووی مەترسییەکی بەمجۆرە ببینەوە. بۆیە پێویستبوو پەیوەندی لەگەڵ (پ د ك) دا پێشبخەین، بۆ ئەوەی بتوانین بەبێ کێشە بچینە ئەو هەرێمەوە. دووەمینیش؛ ئێمە ئەو هەرێمە هیچ ناناسین، هیچ پەیوەندییەکی ئێمە لەوێ نییە، جوگرافیاکەشی ناناسین، تایبەتمەندی خەڵکەکەشی ناناسین، پێویستە لەم ڕووەشەوە هەندێك تەدبیر وەربگرین، بۆ ئەوەی بەچوونمان بۆ ئەو هەرێمە ڕووبەڕووی هیچ مەترسییەك نەبینەوە، لەبەر ئەم خاڵەش تەدبیر وەرگرتن گرنگ بوو.

ئیدی دوای کۆنفرانسەکە سەرۆك زیاتر لەسەر ئەو مەسەلانە ڕاوەستا. کاتێك ئێمە کادیرمان لە وڵات دەرخستبوو، بەتەواوی وڵاتمان چۆل نەکردبوو، ئێمە هەندێك کادیرمان هێشتبووەوە، بۆ ئەوەی ئێمە بە بەردەوامی لەگەڵ ناوەوەی وڵات لەنێو پەیوەندی دابین، هەروەها دوای ئەوەی لەدەرەوەی وڵات ئامادەکارییەکانمان بۆ گەڕانەوە بۆ وڵات تەواو کرد، هەر کاتێك بخوازین کادیران بگەڕێنینەوە وڵات ڕووبەڕووی مەترسی نەبینەوە. بۆ ئەمەش هەندێك کەناڵمان پێویستبوو، بۆیە هەندێك تیممان لەناوەوەی وڵات هێشتبۆوە، ئەو تیمانەمان هەم لەگەڵ هەڤاڵانی ناو زینداندا

پەیوەندییان بەڕێوە دەبرد، هەمیش لەگەڵ خەڵك پەیوەندییان دەبەست، هەمیش کەناڵەکانیان بە کراوەیی دەهێشتەوە، بەڵام لەناوچەی بۆتان زێدە کەناڵێکی ئەوتۆمان نەبوو، پەیوەندیمان زێدە نەبوو، ئەمەش بۆ ئێمە کێشەیەکی جددی بوو، ئیدی پێویستبوو توانستی ئەوەشمان دابین بکردبایە، تا ئەو توانستانە دابین بوون، کادیرانمان جارێکی دیکە لە پەروەردەی عەسکەری و ئایدیۆلۆژی و سیاسی قووڵترکردەوە. لەکۆنگرەی دووەمیشدا ئەمە کامڵ بوو.

لەدوای کۆنگرەی دووەمەوە، گەڕانەوە بۆ وڵات دەستیپێکرد. واتا ئەو بڕیارەی کۆنفراسی یەکەم وەریگرتبوو کۆنگرەی دووەمیش خستییە پراکتیکەوە. ئیدی بەمشێوەیە گەڕانەوە بۆ وڵات دەستیپێکرد. بێگومان ئەو کادیرانە دوو سێ ساڵ بوو لە وڵات دوور بوون، لە وڵاتیش زۆر گۆڕانکاری روویدا بوو، کاتێك ئەو کادیرانە بچنەوە وڵات پێویستە لەسەر سنوورەکان جێگیر بکرێن و زێدە تەنگاو نەکرێن و زەبریان بەرنەکەوێت، تا بتوانن خۆیان بگونجێنن. هەر بۆیە لە هەرێمی بۆتاندا جێگیربوون، زێدەتریش لەسەر سنوور جێگیربوون، هەم لای باشوور و هەمیش لای باکوور، بەبنچینە وەرگیردرا. ئیدی ئەگەر لەگەڵ (پ د ك)ش پەیوەندی و ڕێککەوتن ئەنجام بدرێت ئەوا ئەو کاتە کێشە لەلایەن (پ د ك) شەوە دەرناکەوێت. ئەو کادیرانە دەتوانن لەوێ خۆیان جێگیر بکەن، دەتوانن لە بۆتان تاکتیکی پڕوپاگەندەی چەکداری پێشبخەن، لەسەر ئەو بنەمایەش تەڤگەر دەتوانێت بناخەی گەریلایی دابڕێژێت و گەریلاش لەسەر ئەو بناخە خۆی ڕێکخستە بکات و چالاکییەکانی خۆی پەرە پێبدات. ئیدی ئەمانە هەمووی پلانڕێژی بۆکرا... لەسەر ئەو ئامادەکاری و پلانڕێژیانە هەنگاوی گەڕانەوە بەرەو وڵات لەدوای کۆنگرەی دووەمینەوە دەستیپێکرد.

ئەو کاتە لەنێوان هەر دوو ڕژێمی ئێراق و تورکیادا ڕێککەوتنێك مۆر دەکرێت، بەگوێرەی ئەم ڕێککەوتنەش ئەو مافەیان بەیەکتر دەدا کە چەندین کیلۆمەتر بچنە ناو خاکی یەکترەوە. هەر ئەو کاتەش یەکینەکانی گەریلا لەسەر سنوور بوون. ئەو ڕێککەوتنەی

نێوان ئێراق و تورکیا تا چەند کاریگەری لەسەر جموجۆڵ و چالاکییەکانی گەریلادا هەبوو؟

راستە، لەنێوان ئێراق و تورکیادا پەیمانێکی بەمجۆرە هەبوو، بەڵام ئێراق لەنێو شەڕ دابوو لەگەڵ ئێراندا، بۆیە لەسەر سنوورەکان بۆشاییەکی مەزن هەبوو و زۆر هێزی لەسەر سنوور کشاندبووەوە، سنوور بە لای باشووردا بۆشایی زۆری تێدا هەبوو، بۆیە ئەم پەیمانە زێدە کاریگەری ئەوتۆی نەبوو. چونکە هێزی ئێراق لەسەر سنوور زێدە نەبوو، لەهەندێك شوێنیشدا هەر هیچ نەبوو، لەهەندێك شوێنی تریشدا لەدووری سنوور هەبوو، بۆیە تورکیا بەتەنیا لەسنووری خۆی نەیدەتوانی ئەنجام بەدەستبخات، تورکیا لەم رووەوە هەندێك ئۆپەراسیۆنیشی کردبوو، بەڵام ئۆپەراسیۆنەکانی ئەوان بێ ئەنجام دەمایەوە. چونکە ئێراق نەیدەتوانی بە عەسکەری هاوکاری تورکیا بکات. لەبەر ئەوەی هەموو عەسکەر و هێزی خۆی کشاندبووەوە بۆ شەڕی دژی ئێران.
بێگومان ئەو کاتە هەڤاڵان "محەمەد قەرەسوونگور" و "مەعسوم قۆرقماز" و "حەسەن"یشمان ناردبوو. بۆ ئەوەی لەسەر سنوور هەم بە لای رۆژهەڵاتی کوردستان و هەمیش بە لای باشووری کوردستان ئامادەکاری بکەن. ئەگەر کاتێك ئێمە گروپەکانمان لە لوبنان نارد ئەوان لەسەر ئەو سنوورانەدا جێگیریان بکەن، بۆ ئەوەی زێدە تووشی کێشە و گرفت نەبن، ئێمە ئەو تەدبیرەشمان وەرگرتبوو، پێشتر ئەو هەڤاڵانەمان ناردبوو، بۆ ئەوەی هەم جوگرافیاکە بناسن، هەم سنوورەکان بناسن، هەمیش پەیوەندی لەگەڵ حیزبەکانی رۆژهەڵات و باشوور پێشبخەن، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لەسەر ئەو بنەمایە هەڤاڵان گروپ گروپ رەوانە بکەین. ئەو هەڤاڵانە هەندێك ئامادەکارییان کردبوو.

لەو ساڵەدا (١٩٨٢) لە باشووری لوبناندا شەڕ بەرپا هەبوو، ئەو کاتە (PKK)ش وەك تەڤگەرێکی ئازادیخواز لەوێ لەبەرەی فەلەستینییەکاندا جێدەگرێت و بەرخۆدان دەکات و چەندین

شــەهیدیش لــەم پێنــاوە دەدات، ئــەو رووداوەی شــەڕ بەگــشتی و هەبوونی (PKK) لەناو ئەو شەڕەدا و ئەو بەرخۆدانەی ئەنجام درا لەسەر چ بنەمایەك بوو و چ ئەنجامێکی لەگەڵ خۆیدا هێنا...؟

SERXWEBÛN
JI SERXWEBÛN Û AZADIYÊ BI RÛMETTIR TIŞTEK NÎNE
PARTİMİZİN ENTERNASYONALİST DAYANIŞMASININ
SEMBOLÜ OLAN
DİRENİŞ ŞEHİTLERİMİZİ SAYGI İLE ANIYORUZ

لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەی سەرخۆبوون ـــ حوزەیرانی 1984

پۆستەری فەمیدانی (PKK) لە بەیروت لەبەرامبەر هێرشەکانی ئیسرائیل

بێگومان کاتێك چووینە لای فەلەستینییەکان، هەرچەندە سەرەتا فەلەستینییەکان باوەڕییان بە ئێمە نەدەکرد و بەگومان لێمان نزیك دەبوونەوە، هەر بۆیەش زێدە توانستیان نەدەدایە ئێمە، تەنانەت هەندێك جار بۆ ڕێزیشیان لەبەرامبەرمان دەنواند.

بەڵام ئێمە چەمك و نزیكبوونەوەیەكی خۆمان سەبارەت بە كێشەی گەلی فەلەستین هەبوو، چونكە گەلی فەلەستینیش وەكو گەلی ئێمە ژێردەستە بوو، لەسەر ئەو گەلەش زۆر زوڵم و ئەشكەنجە و كۆمەڵكوژی بەڕێوەبرابوو و بەڕێوە دەبرا. واتا كێشەی فەلەستینییەكان و كێشەی گەلی كورد لەهەندێك رووەوە لەیەك نزیك بوون. هەڵبەتە تەواو وەك یەك نیین، بەڵام لە هەندێك رووەوە وەك یەكترن، ئێمەش چووبووینە لای ئەوان و بە توانستی ئەوان دەژیان و پەروەردەی خۆمان دەكرد و بۆ گەلی خۆمان دەمانخواست بەرپرسیارێتی خۆمان پێكبهێنین. بۆیە ئێمە بەرێزەوە لەوان نزیك دەبووینەوە، ئەمە ئەخلاق و چەمكی ئەم تەڤگەرە بووە، ئەم تەڤگەرە بەها دەداتە دۆستایەتی، واتا لە چەمك و تێڕوانینی سەرۆك ئاپۆدا ئەگەر یەكێك دۆستایەتیت لەگەڵدا بكات ئەوا تۆش دۆستایەتی زیاتری لەگەڵدا بكە. ئەمە چەمكێك بوو، هەمیشە رێز لە دۆستایەتی گرتن، لە دۆستایەتیدا بەرپرسیارێتی پێكهێنان بنەما بوو.

ئیدی لەبەر ئەوەی ئێمە لەگەڵ ئەوان بووین، میوانی ئەوان بووین، بەتوانستی ئەوان ئێمە پەروەردەی خۆمان پێشدەخست، هەرچەندە لەنزیكبوونەوەی ئەواندا هەڵەش هەبێت، ئێمە هیچ كاتێك بەكاردانەوە هەڵسوكەوتمان نەدەكرد و بەهەڵە لەوان نزیك نەبووینەوە، هەمیشە بە بەرپرسیارێتییەوە هەڵسوكەوتمان دەكرد، تەنانەت ئێمە بە ئەوانیشمان گووت:" تاكو ئێمە لێرە بین هەرچی ئەركێك بكەوێتە سەرشانی ئێمە جێبەجێی دەكەین، نەك ئێوە ئەمە دەخوازن، ئێوە بخوازن یان نەخوازن ئێمە جێبەجێی دەكەین. ئەمە چەمكی ئێمەیە، تەنانەت كاتێك هەندێك لەوان بەهەڵە لەئێمە نزیك دەبوونەوە ئێمە بەوانمان دەگووت:" پێویستە ئێوە وەها بەهەڵە لەئێمە نزیك نەبنەوە، بەهەڵەش لەئێمە تێنەگەن، ئەگەر ئێوە ئێمە وەكو تەڤگەرێكی سەربەخۆ نەبینن و بەمشێوەیە لەئێمە نزیك نەبنەوە، ئەوا ئێمە لێرەش نامێنینەوە، وەك چۆن ئێوە بۆ گەلی خۆتان شەڕ و خەبات دەكەن و بەرپرسیارێتییەكتان هەیە، ئێمەش بەرپرسیارێتییەكمان بەرامبەر بە گەلی خۆمان هەیە، ئێمە لەم پێناوەدا هاتووین، ئێوە پێویستە ئەم راستییە بزانن و بەگوێرەی ئەمە لەئێمە نزیك ببنەوە".

بۆیە هەتا ئێمە لەوێ بووین چەندە كاری خۆمانمان پێكدەهێنا ئەوەندەش كاری ئەوانمان پێك دەهێنا، هەر بۆیە كاتێك لەو چەمكەی ئێمەیان روانی، كاریگەرییەكی

مـەزن لەسـەر ئـەوان دروسـت ببـوو، جددییـەتی ئێمـەیان بـینی، هەڵبەتـە پاشـان بەجددییەت لەئێمە نزیك دەبوونـەوە و باوەڕیشیان بەئێمـە دەکـرد و بـەهایان بەئێمـە دەدا. کاتێك کە شەڕ دەرکەوت بەڕاستی ئێمە لە ئامادەکاری کۆنگرەی دووەمین دابووین. ئێمە دەمانخواست کۆنگرە ئەنجام بدەین و کادیران رەوانەی وڵات بکەینەوە، ئێمە لـەنێو ئامادەکارییەکی وەها دابـووین، شـەڕیش دەستی پێکـرد. بەمـەش رووبـەرووی رەوشـێکی نوێ بووینەوە، ئایا بەشداری لەم شەڕەدا بکەین یان نا؟ ئەگەر ئێمە لەم شەڕەدا بەشدار ببین، ئـەوا ئەمـە شـەڕە و لەوانەیـە زەبریـشمان بەربکـەوێت، ئەگـەر ئێمـە زەبریـشمان بەربکەوێت ئـەوا قـەدەری میللـەتێك گرێـدراوی ئـەم تەفکەرەیـە. ئەگـەر لـەم شـەڕەشدا بەشدار نـەبین، ئـەوا لـەرۆژانی تەنگدا ئێمـە هاتینـە لای فەلەسـتینییەکان و لـە کامپـی ئەواندا دەژیاین، بەتوانستی ئەوان پەروەردەمان دەبینـی و ئامادەکاریمان پێشخستبوو، بۆ ئەوەی بتوانین ئەرکی خۆمان بۆ گەلی خۆمان پێك بێنین. لەسـەر ئـەوان مـەترسییەکی مەزن لە ئارادابوو، شەڕێکی مەزن پێشکەوتبوو، لەرەوشێکی بەمجۆرەشدا، ئەگـەر لەگـەڵ ئەواندا جێنەگرین کارێکی ئەخلاقیانە نـەدەبوو، لـەدەرەوەی فەلـسەفە و ئایـدیۆلۆژیا و ئەخلاق و کولتووری ئێمـە بـوو. بۆیـە بـۆ ئێمـە بڕیـار وەرگـرتن زۆر دژوار و زەحمـەت بوو.

ئیـدی سـەرۆك ئـەو کاتـە بـەبێ دوو دڵـی بڕیـاری وەرگـرت و گـووتی:" پێویـستە ئێمـە لەگەڵ گەلی فەلەستینیدا بین، ئـەوان لـەرۆژێکی زۆر تەنگـەتاو دان، پێویـستە لـەرۆژێکی وەهـادا ئێمـە لەگـەڵ ئەوانـدا بـین و دۆسـتایەتی خۆمـان بـسەلمێنین، هـەڤاڵێتی و شۆڕشگێڕێتی خۆمـان بـسەلمێنین" هـەروەها گـووتی:" هەڵوێـستی هـەرە راسـتیش بـۆ (PKK) ئەمەیە" بەم چەمکە ئێمە لەو شەڕەدا بەشداربووین.

بێگومان ئێمە لەو شەڕەدا شەهیدمان دا، دیلمان دا، تەنانەت ئەگەر هەندێك تەدبیرمان وەرنەگرتبایە شەهید و دیلی زیاتریشمان دەدا، ئەگەر زێدە شەهید و دیلمـان نـەدا ئـەوا هۆکارێکی سەرەکی ئەوەبوو کە گەلی لوبنان هاوکاری ئێمەیان کرد. چونکە لـەناو گـەلی لوبنانیـشدا ئێمـە کاریگەرییـەکی بـەهێزمان دروسـتکردبوو، گـەلی لوبنـان ئێمـەیان دەناسی، باوەڕییەکی بەهێزیان بەئێمـە هـەبوو. کاتێك ئێمـە لەگـەڵ فەلەستینییەکاندا بـووین، کامپـەکانی فەلەسـتینییەکانیش لـەناو باخـچەی لوبنانییەکانـدا بـوو، ئێمـە

زەرەرمان لە شتومەك و باخچەی گەل نەدەدا ، بۆیە گەل دەیانگووت:" با کەسانی (PKK)یی بێن لە باخچەی ئێمەدا بمێننەوە، یان لەنزیك لە باخچەکاندا بمێننەوە، چونکە ئەوان دەیپارێزن" بۆیە کاتێك کە شەڕیش دەرکەوت گەلی لوبنان خاوەنداری لەئێمە کرد و ئێمەیان پاراست، هەڤاڵانی ئێمە زمانی عەرەبیان نەدەزانی و ڕێگاوبانیان نەدەناسی، گەلی لوبنان هاوکاری هەڤاڵانیان کرد، بەمشێوەیە، زۆر لە هەڤاڵانیان گەیاندە شوێنی هەڤاڵان. بۆیە ئەگەر ئێمە زەبری مەزنمان بەرنەکەوت لەبەر ئەم هۆیە بوو .

ئێمە لەم شەڕەدا تا کۆتایی شەڕەکە بەشداربووین، من خۆشم لەم شەڕەدا تا کۆتایی بەشدار بووم، لەکاتی گەمارۆدانی بەیروتدا تا کۆتاییەکەی هەر لەوێ بووم، کاتێك کە ئەمریکییەکان و ئیسرائیلییەکان ڕێککەوتن کەوا؛ دەبێت فەلەستینییەکان لە لوبنان دەربچن، ئێمەش لەناو ئەوانەدا هاتین و دەرکەوتین.

زۆر لە هەڤاڵان لەم شەڕەدا قارەمانێتی مەزنیشیان نواند، قارەمانێتی و بەرخۆدانی هەڤاڵان لە" قەڵای شەقیف، قەڵای سەلاحەددینی ئەیوبی " هەروەها لەشارەکانی"سەیدا، سور، ئەلدامور، بەیروت و حەسبایا..." لەلایەن فەلەستینییەکانەوە دەزانرێت.

دوای ئەوەی فەلەستینی و ئیسرائیلییەکان بەیەکەوە ڕێککەوتن و دیلەکانیان گۆڕیەوە، لەناو ئەوانیشدا دیلی ئێمەش هەبوو، دیلەکانی ئێمەش بەمشێوەیە ئازادکران.

لەبەر ئەوەی هەڤاڵان بەگشتی بەشداری ئەو شەڕە ببوون، سەرۆك و هەڤاڵان سازدانی دووەمین کۆنگرەیان دواخستبوو، لەکۆتایی شەڕەکەدا کۆنگرەش سازدرا. ئیدی دوای کۆنگرەی دووەم ئەو بڕیارەی لە یەکەمین کۆنفرانسدا وەرمانگرتبوو جێبەجێمان کرد. بێگومان لەبەر ئەوەی ئێمە بەشداری ئەو شەڕەمان کرد و شەهید و دیلمان دا و تا کۆتایی بەشداری شەڕەکە بووین و گەلێك لە هەڤاڵانیش قارەمانێتی مەزنیان نواندبوو، ئەمە کاریگەرییەکی زۆر مەزنی لەسەر گەلی عەرەب کرد، (PKK)ی باشتر ناساند، گەلی کوردی باشتر ناساند. ئیدی بەمەش (PKK) بۆ کوردان ڕێزێکی مەزنی لەناو عەرەبەکاندا بەدەستهێنا، ڕێگەی خەباتی دیپلۆماسی لەناو جیهانی عەرەباندا زیاتر کردەوە و بەهێزی کرد، ئەگەر لە خۆرهەڵاتی ناوین و لەناو عەرەباندا ڕێزێکی مەزنی

کوردان دروستبوو و باوەڕیی بە کوردان دروستبوو، کورد توانیان لەوێ چالاکی دیپلۆماسی پێشبخەن، ئەوا ئەمە پەیوەستە بەخەبات و هەڵوەستەی (PKK)وە، هەڵوەستەی بەرخۆدانڤانیانەی (PKK) لە شەڕی (١٩٨٢)دا کاریگەرییەکی زۆر مەزنی کرد...

بەڵام ئەو کاتە تورکیا هەم لەگەڵ ئیسرائیلییەکان، هەمیش لەگەڵ فەلەستینییەکان ـ وا مەزەندە دەکەم لەگەڵ بزووتنەوەی ئەلفەتح دا ـ رێککەوتن و پەیماننامە مۆر دەکات. ئەو کاتە ئەو هەڵوەستە و بەرخۆدانەی (PKK) تا چەند کاریگەری لەسەر ئەم رێککەوتن و پەیماننامانە هەیە؟ یان بڵێین؛ ئایا ئەو رێککەوتن و پەیماننامانەی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیلییەکان و هەندێك لە فەلەسینییەکان مۆری دەکات، تا چەند رەنگدانەوە و کاریگەری لەسەر خەبات و تێکۆشانی ئەو سەردەمەی (PKK)دا هەبوو؟ تاچەندیش توانیان بەم رێککەوتن و پەیماننامانە ئەنجام بەدەستبخەن؟

راستە تورکیا هەم لەگەڵ تەفگەری فەلەستینییەکان و هەمیش لەگەڵ ئیسرائیلییەکان پەیوەندی خۆی هەبوو، پەیوەندی تورکیا لەگەڵ فەلەستینییەکان لەگەڵ رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی (منظمة التحرير الفلسطينية) هەبوو ، "رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی"ش زیاتر بەدەست " ئەلفەتح "وە بوو. تورکیا دەیخواست هەم بە پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل و هەمیش لەگەڵ رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی زەبر لە (PKK) بوەشێنێت. نەك تەنها لە شەڕی (١٩٨٢)دا خواستی زەبرمان لێبوەشێنێت تەنانەت بەر لە شەڕیش دەیخواست و هەوڵیدەدا کە زەبرمان لێبدات. لەم پێناوەدا تەنانەت تورکیا لەوێ سوودی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ "ئیستخباراتی ئێراقی"ش

وەردەگرت. چونکە پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ "ئیستخباراتی ئێراقی"دا هەبوو، "ئیستخباراتی ئێراقی"ش لە لوبنان زۆر بەهێز بوو، هەم لەناو تەڤگەرە فەلەستینییەکان و هەمیش لەناو "حرکة الکتائب"دا. بۆیە تورکیا سوودی لە "ئیستخباراتی ئێراقی" وەردەگرت و دەیخواست زەبرمان لێبوەشێنێت.

لەلایەکی دیکەشەوە؛ تورکیا خۆیشی ئیستخباراتی خۆی لەوێ جێگیر کردبوو، تەنانەت ئەو کاتە "عوسمان باسمان " هەبوو، سەردەمانێك لە بەغداد سەفیری تورکیا بوو، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ "ئیستخباراتی ئێراقی" هەبوو، ئەویان ناردبووە لوبنان. هەروەها هەندێك لەوانەی لەنێو ئیستخباراتی تورکیا (MİT) دا بەتایبەت لەسەر (PKK) رادەوەستان بۆ لوبنانیان ناردبوو، هەروەها ئەوانەی لەنێوان میت (MİT) و (CIA)دا پەیوەندییان رێکدەخست بۆ لوبنانیان نارد بوو. هەڵبەتە بەمشێوەیە لە لوبنان چالاکییەکی سیخوڕی پڕ بەهێزیان لەدژی ئێمە بەڕێوە دەبرد. تەنانەت " بەرەی دیموکراتی رزگاری فەلەستینی ـ الجبهة الدیمقراطیة لتحریر فلسطین"ی "نایف حواتمة " بەئێمەیان گووت:" ئاگاداری خۆتان بن، تورکیا لەدژی ئێوە چالاکییەکی سیخوڕی بەهێز بەڕێوە دەبات، تەنانەت لەناو فەلەستینییەکانیشدا دەستیان هەیە، ئێمە ئەوانمان ئاگادار کردۆتەوە کە کاری خراپ لەبەرامبەر ئێوە نەکەن، بەڵام دیسانیش ئێمە تەدبیر وەردەگرین و ئێوەش بەتەدبیر بن". بەمشێوەیە ئێمەشیان ئاگادار کردەوە و خۆشیان تەدبیریان وەرگرت. تەنانەت دەتوانم بڵێم؛ بەر لە دەستپێکردنی شەڕ لە (١٩٨٢)دا بەرپرسیاری ئیستخباراتی ئێراقی لەوێ پەیوەندی خۆی لەگەڵ هەندێك کەس و گروپ هەبوو، دەیانخواست لە رێگەی ئەو گروپانەوە ئێمە لەناو ببەن، تەنانەت ئێمەشیان گرت، ئەگەر زوو هەواڵ نەگەیشتبایە" بەرەی دیموکراتی رزگاری فەلەستینی" و ئەوانیش زوو موداخەلەیان نەکردبایە، هەروەها بەرەی تێکۆشان (جبهة النضال) موداخەلەی نەکردبایە، لەوانەبوو ئێمەیان بکوشتبایە، من خۆشم لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەدا بووم؛ ئێمەیان گرت و بردیانین بۆ شوێنێك بۆ ئەوەی بمانکوژن، بەڵام هەواڵ گەیشتە بەرەی دیموکراتی رزگاری فەلەستینی و بەرەی تێکۆشان (جبهة النضال) ئەوان یەکسەر هەندێك هێزی چەکداری خۆیان ناردە ئەو شوێنەی کە ئێمەیان گەمارۆ دابوو، هاتنە ئەو شوێنە و ئێمەیان رزگارکرد.

ئیدی لەوێ بەر لە شەڕیش رووبەرووی مەترسی لەمجۆرە ببووینەوە، ئەوەی من باسی دەکەم رێك لەناو شەڕدا ئێمەیان گرت، چونکە هەرکەس بەگوێرەی شەڕ جموجۆڵی دەکرد، زۆر تێکەڵی و پێکەڵی و ئاڵۆزیش هەبوو، رێك لەدۆخێکی وەهادا خواستیان زەبرێکی مەزنمان لێبدەن. من و چەند هەڤاڵێك کە دەگەڕاینەوە ماڵ دەستگیرکراین، چونکە پێشتر ماڵی ئێمەیان دەستنیشان کردبوو، چووبوون کەوتبوونە ماڵ، دەرگای باڵەخانەکەش داخرابوو، بەڵام پاسەوانی باڵەخانەکە بە پارە دەخەڵەتێنن و دەکەونە ماڵ، ئێمەش لەدەرەوە دەهاتینەوە چووینە ژوورەوە، یەکسەر ئێمەیان گرت، کە ئێمەیان برد لەوێ دۆستێکی ئێمە هەبوو، یەکسەر هەواڵ دەداتە فەلەستینییەکان و خۆیشی تاقیب دەکات، بۆ ئەوەی بزانێت ئێمە بەرەو کوێ دەبەن. ئیدی فەلەستینییەکان گەیشتنە ئەو شوێنە و بەمشێوەیە ئێمەیان رزگارکرد. ئیدی ئەگەر فەلەستینییەکان درەنگ گەیشتبوونایە ئەوێ ئەوا ئێمە دەکوژراین و لەناو شەڕیش دایە، کێ کوشتیانن؟ دیار نەبوو و کەسیش نەیدەزانی. بێگومان ئێمە حاڵەتی بەمشێوەیەمان بەسەر هاتبوو. تورکیا ئەو کاتە لە زیندانی ئامەددا پڕوپاگەندەیەکی بۆ هەڤاڵانی نێو زیندان بڵاوکردبووەوە، گوایە؛" هەموو لە شەڕدا کوژراون، ئیسرائیلیش هەندێکی گرتوون، ئەوانەی کە دەستگیریش کراون تەسلیمی ئێمەی دەکەنەوە" تەنانەت سەبارەت بە سەرۆکیش گووتبوویان:" ئیسرائیل ئەویشی گرتووە و تەسلیمی ئێمەی دەکەنەوە" بەمە دەیانخواست ئیرادەی هەڤاڵان لە زینداندا بشکێنن. ئیدی ئەو کاتە وەکو پێشتر باسم لێیەوە کردبوو، هەڤاڵ "کەمال پیر" هەستابوو و گووتبووی:" ئێوە درۆ دەکەن، هەڤاڵان شەهید نەبوونە و نەگیراون و ئێوەش ناتوانن هەڤاڵان تەسلیم وەربگرن.... ئێوە درۆ دەکەن" ئەمە جورئەتێکی مەزنی دابووە هەڤاڵان، ئەگەر هەڤاڵ "کەمال پیر" باوەڕییەکی بەهێزی بەتەڤگەر نەبایە لەوانەبوو ئەو پڕوپاگەندانە کاریگەری لەسەر هەڤاڵان بکردبایە و ئەنجامگیریش ببوونایە. تەنانەت هەندێك لە هەڤاڵان بەم پڕوپاگەندانە کەوتبوونە نێو دوودڵیشەوە و گووتبووشیان:" لەوانەیە راستیش بێت... چونکە شەڕ و شۆڕە و هەڤاڵانیش لەوێن، لەوانەیە زەبریان بەرکەوتبێت" واتا کەوتبوونە نێو ئەو دوودڵییەوە، بەڵام ئاخافتن و هەڵوێستی هەڤاڵ "کەمال" ئەو دوودڵییەی شکاندبوو. بێگومان ئەمەش کەسێتی هەڤاڵ "کەمال پیر" نیشان دەدات،

پەیوەستبوونی ئەو نیشان دەدات، لە هەلومەرجی هەرە خراپدا نیشانی دەدات کە چۆن شۆڕشگێڕێتی پێکدێت؟ لە چ کاتێکدا تۆ چ بکەی و چ هەنگاوێك بهاوێژیت و چ قسەیەك بکەیت و چ هەڵوێستێك بنوێنیت؟ ئەمانە بەدیار دەخات. ئیدی پێویستە مرۆڤ ببینێت کە لە "کەمال پیر"دا ملیتانێتی (PKK) چۆن بەرجەستە بووە.

بێگومان تورکیا لەم شەڕەدا بەراستی هەوڵیدا زەبرێکمان لێبوەشێنێت. هەوڵیدا ئەو هەڤاڵانەی بە ئەسیری کەوتبوونە دەست ئیسرائیلەوە تەسلیمیان وەربگرێتەوە. پاشان کە لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکاندا رێککەوتن ئەنجامدرا و چوونە جەزائیر و ئەوانەی دیل کراون لەوێ بگۆڕدرێنەوە، خواستیان لەوێ وەریانبگرێتەوە. لەسەر ئەمە لەگەڵ " ئەلفەتح "دا قسەی کردبوو. خواستیان ئەو پیلانگێڕییە دابڕێژن... لەوێ زۆر پیلانگێڕیمان لەدژدا کرا، بەڵام یەك لەو پیلانگێڕییانەش ئەنجامگیر نەبوون. هەم هەندێك لە دۆستانی ئێمە لەناو تەڤگەری فەلەستیندا نەیانهێشت ئەنجامگیر ببێت، هەمیش ئەو کار و خەباتەی ئێمە کردبوومان نەیانهێشت ئەو پیلانگێڕییانە جێبەجێ ببن. ئەگەر تورکیا لەمەدا ئەنجامگیر نەبوو، ئەوا لەبەر ئەو هۆیانە بوو کە ئاماژەم پێدان.

واتا ئەو هەڤاڵانە تەسلیمی تورکیا نەکرانەوە ...

نەخێر تەسلیم نەکرانەوە... ئەو هەڤاڵە دیل (ئەسیر)انە لەگەڵ دیلە فەلەستینییەکانی دیکە رەوانەی جەزائیر کران. پاشان فەلەستینییەکان هەموو دیلەکانیان گروپ گروپ هێنایەوە سوریا، ئێمە گووتمان:" هەڤاڵانی ئێمەش بێننەوە سوریا". بێگومان بۆ ئەوەی بیانهێننە سوریا لەگەڵ دەوڵەتی سوریادا رێککەوتنیان دەکرد. هەڤاڵان دەهێنن، بەڵام بە سوریایان نەگووتووە، سوریاش هەر لەفرۆکەخانەدا ئەو هەڤاڵانەی پەسند نەکرد. بۆیە ناچاربوون جارێکی دیکە بگەڕێنەوە جەزائیر، ئەو کاتە فرۆکەش لەوێوە بۆ یۆنانستان و لە یۆنانستانیشەوە بۆ جەزائیر دەچوو، ئیدی جەزائیریش کە جارێك لێی دەرچووبوو پەسندی نەدەکرد بگەڕێنەوە... بەمشێوەیە هەڤاڵان بێ جێگە و رێگە دەمانەوە و ئیدی تەسلیمی تورکیایان دەکردنەوە. پیلانێکی بەمجۆرە لەئارادا بوو. ئێمە بەو هەڤاڵانەمان

گووت:" ئێوە لە یۆنانستان لە فرۆکەخانە رابکەن و لەوێ داوای پەناهەندەیی بکەن" ئەوانیش لە یۆنانستان داوای پەناهەندەیی دەکەن و بەمشێوەیە رزگاریان دەبێت. ئەگەر وەها نەبووایە ئەوانە تەسلیمی تورکیایان دەکردنەوە...

پشت لەپەناهەندەیی... روو لە نیشتمانێکی داگیرکراو...!!

دوای ئەوەی سالی (١٩٨٢) شەڕ تەواو دەبێت، دووەمین کۆنگرەش سازدەدرێت، وەکو باستان کرد بۆ پراکتیزەکردنی ئەو بڕیارانەی لەکۆنفرانسی یەکەم وەردەگیرێن کۆنگرەی دووەم دەگاتە بڕیاری پراکتیزەکردن. بەگشتی ئەتمۆسفێری ناو دووەمین کۆنگرە چۆن بوو؟ چەمك و مەیلە هەرە بەرچاوەکان، بڕیارە هەرە گرنگەکانی کۆنگرە چیبوون؟ هەروەها دووەمین کۆنگرە بۆ (PKK) بە چ واتایەك دەهات؟

دووەمین کۆنگرەی (PKK)

دووەمین کۆنگرەی (PKK)

ڕێبه‌ر ئۆجه‌لان و كادیران له‌ كامپی په‌روه‌رده‌یی له‌ لوبنان

من خۆم تـه‌فلی دووه‌مـین كـۆنگره‌ نـه‌بووم، مـن ئـه‌و كاتـه‌ لـه‌نێو شـه‌ڕدا بـووم، لـه‌نێو گـه‌مارۆی بـه‌یروتدا بـووم، سـه‌رۆك گـووتی:" وه‌ره‌ به‌شـداری كـۆنگره‌ ببـه‌..." منـیش گووتم:" من ناتوانم هه‌ڤالان له‌نێو شه‌ڕدا به‌جێبهێڵم و بێم بۆ كۆنگره‌، ئه‌گـه‌ر هـه‌ڤالان بمێننه‌وه‌ ئـه‌وا منـیش ده‌مێنمـه‌وه‌، ئه‌گـه‌ر ئـه‌وانیش بـێن ئـه‌وا منـیش دێـم" بۆیـه‌ مـن ته‌فلی كۆنگره‌ نه‌بووم. كۆنگره‌ له‌ كۆتایی شه‌ڕی نێوان فه‌له‌ستین و ئیسرائیل دا سازدرا، تا ئێمه‌ له‌ گه‌مارۆی به‌یروت ده‌رچووین، له‌ڕێی كه‌شتییه‌وه‌ له‌ناو فه‌له‌ستینییه‌كانه‌وه‌ چووینه‌ سوریا، چونكه‌ له‌ كامپه‌كانـدا ئێمـه‌یان ده‌ستگیركرد، بۆیـه‌ ئێمـه‌ بـه‌ كۆنگره‌كه‌ رانه‌گه‌یشتین، ئیدی به‌مشێوه‌یه‌ كۆنگره‌ ته‌واو بوو.

پاشان كه‌ هاتم زانیاریم ده‌رباره‌ی كۆنگره‌ وه‌رگرت. له‌بنه‌ڕه‌تـدا ئـه‌و كۆنگره‌یـه‌ له‌سـه‌ر بنه‌مای بیره‌وه‌ری شه‌هیدبوونی هه‌ڤالان" مه‌زلوم و كه‌مال، خه‌یری" و هه‌ڤالانی دیكه‌ی زیندان و هه‌روه‌ها له‌سه‌ر بنه‌مای ئه‌نجامه‌كانی شه‌ڕی نێوان ئیسرائیل ـ فه‌له‌ستین و بڕیاره‌كانی كۆنفرانسی یه‌كه‌م سازدرابوو. ئه‌و بڕیاره‌ی یه‌كه‌مین كۆنفرانس وه‌ریگرتبوو كۆنگره‌ی دووه‌م به‌فه‌رمی كرد و خستیه‌ پراكتیكه‌وه‌. واتا له‌ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مه‌ بڕیاری

دیکەی وەرنەگرت، ئەو بڕیارەی وەرگێردرابوو بەفەرمیکرد و خستییە پراکتیکەوە. لەبنەڕەتدا ڕۆڵی ئەو کۆنگرەیە نەمەبوو.

بێگومان "سەمیر" و "داوود" و ئەوان، کە لە کۆنفرانسی یەکەمدا ئەنجامیان وەرنەگرتبوو، لەبنجینەدا هەموو هەوڵ و کاری خۆیان بۆ دوای کۆنفرانسەکە هێشتبووەوە، دوای کۆنفرانسەکە فورساییان دابووە سەر ئەوروپا، فورساییان دابووە سەر زیندانەکانی تورکیا. بۆ ئەوەی بتوانن ئەوروپا و زیندانەکان بخەنە دەستی خۆیانەوە. لەسەر ئەو بنەمایەش بتوانن کۆنگرە بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، ئامادەکارییەکانی ئەوان لەسەر ئەم بنەمایە بوو.

کە شەڕی (١٩٨٢)ش ڕوویدا، ئەوان حیساباتی ئەوەیان کردبوو کە ئێمە لەو شەڕەدا زەبریشمان بەردەکەوێت، ئەو کاتە بە ئاسانی دەتوانن پارتی بخەنە دەستی خۆیانەوە. هەڵبەتە کاتێك کە ئێمە لە شەڕدا بووین، ڕاگەیاندنەکانی تورکیاش لەسەر تەڤگەر دەیاننووسی و پروپاگەندەیەکی مەزنیان لەدژی تەڤگەر دەکرد؛ کە گوایە تەڤگەر گورزی بەرکەوتووە، "سەمیر" و "داوود" و "باقی" و ئەوانی تریش ئەو چالاکییانەی خۆیان لە ئەوروپا بەهێز کردبوو. تەنانەت بەیاننامەیەکیشیان ئامادە کردبوو بۆ ئەوەی خۆیان ڕابگەیەنن و بڵێن:" ئێمە نوێنەرایەتی تەڤگەر دەکەین، ئێمە تەڤگەرین" واتا ئامادەکارییەکی بەو شێوەیان کردبوو، بەگوێرەی مەزندەی خۆیان لەرێگەی" حوسێن یلدرم، شاهین دونمەز، یلدرم مەرکیت" و ئەوانی دیکە دەستیان خستبووە نێو زیندانەوە، هەوڵیان دەدا لەگەڵ ئەوانەی کەوا لەناو خیانەت دان بتوانن خیانەتکاری زاڵ بکەن و زیندانییەکان بێکاریگەر بکەن و زیندان بخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە. هەروەها لە ئەوروپا هەوڵیان دابوو و کاریان کردبوو و حیسابیان کردبوو کە ئەوروپاش بەدەستی ئەوانەوەیە. ئەوەی دەمێنێتەوە خۆرهەڵاتی ناوین (سوریا ـ لوبنان)ە. ئەگەر لە خۆرهەڵاتی ناوین تەڤگەر گورزی بەربکەوێت، ئەوا سەرۆکیش لاواز دەبێت و بەمەش دەتوانن بەئاسانی جموجۆڵ بکەن. بەیاننامەیەکی بەمجۆرەیان ئامادەکردبوو. کاتێك کە بینیان ئێمە لە شەڕدا زەبرێکی ئەوتۆمان بەرنەکەوتووە، ڕاستە ئێمە هەندێك شەهید و دیلمان داوە بەڵام زۆر کەم بووە. تەنانەت تەڤگەر زەبری بەرنەکەوتووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە تەڤگەر لەو دۆخە و لەو شەڕ و شۆڕەدا

ئیعتبارێکی مەزنتری بۆ خۆی خوڵقاندووە، توانستی زۆر مەزنتری بۆ خۆی ئافراندووە، ئەو کاتە ئەو بەیاننامەیە بڵاوناکەنەوە و ئەو هەنگاوە ناهاوێژن و دەڵێن:" با ئێمە بچینە کۆنگرە و لە کۆنگرەدا بەئەنجام بگەین. ئەگەر ئێمە نەچینە کۆنگرە و هەروا خۆمان رابگەیەنین، ئەو کاتە ناتوانین ئەنجام بەدەست بخەین" ئیدی بەم ئامادەکاری و بەم مەیلەوە بەشداری لە دووەمین کۆنگرە دەکەن.

بێگومان ئەو کاتە "داوود" دەستگیر کرابوو، چونکە هەندێك هەڤاڵی شەهید کردبوو و زانیاری هەڵەی سەبارەت بەو هەڤاڵانەی بە رێکخستن دابوو. بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە لێکۆڵینەوە (تحقیق) لەگەڵیدا کرا و دەستگیرکرا. "سەمیر" و "باقی"یش چەند هەڤاڵێك لەگەڵ خۆیاندا دەبەن و دەچنە لای سەرۆك تاکو لەگەڵ سەرۆك قسە بکەن و بڵێن:" یان ئەو ئێمە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەستنیشان دەکەین و دەبێت تۆش پەسندی بکەیت، تۆش دەکەینە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، یان ئەگەر ئەمە پەسند ناکەیت ئەوا ئێمە رێکخستن پارچە دەکەین ..." بۆ ئەوەی بەم هەرەشەکردنە بتوانن هەموو شتێك بە سەرۆك بە پەسندکردن بدەن و سەرۆك بێکاریگەر بکەن و تەفگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە. تاکتیکێکی بەمجۆرەیان لەپێش خۆیان دانابوو. ئەوانە دەچنە لای سەرۆك و دەڵێن:" دەمانەوێت لەگەڵتدا هەندێك قسە بکەین" سەرۆکیش دەڵێت:" قسەیەك کەوا من لەگەڵ ئێوەدا بیکەم نییە، ئێمە وا بەرەو کۆنگرە دەچین و لەنێو کەشی کۆنگرە داین، هەرچییەکی دەخوازن بئاخفن لە کۆنگرەدا دەتوانن بئاخفن و باسی بکەن، با هەر کەسێکیش لە قسەی ئێوە تێبگات کە چییە و چی نییە؟ شتی هەرە راستیش ئەمەیە. ئیدی بەرپرسیارێتی منیش کۆتایی هاتووە. چونکە وا بەرەو کۆنگرە دەچین، شتێك کە ئێوە بەجودا لەگەڵ مندا بئاخفن نییە..."

بێگومان سەرۆك لە تاکتیکی ئەوان تێدەگات. ئەو هەڤاڵانەی کە لەگەڵ "سەمیر" دەچنە لای سەرۆك، سەرۆك ئەوان وریا دەکاتەوە. بێگومان ئەو هەڤاڵانە تا ئەو کاتە نازانن کە "سەمیر" دەخوازێت چی بکات، کاتێك کە سەرۆك بەمشێوەیە قسە دەکات ئەو کاتە تێدەگەن کە هەڵەیان کردووە، بەمەش دەستبەرداری "سەمیر" دەبن. ئەو تاکتیکەی "سەمیر" هەر لە هەنگاوی یەکەمدا لەوێ ژێر دەکەوێت.

دووەمینیش؛ حیسابی ئەوان لەسەر "داوود"ە، کە "داوود" بخەنە پێش و بیدەنە ئاخافتن، بەڵام "داوود"یش لەبەر ئەوەی دەستگیرکراوە و لەژێر لێکۆڵینەوە دایە، ناچار دەبن خۆیان دەربکەونە پێش و بئاخفن. کاتێك لە کۆنگرەدا قسە دەکەن، هەڤاڵ عەباس (دوران کاڵکان) رادەبێ و وەڵامی ئەوان دەداتەوە. فاتمە (کەسیرە)ش ئەو کاتە هەندێك قسە دەکات. "فاتمە" خۆی وانیشان دەدات کە گوایە لەگەڵ سەرۆك و ئەوانە دایە و پارتی دەپارێزێت. بەڵام لەبنەمادا دەخوازێت ناکۆکی نێوان هەڤاڵ "عەباس" و "سەمیر" بەهێز بکات، ئەویش حیساباتێکی وەها بەرێوە دەبات.

بێگومان هەڤاڵ "عەباس" رەخنەی "فاتمە"ش دەکات. سەرۆك سەرەتا دەنگ ناکات و دەڵێت:" با هەر کەس قسەی خۆی بکات و بەدیار بکەوێت، هەرکەس بیر لەچی دەکاتەوە و دەخوازێت چیبکات..." ئیدی "سەمیر" و "فاتمە" قسە دەکەن، هەڤاڵ "عەباس"یش لەدژی ئەوان قسە دەکات، ئیدی کەمێك شتەکان زەلال و ئاشکرا دەبن.

دوای ئەمە سەرۆك لە کۆنگرەکەدا قسە دەکات، لە ئاکامی ئاخافتنی سەرۆکدا؛ هەم ئەو تاکتیکەی "سەمیر" بەرێوەی دەبات و هەمیش ئەو تاکتیکەی "فاتمە" بەرێوەی دەبات زەبریان بەردەکەوێت و پووچەڵ دەبنەوە، راستینەی ئەوان ئاشکرا دەبێت. بۆیە ناتوانن لە کۆنگرەدا ئاڵۆزی و ئاژاوە بنێنەوە و پارچەبوون دروست بکەن، ناتوانن هەرەشە و گورەشە بکەن و تەڤگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە راستینەی ئەوانە بەتەواوی دەردەکەوێت و راستینەی سەرۆك و رێبازی پارتی لە کۆنگرەدا زاڵ دەبێت.

هەموو تەقەللای ئەوان چییە؟ تەقەللای ئەوان هەمووی ئەوەیە کە ئەو بڕیارەی لە یەکەمین کۆنفرانس وەرگیراوە، دووەمین کۆنگرە پەفەرمی نەکات و نەیخاتە پراکتیکەوە. تەنانەت "سەمیر" ئەو کاتە دەڵێت:" هەر کەسێك بچێتە هەکاری، بچێتە هەرێمی بۆتان ئەوا دەمرێت" دەخوازێت ترسێك دروست بکات، بۆ ئەوەی بڕیارێکی وەها دەرنەچێت، بۆ ئەم مەبەستەش زۆر کار و تەقەللا دەدات. بێگومان کۆنگرە بڕیاری کۆنفراس پەسند دەکات و دەیخاتە پراکتیکەوە. بۆیە نیاز و تەقەللا و پیلان و تاکتیکەکانی "سەمیر" و ئەوان هەمووی پووچەڵ دەبێتەوە.

لەم کۆنگرەیەدا تەدبیرێکیش وەردەگیردرێت، ئەو تەدبیرەش ئەوەبوو؛ لەکۆنگرەدا ئەو کۆمیتە ناوەندییەی لەکۆنگرە هەڵدەبژێردرێت بە کۆمیتەیەکی ناوەندی کاتیی لەقەڵەم

دا، بەڵام تا ساڵێك با كار بكات، دوای ساڵێك دەستنیشان بكرێت كە كێ ببێتە ئەندامێكی فەرمی كۆمیتەی ناوەندی و كێش نەبێتە ئەندام. بۆ ئەمەش كۆنگرە دەسترۆیی ئەم دەستنیشانكردنەشی دایە سەرۆك. واتا سەرۆك سەیری كار و پراكتیك و چەمكی ئەو ئەندامانە بكات كە كێ گونجاوە و كێ گونجاو نییە، ئەو بڕیار بدات. كۆنگرە تەدبیرێكی بەمجۆرەی وەرگرت. بۆچی كۆنگرە تەدبیرێكی بەمجۆرە وەردەگرێت؟ چونكە دەبینرێت كە رەوشی هەندێك لەو ئەندامانەی كۆمیتەی ناوەندی روون و زەلال نییە، بۆیە ئەم تەدبیرە وەردەگیردرێت. واتا بۆ ئەوەی لەسەر پارتی مەترسییەك دروست نەبێت. بۆ نموونە؛ "سەمیر" و ئەوانی تر لە كۆنگرەوە هەنگاو بەرەو دواوە دەنێن، چونكە كە دەبینن ئیدی ناتوانن ئەنجام بەدەستبخەن، واز لە تەقەللای خۆیان دەهێنن و هەنگاو بۆ دواوە دەنێن و ناچار خۆیان وەها نیشان دەدەن كە تەفلی بڕیاری كۆنگرە دەبن. بێگومان كۆنگرە دڵنیا نییە لەوەی تا چەند لەمەدا راستگۆن یان نا. بۆیە بەئیحتیات (تەدبیر) لێیان نزیك دەبێتەوە. لەسەر ئەو بنەمایە كۆنگرە بڕیار دەدات:" هەركەسێك كە ببێتە ئەندامی كۆمیتە ناوەندی ئەندامێتیان لە كۆمیتەی ناوەندی دا كاتییە، تا ساڵێك ئەنجامدانی كار و پراكتیك، دوای ساڵێك سەرۆك بڕیار دەدات كە كێ بەفەرمی ببێتە ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی و كێش نابێتە ئەندام". ئیدی ئەم تەدبیرە وەردەگرێت. ئەو تەدبیرە تەدبیرێكی لەجێی خۆی دایە.

بێگومان لە مێژووی هیچ حزبێكدا مرۆڤ ئەمە نابینێت، بەڵام لە مێژووی (PKK)دا مرۆڤ ئەمە دەبینێت. بۆچی (PKK) تەدبیری بەمجۆرە وەردەگرێت؟ چونكە (PKK) بەتەواوی بەرژەوەندی گەل بەبنچینە وەردەگرێت، رەنجی گەل بەبنەما وەردەگرێت، بۆ ئەوەی كەس یاری پێنەكات، بۆ ئەوەی ئەو رەنجە بەفیڕۆ نەچێت. (PKK) سەركەوتنی گەل بەبنەما وەردەگرێت، لەپێناو سەركەوتنی گەل و پاراستنی رەنج و بەدیهێنانی ئامانجەكانی گەلدا چ پێویست بێت ئەوە بەبنەما وەردەگرێت، بۆیە تەدبیری وەهاش وەردەگرێت. ئەگەر (PKK) لەدووەمین كۆنگرەدا تەدبیری وەرگرت بۆ ئەو مەبەستە بوو. واتا بۆ ئەوەی كەس دەسترۆیی (صلاحیة) لەدژی تەڤگەر و لەدژی رەنج بەهەڵە بەكار نەهێنێت. ئەمە بۆ مەبەستێكی وەها بوو. لەبەر ئەوە بڕیارێكی لەجێی خۆیدا بوو.

ئیدی دوای کۆنگرە، ئەو کۆمیتەی ناوەندییەی کە لە کۆنگرەدا هەڵبژێردرا کۆبووەوە، رێك ئەو کاتە من گەیشتم. چونکە ئەو کاتە لە کامپەکان دەرکەوتین و گەیشتینە هەڤالان، من تەڤلی کۆبوونەوە بووم، لەکۆبوونەوەکەشدا ئەو بریارەی کۆنگرەمان بەبنەما وەرگرت و ئێمە هەندێك گفتوگۆمان کرد، ئەرك و کارەکانمان لەناو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و هەندێك لە هەڤالانی دەرەوەی کۆمیتەی ناوەندی دابەشکرد، هەروەها ئێمە دەستڕۆییمان بەتەواوی دایە سەرۆك، بۆ ئەوەی سەرۆك بتوانێت کار بکات، دوو هەڤالیش وەك یاریدەدەری سەرۆك دەستنیشان کران. ئەرك و کارەکانمان بەوجۆرە لەناو کۆمیتەی ناوەندی دابەش کرد. پیلاننامەیەکیشمان بۆ ماوەی ساڵێك دارشت، بۆ ئەوەی تەڤگەر بتوانێت گروپەکان لە لوبنانەوە رەوانەی وڵات بکات و لە وڵاتدا جێگیری بکات و پلانرێژی ئەوەش کرا کە چ کارێك بکرێت بۆ سەنگەربەندی تەڤگەر لە لوبنانەوە تادەگاتە هەرێمی بۆتان، گواستنەوەی گروپەکان چۆن ئەنجام بدرێت، ئەو تاکتیکەی بەرێوەی دەبەین تاکەی بەردەوام بێت. لەسەر ئەو بنەمایە پیلاننامەیەك دارێژرا. ئەو کاتە گووتبوومان کە؛" کەمتر لە شەش مانگ تا ساڵێك پێویستە جێگیربوون (تمرکز) تەواو ببێت و تاکتیکی پروپاگەندەی چەکداری بەرێوە بچێت، لەپێناو پەیرەوکردنی ئەو تاکتیکە چ ئەرکێك لەئەستۆ بێت پێویستە جێبەجێ بکرێت، لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین دەربازی گەریلایی ببین و شەڕی گەریلایی دەست پێبکەین و رایبگەیەنین. ئیدی پیلاننامەیەکی بەمجۆرە دارێژرا و ئەرکی پێکهێنانی ئەو پیلاننامەیەمان لە پراکتیکدا بۆ دەستڕۆیی سەرۆك هێشتەوە و دابوومانە دەستی ئەو. لەسەر ئەو بنەمایە هەموو ئەرکسپاردن و سەنگەربەندی و پراکتیکێکمان پێشخست...

یەکەم گروپ کە دەگەرێتەوە وڵات، وا مەزەندە دەکەم بە فەرماندەیی هەڤاڵ شاهین کلاوز دەبێت، بەڵام ئەو گروپە لە گەرانەوەیاندا بۆ وڵات هەموویان شەهید دەبن. ئەو شەهیدبوونە چۆن روودەدات؟ پاشانیش چ تەدبیرێك وەردەگیردرێت بۆ ئەوەی یەکینەکانی دیکەی گەریلا بەسەلامەتی دەربازی وڵات ببن؟



شەهید شاهین کلاوز

شەهید ئیبراهیم بیلگین

بێگومان لەدەرکەوتن بۆ دەرەوەی وڵات، لەژیانبوون لەدەرەوە، لە گەڕانەوەشدا بۆ وڵات ئەگەر بە بەرپرسیارێتی و بەهوشیاری و بەجددی هەڵسوکەوتمان نەکردبایە، لەوانەبوو، قوربانی زۆر گران و مەزنمان دابایە. لەلایەنی بیر و رامانەوە بگرە تا دەگاتە لایەنە رێکخستنی و پراکتیکییەکەی، ئەو تەدبیرانەی پێویستبوو، وەربگیردرێن، هەموویمان وەرگرتبوو، بۆیە ئێمە زێدە زیان و قوربانیمان نەدا. ئەو زیان و قوربانیانەی ئێمە داومانە، ئاساین، بەگوێرەی ئەو دۆخ و توانستانەی لەئارا دابوون، زێدە و گران نین.

بێگومان ئێمە هەموو هەوڵێکمان ئەوەبوو کە هیچ زیان و قوربانییەك نەدەین، ئەمەش مومکین نییە، لەبەر ئەوەی ئێمە کار و خەباتمان دەکرد، زیان و قوربانیمان دەدا. واتا تۆ هێندە کەس لە وڵات دەربخەیت و بە وڵاتاندا دەربازیان بکەیت و لە دۆخی شەڕدا بژیت و لەناو بێ ئیمکانییەتیدا بیت، هەروەها بە وڵاتان و سنوورەکاندا تێبپەڕیت و بیانگەڕێنیتەوە وڵات، بێگومان ئەمە هەروا ئاسان نەبوو. کاتێك ئێمە دەستمان بەناردنەوەی گروپەکان کرد بۆ وڵات لەو جموجۆڵەماندا هەندێك قوربانیمان دا، گروپی هەڤاڵ "شاهین کلاوز" و گروپی هەڤاڵ "فەرحان" شەهیدبوون. واتا نزیکەی یازدە هەڤاڵمان شەهید بوون، لەدەربازکردنی هەموو گروپەکان بۆ وڵات، هەشت هەڤاڵ لەگەڵ گروپی هەڤاڵ "شاهین کلاوز" بوو لە"چەمی هیزل"دا کاتێك دەپەڕینەوە لای باشووری مەزن، کەوتبوونە بۆسەوە، ئیتر ئەو هەڤاڵانە لە "چەمی هیزل"دا شەهیدبوون. واتا هەندێکیان لە کەنار چەمەکە و هەندێکیشیان لەناو چەمەکەدا لە بۆسەیەکدا تورکیا لەو هەڤاڵانەی دا، ئیدی ئەم گروپە هەمووی بەفیشەکی تورکیا شەهید بوون، بێگومان لەگەڵ ئەو گروپەدا کەسێك هەبوو ناوی "عومەری لالێ"بوو ئەو کەسە پیاوی (پ د ك) بوو، هەمیش قاچاخچی بوو، ئەو چاوساخی بۆ هەڤاڵان دەکرد. بێگومان ئەو کەسە رزگاری بوو، نە گیرا و نە کوژرا، کەچی هەڤاڵانی گروپەکە هەمووی شەهید بوون، ئێمە زۆر لەسەر ئەو رووداوەش راوەستاین؛ ئایا ئەو کەسە ئەو گروپەی خستۆتە بۆسەوە و بەکوشتنی داون، یان بەرێکەوت ئەو کەسە رزگاری بووە؟ تەواو دیار نەبوو، بەڵام گومانی ئەوە هەبوو کە ئەو کەسە ئەو گروپەی بەکوشتن دابێت. هەروەها ئەو کاتە هەندێك زانیاری تر هەبوو؛ کە "پارتی گەل"ی "سامی عەبدولڕەحمان" کە ئەو کاتە لە (پ د ك) جودا ببووەوە و دەگووترا کە ئەو پارتییە ئیخباریان لەسەر ئەو گروپەمان

کردووه و بەکوشتنیان داون، ئێمە زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە راوەستاین، بۆ ئەوەی بزانین کە کامیان راستە؟ بێگومان بەتەواوی نەمانتوانی دەستنیشانی بکەین. ئەو گروپە بەمجۆرە هەموویان شەهیدبوون، بێگومان هەشت هەڤاڵ بوون، بۆ ئێمە زیانێکی مەزن بوو، هەشت هەڤاڵ بەوجۆرە پێکەوە شەهید ببن. هەروەها پاشان هەڤاڵێك بەتەنیا کە لەسەر سنووری باکوور رابەرێتی (دەلیلی) دەکرد، کەوتە بۆسەوە و شەهید بوو، دوو هەڤاڵیش یەکێکیان هەڤاڵ "فەرحان" بوو و هەڤاڵێکی دیکە گروپەکانی لەسەر سنوور دەرباز دەکرد شەهیدبوون. بەمجۆرە لەم قۆناخەدا یازدە شەهیدمان دا.

ئیدی دوای ئەوەی هەندێك لە هەڤاڵان دەگەنە وڵات و لەسەر سنوور کامپ دروست دەکەن و ئامادەکاری بۆ تێکۆشانی چەکداری دەکەن. لەو ئامادەکارییانەوە تا دەگاتە هەڵمەتی (١٥)ی ئابی (١٩٨٤) واتا ساڵانی (٨٢ و ٨٣ و٨٤) ئەو ئامادەکارییانە چۆن ئەنجام دەدرا؟ ئەو مەیل و نزیکبوونەوانەی ئەو کاتە دەردەکەوتن چیبوون؟ رۆڵی هەڤاڵ "عەگید" (مەعسوم قۆرقماز) لەو ئامادەکارییانە چیبوو؟ بەگشتی وێڕای ئاستەنگی و زەحمەتییەکان ئەو ئامادەکارییانە دەگاتە چ ئاستێك لەناو وڵاتدا؟

تا هەڵمەتی (١٥)ی ئابی (١٩٨٤) ئەو گروپانەی ئێمە لەدەرەوە بۆ ناو وڵات ناردبوومان و بەسەلامەتی گەیشتبوون، هەموویان جێگیرببوون... هەندێك لە باشووری کوردستان و هەندێکی تریش لە باکووری کوردستان، هەر تەنیا لەسەر سنوورەکان نا، بەڵکو هەندێك لە گروپەکانی ئێمە چووبوونە ناو هەرێمی بۆتانەوە. واتا لەدەرەوەی شەهیدبوونی گروپی هەڤاڵ "شاهین کلاوز"، ئەوانەی باسم لێیانەوە کرد، تەواوی گروپەکانی دیکەمان بەساخی گەیاندبووە وڵات و جێگیریشمان کردبوون. ئیدی هەڤاڵان چووبوونە هەرێمی بۆتان و هەرێمەکەیان ناسی بوو، پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکی ئەوێ

پێشخستبوو، ئەرکی پروپاگەندەی چەکداریش بەدیهاتبوو، پێویستبوو ئیدی دەربازی گەریلایی ببووینایە، بەڵام ئەمە تا دەهات درەنگتر دەکەوت. بۆچی درەنگ دەکەوت؟ ئەو کاتە بەڕێوەبەرایەتی پراکتیکی لە وڵات هەمیشە هەنگاوەکانی بۆ دواوە رادەکێشا. بە چ بیانوویەك؟ ئیتر دەیانگووت:" ئامادەکاری تەواو نەبووە، پێویستە ئەو کادیرانە بە پەروەردەیەکی دیکەشدا تێبپەڕن، وەها نەبێت ئێمە ناتوانین هەنگاوی گەریلایبوون بهاوێژین.." بەم بیانووانە ئەو هەموو هەنگاوانەی هاوێشترابوون بۆ دواوەی دەگەڕاندەوە.

بۆ نموونە؛ ئەو کادیرانەی کە لە باکوور خۆیان جێگیرکرد بوو، هەموویان راکێشایەوە بۆ باشوور، بۆ ئەوەی لەوێ پەروەردەیەکی دیکە ببینن. ئەمە لەکاتێکدا ئەو کادیرانە لە لوبنان پەروەردەیان بینی بوو، پەروەردەی ئایدیۆلۆژی، سیاسی، رێکخستنی و عەسکەریان بینیبوو، گرفتی پەروەردەییان نەبوو، گرفتی کادیران ئەوەبوو کە تۆ لەپراکتیکدا زیاتر بەرەو پێشەوەی ببەیت، گرفت ئەوەبوو ئەو بڕیارەی تەڤگەر وەریگرتبوو پێویستبوو بکەوێتە پراکتیکەوە، بۆیەش پێویستبوو، خەباتی پروپاگەندەی چەکداری تەواو ببایە و هەنگاوی گەریلایی پێشکەوتبایە. ئەرکیش هەر ئەوەبوو، گرفتیش هەر ئەوەبوو. بەڵام بەڕێوەبەرایەتی پراکتیکی ئەو کاتە ئەمەی نەخستبووە پێش خۆی و ئەو هەنگاوەی نەهاوێشت. لەنێو بێ بڕیارییەکدا بوو، مەسەلەکە ئەوەبوو، بەڵام ئەمەشی بە ئاشکرا نەدەگووت. ئەی چی دەگووت؟ دەیگووت:" کادیر هێشتا ئامادە نییە کە شەڕی گەریلایی پەرەپێبدات. بۆیە پێویستە ئەمانە بە پەروەردەیەکی نوێدا دەرباز بکەینەوە، ئامادەیان بکەین تاکو بتوانین ئەو هەنگاوە بهاوێژین..."

بێگومان سەرۆك ئەمەی پەسند نەکرد و رەخنەی کرد. ئەو کاتە بەڕێوەبەرایەتی پراکتیکی هەمیشە تەڤگەری رادەکێشایە باشوور و رایدەکێشایە ژێر کۆنترۆڵی (پ د ك)وە. (پ د ك)ش دەیخواست تەڤگەر لە باشوور بهێڵێتەوە و لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێری خۆیدا بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو هەموو کادیرانە بکاتە چەکداری خۆی و بیخاتە نێو شەڕەوە و بەگوێرەی ئامانجی خۆی بەکاریان بهێنێت. بۆ ئەوەی ئێمە بۆ باکوور هەنگاو نەهاوێژین و لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا دەرنەکەوین و نەبینە تەڤگەرێك. (پ د ك) وەها نزیك دەبووەوە. تەنانەت لەهەرێمی "حەفتانین"دا گروپەکانی ئێمەیان خستبووە ناو

گروپەکانی خۆیانەوە لەدژی ڕژێمی سەددام خستبوویانە نێو جموجۆڵەوە. ئەو کاتە "سادق عومەر" بە هەڤالانیشی گووتبوو:"حەیفە و گوناهە، بۆچی ئەو هەڤالانە دەخەنە خزمەتی (پ د ك)وە؟ ئێوە هەڵەیەکی مەزن دەکەن"بەمشێوەیە ڕەخنەی هەڤالانی کردبوو. ئاگاداری کردبوونەوە. هەڵبەتە ئەمە مەترسییەکی مەزن بوو. سەرۆك لەبەر ئەمە ڕەخنەی بەڕێوەبەرایەتی پراکتیکی دەکرد. بۆیە دەیگووت:" ئەو کارەی ئێمە پێشمانخستووە ئێوە بەرەو دواوەی دەگەڕێننەوە و پووچەڵی دەکەنەوە، هەر تەنیا پووچەڵی ناکەنەوە، تەنانەت تەڤگەر دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی (پ د ك)شەوە، ئەمە مەترسیدارە و پێویستە ئێوە ئەمە نەکەن، پێویستە ئێوە هێزەکانمان لە باکوور جێگیر بکەن. ئێوە پێویستە لە باکوور شەڕی گەریلایی پێشبخەن، لەبەر ئەمە بوو بەڕێوەبەرایەتی پراکتیکی ئەو کاتەی ڕەخنە دەکرد و دەهاتە سەر بەڕێوەبەرایەتی.

بێگومان ئەو کاتە هەڤاڵ عەگید (مەعسوم قۆرقماز) زێدەتر لە باکوور دابوو، لەنێو ئامادەکاری جێگیر کردنی گەریلا دابوو، دەیخواست گەریلا بەرەو پێشەوە ببات. بەڵام بەڕێوەبەرایەتی پراکتیکی نەیدەخواست ئەو هەنگاوە بهاوێژێت، دەترسا، دەیگووت:" ئەگەر ئێمە ئەو هەنگاوە بهاوێژین تۆبڵێی (عجباً) چیمان بەسەر دێت؟" دەوڵەتی تورکیا و سوپای تورکیایان زۆر مەزن دەبینی. هەروەها مەترسی (پ د ك)یان هەبوو دەیانگووت:" ئەگەر ئێمە هەنگاو بهاوێژین ئەوا لەوانەیە (پ د ك)ش هێرشمان بکاتە سەر. ئەو کاتە ئێمە چیبکەین؟ لەهەرێمی بۆتانیشدا هەندێك پەیوەندی (پ د ك) هەیە، لەوانەیە (پ د ك) و تورکیا پێکەوە ئەو هەرێمە لەسەر ئێمە دابخەن، ئەو کاتەش ئێمە زەبرمان بەردەکەوێت." لەبنچینەدا لەنێو ئەو ترسەدابوون، بۆیە نەیاندەخواست ئەو هەنگاوە بهاوێژن. بەڵام وا نیشانیان دەدا کە گوایە؛" کادیران هێشتا ئامادە نین کە ئێمە هەنگاوێکی بەمجۆرە بهاوێژین، پێویستە ئێمە کادیران ئامادە بکەین." بەمشێوەیە کادیران تەنانەت ئەوانەش کە لە باکوور جێگیر ببوون، هەموویان ڕادەکێشنە باشوور.

بۆ ئەوەی ئەمە بە سەرۆك بە پەسندکردن بدەن کۆبوونەوەیەکیش سازدەکەن، لەگەڵ ئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیەدا هەڤاڵ "عەباس" و ئەوان هاتبوونە گۆڕەپانی سەرۆکایەتی.

بێگومان کاتێك بەو ئاکامەی کۆبوونەوەکە هاتبوون، سەرۆك ڕێگەی نەدا هەڤاڵ

"عەباس" و ئەوان ئەو چەمك و مەیلە بەویش بە پەسندکردن بدەن، سەرۆك رێگیری لەمە کرد.

هەڵبەتە ئەو کاتە لەوێش کۆبوونەوەیەکی ناوەندی لە شام لەسەرەتای ساڵی (١٩٨٤)دا سازدرا. لەمێژووی تەفگەری ئێمەدا ئەو کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەیەکی زۆر گرنگە. پاشان کۆنگرەی سێیەمین سازدرا ئەو شتەی لەکۆنگرەی سێیەمیندا قسە و باسی لەسەر کراوە و رەخنە کراوە و بڕیاری لەسەر دراوە هەمووی لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆك باسی کردبوو. لەو کۆبوونەوەیەدا رەخنەی زۆر بەهێز پێشکەوت، لەسەر کۆمیتەی ناوەندی و بەڕێوەبەرایەتی و هەر هەڤاڵێکیش، سەرۆك هەم رەوشی کۆمیتەی ناوەندی، هەم بەڕێوەبەرایەتی و هەر هەڤاڵێکیشی هەڵسەنگاند. لەو کۆبوونەوەیەشدا رەخنەدان پێشکەوت. هەروەها ئەو پراکتیکەی لە وڵاتدا بەڕێوەچووە و هەڵوێستی بەڕێوەبەرایەتی پراکتیکی رەخنەکران، جارێکی تر سەرۆك زۆر بەروونی و ئاشکرایی ئەو هەنگاوەی کە پێویستە بهاوێژرێت خستیەوە پێش تەفگەر، هەمیش جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە ئیدی دوا نەخرێت.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆك هەڵسەنگاندنی سۆسیالیزمی بنیادنراو (الاشتراكية المشيدة)ی کرد. پارتە کۆمۆنیستەکانی هەڵسەنگاند و رەخنەی زۆر بەهێزی لەسەر ئەوان پێشخست. سەرۆك گووتی: "ئەو پارتە کۆمۆنیستانە هەرچەندە بەخۆیان دەڵێن پارتی کۆمۆنیست، هەر تەنیا ناوی ئەوان کۆمۆنیستە، بەڵام دوورن لە کۆمۆنیزمەوە، یان پێویستە خۆیان سەرلەنوێ بنیادبنێنەوە، یانیش با خۆیان هەڵبوەشێننەوە، ئیتر ئەمانە نوێنەرایەتی سۆسیالیزم ناکەن، بەڵکو بۆ خۆیان کۆسپێکی مەزنن لەبەردەم سۆسیالیزم". رەخنەی وەها مەزنی ئاراستە کردوون.

لەلایەنی رێکخستنیشەوە سەرۆك چەمکی نوێی لەناو (PKK)دا پێشخست. واتا لەم کۆبوونەوەیەدا کەمێك (PKK)ی لەژێر کاریگەری سۆسیالیزمی بنیادنراو دوورخستەوە، بۆیە ئەم کۆبوونەوەیە گرنگە. سەرۆك هەڵسەنگاندنی وەها بەهێزی پێشخست، لەرووی رەوشی سیاسییەوە، سەبارەت بە سۆسیالیزم، رێکخستن و بەڕێوەبەرایەتی رێکخستن، سەبارەت بە تاك بە تاکی هەڤاڵان، بۆیە ئەو ئەرکەی کە کۆنگرەیەك جێبەجێی بکات ئەو کۆبوونەوەیە جێبەجێی کرد.

تا ئەو کاتە من لە سوریا بووم، دوای ئەم کۆبوونەوەیە منیش هاتمە وڵات، ئیدی لەدوای ئەم کۆبوونەوەیە هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوە بوو کە بتوانین گەریلایی پێشبخەین و ئەو هەنگاوە بهاوێژین، بۆ ئەوەی ئێمە تەڤگەر لەژێر کاریگەری و کۆنترۆڵی (پ د ك)دا نەهێڵین و لەسەر ئایدیۆلۆژیا و ئامانجی خۆی هەنگاو بهاوێژێت و ئەو پیلاننامەیەی لەپێش خۆیدا دایناوە جێبەجێی بکات.

ئێمە کە هاتین هەندێك کۆبوونەوەمان ئەنجام دا، پێویستبوو ئەو هەنگاوەمان هاوێشتبایە، بەڵام دیسان درەنگ کەوت، سەرۆکیش تەعلیماتی نارد و ڕەخنەی ئەمەی کرد و هەندێك هەڤاڵی نارد وەك هەڤاڵ "فوئاد" و چەند هەڤاڵێکی دیکە. لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەدا تەعلیماتی نوێی ناردبوو. ئێمە ئەو کاتە لەسەر ئەو تەعلیماتەی سەرۆك کۆبوونەوەیەکمان لە "لۆلان" سازدا، بڕیاری هەڵمەتی (١٥)ی ئابی (١٩٨٤)مان لەو کۆبوونەوەیە وەرگرت، ئەو کاتە هەڤاڵ "عەگید" لە باکوور بوو، بۆیە تەڤلی ئەو کۆبوونەوەیە نەبوو، هەڤاڵانی کۆمیتەی ناوەندی ئێمە شەش یان حەوت هەڤاڵ دەبووین، لەو کۆبوونەوەیە ئامادەبووین، تەعلیماتی سەرۆکمان تێدا خوێندەوە و گفتوگۆمان لەسەری کرد و لەوێدا بڕیارمان وەرگرت کە لە (١٤)ی تەمموزی (١٩٨٤)دا لە ناوچەکانی "ئەروە، شەمدینان، چەتاخ"جولانەوەی چەکداری گەریلا بەفەرمی بەناوی تەڤگەرەوە ڕابگەیەنین. بەڵام ئێمە بینیمان کە کات زۆر کەمە. چونکە لەمانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا ئەو کۆبوونەوەیەمان سازدابوو، پێڕاناگەین ئامادەکارییەکان تا (١٤)ی تەمموز تەواو بکەین. بۆیە ئێمە گووتمان (١٥)ی ئاب هێزی ڕزگاری کوردستان (HRK) و تێکۆشانی گەریلایی ڕابگەیەنین، ئەو بڕیارە و ئەو ڕێکەوتەمان لەوێ دەستنیشانکرد.

ئێمە بۆچی (١٤)ی تەمموزمان بەبنچینە وەردەگرت؟ چونکە لە (١٤)ی تەمموزدا ڕۆژی دەستپێکردنی چالاکییەکەی هەڤاڵان " محەممەد خەیری دوورموش، کەمال پیر، عاکف پەڵماز و عەلی جیچەك"بوو، ئێمە دەمانخواست (HRK) لەو ڕێکەوتەدا ڕابگەیەنین، لەو ڕێکەوتەدا چالاکی سەر شارۆچکەکانی"ئەروە، شەمدینان، چەتاخ" دەستپێبکەین. بۆ ئەوەی ئێمە ئەو چالاکییەی زیندانی ئامەد بکەینە بناخەی ئەو هەڵمەتە. بەمەش ئەم شۆڕشگێڕە مەزنانە، ئەو هەڤاڵە مەزنانە بەنەمری بهێڵینەوە، ئەمە بۆ بیرەوەری ئەوان

بوو. ئەمە کولتوور و تایبەتمەندی ئەم تەڤگەرە بوو، هەر شەهیدبوونێکی مەزن پێویستە ببێتە قۆناخێکی نوێ، هەر شەهیدبوونێکی مەزن ببێتە هەڵمەتێکی نوێ. چونکە شەهیدبوونی هەڤاڵ "حەقی قەرار" بووە هۆی ئەوەی کە (PKK) دابمەزرێت، شەهیدبوونی هەڤاڵان "مەزلوم، خەیری و کەمال" و ئەوانی دیکەش پێویستبوو ببایە هۆی راگەیاندنی تێکۆشانی گەریلایی، لەبەر ئەوە ئەم رێکەوتەمان بەبنچینە وەرگرت. بەڵام لەبەر ئەوەی کات کەم بوو و بەشی نەدەکرد، ئێمە رێکەوتی (١٥)ی ئابمان کردە بڕیار. ئامادەکارییەکان لەسەر ئەو بنەمایە ئەنجامدران. ئیدی بەمشێوەیە لەسەر ئەو ئامادەکاریانە هەڵمەتی (١٥)ی ئابمان راگەیاند و ئەنجامماندا...

لەدوای بەرپابوونی کودەتای (١٢)ی ئەیلولی (١٩٨٠) و چوونە دەرەوەی وڵات، تەڤگەری (PKK) هەرچەندە لەدەرەوەی وڵاتیش دەمێنێتەوە؛ بەڵام لەلایەکەوە ئامادەکاری بۆ گەڕانەوەی وڵات و ئەنجامدانی هەڵمەتێکی گەریلایی دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی فاشیزمدا، کە کودەتاکە پێشیخستبوو، بانگەوازی بۆ ئاواکردنی بەرەیەکی دژە فاشیزم دەکات و لەم پێناوەدا هەوڵ دەدات. بۆچی ئەم بەرەیە؟ هێز و لایەنە چەپ و دیموکراتیخواز و کوردییەکان تا چەند وەڵامی ئەو بانگەوازییەیان دایەوە و کاریان بۆ کرد؟ ئەو پرۆژەیەی "بەرەی دژە فاشیزم" گەیشتە چ ئاستێك؟

پێش کودەتای (١٢)ی ئەیلول وەك چۆن ئێمە ئەوەمان بینی و پێشبینیمان کرد لە تورکیادا حوکمێکی فاشیستی و عەسکەرتاری پێشدەکەوێت، ئەو کاتە خواستمان لەدژی ئەم کودەتا شیمانەکراوە، رێککەوتن پێشبخەین، هەرچەندە لەم پێناوەشدا کارمان کرد و

ئەنجامگیریش نەبوو، بەڵام دوای ئەوەی کودەتا سەربازییەکە روویدا، لەدژی حوکمی فاشیستی ئەو هەڵوێست و نزیکبوونەوەیەی بەر لە کودەتاکە دەمانویست پێشیبخەین دیسان خواستمان بەهێزتر پێشیبخەین. چونکە بەر لە کودەتای (١٢)ی ئەیلول کەسێك باوەڕی نەدەکرد کە حوکمێکی فاشیستی و عەسکەرتاری پێشدەکەوێت، بەڵام ئەوە روویدا و ئەو حوکمە فاشیستییە زۆر بەدژواری هێرشی هێنایە سەر گەل و تەفگەرەکان، هەر تەنها دژ بەتەفگەرە شۆڕشگێڕییەکان نا، بەڵکو دژ بەتەفگەرە لیبرالییەکانیش و دژی هەموویان هێرشی برد. تەنانەت پارتەکانی **"ئەجەوید"** و **"دیمیرەل"**شیان داخست و ئەوانیشیان خستە زیندانەوە، ئەو پارتانە پارتی دەوڵەتیش بوون، حوکمی فاشیستی هەموو شتێکی دابووە پێشخۆی و رایدەماڵی، بە توندوتیژی، تیرۆر، گرتن، کوشتن، ئەشکەنجەدان، گرتنی پارتەکان و دامودەزگاکان بێسنوور پەیڕەو دەکرد. بۆیە ئێمە خواستمان کەوا لەدژی حوکمی فاشیستی هەم لەئاستی تورکیا و هەمیش لەئاستی کوردستاندا رێککەوتن و بەرە پێشبخەین. ئێمە هەم لەگەڵ تەفگەرەکانی چەپی تورك و هەمیش لەگەڵ هەندێك لەلایەنە کوردییەکان لەسەر ئەو بنەمایە پەیوەندیمان پێشخست و کەوتینە جموجۆڵەوە.

لەگەڵ لایەنە کوردییەکان ئێمە هەندێ کۆبوونەوەمان ساز دا، بۆ ئەوەی بەرەیەکی نەتەوەیی لەدژی داگیرکەری فاشیست پێشبخەین، بەڵام پێشنەکەوت. بۆچی پێشنەکەوت؟ ئەو پارتە کوردییانە نەیاندەخواست لەگەڵ ئێمە بەرەیەك ئاوا بکەن، لەدژی ئێمە رادەوەستان، لەبری ئەوەی لەدژی حوکمی فاشیستی رابوەستن لەدژی ئێمە رادەوەستان. بەر لەکودەتای (١٢)ی ئەیلولیش وەهایان کرد و لەدوای کودەتاکەش هەر لەسەر ئەو سیاسەتەی خۆیان بەردەوام بوون. دەیانگووت:" ئێمە لەگەڵ (PKK) هیچ رێککەوتن و بەرەیەك سازنادەین، باوەڕیمان بە (PKK) نییە، (PKK) خراپی دەکات و زەرەر دەداتە گەل" ئێمەش بەوانمان گووت:" بەمشێوەیە ئێوە ناتوانن (PKK) لاواز بکەن و ناشتوانن خۆتان ببنە خاوەن هێز، ئەگەر وەکو ئێوە دەڵێن (PKK) خراپە و زەرەر دەداتە گەل پێویستە ئێوە لە (PKK) زۆر باشتر کار لەدژی داگیرکەری فاشیست پێشبخەن، ئەو کاتە ئەگەر راستن و خراپییەکی (PKK) هەبێت، دەتوانن بێکاریگەری بکەن و دەتوانن خۆشتان بەهێز بکەن و باوەڕی گەل بۆ خۆتان قازانج بکەن، رێی ئەمە

بەوە دەربـاز دەبێت". هـەروەها پێمـانگووتن:" مـادام ئێـوە هێنـدە پێـداگیری دەکـەن و ناخوازن لەگەڵ ئێمـە بەرمیـەك سـازبدەن ئێـوە لـەنێوان خۆتانـدا قـسە بکـەن، کامـەتان باوەڕیتان بەوی تر هەیـە دەتـوانن بەرمیـەك لـەنێوان خۆتانـدا سـاز بکـەن، ئەگـەر ئێـوە لەئێمە بخوازن کە ئێمەش بکەوینە نێو ئەو بەرمیەوە دیسان ئێمـە دەکەوینـە نێـو ئـەو بەرمیەوە، ئەگەر ناخوازن لەگەڵ ئێمە ڕێککەوتن ئەنجام بدەن، ئێمە هەر ڕازین، ئەگـەر ئێوە هیچ ڕێککەوتنێکیش لەگەڵ ئێمەدا نەکەن، ئەگەر ئێوە لەدژی حـوکمی داگیرکـەری فاشیست لەپراکتیکدا بەرمیەك ئاوا بکەن، ئـەوا ئێمـە دیـسان پـشتیوانی ئێـوە دەکـەین و هاوکاریتان دەکەین". ئێمە هەموو ڕێیەکمان خستبووە پێش ئەوانەوە، بۆیە ناچار بوون گووتیان:" ئێمـە سـەرەتا لـەنێوان خۆمانـدا قـسە و باسـی لەسـەر دەکـەین، ئەگـەر ئێمـە گەیشتینە ئەنجامێك ئەوا پاشان بەئێوەش ڕادەگەیەنین" ئێمەش گووتمان:" باشە، ئێمـە چاوەڕێی هـەواڵی ئێـوەین، ئێـوە چۆنتان پـێ باشـە ئێمـە وادەکـەین" لـەنێوان خۆیانـدا ئـاخفین و ئـاخفین و ئـاخفین... لەئاکامـدا نـە بۆخۆیـان بەرمیـەکیان ئـاواکرد، نـە هەواڵێکیان بۆ ئێمە ڕەوانە کرد، ئیـدی بەمـشێوەیە بـێ ئاکام مایـەوە. هەڵبەتـە خۆیـان نیـازێکی وەهایـان نـەبوو، کـەوا لـەدژی داگیرکـەری فاشیـست شـەڕێك و پراکتیکێـك و خەباتێك پێشبخەن. هەر بۆیە نەیاندەخواست بەرمیەك ئاوا بکرێت. ئەوانـە دەیـانزانی کەوا ئەگەر بەردەوامی بەو کۆبوونەوانە بدەن، ئەوا ئێمە ئەوان ناچار دەکـەین کـە ئـەو هـەنگاوە بهاوێـژن، ئـەوان ئەمـەیان دەزانـی. بۆیـە نەیاندەخواسـت بـەرە ئـاوا بکرێـت و هەنگاوی وەها پراکتیکی بهاوێژن، ئیدی لەهەندێك بیانوو دەگەڕان و دەیانگووت:" ئێمە لەگـەڵ (PKK)دا نـاخوازین بەرمیـەك ئـاوا بکـەین". بێگومـان ئەگـەر (PKK) نـەبێت دەتوانن بۆ خۆیـان وا ئیـدارە بکـەن و بیگـوزەرێنن و کـاتی خۆیـان دەربـاز بکـەن. بـەڵام لەگـەڵ (PKK)دا ئاخـافتن و پەیوەنـدی و کۆبوونـەوە هـەبێت و هـەر کۆبوونەوەیـەك (PKK) تێبیکـەوێت مـسۆگەر (PKK) دەخوازێـت ئـەنجامێك بەدەسـت بخـات، ناهێڵێـت هـەروا کۆبوونـەوە سـازبدرێت و هـیچ ئـەنجامێکیش نـەبێت، ئـەوان ئەمـەیان دەزانـی. هۆیەك ئەوەبوو کە نەیاندەخواست ئەو کۆبوونەوانە وەها بەردەوام بکەن.

دووەمـیش؛ ئەوانـە لـە (PKK) دەترسـان. چـونکە چ کـار و خـەباتێکیان نـەبوو، بـەر لەکودەتای (١٢)ی ئەیلولیش نەبوون، دوای کودەتاکەش خەبات و کار زۆر زەحمەتر ببوو،

پێویستبوو زۆر بەجورئەتەوە هەنگاویان بهاوێشتبایە. هێز و توانست و جورئەتێکی وەهاشیان نەبوو، دەترسان و دەیانگووت:" ئەگەر ئێمە لەگەڵ (PKK)دا کارێکی بەمجۆرە پێشبخەین، ئەوا ئێمە بەتەواوی دەتوێینەوە". بۆیە نەیاندەخواست لەگەڵ (PKK)دا بەرە یان رێککەوتنێك ئەنجام بدەن. هۆکاری سەرەکی ئەمە بوو. نەك وەکو ئەوان بانگەشەیان بۆی دەکرد، کە گوایە (PKK) زەرەر دەداتە گەل، زەرەر دەداتە خەبات بۆیە لەگەڵ (PKK) ناخوازن کار بکەن. ئەمانە هەمووی بیانوو بوو.

لەڕاستیدا ئەوانە باوەڕیان بەخۆیان نەبوو، دەترسان لەوەی لەگەڵ (PKK)دا کار بکەن. ئەگەر بیکەن ئەوا دەتوێنەوە و دەکەونە خزمەتی (PKK)وە. چونکە هیچ شتێکی خۆیان نەبوو، نە لە بیر و راماندا نە لەپراکتیکدا، تاکو بەرخۆدانێك و خەباتێك لەدژی داگیرکەری فاشیست پێشبخەن. دەیانزانی ئەگەر لەگەڵ (PKK)دا هەنگاو بهاوێژن ئەوا (PKK) بەوان هەنگاو دەداتە هاوێشتن. نەیاندەخواست ژیانی خۆیان تێکبدەن، بۆیە لەئاستی کوردستاندا هیچ بەرەیەك دروست نەبوو، هیچ رێککەوتنێکیش بەدینەهات، نە لەنێوان ئێمە و ئەواندا، نە لەنێوان خۆیاندا، هیچ بەرە و رێککەوتنێکیان ئەنجام نەدا. گووتمان:" ئێوە خۆتان لەناو خۆتاندا ئەنجامی بدەن" دیسان هەر ئەنجامیان نەدا. ئیدی ئاشکرابوو کە هیچ نیازێکی ئەوان نییە. زێدەتر کێ وەهای کرد؟ زێدەتر پارتی سۆسیالیست (PSK) و کوك (KUK) و (DDKD) و ئاڵای رزگاری (ALA RIZGARÎ) ئاڵای رزگاری و ئەوانە بوون. ئەوانە ئەو کۆبوونەوانەیان بێئەنجام هێشتەوە. پاشان لەنێوان ئەوانیشدا هیچ رێککەوتن و بەرەیەك دروست نەبوو.

لەلایەکی دیکەشەوە؛ لەگەڵ گروپەکانی چەپی تورکیش هەوڵماندا و هەندێك کۆبوونەوەمان ئەنجامدا، بۆ ئەوەی بەرەیەك لەدژی فاشیزم پێشبخەین. لەمەدا هەندێك ئەنجامەمان بەدەستخست، بەرەیەك دروستبوو. لەو بەرەیەدا هەندێك لە لایەنەکانی چەپی تورك بەشداریان تێدا کرد، لەسەر ئەو بنەمایەش هەندێك هەنگاو هاوێشتران، رۆژنامەیەکی هاوبەش دەرچوو، لە ئەورووپا کۆمیتەی هاوبەش دروستکران و بەیەکەوە لەدژی حوکمی فاشیستی هەندێك رێپێوان و چالاکی پرۆتستۆیی ئەنجامدران.

بەڵام لەبنەڕەتدا ئامانجی ئێمە ئەوەبوو کە ئێمە دەمانخواست لەناو تورکیادا کارێکی وەها هاوبەش پێشبکەوێت، وەکو چۆن ئێمە بۆ کوردستان ئامادەکاری تێکۆشانی

گەریلاییمان دەکرد و هەوڵمان دەدا کەوا گەریلایی پێشبخەین و بەرەیەکی بەرفراوان ساز بکەین و خەباتێکی بەهێز پێشبخەین. لەئاستی تورکیاشدا ئێمە دەمانخواست هەم بەرەیەك و هەمیش گەریلایەکی گرێدراوی ئەو بەرەیە پێشبخەین. بەمە ئێمە دەتوانین رێگیری لەزوڵم و ئەشکەنجە و کوشتن و لەسێدارە و حوکمی فاشیستی بکەین. ئێمە دەمانگووت:" بەمە ئێمە جارێکی دیکە رێی ئازادی و دیموکراتی لە تورکیا دەکەینەوە، بەمە دەتوانین رێ لە تەسفیەبوونی تەڤگەری شۆڕشگێڕی بگرین، کە تەڤگەری شۆڕشگێڕی خۆی کۆبکاتەوە و بەخۆی باوەڕ بکات و باوەڕی بە گەل ببەخشێت، گەلیش دژی حوکمی فاشیستی رابوەستێت.

ئێمە دەمانزانی کە ئەگەر لەئاستی تورکیادا بەرەیەك لە تورکیا پێشبخەین لەژێر چەتری ئەو بەرەیەدا گەریلایی و خەباتی گەریلایی پێشنەخەین ئەوا لە کوردستاندا پڕ زەحمەتی دەبینین. واتا لە کوردستاندا ئێمە چەندە بەهێز بین و تێکۆشان بەرز بکەینەوە، ئەگەر ئەو تێکۆشانە قاچی تورکیای نەبێت و پێشنەکەوێت و بەهێز نەبێت، ئەوا شۆڕشی ئێمە تەنیا لەسەر قاچێك بەڕێوە دەچێت، ئەو کاتە دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا بەهەموو هێزی خۆیەوە دێتە سەر کوردستان و دێتە سەر ئێمە. هەروەها تەخریباتێکی مەزنیش لە کوردستاندا روودەدات، شەڕێکی مەزن و درێژخایەن لە کوردستان روودەدات و بەردەوام دەبێت، زوو بە زووش کێشەی کورد چارەسەر ناکرێت و ئەنجامگیریش نابێت. ئەگەر ئێمە دەخوازین هەم تەخریبات روونەدات و شەڕ درێژە نەکێشێت و بەڕاستی کێشەی کورد چارەسەر ببێت، پێویستە تەڤگەری شۆڕشگێڕی و دیموکراتی لە تورکیا بەهێز ببێت، کە دەوڵەتی تورکیا بخاتە نێو زەحمەتییەوە و فشاری بۆ بهێنێت و ببێتە هێزێك بۆ کوردستان. لەسەر ئەو بنەمایەش بتوانرێت دەوڵەتی داگیرکەر تەنگەتاو بکات و ناچاری بکات بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەنگاو بهاوێژێت. ئەگەر وەها نەبێت ئەوا زۆر زەحمەت دەبێت.

بێگومان ئەو بەرەیە ئەگەر لاوازیش بێت بەرەو پێشەوەمان برد، ئێمە خواستمان ئەوانەی لەو بەرەیەدا بەشدارن بەیەکەوە ئامادەکاری بۆ تێکۆشانی گەریلایی بکەین و لەگەڵ ئەواندا هەندێك هێز بنێرینە خاکی تورکیا، لەوێش گەریلایی پێشبخەین. لەم کارەدا رێکخراوی رێگای شۆڕشگێڕ (DEV-YOL) ئەو هەنگاوەی نەهاوێشت، هەم

هەنگاوی نەهاوێشت، هەمیش دەستبەرداری خەبات بوو و ئەورووپای دایە پێشخۆی و لە ئەورووپاش ژیان و گوزەرانی دایە پێشخۆی. تەنانەت پاشان هەوڵی دا بەرەش تێك بدات، کارێکی بەمجۆرەشی کرد. ئیدی کاتێك وەهابوو بەرە پەیوەندی خۆی لەگەڵ (DEV-YOL)دا پچڕی. گووتمان:" با جارێکی دیکە بەرە سەر لەنوێ پێشبخەینەوە" بەشێوەیەکی دیکە پێشمانخست، بەڵام لەبەر ئەوەی رێکخراوەکانی دیکە، زێدە هێزی خۆیان نەبوو، ئەو بەرەیە نەیتوانی ئەو هەنگاوە بهاوێژێت، هەموو بارەکە لەناستی تورکیاشدا کەوتە سەر ئەستۆی ئێمە. کەچی ئێمەش دەمانخواست چەپی تورك بخەینە جموجۆڵەوە. ئەوان هەندێك بارەکە بخەنە سەر ئەستۆی خۆیان. باری ئێمە لە کوردستان بۆخۆی گران بوو، ئەگەر باری تورکیاش بخەینە ئەستۆی خۆمان ئەوا بۆ ئێمە پڕ زێدە دەبوو. لەم رووەوە چەندەها کاریشمان کرد، ئەو تەڤگەرانەی چەپی تورك زێدە ئەو هەنگاوەیان نەهاوێشت و زێدە ئەو هێزەیان لەخۆیاندا نەدەبینی. بۆیە ئەو بەرەیە زێدە پێشنەکەوت و لەئاستی تورکیاشدا گەریلایی زێدە پێشنەکەوت. بەمەش باری ئێمە لە کوردستاندا گرانتر بوو...

لەساڵەکانی نێوان (١٩٨٠ - ١٩٨٣)دا رێبەر ئاپۆ لەڕووی فیکری و فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی و سیاسیدا هەوڵ و خەباتێکی مەزنی ئەنجامدا، بەتایبەتی سەبارەت بە؛ پرسی کەسێتی، چەمکی زەبروزەنگ لە کوردستاندا، سەبارەت بەرێکخستن و رێکخستەبوون، چەندین شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی گرنگی ئەنجامدا، ئەو قۆناخە لەڕووی فیکری و ئایدیۆلۆژییەوە چ پێگەیەکی لەمێژووی تێکۆشانی تەڤگەری (PKK) و سەرۆك هەیە و مرۆڤ چۆن هەڵیدەسەنگێنێت؟

مـن لـەئاخافتنی خۆشمدا گووتبـووم؛ هێـشتا لـە ئەنقـەرە بـووین سـەرۆك پـەرتووکی "مێـژووی کۆلۆنیـالیزم"ی نووسـی. ئـەوە وەك نامیلکەیـەك بڵاوکرایـەوە. پاشـان رەشنووسـی پرۆگرامـی بـۆ پـارتیبوون (دامەزرانـدنی پـارتی) نووسـی. پاشـان "رێگـای شۆڕشی کوردستان ـ مانیفێستۆ"ی نووسی، هەروەها بەناوی "سـەبارەت بەکۆمـەڵکوژی مەرعەش" نامیلکەیەکی دیکەی نووسی. ئەو پەرتووك و نامیلکانـە بـەر لـەوەی لـەوڵات دەربکـەوین نووسـیبوونی. لـەپێناو دابینکردنـی پێداویـستییەکانی کـادیران ئـەو هەڵسەنگاندنانەی نووسیبوو. دوای ئـەوەی چووینە دەرەوەی وڵات، کێـشە و گرفتـەکانی کادیر زۆر زۆربوون. چونکە تەڤگەر زەبرێکی مەزنی خواردبوو، کـەمێك مـابوو تەڤگـەر تەسفیە ببێت، دووژمن هێرشی کردبووە سەر زۆر لـە رێکخـستنەکانی ئێمـە و دەسـتگیر کرابوون، کادیران کەوتبوونە زیندانەکانەوە. لەبەر ئەوەی پـارتی لـەرووی رێکخستنەوە زەبری بەرکەوتبوو، ئەوا لەرووی پێشەنگیدا زۆری و زەحمەتی دەبـینی لـەوەی کـادیران پێشەنگایەتی تەڤگەر بکەن، بۆیە لە تەڤگەردا بنبەستی هـاتبووە ئـاراوە، گـرفتی جـددی دەرکەوتبوون، پێویستبوو هەموو ئەو گرفتانە چارەسەر ببانایە، لە سیڤەرەك لە شـەڕدا تاکتیك بەرێوە نەچووبوو، لەدەرەوەی تاکتیکدا جموجۆڵێـك بەرێوەچـوو بـوو. ئەمـەش لەرووی ماددی و مەعنەوییەوە زەرەری لەئێمـە دابـوو، ئامانجـەکانی تەڤگـەر زۆر لـەژێر مەترسی دابوون، لەپێشەنگی و لـە کادیرانـدا کێـشە و گرفـت هـەبوون، کاتێـك کـە ئێمـە چـووینە دەرەوەی وڵات بـەم هۆیـەوە هەنـدێك کێـشەی دەرەوە دەرکـەوت، ئەمـەش کاریگـەری لەسـەر تەڤگـەر و کـادیران کردبـوو. بۆیـە کـادیران لـەنێو کێـشەی جددیـدا دەژیـان، رێکخـستن لـەنێو کێـشەی جددیـدا بـوو، بۆیـە پێویـستبوو ئەمانـە هـەمووی چارەسەر بکرابانایە.

ئیدی سەرۆك بۆ ئەوەی ئەو کێشە و گرفتە فەلـسەفی، ئایـدیۆلۆژی، سیاسـی، رێکخـستنی، عەسکەری، سۆسیۆلۆژی، کولتووری و سایکۆلۆژییەکان چارەسەر بکـات و کـادیران لەسـەر ئەو بنەمایە پەروەردە بکات، کە کادیر بەهێز و تۆکمە بکـات، رۆحـی رێکخـستنی لـەنێو ئەوانـدا پتـەو ببێـت، کولتـوور و ئـەخلاق و ئایـدیۆلۆژیا و تـەرزی رێکخـستنی لەوانـدا بەهێز و تۆکمە بکات، هەنـدێك پـەرتووکی نووسـی، ئـەو پەرتووکانـەی دەریخـست، هـەر هـەمووی بـەگوێرەی پێداویـستی رێکخـستن و کـادیربوون، کـە کـادیر پـەروەردە بکرێـت،

لەنێوان کادیر و ڕێکخستندا یەکێتی دروست بکات، بۆ ئەوەی ئیرادە، بیر و باوەڕی و زانایی و هوشیاریان بەهێز بکات، زەلالی و بە بڕیاربوون تۆکمە ببێت، تاکو بتوانرێت پراکتیکێکی بەهێزیش بێتە ئاراوە و پێشبخرێت. ئەو پەرتووکانە هەموو بۆ ئەو مەبەستە لەچاپ دران.

سەبارەت بە مەسەلەی ڕێکخستن پەرتووکێکی دەرخست بەناوی "سەبارەت بە ڕێکخستن" لەو پەرتووکەدا هەموو کێشە و گرفتە ڕێکخستنییەکانی تاوتوێ کردووە و تیشکی خستۆتە سەر ئەوەی؛ خەت و ڕێبازی ڕێکخستنی ئەم تەڤگەرە چییە و لەسەر چ بنەمایەکە. ئەمەش بۆ ئەوەی کادیران لەڕووی خەت و ڕێبازی ڕێکخستنییەوە قووڵ بکاتەوە. چونکە لە کادیر و لە مرۆڤی کوردیشدا، هەم لە بیر و راماندا و هەمیش لە پراکتیکدا، لەنێو لاوازییەکی جددیدا بوو، بەتەواوی لەڕێکخستن تێنەدەگەیشت، زێدە لەنێو ڕێکخستندا نەژیابوو، بۆ لای هەموو شتێك دەچوو، بەڵام بۆ لای ڕێکخستن نەدەچوو، کە پێتدەگووت:" وەرە نێو ڕێکخستنەوە" وەك ئەوە وابوو پێی بڵێی:"وەرە نێو زیندانەوە". ڕێکخستن بۆ مرۆڤی کورد تا ئەو رادەیە سەخت بوو. چونکە بەبێ ڕێکخستن ژیابوو، بەبێ بەرپرسیارێتی ژیابوو. بێگومان ژیانی ڕێکخستنی ئەمانە هەمووی پەسند ناکات، بۆیە لێرەدا مرۆڤی کورد زۆری و زەحمەتییەکی مەزنی دەبینی، ئەمە لەکاتێکدا بۆ مرۆڤی کورد ڕێکخستن (ڕێکخستەبوون) هەموو شتێك بوو، ئەگەر لە ڕێکخستن تێنەگات و کەسێتییەکی ڕێکخستنی لەخۆیدا بنیاد نەنێت ئەوا ناتوانێت هیچ شتێك بکات، هێزی ئەو لەڕێکخستن دایە، لاوازی مرۆڤی کوردیش هەر لەمە دایە، ئەگەر تۆ دەخوازیت مرۆڤی کورد بەهێز بکەیت و کۆمەڵگای کوردی لە لاوازییەکانی ڕزگار بکەیت، ئەوا تۆ دەبێت ئەو لە بێ ڕێکخستنی ڕزگار بکەیت و ڕێکخستەی بکەیت و لە ڕێکخستندا قووڵی بکەیتەوە. لەبەر ئەم هۆیە ئەو پەرتووکەی نووسی و کادیرانی لەسەر پەروەردە کرا.

هەروەها پێویستبوو کە خەت و ڕێبازی سەربازی تەڤگەری زەلال و یەکلایی کردبایەوە، واتا پێویست بوو ئەوە روون ببێتەوە کە ئێمە دەخوازین چ خەت و ڕێبازێکی سەربازی لە کوردستاندا بەڕێوە ببەین؟ زەبروزەنگ چییە و ڕۆڵی زەبروزەنگ لەمێژوودا چییە؟ بۆیە سەرۆك لەژێر ناوی "ڕۆڵی زەبروزەنگ لە کوردستاندا" پەرتووکێکی نووسی.

ئەمەش دەستنیشانکردنی خەت و ڕێبازی سەربازی تەفگەر بوو لە کوردستاندا. لەدووتوێی ئەو پەرتووکەدا باسی لەوە کردبوو کە تەفگەر دەخوازێت چ ڕێبازێکی سەربازی لە کوردستاندا بەڕێوە ببات؟ ئەو ڕێبازە بە ڕێکخستنێکی چۆن و تاکتیکێکی چۆن بەڕێوە دەچێت؟ لەو پەرتووکەدا لەسەر ئەو مەسەلانە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی کردبوو. چونکە ئەمەش زۆر گرنگ بوو. لە کوردستاندا گەلی کورد بۆ دەوڵەتی تورك شەڕی کردبوو، لە "قوبرس" شەڕی کردبوو، بەڵام بۆ خودی خۆی شەڕێکی ئەوتۆی نەکردبوو، هەروەها شەڕی نێوان عەشیرەتەکان و نێوان فیوداڵەکان ڕوویدا بوو، شەڕی نێوان ئاپینزاکان ڕوویدا بوو، لەو شەڕانەشدا هەمووی زەبری بەرکەوتبوو و شکستی هێنابوو. دوای ئەو شکستانەش لەکۆمەڵگادا ئیرادەی شکێنرابوو. تەسلیمییەت ڕوویدابوو، سیخوڕی تەشەنەی سەندبوو. ئێمەش لە "سیفەرەك" شەڕێکمان بەڕێوە بردبوو، هەڵبەتە ئەو شەڕەی ئێمە لەوێ بەڕێوەمان بردبوو، هەمان شێوازی ئەو شەڕەبوو کە کۆمەڵگا بەڕێوەی بردبوو. واتا کۆمەڵگا چۆن لە شەڕ تێدەگات و چۆن شەڕ بەڕێوە دەبات و لەسەر چ بنەمایەك شەڕ دەکات، هەمان ئەو چەمکە لە شەڕەکەی سیفەرەك دا زاڵ ببوو. ئەمەش کێشەیەکی جددی بوو. چونکە کولتوورێك لەناو گەلەکەماندا باڵادەست بوو، ئەویش کولتووری شەڕی سەنگەران بوو. هەڵبەتە لەم شێوازەی شەڕیشدا هیچ کاتێك کورد سەرنەکەوتبوو. تەنانەت نەیتوانیبوو کێشە عەشیرەتییەکانیش چارەسەر بکات... ئیدی پێویستبوو کادیران باش لەو کولتوورە تێبگەیەنرێت، هەروەها لەوەش تێبگەیەنرێت کە ئێمە شەڕێکی چۆن و ڕێبازێکی سەربازی چۆن بەبنەما وەردەگرین و دەخوازین لەسەر کامە ڕێباز شەڕ بەڕێوە ببەین؟ هەروەها ڕێکخستەکردنی ئەو شەڕە بەگوێرەی ئەم ڕێبازە چۆن دەبێت؟ لەو پەرتووکەدا سەرۆك لەسەر ئەو مەسەلانە هەمووی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی قووڵی کردووە، تێیدا ڕێبازی سەربازی و ڕێکخستنی و کێشەکانی تاوتوێ کردووە. لەسەر ئەو پەرتووکە پەروەردە بەڕێوەچوو.

هەروەها مەسەلەی ڕێککەوتن و بەرە و هاوپەیمانێتی هەبوو، لەسەر ئەو مەسەلانە سەرۆك پەرتووکێکی بەناوی "کێشەی نەتەوەیی و شێوازی چارەسەری" نووسی. لەم پەرتووکەدا باس لەوە کراوە کە کێشەی نەتەوەیی چییە و چۆن چارەسەر دەکرێت؟

ڕێبازی ئێمە بۆ بەرە و ڕێككەوتن چییە؟ ئێمە چۆن لەمەسەلەی بەرە و ڕێككەوتن تێدەگەین و لەسەر چ بنەمایەك بەرە و هاوپەیمانێتی پێشدەخەین؟ دەتوانین بە بەرە چ كێشەیەك چارەسەر بكەین؟ لەو پەرتووكەدا سەرۆك ئەو مەسەلانەی شیكردەوە و كادیران لەسەر ئەمە پەروەردە كران.

هەروەها لەسەر مەسەلەی كەسێتی ڕاوەستا و پەرتووكێكی بەناوی "پرسی كەسێتی لە كوردستاندا" نووسی. واتا لەرووی ئایدیۆلۆژییەوە بگرە تا دەگاتە مەسەلەی سۆسیۆلۆژی و سایكۆلۆژی شیكردنەوەی سەبارەت بە پرسی كەسێتی كردووە. چونكە ئەو كەسێتییەی كە لە كوردستاندا دروست ببوو، كەسێتییەكی ئازاد و دیموكراتیخواز نەبوو، كەسێتییەك نەبوو كە بەرخۆدان بەبنەما وەربگرێت، داگیركەران كەسێتییەكی كۆیلەیان لە كورددا دروستكردبوو، كەسێتییەكی دروستكرد بوو كە لەهەموو ڕوویەكەوە نكۆڵی لەخۆی دەكرد و خۆی لەناودەبرد. واتا بەناوی كورد زێدە شتێكی تری تێدا نەدەژیا، كەسێتییەك بوو كەوا لەهەموو ڕوویەكەوە تەسلیم وەرگیرابوو، كەوتبووە خزمەتی داگیركەرانەوە، كەسێتییەكی بەمجۆرە بوو، پێویستبوو تۆ تێی بگەیەنیت كە ئەم كەسێتییە كەسێتی كێیە و چۆن دروستبووە؟ ئەگەر كێشەكەی بەم كەسێتییە چارەسەر نابێت كەواتە بە كەسێتییەكی چۆن چارەسەر دەبێت و چارەسەركردنی ئەو كێشەیە چ كەسێتییەكی پێویستە؟ لەو پەرتووكەدا ئەو مەسەلانەی بەچڕوپڕی شیكردەوە. چونكە ئەو كەسێتییەی داگیركەران دروستیان كردووە ناتوانێت لەدژی داگیركەران ڕابووەستێت، ئەگەر لەدژیشی ڕابووەستێت ئەوا ناتوانێت تا كۆتایی بەردەوام بێت، ئەمە لەزۆر ڕووەوە خزمەتی داگیركەری دەكات و لەدواییشدا لەگەڵ داگیركەری دەبێتەوە یەك، كێشەی كەسێتی لە كوردستاندا كێشەیەكی بنچینەیی بوو. چونكە كۆمەڵگای كورد لەزۆر ڕووەوە داگیركەری دەژیا، واتا میللەتێك لەبەرچاوان هەیە، بەڵام دەژیت یان دەمرێت؟ بۆخۆی دەژیت و كار دەكات یان لەدژی خۆی كاردەكات، دیار نەبوو؟ تاك و جڤاكی كورد لەدۆخێكی بەم جۆرەدا بوو، لەنێوان ژیان و مردندا بوو، واتا كە تۆ لێی دەڕوانی وا دەزانیت ساخە، بەڵام كە بەوردی لێی دەكۆڵییەوە دەبینیت وەك تەرمێك وایە، كۆمەڵگا لە دۆخێكی وەهادابوو، تێیدا نە بەرخۆدان نە شێلگیری و نە بانگەشەیەك هەیە، نە ڕەتكردنەوەیەك هەیە، بەڵكو بەتەواوی و لەهەموو ڕوویەكەوە

داگیرکەری پەسند کردووە و پێیەوە دەژیت و خۆی بەپارچەیەکی ئەو دەبینێت، تەنانەت لەهەندێك شوێندا لە تورك زیاتر ببووە تورك و بۆ تورك کار و خەبات و پڕوپاگەندەی دەکرد، کەوتبووە دۆخێکی وەهاوە. ئیدی ئەمە جڤاك و کەسێتی کورد نییە، تۆ ناتوانیت لەودا کوردایەتی بچێنیت، پێویستە تۆ ئەو جڤاك و کەسێتییە تێك بدەیت، ئەگەر تۆ تێکت نەدا ئەوا ناتوانیت کەسێتییەکی نوێ سەرلەنوێ بنیاد بنێیتەوە، کە نەشتتوانی کەسێتییەکی نوێ بنیاد بنێیتەوە ئەوا ناتوانیت لەدژی داگیرکەری رابووەستیت و شەڕی ئازادی، دیموکراتی، عەدالەت و یەکسانی پێشبخەیت و سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، ئەمە مومکین نابێت.

هەڵبەتە یەکێك لەخاڵەکانی گەورەیی سەرۆك ئاپۆ لەمەدایە. یەکێك لەو نوێگەرییانەی لەنێو تەڤگەری شۆڕشگێڕیدا ئەنجامیدا لەو بوارە دایە، لەمەسەلەی کەسێتی دایە، هیچ کەسێك هێندەی سەرۆك ئاپۆ لەسەر مەسەلەی کەسێتی رانەوەستاوە و هێندە کەسێتی شینەکردۆتەوە، هێندە گۆڕانی لەکەسێتی بەبنچینە وەرنەگرتووە. کاتێك کە سەرۆك لەسەر مەسەلەی کەسێتی راوەستەی کرد ئەوا لەسەر مەسەلەی جڤاك راوەستەی دەکرد. واتا نەك لەسەر هەندێك کەس راوەستەی کردبێت، یان تەنیا لەسەر ئەندامی تەڤگەر راوەستە بکات، وەها نییە، بەڵکو لەشەخسی تەڤگەردا و لەکەسەکاندا کۆمەڵگایەکی شیکردەوە، خواستی کۆمەڵگایەك بنیاد بنێتەوە. لەشەخسی (PKK)دا هەم مێژوو، هەم جڤاکی شیکردەوە و چارەسەری ئەوەی پێشخست. واتا کاتێك کە مەسەلەی کەسێتی تاوتوێ دەکرد و راوەستەی لەسەر کرد، ئەوا تەواوی کۆمەڵگای کوردی تاوتوێ کرد و راوەستەی لەسەر کرد، شیکردنەوەی ئەم کۆمەڵگایەی کرد، شیکردنەوەی مێژوو و مێژووی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگای کرد. هەر بۆیەشە کەسێتییەکی زۆر بەهێزی پێشخست، کەسێتییەك بەتەواوی لەخۆی دەردەکەوێت و لەخۆیدا گشتگیرییەتی بنیاد دەنێت، بەتەواوی بۆ ئازادی و دیموکراسی دەژیت و ژیانی خۆی بەگوێرەی ئەمە رێکدەخات، لەدەرەوەی ئەمە ژیان لەخۆی حەرام دەکات، تەنانەت مردنیکیش لەدەرەوەی ئەمە لەخۆی حەرام دەکات، ئەمە ئافراندنێکی زۆر مەزن بوو.

لەمێژوودا هیچ سەرۆك و هیچ تەڤگەرێك هێندە شەخس و کۆمەڵگای شینەکردۆتەوە، ئافراندنێکی هێندە مەزنیان نەکردبوو. ئیدی یەکێك لەجیاوازییەکانی سەرۆکیش

لەمەدایە، یەکێك لەخاڵەکانی بەشداری (مشارکة) سەرۆك بۆ تەفگەری شۆڕشگێڕی و بۆ سۆسیالیزم لەمە دایە. واتا بە شیکردنەوەی تاك و کۆمەڵگا و بنیادنانی کۆمەڵگایەکی نوێ و کەسێتییەکی نوێ دەستیپێکرد، ئەمەش شتێکی نوێ بوو لە تەفگەری شۆڕشگێڕی و لە سۆسیالیزمدا. بۆیە ئەم تەفگەرە لە تەفگەرەکانی دیکە جوداتر پێشکەوت، مەسەلەی کەسێتی کردە مەسەلەیەکی بنچینەیی. کاتێك کە کۆمەڵگای لە شەخسی (PKK) و شەخسی ملیتانی (PKK)ی تاوتوێکرد و ئەو کۆمەڵگایەی پێ شیکردەوە، لەلایەنی ئایدیۆلۆژی، فەلسەفی، سیاسی، ڕێکخستنی، سەربازی، سۆسیۆلۆژی، سایکۆلۆژی، کولتووری و لەهەموو لایەنێکییەوە لێی نزیك بووەوە و ڕاوەستەی لەسەر کرد و شیکردەوە. ئیدی بۆیە ڕابوونی گەلی کورد و مرۆڤی کوردیش ڕابوونێکی هێندە مەزن بوو، ڕابوونێك بوو هیچ کەسێك مەزندەی بۆ نەدەکرد. ئەمە بەم شیکردنەوەیە ئافرێنرا، بە چارەسەرکردنی پرسی (کێشەی) کەسێتی بەدیهات.

هەر لەهەمان پێڤاژۆدا سەرۆك سەبارەت بە مێژووی کوردستان پەرتووکێکی نووسی، زیاتر لەسەر هەردوو سەدەی هەژدە و نۆزدە ڕاوەستەی کرد و وەکو پەرتووکێك دەریخست.

هەروەها لەسەر تەسفیەگەرێتی پەرتووکێکی نووسی، تەسفیەگەرێتی لەمێژوودا چیبوو؟ زەمینەی تەسفیەگەرێتی لە کوردستاندا چییە؟ بۆچی هەمیشە لە کوردستاندا خیانەت ڕوودەدات؟ هۆکار چییە؟ هۆکاری ئایدیۆلۆژی، سیاسی، فەلسەفی، مێژوویی و کولتووری دەرکەوتنی خیانەت لە کوردستاندا چییە؟ ئەو مەسەلانەی شیکردەوە. چونکە لەمێژووی کوردستاندا هەمیشە خیانەت هەیە، واتا چەندە بەرخۆدان هەیە ئەوەندەش خیانەت هەیە. تەنانەت هەمیشە گێلی و نەفامی (غەفڵەت) و خیانەتێکی مەزن لەئارادا بووە، وەك دەڵێن:" کورد گەلێکە لەمێژوودا خیانەتی خۆی لەهی هەموو گەلانی دیکە مەزنترە" شیکردنەوەیەکی بەمشێوەیە لەلایەن کەسانی بیانی کە لەمێژووی گەلی کوردیان کۆڵیوەتەوە، کراوە. لە لێکۆڵینەوەیاندا بینیویانە کە خیانەتی زۆر مەزن لەنێو کورداندا هەبووە، واتا لەو دووژمنایەتییەی لەدەرەوە لەبەرامبەر کورد کراوە زیاتر، لەنێو خودی گەلی کورددا کورد دووژمنایەتی کوردی کردووە، ئەوانە گەیشتوونەتە ئەنجامێکی بەمجۆرە، بەڵام ئەمە چۆن ڕوویداوە؟ زێدە بەزانستی

شیکردنەوەیان لەسەر نەکردووە. بەڵام سەرۆك ئەمەی بەزانستی شیکردۆتەوە. واتا بناخە و رەگی غەفڵەت و خیانەت و تەسفیەگەریتی لە کوردستان چییە، ئەمەی شیکردەوە، بۆ ئەوەی کادیر لەسەر ئەم مەسەلەیەش پەروەردە بکات، تاکو کادیر زووبەزوویی نەکەوێتە ئەم دۆخەوە، بۆ ئەوەی کەس یاری بە کادیر نەکات، کادیر یاری بە خودی خۆی بە بەهاکانی تەڤگەر و گەل نەکات، بۆ ئەوەی بتوانێت کەسێتییەکی بەهێز و تۆکمە و رۆحێکی بەرخۆدانی مەزن لە خودی خۆیدا بەرجەستە بکات. بەمەش بتوانێت کێشەی کورد چارەسەر بکات. چونکە کە تۆ دەست بۆ کێشەی کورد ببەیت، ئەوا زۆر هێز هەن لەسەر کوردستان رادەوەستن و بەرژەوەندی ئەوان لە کوردستان هەیە، بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەوان تێك نەچێت زۆر یاری بەسەر تەڤگەرەکانەوە دەکەن و هەوڵێکی زۆر دەدەن بۆ ئەوەی ئەو تەڤگەرانە بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و پەرشوبڵاوەیان پێبکەن بکەونە ژێر کاریگەرییانەوە و بیانخەنە خزمەتی خۆیانەوە، لەم پێناوەشدا زۆر کۆشش دەکەن. هەروەها چینی باڵادەست و خائینی کوردیش هەیە، ئەو چینە زۆر پیلانگێڕی و لەیستۆك دەکەن...

سەرۆك لەسەر هەموو ئەو مەسەلانە هەڵوەستەی کرد، بۆ ئەوەی ئەمانە هەمووی بە کادیران بناسێنێت و کادیر نەکەوێتە ناو ئەو لەیستۆکانەوە، هەم خۆی و هەم کەسیش نەکاتە قوربانی، ئەو شتەی گەل لەمێژوودا بەسەریهاتووە جارێکی دیکە بەسەریدا دووپات نەبێتەوە. لەم رووەوە شیکردنەوەیەکی قووڵ و فراوانی کرد و کردی بە پەرتووك و خستییە بەردەم کادیرانەوە و کادیرانیش پەروەردەیان لەسەر ئەو پەرتووکانە بینی. لەئەنجامی ئەمەشدا لە کادیراندا یەکێتی هزر و پراکتیك بەدیهات، لەرێکخستندا یەکێتی بەدیهات، ئەو کێشە و گرفتانەی کادیر و رێکخستن تێیدا دەژیان چارەسەرکران. ئیدی رێکخستن لەسەر ئەو بنەمایە جارێکی دیکە رووی لە وڵات کردەوە و ئەو هەنگاوە مێژووییەی لە وڵات هاوێشت.

هەر سەبارەت بە مەسەلەی تەسفیەگەرێتییەوە؛ وابزانم هەر ئەو کاتە بوو کە دەوڵەتانی ئەوروپا بۆ ئەوەی کێشەی کورد، کە خۆشیان

رۆڵیان لەدەرکەوتنی ئەو کێشەیەدا هەیە، لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا دەرنەکەوێت تەڤگەریش بەبێ ئیزنی ئەوان سەرهەڵنەدات لەشەخسی کەسانی وەك سەمیر و جەعفەر و ئەواندا دەخوازن جارێکی دیکە ئەو تەڤگەرە، کە بەبێ پرسی ئەوان دەرکەوتووە، بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە... وابزانم هەر هەمان ئەو ماوەیە بوو...

هەڵبەتە من لەئاخافتنی خۆشمدا گووتم؛ حوکمی فاشیستی لە تورکیادا، هەر تەنیا لە تورکیا و لە کوردستاندا نەدەهاتە سەر تەڤگەری شۆڕشگێڕی و دیموکراسی، تەنانەت لەدەرەوەی تورکیاش هێرشی دەهێنایە سەر ئەو تەڤگەرانە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەوانەی چوونەتە دەرەوەی وڵات بکاتە پەناهەندە و ئەو رێکخستنانە جارێکی دیکە روو لەوڵات نەکەنەوە و نەگەڕێنەوە و لەدەرەوە بمێننەوە و بتوێنەوە و کۆتاییان پێبێت. بۆیە یەکێك لەو ژەنراڵانەی کەوا لە کودەتای (١٢)ی ئەیلول بەشدار ببوو "حەیدەر سالتك" چووە ئەوروپا و لەوێ مایەوە. ژەنراڵەکانی دیکە لە تورکیا کاریان دەکرد و ئەویش لەوێ کاری دەکرد، لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی ئەوروپا بەهەماهەنگی کاریان دەکرد، بۆ ئەوەی بتوانن تەڤگەرەکانی چەپی تورکیا و گروپە کوردییەکان لەخۆرهەلاتی ناوینەوە رابکێشێنە نێو زەمینەی ئەورووپاوە. چونکە ئەگەر ئەو تەڤگەرانە لەخۆرهەلاتی ناویندا بمێننەوە ئەوا ناچار دەبن روو لەوڵاتەکەی خۆیان بکەنەوە، ناچارن تێکۆشان بۆ خۆیان بەبنەما وەربگرن. لەخۆرهەلاتی ناویندا ئەگەر تۆ توانیت خۆت رێکخستە بکەیت و هێزی سەربازی خۆت دروست بکەیت ئەوا دەتوانیت خۆت بپارێزیت و کاربکەیت و بژیت، ئەو کاتە هەرکەس دان بەهەبوونی تۆدا دەنێت و قەدرت دەگرێت. ئەمە راستییەکی خۆرهەلاتی ناوینە.. ئەگەرنا ناتوانیت لەخۆرهەلاتی ناویندا بژیت و کەس تۆی قەبوڵ نییە، ئەگەر تۆ هێزێکی بەرخۆدانڤانی تۆکمە نەبیت ئەوا کەس رێزت لێناگرێت و شوێنت بۆ ناکاتەوە و پەسندت ناکات. ئەوەی لێرەدا بژێت ناچارە ئەم

هەنگاوە بهاوێژێت. ئیدی بۆ ئەوەی ئەو تەڤگەرانە لەخۆرهەلاتی ناوین نەژیێن و ئەوانەش کە چوونەتە ئەورووپاش نەبنە مەترسییەك بەسەریانەوە، پێویست دەکات ئەوانیش رابکێشینە ئەورووپا، ئیدی بۆیە ژەنراڵێکی تورك "حەیدەر سالتك" لەگەڵ دەوڵەتانی ئەورووپا بەهەماهەنگی کارێکی وەهایان بەڕێوە دەبرد، تاکو ئەو کادیر و رێکخستنانەی لەخۆرهەلاتی ناوینن رایانبکێشێنە ئەورووپا؟ لە ئەورووپاش هەموو هەوڵێکیان دەدا بۆ ئەوەی مالّیی (ترويض)یان بکەن، گەوهەری شۆڕشگێڕێتی و رۆحی شۆڕشگێڕێتی ئەوان بکوژن و رایانبکێشنە خەتێکی تەسلیمکاری و لە شۆڕشگێڕێتی و کار و خەبات بەدووریان بخەنەوە، بۆ ئەوەی چیدی مەترسی دروست نەکەن. ئیدی ولاتانی ئەورووپا و ئەو ژەنراڵەی تورك بەیەکەوە کارێکی وەهایان بەڕێوە دەبرد. بەمەش زۆر تەڤگەریان لەخۆرهەلاتی ناویندا راکێشایە ئەورووپا. ئەوانەی رایانکێشانە ئەورووپاش و ئەوانەش کە هەر خۆیان چووبوون بۆ ئەورووپا تەربیەیان کردن و پەرشوبلاوەیان پێکردن. ئیدی هەرکەسە و ژیانێکی شەخسی دایە پێشخۆی، بۆ ئەمەش دەوڵەتانی ئەورووپا توانستی بەوان بەخشی، بۆ ئەوەی لەژیانی رێکخستنی و کاری سیاسی دووربکەونەوە، تەنیا ژیانێکی شەخسی بۆ خۆیان بەبنەما وەرگرن و بتوێنەوە و کۆتاییان پێبێت. بۆیە هەم سیاسەتێکی وەهایان پراکتیزە کرد و هەمیش دەرفەت و زەمینەیان بۆ ئەمە پێشخست. ئیدی زۆر گروپ و تەڤگەریان بەم سیاسەت و ئیمکانییەت بەخشینە تواندەوە.

بێگومان خواستیان بەهەمان شێوە دەست بۆ ئێمەش ببەن و ئێمەش رابکێشنە هەمان زەمینەوە، دەیانخواست ئەمەش بەرێگەی "سەمیر" ئەنجام بدەن. لەرێکخراوی رێگای شۆڕشگێڕ (DEV-YOL)دا کەسێك بەناوی "تانەر ئەکچەم" هەبوو، ئەو کەسە پەیوەندی لەگەڵ "سەمیر" دروست کردبوو، بەرێگەی "سەمیر"ەوە دەیخواست تەڤگەری ئێمەش رابکێشێتە هەمان زەمینەوە. ئەمە چۆن ئەنجام بدات؟ مەگەر بتوانن پەیوەندی ئێمە لەگەڵ فەلەستینییەکان تێکبدەن، بۆیە "سەمیر" هەموو هەوڵێکی ئەوەبوو ئەو پەیوەندییە تێکبدات، کە تێکیشچوو ئێمە ناتوانین لەم زەمینەیەدا بمێنینەوە. لەو دۆخەشدا نەماندەتوانی بگەڕێینەوە کوردستانیش، ئەو کاتە رێگای ئەورووپاش کراوەتەوە، کەواتە دەبێت روو لە ئەورووپا بکەین. واتا بەمشێوەیە رێگەی مردنیان بۆ

ئێمه دەکردەوە. ئیدی سەرۆك ئاپۆ نەیهێشت ئەو پیلان و کارەی کەوا ئەوروپا و ژەنراڵەکەی تورك بەرێگەی "تانەر ئەکچەم" و "سەمیر" دەخوازن بەسەر ئێمەی دابسەپێنن، سەر بگرێت، ئەو پیلانەی بێکاریگەر کرد. بۆیە تەڤگەری ئێمە ڕووی لە ئەوروپا نەکرد، لە لوبنان و لەگەڵ فەلەستینییەکاندا مایەوە و لەنێو شەڕدا مایەوە و ئامادەکاری خۆی کرد و ڕووی لە وڵات کرد و گەڕایەوە وڵات...

لەکاتی ئامادەکاری بۆ هەڵمەتی (١٥)ی ئابی (١٩٨٤)دا، لەباشووری کوردستانیشدا لەساڵی (١٩٨٣)دا شەڕی براکوژی نێوان حزبەکانی باشوور لەپەرەسەندن دابوو. بێگومان ئەو شەڕانە زۆر زەرەر و قوربانی لێکەوتەوە، ئەو کاتە تەڤگەری (PKK) هەڤاڵان "محەمەد قەرەسوونگور، ئیبراهیم بیلگین" و چەند هەڤاڵێکی دیکە دەنێرێت بۆ ئەوەی وەك ناوبژیوانێك ئەو شەڕە ڕابوەستێنێت و ئاشتەواییەك لەنێوان حزبەکان بێتە ئاراوە، بەڵام کاتێك ئەو هەڤاڵانە خەریکی ناوبژیوانین لەنێوان ئەو حزبانەدا شەهید دەکرێن. بێگومان ئێستاشی لەگەڵدا بێت هیچ یەکێك لەو حزبانە ئاشکرای ناکەن کە بەڕاستی کێ ئەو هەڤاڵانەی شەهیدکردووە و هەریەکەیان دەیخەنە ئەستۆی ئەویتریانەوە. ئەوەی لێرەدا بپرسین ئەوەیە چەمکی "یەکێتی نەتەوەیی" لەلای تەڤگەری (PKK) بە چ واتایەك دێت و ئەو کاتە چۆن و بە چ شێوەیەك هەوڵی بۆ دەدرا؟ هەروەها بەگوێرەی زانیاری تەڤگەری (PKK) ئەم ڕووداوە چۆن ڕوودەدات؟

شەهیدبوونی ئەو هەڤالانە تا چەند کاریگەری لەسەر ئامادەکارییەکانی هەڵمەتی تێکۆشانی چەکداری (١٥)ی ئاب دەکات..؟

ئەو کاتە لە شامدا هەم پەیوەندی ئێمە لەگەڵ (ی ن ك)و هەمیش لەگەڵ (پ د ك) هەبوو، هەمیش لەگەڵ حزبی شیوعی ئێراقی (حشع) هەبوو، ئێمە دەمانخواست کە نێوانی ئەو هێزانەش باش ببێت، لەم پێناوەشدا هەوڵمان دەدا. هیچ کاتێك ئێمە یەکێکیان بە باش و ئەوەی ترمان بەخراپ نەدەبینی، یەکێکیمان نزیکی خۆمان نەدەکردەوە و ئەویتر لەخۆمان بەدوور نەدەگرت، ئێمە لەگەڵ هەمووشیاندا پەیوەندیمان پێشدەخست. لەو پەیوەندییانەشدا هەوڵمان دەدا کەوا بتوانین ناکۆکی نێوانیان هێدی هێدی نەهێڵین. کاتێك کە شەڕ لە نێوان "بەرەی جود" و "بەرەی جەوقەد"(٢)دا بەرپابوو، ئێمە پێشنیازمان بۆ هەر دوو لا کرد کە ئێمە ببینە واسیتە و ناوبژیوان لە نێوانیاندا، کە ئەو شەڕانە رابووەستن، هەردوولاشیان ئەم پێشنیازەیان پەسندکرد. لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە هەواڵمان بۆ ئەو هەڤالانەی کە لە وڵات بوون نارد و پێمانگووتن:" ئێمە لەگەڵ هەر دوو لایان قسەمان کردووە و هەر دوو لایان ئەوەیان پەسندکردووە کە ئێمە بکەوینە نێوانیانەوە و ناوبژیوان بین، با هەڤالان بچنە نێوانیانەوە" لەسەر ئەو بنەمایە هەڤالان "**محەمەد قەرەسوونگور، ئیبراهیم بیلگین، ئازاد و فوئاد**"، ئەم دوو هەڤاڵەی دواییان پاشان لە ئاگری شەهید بوون. ئەو چوار هەڤاڵە چوون لەگەڵ هەموو لایەنەکان دیدار ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی بکەونە نێوانیانەوە و ئەو شەڕە رابوەستێت و ئاشتی بەرقەرار بێت. ئیدی کە چووبوون (پ د ك)یان بینیبوو، پاشان چووبوون" **حزبی شیوعی ئێراق**"یشیان بینیبوو، بەرێدەکەون بۆ ئەوەی بچن (ی ن ك)ش ببینن، کاتێك کە دەچن (ی ن ك) ببینن ئەو کاتە شەڕێك لەنێوان (ی ن ك) و حزبی شیوعی روودەدات، لەو شەڕەدا هەڤالان "**محەمەد قەرەسونگوور و ئیبراهیم بیلگین**" شەهید دەکرێن و هەڤالان "**فوئاد**" و **ئازاد**"یش بە دیلی دەکەونە دەستی (ی ن ك). (ی ن ك) بەو هەڤالانە دەڵێت:" ئێمە نەمانزانی کە ئێوەن، لێمان ببوورن" ئیدی ئەو هەڤاڵە هەردوو هەڤاڵە شەهیدەکە لەگەڵ گوندنشینانندا بەیەکەوە

دەنێژن. لەبناری چیای قەندیلدا "شێخ عومەر" هەیە، ئێستاش لەژیاندا ماوە، ئەو هەڤاڵانە بەخاك دەسپێرێت، (ی ن ك) هەردوو هەڤاڵەکەی تریش بەردەدات. پاشان ئەو هەڤاڵانە هاتن و گەیشتنەوە هەڤاڵان.

بێگومان تاکو ئێستا روون نەبوومەتەوە ئەو هەڤاڵانە چۆن شەهید کەوتوون؛ بە ئەنقەست شەهیدیان کردوون یان بەنەزانی شەهیدیان کردوون. هێشتا دیار نییە، بەتەواوی نازانین، بەڵام بێگومان هەمووشیان دەیانزانی کەوا ئەوانە هەڤاڵن و هاتوون تاکو لەنێوان ئەو حزبانەدا بۆ ئاشتی کار بکەن، هەموویان ئەمەیان دەزانی، هەڤاڵان لەگەڵ (پ د ك) و حزبی شیوعی ئێراقی دیداریان ئەنجام دابوو و دەچوونە لای (ی ن ك) لەکاتی چوونیاندا شەڕێك لەنێوان ئەو حزبانە روودەدات. رێك لەکاتی ئەو شەڕانەدا شەهید بوون، دوو هەڤاڵیش کە شەهید نەببوون بە دیل گیرابوون و کەوتبوونە دەست (ی ن ك)وە. واتا بەدیار دەکەوێت کە ئەوانە بە گوللەی (ی ن ك) شەهید بوون. چونکە لە دیلبوونی ئەو دوو هەڤاڵەدا ئەمە بەدیار دەکەوێت، لەئاخافتنی هەردوو هەڤاڵیشدا هەر ئەمە بەدیار دەکەوت. واتا بە گوللەی (ی ن ك) شەهید کەوتوون، ئیدی ئەمە بە ئەنقەست بووە یان نا؟ ئێمە ئەوە نازانین.

ئەو کاتە هەر یەك لە (پ د ك) و (ی ن ك) دەیانخواست ئێمە ببینە تەرەف (لایەن) لە شەڕانەی نێوانیاندا. بێگومان هیچ کاتێك ئەمەمان پەسند نەکرد. چونکە ئێمە دەمانخواست ئاشتی لەنێوانیاندا فەراهەم بکەین، نەك ئێمە ببینە تەرەفێك، هەر لەبەر ئەمەش بوو ئەو شەهیدانەمان دا، ئەو هەڤاڵانە لە پێناو ئاشتی نەتەوەیی شەهید کەوتبوون، لەم پێناوەدا ئەو شەهیدانە درابوو، نەخاسمە دوای ئەو شەهیدبوونە هیچ نەمانەدەتوانی ببینە تەرەف، (ی ن ك) و (پ د ك) وەها لەمەسەلەکە نزیك دەبوونەوە، دەیانخواست ئێمە بکەنە تەرەف. بێگومان ئەوەمان هەرگیز پەسند نەکرد.

لەسەر ئەو رووداوە سەرۆك هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەیەکی پێشخست و نامیلکەیەکی نووسی، بۆ ئەوەی ئەو شەهیدبوونە بکاتە هۆی ئاشتی و یەکێتی نەتەوەیی، هەڵسەنگاندنەکە لەسەر ئەو بنەمایە بوو. هەڵبەتە نزیکبوونەوەی سەرۆك بۆ شەهید و شەهیدبوون بەمجۆرە بوو، هەر شەهیدبوونێك پێویستە ببێتە هۆی بەهێزکردنی رێکخستن و کار و خەبات و تۆکمەکردنی یەکێتی نەتەوەیی، بەمجۆرە مامەڵەی لەگەڵ

شەهیدبوون و شەهیدان کردووە، لەنێو (PKK)شدا هەروا نزیك دەبۆوە، بەهەمان شێوە لە شەهیدبوونی هەڤاڵ "محەمەد قەرەسوونگور"یش نزیك بووەوە، خواستی کە یەکێتی نەتەوەیی لەسەر ئەو شەهیدبوونە پێشبکەوێت، ئەو شەهیدبوونە ببێتە هۆی بەدیهاتنی ئەمە، ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە کارمان دەکرد. بێگومان ئێمە هەرچەندە هەوڵیشماندا بەئەنجام نەگەیشتین. چونکە ئەگەر لایەنەکان نیازی ئاشتییان نەبێت، نیازی یەکێتی نەتەوەییان نەبێت تۆ چەندە کاردەکەیت بیکە، کاری تاکلایەنە ئەنجام نادات، ئەوەی ئێمەش کاری تاکلایەنە بوو... لەنێوان (ی ن ك) و (پ د ك)شدا کێشەی جددی هەبوو، کێشەی مێژوویی هەبوو، زۆر شەڕی یەکتریان کردبوو، لەیەکتریان کوشتبوو، کێشەی نێوانیان مەزن بوو، بۆیە لەپێناوی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان هەنگاویان نەهاوێشت، لەبەر ئەوە ئێمە هەرچەندە هەوڵماندا و کارمانکرد کە ئاشتی لەنێوانیاندا بێتەدی و یەکێتییەکی نەتەوەیی تۆکمە بێتەکایەوە، بەڵام زێدە ئەنجامگیر نەبوو.

چەمکی ئێمە بۆ یەکێتی نەتەوەیی لە پەرتووکی "کێشەی رزگاری نەتەوەیی و رێگای چارەسەری"دا دەستنیشانمان کردبوو، نەك تەنیا بە تیۆری دەستنیشانمان کردبوو، بەڵکو بە پراکتیکیش خواستمان لە باکووردا هەموو باڵەکانی تەڤگەری کورد لەبەرەیەکدا بەیەکەوە بێنینە لای یەك لەم پێناوەدا زۆر کارمان کرد، بەڵام بە ئەنجام نەگەیشت. لەباشووریشدا لەنێوان (ی ن ك) و (پ د ك)دا شەڕ هەبوو، ئێمە هەڤاڵان "محەمەد قەرەسوونگور" و هەڤاڵانی دیکەمان نارد بۆ ئەوەی بکەوێتە نێوانیانەوە و شەڕی نێوانیان رابووەستێت و یەکێتی نەتەوەیی بێتەدی، ئەمەش هەر ئەنجامگیر نەبوو، ئەمانە هەموو بەدیار دەخەن کە بە چ شێوەیەك لە چەمکی یەکێتی نەتەوەیی نزیك دەبینەوە، ئێمە هیچ کاتێك خۆمان تەنیا لەبەرامبەر بەشێکی کوردستان بە بەرپرسیار نەبینیوە، هیچ کاتێك نەمانگووت:" تەنیا بەشێك کوردستانە و کارمان بە بەشەکانی ترەوە نییە..."ئێمە هەمیشە کوردستانمان بە هەرچوار پارچەکەیەوە بینیوە، هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوە بووە لەنێوان هەر چوار پارچەکەدا یەکێتییەك ئاوا بکەین و لەهەر شوێن و بەشێکدا تەڤگەری نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی بەهێز و تۆکمە ببێت. ئێمە ئەوەمان بەبنەما وەرگرتووە، ئەگەر تەڤگەر هەبێت ئەوا ئێمە بەهێزی بکەین،

ئەگەر نەبێت ئێمە تەڤگەرێك لەوێ پێشبخەین. ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە کارمان کرد و بەمشێوەیە لە مەسەلەی نەتەوەیی نزیك بووینەتەوە. ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە کارمان کردووە کە ناسنامەیەکی کورد، رۆحێکی کورد، یەکێتییەکی کورد، هۆشیارییەکی کورد بنیاد بنێین، لەنێوان لایەنەکانی تەڤگەری کورددا دووژمنایەتی و شەڕ نەبێت و هەموو کەسێك بۆ نەتەوەیی دیموکراتی کار و خەبات بکات، لەنێوان هەموو لایەنەکاندا پەیوەندی و رێککەوتن و هاوپەیمانێتی هەبێت، بۆ ئەوەی بەیەکەوە کار بکەین. ئەو ناخۆشییەی لەنێوان کورداندا هەیە نەهێڵین و کولتوورێکی دیموکراتییانە بئافرێنین و یەکدی پەسند بکەین، هەر کەسێك بەحزب و ژیان و کاری خۆی بەسەربەستی کار بکات، هەم هەر کەس و کاری خۆیان بکات و هەمیش هەموویان بەیەکەوە کار بکەن و هێزی خۆیان لەدژی داگیرکەری بخەنەگەڕ. واتا هیچ کاتێك ئێمە خۆمان وەك تەڤگەری تەنیا بەشێکی کوردستان نەبینیوە، بەڵکو خۆمان بە تەڤگەری تەواوی کوردستان بینیوە. ئێمە هەمیشە ئەوەمان بەبنچینە وەرگرتووە و وەها نزیك بووینەتەوە، بۆ ئەوەی تەڤگەری ئازادی لەتەواوی کوردستاندا پێشبخەین و بلاوی بکەینەوە و ئاستی هوشیاری و زانایی بەرزبکەینەوە و جموجۆڵ دروست بکەین، یەکێتی تەڤگەری کورد و یەکێتی گەلی کورد بئافرێنین...

ئەو گوللەیەی هەمیشە نەمرە...

پاش هەموو ئامادەكارییەكان، ئیدی لە (١٥)ی ئابی (١٩٨٤)دا قەڵەمبازی تێكۆشانی چەكداری دەهاوێژرێت. ئەو قەڵەمبازە چۆن و بە چ شێوەیەك ئەنجام دەدرێت؟ كاریگەری خۆی لەسەر تەڤگەری (PKK)، گەلی كوردستان، دووژمن چی دەبێت؟ هەروەها لەئاستی ناوچەكە و نێودەوڵەتیدا چ دەنگدانەوەیەكی دەبێت؟



شەهید ئەردال



شەهید بەدران

(محەمەد سەڤگات)

لەبنەڕەتدا ئامادەکارییەکانی هەڵمەتی (١٥)ی ئابی (١٩٨٤) هەم لەئاستی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و ڕێکخستنی، هەمیش بە پراکتیك سەرۆك ئاپۆ ئەنجامی دا. بەئامادەکارییەکانی سەرۆك ئاپۆ ئەو هەڵمەتە مێژووییە ئەنجام درا. پێکهێنانی ئەم هەڵمەتە لەپراکتیکدا هەڤاڵ "عەگید" ڕۆڵێکی مەزنی تێدا بینی، هەڤاڵان "ئەردال، بەدران، گوزلیکلی عەلی" و هەڤاڵانی دیکە لەگەڵ هەڤاڵ "عەگید" ڕۆڵێکی مەزنیان گێڕا و لەپراکتیکدا جێبەجێیان کرد. دوای ڕەنجی سەرۆك ڕەنجی ئەو هەڤاڵانەی تێدایە.

ئەم هەڵمەتە هەڵمەتێك بوو؛ دەبووایە زووتر ئەنجام بدرایە، بەڵام درەنگ کەوتبوو، دەبووایە بەگوێرەی ئامادەکاری و پیلاننامەی تەڤگەر زووتر پێکبهاتبایە، لەبەر ئەوەی بەگوێرەی ئەو ئەرکەی بەڕێوەبەرایەتی پراکتیکی لەئەستۆی خۆی گرتبوو هەنگاوی نەهاوێشت، بۆیە درەنگ کەوت، هۆکارەکەشی ئەمەبوو...

ئەو هەڵمەتە لەسەر بنەمای بە بیرهێنانەوە و یادەوەری شەهیدبوونی هەڤاڵان "مەزلوم دۆغان، محەممەد خەیری دوورمووش، کەمال پیر" ئەنجامدرا. لەبناخەی ئەو هەڵمەتەدا ئەمە هەیە، ئەو شەهیدبوونە ببووە هۆیەك کەوا هەڵمەتی (١٥)ی ئاب ئەنجام بدەین. بەم هەڵمەتەش خواستمان ئەو هەڤاڵانە هەر بەنەمری بهێڵینەوە، ئیدی بەم هەڵمەتە هەر بەنەمری مانەوە. شەهیدبوونی ئەو هەڤاڵانە وایکرد تەڤگەر هەڵمەتی (١٥)ی ئاب ئەنجام بدات، بەمەش لەمێژووی کوردستاندا قەڵەمبازێکی نوێی هاوێشت، لاپەڕەیەکی نوێی کردەوە، ئەو شەهیدبوونە لەو ئاستەدا بەم هەڵمەتە هاتەژیاندن، ڕۆحی "کەمال پیر، محەممەد خەیری دوورموش و مەزلوم دۆغان" بووە ڕۆحی هەڵمەتی (١٥)ی ئاب، لەسەر ئەم ڕۆحە ئەو هەموو هەنگاوە هاوێشترا.

بێگومان کاتێك بڕیاری پێکهێنانی هەڵمەتی (١٥)ی ئابمان دا، بڕیارماندا لەسێ شوێن" ئەروە، شەمزینان، چەتاخ"دا چالاکی ئەنجام بدرێت. وەك یەك و لەیەك کاتدا ئەنجام بدرێت. پێویستبوو بە سەرکەوتوویی پێکهاتبایە و تا ساتی ئەنجامدانی چالاکییەکان بەشاراوەیی ئامادەکاری بۆ بکرێت و کەس پێی نەزانێت، بۆ ئەوەی پووچەڵ نەکرێتەوە و بەسەرکەوتوویی ئەنجامگیر ببێت. هەروەها لەگەڵ ئەنجامدانی ئەو چالاکییە لە (١٥)ی ئابدا پێویستبوو هێزی ڕزگاری کوردستان (HRK)یش ڕابگەیەندرێت. (HRK) هێزی

سەربازی ئێمە بوو. ئیدی پێویستبوو بەم ناوە هەموو خەباتی سەربازی ئێمە پێشبکەوێت.

ئیدی بەم چالاکییە ئێمە تێکۆشانی گەریلاییمان رادەگەیاند و دەربازی شەڕی گەریلایی دەبووین. ئەمە لە چ کاتێکدا ئەنجام دەدرا؟ لەکاتێکدا کە لە تورکیا حوکمی فاشیستی و عەسکەرتاری هەبوو، بەرنامەی خۆی لەهەموو رووێکەوە بەڕێوە دەبرد، بە بەرخۆدانی هەڤالان "مەزلوم، خەیری، کەمال" و هەڤالانی دیکە ئەو حوکمە زەبرێکی مەزنی خواردبوو، بە هەڵمەتی (١٥)ی ئابیش پێویستبوو ئەو گورز وەشاندنە زیاتر ببووایە و ببووایە گورزی مردنی حوکمی فاشیستی و داگیرکەری. رێك لەو دۆخەدا ئێمە هەڵمەتی (١٥)ی ئابمان پێشخست.

تا ئەو کاتە دەنگی بەرخۆدانی زیندانی ئامەد هەبوو، وەکوتر زێدە دەنگێکی دیکە نەبوو، دونیا نەیدەزانی لە تورکیادا چی روودەدات و چی روونادات. هەر کەسێك وا تێدەگەیشت کە حوکمی (١٢)ی ئەیلول بەرنامەی خۆی بەڕێوە دەبات و سەریشدەکەوێت، کەسێك چاوەڕێی نەدەکرد لەدژی ئەو رژێمە وەها هەڵمەتێکی بەهێز، بەرخۆدانێکی مەزن پێشبکەوێت، نە زانیاری کەسێك هەبوو نە کەسێکیش لە هەلومەرجێکی وەهادا مەزەندەی شتێکی بەمجۆرەی دەکرد. لە تورکیادا تەڤگەری چەپڕەوی بەتەواوی تەسفیە ببوو، زیندانەکان هەمووی تەسلیم ببوون، هیچ رێکخستنێك نەمابوو، هەم لەتەڤگەری شۆڕشگێڕێتیدا، تەسفیەبوونێك لەئارادابوو هەمیش لەگەڵیدا ئیرادەیان شکێنرابوو. واتا بەرخۆدانێك لەئاستی تورکیادا نەبوو، بەتەواوی حوکمی فاشیستی زاڵ ببوو، هەر بۆیەش کەس باوەڕی نەدەکرد کە بەرخۆدانی و هەڵمەتێکی بەهێز و مەزن بێتەئاراوە، گرتن و ئەشکەنجە و کوشتن و زوڵمی مەزن هەبوو، لەسێدارەدان لەپەرەسەندن دابوو، سیاسەت هەمووی قەدەخە کرابوو، لەدۆخێکی بەمجۆرەدا قەڵەمبازی (١٥) ئاب ئەنجامدرا.

هەر بۆیە ئەم هەڵمەتە زۆر بەهێزەوە دەنگدانەوەی دا، لەسەر هەڤالانی ئێمەش کاریگەری خۆی هەبوو، لەسەر زیندانەکان، گەل، لەسەر رژێم و لەسەر رای گشتی دەرەوەش کاریگەری خۆی کرد. واتا هەموو کەسێك خواستی لەوە تێبگات کە ئەمە چییە و چی روودەدات؟ لەبەر ئەوەی زانیاری هیچ کەسێك نەبوو، کەسیش شیمانەی

نەدەکرد کە لەدۆخێکی وەهادا هەڵمەتێکی بەمجۆرە ئەنجام بدرێت. کاتێك کە ئەنجامیش درا هەر کەس شۆك بوو، خواستیان تێبگەن کە ئەمە چییە و چی نییە؟ هەموو کەسێك بەگوێرەی خۆی گفتوگۆی لەسەر ئەم هەڵمەتە دەکرد، کەسێك زێدە لەم هەڵمەتە تێنەگەیشت، بۆیە تاکو شیانکردەوە و لێی تێگەیشتن کاتێکی زۆری برد.

ئەم هەڵمەتە قەڵەمبازێکی مەزن و مێژوویی بوو، لەمێژووی تەڤگەری ئێمە و گەلی کورددا هەڵمەتێکی نوێ بوو. ئیدی مێژوویێکی نوێ دەستپێکرد، ئەو مێژووی کۆیلایەتییەش کۆتایی پێهات. چونکە ئێمە موداخەلەیەکی مەزنمان ئەنجام دا. لەگەڵ هەڵمەتی (١٥)ی ئابدا گەلی کورد لەجیهاندا خۆی راگەیاند کە؛ ئیدی کۆیلایەتی رەتدەکاتەوە، یان بە ئازادی دەژیت یان هیچ ناژیت، ئەوە راگەیاندنی ئەم بریارەبوو. بۆیە راگەیاندنی بریارێکی مەزن بوو، ئەو مێژووەی لەسەر سەری خۆی (سەراوژێر) بەرێوە دەچوو، خرایەوە سەر قاچی خۆی، ئیدی گەلی کورد لەهەموو روویێکەوە جڵەوی مێژووی خۆی خستەوە دەستی خۆی و دەیگووت:" من خاوەن مێژووی خۆمم، خۆم مێژووی خۆم دەنووسمەوە، ئیدی کەس ناتوانێت بەناوی من مێژوو بنووسێتەوە، مێژوویێکی رەش بنووسێتەوە. قەڵەمبازی (١٥) ئاب راگەیاندنی ئەمە بوو... (١٥)ی ئاب تاکو ئێستاش بەشێوەیەکی راست تێگەیشتن بۆی نەبووە، هەر کەس وا تێدەگات کەوا تەنیا هەڵمەتێکی عەسکەرییە، کەچی وەها نییە، لایەن و رەهەندی عەسکەری خۆی هەیە، بەڵام رەهەندی عەسکەری دوای هەموو رەهەند و لایەنەکانی دیکەی دێت. (١٥)ی ئاب هەڵمەتێکی سیاسی، ئایدیۆلۆژی، رێکخستنی، کولتووری، ئەخلاقی و عەسکەرییە... هەڵمەتی ژیانێکی نوێیە. واتا شەرکردنی داگیرکەرییە لەهەموو روویێکەوە، رەهەندە ئایدیۆلۆژی، سیاسی، کولتووری، ئەخلاقی و رێکخستنییەکەی لەپێش رەهەندە عەسکەرییەکەیەتی. (١٥)ی ئاب موداخەلەکردنی مێژوویێکە لەهەموو روویێکەوە. بۆیە هەر تەنها موداخەلەیەکی عەسکەری، یان چالاکییەکی عەسکەری نییە. وەکو گووتم؛ لایەن و رەهەندە عەسکەرییەکەی لەهەموو رەهەند و لایەنەکانی دیکەی ئەم هەڵمەتە کەمتر و لاوازتر و لەدواوەترە. لەبنەرەتدا زیاتر لایەنی ئایدیۆلۆژی، سیاسی، فەلسەفی، رێکخستنی، کولتووری، ئەخلاقی و دیموکراتی بەهێزترە، هەڵمەتێکی ئازادی و

دیموکراسییە، لەهەموو rووێکەوە خۆ دابڕاندن و پچڕاندنە لەکۆیلایەتی و دەسەڵاتداریێتی داگیرکەری، رابوونە لەسەر خۆهێزی (القوة الذاتية) و باوەڕ بەخۆکردنە.

هەندێك کەس دەڵێن:" یەکەمین گوللە" راستە یەکەمین گوللەیە. لەبنەمادا؛ لە (١٥)ی ئابدا (PKK) گوللەی لەخۆی دا، واتا لەکوردانی دا. بۆ ئەوەی کورد لەکۆیلایەتی دەربکەوێت، بۆ ئەوەی ئەو ژیانە رێکبکاتەوە. ئیدی (١٥)ی ئاب ئیرادەی ئەم رابوونەیە، لەبنچینەدا کورد بە (١٥)ی ئاب رابووە سەر پێیان. واتا (١٥)ی ئاب هۆشیارکردنەوە و هەستاندنە سەر پێی گەلی کوردە، هەم لەبیر و راماندا و هەمیش لەدڵدا تێکدان و نەهێشتنی ئەو ترس و سەنگەرەی داگیرکەرییە کە دەوڵەت لەئەقڵ و هۆشی کورداندا دروستی کردبوو، (١٥)ی ئاب بەو واتایە دێت. ئیدی لەگەڵ (١٥)ی ئابدا گەلی کورد ئەو پەردەی هەبوو شکاندنی، ئەو ژیانەی تێیدا دەژیا رەتیکردەوە، مەودا (مسافة)یەکی خستە نێوان خۆی و داگیرکەرییەوە، گووتی:" ئیدی من لەهەموو rووێکەوە داگیرکەری رەتدەکەمەوە و پەسندی ناکەم، ئەو ژیانەی کە شایستەی منیان بینیوە رەتیدەکەمەوە، ئیدی خۆم ژیان بۆخۆم دەستنیشان دەکەم، خۆم بۆخۆم ژیانێك هەڵدەبژێرم. ئیدی (١٥)ی ئاب گوزارشت لەمانە دەکات... لەهەموو rووێکەوە خۆ ئازادکردن بەبناخە وەردەگرێت، بۆیە (١٥)ی ئاب هەڵمەتێکی ئازادی و دیموکراتییە.

(١٥)ی ئاب حوکمی فاشیستی هەژاند. بۆیە کە هەڵمەتی (١٥)ی ئاب دەستیپێکرد، لەسێدارەدان هەمووی راوەستا، ئەگەر (١٥)ی ئاب نەبایە لەسێدارەدانێکی زۆر پراکتیزە دەکرا، بەڵام بەهەڵمەتی (١٥)ی ئاب هەموو لەسێدارەدانێك راوەستا، هەروەها ئەشکەنجەدان زۆر کەم بووەوە، رێگای سیاسەت کرایەوە، رێگای دیموکراسییەت لە تورکیادا کرایەوە، ئەو رێکخراو و پارتی و سەندیکایانەی داخرابوون سەر لەنوێ کرانەوە، حوکمی فاشیستی ناچاربوو جارێکی دیکە بیانکاتەوە، هەر خۆی دایخستبوو، هەر خۆیشی کردینەوە، "سلێمان دیمیرەل" و "بوڵەند ئەجەوید" و ئەوانە هەموویان لە زینداندا دەرکەوتن و دەستیان بەکاری سیاسی کردەوە. ئەگەر پاشان بوون بە سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران ئەوا (PKK) ئەوانی کردە سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران. ئەگەر هەڵمەتی (١٥)ی ئاب نەبووایە، ئەوا ئەو دەرگایانەی زیندان بۆ ئەوان نەدەکرایەوە و ئەو پارتییانە جارێکی دیکە رێگەی کاری سیاسییان پێنەدەدرا.

بۆیــه (١٥)ی ئــاب هەڵمــەتێکی دیمــوکراتی مەزنــە، چــونکە ڕێگــەی دیمــوکراتی و دیموکراتیزەبوونی کردەوە، ڕێگای ئازادی کردەوە، چونکە حوکمی فاشیستی ترسا لەوەی کە ئەگەر کاریگەری ئەو هەڵمەتە لە تورکیاشدا هەبێت ئەوا گەلی تورک، هێزە لیبراڵ و دیموکراتیخوازەکان و هەر کەسێك کە لـەدژی حـوکمی فاشیـستە لەگـەڵ هەڵمـەتی (١٥)ی ئابـدا دەبێتـە یـەك، بـۆ ئـەوەی نەبنـە یـەك، بـۆ ئـەوەی بـەرەی تـورکی (لای تورکیـا) بەساخی بمێنێتەوە و لەدەستیان نەڕوات و لـەدژی کوردان بـەکاریان بهێـنن، ئـەوا ئـەو لەسێدارەدانانەیان ڕاوەستاند، ڕێگای کاری سیاسییان کردەوە، زۆر کەسیان لە زیندانیشدا ئازاد کرد، جارێکی دیکە دەرفەتیان پێدان کە دەست بەکاری خۆیان بکەنەوە، بۆ ئـەوەی گەلی تورکیا لەگەڵ کوردان و (PKK) نەبنـە یـەك. ئەمـە بـۆ ئـەو مەبەسـتە بـوو... بـۆ ئـەوەی بـەرەی تورکیـا بـۆ خۆیـان ساخڵەم بکـەن. چـونکە (١٥)ی ئـاب جورئـەت و بـیر و باوەڕییەکی بە گەل بەخـشی، نـەك تـەنیا گـەلی کـورد، بـەڵکو گـەلی تـورکیش بـینی کـە شۆڕشگێڕێتی هێشتا نەمردووە. ئەمەی بینی، ئەگەر مرۆڤ سوور بێت لەسەر بـەرخۆدان ئـەوا دەکـرێ سـەرهەڵدان سـەرهەڵبداتەوە. ئیـدی ئەمـە ئیرادەیـەکی بـۆ چـەپی تورکیـا ئافراند، جەماوەر و باوەڕی و موراڵی پێدان. چەپی تورکیا لەدۆخی تەسفیەبووندا بـوو، لەمە جورئەتی وەرگـرت، کـە دەتوانێـت خـۆی کۆبکاتـەوە، بـەمجۆرە هەنـدێك هـەنگاوی هاوێشت.

، ئاب لەسەر گەلی کورد کاریگەرییـەکی زۆر مـەزنی کـرد، چـونکە لەمێـژووی گـەلی کـوردا یەکـەمجار بـوو کـە گـەلی کـورد بـەئامادەکاری و بەرێکخـستنی و بـەئیرادە و بەبڕیارەوە شەڕێکی گەریلایی ڕابگەیـەنێت. ئەمـە لەمێـژووی کوردانـدا یەکـەمجار بـوو، ئەمـەش ـوڕاڵ و باوەڕییـەکی بـەهێزی دایـە گـەل، کـە دەتوانێـت لـەدژی داگیرکـەری فاشیستی تورك تێبکۆشێت، بۆیە هەر ئەو کاتە لە زۆر شوێندا خەڵك و جەماوەر چوونە سەر چیاکان، چوون بۆ ئەوەی شەڕیش بکەن، ئەو هەڵمەتە باوەڕییەکی وەهای ئافرانـد. لە کوردستاندا ڕێگیری لەسێدارەدان کرد، وەها نەبایە زۆر لە هـەڤاڵانیان لەسـێدارە دەدا، ڕێی لەپێش ئەو ئەشکەنجە و وەحشییەتە گرت، مۆڕاڵ و باوەڕی و ئیرادەیـەکی تۆکمـەی ئافرانـد، ئـەو ترسـە مەزنـەی کـە لـەنێو گـەلی کـوردا هـەبوو شـکاندی و بەتـەواوی

نەیهێشت، لەدژی داگیرکەری لەهەموو رووێکەوە پێهەلگرتنی پێشخست و کاریگەرییەکی مەزنی کرد.

لەجیهانیشدا؛ هەر کەس دەیگووت:" حوکمی فاشیست بەرنامەی خۆی بەڕێوە دەبات و سەردەکەوێت، کەچی ئەو کاتەی کە پێیان وابوو ئیدی حوکمی فاشیستی ئەنجامگیر دەبێت، کەچی تەڤگەرێکی بەهێز سەریهەڵدا. بینیان کە کوردان دەبێژن:" ئیدی ئێمە هەین و بە ئیرادەیەکی تۆکمەوە دەچینە سەر شانۆی ژیان" ئەمەیان بینی. زۆر کەس دەیانگووت:" تەمەنی ئەو تەڤگەرە زێدە نابێت.." ئیدی دەیانگووت؛ تەمەنی بیست و چوار کاتژمێرە... چل و هەشت کاتژمێرە... نازانم چەندە... بەلام پاشان بینیان کە وەکو ئەوان مەزەندەی بۆ دەکەن وەها نییە و تەڤگەرێکی ساتەوەختی نییە، بینیان کە تەڤگەرێکی ئازادی و دیموکراسیی رەگداکوتاوە و بەردەوامی خۆی هەیە، تا دێت هەنگاویش دەهاوێژێت، ئەمەش باوەرپییەکی مەزنی بە کەس و هێزە دیموکراتیخواز و سۆسیالیستەکان بەخشی. لەبەرەی داگیرکەرانیشدا تا دەهات ترسیان زیاتر دەبوو... کاریگەری هەڵمەتی (١٥)ی ئاب بەمجۆرە بوو.

لەو چوارچێوەیەدا؛ ئەمڕۆ مرۆڤ رۆڵی فەرماندارێتی هەڤاڵ "عەگید"، ئەو کەسێتییەی لەپراکتیکدا ئەو هەڵمەتەی بەسەرکەوتن گەیاند، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ لەکاتێکدا لەسایەی حوکمی فاشیستی و عەسکەرتاریدا هەموو شتێك لەژێر ترس و تۆقیندا بوو، فاشیزم تا ئەو ڕادەیە لە تەشەنەسەندن دابوو، کەسێتی هەڤاڵ "عەگید" وەك فەرماندەیەك دەرکەوتەڕوو... پێشتر کورد خاوەنی کەسێتی فەرماندەیی بەمجۆرە نەبوو. واتا لەشەخسی هەڤاڵ "عەگید"دا فەرماندارێتی کوردان دەئافرێت... مرۆڤ چۆن ئەمە هەڵدەسەنگێنێت؟

کاتێك کە مرۆڤ دەبێژێت (١٥)ی ئاب، دوای سەرۆك ئاپۆ، هەڤاڵ عەگید (مەعسوم قۆرقماز) بەبیری مرۆڤدا دێت. بۆچی؟ چونکە لەپراکتیدا ئەو ئەو هەڵمەتەی پێکهێنا و هەمیش بەسەرکەوتوویی پێکیهێنا، بۆیە رەنجێکی مەزنی تێدا هەیە و (١٥)ی ئاب بە هەڤاڵ "عەگید" دەناسرێت. چونکە خودی خۆی بەشداری چالاکییەکەی "ئەروه" بوو، ئەو چالاکییەش بەسەرکەوتوویی دەرباز بوو. لەبەر ئەوە (١٥)ی ئاب بە هەڤاڵ "عەگید" دەناسرێت، بەر لەو هەڵمەتەش لەپێڤاژۆی پروپاگەندەی چەکداریشدا هەڵمەتی پروپاگەندەی چەکداری لە هەرێمی بۆتان پێشخست. لەپێکهێنانی ئەرکی ئەو هەڵمەتەدا، لە پێشخستنی ئامادەکاری بۆ تێکۆشانی گەریلاییدا رۆڵێکی تایبەتی ئەو هەڤاڵە هەیە، بۆیە لەهەڵمەتی (١٥)ی ئابدا رۆڵی خۆی لەهەموو کەسێك زیاتر بینی. ئەگەر پێش ئەوە رۆڵی خۆی نەگێڕابایە ئەوا لەو هەڵمەتەشدا رۆڵێکی وەها مەزنی نەدەبینی.

لەژیانی هەڤاڵ "عەگید"دا هەمیشە ئەرك بەبنچینە وەرگرتن و تەواو مافدان بەو ئەرکەی لەئەستۆی دایە، هەیە. هەر ئەرکێکی دابێتە پێشخۆی سەرکەوتنی لەو ئەرکەدا بەبنەما وەرگرتووە، تا ئەنجامی بەدەستخستووە ئینجا دەستبەرداری بووە. لەبەر ئەمە ۰ ڤاڵ "عەگید" ئەو ئەرکەی تەڤگەر پێی سپاردبوو هەمیشە بۆ خۆی بەپیرۆزی ی و پێداگری لەسەر دەکرد تا سەرکەوتنی بەدەستدەهێنا، ئەمەیە کەسێتی هەڤاڵ عەگید".

هەڤاڵ "عەگید" رێبازی ئایدیۆلۆژی و رێکخستنی و عەسکەری ئەم تەڤگەرەی بۆ خۆی بەبنەم وردەگرت، خۆی تێدا قووڵدەکردەوە، هەروەها نوێی دەکردەوە، بەتەواوی بەگوێرەی پێداویستی رێباز دەژیا، رێبازی تەڤگەر پێویستی بە چ هەیە، ئەوەی دەستنیشان دەکرد و دەیدایە پێشخۆی و دەیخواست ئەوە جێبەجێ بکات و لەمەشدا پێداگری دەکرد، کەسێتی ملیتانێتی ئەم تەڤگەرەی بەبنەما وەردەگرت، لەژیان و پراکتیکی خۆیدا جێبەجێی دەکرد، کەسێتییەکی وەها بوو.

چونکە ملیتانێتی ئەم تەڤگەرە بەتەواوی لەسەر دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانی ئەم تەڤگەرە و خستنەپێشخۆی ئەو پێداویستییە و دابینکردنی ئەو پێداویستییە

بنیادنراوە. ملیتانێتی ئەم تەڤگەرە بەتەواوی لەسەر ئەو بنچینەیەیە، ئەگەر تۆ ملیتانێتییەکی وەها بەبنچینە وەربگریت، ئەوا ملیتانێتییەکی مەزنە، ملیتانێتییەکە بەردەوام پێشکەوتن و سەرکەوتن بەدیدەهێنێت. لەو ملیتانێتییەدا زێدە بەفیڕۆدان (خەسارکردن) نییە، یەکێك ئەو ملیتانییەی لەخۆیدا ئاواکرد بێت ئەوا خۆی بۆ خۆی ئەرك و تەعلیمات دروست دەکات. کەسێکی بەمجۆرە هەرگیز لەئامانجی ڕێکخستن دوور ناکەوێتەوە، لەڕێباز و تاکتیك و ئەرکی ڕێکخستن دوور ناکەوێتەوە، بۆ کەسێتی وەها تەعلیمات هەبێت یان نەبێت، چاودێری هەبێت یان نەبێت، ئەوا خۆی بۆ خۆی چاودێری ئەرك و تەعلیماتیش دەکات. هەر بۆیە ملیتانێتی بەمجۆرە بەردەوام سەرکەوتن و پێشکەوتن دێنێتە ئاراوە، ئیدی کەسێتی هەڤاڵ "عەگید" کەسێتییەکی بەمجۆرە بوو، بەرجەستەکردنی ملیتانێتی تەڤگەری (PKK)ی لەکەسێتی خۆیدا بەبنەما وەرگرتبوو. ئەوەی هەڤاڵ "عەگید" کردی ئەمەیە، هیچ کاتێك هەڤاڵ "عەگید" بە ئەمر و تەعلیمات و چاودێریکردن تێکۆشانی گەریلایی پێشنەخست و چالاکی ئەنجام نەدا، بەڵکو هەوڵی دەدا تێبگات کە کێشەی گەریلا و گەریلایی چییە و چۆن چارەسەری بکات؟ چۆن گەریلایی و شەڕ مەزن بکات، پێداویستی کار و تەڤگەر چۆن پێك بێنێت؟ هەمیشە ئەوەی بۆ خۆی بەبنەما وەرگرت و لەسەر ئەمە پێداگری کرد و لێی تێگەیشت و هەنگاوی بۆ هاوێشت، لەبەر ئەوەش بوو هەنگاوەکانی هەنگاوی پێشکەوتن و سەرکەوتن بوو و بەردەوام ژیان و بەهای قازانج کرد. ملیتانێتی (PKK)ی لەژیان و پراکتیکدا پێکهێنا، ئەوەی "عەگید"ی کردە "عەگید" ئەمەیە، "عەگید" وەها بووە "عەگید". چونکە ئەگەر تۆ بەتەعلیمات و ئەمر و چاودێریکردنەوە کار و خەبات بکەیت زێدە هونەری تێدا نییە، ئەمە هەر کەس دەتوانێت بیکات، کەسێکی نا ڕێکخستنیش تۆ کاری پێ بسپێریت کەمێك دەیکات. ملیتانێکی تەڤگەریش ئەگەر تەڤگەر ئەرکێکی پێ بسپێرێت ئەوا مسۆگەر دەیکات، تەنانەت کەسێکی نا ملیتانیش ئەگەر تەڤگەر ئەرکی پێ بسپێرێت دەیکات. ملیتانێتی جودایە، ملیتانێتی بە ئەمر و تەعلیمات و چاودێریکردن نابێت، بە توانستدان نابێت، ملیتانێتی ئەوەیە کە بەتەواوی خۆی بەئامانجەوە کلیل دەدات، بۆ ئەوەی ئەو ئامانجەش پێك بهێنێت پێداویستی ئەو ئامانجەش دەستنیشان دەکات و دەیداتە پێشخۆی و پێکیدەهێنێت. هەمیشە توانست و

ئیمکانییەت پێشدەخات، ملیتانێتی وەها دێتەدی. یەکێك ملیتانییەکی وەهای بەبنچینە وەرگـرت، دەتوانێـت ملیتـانێتی ئـەم تەڤگـەرە لەخۆیـدا بەرجەسـتە بکـات. چـونکە ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەی ئەم تەڤگەرە ملیتانێتییەکی بەمجۆرە دەخوازێت. "عەگید" ئەو ملیتانێتییەی لەخۆیدا بەرجەستەکرد. بەو ملیتانێتییە ژیا و خەباتی کرد.

بۆیـە لـەپراکتیکی هـەڤاڵ "عەگیـد"دا بـەردەوام رێکخسـتن و گـەریلا بـەرەو پێشەوە دەچوو. ئیـدی ئەمـە چـی بـوو؟ سـەرۆك و رێبـازی سـەرۆك بـاش تێگەیشتن و بـاش بەرجەستەکردنی بوو. بۆیە بووە رۆحی سەرۆك، بۆیـە سـەرۆك بەهایـەکی مـەزنی بەو هەڤاڵە دەدا. چونکە لـەو هەڤاڵەدا تەڤگەر هەمیشە هەرچییەکی دەدایە دەستی ئـەوا پێشیخست و مەزنی کرد و گەیاندییە سەرکەوتن، هیچ کاتێك لەشەخسی ئـەو هەڤاڵەدا شت بەفیڕۆ نەدەچوو، یـان کـەم نـەدەبوو... ئیـدی ئەمـە ملیتـانێتی ئایـدیۆلۆژیای ئـەم تەڤگەرەبوو، لەپراکتیـدا بەرجەستەکردنی ئەمـە بـوو، لەکەسـێتی هـەڤاڵ "عەگیـد"دا کەیفییـەت (میزاجییـەت) نـەبوو، ژیـانێکی تـاکڕەوێتی نـەبوو، یـاری بـە بەهایـەکان نەدەکرد، بەتەواوی ژیانێکی رێکخستنی هەبوو، تێیدا دیسپلین و پێوانـە و جددییـەت و بەرپرسیارێتی و هوشیاری و دانـایی هـەبوو، بـە کێماسـی و هەڵـەوە نـەدەژیا، بـەڵکو بێ دوودڵی رەخنـەی کەماسـی و هەڵـەکانی دەکـرد و بـەلاوەیانی دەنـا، بـەردەوام شـەرڤان و کادیرانی پێشدەخست و مەزنی دەکردن و نەیدەهێشت بەکێماسی و لاوازی بژین، بەهای گـەل و تەڤگـەری دەخـستە خزمـەتی تەڤگـەر و گەلـەوە، بەمـەش تەڤگـەری پـێ مـەزن دەکرد، هیچ کاتێك بۆ خـۆی یـەکاری نـەدەهێنا، هـیچ کاتێـك ژیـانێکی شەخـسی نەدایە پێـشخۆی، لـەدژی کۆنەپەرسـتی و میللیگـەرایی و داگیرکـەری تێکۆشـانی دەکـرد و رەتیدەکردنەوە، ژیانی خۆی بەتەواوی خستبووە خزمەتی ئازادی و لـەپێناو ئـازادی ژیـا و لەپێناو ئازادیشدا شەهیدبوو، لەدەرەوەی ئەمە هیچ ژیـان و مردنێکی دیکـەی پەسـند نەدەکرد، لەژیانی خۆیدا زۆر سادە بوو، سادەبوونی بەبنـەما وەردەگـرت، بـە توانـستێکی کەم و هەیی خەباتی دەکرد و دەژیا، بەو توانـستە کەمـە توانـستی مـەزنتر و بـەهێزتری دەردەخست و بەبنەمای وەردەگرت، هەمیشە لەخۆیدا هوشیاری و دانایی و زانـستبوونی پێشدەخست و خۆی لەرووی سیاسی و رێکخستنی و عەسکەری و فیکری و ئایدیۆلۆژییدا بـەهێزتر دەکـرد، ئیـدی لەهـەموو رووێکـەوە خـۆی بـەهێز دەکـرد و نـوێی دەکـردەوە،

هەمیشە ڕێباز و تەفگەر و پێداویستی تەفگەری بۆ خۆی بەبنەما وەردەگرت، هەروەها ئیمکانییەتی تەفگەریشی بۆ پێداویستی ڕێباز دەخستەگەڕ.

لە کەسێتی هەڤاڵ "عەگید"دا فیداکاری و جوونەتێکی مەزن هەبوو، هەموو ژیانی خۆی لەگەڵ هەڤالانی دەگوزەراند، چ لەکاتی مەترسیدا، چ لەکاتی هەبوونی ئیمکانییەتدا و چ لەکاتی بێ ئیمکانییەتیشدا، هیچ کاتێك خۆی لەدەرەوەی هەڤالانیدا و لەسەر هەڤالانیدا نەدەبینی، هەرچییەکی بۆ خۆی بەشایستە بینیبایە بۆ هەڤالانی خۆیشی بەشایستە دەبینی، هەرچییەکی بۆ هەڤالان بەشایستە دەزانی بۆ خۆیشی بەشایستەی دەزانی، کەسێکی وەها بوو، لەهەموو ڕوویەکەوە ڕێباز و ڕۆحی سەرۆکایەتی بەبنەما وەرگرتبوو، لەخۆیدا بەرجەستەی کردبوو. هەر بۆیە لەپراکتیدا کاری مەزنی ئەنجام دەدا، سەرۆکیش بەردەوام بەها و ڕێزی دەدایە هەڤاڵ "عەگید".

کاتێك کە شەهید بوو سەرۆك ئاپۆ گووتی:" من لایەکی خۆم لەدەست دا، بۆ بیرەوەری ئەو هەڤاڵەش مەزنکردنی سوپا (ئارتەش)ی گەریلا و شەڕی گەریلایی بەبنەما وەرگرت، بۆ ئەوەی ئەو هەڤاڵەش هەر لەنەمریدا بمێنێتەوە. بەمجۆرە لەشەهیدبوونی هەڤاڵ "عەگید" نزیکبووەوە. بە شەهیدبوونی هەڤاڵ "عەگید" بەسوپابوون (بەئارتەشبوون)ی گەریلای پێشخست، بەمشێوەیە وەڵامی شەهیدبوونی هەڤاڵ "عەگید"ی دایەوە...

بەگوێرەی ئەو پلانسازییەی ئەو کاتە هەبوو، پێویستبوو لەگەڵ هەڵمەتی (١٥)ی ئابدا، بەرەی ڕزگاری نەتەوەیی کوردستان (ERNK)ش ڕابگەیەندرێت، بەڵام وەکو دیار دەبێت لەو کاتەدا ئەو بەرەیە ڕانەگەیەنرێت. بۆچی ئەو بەرەیە لەو کاتەدا ڕاناگەیەنرێت؟

کاتێك ئێمە لە(١٥)ی ئابدا هێزا ڕزگاریا کوردستان (HRK)مان ڕاگەیاند، دەبووایە ئەنیا ڕزگاریا نەتەوا کوردستان (ERNK)ش ڕاگەیەنرابایە، ئێمە گەریلامان ڕاگەیاند و

دەربازی قۆناخی گەریلایی دەبووین، پێویستبوو بەرە (ERNK)ش رابگەیەنرایە و (HRK)ش بباتە هێزی ئەو بەرەیە. پێویستبوو لەژێر چەتری بەرەدا پێشبکەوتبایە. ئێمە بڕیارێکی وەهامان وەرگرتبوو، دەبووایە ئامادەکارییەکانیش لەسەر ئەو بنەمایە پێشبکەوتبایە، ئامادەکارییەکانیش دەبووایە تا (١٥)ی ئاب تەواو ببووایە، ئێمە ئەرکی ئامادەکردنی بەلاغی دامەزراندنی (ERNK)مان بە فاتمە (کەسیرە یڵدرم) سپارد بوو، کە پێویستبوو "فاتمە" ئامادەکاری بکردایە، "فاتمە" خۆی ئەمەی خواست و گووتی:" دەخوازم من ئەو بەلاغە ئامادە بکەم" نەك تەنیا وەك بەیاننامەیەك بوو، بەڵکو پێویستبوو وەکو جاڕنامەیەك ئامادە بکرایە. واتا وەك ناميلكەيەكی بچووك ئامادەمان بکردایە، بەڵام "فاتمە" ئەمەی ئەنجام نەدا. ئەو خۆی ئەرکی ئامادەکردنی دابووە سەر ئەستۆی خۆی و کەچی خۆیشی پێکینەهێنا، لەبەر ئەوەی پێکینەهێنا، ئێمەش ناچاربووین تەنیا (HRK)مان راگەیاند. بۆیە (ERNK) رانەگەیەنرا، کەچی دەبووایە ئەو بەرەیەشمانە ئەو کاتە راگەیاندبایە.

بۆیە راگەیاندنی (ERNK) مایەوە، تا لە یەکەم رۆژی نەورۆزی (١٩٨٥)دا راگەیەندرا. کاتێك بۆ ئەمە ئامادەکاری تەواو نەبوو، ئەو جاڕنامەیە رانەگەیەندرا. چونکە هەر تەنیا جاڕنامە نەبوو، پێویستبوو هەندێك کادیریش بۆ ئەم بەرەیە ئامادە بکرایە، هەندێ کۆبوونەوە لەم پێناوەدا ساز بدرایە، بۆ ئەوەی کە (ERNK)مان راگەیاند ئەوا دەست بەکاری رێکخستنی خۆی بکات، لەم رووەوە ئەو ئامادەکارییەشی بۆ نەکرابوو. بەمشێوەیە ئەگەر تۆ (ERNK) رابگەیەنیت زێدە واتای خۆی نەدەبوو، بەڵام سەرەڕای ئەمەش لەبنەڕەتدا ئێمە دەمانتوانی هەر رابگەیەنین، رانەگەیاندنی (ERNK) لەو کاتەدا خەتایەك بوو، چونکە ئێمە دەمانتوانی بەو شێوەیەش رابگەیەنین، ئێمە گووتمان:" ئامادەکارییەکانی نەکراوە با بمێنێت تا ئەو ئامادەکارییانە تەواو دەبن. پاشان ئێمە رایبگەیەنین" بۆیە ئێمە نەورۆزی ساڵی (١٩٨٥)مان گونجاو بینی کە لە نەورۆزدا رابگەیەنین...

دوای ڕاگەیاندنی هەڵمەتی (١٥)ی ئاب هەڵوێستی دەوروبەری تورکیا، هێزە چەپڕەوەکانی تورکیا، هێزە کوردییەکان لە باکوور و باشووری کوردستان لەبەرامبەر ئەو هەڵمەتە چی بوو؟ چۆن هەڵمەتی (١٥)ی ئابیان هەڵدەسەنگاند؟

پارتەکانی کورد هیچ یەکێکیان لەو هەڵمەتە تێنەگەیشتن و باوەڕیشیان بەو هەڵمەتە نەبوو، ئیدی هەندێکیان دەیانگووت:" ئەشقیاکان (یاخیبووەکان) ئەو چالاکییەیان ئەنجامداوە" هەندێکی تر دەیانگووت:"(PKK) ئەنجامی داوە، بەڵام ناتوانێت بەردەوامی پێبدات" واتا ئەو هەڵمەتەیان پەسند نەکرد و لەدژی راوەستان، دەیانخواست کاریگەرییەکەی بشکێنن. چونکە نەیاندەتوانی ئەو هەڵمەتە داقورتێنن، لەبەر ئەوەی ئەو هەڵمەتە زەبرێکی مەزنیشی لەوان دابوو، هەر خۆیان بێهێز ببوون و نیازێکی ئەوتۆیان نەبوو کار و خەباتێك بکەن، (١٥)ی ئابیش کاتێك ئەنجامدرا، زەبرێکی مەزنی لەچەمکەکانی ئەوان دا، وەك بڵێی مردنی ئەوانی لەگەڵ خۆیدا هێنابێت، بۆیە نەیانتوانی پەسندی بکەن و دایقورتێنن. هەر بۆیەش لەدژی ئەو هەڵمەتە راوەستان، هەندێکیان بەکارێکی بێ بەهایان لەقەڵەم دەدا و هەندێکی تریش بەکارێکی بچووکیان دەزانی، هەندێکی تریش دەیانگووت:" ئەم هەڵمەتە بەردەوام نابێت". هەبوون دەیانگووت:" ئەمە کۆمەڵکوژی کوردان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت" هەشبوون دەیانگووت:" ئەوا ئەو هەڵمەتە ئەنجامدرا و ئیدی کۆتایی پێهێنرا، ئیدی (PKK) کۆتایی بەخۆی دێنێت".

لەباشووریشدا (پ د ك) زۆر تووڕە ببوو، چونکە بەبێ ئەوان ئەو هەڵمەتە ئەنجامدرابوو، دوای هەڵمەتەکە گووتیان:" ڕێککەوتنێکی نێوان ئێمە هەبوو، ئێوە ئێمەتان هیچ ئاگادارنەکردەوە، ئێوە بۆ ئەو هەڵمەتەتان دەستپێکرد؟ پێویستبوو ئێوە بەئێمەتان بگووتبایە، ئەگەر بەئێمەتان بگووتبایە لەوانەبوو ئێمە هێزمان دابایە ئێوە!!" واتا بەمشێوەیە تووڕەبوونی خۆیان نیشان دا، پاشانیش تا دەهات پەیوەندیان لەگەڵ ئێمە لاواز دەکرد و دەپچڕاند، لەبەرامبەریشدا پەیوەندی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی

تورکیادا بەهێز دەکرد. تەنانەت ئێمەیان لەباشوور قەدەغەکرد و گووتیان:" پێویستە ئێوە لەباشوور نەمێنن، لەهەر کوێیەك ئێوە ببینین قبوڵی ناکەین" تەنانەت نەیانهێشت ئێمە لەباشووردا بژین و کامپ بکەینەوە، لەهەر کوێیەك هێزەکانی ئێمەیان ببینایە دەچوونە سەریان، نزیکبوونەوەیەکی وەهایان نیشاندەدا. لەباکوور هەندێك پەیوەندی خۆیان هەبوو، بانگیانکردن و قسەیان لەگەڵ کردن، ئەوانیش چوون چەکیان وەرگرت لەدژی ئێمە بوونە چەتە (جاش). واتا نزیکبوونەوەی (پ د ك) بۆ هەڵمەتی (١٥)ی ئاب وەهابوو. دیاربوو کە نەیاندەخواست هەڵمەتێکی لەمجۆرە پێشبکەوێت. لەباکووردا خەباتێکی بەمجۆرە پێشبکەوێت، بەمە تووڕەبوو، تووڕەبوونی خۆیشی بەمشێوەیە نیشان دا.

هەڵبەتە لەباکووریش ئەو پارتانەی کە هەبوون هیچ هێزێکیان نەبوو، دژی ئێمە دەئاخفین و ئاخافتنی ئەوانیش زێدە کاریگەری خۆی نەبوو، نەیاندەتوانی ئاستەنگی بۆ ئێمەش دروست بکەن، (١٥)ی ئاب راستینەی ئەوانیشی زیاتر دەرخستەڕوو، وەکو گووتم؛ زەبری کۆتایی لەوان دا، ئیدی ئەوان هەن یان نین؟ کەسێك نەیدەهێنایە بیری خۆیشی...

پەراوێزەکان:

(١) بەرەی دیموکراتی رزگاری فەلەستین (الجبهـة الديمقراطيـة لتحرير فلسطين): بزووتنەوەیەکی چەکداری شۆڕشگێڕی بوون و یەکێك بوو لە رێکخراوە سەرەکییەکانی ناو رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی. پێشتر ناوی بەرەی گەلەری دیموکراتی رزگاری فەلەستین بوو، پاشان ناوی خۆی گۆڕی و بووە بەرەی دیموکراتی گەلەری رزگاری فەلەستین تا دواجار ناوی خۆی کردە بەرەی دیموکراتی رزگاری فەلەستین. نایف حەواتمە ئەمینداری ئەو بەرەیە بووە.

(٢) مەبەستی لە کارەساتی هەکارییە کە لەساڵی (١٩٧٧)دا روویدا، لەو کارەساتەدا سەدان پێشمەرگەی (ی ن ك) بەدەستی "قیادەی موەقەتە" و " عەشیرەتە بەکرێگیراوەکانی باکوور" و بەهۆی سەرما و بەفرەوە شەهید بوو. لەنێو شەهیدەکاندا عەلی عەسکەری و دکتۆر خالیدیش هەبوو...

(٣) بەرەی جود (جبهة الوطنية الديمقراطية) بەرەیەکی هێزە کوردییەکانی باشوور بوو بەسەرکردایەتی (پ د ك) و بەرەی جەوقەد (جبهة الوطنية القومية الديمقراطية) بەرەیەکی هێزە کوردی و ئێراقییەکان بوو بەسەرکردایەتی (ی ن ك). ئەو دوو بەرەیە لەسەرەتای هەشتاکان دروست بوون و شەڕ و پێدادانێکی زۆر لەنێوانیاندا روویدا...

بەشی پێنجەم:

بەرەو ژیانەوە...بەرەو چارەسەری

(١٩٨٦ ـ ١٩٩١)

بەرەو سوپاییبوون... جەماوەریبوون!!

دوای شەهیدبوونی هەڤاڵ "عەگید" لە (٢٨)ی ئاداری ساڵی (١٩٨٦)، سێیەمین کۆنگرەی (PKK) سازدەدرێت. ئەو کۆنگرەیە لەمێژووی تەڤگەردا چ شوێنگەیەکی هەیە؟ بەگشتی راسپاردە و بڕیارەکانی کۆنگرە چیبوون؟ هەروەها ئەو مەیل و چەمکانەی لەنێو کۆنگرەدا دەرکەوتنەڕوو چیبوون؟

سێیەمین کۆنگرەی (PKK) لەمێژووی ئێمەدا شوێنگەیەکی زۆر گرنگی هەیە. ئێمە خەباتمان بەڕێوە بردبوو، لەو خەباتەدا زۆر هەڵە و کەموکوڕی دەرکەوتبوون. هەروەها لەساڵی (١٩٨٥)دا زۆر زەبریشمان بەرکەوتبوو، تەنانەت کەمێك مابوو تەڤگەری گەریلایی زەبرێکی مەزن بخوات، لەرەوشێکی وەهادا دەژیاین. لەدۆخێکی بەمجۆرەدا کۆنگرەی سێیەمین سازدرا، هەر کەسە و حیساباتی خۆی لەسەر ئەو کۆنگرەیە دەکرد، دەیانگووت:" لەم کۆنگرەیەدا تەڤگەر پارچە دەبێت، ئیدی ئەم تەڤگەرە ناتوانێت خۆی کۆبکاتەوە و لەخەباتدا بەردەوام ببێت" هەندێك کەسیش ئامادەکاری ئەوەیان دەکرد کەوا میراسی ئەو تەڤگەرە بخەنە دەستی خۆیانەوە.

دەوڵەتی تورکیا ئامادەکاری ئەوەی دەکرد کەوا لەکاتی ئەنجامدانی کۆنگرەدا زەبر لەتەڤگەر بوەشێنێت، کە بەتەواوی تەڤگەر تەسفیە بکات و ئەنجامگیر ببێت. چونکە لەبەرەی گەریلادا؛ هێرشێکی مەزنی تورکیا لەسەر گەریلا بەڕێوە دەچوو. ئێمە زۆر قوربانیمان دەدا، دەوڵەت لەو قەناعەتەدا بوو کە ئیدی دەتوانێت گەریلا بێکاریگەر بکات، پێویستبوو گورز لەکۆنگرە بوەشێنێت و کۆنگرەش تەسفیە بکات، بۆ ئەوەی تەڤگەر بەتەواوی تەسفیە ببێت، ئامادەکاری بۆ ئەوە دەکرد، کە جێی کۆنگرە

دەستنیشان بکات، بۆ ئەم مەبەستە چەندین تیمی تایبەتیشی ناردبوو، بۆ ئەوەی کۆمەڵکوژی و کوشتار و کوشتن (اغتیال)یش ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی بتوانن پەلاماری شوێنی کۆنگرە بدەن و کۆمەڵکوژییەك ئەنجام بدەن و بەمجۆرە تەڤگەر تەسفیە ببێت، بۆ ئەو مەبەستە زۆر هەوڵیان دەدا.

ئێران، هەندێك لە هەڤاڵانی ئێمەی گرتبوو، سەودا و مامەڵەی لەگەڵ تورکیا لەسەر ئەو هەڤاڵانە دەکرد و دەیخواست لەسەر ئەمە هەم پەیوەندی خۆی لەگەڵ تورکیادا باش بکات، هەمیش دەیخواست زەبرێکیش لەتەڤگەر بوەشێنێت، ئەویش لەنێو ئامادەکارییەکی وەهادا بوو و بۆ ئەو مەبەستەش کاری دەکرد.

سوریا، دەیبینی کە ئێمە لەوڵاتدا، لەبەرەی گەریلادا، هەندێك زەبرمان بەردەکەوێت، کێشەی رێکخستنیشمان هەیە، دەیخواست فشار و گوشاری خۆی لەسەر تەڤگەر زیاتر بکات. دەیگووت:" تەڤگەر کێشەی قورسی خۆی هەیە و بێهێز بووە، بۆیە دەتوانم تەڤگەر بێ ئیرادە بکەم و بیخەمە خزمەتی خۆمەوە" ئەویش لەنێو حیساباتێکی وەهادا بوون. بۆیە فشار و هەڕەشەی لەسەر تەڤگەر بەڕێوە دەبرد. تەنانەت ئەو کاتە سەرۆکیشی دەستگیر کرد، واتا خواستیان تەڤگەر بترسێنن و تەسلیمی بکەن، ئەوەش حیساباتی ئەوان بوو.

هەندێك پارتی کوردیش دەیانگووت:" ئیدی (PKK) کۆتایی پێدێت و سازدانی کۆنگرەش ناتوانێت ئەوان رزگار بکات، ئێمەش ئەو بەها و میراسەی (PKK) ئافراندوویەتی بۆ خۆمان گلیدەدەینەوە و لەسەری دەژین و خۆمانی پێ بەهێز دەکەین، ئەوانەش لەنێو ئەو حیساباتانەدا بوون.

بێگومان لەناو ئێمەشدا حیساباتی "فاتمە" هەبوو، حیساباتی "گۆر جەمال"، "تەرزی جەمال"، سەلیم خۆجە (سەلاحەددین چەلیك) و ئەوانە هەبوو، ئەوانەش دەیانخواست حیساباتی خۆیان بەڕێوەبەن.

بۆیە مەقۆمەقۆی زۆر لەسەر ئەوە دەکرا کە؛ ئایا ئەو کۆنگرەیە سازدەدرێت؟ ئەگەر کۆنگرە سازبدرێت چۆن سازدەدرێت؟ لەکوێ و کەی سازدەدرێت؟ دەتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات یان نا؟ سەردەکەوێت یان نا؟ بەم کۆنگرەیە کۆتایی ئەم تەڤگەرە چی دەبێت؟ گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلانە زۆر دەکرا. بۆ زۆربەی ئەو هێز و کەسانەش دیار

نەبوو، کە کۆتایی ئەم تەڤگەرە چی دەبێت! سەرۆکیش لەهەموو ئەو مەسەلانە تێدەگەیشت و دەیبینی بۆ ئەوەی کۆنگرە کۆببێتەوە کێشەکانی تەڤگەر چارەسەر ببن، بۆ ئەوەی ئەو کۆنگرەیەش ببێتە هۆی پێشکەوتنی تەڤگەر، نەك هەر تەنیا کێشەکان چارەسەر بکات و مەترسییەکان نەهێڵێت، بەڵکو هەم چارەسەریان بکات و هەمیش ببێتە هۆی دەستپێکردنی هەڵمەتێکی مەزن. سەرۆکیش حیساباتی خۆی بەتەواوی لەسەر ئەو بنەمایە بوو. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش کار و خەباتی دەکرد. ئیدی کۆنگرەی سێیەمین لەدۆخێکی وەهادا کۆبووەوە و کاری خۆی دەستپێکرد.

بێگومان سەرۆك بەرلەوەی کۆنگرە دەست پێبکات هەندێك تەدبیری وەرگرتبوو، لە کادیران و ئەندامانی کۆنگرەدا قووڵبوونەوەیەکی پێشخستبوو، زۆر کێشەی تەڤگەری پێش سازدانی کۆنگرە چارەسەر کردبوو. لەسەر بنەمای ئەو تەدبیرانە بەفەرمی کۆنگرە سازدرا، ئەگەر وەها نەبایە لەوانەبوو کۆنگرە بەزەحمەت ئەنجام بدرایە، ئیدی ئەو هیوایەی کە زۆر لە هێز و لایەنەکان چاوەڕێی بوون لەوانەبوو پێکبهاتبایە، یان لەهەندێك رووەوە پێکهاتبایە. ئەگەر ئەو هیوایەیان پێکنەهات ئەوا لەبەر ئەوەبوو کە سەرۆك بەرلەوەی کۆنگرە دەست پێبکات پەروەردەیەکی قووڵ و فراوانی پێشخست، رەخنە و رەخنەدان و گفتوگۆیەکی چڕوپڕی پێشخست، کەش و هەوایەکی گونجاوی ئافراند. بەمەش گەلێك کێشەی چارەسەر کرد. لەسەر ئەو بنەمایەش کۆنگرە بەفەرمی سازدرا، بەمەش کۆنگرە سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

سەرۆك بۆ کۆنگرەی سێیەمین شیکردنەوەیەکی فراوانی کرد، هەم شیکردنەوەیەك بوو لەسەر مێژوو، هەمیش لەسەر کۆمەڵگا. ئیدی لەبەر ئەوە سەرۆك گووتی:" ئەوەی لێرەدا شیدەکرێتەوە و چارەسەر دەکرێت هەنووکە نییە مێژووە، شەخس نییە چین و جڤاکە". ئەمە شیکردنەوەیەکی مێژوویی بەهێز بوو. بۆیە بەم شیکردنەوەیە کێشەکانی (PKK) چارەسەربوو، کێشەی کۆمەڵگای کورد، مرۆڤی کورد چارەسەر بوو، کێشەی مێژوو چارەسەر بوو.

بەئەنجامدانی سێیەمین کۆنگرە؛ ئەم تەڤگەرە مێژوویێکی لەدوای خۆی بەجێهێشت، سەردەمێکی نوێی لەمێژووی خۆیدا کردەوە و دەستیپێکرد، تا ئەو کۆنگرەیە لەنێو تەڤگەردا زێدەتر مەسەلە رێکخستنییەکان گفتوگۆی لەسەر دەکرا، واتا (PKK) چۆن بە

ناسنامەی خۆی بگات؟ (PKK) چۆن لەهەموو لایەکەوە زەلال و روون ببێت؟ ئەو کارانەی سەرۆك بەڕێوەی دەبرد لەسەر ئەو بنەمایە بوو. ئیدی (PKK) بەو کۆنگرەیە و بەو شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنانەی کران و بەو بڕیارانەی لەکۆنگرەکەدا دران گەیشتە ناسنامەی خۆی و ناسنامەکەی لەهەموو رووێکەوە زەلال بوو. ئیدی پێویستبوو ملیتانێتی (PKK) لەسەر بنەمای ناسنامەی (PKK) پێشبکەوتبایە، ئیدی ئەو شیکردنەوەیەی کەوا سەرۆك بە سازدانی کۆنگرە دەستیپێکرد و لەدوای کۆنگرەش قووڵتری کردەوە و بەهێزتری کرد هەمووی بۆ ئەم مەبەستە بوو. ئەو شیکردنەوەیە شیکردنەوەی کۆمەڵگای کورد، مێژووی کورد بوو. لەسەر ئەو بنەمایەش شیکردنەوەی کەسێتی کورد بوو، شیکردنەوەی رۆژگار و سەردەمیش بوو. ئیدی ئەگەر تۆ باش لەمێژوو و کۆمەڵگا تێنەگەیشتیت ئەوا تۆ ناتوانیت کێشە مێژووییەکان و جڤاکییەکانیش چارەسەر بکەیت.

کێشەی کورد کێشەیەکی زۆر مەزن بوو، هەم لەرووی جڤاکی و هەمیش لەرووی مێژووییەوە، کێشەیەکی هێندە مەزنی مێژوویی و جڤاکی، ئەگەر تۆ لەمێژوو و کۆمەڵگا باش تێگەیشتیت و باش شیتکردنەوە و راست هەڵتسەنگاند ئەو کاتە تۆ دەتوانێت کێشەی کورد چارەسەر بکەیت، کێشەی رێکخستنی، کێشەی کادیرێتی چارەسەر بکەیت. سەرۆك بە کۆنگرەی سێیەمەوە پێڤاژۆیەکی بەمجۆرەی پێشخست. بۆیە ئەو کۆنگرەیە گرنگ بوو.

بێگومان سەرۆك لەو کۆنگرەیەدا، چەمك و مەیلەکانی "کەمالیستی، چەپە بۆرژوازی بچووك، کوردی فیوداڵ ـ ئەرستۆکرات، گوندێتی، خەتی ناوەڕاست"ی هەموو شیکردەوە، زێدەتریش چووە سەر چەمك و مەیلەکانی بۆرژوازی بچووك، کەمالیست، فیوداڵ ـ ئەرستۆکرات. چونکە ئەو چەمك و مەیلانە بۆ رێکخستن، گەریلا، پێشەنگایەتی، ئازادی و دیموکراسی کێشەی دروستکرد بوو، سەرۆکایەتی ئەمەی خستەڕوو و لە کادیر و تەڤگەری گەیاند کە ئەو چەمك و مەیلانە چین، ئەو خراپەکارییانەی ئەو چەمك و مەیلانە ئەنجامیان داوە خستییەڕوو و بەتێگەیشتنی دا. چونکە ئەگەر تۆ راستینەی ئەو چەمك و مەیلانە شینەکەیتەوە و بەتێگەیشتنی نەدەیت، ئەوا ناتوانیت تەڤگەر و کادیران لەو چەمك و مەیلانە رزگار بکەیت، ناتوانیت

تەڤگەر لەسەر بناخە و ئامانجی بنچینەیی خۆی بەهێز بکەیت و بەڕێوەی ببەیت، بۆیە لەکۆنگرەی سێیەمیندا رەخنە و رەخنەدان بەشێوەیەکی مەزن و فراوان بەرێوەچوو، حیساب پرسین (لێپرسینەوە) و حیسابدانێکی بەهێز پێشکەوت. ئیدی بەمە ئەو کێشانە چارەسەر بوون و کۆنگرەش سەرکەوت.

ئەو کۆنگرەیە لەمێژووی تەڤگەری ئێمەدا بووە بناخەی هەڵمەتێکی نوێ. هەرکەس دەیگووت:" ئیدی (PKK) تەسفیە دەبێت، کۆنگرەش ئەو تەسفیەبوونە فەرمی دەکات" بەڵام هەر کەسیش بینی کە ئەمە رووینەدا، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە روویدا، هەر چاوەڕێی تەسفیەبوون بوون، کەچی لەکۆنگرە تەڤگەر بەهێزەوە دەرکەوت و هەڵمەتێکی نوێی دەستپێکرد. بێگومان ئەمە بەکار و هەوڵی سەرۆك هاتەدی. چونکە سەرۆك راستینەی مێژوو و جڤاکی شیکردەوە، ئەو کێشانەی لەوێدا دەردەکەوێت و لەرێکخستندا باسی لێوە دەکرێت، کە هەر هەمووی لەشەخسەکاندا گوزارشتی لێدەکرێت و لەپێڤاژۆیەکاندا گوزارشتی لێدەکرێت، دەریخستەڕوو کە گرێدراوی مێژوو و کۆمەڵگایە. ئەگەر تۆ راست گفتوگۆت لەسەر کۆمەڵگا و مێژوو نەکرد و لەراستینەی مێژوو و کۆمەڵگا تێنەگەیشتیت، لایەنە زیندووەکانی و لایەنە مردووەکانیشت نەخستەڕوو، ئەوا تۆ ناتوانیت رەنگدانەوەی ئەمە لەناو رێکخستن و کادیراندا تێبگەیت و نەیهێڵیت. ئیدی لەبەر ئەوەی سەرۆك مێژوو و کۆمەڵگای بەبنچینە وەرگرت، ئەوا ئەوەیشی شیکردەوە کە راستینەی مێژوو و کۆمەڵگا چیین؟ لایەنە زیندووەکانیان و لایەنە مردووەکانیان چیین؟ رەنگدانەوەیان لەنێو رێکخستن و کادیراندا چییە؟ دەگرێ لەپراکتیکدا چ ئەنجامێك بەدەستبخرێت؟ هەموو ئەمانەی شیکردەوە و بەتێگەیاندنی دا، بۆیە ئەو تەڤگەرەی لە پەلوپۆ کەوتبوو و بەرەو تەسفیەبوون دەچوو، لەوێدا رابووە سەرپێی خۆی و بووە هۆی هەڵمەتێکی نوێ...

لەو کۆنگرەیەدا یەکێك لەو بڕیارانەی دەدرێت بەسوپابوون (بەئارتەشبوون)ە. ئەو بڕیارە چۆن رەنگدانەوەی خۆی لەپراکتیکدا دەبێت؟ لەبنەڕەتدا ئەو بڕیارە بۆچی وەرگیرا؟

یەکێك لەو بڕیارە گرنگانەی سێیەمین کۆنگرە وەریگرت ئەوە بوو کە بەسوپابوون (بەئارتەشبوون)ی گەریلا ئاوا بکرێت. تا ئەو کاتە هێزی رزگاری کوردستان (HRK) هەبوو، ئەمە رێکخستنێکی گەریلایی نەبوو، رێکخستنێك بوو بۆ پڕوپاگەندەی چەکداری بوو، ئەو رێکخستەبوونە زێدەتر بۆ ئەوە بوو کە بناخەی گەریلا دابنێت. ئیدی لەگەڵ هەڵمەتی (١٥)ی ئابدا ئێمە ئەو هەنگاوەمان هاوێشتبوو، هەنگاوی گەریلامان هاوێشتبوو. بۆیە ئەم رێکخستەیەی قۆناخی پڕوپاگەندەی چەکداری بەرتەسك بوو و لەدواوە بوو و نەدەبووە وەڵام. پێویستبوو لەرێکخستەبوونی پڕوپاگەندەی چەکدارییەوە دەربازی رێکخستەبوونی گەریلا ببین. ئیدی کۆنگرە ئەم بڕیارەی وەرگرت. بۆیە ناوی (HRK) گۆڕدرا و ناوی ئارتەشی رزگاریخوازی گەلی کوردستان (ARGK) پەسندکرا. ئەمە هەر تەنیا ناو گۆڕینێك نەبوو، ئەمە بۆ بەئارتەشبوونی گەریلا بڕیار وەرگرتن و هەنگاو هاوێشتن بوو. بەگوێرەی ئەمەش گۆڕینی رێکخستەبوونی عەسکەری بوو، لەم رووەوە هاوێشتنی هەنگاوێك بوو. بڕیاردانی ئەمە بوو، چونکە هەڤاڵ عەگید (مەعسوم قۆرقماز) شەهید ببوو، بۆ بیرەوەری ئەم هەڤاڵە پێویستبوو وەك هەڤاڵانی دیکە بە پێنگاڤ (هەڵمەت)ێك وەڵامی شەهیدبوونەکەی بدرێتەوە، مەگەر ئەویش بەرێکخستەکردنی گەریلا و پێشخستنی لەئاستی بەسوپابوون (بەئارتەشبوون)دا تۆ دەتوانیت بیرەوەری ئەو هەڤاڵە بەرز رابگریت. چونکە نزیکبوونەوەی سەرۆك بۆ شەهیدبوون بەمجۆرە بوو. هەڤاڵ "عەگید" وەك کەسێتییەکی عەسکەری، کەسێتییەکی گەریلایی دەناسرا. هەڵبەتە هەر تەنیا کەسێتییەکی گەریلایی و عەسکەری نەبوو، بەڵکو کەسێتییەکی پارتیش بوو، لەو قۆناخەدا ئاواکردن و پێشخستنی سوپای گەریلا و پێشخستنی شەڕی گەریلایی ئەرکێکی سەرەکی بوو، ئەرکێکی سەرەکی پارتیش بوو، هەڤاڵ "عەگید"یش ئەو ئەرکەی جێبەجێ کردبوو، زۆر بەشکۆدارییەوە جێبەجێی کردبوو و لەم پێناوەشدا شەهید ببوو. ئیدی بۆ بیرەوەری ئەو هەڤاڵەش پێویستبوو ئەو ئەرکەی کە پارتی و بەسوپابوونی گەریلا بەهێز بکات لەکۆنگرەدا بووە بڕیار. ئەگەر ئەو بڕیارە وەرگیرا ئەوا هۆکارێکیشی بۆ بەردەوامی بیرەوەری ئەم شەهیدبوونە بوو، بۆ ئەوەی

بەسوپاپبوونی گەریلا پێشبخەین، بڕیار لەسەر یاسای بە سەربازیکردن (تجنيد العسكري)یش درا. ئەمەش زیاتر پێشنیازی خەڵك (گەل) بوو، گەل ئەمەی پێشنیاز کردبوو، بۆیە کۆنگرەش ئەو پێشنیازەی گەلی کردە بڕیارێك بۆ بەسوپاپبوونی گەریلا.

چۆن پێشنیازی خەڵك بوو؟

لەهەرێمی بۆتان هەڤالان چووبوونە هەندێك لەگوندەکانی ئەو هەرێمە، گوندنشینان گووتبوویان:" ئێوە یاسایەکی بەمجۆرە و بڕیارێکی وەها وەربگرن، وەرن گەنجانی ئێمە ببەن، ئێمە دەنگ ناکەین. چونکە ئەرتەشی دەوڵەتی تورکیا یاسای دەرخستووە و سەربازی کردۆتە ناچاری و دێتو گەنجەکانمان دەبات، ئێمە ناتوانین دەنگی خۆشمان بکەین، ئێوەش وەرن یاسایەکی عەسکەری بەمجۆرە دەربخەن و وەرن گەنجەکانمان ببەن، مەگەر ئێوە بەمجۆرە بتوانن هێزی گەریلا زۆر بکەن، وەکوتریش ئەگەر ئێوە وەهاتان کرد ئێمە دەتوانین بەرگری لەخۆشمان بکەین، چونکە دەوڵەت دێتو دەڵێت؛ بۆچی دەهێڵن منداڵەکانی ئێوە ببەن؟ ئەگەر ئێوە بێنو بەیاسای عەسکەری منداڵەکانمان ببەن، ئێمەش دەڵێین؛ چیبکەین دێن و بەزۆرەملێیی دەیانبەن و دەیانکەنە عەسکەر، ئێمە چیبکەین؟ ناتوانین و هێزی ئەوەمان نییە رێگیریان لێبکەین، ئەو کاتە دەتوانین بەمشێوەیە بەرگری لەخۆمان بکەین، ئەگەرنا دەوڵەت دەمانگرێت و ئەشکەنجە و ئازارمان دەدات و دەمانخاتە زیندانەکانەوە. بۆیە پێویستە ئێوە تەدبیرێکی بەمجۆرە وەربگرن..." ئەو پێشنیازە ماقووڵ بوو، ئیدی گوندنیشنەکان گووتبوویان:" بڕوانن بەزۆرملێیی زارۆکی ئێمە دەبەن و دەیانکەن بەعەسکەری تورکی، ئێوەش بۆچی نایانبەن و نایانکەن بە عەسکەری کوردیٚ" بۆیە ئەو یاسای سەربازیکردنە لەکۆنگرەدا بووە بڕیار. ئیدی لەسەر ئەو بنەمایەی ئێمە چۆن گەریلا و سوپای گەریلا مەزن بکەین و پێشیبخەین و شەڕی گەریلا چۆن بەهێز بکەین؟ کۆنگرەی سێیەم ئەو بڕیارەی وەرگرت، (ARGK) بۆ ئەم مەبەستە ناوابوو...

لەدوای سێیەمین کۆنگرەوە؛ ئەو چەمك و مەیلانەی لەنێو کۆنگرەدا دەرکەوتبوون، پاشان لەپراکتیکدا چۆن رەنگدانەوەی خۆی دەبێت، هەم لەناو گەریلا و هەمیش لەناو رێکخستن و گەلدا؟

دوای ئەوەی لەسێیەمین کۆنگرەدا "کەسیرە" هەموو شێوازەکانی بێ ئەنجام مایەوە و بینی کە بەمشێوەیە ناتوانێت بەردەوام ببێت و بالآدەستی خۆی لەسەر تەفگەر و سەرۆك بسەپێنێت. تا ئەو کاتە زۆر کێشە و گرفتیشی بۆ تەفگەر و سەرۆك دروست کردبوو، دەیزانی لەم کۆنگرەیەدا ئەمە دەبێتە کۆتایی ئەو هەڵسوکەوتانەی. واتا یان "کەسیرە" دەستبەرداری ئەو رەفتارانەی خۆی ببێت و خۆی تەفلی تەفگەر بکات و لەگەڵ تەفگەردا ببێتەیەك و بکەوێتە ژێر فەرمانی تەفگەر و بەگوێرەی تەفگەر بەرێوەبچێت، یانیش ئیدی تەفگەر لەگەڵ "کەسیرە"دا بەرێوە ناچێت. ئیدی "کەسیرە" لەمە تێبگەیشتبوو، لەبەر ئەوە لەو قۆناخەدا "کەسیرە" دوا کارتی خۆی خستەروو، ئیتر دەستی بەهەوڵدانەکانی خۆی کردەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت لەبەرامبەر سەرۆك هەندێك رکوکینە و کاردانەوە دروست بکات و بتوانێت سەرۆك بێکاریگەر بکات. بەمەش دەیخواست کە سەرۆك و رێکخستن نەتوانن رێ لەو رەفتار و هەڵسوکەوتانەی بگرن. "کەسیرە" دەیبینی کە تەفگەر (رێکخستن) بە چ رەوشێکی زۆر و زەحمەتیدا تێپەر دەبێت؛ لەلایەکەوە گەریلا زۆر قوربانی دەبەخشێت و هەڤاڵ "عەگید" شەهیدبووە، لەلایەکی دیکەشەوە چەندین حیسابات لەسەر کۆنگرە لەئارا دایە... هەموو ئەمانەی دەبینی، وای مەزندە دەکرد کە؛" سەرۆك و رێکخستن لەنێو زۆری و زەحمەتییەکی مەزن دان، ئەگەر من هەندێك هەرەشە و گورەشە بکەم، رکوکین و کاردانەوە زیاتر بکەم، ئەوا دەتوانم رێگیری لەوە بکەم کە رێکخستن و سەرۆك رەخنەم بکەن" لەنێو حیساباتێکی بەمجۆرەدا بوو، بۆیە کێشە و گرفتەکانی نێو کادیراندا قووڵ دەکردەوە، دەیخواست هەندێك لە کادیران بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە و لەدژی سەرۆك و رێکخستن بەکاریان بێنێت. رەفتارێکی بەمجۆرەی دەکرد. هەم سەرۆك و هەمیش بەرێوەبەرایەتی رێکخستن "کەسیرە"ی ئاگادار کردەوە کە دەستبەرداری ئەو کارەی ببێت و چیدی

نەیکات. ئەویش هەر پێداگری لەسەر رەفتارەکانی خۆی دەکرد، بۆیە وەکو پێشتر ئامآژەم پێی دا؛ دەستگیرکرا و کەوتە ژێر لێکۆڵینەوەوە. لەئاکامی لێکۆڵینەوەکەدا دادگایی کرا، بڕیاری لەسێدارەدانی لەسەر درا. بێگومان سەرۆك ئەو بڕیارەی پەسند نەکرد، سەرۆك هەمیشە لەدژی هەر لەسێدارەدانێك بوو و هیچ کاتێك سزای لەسێدارەدانی پەسند نەکردووە. بۆیە دادگا بڕیاری دا لەئەندامێتی پارتی بکەوێت و لەئاستی "بەرە"دا کار بکات و لەویشدا خۆی بسەلمێنێت. ئیدی دوای ئەو دادگاییە رەوانەی یۆنانستان کرا بۆ ئەوەی لەوێ لە بەرە (ERNK) دا کاربکات. هەڵبەتە پاشان لەوێش هەڵات و رۆیشت...

"سەلاحەددین چەلیك" هەبوو، هێشتا لە وڵات بوو ئیرادەی خۆی شکابوو، خواستبووی تەسلیمی دەوڵەت ببێت، لەگەڵ هەندێك پیاوی دەوڵەت کەوتبووە نێو پەیوەندییەوە، تاکو لەنێوان ئەو و دەوڵەتدا ببنە نێوبەینکار (ناوبژیوان) بۆ ئەوەی بچێت تەسلیم ببێتەوە. هەڤاڵان ئەومیان زانی و رێگیریان لێکرد و ناردیانە "گۆڕەپانی سەرۆکایەتی". تەڤگەر ئەرك ودەستڕۆیی پێدابوو، کەچی ئەرك و دەستڕۆییەکەی بەهەڵە بەکارهێنا بوو و تەخریباتی مەزنی کردبوو. بۆ نموونە؛ لەنێوان ئێمە و حزبی شیوعی ئێراقی لە "حەفتانین"دا شەڕی بەرپابببوو، دەیتوانی رێگیری لەو شەڕە بکات، هەرچەندە حزبی شیوعی دەیانخواست شەڕ بکەن و هەندێك پراواکسیۆنیشیان دەکرد، بەڵام دەیتوانی رێ لەم شەڕە بگرێت، ئەو رێگیری لەمە نەکرد بوو و ئەویش وەکو ئەوان وەڵامی دابووەوە و ببووە هۆی ئەوەی شەڕەکە تەشەنە بسەنێت، ئیدی شەڕەکە زۆر تەشەنەی سەندبوو و هەڤاڵانیشی لەوێ بەجێهێشتبوو و چووبووە ناوچەی بۆتان، واتا هەڵاتبوو و چووبوو، وەك بڵێی کەشوهەوای شەڕی دروستکردبوو و تەشەنەی پێدابوو، ئەو پراواکسیۆنەی لەئارادا بوو ئەویش زیاتر فراوانتری کردبوو، کە شەڕیش دەستپێکرد بوو، بەرپرسیارێتی خۆیشی هاوێشتبووە سەر هەندێك کەسی تر و هەڵاتبوو و رۆیشتبوو... هەڵبەتە رۆیشتنی خۆیشی بۆ ئەوە بوو تاکو بچێت و تەسلیمی دەوڵەت ببێتەوە. هەڤاڵ "عەباس" و ئەوان تەدبیری ئەومیان وەرگرتبوو و گرتبوویان و هێنابوویان و ناردبوویانە "گۆڕەپانی سەرۆکایەتی"، لەوێش دادگایی کرابوو و ئەویش بڕیاری سزای لەسێدارەدانی بەسەردا درا. سەرۆك ئەمەی پەسند نەکرد، ئەویش لەئەندامێتی پارتی

کەوت و تەڤگەر لەئاستی "بەرە"دا ئەرکی پێسپارد، بۆ ئەوەی خۆی بسەلمێنێت، ئەویشیان بەمجۆرە نارده ئەوروپا، پاشان ئەویش دوای ماوەیەك لە ئەوروپا هەڵات و چوو.

ئەوەی زۆر زێدە لەکۆنگرەی سێیەمیندا ئاڵۆزی و گرفتی دروست کردبوو "فاتمە" و "سەلاحەددین چەلیك" بوون. بەڵام لەدەرەوەی ئەوانەشدا هەندێك کێشە و ئاڵۆزی دیکە هەبوون، ئەو کێشە و گرفتانە چیبوون؟ سەرۆك لەبەرامبەر ئەو پراکتیکەی کە بەڕێوە بردراوە زێدەتر هەڤاڵ "عەباس" و ئەوانی بەرپرسیار دەبینی و رەخنەی دەکردن. نزیکبوونەوەی هەڤاڵ "عەباس" چیبوو؟ ئەو دەیگووت:" من ئەرکی خۆم بەجێگەیاندووە، ئەوانیتر ئەرکی خۆیان بەجێنەگەیاندووە، لێرەدا کێماسی من زێدە نییە..." سەرۆکیش ئەمەی پەسند نەدەکرد، پێیگووت:" تۆ چۆن بەرپرسیارێکی؟! بەرپرسیارێتی خۆت بەجێگەیاندووە و ئەوانی دیکە بەجێیان نەگەیاندووە؟! تۆ خۆت راست دەبینی؟ ئەمە پەسند ناکرێت". بێگومان هەڤاڵ "عەباس" بەمشێوەیە خۆی راست دەبینی. واتا پێی وابوو؛ ئەگەر هەڵەیەك هەیە من هەموو هەوڵێکم دا راستی بکەمەوە و رێگیری لێبکەم، بەڵام خەتای ئەوانیتر بوو راستنەکرایەوە. سەرۆك ئەو کاتە گووتی:" مادام ئەوان وەکو تۆ نەدەبوون تۆ وەکو ئەوان ببوویتایە و خۆت لەوان دانەبڕاندبایە" چونکە هەڤاڵ "عەباس" خۆی لەوان دابڕاندبوو و بەکاردانەوە (ردفعل) هەڵسوکەوتی کردبوو، ئیدی سەرۆك ئەمەی رەخنەکرد، ئەگەر تۆ خۆت لەوان دابڕاند و جوداکردەوە، ئەوا تۆ ناتوانیت کاریگەری لەسەر ئەوان دروست بکەیت، ئەگەر تۆ خۆت لەوان بەدوور نەگرتبایە و کاریگەریت لەسەر ئەوان بکردبایە، دەتتوانی هەڵەکان راست بکەیتەوە. لەم خاڵەدا سەرۆك هەڤاڵ "عەباس"ی رەخنە کرد.

"کۆر جەمال" و "تەرزی جەمال" و ئەوان چ ئەنجامێکیان لەرەوشی "کەسیرە" و "سەلاحەددین" و هەڤاڵ "عەباس" و ئەوان دەرخستبوو؟ ئەوانەش وا حیساباتیان دەکرد و دەیانگووت:" ئەوانەی لە بەڕێوەبەرایەتی دان رەخنە گران، هەندێکیان لەپارتیش وەدرنران (ئەندامێتیان لێسەندرایەوە) ئیدی دەرفەت بۆ ئێمە رەخساوە تاکو بتوانین خۆمان بکەینە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی..." ئەوانەش لەنێو حیساباتێکی وەها دابوون. "کەسیرە" کەمێك ئەو چەمك و مەیلانەیشی وروژاندبوو و ختووکەی دابوون.

بۆیه "گۆر جەمال" و "تەرزی جەمال" و ئەوان ئەومیان بۆخۆیان کردبووه ئامانج و دەیانگووت:" ئەوانه ئیدی بێکاریگەر بوون، ئێمه دەتوانین کۆمیتەی ناوەندی بخەینه دەستی خۆمانەوه"، بەپراکتیکیش لەنێو ئامادەکارییەکی بەمجۆرەدا بوون.

بێگومان فەرهاد (عوسمان ئۆجەلان)یش دەیبینی که "گۆر جەمال" و "تەرزی جەمال" لەنێو ئامادەکارییەکی بەمجۆره دان، ئەویش وا بیری کردۆتەوه که؛" ئەوه مافی منه، چونکه من برای سەرۆکم" ئەویش بۆیه لەدژی "گۆر جەمال" و "تەرزی جەمال" رادەوەستێت، بۆ ئەوەی ئەوان بێکارگەر بکات و خۆی ببێته ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەگوێرەی خۆی کۆمیتیەکی ناوەندی دروست بکات، ئەویش دەکەوێته نێو ئامادەکارییەکی بەمجۆرەوه، "کەسیره" هەندێك ئەویش دەوروژێنێت، بۆیه ئەویش وا باوەڕ دەکات که ببێته ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی...

کاتێك که سەرۆك دەبینێت هەر کەسه و لەنێو حیساباتێکی وەهادایه سەرۆك دەچێته توند رەخنه لەوان دەگرێت و دەڵێت:" هێشتا من نەمردووم، منیش هەم ئەگەر ئێوه دەخوازن شت بکەن، ئەمه چۆن دەبێت؟" لەلایەکی دیکەشەوه ئەو شتانەی ئەوانه دەخوازن بیکەن بەئاشکرا نایکەن، بەڵکو بەنهێنی و پیلانگێڕی دەیکەن. چۆن ئەم بێکاریگەر بکەن و شوێنی ئەو بگرێت؟

ئیدی ئەو کاتە کەسێتییه نەعلەتکراوەکەی کورد لەهەر لایەکەوه دەردەکەوێت و خۆی دەکاته رۆژەڤ و وێردی سەرزمان. هەر کەس "سەرکەوتنی خۆی لەژێرکەوتنی هەڤاڵی خۆیدا دەبینێت" بێگومان ئەوه ئەو زیهنییەت و کەسێتییەیه که داگیرکەران لەکەسێتی کوردیان دروستکردووه، دووژمن لەبیر دەکات و یەکتری دەخۆن، سەرکەوتنی خۆی له سەرکەوتنی هەڤاڵ و دراوسێ و کەسی نزیکی خۆی و دەوروبەری خۆیدا نابینێت، بەڵکو لەژێرکەوتنی ئەواندا دەبینێت. ئیتر ئەو کەسێتییه لەهەموو رووێکەوه بەهێز ببوو و دەرکەوتبووه پێش. بێگومان ئەمه مەترسیدار بوو، بۆیه سەرۆك ئەمەی به مەترسی دەبینی و رەخنەی توندی ئەوجۆره کەسێتییەی کرد، ئەو کاته زیاتریش رەخنەی سەر "فەرهاد"ی کرد، بەئاشکرا پێیگووت:" تۆ کەریت" تەنانەت ئەو وشەیەشی بەکارهێنا. ئەو ئاخافتنه لەتەعلیماتدا و لەئەرشیفی پارتیشدا ماوه و پارێزراوه.

بێگومان "**فەرهاد**" دەیخواست لەنێو پارتیدا چەمکێکی تازەش پێشبخات. ئەو چەمکە چیبوو؟ گوایە "برای سەرۆکە، پێویستە بەم پەیوەندی برایەتییە بۆ خۆی شوێنگەیەك دروستبکات" ئەمە لەکاتێکدا، تا ئەو کاتە "**فەرهاد**" هەر کادیرێکی ئاساییە، نە ئەندامی **کۆمیتەی ناوەندی**یە و نە لەوەش نزیکە ببێتە ئەندامی **کۆمیتەی ناوەندی**!!. تەنانەت نازانێت کۆمیتەی ناوەندیش چییە؟ بەڵام لەم کەشوهەوایەدا هەندێك کەس کەوتنە ژێر کورسی ئەو و چەمك و مەیلی دەسەڵاتخوازێتی ئەویان ختووکە دا، چەمکی باوی نێو کۆمەڵگایان لەکەسێتی ئەودا وروژاند و ئەویش باوەڕی کرد و پێی وابوو کە بەڕاستی دەبێتە ئەندامی **کۆمیتەی ناوەندی** و بۆ خۆی وا بیری دەکردەوە کە؛ "منیش بەگوێرەی خۆم لەئاستی ئەندامێمی کۆمیتەی ناوەندیم، من برای سەرۆکیشم، ئەگەر من بمەوێت هەنگاوێکی وەها بهاوێژم پێویستە سەرۆکیش لەمەدا هاوکاری من بکات" حیساباتێکی وەهای دەکرد و وا مەزەندەی دەکرد کەوا؛" ئەگەر من لەدژی "**کۆر جەمال**" و "**تەرزی جەمال**" و ئەوان رابوەستم، ئەوا پێویستە ببمە کۆمیتەی ناوەندیش، کە ماق منە، پێویستە سەرۆکیش پشتیوانی لەمن بکات" بەم چەمکە هەڵسوکەوتی دەکرد. بێگومان کاتێك کە سەرۆك بەمجۆرە لەمەسەلەکە نزیك نەبووەوە و زۆر بەتوندی رەخنەی کرد، ئیدی "**فەرهاد**"یش کە تێگەیشت سەرۆك بەگوێرەی چەمکی برا برایی و خزم خزمێنەی ئەو هەڵسوکەوت ناکات و تەنانەت دژی ئەو جۆرە چەمکانەشە، هەنگاوی بۆ دواوە هەڵنا.

ئیتر لەبنەڕەتدا، کاردانەوە و رکوکینی "**فەرهاد**" بۆ سەرۆك و دووژمنایەتی ئەو بۆ سەرۆك لەو کاتەوە دەستپێدەکات. گوایە ئەگەر سەرۆك رەخنەی توندی ئەوی نەکردبایە و رێی لەو نەگرتبایە، تەنانەت بەگوێرەی ئەو دەبووایە سەرۆك هاوکاری "**فەرهاد**"ی بکردبایە و ببووایە ئەندامی **کۆمیتەی ناوەندی** و لەنێو پارتیدا باڵادەستی خۆی بکات. ئەگەر باڵادەستی خۆی لەنێو پارتیدا بەدەستنەهێنا، ئەوا سەرۆك نەیهێشت. "فەرهاد" لەو کاتەوە وا بیری کردۆتەوە کە؛" لەبەر ئەوەی برای سەرۆکم ئەوا ئەو پەیوەندییە بووە بە ئاستەنگ لەبەردەممدا". کەچی ئەو دەیخواست سەرۆك نەك هەر ببێتە کۆسپ و ئاستەنگ، بەڵکو دەبووایە لەهەموو رووێکەوە ببێتە هاوکاری بۆ ئەو و "**فەرهاد**" هەرچییەك بکات ئەوا دەبێت سەرۆك پشتیوانی لێبکات. سەرۆك

هیچ کاتێك نە برا، نە خێزان و نە کەسوکاری بەبنەما وەرنەگرت، بەڵکو ڕەخنەی توندی لەسەر هەموو ئەو جۆرە پەیوەندییانە هەبوو و هەموو ئەو پەیوەندییانەشی ڕەتکردەوە. **"فەرهاد"**یش بەمە زۆر تووڕە بوو، ئیدی کاردانەوەی **"فەرهاد"** لەدژی سەرۆك لەمەوە دەستپێکرد و لەو ڕێکەوتە بەدواوە تادەهات ئەو کاردانەوەیە بووە دووژمنایەتی. کێشە و گرفتی **"فەرهاد"** لێرەوە دەستپێکرد.

"فەرهاد" دەیویست پەیوەندی بنەماڵەیی لەگەڵ سەرۆك لەنێو تەڤگەردا پێشبخات، سەرۆکیش ئەوەی زۆر مەترسیدار بینی و ڕەخنەی زۆری کرد. **"فەرهاد"**یش کە زانی وەکو ئەو بیری لێدەکاتەوە وەها نییە بێدەنگ بوو و سەری خۆی نزم کرد. کاتێك کە سەرۆك ڕەخنەی توندی لە **"فەرهاد"** گرت، **"کۆر جەمال"** و **"تەرزی جەمال"**یش ئەمەیان کردە بیانوویەك بۆ خۆیان و سوودیان لەمەش بینی و دژی تەڤگەر هەنگاویان هاوێشت، بۆ ئەوەی بتوانن حیساباتی خۆیان پێکبێنن. بیرکردنەوەی ئەوانیش وەهابوو کە گوایە؛"فیکر و چەمکی سۆسیالیستی لە کوردستاندا زێدە پێشناکەوێت و زەحمەتە، چونکە کوردستان زۆر لەدواوەیە، چەمکی بۆرژوازی بچووکیش ئیفلاسی کرد ـ کە هەڤاڵ **"عەباس"** و ئەوان بوون ـ کێ دەمێنێتەوە؟ گوندیی (لادێی) دەمێنێتەوە، کەواتە سەردەم سەردەمی گوندییەکانە" هەڵبەتە خۆشیان گوندیی دەبینین، بۆیە وا مەزەندە دەکەن کە؛ مادام سۆسیالیزم پێشناکەوێت و بۆرژوازی بچووك ئیفلاسی کرد، ئەوا ئەوان دەتوانن باڵادەستێتی خۆیان پێکبێنن. هەڵبەتە وەهاشیان دەگووت:" ئیدی بۆرژوازی بچووك ئیفلاسی کرد، چەمکی سۆسیالیزمیش سەرناگرێت، سەردەم سەردەمی گوندییەکانە" بەم چەمکە نزیك دەبوونەوە، دەخوازن چەمکێکی بەمشێوەیە لەنێو پارتیدا بڵاوبکەنەوە. بێگومان ئەو چەمکە بەتەواوی لەدژی پارتییە و لەدژی ڕێبازی تەڤگەرە. هەڵبەتە ئەو کاتە ئەمە بەئاشکرا پێشناخەن، بەڵام ئەوەی لەرۆحی ئەواندا دەژیت ئەمەیە، کەچی خۆشیان وانیشان دەدەن کەوا لەسەر خەتی سەرۆك بەڕێوە دەچن و ئەو خەتە بەبنەما وەردەگرن و جێبەجێی دەکەن، خۆیان وانیشان دەدەن. ئەو شتانە لەقۆناخی کۆنگرەدا لەئارادا بوو.

ئیدی لە کۆنگرەدا **"کۆر جەمال"** و **"تەرزی جەمال"** ئەو چەمکەی خۆیان بەشاراوەیی دەکردە ڕۆژەڤ، بەڵام کە دەستڕۆیشیان لەپارتی وەرگرت، خواستیان ئەو دەستڕۆییە

بەکاربهێنن، بۆ ئەوەی بتوانن بەگوێرەی خۆیان لەنێو کۆمیتەی ناوەندیدا چەمکی گوندێتی خۆیان لەنێو لەکادیراندا، لەئەرکسپارندا بالادەست بکەن. دەستیان بەم کارە کرد...

لەسێیەمین کۆنگرەوە تا سالانی(١٩٨٧ ـ ١٩٨٨ ـ ١٩٩٠)دا لەو ماوەیەدا چەمکی چەتەگەرێتی لەنێو سوپای (ARGK)دا وەك مەیلێك لە پراکتیکدا دەردەکەوێتەڕوو، ئەو چەمکی چەتەگەرێتییە، یان وەك پێی دەگووترێت"چوار چەتە" رەگ و ریشەی خۆی لەکوێوە دێت؟ ئەو زەرەر و زیانانەی لەتەڤگەریدا چیبوون؟ پاشان کێ سەرکێشی ئەو چەمکەی دەکرد و ئاکامی ئەوانە بەچی گەیشت؟

لەبنەڕەتدا ئەو چەمکی چەتەگەرێتییە لەچەمکی گوندێتییەوە دەرچوو. لەبنەمادا "کۆر جەمال" نوێنەرایەتی ئەو چەمکەی دەکرد و پەرەپێیدەدا و دەیویست بیکاتە چەمکی هەر کەس و هەوڵیدەدا تیۆریزەیشی بکات، لەناو رێکخستندا تارادەیەکی بەرچاو بلاویشی کردەوە، لەسەر ئەو کادیرانەی لە دواوەن و زێدە کەسانی نا ئایدیۆلۆژی و نا رێکخستنین و لەنێو گوندێتی خۆیان دەژین، لەسەر ئەوانە تارادەیەکیش کاریگەری خۆی کرد. هەڵبەتە ئەو کادیرانەشی دەدایەپێش، خواستی ئەو جۆرە کادیرانە بالادەست بکات و بەتەواوی تەڤگەر بکاتە تەڤگەرێکی گوندێتی. ئیدی ئەو چەمکی چەتەگەرێتی لەنێو تەڤگەردا بەهێز کرد. ئەوەی نوێنەرایەتی ئەو چەمکەی دەکرد کێ بوون؟ **"کۆر جەمال، هۆگر، تۆپاڵ مەتین و پەرماکسز زەکی (شەمدین ساکیك)"** بوون، **"هۆگر و مەتین و شەمدین"**یش پەروەردەی دەستی **"کۆر جەمال"** بوون. **"کۆر جەمال"** ئەوانی دەرخستە پێش، دەستڕۆیی و شتی وای بەوانە بەخشی و بەخۆیەوە پەیوەستی کردن و چەمکی خۆیشی لە کەسێتی ئەواندا چاند،

لەرێگەی ئەوانیشەوە چەمکی چەتەگەرێتی خۆیشی لەپراکتیکدا و لەناو تەڤگەردا پێشخست.

چەمکی چەتەگەرێتی ساڵی (١٩٨٧) دەستیپێکرد و لەناو تەڤگەر و لەناو گەریلادا پێشکەوت. هەرچەندە ئەو چەمکە ئەو چوار کەسە لەپراکتیکدا پێشیانخست و بەهێزیان کرد، بەڵام لەبنچینەشدا ئەبوبەکر (خەلیل ئەتاج) و بۆتان (نیزامەددین تاش) ئەو خەتەی ئەوانیان دەپاراست، ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی خەتی چەتەگەرێتی، رێکخستنکردنی چەتەگەرێتی ئەوەندە پێشبکەوێت و ئەوەندە تەخریبات لەگەڵ خۆیدا بهێنێت. لەبنەمادا، لەژێر بەرپرسیارێتی ئەواندا ئەو خەتە و ئەو هەموو تەخریباتانە روویدا. لە هەرێمی بۆتان ـ ماردین‌دا(١) تا ساڵی (١٩٩٠) بەرپرسیاری سیاسی بۆتان (نیزامەددین تاش) بوو، بەرپرسیاری عەسکەریش ئەبوبەکر (خەلیل ئەتاج) بوو. ئەو پراکتیکەی لە ماردین و بۆتان و دەوروبەری لەدژی گوندەکان، لەدژی کەسانی سڤیل پێشکەوت لەژێر ناوی گوایە:" ئەوانە سیخوڕن، چەتەن و جاشن" تەسفیەکردنی ئەو کەسانە هەمووی لەژێر بەرپرسیارێتی "نیزامەددین تاش" و "خەلیل ئەتاج"دا روویدا. ئەو کاتە بەتالیۆنێکی سەرەکی ئێمە هەبوو، "هۆگر، شەمدین ساکیك و تۆپاڵ مەتین"یش لەو بەتالیۆنەدا فەرماندەی تیپ و فەرماندەی گەرت بوون. ئەو بەتالیۆنەش لەژێر بەرپرسیارێتی "ئەبوبەکر" دابوو و فەرماندەی ئەو بەتالیۆنەش هەر "ئەبوبەکر" بوو. ئەو چالاکییانە؛ لەوانەیە لەپرکتیکدا "شەمدین ساکیك، هۆگر و مەتین" ئەنجامیان دابێت، بەڵام هەمووی لەژێر بەرپرسیارێتی "ئەبوبەکر" و "بۆتان"دا ئەنجام دراون. تەنانەت "ئەبوبەکر" و "بۆتان" خۆشیان تەڤلی هەندێك لەو پراکتیکانە بوون، ئەو تەخریباتە و ئەو خەتەی چەتەگەرێتی بەمشێوەیە تەشەنەی سەند.

"کۆر جەمال" نوێنەرایەتی چەمکی چەتەگەرێتی دەکرد و لەساڵی (١٩٨٦ ـ ١٩٨٧)یشدا ئەو چەمکەی لە "هۆگر و مەتین و شەمدین ساکیك"یش چاند. هەڵبەتە بەم هۆیەوە "کۆر جەمال" گیرا و دادگایی کرا و سزا درا. ئەو چەمکە "هۆگر و مەتین و شەمدین" وەریانگرتبوو و لەپراکتیکدا بەردەوام بوون لە بڵاوکردنەوە و پێکهێنانیدا، "ئەبوبەکر" و "بۆتان"یش ئەو چەمکە و ئەو کەسانەیان دەپاراست پەردەپۆش دەکرد و ئەو

پراکتیکانەیان تەشەنە پێدەدا. ئەگەر "بۆتان" و "ئەبوبەکر" چەمکی چەتەگەرێتییان پەسند نەکردبایە و لەدژی ئەو چەمکە رابوەستانایە، ئەوا "مەتین و هۆگر و شەمدین ساکیك" نەیاندەتوانی ئەو چەمکە و ئەو پراکتیکە تەشەنە پێبدەن، ئەو کاتە هێندە تەخریباتیش رووی نەدەدا. ئەمە گورزێکی کوشندەی لەتەڤگەر دا، پێشەنگایەتی و گەریلایەتی خراپ کرد، فەرماندەیی و شەرڤانێتی شێواند، ئەو کارەی سەرۆك بەرێوەی دەبرد هەمووی ڤالاّ دەرخست، تەڤگەری بەپێچەوانەی راستینەی خۆی نیشاندا. ئەگەر پاشان تەڤگەر بە "تیرۆریزم" تۆمەتبار کرا و سەرۆك بە "تیرۆریزم" تۆمەتبار کرا، هۆکارەکەی ئەو پراکتیکی چەتەگەرییەیە. بەرپرسیاری سەرەکی ئەو پراکتیکەش "بۆتان" و "ئەبوبەکر"ن. "هۆگر و مەتین و شەمدین ساکیك" و ئەوانە لەپراکتیکدا ئەو چەمکەیان پێکدەهێنا. "ئەبوبەکر" پاشان چووە ئەیالەت (هەرێم)ی گارزان ئەو چەمکە و ئەو پراکتیکەی لەوێش بلاّوکردەوە و پێشیخست و بەهێزی کرد، "شەمدین ساکیك"یش چووە ئامەد و ئەرزروم و ئەو شوێنانە ئەو چەمك و پراکتیکەی پێشخست و بەردەوامی پێدا.

تا پێش ئەوەی "کۆر جەمال" و چەتەکانی دیکە، ئەو چەمکە چەتەگەرێتییە لەناو تەڤگەری ئێمەدا پێشبخەن و بلاّویبکەنەوە و پرەنسیپی تەڤگەر تێك بدەن، تا ئەو کاتە تەڤگەری ئێمە زۆر خاوێن و پاك بوو، چەمکی وەك ڤیودالێتی، پیلانگێرێتی، تەسفیەگەرێتی و.... شتی بەمجۆرە زێدە لەناو تەڤگەردا نەبوو. ئیدی ئەمە لەو چوار چەتەیەوە دەستیپێکرد و تەڤگەریان پیسکرد، لەزۆر رووەوە تەڤگەریان لەبناخەی خۆی دەرخست، لەمەش دووژمن زۆر سوودمەند بوو، ئەمە تەخریباتێکی مەزنی لەناو تەڤگەردا دروستکرد. هەربۆیە تەڤگەر رەخنەی زۆری لە "کۆر جەمال" گرت و سزای دا، دوای ئەمەش رەخنەی لەو کەسانەش گرت کە نوێنەرایەتی ئەو چەمکە دەکەن.

سەرۆك بینی کە ئەو چالاکییانەی لە (١٩٨٧)دا لەدژی گوندەکاندا، بە بیانووی ئەوەی گوایە "چەتە و سیخوڕن" روودەدەن، هیچ پەیوەندییەکی خۆی بەخەتی تەڤگەرەوە نییە، ئەو چالاکییانە تەخریباتێکی مەزن دروست دەکەن و دووژمنیش سوودێکی مەزنی لەمە دەبینێ... سەرۆك زۆر رەخنەی لەمە گرت. ئێمەش لەسەر ئەو بنەمایە لە (١٩٨٨)دا کۆبوونەوەیەکمان لەچیای "پیرۆ" سازکرد و ئێمەش رەخنەی ئەو چەمکەمان

کرد. لەئەنجامی ئەو کۆبوونەیەوەدا من چوومە گۆڕەپانی سەرۆکایەتی. سەرۆك بڕیاریدا ئەوانە هەمووی رابکێشێتە لای خۆی لە ئەکادیمیا. ئیدی "بۆتان، مەتین، شەمدین، ساری باران" و هەرکەسێك کە خاوەنی ئەم چەمکەن و نوێنەرایەتی دەکەن، خواستی بچنە ئەکادیمیا لای سەرۆك. داوای "بۆتان"یشی کرد، تەنیا "ئەبوبەکر" لەنێو ئەوانەدا مایەوە. سەرۆك لەکۆتایی ساڵی (١٩٨٨) و سەرەتای (١٩٨٩)دا تەواوی ئەو شیکردنەوانەی پێشیخستبوو لەسەر چەتەگەرێتی و سوپایبوون و فەرمانداریێتی بوون. سەرۆك لەمیانەی ئەو شیکردنەوانەدا خواستی چەمکی چەتەگەرێتی بەتەواوی لەناو تەڤگەردا مەحکوم بکات و خەتی تەڤگەر لە گەریلادا و لەپێشەنگایەتیدا باڵادەست بکات.

ئیدی ئەو کاتە "بۆتان" و ئەوانە گووتیان:" ئیتر ئێمە تێگەیشتین" و بەڵێنیان دا کە ئەو چەمکە لەنێو تەڤگەردا نەهێڵن، بۆ ئەمەش دەرفەت و شانسێکی خواست، سەرۆك ئەو دەرفەتەی بە "بۆتان" دا و "بۆتان"ی رەوانەی وڵات کردەوە، بۆ ئەوەی لەوڵاتدا کۆنفرانسێك سازبکەن و لەو کۆنفرانسەشدا ئەو چەمکە بەتەواوی مەحکوم بکەن، هەر کەسێکیش ئەو چەمکەی پێشخستبوو بکەوێتە ژێر لێکۆڵینەوە و سزای ئەوانیش چییە بەدادگا دەستنیشان بکرێت. سەرۆك ئەوانەی دیکەشی لە ئەکادیمیا هێشتەوە. تەنیا "بۆتان"ی نارد. چونکە "بۆتان" بەڵێنی دا. ئامانجی سەرۆك چیبوو؟ ئەو کۆنفرانسە لە وڵات سازبدرێت و بەو کۆنفرانسە خەتی چەتەگەرێتی نەهێڵێت، لە گۆڕەپانی ئەکادیمیاشدا دەیخواست لەرێگەی پەروەردەوە کادیران بەتەواوی لەو چەمکە دوور بخاتەوە، تاکو بتوانێت ئەنجامگیر ببێت.

بێگومان چەتەکان "شەمدین، مەتین، ساری باران، هۆگر و بۆتان" بینیان کە سەرۆك زۆر بەجددی دەچێتە سەر ئەو چەمکە و سەر ئەوان. واتا سەرۆك بەبڕیارە بۆ ئەوەی لێپرسینەوە لەگەڵ نوێنەرانی ئەو خەتە بکات. ئەوانە چییان کرد؟ ئەوانە هەوڵیان دا بۆ ئەوەی سەرۆك فاڵا دەربخەن و خۆیان باڵادەست بکەن. لەلایەکەوە راستینەی خۆیان شاردەوە بۆ ئەوەی سەرۆك و تەڤگەر بخەڵەتێنن، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو کارەی سەرۆك بەئەنجامی گەیاندووە هەوڵیاندا بەتەواوی فاڵای دەربخەن، ئەمەیان بەبنەما وەرگرت.

لە وڵات، لەچیای تەحتەڕەش(٢) دا كۆنفرانسێك سازدرا، كۆنفرانسەكە لەژێر بەرپرسیارێتی"ئەبوبەكر" و "بۆتان" ئەنجامدرا، پێویستبوو لەو كۆنفرانسەدا چەتەگەرێتی مەحكوم بكرێت و خەتی تەفگەر باڵادەست ببێت. ئەوانەی خەتی چەتەگەریشیان پێشخستووە و تەخریباتیان ئەنجامداوە حیسابیان لێبپرسن و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بكەن، كەچی "بۆتان" و "ئەبوبەكر"چییان كرد؟ چوون "هۆگر"یان خەڵات كرد. واتا خەتی چەتەگەرێتییان خەڵات كرد، چونكە"هۆگر" باش نوێنەرایەتی چەتەگەرێتی كردبوو، لەبری ئەوەی مەحكومیان بكردبایە و حیسابیان لێی بپرسیایە، تەواو بەپێچەوانەی ئەمە خەڵاتیان كرد، گوایە "هۆگر" سەركەوتووە، بۆچی خەڵاتیان دا بە"هۆگر"؟ چونكە ئەوان لە كەسی "هۆگر"دا خەڵاتیان دا بەخودی خۆیان !!. لەوانەیە نەیانتوانیبێت بیدەن بەخۆیان، دایان بە "هۆگر"، خەڵاتكردنی "هۆگر" خەڵاتكردنی خەتی چەتەگەرێتییە. هەڵبەتە ئەوەی لەدژی چەتەگەرێتی بێت خەڵات نادا بە "هۆگر". كەواتە ئەوانە لەبنچینەدا خۆیان نوێنەرایەتی ئەو چەمكەیان دەكرد، بۆیە خەڵات دەدەن بە "هۆگر"، ئەمە بەو واتایە دەهات.

بۆیە ئەو كۆنفرانسە ئەو ئامادەكارییانەی سەرۆك كردبووی بەتەواوی پووچەڵیان كردەوە كە لەماوەی چەندین مانگدا سەرۆك پێشیخست و "بۆتان"ی نارد بۆ وڵات، كە لەوڵاتدا ببێت بەهێز و وزەیەك، كەچی هەموو ئەو ئامادەكارییانەی سەرۆكیان فاڵا دەرخست. خواستیان لەو كۆنفرانسەدا بەتەواوی خەتی چەتەگەرێتی زاڵ بكەن. خەڵاتكردنی "هۆگر" بەو واتایە دەهات. بێگومان كاتێك كە سەرۆك سەبارەت بە كۆنفرانسەكە زانیاری پێگەیشت، ئەو كۆنفرانسەی رەتكردەوە و گووتی:" ئێمە چەتەگەرێتی پەسند ناكەین" كاتێك كە بینیان سەرۆك لەدژی ئەم خەتە بەبڕیار و سێلگیرانە رادەوەستێت و تەسلیمی ئەو خەتەیان نابێت. ئیتر بیریان لەوە كردەوە كە سەرۆك لەناو ببەنز ئەمجارە ئەو حیساباتانەیان كرد. ئیدی سەرەتا لەگۆڕەپانی ئەكادیمیا (لەدۆڵی بیقاع)دا هەڤاڵ حەمزە (حەسەن بیندال)یان شەهید كرد. هەڤاڵ "حەسەن بیندال" هەم پارێزوانی یەكەمی سەرۆك بوو (بەرپرسیاری دەستەی پاراستنی سەرۆك بوو)، هەمیش "نامەبەر"ی سەرۆك بوو، ئەو هەڤاڵەیان كوشت و ویستیان بیخەنە چوارچێوەی رووداوی لەدەست دەرچوون (قەزاو قەدەر)ەوە. بەڵام هەندێك

هەڤاڵ ئەو تاوانەیان بینیبوو، یەکسەر دەچن بە سەرۆك دەڵێن:" ئەمە قەزا نییە، بەڵکو بەدەستی فلان و فیسار کوژراوە، ئێمە بەچاوی خۆمان بینیمان کە سێرە (نیشان)یان لێگرت و کوشتیان" سەرۆك دەڵێت:" مادام وایە ئەوانە یەکسەر بگرن و بیانخەنە ژێر لێکۆڵینەوەوە" ئیتر ئەگەر هەڤالان ئەو تاوانەیان نەبینیبایە و بەسەرۆکیان نەگووتبایە و سەرۆکیش ئەو تەدبیرانەی وەرنەگرتبایە، ئەوا لەهەنگاوی دووەمیشدا سەرۆکیان تەسفیە دەکرد. چونکە پێویستبوو سەرەتا لێپرسراوی دەستەی پاراستنی سەرۆك بکوژن، پاشان خۆیان بگەیەننە سەرۆکیش، بۆ ئەم مەبەستەش "حەسەن بیندال"یان کردە ئامانج، ئەگەر ئەو کاتە سەرۆك تەسفیە نەبوو، ئەوا لەبەر ئەمە بوو. ئەو کاتە لەراگەیاندن و چاپەمەنییەکانی تورکیاش نووسرا کە "ئاپۆ کوژراوە"، پاشان کە بینیان نەکوژراوە گووتیان:" لێپرسراوی دەستەی پاراستنی ئەو کوژراوە". ئەمە راست بوو، مەسەلەکەش بەو شێوەیە بوو. خواستیان سەرۆك تەسفیە بکەن، چونکە بینیان کەوا ئەگەر سەرۆك تەسفیە نەکەن، ئەوا ناتوانن خەتی خۆیان زاڵ بکەن. سەرۆکیش دەخوازێت لێپرسینەوە لەگەڵ خاوەنی ئەو چەمکە بکات و حیسابی لێ بخوازێت، لەبەر ئەو هۆیە خواستیان سەرۆك تەسفیە بکەن. ئیدی سەرۆك تەدبیری وەرگرت، ئەو هەوڵی تەسفیەکردنە ئەنجامگیر نەبوو. دوایی سەرۆك سەرکۆنەی ئەو خەتە و نوێنەرانی ئەو خەتەی کرد. "مەتین" سزادرا، پاشان "ساری باران" و "هۆگر" هەڵاتن، "شەمدین"یش کەوتە ژێر لێکۆڵینەوەوە، چەندین جار کەوتە ژێر لێکۆڵینەوەوە، بەمشێوەیە رێ لەتەشەنەکردنی ئەم خەتە گیرا. بەڵام بەتەواوی کاریگەرییەکە بەلاوە نەنرا. پاشان دیسان سەرکۆنە و رەخنەی "بۆتان" و ئەوان کرا، پێش کۆنگرەی چوارەمین "بۆتان" و "ئەبوبەکر" و ئەوانەمان هەموویان بێ ئەرك کرد، لەبەر ئەوەی چەتەگەرێتیان پێشخستبوو، راستینەی گەریلا و خەتی تەڤگەریان شێواندبوو، تەخریباتیان ئەنجام دابوو، بۆیە ئەرکمان لەهەموویان وەرگرتەوە و کەوتنە ژێر لێکۆڵینەوەوە، بەمجۆرە کۆنگرەی چوارەممان سازدا، ئەو چەمکەی "چەتەگەرێتی فیوداڵێتی ـ پیلانگێڕ"مان مەحکوم کرد. بۆیە ئێمە بۆ پارێزوانانی گوند (جاشەکان) بەیاننامەمان دەرکرد و بانگەوازیمان لەوان کرد کە؛ چیدی دووژمنایەتی ئێمە نەکەن. بەمشێوەیە کە چەتەگەرێتی ناوخۆییمان هەندێك

بێهێز کرد، چەتەگەریێتی دەرەوەی ئێمەش بێهێز بوو. ئیدی تەڤگەر هەندێك هەناسەی هەڵمژی. بۆیە ئەگەر ئێمە رەخنە و سەرکۆنەی چەتەگەرێتیمان نەکردبایە، ئەوا مسۆگەر ئەو پێشکەوتنانە روویان نەدەدا کە لەساڵی (١٩٩٠) بەدواوە ئەنجامدران، نەك هەر ئەمە، بەڵکو تەڤگەر بەتەواوی دەکەوتە دەست چەتەکانەوە. بەمشێوەیە تەڤگەر کۆتایی پێدەهات و تەخریباتێکی مەزنیش رووی دەدا...

ئەو چەمکەی چەتەگەرێتی و ئەوانەی نوێنەرایەتی ئەو خەتە چەتەگەرێتییەیان دەکرد هیچ پەیوەندییەکان لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی تەسفیەگەرێتی هەبوو لەدەرەوە...؟

پەیوەندییان هەبوو یان نەبوو ئەمە زێدە گرنگ نییە، هەڵبەتە بناخەی ئەو چەتەگەرێتییە و ئەو کولتوورەی چەتەگەرێتی لە کوردستاندا بەهێزە، لەپشت جێگیرکردنی ئەو کولتوورەش خودی دەوڵەتی تورکیا هەیە. هەمیشە ئەو کولتوورەی بەزیندوویی هێشتۆتەوە و هانیدەدات و بەهێزی دەکات. ئەگەر لەجڤاکی کورددا چەتەگەرێتی و ئەشقیایەتی (یاخیگەرێتی) بەهێزە ئەوا ئەمە پەیوەستە بەو راستییەوە. ئەوەی لەنێو پارتیشدا پێکهاتبوو رەنگدانەوە و ئاکامی ئەمە بوو. هەر هەمان کولتووره و جارێکی دیکە لەنێو پارتیدا زیندوو ببووەوە.

هەڵبەتە خودی "کۆر جەمال" بەرلەوەی بێتە ریزەکانی ئێمەوە خۆی ئەشقیا (یاخی) بوو، چەند کەسێکی کوشتبوو، لەناوچەی "سێرت" و "ماردین" لە چیا دەژیا. تەنگەتاویش ببوو، تەنانەت نەیدەتوانی وەکو پێشان ئەشقیایەتیش بکات. ئیدی دەوڵەتیش کەوتبووە جموجۆڵەوە، چونکە تەڤگەری ئێمە هەبوو، نەیدەتوانی بەردەوامی بە ئەشقیایەتی خۆی بدات و بژیت. ئەشقیایەتی ئیعتباری خۆیشی نەمابوو، چونکە تەڤگەری شۆڕشگێری سەریهەڵدابوو، لەناو گەلدا ئیعتباری شۆڕشگێڕان پەیدا ببوو، بۆیە ئەویش تەڤلی ئێمە ببوو. ئەو کولتوور و چەمك و شێوە ژیانەی چەتەگەرێتی زۆر بەهێز لەودا هەبوو. پارتیمان زۆر راوەستەی لەسەر کرد و توانستی

پێدا، هەنگاوی دەهاوێشت، هەندێك هەنگاویشی لەم رووەوە هاوێشت. بەڵام بەتەواوی خۆی لەو کولتووره رزگار نەکردبوو. کاتێك دەستڕۆیی و بەرپرسیارێتیشی کەوتەدەست، جارێکی دیکه ئەو کولتووره لەودا زیندوو بۆوە و گوزارشتی لێکردەوە. واتا "کۆر جەمال" چەمك و کولتووری چەتەگەرێتی لەناو تەڤگەردا لەبەر ئەم هۆیە پەرەپێدا، چونکه بناخە و رەگێکی ئەو کولتوورەی تێدا هەبوو. مرۆڤی کوردیش لەم کولتووره بەدوور نییە. داگیرکەران ئەو کولتوورەیان بەکۆمەڵگاداوە، ئەو کولتووره لەناو کۆمەڵگادا بەهێزە. بۆیە "**کۆر جەمال**"یش خیتابی ئەو کولتووره و کەسێتییەی دەکرد. لەگێدا ئەمەی بینی خیتابی ئەوانی کرد و ئەوانی دەدایەپێش. زێدەتریش لە "**شەمدین ساکیك، تۆپاڵ مەتین و هۆگر**"دا بینی و ئەوانەی دەرخستەپێش و ئەوانەش دەستڕۆیی و توانستیان لە "**کۆرجەمال**" وەرگرت و چەمکی "**کۆر جەمال**"یان بۆ خۆیان بەبنەما وەرگرت...

لەساڵی (١٩٨٨)دا تەڤگەری کورد لەباشووردا دووچاری شکستێکی مەزن هات، ئەو کاتە هەڵوێست و نزیکبوونەوەی تەڤگەری (PKK) لەبەرامبەر ئەو شکستە و هێزەکانی باشوور و ئەو کۆچبەرییەی ئەو کاتە لەئاکامی پرۆسەکانی ئەنفالدا روویاندەدا چیبوو و ئەو ژانە چۆن شیدەکرانەوە...؟

کاتێك کە ئاگربەستی نێوان ئێراق ـ ئێران دروست بوو، ئەو کاتە ئێمە مەزەندەی ئەوەمان دەکرد کە رژێمی ئێراق هێرشێکی مەزن بکاتە سەر باشووری کوردستان. بۆیە ئێمە لەنێو خۆماندا لەسەر ئەو بابەتە چەند کۆبوونەوەیەکمان سازدا، بۆ ئەوەی بزانین دەتوانین چیبکەین؟ ئەگەر هێرشێکی مەزن بکرێتە سەر باشوور ئایا بەرخۆدان دەکرێت یان نا؟ ئەگەر ببێت باشە و ئێمەش دەتوانین پشتگیری لێبکەین، ئەگەر بەرخۆدان نەکرێت لەوانەیە گەل لەباشوور کۆچبەری باکوور ببێت، پێویستە ئێمەش بەگوێرەی ئەمە تەدبیری خۆمان وەربگرین، ئەگەر ئەو خەڵکە کۆچبەر ببێت ئەوا پێویستە هاوکاریان بکرێت و پەرێشان نەبن و داڵدە بدرێن. وەکوتریش ئەگەر هاتنێکی

بەمجۆرە و شکستێکی بەمجۆرە روویدات ئەوا کاریگەری خۆی لەسەر کوردی باکووریش دەکات، کاریگەری لەسەر ئەو بەرخۆدانەی کەوا لەباکووریش هەیە دەکات. بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی خراپ لەسەر گەل و تەڤگەر دروست نەبێت، پێویستە ئێمە گەل و کادیران بۆ ئەو ئەگەرە ئامادە بکەین، کۆبوونەوە لەگەڵیاندا سازبدەین. بۆ ئەوەی ئەگەر شتێکی وەها روویدا، ئاگادار بن و بزانن و لێی تێبگەن و واتای بدەنێ، تاوەکو لەگەڵ خۆیدا شکستێك دروست نەکات. هەروەها بیرمان لەوەش کردەوە کە داخوا مرۆڤ دەتوانێت هاوکاری ئەوانە بکات کە بەرخۆدانی دەکەن و جارێکی دیکە بەرخودانی پێشیبخات؟ لەو کۆبوونەوەیەی خۆماندا لەسەر هەموو ئەگەرەکان راوەستەمان کرد و گفتوگۆمان لەسەر ئەم بابەتانە کرد.

ئێمە لەو کۆبوونەوانەی خۆماندا گەیشتینە هەندێك بڕیار. لەسەر بنەمای ئەو بڕیارانە هەڤالان لە هەرێمی بۆتاندا دەستیان بەسازدانی کۆبوونەوە بۆ خەڵك کرد و بۆیان باس کردن کە؛ ئیدی شەڕی ئێران ـ ئێراق راوەستاوە، لەوانەیە رژێمی ئێراق هێرش بکاتە سەر باشوور، لەوانەیە بەرخۆدانیش سەرنەکەوێت و کۆچڕەوی خەڵکی باشوور روویدات. ئیدی ئەگەر کۆچکردنێکی بەمجۆرە روویدات ئەوا پێویستە گەل هاوکاری برای خۆی بکات، خاوەندارێتی لێبکات، پێویستە ئەمە کاریگەرییەکی خراپ دروست نەکات، ئێمە چیبکەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەمە بکەینە هۆکاری بەرخۆدانی مەزن لەباکوور، تەنانەت لەباشووریش بتوانین بەرخۆدانێك پێشبخەین. لەسەر ئەو مەسەلانە ئێمە هەندێك کۆبوونەوەمان لەناو گەلدا سازکرد. بێگومان ئەو کۆبوونەوانە کاریگەری خۆی لەسەر گەل دەکرد، واتا ئێمە گەلمان هەندێك ئامادە دەکرد، بۆ داهاتوو.

ئێمە چووینە ناوچەی "ئولودەرە" گووتمان دەربازی باشووریش دەبین، بۆ ئەوەی هەندێك پێشمەرگەش ببینین، هەندێك خەڵکی گوندیشمان دەناسی لەباشووردا و پەیوەندیمان لەگەڵیاندا هەبوو، گووتمان:" با ئەوانە ببینین بزانین ئەوانە چۆن بیر دەکەنەوە؟ لەرەوشێکی وەهادا بەرخۆدانی دەکەن یان نا؟ لەئێمە چی دەخوازن؟ هەروەها بەوان دەڵێین کە؛ ئێمەش لەهەموو روویەکەوە لەپشتیوانی ئێوە داین... کاتێك ئێمە لەناوچەی "حەفتانین" دەربازی باشوور بووین، ئێمە هەڤالانمان ناردە لای ئەو گوندنشینانەی دەمانناسین، هەڤالان چوون و گەڕانەوە و گووتیان:" لەو گوندانە

عەسکەری ئێراقی هەیە" ئێمە سەرەتا باوەڕمان نەدەکرد. هەڤالان کۆنسەرفە (معلبات)ی عەسکەری ئێراقیان هێنا، ئەو کاتە ئێمە کەوتینە دوودڵییەوە. بۆیە گووتمان:" با تەدبیری خۆمان وەربگرین، چونکە شەو بوو، با تا سبەی ڕاوەستین بەیانی لەدۆخەکە تێدەگەین. چونکە گووتیان:" ئاگریشیان لەگوند بەرداوە و دەیسووتێنن" بووە سبەی سەیرمان کرد بەراستی عەسکەری ئێراقی هەموو شوێنێکی گرتووە. واتا ئەو کاتە تێگەیشتین، کە هێرش کراوە و بەرخۆدانیش زێدە نەکراوە و خەڵکیش دەربازی لای باکوور بوونە. ئێمە ئەو کاتە زانیمان کە هێرش کراوە. بێگومان ئەو ڕۆژە ماینەوە، عەسکەری ڕژێمی سەددام تادەهات لەئێمە نزیك دەبوونەوە، ئێمەیان بینی، تەنانەت لەنێوانی ئێمە و ئەواندا شەڕێکی بچووکیش ڕوویدا، ڕۆژی دوایی کە دەربازی لای باکوور بووینەوە، کە خەڵکمان لەوێ بینی بەئێمەیان گووت:" پێشمەرگە و گەل هەموو هاتوون و دەربازی باکوور بوونە" ئیدی شتێکی کە ئێمە پێمان بکرابایە زێدە نەمابوو، گووتمان:" تۆ بڵێی کەسانێك هەبن بخوازن بەرخۆدان بکەن؟ ئەگەر هەبن ئەوا ئێمە دەتوانین هاوکارییان بکەین" ئێمە کەسی بەمجۆرەشمان نەبینی. ئەو کاتە هەندێك کوڕی گەنجمان بینی، خەڵکی هەرێمی بادینان بوون، ئەوانە دەیانگووت:" ئێمە دەخوازین بەرخۆدانێك پێشبخەین" بەڵام نەیاندەخواست ئەو کاتە تەڤگەرێك بەناوی باشوور ئاوا بکەن، ئەوان دەیانگووت:" ئێمە دەتوانین تەڤلی (PKK) ببین و لە باکووردا بکەین، پاشان لەباشوور بەناوی (PKK)وە دەتوانین بەرخۆدانێك پێشبخەین" ئێمە ئەو گەنجانەمان وەرگرت، گووتمان؛ ئەوانە ئومێدێکن، با لەناو ئێمەدا هەندێك لەئێمە تێبگەن، پاشان مرۆڤ دەتوانێت ڕوویان بداتە باشوور و پێیان بڵێت کەوا ئێمە تەڤگەرێکین دەتوانین لەباشووریش کار و خەباتێك پێشبخەین، ئەوا باش دەبێت، چونکە بەمشێوەیە لەباشوور خەبات نەکرێت باش نابێت، بە ساڵانە لەباشوور گەلەکەمان شەڕی کردووە و ڕەنجی مەزنی داوە، بە کۆمەڵکوژی و ئەشکەنجەی مەزندا تێپەڕیوە، ئەگەر باشوور هەروا بەبێ تەڤگەرێکی بەخۆدانڤانی بهێڵێتەوە، باش نابێت. بۆیە ئامانجمان ئەوەبوو ئەو گەنجانە بۆ باشوور ئامادە بکەین. ئێمە هەڵوێست و نزیکبوونەوەیەکی بەمشێوەیەمان لەو گەنجانە کرد.

بێگومان ئەو کاتە؛ ڕێك لەدۆخێکی بەمجۆرەدا، لە ئەوروپا "حوسێن یلدرم" و ئەوان لەدژی تەڤگەر دەستیان بەجموجۆڵێکی تەسفیەگەرێتی کرد، "حوسێن یلدرم" و ئەوانە خۆیان ڕاگەیاند کە گوایە" ئێمە نوێنەرایەتی PKKدەکەین، ئێمە PKKین" واتا دیاربوو کە؛ نەك تەنیا تەڤگەری کورد لەباشوور تەسفیە بکەن، بەڵکو دەخوازن لەباکووریش تەڤگەری کورد تەسفیە بکەن، پیلانێکی وەها هاوبەش داڕێژرابوو، وەك کۆنسێپتێکی هاوبەش دایانڕشتبوو. ئەوانە چ حیساباتێك دەکەن؟ وا مەزەندەیان دەکرد کە؛" ئەگەر تەڤگەر لەباشووردا شکست بهێنێت، ئەوا لەڕووی مۆڕاڵەوە کاریگەری لەسەر باکووریش دەکات، ڕێك لەو کاتەدا ئەگەر زەبریشمان لە (PKK)دا، ئەوا دەتوانین تەڤگەری باکووریش تەسفیە بکەین." کۆنسێپتێکی بەمجۆرەیان بەڕێوەدەبرد. بۆیە دەوڵەتی تورکیا هەم ئۆپەراسیۆنی سەربازی مەزن و فراوانتری کرد، هەمیش لە ئەوروپا "حوسێن یلدرم" و ئەوانە جموجۆڵێکیان لەدژی سەرۆك و تەڤگەر دەستپێکرد، بەمشێوەیە تەڤگەر پارچە پارچە بکەن و تەسفیەی بکەن.

بێگومان ئێمە لەدژی ئەوەش ڕاوەستاین، ئەو جموجۆڵەی "حوسێن یلدرم" و ئەوانە دەیانخواست پەرەی پێبدەن و تەڤگەر پارچە پارچە بکەن و تەسفیەی بکەن، لەدژی ئەوەش ڕاوەستاین و بێکاریگەرمان کردن. ئەمەش وایکرد شکستەکەی باشوور و جموجۆڵەکەی "حوسێن یلدرم" و ئەوانەش زێدە ئەنجامگیر نەبێت و تەڤگەریش گورزی بەرنەکەوت.

ئیدی ئەگەر پێشتر مەزەندەمان نەکردبایە و لەم ڕووەوە ئامادەکاریمان نەکردبایە ئەوا لەوانەبوو کاریگەری خراپی دروست بکردبایە، لەوانەبوو (PKK)ش لەباکوور گورزی بەرکەوتبایە. تەنانەت لەبەر ئەوەی پێشتر لەناو گەلدا کۆبوونەوەمان سازدابوو، کەمێك لەڕووی سایکۆلۆژییەوە گەلمان ئامادە کردبوو، کاتێك لەباشووردا ئەو شکستە ڕوویدا و میللەت و پێشمەرگە دەربازی باکوور بوون. گەل باوەڕی زیاتری بەتەڤگەر کرد، بۆیە دەیانگووت:" پێش دوو سێ مانگ ئەوەیان بە ئێمە گووت و ئێمە زێدە ئەو شیمانەیەمان دانەدەنا و باوەڕمان نەدەکرد، بەڵام قسە و مەزەندەکەیان ڕاست دەرچوو، کەواتە پێشهاتەکان دەبینن، پێویستە مرۆڤ بە (PKK) باوەڕ بکات، هەرچییەك دەبێژێت ڕاست دەبێژێت" بۆیە باوەڕی گەل بە (PKK) تۆکمە و بەهێزتر بوو...

هەمیشە روو لە وڵات...

باستان لەتەسفیەگەرێتی کرد لە ئەوروپا، لەسەرەتای تێکۆشانی تەڤگەرەوە تاوەکو ساڵانی نەوەدەکان، خەبات و تێکۆشانی (PKK) بەگشتی لە گۆڕەپانی ئەوروپا چۆن بوو و لە چ ئاستێك دابوو؟ گەلەکەمان لە پەناهەندەیی لە ئەوروپادا گەیشتە چ ئاستێکی هوشیاری و رێکخستنی و تێکۆشان؟. هەم لەبەرامبەر دووژمن و هەمیش لەبەرامبەر ئەو جموجۆڵە تەسفیەگەرییەی لە ئەوروپا بەرێوە دەچوو چۆن هەڵوێستی نیشان دەدا...؟

کار و چالاکی ئێمە لە ئەوروپادا سەرەتا خۆی بۆخۆی پێشکەوت، ئەو خەباتەی ئێمە لە باکوور پێشماندەخست کاریگەری لەسەر گەلەکەمان لە ئەوروپاش کردبوو، هەندێك لەو کەسانەی ئەم تەڤگەرەیان باش دەبینی و خۆیان نزیك بەم تەڤگەرە دەزانی، لەوێ لەژێر ناوی تەڤگەرەوە هەر بۆخۆیان دەستیان بە کار و خەبات کردبوو. واتا هیچ پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ئەوانەدا نەبوو، کار و چالاکییەکی وەها رێکخستنی نەبوو، کادیرانی ئێمە لەوێ نەبوون و کەسیشمان نەناردبوو، هەندێك کەسی وڵاتپارێز لەژێر کاریگەری تەڤگەردا بوون، کە لە باکووردا تەڤگەر جموجۆڵ و خەباتی دەکرد، ئەوانیش بەخۆیان بەناوی تەڤگەرەوە دەستیان بەخەبات کردبوو. ئێمە نەماندەزانی کار و خەباتێکی بەمشێوەیە دەکرێت، تا ساڵی (١٩٧٩) کە سەرۆك چووە گۆڕەپانی لوبنان، کاتێك کە

سەرۆك لەکۆتایی (١٩٧٩)دا چووە لوبنان لای فەلەستینییەکان، لەوێ هەندێك توانستی ئافراند و هەندێك لەکادیرانی نارده ئەوروپا، ئەو کاتە سەرۆك بیستبووی کە لە ئەوروپا هەندێك کار و خەباتی وەها هەیە، خواستبووی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانەدا ببەستێت، ئەو کاتە کادیرێکی ئێمە هەبوو، لەشەڕدا لەگەڵ تورکیا بریندار ببوو، ئەومان بەقاچاخی دەرخستبووە گۆڕەپانی لوبنان، سەرۆك ئەوی نارده ئەوروپا، کە هەم لەوێ برینداری خۆی باش تیمار بکات، هەمیش لەوێ بەو کار و خەباتەی بەناوی تەڤگەرەوە دەکرێت پەیوەندیدار ببێت و ئیدی ئەو خەباتە لەژێر چاودێری تەڤگەردا پێشبکەوێت. چونکە بەناوی ئێمە شت لەوێ دەکرێت ئێمە نازانین چ دەکرێت و تا چەند راستە؟ بۆیە خواستمان پەیوەندییان لەگەڵ ببەستین. ئەو کاتە پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ئەو وڵاتپارێزانە دروست بوو. ساڵی (١٩٨٠) بۆ یەکەمجار هەڤاڵێکمان نارده ئەوروپا و لەوێ دەستمان بەکار کرد. کاتێك ئەو هەڤاڵە چوو لەوێ هەندێك زەمینەی خەباتکردن دروستببوو، بەڵام زێده رێکخستەکراو نەبوو، لەهەموو رووێکیشەوە تەڤگەریان نەدەناسی. بەگشتی، بە پراکتیك کەمێکیان ناسیبوو، بەمشێوەیە هەوادارییان بۆ تەڤگەر دروستببوو، خۆیان بەخۆیان بەناوی تەڤگەرەوە کاریان دەکرد. ئیدی موداخەلەی تەڤگەر بۆ ئەوروپا وەها کرا و کار و چالاکی ئێمە بەرێکخستنی پێشکەوت، سەرەتا لەوێ بەخەباتی کولتووری دەست بەکار و چالاکی کرا. ئەو کار و چالاکییە کولتوورییە تەڤگەری لەوێ فراوانکرد و بووە بناخەی خەبات لەوێ. کار و چالاکی ئێمە لە ئەوروپا لەسەر بناخەی خەباتی کولتووری پێشکەوت، بووە خەباتێکی کولتووری، زەمینەی ئەو خەباتەش هەبوو و بەهێز بوو، بۆیە ئێمە لەو زەمینەیەوە دەستمان پێکرد و تەڤگەر لەوێدا شوێنگیر بوو و پێشکەوتنێك بەدیهات. ئیدی پاشان لەسەر ئەو زەمینەیە کار و خەباتی رێکخستنی، سیاسی، دیپلۆماسی پێشکەوت، تادەهات ئەو کار و خەباتە فراوانتر بوو.

بێگومان پێش ئێمە چەپی تورك لەوێ بەهێز بوون، پارتە کوردییەکانی باکوور لەوێ بەهێز بوون، بەتایبەتی "پارتی سۆسیالیست"ەکەی کەمال بورقای. هەڵبەتە ئەمانە تادەهات بێهێز دەبوون و ئێمەش لەوێ بەهێز دەبووین، پەیوەندی نێوان کار و خەباتی ئەوروپا بەکار و خەباتی وڵاتیش دروستبوو، کار و خەباتی ئەوروپا بەتەواوی رووی لە

وڵات کرد. لەسەر ئەو بنەمایە ئەو کار و خەباتە تادەهات پێشکەوت و بەهێزتر بوو. هەر کاتێك کار و خەباتی ئەوروپامان کەمێك رووی خۆی لەوڵات وەرگەڕاند بێت، کێشەی تێکەوتووە، تەسفیەگەرێتی تێکەوتووە، هەر کاتێك کار و خەباتی ئەوروپامان رووی لەوڵات کردبێت ئەوا زۆر زیاتر تەڤگەر بەهێز بووە و توانستی تەڤگەر زیاتر بووە و تەڤگەر پێشکەوتووە.

ئێمە هەمیشە ئەو کار و خەباتەی ئەوروپامان بە وڵاتەوە پەیوەست کردووە، ئاراستەکەیمان هەمیشە رووەو وڵات کردووە. هەم بۆ ئەوەی هێز و وزە لە وڵات وەربگرێت، هەمیش ئەو پێشکەوتنەی لەوێ بەدیهاتوون، ئەو توانستەی لەوێ ئافرێنراون بکەوێتە خزمەتی وڵات و تەڤگەرەوە. بەمشێوەیە یەکتر تەواو بکەن. دیالیکتیکێکی بەمجۆرەمان لەگەڵ ئەو خەباتەی ئەوروپا دروستکرد، بۆیە ئەو خەباتە تادەهات تۆکمە و بەهێزتر دەبوو، هەم لە وڵات هێز و وزەی وەرگرت، هەمیش هێز و وزەی بە وڵاتیش بەخشی.

بێگومان لەو خەباتەدا هەندێك جار کێشە و گرفت دەرکەوتوون. کێشەی "سەمیر" و "داوود" و "باقی" و ئەوانە دروستبوو، خواستیان کەوا کار و خەباتی ئەوروپا بخەنە دەستی خۆیانەوە، بەمەش تەڤگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە. تەڤگەریش موداخەلەی ئەوەی کرد و ئەوەی بێکاریگەر کرد، کە جموجۆڵێکی بەتەواوی تەسفیەگەری بوو. ئەو جموجۆڵانەیان بەمەبەستی ئەوە بوو کە تەڤگەر بەتەواوی رابکێشنە ئەوروپا و لە ئەوروپاشدا بیتوێننەوە و بیکەن بەتەڤگەرێکی پەناهەندە، وەك چەپی تورك و پارتە کوردییەکانی دیکە. سەرۆك و پارتی لەدژی ئەمە راوەستان، هەرچەندە لەساڵانی (١٩٨٢-١٩٨٣)دا هەندێك تەخریباتیشیان کردبێت، بەڵام ئەو جموجۆڵە تەسفیەگەراییەی تەسفیەکرد.

دوای ئەوە "حوسێن یڵدرم، کەسیرە، جەعفەر (عەلی چەتینەر)" و ئەوانە لە ئەوروپا جارێکی دیکە گرفتیان بۆ تەڤگەر دروستکرد، تەنانەت ئەو کاتە "حوسێن یڵدرم" راشیگەیاند و گووتی:" ئێمە (PKK)ین و ئاپۆشمان لە (PKK) دەرکردووە" لێدوانێکی بەمجۆرەیشی دا، تەخریباتێکی وەها مەزنی کردبوو، لەگەڵ ئیستخباراتەکانی ئەوروپا ئەو کارەیان پێشدەخست، ئامانجیان ئەوە بوو کەوا ئەو هەڤاڵانەی پەیوەستی (PKK)ن

بەگرتنیان بدەن و بەگرتنیشیان دابوون. هەڤاڵان "عەباس" و "فوئاد"یان بەگرتن دابوو، بۆ ئەوەی بۆشاییەك دروست ببێت لەبەڕێوەبەرایەتیدا و بەمەش بتوانن تەڤگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە. تاکتیکێکی بەمجۆرەیان لەگەڵ دەزگا ئیستخباراتییەکانی ئەوروپا، بە قورسایی لەگەڵ ئیستخباراتی ئەڵمانیا پەیڕەو کردبوو. هەڤاڵان دەستگیر کرابوون لەسەر ئەو بانگەشەیەی "حوسێن یلدرم" و ئەوان کە گووتبوویان:" ئیدی ئێمە (PKK)ین" واتا حیسابیان کردبوو کەوا ئەوروپا بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی ئەوان دایە، دەتوانن خۆیان رابگەیەنن، دەوڵەتیش لەپشت ئەوان دایە، هەڵبەتە لەگەڵ دەزگا ئیستخباراتییەکانی دەوڵەتانی ئەوروپا پێکەوە ئەو کارەیان کرد. بۆیە "حوسێن یلدرم" و ئەوان بەبێ ترس و حیساب دەرکەوتن. دەیانگووت:" ئیدی دەتوانین ئاپۆ بێکاریگەر بکەین" بەراستیش تەخریباتێکی مەزنیان دروستکردبوو.

بێگومان سەرۆکیش لەدژی ئەوان گەلی خستە تەڤگەر و جموجۆڵەوە. کاتێك کە گەلی خستە جموجۆڵەوە، ئەوانە هەڵاتن و رۆیشتن. ئیدی دیسان کار و خەباتی ئەوروپا لەژێر کۆنترۆڵی ئەوان دەرکەوت و کەوتەوە دەست تەڤگەر. لە ئەوروپادا بۆ ئەوەی تەڤگەر تەنگەتاو بکەن، ناوی تەڤگەر بزڕێنن، دەوڵەتی تورك و دەزگا ئیستخباراتییەکانی هەندێك دەوڵەتی دیکە پێکەوە کاریان کرد، ئیدی سەرەتا "ئۆلف پالمە"یان کوشت و خستیانە ئەستۆی (PKK)وە. بۆچی "ئۆلف پالمە"یان کوشت؟ چونکە بەراستی "ئۆلف پالمە" دۆستایەتی بۆ تەڤگەری کوردی دەکرد، بۆ (PKK)ش دۆستایەتی دەکرد، تەنانەت لەوانەبوو سەرۆك چووبایە سوێدیش، سوێد دەیخواست ئیقامەش بداتە سەرۆك و پەناهەندەیی سەرۆکیشی پەسند بکردبایە، چونکە قسە لەگەڵ سوێد کرابوو، سوێد گووتبووی:" دەکرێت وابکرێت" بۆ ئەمە تەنانەت ئێمە وێنەی سەرۆکیشمان ناردبووە سوێد. واتا بەمجۆرە پەیوەندییەکی باش پێشدەکەوت. لەئاستی جیهانیشدا "ئۆلف پالمە" دۆستی تەڤگەرەکانی گەلانی ژێردەست بوو، زۆر هاوکاری و دۆستایەتی ئەو تەڤگەرانەی دەکرد، سەبارەت بەمەسەلەی ڤێتنامیش لەدژی ئەمریکا رادەوەستا، سەبارەت بە مەسەلەی باشووری ئەفریقیاش لەدژی دەسەڵاتی فاشیست و ئاپارتاید راوەستا. واتا خاوەنی هەڵوێستی دیموکراتیانە بوو، بۆیە ببووە ئامانجی پیلانگێڕان، لەبەر ئەوەی لەدژی ئەمریکا رادەوەستا، لەدژی فرۆشتنی چەك بوو

لەلایەن هەندێك دەوڵەتەوە، پاشانیش پەیوەندی و دۆستایەتی خۆی بۆ کوردان و بۆ (PKK) پێشدەخست، هەندێك دەوڵەت ئەمەیان بەمەترسی دەبینی و بۆخۆیان کردیانە ئامانج و "ئۆلف پالمە"یان کوشت، کە کوشتنیشیان خستیانە ئەستۆی (PKK)ەوە. بەساڵان ئەو تاوانە وەك لەکەیەك بە (PKK)وە لکێنرا. بەمەش هەنگاوێکیان لەدژی (PKK) هاوێشت، مەبەستیان لەو هەنگاوەش ئەوەبوو کە بتوانن (PKK) لە ئەوروپا وەك رێکخراوێکی "تیرۆریست" رابگەیەنن و رێ لەپێش (PKK) بگرن، رێ لەپێش تەڤگەری ئازادیخواز بگرن، لەدوای کوشتنی "ئۆلف پالمە"وە، ئەڵمانیا بەرێگەی "حوسێن یلدرم، جەعفەر (عەلی چەتینەر)" و ئەوانەوە دادگایی هەڤالانی لە دادگایی دۆسلدۆرف ئەنجام دا. هەڤالان "عەباس" و "فوئاد" و ئەوان دەستگیرکران و بەگرتنیان دان، بۆ ئەوەی هەم بۆشاییەك لە بەرێوەبەرایەتی تەڤگەر دروست بکەن و بەمەش تەڤگەر بخەنە دەست خۆیانەوە، هەمیش بەم دادگاییە ئەو هەنگاوەی بە کوشتنی "ئۆلف پالمە" هاوێشتبوویان زیاتر بەهێز و تۆکمە بکەن و بەرەو پێشەوەتری ببەن. چونکە هەرچەندە کوشتنی "ئۆلف پالمە"یان خستبووە ئەستۆی (PKK)وە، بەڵام بەتەواوی نەیاندەتوانی بیکەنە ماڵ بەسەر (PKK)وە، چونکە هیچ بەڵگەیەکیان نەبوو. خواستیان بە دادگایی دۆسلدۆرف هەنگاوێکی یاسایی زۆر تۆکمەتر بهاوێژن، گوایە بەشێوەیەکی حقوقیش بەرێوەی دەبەن، بۆ ئەوەی هەم تاوان و رەشەکوژی "ئۆلف پالمە" بەتەواوی بکەنە ماڵ بەسەر (PKK)وە، هەمیش هەموو تەڤگەر بەتەواوی لە ئەوروپا بکەنە "تیرۆریست" و لەوێ تەڤگەر زیاتر تەنگەتاو بکەن. ئامانجی دادگایی دۆسلدۆرف ئەمە بوو.

هەڵبەتە ئەو کاتە لەجیهاندا جەمسەری سۆڤییەتیش پەرشوبلاو ببوو، سۆسیالیزمیش گورزێکی کوشندەی بەرکەوتبوو و بێ ئیعتبار هێلرابووەوە، رێك ئەو دادگاییەیان لەو قۆناخەدا بەرێوەبرد. واتا بەم دادگاییە دەیانخواست زەبرێکی مەزن لە (PKK) بدەن، کەوا ئیدی (PKK) نەتوانێت لەئاستی نێودەوڵەتیدا پەیوەندی ببەستێت و کار و جموجۆڵ بکات، بۆ ئەوەی بتوانن لەرووی حقوقیشەوە (PKK) وەك تەڤگەرێکی "تیرۆریست" رابگەیەنن لەجیهاندا، بۆ ئەوەی هەموو کەسێك (PKK) بەمشێوەیە بناسێت و تاکو کەس لە (PKK) نزیك نەبێتەوە و بەمەش زەبرێك لە (PKK)

بومشێنن. بێگومان هەرچەندە خواستیان ئەمە لەمیانەی دادگایی **دۆسلدۆرف** جێبەجێ بکەن، بەڵام نەیانتوانی ئەنجامگیر ببن. زۆر هەوڵیان دا، بەڵام لەرووی حقوقییەوە خۆیان زۆر تەنگەناو بوون. چونکە هەڤاڵان بەرخۆدانێکی مەزن و بەرگرییەکی مەزنیان کرد، راستی ئەو دادگاییە چییە و چی نییە و ئەو دادگاییە بۆچی سازدراوە و ئەو دەستگیرکردنانە بۆچی ئەنجامدراون؟ هەڤاڵان هەموو ئەو مەسەلانەیان باسکرد و روونیان کردەوە. پاشان دەوڵەتی ئەڵمانیا نەیدەتوانی خۆی لەو دادگاییە رزگار بکات، کەوتە نێو دۆخێکی بەمجۆرەوە، لەمەسەلەی **"ئۆلف پالمە"**شدا هەرچییەکیان کرد نەیانتوانی ئەو تاوانە لەسەر (PKK) ساخ بکەنەوە. تەنانەت کەوتنە نێو بنبەستیشەوە. دەیانخواست لە دادگایی **دۆسلدۆرف**دا ئەو بنەستییە نەهێڵن، بەڵام **دادگایی دۆسلدۆرف** خۆیشی کەوتە نێو بنبەستییەوە. بێگومان ئەمە ناحەقییەکی مەزن بوو کەوا بەرامبەر بە (PKK) ئەنجام دەدرا، زوڵمێکی مەزن بوو. بۆچی ئەو زوڵمەیان دەکرد؟ چونکە (PKK) تەڤگەرێکی سەربەخۆ بوو، تەڤگەری گەلی کوردی زوڵمێکراو بوو، لەبەرامبەر زوڵمێکی مەزن لەنێو تێکۆشان و بەرخۆداندا بوو، لەبەر ئەوەی نەدەکەوتە خزمەتی هیچ کەسێکەوە، راستینەی گەلی کوردی دەردەخستەڕوو، ئەو زوڵمەی لەسەر کورد بەڕێوە دەچێت دەستی کێی تێدا هەیە، ئاشکرای دەکرد، هەم راستینەی کوردستان و هەمیش راستینەی زۆر دەوڵەتی ئاشکرا دەکرد، ئەوانەی لەمەدا زەرەرمەند دەبوون نەیاندەخواست کەوا (PKK) ئەو راستییانە زیاتر بخاتەڕوو، دەیانخواست رێ لەپێش ئەمە بگرن و گورزی لێبومشێنن، بۆ ئەم مەبەستەش زۆر هەوڵیان دەدا. بەڵام بێئاکام بوون.

ئەو سیستەمەی کوردستانی پارچە پارچە کرد و خستییە بن خزمەتی داگیرکەرانەوە، لەبنچینەدا ئەو سیستەمە بەرپرسیار بوو لەهەموو ئەو کۆمەڵکوژی و ئەشکەنجە و چەوسانەوە و لەناوبردنەی لەدژی کوردان بەڕێوە دەچێت. ئیدی (PKK) بەتێکۆشانی خۆی راستینەی ئەو سیستەمەی ئاشکرا کرد، ئەمەش بۆ سیستەم مەترسیدار بوو، سیستەمیش نەیدەخواست راستینەی ئەو بەرپرسیارێتییەی ئاشکرا بکرێت. بۆیە دەهاتە سەر (PKK)، ئەو کوشتنەی **"ئۆلف پالمە"** و **دادگایی دۆسلدۆرف** هەموو بۆ ئەم

مەبەستە بوو. دادگایی دۆسلدۆرفیش بێ ئەنجام مایەوە، هەڤالآن دادگاییەکەیان قازانج کرد، بۆیە نەیانتوانی تەڤگەر مەحکوم بکەن.

دوای ئەمە کاتێك کە ئەمریکا موداخەلەی کەنداو و ئێراقی کرد، لەساڵی (١٩٩١)دا لە ئەمسادا "حیکمەت چەتین"ی وەزیری کاری دەرەوەی تورکیا و "مام جەلال" کۆبوونەوەیەکیان سازکرد، ئیدی لەئاکامی ئەو کۆبوونەوەیەدا رێککەوتن، کەوا تورکیا دان بە پەرلەمانی باشووردا ـ کە پاشان ئاوادەکرێت ـ بنێت، دان بەستاتۆی باشووردا بنێت، باشووریش (PKK) وەك "تیرۆریست" رابگەیەنێت. لەسەر ئەم بنەمایە رێککەوتن.

ئیدی ئەوانە (PKK)یان بۆخۆیان بەمەترسیدار بینی، بۆیە پێکەوە هەوڵیاندا کە (PKK) بێکاریگەر بکەن، چۆن بێکاریگەری بکەن؟ ئەگەر (PKK)یان وەك تەڤگەرێکی "تیرۆریست" راگەیاند ئەو کاتە دەتوانن(PKK)ش بێکاریگەر بکەن و بەرژەوەندییەکانی خۆشیان بپارێزن. لەسەر ئەو بنەمایە لەگەڵ یەکتر رێککەوتن. لەئاکامی ئەوەدا "مام جەلال" دوای ئەوەی لە ئەمسا "حیکمەت چەتین"ی بینی و گووتی:"PKK تیرۆریستە". بێگومان ئەمە بۆ (PKK) گورزێکی کوشندە بوو، چونکە ئەوروپا هەرموو شتێکی دەکرد بۆ ئەوەی (PKK) بە "تیرۆریزم" مەحکوم بکات، بەڵام نەیتوانی ئەمە بکات، ئەگەر کوردێك دەربکەوێت و بڵێت:"PKK تیرۆریستە" ئەوا بۆ راگەیاندنی ئەوەی کە "PKKتیرۆریستە" دەبێتە هەنگاوێکی مەزن. ئەو کاتە دەتوانن هەر کەسێکیش قەناعەت پێبێنن. چونکە ئەوە کورد خۆی وادەڵێت:"PKK تیرۆریستە" بۆیە ئەو ئاخافتنەی "مام جەلال" هەنگاوێکی مەزن بوو بۆ ئەوەی (PKK) لە هەموو ئەوروپا بەتیرۆریست رابگەیەنرێت. لەبنەڕەتیشدا سوودیان لەو لێدوانە وەرگرت، بۆ ئەوەی بتوانن (PKK) بە "تیرۆریست" رابگەیەنن. ئەمە لەبنچینەدا ئامانج و داخوازی دەوڵەتی تورکیا بوو، دەوڵەتی تورکیا بینی کەوا تادێت تەڤگەری (PKK) مەزن دەبێت، چۆن رێگیری لەمە بکات؟ بە ئیمکانییەتی خۆی نەیدەتوانی ئەمە بکات. ئیدی لەگەڵ (ی ن ك) و (پ د ك) پەیوەندی خۆیان دروستکرد، لەسەر ئەو بنەمایەی پێکەوە (PKK) بێکاریگەر بکەن رێککەوتنیان ئەنجام دا، تاکو بتوانن پێکەوە لەدژی (PKK) رابوەستن. تاکتیکی تورکیا چیبوو؟ تاکتیکی تورکیا ئەمە بوو:" بە (ی ن ك و پ د ك) هێرش و

پەلاماری (PKK) دەدەم، بەرێگەی ئەوانەوە گورز لە (PKK) دەوەشێنم، کە گورزم لە (PKK) وەشاند، ئەوا دەتوانم بەئاسانی کۆنترۆڵی خۆم لەسەر (ی ن ك) و (پ د ك) بکەم و تەواوی تەڤگەری کوردان بێکاریگەر دەکەم". حیسابی دەوڵەتی تورکیا وەها بوو. (ی ن ك) و (پ د ك)ش پەیوەندی خۆیان لەگەڵ تورکیا دروستکرد، چونکە تورکیا دەخوازێت گورز لە (PKK) بوەشێنێت، بۆ ئەوەی گورز لە (PKK) بوەشێنێت هاوکاری (ی ن ك) و (پ د ك)ی کرد، رێگەی تورکیای بۆ ئەوان کردەوە، **پاسەپۆرتی سووریان** بەوان دا، رێگەی دونیایان بۆ کردنەوە، پشتیوانی سیاسی لەوان کرد، بە عەسکەری و ئابووری هاوکاری کردن، (ی ن ك) و (پ د ك)ش لەو پەیوەندی و هاوکارییە زۆر سوودمەند بوون و خۆیان پێ بەهێز کرد. هەر کە تورکیا دەیخواست (PKK) تەسفیە بکات بۆی ئەنجامگیر نەدەبوو، کە نەدەبوو، زیاتر و زیاتر هاوکاری (ی ن ك) و (پ د ك)ی دەکرد، (ی ن ك) و (پ د ك)ش بەمە رۆژ بەرۆژ بەهێز دەبوون و ئیبراز دەبوون.

لێرەدا تورکیا نەگەیشتە هەموو ئامانجەکانی خۆی، بەڵام گەیشتە هەندێك لە ئامانجەکانی؛ (PKK)یان لەجیهاندا بە"تیرۆریست" راگەیاند و بە پەسندکردن دا، لەمەدا گەیشتنە ئامانجی خۆی. چونکە تورکیاش دەیگووت:" من لەدژی کوردان نیم، بەڵام (PKK) تیرۆریستە، من لەدژی تیرۆریزم شەڕ دەکەم". (ی ن ك) و (پ د ك)ش دەیانگووت:" (PKK) کورد نییە تیرۆریستە، ئێمە لەدژی تیرۆریزمین، ئیدی پەیوەندی ئێمە و تورکیا باشە..." ئەو قسانەیان دەکرد. ئەمە چی لەگەڵ خۆیدا هێنا؟ ئەمە هاوکاری دەوڵەتی تورکیای کرد کە تورکیا تێزی خۆی بۆ "تیرۆریزم" بە دونیا بەپەسندکردن بدات، بە ئەوروپا بە پەسندکردن بدات. ئەگەر لە ئەوروپا زۆر دەوڵەت تێزی تورکیای پەسندکرد، بەمجۆرە بە پەسندکردن درا، ئەگەر وا نەبووایە، ئەوا تورکیا خۆی پارچە پارچە بکردبایە، زێدە نەیدەتوانی تێزی خۆی بە پەسندکردن بدات. ئەگەر توانی بە پەسندکردنی بدات لێرەدا رۆڵی (ی ن ك) و (پ د ك) مەزن بوو. چونکە ئەوانە کورد بوون و بەناوی کوردەوە دەئاخفین. لەساڵی (١٩٩١)دا لەبەر ئەوەی کە بەمشێوەیە رێککەوتن و "مام جەلال" ئەو قسەیەی کرد، ئەو قسەیە قسەیەکی راست نەبوو، ئاخفتنێکی هەڵەبوو، هەڵەیەکی مەزن و مێژوویی بوو، ئەمە گورزێکی کوشندەی لە تەڤگەری کورد دا. ئەگەر "مام جەلال" ئەو قسەیەی نەکردبایە، هیچ کاتێك تورکیا

نەیدەتوانی (PKK) لەدونیادا بە"تیرۆریست" لەقەڵەم بدات. دەتوانم ئەمە بەڕاشکاوی بڵێم...

ئەو کاتە؛ پەیوەندی تەسفیەگەرێتی حوسێن یڵدرم و ئەوانە لەگەڵ ئەو تەسفیەگەرانەی کە لەنێو گەریلادا لەنێو جموجۆڵدا بوو هەبوو؟ بۆ نموونە کەسانی وەك" تەرزی جەمال، کۆر جەمال و ... هتد"

بێگومان لەزەمینەی کۆنگرەی سێیەمیندا، "تەرزی جەمال، کۆر جەمال و حوسێن یڵدرم" و ئەوانە پێکەوە هەندێك حیساباتیان کردبوو کە ئەگەر "کۆر جەمال" بێتە وڵات، لە وڵاتیشدا باڵادەستێتی خۆی لەسەر گەریلا بسەپێنێت، ئەگەر هەندێك ناستەنگیش هەبن ئەوا ئەو ناستەنگیانە لەپێش خۆیدا نەهێڵێت، ئەگەر "تەرزی جەمال"یش لە گۆڕەپانی لوبنان لە ئەکادیمیادا دەمێنێتەوە، ئەویش لەوێ لەسەر کادیران باڵادەستی خۆی دروست بکات، ئەگەر"حوسێن یڵدرم" و ئەوانەش لە ئەورووپا بن، ئەوا هەموویان یەکتر تەواو دەکەن. بێگومان ئەوانە پیلانێکی هاوبەشی بەمجۆرەیان بەڕێوە برد. تەنانەت کاتێك کە "حوسێن یڵدرم" دەچێتە ئەورووپا و لەدژی سەرۆك دەست بەکار دەبێت، چی دەڵێت؟ بۆ شەخسی من دەڵێت:" لە وڵات جومعە هەیە، هەڤاڵێکی نازانم کۆنە و پاکە و دڵسۆزە لەوانەیە ئەویش سەرۆك تەسفیەی بکات، سەرۆك ناخوازێت کەس لەناو تەڤگەردا بەمجۆرە پێشبکەوێت، بۆ ئەوەی بەردەوام کۆنترۆڵی خۆی لەسەر تەڤگەر دروستبکات، زۆر کەس بێکاریگەر و تەسفیە دەکات و تەنانەت ونیان دەکات. ئیدی لەوڵاتیش جومعە هەیە، لەناو تەڤگەردا دەناسرێت و کاریگەری خۆیشی هەیە، لەوانەیە سەرۆك ئەویش لەناو ببات" تەنانەت حوسێن یڵدرم ئاخفتنێکی بەمجۆرە دەکات.

بۆچی ئاخفتنێکی بەمجۆرە دەکات؟ چونکە دیارە کە پێشتر ئەوانە لەنێو خۆیاندا قسەوباسیان لەسەر کردووە، کاتێك کە "کۆر جەمال" لە وڵات دەیخواست تەڤگەر بخاتە

ژێر كۆنترۆڵی خۆیەوە، حیسابات دەكەن، لەوانەیە من (جومعە) لەدژی ئەمە رابوەستم، كە لەدژی ئەمە راوەستام من تەسفیە بكەن و پاشان بڵێن:" سەرۆك ئەوی تەسفیە كردووە" بۆیە هەر پێشتر ئەو پڕوپاگەندەیە دەكەن. بۆیە ئەگەر منیان تەسفیە كرد، ئەوا تۆمەتەكە دەخەنە ئەستۆی سەرۆك و بڵێن:" سەرۆك جومعەی لەناوبرد". ئیدی پیلانێكی بەمجۆرەیان بەڕێوە دەبرد.

هەڵبەتە **"كۆر جەمال"**یش پیلان و لەیستۆكی بەمجۆرەشی كرد. بەڵام لەبەر ئەوەی لە پیلان و لەیستۆكەكەی ئەو تێگەیشتم، ئەو پیلان و لەیستۆكانە سەرنەكەوتن، واتا ئەو لەیستۆكەمان تێكدا.

یەكێك لەو زیندانییانەی كە لەسەرەتای نەوەدەكان توركیا سەربەستی كرد "محەمەد شەنەر" بوو، كە لە زینداندا دەركەوت و خاوەن زۆر چەمك و مەیلی دەرەوەی تەڤگەر بوو، كرۆكی ئەو مەیل و چەمكانە چیبوون؟

لێرەدا دەوڵەتی توركیا ئەزموونێكی مەزنی خۆی لەسەر تەسفیەكردنی تەڤگەرەكان لەنێو زینداندا هەیە. لەبنەڕەتدا دەوڵەتی توركیا هەموو تەڤگەرەكانی لە زینداندا تەسفیە كردووە، جا چ تەڤگەری كوردان بێت یان چەپی تورك و دیموكراتیخواز بن. دەوڵەتی توركیا لە زیندانەكاندا ئەنجامی باشی بەدەستخستووە، بۆیە ئەزموونێكی زۆر بەهێزی لەم بارەیەوە هەیە. خواستی لە زیندانی ئامەددا تەڤگەری ئێمەش تەسلیم وەربگرێت. هەر لەم پێناوەشدا زوڵمێكی مەزنی لە زینداندا بەڕێوەبرد. لەمێژووی رابردووشدا هەموو تەڤگەرەكانی بەمجۆرە لە زیندانەكاندا تەسلیم وەرگرتبوو و ئیرادەیانی شكاندبوو، تەنانەت زۆر لەوانەیان داڕووخاندبوو و كردبوونی بە سیخوڕ و بەدەستی ئەو سیخوڕانە تەسفیەی كردبوون، بۆیە لە كودەتای (١٢)ی ئەیلولیشدا ئەو

تاکتیکەیان بەڕێوە برد. لەوێدا زۆر ئەنجامیشیان بەدەستخستبوو. تەنیا لەبەرامبەر تەڤگەری ئێمەدا نەیانتوانیبوو ئەنجام بەدەستبخەن.

هەر بۆیە لە زیندانی ئامەددا بەوەحشییەتێکی مەزن هاتنە سەر تەڤگەری ئێمە، دەیانگووت:" چۆن دەبێت لەسەر هەموو تەڤگەرەکان ئەنجامگیر ببین و تەسلیمیان بکەین و ئیرادەیان بشکێنین، لەکادیرانی ئەو تەڤگەرانەدا چەمکی هەڵە لەناویاندا پێشدەخەین و ئێمە بەدەستی ئەوان تەڤگەرەکان پارچە پارچە دەکەین، بۆچی لەبەرامبەر (PKK)دا ئەمە نابێت؟" بۆیە زۆر بە وەحشییەتەوە دەهاتنە سەر هەڤالان، بۆ ئەوەی ئەمە جێبەجێ بکەن، ئەو شتەی لە تەڤگەرەکانی دیکەدا جێبەجێیان کردووە لەسەر (PKK)ش جێبەجێی بکەن. بێگومان تەڤگەر لەبەرامبەر ئەمە بەرخۆدانێکی مەزنی پێشخست، ئەوان دەیانخواست ئیرادەی بشکێنن و تەسلیمی وەربگرن، هەڤالانیش ئیرادەی خۆیان بەهێز و تۆکمەتر دەکرد و ئاستی بەرخۆدانیان بەرزتر دەکردەوە.

بێگومان لێرەدا تەڤگەر بەسەرکەوت، بەڵام لەکادیرانی زینداندا سێ بەش دروستبوون. یەکەمینیان؛ کە بەتەواوی تەسلیم ببوو و کەوتە خزمەتی دەوڵەتی تورکیاوە و لەگەڵ دەوڵەتدا بەشداری ئەشکەنجەدانی هەڤالانیان دەکرد، کەسانی وەك: "**شاهین دونمەز، یلدرم مەرکیت**" و ئەوانە بوون...

دووەمینیشیان؛ ئەو کادیرانە بوون کە کەمێك ئیرادەیان شکاو و بێهێز ببوو، دەستبەرداری تەڤگەر نەبوون و بەتەواوی نەکەوتنە خزمەتی دووژمنەوە، بەڵام لەژێر ئەو زوڵم و ئەشکەنجەیەدا زۆر ئیرادەیان لاواز ببوو، ئیدی نەیانتوانی لەدژی ئەو وەحشییەتە بەرخۆدان بکەن، دەستبەرداری بەرخۆدان بوون، بەڵام بەتەواویش تەسلیمی داگیرکەرانیش نەبوون، دیسان هەر لەگەڵ تەڤگەر دابوون...

بەشێکی دیکەی کادیرانیش هەبوون کە هەڤالانی وەك "**مەزلوم دۆغان، محەمەد خەیری دوورموش، کەمال پیر، فەرهاد کۆرتای**" و ئەوانە نوێنەرایەتیان دەکرد، ئەو هەڤالانە لەدژی ئەو وەحشییەتە راوەستان و بەردەوام لەهەوڵی ئەوە دابوون کە چۆن ئیرادە بەهێزتر بکەن؟ چۆن بتوانن بەرخۆدان بەرزتر بکەنەوە؟ چۆن ئیرادەی داگیرکەران بشکێنن؟ ئەو هەڤالانەش ئەمەیان بەبنچینە وەردەگرت. بۆیە لە زیندانی ئامەددا، هەم بەرخۆدانی مەزن، هەمیش خیانەتی مەزن روویدا. واتا هەم بەرخۆدانەکە

مەزن بوو، هەمیش خیانەتەکە. هەڵبەتە ئەمە لەهەمانکاتدا مێژووی گەلی کوردیشە، مێژووی (PKK)شە، واتا لایەکی خۆی هەمیشە بەرخۆدانە و لایەکەی تریشی خیانەتە. خیانەتیش مەزنە و بەرخۆدانیش مەزنە، لەمێژووی کوردیشدا وایە، لەمێژووی (PKK)شدا وایە، لە زیندانی ئامەدیشدا هەر وایە.

لەم رووەوە؛ چەمکێکی سەرۆك ئاپۆ لەم بارەیەوە هەیە کە دەڵێت:" چەندە خیانەت مەزن بێت، پێویستە بەرخۆدان زۆر لەوە مەزنتر ببێت"، سەرۆك ئەم چەمکەی لە (PKK)دا زۆر بەهێز کرد. بۆیە دەیگووت:" بۆ ئەوەی بتوانیت سەرکەوتن بەدیبهێنیت؛ چەندە داڕووخان مەزن بێت، ئەوا پێویستە رابوونیش هێندە مەزن و زۆر لەوەش مەزنتر ببێت". سەرۆك تەڤگەری (PKK) و ملیتانێتی (PKK)ی لەسەر ئەو بناخەیە پێشخست، گەلی کوردی لەسەر ئەو بناخەیە پێشخست. ئەمە راستییەکی سەرۆکە، ئەمە تایبەتمەندێتی و تەرز و پرەنسیپ و چەمکێکی سەرۆکە.

لەبنەڕەتدا داگیرکەران دەیانخواست پێشەنگایەتی و رێبەرایەتی لە زینداندا تەسلیم وەرگرن، چونکە ئەوەی لەبنچینەدا نوێنەرایەتی تەڤگەری دەکرد ئەو بوو، ئەوەی ئیرادە و بەرخۆدانی بەهێزتر دەکرد و نەیدەهێشت تەڤگەر لە زینداندا تەسلیم ببێت پێشەنگەکانی تەڤگەر بوون، واتا هەڤاڵان **"مەزلوم، کەمال و خەیری"** بوون. ئەگەر توانیان ئیرادەی ئەوان بشکێنن و تەسلیمیان وەربگرن، ئەوا مسۆگەر تەڤگەر لە زینداندا تەسلیم وەردەگرن، کە تەڤگەریشیان لە زینداندا تەسلیم وەرگرت، ئەوا دەتوانن لەدەرەوەی زیندانیشدا ئیرادەی تەڤگەر بشکێنن، دەتوانن ئیرادەی گەل بشکێنن. چونکە لەبەرامبەر هەموو تەڤگەرەکاندا ئەو ئەنجامەیان بەدەستخستبوو؛ لە زیندانەکاندا ئیرادەیان شکاندبوون و تەسلیمیان وەرگرتبوون، پاشان بەو کادیرانەی تەسلیمیش ببوون لەدەرەوەی زیندان ئەو تەڤگەرانەیان پارچە پارچە کردبوو و تەسلیمیان کردبوون. ئیدی دەیانخواست لە (PKK)شدا ئەمە پێکبێنن، هەڤاڵان **"کەمال، خەیری، مەزلوم"** و ئەوانەی دیکە لەدژی ئەمە راوەستان، نەیانهێشت ئەمە ئەنجامگیر ببێت. مەزنێتی ئەو هەڤاڵانەش لەمەدایە، بۆ یەکەمجار ئەو تاکتیکەی دەوڵەتی تورکیا لەسەر تەڤگەرەکان پەیڕەوی کردووە و ئەنجامی بەدەستخستووە پووچەڵ دەبێتەوە، ئەو

هەڤاڵانە نەیانهێشت ئەو تاکتیکە لەسەر (PKK) پێك بێت و پەیڕەو بکرێت، بەمەش گورزێکی مەزنیان لەو تاکتیکە دا. ئەمە زۆر گرنگ بوو.

مرۆڤ دەتوانێت بڵێت:" لەمێژووی زیندانەکاندا، لە تورکیا و لە کوردستاندا، بۆ یەکەمجار (PKK) بە ساخی دەرچوو. هەڵبەتە لەبەر ئەوەی لە زیندانەکاندا بەساخی دەرچوو، بەرخۆدانی خۆیشی لەناوەوە و دەرەوەی زیندانیشدا لەسەر ئەو بناخەیە بەرەو پێشەوە برد و بەهێزی کرد.

بێگومان کاتێك کە رێبەرانی بەرخۆدانی (PKK) لە زینداندا بەو چالاکییانەیان شەهید بوون، لەوێدا بۆشاییەك دروستبوو، ئیدی "**محەممەد شەنەر و سەلیم چروك کایا**" و هاو شێوەکانیان خواستیان ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە، دەوڵەتیش خواستی بەرێگەی "**محەممەد شەنەر**"ەوە تەڤگەر لە زیندانەکاندا بەتەواوی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، ئەگەر دوای ئەوەی پێشەنگەکانی تەڤگەر لە زینداندا شەهیدبوون و "**محەممەد شەنەر**" بالادەست ببێت ئەوا دەتوانن لەرێگەی "**محەممەد شەنەر**"ەوە ئەو بەرخۆدانە دیسان بشکێنن و تەسفیەی بکەن. هەروەها دەتوانن لەرێگەی "**محەممەد شەنەر**" و ئەوانەوە لەدەرەوەش تەسفیە پێشبخەن. دەوڵەت لەرێگەی "**محەممەد شەنەر**"ەوە هەنگاوێکی بەمجۆرەی هاوێشت. بێگومان "**محەممەد شەنەر**" چۆن خۆی نیشاندەدا؟ واخۆی نیشان دەدا کەوا کادیرێکە هەمیشە بەرخۆدانی بەبنەما وەرگرتووە و پەیوەستە ئگەرەوە. بۆ نموونە؛ درەنگ بەشداری لەچالاکی مانگرتنەکان دەکرد، واتا خۆی ماندوو و پەرێشان نەدەکرد و بەمشێوەیە فێڵبازی دەکرد. بەتایبەتی لەدوا چالاکی بەرخۆدانی "**کەمال پیر**" و "**خەیری دوورموش**" و ئەواندا، واتا لە چالاکی مانگرتنی تا مردندا دەبینێت کەوا "**کەمال، خەیری**" و ئەوان بەبڕیارن کە تا کۆتایی ئەم چالاکییە بەردەوام بکەن، بۆ ئەویش لەکۆتایی چالاکییەکە بەشداری تێدا دەکات، بۆ ئەوەی کە ئەوان شەهیدبوون، خۆی بکاتە سەرۆکی ئەو بەرخۆدانە، بۆ ئەوەی هەر کەسێك بەمجۆرەی لەقەڵەم بدات، ئیدی گوایە لەگەڵ ئەواندا بوو و ئەوان شەهیدبوونە و ئەویش ماوەتەوە، ئیدی سەرۆکی بەرخۆدانە، پێویستە هەموو کەسێك رێزی لێبگرێت... ئیدی دەتوانێت لە زینداندا تەڤگەر بەتەواوی بخاتە دەستی خۆیەوە، راستینەی ئەویش کەس نازانێت، بەیانیش کە لە زیندان دەرچوو، گوایە بەرخۆدانی

کردووە، هەمیش نوێنەرایەتی میراسی "**خەیری و کەمال**"ی کردووە، بەمەش لەناو تەفگەردا چ لە زیندان و چ لەدەرەوەشدا شوێنگەیەکی باش بۆ خۆی بگرێت، کە بتوانێت تەفگەر کۆنترۆڵ بکات، هەروەها تەفگەریش لەژێر کۆنترۆڵی سەرۆکدا دەربخات، واتا رۆڵێکی بەمجۆرەیان بە "**محەمەد شەنەر**" دابوو لە زینداندا.

کاتێك کە "**محەمەد شەنەر**" لە باتمان‌دا دەستگیرکرا ئەرشیفی (PKK) لەو ناوچەیە کەوتە دەست دەوڵەتەوە. شوێنی ئەرشیفیش تەنیا "**محەمەد شەنەر**" دەیزانی، وەکوتر کەسیتر نەیدەزانی. بێگومان "**محەمەد شەنەر**" ئەوەی لە هەڤاڵان شاردبووەوە، هەڤاڵان نەیانزانیبوو کە ئەو ئەرشیفە چۆن کەوتۆتە دەست دەوڵەت؟ تەنانەت "**محەمەد شەنەر**" وەها دیاری کردبوو کە ئەو جێی ئەرشیفی نەزانیوە. بێگومان ئێمە دەمانزانی کە تەنیا "**محەمەد شەنەر**" جێی ئەرشیف دەزانێت، هەڤاڵانی زیندان ئەوەیان نەدەزانی. ئیدی دەیخواست لەمە سوود وەربگرێت؛ کە گرتنی ئەرشیف بخاتە ئەستۆی هەندێك لە هەڤاڵانی دیکەوە و کەس لەرەوشی ئەو تێنەگات. هەروەها لەدەرەوەی بەگرتدانی ئەرشیف، خۆیشی هەموو زانیارییەکی بە دەوڵەت دابوو، بەڵام خۆی چۆن نیشان دابوو؟ خۆی وا نیشان دابوو کە هیچ زانیارییەکی بە دەوڵەت نەداوە، ئەرشیفی نەداوەتە دەست دەوڵەت و بەرخۆدانی کردووە، وەها خۆی نیشان دابوو، تا کاتێکی زۆریش هەڤاڵان رەوشی ئەویان نەزانیبوو. چونکە پەیوەندی هەڤاڵانی زیندان لەگەڵ دەرەوە نەبوو، بۆ ئەوەی بتوانن رەوشی ئەو لەهەڤاڵان بشارنەوە، خێزانی ئەویش بەردەوام لەگەڵ دەوڵەتدا لەنێو پەیوەندیدا بوو. بۆ نموونە؛ ئەو زانیارییانەی کە هەڤاڵان دەخوازن لە زیندانەوە بۆ ئێمەی بنێرن "**محەمەد شەنەر**" دەڵێت:"بیدەنە دایکی من، ژنیشە زێدە نایپشکنن، من دەیدەمە دایکم، دەتوانێت بە هەڤاڵانی بگەیەنێت". بەمشێوەیە زۆر زانیاری دەگاتە دەستی دەوڵەت و ناگاتە پارتی. ئەو زانیارییانەی بەدەستی ئێمە دەگات، بەدەستی دەوڵەت دەگات، ئینجا دەگاتە دەستی پارتی. واتا "**محەمەد شەنەر**" میکانیزمێکی بەمشێوەیەی دروستکردبوو. هەروەها لە زیندانی ئامەددا هەڤاڵان تونێلیان لە زیندانەوە دروستکردبوو، بۆ ئەوەی لە زیندانەوە رابکەن، "**محەمەد شەنەر**" ئەو تونێلەی بەرێگەی دایکی خۆی ئاشکرا کرد. بۆیە ئەو هەوڵی هەڵاتنەش ئەنجامگیر نەبوو. ئیدی "**محەمەد شەنەر**" و خانەوادەکەی لەگەڵ

دەوڵەت بوون، دەوڵەت دەیخواست دوای شەهیدبوونی سەرۆکایەتی بەرخۆدانی زیندان ئەو بکات بەسەرۆکی ئەو بەرخۆدانە و وەك قارەمانێك دەربکەوێتەڕوو، کە لە زیندانیش چووە دەرەوە لەتەفگەردا شوێنێکی تایبەت بگرێت، بۆ ئەوەی بەرێگەی ئەوەوە لەدژی سەرۆك جموجۆڵێك پەرەپێبدەن و بەمەش تەفگەر لەژێر کۆنترۆڵی سەرۆك دەربخەن. ئەو رۆڵەی بە "محەمەد شەنەر"یان دابوو، ئەمە بوو.

هەڵبەتە کەسانی وەکو "سەلیم چروك کایا"ش لەزینداندا هەبوون، "سەلیم چروك کایا" و ئەوان بەرخۆدانیان نەکردبوو و تەسلیم ببوون، ئێمە ئەمەمان دەزانی. ئیدی "محەمەد شەنەر" و ئەوانەی هاوشێوەی خۆی بوون، هەمووی کردبووە ئەکیبێك (گروپێك)؛ هەم بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی زیندان بکات، هەمیش کە دەرکەوتنە دەرەوەی زیندان ئەو ئەکیبە بتوانێت لەناو تەفگەردا کۆنترۆڵێك دروستبکات. "محەمەد شەنەر" کاتێك کە لە زینداندا دەرچوو خواستی ئەمە بکات، خواستی رۆڵێکی بەمجۆرە بگێڕێت و تەفگەر بخاتە دەستی خۆیەوە.

بۆ نموونە؛ ئێمە ئامادەکاریمان بۆ کۆنگرەی چوارەم دەکرد، کاتێك خواستمان کۆنگرە بەفەرمی دەستپێبکەین ئەو کاتە "بۆتان" و "ئەبوبەکر" و ئەوانەمان هەموو بەهۆی پراکتیکی خۆیانەوە بێ ئەرك کردبوو (ئەرکمان لەوان ستاندبووەوە) و خستبوومانە ژێر لێکۆڵینەوەوە. چونکە پراکتیکی چەتەگەرییان بەڕێوە بردبوو و تەخریباتێکی ئەنجام دابوو، رەخنەی تەفگەر بۆ ئەوان هەبوو، دۆخی ئەوان دۆخی لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە بوو، بۆیە ئەوانمان بێ ئەرك کرد و خستمانە ژێر لێکۆڵینەوەوە. "محەمەد شەنەر" دەچێت و بەوان دەڵێت:" ناحەقی لەئێوە کراوە، هەر کەسێك لەجێی ئێوە بووایە هەروەکو ئێوەیان دەکرد، پراکتیکی ئێوە پراکتیکێکی باشە. پارتی و سەرۆك ناحەقی لەئێوە دەکەن" واتا دەخوازێت ئەوانە لەدژی سەرۆك و لەدژی تەفگەر بخاتە جموجۆڵەوە. دەخوازێت ئەوانەش بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت لەکۆنگرەدا قورسایی خۆی دروست بکات و کۆنگرە بخاتە دەستی خۆیەوە، ئامادەکارییەکی بەمجۆرەی کردبوو.

لەدەرەوەی ئەمەشەوە، هەندێك کەسی ئامادە کردبوو و دەیخواست ئەوانەش تەفلی کۆنگرە بکات، لەکۆنگرەشدا قورسایی خۆی دروستبکات و کۆنگرە کۆنترۆڵ بکات. دەهات

چی بەمن دەگووت؟ بۆ "بۆتان" و "ئەبوبەکر" و ئەوان دەیگووت:" ئەوانە هەموویان بکوژ (قاتل)ن، ئەوانە زۆر تاوانی قورسیان کردووە، تەخریباتیان کردووە، یاریان بە ئایدیۆلۆژیا و تاکتیك و ژیان و بەهای پارتی کردووە، خەڵکیان کوشتووە، پێویستە ئەوانە هەموو دادگایی بکرێن و لەسێدارە بدرێن..." سەبارەت بەوانیش لای ئێمە وەهای دەگووت. واتا بۆ ئەوەی ئەو کارەی بەرێوەی دەبات من پێی نەزانم، بۆ ئەوەی بەئاسانی کار و پیلانی خۆی بەرێوە ببات ئەو قسانەی دەکرد.

لەبنەرەتدا ئامانجی سەرەکی "محەممەد شەنەر" ئەوەبوو کە چۆن بتوانێت سەرۆك بێکاریگەر بکات. بۆ ئەمەش "محەممەد شەنەر" لە سوریا رێکخستەبوونێکیشی لەگەڵ هەندێك لەکەسانی ئیستخباراتی سوریا پێکهێنابوو، تەنانەت خواستبوویان کەوا ژەهر بدەنە سەرۆکیش، بەمشێوەیە سەرۆك تەسفیە بکەن و بیکوژن. بێگومان پارتی تەدبیری وەرگرتبوو، بۆیە ئەم پیلانەیان سەرینەگرت. ئەمجارەیان خواستی لەکۆنگرەدا ئەنجام بەدەستبخات. ئەمەش ئەنجامگیر نەبوو.

هەڵبەتە ئێمە دەرهەق بە "شەنەر" لێکۆڵینەوەیەکمان ئەنجام دا، هەم لەسەر پراکتیکی ئەو لە زینداندا، هەمیش لەسەر پراکتیکی ئەو لە گۆرەپانی لوبناندا، ئێمە ئەومان دادگایی کرد، هەڵبەتە دوای ئەمە هەڵات و رۆیشت. ئێمە ئەوەمان خستبووە ژێر لێکۆڵینەوەوە، بۆ ئەوەی رەوشی ئەو یەکلایی و زەلال بکەین. ئیدی ئەو کاتە هەڵات. لەراستیدا ئەویان رفاند!!، کەسێك هەبوو لەناو ئێمەدا ناوی"فایەق"بوو، ئەویش لە زیندانەوە دەرکەوتبوو، ئەو "فایەق"ە چۆن خۆی نیشان دەدا؟ واخۆی نیشان دەدا کە دژی "محەممەد شەنەر"ە تەنانەت لەدژی "محەممەد شەنەر" ئاخافتنی خراپیشی دەکرد، دەیگووت:"محەممەد شەنەر" مەترسیدارە و پیاوی دەوڵەتە" بۆ ئەوەی تەڤگەر باوەڕی و متمانەی پێبکات. بەراستیش ئێمە کەمێك باوەڕیشمان پێیکرد، بەڵام ئەوەی "محەممەد شەنەر"ی لەژێر لێکۆڵینەوە رفاندبوو هەر ئەو "فایق"ە بوو، هەڵاتن و چوونە لای (پ د ك). لەلای (پ د ك) و بەرێی (پ د ك)ەوە خواستیان لەدژی تەڤگەر هەندێك جموجۆڵ بکەن. بێگومان نەیانتوانی، چونکە ئەو هێزەی نەبوو. تەنانەت "محەممەد شەنەر" چوو بەناوی "PKK ـ ڤەژین" بەیاننامەیەکیشی دەرخست، گوایە دەیەوێت لەدژی (PKK) رابوەستێت. بێگومان نەیدەتوانی و هێزێکی ئەوتۆی نەبوو، هێزی ئەو هەمووی دەوڵەت

بوو، هەلبەته لەناو تەڤگەردا هێزێکی خۆی نەبوو. ئەو مەترسییەی "محەممەد شەنەر"یش بەمشێوەیە بەلاوە نرا...

لەساڵی (١٩٩٠)دا دووەمین کۆنفرانسی تەڤگەر سازدەکرێت.. شوێنگەی ئەو کۆنفرانسە لەمێژووی تەڤگەردا چییە؟ رێنمایی و بڕیارە هەرە گرنگەکانی ئەو کۆنفرانسە چیبوون؟

دووەمین کۆنفرانس لە **کۆرەپانی سەرۆکایەتی** لە لوبنان سازدرا، لەو کۆنفرانسەدا سەبارەت بەو پراکتیکەی کە لە وڵاتدا بەڕێوە براوە، چییە و چۆنە؟ لەسەر ئەو پراکتیکە راوەستە کرا، لەو پراکتیکەدا خەتێکی چەتەگەری دەرکەوتبوو، لەسەر ئەو مەسەلەیە راوەستەی کردبوو و ئەو خەتەی مەحکوم کردبوو، بۆ ئەوەی خەتی چەتەگەرێتی لەناو گەریلادا، لەناو پێشەنگایەتی گەریلادا بێکاریگەر بکات. لەبنەڕەتدا و بەقورسایی لەسەر ئەو مەسەلەیە راوەستابوو و بڕیاری لەسەر وەرگیرابوو. بێگومان دووەمین کۆنفرانس رۆڵێکی بەمجۆرەی هەیە، رۆڵی سەرەکی ئەم کۆنفرانسە ئەوە بوو؛ کە چۆن پراکتیکی چەتەگەرێتی و خەتی چەتەگەرێتی بخاتەڕوو و بناسرێت و مەحکومی بکات و بێکاریگەری بکات. لەبنەمادا کۆنفرانسەکە ئەم رۆڵەی دەبینی و ئەو رۆڵەشی گێڕا. هەندێك لەبڕیارەکانی ئەو کۆنفرانسە لە پراکتیکدا جێبەجێکران، بەمەش تەخریباتی چەتەگەرێتی هەندێك کەم بووەوە. هەرچەندە نەتوانرا بەتەواوی چەمکی چەتەگەری لەناو ببات. بەڵام رێی لەبەردەم گرت، هەندێك لەتەخریباتەکانی نەهێشت...

لە کامپی دۆڵی بیقاع لە لوبناندا، لە چوارچێوەی ئەو پیلانگێڕییانەی بەڕێوە دەبران، وەکو باستانکرد هەڤاڵ حەمزە (حەسەن بیندال) لەژێر ناوی رووداوێکی لەدەست دەرچوو (قەزا)دا

شەهید دەکرێت. پیلانگێڕان بۆ بەتایبەتی ئەو هەڤاڵەیان بەئامانج گرت و چ ئامانجێکیان لەپشت کوشتنی ئەودا هەبوو؟

شەهید حەمزە (حەسەن بیندال)

هەڤاڵ "حەسەن بیندال" هاوگوندی سەرۆك ئاپۆ بوو، لەگوندەکەیاندا هەمیشە لەنێوان خانەوادەی سەرۆك و خانەوادەی هەڤاڵ "حەسەن بیندال"دا ناکۆکی و دووژمنایەتییەك هەبوو، وەك هەر دووژمنایەتییەك کە لە گونددا لەنێوان دوو خانەوادە روودەدات. دایکی سەرۆك بەردەوام بە سەرۆك ـ کە ئەو کاتە هێشتا منداڵ بوو ـ دەڵێت:" ئەو خانەوادەیە دووژمنمانە، پێویستە تۆش وەك دووژمن بیبینی، منداڵی ئەوان وەك دووژمن ببینی و خۆت لەو خانەوادە و منداڵەکانیان نەدەیت" هەمیشە دەخوازێت بیرۆکەی دووژمنایەتیکردنی ئەو خانەوادەیە لەسەری سەرۆکدا

بهێڵێتەوە و بەهێزی بکات. بەڵام سەرۆك ئاخافتنی دایکی بۆخۆی هیچ بەبنچینە وەرناگرێت، تەواو بەپێچەوانەی ئەو هەڵسوکەوت دەکات، ئەو خانەوادەیە بەدووژمن نازانێت و منداڵی ئەوانیش بە دووژمن حیساب ناکات، تەنانەت لەگەڵ "حەسەن بیندال"یشدا پەیوەندی دروست دەکات و هاورێیەتی لەگەڵدا دەکات. ئیدی رۆژێك داپیرەی سەرۆك دەبینێت کە سەرۆك لەگەڵ "حەسەن بیندال"دا هاورێیەتی دەکات، داپیرەشی بەدایکی سەرۆك دەڵێت:" کوڕەکەت لەگەڵ منداڵی دووژمندا هەڤاڵێتی دەکات" دەخوازێت دایکی سەرۆك لەبەرامبەر سەرۆك بوروژێنێت. دایکی سەرۆکیش سەرۆك دەگرێت و حەپسی دەکات و دەخوازێت لێی بدات و پێی دەڵێت:" بۆچی لەگەڵ منداڵی دووژمنی ئێمە پەیوەندی دەبەستیت؟" بەڵام نە ئاخافتن و نە ئەو تەدبیرەی وەریدەگرن ناتوانن رێ لەبەردەم هەڤاڵێتی نێوان سەرۆك و "حەسەن بیندال" بگرن. ئیتر سەرۆك پەیوەندی خۆی لەگەڵ "حەسەن بیندال"دا پێشدەخات و بەهێزی دەکات. واتا هێشتا لەگوند بوون و لەمنداڵێتیدا سەرۆك لەدژی ئەو چەمکەی بەگشتی لەناو کوردانندا لەئارادایە، چەمکە باوەکان، رەتدەکاتەوە. لەشەخسی "حەسەن بیندال"دا یەکێتی گوند و یەکێتی کورد بەبنچینە وەردەگرێت، لەدژی پارچەبوون رادەوەستێت. چونکە پارچەبوون خەتی داگیرکەرێتییە. داگیرکەران گەلی کوردیان پارچە پارچە کردووە، بێ هێزی کردووە، ئیرادەی شکاندووە، تەسلیمی وەرگرتووە و لەسەر ئەمەش دەسەڵاتدارێتی خۆی تۆکمە و پێشخستووە، خەتی داگیرکەران ئەوەیە، کە چۆن بتوانن وابکەن دوو کورد نەگەنە یەکتر، کە گەیشتنە یەکتریش نەتوانن بەیەکەوە بژین و کاربکەن، ئەمەیە خەتی داگیرکەران. ئیدی سەرۆك ئەو خەتە رەتدەکاتەوە، بەڵکو هەموو هەوڵدانی بۆ ئەوەیە کە چۆن بتوانێت کوردان بگەیەنێتە یەکتری؟ چۆن بتوانێت ئەو کوردانەی گەیشتنە یەکتریش بتوانن بەیەکەوە بژین و کاربکەن؟ ئەگەر تۆ توانیت ئەمە ئەنجام بدەیت و پێشیبخەیت ئەوا دەتوانیت سیاسەتی داگیرکەران لە کوردستاندا تێك بدەیت، دەتوانیت ئازادی، دیموکراسی پێشبخەیت، رێی ئازادی و دیموکراسی، رێی سەرکەوتن لە یەکێتی گەلی کورددا دەرباز دەبێت. هەڵبەتە داگیرکەران ئەو یەکێتییەی خراپ کردووە و کوردانی پارچە پارچە کردووە و تێکیبەرداون، بۆیە کوردان یەکتر دەخۆن، دەستبەرداری دووژمن بوونە و خۆخۆرن، ئیدی سەرۆك لەگوند

ئەم سیاسەتە رەتدەكاتەوە، لەدژی ئەمە رادەوەستێت، چونكە دەبینێت لەنێوان خێزانی ئەو و خێزانی "حەسەن بیندال"دا ناكۆكییەكی ئەوتۆ لەئارادا نییە، ناكۆكییەكی ساختەیە، نە خزمەتی ئەم خێزانە دەكات و نە خزمەتی ئەوەی تر دەكات. بۆیە ئەوە رەتدەكاتەوە، بەڵكو چۆن بتوانێت دۆستایەتی دروستبكات، ئەمە بەبنچینە وەردەگرێت. بۆیەش هەڤاڵێتی خۆی لەگونددا، لەناو هەموو منداڵەكانی گونددا، زیاتر لەگەڵ "حەسەن بیندال"دا پێشدەخات و زیاتر ئەو دەكاتە هاوڕێ و هەڤاڵی خۆی. واتا ئەوەی كە گوایە دووژمنی خانەوادەكەیانە هەڤاڵێتی لەگەڵدا پێشدەخات. ئەگەر لەگەڵ "حەسەن بیندال" هەڤاڵێتی پێشخست، ئەوا مسۆگەر دەتوانێت لەگەڵ منداڵەكانی دیكەی گوند و گوندەكانی دیكەشدا هەڤاڵێتییەكی تۆكمەتر پێشبخات.

ئەمە گرنگە، چونكە ئەمە پاشان لەشەخسی سەرۆكدا دەبێتە تایبەتمەندییەك و خەتێك، هەمیشە لەتاواكردنی یەكێتی كوردانداا، لەپێشخستنی هەڤاڵێتیدا لەپێشخستنی كادیران و تەڤگەردا، ئەمە بۆخۆی بەبنچینە وەردەگرێت و زیاتر قووڵی دەكاتەوە. ئیدی لەگەڵ "حەسەن بیندال"دا بەمشێوەیە پەیوەندی خۆی دەبەستێت، پاشان ئەو پەیوەندییەی دەبێتە پەیوەندییەكی سیاسیش.

سەرۆك لەبەر ئەوەی هەر لەگوندەوە هەڤاڵێتییەكی تۆكمەی لەگەڵ هەڤاڵ "حەسەن بیندال"دا هەبوو، باوەڕی پێدەكرد، بۆیە هەم كردبووی بە پارێزوانی خۆی و هەمیش بە تەتەر (نامەبەر)ی خۆیشی، بەها و رۆڵێكی بەمجۆرەی پێدابوو. هەڵبەتە هەڤاڵ "حەسەن بیندال"یش بەهایەكی مەزنی دەدایە سەرۆك، هەڤاڵێتییەك كە هەر لەمنداڵییەوە لەگوند لەنێوانیاندا هەبوو، باش یەكتریان دەناسی، سەرۆك باشی دەناسی، ئەویش بەهای مەزنی دەدایە سەرۆك، هیچ شتێك نەمابوو بۆ سەرۆكی نەكردبێت، لەم پێناوەشدا فیداكارییەكی مەزنی دەنواند، بۆیە سەرۆكیش لەنزیك خۆی دەیهێشتەوە. ئەو گروپی چەتەگەرانە بۆ ئەوەی سەرۆك بێكاریگەر بكەن، پێویستبوو پێشتر "حەسەن بیندال" بێكاریگەر بكەن، تاكو بتوانن خۆیان بگەیەننە سەرۆك، ئیدی بۆ ئەم مەبەستە "حەسەن بیندال"یان كردە ئامانج و بەئەنقەست و بەپیلان ئەو هەڤاڵەیان تەسفیە كرد، بۆ ئەوەی لەهەنگاوی دووەمیشدا خۆیان بگەیەننە سەرۆك و تەسفیەی بكەن. بۆ ئەم مەبەستە هەڤاڵ "حەسەن بیندال"یان شەهیدكرد.

رۆحی سەرهەڵدان لەجوگرافیای گێژاوەکاندا...

لەساڵی (١٩٩٠)دا؛ خۆرهەڵاتی ناوین ئاڵوگۆڕی گەرم بەخۆیەوە دەبینێت و دەبێتە سەرەتای زۆر گۆڕان و وەرچەرخانی مەزن، لەلایەك سوپای ئێراق وڵاتی کوێت داگیر دەکات. لەلایەکی دیکەشەوە بەگشتی لەخۆرهەڵاتی ناویندا شەڕ و پێکدادان لەئارادان، لەدۆخێکی وەهادا چوارەمین کۆنگرە (PKK) سازدەکرێت. خوێندنەوەی کۆنگرەی چوارەم بۆ ئەو رەوشەی ئەو کاتە لەئارادا بوو چیبوو و چۆن شیدەکردەوە؟ هەروەها کەشوهەوای نێو کۆنگرە چۆن بوو؟ بەگشتیش ئەو چەمك و مەیلانەی دەرکەوتن، ئەو راسپاردە و بڕیارە سەرەکییانەی لە چوارەمین کۆنگرەدا وەرگیران چیبوون؟

لەساڵانی (١٩٨٩ ـ ١٩٩٠)دا لەباکووردا سەرهەڵدانی گەل پێشکەوت، چوارەمین کۆنگرەش لەسەر بنەمای ئەو سەرهەڵدانانە سازدرا، سەرەتا سەرهەڵدان لە "نسێبین"دا دەستپێیکرد، سێزدە چواردە هەڤاڵ لەچیای "باگۆك" شەهیدبوون، گەل تەرمی ئەو هەڤاڵانەیان بەرزکردەوە و خاوەندارێتیان لێکرد و دەوڵەت پەلاماری گەلی دا و گەلیش

لەدژی دەوڵەت دەستی بە سەرهەڵدان کرد، سەرهەڵدانێکی مەزن بەرپا بوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە پاشان لەزۆر شوێنی دیکە سەرهەڵدان پێشبکەوێت، لەناوچەی "جزیرە" و ناوچەکانی دیکە سەرهەڵدان بەرپابوو، ئەو سەرهەڵدانانە باوەڕی و مۆڕاڵێکی بەهێزی ئافراند و ئیرادەی گەلی بەهێزتر کرد، یەکێتی تەڤگەر و گەلی زیاتر تۆکمە و پێشخست، بەم سەرهەڵدانانە (PKK) لە کوردستاندا زەمینەی جەماوەرییبوونی خۆی بەهێزتر کرد، ئیدی کاتێك کە کۆنگرەی چوارەم سازدرا لەسەر بنەمای بەرپابوونی ئەو سەرهەڵدانانە ئەنجامدرا.

بێگومان لەبەر ئەوەی ئەو سەرهەڵدانانە هەڵگیرسابوون، هوشیاری و باوەڕییەکی مەزن بەدیهاتبوو، تەڤلیبوونیش بۆ ریزی گەریلا زیاتر ببوو، تەڤگەری گەریلاش تۆکمە و بەهێزتر دەبوو و پێشدەکەوت. دیاربوو کەوا ئەگەر زەمینەی سەرهەڵدانەکان و تەڤگەری گەل زیاتر پەرەبسێنێت ئەوا گەریلا بەهێزتر دەکات، گەریلاش سەرهەڵدانەکان بەهێزتر دەکات. ئەمە لەهەموو روویێکەوە تەڤگەر پێشدەخات، ئیدی تەڤگەر لەتەواوی کوردستان بەرەو پێشەوە دەبات. ئەمە دەبینرا کە تەڤگەر تادەهات لەناو گەلدا بەهێزتر دەبوو، هەمیش لەبەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا بەهێز دەبوو. ئیدی پێڤاژۆیەکە بەرەو ئەو ئاراستەیە دەرۆیشت. ئەمە گرنگ بوو.

بێگومان چەمکی چەتەگەرێتی، هەندێك خراپیشی لەناو گەلدا کردبوو، لەژێر ناوی کوشتنی "جاش و سیخوڕ"دا، هەروەها بە سەرەڕۆیی و بەبێ پلان پەلاماری هەندێك لەگوندی جاشەکان درابوو، لەو پەلامارەدا هەندێك جاشیش کوژران، بەڵام لەگەڵ ئەو جاشانەشدا هەندێك کەس کە جاشیش نەبوون کوژران، تەنانەت هەندێك ژن و منداڵیش کوژرا بوون. ئەمە لەگەڵ خۆیدا کاریگەری خراپی دروست کردبوو. ئەگەر رێ لەبەردەم ئەمە نەگیرێت ئەوا زەرەر لەتەڤگەریش دەدات. بۆیە پێویستبوو رێ لەبەردەم ئەو پراکتیکە چەتەگەرییەش بگیرێت و ئەو تەخریباتەی لەگەڵ خۆیشیدا هێناویێتی بسڕێتەوە و بەلاوە بنرێت. ئەگەر بێتو ئەمجۆرە پراکتیك و تەخریباتە نەهێڵدرێت ئەوا گەریلا و سەرهەڵدان بەهێزتر دەبن، تەڤگەر لەهەموو روویێکەوە تۆکمە دەبێت و پێشدەکەوێت، ئیدی کۆنگرەی چوارەم لەسەر زەمینەیەکی بەمشێوەیە سازدرا.

دەوڵەتی تورکیش هەوڵی دەدا؛ چەمکی چەتەگەریێتی لە کۆنگرەدا بەسەربخات؟ ئەوانیش وەها کاریان دەکرد. چەمکی چەتەگەریێتی لەسەر چ بنەمایەك پێشدەکەوێت؟ لەسەر چەمکی فیودالْ ـ لیبرال پێشدەکەوێت، ئەم دوو خەتە لەناو تەڤگەردا دەبووە زەمینە بۆ تەشەنەسەندنی چەتەگەریێتی. بۆیە پێویست دەکات ئەو چەمکانە بەهێز بکەن، تاکو چەمکی چەتەگەریێتی لەکۆنگرەدا بەهێز ببێت و باڵادەستی خۆی بسەپێنێت... چۆن ئێمە ئامادەکاری کۆنگرەمان دەکرد دەوڵەتیش ئامادەکاری دەستێوەردانی کۆنگرەی دەکرد. دەوڵەتیش لەرێگەی "**محەممەد شەنەر**"ەوە ئامادەکاری ئەمەی دەکرد، تاکو "**محەممەد شەنەر**" بتوانێت باڵادەستێتی خۆی لەکۆنگرەدا بنوێنێت. ئێمە لەوە تێگەیشتین و دەمانبینی. ئیدی پێویستبوو کە رێ لەبەردەم ئەمەش بگرین، بۆ ئەوەی کۆنگرە بتوانێت رۆڵی خۆی بگێرێت و بەسەرکەوتوویی ئەنجامبدرێت و بارودۆخەکە بەرەو پێشەوە ببات.

لەلایەکی دیکەشەوە؛ ئێراق موداخەلەی کوێتی کردبوو، لەئاستی نێودەوڵەتیدا، ئەمریکا مودخەلەیەکی پێشدەخست، هەرچەندە موداخەلەکەی ئەمریکا بە بەهانەی داگیرکردنی کوێت لەلایەن ئێراقەوە بوو. بەڵام لەبنەڕەتدا ئەمە ئەسڵی مەسەلەکە نەبوو، بەڵکو ئەمریکا دەیخواست موداخەلەیەکی مەزن بۆ خۆرهەڵاتی ناوین پێشبخات، بۆ ئەوەی بتوانێت باڵادەستێتی خۆی لەسەر خۆرهەڵاتی ناوین دروستبکات. بۆ ئەم مەبەستە بوو، چونکە سۆڤییەت تێکدەچوو، ئەمریکا دەیخواست لێی سوودمەند ببێت و باڵادەستێتی خۆی لەدونیادا دروستبکات. وەکوتریش بەتێکچوونی سۆڤییەت کێشە و گرفتی سەرمایەداری و ئەمریکا زۆر زیاتر ببوو، پێویستبوو کە کێشەی سەرمایەداریش چارەسەر بکات تاکو بتوانێت هەم بۆ ئەوەی سیستەم بەردەوام ببێت و هەمیش سەرۆك خۆی بۆ سیستەم بەردەوام بکات. چونکە بە پەرشوبڵاوبوونی سۆڤییەت، ئەوروپا دەیخواست خۆی لەژێر کۆنترۆڵی ئەمریکا دەربخات، ئەوروپا و ژاپۆنیش بە ئابووری و بە پەترۆڵ پەیوەستی خۆرهەڵاتی ناوینن. ئەگەر ئەمریکا ئەو وزەیەی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، ئەوا ئەوروپا و ژاپۆنیش ناتوانن خۆیان لە ئەمریکا بپچڕێنن و ببنە هێزێکی مەزن، دیسان ناچاری ئەمریکا دەبنەوە، ئەو کاتە ئەمریکا دەتوانێت هەم باڵادەستێتی خۆی بسەپێنێت، هەمیش کێشە و گرفتەکانی سەرمایەداری چارەسەر

بکات، بۆیە خۆرهەڵاتی ناوینی بۆ خۆی بەبنچینە وەرگرت و موداخەلەی لەسەر ئێراق پێشخست.

ئیدی کۆنگرەی چوارەم لەرەوشێکی وەهاشدا سازدرا. بێگومان ئەو جەنگەی کەنداو هەم بۆ کۆنگرە دەرفەتێکی دەرەخساند، هەمیش مەترسی دەخستە سەر کۆنگرەوە. پێویستبوو کۆنگرە سازبدرابایە، بەر لەوەی دەستێوەردان ئەنجامبدرێت، چونکە دەستێوەردان لەرۆژەڤدا بوو، دۆخەکە دۆخێکی شەڕ بوو، تورکیاش ئامادەکاری دەکرد، چونکە "تۆرگۆت ئۆزاڵ"یش ئەو کاتە دەیخواست تورکیا بکەوێتە ناو ئێراقەوە، دەیخواست لەسەر ئەو بنەمایە لەگەڵ ئەمریکادا پەیوەندی خۆی پێشبخات، دەکەوێتە ئێراق یان نا دیار نەبوو، رەوشێکی وەها هەستیار و جەنگ هەبوو، مەترسیداریش بوو، بۆیە پێویست بوو کۆنگرە زووتر کۆببێتەوە، بەر لەوەی شەڕ بەرپا ببێت، بتوانێت رەوشەکە هەڵبسەنگێنێت و بڕیار وەربگرێت کە ئەگەر رەوشێکی شەڕ دەرکەوت، تەڤگەر بتوانێت بەئامادەکارییەوە بکەوێتە ناو شەڕەوە و لەژێر مەترسیدا نەبێت. تەنانەت ئەگەر دەرفەتیش رەخسا بتوانێت لەو دەرفەتانەدا توانستی خۆی بئافرێنێت. کۆنگرە لەرەوشێکی بەوجۆرەدا و لەسەر ئەو زەمینە و ئاڵوگۆڕانەدا سازدرا. واتا زەمینەیەکی خراپ نەبوو، لەدۆخی جەنگدا بوو، پێویستبوو تەڤگەر بگەیشتبایە بڕیاری تۆکمە و بەهێز.

بۆ ئەوەی کۆنگرە بەساخی و بەسەرکەوتوویی سازبدرێت، سەرۆك زۆر ئامادەکاری کردبوو، لەسەر ئەو ئامادەکارییانە کۆنگرە سازدرا. کاتێك کە ئێمە کەوتینە کۆنگرەوە ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی کەوا لەوڵاتدا پراکتیکی بەڕێوە دەبرد، ئێمە لەئەرکمان وەرگرتبوون. بۆچی؟ چونکە لەژێر بەرپرسیارێتی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەدا. لێرەدا چەتەگەرێتی تەشەنەی سەندبوو، چەتەگەرێتیش زۆر خراپی کردبوو، پێویستبوو ئەو کەسانەی لەو پراکتیك و خراپیانە بەرپرسیارن حیساب و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت. لەبەر ئەمە ئەوانەمان بێ ئەرك کرد و ئەوانمان خستەژێر لێکۆڵینەوەوە. بەرپرسیاریش ئەو کاتە "بۆتان" و "ئەبوبەکر" و "شەمدین" بوون و ئەوانەمان خستە ژێر لێکۆڵینەوەوە، بۆ ئەوەی کۆنگرە لەسەر بنەمای ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوانە بکاتە ئامانجی خۆی. چونکە ئەگەر تۆ دەخوازیت کۆنگرەی چوارەم بکاتە

ئامانجی خۆی، پێویسته کۆنگره چەمکی فیوداڵ ـ پیلانگێڕی ـ لیبرال و تەخریباتەکانی روونبکاتەوه و حیسابی ئەوه بپرسێت، تاکو کۆنگره لەسەر خەتی خۆی پێکبێت و ئەو ئامانجەشی که کۆنگره لەپێش خۆی دانابوو پێی بگات. ئەگەر وانەبایه ئەوا ئەگەر کۆنگرەش سازبدرابایه بێسوود بوو.

لەبنەڕەتدا ئامانجی کۆنگرەی چوارەم ئەوەبوو که چەمکی فیودالی ـ پیلانگێڕی ـ لیبرال و تەخریباتەکانی و بەرپرسیارەکانی دەربخاتەڕوو و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت کۆنگره لەسەر خەتی تەڤگەر سازبدرێت، ئەگەر ئەمه ئەنجامدرا ئەوا کۆنگره بەئامانجی خۆی دەگات. ئەو لێکۆڵینەوه و لێپرسینەوانەمان بۆ ئەو مەبەسته پێشخست، لەبەر ئەوەی ئێمه ئەو لێکۆڵینەوه و لێپرسینەوانەمان پێشخست، ئەوا توانیمان راستینەی ئەو خەته و تەخریباتەکانیانمان ئاشکرا کرد. بەمشێوەیه کەوتینه کۆنگرەوه. بۆیه کۆنگره به سەلامەتی و سەرکەوتوویی ئەنجامدرا.

"محەممەد شەنەر" لەکۆنگرەدا یاری خۆی دەکرد، خیتابی چەمکەکانی "فیودالی پیلانگێڕ" و "لیبرال"یشی دەکرد. بۆ ئەوەی هەردوو ئەو چەمکانەش بخاته خزمەتی خۆیەوه، تاکو بتوانێت ئەنجامگیر ببێت. بێگومان ئێمه لەکۆنگرەدا رەوشی "محەممەد شەنەر"یشمان ئاشکرا کرد، ئەو گەمانەی دەشیکرد ئاشکرا کرا، بۆیه "محەممەد شەنەر" نەیدەتوانی بالادەستی خۆی لەسەر کۆنگره بنوێنێت، بەپێچەوانەوه کۆنگره بالادەستی خۆی لەسەر "محەممەد شەنەر" نواند، له کەشوهەوای نێو کۆنگرەدا رەخنەدان له "محەممەد شەنەر" خواسترا. گووترا:"یان تۆ رەخنەدانی خۆت دەدەیت یان ناتوانیت له کۆنگرەدا بمێنیتەوه...". ئیدی "محەممەد شەنەر" بینی که لەکۆنگرەدا رەوشی ئەو ئاشکرا بووه و ناتوانێت شتێك بکات، هەموو بەشداربووانی کۆنگرەش لەسەر خەتی تەڤگەر و لەسەر خەتی کۆنگره کۆبوونەتەوه، بۆیه شتێکی ئەو بیکات نەماوه، لەبەر ئەوه هەنگاوی بۆ دواوه هاوێشت و رەخنەی خۆیشی دا، بۆ ئەوەی بتوانێت لەکۆنگرەدا و لەنێو تەڤگەردا بمێنێتەوه. بەو ئامانجەی حیساباتی خۆی لەدوای کۆنگره بێنێتەدی، ئیدی ئیفلاسی کرد. زۆر پێداگریشی بکردایەات دەکەوته ژێر لێکۆڵینەوەوه. ئیدی نەیتوانی شتێك بکات. مەگەر لەدوای کۆنگرەوه حیساباتی خۆی بکات، ئەویش کەوته رەوشێکی بەمجۆرەوه.

لێرەدا کۆنگرە چەمکەکانی "فیودالی پیلانگێڕ" و "لیبرال"ی دەرخستە روو و ریسوای کرد و لەسەر ئەو بنەمایەش چەتەگەرێتی و ئەو پراکتیکەی دەرکەوتبوو ریسوا بوو. بۆ ئەوەی ئەو تەخریباتانە بەلاوە بنرێت بریاردرا کە بۆ گەل بەیاننامەیەك دەربخرێت و داوای لێبوردن لە گەل بکرێت، هەمیش بۆ جاشەکانیش بەیاننامەیەك دەربخرێت و خیتابی ئەوان بکرێت؛ بۆ ئەوەی چیدی تەخریبات نەکەن، تەنانەت بۆ ئەو خراپەکارییانەی کە خەتی چەتەگەرێتی ئەنجامی دابوو، لەسەر ئەمەش لەسەر ناوی رێکخستن رەخنەدانی خۆمان دا و گووتمان؛ ئەوەی کراوە هێڵی تێکۆشانی ئێمە نییە، هەرچەندە بەناوی ئێمەشەوە روویداوە، بەلام ئەمە رێبازی ئێمە نییە و لەگەڵ رێبازی ئێمەدا یەکانگیر نابێتەوە. ئەمەش کاریگەرییەکی ئیجابیانەی لەسەر جاشەکان کرد و لەتوندوتیژی خاویکرنەوە، وەکو رابردوو تەفگەریان بۆ خۆیان بەمەترسیدار نەدەبینی، شانبەشانی دەوڵەت بەتوندی نەدەهاتنە سەر تەفگەر، لەمەش تەفگەر سوودی بینی، ئەو داوای لێبوردنەی بۆ گەل کردمان باوەڕی بە گەل بەخشی، بینیان کە ئەو نزیکبوونەوانەی کرابوو هی تەفگەر نییە، ئەگەر بەناوی تەفگەریشەوە کرابن، بەلام هی تەفگەر نین و تەفگەر مەحکومیان دەکات و لێپرسینەوە لەسەر ئەو کارانە دەکات، ئەمەش باوەڕی زیاتری بە گەل بەخشی.

لەلایەکی دیکەوە؛ یەکێك لەو خاڵانەی کەوا لەکۆنگرەدا راوەستەمان لەسەریکرد ئەوەبوو کە چۆن بتوانین گەریلا لەرووی چەندایەتیی و چۆنایەتییەوە مەزن بکەین؟ چۆن ئەو ناوچانەی کەوا گەریلا تێی نەکەوتووە ئێمە گەریلای تێدا جێگیر بکەین؟ چۆن ئەو سەرهەڵدانانەی هەلگیرساون مەزن و بەرفراوانتریان بکەین؟ بۆ ئەوەی یەکدی تەواو بکەن چۆن بتوانین پەیوەندی نێوان گەریلا و ئەو سەرهەڵدانانە بەهێز بکەین؟ لەسەر ئەو مەسەلانە بریارمان وەرگرت. ئیدی بریارماندا کەوا ئەو هەرێم (ئەیالەت)انەی کەوا گەریلا هیچ نەچووە گەریلای تێدا جێگیر بکەین، تاکو بتوانین لەتەواوی باکووری کوردستاندا تەفگەری گەریلا پێشبخەین. هەندێك هەرێم و گۆڕەپان بۆ ئێمە سەرەکی بوون، بەلام ئەوەی کە سەرەکیش نەبوو، پێویستبوو گەریلای بۆ بنێرین، بریارمان لەسەر ئەمە وەرگرت. هەڵبەتە دوای کۆنگرەش ئەو هەنگاوانەمان هاوێشت.

سه‌بارەت به‌ باشووری كوردستانیش؛ ئێمه‌ ده‌مانبینی كه‌وا سه‌ددام گورزی به‌رده‌كه‌وێت، ته‌نانه‌ت له‌وانه‌یه‌ رژێمی سه‌ددام به‌ته‌واوی بڕووخێت. بۆیه‌ باوه‌ری ئێمه‌ وابوو كه‌ پێویسته‌ له‌باشووردا گه‌ل ئاماده‌ بكرێت، ئێمه‌ له‌م رووه‌وه‌ بڕیاریشمان وه‌رگرت. چونكه‌ پێمان وابوو كه‌وا رژێمی سه‌ددام گورزی به‌رده‌كه‌وێت، بۆیه‌ پێویسته‌ گه‌ل بخه‌ینه‌ نێو جموجۆڵ و ته‌فگه‌ره‌وه‌، ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر پێویستبوو له‌باشووردا هێزی گه‌ریلاش بخه‌ینه‌ جموجۆڵه‌وه‌ و هاوكاری گه‌ل بكه‌ین تاكو گه‌له‌كه‌مان له‌باشووردا بتوانێت له‌م دۆخه‌ سوودمه‌ند بێت و خۆی رزگار بكات. سه‌رۆكیش له‌"راپۆرتی سیاسی" خۆیدا هه‌ڵسه‌نگاندنی له‌م بارەیه‌وه‌ كردبوو، پێویستبوو له‌پراكتیكیشدا بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ ته‌دبیریشمان وه‌رگرتبایه‌ و بڕیارمان وه‌رگرتبایه‌. ئێمه‌ له‌م رووه‌وه‌ هه‌ندێك بڕیاریشمان وه‌رگرت. ئیدی كۆنگره‌ به‌مجۆره‌ كۆتایی پێهات.

دوای كۆنگره‌؛ له‌سه‌ر بڕیاره‌كانی كۆنگره‌ ده‌ستمان به‌هه‌نگاو هاوێشتن كرد. له‌باكووردا، له‌هه‌ندێك له‌و هه‌رێمانه‌ی كه‌ نوێبوون و پێویستبوو هێزه‌كانمان تێیدا جێگیر ببن، بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ هه‌ندێك هێزمان ئاماده‌كرد و به‌ره‌و ئه‌و گۆڕه‌پانانه‌مان ناردن. ئێمه‌ ده‌ستمان به‌ به‌لاوەنانی شوێنه‌واره‌كانی ئه‌و خراپه‌كاریانه‌ كرد روویدابوو. به‌قورسایی ئێمه‌ به‌ باكووره‌وه‌ مژوول بووین، بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و هه‌نگاوانه‌ بهاوێژین تاكو بتوانین له‌سه‌ر باشووریش راوه‌سته‌ بكه‌ین. چونكه‌ ئه‌و هه‌ڤاڵانه‌ی ته‌فلی كۆنگره‌ ببوون پێویستبوو بچنه‌ هه‌رێم و گۆڕه‌پانه‌كانی خه‌بات، كۆبوونه‌وه‌مان له‌گه‌ڵ ئه‌و هه‌ڤاڵانه‌ سازدا، ئه‌و هێزانه‌ی كه‌ بۆ ناوچه‌ و هه‌رێمه‌كان ده‌چوون ئه‌وانه‌مان ئاماده‌كرد و هه‌موویانمان خستنه‌ جموجۆڵه‌وه‌.

هه‌ر له‌دوای كۆنگره‌وه‌ لێكۆڵینه‌وه‌ و لێپرسینه‌وه‌ی "**محه‌مه‌د شه‌نه‌ر، ساری باران، فایه‌ق**" هه‌بوو، له‌لایه‌كه‌وه‌ به‌مه‌وه‌ مژوول بووین. له‌لایه‌كی دیكه‌شه‌وه‌ هه‌ندێك هه‌ڤاڵمان له‌باشوور خسته‌ نێو جموجۆڵه‌وه‌، پێشتر په‌یوه‌ندی ئێمه‌ له‌باشوور له‌گه‌ڵ هه‌ندێك كه‌س هه‌بوو، وه‌ك"**سادق عومه‌ر**". ئێمه‌ هه‌ڤاڵانمان نارده‌ لای ئه‌وان، بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌وان ئاماده‌كاری بكه‌ن، چونكه‌ ئێمه‌ ده‌مانگووت كه‌:" موداخه‌له‌ له‌سه‌ر ئێراق ده‌كرێت، ئه‌گه‌ر موداخه‌له‌ كرا له‌وانه‌یه‌ رژێمی سه‌ددام به‌ته‌واوی له‌ناوبچێت و بڕووخێت. كه‌ موداخه‌له‌كه‌ ده‌ستپێكرد، پێویسته‌ ئه‌وانیش ئاماده‌بن بۆ ئه‌وه‌ی بتوانن له‌هه‌ندێك

ناوچەدا لەدژی رژێمی ئێراق بکەونە نێو جموجۆڵەوە، کە لەوانەیە بتوانن گەلیش بخەنە نێو سەرهەڵدانەوە، بەمەش دەتوانن هەندێك ناوچەی باشووری کوردستانیش رزگار بکەن، ئەگەر ئەمەش بێتەدی ئەوا دەتوانن سەرتاپای باشووری کوردستانیش رزگاربکەین" لەسەر ئەو بنەمایە گووتمان:"با هەڤالان لەگەڵیاندا قسە بکەن" هەڤالان چوون قسەیان لەگەڵدا کردن، ئەوانەش هەندێك ئامادەکاری بەمجۆرەیان پێشخست، هەندێك هەڤاڵیشیان لە ئێمە خواست، ئێمەش هەندێك لە هەڤالانیشمان بەچەکەوە بەنهێنی نارده لای ئەوان.

کاتێك کە بینیمان موداخەلەی سەر کوێت بوو و ئێراق لە کوێت گورزی بەردەکەوێت و هێزی خۆی دەکشێنێتەوە، ئەو کاتە بە "سادق عومەر" و ئەوانمان گووت:" بکەونە نێو جموجۆڵەوە". "سادق عومەر" و ئەوانیش لە "دەرکار" و ئەو ناوچەیە دەستیانکرد بە دەرخستنی هێزەکانی ئێراق، ئیدی جموجۆڵێکی بەمجۆرە لەو ناوچەیە دەستپێکرد. هەڵبەتە زۆر درێژەی نەکێشا لەباشوور لەزۆر ناوچەدا سەرهەڵدان بەرپابوو و سەرکەوتن بەدەستهات و رژێمی ئێراق لەباشووردا نەما...

ئەو کاتە هەم لەباکوور و هەمیش لەباشووردا سەرهەڵدانی گەل هەبوو، وەکو ئێوە باستانکرد گەل و گەریلا لە سەرهەڵدانەکاندا یەکتر تەواو دەکەن، ئەو کاتە ئاسۆییەکی چۆن بۆ کێشەی کورد هەم لەباکوور و هەمیش لەباشوور دەبینرا؟ چونکە سەرۆك ئاپۆ لە"راپۆرتی سیاسی" پێشکەشکراوی کۆنگرەی چوارەمدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر گەلی کورد لەباشوور بتوانن یەکێتی خۆیان پێکبێنن ئەوا دەرفەتی ئەوە دێتەدی کە ستاتۆیەکی سەربەخۆش ئاوا بکەن، لەمەش کەمتر، ئەگەر ئەمەش نەبێت دەتوانن

ستاتۆیەکی فیدراڵیش بۆخۆیان ئاوابکەن... کەواتە ئەو کاتە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنێکی بەرفراوان بۆ رەوشەکە هەیە...

هەڵبەتە هەم لەباکوور خەبات و تێکۆشان مەزن ببوو، هەمیش لەباشوور سەرهەڵدان لەپێشکەوتن دابوو، لەزۆر ناوچەی باشووری کوردستاندا دەوڵەت نەمابوو، هێزەکانی دەوڵەت تەسفیە کرابوو، ئەو شەڕ و سەرهەڵدانانەی باکوور و شەڕی گەریلا باوەڕییەکی بەهێزی دەدایە باشوور، لەباشووریش ئەو سەرهەڵدانانەی بەرپابوون کاریگەری خۆی لەسەر باکوور دەکرد، بەمشێوەیە یەکدیان تەواو دەکرد. بۆیە هەم باکوور و هەم باشوور لەنێو پێشکەوتن دابوون. لەو قۆناخەدا تەڤگەری (PKK) کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر تەواوی کوردستان دەکرد. ئیدی تەڤگەری کورد لەباکوور لەپەرەسەندن دابوو، لەبەشەکانی دیکەشدا رۆڵی خۆی دەبینی و پێشدەکەوت. ئەو کاتە ئێمە دەمانخواست کەوا لەنێوان باکوور و باشووردا پەیوەندی و رێککەوتنێك بەرەو پێشەوە ببەین، ئەو پێڤاژۆیەی پێشکەوتووە زیاتر بەرەو پێشەوەی ببەین. چونکە دەرفەت و توانستی ئەوە دەرکەوتبووە پێش و یەکدیان تەواو دەکرد و یەکدیان بەهێز دەکرد، هەم باکوور هەمیش باشوور لەپێشکەوتن دابوون. بێگومان (PKK) لەباکوور و باشووریش رۆڵێکی مەزنی دەبینی، تادەهات (PKK)ش لەپێشکەوتن دابوو. چونکە (PKK) لەباشووریشدا گەلی هوشیار دەکردەوە، رێکخستنی خۆی پێشدەخست، ئەمە هەم داگیرکەران بەمەترسیان دەبینی، هەم ئەمریکاش بە مەترسی دەبینی، بینیان ئەگەر رێ لەبەردەم ئەو پێشکەوتنە نەگیرێت ئەوا حاکمیەتی (PKK) دێتە ئاراوە. ئەگەر (PKK)ش باڵادەست بێت ئەوا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و داگیرکەران تێکدەدات.

لەکاتی راپەرینەکەدا ئەمریکا رێگەی لەبەردەم رژێمی سەددام کردەوە، رژێمی سەددامیش هێرشی بردەوە سەر باشوور، گەل و هێز و لایەنەکانی باشوور بۆ ئەم هێرشە ئامادە نەبوون و مەزەندەی ئەوەشیان نەدەکرد کە هێرشێکی بەمجۆرە روویدات، چونکە زۆر باوەڕیان بە ئەمریکا هەبوو، دەیانگووت:" ئەمریکا رێگە بە سەددام نادات جارێکی دیکە سەددام بێتەوە سەرمان. لەلایەکی دیکەشەوە هێزەکانی باشوور سەرخۆش

ببوون، چونکە راپەرین بەرپابببوو و سەرکەوتبوون، دەوڵەتی ئێراق لەباشوور نەمابوو، بۆیە لەنێو سەرخۆشییەك دابوون. ئیدی خۆیان رێکخستە نەدەکرد، گەلیان رێکخستە نەدەکرد، گەلیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر هێرشێکی ئێراق ئامادە نەدەکرد، چونکە ئەو سەرهەڵدانەی بەرپابببوو و ئەو ئەنجامانەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی بەشێوەیەکی رێکخستەیی بەدینەهاتبوو، بەهێزی حزبەکانیش دروست نەببوو، لەوانەیە رۆڵی هەندێك حزب هەبووبێت، بەڵام لەبنەڕەتدا گەل خۆی رابوو، جاشەکانی باشوور رابوون، بەو شێوەیە راپەڕین بەئەنجام گەیشتبوو. ئەگەر ئەمریکا موداخەلەی مەسەلەی کوێتی نەکردبایە و گورزی لە رژێمی سەددام نەدابایە، باوەڕی و متمانەی بەکوردان نەبەخشیبایە، ئەوا مەزەندە ناکەم کورد لەباشوور و حزبەکانی باشوور هیچ کاتێك هەنگاوێکی بەمجۆرەیان هاوێشتبایە، نەشیاندەهاوێشت. هەڵبەتە دوای شکستی ساڵی (١٩٨٨) هێز و لایەنەکان لەباشوور نەمابوون، ئیرادەیان شکابوو، ئەگەر موداخەلەی ئەمریکا نەبووایە، ئەمریکا باوەڕی بەئەوان نەدابایە، مومکین نەبوو ئەو حزبانە جارێکی دیکە لەباشوور کار و خەباتیان بکردبایە، ئیدی دەرفەتێکی مێژوویی رەخسا و گەل راپەڕی. هەروەها ئەو هێزانە بەهەرزانی ئەنجامێکیان بەدەستخستبوو، لەبەر ئەمە راپەڕینەکە زێدە رێکخستنی نەبوو، گەلیان رێکخستە نەکردبوو، لەنێو سەرخۆشییەك دابوون. کاتێك کە رژێمی سەددام هێرشی کرد، لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوون، شۆك بوون. بۆیە دەستبەرداری هەموو شتێك بوون و لەهەوڵی ئەوەدابوون چۆن خۆیان رزگار بکەن. هەندێکیان چوونە ئێران و هەندێکیش چوونە تورکیا، هەندێکیش لەسەر سنوورەکان خۆیان جێگیرکرد و گیرسانەوە، ئەو کاتە هێزەکانی سوپای ئێراق پەیتا پەیتا بەدوای کۆچی گەلدا شاڵاویان دەهێنا و تاقیبیان دەکرد و دەیانخواست گورزێکی مەزن لە گەلیش بدەن، چونکە تورکیاش سنووری داخستبوو، ئێمە ئەو کاتە لەهەندێك شوێن جێگیر بووین بۆ ئەوەی بتوانین گەل بپارێزین. بۆ نموونە؛ ناوچەی **"حەفتانین"** و **"چوقورجە"** و ئەو شوێنانەمان گرت، هەندێك لەو جێگایانەمان گرت و نەمانهێشت سوپا بێت و خۆی بگەیەنێتە گەل. تەنانەت سوپای ئێراق هەندێك سەنگەریشی لەناوچەکەدا دروستکردبوو، ئێمە هێرشی سەر ئەو سەنگەرانەشمان کرد و نەمانهێشت و هەندێك سەربازی ئێراقیشمان بە دیل گرت. ئەو سەربازانەی کە بەدیلیشمان گرتبوون

لەوێ تەسلیمی گەلان کردن، ئەمەش مۆراڵێکی مەزنی دایە گەل. بینی کەوا (PKK) خاوەندارێتی لە گەل دەکات و ناهێڵێت سوپای ئێراقی بێت گەل بگرێت و بیبات و بیکوژێت، ئەمەش لەناو گەلەکەمان لەباشوور ڕێز و حورمەتێکی مەزنی بۆ (PKK) دروستکرد. بۆیە تا دەهات (PKK) لەناو گەلەکەماندا لەباشوور بەهێز دەبوو. ئەمەش بۆ ئەمریکا و تورکیا مەترسیدار بوو، پێویستە ڕێ لەبەردەم ئەمە بگیردرێت، ئیدی پاشان لەسەر ئەو بنەمایە ئەمریکا و تورکیا دەستبەکار بوون کە؛ چۆن بتوانن کاریگەری (PKK) لەباشوور کەم بکەنەوە و ڕێگیری لە (PKK) بکەن، چۆن لەبەرامبەر (PKK)دا بتوانن هێزەکانی دیکە بەهێز بکەن. ئەوانە ئەمەیان بەبنچینە وەرگرت.

ئیدی پاشان ڕێککەوتنی نێوان تورکیا و (پ د ك ـ ی ن ك) پێشکەوت، پەیوەندی نێوان ئەمریکا و (پ د ك ـ ی ن ك)ش پێشکەوت و بەهێزتر بوو، هەمووشیان کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە (PKK) لەباشوور کاری ڕێکخستنی خۆی نەکات، تەنانەت هەوڵیاندەدا ڕێگیری لەو ڕێکخستنەش بکەن کە لەباشووردا پێشیخستبوو، خستیانە ژێر فشار و گوشارەوە، بۆ ئەوەی بێکاریگەری بکەن. ئەمەش وایکرد پەیوەندی نێوان باکوور و باشوور بەهێز ببێت، ئەمە ڕێگیری لەهەندێك پەرەسەندن کرد. لەکاتێکدا لەدژی ئەوە نەبووین کە (پ د ك ـ ی ن ك) پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئەمریکا و تورکیا دروستبکردبایە، بەڵام ئەگەر پەیوەندی خۆیان لەگەڵ (PKK) و باکووریشدا دروستبکردبایە، ئەوا دووژمنایەتی نێوان (PKK) و ئەوان نەدەهاتە ئاراوە، (PKK) نەیدەخواست (پ د ك ـ ی ن ك) لەناو ببات، (PKK) ئامانجێکی بەمجۆرەی نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە (PKK) دەیخواست پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەوانیشدا باش و تۆکمە بکات، دەیخواست لەگەڵ گەلەکەشمان لەباشوور پەیوەندی خۆی باش و تۆکمە بکات، دەیخواست لەباشووردا گەل هوشیار بکاتەوە، ڕێکخستەی بکات. چونکە ئەو بێ ڕێکخستنییەی هەبوو (PKK) بە مەترسیداری دەبینی، چونکە (پ د ك ـ ی ن ك) گەلیان ڕێکنەخستبوو، کاتێك کە ڕژێمی سەددام هێرشی کرد شۆکێکی مەزن و مەترسییەکی مەزن هاتەئاراوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە مەترسییەکی بەمجۆرە ڕوونەداتەوە (PKK) دەیخواست لەباشووردا کاربکات و ڕێکخستنی خۆی مەزن بکات، گەل ڕێکخستە و هوشیار بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستە کاریدەکرد، نەك بۆ ئەوەی (پ د ك ـ ی ن ك) لەناو ببات. (PKK) هیچ کاتێك ئامانجێکی

وەهای نەبووە، دەیخواست پەیوەندی نێوان باکوور و باشوور بەهێز بکات، دەیخواست تەڤگەری باکوور بخاتە خزمەتی باشوور و تەڤگەری باشووریش بخاتە خزمەتی باکوورەوە، یەکێتی باکوور و باشوور بەرەو پێشەوە ببات، بۆ ئەوەی یەکێتی کوردان و تەڤگەری ئازادی و دیموکراسی بەرەو پێشەوە ببات، بۆ ئەوەی کێشەی کورد چارەسەر بکات. (PKK) ئەمانەی بەبنەما وەرگرتبوو، بەڵام دەوڵەتی داگیرکەر و ئەمریکا خەت و رێبازی (PKK)یان بەمەترسی دەبینی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان و نەیاندەخواست پەیوەندی (PKK) لەگەڵ خەڵکی باشوور و (پ د ك ـ ی ن ك) پێشبکەوێت و دەیانگووت:" ئەگەر پێشبکەوێت ئەوا (PKK) لەباشووردا بالادەست دەبێت، ئەمەش بۆ ئێمە مەترسیدارە، پێویستە ئێمە رێگیری لەمە بکەین، هەموو کارێکی خۆیان لەسەر ئەو بنەمایە پێشخست، (پ د ك ـ ی ن ك)شیان لەدژی (PKK) خستە جموجۆڵەوە. بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەری (PKK) لەباشوور بشکێنن، ئیدی لەبەر ئەمە، ئەو ئامانجەی ئێمە لەپێش خۆمان دامانانبوو پێشنەکەوت...

لەو قۆناخەدا؛ لەسەرەتای نەوەدەکاندا کۆنفرانسێکی زیندانییەکان سازدەدرێت. ئەمەش جاری یەکەم بوو کۆنفرانسێکی بەمجۆرە سازبدرێت، ئەو کۆنفرانسە بە چ ئامانجێك سازکرا و چ ئەنجامێکی لەگەڵ خۆیدا هێنا؟

کۆنفرانسی زیندانییەکان لە "**ئەکادیمیای مەعسوم قۆرقماز**" سازکرا، تەواوی ئەو هەڤاڵانەی کە لە زیندان دەرچووبوون بەشدارییان لەو کۆنفرانسەدا کرد. کۆنفرانسەکە راوەستەی لەسەر ئەوە دەکرد کە کێشە و گرفتی ئەو هەڤاڵانەی لە زینداندا دەرچوون و ئەوانەش کە لە زینداندا ماون چییە؟ ئەو کۆنفرانسە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانە بوو. چونکە لە زیندانەکاندا زۆر کادیری ئێمە هەبوو، هەندێکیش لە زیندان دەرکەوتبوون، چ ئەوانەی دەرکەوتبوون و چ ئەوانەش کە لە زیندانەکاندا مابوون، لەهەموو رووێکەوە لەچەمکی پارتی بەدوور کەوتبوونەوە، کاریگەری داگیرکەران لەسەر

زیندانەکان دروستببوو، هەندێك چەمك و تایبەتمەندی تەشەنەی سەندبوو، ئەمەش کادیرانی لەهەندێك رووەوە لاواز کردبوو.

ئیدی ئێمە چیبکەین بۆ ئەوەی ئەو چەمکە چەوتانەی لەنێو کادیرانی زینداندا تەشەنەی کردووە بەلاوەی بنێین و نەیهێڵین؟ ئێمە چۆن یەکێتی نێوان ئەو کادیرانە و پارتی دروست بکەینەوە؟ بۆ ئەوەی بتوانین ئەو کادیرانە بخەینەوە خزمەت تەڤگەر، ئەمە زۆر گرنگ بوو. چونکە زۆر لە کادیران لە زیندان دەرکەوتبوون و بەرخۆدانێکی مەزنیان لە زیندانەکاندا کردبوو و شەهیدبوون روویدابوو، گەلێك ئێشن و ئەشکەنجەیان بینیبوو. لەقۆناخێکدا لە زیندانەکاندا نوێنەرایەتی تەڤگەریان کردبوو، رەنجێکی مەزنیشیان هەبوو، لەهەمانکاتیشدا چەندین کێشە و گرفتیان هەبوو. ئەوانەی کە دەردەکەوتن نەیاندەتوانی خۆیان لەگەڵ پارتی ئاوێتە بکەن و بگونجێنن و یەکێتی خۆیان لەگەڵ پارتیدا بێننەدی. تەنانەت گوزارشتیان لەهەندێك چەمکی مەترسیداریش دەکرد، بۆیە پێویستبوو ئەو گرفتانەیان چارەسەر بکەن و لەگەڵ پارتیدا خۆیان بگونجێنن تاکو بتوانن رۆڵی خۆیان بگێرن. ئەم کۆنفرانسەش بۆ ئەو مەبەستە بوو.

بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی باش هەبێت دەتوانم نموونەیەکیش لەم بارەیەوە بهێنمەوە؛ هەندێك لەهەڤالان لەزیندان دەرکەوتبوون، من لەچیای "گابار"ەوە بەبێتەل (لاسلكي) قسەم لەگەڵیاندا کرد، ئەو هەڤالانە دەیانگووت:" ئەگەر ئێمە بەم حاڵەی خۆمانەوە بچینە نێو سوپای تورکەوە دەتوانین سوپای تورکیاش تێك بدەین" من پێمگووتن:" کەواتە ئێوە خۆتان بەمشێوەیە دەدوێن و راستینەی خۆتان دەبینن، پێویستە ئێوە کێشەکانی خۆتان لەرێگەی پارتییەوە چارەسەر بکەن، ئیدی پارتی تێك مەدەن" بۆچی؟ چونکە لە زیندانەکاندا لەژێر وەحشیەتێکی مەزندا دەژیان، بەردەوام و رۆژانە سوپای تورك لەکاتێکی دیاریکراودا هەڵیاندەستاندن و کۆبوونەوەی بەیانیان و ئێواران (تعداد)یان پێدەکردن و رێسا سەربازییەکان بەوان جێبەجێ دەکرد. لەبەر ئەوەی دووژمن لەزینداندا بەزۆر ئەمانەی بەوان دەکرد، کاردانەوە و رکوکینێکی ئەوان لەبەرامبەر یاسا و رێسای سەربازی نێو-هێزی گەریلاش دروستببوو، ئەمەش چەمکێکی هەڵەی لەلای ئەوان پێشدەخست. کاتێك کە چوونە ئەکادیمیاش لەدژی دیسپلین رادەوەستان. ئەمە لەکاتێکدا دیسپلینی نێو ئەکادیمیا دیسپلینی پارتی بوو، هی ئەوان

خۆیان بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی سوپای رژێمی تورکیا دیسپلینێکی بەگوێرەی خۆی لەسەر ئەوان سەپاندبوو، ئەوانیش بەردەوام لەدژی ئەوە راوەستابوون. ئیدی راوەستان لەدژی دیسپلین لەئەواندا بەرجەستە ببوو، نەدەهاتنە نێو دیسپلین و ژیانی رێکخستنەوە، لەدژی رێساکان بوون. نەكْ دەیانخواست لەدژی رێساکان رابوەستن، بەڵام لە زینداندا تایبەتمەندی و چەمکێکی وەهایان تێدا دروستببوو.

بێگومان ئەمەش مەترسیدار بوو، بۆیە نەیاندەتوانی لەگەڵ پارتی ببنەیەك و بگونجێن، لەبەر ئەوە لەنێوان ئەو کادیرانە و پارتیدا کێشە و گرفت دەهاتەئاراوە. هەروەها دیسان لەنێو زیندانەکاندا لەنێوان چوار دیواردا مابوونەوە، ئەمەش دونیایەکی بەرتەسکە، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەپارتی دابڕابوون، کاتێك کە هەندێك لەوان کەوتنە زیندانەوە، هێشتا پارتی دروست نەببوو، هێشتا هەر لەقۆناخی گروپدا بووین، بەڵام کە لەزیندان دەرکەوتن بینیان پارتی دروستبووە و پێشکەوتووە، شەڕ و تێکۆشان مەزن بووە، تەگەر مەزن بووە، کێشە و گرفتی پارتی جودایە، کێشە و گرفتی ئەوان لە زینداندا جودابوو، لە زینداندا هەموویان هەڤاڵن پێکەوەن و ئارادەیەکیش کێشە و گرفتەکانیشیان هەر وەك یەك بوو، بەڵام کاتێك کە لە زینداندا دەرکەوتنە دەرەوە دەبینن کەوا کێشەی پارتی هەیە، کێشەی گەل هەیە، جیاواز جیاواز کێشە و گرفت رووبەڕوویان دەبێتەوە، ئاستی هەموو کادیرێك وەك یەك نییە، ئاستی گەل وەك کادیر نییە. بەڵام لە زینداندا ئاستی هەموویان ئارادەیەکی زۆر وەك یەك بووە. بۆیە لەنێو چەندین کێشە و گرفتدا دەژیان. ئیدی پێویستبوو سەرتاپای ئەو کێشە و گرفتانە چارەسەر بکرانایە، بۆ ئەوەی ئەو کادیرانە زۆری و زەحمەتی نەبینن و لەگەڵ پارتیدا ببنە یەك و بگونجێن و تەڤلیبوونێکی راست ئەنجام بدەن و بتوانن هەنگاو بەهەنگاو بکەونە نێو پراکتیکەوە و بتوانن رۆڵی خۆیان ببینن. لەبنچینەدا ئەو کۆنفرانسە بۆ ئەو مەبەستە سازدرا.

لەلایەکی دیکەوە؛ بەرخۆدانێکی مەزن و خیانەتێکی مەزنیش لە زینداندا ئەنجامدرابوو، هەبوون تەسلیم ببوون، هەبوون تەسلیم نەببوون، بەڵام لەرووی چەمکەوە لەژێر کاریگەری دووژمندا بوون، بۆیە پێویستبوو ئەو پراکتیکە هەمووی شیبکرێتەوە، راستینەی زیندانەکان ئاشکرا ببووایە. هەروەها وەکو باسم کرد

داگیرکەران هەمیشە لە زیندانەکاندا تەڤگەرەکانیان تەسلیم دەکرد. پێویستبوو کادیرانی زیندان باش لەو راستینەیە تێگەیشتبانایە، بۆ ئەوەی ئەو کادیرانە بۆ تەڤگەر نەبنە مەترسی و بتوانرێت لەو چەمکانەیان رزگار بکرێن کە دووژمن تێیدا چاندوون، بۆ ئەوەی مەترسی دروست نەکەن.

بۆ نموونە؛ تا ئەو کاتە هەندێك هەبوون لە زیندانەکاندا ساختەکاریان کردبوو، وەك "محەممەد شەنەر"، "سەلیم چروك کایا" پێویستبوو رەوشی ئەوانیش ئاشکرا ببووایە.

کۆنفرانسەکە لەسەر ئەو مەسەلانە راوەستەی کرد. بێگومان بۆ یەکەمجار ئەم تەڤگەرە کۆنفرانسی زیندانییەکانی سازدا، بەرلەوە هیچ تەڤگەرێك کۆنفرانسی بەمجۆرەی ئەنجام نەداوە و بەگرنگیان نەزانیوە. ئەم تەڤگەرە بۆ یەکەمجار ئەو هەنگاوەی هاوێشت، چونکە باش لەرەوشی زیندانەکان تێگەیشتبوو کە چۆن بەرخۆدانەکان بخاتە خزمەتی تەڤگەرەوە؟ چۆنیش بتوانێت ئەو مەترسییانەی دروستیشی دەکات بێکاریگەرییان بکات؟ تەڤگەر ئەم پێداویستییەی بینی، بۆیە ئەو کۆنفرانسەی ساز دا، ئاکامی ئەو کۆنفرانسەشی ناردە زیندانەکان، بۆ ئەوەی کادیر لە زیندانەکاندا لەسەر ئەو بنەمایە پەروەردە ببینێت و لەخۆی تێبگات و کێماسی و کێشە و گرفتەکانی خۆی چارەسەر بکات. ئیدی بەم کۆنفرانسە ئەو چەمکە چەوتانەی لەنێو کادیرانی زینداندا هەبوو نەهێڵران. بۆیە زیندان کەوتە خزمەت تەڤگەرەوە، وەکو تەڤگەرەکانی دیکە، زیندانەکان تەسفیەی نەکرد و مەترسییەکی مەزنی بۆ دروست نەکرد.

پرسیارێك دەبووایە زووتر بەپرسیبایە، دوای ئەوەی تەڤگەر لەگروپەوە دەگاتە قۆناخی پارتیبوون، خەباتی راگەیاندنی و چاپەمەنی "رۆژنامە، گۆڤار و ...هتد" چۆن دەستیپێکرد و برەوی پێدرا؟

پۆستەرێك سەبارەت بەتێکۆشانی ئازادیخوازانەی ژنانی کوردستان

خەباتی رۆژنامەوانی ئێمە بە یەکەمین کۆنفرانس (ساڵی ١٩٨١) دەست پێدەکات. لەکۆنفرانسی یەکەمدا ئەو بڕیارەمان وەرگرت کە ئێمە رۆژنامەی "سەرخۆبوونSERXWEBÛN" لەئەوروپا دەربخەین، لەئاکامی ئەو بڕیارەدا هەڤاڵان کاریان کرد، "سەرخۆبوون" لەئەوروپا دەرچوو، یەکەمین رۆژنامەی ئەم تەڤگەرە "سەرخۆبوون"ە. رۆژنامەیەکی ئایدیۆلۆژی بوو، هەڵبەتە ئێمە بڕیارێکی وەهامان

دەرخستبوو کە ڕۆژنامەکە ئایدیۆلۆژی بێت، "سەرخۆبوون" ڕۆڵێکی بەمحۆرەی لەئەستۆ گرت. پێش ئەمە؛ لەولاتدا ئێمە ئامادەکاری ئەوەمان دەکرد کە ڕێکخستەیەکی ڕاگەیاندنی دابمەزرێنین. دەستەیەکی بەڕێوەبەرایەتیشمان بۆ ئەم مەبەستە ئاواکرد، لە هەڤاڵ "مەزلوم دۆغان" و هەڤاڵ "فوئاد" و "کەسیرە" پێکدەهات. ئەو بەڕێوەبەرایەتییە هەوڵیان دەدا کە لەولاتدا ڕۆژنامەیەك دەربخەین، گۆڤار و نامیلکە دەربخەین، ئەمەش بەڕێکخستن دروست دەبوو، واتا ڕێکخستنێکی ڕاگەیاندنی پێویستبوو، بەڕێوەبەرایەتی و کادیر و ڕێکخستنی خۆی دەویست، ئێمە کارێکی وەهامان دابووە پێش خۆمان. بەڵام ئەو کارە زێدە پێشنەکەوت. چونکە لەو کۆمیتەیەدا هەڤاڵ "مەزلوم دۆغان" دەستگیرکرا و ئەو کارە ئەنجام نەدرا، هەڵبەتە دەوڵەتیش هاتە سەر تەڤگەر و گرتنی هەڤالان ڕوویدا، ئێمە بینیمان کە ناتوانین ڕێکخستەبوونێکی بەمجۆرە پێشبخەین. بۆیە هەستاین بلاوکراوەیەك (نشرة ـ BÜLTEN)مان دەرخست، زیاتر هەواڵی تێدا بلاودەکرایەوە، هەروەها هەندێك هەڵسەنگاندنی ئایدیۆلۆژی تێدابوو، سەبارەت بەو هەڵە و کێماسییانەی لەپراکتیکدا دەردەکەوت هەڵسەنگاندن و وتار بنووسرێت، هەروەها ڕێنمایی ئەوەیشی تێدا بێت کە پێویستە مرۆڤ لەم ڕووەوە چ هەنگاوێك بهاوێژێت؟ لەسەر ئەمە هەندێك هەڵسەنگاندنی ئایدیۆلۆژیش بکرێت. بلاوکراوەیەکی بەمجۆرەمان دەرخست. بەتەواوی بەبیرم نایەتەوە چەند ژمارەمان لێی دەرخست، ئیدی هەندێك ژمارەمان دەرخست و بلاومان کردەوە. بۆیە ئەو ڕێکخستەیە "کۆمیتەی ڕاگەیاندن" لەو ئاستەدا مایەوە. بەسازدانی یەکەمین کۆنفرانسی پارتی سەرلەنوێ ئەو کارە ڕێکخرایەوە و دەست بەکاری ڕاگەیاندن کرا و پێشکەوت.

پەراوێزەکان:

(١) ئەو کاتە بەگوێرەی نەخشەی سەربازی (ARGK) هەرێمی "ماردین" یش سەر بەهەرێمی بۆتان بوو، واتا لەرووی نەخشەی سەربازییەوە بە یەك ئەیالەت ـ هەرێم ـ دادەنرا.

(٢) چیای تەحتەرەش: چیایەکە لەهەرێمی بەیتوشەباب لەپارێزگای هەکاری باکووری کوردستان.

بەشی شەشەم:

زەمەنی پیلانگێڕییە مەزنەکان...
گەڕانەوەی مێژووە شوومەکە!!
(١٩٩١ ـ ١٩٩٨)

لەساڵی (١٩٩١)دا لەلایەن هەڤاڵان و کادیرانی باشووری کوردستانەوە، کە لەنێو تێکۆشانی (PKK)دا بوون، "پارتی ئازادی کوردستان (PAK) دادەمەزرێت، ئەو پارتییە بە چ ئامانجێك دادەمەزرێت؟ کاردانەوە و هەڵوێستی هێز و لایەنەکانی باشوور لەبەرامبەر ئەو پارتییە چیبوو؟ هەروەها (PAK) چ ئەنجامێکی لێکەوتەوە؟

پارتی ئازادی کوردستان (PAK) لەو هەڤاڵانە دروستبوو کە دوای شکستی (١٩٨٨)ی باشووری کوردستان تەڤلی ئێمە ببوون. وەکو گووتم؛ دوای ساڵی (١٩٨٨) هەندێك کوڕی گەنجی باشوور تەڤلی ئێمە بوون، بۆ ئەوەی لەنێو (PKK)دا خەبات و خزمەتی گەل بکەن. ئێمە ئەو کاتە بەئەوانمان گووت:" ئەگەر دەخوازن تەڤگەرێك بۆ باشوور پێشبخەن دەتوانن پێشیبخەن، ئێمەش دەتوانین هاوکاریتان بکەین". ئەوان ئەو کاتە رێکخستنێك و خەباتێکیان بۆ باشوور زێدە بەگونجاو نەدەبینی، بۆیە ئەو هەنگاوەیان نەهاوێشت و گووتیان:" ئێمە دەخوازین لەناو (PKK)دا کار بکەین" ئێمەش گووتمان:" دەتوانن کار و خەبات بکەن". کاتێك لەساڵی (١٩٩١)دا رەوشی نوێی باشوور دەرکەوت، لەنزیکبوونەوەی ئەو هەڤاڵانەشدا ئەوە هەبوو کە دەخوازن بۆ باشوور پارتییەك یان رێکخستنێك پێشبخەن، ئێمەش ئەوەمان بە گونجاو بینی، چونکە ئێمە دەمانبینی کەوا لەباشووردا بۆشاییەکی مەزن هەیە، هەرچەندە چەندین پارتیش هەن، بەڵام پێداویستییەکی بەمجۆرە هەیە. بۆ نموونە؛ لەگەڵ هێرشی رژێمی سەددامدا ئەو پارتییانە هیچ بەرخۆدانێکی ئەوتۆیان نەکرد. واتا ئێمە بینیمان پێداویستییەکی بەمجۆرە هەیە، لەوانەیە مەترسییەکی بەمجۆرە دووبارە ببێتەوە، پێویستە مرۆڤ گەل بێ رێکخستن نەهێڵێتەوە، دیاریش بوو ئەو رێکخستنانەی کە هەشبوون، گەلیان رێکنەخستبوو، باوەڕییان نەداوەتە گەل، بۆیە پێداویستی بە پارتییەکی بەمجۆرە هەیە،

ئیدی (PAK) بەم شێوەیە دروستبوو، ئەو هەڤالانە وایان دەخواست و ئێمەش بەگونجاومان بینی، ئەو هەنگاوە بەو شێوەیە هاوێشترا. ئامانجی (PAK) چیبوو؟ نەك (پ د ك ـ ی ن ك) تەسفیە بكات، بۆ ئەو مەبەستە دانەمەزرابوو، هیچ كاتێك ئامانجێكی وەهاشمان نەبووە، ئامانجی (PAK) ئەوە بوو كە ئەو بۆشاییەی لەباشووردا هەیە پڕبكاتەوە، ڕێگیری لەو مەترسییانە بكات كە ئەگەری ڕوودانیان هەیە، گەل هوشیار و دانا بكات و بیكاتە هێز، تاكو گەلەكەمان لەباشووردا بتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت. هەرچەندە گەلیش ڕابوو، بەڵام لەسەر ڕێكخستن و هێزی خۆی ڕانەببوو، بەڵكو لەسەر هێزی ئەمریكا ڕاببوو، ئەمریكاش كە خۆی دابووە لایەك ڕژێمی سەددام كەوتبووەوە كوردستان. ئەمەش لەپێش چاوان بوو. ئیدی بۆ ئەوەی جارێكی دیكە ڕەوشێكی بەمجۆرە ڕوونەداتەوە پێویستە گەل ڕێكخستە و پەروەردە بكرابایە، گەل بەهێز بكرابایە. دامەزراندنی (PAK) بۆ ئەم مەبەستە بوو.

بێگومان لەبەر ئەوەی (PKK) لەپشت (PAK) بوو، (PAK) فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیای (PKK)ی بەبنچینە وەردەگرت. شێوازی ئەوی بە بنەما وەرگرت. ئەمەش (پ د ك ـ ی ن ك) بۆخۆیان بەمەترسیداریان دەزانی، ئەمریكا بەمەترسی دەزانی، توركیا بەمەترسی دەزانی. چونكە تەڤگەری (PKK) لە كوردستاندا نوێنەرایەتی خەت و فەلسەفە و تەرزێكی نوێی دەكرد. (PKK) بەتەواوی لەسەر هێزی گەلی كورد ڕادەبوو، باوەڕی بەهێزی خۆیی خۆی دەكرد و ئەوەی بەبنچینە وەردەگرت، بەتەواوی ئیرادەیەكی ئازاد، كۆمەڵگایەكی ئازاد، كەسێتییەكی ئازادی بەبنچینە وەردەگرت، ئازادی، دیموكراسی و یەكسانی بەبناخە وەردەگرت، دەیخواست دەسەڵاتدارێتی بەهەر شێوەیەك دەبێت با ببێت نەهێڵێت، كۆیلایەتی نەهێڵێت، خەت و ڕێبازێكی بەمجۆرەی بەڕێوە دەبرد. بۆیە ئیرادەیەكی ئازادی گەلی كوردی پێشدەخست، كەسێتی و كۆمەڵگایەكی ئازاد، ڕێكخستنێكی ئازادی پێشدەخست. ئەمەش خەتێكی نوێ بوو.

بێگومان خەتێكی دیكەش لە كوردستاندا هەبوو كە (پ د ك ـ ی ن ك) نوێنەرایەتیان دەكرد، خەتێكی چۆن بوو؟ باوەڕیان زێدە بەخۆیان و هێزی خۆیان نەبوو، لەسەر هێزی خۆیان ڕانەدەبوون، باوەڕی خۆیان بەهەندێك هێزی دەرەوە هەبوو، ئەگەر هەندێك هێز هاوكاری ئەوانیان كرد دەتوانن كاربكەن، دەتوانن لە كوردستاندا كێشەی كورد

(كێشەی نەتەوەیی) بدەنە پێش خۆیـان، ئەگەر هاوكاریش نـەبێت ئـەوا نـاتوانن. بۆیـە باوەڕیان بە خۆیان و گەلی خۆیان نەدەكرد. بێگومان ئەمـەش بـۆ گـەلی كـورد هەمیشە مەترسی دروست دەكرد.

بـۆ نموونــە؛ لەســەردەمی رێككــەوتنی جــەزائیری (١٩٧٥) دا ئــەوە دەركەوتــە روو. لەســەرهەڵدان و كۆڕەوەكـەی ساڵی (١٩٩١) دا بەدەركـەوت. ئەمـەش خـەتێك بـوو، واتـا خەتێك كە ئازادی بەبناخە وەرنەدەگرت، خەتێك كـە دیموكراسـی و یەكسانی بەبناخـە وەرنــەدەگرت. خــەتێكی میللیگــەرایی بــوو، هــەمیش میللیگەراییــەكی بەرتەســك و دواكەوتوو بوو. واتا ئەم خەتە كێشەی كوردی لەهەموو روویێكەوە دەرنەدەخستەڕوو و چارەسەریـشی نـەدەكرد و زێـدەتریش ئۆتۆنـۆمی (حـوكمی زاتـی) بـۆ خـۆی بەبنـچینە وەردەگرت. ئیدی ئەو خەتە خاوەن تەڤگەرێكی وەها نـەبوو كە سەربەخۆیی بەبناخـە وەربگرێـت. (PKK) تەڤگـەرێك بـوو سـەربەخۆیی بەبناخـە وەردەگـرت، پێشخـستنی تەڤگەر لەهـەموو بەشـەكانی كوردستانی بەبنـچینە وەردەگـرت، یـەكێتی گـەلی كـوردی بەبنچینە وەردەگرت، بەڵام خەتی (پ د ك ـ ی ن ك) و ئەوانـە نـەك تـەواوی پارچـەكانی كوردســتان، بــەڵكو تــەنیا بەشــی باشــووریان بــۆ خۆیــان بەبناخــە وەردەگــرت، واتــا كوردستانیان تەنیا لەباشووردا دەبینی. فیكر و رامانێكی وەهایان نـەبوو كـەوا لەهـەموو بەشـەكان تەڤگـەرێك ئـاوا بكـەن، رۆحێكـی نەتـەوەیی بئـافرێنن، یـەكێتی گـەلی كـورد بخـولقێنن، لەسـەر هێـزی خـۆیی كـورد رابوونێـك لـەنێو كوردانـدا ئـەنجام بـدەن، ئـەو شـتانەیان نەدایـە پـێش خۆیـان. ئەمـەش خـەتێك و رێبازێـك بـوو. (پ د ك ـــ ی ن ك) خۆپـچڕاندن و دابڕانــدن و خۆرزگـار كـردن و خـۆ خـستنە دەرەوەی ئـەو سیـستەمەی لـەدونیادا هەیـە، بەبنـچینەیان وەرنـەدەگرت، دەیانخواسـت كێـشەی كـورد لـەنێو ئـەو سیستەمەدا چارەسەر بكەن. بەڵام (PKK) و خەتی (PKK) دەیانخواست لەدەرەوەی ئەو سیستەمە باڵادەستەی جیهان كێشەی كورد چارەسەر بكەن، بۆیە دابڕان لەو سیستەمەی بەبناخـە وەردەگـرت. لـەدەرەوەی ئـەو سیـستەمە پێشخـستنی سیـستەمێكی دیكـە وەك ئەلتەرناتیفی ئەو سیستەمەی هەیە بەبنچینە وەردەگرت، (PKK) دەیخواست كورد لـەو سیستەمەی كاپیتالیزم دەربخـات و بیكاتـە هێـزی ئەلتـەرناتیفی ئـەو سیـستەمە، بیكاتـە پێشەنگی ئەو سیستەمە نوێیە، دەیخواست كورد بۆ خۆی و بۆ گەلانی دیكە بكاتە هێـز.

ئەمەش لەهەموو رووێکەوە خەتێکی نوێ بوو. بۆیە لەنێوان خەتی (پ د ك ــ ی ن ك) و خەتی (PKK) دا جودایی هەبوو، بێگومان (پ د ك ــ ی ن ك) نەیاندەخواست خەتی (PKK) پێشبکەوێت و سەربکەوێت، دەیانخواست خەتی خۆیان لە کوردستاندا باڵادەست بکەن. ئەمریکاش دەیخواست خەتی (پ د ک ی ن ك) باڵادەست بکات. چونکە ئەو خەتەی بۆخۆی بەمەترسی نەدەزانی، وەك ئەلتەرناتیفێکی نەدەبینی. تەنانەت ئەو خەتە کوردی لەگەڵ ئەمریکا دەگردە یەك و دەیخستە خزمەتی ئەو سیستەمەوە. بێگومان خەتی (PKK) کوردی لەو سیستەمە باڵادەستە دەردەخست و لەدژی ئەو سیستەمەی دەکردە هێزێك و دەیکردە پێشەنگی سیستەمێکی نوێ. ئیدی بۆیە (PAK)یان بەمەترسی دەبینی، دەیانگووت:"پێویستە (PAK) لەباشووردا خۆی رێکخستە نەکات و پێشنەکەوێت. چونکە ئەگەر پێشبکەوێت (پ د ك ـ ی ن ك) لاواز دەبێت، ئەمریکاش لاواز دەبێت". ئیدی بۆ ئەوەی لاواز نەبن و مەترسی لەسەریان دروست نەبێت پێویستە رێگیری لە (PAK) بکرێت، نەیانتوانی بە ئایدیۆلۆژی و سیاسی بێنە سەر (PAK)، بۆ ئەوەی گورز لە (PAK) بوەشێنن؛ هەندێك پروپاگەندەیان دەکرد، دەیانگووت گوایە:"(PAK) لەدژی ئێمە دروستبووە، دەخوازێت ئێمە تەسفیە بکات، (PAK) رێکخستنێکی ئێراقە و پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئێراق و رژێمی سەددام و موخابەراتی سەددام هەیە...." بەو پروپاگەندانە دەیانخواست رکوکین و کاردانەوەی گەل و هەر کەسێك بۆ (PAK) دروست بکەن. چونکە رژێمی سەددام و موخابەرات و پارتی بەعس زوڵمێکی مەزنیان لەخەڵکی باشوور کردبوو، گەل لەباشوور و هەموو کەسێك لەو رژێمە زەبری خواردبوو، کاردانەوە و رکوکینێکی مەزنی لەبەرامبەر ئەو رژێمە هەبوو، دووژمنایەتییەکی مەزنی ئەو رژێمەی دەکرد، بۆیە ئەگەر بڵێن:"(PAK) پەیوەندی خۆی لەگەڵ رژێمی سەددام و بەعس هەیە"و گوایە:" (PAK) رێگەی "ئیبراهیم خەلیل"ی گرتووە و ناهێڵێت ئازووقە بێتە باشوور، تەنیا لەو رێگەیەوە توانست و هاوکارییان بۆدێت، (PAK) ناهێڵێت ئەوەش بێت، بەمشێوەیە هاوکاری رژێمی سەددام دەکات، دەخوازێت ئێمە لەناو ببات...". بێگومان جەماوەر بەمجۆرە دەبێتە دووژمنی (PAK)، ئەو پروپاگەندەیان بەو مەبەستە پێشدەخست، بەئەنقەست (PAK) یان بەپێچەوانەی راستینەی خۆی نیشان دەدا، بۆ ئەوەی گەل خۆی لە (PAK) نزیك

نەکاتەوە، ئەو کاریگەرییەی دروستیش بووە بتوانن نەیهێڵن، بۆ ئەوەی بەئاسانی پەلاماری (PAK) بدەن و تەسفیەی بکەن، تاکو بتوانن باڵادەستێتی خۆیان بسەلمێنن. ئەو پروپاگەندانەیان بۆ ئەو مەبەستە بوو.

لەساڵی (١٩٩٢) دا هەڵبژاردنی گشتی لەباشووری کوردستان ئەنجام درا و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئێراق دامەزرا. بەڵام شتی سەرنجڕاکێش بڕیاری یەکەمی ئەو پەرلەمان و حکومەتە بڕیاری شەڕکردن بوو لەدژی (PKK). پەرلەمان و حکومەت بۆ باشوور دامەزرابوو و هەموو گەلیش پشتگیری لێکرد بۆ ئەوەی بتوانن ببنە خاوەن پەرلەمان و حکومەتی خۆیان. بەڵام شەڕ لەگەڵ (PKK) هەڵدەگیرسێت و نزیکەی (٤٠) رۆژ بەردەوام دەبێت، کە ئەو شەڕە بە "شەڕی خیانەت" دەناسرێت. لەراستیدا ئەو شەڕە پێویستی بە شرۆڤە و لێکۆڵینەوەیەکی مەزن هەیە. رۆڵی (پ د ك - ی ن ك) و دەوڵەتە هەرێمییەکان و جیهان لەم شەڕەدا چیبوو؟ ئەم بڕیارەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بۆچی درا و ئەو شەڕە چ دەرئەنجامێکی لێکەوتەوە؟

راستە کە پەرلەمانی باشووری کوردستان دامەزرا، ئاخافتن و قسەی سەرەتایان لەدژی (PKK) بوو، ئەمە هەڵەیەکی مەزن بوو. تەنانەت خەتایەکی مێژوویی بوو. بۆچی ئەو هەڵەیان کرد و بەسەر هەر کەسێکیشیان داسەپاند؟ پەرلەمان ئەو بڕیارەی هەر لەخۆیەوە وەرنەگرت، هەندێك دەوڵەت ئەو بڕیارەیان بەسەر پەرلەماندا سەپاند، لە پەرلەمانیشدا بەقورسایی (پ د ك ـ ی ن ك) هەبوون، (پ د ك ـ ی ن ك) ش بەرێگەی پەرلەمانەوە ئەو بڕیارەیان وەرگرت. ئەمە شتێکی ئاشکرایە. بۆچی؟ چونکە بەنهێنی

دیدار ئەنجامدرابوو و رێککەوتنیان کردبوو. ئەگەر (پ د ك ـ ی ن ك) و پەرلەمانی باشووری کوردستان لەدژی (PKK) بڕیار وەربگرێت و لەدژی (PKK) رابوەستێت، ئەوا ئەوانیش دان بە پەرلەماندا دەنێن و دان بە (پ د ك ـ ی ن ك) دا دەنێن و پەیوەندی لەگەڵ ئەواندا پێشدەخەن و توانست بەوان دەدەن. ئەگەر پەرلەمان بڕیارێکی بەمجۆرەی وەرگرت و لەسەر بنەمای ئەو بڕیارەش شەڕی (١٩٩٢) "شەڕی خیانەت"یان ئەنجام دا، بۆ ئەم مەبەستە ئەنجامیان دا. نەك گوایە (PKK) بەراستی دژی باشوور و پەرلەمانی باشوور و (پ د ك ـ ی ن ك) بوو، تەنانەت هیچ حیسابیان بۆ ئەوە نەکرد کە (PKK) لە رۆژگاری هەرە دژوار و پڕ لەتەنگاسیدا خزمەتی ئەوانی کرد. لەدژی رژێمی سەددام سەرەتا لەناوچەی "دەرکار" لە بادینان (PKK) بەرێگەی "سادق عومەر" و هەندێك کەسی دیکەوە راپەڕینی بەرپاکرد. کاتێك کە ئێمە لەو ناوچەیە هەندێك مۆڵگەی هێزەکانی رژێمی بەعسمان هەڵتەکاند و چووینە زاخۆ، حزب و لاپەنەکانی دیکە یەکێکیشیان لەگۆڕەپانەکەدا نەبوون. هەروەها کاتێك کە رژێمی سەددام هێرشی کرد و خەڵك هەموو بەرەو سنوورەکان کۆڕەویان کرد، ئەوەی لە "حەفتانین" رێی لەهێزەکانی رژێمی سەددام گرت، هەروەها ئەوەی لەرێی "باتوفە ـ زاخۆ"دا چەندین سەرباز و ئەفسەری هێزەکانی رژێمی "سەددام"ی بەدیلگرت و ئەوەی مۆڵگەکانی ئەو هێزەی لە "هێرێ" و دەوروبەری هەڵتەکاند هەمووی (PKK) بوو، ئەوەی گەلی پاراست و ئەوەی لە باکوور میللەتی رێکخست بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی باشوور ئازووقە کۆبکاتەوە دیسان هەر (PKK) بوو، (PKK) ئەوانەی ئەنجامدا، (PKK) هیچ کاتێك لەدژی پەرلەمان و (پ د ك ـ ی ن ك) رانەوەستا، هیچ کاتێك پەیوەندی لەگەڵ ئێراقیشدا نەبوو. ئەوانیش دەیانزانی کە پەیوەندییەکی بەمجۆرەمان نییە. (PKK) هیچ کاتێك پەیوەندییەکانی خۆی لەدژی کوردان بەڕێوە نەبردووە. هەرچی پەیوەندی دروست کردبێت خستوویەتییە خزمەتی کوردانەوە. ئەمەش راستییەکە کەس ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە (PKK) پەیوەندی لەدژی کوردان پێشخستووە، یان ئەو پەیوەندییەی دروست بووە لەدژی کوردان بووە، کەس ناتوانێت شتێکی وەها بڵێت.

مەسەلەکە چیبوو؟ مەسەلەکە بەتەواوی ئەوە بوو چۆن بتوانن رێگیری لە (PKK) بکەن؟ چونکە (PKK) لەتەواوی کوردستاندا رۆحێکی دەئافراند، یەکێتییەکی دەئافراند

و پێشكەوتن و گۆڕانی بەدیدەهێنا، ئیرادەیەكی سەربەخۆی دەئافراند، تا دەهات خەتی (PKK) پێشدەكەوت، ئەمەش بۆ دەوڵەتانی داگیركەر مەترسی بوو، (پ د ك ـ ی ن ك) و سیستەمی سەرمایەداری بۆخۆیان بەمەترسیان دەبینی. لەبەر ئەمە لەهەوڵی ئەوە دابوون كە چۆن بتوانن رێ لەمە بگرن؟ چونكە پێشكەوتنی (PKK) هەڕەشەی لە هاوسەنگییەكانی كوردستان و ناوچەكە دەكرد كە ئاوابوو. هاوسەنگییەكەی بەتەواوی بە لای (PKK) و گەلی كورددا دەبرد، هاوسەنگییەكانی بەلای ئازادی و دیموكراسی دەبرد. لەمەشدا زۆر لایەن زەرەرمەند دەبوون، سیستەمی سەرمایەداری بالآدەست زەرەری دەبینی، ئەوانەی لەناوچەكەدا لەسەر ئەو سیستەمە دەژیان زەرەریان دەبینی. بۆیە (PKK) بۆ ئەوان مەترسییەكی مەزنی دروست دەكرد و پێویستبوو رێگیری لێبكەن. ئیدی ئەگەر پەرلەمان ئەو بڕیارەی وەرگرت بۆ ئەم مەبەستە وەریگرت، ئەو بڕیارە سەرەتای ئامادەكردنی زەمینەی شەڕی (١٩٩٢) بوو. هەڵبەتە شەڕی (١٩٩٢) یان لەسەر بنەمای ئەو بڕیارە ئەنجام دا.

بۆ ئەوەی ئێمە رێ لە بەرپابوونی ئەو شەڕە بگرین، ئێمە كۆبوونەوەشمان لەگەڵ حكومەتی هەرێم ئەنجامدا. لەنێوان ئێمە و حكومەتی هەرێم، ئەو كاتە "د. فوئاد مەعسوم" سەرۆكی حكومەت بوو، گەیشتینە رێككەوتنێك و دەرئەنجامێك كەوا:" ئێمە لەگەڵ یەكتردا شەڕ نەكەین، نەهێڵین داگیركەران لەیستۆك و پیلان لەدژی هەردوولا سازبكەن، هەروەها لەنێوان باشوور و باكووردا، لەنێوان ئێمە و (پ د ك ـ ی ن ك) و پەرلەمان و حكومەتی هەرێمدا، هیچ ناكۆكییەك دەرنەكەوێت، بەڵكو هاوكاری یەكتر بكەین، موداخەلەی كاروباری ناوخۆیی یەكتر نەكەین..." لەسەر ئەو مەسەلانە گفتوگۆ دروستبوو و رێككەوتن ئەنجامدرا. ئێمە بەو رێككەوتنە باوەڕمان كرد و گووتمان:" ئیدی گەیشتینە ئەنجام و رێككەوتن، ئیتر هیچ مەترسییەك روونادات. هەربۆیە ئێمە هیچ حیسابی هاتنەئارای شەڕمان نەدەكرد. ئێمە وەها مەزندەمان نەدەكرد كەوا (پ د ك ـ ی ن ك) لەگەڵ توركیا پێكەوە هێرش بێننە سەرئێمە. ئێمە هەموو تەركیزی خۆمان خستبووە سەر پێشخستنی خەبات لەدژی توركیا، ئێمە لەباشووریشدا خەباتمان دەكرد كە چۆن باشوور بەهێز بكەین، كە باشوور بتوانێت لەسەر پێی خۆی رابوەستێت و ئەگەر مەترسییەكیش رووبدات بتوانێت خۆی بپارێزێت. كەچی بینیمان لەیەككاتدا (پ

د ك ـ ی ن ك) و توركیا بەیەكەوە هێرشیان هێنایە سەر ئێمە. ئیدی "شەڕی خیانەت" بەمجۆرە دەستپێكرد.

ئەو كاتە لە سێ شوێندا "خواكورك، چوقورجە، حەفتانین" هێزی ئێمە لەباشووردا هەبوو، هێزەكانی ئێمەش بەقورسایی لەباكوور بوون، ئەو هێزانەشمان لەباشوور بوون پەروەردەمان دەكردن و بۆ باكوور ئامادەمان دەكردن. هەروەها بۆ پاراستنی باشوور وەك هێزێكی یەدەك لەباشوور جێگیرمان كردبوو. واتا ئەگەر مەترسییەك بۆ سەر باشوور دروستبوو، دیسان هێرشێكی وەكو ئەوەی رابردوو لەلایەن ئێراقەوە یان توركیاوە رووبدات بتوانین هاوكاری خەڵكی باشوور بكەین، بۆ ئەم مەبەستە بوو. لەراستیدا ئەمە دەشزانرا. بەڵام دەوڵەتی توركیا و ئەمریكا، (پ د ك ـ ی ن ك)یان ناچاری ئەو شەڕە كرد، ئەوانیش ئەو هەنگاوەیان لەبەر ئەم هۆیە هاوێشت.

ئەو شەڕە سەرەتای پیلانگێڕییەكی نێودەوڵەتی بوو كەوا لەپراكتیكدا جێبەجێ دەبوو، بۆیە شەڕی (١٩٩٢) شەڕێكی هەروا ئاسان نەبوو، ئەوە موداخەلەی هێزە نێودەوڵەتییەكان بوو بۆ سەر (PKK). چونكە (PKK) لەهەموو روویێكەوە لە كوردستاندا پێشدەكەوت. ئەم پێشكەوتنەش هەڕەشەی لەبەرژەوەندی زۆر هێز و لایەن دەكرد، هەڕەشەی لە هاوسەنگییەكان دەكرد، پێویستبوو رێگیری لێبكرێت. بەو شەڕە دەیانخواست ئیرادەی (PKK) بشكێنن و (PKK) تەسلیمیان ببێت. بۆ ئەوەی بتوانن رێ لەو مەترسییانە بگرن كە (PKK) بۆ ئەوانی دروستدەكات، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو خەتەی (پ د ك ـ ی ن ك) نوێنەرایەتی دەكات باڵادەست بكەن. ئامانجی ئەو شەڕە ئەوە بوو.

ئەوانە وا حیسابیان دەكرد كە دەتوانن ئیرادەی ئێمە بشكێنن و ئێمە تەسلیم بگرن. بەڵام نەیانتوانی ئیرادەی ئێمە بشكێنن، بەڵكو بەپێچەوانەوە بەو شەڕە ئیرادەی ئێمە بەهێزتر بوو. بەڵام لەو شەڕەدا لەبەرەی "خواكورك" دا كە فەرهاد (عوسمان ئۆجەلان) بەرپرسیاری بوو، بەرگری نەكرد، سەرەتا هەندێك بەرگری كرد، پاشان تەسلیم بوو، تەنانەت بەبێ ئاگاداری تەڤگەر و سەرۆك دەستبەرداری شەڕەكە بوو و چوو لەگەڵ (پ د ك ـ ی ن ك)ش دانیشت و بەناوی (PKK) وە رێككەوتنێكیشی واژۆ كرد. لەو رێككەوتنەدا (PKK) یان تەسلیم وەرگرت. بەگوێرەی ئەو رێككەوتنە؛ پێویستە هەموو هێزەكانی

(PKK) لەباشووردا بچێتە "زەلێ". "زەلێ"ش زۆر دوورە لەسنووری تورکیا. واتا دەیانخواست ئەو هێزانەمان هەموو ببەنە "زەلێ" و لەوێش تەسلیمیان وەربگرن، ئامانجی ئەوان ئەوە بوو، ئەوەی کەوا نەیانتوانیبوو بەشەڕ بیکەن، خواستیان بەو رێککەوتنە بیکەن، خواستیان ئەمەش بەرێگەی "فەرهاد" بەئەنجام بگەن.

لەبنەڕەتدا شەڕی ساڵی (١٩٩٢) لە "حەفتانین" روویدا. چونکە "چوقورجە"ش لەدەرەوەی شەڕ مایەوە و هیچ نەکەوتە شەڕەوە، "خواکورك"یش کەمێك شەڕی کرد و تەسلیم بوو، هەموو قورساییەکەی شەڕی (١٩٩٢) کەوتە سەر "حەفتانین". لەبنچینەشدا شەڕەکە لەو ناوچەیە بوو.

ئیدی کاتێك "فەرهاد" بەناوی (PKK) وە چوو ئەو رێککەوتنەی ئیمزا کرد، سەرۆك ئەو کاتە گووتی:" ئیتر ئێوە شەڕ لەبەرەی "حەفتانین" رابوەستێنن" بەمجۆرە شەڕ لە"حەفتانین" راوەستا.

لێرەدا بەو شەڕە موداخەلەیەکی مەزن بۆ سەر (PKK) کرا، گورزیان لە تەڤگەری (PKK)دا. هەرچەندە ئیرادەی (PKK) یان نەشکاند و تەسلیمیان وەرنەگرت، بەلام رێیان لەبەردەم پێشکەوتنی گرت. بەم موداخەلەیە نەیانهێشت کە تەڤگەری (PKK) بەهێزتر ببێت، ئەگەر ئەو موداخەلەیە نەبووایە، ئەوا تەڤگەری (PKK) زیاتر بەهێز دەبوو، لەوانەیە رەوشی گەلی کورد و تەڤگەری کورد وەکو ئەمڕۆ نەبووایە، چونکە تا ئەو کاتە دەوڵەتی تورکیا نەیتوانیبوو رێگیری لەبەردەم مەزنبوون و پێشکەوتنی تەڤگەری (PKK) دا بکات، هێزەکەی ئەو بەشی ئەمەی نەدەکرد. ئیدی دەوڵەتی تورکیا لەهەموو روویەکەوە ئیفلاسی کردبوو، تادەهات سەرهەڵدان و گەریلا بەهێز دەبوو و کاریگەریشی لەسەر پارچەکانی دیکە دەکرد و رابوون و هوشیاربوونەوەیەکی مەزنی پێشدەخست. واتا (PKK) تەڤگەری بەرەو چارەسەری دەبرد. ئیدی نەیانهێشت تەڤگەر بەرەو چارەسەری بچێت، رێگەیان لەبەردەمدا گرت. نەیانهێشت کەوا تەڤگەر هەم لەرووی گەریلا و هەمیش لەرووی سەرهەڵدانەکانەوە مەزن ببێت و بەمەش چارەسەری پێشبکەوێت، ئەمە گورزێکی مەزن بوو.

لەلایەکی دیکەوە؛ بەم هەنگاوە تورکیا ناکۆکی مەزنی خستە نێوان باکوور و باشوورەوە، نێوان (PKK) و (پ د ك ـ ی ن ك) بۆ ئەوەی کورد یەك نەبن. چونکە (PKK) دەیخواست

باكوور و باشوور بكاتە یەك، دەیخواست لەگەڵ (پ د ك ـ ی ن ك) و خەڵكی باشوور پەیوەندییەكی تۆكمە پێشبخات. ئیدی بەم شەڕە ڕێگرییان لەبەدیهێنانی ئەمە كرد، دووژمنایەتیان خستە نێوان خودی تەفگەری كوردەوە، بۆ ئەوەی تەفگەری كورد بەهێز نەبێت و سەرنەكەوێت. بەمشێوەیە ڕێیان لەبەردەم چارەسەری گرت. ئەگەر ئەو شەڕە نەبایە و پەیوەندییەكی بەهێز پێشبكەوتبایە، ئەوا باشوور و باكوور یەكدیان تەواو بەهێز دەكرد، چۆن لە باكووردا گەریلا سەرهەڵدانی بەهێز دەكرد و سەرهەڵدانیش گەریلای بەهێز دەكرد، دەوڵەت بەرەو ئیفلاسبوون دەچوو، بەهەمان شێوەش خەباتی باكوور باشووری پێشدەخست و دەبووە هێز و مۆراڵێكی مەزن بۆی، خەباتی باشووریش بۆ باكوور دەبووە هێز و مۆراڵێكی مەزن. ئەمە كاریگەری لەسەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای كوردستانیش دەكرد. واتا تەواوی كوردستان دەكەوتە سەرڕێی چارەسەری. ئیدی پێویستبوو ڕێگرییان لەوانە بكردبایە، بەو شەڕەی (١٩٩٢) ڕێگری لەمانە كرا.

وەكوتریش ڕێیان لەبەردەم خەتی (PKK) گرت، بۆ ئەوەی (PKK) لە كوردستاندا حاكمییەتی خۆی دروست نەكات، ئەمە بووە گورزێكی كوشندە. لەم ڕووەوە گورزێكی مەزنیان لە (PKK)دا. بەڵام نەیانتوانی ئیرادەی بشكێنن، ئیرادەی (PKK) نەشكا و بەهێزتر بوو. دەیانگووت:" (PKK) ناتوانێت شەڕ بكات، ئێمە تەسلیمی دەگرین" بەڵام (PKK) شەڕی كرد و بەرگری كرد و بەرخۆدانی نواند. بەڵام "فەرهاد" تەسلیم بوو. خواستیان بەرێگەی "فەرهاد" ـ بەو ڕێككەوتنەی كە "فەرهاد" كردبووی ـ هەموو هێزەكانی ئێمە بۆ "زەڵێ" رابكێشن و دەستبەسەری بكەن. ئەمەش بكەنە كارتێكی فشارخستنە سەر تەفگەر و سەرۆكیش بێكاریگەر بكەن و تەفگەر لەژێر كاریگەری سەرۆك دەربخەن و بیخەنە ژێر كۆنترۆڵی "فەرهاد"ەوە و بەرێگەی "فەرهاد"یشەوە بەتەواوی بیخەنە ژێر كۆنترۆڵی خۆیانەوە. پیلانێكی بەمجۆرە بەرێوەبرا.

لەبنەڕەتدا "فەرهاد" لەساڵی (١٩٩١) بەدواوە باوەڕی بە سۆسیالیزم نەمابوو، كاتێك لەجیهاندا بلۆكی سۆسیالیستی هەڵوەشایەوە، باوەڕی بە سۆسیالیزم نەما، بەشەڕی (١٩٩٢)ش باوەڕی بەگەریلا، (PKK)، سەرۆك و گەل نەمابوو، بەتەواوی كۆتایی پێهاتبوو. ئیدی چارەسەری لەسیستەمی سەرمایەداریدا دەبینی، لەبەكرێگیراوێتیدا دەبینی، چارەسەری لە هێڵی "تاڵەبانی" و "بارزانی"دا دەبینی، لە ئەمریكادا دەبینی، باوەڕی

خۆی بە خودی خۆیشی لەدەستدابوو، باوەڕی خۆی بە سەرۆك و گەل و تەفگەریش لەدەست دابوو. هەرلەبەر ئەوەش بوو لە "خواکورك" شەڕ و بەرخۆدانی نەکرد و چوو ئەو رێککەوتنە تەسلیمکاریەشی بەناوی تەفگەرەوە مۆر کرد. بەبێ ئاگاداری تەفگەر ئەمەی ئەنجامدا.

ئیدی (پ د ك ـ ی ن ك)ش بینیان کە "فەرهاد" باوەڕی بە سەرۆك و گەل و (PKK) نەماوە، پێیانگووت:" کەواتە راستە چارەسەری لەئێمە دایە، تۆ راست بیر دەکەیتەوە". لێرەدا خواستیان کەوا "فەرهاد" لەدژی سەرۆك ئاپۆ بەکاربهێنن، کە سەرۆك بێکاریگەر بکەن و تەفگەر لەژێر کۆنترۆڵی دەربخەن، لەرێگەی "فەرهاد"ەوە تەفگەر بەتەواوی بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، بەمشێوەیە تەسفیەی بکەن. بێگومان "فەرهاد"یش بەمشێوەیە لەدژی سەرۆك دەرکەوت. "فەرهاد" ئەو هێزەی نەبوو وەها لەدژی سەرۆك دەربکەوێت، کاتێك کە سەرۆك رەخنەی لە "فەرهاد" دەگرت و بەسەریدا دەچوو، "فەرهاد" لە "زەلێ" هەڵات و چووە ئێرانەوە، چوو لە ئێران داوای پەنابەرێتی سیاسی کرد، کەوتە رەوشێکی بەمجۆرەوە. چونکە هێشتا لەکۆنگرەی سێیەمدا لە (١٩٨٦)دا کاردانەوە و رکوکینێکی بۆ سەرۆك دروستببوو، گوایە سەرۆك رێی لێگرتووە و هاوکاری نەکردووە. ئەو پێی وابوو برایەتی ئەو لەگەڵ سەرۆك بۆتە ئاستەنگییەکی مەزن لەپێش ئەودا. ئیدی "فەرهاد" هەر لەو کاتەوە لەدژی سەرۆك راوەستابوو و کاردانەوەی "فەرهاد" بۆ سەرۆك پەرەیسەند، ئەو کاردانەوەیە پاشان لە "زەلێ" بووە دووژمنایەتی. لەبەر ئەوەی باوەڕی خۆی بە سۆسیالیزمیش نەمابوو، سۆسیالیزمیش پەرشوبلاو ببوو. شەڕی (١٩٩٢)ش شەڕێکی قورس بوو، بەمەش ئیرادەی خۆی شکاند و بەتەواوی باوەڕی بەتەفگەر نەما، کاردانەوەی خۆیشی بۆ سەرۆك هەبوو، ئیدی ئەو هێزانەی کەوتنە پشت "فەرهاد" و پێیانگووت:" تۆ زانای و ماف خۆتە، ئەوەی تۆ راستە، ئاپۆ هەڵەیە و ماف خۆتە و ...هتد" ئەمەی بۆ خۆی وەك هێز بینی، بەمە ئەو کاردانەوەیەی لەدژی سەرۆك هەیبوو، گەیاندییە ئاستی دووژمنایەتی. بۆیە بەئاشکرا دژایەتی سەرۆکی کرد و خواستی سەرۆك بێکاریگەر بکات. ئەگەرنا هێزێکی خۆی نەبوو، کە سەرۆك رەخنەی کرد و ئەوان بینیان ناتوانێت لەدژی سەرۆك رابوەستێت، ئەو هێزانەی لەپشت ئەویش

بوون نەیانتوانی ئەو بپارێزن. بۆیە هەڵات و چووە ئێران و داوای پەنابەرێتی سیاسی لە ئێران کرد.

بەراستی شەڕی (١٩٩٢) شەڕێکی گران بوو، لەناکاو و بێ ئامادەکاری هێرشیان کردە سەر ئێمە. لەپێش چاوان تورکیا و (پ د ك ـ ی ن ك) پێکەوە هێرشیان کرد، بەڵام لەپشت ئەو شەڕەدا سیستەمی سەرمایەداری هەبوو، ناتۆ (NATO) هەبوو. لەبنەڕەتدا ئەوانە لەدژی ئێمە شەڕیان بەرپاکرد، خواستیان کەوا گورز لەتەڤگەر بدەن، گورز لەخەتی ئەو تەڤگەرە بدەن، بۆ ئەوەی ئەم تەڤگەرە بێکاریگەر بکەن و نەبێتە مەترسی بۆیان. راستی مەسەلەکە بەمجۆرە بوو. واتا موداخەلەی نێودەوڵەتی و پیلانگێری نێودەوڵەتی لەبنەڕەتدا لە (١٩٩٢)وە دەستپێکرد، لەو شەڕەدا هەندێك هەنگاویان هاوێشت و هەندێك ئەنجامیان بەدەستخست، بەڵام بەتەواوی ئەنجامگیر نەبوون، ئیدی رێیان پەرەسەندنی تەڤگەر گرت، لەمەدا ئەنجامگیربوون و نەیانهێشت تەڤگەر مەزنتر ببێت و بەرەو چارەسەری بچێت و رێیان لەپێش چارەسەری گرت. لەبەر ئەمە دەتوانین بڵێین؛ (پ د ك ـ ی ن ك) رۆڵێکی خراپیان بینی...

بێریتان

ئەدرەسێکی نوێی بەرخۆدان...

لـەو شـەڕەدا لەشەخـسی بـەرخۆدانی "حـەفتانین"دا و لـە "خواکورك"یشدا لە شەخسی هەفاڵ بێریتـان (گوڵنـاز قـەرەتاش)دا بـەرخۆدان دەگاتـە لوتکـەی خـۆی. لەراسـتیدا مـرۆڤ دەتوانێت ئـەو بەرخۆدانە وەك خەت و ڕێبازێك ببینێت، لەنێو ئەو شەڕە گـران و مەزنـەدا لەبەرامبـەر ئـەو هـەموو هێـز و لایەنانـەدا، بـەرخۆدانی هەفاڵ "بێریتـان" هـەم بـۆ تێکۆشـانی بەرخۆدانڤانانـەی تەڤگـەری (PKK) بەگـشتی و هـەمیش بـۆ تێکۆشـانی ئـازادی ژنـان چـۆن هەڵدەسەنگێنن؟

بێگومان لەبەرەی "خواکورك"دا لەبنـەمادا هـەڤاڵ "بێریتـان" نوێنەرایـەتی تەڤگـەری دەکرد، ئەو هەڤاڵە خەتی تەڤگەری لەکەسێتی خۆی و پراکتیکی خۆیدا بەرجەستە کرد و خیانەتی پەسند نەکرد و تەسلیم نەبوو، لەدژی خیانـەت و تەسـلیمییەت ڕاوەسـتا، تـا دوا گوللە شەڕی کرد، کە گوللەیشی پێنەما خۆی لەسەر زنارێك هاوێشت و خۆی پارچـە پارچە کرد، بەڵام خۆی تەسلیمی ئەوان نەکرد. ئەوەی لە شەخسی هەڤاڵ "بێریتـان"دا پێکهات چیبوو؟ ملیتانێتی (PKK) بوو، لـە شەخسی ئـەودا کەسێتی ملیتـانێتی (PKK) بەرجەسـتەبوو. ملیتـانێتی "بێریتـان" ملیتـانێتی (PKK) یـە، ملیتانێتییـەکی چۆنە؟

ملیتانییەکە ئازادی بۆخۆی بەبنەما وەرگرتووە، بەتەواوی بۆ ئازادی دەژیت، ئەو ملیتانێتییە کە هەموو شێوە کۆیلایەتییەك و دەسەڵاتدارێتییەك رەتدەکاتەوە، لەدەرەوەی ئازادی شتێکی دیکە پەسندناکات و هەموو شتێکی دیکە رەتدەکاتەوە. تەرخانکردنی ژیانی خۆی بەتەواوی بۆ ئازادی، ئەگەر بشمرێت تەنیا بۆ ئازادی بمرێت، لەدەرەوەی ئەمە هیچ شێوە ژیان و مردنێکی دیکە پەسندناکات، ژیان و مردن بە ئازادی و بۆ ئازادی و لەخزمەتی ئازادی بێت، ئەمەیە ملیتانێتی (PKK). ئیدی هەڤاڵ "بێریتان" ئەو ملیتانێتییەی لە پراکتیکدا بەرجەستە کرد. ژیانی خۆی بەتەواوی بۆ ئازادی رێکخستبوو. بۆ پێداویستی ئازادی رێکخستەی کردبوو، بەتەواوی بۆ ئەمە دەژیا و تێدەکۆشا. ئیدی کە مردنیشی دایە پێشخۆی، بۆ ئەم مەبەستە مردنی دایە پێشخۆی. مردنێك کە خزمەتی ئازادی نەدەکرد پەسندی نەدەکرد. پێویستە مردنیش بخەیتە خزمەت ئازادییەوە. ئەوەی لەکەسێتی "بێریتان" و پراکتیکی ئەودا بەرجەستە بوو ئەمەبوو. چونکە ئەو ملیتانێتییەی سەرۆك ئاپۆ لە (PKK) و جڤاکی کورددا پێشیخستبوو ملیتانێتییەکە بەتەواوی هەموو شێوە کۆیلایەتی و دەسەڵاتدارێتییەك رەتدەکاتەوە و ئازادی بەبناخە وەردەگرێت، ئەوەی کە بۆ ئازادی دەژیت و بۆ ئازادی دەمرێت. سەرۆك ملیتانێتییەکی بەمجۆرەی پێشخست. لەو ملیتانێتییەدا بەکرێگیراوێتی و خیانەت و تەسلیمییەت نییە، بەڵکو بۆ ئازادی پێداگری لەسەر بەرخۆدان بنچینەییە. بۆیە ئەم ملیتانێتییە هیچ هێزێك ناتوانێت تەسلیمی وەربگرێت و کۆنترۆڵی لەسەر دروستبکات، کۆنترۆڵ ناکرێت. لەو ملیتانێتییەدا بەتەواوی کەسێتییەکی ئازاد و ئیرادەیەکی ئازاد هەیە، کەس ناتوانێت کۆنترۆڵی کەسێتی و ئیرادەکەی بکات. ملیتانێتییەکی بەمجۆرە ملیتانێتییەکی پڕ بەهێزە، هیچ هێزێك ناتوانێت لەپێش ئەو ملیتانێتییە رابوەستێت. نە هێزێکی سیاسی و نە هێزێکی عەسکەری ناتوانێت لەبەردەم ملیتانێتییەکی بەمجۆرەدا بەرگەبگرێت.

لەجیهاندا ملیتانێتییەکی بەمجۆرە زۆر کەمە و تەنیا لەتاکە تاکەی هەندێك کەسدا بەرجەستە بووە، سەرۆك ئەوەی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا لەهەندێك کەسدا بەرجەستە بووە لە (PKK)دا بەتەواوی بەرجەستەی کرد و هەوڵیداوە لە جڤاکی کورددا بەرجەستەی بکات. بۆیە ملیتانێتییەکی پڕ مەزن بەرجەستەبووە، ملیتانێتییەکی

ئەوتۆیە تەنیا سەرکەوتن بەبناخە وەردەگرێت، سەرکەوتن و پێشکەوتن بەدیدەهێنێت، ملیتانێتییەکی بەمجۆرە کەس ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات و تەسلیمییەتی پێ بەپەسندکردن بدات و بۆ لای خیانەتی رابکێشێت. ئیدی کاتێك کە "بێریتان" فیشەکەکانی تەواو دەبێت و پێشمەرگەکان پێی دەڵێن:"تەسلیم ببە و هیچت لێناکەین" بەڵام ئەو تەسلیمییەتی پەسند نەکرد، خیانەتی پەسند نەکرد، بەکرێگیراوێتی پەسند نەکرد، گووتیان:" تەسلیم ببە هیچت لێناکەین" وەڵامی ئەو هەڤاڵە خۆهاوێشتن بوو لەسەر زنارێك و خۆی پارچە پارچە کرد. ئیدی ملیتانێتی (PKK) ملیتانێتییەکی بەمجۆرەیە و لەپێناو ئازادیدا ئەگەر پێویست بێت خۆی پارچە پارچە دەکات، "بێریتان" ئەمەی بەرجەستە کرد و جێبەجێی کرد.

"بێریتان" کچە کوردێك بوو، هەمیش کچێکی دێرسیمی بوو. واتا لە کوردستاندا و لە "دێرسیم"دا کچێکی بەمجۆرە دەربکەوێت ئەمە پڕ گرنگە. بۆچی گرنگە؟ چونکە ئەمە رابوونی گەلی کورد و ژنی کورد بوو. گەلی کورد پڕ داڕووخا بوو، داگیرکەران زۆر دایانڕووخاند بوو، ئیدی لەدوا پلەی داڕووخانی خۆیدا بوو، ژنی کوردیش بەهەمان شێوە داڕووخا بوو، ئیدی لەدوا پلەی داڕووخانی خۆیدا بوو، بەڵام لە کەسێتی هەڤاڵ "بێریتان"دا هەم گەلی کورد و هەمیش ژنی کورد هەستایە سەرپێیان، هەمیش زۆر بەهێزەوە هەستایە سەرپێ، لەم رابوونەیدا هیچ سنوورێکی نەناسی، لەرابووندا بێسنوورێتی(اللامحدودیة)ی بەبناخە وەرگرتبوو، هیچ دەسەڵاتێکی لەسەر خۆی پەسند نەدەکرد، هیچ هەژموون و باڵادەستێتی و کۆیلایەتییەکی پەسند نەدەکرد. بۆیە بەهیچ شێوەیەك بەکرێگیراوێتی و تەسلیمییەت و خیانەتێکی پەسند نەدەکرد" یان بەئازادی دەژین یانیش هیچ ناژین" ئەمەی بەبنچینە وەردەگرت و جێبەجێی دەکرد. ئیدی هەڤاڵ "بێریتان" ملیتانێتی (PKK)ی وەها لەخۆیدا بەرجەستەکرد. کەسێك بەهەڤاڵ "بێریتان"ی نەگووت:"برۆ ملیتانێتییەکی وەها پێکبهێنە و پاشانیش خۆت وەها پارچە پارچە بکە". "بێریتان" هزری (PKK)ی وەرگرتبوو، لەئازادیدا ژیابوو و لەخۆیدا ئیرادەی (PKK)ی ئافراندبوو، ئەو ئیرادەیەش بە تەواوی ئازادی بەبناخە وەردەگرێت، بۆیە لەدژی هەموو جۆرە تەسلیمییەت و خیانەت و بەکرێگیراوییەك راوەستا و پێداگری لەسەر ئازادی کرد، لەبەر ئەوەی هەڤاڵ "بێریتان" ئەو کەسێتییەی لەخۆیدا

ئافراندبوو، بۆیە ئەمەی بەبناخە وەرگرت، چونکە کەسێتی "بێریتان" کەسێتییەکە بەتەواوی ئازادی بەبناخە وەردەگرێت و پێداگری لەسەر دەکات و بۆی دەژیت و بۆی دەمرێت، لەدەرەوەی ئەمە بیر لەشتێکی دیکە ناکاتەوە و بەشێوەیەکی دیکە ناژیت و شتێکی دیکەش شایستەی خۆی نابینێت. ئیدی "بێریتان" ئەمەی بەرجەستە کرد، بۆیە سەرۆك ئاپۆ گووتی: " خەتی من خەتی شەهید بێریتانە" واتا خەتێکە بەرخۆدان، ئازادی، دیموکراسی، سەرکەوتن و یەکسانی بەبنەما وەردەگرێت. خەتێکە کۆیلایەتی، بالادەستی، تەسلیمییەت، خیانەت و بەکرێگیراوێتی رەتدەکاتەوە. بۆیە سەرۆك بەهایەکی مەزنی بە "بێریتان" دا. ئیدی لە کەسێتی "بێریتان" دا، ملیتانێتی (PKK) و تەرز و بەپراکتیکبوونی ئەو بەدیهات. بۆیە کاریگەرییەکی مەزنی خۆی کرد. تەنانەت ئەو پێشمەرگەیەی خواستی "بێریتان" تەسلیم بگرێت، کە بینی تەسلیم نەبوو و خۆی بەمشێوەیە پارچە پارچە کرد، کەوتە ژێر کاریگەری ئەو هەڵوێستەی "بێریتان"ەوە. تەنانەت ئەو پێشمەرگەیە و هەندێك لە پێشمەرگەکانی تر نەفرەتیان لەخۆیان کرد، ئەمە دەزانرێت وباسدەکرێت...

لەساڵی (١٩٩٠) بەدواوە، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانەکان لە تورکیا و باکووری کوردستاندا لەژێر ناوی بکەری نادیار (فاعیلی مەجهول) بە هەزاران کەسی سیاسی و رۆشنبیر و وڵاتپارێز دەکوژرێن. لەلایەکی دیکەشەوە پیلانگێرییەك بەناوی "پیلانی ئەشرەف بەدلیسی" کە ژەنراڵێکی سوپای تورکیا بوو، ئەو کاتە وەك پیلان و کۆنسێپتێك دەردەکەوێتەروو، لەو کاتەدا چوارچێوەی ئەو تاوانانەی لەژێر ناوی "بکەری نادیار" ئەنجامدەدران و ئەو پیلان و کۆنسێپتەی "ئەشرەف بەدلیسی" دایرشتبوو چ سیاسەتێك لەبەرامبەر تەڤگەری کورد و گەلی کورد بەرێوە دەچوو؟ ئەو دەرئەنجامانەی کەوا لەگەڵ خۆیدا

هێنای چیبوو؟ بۆچی لەو کاتەدا ئەم هەموو شاڵاوە لەدژی گەلی کورد و تەفگەر ئەنجامدەدرێت؟

دەوڵەتی تورکیا بەشەڕی (١٩٩٢) دەیخواست زەبرێکی مەزن لەتەفگەر بدات. بۆیە ئەگەر لەباشووردا ئەنجام بەدەستبخات، لەسەر ئەو بنەمایەش لەباکوور هەنگاوی دووەم بهاوێژێت و بەمەش پیلانی خۆی دژ بەتەفگەر تەواو بکات. بۆیە لەباکوور هەڵمەتێکی لەدژی تەفگەر دەستپێکردبوو، بە کۆمەڵکوژی رووبەڕووی گەل و گەریلا دەبۆوە، دەوڵەت لەبەرامبەر سەرهەڵدانەکاندا کۆمەڵکوژی ئەنجامدەدا، ئەوەی بەشداری لەسەرهەڵدانەکان دەکرد دەستگیری دەکرد و دەیکوشت، ئەشکەنجە و کۆمەڵکوژی مەزنیان بەڕێوە دەبرد. ئۆپەراسیۆنی مەزنیان لەسەر گەریلا دەکرد و بەرفراوانیان دەکرد، بەمە دەیانخواست ئامادەکاری بۆ شەڕی (١٩٩٢) بکەن، لەباشووردا گورز لەتەفگەر بوەشێنێت، لەباکووریشدا ئەوەی دەستپێکردووە بەردەوامی بکات و تەواو ئەنجامگیر ببێت. سیاسەتێکی بەمجۆرەی بەڕێوە دەبرد. ئیدی لەبەر ئەوەی لەباکوور لەزۆر هەرێمدا لەگوندەکان و شارەکاندا کۆمەڵکوژییان لەبەرامبەر گەل ئەنجام دەدا، بۆ ئەوەی سەرهەڵدانەکان دابمرکێننەوە و رێگیری لە پەرەسەندنی سەرهەڵدانەکان بکەن و گەل بترسێنن، لەناو گەلدا، ئەوانەی پێشەنگایەتی سەرهەڵدانەکانیان دەکرد، دەیانکردنە ئامانجی خۆیان، تاکو ئەوانە هەموویان تەسفیە بکەن. بەمەش گەل بێ پێشەنگ و بێ رێکخستن بهێڵنەوە و رێگیری لە گەورەبوونی سەرهەڵدانەکان بکەن. ئەگەر توانیان رێگیری لەسەرهەڵدانەکان بکەن، ئەوا دەتوانن گەریلا و تەفگەریش تەنگەتاو بکەن، چونکە سەرهەڵدانەکان لەهەموو رووێکەوە گەریلای بەهێز دەکرد، هەم تەفلیبوون بۆ ریزەکانی گەریلا زیاتربوو، هەمیش لەبەر ئەوەی سەرهەڵدانەکان لە گوند و شارەکان پێشدەکەوت، گۆڕەپانی جموجۆڵکردنی گەریلای فراوانتر دەکرد، چونکە دەوڵەت ناچاردەبوو هەندێك هێزی خۆی لەشارەکاندا جێگیر بکات بۆ ئەوەی رێ لەپێش سەرهەڵدانەکان بگرێت، بەمەش نەیدەتوانی بەهەموو هێزی خۆیەوە بێتە سەر گەریلا، گەریلاش سوودی لەمە دەبینی و جموجۆڵی خۆی زۆر بەهێز دەکرد، ئیدی بۆ ئەوەی

هەم رێ لەپێش تەڤلیبوون بۆ ریزەکانی گەریلا بگرێت. هەمیش گۆڕەپانی جموجۆڵەکانی گەریلا بەرتەسك بکەنەوە، تاکو بتوانن گەریلا بخەنە ژێر کۆنترۆڵەوە و گورزی لێبوەشێنن، قورسایی خستە سەر گەل، هەوڵیان دەدا کە چۆن بتوانن رێگیری لەسەرهەڵدانەکان بکەن، چۆن رێکخستنی ناو گەل پەرشوبلاوە پێبکەن، بۆیە بەزۆری گەلیان کردە ئامانج، هەم بەخۆیان و هەم بە جاشەکان، هەم رێکخراوە چەکدارییە نهێنییەکانی وەك "حزبولڵا"، هێرشیان دەکردە سەر گەل، گوایە "حزبولڵا" رێکخستنێکی ئیسلامییە و بۆ کوردان خەبات دەکات، کەچی رێکخستنێکی بەمجۆرە نەبوو و لەبنەڕەتدا دەوڵەت خۆی رێکخستنێکی بەناوی "حزبولڵا" دروستکرد، بەرێی ئەو رێکخستنەوە کوشتن و کۆمەڵکوژی ئەنجامدەدا، کە لەرووی حقوقی و سیاسییەوە تورکیا تەنگەتاو نەبێت و هیچ بەرپرسیارێتییەك نەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتەوە، دەوڵەتی تورکیا لەوجۆرە تاکتیکانەدا زۆر زیرەکە. هەم کاریگەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە تورکیا بشکێنێت و پووچەڵی بکاتەوە، چونکە ئێرانیش دەیخواست شۆڕشی ئیسلامی لە تورکیادا پێشبخات. رێکخستنەکانی سەر بە ئێرانیش لەنێو تورکیادا هەبوون، هەم ئەو رێکخستنانەی ئێران پووچەڵ بکاتەوە و هەمیش بەم ناوە گورز لەتەڤگەر و گەلی کورد بوەشێنێت و هیچ بەرپرسیارێتییەکیشی نەکەوێتە ئەستۆ. تاکتیکێکی بەمجۆرەی بەڕێوە دەبرد، هەڵبەتە هەرخۆیان کۆمەڵکوژییەکانیان ئەنجام دەدا، هەم بەئاشکرا و هەمیش بە نهێنی.

تورکیا لەم تاکتیکەی خۆیدا و لەکرداری "بکەری نادیار"دا هەم رێکخستەبوونی خۆی تۆکمەیە و هەمیش پراکتیکی خۆی بەهێزە، بۆیە لەم رووەوە ئەزموونێکی گەورەی هەیە، زۆر شت دەکات و کەسیش نازانێت کێ دەیکات و چۆن ئەنجام دەدرێت؟ هیچ شوێن پەنجەیەکی لەسەر تاوانەکە نامێنێت. لەم رووەوە رێکخراوێکی "کۆنترا گەریلا"ی نهێنییان هەیە، ئەو رێکخراوە هەموو ئەو تاوانانە ئۆرگانیزە دەکات و بە چەندین ناوی جیاوازەوە ئەو تاوانانەش ئەنجام دەدات. ئامانجی ئەوەیە کە رێ لەپێش تەڤگەر بگرن و گورزی لێبوەشێنن. بۆیە لەو قۆناخەدا ئەو تاوانانەیان پەرەپێدەدا.

کاتێك کە سەرۆك بینی وا پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی لەدژی تەڤگەری (PKK) دادەڕێژرێت. چونکە لەشەڕی خیانەتی (١٩٩٢)دا ئەو راستییە ئاشکرابببوو. نەك تەنیا

هێرش و پەلاماری دەوڵەتی تورکیا لەسەر تەڤگەر هەبوو، بەڵکو ناتۆ (NATO) و هێزی نێودەوڵەتیشی خستبووە نێو جموجۆڵەوە و موداخەلەی کردبوو، وادیاریش بوو کە موداخەلەکە بەهێزتر و پەرەسەندووتریش بکەن. ئەمەش مەترسیدار بوو. سەرۆك بینی کە ئەگەر بەو شێوەیە تەڤگەر بەردەوام ببێت ئەوا گورزی بەردەکەوێت، بۆیە سەرۆك خواستی گۆڕانکارییەك لە تاکتیکدا بکات. واتا بۆ ئەوەی ڕێگیری لە مەترسییەکان بکات و تەڤگەر نەکەوێتە نێو تەنگەتاوییەوە، ئەمە لەلایەك. لەلایەکی دیکەشەوە؛ تا ئەو کاتە ئێمە کێشەی کوردمان لەهەموو ڕوویێکەوە دەرخستبووە ڕوو و کێشەکە بۆ چارەسەری پێگەیشتبوو، بۆ ئەوەی کێشەی کورد بکەوێتە سەر ڕاستەڕێی سیاسی و چارەسەر ببێت، دۆخ و توانستی ئەمە دروستببوو. بۆیە سەرۆك خواستی ئیدی تەڤگەر بخاتە سەر ڕێی سیاسیش، تاکو بەمەش ڕێگەی دیالۆگ و چارەسەری بکاتەوە. ئیدی لەم پێناوەدا لەساڵی (١٩٩٣)دا ئاگربەستی خستە ڕۆژەڤەوە. بێگومان لەناو دەوڵەتیشدا هەندێك دەوروبەر دەیانخواست ئاگربەستێك بکرێت، ئەو داخوازییەیان بەرێگەی "جەلال تاڵەبانی" گەیاندبووە سەرۆك. سەرۆکیش بینی کە هەندێك داخوازی بەمجۆرەش هەیە، کێشەکەش دەرکەوتۆتەڕوو و پێگەیشتووە، بۆ ئەوەی بکەوێتە سەرڕێی چارەسەری ڕەوشەکە گونجاوە. هەروەها هێرش و پەلاماری پڕ چڕوپڕ و مەترسیداریش لەئارادایە، بۆ ئەوەی ئەمەش پووچەڵ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی شەڕ دژوارتر نەبێت و تەڤگەریش بکەوێتە سەرڕێی چارەسەری سیاسییانەوە، ئەوا لەساڵی (١٩٩٣)دا ئاگربەستی خستە ڕۆژەڤەوە. بەمەش خواستی ئیدی کێشەی کورد بەرێی سیاسی چارەسەر بکات...

با چەکەکان بێدەنگ بن...!!

لەو قۆناخەی کەوا ئاگربەستی یەکلایەنە رادەگەیەنرێت "تۆرگوت ئۆزال" ی سەرۆك کۆمار کە لایەنگری ئاگربەستەکە بوو بەشێوەیەکی پڕ گوماناوی دەمرێت، یان بڵێین دەکوژرێت. لەلایەکی دیکەشەوە زۆر گێرەشێوێنی (پراواکسیۆن)یش هەم لەنێو ریزەکانی گەریلادا و هەمیش لەنێو ریزی دەوڵەتدا روودەدات. بەڵام وەك دیار دەبێت ئەو مردنە گوماناوییەی "ئۆزال" و ئەو کارە گێرەشێوێنییانە پەیوەندییان بەدۆخی ئاگربەستەکەوە هەیە. ئیدی وەك بڵێی ئاگربەستەکە بەکرداری تێکدەچێت، کەواتە تێکچوونی دۆخی ئاگربەستەکە لەبەرژەوەندی کێدا بوو؟ بۆچی یەکەمین ئەزموونی ئاگربەست دەگاتە ئەو ئاکامە؟ لەرەوشێکی وەهادا خودی ئاگربەست بەچ واتایەك دێت؟

بێگومان لە تورکیادا "تۆرگوت ئۆزال" لەهەموو کەسێك زیاتر لەدژی ئێمە شەڕی کردبوو. کاتێك کە سەرۆك وەزیرانیش بوو لەهەموو لایەکەوە پەلامار و هێرشی دەهێنایە سەر تەفگەرەکەمان و خواستی گورزێك لەتەفگەر بدات. بەڵام بینی کە بە سەربازی ناتوانێت ئەنجام بەدەستبخات. واتا چەندە شەڕیش مەزن دەکەن، بەڵام ئەنجام ناگرن، ئەو شەڕە تادێت بۆ تورکیا گران و دژوارتر دەبێت و رۆژ بەرۆژ تورکیا وێران

دەکات، بۆیە کاتێك کە بووە سەرۆك کۆماریش خواستی هەڵوێستێکی نوێ بۆ کێشەی کورد پێشبخات.

"تۆرگۆت ئۆزال" ئەو راستییەی بینیبوو کە؛" لەمێژوودا نکۆڵی لە کورد کراوە و لەناوبردراوە، کورد رابووە سەرهەڵدانی بەرپا کردووە و گورزی بەرکەوتووە و شکاوە و دیسان سەریهەڵداوەتەوە و بەمشێوەیە هاتووە، واتا نە کورد سەرکەوتنی بەدەستهێناوە نە دەوڵەتی تورکیاش بەتەواوی تەسفیەی کردووون و ئەنجامگیر بووە..." ئۆزال لەوە تێگەیشت کە بەمشێوەیە ئەو کێشەیە چارەسەر نابێت، تادێت ئەو کێشەیە بۆ تورکیا وێرانکاری مەزنتر دێنێت. بۆیە دەیخواست مامەڵەیەکی نوێ پێشبخات. بۆ نموونە؛ دەیگووت:"با کێشەی کورد گفتوگۆی لەسەر بکرێت، تەنانەت با لەسەر فیدراسیۆن (فیدرالی)یش گفتوگۆ بکرێت" ئەمە لە تورکیادا لەرووی فەرمییەوە یەکەمجار بوو گوزارشتی لێدەکرا. تا دەگاتە "ئۆزال" هیچ کەس و دەزگایەکی نێو دەوڵەت نەیدەگووت:" کێشەی کورد هەیە" کەس نەیدەگووت:"با ئەو کێشەیە چارەسەر ببێت، با گفتوگۆی لەسەر بکرێت". یەکەمجار "ئۆزال" گووتی:" ئەو کێشەیە هەیە، با گفتوگۆیشی لەسەر بکرێت، تەنانەت با لەسەر فیدرالیزمیش گفتوگۆ بکەین" ئەمەش مامەڵەیەکی نوێ بوو. "ئۆزال" لەلایەکەوە؛ دەیخواست ئەو گفتوگۆیە بخاتە ناو تورکیا و ناو سیاسەت و دەزگاکانی دەوڵەتەوە، بۆ ئەوەی بزانێت کاردانەوەی چیدەبێت؟ دەیخواست لەمەش تێبگات.

لەلایەکی دیکەشەوە، پەیوەندی خۆی لەگەڵ هێزەکانی باشووری کوردستانیش پێشخستبوو، ئەوەبوو خواستیان بەهاوکاری (پ د ک ی ن ك) گورزێك لە (PKK)ش بدەن، دیسان نەیانتوانی تەسفیەی بکەن. واتا بینیان ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بکات ئەوا ناتوانن ئەنجام بگرن. بۆیە "تۆرگۆت ئۆزال" نزیکبوونەوەیەکی نوێی پێشخست، بۆئەمەش بەرێگەی "جەلال تاڵەبانی" و هەندێك رۆژنامەوانەوە هەواڵی بۆ سەرۆك نارد کە "ئەگەر ئاگربەستێك بکرێت ئەوا ئێمە دەکرێ بتوانین رێی دیالۆگ بکەینەوە" گووتبووی:" ئەگەر ئاگربەستێك بکرێت ئەوا منیش هەندێك هەنگاو دەهاوێژم" تەنانەت گووتبووی:" من هەندێك لەژەنراڵەکانم قەناعەت پێهێناوە و دەتوانم

قەناعەتیش بەوان بهێنم" "ئەشرەف بدلیسی"ش لەگەڵ "تۆرگۆت ئۆزال" جموجۆڵیان دەکرد. لەبنچینەدا ئەو سیاسەتە لەلایەن "تۆرگۆت ئۆزال"ەوە لە تورکیادا پێشخرا.

بێگومان سەرۆکیش وەڵامی ئەوەی دایەوە. وەکو گووتم؛ ئامانجی ئێمە ئەوە بوو بەشەڕ کێشەی کورد دەربخەینەڕوو و بیناسێنین و بەهەر کەسێك بەپەسندکردنی بدەین. ئەمەش ئارادەیەك بەدیهاتبوو. واتا ئەوەی پێویستبوو بەشەڕ بکرابایە کرا، ئیدی پێویستبوو کێشەکە بکەوتبایە سەر راستەڕێی سیاسی و چارەسەر ببایە، ئێمەش لەنێو لێگەڕین و لێکۆڵینەوەی وەهادا بووین، کاتێك کە "تۆرگوت ئۆزال" بەرێگەی "جەلال تاڵەبانی" و هەندێك لە رۆژنامەوانانەوە ئەو هەواڵەی نارد، سەرۆکیش لەسەر ئەو بنەمایە ئاگربەستی پێشخست، بۆ ئەوەی رێی دیالۆگ و سیاسەت و دیموکراسیەتبکرێتەوە و کێشەکە بکەوێتە سەر رێی چارەسەری.

بێگومان لەنێو دەوڵەتدا ئەوانەی لەدژی ئەو سیاسەتەی "ئۆزال" بوون بەهێز بوون. واتا ئەوانەی دەیانخواست رێی دیالۆگ بکەنەوە لاواز و کەم بوون. ئەوانەی سیاسەتی نکوڵی و قڕکردنیان بەبنچینە وەردەگرت، بەهێزتر و باڵادەستتریش بوون. لەهەلومەرجێکی بەمجۆرەدا ئاگربەست راگەیەنرا، بۆیەش ئەوانەی سیاسەتی نکوڵی و قڕکردنیان بەبنچینە وەردەگرت هەوڵیان دەدا ئاگربەستەکە تێك بدەن.

لەناو ئێمەشدا "شەمدین ساکیك" پەیوەندی لەگەڵ ئەوانەدا هەبوو. بێگومان ئێمە ئەمانزانی بوو. ئەوانە پێکەوە هەوڵیاندا بۆ ئەوەی ئەو ئاگربەستە تێك بدەن. ئیدی کەسێکی نێو "کۆنترا گەریلا" هەیە نازناوی پەشیل (مەحموود یلدرم)ە . لەنێو دەوڵەتدا ئەو کەسە و لەنێو ئێمەشدا "شەمدین ساکیك" پێکەوە هەوڵیان دەدا، کە چۆن ئەو دۆخی ئاگربەستە تێك بدەن؟ هەڵبەتە لەلایەکەوە ئەوانەی سیاسەتی نکوڵی و قڕکردنیان بەبناخە وەردەگرت ئۆپەراسیۆنەکانیان دژ بەگەریلا بەردەوام دەکرد. واتا دەیانخواست ئێمە بوروژێنن (تحریض) و کاردانەوە نیشان بدەین، بۆ ئەوەی ئاگربەستەکە کۆتایی پێبێت. لەلایەکی دیکەشەوە؛ وادیارە راوەستەیان لەسەر "تۆرگۆت ئۆزال" و "ئەشرەف بدلیسی" کردووە کە چۆن بتوانن ئەوانە لەناوببەن!! ئامادەکارییان بۆ ئەو هەنگاوانەش کردووە.

ئیدی لەو کاتەدا لەشاری "بینگۆل" کە سی و سێ سەرباز بەمۆڵەت دەگەڕێنەوە، "یەشیل" و "شەمدین ساکیك" پێکەوە ئەو پیلانە دادەڕێژن "یەشیل" بە "شەمدین ساکیك" رادەگەیەنێت "شەمدین ساکیك"یش دەچێت و ڕێیان پێدەگرێت و ئەو سەربازانە دەکوژێت. کاتێك کە ئەو کارە گێرەشێوێنی (پراواکسیۆن)ە ئەنجام درا، ئیدی ئاگربەستەکە تێکچوو. ئەگەر تێکیشچوو لەناو ئێمەدا "شەمدین ساکیك" و لەدەرەوەی ئێمەشدا ئەو کەسەی بەناوی دەوڵەتەوە جموجۆڵی کردووە یەشیل تاوانبارن و رۆڵێکی مەترسیداریان بینی.

ئیدی دیسان قۆناخی شەڕ دەستی پێکردەوە. واتا ئەو قۆناخە شێوێنرا و پووچەڵکرایەوە. "شەمدین ساکیك" وا زانیاریی بەئێمە دابوو کە گوایە سوپای دەوڵەتی تورکیا ئۆپەراسیۆنی دەستپێکردووە، لەئاکامدا شەڕ دەرکەوتووە و لەشەڕدا ئەو سەربازانە کوژراون. "شەمدین" زانیاری هەڵەی بەئێمە دابوو.

هەڵبەتە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك ئینجا لەسەر ئەو مەسەلەیە راوەستەمان کرد، کە ڕووداوەکە چۆن بووە و چۆن نەبووە. ئەو کاتە گووتمان:" تا ئێمە لەراستی مەسەلەکە تێنەگەین لەم بارەیەوە هیچ بەیاننامە و لێدوانێك نادەین" پاشان کە بینیمان هیچ شەڕێك لەوێ ڕووینەداوە، بەڵکو ئەو سەربازانە بەمۆڵەت دەگەڕێنەوە و بەبێ چەك سواری ترومبێل بوونە و "یەشیل" و ئەوانیش زانیارییان بە "شەمدین"داوە. هەڵبەتە پێکەوە ئەو پیلانەیان دارشتووە، وەك بڵێی ئەو پیلانە پێك بێت و ئەو قۆناخە تێکبدرێت، لەناو دەوڵەتدا ئەوانەی نکۆڵی و فرکردن بەبنەما وەردەگرن ئەو دۆخە گێرەشێوێنییەیان ئامادەکردووە. واتا بە ئەنقەست سەربازی بێ چەکیان خستووەتە نێو ترومبێلەوە و زانیارییشیان بە "شەمدین"داوە، "شەمدین"و ئەوانیش چوونە و پێش ئەوانیان گرتووە، بۆسەیان داناوەتەوە و هەموویان لەترومبێل داگرتووە و بردوویانن و کوشتوویانن. ڕووداوەکە بەمجۆرەیە.

ئیدی تا ئێمە لەراستییەکان تێگەیشتین، قۆناخەکە شێوێنرابوو و پراواکە کرابوو. هەڵبەتە دەوڵەت لەهەموو لایەکەوە کەوتبووە نێو هێرشێکی مەزنەوە. بەمجۆرە ئەو قۆناخە تێکچوو. بێگومان ئەوانەی نکۆڵی و فرکردنیان بەبنەما وەردەگرت "تۆرگۆت ئۆزال" و "ئەشرەف بدلیسی" و ئەوانەشیان هەموو تەسفیە کرد، ئەمان تۆڵەی خۆیان

لەوان کردەوە. چونکە ئەمە بەخیانەت تێدەگەیشتن، ئەو نزیکبوونەوە و خەتەی "تۆرگۆت" و ئەوان پێشیاندەخست بەخیانەتیان دەزانی و لەم چوارچێوەیەدا مامەڵەیان لەگەڵدا کردن. بۆیە ئەوانیان تەواو تەسفیە کرد...

لەگەڵ بەرزبوونەوەی تێکۆشانی تەڤگەری (PKK)، بەتایبەتی تێکۆشانی چەکداری؛ گەلی کورد لەباکووری کوردستان و تورکیادا دەرفەتی خەباتی سیاسی بۆ دەرەخسێت و دەگاتە ئیرادەیەکی سیاسی سەربەخۆ، تەنانەت لەڤۆناخی پارتی رەنجی گەل (HEP)دا کورد دەبنە پەرلەمانتاریش، بەڵام وەکو دیاریش دەبێت ئاتمۆسفێرێکی ئەوتۆ لەئارادا نییە کە کوردان وەك نوێنەرایەتی لە پەرلەمان دابقورتێنێت، ئەو سەرەتایە چۆن هەڵدەسەنگێنرێت، لەکاتێکدا کورد دەکەونە پەرلەمانەوە بەڵام پاشان دەستگیریش دەکرێن...؟!!

ئەو کاتە وەك چۆن تەڤگەر ئەزموونێکی ئاگربەستی نەبوو، بەهەمان شێوە ئەزموونێکی پەرلەمانیشی نەبوو، تازە لەنێو ئەو ئەزموونەدا دەژیا. بێگومان ئەو نزیکبوون و سیاسەتە فەرمییەی دەوڵەتی تورکیا کاریگەری خۆی لەسەر ئێمەش هەبوو، ئێمەش نەماندەتوانی هەروا زووبەزووی باوەڕ بەدەوڵەتی تورکیا بکەین، چونکە لەمێژوودا هەمیشە کوردان هەنگاویان هاوێشتووە و نیازێکی باشیان نیشانداوە، کەچی لەهەمووشیاندا زەبری بەرکەوتووە. ئەگەر مرۆڤ لەمێژوو بڕوانێت دەتوانێت ئەم راستییە ببینێت. ئەم بڕوایە لەلای کوردان و لەلای ئێمەش دروستببوو کە؛ مرۆڤ ناتوانێت زووبەزووی باوەڕ بە تورکیا بکات. بۆچی؟ چونکە وەك دەڵێن؛ لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا فێڵ و لەپستۆك زۆرن، لە دەوڵەتی تورکیاشدا بەهەمان شێوە

فێڵ و پیلانگێڕی زۆر زۆرن، ئەمەش ڕاستە. تەنانەت بۆ دەسەڵات بڕا بڕای خۆی کوشتووە، مێژوویێکی بەمجۆرە هەیە. هەر بۆیەش ئێمە نەمانـدەتوانی زووبەزوو باوەڕ بەتورکیا بکەین، تەنانەت نەماندەتوانی هەروا باوەڕ بە هەڵوێست و نزیکبوونەوەکەی "تۆرگۆت ئۆزال"یش بکەین، هەرچەندە ئەو هەنگاوەی ئاگربەستیشمان هاوێشت، لە مەسەلەی (HEP) دا ئەو هەنگاوەمان هاوێشت بۆ پەرلەمان، هەمیشە بەتەدبیرەوە هەنگاومان دەهاوێشت. تۆبڵێی کۆتاییەکەی چۆن بێت؟ داخوا چ بەسەر ئێمەدا دێت؟ هەمیشە بیرمان لەو مەسەلانە دەکردەوە. ئێمە ناحەق نەبووین. چونکە لەمێژوودا هەمیشە کوردان هەر ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ تورکان کردووە، ئەم ڕێککەوتنە لەئاکامدا لەدژی کوردان بەکارهێنراوە. نەك هەر ئاگربەست یان ئاشتی بەدینەهاتووە، تەنانەت ئاکامەکەی بەپیلانگێڕی و کۆمەڵکوژی تەواو بووە. هەربۆیە ئەمەش کاریگەری لەسەر ئێمە هەبوو. هەرچەندە ئێمە ئاگربەستمان ڕاگەیاندبوو، دەمانگووت:" تۆ بڵێی بەڕاستی دەوڵەتی تورکیا ئەمە پەسند بکات؟ تا چەند مەسەلەی کورد پەسند دەکات و تا چەند دەخوازن ڕێی دیالۆگ بکەنەوە؟" ئێمە بەتەواوی باوەڕیمان پێی نەبوو. ئێمە دەمانگووت:" ئەوانە دەخوازن کات قازانج بکەن و ئێمە خاوبکەنەوە و گورزمان لێبوەشێنن". چونکە ئێمە گووتبوومان پێویستە ئۆپەراسیۆنەکان ڕابوەستن، ئۆپەراسیۆنەکانیش ڕانەدەوەستان. ئێمەش دەمانگووت:"داخوا ئەوانە بەم ئاگربەستە ئێمە دەخەنە نێو تەڵەیەکەوە و گورزمان لێبدەن؟ ئەمە وایدەکرد کە ئێمەش زێدە پێداگری لەسەر ئاگربەست نەکەین. ئەمە کەشوهەوا و ئاتمۆسفێرێکی وەهای دروستدەکرد.

بێگومان ئەمە پاشان دەرکەوت کە کێماسی ئێمەیە. ڕاستە کە ڕاستینەی دەوڵەتی تورکیا وەهایە، لەنزیکبوونەوەکانی خۆیشیدا هەمیشە پیلانگێڕی بەبنچینە وەردەگرت، بەڵام ئەگەر وەهاش بێت، دیسان پێویستە ئێمە بەتەدبیر نزیك ببینەوە، بەڵام لەرووی ئاگربەستیشەوە پێویستبوو ئێمە زیاتر پێداگریمان بکردبایە، ئێمە کە بینیمان ئەوانە زێدە ڕێز لەئاگربەستەکە ناگرن و دەخوازن ئاگربەستەکە پێشێل بکەن، ئێمەش زێدە پێداگریمان لەسەر نەکرد. بێگومان ئەوە خەتای ئێمە بوو، پێویستبوو کە ئێمە پێداگریمان بکردبایە. کەچی ئەگەر ئێمە ئەو کاتە پێداگریمان بکردبایە ئەوا لەوانەبوو

هەندێك هەنگاو بۆ دیالۆگ پێشكەوتبایە، لەوانەیە رەوشەكە وەكو پاشان پەرەیسەند بەو شێوەیە پەرەی نەسەندبایە، ئیدی ئەمە لەبێ ئەزموونی ئێمەوە سەرچاوەی گرتبوو.

لەمەسەلەی پەرلەمانتارەكانیشدا وەهابوو، بۆ نموونە؛ بۆ یەكەمجار گروپێكمان خستە نێو پەرلەمانەوە، گروپێكی بەهێز بوو. بێگومان دەوڵەت دەیخواست بەرێگەی **پارتی گەلی سۆسیالیست** (SHP) ئەو هەنگاوەی ئێمە پووچەڵ بكاتەوە، واتا رێكخستنی پارتی رەنجی گەل (HEP) بەرێگەی (SHP) وە بیخاتە ژێر كۆنترۆڵی خۆیەوە و دەوڵەت بتوانێت كەناڵیزەی بكات و بەدەوڵەتەوە پەیوەستی بكات و بەمشێوەیە پووچەڵی بكاتەوە. چونكە ئەو هەنگاوە گرنگ بوو. واتا هەم هەنگاوی گەریلا و هەم هەنگاوی سیاسی یەكدیان تەواو دەكرد. تەڤگەری دەكردە تەڤگەرێكی سیاسی و كێشەی كوردی لەهەموو رووێكەوە دەردەخستە روو و چارەسەری دەهێنایە پێشەوە، ئەگەر ئەو هەنگاوە پووچەڵ بكرێتەوە تەنیا بەهەنگاوی گەریلا ناتوانرێت چارەسەری پێشبخەین. دەوڵەت ئەمەی دەزانی، وەك چۆن دەیخواست ئاگربەستەكە پووچەڵ بكاتەوە. واتا لەهەردوو لاوە كاری دەكرد، تا هەردوو هەنگاوەكە بێكاریگەر بكات. ئیدی لەبەر ئەوەی ئەزموونی ئێمە زێدە نەبوو، ئێمە نەمانتوانی هەوڵدانەكەی ئەوان پووچەڵ بكەینەوە. لێرەدا ئێمە كەوتینە خەتاوە و ئەوان سەركەوتن. واتا ئەو هەنگاوەی هەم لەرووی گەریلاوە هەمیش لەرووی سیاسییەوە هاوێشتمان دەیانخواست تێكیبدەن، خراپیشیان كرد. نەك لەبەر ئەوەی ئەوان پڕ زیرەك بوون، راستە ئەزموونی بەهێزیان لەمبارەیەوە هەبوو و توانستی خۆشیان زۆربوو، بەڵام ئێمەش بێ ئەزموونیمان هەبوو و سوودیان لەمەدا بینی و بۆیە ئەو هەنگاوانەیان تێكدا و سەركەوتن.

دوای تەواوبوونی شەڕی (١٩٩٢) نزیكەی هەزار و چوارسەد گەریلا دەنێردرێتە كامپی زەڵێ. وەك بڵێی لە زەڵێ سیاسەتێك بۆ توانەوەی كادیران بەڕێوە دەچێت، ئەوەی ئەو كاتە (١٩٩٢ ـ ١٩٩٤) لەوێ دەبینرا شتێكی جودا لە ژیان و پێوانەی شۆڕشگێڕێتی بوو. ئەمە

سیاسەتێکی بۆدارێژراو بوو یان رەنگدانەوەی دۆخی دوای شەڕی (١٩٩٢) بوو؟ چونکە زۆربەیان لەنێو شکستێکدا دەژیان و جۆرە بێئومێدی و دەست لەبەرخۆدانێك دیاربوو و رەنگدانەوەی خۆی لەسەر سایکۆلۆژیای کادیرانیشدا هەبوو؟ ئەمە چۆن شرۆڤە دەکرێت؟ چونکە دوای ئەوەی موداخەلەی رێکخستن و تەڤگەر لەسەر رەوشی ئەو کامپە دێتەئاراوە، زۆر فشار و هێرشی ئاسمانی زۆر چڕوپڕ لەسەر ئەو کامپە دەکرێت...

بێگومان لەو کامپەدا شتی بەئەنقەست و دارێژراو بەڕێوە دەبرا، کە "فەرهاد" بەئەنقەست پەرەیپێدەدا. چونکە خۆی لەدژی سەرۆك و خەتی سەرۆك بوو. بۆیە دەیخواست خەتێکی دیکە لەوێ پێشبخات، دەیخواست ئەو کادیرانە لەخەتی تەڤگەر دەربخات و بیانکاتە کادیری شەخسی خۆی. لەوێ خەتێکی دیکە بەو کادیرانە پێشبخات و بەمەش لەنێو هەموو پارتیدا زاڵی بکات و پارتی بەتەواوی بخاتە سەر ئەو خەتەوە. "فەرهاد" هەوڵدانێکی بەئەنقەست و بۆدارێژراوی لەوێ بەڕێوە دەبرد، شەڕێکی بەمجۆرەی لەدژی خەتی سەرۆك پێشدەخست. زێدەتریش سوودی لەچیدا دەبینی؟ ئەو کاتە شەڕێکی مەزن روویدابوو، تەنانەت تا ئەو شەڕە تەڤگەر گورزی بەرنەکەوتبوو. بێگومان لەو شەڕەدا ئەوەی کادیران مەزنەدەیان نەدەکرد رووبەڕوویان بووەوە. رێککەوتن، خیانەت و تەسلیمبوون روویدا، لەوێوە رەوانەی "زەڵێ" کرابوون، ئەو کادیرانە هەم لەنێو شەڕێکی مەزندا دەرکەوتبوون، هەمیش لەسنووری باکووری کوردستان دوور کەوتبوونەوە، شوێنێکە هیچ نایناسێت. ئەو رەفتار و هەڵسوکەوتانەی (پ د ك ــ ی ن ك) لەگەڵیاندا کردبوویان بەچاوی خۆیان بینیان، بێگومان لەم رووەوە بەهەژانێکدا تێپەڕیبوون، لەهەندێکیاندا ئیرادە شکابوو، لەهەندێکی تریان لەوانەیە ئیرادەیان نەشکا بووبێت، بەڵام دوودڵییەك دروستببوو. واتا بۆچی هاتوونەتە "زەڵێ" و لەوێ چیبکەن و کۆتاییەکەی چیدەبێت؟ بۆیە دوودڵییەك لەئارادا بوو، شکانێك هەبوو.

ئیدی "فەرهاد" دەیخواست لەو دۆخەی کادیراندا چەمکی خۆی پێشبخات. لەمەشدا سوودی وەرگرت.

بۆیە لەوێ ژیانێکی شەخسی پێشخست، خیتابی سۆزی ئەوانی دەکرد، داخوازییە شەخسییەکانی ئەوانی پێکدەهێنا و توانستی تەفگەری بۆ ئەمە خەرجکرد. بەمەش خواستی ژیانێکی جودا لەژیانی شۆڕشگێڕێتی لەوێ پەرە پێبدات، کەسێتییەکی جودا لەوێ دروست بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو کادیرانە بەتەواوی لە پارتی دووربخاتەوە و ڕێکخستەیەکی دیکە لەناو تەفگەردا پێشبخات، بەمەش پارتی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. بۆیە لە "زەڵێ"دا پەرشوبلاوییەك لەکادیراندا پەرەیسەند، چەمك و لێگەڕینی جودا جودای دەرەوەی تەفگەر دەرکەوتن.

بۆ نموونە؛ لەهەندێکیاندا نە باوەڕی بەتەفگەر و نە بەخودی خۆیشیان نەما بوو، لەهەندێکی تریشدا لەوانەیە باوەڕیان بەتەفگەر مابووبێت، بەڵام دوودڵیش هەبوو لەوەی کەوا داخوا کۆتایی ئەوان چیدەبێت؟ واتا هاتوونەتە زەڵێ کە وەك نیمچە زیندانێك وایە، داخوا لەوێدا دەردەکەون یان دەرناکەون؟ چۆن دەربکەون و چیبکەن؟ نەیاندەزانی. بۆیە لەنێو بێ باوەڕی و دوودڵیدا دەژیان. بێگومان کادیرانی پەیوەست بەتەفگەریش هەبوون. واتا ئەو هەڤاڵانە لەدژی ئەو چەمك و شێوە ژیانەی کەوا "فەرهاد" پەرەی پێدەدات رادەوەستان، بەڵام "فەرهاد" خۆی زاڵکردبوو، بۆیە لە زەڵێ زۆر تەخریبات و لادان لەو کادیرانەدا روویدا، "فەرهاد" دەیخواست ئەمە لەنێو تەواوی پارتیدا تەشەنە پێبکات، بۆ ئەوەی لەنێو تەواوی پارتیشدا تەشەنەی پێبکات، پێویستە ئەمە سەرەتا لە "زەڵێ"دا پێشبخات و ئەنجامگیر ببێت و بەم کادیرانەش لەنێو تەواوی پارتیدا بڵاوی بکاتەوە. بەمشێوەیە پارتی لەسەر خەتی سەرۆك لابدات و سەرۆك بێکاریگەر بکات و لەسەر خەتێکی دیکە پارتی بخاتە دەستی خۆیەوە. "فەرهاد" لەنێو هەوڵدانێکی بەمجۆرەدا بوو...

لە (١٩٩٤/٥/٢)دا لەنێوان (پ د ك ـ ی ن ك) دا شەڕ و پێکدادان دەستپێدەکات، هەروەها لەنێوان (ی ن ك) و بزووتنەوەی ئیسلامیش

شەڕ و پێکدادان روودەدات. بەدەستپێکردنی ئەو شەڕ و پێکدادانە باشووری کوردستان دەکەوێتە نێو رەوشێکی زۆر مەترسیدارەوە. لێرەدا بەگشتی ئەو شەڕ و پێکدادانانە کاریگەری لەسەر تێکۆشانی نەتەوەیی - دیموکراتی چیبوو؟ هەروەها هەڵویستی (PKK) لەبەرامبەر ئەو شەڕ و پێکدادانانە چیبوو؟ (PKK) ئەو رەوشەی چۆن شرۆڤە دەکرد و چ نزیکبوونەوەیەکی پێشدەخست..؟

کاتێك کە لەنێوان پارتەکانی باشووردا شەڕ بەرپا بوو، ئێمە ئەو شەڕەمان بەراست نەزانی. ئەو شەڕانە هەڵبوون، ئەمە دینامیکییەتی نەتەوەیی تێکدەشکاند و بە گەلی کوردی دەدۆڕاند، هەرچەندە ئەو شەڕانە لەباشوور روویدەدا، بەلاّم باشووریش پارچەیەکی کوردستانە، لەم بەشەشدا هەرچییەك روویدابایە کاریگەری خۆی لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دەکرد، کاریگەری خراپیشی دروستدەکرد و کاریگەری باشیشی دروستدەکرد. کاتێك ئەو پارتیانە لەناوخۆیاندا شەڕیان دەکرد؛ هەم دینامیکی نەتەوەیی خراپ دەبوو، هەمیش کاریگەری خراپی لەسەر گەل لەهەموو بەشەکاندا دروستدەکرد، باوەڕی گەل دەشکا، بۆیە کاریگەری خراپی هەبوو.

ئێمە ئەو شەڕەمان بەدەرفەتێك و هەلێك بۆ خۆمان نەزانی، ئێمە نەماندەگووت:" ئەو پارتیانە پێشتر لەدژی ئێمە رێککەوتبوون و لەگەڵ تورکیا پێکەوە هاتوونەتە سەر ئێمە و گورزێکی مەزنیان لەئێمە داوە، ئێستاش لەگەڵ یەکتردا شەڕدەکەن و با ئێمەش لەمە سوودمەند ببین" ئێمە وەها نزیك نەبووینەوە و هیچ کاتێك هەڵوێستی وەهامان بەراست نەزانی. ئەوەمان نە لە بەرژەوەندی (PKK)دا بینی و نە لە بەرژەوەندی گەلی کورددا بینی. چونکە چەمکی ئێمە لەدژی ئەمە بوو، پێویستبوو دینامیکییەتی گەلی کورد وەها تێکنەشکێنرا بایە، هەڵبەتە دووژمن هەوڵ دەدات ئەو دینامیکییەتە تێك بشکێنێت، ئەگەر ئێمە خۆشمان هەوڵماندا تێکی بشکێنین ئەوا بۆ کوردان مەرگهێن و مەرگەساتە. ئەرکی ئێمە ئەوە نییە دینامیکییەتی کوردان تێك بشکێنین، بەڵکو

پێویستە ئەو دینامیکییەتە دەربخەینەڕوو و بەهێزی بکەین. ئەمە بوو ئەرکی سەرەکی ئێمە، بۆیە ئێمە لەدژی ئەو شەڕە راوەستاین و هیچ کاتێك نەبووینە لایەنێکی ئەو شەڕە.

بۆ نموونە؛ سەرەتا شەڕی نێوان (ی ن ك) و بزووتنەوەی ئیسلامی بەرپابوو، ئێمە نە هاوکاری بزووتنەوە و نە هاوکاری (ی ن ك)شمان کرد، واتا ئێمە نەبووینە تەرەف و لایەنگری هیچ لایەکیان، ئێمە نەبووینە لایەنگری (ی ن ك) لەدژی بزوتنەوەی ئیسلامی یان نەبووینە لایەنگری بزوتنەوەی ئیسلامی لەدژی (ی ن ك). کێ تەنگەتاو دەبوو دەهاتە لای ئێمە، ئێمەش ئەوانمان دەپاراست و لەم رووەوە هاوکاریمان دەکرد. بۆ نموونە کاتێك ئیسلامییەکان "قەلادزێ"یان خستە دەستی خۆیانەوە، (ی ن ك)ییەکان تەنگەتاو بوون و هاتنە لای ئێمە و ئێمە ئەوانمان پاراست، ئەگەر وا نەبووایە ئیسلامییەکان ئەوانیان بگرتبایە دەیانکوشتن، ئێمە ئەوانمان پاراست. پاشان (ی ن ك) هێرشی بۆ سەر ئیسلامییەکان برد، هەندێك لە ئیسلامییەکانیش تەنگەتاو بوون و هاتنە لای ئێمە، ئێمە ئەوانیشمان پاراست، واتا نزیکبوونەوەی ئێمە لەسەر ئەو بنچینەیە بوو. بۆ نموونە؛ پاشان کاتێك کە لەنێوان (ی ن ك) و (پ د ك) شەڕ بەرپا بوو. لەو شەڕەشدا ئێمە نەبووینە لایەنگیر. بۆ نموونە؛ لەناوچەی بادینان (ی ن ك)ییەکان لاواز بوون و نەیاندەتوانی خۆیان بپاراستبایە، ئێمە خاوەنداریێتیمان لەوان کرد، زۆر کەسی (ی ن ك)یی هاتنە لای ئێمە و ئێمەش پاراستمانن و پێداویستییەکانی ئەوانمان پێکهێنا، تەنانەت خواستیان کە بچنە سلێمانی ئێمە هاوکاری ئەوانمان کرد و ئەوانمان گەیاندە سلێمانی. هەر بۆنموونە؛ (پ د ك) وا تێگەیشت کە ئێمە تەرەفگیری (ی ن ك) دەبین، ئێمە هیچ کاتێك لەو شەڕانەدا لایەنگیر و تەرەفگیری (ی ن ك) نەبووین. ئێمەش لەگەڵ (پ د ك) پەیوەندیمان بەست و گووتمان:" ئێمە لەو شەڕانەدا لایەنگیر نین، نە لەگەڵ ئێوە و نە لەگەڵ (ی ن ك)، ئێمە ئەو شەڕە بەڕاست نازانین". تەنانەت ئەو کاتە (پ د ك) زۆر مەمنوونیش بوو، مەزەندەی هەڵوێستێکی بەمجۆرەیان لە ئێمە نەدەکرد. تەنانەت بەگوێرەی رێککەوتنەکەی دوای شەڕی (١٩٩٢) دەبووایە دەستبەسەر چەکەکانی هەڤالان نەگرن، کەچی دەستیان بەسەر چەکی هەڤالانیشدا گرتبوو و نەیاندابوونەوە.

ئەو كاتە دوای ئەوەی زانیان كە تەرەفی (ی ن ك)مان نەگرتووە هەندێك لەو چەكانەیان داینەوە. واتا تا ئەو رادەیە لەهەڵوێستی ئێمە مەمنوون بوون.

ئەو شەڕانەمان بەراست نەدەزانی، هەوڵماندەدا كەوا ئەو شەڕانە رۆژێك زووتر رابوەستن، چیدی دینامیك و وزە و توانستی كورد تێك نەدرێت و بەفیڕۆ نەچێت و بەهەڵە بەكار نەهێنرێت. چونكە نەك تەنیا باشوور زەرەرمەند دەبوو، بەڵكو هەموو كوردستان زەرەرمەند دەبوو. ئیدی لەباشوور بۆ كوردان ستاتۆیەك دروستببوو، پەرلەمان و حكومەت دامەزرابوو، ئەمەش هیوایەكی دەبەخشی، ئەگەر كوردیش لەنێوان خۆیاندا شەڕ بكەن ئەوا پارچەبوونی زیاتر روودەدات، ئەمەش ئەو هیوا و ئاواتەی گەلی كوردی دەشكاند، كاریگەرییەكی خراپی دروست دەكرد، بۆیە ئێمە دەمانخواست رێ لەپێش ئەم شەڕە بگیردرێت، لەم پێناوەشدا هەوڵمان دەدا...

لەساڵی (١٩٩٥)دا پێنجەمین كۆنگرەی (PKK) سازدەدرێت خاڵی هەرە سەرنجڕاكێش لەو كۆنگرەیەدا ئەو شرۆڤە و شیكردنەوە فەلسەفی و ئایدیۆلۆژییە بوو كە سەرۆك بۆ ئەو كۆنگرەیە پێشیخست. پێنجەمین كۆنگرە لەمێژووی تەڤگەری (PKK)دا خاوەن چ شوێنگەیەكە؟ رۆژەڤی سەرەكی كۆنگرە چیبوو؟ ئەو مەیل و چەمكانەی لەنێو كۆنگرەدا دەركەوتنەپێش چیبوون؟ هەروەها بڕیار و راسپاردەی هەرە گرنگی ئەو كۆنگرەیە چیبوو؟ پێم وایە تا ئەو كاتە ئەمە دووەمین كۆنگرە بوو كە سەرۆك خۆی تێیدا ئامادە نەبوو...

سەرۆك لەكۆنگرەی چوارەم و پێنجەمیشدا نەیتوانی بەكرداری ئامادەی ئەو دوو كۆنگرەیە ببێت. بەڵام هەردوو كۆنگرەكەش سەرۆك ئامادەكاری بۆ كرد و لەسەر ئەو

ئامادەکارییانەش هەردوو کۆنگرە لەوڵات سازدران. هەرچەندە بەجەستە بەشداری لەو دوو کۆنگرەیە نەکرد، بەڵام لە ئامادەکردن و پێشخستن و ڕێکخستنی کۆنگرە و سەرخستنی کۆنگرەدا ڕەنجی سەرۆك تێیدا مەزن و سەرەکییە.

لێرەدا کاتێك کە کۆنگرەی پێنجەم کۆبۆوە، دەوڵەتی تورکیا هێرشێکی مەزنی بۆ سەر تەڤگەر و گەل پێشخستبوو، زۆر گوندی چۆڵ و وێرانی کردبوو و سووتاندبووی، زۆر کەسی وڵاتپارێزی بە چەندین شێوە و بیانووەوە کوشتبوو، قۆناخی بکەری نادیار زۆر پەرەیسەندبوو، هەروەها زۆر ئۆپەراسیۆنی مەزنی لەسەر گەریلا ئەنجام دابوو. لەسەر گەل زۆر شێوازی کوشتنی بەڕێوە بردبوو، بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان گەریلا و گەل، گەریلا و سەرهەڵدانەکان و شارەکان بپچڕێنن، بەمەش بتوانن گورز لە گەریلا بوەشێنن، بە کۆنسێپتێکی ئەوتۆ شەڕیان بەرفراوان کردبوو کە پێیاندەگووت؛ شەڕی سەرتاسەری (TOPYEKÜN SAVAŞ) تەواوی توانستی تورکیایان خستە خزمەتی شەڕەوە، بۆ ئەوەی گورز لەتەڤگەر بوەشێنن و ئەنجام بگرن. بۆیە شەڕ زۆر مەزن و دژوار بوو، دەوڵەتی تورکیا بێسنوور ئەشکەنجە، کوشتن، گرتن، تاڵانی، سووتان و کۆمەڵکوژییان بەڕێوە دەبرد، تەڤگەریش لەبەرامبەر ئەمە بەرگری لەخۆکردنی بەبنچینە وەرگرت، شەڕێکی بەرخۆدانی و خۆپاراستنی بەبناخە وەرگرت. ڕێك لەنێو قۆناخێکی بەمجۆرەدا پێنجەمین کۆنگرە سازدرا.

لەلایەکی تریشەوە؛ سیستەمی سۆڤییەت پەرشوبڵاو ببوو، سۆسیالیزمی بونیانراو (سۆسیالیزمی ڕیئال) بەتەواوی گورزی بەرکەوتبوو، ئیعتباری سۆسیالیزم داکەوتبوو و کەوتبووە ژێر پێیانەوە، ئیدی ڕەوشێکی نوێ لەجیهاندا هاتبووە ئاراوە، لەرەوشێکی وەهادا کۆنگرە سازدرا. سەرۆك دەیخواست هەندێك گۆڕانکاری ئەنجام بدات. هەندێك گۆڕانکاری خستبووە پێش کۆنگرەوە. چونکە دەیبینی ئەگەر کۆنگرە ئەو گۆڕانکارییانە لەناو تەڤگەردا نەکات، ئەوا تەڤگەر دەکەوێتە نێو کێشە و گرفتی مەزنەوە، دەکەوێتە نێو بنبەستبوونەوە، ئەگەر ئەو گۆڕانکارییانە ئەنجام بدرێن ئەوا تەڤگەر دەتوانێت نەکەوێتە نێو ئەو کێشە و گرفتانەوە، دەتوانێت لەسەر ئامانجەکانی خۆیشی پێشبکەوێت، بۆیە سەرۆك ئەو کۆنگرەیەی بە زۆر گرنگ دەزانی.

بێگومان لەو کۆنگرەیەدا هەندێك گۆڕانکاری ئەنجامـدرا، بـەڵام گۆڕانکاری شـکلی کـران، گۆڕانکـاری سـەرەکی ئـەنجام نـەدرا، واتـا ئـەو گۆڕانکارییانـەی کـە سـەرۆك لەبـەردەم کۆنگرەی دانابوو ئەنجام نەدرا. بۆچی؟ چونکە کۆنگرە بەتـەواوی لـەو گۆڕانکارییانـەی سەرۆك دەیخواست تێنەگەیشت، لەبەر ئـەوەی تێنەگەیـشتن گۆڕانکارییـەکانیش شـکلی و رووکەشـیانە بـوون. کەچی ئـەو گۆڕانکارییانـەی کـە سـەرۆك بـە کـۆنگرەی سپارد بـوو، گۆڕانکاری بنچینەیی بوون. هەڵبەتە سەرۆك بە ئاگربەسـتی (١٩٩٣) دەسـتی بـە پرۆسـەی گۆڕانکاری لەنێو تەڤگەردا کردبوو. لەسەر ئەو بنەمایەش هەندێك هەنگاوی هاوێشتبوو و دەیخواست بە کۆنگرەی پێنجەم ئـەو هەنگاوانـە بـەرەو پێشەوەتری ببـات و قـووڵتری بکاتەوە. بێگومان کۆنگرە لەمە تێنەگەیشت، بۆیە ئەو گۆڕانکارییانەی کـە سـەرۆك پێـی سپاردبوو ئەنجامی نـەدا، بـەڵکو هەنـدێك گۆڕانکـاری شـکلی ئـەنجام دا. وەك؛ گۆڕانکـاری لەئاڵادا کرد، لەپەیڕەوی ناوخۆی پارتیدا هەندێك گۆڕانکاری کرد. بەڵام گۆڕانکارییەکـە هەر لەو سنوورەدا مایەوە.

سەرۆك دەیخواست گۆڕانکاری لە پارتیدا، لەپەیڕەو و پرۆگرامـدا، پەیوەسـت بەمـەش لەتاکتیکـدا ئـەنجام بـدرێت. چـونکە دەیخواسـت لـەرووی ئایـدیۆلۆژی و سیاسـییەوە، بەگوێرەی ئەمەش لـەرووی رێکخستنی و پراکتیکەوە گۆڕانکاری بکرێـت. ئـەو راپۆرتـە سیاسـییەی پێـشکەشی کـۆنگرەی کردبـوو، لەهەنـدێك رووی ئایـدیۆلۆژی و سیاسـیدا، تەنانـەت هەنـدێك لـەرووی رێکخستنییەوە گۆڕانکـاری نـوێی پێشخـستبوو، پێویـستبوو بەگوێرەی ئەمـە گۆڕانکارییەکـە لەکۆنگرەدا لـەرووی رێکخستنی و تاکتیکیـشەوە تـەواو ببایە. ئیدی ئەوەی نەکرا ئەمە بوو. تەنیا ئاڵامان گۆڕی، پێشتر ئـاڵای ئێمـە چـەکوش و داس بوو، گۆڕیمان و کردمان بە مەشخەڵ. هەروەها سـەرۆك لەپـەیڕەودا بـۆ ئەنـدامێتی لەپارتیـدا هەنـدێك پێوانـەی پێشخـستبوو، ئـەو پێوانانـەی کـەوا حزبـە بەلـشەفیکەکان دایاننابوو، ئەوانەی هەڵگرت و پێوانەی دیکەی بۆ ئەنـدامێتی پێشدەخـست، پێویـستبوو پەیڕەو لەسـەر ئـەو بنەمایـە گۆڕانکـاری تێـدا بکرابایـە. بێگومـان لـەم رووەوە هەنـدێك هەنگاو هاوێشتران، بەڵام بەتەواوی هەنگاوی پێویـست نەهاوێـشترا، دەبووایـە گۆڕانکـاری لەپرۆگرامیش ببایە، چونکە رەوشی جیهان گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، هەڵبەتە شـتی نێـو پرۆگـرام پێـشتر جێبـەجێمان کردبـوو، لەگـەڵ رووخـانی سـۆڤییەتیش هەنـدێك شـت

لەرەوشی جیهانـدا گۆڕابـوو، بۆیـە پێویـستبوو لـە پرۆگرامیـشدا هەنـدێك گۆڕانكـاری بكرابایە، ئێمە لـەم رووەشـەوە زێـدە هـەنگاومان نەهاوێـشت. بۆیـە گۆڕانكارییـەكی كـەم ئـەنجام درا، بەرووكەشـی ئـەنجام درا، بـەقووڵی و ریـشەیی ئـەنجام نـەدرا، ئیـدی لەبـەر ئەوەی ئەمە ئەنجام نەدرا، ئـەو كۆنگرەیـە زێـدە رۆڵـی خـۆی بەتـەواوی نـەگێڕا. كەچی سەرۆك دەیخواست بەم كۆنگرەیە گۆڕانكارییەكی وەها ئەنجام بدات كە قۆناخێـك بـەرەو پێشەوە ببات، بۆ ئەوەی رێ لەپێش مەترسی و بنبەستبوونەكان بگرێـت. لەبـەر ئـەوەی ئەمە ئەنجام نەدرا ئـەو كۆنگرەیـە رێـی لەبـەردەم بنبەسـتبوونەكان نـەكردەوە، نـەبووە هۆی دەستپێكردنی قۆناخێكی نوێ، هەڵمەتێكی نوێ، رێگیری لەتەخریباتیش نـەگرت و رێی لەبـەردەم چارەسـەریش نـەكردەوە. بۆیـە رۆڵێكـی زۆر كـەمی گێـڕا، رۆڵـی سـەرەكی خۆی نەگێڕا.

لـەكۆنگرەی پێنجەمـدا پێویـستبوو چ ئـەركێكی دیكـە لەئەسـتۆ بگرێـت؟ پێویـستبوو كۆنگرە گفتوگۆی لەسەر ئـەو دووركەوتنەوەیـە بكردبایـە كـەوا لـە پێـشەنگی و خـەت و تاكتیكی پارتی و گەریلادا لەئارادا بوو ، كۆنگرە تەفگەری هێنابایەوە سەرخەتی خۆی و لەسـەر ئـەو خەتـەش دوای كـۆنگرە پراكتیـك بەڕێوەچووبایە. چونكە لەپێـشەنگیدا و لەخەتی پارتی و لەخەتی گەریلاییدا تـەخریباتێكی مـەزن روویـدابوو، ئـەو تەخریباتـە هەر تەنیا لەناو پارتیدا تەشەنەی نەكردبوو، بـەڵكو لـەناو گەلیـشدا تەشـەنەی كردبـوو، رەنگدانەوەی خۆی لەسەر هەموو پراكتیك هەبوو. بۆیە هەم گەریلا و هەم پارتی لەزۆر رووەوە لەبناخەی خۆیان دوور كەوتبوونەوە، ئیدی پێویستبوو كـۆنگرەی پێنجـەم بـاش گفتوگۆی لەسەر ئەوە بكردبایە كەوا چۆن جارێكی دیكە پارتی و گـەریلا لەسـەر بناخـە و خـەتی خـۆی جـێگیر بكاتـەوە؟ پێویـستبوو تـەدبیری ئەمـەی وەربگرتبایـە، بۆیـە لـە كۆنگرەی پێنجەمیندا فەرهاد (عوسمان ئۆجەلان) و بۆتان (نیزامەددین تـاش) كەوتنـە ژێر لێكۆڵینەوەوە، "فەرهاد" لەسەر هێڵی پارتی كەوتـە ژێـر لێكۆڵینـەوەوە، چونكە زۆر یاری بـە هێڵـی پـارتی كردبـوو، دەیخواسـت هێڵێكـی لیبرالـی بـەكرێگیراو لـەنێو پارتیـدا پێشبخات، یاری بەئایدیۆلۆژیای پارتی، بەسیاسیەتی پارتی كردبوو، بۆیەش لەنێو پارتی و كادیراندا لەرێلادانێكی بەرچاوی بڵاوكردبـووەوە، بەتایبـەتی لـە "زەڵێ"، كـە پاشـان رەنگدانەوەی خـۆی لـەنێو هـەموو پارتیـدا كردبـوو. چـونكە هەنـدێك لـەو كادیرانـە لـە

"زەڵێ"وە چوونە گۆڕەپان و ناوچەکانی دیکەی تێکۆشان و ئەو چەمکانەی ئەوێیان لەگەڵ خۆیاندا بردە ئەو گۆڕەپان و ناوچانە. بۆیە بەمشێوەیە لەپارتی و خەتی پارتیدا، لە ئایدیۆلۆژیا و ڕێکخستنیدا تەخریبات و لەڕێلادانێك ڕوویدا. ئیدی "فەرهاد" لەسەر ئەو بنەمایە کەوتە ژێر لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەوە، لەئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەشدا دادگایی کرا و دادگاش بڕیاری لەسێدارەدانی دا، لەشەخسی "فەرهاد"دا لێپرسینەوە و دادگایی هێڵی پارتی پێشکەوت.

"بۆتان"یش لەخەتی عەسکەری و گەریلاییدا خراپەکاری زۆر کردبوو، یاری بە پێشەنگایەتی و فەرماندارێتی گەریلایی کردبوو، بۆیە لەئارتەشبوونی گەریلادا تەخریباتێکی زۆر ڕوویدابوو، هەم لە فەرماندارێتیدا و هەمیش لە شەڕڤانێتیدا، ئەو خەباتەی کەوا سەرۆك پێشیخستبوو پووچەڵی کردبووەوە. هەڵبەتە وەکو باسیشم لێیەوە کرد؛ پێشتر پووچەڵی کردبۆوە، ئەو شانسەی کەوا پێشتر وەریگرتبوو، دیسان خراپی بەکارهێنابوو و دیسانیش تەخریباتێکی مەزنی ئەنجام دابوو. ئەو خەتەی ئەو لەنێو گەریلادا بەڕێوەی بردبوو و تەواو خەتی لیبڕال بوو. بۆیە لە گەریلادا پەرشوبڵاوی دروستکردبوو، چەتەگەرێتی بەهێزتر کردبوو، تەخریباتێکی مەزن ڕوویدا بوو. ئیدی "بۆتان"یشمان لەبەر ئەم هۆیە خستبووە ژێر لێکۆڵینەوەوە و دادگایی کرا، ئەویش بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا درا. لەشەخسی هەردووکیاندا، ئەو تەخریباتانەی لەڕووی خەتەوە کرابوو لێپرسینەوەی لەسەر کرا و دادگایی کرا.

لەم ڕووەوە کۆنگرەی پێنجەم هەنگاوێکی بەو شێوەیەی هاوێشت، بێگومان سەرۆك هیچ کاتێك لەسێدارەدانی پەسند نەدەکرد و بەراستیشی نەدەزانی و لەدژی لەسێدارەدان بوو. بۆیە ئەو بڕیاری لەسێدارەدانەی پەسند نەدەکرد و جێبەجێی نەدەکرد.

"فەرهاد" بەتەواوی بێ ئەرك کرا، تا کۆتایی ساڵی (١٩٩٦). سەرۆك ئەوی بەتەواوی لەدەرەوەی ئەرك هێشتەوە. "فەرهاد" لەکۆتایی (١٩٩٦)دا ڕاپۆرتێکی بۆ ڕێکخستن نووسی، ئێمە ئەو کاتە خەریکی سازدانی کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی بووین، ئەو ڕاپۆرتەی بۆ ئەو کۆبوونەوەیە نارد، کە پێشنیازی کردبوو تەفکەر لەدەرهەق بەرەوشی ئەودا بڕیارێکی نوێ وەربگرێت. لەو ڕاپۆرتەدا دەیگووت:" من هەڵەم، من لەکێماسی خۆم تێگەیشتم، سەرۆك ڕاستە، پارتی ڕاستە"بەو واتایەی خەتی پارتی پەسند دەکات و

گوایە خەتی خۆی مەحکوم دەکرد و دەستبەرداری ئەو هێڵەی خۆی دەبوو. بۆیە ئێمەش گووتمان:" مادام ئەمە بەبنەما وەردەگرێت، ئێمە دەتوانین ئەو بڕیارەی سەبارەت بەو وەرگیراوە لابیەین و ڕێیەکی بۆ بکەینەوە و دەرفەتێکی بدەینێ، بۆ ئەوەی بتوانێت کاربکات و خزمەت بکات. سەرۆکیش ئەو بڕیارەی ئێمەی پەسند کرد گووتی:" مادام وەهایە با بچێتە باشوور، لەوێدا با کاری سیاسی بکات و خۆی بسەلمێنێت" ئیدی بەمشێوەیە ئەو مەسەلەیەی ئەومان بڕاندەوە.

بۆ "بۆتان"یش؛ ئێمە ئەرکی ئەومان بەرتەسك کردەوە، بەرپرسیارێتی بەرزمان پێنەدا. چونکە تەخریباتی مەزنی ئەنجام دابوو، بەتەواوی ئەرکی ئەومان سنووردار کردبوو، دەرفەتێکمان پێیدا و پێیمانگووت:" کاربکە". چونکە خۆیشی ئەوەی دەخواست و دەیگووت:" من تێگەیشتم، ئەمجارەیان داخوازی و پێداویستی خەت بەبنچینە وەردەگرم و جێبەجێی دەکەم" ئێمەش دەرفەتێکی بەمجۆرەمان پێیدا. بەڵام لەئاستی لێپرسراوێتیدا نا. ئیدی ئێمە لێپرسراوێتیمان لەدەستی وەرگرت و دەرفەتمان لەپراکتیکدا پێیدا و گووتمان:" بابیبنین و بزانین چەندە ڕاستگۆیە". لەساڵی (١٩٩٦)دا سەرۆك بانگی لای خۆی کرد، بۆ ئەوەی پەروەردە ببینێت، چونکە لەدوای کۆنگرەی پێنجەمەوە تا ئەو کاتەی چووە ئەکادیمیا لای سەرۆك، زێدە لێپرسراوێتییەکی لەدەست نەبوو، بەڵکو هەندێك لەپراکتیکدا کاری دەکرد، بۆیە سەرۆك بانگی لای خۆی کرد تاکو زیاتر لەرەوشی ئەو تێبگات. لەلای سەرۆك و لەنێو پەروەردە دابوو، سەرۆك زۆر بەسەریداچوو بوو و ڕەخنەی لێگرتبوو و لێپرسینەوەی لەگەڵدا کردبوو، ئەویش ڕەخنەدانی خۆی دا و دەرفەتێکی تری لە سەرۆك خواست، سەرۆك گووتی:" ئیدی ئەمە دوا دەرفەتە، ئێمە هەرچی کارێکمان کرد تۆ هەموویت پووچەڵ کردەوە، ڕەنجی ئێمەت بەفیڕۆ دا، تۆ ئارتەشبوونی ئێمەت پووچەڵ کردەوە، دیسانیش تۆ مادام دەرفەتێکی تر دەخوازیت، ئێمە ئەو دەرفەتە دەدەینە تۆ، بەڵام ئیدی ئەمە دوا دەرفەتە بەتۆی دەدەین".

لەپایزی (١٩٩٦)دا ڕەوانەی ئەیالەت (هەرێم)ی زاگرۆسی کرد، لەوێ بەرپرسیارێتیشی پێدا. لەوێ دوو سێ مانگ مایەوە، جارێکی دیکە هەمان چەمك و پراکتیکی خۆی دووبارە کردەوە. بۆیە سەرۆك ئەرکی لەزاگرۆس لێوەرگرتەوە و لەریزی گەریلا

دەریکرد و گووتی:" ئیدی پێویستە ئەمە لەریزی گەریلادا نەمێنێت"، هەروەها گووتی:" هێندە ساڵە بۆ ئەوەی ئێمە گەریلا بەرەو پێشەوە ببەین کارێکی مەزنمان ئەنجام دا، کەچی کاری ئێمەی هەموو پووچەڵ کردەوە"، گەلێك جار دەیگووت:" من نەمزانی، دەرفەتم بدەنێ" ئێمە دەرفەتمان پێیدا، تا ئێمە دەرفەتمان پێیدەدا، ئەو دیسان دوای ئەو دەرفەتە هێڵ و چەمکی خۆی بەردەوام کرد و لەسەر تەخریبات بەردەوام بوو. ئیدی دیاربوو ئەو بۆ گەریلایەتی نابێت، ئەگەر ئەمە لەریزی گەریلادا بمێنێتەوە ئەوا سوپایبوون (ئارتەشیبوون) و فەرمانداریبوونی ئێمە لەسەر راستەرێی خۆیدا پێشناکەوێت و ناشتوانین خۆمان لەچەتەگەرێتی و تەخریباتیش رزگار بکەین. ئەمە خزمەتی چەتەگەرێتی دەکات، خزمەتی دەوڵەت دەکات، بۆیە پێویستە پەیوەندی ئەو لەگەڵ ئارتەشی ئێمەدا نەمێنێت" ئیدی لە سوپا (ئارتەش) دەریکرد و ئەویشی نارده باشوور لای "فەرهاد" و گووتی:" بابچێت لەوێ بمێنێت و کاری سیاسی بکات، ئیدی بە کەڵکی کاری عەسکەری نایەت..." دەبووایە لەو ناوچەیە کاری سیاسی بکەن"، پەیوەندی نێوان "فەرهاد" و "بۆتان" لەکاتی لێپرسینەوە و دادگایی و لەکاتی کۆنگرەی پێنجەمدا زیاتر بوو. لەوێشدا ئەو پەیوەندییەی نێوانیان بەهێزتر و قووڵتر بووەوە، پەیوەندی ئەوان لەسەر چ بنەمایەك بوو؟ پەیوەندی ئەوان لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی پارتی و سەرۆك بوو. واتا کاردانەوە و رکوکینێك لەهەردووکیاندا لەدژی سەرۆك و پارتی پەرەیسەند. بۆچی؟ چونکە سەرۆك و پارتی بەسەر ئەواندا چووە، لێپرسینەوە و دادگایی کردوون و سزای داون". گوایە پێویستە ئەمە نەبووایە، واتا چۆن بژین و چۆن کار بکەن پێویستە پەسند بکرێت، پارتیش ئەوەی پەسند نەدەکرد و حیسابی لەوان پرسی، بۆیە کاردانەوەیەکی مەزنیان لەبەرامبەر ئەمە دروستببوو، ئەو کاردانەوەیان لەناو یەکتردا قووڵکردەوە، لەسەر ئەو بنەمایەش لەدژی پارتی و سەرۆك رێککەوتن. ئەو رێککەوتنەشیان گەیاندە ئاستی دووژمنایەتی و دەبێت تۆڵەی خۆیان لەسەرۆك و پارتی بکەنەوە. کاتێك کە سەرۆك بەکرداری (راستەوخۆ) تەفگەری بەرێوە دەبرد ئەو دەرفەتەیان نەدەبینی و نەیاندەتوانی ئەو دووژمنایەتییەی خۆیان بەئاشکرا بکەن. "فەرهاد" ئەو ئەزموونەی هەبوو، بۆیە بەئاشکرا نەیانتوانی لەدژی سەرۆك

رابوەستن، بەڵکو دەیانخواست بەشاراوەیی ئەو کاردانەوە و دووژمنایەتییەی خۆیان لەدژی سەرۆك و پارتی پێشبخەن.

بێگومان ئەو کاتە پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ (ی ن ك) پێشخست، هەڵبەتە پێشتر پەیوەندی "فەرهاد" لەگەڵ (ی ن ك) هەبوو، ئەم پەیوەندییەیان بەهێزتر کرد، لەگەڵ (ی ن ك) پێکەوە رێککەوتنێکیان ئەنجامدا بەناوی (باکوور- باشوور) کە پێکەوە لەدژی (پ د ك) شەڕ بکەن و بەمەش (پ د ك) بێکاریگەر بکەن. گوایە لەژێر ئەو ناوە باکوور و باشووریش بکەنە یەك. چونکە ئەو کاتە شەڕی نێوان ئێمە و (پ د ك) ش هەبوو، هەروەها (پ د ك) و تورکیا پێکەوە هێرشیان دەهێنایە سەر ئێمە، ئێمەش لەبەرامبەر ئەو هێرشەیان لەنێو بەرگریکردن دابووین، (ی ن ك) بینی کە (پ د ك) زەبری بەردەکەوێت، کێشەی نێوان (پ د ك) و (ی ن ك)ش بەهێز ببوو، (ی ن ك) خواستی بەم رێککەوتنە هێزی (PKK) و خۆی بکاتە یەك و گورز لە (پ د ك) بوەشێنێت و بەمەش باڵادەستێتی خۆی دروستبکات و تۆڵەی خۆی بکاتەوە، ئەمە حیساباتی (ی ن ك) بوو، ئەگەر ئەمە بکات دەتوانێت ئەنجام بەدەستبخات و دەتوانن "فەرهاد" و "بۆتان" لەنێو تەڤگەردا زاڵ بکەن، تەنانەت دەتوانن بەرێگەی ئەوان (PKK)ش بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە... وادیارە حیساباتێکی لەمجۆرە بەرێوە دەبرا، "فەرهاد" و "بۆتان"یش [؟]، دانەوەی خۆیان لەبەرامبەر پارتی و سەرۆك هەبوو، دەیانخواست تۆڵەی خۆیان بکرنەوە، بەڵام هێزی خۆیان بەشی ئەمەی نەدەکرد، خواستیان سوود لەم شەڕە وەربگرن، ئەگەر لەگەڵ (ی ن ك) رێککەوتنیان کرد و ئەو رێککەوتنە ئەنجامگیر بوو، ئەوا دەتوانن بەم رێککەوتنە و بەهاوکاری (ی ن ك)ش خۆیان لەنێو (PKK)دا زاڵ بکەن، دەتوانن (PKK)ش بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، بەو حیساباتانەوە کاریان دەکرد.

بێگومان ئەو حیساباتانە سەرینەگرت. بۆچی؟ چونکە لەکاتی شەڕدا تورکیا لەگەڵ (پ د ك) موداخەلەی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی (ی ن ك)یشی کرد، کاتێك کە موداخەلەیشی کرد، (ی ن ك) هێزی خۆی کشاندەوە و هێزی ئێمەش زۆری نەمابوو لە حاجی ئۆمەران لەناو بچێت. ئەو رێککەوتنەی گوایە رێککەوتنی نێوان باکوور و باشوور بوو "فەرهاد" لەگەڵ (ی ن ك) و ئەوان ئەنجامیان دابوو، لەهەوادا مایەوە....

لەساڵی (١٩٩٥)دا لەچوارچێوەی ڕێنماییەکانی تێکۆشانی نەتەوەیی و دیموکراسی لەباشووری کوردستاندا، ڕێکخراوی "یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان (YNDK) دادەمەزرێت و هەڤاڵ دکتۆر سیروان (کاوە عەلی) سکرتێری گشتی (YNDK) بوو، وەکو درێژەپێدەری خەباتی پارتی ئازادی کوردستان (PAK) تێکۆشانی خۆی دەستپێدەکات. لەلایەکی دیکەشەوە؛ تێکۆشانی (PKK) لەباشووری کوردستاندا زیاتر تێکۆشانی فیکری، ئایدیۆلۆژی، سیاسی و ڕێکخستنی بەرێوە دەچوو، وەك؛ خەباتی ڕۆژنامەوانی، ڕاگەیاندنی و کولتووری، واتا خەباتی مەدەنی قورسایی زیاتری پێدراوە. لەو چوارچێوەیەدا، ئەمڕۆ هەم ئەو شێوازانەی خەبات بەگشتی و هەم خەبات و ئەزموونی (YNDK) بەتایبەت چۆن هەڵدەسەنگێرێت؟

ئێمە لە چ ڕەوشێکدا (YNDK)مان پێشخست؟ ئەو کاتە لەنێوان (ی ن ك) و (پ د ك) دا ناکۆکی و شەڕ لەئارادا هەبوو، لەنێوان (ی ن ك) و ئیسلامییەکان شەڕ لەئارادا بوو. لەباشووردا پارچەبوونێك لەپەرەسەندن دابوو، دینامیکییەت و وزە و توانستی گەلی کورد بەو شەڕانە تێکدەدرا، پەیوەندی ئێمە لەگەڵ هەموو ئەو پارت و ڕێکخراوانەشدا هەبوو، بۆ ئەو مەبەستە (YNDK)مان پێشخست کەوا لەڕێگەی (YNDK)ەوە ڕێ لەپێش ئەو شەڕە و ئەو وێرانکارییانە بگرین، بۆ ئەوەی لەباشوور سیاسەتێکی نوێ و کولتوورێکی سیاسی نوێ پێشبخەین. ئامانجی بنچینەیی ئێمە ئەوە بوو. هەر بۆیە کاتێك کە (YNDK)مان دامەزراند هەر تەنیا لەکادیرانی ئێمە، کە ئایدیۆلۆژیای ئێمە بەبنەما وەردەگرن، دانەمەزرا. (YNDK) ڕێکخستنێکی وەها ئایدیۆلۆژی نەبوو، زیاتر

ڕێکخستنێکی سیاسی بوو، بەڵام (PAK) بەتەواوی ڕێکخستنێکی ئایدیۆلۆژی بوو، ئەوەی کە لە (PAK)دا زیاتر جێی خۆی دەگرت ئەو کەسانە بوون کە تەڤگەری (PKK)یان بەبنچینە وەردەگرت. لەنێو (YNDK)دا ئەوانەی (PKK)یان پەسند دەکرد هەبوون، هەمیش هەندێك کەسی (ی ن ك)یی و (پ د ك)ییش هەبوون. واتا (YNDK) وەك کوالسیۆنێك وابوو، واتا پارتییەکی کادیریی و ئایدیۆلۆژی نەبوو، بەڵکو زیاتر ڕێکخستنێکی سیاسی بوو. هەموو کەسێك دەیتوانی لەنێو (YNDK)دا جێی خۆی بگرێت و جێی خۆیشیان تێیداگرت. بەمە ئێمە دەمانخواست ناکۆکی نێوان (پ د ك) و (ی ن ك) بەمشێوەیە نەرم بکەین، ئەگەر دەکرێ بتوانین لەیەکتریان نزیك بکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەو ناکۆکی و شەڕانەی نێوانیان بەلاوە بنرێت. دامەزراندنی (YNDK) بۆ ئەو مەبەستە بوو.

بێگومان هەم (ی ن ك) و هەمیش (پ د ك) خواستیان ئەو ڕێکخستنە بخەنە دەستی خۆیانەوە و بۆ ئەوەی بیپووکێننەوە و تێکیبدەن، نزیکبوونەوەیەکی بەمجۆرەیان دەکرد. هەڵبەتە پاشانیش هەر وایانلێکرد. بۆیە ئەو هەنگاوە ئەنجامگیر نەبوو. (پ د ك) "دکتۆر سیروان"یشی شەهید کرد. گووتیان:" وامانزانیوە ئەوانیش پێشمەرگەی (ی ن ك)ن و نەمانزانی هەڤاڵی ئێوەن، بۆیە شەهید کردنی دکتۆر سیروان بەنەزانی ..ەیداوە" بێگومان ئەمە ڕاست نەبوو. واتا ئەو شوێنەی ڕووداوەکەی لێی ڕوویدا ..انزانی کە هەڤاڵانی ئێمەی لێیە، ئەو جێگەیە کاتی خۆی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی (ی ن ك) بوو، هەڤاڵان لەوێ پەروەردەیان دەبینی. لەساڵی (١٩٩٦)دا لەنێوان (پ د ك) و (ی ن ك)دا شەڕ ڕوویدا، (پ د ك) و سوپای ڕژێمی ئێراق پێکەوە لە (٣١)ی ئابدا هێرشیان کرد و کەوتنە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی (ی ن ك) و (ی ن ك)یان لە باشوور وەدەرنا. هەرچەندە ئەو کاتە ڕەوشێکی وەها ئاڵۆز هەبوو، بەڵام (پ د ك)ش دەیزانی ئەو جێگەیە ئێمە تێیداین، بەڵام وا دیاریان کرد کە نەیانزانیوە. لەڕاستیدا وانەبوو، خۆی لەبەر ئەوەی "دکتۆر سیروان" سەرۆکی ئەو تەڤگەرە بوو، شەهید کرا.

هەڵبەتە دوای ئەوەش هەم کەسانی (ی ن ك)یی و هەمیش کەسانی (پ د ك)یی نەك چۆن بەیەکەوە کار بکەن نا، بەڵکو چۆن یەکتر تەسفیە بکەن؟ و (YNDK) بەدەست کامیانەوە بێت؟ ئەمەیان بەبنەما وەرگرت. بۆیە ئەو کارە پووچەڵ کرایەوە. پاشانیش

ئێمە دەستبەرداری (YNDK) بووین. چونکە بینیمان ئیدی خزمەت ناکات. (پ د ك) ئەوەی کەسانی خۆی بوو جودای کردەوە و لەدەستی خۆیدا هێشتیەوە و تا ئێستاش بەو ناوە بەردەوامی پێدەدەن...

ئێمە لەباشووردا چیمان بەبناخە وەردەگرت؟ ئێمە هەوڵمان دەدا لەباشووردا تەڤگەرێکی سیاسی و کولتووری پێشبخەین، ئەو رێکخستەبوونەی لەباشووردا ئێمە داماندەمەزراند بەتەواوی لەسەر ئەو بنەمایە بوو، ئێمە هیچ کاتێك رێکخستنێکی عەسکەریمان لەباشووردا دانەمەزراند، نە لەکاتی (PAK) و نە لەکاتی (YNDK)دا و نە دواتریش، هیچ رێکخستنێکی عەسکەریمان دانەمەزراند، هەمووی رێکخستنی سیاسی بوو، ئێمە کاری ئایدیۆلۆژی و سیاسی و فەلسەفی و کولتووریمان پێشخست. واتا چیبکەین بۆ ئەوەی لەنێو کۆمەڵگادا هوشیاری و زانایی بەهێزتر بکەین؟ چیبکەین بۆ ئەوەی لەنێو کۆمەڵگادا دیموکراتیزەبوون بەرەو پێشەوە ببەین، لەسیاسەتدا دیموکراتیبوون پێشبخەین. چونکە باشوور پێویستی بەمە بوو، هەم لەسیاسەتدا و هەمیش لەنێو کۆمەڵگادا ئەگەر دیموکراتیزەبوون بەهێز نەکەین، ئەوا لەباشووردا دیموکراتی و ئازادی پێشناکەوێت، لێرەدا ئەگەر دیموکراتی و ئازادیش پێشنەکەوێت ئەوا ئەگەر تۆ دەوڵەتیش دابمەزرێنیت بێ ئەنجامە و فالآیە.

ئیدی هەموو هەنگاوەکانی ئێمە لەباشووردا لە رێگەی (PAK) و (YNDK) ش و دوای ئەمەش کە پێشمانخستووە، هەموو ئامانجەکەی ئەوە بووە کە ئێمە چیبکەین بۆ ئەوەی گەلەکەمان هوشیار بکەینەوە؟. ئێمە چۆن تەرزێکی سیاسی نوێ بەرەو پێشەوە ببەین؟ ئێمە چۆن بتوانین لەسیاسەتدا دیموکراتیزەبوون بەدیبێت، هەموو کەسێك بەئازادی گوزارشت لەناسنامەی خۆی بکات؟ چونکە لەباشووردا گەلێك پارتی و لایەن هەن. لەبنەرەتدا تەنیا دوو پارتی ئازادی بۆخۆیان بە رەوا دەبینن، بۆ پارتییەکانی دیکە ئازادی نییە، پارتییەکانی دیکە هیچ یەکێکیان ناتوانن بەناسنامەی خۆیان و بەئازادی خۆیان رێکخستە بکەن و گوزارشت لەخۆیان بکەن. بۆیەش ناتوانن ناسنامەی خۆیان هەبێت. ئەمە رەوشێکی جددی بوو و ئێستاش جددییە، ئیدی پێویستبوو ئەمە نەبایە، هەر پارتیك چ فیکرێك بەبنەما وەردەگرێت؟ دەخوازێت بەکامە تەرز سیاسەت بکات؟ پێویستبوو هەر کەس بەئازادی گوزارشتی لەخۆی بکردبایە.

لەنێو کۆمەڵگادا پێویستبوو دیموکراتیزەبوون پێشبکەوتبایە. چونکە مەسەلە و پێوانە عەشیرەتی و بنەماڵەییەکان و چەمکی فیوداڵێتی زۆر بەهێز بوو، هەروەها لەمەسەلەی ژندا، هیچ مافێکی ژن نەبوو، خۆکوشتن و کوشتن، سزادان پەرەیسەند بوو، هیچ ئیرادەیەکی ژن لەئارادا نەبوو. بۆیە ئێمە دەمانخواست لەنێو کۆمەڵگادا دیموکراتیزەبوون پێشبکەوێت، لەبەر ئەوەش دەمانخواست زێدەتر کاری رۆژنامەوانی، کولتووری پێشبخەین. دەمانخواست پارتییەك پێشبخەین کە ئازادی و دیموکراسی بەبنچینە وەرگرێت و گەشەی پێبدات. بەڵام (پ د کـ ی ن ك) ئەمەیان بۆخۆیان بەراست نەدەبینی و نەیاندەخواست لەسیاسەت و کۆمەڵگادا دیموکراتیزە بوون پێشبکەوێت و پەرەبسەنێت. دەیانخواست دەسەڵاتدارێتی خۆیان بپارێزن و هەموو شتێك لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بێت و بەگوێرەی ئەوان بێت. ئێمەش دەمانخواست هەموو شتێك هەر بەگوێرەی ئەوان و داخوازی ئەوان نەبێت. واتا زۆر رەنگ و جۆر هەبن، بۆ ئەوەی دیموکراتی پێشبکەوێت. ئەوانیش ئەمەیان پەسند نەدەکرد، نەیاندەخواست دەسەڵاتی ئەوان بکەوێتە مەترسییەوە. بۆیەش چەندە ئێمە دەمانخواست کاری سیاسی و کولتووری پێشبخەین ئەوان رێگیریان لێدەکرد، یان بە پیاوانی خۆیان پووچەڵیان دەکردەوە و دەیانخستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، یانیش بە توندوتیژی بڵاوەیان پێدەکرد. بۆیە بەمشێوەیە نەیانهێشت ئەو کارە پێشبکەوێت...

شۆڕشێك لەئاسمانەوە...!!

هەر لەساڵی (١٩٩٥)دا لەئاكامی بەرزبوونەوەی تێكۆشانی ئازادیخوازی گەلەكەمان، جاری یەكەم بوو لەمێژووی گەلاندا گەلێكی ژێردەست و بێ دەوڵەت و بێ ستاتۆ دەبێتە خاوەن میدیایەكی جیهانی. ئەگەر مرۆڤ ئەو كاتە بهێنێتەوە یادی خۆی؛ تەنانەت زۆربەی دەوڵەتانی خۆرهەلاتی ناوینیش خاوەن میدیایەكی جیهانی نەبوون. لەدۆخێكی وەهادا كەناڵی ئاسمانی (MEDTV) دەكرێتەوە، پاشانیش زۆر سازی و دەزگای نەتەوەیی تریش پێشدەكەوێت، وەك؛ پەرلەمانی كوردستان لەدەرەوەی وڵات (PKDW) و هاوشێوەی ئەمە، هەڵبەتە ئەو كاتە (ERNK) و (ARGK)ش هەبوو وەك سازی و دەزگای نەتەوەیی. دەكرێ مرۆڤ ئەمە وەك بەشێك لەتێكۆشانی نەتەوەیی و گەیشتن بەقۆناخی نەتەوەییبوون لێكبداتەوە. ئەو دامودەزگا نەتەوەییانە بەگشتی و كەناڵی ئاسمانی (MEDTV) بەتایبەتی لەسەر چ بنەما و باوەڕی و ئیرادەیەك هەوڵی بنیادنانیان درا، بەراستیش دەكرێ كردنەوەی (MEDTV)

بۆ گەلی کوردستان وەك شۆڕشێکی دووەم ناوزەد بکرێت، لێرەدا ئەو هەنگاوانە چۆن هەڵدەسەنگێنرێت و چی لەگەڵ خۆیاندا هێناوە؟

(PKK) هەر تەنیا خۆی رێکخستە نەدەکرد، بەڵکو چەندە خۆی رێکخستە دەکرد، لەهەمانکاتدا کۆمەڵگاشی رێکخستە دەکرد. ئامانجی (PKK)ش ئەوە بوو. چونکە داگیرکەران لە کوردستان شتێکیان بەناوی کورد و کوردستان نەهێشتبوو. ئەگەر تۆ دەخوازیت لە کوردستاندا ئازادی و دیموکراسی پێشبخەیت، ئەوا پێویستە گەل لەهەموو روویێکەوە بەرێکخستن بکەیت، چونکە بەناوی کورد و کوردستان هیچ رێکخستنێك لەئارادا نەمابوو. گەل بەرێکخستنکردن، واتا پێشخستنی دامودەزگای نەتەوەیی، ئەمە ئەرکی بنچینەیی (PKK) بوو. هەڵبەتە گەل نەیدەتوانی خۆی بەخۆی رێکخستە بکات، لەناو گەلدا هیچ چین و توێژێکیش نەیدەتوانی خۆی بەرێکخستن بکات، مەگەر تەنیا (PKK) بیتوانیبایە ئەمەی بکردبایە. (PKK) چەندە خۆی بەرێکخستن کرد، ئەوەندەش خواستی کۆمەڵگاش بەرێکخستن بکات. چەندە رێکخستنی پارتی پێشخست، ئەوا ئەوەندەش رێکخستنی نەتەوەیشی پێشخست، رێکخستنی کۆمەڵایەتی پێشخست. چونکە دەیزانی ئەگەر ئەو رێکخستنانە بەرەو پێشەوە نەبات، ئەوا ناتوانێت گەل رێکخستە بکات و ئیرادەیەکی بەهێزی گەل بئافرێنێت و خەبات و تێکۆشانێکی تۆکمە گەشە پێبدات، ناتوانێت لە کوردستاندا ئازادی فەراهەم بکات، ئەمە بۆ ئەو مەبەستە بوو. ئەگەر تۆ دەخوازیت لە کوردستاندا ئازادی و دیموکراسی سەقامگیر بکەیت، پێویستە لەهەموو روویێکەوە لەدژی داگیرکەران رابوەستیت، ئەوەی داگیرکەران تێکیاندا و تەفر و تونایان کردووە، تۆ سەرلەنوێ بنیادی بنێیتەوە. ئەو کاتە تۆ دەتوانیت کوردستان ئازاد بکەیت. بۆیەش مرۆڤ دەتوانێت لەفیکری (PKK)وە بگرە تادەگاتە پراکتیکەکەی ئەو راستییە ببینێت.

هیچ کاتێك (PKK) خۆی لەچوارچێوەی پارتییەك سنووردار نەکردووە، (PKK) هەمیشە لەچوارچێوەی نەتەوەییدا هەڵسوکەوتی کردووە و نەتەوەیبوون و رێکخستنی نەتەوەیی بەبنەماگرتووە، بۆیە (PKK) رۆحێکی نەتەوەیی و یەکێتییەکی نەتەوەیی

ئاواکرد و بەبناخەی وەرگرت. ئەو فیکرەی بڵاوکردەوە، لەسەر ئەو فیکرەش پراکتیکی پێشخست، دامودەزگای پێشخست، سەرجەم ئەو رێکخستنانەی ئاوایکردووە لەسەر بنەمای نەتەوەیی بنیادنراوە، ئەو سوپایەی کە گەریلا ئاوای کردووە لەسەر بنەمای هەر چوارپارچە و بۆ هەر چوارپارچە ئاوای کردووە، هەمیشە ئەو ئارتەشەی گەریلای خستە خزمەتی هەر چوار پارچەوە. ئەو بەرمیەی ئاوایکرد لەسەر بنەمای نەتەوەیی ئاوایکرد، لەسەر هەموو پارچەکان و لەهەموو چین و توێژەکان و بۆ خزمەتی هەر چوار پارچە ئاوایکرد، هەر هەنگاوێکی لەرێکخستندا پێشخست بێت ئەوا لەسەر بنەمای نەتەوەیی و دیموکراتی پێشیخستووە. هەر بۆیە لەتەواوی کوردستاندا هوشیاربوونەوە و یەکێتی و رابوونێکی مەزن بەدیهات. لەمێژووی کوردستاندا بۆ یەکەمجار (PKK) ئەمەی بەدیهێنا و پێشخست.

شانبەشانی ئەمانە هەوڵیدا چۆن بتوانێت ئەنجوومەنێکی نەتەوەیی بۆ تەواوی کوردان، بۆ هەموو کوردستان ئاوابکات؟ لەو چوارچێوەیەشدا هەنگاوی هاوێشت. لەو هەنگاوەدا ئەو ئەنجامانەی دەرکەوت، لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامەش دەزگای نەتەوەیی بنیادنا.

ئیدی (PKK) بەگوێرەی پێداویستییە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی گەلی کوردستان هەنگاوی هاوێشتووە، پێداویستی گەلی کورد چییە، پێداویستی نەتەوەیی ـ دیموکراتی چییە؟ هەمیشە ئەو پرسیارەی کردووە و خواستوویەتی وەڵامیشی بداتەوە. (PKK) هیچ کاتێك تەنیا پێداویستییەکانی خۆی بەبنەما وەرنەگرت، چەندە پێداویستییەکانی خۆی بەبنەما وەرگرتووە ئەوەندەش پێداویستییە نەتەوەییەکانیشی بەبنەما وەرگرتووە، هەمیشە خواستوویەتی ئەو پێداویستییانە پێك بێنێت، بۆیە ئەو دامودەزگا نەتەوەیی و دیموکراتیانەی پێشخست.

بێگومان لەو چوارچێوەیەدا، لەساڵی (١٩٩٥)دا کەناڵی ئاسمانی (MEDTV)ی کردەوە، ئەمە لەمێژووی گەلی کورددا هەنگاوێکی گرنگ و جێگەیەکی تایبەتی هەیە، کورد دەوڵەتی نەبوو، لەجیهانیشدا زۆر دەوڵەت هەبوون کە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی وەهایان نەبوو، تەنیا هەندێك دەوڵەت کەناڵی وەهایان کردبۆوە، کەسێك باوەڕی نەدەکرد کە بەناوی کوردەوە تەلەفزیۆنێکی وەها پێشبکەوێت. تەنانەت لە مێژووی تەڤگەرە

شۆڕشگێڕەکانیشدا شتێکی بەمجۆرە نەبوو، لەمێژووی گەلانی ژێردەستیشدا شتێکی وەها نەبوو، بۆیەکەمجار بوو لەمێژووی تەڤگەرە شۆڕشگێڕییەکان و تەڤگەری گەلانی ژێردەستەدا هەنگاوێکی بەمجۆرە و توانستێکی بەمجۆرە (PKK) ئافراندی و پێشیخست. بەمەش بۆ خەبات و شۆڕش توانستی مەزنی دایە دەستی گەلی کورد و دایە دەستی تەڤگەرە شۆڕشگێڕییەکانەوە، دایە دەستی تەڤگەرەکانی گەلانی ژێردەستە و چینە ژێردەستەکانەوە. ئەمە دەسکەوتێکی نوێ بوو، بەشداربوونێکی نوێ بوو بۆ تەڤگەری شۆڕشگێڕی...

(PKK) تەڤگەرێکی وەها نییە کەوا تەنیا ستاتۆیەك بەبنەما وەربگرێت، یەکێك لەجیاوازییەکانی (PKK) لەگەڵ تەڤگەرەکانی دیکە لەمەدایە. (PKK) هەمیشە لەدژی ستاتۆیە و هەمیشە بەدوای شتی نوێدا دەگەڕێت و غاردەدات، شتێك کەوا گەلان و مرۆڤایەتی بە سەرکەوتن دەگەیەنێت و پێشدەخات و مەزنی دەکات. تەڤگەرێکی وەهایە و بەردەوام ئەمە بەبنچینە وەردەگرێت. بۆیە لە ئایدیۆلۆژیای خۆیدا هەر شتێك کە بەکەڵك نایەت و نابێتە وەڵام بەلاوەی دەنێت و دەیداتە لایەکەوە. لەئایدیۆلۆژیای ئەودا هەمیشە نوێبوونەوە و راوەستان لەدژی ستاتۆ بنەمایە، ئەم تەڤگەرە لەسەر ئەو راستییە ئاوا بووە. ئەمە کارەکتەر و تایبەتمەندی ئەو تەڤگەرەیە. لێرەدا (PKK) لەتەڤگەرەکانی دیکە جودا دەبێتەوە، ستاتۆپارێز نییە و ستاتۆ بەبنەمای وەرناگرێت. بۆیە لەشێوەگرتنی (PKK)دا، لەپێشکەوتن و پراکتیك و هەنگاوانی ئەودا زۆر شت دەبینی کەوا لەدەرەوەی ئەو شتانەیە کە تەڤگەرەکانی دیکە کردوویانە. ئیدی ئەوە سەرچاوەی خۆی لەم خاڵەوە وەردەگرێت کە باسم لێیەوە کرد، واتا لەکارەکتەری (PKK)وە سەرچاوە دەگرێت.

(PKK) هیچ کاتێك نەیگووت:" فلان گەل ئەوەی بەبنەما وەرگرتووە کەواتە منیش هەمان شت بەبنەما وەردەگرم." بەڵکو شتێك کەهەموو کەسێك کردبێتی، (PKK) نەیداوەتە پێش خۆیەوە، بەڵکو شتێك کە کەس بیری لێ نەکردۆتەوە ئەو بیری لێکردۆتەوە. جیاوازی (PKK) لەمەدایە. لەبنەڕەتدا ئەوەی ئەمە بەبنچینە وەربگرێت دەبێتە تەڤگەرێکی شۆڕشگێڕی، نوێبوونەوە و سەرکەوتن بەدیدێنێت، تەڤگەرێکی بەمشێوەیە هیچ کاتێك نابێتە تەڤگەرێکی کۆنەپارێز (ستاتۆپارێز).

ئیدی (PKK) تەڤگەرێکە وەك رووبار هەمیشە شەپۆڵ دەدات و دەهەرکێت و خۆی نوێدەکاتەوە و پێشدەکەوێت. ئەمەش سەرچاوەی خۆی لە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیاکەیەوە وەردەگرێت. بۆیە کەس ناتوانێت بە لۆژیکی باو و لەئارادا راست لە (PKK) تێبگات، چونکە (PKK) بەگوێرەی ئەو لۆژیکە باوەی هەیە ئاوا نەبووە و بەرێوە ناچێت و کارناکات، بەڵکو لەدەرەوەی ئەو زیهنییەت و لۆژیکەی هەیە ئاوابووە و بەرێوەدەچێت و کاردەکات، بۆیە ئەو زیهنییەتەی لەئارادایە ناتوانێت لە (PKK) تێبگات. ئەگەر لە (PKK) تێناگەن هۆکارەکەی ئەمەیە، ئەگەر هەر شتێك کە هەر کەسێك لەپێش خۆی داناوە تۆش لەپێش خۆتی دابنێیت و هەر شتێك کە هەرکەس دەیکات تۆش بیکەیت، هەر کەسێك بیر لەچی دەکاتەوە تۆش بەهەمان شێوە بیری لێبکەیتەوە، ئەوا هیچ نوێبوونەوەیەك و جوداییەکی تۆ نامێنێتەوە و ئەوەی تۆ دەیکەیت هەر کەسێك دەتوانێت بیکات.

سەرۆکێك، تەڤگەرێك کە پێشەنگایەتی دەکەن ناتوانن بەمشێوەیە بیربکەنەوە و کاربکەن. بۆیە سەرۆك ئاپۆ و (PKK) لەوانەیە هەندێك شتی خۆیان وەك سەرۆکەکانی دیکە و پارتەکانی دیکە بێت، وەکو ئەوان بیریان کردبێتەوە و وەکو ئەوانیشی کردبێت. بەڵام لەزۆر شتدا وەکو ئەوان بیریان لێنەکردۆتەوە و وەکو ئەوانیش کاریان نەکردووە، بەتەواوی لەدەرەوەی ئەوان بیریان کردۆتەوە و کاریان کردووە. بۆیە زۆرجار ئەقڵی هەموو کەسێکی تەقلیهەڤ (ئاڵۆز) کردووە، ئیدی کە خواستوویانە لە (PKK) تێبگەن نەیانتوانیوە لێی تێبگەن. بۆیە زۆر کەس گووتوویانە:" ئەوانە شێتن" هەموو ئەمانە سەرچاوەی خۆی لەمەوە وەردەگرێت.

لەساڵی (١٩٩٥)یشدا کاتێك کە تەلەفزیۆنی (MEDTV)مان کردەوە کەس بیری لەشتێکی بەمجۆرە نەدەکردەوە، نە لەتەڤگەری شۆڕشگێڕی جیهاندا، نە لە تەڤگەرەکانی گەلانی ژێردەستەدا، نە لە تەڤگەرە ئازادیخواز و دیموکراتیخوازەکاندا کەسێك بیری لەشتێکی بەمجۆرە نەدەکردەوە، ئیدی بۆ یەکەمجار سەرۆك ئاپۆ وەها بیری لێکردەوە و ئەو تەلەفزیۆنەی پێشخست. کاتێك کە ئەو تەلەفزیۆنە دامەزرا و کرایەوە کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر کوردان کرد، کاریگەری لەسەر تەڤگەرە شۆڕشگێڕییەکانی جیهانیش کرد. واتا گەلی کورد و تەڤگەرە شۆڕشگێڕەکانیش گەیشتنە ئامراز و

تەكنیكێكی نوێ، توانستێكی نوێ و سەنگەرێكی نوێ. كەسێك بیری لەمە نەدەكردەوە، سەرۆك ئاپۆ بیری لێكردەوە و بەو تەكتیك و توانستە گەیشت.
بۆیە ئەمە هەنگاوێكی گرنگ بوو. واتا كردنەوەی كەناڵی تەلەفزیۆنی (MEDTV) بەشداریبوونێك بوو لەتەڤگەری شۆڕشگێڕییدا، ئەمە بەشداریبوونی تەڤگەری (PKK)یە، بەشداریبوونی سەرۆك ئاپۆیە لەمەسەلەی ئافراندنی تاكتیكی نوێدا...

لەچوارچێوەی ئەو پیلانگێڕییانەی لەساڵی (١٩٩١) بەدواوە لەدژی تەڤگەری ئازادیخوازی گەلەكەمان بەڕێوە دەچێت، لەساڵی (١٩٩٥)دا زۆر جموجۆڵی دیپلۆماسی لەم رووەوە پێشدەكەوێت كە لەئاكامدا "پەیمانی دبلن" مۆردەكرێت. رێك لەدوای ئەو رێككەوتنەش شەڕی نێوان (پ د ك) و (PKK) روودەدات. ناوەڕۆكی ئەو رێككەوتنە چییە و لەسەر چ بنەمایەك ئەنجامدەدرێت؟ ئەو شەڕەی لەو ساڵەدا روودەدات تاچەند پەیوەندی بەم رێككەوتنەوە هەیە؟ هەروەها پاشان سەرۆك ئاپۆ لەكۆتایی ئەو ساڵەدا ئاگربەست رادەگەیەنێت، سەبارەت بەو ئاگربەستەش دەڵێت:" هەم لەبەرامبەر توركیا، هەم لەبەرامبەر (پ د ك)، هەمیش لەبەرامبەر ئێوە ـ كە مەبەستی لەهەڤاڵانی بەڕێوەبەرایەتی پراكتیكییە ـــ من ئاگربەست رادەگەیەنم". مرۆڤ ئەمە چۆن لێكدەداتەوە؟

دەوڵەتی توركیا لەشەڕی (١٩٩٢)دا خۆی لەباشووردا جێگیركرد، پەیوەندی خۆی لەگەڵ (ی ن ك) و (پ د ك) بەهێزتر كرد، هەم هێزی سەربازی و هەمیش هێزی ئیستخباراتی خۆی خستە باشوورەوە و بۆخۆی زەمینەیەكی دروستكرد. هەمیش دەیخواست لەنێوان ئێمە و (پ د ك) و (ی ن ك) دا شەڕ بەرپا بكات، بۆ ئەوەی تەڤگەری كورد یەكگرتوو نەبێت و

بەردەوام دووژمنایەتی لەنێوانیاندا هەبێت، کورد لەدژی کوردبێت و بەمەش مەترسی بۆ ئەوان دروست نەبێت. چونکە تورکیا پارچەی هەرە مەزنی کوردستانی لەدەست خۆیدا هێشتۆتەوە. کاتێك کە تۆ باسی کێشەی کوردت کرد، لەبنەڕەتدا دەبێتە کێشەی تورکیا، لەبنەمادا تورکیا کێشەی کورد بەکێشەی خودی خۆی دەزانێت، بۆچی؟ چونکە پارچەی گەورەی کوردستان لەدەست ئەو دایە، بۆیە لەهەر کوێیەك بەناوی کوردەوە هەرشتێك دروست ببێت ئەوا تورکیا لەدژی رادەوەستێت. چونکە دەڵێت:" ئەمە لەدژی من دروستبووە" بۆیەش ناهێڵێت تەڤگەری کورد هەناسە بدات و کێشەی کورد چارەسەر ببێت. تورکیا بەردەوام لەم پێناوەدا کاریکردووە، بەردەوام خواستوویەتی لەنێوان باکوور و باشوور شەڕ هەبێت، لەناو خودی باشووردا شەڕ هەبێت، بۆ ئەوەی کورد کورد تەسفیە بکات و یەکگرتوو نەبن و نەبنە هێز، تاکو ئەویش دەسەڵاتدارێتی خۆی بەئاسانی بەڕێوە ببات.

لەساڵی (١٩٩٥)دا تورکیا لەدژی ئێمە ئۆپەراسیۆنێکی مەزنی لەباشوور پێشخست کە پێی دەڵێن **ئۆپەراسیۆنی پۆڵایین** (ÇELİK OPERASYONU)، خواستی زەبرێکی مەزنمان لێبوەشێنێت. ئێمە تازە کۆنگرەی پێنجەممان سازدابوو، خواستی بەم ئۆپەراسیۆنە وەڵامی کۆنگرە بداتەوە، بۆ ئەوەی بەتەواوی کۆنگرە بێکاریگەر بکات و تا بتوانێت زەبرمان لێبدات. بێگومان ئەو ئۆپەراسیۆنەی لەباشوور ئەنجامیدا، هەم ئەمریکا ئاگادار بوو، هەم رژێمی ئێراق ئاگادار بوو، هەمیش (پ د ك) و (ی ن ك) و ئەوان لێی ئاگاداربوون. واتا بەبێ ئاگاداری ئەوانە ئەو ئۆپەراسیۆنە ئەنجام نەدەدرا، هەروەها ئەو پارتانەی باشوور لەو ئۆپەراسیۆنەشدا جێی خۆیان تێداگرت. چونکە لە تورکیا هاوکاری ماددی و مەعنەوییان وەردەگرت و بەمەش خۆیان گەورە دەکرد. ئەگەر لەباشووردا (پ د ك) و (ی ن ك) هێندە بەهێزبوون، کە لەباشووردا حکومەتێك دامەزرا، دەوڵەتێك دامەزرا، ئەوا ئەوە تەنیا بەرهەمی (پ د ك) و (ی ن ك) دروستنەبوو، بەڵکو شانبەشانی ئەمە بەخەباتی (PKK) و بەهاوکاری ئەمریکا دروستبوو. ئەگەر خەباتی (PKK) نەبایە، (PKK) تورکیای مەجبوری (پ د ك) و (ی ن ك) نەکردبایە، ئەگەر (پ د ك) و (ی ن ك) ش بۆ ئەوەی (PKK) تەسفیە ببێت هاوکارییان وەرنەگرتبایە و بەو هاوکارییە مەزن نەبوونایە، هەروەها ئەمریکاش هاوکاری (پ د ك) و (ی ن ك)ی

نەکردبایـە. ئـەوا هـیچ کاتێـك (پ د ك) و (ی ن ك) هێنـدە مـەزن نـەدەبوون، هێنـدەش لەباشـوور نەدەبوونـە هێـز، ئـەو حکومـەت و دەوڵەتـەش لەباشـوور دروسـت نـەدەبوو. پێویستە ئەو راستییە هەر کەسێك باش بیبینێت، کە ئـەوەی لەباشووردا دروستبووە خەبات و رەنجی (PKK)یشی تێدایە، پێویستە هـەم پارتـەکانی باشـوور، هـەموو تـاکێکی گەلەکەشمان ئەو راستییە بزانێت. ئەگـەر (PKK) نەبایـە، بۆچی پـێش (PKK) تورکیـا پەیوەندی خـۆی لەگـەڵ (پ د ك) و (ی ن ك) خـۆش نـەدەکرد و توانـستی بـەوان نـەدەدا و رێگەی ئەنقەرەی لەوان نەدەکردەوە و پاسپۆرتی سووریـان پێنـەدەدا و رێگـەی دونیـای بۆئەوان نەدەکردەوە، چەك و ئازووقە و پارەی بەوان نەدەدا؟! ئەمانە هـەمووی بۆئـەوە بوو کە (PKK) لەجیهاندا گۆشەگیر بکەن و زەبر لە (PKK) بدەن و بێکاریگەری بکەن. ئەگەر تورکیا ئەو ئیمکانییاتانەی دایە (پ د ك) و (ی ن ك) بۆ ئەو مەبەستە بوو. (پ د ك) و (ی ن ك) لەسەر ئەو توانستانە مەزن بوون. (PKK) هـەنگاوێکی چەوتی زۆر گـەورەی بـەتورکیا هاوێـشت. ئەگـەر تورکیـا ئـەو کاتـە هاوکـاری (پ د ك) و (ی ن ك)ی کـرد و پەرلەمانی باشووری پەسندکرد و لەسەر ئەو بنەمایەش لەباشـووردا حکومـەت دامـەزرا، ئەوا هەموو ئەو هەنگاوانە (PKK) بەتورکیای هاوێشت. هەنگاوی وەها چەوتی هاوێشت بۆ ئـەوەی گوایـە (PKK) تەسـفیە بکـات، چـەندە ئـەو هـەنگاوەی هاوێـشت نـەیدەتوانی (PKK) تەسـفیە بکـات، هـەنگاوی زیـاتری لـەم رووەوە دەهاوێـشت، بەمـەش هاوکـاری زیـاتری (پ د ك) و (ی ن ك)ی دەکــرد. بۆیـــە بـــەم هاوکارییـــە (پ د ك) و (ی ن ك) زۆر بەهێزتر دەبوون و بوونە حکومەت. راستی مەسەلەکە وەهایە، ئەمرۆ تورکیاش دان بەم هەڵە مەزنەی خۆیدا دەنێت، دەڵێـت:" ئێمـە خواسـتمان کـەوا کورد بـەکورد بێکاریگـەر بکەین، بەمشێوەیە خۆمان لەو بەڵایە رزگار بکەین، بـەڵام بەداخـەوە ئێمـە هەڵـەی زۆر گـەورەمان کـرد" دەڵێـت:" ئێمـە بەدەسـتی خۆمـان دەوڵـەتی کوردمـان ئـاواکرد. ئـەو هەڵەیـەش بـەهۆی (PKK)وە تێیکـەوتین... ئێمـە خواسـتمان (PKK) تەسـفیە بکـەین، چـەندە ئێمـە دەمانخواسـت تەسـفیەی بکـەین، زیـاتر هاوکـاری بـاکووری ئێراقمـان کـرد، ئیدی بەمشێوەیە باکووری ئێراق(١) بووە دەوڵەت و بۆی دەرچوون"، ئێـستا خۆیـان دان بەمـەدا دەنێن. سەرۆك کاتێك دەستگیرکرا گووتی:" لەوانەیە شەخـسی مـن زەرەر بکـەم، بـەڵام مـن کـوردانم بـەقازانج گەیانـد" ئەمـە زۆر راسـتە. (PKK) و سـەرۆك قـازانجی

مەزنیان بەکوردان گەیاند. ئەگەر ئەمڕۆ لەباشووردا ستاتۆیەکی کوردان دروستبووە ئەوا لێرەدا رۆڵێکی مەزنی (PKK) هەیە. ئەو دەوڵەتەی بەدەستی تورکیا بەدروستکردن دا، تورکیای خستە هەڵەوە و هەنگاوی هەڵەی بە تورکیا هاوێشت، لە ئەنجامی ئەو هەنگاوە هەڵانەی تورکیاوە (پ د ك) و (ی ن ك) مەزن بوون و ئەو ستاتۆیە دروستبوو. پێویستە هەر کەسێك ئەو راستییە بزانێت.

ئیدی لەساڵی (١٩٩٥)دا کاتێك تورکیا "**ئۆپەراسیۆنی پۆلایین**"ی ئەنجامدا، هەم بە رازیبوونی ئێراق و ئەمریکا بوو، هەمیش بەئاگاداری (پ د ك) و (ی ن ك) ئەو ئۆپەراسیۆنەی ئەنجام دا. (پ د ك) بەنهێنی لەو ئۆپەراسیۆنە جێی گرت، ئیدی ئەگەر لەساڵی (١٩٩٥)دا لەنێوان ئێمە و (پ د ك)دا شەڕ دەرکەوت، لەبەر ئەم هۆیە بوو. هەڵبەتە "**رێککەوتنی دبلن**"یش ئەو ئامانجەی هەبوو. واتا دەیانخواست (PKK) لەباشوور تەسفیە بکەن، تەنانەت نەك هەر لە باشووردا، بەڵکو (PKK) بەتەواوی تەسفیە بکەن، سەرەتاش لەباشووردا دەستیان پێکرد. ئەگەر لەنێوان ئێمە و (پ د ك) شەڕ بەرپا بوو و پاشان لەنێوان ئێمە و (ی ن ك) شدا شەڕ روویدا هەمووی تورکیا و ناتۆ (NATO) لەپشتییانەوە بوون، کە دەیانخواست (PKK) تەسفیە بکەن، بۆیە ئەو شەڕانە هەمووی روویاندا. ئێمە لەشەڕ هەڵدەهاتین و نەماندەخواست شەڕ بکەین، چونکە ئێمە ئەو شەڕانەمان نە لە بەرژەوەندی خۆماندا و نە لەبەرژەوەندی ئەو پارتانەشدا دەبینی، لەبەرژەوەندی گەلەکەشماندا نەدەبینی، ئێمە دەمانخواست هەموو وزە و توانستی خۆمان لەدژی دووژمن بخەینەگەڕ، بەڵام هەرچییەکمان دەکرد و دەکرد نەماندەتوانی یەخەی خۆمان لەوان رزگار بکەین... بۆیە ئەو شەڕانە روویان دەدا، لەو شەڕانەشدا ئێمە و ئەو پارتانە و گەلی کوردستانیش زۆر زەرەرمان پێگەیشت، ئەمەش راستییەکە، ئەو کاتە پارتییەکانی باشوور دەیانگووت:" ئێمە ناچارین، هیچ توانستمان نییە، تەنیا رێگەمان بەسەر تورکیاوەیە. ئێمە ناتوانین بۆخاتری (PKK) پەیوەندی خۆمان لەگەڵ تورکیا خراپ بکەین و ئەو دەرگایە بەرووی خۆماندا دابخەین" ئەوان بەمشێوەیە بیانوویان دەهێنایەوە و روونکردنەوەیان دەدا. ئێمە هیچ کاتێك لەدژی پەیوەندییەکانی ئەوان نەبووین، بەڵام ئێمە لەدژی ئەو پەیوەندییانە بووین کە لەسەر حیسابی ئێمە

لەگەڵ داگیرکەران پەرەیان پێدەدا و لەسەر بنەمای دووژمنایەتی و شەڕ و تەسفیەکردنی ئێمە بەڕێوەیان دەبرد.

ئەو ئاگربەستەی رادەگەیەنرێت هەم لەبەرامبەر تورکیا و هەمیش لەبەرامبەر (پ د ك) و هەم وەك سەرۆك ئاپۆش ئەو کاتە گووتەنی؛ لەبەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پراکتیکیش ئاگربەست راگەیەنرا. ئەو ئاگربەستە هەمەلایەن و فرە رەهەندەی (١٩٩٥) چۆن لێکدەدرێتەوە؟

راستە سەرۆك دووەمین ئاگربەستی راگەیاند هەم لەبەرامبەر تورکیا و (پ د ك) و هەمیش لەبەرامبەر ئەو کادیرانەی نێو (PKK) کەوا چەتەگەرێتییان بەبنەما وەردەگرت. ئاگربەستێکی بەمجۆرەی راگەیاند. بۆچی لەبەرامبەر تورکیا ئاگربەستی راگەیاند؟ چونکە سەرۆك نەیدەخواست شەڕ بەردەوام ببێت، بەڵکو دەیخواست ئیدی کێشەی کورد بەرێگەی دیالۆگ و ئاشتی و دیموکراتیانە چارەسەر بکات. بۆ ئەو مەبەستە جارێکی دیکە ئاگربەستی راگەیاندەوە. لەنێو تورکیاشدا هەندێك دەیانخواست سەرۆك ئاگربەست رابگەیەنێت، بۆ ئەوەی کێشەی کورد بەرێگەی دیالۆگ چارەسەر بکرێت. سەرۆك رێزی لەم داخوازییەش گرت و بەهای پێدەدا. بۆیە لەکۆتایی ساڵی (١٩٩٥)دا ئەو ئاگربەستەی راگەیاند.

سەبارەت بەو ئاگربەستەی لەبەرامبەر (پ د ك)ش راگەیەنرا ئەوەبوو، ئەو کاتە شەڕێکی مەزن لەنێوانماندا بەرپابوو، سەرۆك نەیدەخواست لەوە زیاتر بەردەوام ببێت. لەئاکامی ئەو ئاگربەستەدا رێککەوتنێکیش لەنێوانماندا بەدیهات. ئێمە شەڕمان راگرت، نەك هەر تەنیا ئەو شەڕەمان راگرت، بەڵکو خواستمان راگرتنی ئەو شەڕە بکەینە هۆی ئەوەی پەیوەندی لەنێوانماندا پێشبکەوێت و ئەو تەخریباتانەی شەڕەکەش نەهێڵین و یەکێتییەکی تۆکمە لەنێوانماندا پێشبخەین. هەروەها کولتوورێکی نوێش لەنێو کورداندا پێشبخەین، ئەمە بکەینە هۆکارێك بۆ نەهێشتنی شەڕ لەنێو کورداندا، کولتوورێکی وەها پێشبخەین کە بڵێن:" ئیدی بڕوانن شەڕێکی مەزن لەنێوانیاندا

بەرپابوو، بەلام ئێستا بەیەکەوە کاردەکەن چیتر شەڕ لەدژی یەکتر ناکەن..." ئێمە هەوڵمان بۆئەوە دەدا.

بێگومان دەوڵەتی تورکیا نەیدەخواست کەوا ئەمە پێشبکەوێت، هەمیشە دەیخواست (پ د ك) و ئەوانی دیکە بوروژێنێت، ئێمە بوروژێنێت، بۆ ئەوەی هیچ کاتێك پەیوەندی لەنێوانماندا پێشنەکەوێت، گێرەشێوێنی (پراواکسیۆن)یان دەکرد، بۆیە سەرۆك گووتی:" ئەو ئاگربەستە بۆ (پ د ك)ش رادەگەیەنم" واتا بۆ ئەوەی نەکەونە نێو گێرەشێوێنییەکانی تورکیاوە، بۆ ئەوەی ئیتر شەڕ روونەداتەوە و هەموو کێشەکان بە ئاشتی چارەسەر بکرێت. چونکە ئێمە لەوە دەترساین کە ئەو گێرەشێوێنییانەی تورکیا سەربگرێت. لەبەر ئەوەی لەهەندێك ناوچەشدا هەندێك کێشە لەنێوانماندا دەرکەوتبوو و (پ د ك) تەنگەناوی دەکردین، ئێمە دەترساین دیسان قۆناخێکی دیکەی شەڕ دەستپێدەکاتەوە، سەرۆك بۆ ئەوەی رێگیری لە هاتنەئارای دۆخێکی وەها بکات ئەو ئاگربەستەی راگەیاند.

هەروەها سەرۆك گووتی:"من لەبەرامبەر (PKK) و کادیرانی (PKK)ش ئاگربەست رادەگەیەنم" بۆچی وەهای گووت؟ چونکە لەناو (PKK)شدا هەندێك کادیر هەبوون وەك "شەمدین ساکیك" و ئەوانە کە پێفازۆییەکەیان پووچەڵ دەکردەوە. سەرۆك دەیخواست رەوشەکە بەلای دیالۆگی سیاسی رابکێشێت، ئەوانەش تێکیان دەدا، هەموو ئەو هەوڵ و کارانەی سەرۆك پێشیدەخست ئەوان پووچەڵیان دەکردەوە، هەموو ئەو رەنجەیان دەخستە خزمەتی دووژمنەوە، ئەمەش مەترسی بۆ سەر تەڤگەر دروست دەکرد، ئیدی بۆیە لەبەرامبەر ئەوانەش سەرۆك شەڕێکی پێشدەخست، لەو شەڕەدا گووتی:" من بۆ ئێوەش ئاگربەست رادەگەیەنم" واتا ئیدی دەستبەرداری ئەو کار و رەفتارە خراپانەی خۆتان بن، بەمشێوەیە چەتەگەرێتی نەکەن، دەستپێکردنی قۆناخێکی نوێ پووچەڵ نەکەنەوە، رەنجی من بەفیرۆ مەدەن" ئەوە بۆ ئەم مەبەستەبوو. بێگومان ئەو هەنگاوە هەنگاوێکی مێژوویی بوو، بەداخەوە، هەرچەندە سەرۆك خواستی ئەو هەنگاوە بهاوێژێت، بەلام زێدە ئەنجامگیر نەبوو، تورکیاش لەبەرامبەر ئەو ئاگربەستە هەنگاوی نەهاوێشت، ئەو چەتانەی ناو ئێمەش کەسانی وەك "ساکیك" دەستبەرداری کار و رەفتاری چەتەگەرێتی خۆیان نەبوون، بەلکو زیاتر

پێداگریان لەسەر دەکرد و دەیانخواست قووڵتریشی بکەنەوە. خواستمان لەگەڵ (پ د ک)ش پەیوەندییەکی تۆکمە پێشبخەین. بەڵام (پ د ک) نەهاتە نێو پەیوەندییەکی وەهاوە، بەردەوام مەسافەیەکی لەنێوانماندا هێشتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو مەسافەیەی هێشتبۆوە، هەڵبەتە لەساڵی (١٩٩٧)دا جارێکی دیکە لەگەڵ تورکیا پێکەوە هاتنە سەر ئێمە. سەرۆك دەیخواست رێ لەبەردەم ئەو رووداوانە بگرێت و بۆ ئەوەی جارێکی دیکە شەڕ لەنێوانماندا روونەداتەوە و یەکێتییەکی بەهێز لەنێوانماندا پێشبکەوێت و کولتوورێکی تۆکمە لەنێوانماندا پەرەی پێبدرێت، بۆ ئەوەی هەموو توانستی کوردان بکەوێتە خزمەتی کێشەی کورد و چارەسەر کردنییەوە.

ساڵی ١٩٩٦

ئەو ساڵەی هەموو مێژووی لەخۆیدا چڕکردەوە...!!

لە(٦)ی ئایاری ساڵی (١٩٩٦)دا پیلانگێڕییەك لەبەرامبەر سەرۆك ئاپۆ پێشدەکەوێت، کە لە "شام" دا ترومبێلێکی بۆمبڕێژکراو لەنزیك ئەو شوێنەی مەزەندە دەکرا لەوێ بێت، تەقییەوە. ئەو پیلانە مەزنە لەلایەن چ لایەنێکەوە بەرنامەڕێژ کرا و جێبەجێ کرا؟ ئەو کاتە باس لەهەبوونی "دەستی کوردان"یش لەو پیلانگێڕییەدا دەکرا، کە دەستی کوردانیش لەنێو ئەو مەسەلەیەدا هەبووبێت، مەزەندەیەکی وەها دەکرا. ئەو پیلانگێڕییە تا چەند پەیوەندی بەپیلانگێڕییەکانی پێش و دوای ئەو پیلانگێڕییەوە هەیە؟ ئایا دەکرێت ئەو پیلانگێڕییە وەك ئەڵقەیەکی نێوان چەندین پیلانگێڕی دیکەی ئەنجامدراو لەقەڵەم بدرێت؟

بێگومان ئەو هەوڵی تیرۆرکردنە کە لە (٦)ی ئایاری (١٩٩٦)دا ئەنجامدرا، وەك پیلانگێڕییەك زۆر هێز و لایەن جێگەی خۆیان تێداگرتبوو، دەوڵەتی تورکیا، دەوڵەتی ئیسرائیل، لەناو دەوڵەتی سوریاشدا هەندێك کەس هەبوون، لەناو کورداندا هەندێك

کەس و لایەن هەن. ئەو پیلانگێڕییە بەمجۆرە داڕێژرابوو، دەیانخواست بەم پیلانگێڕییە چیبکەن؟ دەیانخواست سەرۆك لەناوببەن و ئەمەش بکەنە هۆکاری شەڕێکی مەزن و گشتگیر لەنێوان ئێمە و تورکیادا، واتا ئەوانەی لەو پیلانگێڕییەدا بەشداربوون دەیانخواست بەم ئامانجە بگەن. لە تورکیاشدا ئەوانەی لەگەڵ هێز و لایەنەکانی دیکەدا پێکەوە ئەنجامیاندا دەیانخواست بەمشێوەیە سەرۆك بکوژن و لەسەر ئەمەش گوایە سیاسەت دەکەن و دەسەڵاتدارێتی خۆیان بەهێز دەکەن، ئەمەش حیساباتی ئەوان بوو.

لەبنەڕەتدا ئەو پیلانگێڕییە کەسانی وەك "**تانسۆ چیلەر، دۆغان گۆرەش و محەمەد ئاغار**" دایانڕشتبوو، ئەوانە ئەو کەسانەبوون کەوا لەبنەمادا شەڕێکی قڕێژیان لەدژی (PKK) بەڕێوە دەبرد و لەو شەڕەشدا سوودمەند بوون، تورکیا بەم شەڕە زەرەرمەند دەبوو، کوردان زەرەرمەند دەبوون، بەڵام ئەوانە قازانجیان دەکرد و پێی سوودمەند دەبوون، هەم لەرووی سیاسی و هەمیش لەرووی ماددییەوە، رانتخۆر (غەنیمەتخۆر)ی ئەو شەڕەبوون و بەو غەنیمەیەی دەستیان کەوتبوو، دەیانخواست سەرۆك بکوژن، ئەم کوشتنەش بۆخۆیان بکەنە سەرمایەك و لەرێگەیەوە شوێنگەی خۆیان لەدەسەڵاتدا بەهێزتر بکەن و بەتەواوی دەسەڵاتدارێتی خۆیان لەسەر تورکیا بسەپێنن.

ئەوانی دیکەش دەیانخواست بەم کوشتنە شەڕی نێوان (PKK) و تورکیا دژوارتر و ،نتر ببێت. چونکە هەموو کەس لەسەر ئەو شەڕە سیاسەتیان دەکرد، بەرژەوەندی ئەوان لەمەدابوو. بۆچی؟ چونکە لەو قۆناخەدا لەنێوان ئێمە و هەندێك دەوروبەری نێو تورکیادا هەندێك پەیوەندی پێشدەکەوت...

بۆ نموونە؛ لەگەڵ "**ئەحمەددین ئەربەکان**" و ئەوان هەندێك پەیوەندی پێشدەکەوت، ئاڵوگۆڕی نامە لەنێوانماندا هەبوو، بەراستەوخۆ نەبوو، بەڵکو بەرێگەی هەندێك کەناڵەوە ئەو نامانە دەهاتن و دەچوون. ئیدی ئەوانەی کەوا بەشداری پیلانگێڕییەکە ببوون بەمەیانزانی، ئەوانە بینیان کەوا سەرۆك ئیدی دەخوازێت مەسەلەکە لەچوارچێوەی شەڕ دەربخات و بەرێگەی سیاسی کێشەی کورد چارەسەر بکات و پێداگری لەسەر ئەمە دەکات. چونکە لە (١٩٩٥)دا ئاگربەستی راگەیاندبوو، هەرچەندە ئاگربەستەکە ئەنجامگیریش نەبوو، بەڵام سەرۆك پێداگری لەسەر ئەو ئاگربەستە

دەکرد و لەساڵی (١٩٩٦)یشدا کاتێك لەنێوان ئێمە و "ئەربەکان" پەیوەندی دورستبوو و نامە دەهات و دەچوو، ئەو هێزانە بینیان کە سەرۆك سوورە لەسەر ڕێگەچارەی ئاشتیانە و ئیدی ناخوازێت شەڕ بەردەوام ببێت و دەخوازێت ڕێگەی ئاشتی و دیالۆگ بکاتەوە. ئەگەر کێشەی کورد بکەوێتە سەر ڕاستەڕێی دیالۆگ و ئاشتی ئەوانەی کە لەسەر شەڕی (PKK) و تورکیا سیاسەت دەکەن و بەرژەوەندییان لەو شەڕەدا هەیە، ئەوا ئەو توانستە هەمووی لەدەست دەدەن، بۆیە نەیاندەخواست شەڕ ڕابوەستێت و کۆتایی پێبێت. لەبەر ئەوە خواستیان سەرۆك لەناوببەن بۆ ئەوەی ئەو پێڤاژۆیەی ئاشتی و دیالۆگ کەدەستی پێکردبوو پێشنەکەوێت، بەڵکو شەڕ زیاتریش دژوار ببێت، ئەو کاتە هەم تورکیا لاوازدەبێت، هەمیش دەتوانن زۆر سازش بە تورکیا بکەن. بۆ ئەم مەبەستە ئەو پیلانگێڕییەیان لەو کاتەدا ئەنجامدا.

لەو پیلانگێڕییەدا زۆر هێز و لایەن بەشداربوون، لە ئیستخباراتی یۆنانستانەوە بگرە تادەگاتە ئیستخباراتەکانی تورکیا و ئیسرائیل و هەندێك کەسانی ناو ئیستخباراتی سوریا و کەسانی کورد بەشدار ببوون. ئەوانە هەموویان هەبوون. چونکە سوریاش لەسەر ئەو شەڕە دەژیا، ئیسرائیل و یۆنانستانیش لەسەر ئەو شەڕە دەژیان، هەندێك لە کوردانیش لەسەر ئەو شەڕە دەژیان. ئیدی ئەگەر شەڕ ڕابوەستایە ئەوانە هەموویان زەرەرمەند دەبوون. بۆیە بەگوێرەی ئەوانە پێویستە شەڕ ڕانەوەستێت. ئەمەش چۆن دەبێت؟ کاتێك کە سەرۆك بکوژرێت ئیدی شەڕ ڕاناوەستێت. چونکە دەبینن کەوا سەرۆك لەسەر تەڤگەر باڵادەستە و تەڤگەر بەرەو ئاشتی و دیالۆگ دەبات، ئەگەر سەرۆك لەناوببەن ئەوا دەتوانن ڕێگیری لەمە بکەن. ئەو پیلانە بۆ ئەو مەبەستە بوو. واتا پیلانێکی مەزن بوو.

بەڵام ئەو پیلانگێڕییە سەرنەکەوت. بۆچی سەرنەکەوت؟ چونکە ئەوەی بۆمبایەکەی دەتەقاندەوە مەفرەزەیەکی دەوریەی سوریای بینیبوو بۆیە پەلەی کردبوو و بەتەواوی ئامانجی خۆی نەپێکابوو... ئیدی ئەگەر ئەو پیلانگێڕییە ئامانجی خۆی بپێکابایە و ئێمە شەڕمان مەزن بکردبایە ئەوا ئەو هێز و لایەنانە لەو شەڕەدا زۆر سوودمەند دەبوون، ئەوانەی کە دەیانخواست گورز لە (PKK) بدەن، بەم پیلانگێڕییە دەیانخواست ئیرادەی تەڤگەر بشکێنن. چونکە کە سەرۆکیان لەناوبرد دەتوانن لەسەر ئەمە هێرشێکی

مـەزنیش بکەنــە ســەر گــەریلا، کــە ئامادەکارییــەکی بەمجۆرەشــیان هــەبوو. واتــا لەپیلاننامەی ئەواندا ئەوە بوو کە زەبریان لەسەرۆك دا ئەوا هەژاندنێك لەسـەر گـەل و گەریلا و (PKK) دروستدەکات، ئۆپەراسیۆنێکی مەزنیشیان ئەنجامدابوو. بۆ ئەوەی بەو ئۆپەراسیۆنەش زەبر لە (PKK) و گەریلا بدەن، بەمشێوەیە (PKK) تەسفیە بکەن.

ئیـدی لەبـەر ئـەوەی ئەمـە بەدینـەهات، ئـەوا ئـەو ئۆپەراسـیۆنانەی کـەوا ئامادەیـان کردبـوو درەنگیـان خسـت. ئۆپەراسـیۆنەکەش بـۆ پـاییزی (١٩٩٦) ئامادەیـان کردبـوو، کـە بەتەواوی زەبرێکی کوشندە لەتەفگەر بـدەن. لەبـەر ئـەوەی ئـەو پیلانگێرییانـە لەسـەر سەرۆك پووچەڵ بووەوە، ئەوا ئۆپەراسیۆنی پاییزی (١٩٩٦)شیان نـەکرد، ئیـدی بـۆ سـاڵی (١٩٩٧) بەچـڕوپڕی کەوتنــە نێـو ئامادەکارییــەوە، ئــەمجارە خواســتیان بــەتاکتیکی نــوێ جێبەجێی بکەن...

لەراستیدا ساڵی (١٩٩٦) ساڵێکی زۆر ئاڵۆز بوو، لەلایەکەوە ئـەو کاتـە دەگووتـرا کەوا (ی ن ك) پەیوەنـدی خـۆی لەگـەڵ تورکیـا بـەهێزتـر کردووە و هەوڵیدەدا لـەرێی "شـەمزینان"ەوە رێیـەکی گـومرکی بـۆ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خـۆی بکاتـەوە، لەلایـەکی دیکـەوە (پ د ك) بـەهاوکاری سـوپای رژێمـی ئێـراق لـە (٣١)ی ئابـدا (ی ن ك)یـان لـە هەولێر و سلێمانی و زۆربەی ناوچەکانی باشوور وەدەرنا. لەلایـەکی دیکەشــەوە؛ پیلانگێرییــەك بــۆ تیرۆرکردنــی ســەرۆك ئــاپۆ و تەسـفیەکردنی (PKK) ئـەنجام درا... بێگومـان ئـەو کاتـە هێـزە هاوپەیمانـەکان هـەرێمی کوردسـتانیان دەپاراسـت، کەچـی سـوپای رژێمی ئێراق تەواوی سنووری هەرێمی کوردستانی پارێزراو (خەتی ٣٦) ی بەزانـد... ئـەو کاتـە ئـەو رووداو و ئاڵۆزییانـەی سـاڵی (١٩٩٦) چۆن لێکدەدرایەوە...؟

بێگومـان سـاڵی (١٩٩٦) بـۆ کـوردان سـاڵێکی ئـاڵۆز بـوو، چـۆن تورکیـا دەیخواسـت زەبـر لـە سەرۆك بوەشێنێت، هەندێکیش دەیانخواست شەڕ لەنێوان ئێمە و تورکیادا بە گورتر بکەن، لەنێراقیشدا رژێمی بەعس و (پ د ك) لەدژی (ی ن ك) هەڵمەتێکیان کرد، (ی ن ك)ش دەیخواست پەیوەندی خۆی لەگەڵ تورکیادا دروستبکات و دەروازەیەکی ئابووری بۆخۆی بکاتەوە. لەهەمانکاتدا پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئێراندا بەهێزتر دەکرد و دەیخواست بەپشتیوانی ئەو دوو دەوڵەتە دەسەڵاتی (پ د ك) سنووردار بکات و ئەو رێگایە بۆخۆی بکاتەوە. (پ د ك)ش ئەوەی بینی، ئەگەر ئەو پەیوەندییەی (ی ن ك) لەگەڵ تورکیا پێشبکەوێت ئەوا بۆ (پ د ك) باش نابێت، بۆ رژێمی ئێراقیش باش نابێت، رژێمی ئێراق و (پ د ك) کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە بتوانن رێگیری لەمە بکەن. بۆیە هێرشیان کرد و (ی ن ك)یان لەشاری هەولێر وەدەرنا. واتا بۆ کوردان باروودۆخێکی زۆر مەترسیدار بوو؛ هەرکەس و لایەنێك دەیخواست لەسەر حیسابی کوردان حیساباتی خۆی پێشبخات.

بۆنموونە؛ ئەمریکاش دەیتوانی نەیهێشتبایە سوپای رژێمی ئێراق بکەوێتە ناو هەولێرەوە، بەڵام ئەو دەرگایەی بۆکردەوە و رێگەی بە ئێراق دا کە بکەوێتە هەولێرەوە و (پ د ك) و ئێراق پێکەوە جموجۆڵ بکەن. بەمەش (ی ن ك)ی تەنگەتاو کرد. پاشان دیسان (ی ن ك)یان هێنایەوە باشوور. واتا ئەمریکا بەم تاکتیکەی خواستی کوردان بەتەواوی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. ئەمە بۆ ئەو مەبەستە بوو. ساڵێك بوو بۆ کوردان پڕ لەمەترسی بوو. ئەو کاتە هەندێك لەو مەترسیانە کوردانیشی دەرباز دەکرد، واتا دەستی ئەمریکا، ئیسرائیل، یۆنانستان، ئێران، ئێراق، تورکیا، سوریا و هەموو لایەنێکی تێدابوو. ئەگەر ئەم هەموو دەستانەی تێدا بێت ئەوا مسۆگەر مەترسییەکانیش مەزن دەبن...

لەساڵی (١٩٩٦ ــ ١٩٩٧)دا تەڤلیبوونێکی زۆر و بەرفراوانی خەڵکی باشوور، بەتایبەتی گەنجان، بۆ ناو ریزەکانی (PKK) هەبوو، هەر

لـەو كاتەشـدا ئۆپەراسـیۆنێكی مـەزن لـە (١٤)ی گـوڵانی (١٩٩٧)دا لەباشـوور دژی (PKK) ئەنجامـدەدرێت، لەهەولێریـشدا لـە (١٦)ی گوڵانی (١٩٩٧) دا كۆمەڵكوژییـەكی گـەورەش روودەدات. ئیـدی دوای ئەمە شەڕ زۆر فراوانتر دەبێت.. لێرەدا دەكرێت چ هەڵسەنگاندنێك بۆ رووداو و ئاڵوگۆڕەكانی ساڵی (١٩٩٧)دا بكرێت؟ هەم تەڤلبوونێكی بەرفراوانی كچ و كوڕانی باشوور بۆ ناو ریزەكـانی (PKK) هەیـە، هەمیش شەڕ و قەتلوعام و ئۆپەراسیۆنی مەزنیش لەئارادان...!!

بۆچی لەساڵی (١٩٩٧) لـە باشـووردا تـەڤلیبوونێكی بەهێز بـۆ (PKK) هاتـەئاراوە؟ لەبـەر ئـەوەی (PKK) وەكو ئومێـدێك بینـرا. بۆیـە تـەڤلیبوونێكی وەهـا هاتـە ئـاراوە. بۆچـی (PKK) لەهەموو كاتێك زیـاتر ئـەو كاتـە بـووە ئومێـدێك؟ چونكە (ی ن ك) و (پ د ك) و ئیسلامییەكان لەگەڵ یەكتردا شەڕیان كرد و پارچەبوونێكیان دروستكرد، باشـوور لـەناو خۆیـدا ببـوو بـە دوو كەرتـەوە، حكومـەت ببـوو بـەدوو حكومەتـەوە. ئیـدی (پ د ك) پەیوەندی لەگەڵ ئێراق سازدا و بەیەكەوە هاتنەسەر (ی ن ك) و (ی ن ك)یـان لـە هـەولێر وەدەرنـا. ئەمانـە هـەمووی لـەناو گەلـدا بـێ باوەڕییـەكی مـەزنی لەبەرامبـەر پارتـەكانی باشوور دروست كرد. بۆیە (PKK)یان وەكو ئومێدێك بینی. چونكە بینیان كەوا (PKK) هێـڵ و رێبـازێكی سـەربەخۆ بەبناخـە وەردەگرێـت، (PKK) بـەهیچ شـێوەیەك بەكرێگیراوێتی بۆ داگیركەران و هێزەكانی دیكە ناكات و لەگەڵ داگیركەراندا نابێتە یەك و هێرش ناباتە سەر كوردان.

بۆ نموونە؛ لەنێوان (PKK) و ئـەو هێزانەشـدا چەنـدین جـار شـەڕ روویـدا، بـەڵام هـیچ كاتێـك (PKK) پەیوەنـدی لەگـەڵ داگیركـەران دروسـتنەكرد و بـەهاوكاری داگیركـەران هێرشی نەبردە سەر پارت و هێزێكی دیكەی كورد. كەچی لەشەڕی نێوان ئـەو پارتانـەی باشـووردا لـەنێوان خۆیانـدا و لـەدژی (PKK)دا هەمیـشە بەئاشـكرا پەیوەنـدی لەگـەڵ داگیركـەران دروسـت دەكـەن و هەمیـشە بەیەكـەوە هێـرش و جموجـۆڵ دەكـەن. تـەنیا

(PKK) ئەمەی نەکرد. خەڵکی باشوور ئەمەی بینی، بینیان کە (PKK) خەت و رێبازێکی سەربەخۆ و ئازاد بەبناخە وەردەگرێت و بەهێزی خۆی جموجۆڵ دەکات، بەڵام پارتەکانی دیکە خاوەن ئازادی خۆیان نین، بە بەردەوامیش دەکەونە خزمەت داگیرکەرانەوە و لەگەڵ داگیرکەراندا جموجۆڵ دەکەن و دێنە سەر کوردان. هەر بۆیە (PKK)یان بۆخۆیان وەك ئومێدێك بینی و بەرەو (PKK) هاتن و ئەو تەڤلیبوونە هاتە ئاراوە...

ئەوانەی تەڤلی (PKK)بوون؛ لە (PKK)دا راستینەی خۆیان، ئازادی خۆیان، بەرژەوەندی و کەسێتی خۆیان بینیەوە و داهاتووی خۆیان بینی. بۆیە ئەو تەڤلیبوونە بەرفراوانە دروستبوو، هۆکارەکەی ئەمە بوو. بێگومان لەساڵی (١٩٩٧)دا جارێکی دیکە دەوڵەتی تورکیا و (پ د ك) بەیەکەوە هاتنەسەر (PKK) و لە هەولێریشدا زۆر گرتن و کوشتن روویدا، کۆمەڵکوژییەکی مەزن لەوێ روویدا. ئەو کاتە (PKK) پەیوەندی خۆی هەم لەگەڵ (ی ن ك) و هەمیش لەگەڵ (پ د ك)دا هەبوو. (پ د ك) لە هەولێر بەبێ ئەوەی شەڕ ببێت هاتەسەر (PKK) و زۆر هەڤاڵ و دۆستیان شەهیدکرد و ئەوانەی دیکەشیان دەستگیرکرد و بردیانن. گەل ئەمەی بەچاوی خۆی بینی. لە هەولێر ئەوەی کرد، نە شەڕ نە شتێکی دیکە لەئارادا نەبوو، پەیوەندیمان پێکەوە هەبوو، واتا ناحەقییەك و بێبەختییەکی مەزنی کرد. پاشان ئەوەشیان بینی کە ئەو هێزانە لەگەڵ تورکیا پێکەوە هێرشیان کردە سەرمان. ئیدی کاردانەوەی خەڵك لەبەرامبەر هەموو ئەمانەدا بەو تەڤلیبوونەی خۆیان گوزارشتیان لێکرد و دەریانبڕی.

بێگومان ئەگەر تەڤلیبوونەکانی ساڵی (١٩٩٧) ئەوەندە زۆر و بەرفراوان بوو، هۆکارێکیشی ئەمە بوو. واتا خەڵك بینی کە (پ د ك) و تورکیا بەیەکەوە جموجۆڵ دەکەن و ئەو خەڵکەش خواستیان لەگەڵ (PKK) جموجۆڵ بکەن. واتا خواستیان پشتیوانی لە (PKK) بکەن و خواستیان کە (PKK) لاواز نەبێت. چونکە بینیان کە (پ د ك) و تورکیا دەخوازن گورز لە (PKK) بوەشێنن، ئەگەر گورزیش لە (PKK) بوەشێنرێت ئەوا گورز لەئومێدی ئەوان و داهاتووی ئەوان دەوەشێنرێت. ئیدی بۆ ئەوەی ئومێدی ئەوان نەکوژێتەوە تەڤلی ریزەکانی گەریلا بوون تاکو (PKK) لاواز نەبێت، ئەمە بۆ ئەو مەبەستە بوو. بێگومان ئەم تەڤلیبوونەی (١٩٩٧) زۆر واتادار بوو و بەهایەکی پڕ مەزنی

خۆی هەیە، ئەمە هەڵوێستێکە و هەڵوێستێکی وڵاتپارێزییە، هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕییە لەدژی خیانەت و داگیرکەری.

لێرەدا شەڕی (١٩٩٧) گرنگە، ئەو هێرشەی لەبەهاری (١٩٩٧) لەدژی (PKK) ئەنجام درا، لەبنەڕەتدا دەبووایە لەکۆتایی ساڵی (١٩٩٦)دا ئەنجام بدرابایە. ئەمە ئەگەر ئەو پیلانگێڕییەی لەبەرامبەر سەرۆك ئەنجامدرا ئەنجامگیر ببووایە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەنجامگیر نەبوو، ئەوا ئەو ئۆپەراسیۆنەیان بۆ بەهاری (١٩٩٧) درەنگ خست، بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆنێکی بەهێزتر و مەزنتر ئەنجام بدەن، تاکو بتوانن ئەنجام بگرن. چونکە ئەو ئۆپەراسیۆنەی بۆ کۆتایی ساڵی (١٩٩٦) ئامادەیان کردبوو و حیسابیان بۆکردبوو دەیانخواست یەکسەر لەدوای کوشتن و لەناوبردنی سەرۆك ئەنجامی بدەن. ئەوانە دەیانگووت:" ئەگەر ئاپۆ لەناوچوو ئەوا ئیرادەی گەریلا تێکدەشکێت، ئەگەر هێرشی بۆبکەین ئەوا زێدە بەرخۆدانی ناکەن و دەتوانین گورزیان لێبوەشێنین..." کاتێك کە بینیان سەرۆکیان نەکوشتووە، بەو ئامادەکارییەی کە کردبوویان نەیاندەتوانی هێرش بکەن و ئەنجامگیر ببن، بۆیە پێویستبوو بە ئامادەکارییەکی بەهێزترەوە هێرش بکەن، ئینجا دەتوانن ئەنجام بگرن.

ئیدی ئۆپەراسیۆنی بەهاری (١٩٩٧)یان لەسەر ئەو بنەمایە ئەنجام دا. ئەو ئۆپەراسیۆنەش ئۆپەراسیۆنێکی پڕ مەزن بوو، لەگەڵ (پ د ك) پێکەوە هاتنە سەرمان، ئۆپەراسیۆنێکی زۆر مەزنیان ئامادەکردبوو، دەیانخواست زەبرێکی مەزن لە گەریلا بدەن، کە لەسەر ئەو بنەمایە پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی بەڕێوە ببەن. چونکە بینیان "هەموو شێوازێکیان گرتەبەر کەچی ئەنجامگیر نابن، تا سەرۆکیش بێکاریگەر نەکەن ناتوانن ئەنجامگیر ببن" چونکە کە "شاهین دونەمز" لەشاری ئەلعەزیز دەستگیرکرا و تەسلیم بوو و خیانەتی کرد. ئەو کاتە(٢) چی گووتبوو؟ گووتبووی:" ئەگەر ئێوە ئاپۆ نەگرن و تەسفیەی نەکەن، هەرکێیەك بگرن و چەندەشیان بگرن هیچ ئەنجامێکی خۆی نییە، تا ئاپۆ ساخ بێت و لەدەرەوە بێت دەتوانێت دە (PKK)ی تر ئاوا بکاتەوە". هەروەها دیسان کە لەساڵی (١٩٩٨)دا "شەمدین ساکیك" هەڵات و خیانەتی کرد ئەویش هەمان شتی گووتبوو و گووتبووی:" ئێوە تا ئاپۆ لە شام دەرنەخەن و بێکاریگەری نەکەن ناتوانن ئەنجام بەدەستبخەن" ئیدی دەوڵەت هەموو شێوازێکی بەکارهێنا بۆ

ئەوەی ئەنجام بەدەستبخات، بینیان کە نابێت، ئیدی لەبنەڕەتدا سەرۆکیان کردە ئامانج. ئەو قۆناخەیان بەتەقینەوەکەی (٦)ی ئایاری ساڵی (١٩٩٦) دەستیان پێکرد، بۆ ئەوەی سەرۆك لەناوببەن و بە ئۆپەراسیۆنی (١٩٩٦) گورز لە گەریلا بوەشێنن. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەنجامگیر نەبوون ئەمجارەیان لەسەر گەریلا دەستیان پێکرد، بۆ ئەوەی گورز لە گەریلا بدەن و بتوانن فشار لەسەر سوریا زیاتر بکەن، فشار لەسەر سەرۆك زیاتر بکەن. چونکە ئەگەر گەریلا بەهێزتر ببێت و شەڕ و بەرخۆدانیان بەهێز و دوژوار ببێت ئەوا لەوانەیە نەتوانن سوریا زۆر تەنگەتاو بکەن. لەبەر ئەوەی ئەگەر گورزیان لە گەریلا و تەفگەردا ئەوا دەتوانن فشاریش بۆ سەر سوریا زیاتر بکەن. ئەمەیان بەبنچینە وەرگرت. لەبەر ئەوەی ئۆپەراسیۆنی ساڵی (١٩٩٧) زۆر گرنگ بوو. واتا دەیانخواست پیلانگێڕی نێودەوڵەتی ئەمجارەیان بەو ئۆپەراسیۆنە و بە تاکتیکی دیکە، پێشبخەن. بۆیە بەهەموو هێزێکی خۆیانەوە هاتنەسەر تەفگەر تاکو گورزی لێ بوەشێنن. تەفگەریش لەبەرامبەر ئەمە بەرخۆدانێکی بەهێزی پێشخست و ئامانجی ئەوان بەدینەهات.

لەساڵی (١٩٩٧)دا "بۆتان" و "فەرهاد" لەگەڵ (ی ن ك) لەژێر ناوی ڕێککەوتنی "باکوور - باشوور" ڕێککەوتنێکیان ئەنجام دا، بۆ ئەوەی بتوانن تەفگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە. بێگومان ئەمەش بەدینەهات. چونکە لەحیسابانی ئەواندا؛ "موداخەلەی تورکیا بۆ هەرێمی ژێر دەسەلاتی (ی ن ك) نابێت، ئەگەر (ی ن ك) و (PKK) پێکەوە لەو هەرێمەدا بەرەیەکی شەڕ بکەنەوە، ئەوا دەتوانن زەبر لە (پ د ك) بوەشێنن. هەڵبەتە لە هەرێمی بادینانیش شەڕی ئێمە و (پ د ك) هەیە، لەوێش زەبری بەردەکەوێت، ئەو کاتە دەتوانن لەباشووردا بەتەواوی (پ د ك) بێکاریگەر بکەن". (ی ن ك) ئەمەی بۆخۆی بەبنچینە وەردەگرت. ئەگەر لەمەشدا ئەنجامگیر بوو ئەوا دەتوانێت "فەرهاد"یش بەسەر (PKK)دا زاڵ بکات و (PKK)ش بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، ئەو شتەی لە "زەڵێ" بەئەنجام نەگەیشت، ئەوا دەتوانن ئەو کاتە بەئەنجامی بگەیەنن. حیساباتی "فەرهاد" و "بۆتان"یش ئەمە بوو. بەرێگەی (ی ن ك)وە بەسەر (پ د ك)دا سەرکەون و کە سەریشکەوتن ئەو کاتە بڵێن:" ئەوا ئێمە شەڕمان کرد و زەبرمان لە (پ د ك) دا ماف خۆمانە لەنێو (PKK)دا زاڵ ببین" گوایە بەهاوکاری (ی ن ك)ش ئەو قورساییەی خۆیان

نیشان بدەن، بەمەش (PKK) دەخەنە دەستی خۆیانەوە. ئیدی حیساباتی بەمجۆرەیان لەسەر شەڕی (١٩٩٧) هەبوو. بێگومان بە شەڕی (١٩٩٧) نە داخوازی تورکیا بەدیهات، نە داخوازی (پ د ك) بەدیهات، نە داخوازی (ی ن ك) و "فەرهاد" و "بۆتان"یش بەدیهات. داخوازی هیچ یەکێکیان بەدینەهات. کاتێك کە بینیان بەمجۆرەش ئەنجام بەدەست ناخەن، ئیدی "رێککەوتنی واشنتۆن" یان پێشخست. رێککەوتنی واشنتۆن بۆ تەسفیەکردنی سەرۆك و (PKK)یە. هەڵبەتە هەر دوای ئەو رێککەوتنە بە بیست رۆژ، پیلانگێڕی نێودەوڵەتی دەستیپێکرد و وەدەرنانی سەرۆکیان لە سوریا خستە رۆژەڤەوە...

ئەو پراکتیکە چەتەگەرێتییەی کە شەمدین ساکیك لە "زاپ"دا بەرێوەی دەبرد، ئەگەر "شەمدین" کاراکتەرێکی وەها چەتەگەرێتی هەبوو بێت، دیارە ئەویش ئەو کاتە حیساباتێکی خۆی هەبووە...

هەڵبەتە دەوڵەت دەیخواست کە خەتی "شەمدین" لەسەر گەریلا زاڵ بکات. "شەمدین"یش لەم پێناوەدا کاری کرد. واتا هەوڵیدەدا سەرۆك بێکاریگەر بکات و تەڤگەر بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. "شەمدین" بۆ ئەم مەبەستە کاریکرد. "شەمدین" لە "زاپ" ئەو کار و هەوڵدانانەی خۆی گەیاندبووە ئاستێك لەناو تەڤگەردا دەکەوتە جموجۆڵەوە و لەدەرەوەشدا لەنێو جموجۆڵ دابوو. هەڵبەتە یەکتریان تەواو دەکرد.

بەڵام سەرۆك موداخەلەی "ناوەندی بڕیارگەی زاپ"ی کرد، موداخەلەی "شەمدین ساکیك"ی کرد، ئەو موداخەلەیە قاچی دەوڵەتی لەناو تەڤگەردا شکاند و بێکاریگەری کرد، ئەگەر سەرۆك ئەو موداخەلەیەی بۆ ناوەندی بڕیارگەی زاپ پێشنەخستبایە، ئەوا دەوڵەت و "شەمدین"پێکەوە قۆناخێکی وەهایان دەست پێدەکرد کە سەرۆك بێکاریگەر بکەن و تەڤگەر بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی سەرۆك و لەسەر ئەو رێباز و خەتە دەربخەن. "شەمدین" دەیخواست خەتی چەتەگەرێتی لەنێو گەریلادا و لە کۆمیتەی بەرێوەبەرایەتی پارتیدا زاڵ بکات. بۆ ئەو مەبەستە زۆر تەرز و شێوازیشی بەرێوە

دەبــرد. بۆیــە هەنــدێك كەســی بــە ڕێگــەی توانــستی ماددییــەوە یــان پلــە و پایــە دان بەهەنــدێكی تریــان بــۆ لای خۆیــانی ڕاكێشابوو، هــەروەها ترســی لەســەر ئــەو هەڤاڵانــە دروستكردبوو كــەوا پەیوەســتی ڕێبــاز و خــەتی تەڤگەرن و هەڕەشــە و گورەشــەی لێیــان كردبــوو، واتــا ئــەوان بترســێنێت و بێكاریگــەریان بكــات و هــەموو شــتێك بخاتــە دەســتی خۆیەوە. ئەگەر توانی لە ناوەندی بڕیارگەی زاپ بەڕێوەبەرایەتی تەواو بێكاریگەر بكات و تەڤگــەری لــەوێ خــستە دەســتی خۆیــەوە، ئــەوا بەدوایــدا دەچــووە لای ســەرۆك و پێــی دەگــووت:" ئیــدی تــۆ تــەواو، پێویــستە هــەموو شــتێك تەســلیمی مــن بكــەیت" بــۆ ئــەم مەبەستە ئەكیب (تیم)ێكیشی دروست كردبوو. بەڵام سەرۆك موداخەلەی ئەوەی كرد و نەیهێــشت "شــەمدین" تەڤگــەر بەتــەواوی بخاتــە دەســتی خۆیــەوە و لــەژێر كــۆنترۆڵ و فشاری ئەودا بێت. دەوڵەتیش هیوای بە "شەمدین" هەبوو كە "شەمدین"خـۆی و خـەتی چەتەگەریتی خـۆی زاڵ بكـات. بۆیـە لـەپێناو ئـەوەی "شـەمدین" ئەمـە بكـات، دەوڵـەت لەهەموو ڕوویەكەوە هێزی پێدەدا، تا دەهاتیش فـشار و گوشـاری خـۆی لەسـەر تەڤگـەر و سەرۆك چڕوپڕتـر دەكرد، بۆ ئەوەی سەرۆك نەتوانێت كار بكات و "شەمدین" بەمانـانی باڵادەستێتی خۆی لەناو تەڤگەردا دروستبكات. ئیدی سەرۆك ئەمەی بینی و موداخەلەی كـرد و "شــەمدین"ی بێكاریگــەر كــرد، بەمــەش ئــەو خەتــە چــەتەگەریتییە نــەیتوانی باڵادەســتێتی خــۆی لــەنێو تەڤگــەردا دروســت بكــات و خــۆی زاڵ بكــات. ئەگــەر ئەمــە ڕوویدابایە، ئەوا زۆر مەترسیدار بوو، ئەمە كۆتایی بەتەڤگەر دەهێنا. سەرۆك نەیهێشت ئەمە ڕووبدات..

لەساڵی (١٩٩٧)دا ئەو كاتە "فەرهاد" و "بۆتان" بەرپرسـیاری خـەباتی باشوور بوون. ئایا ئەوانە ئەگەری ڕوودانی هێرشێكی وەها بۆ سـەر دامودەزگاكانی تەڤگەر لەهەولێر دەكەن؟ ئەگەر ئەو ئەگەرە دەبینن بۆچـی هـیچ تـەدبیرێك وەرنـاگرن؟ ئـەو كاتـە لەهـەموو ڕوویەكـەوە هێرش هەیە و تەنانەت لەبەرامبەر سەرۆك ئاپۆش هەوڵێكی كوشتن

دراوە و سەرکەوتوو نەبووە... یان لەم رووەوە بێ تەدبیرییەك هەیە... چونکە (١٤)ی گولان ئۆپەراسیۆنی تورکیا بۆ سەر باشوور دەستی پێکردبوو، کەچی لە (١٦)ی گولاندا کۆمەڵکوژییەکە لەهەولێر روودەدات...

ئێمە نازانین کەوا تاچەندە ئەمەیان بەئەنقەست کردووە یان نا، لەم رووەوە ناتوانم شتێك بڵێم، بەڵام بیانخواستبایە دەیانتوانی ئەو هەڤاڵانەیان لەوێ دەرخستبایە. تەنانەت بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی هەیە، گوایە (پ د ك) رێگەی داوە کە هەڤاڵان دەربخەن، ئەوانە بەئەنقەست هەڤاڵانیان دەرنەخستووە" بێگومان "فەرهاد" و "بۆتان"یش دەیانگووت:" ئێمە هەندێك لەهەڤاڵانمان دەرخست و هەندێکیشمان دەرنەخست و گووتمان؛ ئێمە بەرخۆدان دەکەین و شەڕ دەکەین، بۆیە ئێمە ئەو هەڤاڵانەمان دەرنەخست" ئەوان وەهایان دەگووت. وادیارە بەئەنقەست دەریاننەخستوون، ئەگەر بیانخواستبایە دەیانتوانی لەوێ دەریانبخستنایە، ئەو توانستەش هەبوو. چونکە کە هەندێك لە هەڤاڵانیان دەرخستبوو (پ د ك) رێی پێدابوون. ئەگەر رێی پێیان نەدابایە نەیاندەتوانی ئەوانیش دەربخەن. وادیارە بەئەنقەست دەریاننەخستوون. بەگوێرەی ئەوان روونیان دەکردەوە دەیانگووت:" ئێمە ئەوانەمان بۆ بەرخۆدانکردن دەرنەخست" بێگومان ئەمە تاچەند راستە؟ یان بەئەنقەست ئەو هەڤاڵانە لەوێ بمێننەوە بۆ لەناوبردنیان بووە و ئەمەیان بەبنچینە وەرگرتووە بۆ ئەوەی (پ د ك) ئەوان لەناو ببات کە شەڕی نێوان ئێمە و (پ د ك) دژوارتر ببێت، هەڵبەتە ئەوان لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی (ی ن ك) دابوون، ناکۆکی نێوان (پ د ك) و (ی ن ك) هەبوو، بۆ ئەوەی بتوانن سوود لەمە وەربگرن، (ی ن ك)ش سوودمەند ببێت "فەرهاد" و "بۆتان"یش سوودمەند ببن... بێگومان ئێمە نازانین مەسەلەکە چۆنە. لەوانەیە ئەگەری وەهاش هەبووبێت، بەڵام ناتوانم سەدا سەد بڵێم کە بەمشێوەیەیە. واتا بۆچی وەهایان کرد من نازانم...

(PKK)

زایەڵەی ئازادی ژنانی میزۆپۆتامیایە

وەك دەزانرێت تێکۆشانی ئازادیخوازانەی ژن لەنێو تەڤگەری (PKK)دا بە چەندین قۆناخدا تێپەڕیوە؛ سەرەتا یەکێتی ژنانی وڵاتپارێزی کوردستان (YJWK) و پاشان یەکێتی ئازادی ژنانی کوردستان (YAJK) و دواتریش قۆناخی بەپارتیبوونی ژنان دێتە ئاراوە کە سەرەتا پارتی ژنانی کرێکاری کوردستان (PJKK) ئاوادەکرێت و پاشانیش پارتی ژنی ئازاد (PJA) و ئەمڕۆش پارتی ئازادی ژنانی کوردستان (PAJK) و کۆما ژنانی بلند (KJB) دادەمەزرێن. لێرەدا شرۆڤەی سەرۆك ئاپۆ و هەوڵ و تێکۆشانەکانی بۆ بەرەو پێشەوەبردنی تێکۆشانی ئازادی ژنان و بەرێکخستەکردنی ژنان لەنێو تەڤگەردا و هەمیش لەنێو گەلدا چۆن هەڵدەسەنگێرێت؟

سەرۆك ئاپۆ هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی تێکۆشانی ئەم تەڤگەرەدا سەبارەت بە ژن نزیکبوونەوەیەکی نوێی پێشدەخست، لەوانەیە ئەو نزیکبوونەوەیە لەدەستپێکدا زۆر قووڵ نەبووبێت، بەڵام ئەو کاتەی کە گفتوگۆمان لەسەر ئەوە دەکرد کەوا ئایا "کەسیرە" وەربگرین و تەڤلی ریزەکانی خۆمانی بکەین یان نا؟ ئەو کاتە لەو گفتوگۆیانەدا نزیکبوونەوەیەکی سەرۆك سەبارەت بە ژن و تێکۆشانی ئازادی هەبوو، واتا لەناو هەموو هەڤاڵاندا نزیکبوونەوەیەکی جودای پێشدەخست. تادەهات سەرۆك نزیکبوونەوە و

چەمکی خۆی بۆ ژن هەم بەرفراوانتر کرد و هەمیش قووڵتری کردەوە و گەیاندییە ئاستی فیکرێك و ئایدیۆلۆژییەك. لەسەر ئەو بنەمایە تەڤگەری ئازادی ژنیش لەنێو تەڤگەردا پێشخرا. تاکو کۆنگرەی سێیەمینی (PKK) رێکخستنێکی ژنان لەناو تەڤگەردا نەبوو، بەڵام لەسێیەمین کۆنگرەدا لەناو تەڤگەردا هەنگاوێك هاوێشترا بۆ ئەوەی تەڤگەری ژنیش ئاوا بکرێت. لەسەرەتادا ئەم تەڤگەرەی ژن لە ئەورووپادا دروست بوو، ئەو هەنگاوە لە ئەورووپادا هاوێشترا، پاشان لەناو ریزەکانی گەریلا هەمان هەنگاو هاوێشترا. دوای کۆنگرەی پێنجەمین تەڤگەری ژن خۆی لەنێو ریزەکانی گەریلادا بەرێکخستن کرد و بۆخۆی کۆنفرانسێکی سازدا. بەم کۆنفرانسە خواستی رێکخستنی خۆی لەناو ریزەکانی گەریلادا دروست بکات. دواتر دیسان بە هاوکاری سەرۆك، لەناو ریزەکانی گەریلادا "سوپای ژن" دامەزرا. واتا پەیوەست بەتەڤگەری ژنەوە "سوپای ژن" و رێکخستنی ئەو پێشخرا. لەدوای کۆنگرەی شەشەمینیشەوە، پارتیبوونی ژن لەناو تەڤگەردا پێشکەوت. واتا لەتەڤگەرێکەوە دەستپێکرد و لەناو تەڤگەردا خۆی کردە تەڤگەرێك و سوپابوونی خۆی ئاواکرد و لەسەر ئەو بنەمایەش دواتر پارتیبوونی خۆیشی تا ئەو قۆناخە هات.

سەرۆك ئاپۆ بۆچی هێندە قورسایی خستە سەر خەبات و تێکۆشانی ژن؟ چونکە بینی کە کێشەی کورد پەیوەستە بە کێشەی ژنەوە. ئەگەر تۆ کێشەی ژن چارەسەر نەکەیت ئەوا ناتوانیت کێشەی کوردیش چارەسەر بکەین. کاتێك سەرۆك خواستی کێشەی کورد چارەسەر بکات بینی کە ئەمە پەیوەستە بە ژنەوە، کاتێك خواستی کێشەی مرۆڤایەتی چارەسەر بکات دیسان ئەو کێشەیەش پەیوەستە بە ژنەوە، ئەم راستییەی بینی. بۆیە ژن و تێکۆشانی ژنی بەبنچینە وەرگرت. لە لێکۆڵینەوە تیۆرییەکانی خۆیدا، لە قووڵبوونەوەی خۆیدا بۆ ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفە بینی کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ یەکەمجار ئەوەی کە بەکۆیلەکراوە ژنە، دوای ئەوەی ئازادی ژن لەژن سەندراوەتەوە و کۆیلەکراوە، هەموو جۆرە کۆیلایەتی و دەسەڵاتدارێتییەك پێشکەوتووە. واتا بناخەی هەموو دەسەڵاتدارێتییەکان، لەناویشیدا دەوڵەت، لەسەر بنەمای کۆیلەکردنی ژن پێشکەوتووە، ئەگەر تۆ دەخوازیت کێشە مرۆڤایەتییەکان چارەسەر بکەین، پێویستە تۆ کێشەی ژن دەربخەیتە روو و چارەسەری بکەیت، بۆ ئەوەی بتوانیت کێشەکانی دیکە

چارەسەر بکەیت. چونکە سەرچاوەی هەموو کێشەکان لەکێشەی ژنەوە هاتووە، کۆیلایەتی و دەسەڵاتدارێتی لەسەر کۆیلەکردنی ژن پێشکەوتووە. مەسەلەی چینایەتی دوای ئەمە دەرکەوتووە، هەموو مەسەلەکانی دەوڵەت پاشان دەرکەوتوون.

لەبەرچی لەمێژوودا؛ زۆر تەفگەر دەرکەوتوون، کە بۆ ئازادی و دیموکراسی و عەدالەت شەڕ و خەباتیان کردووە و زۆر هەنگاویشیان هاوێشتووە، بەڵام لەئاکامدا کێشەی ئازادی و دیموکراسی و عەدالەت و یەکسانیان چارەسەر نەکردووە؟ سەرۆك بینی هۆی بنەڕەتی نزیکبوونەوەی ئەو تەفگەرانەیە لە ژن. بۆیە نەیانتوانیوە ئەو کێشانە چارەسەر بکەن. چونکە کەسیان لە کێشەی ژن تێنەگەیشتوون، بۆیە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و لەمێژوو و کۆمەڵگاش تێنەگەیشتوون، لەبنچینەدا لە کۆیلایەتی و دەسەڵاتدارێتی تێنەگەیشتوون. ئەوەی لەمانە تێنەگات ناتوانێت کێشەی ئازادی و دیموکراتی و عەدالەت و یەکسانیش چارەسەر بکات. هەروەها سەرۆك ئاپۆ بینی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا ئەوەی هەرە زێدە کەوتووە ژنە، واتا لە ژن کەوتووتر نییە، سەرۆك بینی کە لەسەر رەنج و کار زۆر لێکۆڵینەوە کراوە، بەڵام لەسەر رەنجی دایك هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ نەکراوە. ئەمە لەکاتێکدا رەنجی دایك لەهەموو رەنجێك مەزنترە. تۆ وەرە هەموو رەنجەکان شیبکەوە، ئەگەر رەنجی دایك شینەکەیتەوە ئەوا حۆن دەتوانیت شەڕی رەنج بەرەو پێشەوە ببەیت؟ شەڕێك کە بۆ رەنج پێشبخەیت کەم بێنێتەوە. لەمێژوودا لەپێناو رەنجدا زۆر شەڕ روویانداوە، بەڵام لەئاکامدا رەنج سەرنەکەوتووە. واتا گووتوویانە:" رەنج پیرۆزە" و خواستوویانە کە رێزی لێبگرن، بەڵام هیچ کاتێك بەتەواوی رێزی لێنەگیراوە. بۆچی؟ چونکە لەمەسەلەی رەنجدا تەنیا رەنجی چینایەتی لەبەرچاو گیراوە و تاوتوێکراوە. بەڵام رەنجی دایك چییە؟ کەس لەسەر ئەم بابەتە راوەستەی نەکردووە.

ئیدی چەندە سەرۆك دەیخواست کێشەی کورد چارەسەر بکات، چونکە کێشەی کورد کێشەیەکی نێودەوڵەتی و نێونەتەوەییە، بینی کە لە کوردستاندا هەر تەنیا کێشەیەکی نەتەوەیی نییە، بەڵکو کێشەیەکی مرۆڤایەتیش هەیە، چەندە دەخوازیت لە کێشەی کورد تێبگەیت و چارەسەر بکەیت و بخوازیت ئازادی و دیموکراسی و عەدالەت و یەکسانی پێشبخەیت، ئەوا پێویستە تۆ باش لەمێژوو تێبگەیت، باش لە کۆمەڵگا

تێبگەیت، باش لە دونیا و لە کێشەی مرۆڤایەتی تێبگەیت. چونکە کێشەی کورد پەیوەستە بە کێشەی مرۆڤایەتییەوە و ئاوێتەی یەکتربوونە. سەرۆك چەندە خواستی لەکێشەی کورد تێبگات و خۆی تێدا قووڵ کردەوە، هێندەی ئەمەش خواستی لەکێشەی مرۆڤایەتی تێبگات و خۆی تێدا قوولکردەوە. چەندە خواستی کێشەی کورد چارەسەر بکات، لەپێناودا دەستی بۆ کێشە مرۆڤایەتییەکانیش برد، تاکو کێشە مرۆڤایەتییەکانیش چارەسەر دەبێت؟ چونکە کێشەی کورد و کێشە مرۆڤایەتییەکان لە زۆر رووەوە تێکەڵاوی یەکتربوونە و گرێدراوی یەکترن.

بۆیە ئەو سەرۆکایەتییەی سەرۆکیش لە کوردستاندا پێشیخستووە سەرۆکایەتییەکی نوێ بوو، لە زیهنییەت و بیر و راماندا، لەتەرزی سیاسەتدا، بەتەواوی سەرۆکایەتییەکی نوێ بوو، لەو سەرۆکایەتییە باوەی هەبوو جودا بوو، بۆیە سەرۆك ئاپۆ لە کوردستاندا کۆمەڵگای ژێرەوە (خوارەوە)ی بەبناخە وەرگرت. واتا گەل، خەڵکی هەژار و نەدار، ژێردەستە و زوڵملێکراوانی بەبناخە وەرگرت، خواستی رابوون لە گەلدا بێنێتەدی. واتا دەستی بۆ کۆمەڵگای سەرەوە (ژورەوە) نەبرد. هەموو کەس لەسەرەوە دەستی بۆ مەسەلەکان برد، بەڵام سەرۆك ئاپۆ لەژێرەوە و لە رەگوڕیشەوە دەستی بۆ مەسەلەکان برد، بۆچی؟ چونکە بە زیهنییەتێکی نوێ لە گەلی کورد و کێشەی کورد نزیکبووەوە، کاتێك لەبناخە و بنەڕەتەوە دەستی بۆ کۆمەڵگای ژێرەوە برد، بینی کەوا لە کۆمەڵگای ژێرەوەدا ژن هەرە کەوتووە و لەخوارەوەی هەموویان دایە. چەندە گەلی کورد لەلایەن سیستەمی داگیرکەری و سەرمایەدارییەوە دارزێنراوە و داڕووخێنراوە، زۆر خراپیش داڕووخێندراوە، بینی کە لەناو ئەمەشدا ژن زۆر زیاتر داڕووخاوە ترە، ئەگەر تۆ بخوازیت رابوون لە گەلی کورد دا ئەنجام بدەیت ئەوا پێویستە تۆ لەژنەوە دەست پێبکەیت و رابوونی تێدا ئەنجام بدەیت. چونکە تۆ ئەوەی هەرە کەوتوون خستتە سەرپێ، ئەوا ئەوانەی دیکەش رادەبن. ئەوەی هەرە کەوتووە رابوونی زۆر زەحمەتترە، بەڵام کە رابوونیشی ئەنجامدا ئەوا زۆر بەمەزنی رادەبێت.

لەمێژووشدا؛ سەرەتا ژن داڕووخێنراوە و کەوتووە، لەسەر کۆیلایەتی ژن هەموو شێوە کۆیلایەتی و دەسەڵاتدارێتییەك ئاواکراوە و پێشخراوە. واتا لەبناخەی کێشە مرۆڤایەتییەکاندا، هەروەها لەبناخەی کێشەی کوردیشدا کێشەی ژن هەیە. ئەگەر تۆ

لەو کێشەیە تێگەیشتیت و خواستت ئەو کێشەیە چارەسەر بکەیت، ئەوا ئەو کاتە دەتوانیت کێشەکانی دیکەش چارەسەر بکەیت. ئەگەر تۆ لەو کێشەیە تێگەیشتیت و خواستت چارەسەری بکەیت، ئەوا دەتوانیت لەکێشەکانی دیکەش تێبگەیت و چارەسەریان بکەیت. ئەگەر تۆ ژنت راگردە سەرپێ ئەوا تۆ دەتوانیت کۆمەڵگا رابکەیتە سەرپێ.

سەرۆك بینی هەموو کێشەکان گرێدراوی ئەو کێشەیەن، لەو کێشەیەدا بوونەتە گرێ و کلیل دراون، دەبێت ئەو گرێیە بکەیتەوە، ئەگەر تۆ ئەو گرێیەت کردەوە ئەوا گرێیەکانی دیکەش دەبنەوە. پاشان ئەزموونی سۆڤییەتیش هەبوو، هەرچەندە هەندێك هەنگاویش لەوێ هاوێشترابن، بەڵام لەوێدا کێشەکە هەر ماوە و لەئارادایە. بۆ دەوونە بینی؛ کە لە سۆڤییەت و سۆسیالیزمی بنیادنراودا کێشەی ژن چارەسەر نەکراوە، پەیوەست بەمەوە تێگەیشتن لەکێشەکانی دیکە بەدینەهاتووە، لەبەر ئەوەشە لەنێو کێشەکاندا دەژین. سەرۆك ئەزموونی لەهەموو ئەمانە وەرگرت و باش لەمێژوو و کۆمەڵگا تێگەیشت، لەوە تێگەیشت کە چۆن لەمێژوو و کۆمەڵگادا دوورکەوتنەوە لەبنچینە و بناخە هاتۆتە ئاراوە و چۆن دەستپێکردووە؟ لەرێلادان لەکوێوە دەستی پێکردووە؟ بینی کە لەکۆیلایەتی ژنەوە دەستی پێکردووە. بۆیە مرۆڤایەتی لەزۆر رووەوە لە بنچینە و بناخەی خۆی دوور کەوتۆتەوە. کەواتە چۆن بتوانرێت مرۆڤایەتی ـچینە و بناخەی خۆی نزیك ببێتەوە و بگەرێتەوە سەر ئەو بنچینە و بناخەیە و لەسەر ئەو بنەمایەش پێشبکەوێت. ئیدی ئەگەر تێگەیشتن لەکێشەی ژن هەبێت و چارەسەر بکرێت، مرۆڤایەتی دەتوانێت بگەرێتەوە بۆ بنچینە و بناخەی خۆی و جارێکی دیکە هەنگاو بهاوێژێتەوە. لەبەر ئەم هۆیانە سەرۆك هێندە راوەستەی لەسەر کێشەی ژن کرد. لەمێژووی گەلی کوردیشدا زۆر تەڤگەر و راپەڕین شکستیان خواردووە، یەکێك لەهۆیەکانی ئەم شکستە ژنە، چونکە ژن هەم دەرفەتی بەشداریکردنی لەو تەڤگەر و راپەڕینانە پێنەدراوە و لەنێو چوار دیواردا دیل کراوە، هەمیش لەکاتی راپەڕین و سەرهەڵدانەکاندا داگیرکەران ژنانی کوردیان دەستگیرکردووە و گووتوویانە:" ئەوا ژنانی ئێوەمان دەستگیرکردووە، ئەگەر ئێوە تەسلیم نەبن ئەوا ئێمە هەموو خراپییەك لەبەرامبەریاندا دەکەین". بۆنموونە؛ رابەر و سەرکردەی زۆر لەتەڤگەر و

ڕاپەڕینەکان یان ئەوانەی لەو تەڤگەر و ڕاپەڕینانـەدا بەشـداربوونە بـەم هۆکارە وازیـان لە ڕاپەڕین و تێکۆشان هێناوە و گەڕاونەتەوە و تەسلیم بوونەتەوە.

هەروەها سەرۆك بینی کە لە کۆمـەڵگای کورددا، مـرۆڤ هێـشتا خـۆی نەناسیوە و لـەژێر نـاوی زەواج (هاوسـەرگیری)یـدا، لـەژێر نـاوی پێکـەوەنانی خێزانـدا ئـەو کەسـانە ژیـانی خۆیـان دەدۆڕێـنن، ژیـانی ئـەوان دەبێتـە ژەهـر. بۆیـەش کۆمـەڵگای کـورد لەلایەکـەوە، کۆمەڵگایەکــە لــەژێر دەســەڵات و زوڵمــی داگیرکــەران دایــە و لــەنێو ئەشــکەنجە و کۆمەڵکوژییدا دەژیت، ئەمەش لەزۆر ڕووەوە تاکی کورد وێران دەکات و تێك دەشکێنێت، لەلایەکی دیکەشەوە لەنێو کۆمەڵگاشدا هێشتا کەسەکان خۆیان و ژیانی خۆیان نەناسیوە کەچی لەژێر ناوی هاوسەرگیری و خێزان پێکەوەناندا دەخزێنرێنە نێو تەنگوچەڵەمەوە و ژیانیان دەکرێتە ژەهر، بۆیـە بـەهۆی کێـشەکانی نێـو ئـەو کۆمەڵگایـەوە کەسـێتییەکی بەهێز و تۆکمە دەرناکەوێت. ئەمەش ئەو تەخریباتانەی داگیرکەران کردوویانـە قـووڵتر دەکاتەوە. ئەگەر کێشەی گەلی کورد هێندە قووڵ بۆتەوە و نەخۆشییەکانی مرۆڤی کورد هێنـدە زۆر و مـەزنن، یـەکێك لـەهۆکارەکان چۆنێتی نزیکبوونەوەیـە لـە ژن و خێـزان. ئەگەر سەرۆك هێندە لەسەر مەسەلەی ژن ڕاوەستەی کرد لەبەر ئەم هۆیانە بوو.

ئاسـتی ئـازادی و دیموکراسـی هەر کۆمەڵگایـەك پابەنـدە بەئاسـتی ئـازادی ژنـەوە. واتـا لەکۆمـەڵگادا ئاسـتی ژن تێیـدا لەهەمانکاتـدا ئاسـتی ئـازادی و دیموکراسیـشە، ئەگـەر تـۆ دەخوازیت کۆمەڵگایەکی ئـازاد و دیمـوکرات ئـاوا بکـەیت و کۆمەڵگایـەك خـۆی لەهـەموو نەخۆشییەکانی خۆی ڕزگار کردبێت، ئاوا بکەیت، ئەوا ئەمـە لەسـەر بنـەمای ئـازادی ژن دێتەدی. ئیدی ئەگـەر سـەرۆك ئـاپۆ لەچارەسـەرکردنی کێـشەی کورددا ژنـی بەبنـچینە وەرگـرت ئـەوا لەبـەر ئـەم هۆیانـە بەبنـچینەی وەرگـرت. واتـا لـە کوردسـتاندا تـەواوی کۆمــەڵگا داڕووخــاوە، لــەناو ئــەو کۆمەڵگایەشــدا ژن لەهــەموویان داڕووخــاوترە و کـەوتووترە، داگیرکـەران گـەلی کوردیـان کۆیلەکردووە، لـەژێر زوڵمێکی هێنـدە مەزنـدا دەژیت، ژنی کوردیش هەم لەژێر دەسەڵاتدارێتی پیـاو و هـەمیش لـەژێر دەسـەڵاتدارێتی داگیرکەراندا کە بەسەر کۆمەڵگادا خۆی سەپاندووە، دەژیـت. واتـا ئـەو دەسـەڵاتدارێتی و زوڵم و چەوسانەوەیەی لەسەر ژن هەیە دوو قاتە، ئەگەر تۆ دەخوازیـت لـە کوردسـتاندا کۆیلایـەتی و دەسـەڵاتدارێتی نـەهێڵیت و ئازادی و دیموکراسـی فەراهـەم بکـەیت، ئـەوا

دەبێت تۆ دەست بۆ کێشەی ژن ببەیت. چونکە کەس لەژن زوڵملێکراوتـر و چەوساوەتر نییـە، زوڵـم و ئەشـکەنجەی هـەرە مـەزن لەسـەر ژن پێکـدێت. تەفگـەرێك کـە ئـازادی، دیموکراسی، عەدالەت و یەکسانی بۆ خۆی بە ئامانج و بنچینە وەردەگرێت، ئەگەر توانی لەو خاڵەوە دەستپێبکات ئەوا بەراستی دەتوانێت بـەو ئامانجانـەی بگـات و بیهێنێتـەدی. ئەگـەر لـە ژنـەوە دەسـتی پێنـەکرد، چـەندە بڵێـت؛ مـن تەفگـەرێکی ئـازادیخواز و دیموکراتیخواز و دادپەروەر و یەکسانیخوازم و دەخوازم لە کوردستاندا ئەمانە سەقامگیر بکەم ئەمە راست نییە.

مرۆڤ ئەگەر لەمێژووش بڕوانێت هەر تەفگەرێك کەوا کۆمەڵگای خـوارەوەی بەبنـەما وەرگرتبێـت و لـەو کۆمەڵگایەشـدا هـی هـەرە کـەوتووی بەبناخـە وەرگرتـووە، ئـەوا زۆر بەهێز و تۆکمەییەوە سەریانهەڵداوە و کاریگـەری سـەدان ساڵەی خۆیـان بەجێهێـشتووە. بۆنموونە؛ تەفگەری حـەزرەتی مەسیح بۆچـی هێنـدە مـەزن سـەریهەڵدا؟ چـونکە عیسا لـەناو کۆمـەڵگادا کۆمـەڵگای هـەرە خـوارەوەی بۆخـۆی بەبنـەما وەرگرتـووە، ئەوانـەی لەدەستپێکەوە لەدەوروبەری عیسا کۆبوونەتەوە هەر هەموویان کەسـانی هـەرە کـەوتوو بـوون، تەنانـەت ئەوانـەی خاوەنـدارێتی لەتـەرمی عیـساش دەکـەن ژنـن و ژنـانی زۆر کەوتووشـن. هەربۆیـە تەفگـەری عیـسا هێنـدە بەهێـز سـەریهەڵدا و کاریگەرییەکەیشی هێنـدە بـەهێزە. ئەگـەر مـرۆڤ لـە تەفگـەری "حـەزرەتی محەمـەد" بڕوانێـت ئـەویش لەسـەرەتادا بەمـشێوەیە، هـەر بۆیـە وەك تەفگـەرێکی مـەزن سـەریهەڵدا و کاریگـەری مەزنی خۆی کردووە. بێگومان رابوونە سەرپێی کەسـی هەرەکەوتوو زۆر دژوارە، هـەروا بەئاسـانی هەڵناسـتێتە سـەرپێ. بـەڵام کـە جـارێکیش رابـوو، هـەروا زوو بـەزوویی تێکناشکێت. ئیدی ئەگەر ئەو تەفگەرەی سـەرۆك ئـاپۆ لـە کوردسـتاندا ئـاوای کـرد، کـە هێنـدە بەمەزنی و بەهێزەوە رابووە و جیهـان هـەمووی هێرشـی بۆدێنێت کەچـی هـیچ شکست ناهێنێت، هۆکارەکەی ئەمەیە. ئەمە پابەندە بەو راستییەوە...

لە (٣٠)ی حوزەیرانی (١٩٩٦)دا لەبەرامبەر ئەو پیلانگێڕییەی کە لە (٦)ی ئایاری هەمان ساڵدا لەدژی سەرۆك ئۆجەلان لە شام ئەنجام درا

هـەڤاڵ زیـلان (زەینـەب کنـاجی) چـالاکییەکی گیانبـازی لەشـاری دێرسیم لـەدژی سـوپای تورکیـا ئـەنجام دەدات، پێـشتریش چـەندین چالاکی گیانبازی دیکە ئەنجامدراوە؛ وەك لەساڵی (١٩٩٠)دا لە ئامەد کـچە خوێنـدکاری زانکـۆ "زەکیـە ئـەلکان" لــە نــەورۆزدا ئـاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات، لەساڵی (١٩٩٤)یش لە ئـەڵمانیا هـەڤالان "بێریڤـان" و "روونـاهی" لـەدژی سیاسـەتی زوڵمکارانـەی ئـەڵمانیا ئاگریان لەجەسـتەی خۆیـان بـەردا، هـەروەها پاشـان هـەڤاڵ "سـەما یوجە" لە(١٩٩٨) لەدژی زوڵمی داگیرکەری و خەتی تەسلیمکاری لـە زینـدانـدا گـڕی لەجەسـتەی خـۆی بـەردا، ئیـدی پاشـانیش لەئاسـتی هــەرە بڵنـددا هەوڵـدان بـۆ پێـشەنگایەتیکردنی ژن لەتێکۆشـاندا لەپەرەسەندندا بووە. مرۆڤ لەکەسێتی هەڤاڵ "زیلان"دا چۆن رۆڵی تەڤگــەری ژن لــەنێو تــەواوی تەڤگــەری ئــازادیخوازی کــورددا هەڵدەسەنگێنێت؟

مرۆڤ ئەگەر باش لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی (PKK) بکات؛ دەبینێـت کـە لەدەستپێکدا تـەنیا پیـاو بەشـدار ئـەم تەڤگـەرە دەبـن، زیـاتر لـەنێو پیاوانـدا باوەڕییـەکی بـەهێز بـۆ سەرۆك ئاپۆ پێشدەکەوێت، زۆربەیان بـۆ سـەرۆك ئـاپۆ خۆیـان فیـداکردووە و بوونەتـە فیدایی، بـەڵام مـرۆڤ دەبینێـت تـا تەڤگـەر پەرەدەسـەنێت بەشـداری ژنـیش بـۆ تەڤگـەر پێشکەوتووە، شانبەشانی پیـاو لـەناو ژنانیـشدا ئەوانـەی سـەرۆکیان بۆخۆیان بەبنـچینە وەرگرتووە و چارەنووسی خۆیان لەگەڵیدا کردۆتـە یـەك و لـەپێناو تەڤگـەر و سـەرۆکدا خۆیـان فیـداکردووە، لەزیادبوونـدا بـووە، دەبینرێـت تادێـت لەژنیـشدا بـەهێز دەبێـت و تەنانـەت لەژنـدا زیـاتر پێـشدەکەوێت... بۆچـی؟ چـونکە ژن بـینی کـە سـەرۆك ئـاپۆ

بەهایەکی زۆر بەژن دەدات، ئەمە نەك تەنیا لەناو تەفگەردا ئەو بەهایەی بە ژن دا، تەنانەت لەناو کۆمەڵگاشدا بەهای بە ژن دا، چونکە سەرۆك کێشەی ژنی تەنیا لەچوارچێوەی ئەو ژنانە نەبینی کە لەناو تەفگەردا لەتێکۆشان دان، بەڵکو کێشەی ژنی چ لەناو تەفگەر و چ لەناو کۆمەڵگادا بینی و بەشێوەیەکی گشتگیرانە تاوتوێی کرد و لێیتێگەیشت. بۆیەش تەنیا خیتابی کادیرانی نەدەکرد، بەڵکو خیتابی ژنانی ناو کۆمەڵگاشی کرد، سەرۆك ئەو خیتابکردنە و ئەو خەبات و پەروەردەکردنەی ژنانی زیاتر پێشخست و قووڵتری کردەوە، بۆ ئەوەی ژن زیاتر خۆی بناسێت و کێشەکەی خۆی بناسێت و خاوەندارێتی لەخودی خۆی بکات، هەوڵ و خەباتێکی مەزنی پێشخست. بە پروپاگەندەوە بگرە تا دەگاتە کۆبوونەوە سازدان و شیکردنەوە، لەهەموو رووێکەوە هاوکاری ژنی کردووە، بۆ ئەوەی ژن لەراستینەی خۆی و هێزی خۆی تێبگات و لەو رەوشەی تێیکەوتووە تێبگات بزانێت چۆن خۆی لێی رزگار بکات، کە خۆی لێی رزگارکرد دەتوانێت ببێت بەچی؟ ئەمانە هەمووی خستە بەردەم ژنەوە. چەندە سەرۆك ئەو هەوڵ و خەباتەی خۆی پێشخست، لەناو ژنانیشدا سەرۆك زیاتر بەبنچینە وەرگیردرا. هەم لەناو کۆمەڵگادا و هەمیش لەتەفگەردا پابەندبوونی ژنان لە پیاوان زیاتر بوو بۆ سەرۆك.

بۆیە هەم بە هەزاران ژن تەفلی تەفگەر بوون، هەمیش لەناو کۆمەڵگادا ژنان کەوتنە نێو چالاکی نواندنەوە، لەتەواوی سەرهەڵدانەکاندا ژن پێشەنگایەتی کردووە، ئەمە هەر کەسێك بینی. هەر کەسێکیش شاگەشکە دەبوو لەوەی کە لەنێو جڤاکێکی وەکو جڤاکی کوردیدا چۆن ژنان هێندە لەرابوون و پێشکەوتن دان. ئەو کۆمەڵگایەی کەوا ژن تێیدا نەیدەتوانی بچێتە ماڵی دراوسێکەی، کەچی ئێستا بەشداری لە سەرهەڵدانەکان دەکات و پێشەنگایەتی بۆ سەرهەڵدانەکان دەکات، بەهەزارانیش دەرکەوتوونەتە سەر چیاکان و شەڕیش دەکەن. ئەمە پەیوەست بەچییەوە هاتەدی؟ پەیوەست بەخەباتی سەرۆك هاتەدی. سەرۆك بیر و باوەڕییەکی مەزنی بەژن بەخشی، لەسەر ئەو بنەمایەش ژن مۆراڵ و باوەڕی وەرگرت و هوشیاری و دانایی و ئیرادەی بەدیهات. بەمشێوەیە ژن رابوو، ئەو باوەڕی و هێز و داناییەی تەنیا لە سەرۆکدا بینی. بەر لە سەرۆك کەسێکی دیکە بەمشێوە و ئاستە دەستی بۆ کێشەی ژن نەبردووە، کەسێك شتێکی بەژن نەدابوو، رێزی

لە ژن نەگرتبوو. ئەو زیهنییەتەی کەوا سیستەمی کۆمەڵگا و پیاوسالاری بەسەر ژنانیدا سەپاندبوو ژنان پەسندیان کردبوو. هەڵبەتە لەو زیهنییەتەشدا خودی ژن و ژیان و ناسنامە و ئیرادەی ژنی تێدا نەبوو، بەتەواوی پێویستبوو کۆیلایەتی بکات و جی لێبخوازرێت جێبەجێی بکات. ئیدی ئەمە بە سەرۆك ئاپۆ گۆڕدرا.

سەرۆك ئاپۆ زیهنییەتێکی دیکەی خستە بەردەم ژنانەوە، بۆیە دونیای ئەوان و ڕۆح و ئەقڵی ژنانی کردەوە، ژنان کەمێك خۆیان ناسی، بۆیە سەرۆکیان بۆخۆیان بەبنەما وەرگرت، تادەهات ژن باوەڕی بەخۆی و سەرۆك بەهێزتر بوو، چەندە سەرۆك تەفکەری ژن و باوەڕی و ئیرادەی ژنی بەهێزتر دەکرد، ژنیش سەرۆکی بەهێزتر دەکرد. ئیدی ئەو پێشکەوتن و پەیوەستبوونە بەمشێویە هاتەئاراوە. بۆیەش تا دەهات ژن لە بەها و نرخی سەرۆك تێگەیشت و چارەنووسی خۆی و سەرۆکی کردەیەك. چونکە هەموو هێز و وزەی لەو وەردەگرت. بۆیە کاتێك کە سەرۆك هەر ئەرکێکی بە ژن دەسپارد ژن بێ دوودڵی جێبەجێی دەکرد، کاتێك بۆ سەرۆك و تەفکەر مەترسی هاتەپێشەوە ئەوان بەر لە پیاو لەمە تێگەیشت و خاوەندارێتی لە سەرۆك و تەفکەر کرد. هەمیشە لەم پێناوەدا گیانی خۆیان بەخشی.

لێرەوە زۆر ژن چالاکی بەمشێوەیە ئەنجام دا، لەنێو ئەواندا چالاکییەکەی "زەینەب کناجی" زۆر گرنگە، چونکە خواستیان سەرۆك لە شام لەناو ببەن، هەوڵێکی تیرۆریستیان ئەنجامدا، بۆمبایەکی مەزنیان تەقاندەوە، بۆ ئەوەی لەناوی ببەن. ئیدی "زەینەب کناجی" دوای ئەمە ئەو چالاکییەی لە دێرسیم ئەنجامدا. کەسێك بە زیلان (زەینەب کناجی)ی نەگووت:" بڕۆ ئەو چالاکییە ئەنجام بدە" خۆی لەگەڵ خۆیدا کەوتە گفتوگۆوە و خۆی گەیشتە دەرئەنجامێك و لەسەر ئەو بنەمایەش بڕیاری دا و چوو ئەو چالاکییەشی ئەنجام دا. بۆچی؟ چونکە بینی کە دەخوازن سەرۆك ئاپۆ لەناوببەن، لەناوبردنی سەرۆك ئاپۆ بە لەناوبردنی خۆی و لەناوبردنی ژنانی بینی. چونکە هەموو هێز و وزەی خۆی لە سەرۆك ئاپۆ بینی و لەو وەریگرتبوو. کاتێك کە سەرۆك ئاپۆ لەناوبچێت ئەوا بەو واتایە دێت ئەو لەناودەچێت، بە لەناوچوونی ئەو جێیەی کە هێزی لێوەرگرتووە ئەوا ئەو بێهێزتر دەبێت. وەك چۆن منداڵێکی ساوا شیری دایکی دەخوات و پێی دەژیت و بەهێز دەبێت سەرچاوەی هەموو هێزی خۆی

ئەومیە، ئەگەر تۆ ئەو منداڵە لە شیری دایکی و لە دایکی بەدوور بخەیتەوە ئەوا دەمرێت. ئیدی سەرۆك بۆ ژنیش بەهەمان شێوە بوو. ئەو هەوڵی تیرۆرکردنەی سەرۆك بۆ ژن گوزارشتی لەمە دەکرد. "زەینەب کناجی" لەمە تێگەیشت کە:" مادام ئێوە دەخوازن ئێمە لەناوببەن ئێمەش ئێوە لەناو دەبەین" زەینەب کناجی بەچالاکییەکەی ئەو پەیامەی دا... هەروەها بۆ گەل و ژن و گەریلا چ پەیامێکی دا؟ گووتی:"بڕوانن سەرۆکی ئێمە لەناودەبەن، واتا ئێمە لەناودەبەن، تا ئەو رادەیە هێرشمان بۆ دێنن، پێویستە ئێمە لەبەرامبەر ئەم هێرشە بەهێز رابوەستین، مرۆڤ ناتوانێت بە هەڵسوکەوتی سادە لەبەرامبەر ئەو هێرشە رابوەستێت. واتا ئەو چالاکییەی تۆ ئەنجامی بدەیت پێویستە بەگوێرەی ئەو هەوڵی لەناوبردنە بێت کە دەدرێت، تاکو بتوانێت رێگری لەو هەوڵی فرکردنە بکرێت و بێکاریگەری بکات و رایبوەستێنێت" ئیدی بۆ ئەو مەبەستە ئەو چالاکییەی ئەنجامدا، تاکو هەر کەسێك ببینێت کە هەوڵێکی لەناوبردن لەئارادایە و پێویستە هەموو کەس لەدژی رابوەستێت و بیشکێنێت". بۆ دووژمنیش ئەو پەیامەی دا و گووتی:" ئەگەر تۆ دەخوازیت من لەناوببەیت منیش تۆ لەناودەبەم، تۆ مافی ژیان بۆ من نەهێڵیت و ئەوەی بە هۆیەوە پێی دەژیم لێمی بستێنیت، ئەو کاتە منیش ژیان لە تۆ حەرام دەکەم" ئیدی "زیلان" ئەو چالاکییەی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دا.

"زیلان" بۆ سەرۆك ئاپۆ خۆی پارچە پارچە کرد، تەنانەت تاڵەمووێکی خۆیشی نەهێشتەوە. واتا لەو ئاستەدا ئەو چالاکییەی ئەنجامدا، چالاکییەکی مەزنی ئەنجام دا. من وامەزندە دەکەم یەکەمجارە لەکۆمەڵگای کورددا ژنێکی کورد بۆ ئازادی و دیموکراسی خۆی پارچە پارچە بکات، تا ئەو کاتە هیچ ژنێکی کورد شتێکی بەمجۆرەی نەکردبوو.ئیدی ئەگەر لەمێژووی کورد و مێژووی ژنی کورددا "زیلان" دەرکەوت و چالاکییەکی وەهای ئەنجام دا بۆ ئەو مەبەستە ئەو چالاکییەی ئەنجام دا. چونکە سەرۆك ئاپۆ ژنی کردە خاوەن هێز و توانا، ئەو هێز و توانای ژن بوو، ئەگەر ئەویش لەناوبچێت ئەوا هێز و توانای ژن لەناو دەچێت. "زیلان" بەپابەندبوونی خۆی بەئازادی و دیموکراسی و سەرۆك ئەو چالاکییەی بەمجۆرە ئەنجام دا. ئەو چالاکییە گوزارشت لەمە دەکات.

هەروەها چالاکییەکەی "زیلان" گوزارشت لە ملیتانێتی ئەم تەڤگەرە و ملیتانێتی ژن لەنێو ئەم تەڤگەرە دەکات. چونکە ملیتانێتی ئەم تەڤگەرە نەك بە فەرمان و تەعلیمات وەرگرتن و چاودێریکردن دەبێت، بەڵکو بەتەواوی بەدڵ دەبێت، بەتەواوی بە پێکهێنانی ئەو ئامانجەی لەپێشخۆی داینـاوە و پێداویستییەکانی ئەو ئامانجانە دابین دەکات و دەستنیشانی دەکات و پێداگری لەسەر پێکهێنانی دەکات. ملیتانێتی ئەو تەڤگەرە بەتەواوی لەسەر ئەو بنەمایەیە. ئیدی "زیلان" بینی کە مەترسییەکی مەزن لەسەر تەڤگەر هەیە و ئەمەشی دەستنیشان کرد، لەبەرامبەر ئەمە چۆن رابوەستێت و لەدۆخێکی وەهادا پێداویستی تەڤگەر بە چ هەیە و چ دەخوازێت؟ ئیدی چالاکییەکی بەمجۆرەی دەستنیشانکرد. چوو ئەو چالاکییەشی ئەنجام دا. "زیلان" بەمە بووە "زیلان". هەم ملیتانێتی ئەو تەڤگەرەی بەشێوەیەکی راست لەشەخسی خۆیدا بەرجەستەکرد، هەمیش لەمێژووی کورد و مێژووی ژنی کورددا بۆیەکەمجار بۆ ئازادی و دیموکراسی مەرگی خۆی دایە پێشخۆی. واتا لەم پێناوەدا خۆی فیداکرد و بەمەش "زیلان" بووە "زیلان". لەبەر ئەمە چالاکییەکەی گرنگە.

مرۆڤ لە چالاکییەکەی "زیلان"دا چ دەبینێت؟ هەڵبەتە بەرلەوەی چالاکییەکە ئەنجام بدات چەند نامەیەکیشی لەم بارەیەوە نووسیبوو، لەیەك لەو نامانەیدا بۆ سەرۆك دەنووسێت:"خۆزگە لەگیانم شیرینتر هەبووایە تاکو ئەویشم فیدا بکردبایە" هەروەها دەڵێت:"تەنیا گیانی من هەیە ئەویش دەبەخشم، خۆزگە لەوەشم زیاتر هەبووایە تاکو بمبەخشیبایە" واتا نزیکبوونەوەی خۆی بەمشێوەیەیە بۆ سەرۆك و بۆ ژن و گەلی کورد و مرۆڤایەتی، لەنامەکەی خۆیدا گوزارشتی لێدەکات. واتا سەرۆك بۆ ژن و گەلی کورد هەموو شتێکە. بۆیەش هەرچییەکی خۆی هەبێت دەیدات، ئەمە گوزارشت لەو راستییە دەکات. ئەمە پێشخستنی کولتوورێکی نوێ، کۆمەڵگایەکی نوێ، کەسێتییەکی نوێ، سیاسەتێکی نوێ، پراکتیکبوونێکی نوێ، بەها و پێوانەیەکی نوێیە لە کوردستاندا، بۆیە "زیلان" هێندە مەزن بوو لە کوردستاندا. هەڵبەتە لەنامەیەکی خۆشیدا دەڵێت:" من ئەڤینداری ژیانم، من دەخوازم بەمەزنی بژیم، من دەخوازم ببمە خاوەن ژیانێکی مەزن". ئیدی بەم چالاکییەی خۆی بووە خاوەن ژیانێکی مەزن. ئەو ژیانەی کەوا پیاو و داگیرکەران بەسەر ژنان و تەواوی گەلی کوردیاندا سەپاندبوو، رەتکردەوە و گووتی:"

ئەم ژیانە ژیان نییە"، گووتی:" پێویستە گەلی کورد و ژنی کورد ئەو ژیانە رەتبکەنەوە، چونکە لەو ژیانەدا هەموو رۆژ مردن هەیە، مرۆڤ ناتوانێت پەمە بڵێت ژیان. ئێمە دەخوازین بەراستی بژین، ژیانێکی مەزن بژین، ژیانی مەزن چییە؟ ئەو ژیانەی شایستەیە بە مرۆڤ، ئەو ژیانەیە کە لەسەر بنەمای گەوهەری مرۆڤ و کارەکتەری مرۆڤ دەگوزەرێت. واتا ژیانێکە بەتەواوی لەسەر بنەمای ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی و دادپەروەری و ئاشتی ئاواکراوە، لەدەرەوەی ئەمە بە ژیان دانانرێت، ژیانێکی سووك و چەوتە". ئیدی بۆیە هەڤاڵ "زیلان" گووتی:" من دەخوازم ببمە خاوەن ژیانێکی مەزن، ژیانێکی راست". ئەو ژیانەی لەئارادایە چییە و گوزارشت لەچی دەکات؟ دەستنیشانی کرد، هەروەها ئەو ژیانەشی دەستنیشان کرد کە بۆ گەلی کورد و ژن و مرۆڤایەتی پێویستە. بۆیە "زیلان" مەزن ئافرا، هەر کەس دەخوازێت لە "زیلان" تێبگات و "زیلان" بۆخۆی بەبنەما وەربگرێت. ئیدی ئەگەر کەسێتی "زیلان" و هاوشێوەی "زیلان" پەیدابوون، ئەمە کێ بنیادنا؟ ئەمە سەرۆك ئاپۆ بنیادنا، سەرۆك ئاپۆ لە کوردستاندا کەسێتی ژنێکی نوێی بنیادنا. ئیدی ئەگەر ئەمڕۆ ژن هێندە پابەندبوونی خۆیان بە سەرۆکەوە نیشان دەدەن و ئەگەر دەڵێن:"بۆ ئێمە ژیان بەبێ سەرۆك پێویست نییە" یان دەڵێن:"بێ سەرۆك ژیان نابێت" لەبەر ئەم هۆیەیە.

دوای ئەو هەموو شەڕ و شۆڕانەی نێوان (پ د ك) و (ی ن ك) لەساڵی (١٩٩٨)دا لە واشنتۆن بەئامادەبوون و چاودێری ئەمریکا پەیمانێك لەنێوانیاندا بەناوی "رێککەوتنی واشنتۆن" مۆر دەکرێت. بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشە واباس دەکرێت کە چەندین مادده و بەند سەبارەت بە (PKK)ش هەبوو، لەم رووەوە بەگشتی مرۆڤ ئەو رێککەوتنە چۆن هەڵدەسەنگێنێت؟! پاشان ئەو گۆڕان و پێشکەوتنانەی ئەو رێککەوتنە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت چین و چ

لێکدانەوەیەکیان بۆ دەکرێت؟ چ پەیوەندییەك لەنێوان ئەو رێککەوتنە و پیلانگێڕی نێودەوڵەتی هەیە کە پاشان ئەنجام درا؟

لە کوردستاندا تا بەر لەدەرکەوتنی سەرۆك ئاپۆ و (PKK)، خەتێك بەڕێوە دەچوو، ئەو خەتەی بەڕێوە دەبرا خەتێکی میللیگەرایی بوو، هەمیش میللیگەرا (میللییەتەچی) یەکی بەرتەسك و دواکەوتوو بوو، لەسەر هێزی خۆیی خۆی تەڤگەرێکی پێشنەدەخست، باوەڕی بەخۆی نەبوو، بەتەواویش چارەسەری لەخۆی و گەلی خۆیدا نەدەبینی، بەڵکو لەهێزی دەرەکیدا دەبینی، باوەڕی بەهێزی دەرەوەی خۆی هەبوو، بۆیەش هەر لەسەرەتای دەرکەوتنیدا هێزی دەرەوەی بەبنەما وەرگرتووە، بەمەش تەڤگەرێکی بەکرێگیراوی بەرەو پێشەوە برد. واتا ئەو تەڤگەرەی پێشیخست تەڤگەرێکی سەربەخۆ نەبوو، بەڵکو بەتەواوی گرێدراوی هێزی دەرەکی بوو، چونکە باوەڕی بەخۆی نەدەکرد و لەسەر هێزی خۆیی خۆی رانەدەبوو، بۆیە دەرەوەی خۆی بەبنچینە وەردەگرت. لەبەر ئەوەش هەر لەسەرەتاوە کەوتە ژێر کۆنترۆڵەوە. لە کوردستاندا تەڤگەرێکی وەها هەبوو. ئەو تەڤگەرەی لەئارادا بوو کۆمەڵگای سەرەوەی بەبنچینە وەردەگرت؟ واتا لەناو کۆمەڵگای کورددا باڵادەستانی کوردی بەبنەما وەردەگرت، چینی سەردەستی بەبنەما وەردەگرت. هیچ کاتێك کۆمەڵگای خوارەوەی بۆخۆی بەبنەما وەرنەگرتبوو، بۆیە بەتەواوی خەتێکی میللیگەرایی بەکرێگیراو بوو، میللیگەراییەکی بەرتەسك و لاواز و دواکەوتوو بوو، نەیدەتوانی کێشەی کورد دەربخاتەڕوو و لەهەموو کەسێك تێبگەیەنێت، نەیدەتوانی کێشەی کوردیش بەرەو چارەسەری ببات.

سەرۆك ئاپۆ و (PKK) لە کوردستاندا هێڵێکی جیاوازیان لەمە داهێنا، هێڵێکی نوێ، زیهنییەتێکی نوێی پێشخست، بەتەواوی کۆمەڵگای ژێرەوەی بەبنەما وەرگرت، گەلی بەبنەما وەرگرت، هەر لەسەرەتاوە خواستی رابوون لە گەلدا ئەنجام بدات و لەسەر ئەو بنەمایەش تەڤگەرێك پێشبخات و کێشەی کورد چارەسەر بکات، ئەو تەڤگەرەی پێشیخست بەتەواوی لەسەر هێزی خۆیی خۆی و هێزی گەلی خۆی بوو، واتا باوەڕی بەخۆی و بە گەلی خۆی هێنا و لەسەر ئەو بنەمایە تەڤگەری خۆی پێشخست،

بەتەواوی لەسەر هێزی خۆیی خۆی پێشیخست. بۆیەش خەتێك کە ئازادیخوازی و سەربەخۆبوونی بەبنەما وەرگرت پێشخست. سەرۆك خواستی لە کوردستاندا ئازادی، دیموکراسی، عەدالەت و یەکسانی پێشبخات، خواستی لەسەر ئەو بنەمایەش کۆمەڵگایەك بنیاد بنێت، هەڵبەتە بۆیەش کۆمەڵگای ژێرەوەی بەبنەما وەرگرت، رابوونی لەسەر هێزی خۆیی خۆی بەبنەما وەرگرت. لە ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و رێکخستن و کاردا بەتەواوی خەت و رێبازێکی سەربەخۆی بەبنەما وەرگرت. ئیدی لەبەر ئەوەی زیهنییەتێکی نوێ و لەسەر ئەو زیهنییەتەش سەرۆکایەتییەکی نوێ، پارتییەکی نوێ، خەباتێکی نوێ، ئەخلاق و کولتوورێکی نوێ، کەسێتی و کۆمەڵگایەکی نوێی خستە پێشخۆی ئەوا لە کوردستاندا هەژاندنێکی دروستکرد، تا دەهات ئەم تەڤگەرە لەناو گەلدا مەزن دەبوو، کاریگەرییەکی بەهێزی کرد و گەلی خستە نێو جموجۆڵەوە. ئەم خەتە راستینەی ئەو خەتەی پێشتر لە کوردستانیش بەرێوە دەچوو خستەڕوو، چونکە تا تەڤگەری (PKK) و سەرۆك ئاپۆ دەرنەکەوتبوو، هەر کەسێك کێشەی کوردی تەنیا بە (پ د ك) و ئەوان دەناسی، بەو خەتەیان دەناسی. بەناوی کوردان تەنیا ئەو خەتە هەبوو، لەبەر ئەمە هەر کوردێك بەناوی کوردبوونەوە بەشداری تێدا دەکرد. بەڵام کە سەرۆك زیهنییەت و تەڤگەرێکی نوێی لە کوردستاندا پێشخست، بەتەواوی لەسەر هێزی گەل و کۆمەڵگای ژێرەوەی پێشخست، ئەمە هەم لەسەر گەل کاریگەری مەزنی خۆی کرد و رابوونێکی مەزنی ئافراند، هەمیش راستینەی خەتی میللیگەراییشی دەرخستەڕوو و بە تێگەیاندنی دا، کە هێزی ئەو چییە و چی نییە؟ ئەو شتەی لەژێر ناوی کورد و کوردستان ئەنجامی داوە چییە و چی نییە؟ بەراستی توانیویەتی چەندە کێشەی کورد بناسێنێت و بەتێگەیاندنی بدات؟ چەندە چارەسەری پێشخستووە؟ ئایا دەتوانێت چارەسەری بکات یان نا؟ هەموو ئەمانەی خستەڕوو و بە تێگەیاندنی دا. بۆیە تادەهات سەرۆك و (PKK) لەناو دڵی گەلی کورددا شوێنێکی مەزنی گرت، کاریگەرییەکی مەزنی خۆی کرد، تا دەهات ئەم تەڤگەرە مەزن بوو و خەتەکەی دیکە لاواز بوو، رێکخستنی ئەو لاواز بوو، لەزۆر شوێندا باڵادەستێتی ئەو خەتە نەما و دۆڕاندی، تا بەر لەدەرکەوتنی (PKK)، ئەو خەتە لەهەموو کوردستاندا خۆی رێکخستبوو، باڵادەست ببوو، لەدەرەوەش ئەو خەتە هەبوو، ئەوانەی لەدەرەوەش بوون ئەو خەتەیان بەبنچینە

وەردەگـرت. لەهـەموو بەشـەکانی کوردسـتان هـەموو کەسـێك ئـەو خەتـەیان بەبنـەما وەردەگرت، بەڵام بەدەرکەوتن و پێشکەوتنی (PKK) کاریگەری ئەو خەتە هەم لەدەرەوە و هـەمیش لـەناوەوە تـا دەهات کـەم و لاواز بـووەوە، کـەمێك مـابوو تـەواوی کوردسـتان لـەژێر کاریگـەری ئـەو خەتـە دەربکـەوێت. بێگومـان ئەمـەش مەترسـییەکی مـەزن بـوو بۆیـان، چـونکە خـەت و ڕێبـازی سـەرۆك ئـاپۆ کـوردێکی ئـازاد، ئیرادەیـەکی ئـازادی لـە کوردسـتان پێشدەخـست، لەهـەموو ڕووێکـەوە کـوردێکی نـوێی دەئافرانـد، کوردێـك کـە بەتەواوی ئـازادی بەبناخـە وەردەگرێـت، بەکرێگیراویـەتی ڕەتدەکاتـەوە، تەسـلیمییەت و خیانەت ڕەتدەکاتـەوە، ئەگـەر بژێت پێویستە بـۆ ئازادی بـژێت، ئەگـەر بشمرێت هـەر پێویـستە بـۆ ئـازادی بمرێـت، کـوردێکی بـەمجۆرە و ئیرادەیـەکی بـەمجۆرە لەکوردانـدا پێشکەوت. ئیدی ئەمە پێشکەوتن و ئیرادەیەکی مـەزنی دەئافرانـد، ئەمـە کـوردی لـەنێو سیستەمی سەرمایەداریدا دەردەخست، ئەمەش بـۆ سیـستەمی سـەرمایەداری و ئەوانـەی لەو سیستەمەدا دەژین مەترسی دروست دەکرد، سیستەمی سەرمایەداری تا ئەو کاتە لـە کوردسـتاندا زۆر توانـست و ئیمکانییـەتی بۆخـۆی ئـاوا کردبـوو، کوردسـتان کـەوتبووە خزمەتی ئەوانەوە، زیـاتریش کاریـان دەکـرد بـۆ ئـەوەی لەهـەموو ڕووێکـەوە کوردستان تـاڵان بکـەن. بـەڵام سـەرۆك ئـاپۆ لەبـەر ئـەوەی لـە کوردسـتاندا ئیرادەیـەکی بـەهێزی دەرخستەڕوو، ئەو ئیرادەیە پرۆژە و جموجۆڵی ئەوانی لە کوردستاندا هەموو خستە ژێر مەترسـییەوە، کـەمێك مـابوو کوردسـتان بەتـەواوی لـەژێر دەسـتی داگیرکـەران، دەوڵەتـە ئیمپریالیـستەکان و بـەکرێگیراوە کوردەکانـدا دەربکـەوێت، ئەوانـەش هـەموویان ئـەم تەڤگەرەیان بۆخۆیان بەمەترسی زانی. ئیدی چی بکەن بۆ ئەوەی ڕێگـری لـەم تەڤگـەرە بکـەن، بەرادەیـەك بـۆ ئـەوان مەترسـی دروسـت نـەکات؟ ئـەو سیـستەمەی ئـەوان دایانڕشـتووە، ئەوانـەی لـەنێو ئـەو سیـستەمەدا دەژیـن لـەنێو مەترسـیدا دەژیـن، لـەم پێناوەدا بەزۆر شێوە تـەدبیریان وەرگـرت، بـەڵام ئـەو تەدبیرانـە زۆر نـەیانتوانی ڕێ لـە پێشکەوتنەکانی (PKK) بگرن، بۆیە بڕیاریان دا کە موداخەلەیەکی مـەزن بکـەن، ئیـدی بەشەڕی (١٩٩٢)دا موداخەلەیەکی مەزنیان بۆ سـەر (PKK) کـرد، بـۆ ئـەوەی پێـشکەوتنی (PKK) ڕابوەستێنن، ئامانجی ئەو شەڕە ئەوە بـوو، چونکە کاتێـك کـە تەڤگـەر گەیـشتە سـاڵی (١٩٩٢) هـەم لـەڕووی گـەریلاوە، هـەم لـەڕووی سـەرهەڵدانەکانەوە، هـەم لـەڕووی

سیاسی، سەربازی و هەموو رووێکەوە لە پێشکەوتندا بوو و بەتەواوی کوردی لەدەوروبەری خۆی گەیاندبووە یەك. ئەمەش هەموو ئەو هاوسەنگییانەی لەئارادا بوون دەخستە مەترسییەوە، بەرژەوەندی زۆر لایەنی دەخستە مەترسییەوە، پێویستبوو رێگری لەبەردەم ئەو پێشکەوتنە بکردبایە، بۆیە خواستیان بە شەڕی (١٩٩٢) رێ لەپێش ئەمە بگرن، ئەگەر بتوانرێت ئیرادەشی بشکێنن بۆ ئەوەی بتوانن ئەم تەڤگەرە بەتەواوی بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، تاکو بتوانن مەترسییەکانی ئەم تەڤگەرە نەهێڵن. بێگومان بەم موداخەلەیە رێیان لەپێش پێشکەوتنی گرت، ئەمە راستە. ئەگەر ئەو موداخەلەیە نەبووایە ئەوا ئەو پێشکەوتنانەی ئەم تەڤگەرە لە کوردستاندا بەدیدەهێنا بەهێزتریشی دەکرد و هەندێك ئەنجامیشی بەدەستدەهێنا، لەوانەبوو چارەنووسی کورد وەکو ئەمڕۆ تێیدا دەژی وانەبایە. ئەم موداخەلەیە رێی لەپێش ئەمە گرت، زەرەرێکی مەزنی لەتەڤگەردا، لەمەدا هەر تەنیا (PKK) زەرەری نەکرد، تەڤگەری کورد بەتەواوی زەرەری بینی، لەهەموو بەشەکان زەرەری بینی. دوای ئەمە زۆر هەوڵ و تەقەللایان دا کەوا تەڤگەر بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، نەیانتوانی بەم ئامانجە بگەن، تەنانەت هەوڵیان دا پارچەبوون لەتەڤگەردا دروست بکەن، نەیانتوانی ئەمەش بکەن، سەرۆك ئاپۆ هەموو تاکتیکەکانی ئەوانی پووچەڵ کردەوە، تەنانەت بینیان تاکو سەرۆك بێکاریگەر نەکەن ناتوانن لە کوردستاندا بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن. رێککەوتنی واشنتۆن پەیمانی ئەوەیان دا کە؛ چی بکەن تاکو سەرۆك بێکاریگەر بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن زەبر لەم تەڤگەرە بدەن و ئەو رێبازە بێکاریگەر بکەن، بۆ ئەوەی ئەو مەترسییەی ئەم تەڤگەرە دروستی دەکات، لەمەودوا دروستی نەکات. ئیدی بە پەیمانی واشنتۆن ئەو بڕیارەیان دا و ئەو پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییەیان ئەنجام دا. لەساڵی (١٩٩٢)شدا پیلانگێڕییەکە پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی بوو، بەڵام چوارچێوەکەی بەرتەسك بوو، بەڵام ئەوەی ساڵی (١٩٩٨) لەگەڵ رێککەوتنی واشنتۆن چوارچێوەکەی فراوانتر و قووڵتر کرایەوە، بۆ ئەوەی ئامانجی خۆیان بەتەواوی جێبەجێ بکەن. بەشەڕی (١٩٩٢) رێیان لەپێش پێشکەوتنەکان گرت، بە رێککەوتنی واشنتۆن و بەو پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییەی ئەنجامیان دا و سەرۆکیان دەستگیرکرد، بە بەدیلکردنی سەرۆك ئاپۆ زەبرێکی مەزنیان لەتەڤگەر دا، خواستیان بەم زەبرە تەڤگەر بێکاریگەر

بکەن و کوردان بەتەواوی لەژێر کاریگەری ئەم خەتە دەربخەن، بۆ ئەوەی خەتێك کە خزمەتی سیستەمی سەرمایەداری دەکات لە کوردستاندا بالادەست بکەن و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن.

بێگومان لێرەدا زەمینەیان لەتەڤگەر دا، سەرۆکیان بەدیلگرت، دوای ئەمەش خواستیان تەڤگەر تەسلیم وەربگرن، ئەگەر ئەمە نەبێت، پارچەی بکەن، ئەمەشیان بۆ نەچووە سەر. ئێستا(٢) بەشێوەیەکی دیکە پیلانگێرییەك رێکخستە دەکەن و دەخوازن زەمینەکی دیکە لەتەڤگەر بدەن، بۆ ئەوەی تەڤگەر بەتەواوی لەهێزی چارەسەری دەربخەن، ئەو هەنگاوەی کە بە شەڕی (١٩٩٢) و رێککەوتنی واشنتۆن پێشیان خستبوو ئێستا دەخوازن تەواوی بکەن. واتا تەڤگەر لەهێزی چارەسەری دەربخەن و کاریگەری ئەم خەتە لەناو گەلدا نەهێڵن. دەخوازن ئەو خەتەی کەوا (ی ن ك) و (پ د ك)ش نوێنەرایەتی دەکەن، بیکەنە خەتی هەموو کوردان، دەخوازن ئەو کوردەی لەژێر کاریگەری سەرۆك ئاپۆ و (PKK) دان دەربخەن و بەرەو (ی ن ك) و (پ د ك) ئاراستەیان بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بەمە تەواوی کوردان بخەنە خزمەتی سیستەمی سەرمایەدارییەوە، چونکە ئەو خەتەی سەرۆك ئاپۆ نوێنەرایەتی دەکات کوردان لەژێر سیستەمی سەرمایەداری دەردەخات و دەیکاتە هێزێکی ئەلتەرناتیفی ئەو سیستەمە، کوردان هەم بۆ کوردان دەکاتە هێز، هەمیش دەخوازێت بۆ گەلانی ناوچەکە بکاتە هێز. سەرۆك ئاپۆ دەخوازێت کوردان بکاتە هێزی ئاواکردنی سیستەمی نوێ، بکاتە ئەلتەرناتیفێك، واتا سیستەمێك کە تێکۆشانی دیموکراسی، ئازادی رەگەزی و هاوسەنگی ئیکۆلۆژی بەبناخە وەردەگرێت، کۆمەڵگایەك ئاوابکات کە شارستانییەتێکی دیموکراتی بەبناخە وەردەگرێت.

بێگومان سیستەمی سەرمایەداریش ناخوازێت هیچ ئەلتەرناتیفێکی خۆی هەبێت، ئەخاسمە دوای ئەوەی سۆڤییەتی تەسفیەکرد، ناخوازێت هیچ ئەلتەرناتیفێکی دیکە پێشبکەوێت، هەر یەکێك بخوازێت ئەلتەرناتیفێك پێشبخات دایدەپڵۆسێت. واتە ئەگەر ئەوەندە هاتنەسەر سەرۆك ئاپۆ و (PKK)، ئەوا لەبەر ئەم هۆیە بوو، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە ئێستاش هەر هێرش و پەلامار دێننە سەرمان....

پێش ئەوەی سەرۆك ئۆجەلان لە خۆرهەلاتی ناوین دەربکەوێت؛ جارێکی دیکە لە (١٩٩٨)دا ئاگربەستێك رادەگەیەنێت، ئایا راگەیاندنی ئەو ئاگربەستە لەئەنجامی دەرککردن بوو بەئەگەری روودانی ئەو پیلانگێرییە نێودەوڵەتییەی کە پاشان لەبەرامبەر سەرۆك ئوجەڵان و تەڤگەردا دەگاتە ئاستی هەرە مەترسیداری خۆی؟ هەروەها بۆچی ئەو ئاگربەستەش وەك هەردوو ئاگربەستەکەی رابردوو هیچ وەڵامێکی ئەرێنی (ئیجابی) وەرنەگرت...؟

کاتێك سەرۆك ئاپۆ و (PKK) بە خەبات و تێکۆشان کێشەی کوردیان لەهەموو رووێکەوە دەرخستەڕوو و توانست و دەرفەتی ئەوەیان رەخساند کە بەرێگەری دیموکراسی و سیاسی چارەسەر بکرێت، سەرۆك ئاپۆ ئاگربەستی پێکخست، لەساڵی (١٩٩٣)دا ئاگربەستی راگەیاند، بەڵام پەسند نەکرا و وەڵامیان نەدایەوە و گێرەشێوێنی (پرۆڤۆکاسیۆن)یان ئەنجام دا، لەساڵی (١٩٩٥)یشدا دیسان ئاگربەستی راگەیاند و دیسانیش وەڵامیان نەدایەوە. هەروەها لەساڵی (١٩٩٨)یش بۆ جاری سێیەم ئاگربەستی راگەیاندەوە، دیسان وەڵامیان نەدایەوە، چەندە سەرۆك ئاپۆ لەسەر چارەسەری پێداگری دەکرد کە کێشەی کورد بەرێگەی سیاسی و دیموکراتیانە چارەسەر بکرێت، ئەوا دەوڵەتی تورکیاش زیاتر پێداگری لەسەر شەڕ و بەشەڕ تەسفیەکردنی دەکرد. بێگومان ئەمە تەنیا هێزی دەوڵەتی تورکیا و داخوازی دەوڵەتی تورکیا نییە، ئێمە ئەوە باش دەزانین، لەبەر ئەوەی ئێمە بەساڵانە شەڕمان لەگەڵ تورکیا کردووە، ئەگەر تورکیا لەشەڕدا لەسەر پێی خۆی مایەوە، بەهۆی بەهێزی تورکیاوە نەبوو، هیچ کاتێك هێزی تورکیا بەشی ئەوەی نەکردووە، بەڵکو ناتۆ (NATO) لەهەموو رووێکەوە لەپشت تورکیا راوەستاوە، لەبەر ئەوە تورکیا لەم شەڕەدا نەکەوت و لەسەر پێی خۆی مایەوە. هەروەها ئەگەر تورکیا بۆ چارەسەری هەنگاوی نەهاوێشت، نەك لەبەر ئەوەی تورکیا نەیدەخواست هەنگاو

بهاوێـــژێت، بـــەڵكو لەبـــەر ئـــەوەی نـــاتۆ نەیدەخواســـت، سیـــستەمی ســـەرمایەداری نەیدەخواست تورکیا کێشەی کورد بەرێگەی سیاسی و دیموکراتییانە چارەسەر بکات. لـەناو تورکیـادا هەنـدێك دەوروبـەر هـەبوون دەیانخواسـت کـە کێـشەی کـورد بەرێگـەی سیاسـی و دیمـوکراتی چارەســەر بکرێــت. هەڵبەتــە ســەرۆك ئـاپۆش بــەردەوام ئــەو ئاگربەستانەی پێشخست بۆ ئـەوەی ئەوانـەی دەخـوازن کێـشەی کـورد چارەسـەر بکرێـت بەهێز ببن و دەسـترۆیی و دەستپێـشخەریان زیـاتر ببێـت. تـاکو کێـشەکە بکەوێتـە سـەر ڕاستەرێی چارەسەری.

لە تورکیادا بەردەوام دوو بەش هەن، یەکەمیان؛ دەخوازن بـە زەبـروزەنـگ و سیاسـەتی نکۆڵی و فڕکردن کێشەکە چارەسەر بکەن و ئەمـە بەبنـچینە وەردەگـرن، دووەمیـشیان؛ دەڵێـت:" ئیـدی ئـەو سیاسـەتە سـەرناگرێت و پێویـستە ئێمـە دان بەهـەبوونی کـوردان بنێین و کێشەی کورد بەرێگەی سیاسی چارەسـەر بکەین". لـە تورکیـادا تـاکو ئێـستاشی لەگەڵدا بێت ئەوانـەی کـە دەخـوازن کێـشەی کـورد بەرێگـەی سیاسـی چارەسـەر بکـەن لاوازن، بـەلام ئـەوەی نکـۆڵی و فڕکـردن و زەبـروزەنـگ بەبنـەما وەردەگـرن بـەهێزن و بالادەستن. هێزی ئەوان لەوەوە نەهاتووە کە لەنێو تورکیـادا بـەهێز و بالادەسـتن، ئەمـە لایەکی مەسەلەکەیە، لەبنەڕەتدا بۆ ئەوەی بتوانن لە تورکیاشـدا بالادەسـتی و بـەهێزیی خۆیان بەرێوە ببەن، هێز لەسیستەمی سەرمایەداری و ناتۆ وەردەگـرن، ئەوانـەن کـە لـە تورکیا بەهێزیان دەکەن، لەبنەڕەتدا ئەوە سیستەمی سەرمایەداری و ناتۆیە کە ناهێڵێت سیاسەتی نکۆڵی و فڕکـردن لـە تورکیـادا لاواز ببێـت، ناهێڵێـت کێـشەی کـورد چارەسـەر بکرێت.

بەلام بۆچی ناهێڵێت؟

ئەمە دوو هۆکاری سـەرەکی خـۆی هەیـە، یەکـەمینیان: ئەگـەر ئـەمڕۆ کێـشەی کـورد لـە باکوور چارەسەر بکرێت، ئـەوا پێویـستە بـە سـەرۆك ئـاپۆ و (PKK) چارەسـەر بکرێـت، چونکە وەکوتر هیچ هێزێکی دیکـە نییـە. کاتێـك کێـشەی کـورد لەگـەڵ سـەرۆك ئـاپۆ و (PKK) چارەسەر بکرێت، ئەو کاتە خەتی سەرۆك ئاپۆ بالادەست دەبێت، نەك تەنیا لـە

باکوور، بەڵکو لەپارچەکانی دیکەشدا باڵادەست دەبێت. چونکە باکوور بەشی هەرە سەرەکییە، وەکوتریش لەبەشەکانی دیکەشدا کاریگەری و ڕێکخستنی ئەو خەتە هەیە. ئەگەر ئەو خەتە لە باکووردا بگاتە چارەسەری، ئەوا ئەمە لەسەر پارچەکانی دیکەش کاریگەری خۆی دەکات. ئەگەر ئەم خەتە باڵادەست ببێت، ئەوا کورد دەبێتە خاوەن ئیرادەیەکی سەربەخۆ و ئیدی کورد ناکەوێتە خزمەتی سیستەمی سەرمایەدارییەوە و سیستەم کورد لەدەست دەدات و بەم لەدەستدانەش تەنیا کوردی لەدەست ناچێت، بەڵکو ناوچەیەك لەدەست دەدات. بۆ ئەوان ئەمەش گرنگە، چونکە لەستراتیژی خۆیاندا کوردێکی بێ ئیرادە بەبنچینە وەردەگرن، ئەگەر بە (PKK) کێشەکە چارەسەر ببێت، ئەوا ئەو کوردەی ئەوان دەیانەوێت نابێت، ئەو کاتە زەبرێکی مەزن دەخۆن. بۆیە ناخوازن کێشەکە چارەسەر ببێت.

دووەمینیشیان: ئەمڕۆ چارەسەری کێشەکە لە تورکیادا ناکەوێتە خزمەتی سیستەمی سەرمایەدارییەوە. بۆچی؟ چونکە لاوازی تورکیا کێشەی کوردە، ئەوەی بخوازێت تورکیا تەنگاو بکات و سازشی پێبکات، دەخوازێت ئەو کێشەیە هیچ چارەسەر نەبێت. چونکە دەزانن کە کێشەکە چارەسەر نەبوو ئەوا شەڕەکە بەردەوام دەبێت، کە شەڕیش بەردەوام ببێت، دەزانن کە تورکیا بەتەنیا و بەهێزی خۆی ناتوانێت ئەو شەڕە بەڕێوە ببات، بۆیە مەحتاجی ئەوروپا و ئەمریکا دەبێت، ئەو کاتە ئەوروپا و ئەمریکاش بەئاسانی دەتوانن ڕازییەکانی خۆیان بە تورکیا بە پەسندکردن بدەن. دەتوانن بەئاسانی تورکیا بۆ لای خۆیان ڕابکێشنە ئەو خاڵەی کە دەخوازن ڕایبکێشن. ئەگەر کێشەکە چارەسەر بکرێت، ئەو کاتە ناتوانن فشار بێننە سەر تورکیا، هەڕەشە و شانتاژ بکەن، ناتوانن تورکیاش تەنگاو بکەن و ڕایبکێشنە لای ئامانجەکانی خۆیان. چونکە ئەو کاتە تورکیا زێدە موحتاجی ئەوان نابێت، تەنانەت لەوانەیە تورکیا بکەوێتە نێو ڕەوشێکی نوێ و ببێتە هێزێکی سەرکێش لەناوچەکەدا. واتە بۆ ئەوەی تورکیا لەژێر کۆنترۆڵی ئەوان دەرنەکەوێت، تاکو بتوانن هەموو شتێکی خۆیان بە تورکیا بەپەسندکردن بدەن، ناخوازن کێشەکە چارەسەر ببێت. ئەگەر لەو ئاگربەستانەدا ئەنجام بەدەست نەهاتووە و هەموو جارێك پووچەڵ کراوەتەوە لەپشت ئەمە ئەوروپا، ئەمریکا و ناتۆ هەیە. چونکە بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی خۆیان لەمەدایە. ناخوازن کێشەکە چارەسەر ببێت،

بۆیه لەگەڵ سیاسەتی نکۆڵی و فڕکردندا شوێن دەگرن، بۆ ئەوەی بەردەوام شەڕ هەبێت، کە هەم تورکیا لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا بمێنێتەوە، هەمیش کورد لەشەڕدا لاواز ببن، بۆ ئەوەی بتوانن لە کوردستانیشدا خەتی خۆیان و دەسەڵاتی خۆیان زاڵ بکەن، هەر کاتێك کە سەرۆك ئاپۆ خواستبێتی کێشەکە بخاتە سەر ڕاستەڕێی دیالۆگ و سیاسی و دیموکراتی بۆ ئەوەی چارەسەر ببێت، هەم لەناو تورکیادا و هەمیش لەدەرەوەی تورکیادا پراواکسیۆن ئەنجام دراوە، ئەوانەی کە لەنێو تورکیادا پراواکسیۆن دەکەن ئەوانەن کە ئەورووپا و ئەمریکا بەبنچینە وەردەگرن، ئەوانەن کە پەیوەندییان لەگەڵ ئەواندا هەیە، ئەوانەن کە بەرژەوەندی و چارەنووسی خۆیان لەگەڵ ئەواندا کردۆتە یەك، پێکەوە ناهێڵن ئەو ئاگربەستە ببێتە ئاگربەستی دوولایەنە و کێشەکە بکەوێتە سەر ڕێی چارەسەری، هەر کاتێك ئێمە خواستوومانە کێشەکە بکەوێتە سەر ڕێگەی دیالۆگ و زەمینەی چارەسەری پێشبکەوێت، ئەوانیش خواستوویانە ئەمە لەدژی تەڤگەر بەکاربهێنن، بۆ ئەوەی زەبر لە تەڤگەر بوەشێنن. ساڵی (١٩٩٢) وەها بوو، ساڵی (١٩٩٥)یش هەر بەمشێوەیە بوو، ئەوەی ساڵی (١٩٩٨)یش هەروا بوو.

هەڵبەتە ئەو کاتە ڕێککەوتنی واشنتۆنیان پێشخستبوو بۆ ئەوەی زەبرێکی مەزن لە تەڤگەر بدەن، بۆیە بەرلەوە لە تورکیادا هەندێك دەوروبەر ئاگربەستیان دەخواست، سەرۆکیش بۆ ئەوەی دەستی ئەوان بەهێز بکات. دەشبینی کە زۆر بەفراوانی دێنە سەر تەڤگەریش، بۆ ئەوەی ڕێگیری لەمە بکات ئاگربەستی ڕاگەیاند، جارێکی دیکەش ئەوان خواستیان سوود لەمە وەربگرن، ئەو پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییە ئەنجام دەدەن، بۆ ئەوەی بتوانن بەئاسانتر ئەنجامگیر ببن. ئیدی ئەوانیش بەمشێوەیە کاریان کرد. بۆیەش ئەوانەی لە تورکیا ئاگربەستیان دەخواست، ئەوانەی چارەسەرییان دەخواست، بێکاریگەریان کردن و ئەو ئاگربەستەی ساڵی (١٩٩٨)شیان بەتەواوی بێئەنجام هێشتەوە، پیلانگێڕی نێودەوڵەتییان پێشخست، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو ئامانجەی لەپێش خۆیان داناوە جێبەجێی بکەن، بەمەش ئەو ئامانجانەیان جێبەجێکرد.

پەراوێزەکان:

(١) مەبەستیان لە "**باکووری ئێراق**" باشووری کوردستانە.

(٢) مەبەستی لەساڵی (١٩٧٩)یە کە **شاهین دودمەز** لەمانگی پێنجی ئەو ساڵە دەستگیر کرا و تەسلیم بوو.

(٣) مەبەستی کاتی سازدانی ئەم دیدارەیە.

بەشی حەوتەم:

کاروانی رۆما...لوتکەی پیلانگێڕی

(١٩٩٨ - ١٩٩٩)

بەرەو ئەو جوگرافیایەی

نەدەبینێ، نەدەبیستێ، نەدەناخفێ...!!

هەر لەساڵی (١٩٩٨)دا تورکیا هەڕەشەیەکی زۆری لە سوریا کرد، ئەو کاتە سەرۆك ئۆجەلانیش لە "شام" دەرکەوت بۆ دەرەوەی خۆرهەڵاتی ناوین. مرۆڤ لێرەدا ئەوە بپرسێت رووداوی دەرکەوتنی سەرۆك ئۆجەلان لەسەر چ بنەمایەك بوو و چۆن دەرکەوت؟ ئەگەر ئەو کاتە سەرۆك هاتبایە چیاکانی کوردستان چ دەبوو؟

.هەڵبەتە لێرەدا بۆ ئەوەی سەرۆك لە سوریاوە دەربکەوێت زۆر هێز و لایەن کاریان کرد. تەڤگەری ئێمە هەر لەکاتی خیانەتی **"شاهین دونمەز"** و پاشانیش **"شەمدین ساکیك"** چییان گووتبوو؟ گووتبوویان:" ئەگەر **ئاپۆ** بێکاریگەر نەکەن ناتوانن (PKK) بێکاریگەر و تەسفیە بکەن. دەوڵەتی تورکیا و سیستەمی سەرمایەداریش بۆ ئەوەی ئەو تەڤگەرە بێکاریگەر بکەن زۆر هەوڵ و تەقەللایان دەدا، لەکۆتاییدا؛ بەکرێگیراوانی کورد، خائینانی ناو ئێمە، دەوڵەتە داگیرکەرەکان و سەرمایەدارەکان **هەموویان گەیشتنە** ئەنجامێك کە بەراستی تا **سەرۆك ئاپۆ** بێکاریگەر نەکەن ناتوانن ئەنجامگیر ببن. **سەرۆك ئاپۆ** هەموو ئەو هەنگاوانەی ئەوان دەیهاوێژن پووچەڵی دەکاتەوە، بەپێچەوانەی هەڵدەگەڕێنێتەوە. بۆیە ناتوانن بگەنە ئەنجام. ئیدی **هەموویان گەیشتنە** ئەو ئەنجامەی کە سەرۆك بێکاریگەر بکەن. پیلانگێڕییان لەسەر ئەو بنەمایە پێشخست. بێگومان بەرلەوەی سەرۆك لە سوریا دەربخەن، هەندێك زەمینەی ئەوەیان رەخساند، لەسەر ئەو بنەمایەش فشاریان بۆ سەر سوریا هێنا. ئیدی تورکیا هێزەکانی خۆی هێنایە سەر سنوور و هەڕەشەیان لە سوریا کرد و گووتیان:" یان تۆ **ئاپۆ** لە سوریا دەردەکەیت و تەسلیمی ئێمەی دەکەیتەوە، یانیش ئەگەر تۆ دەرینەکەیت ئەوا ئێمە شەڕ لەبەرامبەر تۆدا دەکەین". بێگومان لەپشت تورکیا کێ هەبوو؟ ئەمریکا، ئینگلیز، ئیسرائیل، سیستەمی سەرمایەداری هەمووی، بەم هێزەوە تورکیا هاتە سەر سوریا. ئەگەر وەها نەبایە، تورکیا نەیدەتوانی ئەو هەڕەشەیە بکات، هەڵبەتە کاتێك تورکیا ئەو

هەڕەشەیەی دەكرد كەشتییە سەربازییەكانی ئەمریكا - هاوپەیمانەكانی زۆر بەئاشكرا لە دەریای سپیدا بۆ چاوترساندن مانۆڕیان دەكرد، كاتێك كە ڕەوشێكی وەها دەركەوت، بێگومان سوریا پڕ تەنگەتاو بوو.

لەلایەكی دیكەشەوە؛ ئیسرائیل هەڕەشەی لێدەكرد. ئیدی سوریا نەیدەتوانی ڕووبەڕووی ئەمانە هەمووی ببێتەوە، سەرۆكیش بینی كە ڕەوشی سوریا لەمەترسی دایە، بۆیە سەرۆك نەیخواست بەهۆی ئەوەوە سوریا زەبری بەربكەوێت، ئەمەی بەراست نەدەزانی و بەشتێكی ئەخلاقیشی نەبینی، بۆچی؟ چونكە سوریا بەساڵان میوانداری سەرۆكی كردبوو، لەوانەیە توانستێكی پێنەدابێت، لەوانەیە هەندێك كەس لەنێو سوریادا بەهەڵە مامەڵەیان لەگەڵ سەرۆكیش كردبێت، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە بەشێك لەناو دەوڵەتی سوریادا هەبوون دەرفەتی ئەمەیان دا كە سەرۆك لەوێ وەك میوان بمێنێتەوە، دەرفەتێكی وەهان دا، چاوپۆشیان لەمانەوەی سەرۆك كرد لەوێ. هەڵبەتە ئەمە هاوكارییەكی مەزن بوو بۆ ئێمە. هەرچەندە لەڕووی ترەوە هاوكاری ئێمەیان نەدەكرد، بەڵام دەرفەت بەمانەوەی ئێمە لەوێ بۆ ئێمە هاوكارییەكی مەزن بوو.

ئەخلاقێكی سەرۆك هەیە؛ ئەگەر یەكێك دۆستایەتی بكات ئەوا ڕێزی لەو دۆستایەتییە دەگرت، مادام سوریا میوانداریێتی ئەوی كردبوو، ئەمڕۆش لەسەر سوریا مەترسی هەیە، بەهۆی سەرۆكەوە دێنە سەر سوریا، سەرۆك لەڕووی ئەخلاقییەوە نەیدەتوانی ئەمەی پەسند بكردبایە، ئەگەر مەترسییەك لەئارادا هەبێت با بۆ ئەو بێت، ئەمە لە فەلسەفەی سەرۆكدا بنەمایە، سەرۆك ئەگەر مەترسییەك لەئارادا بێت هیچ كاتێك نەیدەخواست ئەو مەترسییە بگاتە هەڤاڵانی خۆی یان دۆستی خۆی، بەهایەكی مەزنی بە دۆستایەتی و هەڤاڵێتی دەدا، ئەگەر مەترسی هەبێت با بێتە سەر ئەو، ئیدی لەمەسەلەی سوریاشدا نەیدەخواست سوریا زەبری بەربكەوێت و بكەوێتە زەحمەتییەوە و كێشەی بۆ دروست ببێت، ئەخلاق و فەلسەفەی سەرۆك ئەمەی پەسند نەدەكرد، لەبەر خاتری دۆستایەتی گووتی:" من دەتوانم لێرە دەربكەوم".

هەڵبەتە لە سوریاشدا هەندێك كەس دەیانخواست سەرۆك لەوێ دەربكەوێت، ئەوانەی دۆستایەتیان دەكرد نەیاندەخواست. بەڵام ڕەوشیش لەبەرچاو بوو و نەیاندەتوانی

شتێکیش بکەن، هەرچەندە بەدڵی ئەوانیش نەبوویێت. بەڵام دەیانگووت:" دەربچۆ". بەمشێوەیە سەرۆك لە سوریا دەرچوو، ئیدی بۆ ئەوەی سەرۆك لە سوریا دەربچەن، هەم لەناو سوریادا هەندێکیان کاریان کرد، هەم لەگۆڕەپانی عەرەبدا، میسر هەوڵیدا، لەگۆڕەپانی کورددا، هەندێك لە بەکرێگیراوان و خائینەکانی کورد کاریان کرد، ناتۆ هەوڵیدا، دەوڵەتەکانی ئەمریکا، ئەوروپا ئەوانەی لەناوخۆدان. تورکیا هەوڵیدا، لەئەنجامی هەموو ئەمانەدا سەرۆك لە سوریا دەرکەوت.

هەڵبەتە پیلانگێڕییەکەیان لەسەر ئەو بنەمایە پێشخستبوو کە سەرۆك لە سوریا دەربخەن، بۆ ئەوەی دەریشی بکەن، یۆنانستانیان بەکارهێنا، چونکە لە یۆنانستان هەندێك کەس هەبوون، هەم لەئاستی حکومەت هەمیش لەئاستی پەرلەماندا، گوایە دۆستایەتیان لەگەڵ (PKK) دەکرد، تەنانەت پەرلەمانی یۆنانستان بڕیارێکی وەرگرتبوو، نزیکەی بەدەنگی زۆرینەیان بانگهێشتی (دەعوەت) سەرۆکیان کردبوو بۆ ئەوەی بچێتە یۆنانستان، هەندێکیان بەتایبەتی چووبوون بە سەرۆکیان گووتبوو کە:" ئێمە دەخوازین تۆ بێیتە یۆنانستان" ئەوانە، بەر لەو فشار و هەڕەشانە، ئەو زەمینەیەیان خۆش کردبوو، کاتێك کە فشار و گوشار بۆ سەر سوریا بێنن ڕێی سوریا بکرێتەوە، چونکە سەرۆك ڕێز و بەها بەدۆستایەتی دەدات، لەگەڵ یۆنانستانیش دۆستایەتییەك هەیە، خواستوویانە بچێتە یۆنانستان، ئێستاش کە فشار و هەڕەشەیەك لەسەر سوریا هەیە، سەرۆك دەردەچێت، ئەوا ئەگەری هەرە زۆر بەرەو یۆنانستان دەچێت، ڕێك لەرەوشێکی وەهادا هەندێکیان گووتیان:" وەرە یۆنانستان" سەرۆك دەچێتە ئەوێ.

ئیدی کە هەڕەشە لەسەر سوریا زیاتر دەبێت و هەندێك لەو یۆنانیانەش دەکەونە نێو جموجۆڵەوە و بە سەرۆك دەڵێن:" وەرە یۆنانستان" سەرۆکیش بەدۆستایەتی یۆنانستان باوەڕ دەکات و لە سوریا دەردەکەوێت و دەچێتە یۆنانستان. کاتێك کە دەچێتە یۆنانستان هەر لەفڕۆکەخانەدا دەڵێن:" پێویستە لێرە نەمێنیتەوە" ئەوەی کە دەبووایە پێشوازی لە سەرۆك بکات نایەتە پێشوازییەکە و کەسێکی تریش نایەتە پێشوازییەوە، ئیستخباراتی یۆنانستان دەچێت سەرۆك دەبینێت. ئیدی سەرۆك ناچار دەبێت بچێتە ڕوسیا، پاشان لەگەڵ ڕوسیاش دیدار ئەنجام دەدەن، ڕوسیاش ڕادەکێشنە نێو ئەو

پیلانگێڕییەوە، هەندێك سازشی ئابووری لەبەرامبەر روسیا دەكەن. ئامانج چییە؟ ئامانج ئەوەیە كە نەهێڵن سەرۆك لەهیچ جێگەیەك رابوەستێت یان بمێنێتەوە. گرنگ دەركەوتنی بوو، سەرۆك لە روسیاش دەرچوو و هەموو دەرگاكانیان گرت. پیلانگێڕییەكە لەسەر ئەو بنەمایە دارێژرابوو. بۆیە لە روسیاش چووە رۆما و لە رۆماش نەیانهێشت لەوێ بمێنێتەوە، خواستی بچێتە شوێنێكی دیكە دیسان نەیانهێشت بچێت، جارێكی دیكە روسیایان خستە دەورەوە. بێگومان لەناو ئێمەشدا كەسانێك خزمەتی ئەو پیلانگێڕییەیان كرد. سەرۆك جارێكی دیكە چووەوە روسیا، لەوێش هەموو دەرگاكانیان گرتبوو، هەموو رێییەكیان گرتبوو، تەنیا رێی "كینیا"یان كردبووەوە، رەوانەی"كینیا"یان كرد، بۆ ئەوەی لەوێش دەستگیری بكەن و بیبەنە توركیا هەر بەو شێوەیەشیان كرد.

لەم پیلانگێڕییەدا؛ لەناو ئێمەشدا هەندێك كەس بوونە ئامراز، واتا لە پیلاگێڕییەكە تێنەگێشتبوون، گوایە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە لەنێو پەیوەندی دابوون، گوایە ئەو دەوڵەتانە دۆستایەتیان دەكرد و بەڵێنیان دەدا، هەڤاڵانیش لەرەوشەكە تێنەدەگەیشتن و بەگوێرەی گفت و بەڵێنەكانی ئەوان هەڵسوكەوتیان دەكرد. بەمشێوەیە كەوتنە خزمەتی پیلانگێڕییەوە.

لەم پیلانگێڕییەدا میسر رۆڵێكی مەزنی بینی، میسر چوو بە سوریای گووت:" ئەگەر بۆ ئاپۆ لەنێوان ئێوە و توركیا شەڕ دەربكەوێت، ئێمە لەگەڵ ئێوەدا نابین، ئاپۆ دەربكەن بابچێت، بۆچی لەبەر شەخسێك عەرەب بكەوێتە شەڕەوە؟" وایان بە سوریا گووتبوو:" ئێوە بەتەنیان، ئێمە پشتیوانی ئێوە ناكەین" وەكوتریش گووتبووویان:" نەك هەر توركیا، بەڵكو ئەمریكا، ئیسرائیل و ئینگلیز هەموویان لەدژی ئێوەن. ئیدی ناتوانن رووبەڕووی هەموویان ببنەوە"، سوریاش بینی كە بەتەنیا دەمێنێتەوە، ئیدی ئەم فشارهێنانە میسر كردی، بۆ ئەوەی سوریا سەرۆك دەربكات. لەناو سوریاشدا هەندێك ئەو فشارەیان كرد. بۆ نموونە؛ "عەبدولحەلیم خەددام" پاشان هەندێك شتی ئاشكرا كرد و گووتی:" ئێمە ئەو بڕیارەمان لەنێو پارتی بەعسدا وەرگرت و بردمان بۆ لای "حافز ئەسەد" و بە "حافز ئەسەد"مان بەپەسند كردن دا"، واتا ئەو بڕیارە "حافز ئەسەد" وەرینەگرتبوو، ئەوان ئەو بڕیارەیان داوە و بەوێشیان بە پەسندكردن داوە،

چۆن بە پەسندکردنیان داوە؟ گووتیان:" بڕوانە عەرەب لەگەڵ ئێمە شوێن ناگرن، ئیدی ئەمریکا، ئسرائیل و تورکیا و هەموویان دێنە سەر ئێمە، بۆچی ئێمە بۆ ئاپۆ خۆمان بخەینە ژێر مەترسییەوە؟ پێویستە تۆ ئەم بڕیارەمان پەسند بکەیت" کاتێك کە "ئەسەد"یش دەبینێت لەنێو سوریاشدا هەندێك ئەمە دەخوازن کە سەرۆك ئاپۆ دەربکەوێت، وەکوتریش "عەبدولحەلیم خەددام" ئەوەش دەڵێت:" ئێمە بینیمان کە ئاپۆ تادێت لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا کاریگەری لەسەر کوردان دەکات، لەناو کورداندا ڕێکخستن پێشدەخات، ئێمە بینیمان نەك تەنیا بۆ تورکیا مەترسیدارە، بەڵکو بۆ ئێمەش مەترسیدارە"، وەها دەڵێت:" بۆیە پێویستە خۆمان لە ئاپۆ ڕزگار بکەین". لەناوخۆشیاندا هەن کە دەخوازن سەرۆك لە سوریا دەربکەن، هەڵبەتە لەو ڕەوشەدا فشاری مەزن هەیە و هەڕەشەی تورکیا و ئیسرائیل و ئەمریکا لەئارادایە، لەئاکامی ئەمەدا سوریا، ئەوانەی دۆستایەتیان دەکردین، ئیدی نەیاندەتوانی دۆستایەتیمان بکەن. دیسان کاتێك کە "عەبدولحەلیم خەددام" لە سوریا دەرکەوت و پاشان چووە فەڕەنسا وا نیشانی دەدا کە ئەو سەرۆك ئاپۆی لەسوریا دەرخستووە، ئەگەر بڕیاریان وەرگرتبوو ئەو پێی وەرگرتبوون، ئەگەر بە "حافز ئەسەد"یان بە پەسندکردن دابوو ڕۆڵی ئەو هەیە، تەنانەت دەڵێت:" من چووم بە ئاپۆشم گووت تۆ کەسێکی زانایت، تورکیا دەخوازێت بکەوێتە سوریاوە، دێتە سوریا یان نا؟ سەرۆك گووتوویەتی دەکەوێتە سوریا، بۆ ئەوەی سوریا زەرەر نەبینێت من دەتوانم دەربکەوم" دەڵێت:" من قسەم لەگەڵیدا کرد"، واتا" من قەناعەتم پێیکرد" بەو هەوایەوە قسە دەکات. بەمەش ڕۆڵی خۆی لەدەرخستنی سەرۆك لە سوریادا نیشان دەدات.

یۆنانستان، ڕوسیا، ئەڵمانیا، فەڕەنسا، هۆڵەندا، ئینگلتەرا، کینیا، میسر، ئەمریکا و هەموو ئەمانە لەو پیلانگێڕییەدا شوێنیان گرت. ئەمریکا هەموو ئەو وڵاتانەی لەنێو پیلانگێڕییەکەدا ئۆرگانیزە کرد، لەوانەیە بیرۆکە و پیلاننامەی ئەو پیلانگێڕییە ئینگلتەرا داڕشتبێت. بەڵام لەپراکتیکدا ئەمریکا ڕێکخستەی کردووە و کۆردیناسیۆنێتی و سەرپەرشتی پێکهێنانی ئەوەی کردووە.

بێگومان ئیسرائیل بە هاوکاری ئیستخباراتیی خۆی لەگەڵ تورکیا و بە هەڕەشکردنی بۆ سەر سوریا ڕۆڵێکی مەزنی بینی.

لە ئەوروپادا پێشتر ئەڵمانیا بڕیاری ئەوەی دابوو کە ئەگەر سەرۆك بچێتە ئەوروپا دەستگیری بکات، کە سەرۆك چووە ئیتاڵیا، ئەوا ئەڵمانیا ئەو بڕیارەی خۆی خستە لایەکەوە، بۆ ئەوەی پیلانگێڕییەکە بەڕێوە بچێت. ئیتاڵیا خواستی کێشەی کورد بباتە یەکێتی ئەوروپا، کە لەسەر ئەو بنەمایە یەکێتی ئەوروپا ڕێیەکی چارەسەری پێشبخات، ئەڵمانیا، ئیتاڵیای بەتەنیا هێشتەوە و ڕێگیری لێکرد. نوێنەری فەرەنسا چووە ڕۆما و ئیفادەی لەسەر سەرۆك وەرگرت و دەستی بەسەر پاسپۆرتی سەرۆکدا گرت، ئینگلتەرا هەڕەشەی هەموو ئەو شوێنانەی کرد کە سەرۆك بچێت.

کاتێك کە سەرۆك لە ڕۆما بوو (پ د ك) و "بارزانی" دۆسیەیان دەنارد، بۆ ئەوەی ئەوروپا سەرۆك پەسند نەکات، دۆسییەی وەهایان دەنارد کە سەرۆك تیرۆریستە و لەدژی کوردانە. ئیدی ئەم پیلانگێڕییە بەمشێوەیە جێبەجێکرا.

سەرۆك بەمجۆرە دەستگیرکرا و تەسلیمی تورکیایان کردەوە. خواستیان بەمە هەم سەرۆك بێکاریگەر بکەن و گەل و تەڤگەریش لەژێر کاریگەری سەرۆك دەربخەن، گەل و تەڤگەر بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، هەمیش خواستیان شەڕێکی بێ کۆتایی لەنێوان کورد و تورکیا بەرپا بکەن و بەمەش هەم تورکیا و هەمیش کوردان مەجبوری خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن سیاسەتی خۆیان بەڕێوە ببەن. واتا هەر هێز و لایەنێك خواستی ئەنجامی خۆی لەرێگەی ئەو پیلانگێڕییەوە پێك بهێنێت و بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆی بێنێتەدی. بۆیە هەر هەموویان لەم پیلانگێڕییەدا بەشدار بوون. بێگومان ئامانجی هەر یەکەیان جودا جودا بوو و وەك یەك نەبوون...

ئەو کاتەی کە سەرۆك ئاپۆ دەچێتە ڕۆما ڕابوونێکی مەزنی گەل، کە نموونەی لەمێژوودا نەبوو، ڕوویدا، ڕابوونێکی گەلەری جەماوەری بوو. ئەمەش وایکرد کە دۆزی کوردان بگاتە ئاستێکی نێودەوڵەتی و ڕۆژەڤی هەموو جیهان. بەڵام خاڵی هەرە سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەوروپا لەدۆخێکی وەهادا نابێتە فاکتەرێك بۆ چارەسەری کێشەی

کورد، ئەمە لەچییەوە دێت؟ وادیارە تا ئەو ساتە و ئێستاش تێیدا دەژین سیاسەتێکی دووڕوویانەی سەیریان هەیە، لەلایەکەوە بە تورکیا دەڵێن؛ پێویستە دیموکراتیزەبوون ئەنجام بدەیت، لەلایەکی دیکەش ناهێڵن ئەمە ئەنجام بدرێت و کێشەی کورد چارەسەر ببێت، ئەمە لەچییەوە دێت...؟

راستە، ئەگەر ئەوروپا بەشداری لە پیلانگێڕییەکە نەکردبایە و خوازیار بووایە کێشەی کورد چارەسەر ببێت، ئەو پیلانگێڕییە پێك نەدەهات و کێشەی کوردیش چارەسەر دەبوو. بۆ نموونە؛ سەرۆك ئاپۆ لە "شام"ەوە رووی لەچیا نەکرد، دەیتوانی بهاتبایە چیا، لەوانەبوو ئەگەر هاتبایە چیا ئەو پیلانگێڕییەش پووچەڵ بکرابایەوە، بەڵام شەڕێکی مەزنیش بەرپا دەبوو، قەتلوعامی مەزن روویدەدا، سەرۆك هەم لەبەر ئەم هۆیە نەهاتە چیا، هەمیش کە چووە ئەوروپا تاوەکو کێشەی کورد بخاتە سەر راستەڕێی چارەسەری و شەڕ بەردەوام نەبێت و کۆمەڵکوژی روونەدات، بۆچی؟ چونکە ئەوروپا پێشتر چی دەگووت؟ دەیگووت:" ئەگەر ئێوە شەڕ رابوەستێنن ئێمە دەتوانین هەوڵ بدەین و کار لەسەر تورکیا بکەین و دەتوانین تورکیا رازی بکەین کە کێشەی کورد لەرێی سیاسی و دیموکراتییانەوە چارەسەر بکرێت. بەڵام لەبەر ئەوەی شەڕ لەئارادایە ئێمە ناتوانین ئەم رۆڵە بگێڕین". تەنانەت بۆ ئەمەش دەیانخواست سەرۆك بچێتە ئەورپا، هەواڵی وەهاشیان دەنارد. ئەگەر سەرۆك نەهاتە چیا هۆکارێك لە هۆکارەکانیش ئەمە بوو. هەڵبەتە سەرۆکیش دەیخواست کە کێشەکە بەدیالۆگ چارەسەر ببێت، مادام ئەورووپاش هەڵوێست و نزیکبوونەوەیەکی وەهای هەیە، بۆیە بەرەو ئەوروپا چوو، بەڵام پاشان ئاشکرابوو کە ئەوروپا بۆ ئەوەی پیلانگێڕی ئەنجام بدات وەها مامەڵەی کردووە. چونکە ئەگەر راستگۆ بوونایە و نیازێکی بەوجۆرەیان هەبووایە، ئەوا سەرۆك چووە ئەوروپا، کاتێك کە چووە ئەورووپاش بۆ ئەوەی کێشەی کورد چارەسەر ببێت پرۆژەیەکی چارەسەریشی راگەیاند، پرۆژەیەکی زۆر ماقووڵیش بوو، ئەوروپا نەك هەر گفتوگۆی لەسەر ئەم پرۆژەیە نەکرد و شوێنیشی نەدا بەسەرۆك، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەشداری

لە پیلانگێڕییەکەش کرد، ئەمەش ئەمەی سەلماند کە ئەوروپا ناخوازێت کێشەکە چارەسەر ببێت، ئەوروپا بۆ ئەوەی سەرۆك لە ئەوروپا دەربخات و ئامانجەکانی ئەو پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییە بێتەدی رۆڵی خۆی دەبینی.

چوونی سەرۆك بۆ ئەوروپا هۆکارێکی دیکەشی هەبوو، لەبنەڕەتدا خاوەنی سەرەکی کێشەی کورد ئەوروپا بوو، چونکە ئەوروپا کوردستانی بەش بەش و پارچە پارچە کردبوو، ستاتۆیەکی لە خۆرهەڵاتی ناوین دروستکردبوو، لەو ستاتۆیەی کە دروستیشی کردبوو شوێنی بە کوردان نەدابوو. واتا کوردانی لەدەرەوەی ستاتۆیەکە هێشتبووەوە و پارچە پارچەشی کردبوو و بە "لۆزان"یش ئەو پارچەکردنەی خستبوو سەر بناخەیەکی حقوقیشەوە، بەمەش کوردانی تەسلیمی دەوڵەتە داگیرکەرەکان کردبوو، لەبەر ئەوەی ئەو ستاتۆیەی دروستیکردبوو تێیدا شوێنی بە کوردان نەدابوو، نکۆڵیان لە کوردان کردبوو، بۆیەش ئەو سیاسەتەی لەسەر کوردان پەیڕەو دەکرا سیاسەتی نکۆڵی و قڕکردن بوو، خاوەنی ئەو سیاسەتەش لەبنەڕەتدا ئەوروپایە. چونکە ئەوەی ستاتۆیەکی بەمرەنگەی لە خۆرهەڵاتی ناوین دروستکردبوو ئەو بوو، ئەوەی لەو ستاتۆیەشدا شوێنی بەکوردان نەدابوو هەر ئەو بوو. ئەگەر کوردانیان پەسند بکردبایە ئەوا لەو ستاتۆیەدا شوێنیان بە کوردان دەدا. واتا ئەوەی نکۆڵی لە کورد کردووە و لەسەر کوردان سیاسەتی لەناوبردنی بەڕێوە بردووە لەبنەڕەتدا ئەوروپایە. دەوڵەتانی داگیرکاریش ئەو سیاسەتەیان لەپراکتیکدا بەڕێوە بردووە. خاوەنی ئەو سیاسەتە دەوڵەتانی داگیرکەر نین، بەڵکو لەبنەڕەتدا ئەوروپایە. بۆیە خاوەنی کێشەی کوردیش هەر ئەوروپایە. ئەوروپا لەبەرامبەر ئەو سیاسەتەی لەدژی کوردانیش بەڕێوە براوە بەرپرسیارە، لەبەرامبەر هەموو ئەو کۆمەڵکوژی و ئەشکەنجە و چەوسانەوەیەی بەسەر کوردانـدا هاتووە بەرپرسیارە، هەر تەنیا دەوڵەتانی داگیرکەر بەرپرسیار نین. دەوڵەتانی داگیرکەر ئەو سیاسەتەی ئەوروپا دایڕشتووە و بە "لۆزان"یش کردی بە سیاسەتێکی فەرمی، لەپراکتیکدا جێبەجێیان کردووە. بۆیە پێکەوە بەرپرسیارن لەو کۆمەڵکوژی و چەوسانەوەیەی لەدژی کوردان پەیڕەو کراوە. راستی مەسەلەکە وەهایە. ئەگەر سەرۆکیش چووە ئەوروپا هۆکارێکیشی ئەمە بوو. چونکە کێشەی کورد ئەگەر ئەوروپا پەسندی کرد ئەوا چارەسەر دەکرێت. ئەگەر ئەوروپا کورد پەسند نەکات و چارەسەری

کێشەی کورد پەسند نەکات، ئەوا کێشەی کوردیش چارەسەر نابێت. ئەورووپا دەیگووت:" تۆ وەرە ئەورووپا و دەستبەرداری شەڕی چەکداریش ببە، ئێمە دەتوانین کێشەکە چارەسەر بکەین" سەرۆك بۆ ئەمە چووە ئەورووپا. ئەورووپا بەشداری لە پیلانگێڕییەکەدا کردبوو، بۆ ئەوەی رۆڵی خۆی لەنێو پیلانگێڕییەکەدا پێك بهێنێت بەو جۆرە نزیك دەبووەوە. هەڵبەتە لەقۆناحی پیلانگێڕییەکەشدا ئەو راستییە ئاشکرا بوو کە ئەورووپا ناخوازێت ئەو بەرپرسیارێتییە مێژوویی و سیاسی و ئەخلاقییەی خۆی پێك بێنێت. لێرەدا ئەورووپا بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی و سیاسی و ئەخلاقیی لەبەرامبەر کوردان هەیە. ئەمە دەرفەتێك بوو کە سەرۆك چووە ئەورووپا و ئەو پرۆژەیەی راگەیاند بۆ ئەوەی کێشەی کورد بەرێگەی سیاسی چارەسەر بکرێت، ئەمە بۆ ئەووپا دەرفەتێکی مەزن بوو، ئەورووپا دەیتوانی خۆی لەو تاوانەی خۆی پاك بکاتەوە. واتا ئەو کێشەیەی خۆی دەریخستووە دەیتوانی چارەسەریشی بکردبایە، بەمەش دەیتوانی خۆی بە عەفوکردن دابایە و تاوانی خۆی پاك بکردبایەوە. بەڵام ئەورووپا پێداگری لەسەر درێژەدان بە تاوانەکەی خۆی کرد، بۆیە بەشداری لەپیلانگێڕییەکەدا کرد. بەمەش تاوانەکەی خۆی لەبەرامبەر کوردان زۆر قورستر کرد...

ئاشکرا بوو کە ئەورووپا ناخوازێت کێشەی کورد چارەسەر ببێت، بەڵکو دەخوازێت هەر شەڕ هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت هەمیشە بەردەوامی بەو ستاتۆیە بدات و بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی خۆی بەردەوام بکات. ئەورووپا ئەوەندە باسی دیموکراتی و ئازادی و ماف مرۆڤ و "ماف سێ ئەوە"دەکات ئاشکرا بوو کە هیچی راست نین. ئەگەر ئەوانە راست بووایە ئەوا ئەمرۆ لە جیهاندا هیچ گەلێك نییە بەقەد گەلی کورد زیاتر پێویستی بە ئازادی و دیموکراسی و ماف مرۆڤ هەبێت. ئەو گەلە هێندە گەلێکی مەزن، هێندە لەنێو کۆمەڵکوژی و چەوسانەوە و ئازاردا ژیاوە، تەنانەت زمانەکەی قەدەخە کراوە. مادام هێندە دیموکراسی و ماف مرۆڤ و ئازادی بەبناخە وەردەگرن، ئەوا ئەو کاتە پێویستە بۆ کوردانیش ئەمەیان بەبناخە وەرگرتبایە، ئیدی ساختەکاری و دووڕوویی ئەورووپا بەو پیلانگێڕییە ئاشکرا بوو، کە ئەورووپا بۆ کوردان نە حقوق، نە عەدالەت، نە دیموکراسی و نە ئازادی بەبناخە وەرناگرێت، کە مەسەلەی کورد هاتەپێش هەموو ئەو شتانە رادەوەستێنن. لەدەرەوەی حقوق و عەدالەت و ماف مرۆڤ و دیموکراسی و ئازادی

لە کوردان دەڕوانن، ئەمە ڕاستینەی ئەوروپا دەخاتەڕوو، بۆچی ئەوروپا وەها نزیك دەبێتەوە؟ چونکە لەبەرامبەر کوردان زۆر تاوانبارە، ئەوەی لەبنەڕەتدا نکۆڵی و قڕکردنی پێشخستووە ئەوروپایە، لەسەر ئەو سیاسەتەش زۆر کۆمەلکوژی مەزن لەسەر کوردان ئەنجام دراوە، ئەو بەرپرسیاری ئەمەیە. بە چەکی ئەوان هەڵەبجە کیمیاباران کرا و کۆمەلکوژی ئەنجام درا، واتا ئەگەر ئەوروپا ڕاستگۆ بن و دان بەوەدا بنێن و بڵێن:" ئێمە گوناهبارین لەو رەوشەی کورد تێیکەوتووە و ئێمە ڕێگەی ئەوەمان داوە، چونکە ئێمە ئەو ستاتۆیەمان لە خۆرهەلاتی ناوین دروستکرد و تێیدا جێگەمان بەکوردان نەدا و نکۆڵیمان لەکوردان کرد و پارچەمان کردن و تەسلیمی ئەو داگیرکەرانەمان کردن، ئەوانیش لەسەر ئەو بنەمایە ئەو سیاسەتی نکۆڵی و قڕکردنەیان بەڕێوە بردووە، ئێمە لەمەدا بەرپرسیارین و دەخوازین تاوانی خۆمان بسڕینەوە، بۆیەش ئێمە دەخوازین کێشەی کورد چارەسەر ببێت و... ". دەیانتوانی وەها بکەن. بەڵام جورئەتیان نیشان نەدا و ئەو دەرفەتەشیان بەکارنەهێنا. مەسەلەی ئەوان تەنیا مەسەلەی جورئەتکردن یان نەکردن نییە، بەلکو بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان ئەمە دەخوازێت. ئەوروپا بەتەواوی بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری بۆخۆی بەبنەما وەردەگرێت، ئەگەر بەرژەوەندی سیاسی و ئابووریان لە کۆمەلکوژی کوردانا بێت، ئەوا ئەوان ئەمە بەبنەما وەردەگرن، بۆ ئەوان دیموکراسی، ئازادی و ماڧ ڕێ گرنگ نییە، ئەو کاتە با بڵێین ئەوروپا دەڵێت:" لەبەر ئەوەی ئەمریکا فشارێکی زۆری بۆهێناین ئێمەش نەماندەتوانی... " لەوانەیە بیانوویەکی بەمجۆرە بدۆزنەوە و بخوازن ڕاستینەی خۆیان بشارنەوە. ئەمە ڕاستیش نییە. بەس با بڵێین وایە، دادگای ئەوان (دادگای ماڧی مرۆڤی ئەوروپا) بڕیارێکی دا کە دادگایی سەرۆك ئاپۆ لە ئیمرالی ڕاست پێك نەهاتووە و پێویستە سەرلەنوێ دادگایی بکرێتەوە، کەچی کۆنسەی ئەوروپا گووتی:" پێویست ناکات سەرلەنوێ دادگایی بکرێتەوە" و گووتی:" ئەو بڕیارەی تورکیا وەریگرتووە ڕاستە" هەروەها گووتی:" ئەگەر دادگاییش بکرێتەوە دیسان ئەو بڕیارە دەدرێتەوە، بۆیەش ئەو بڕیارە لەشوێنی خۆیدایە و پێویست ناکات دادگایی بکرێتەوە". کەچی ئەمەش دەرفەتێك بوو بۆ ئەوەی تاوانەکانی خۆیان بسڕنەوە و خەتا و هەڵەکانی خۆیان بەلاوە بنێن. بەڵام بەم بڕیارەیان ئاشکرا بوو کە بەئەنقەست ناخوازن

کێشەی کورد چارەسەر ببێت. بۆیەش خاوەنداریێتی لەتاوانەکانی خۆیان دەکەن و ئەوەی لەبەرامبەر کوردان کردوویانە خاوەنداریێتی لێدەکەن و پێداگریشی لەسەر دەکەن، گرنگێتی ئەو بڕیارە ئەمەیە. چونکە سەرۆك ئاپۆ چەندین ئاگربەستی ڕاگەیاندووە.

ئێستاش(١) جارێکی دیکە ئاگربەستی ڕاگەیاندەوە، ئەو ئاگربەستانە کاریگەری خۆی لەسەر هەندێك دەوروبەر کردووە. بۆ ئەمەش چەندین کۆنفرانسی وەك "**کۆنفرانسی تورکیا لە ئاشتی خۆی دەگەڕێت**" سازدران. دەوڵەتی تورکیا دەخوازێت ئاگربەستەکە پووچەڵ بکاتەوە و دەخوازێت کۆمەڵکوژی نوێ پێشبخات، ڕێك لەو کەشوهەوایەدا، ئەو بڕیارەی خودی دادگای ئەوان وەریگرتووە دەڵێت:" پێویست ناکات دادگایی بکرێتەوە"، هەمیش زۆر بەئاشکرایی لەگەڵ سیاسەتی نکۆڵی و فڕکردن دایە و پێداگریشی لەسەر دەکات و خاوەنداریێتی لەسیاسەت و تاوانەکانی خۆی دەکات. ئەمانە هەمووی بەدیار دەخات کە ئەوروپا ناخوازێت کێشەکە چارەسەر ببێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەخوازێت کێشەکە بەردەوام ببێت و شەڕ و کۆمەڵکوژی بەردەوام بکات.

بۆیە ئەوروپا ڕۆڵێکی زۆر خراپ لەبەرامبەر کوردان دەگێڕێت. پێویستە کوردان باش لەو ڕاستییە تێبگەن. ئەوروپا لەبەرامبەر کوردان تاوانبارە و پێداگریش لەسەر تاوانەکانی دەکات و تادێت تاوانەکانی خۆیشی مەزن و قووڵتر دەکاتەوە و پێویستە کورد ئەمە ببینن، پێویستە کورد بەئاشکرا لەدژی سیاسەتی ئەوروپا ڕابوەستن، بۆ ئەوەی ئەوروپا دەستبەرداری ئەو سیاسەتەی ببێت کە لەدژی کوردان پەیڕەوی دەکات. داوای لێبوردن لە کوردان بکات و داوا بکات کورد لێی ببورن و لێی خۆش بن. ئەوەش مەگەر تەنیا بەوە دەبێت کە کێشەکە پەسند بکات و هەوڵ و تەقەللا بدات بۆ ئەوەی چارەسەر ببێت و لەم ڕووەوە ئەگەر ڕۆڵی خۆی بینی ئەوا دەتوانێت خۆی لە تاوانەکانی پاك بکاتەوە و خۆی بەعەفوکردن بدات، ئەگەر وەها نەبێت ئەوا پێویستە هەروا زوو بەزوویی لەتاوانەکانی ئەوروپا نەبووردرێت.

ئەمڕۆش(٢) دیسان ئەمریکا بەگوێرەی هەلومەرجی خەریکە ئێستا پیلانگێڕییەك ڕێك دەخات، ڤاج (پاپە)ی ئەوروپای ئەو پیلانگێڕییەی تەواو کردووە و کەوتۆتە جموجۆڵەوە، سەرەتا ئەڵمانیا هێرشی کرد، پاشان یەکێتی ئەوروپا بڕیاری دادگای ماف مرۆڤی ئەوروپا لەدادگاییکردنی سەرۆك پێکنەهێنا، پاشان ئەمجارەیان دادگایی ماف

مرۆڤی ئەوروپا سەبارەت بەوەی ڕێژەی (١٠٪)ی بەنداوی هەڵبژاردن لەتورکیا پێشێلکردنی ماف مرۆڤی تێدا نییە و بۆ ئارامی تورکیا ئەو بڕیارە وەرگیراوە و لەجێی خۆی دایە(٣) ئیدی پاشانیش فەرەنسا و بەلژیکا هێرشیان هێنایە سەرمان.(٤) ئەمانە هەمووی کێ ئۆرگانیزەی دەکات؟ ئەمریکا ئۆرگانیزەی دەکات، ئەڵمانیاش لە ئەوروپا جێبەجێی دەکات. ئەوەی ئەمە لە ئەوروپادا پێك دێنێت ئەڵمانیایە، ئێستا ئەڵمانیا لەیەکێتی ئەوروپادا بەرپرسیاری خوولی شەش مانگەی یەکێتی ئەوروپایە. ئەڵمانیا ئەمانە لە ئەوروپادا ئۆرگانیزە دەکات، واتا قاچی یەکەمی پیلانگێڕی لە ئەوروپادا ئەڵمانیایە، ئەو لەپراکتیکدا هەمووی جێبەجێ دەکات. ئەڵمانیا ساڵی (١٩٩٦) بەبڕیاری ناتۆ (NATO) ئەرکی پێ سپێردرا کەوا لەبەرامبەر (PKK) تورکیا بپارێزێت، لەو ڕێکەوتە بەدواوە هەمیشە لەگەڵ تورکیایە بۆ دژایەتیکردنی (PKK) و تەڤگەری کوردان. هەروەها ئەڵمانیا لە مێژوویێکی کۆنەوە پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا هەبووە و هەیە، ئەو پەیوەندییەش پەیوەندییەکی بەهێز و تۆکمەیە، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی سیاسی و ئابوورییە، بۆ ئەوەی ئەمە بپارێزێت لەدژی (PKK) و کورد رادەوەستێت. ئەڵمانیا دەخوازێت هەم لە ئەڵمانیا و هەمیش لەتەواوی ئەوروپا کوردان بتوێنێتەوە و بیانخاتە خزمەتی خۆیانەوە، چونکە (PKK) ناهێڵێت کورد لەوێ بتوێتەوە و بکەوێتە خزمەتی ئەوانەوە، (PKK) کوردی لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ...راتی پەروەردە کردووە و دەیژێنێت و دەیخاتەوە خزمەتی خودی کوردەوە و بەرەو کوردستانیش ئاراستەیان دەکات و دەیانخاتەوە خزمەتی کوردستان. بۆ ئەمەش پەلاماری (PKK) دەدەن.

وەکوتریش؛ لەمێژوودا ئەڵمانیا بەردەوام لەدژی ئازادی و دیموکراسی راوەستاوە، ئەوەی لەجیهاندا جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیشی بەرپاکرد ئەڵمانیا بوو. ئەوەی لەنێو خۆیدا سۆسیالیستەکانی دەگرت و دەیکوشت ئەڵمانیا بوو، ئەوەی لەدژی جولەکە کۆمەڵکوژییان ئەنجام دا ئەڵمانیا بوو، ئەوەی لەدژی سیستەمی سۆڤییەت راوەستا و لە پەرشوبڵاوکردنی سۆڤییەتیشدا لەدوای ئەمریکا ئەرکی خۆی جێبەجێ کردبێت لە ئەوروپادا ئەڵمانیا بوو، ئەوەی هاوکاری "ئیتحاد و تەرەقییەکان"ی(٥) کرد تاکو کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان ئەنجام بدەن ئەڵمانیا بوو، ئەوەی فیکری فاشیزمی دا بە

تورکیا و پشتیوانی لەم فیکرمیە کرد لە تورکیادا ئەڵمانیا بوو، بۆیە ئەڵمانیا لەدژی (PKK) و سەرۆك ئاپۆش رادەوەستێت... هەر تەنیا بەخۆی دژایەتی ناکات، ئیدی بەناوی ناتۆ و سەرمایەداریشەوە لە ئەوروپا ئەو ئەر؟ پێك دێنێت. لەهەموو دووژمنایەتییەکاندا ئەڵمانیا هەنگاوی یەکەم دەهاوێژێت، پاشان ئەوانەی دیکە هەنگاو دەهاوێژن یان پێیان بەهاوێشتن دەدات. لەساڵی (١٩٩٢)یشدا ئەڵمانیا هاتەسەر تەفگەر و (PKK)ی بەتیرۆریست راگەیاند، پاشان یەکسەر فەرەنساش هاتەسەر تەفگەر و ئەویش بەتیرۆریست رایگەیاند. ئەمرۆش(٦) سەرەتا ئەڵمانیا هاتەسەر تەفگەر پاشان فەرەنساش هاتە سەر تەفگەر. ئیدی ئەمە پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتییە، لە هەلومەرجێکی نوێدا بەرێوە دەبرێت، کۆردیناتۆری ئەمریکا ئەمە کۆردینە دەکات، بەمجۆرە قاچی ئەوروپای ئەو پیلانگێڕییەی دروستکرد و خستییە جموجوڵەوە.

ئێستاش لەسەر قاچ (پایە)ی ئێراق رادەوەستێت. قاچی ئێراقیش لەبنەڕەتدا کێیە؟ (ی ن ك) و (پ د ك)ن. ئێستا لەسەر ئەو قاچە راوەستە دەکەن و دەخوازن ئەو قاچەش بخەنە جموجوڵەوە بۆ ئەوەی بتوانن پیلانگێڕییەکە بگەیەننە ئامانج، تاکو (PKK) لەهێزی چارەسەری دەربخەن و کوردان لەژێر کاریگەری (PKK) دەربخەن و بیخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. ئیدی "راڵستۆن" هات و"مەسعود بارزانی" بینی و قسەی لەگەڵدا کرد. "راڵستۆن" لە تورکیادا گووتی:" من لەو باوەڕەدام کە دەتوانم قەناعەت بە مەسعود بارزانی بهێنم، من بە مەسعود بارزانیم گووتووە:" (PKK) بۆ ئێوە مەترسیدارە، بۆ ئێراق و تورکیا مەترسیدارە، لەو باوەڕەش دام کە من قەناعەتی پێبێنم و پێی بەپەسند کردن بدەم..." پاشان "نێچیرڤان بارزانی" چووە ئەمریکا، "عەبدوڵڵا گوڵ"یش لە تورکیاوە چووە ئەمریکا... ئێستا(٧) هەردووکیان لەم رۆژانە بە سەرۆکایەتی ئەمریکا یەکتر دەبینن، بەمەش دەخوازن نێوانی تورکیا و (ی ن ك - پ د ك) باش بکەن، کە قاچی پیلانگێڕی لە ئێراقیش بخەنە نێو جموجوڵەوە، بۆ ئەوەی بتوانن زەبر لەتەفگەر بوەشێنن و کوردان لەژێر کاریگەری تەفگەر دەربخەن و بەتەواوی بیخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە. ئێستا پیلانگێڕی ئەمجارەیان بەو شێوەیە رێکخست. لە تورکیادا بەتەواوی فاشیزم پێشدەخەن و پشتیوانیان لێدەکەن، فاشیزمیش بەتەواوی کورد و (PKK)ی کردۆتە ئامانجی خۆی، دەخوازێت کۆمەڵکوژی ئەنجام بدات.

لەدەرەوەش ئەمریکا پیلانگێڕی نێودەوڵەتی ئۆرگانیزە دەکات، هەردوو قاچی ئەوروپا و ئێراق دروست دەکات، ئەو قاچانە (پایە)یانەش دەخاتە خزمەتی تورکیاوە، فاشیزمی تورکیاش سوود لەمە وەردەگرێت و جورئەتی زیاتر وەردەگرێت و دەڵێت:" من دەتوانم کۆمەڵکوژیش ئەنجام بدەم و ئەنجامگیریش ببم". هەر بۆیەش خۆی لەئاشتی و چارەسەرکردنی کێشەکە نزیك ناکاتەوە. ئەگەر خۆی نزیك ناکاتەوە ئەو هێزە لە ئەمریکا و ئەڵمانیا وەردەگرێت.

هێشتا پێویست دەکات لەسەر ڕۆڵی یەکە بەیەکەی ئەو دەوڵەتانە لە پیلانگێڕی نێودەوڵەتی (١٥)ی شوباتی (١٩٩٩) زیاتر شرۆڤە بکرێت. چونکە زۆرێك لەو دەوڵەتانە خۆیان دژی یەکتریشن، یۆنانستان دژی تورکیایە، تورکیا کێشەی لەگەڵ سوریا هەیە، روسیا و ئەمریکا دژی یەکترن. بەڵام وەکو دیار دەبێت لەچوارچێوەی ئەو پیلانگێڕییەدا سەودا و مامەڵە و ڕێککەوتنێکی گەورە و هەمە لایەن هەیە... لەلایەکی دیکەشەوە، لەو کاتەوە تاکو ئێستا لە تورکیادا هەندێك لێدوان دەدرێت، لەو لێدوانانەدا بەدیار دەکەوێت کە تورکیا لەم پیلانگێڕییەدا زێدە ڕۆڵێکی وەهای نەبوو، وەك بڵێی تەنیا لە چاوەڕوانی دەستگیرکردنەکە دابووبێت، ئەگەرنا زێدە ڕۆڵێکی چالاکی لەسەرکەوتنی پیلانگێڕییەکەدا نەبینیبێت، تەنانەت زۆر لە لێپرسراوە گەورەکانی ناو دەوڵەتیش ئاگایان لەپیلانگێڕییەکی وەها نەبووە، کە سەرۆك دەستگیر دەکرێت. مرۆڤ ئەمە چۆن هەڵدەسەنگێنێت...؟



نەخشەی دەرکەوتنی رێبەر ئۆجەلان لەرۆژهەلاتی ناوینەوە بۆ ئەورووپا

رۆڵی تورکیا لەو پیلانگێرییەدا زۆر کەمە، وەك چۆن لەفیلمێکدا هەندێك ئەکتەر رۆڵێکی زۆر سادەیان دەدەنێ، پێی دەڵێن" **فیگوران**" واتا ئەو رۆڵەی بە تورکیای دەدەن ئەمەیە. بۆ نموونە کاتێك ئەو پیلانگێرییە پێکهات و سەرۆکیان بەدیلگرت و تەسلیمی تورکیایان کردەوە "**بوڵەند ئەجەوید**" سەرۆك وەزیران بوو، تاکو مردیش دەیگووت:" من نازانم بۆچی **ئۆجەلان**یان تەسلیمی ئێمە کردەوە؟!" تامردنیش هەر ئەو قسەیەی دەکرد. ئەمەش ئەوە بەدیار دەخات کە رۆڵی تورکیا لە پیلانگێرییەکەدا زۆر کەمە. لەبنەرەتدا رۆڵی هەندێك دەوڵەت سەرەکییە، یەکەمیان: ئەمریکایە، کە هەموو ئەو پیلانگێرییەی ئۆرگانیزە کردووە لەپرکتیکدا، بە سەرۆکایەتی ئەمریکا هەموو هەنگاوەکانی پیلانگێرییەکە و دەوڵەتەکان ئۆرگانیزە کران و پیلانگێرییەکە پێکهات، ئەگەر وەها نەبایە هیچ هێزێك نەیدەتوانی ئەم پیلانگێرییە جێبەجێ بکات. رۆڵی

ئینگلتەراش سەرەکییە، ئەوەی بیرۆکەی ئەو پیلانگێڕییەی پێشخستبوو و لەسەر ئەو بیرۆکەیەش پیلاننامەی داڕشتبوو ئینگلتەرایە، بۆیە رۆڵێکی سەرەکی لەم پیلانگێڕییەدا هەیە، لەدژی کوردان، ئەخاسمە لەدژی ئەو کوردانەی ئیرادەی ئازادی بەبناخە وەردەگرن، ئەوەی سیاسەت دەستنیشان دەکات و دایدەرێژێت ئینگلتەرایە. ئەمریکا ئەو سیاسەتەی ئینگلتەرا دەستنیشانی کردووە جێبەجێی دەکات. ئەمەیە رۆڵی ئەمریکا. چونکە لە گۆڕەپانی کوردستاندا ئەوەی باش لە کێشەی کورد تێدەگات و ئەزموونێکی تۆکمەی هەیە ئینگلیزن. بۆیە ئینگلتەرا هەموو سیاسەتەکان لەدژی کوردان دەستنیشان دەکات و پێشیدەخات، ئەوەی لەپراکتیکیشدا جێبەجێی دەکات و رێکیدەخات و سەرپەرشتی دەکات، ئەمریکایە.

هەروەها ئیسرائیلیش یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە رۆڵێکی سەرەکی بینیوە، هەم لەرووی ئیستخباراتی و هەم زیاترکردنی فشار و گوشار بۆ سەر سوریا هاوکاری تورکیای کردووە و جورئەتی بە تورکیا داوە. میسریش رۆڵێکی سەرەکی بینیوە، گۆڕەپانی عەرەبی بەتەواوی هان دا کە لەگەڵ سوریا ئەبن، بۆ ئەوەی پیلانگێڕییەکە پێك بێت، لەم رووە رۆڵێکی سەرەکی بینی. یۆنانستانیش رۆڵێکی سەرەکی بینی کە سەرۆك لە سوریا دەربخەن و بتوانن لەپراکتیکدا پیلانگێڕییەکە جێبەجێ بکەن. چونکە ئەگەر یۆنانستان رۆڵێکی وەهای وەرنەگرتبایە، دیسان ئەو پیلانگێڕییە سەرینەدەگرت، واتا رۆڵێکی سەرەکی بینی لەسەرکەوتنی پیلاگێڕییەکە. ئەڵمانیاش رۆڵێکی سەرەکی بینی لە پراکتیزەکردنی پیلانگێڕییەکەدا. ئەگەر ئەڵمانیا کاتێك کە سەرۆك چووە ئیتاڵیا بیگووتبایە:" من وەك بڕیارم داوە دەستگیری دەکەم" چونکە پێشتر بڕیارێکی وەهای هەبوو، ئەوا ئەو پیلانگێڕییە پێکنەدەهات. هەروەها "ماسیمۆ دالیما"ی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتەی ئیتاڵیا خواستی لەگەڵ ئەڵمانیادا پێکەوە کێشەی کورد بکەنە رۆژەڤی یەکێتی ئەوروپا، ئەڵمانیا خاوەندارێتی لێنەکرد، لەمەشدا ئەڵمانیا رۆڵێکی نێگەتیڤ و سەرەکی بینی.

هەروەها کوردە وابەستەکانیش رۆڵێکی سەرەکیان لەو پیلانگێڕییەدا بینی. وەك دەزانرێت؛ پیلانگێڕی نێودەوڵەتی بەرێگەی رێککەوتنی واشنتۆنەوە کەوتە واری فەرمییەتەوە. لەو رێککەوتنەدا (ی ن ك) و (پ د ك) هەن. ئەگەر (ی ن ك) و (پ د ك) لەو

ڕێککەوتنەدا بەشدار نەبوونایە و ڕێی پیلانگێڕییان نەکردایەوە و پەسندیان نەکردبایە، دیسان ئەو پیلانگێڕییە جێبەجێ نەدەبوو. چونکە (ی ن ك) و (پ د ك) چەندە موحتاجی ئەمریکا بوون، ئەمریکاش ئەوەندە موحتاجی (ی ن ك) و (پ د ك) بوو. چونکە لەڕێگەی ئەوانەوە دەکەوتنە ئێراقەوە، ئەگەر ئەوان ئەو پیلانگێڕییەیان پەسند نەکردبایە، ئەوا ئەمریکا و ئینگلتەرا نەیاندەتوانی ئەو پیلانگێڕییە ئەنجام بدەن. ئەگەر هەڵوێستێکی وڵاتپارێزی و ئەخلاقییان وەرگرتبایە ئەوا ئەو پیلانگێڕییە ئەنجام نەدەدرا. چونکە ئەمریکا و ئینگلتەرا موحتاجی کوردان بوون، بەبێ کوردان نەیاندەتوانی موداخەلەی سەر ئێراق بکەن. ئەگەر ئەو دەوڵەتانە بڕیاری پێکهاتنی پیلانگێڕییان وەرگرت، ئەوا ئەو جورئەتەیان لە (ی ن ك) و (پ د ك) وەرگرت. (ی ن ك) و (پ د ك)ش بۆ بەرژەوەندی حیزبایەتی تەنگی خۆیان، ڕێگرتن لە پێشکەوتنی (PKK) و بێکاریگەرکردنی سەرۆك ئاپۆیان لە بەرژەوەندی خۆیاندا بینی؛ ئیدی ئەگەر سەرۆك دەستگیر بکرێت و بێکاریگەر ببێت و تەڤگەر تەسفیە بکرێت ئەوا کوردستان بۆ ئەوان دەمێنێتەوە، حیساباتێکی وەهایان کرد. واتا حیساباتێکی نەتەوەییان نەکرد، حیساباتێکی ئینسانیانەیان نەکرد، بەڵکو حیساباتیان بەگوێرەی بەرژەوەندی تەنگی حزبایەتی خۆیان و بۆ خودی خۆیان کرد. بۆیە هاندەربوون بۆ پێکهێنانی ئەو پیلانگێڕییە. کاتێك کە سەرۆك لە ڕۆماش بوو، زۆر بەئاشکرا دۆسیەیان دەنارد بۆ ئەوەی ئەورووپا سەرۆك پەسند نەکات، مامەڵەیان لەگەڵیدا وەك مامەڵەکردن لەگەڵ تیرۆریستێك بێت. ڕۆڵێکی وەها سەرەکییان بینی، ئەگەر پیلانگێڕی سەریگرت ئەوا بەمشێوەیە سەریگرت. ئەگەر وەها نەبووایە، ئەو پیلانگێڕییە سەرینەدەگرت.

ڕوسیا، کینیا ڕۆڵیان کەمترە... بۆ نموونە؛ ئیتاڵیا وەك دەوڵەت زێدە ڕۆڵێکی وەهای نییە. بەڵام بێگومان لەناو دەوڵەتدا بەشێك ڕۆڵیان تێدا هەیە، کە لەگەڵ ئەمریکا و ئینگلتەرادا شوێنیان گرت.

ئەگەر مرۆڤ بڕوانێت ئەو دەوڵەتانەی لەنێوان خۆشیاندا کێشە و گرفتیان هەیە، هەندێکیشیان لەهەندێك ڕووەوە لەیەکترەوە نزیکن، لەهەندێك لای دیکەشەوە لەسەر هەندێك مەسەلە لەدژی یەکتر ڕادەوەستن. بەڵام لەو پیلانگێڕییەدا هەر هەموویان ڕۆڵی سەرەکی یان لاوەکیان وەرگرت. ئەمە بەتەواوی ئەمریکا ئۆرگانیزەی دەکرد،

ئەگەر وەها نەبووایە ئەم هەموو دەوڵەتانە کە بەرژەوەندییەکانیان لەئەوانی دیکە جیاوازترە و بەرژەوەندییان لەیەکتر جوداترە نەیاندەتوانی هەموویان بەمشێوەیە لەم پیلانگێڕییەدا، بگەیشتبنایە لای یەکتر. ئەمە ئەمریکا هەموویانی بۆ لای یەك کۆکردەوە. هەموو هێزی سیاسی، دیپلۆماسی، ئابووری و ئیستخباراتی خۆی بەکارهێنا لەئاکامی ئەوەدا پیلانگێڕییەکی هێندە فراوان ئەنجامدرا. ئیدی هەر لایەنە و بەرژەوەندییەکی لەم پیلانگێڕییەدا هەبوو و بەدەستیانهێنا. یۆنانستان بۆ کێشەی دوورگەکانی "قوبرس" و "ئەگە" هەندێك سوودی وەرگرت. هەروەها روسیا بۆ خەتی "گازی شین" و بۆ مەسەلەی چیچانستان سوودمەند بوو. دەوڵەتانی دیکەش هەن کە بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان سوودیان وەرگرت. واتا سەودا و مامەڵەی سیاسی و ئابووری بوو، هەندێك لەمە تورکیا دای، هەندێکیش ئەمریکا و ئینگلتەرا و ئەوان دایان، لەئاکامی ئەوەدا ئەم هەموو دەوڵەتانە بەشداریان لەم پیلانگێڕییەدا کرد. ئیدی بەمجۆرە پیلانگێڕی نێودەوڵەتی (١٥)ی شوباتی (١٩٩٩) پێکهات.

پێش ئەوەی سەرۆك ئاپۆ بەم پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییە دەستگیر بکرێت لەئاخافتنێکی خۆیدا دەڵێت:" من لەپارتی ئێوە وازدەهێنم" هەمیش لەو لێدوانانەی کە لەمیانەی بەشداریکردنی لەبەرنامەی تەلەفزیۆنیدا یان لەرێی شیکردنەوەکانی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە "پێویستە (PKK) خۆی بگۆڕێت" هەروەها لە دەستگیرکردنیشی گووتی:" هەڤاڵێتی لاواز و دۆستایەتی ساختە بوونە فاکتەرێك بۆ ئەنجامگیربوونی پیلانگێڕییەکە" ئەگەر مرۆڤ ئەمانە هەمووی بێنێتە لای یەك دەکرێ لەو گووتانەدا چی تێبگەین...؟

سەرۆك بـەگوێرەی زیهنییـەت و فەلـسەفە و ئایـدیۆلۆژیای خـۆی تەڤگـەرێكی لـە كوردستان پێشدەخست و پێداگریشی لەسەر ئەو پێشخستنە دەكرد، هەرچەندە خواستی بەگوێرەی زیهنییەتی خۆی تەڤگەرێك و میللەتێك پێشبخات، لەهەنـدێك رووەوە تـوانی پێشیان بخات، بـەڵام لەهەنـدێك رووی تریـشەوە پێشنەكەوت. تەنانـەت هەنـدێك شـتی پێچەوانەی زیهنییەتی سەرۆكیش دەركەوت. سەرۆك كاتێـك بـەگوێرەی ئـەو زیهنییەتـە (PKK)ی ئاواكرد، خواستی بەتەواوی بەگوێرەی ئەو زیهنییەتە ملیتانێتی ئـەو پارتییـە ئـاوا بكـات و پراكتیكەكـەی پێـشبخات. لـەم رووەوە هەرچـەندە هەنـدێك هـەنگاویش هاوێشتران، بـەڵام لەهەنـدێك هەنگاویـشدا هـەم هەڵـە و چـەوتی دەركـەوت و هـەمیش هـەنگاوی كـەم و نیوەچـڵ هاوێـشتران. لەوانەیـە ئەمـە تـا هەڵمـەتی (١٥)ی ئـاب زێـدە مەترسـی دروسـت نـەكردبێت، بـەڵام دوای ئـەوەی سـەرۆك ئـاپۆ هـەنگاوی دووەمـی بـە پـارتیبوونی لەچوارچـێوەی هەڵمــەتی (١٥)ی ئــابی (١٩٨٤)ی هاوێـشت، ئـەوا خواسـتی لەمیانـەی ئـەو هەڵمەتـەدا ئـەو هەنگاوانـەی نەهاوێـشتراون بیهاوێـژێت، یـان نیوەچـڵ تـەواویان بكـات، یـان بەهەڵـە هاوێـشتراون راسـتیان بكاتـەوە، بـۆ ئـەوەی پـارتیبوونێكی بەهێز و تۆكمە پێشبكەوێت.

نیدی یەكێك لەئامانجەكانی هەڵمەتی (١٥)ی ئابیش ئەمەبوو. ئەمە لەمێژووی (PKK) و پرۆسەی بەپارتیبووندا پێی دەگووترێت هەڵمەتی دووەمی بەپارتیبوون، هەڵمەتی یەكەم بەدامەزراندنی (PKK) هاوێشترا، هەڵمەتی دووەمیش بەهەڵمەتی (١٥)ی ئابی (١٩٨٤)دا هاوێشترا. تا هەڵمەتی (١٥)ی ئاب ـ واتا هەڵمەتی دووەمی پارتیبوون ـ لە پارتیبووندا هەندێك هەڵە و كەموكوڕی هەبوون، بەڵام زێدە كێشە و گرفتەكان مەزن نەببوون. بەمەش خواستی ئەو كێشە و گرفتانەی لەئاراش دان چارەسەرییان بكات. بەڵام دوای ئەم هەڵمەتە ئەو كێشانەی دەبایە چارەسەر ببوونایە چارەسەر نەبوون، بەڵكو مەزن و قووڵتریش بوونەوە. لەپارتیبووندا ئەو چەمكە هەڵە و بەكەموكوڕییانە زیاتر تەشەنەیان سەند.

نیدی لێرەدا چەتەگەرێتی تەشەنەی كرد، ئەو چەتەگەرێتییە زەرەری لەپارتی و گەریلا و گەل دا، دووژمنیش زۆر سوودی لەمە بینی. ئەمەی لەدژی تەڤگەر بەكارهێنا و نەیهێشت تەڤگەر بەئامانجەكانی خۆی بگات. سەرۆك خواستی كەوا چەمك و

پراکتیکی چەتەگەریتی نەهێڵێت، بۆ ئەوەی تەڤگەر بەتەواوی لەسەر زیهنییەت و ڕاستەڕێی خۆی بەرەو پێشەوە بچێت. ئەو زیهنییەتەی چەتەگەریتی پێشدەخست، دژی پارتی و گەریلا و گەل تەخریباتی دەکرد، بەمەش ئەو زەمینەیەی ئاوادەکرد کە دووژمن لێیەوە سوودمەند دەبوو. ئەمەش نەیدەهێشت تەڤگەر بگاتە ئامانجەکانی خۆی، خواستی ئەمە نەهێڵێت و لەم پێناوەشدا زۆر هەوڵیدا و کاری کرد.

چەتەگەریتی بۆچی هێندە بەهێز بوو و توانی ئەو هەموو تەخریباتە بکات؟ هۆکارێك لە هۆکارەکانی ئەمە، ئەو کادیرانەی کۆمیتەی ناوەندی بوون کە دەبووایە ڕۆڵی خۆیان بگێڕابایە، بەتەواوی ڕۆڵی خۆیان نەبینی. واتا لەگەڵ زیهنییەتی سەرۆك ئاپۆدا بەتەواوی نەبوونە یەك، ئەرکی ئەم زیهنییەتەی لە پراکتیکدا بەتەواوی پێکنەهێنا، ئیدی لێرەدا **هەڤاڵێتی لاواز (نیوەچڵ)** دەرکەوت. ئەگەر سەرۆك دەڵێت:" **هەڤاڵێتی لاواز**" لەبەر ئەم هۆیەیە وادەڵێت. واتا هەڤاڵێتییەك کە بەتەواوی ئەرکی خۆی پێکنەهێناوە. هەڤاڵێتی لەگەڵ سەرۆك دەکات و هەڤاڵێتی لەگەڵ ئەو زیهنییەتەشدا دەکات و لەسەر ئەو بنەمایەش دەژیت و تێدەکۆشێت. بەڵام ئەو زیهنییەتە بەتەواوی لەپراکتیکدا پێکناهێنێت. بۆیە ناتوانێت چەتەگەریتی بێکاریگەر بکات. ئەو کارەی کە سەرۆك لەدژی چەتەگەریتی پێشیخستووە، ئەو شەڕەی لەدژی چەتەگەریتی بەرپای کردووە، ناتوانێت بەتەواوی شوێنی خۆی تێدا بگرێت و بەتەواوی لەگەڵ ئەو هەوڵ و ڕەنجە خۆی ناکاتە یەك. بۆیە ئەو کارەی کەوا سەرۆك لەدژی چەتەگەریتی دەیکرد، لەوانەیە لەهەندێك لایەنەوە ڕێگیری لێکرد بێت و تەخریباتەکەی کەمتر کردبێتەوە، بەڵام بەتەواوی نەیتوانی ئەو زیهنییەتەی چەتەگەریتی لەناو پارتی و گەریلا تەواو بێکاریگەر بکات. ئیدی پیلانگێڕی لەمەدا سوودمەند بوو، بۆیە دەڵێت:" **هەڤاڵێتی نیوەچڵ**".

لەلایەکی دیکەشەوە ئاماژە بە"**دۆستی ساختە**"دەکات، دۆستە ساختەکان بۆ ئەوەی پیلانگێڕی پێکبێت کاریان کرد، هەڤاڵێتی (نیوەچڵ)یش بەتەواوی خاوەندارێتی لەئەرك و بەرپرسیارێتی نەکرد و نەیتوانی ئەو زەمینەیە نەهێڵێت کەوا پیلانگێڕێتی تێیدا پێشدەکەوێت و بەتەواوی سەرۆکی کردۆتە ئامانجی خۆی. بۆیە دەڵێت:" **هەڤاڵێتی**

نیوەچڵ" ئیدی دەڵێت:"پیلانگێڕێتی لەسەر هەڤاڵێتی نیوەچڵ و دۆستایەتی ساختە پێشکەوت".

سەرۆك ئاپۆ بۆچی گووتی:" من لە (PKK) وازدێنم"؟ چونکە ئەو (PKK)یەی دەیخواست ئاوای بکات بەتەواوی ئاوانەبوو، لەم پێناوەدا هەموو هێز و توانای خۆی خستەگەڕ، بۆخۆی رۆژێك ژیانێکی شەخسی نەژیا، ژیانی خۆی بەتەواوی بۆ ئەوە تەرخانکرد کە ئەو (PKK)یەی دەیخوازێت، ئەو گەریلایەتییەی دەیخوازێت، ئەو خەباتەی دەیخوازێت پێشیبخات، بۆ ئەم مەبەستە ژیا، بۆیە ژیانی شەخسی لەخۆی حەرام کرد، بەم تێکۆشانەی زۆر هەنگاویشی پێشخست، بەڵام ئەو ئامانجەی لەپێش خۆی دانابوو بەتەواوی پێکنەهات. چونکە چەتەگەرێتی نەیهێشت پێکبێت. چەتەگەرێتی لەهەندێك رووەوە (PKK)ی لە (PKK)یبوون دەرخست و چەمکی خۆیشی بەناوی (PKK)وە بڵاوکردەوە. بەمەش گورزێکی کوشندەی لە (PKK) وەشاند...

ئایا مرۆڤ دەتوانێت هەموو شتێك بخاتە ئەستۆی چەتەگەرێتییەوە؟

بێگومان ئەمە رووێکی مەسەلەکەیە... هەڵبەتە دووژمنیش راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەوڵ و تەقەللای خۆی هەیە. وەکوتریش ئەو کادیرانە هەن کە بەرپرسیارێتی خۆیان پێکنەهێناوە. هەربۆیە چەتەگەرێتی لەهەموو ئەمانە سوودمەند بوو و ئەو تەخریباتانەی ئەنجام دا. بۆیە نەیهێشت سەرۆك ئەو (PKK) و گەریلایەتی و خەباتەی دەیخوازێت بەتەواوی و لەهەموو رووێکەوە باڵادەست بکات. سەرۆك زۆر هەوڵی دا کەوا تەڤگەر لەسەر بناخەی رەسەنی خۆی بەهێز بکات و بەرێوەی ببات. بەڵام ئەمە بەتەواوەتی بەدینەهات. تەنانەت لەهەندێك رووەوە بەپێچەوانە کەوتەوە. چەندە بەشەو و رۆژ هەوڵ و رەنجی دا کە رێگیری لەچەتەگەرێتی بکات و ئەو شتانەی لەدەرەوەی (PKK)ن و زەرەر لە (PKK) دەدەن و ئەو شتانەی (PKK) لەراستینەی (PKK) دوور دەخاتەوە نەهێڵێت، بینی کەهێزی خۆی بەشی ئەمە ناکات. واتا لێرەدا بەتەنیا دەمێنێتەوە، بینی بەمشێوەیە چەندە کاریش بکات ناتوانێت بەئامانجەکانی

خۆی بگات. چەندە خواستی ئەو کادیرانەی پەیوەستی تەڤگەرن لەمە تێبگەن و رۆڵی خۆیان بەتەواوی ببینن و لەگەڵ هەوڵ و رەنجی سەرۆك خۆی بکاتە یەك، بینی چەندە لەم پێناوەدا کاردەکات، کادیرانی پابەندی تەڤگەریش ناتوانن بەتەواوی لەمە تێبگەن و بەتەواوی خۆیان لەگەڵ هەوڵی سەرۆك بکەنە یەك. بۆیەش هەوڵ و رەنجی سەرۆك وەها دەمێنێتەوە و یان ئەنجام بەدەست ناخات یان بەنیوەچڵی دەمێنێتەوە، لەهەندێك رووەوە ئەنجام دەدات و لەهەندێك رووی تریشەوە ئەنجام نادات، بەمەش ناتوانێت رێ لەپێش تەخریباتەکان بگرێت.

هەڵبەتە پیلانگێڕییش لەجێبەجێکردن دایە، بێگومان لەدۆخێکی وەهادا هەوڵی سەرۆك سنووردار دەمێنێتەوە، ئەو خەتی چەتەگەرێتییە، (PKK) لە (PKK)یبوون دوور دەخاتەوە، (PKK) لە (PKK)دا دەکاتە کەمینە، لەدۆخێکی وەهادا چەتەگەرێتی زیاتر بەهێز دەبێت، چونکە پیلانگێڕی دەخوازێت تەڤگەر و گەل لەو خەت و رێبازە دەربخات. سەرۆك ئەم مەترسییەی بینی، بۆیە گووتی:" من لە (PKK) ئیستقالە دەکەم" بەمەش خواستی کادیرانی پابەند بە (PKK) بهەژێنێت و ئەو مەترسییە لەکادیران تێبگەیەنێت، بۆ ئەوەی ئەو کادیرانە خاوەندارێتی لەخەت و رێبازی تەڤگەر بکەن، بۆ ئەوەی کادیر لەوپەڕی هێزەوە لەدژی پیلانگێڕێتی رابوەستێت، تاکو ئەو زەمینەیەش نەهێڵێت کە پیلانگێڕێتی لێیەوە سوودمەند ببێت، ئەو زەمینەیە وشك بکات، چونکە بینی وەکوتر سەرەڕای هەموو هەوڵ و رەنجەکانی ئەنجام بەدەست ناخات، کادیر ناهەژێنێت و لەگەڵ رەنجی سەرۆك نابێتەیەك. چونکە دەیزانی کادیران بەسۆزداری پابەندن بە سەرۆکەوە، گەلیش پابەندە بە سەرۆکەوە، ئەگەر سەرۆك لەدۆخێکی وەها پیلانگێڕانەدا بڵێت:"من لە (PKK) ئیستقالە دەکەم". ئەوا هەژاندنێك لەسەر گەل و کادیران دروست دەکات، لەوانەیە ئەو کاتە کادیران و گەل بتوانن لەدژی پیلانگێڕی رابوەستن و لەدژی ئەو زەمینەیەی کە پیلانگێڕان دەتوانن لێیەوە سوودمەند بن، رابوەستن. بەمشێوەیەش ئەو کاتە دەتوانێت ئەنجامگیر ببێت. لەبەر ئەوە بوو سەرۆك وەهای گووت. واتا نەك دەیخواست لە (PKK) ئیستقالە بکات و لێی دەربچێت، چونکە رەنجێکی مەزنی لەنێو ئەم پارتییەدا هەیە و سەرۆك هەروا رەنج ناداتە لایەکەوە، نەخاسمە رەنجێکی وەها مەزنیش، ئومێدێکی وەها مەزن بەلاوە نانێت.

ئەو بەتەواوی بۆ ئەوەی جددیەتی ڕەوشەکە بەتێگەیاندن بدات، ئەوەی گووت. بێگومان ئەمە واتایەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی خۆی هەبوو...

لەساتی قۆناخی پیلانگێڕییەکەدا، ڕێك کاتێك کە سەرۆك دەستگیرکرا (PKK) لەنێو شەشەمین کۆنگرەی خۆی دابوو. پێش کۆنگرەش ئەو پەیام و ڕێنماییانەی سەرۆك ئاپۆ لەڕێگەی بەشداربوونی لەبەرنامەکانی تەلەفزیۆنەوە یان بەشێوازی دیکە دەیدا هەمووی زیاتر لەخاڵێکدا چڕ دەبووەوە کە" پێویستە (PKK) خۆی بگۆڕێت" ئیدی بە (PKK)یەکی بەمجۆرە کار و سەرکەوتن نابێت، بەڵام ڕێك لەدۆخێکی وەهادا لە (١٥)ی شوباتی (١٩٩٩)دا سەرۆك ئاپۆ دەستگیر دەکەن و تەسلیمی تورکیای دەکەنەوە. بەمەش پیلانگێڕی نێودەوڵەتی دەگاتە خاڵێکی ئەنجامگیر. لەو قۆناخەدا شەشەمین کۆنگرە سازدەدرێت. لەدۆخێکی وەهادا؛ کۆنگرە چۆن بەڕێوە دەچێت و بەردەوام دەکات و چۆن بەئەنجام دەگات؟ کەشوهەوای نێو کۆنگرە چۆن بوو؟

سەرۆك ئاپۆ نەك لە شەشەمین کۆنگرەدا، بەڵکو لەبنەڕەتدا لە پێنجەمین کۆنگرەوە، پرۆسەی گۆڕانکاری خستە بەردەم تەفگەر، بەڵام ئەو گۆڕانکارییەی سەرۆك خستبوویە پێش پێنجەمین کۆنگرەوە، کۆنگرە بەتەواوی لێی تێنەگەیشت و جێبەجێی نەکرد، هەندێك گۆڕانکاری کەمی ئەنجام دا. چونکە تەفگەر ئەو کاتە بۆ گۆڕانکاری ئامادە نەبوو، سەرۆك ئەو گۆڕانکاریانەی خستە بەردەم پێنجەمین کۆنگرەوە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لەتەفگەردا ئەنجام بدات، شەشەمین کۆنگرە بینی کە کەمێکی پێکهاتووە، خواستی لەو کۆنگرەیەدا ئەنجامی بدات و تەواوی بکات. بۆیە زیاتر قورسایی خستە

گۆڕانکاری، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری ئەنجام بدرێت. نەك لەبەر ئەوەی پیلانگێڕی و دۆخی پیلانگێڕێتی هەبوو و خواستی گۆڕانکاری بکات تاکو پیلانگێڕییەکە پووچەڵ بکاتەوە. هەڵبەتە سەرۆك هەر لەپێنجەمین کۆنگرەدا لەساڵی (١٩٩٥)دا ئەو مەترسییانەی بینیبوو، هەر لەو کاتەوە و لەهەلومەرجی ئەو کاتەدا گۆڕانکاری بەپێویست زانیبوو، چونکە زانی کە تەڤگەر بەوجۆرە ناتوانێت بەئامانج بگات. هەڵبەتە تادەهات مەترسییەکانیش مەزنتر دەبوون، هەم لەدەرەوە مەترسییەکان مەزن دەبوون، هەمیش ئەو زەمینەیەی کەوا پیلانگێڕان لەناوەوە سوودی لێ دەبینن، لەئارادایە. ئەو چەمکانەی چەتەگەرێتی تەخریباتی دەکرد، هەم ناهێڵێت تەڤگەر لەسەر بناخەی خۆی بگاتە ئامانجەکانی، هەمیش لەدەرەوە سوود لەو دۆخە وەردەگرن کە چەتەگەرێتی لەناوەوە دروستی کردبوو، دەخوازن ئەو زەمینەیەش بەهێزتر بکەن بۆ ئەوەی زیاتر بێنە سەر تەڤگەر. سەرۆك ئەو کاتە بینیبووی، ئیدی خواستی بە پێنجەمین کۆنگرە رێگیری لێبکات، هەرچەندە لە پێنجەمین کۆنگرەدا هەندێك هەنگاوی گۆڕانکاری هاوێشتران، بەڵام ئەو هەنگاوە تێری ئەمەی نەدەکرد، ئەمەش رێی لەبەردەم پیلانگێڕی و چەتەگەریش نەگرت. بۆیە هەم پیلانگێڕێتی پەرەیسەند، هەمیش چەتەگەرێتی تەخریباتی مەزنتری کرد. بۆیە سەرۆك هەم گووتی:" من لە (PKK) ئیستقالە دەدەم"، و هەمیش گووتی:" پێویستە (PKK) لە شەشەمین کۆنگرەدا گۆڕانکاری بکات، بەمشێوەیە نابێت".

هەڵبەتە شەشەمین کۆنگرە لەدۆخی پیلانگێڕێتیدا ئەنجام دەدرا، سەرۆك نەیدەخواست هەروا یەکسەر کۆنگرە سازبدرێت و کۆتایی پێبێت، بەڵکو دەیخواست بەردەوام بکات و کۆبوونەوەکانی بەردەوامی پێبدرێت، بۆ ئەوەی بەشداربووانی کۆنگرە و تەواوی تەڤگەر چاودێری ئەو رەوشە جدیە بکەن کە لەئارادا بوو، تاکو بتوانێت بەگوێرەی ئەمە هەنگاو بهاوێژن. ئەگەر بکرێ رێگیری لە پیلانگێڕییەکە بکرێت، ئەگەر پیلانگێڕییەکە ئەنجامیش درا ئەوا تەڤگەر بەگوێرەی ئەوە بڕیار وەربگرێت و زەبری بەرنەکەوێت، بۆیە سەرۆك دەیخواست کۆبوونەوەکانی کۆنگرە بەردەوام ببێت، هەر تەنیا مەسەلەی گۆڕانکاری نەبوو، بەڵکو هەم هەنگاوی گۆڕانکاری هەبوو، هەمیش پیلانگێڕییەکی بەرچاو لەئارادا بوو، پێویستە تەڤگەر رووبەڕووی پیلانگێڕێتی ببێتەوە، ئەگەر بکرێ

بتوانێت پووچەڵی بکاتەوە، ئەگەر پووچەڵیش نەکرایەوە و پیلانگێڕییەکە ئەنجام درا ئەوا زەبری بەرنەکەوێت و تەدبیری پێویست وەربگرێت.

بێگومان سەرۆك چەندە لەم رووەوە هەوڵی دەدا، پیلانگێڕانیش بەهەمان شێوە کاریان دەکرد، بۆ ئەوەی پیلانگێڕییەکە بەئەنجام بگەیەنن. لەناو ئێمەشدا ئەو گروپەی چەتە سوودیان لەو دۆخە وەردەگرت. چونکە دەیانبینی پیلانگێڕییەك لەئارادایە و سەرۆك وەکو رابردوو ناتوانێت موداخەلە بکات، تادێت توانستی سەرۆك تەنگەتاو دەبێت، ئەوانیش ئەمەیان تەواو بەدەرفەت زانی و خواستیان لەدۆخێکی وەهادا بۆخۆیان هەنگاو بهاوێژن، بۆیە ئاڵۆزیشیان دروست دەکرد، بۆ ئەوەی کۆنگرە لەسەر رۆژەڤی خۆی بەرێوە نەچێت و لەرۆژەڤدا لەرێلادان و دوورکەتنەوە دروست ببێت، بۆ ئەوەی بەئاسانی بتوانن هەنگاو بهاوێژن، ئەوانەش ئەو حیساباتانەیان دەکرد، ئیدی ئەمەش پیلانگێڕییەکەی لەناوەوەی تەڤگەردا تەواو دەکرد. ئەمەش نەیدەهێشت کۆنگرە لەسەر پیلانگێڕییەکە راوەستە بکات و لەدژی پیلانگێڕی تەدبیر وەربگرێت. هەڵبەتە ئامانجی ئەوانیش ئەوە بوو، کە کۆنگرە نەتوانێت بە ساخی گفتوگۆ بکات و بڕیار وەربگرێت، بۆیە هەوڵیان دەدا ئاڵۆزی دروست بکەن، تاکو بتوانن هەنگاو بهاوێژن.

بۆ نموونە "د. سلێمان" و ئەوان زۆر بەئاشکرا ئەو هەنگاوەیان دەهاوێشت، "فەرهاد" و "بۆتان"یش هەوڵیان دەدا ئەوانەی کە پاشان هەڵاتن زیاتر بوروژێنن و ئەو زەمینەیە بەهێزتر بکەن؟ چۆن بەهانە بدەنە دەستی ئەوان، ئەوانیش وەها نزیك دەبوونەوە. بێگومان لەبنەڕەتدا "بۆتان" لەگەڵ ئەوان بوو و لەگەڵ گروپی "د. سلێمان" و ئەوان بوو، ئێمە ئەوەمان نەدەزانی. واتا ئەوەی لەبەرچاومان بوو "د. سلێمان" و ئەوان بوون. لەبنەڕەتدا ئەوەی ئەو گروپەی دەخستە جموجۆڵەوە "بۆتان" بوو. "بۆتان" لەو کۆنگرەیەشدا و لە حەفتەمین کۆنگرە و هەشتەمین کۆنگرەشدا دوای ئەوەش بەشاراوەیی زۆر شتی کرد، تا کۆتاییش خۆی شاردەوە، پاشان راستینەی ئەو ئاشکرا کرا، کە لەبنەڕەتدا لەناو پارتیدا ئەوەی چەتەگەرێتی پێشدەخات و بەهێزی دەکات و بەردەوام گروپی چەتەگەرێتی دەوروژێنێت و لەپشتیان رادەوەستێت و ئەوەی هەنگاو بەوان دەهاوێژێت دەرکەوت کە "بۆتان" ە. بۆیە ئیدی لە شەشەمین کۆنگرەدا ئەو گروپەی چەتەگەرێتی خواستی لەدۆخی پیلانگێڕێتیدا سوودمەند ببێت و هەنگاو

بهاوێژێت و تەنانەت خواستی باڵادەستێتی خۆیشی لەناو پارتیدا دروست بکات. هەرچەندە ئەمەیان بۆ نەچووەسەر و رێگیری لێکرا، چونکە بەتەواوی خۆی رێکخستە نەکردبوو، ئەوان دەیانخواست لەکۆنگرەدا هەنگاوی خۆ رێکخستە کردن بهاوێژن و خۆیان بەهێز بکەن، پاشانیش باڵادەستی خۆیان لەسەر پارتی دروست بکەن و پارتی بخەنە ژێرکێفی خۆیانەوە. بەڵام رێی لەپێش گیرا. شەشەمین کۆنگرە بەمشێوەیە سازدرا.

لەلایەکەوە؛ ئەو گروپەی چەتەگەرێتی سەرنج (ترکیز)ی کۆنگرەی پەرشوبڵاو دەکردەوە، بۆ ئەوەی کۆنگرە نەتوانێت لەسەر رۆژەڤی خۆی راوەستە بکات و بەرێوە بچێت. لەلایەکی دیکەشەوە؛ "کانی یڵماز" هەبوو، ئەو زانیاری هەڵەی بە کۆنگرە دا، کە گوایە" سەرۆك لەژێر مەترسیدا نییە، سەرۆك لەشوێنی ساخڵەم دایە" چونکە ئەو لە ئەوروپا هاتبوو و زانیاری بە کۆنگرە راگەیاند و کۆنگرەش بەو زانیارییانە باوەری کرد، کاتێك کە سەرۆکیش لە کینیا دەستگیرکرا کۆنگرە هێشتا تەواو نەببوو، کەچی ئەویش دەیگووت:" سەرۆك لە یۆنانستانە" بۆیە ئێمە واماندەزانی سەرۆك لە یۆنانستانە، کاتێك کە گووتیان:" لە کینیا دەستگیرکراوە و تەسلیمی تورکیایان کردۆتەوە" ئێمە هەموو لەشوێنی خۆماندا وشك بووین، ئاشکرابوو کە ئەو زانیارییانەی داویەتی هەڵەبووە، ئەو کاتە هەندێك لەهەڤاڵانیش گووتیان:"ئەوە ئێمەی هەڵخەڵەتاندووە" و تەنانەت خواستیان بیکوژن، لەوانەیە زۆر کەس ئاگاداری ئەمە نەبێت، بەڵام ئێمە نەمانهێشت ئەوە رووبدات، ئێمە رێمان لەوە گرت. ئەو کاتەش ئێمە بە ئەومان گووت:" تۆ گووتت لە یۆنانستانە، کەچی لە کینیا دەرچوو، ئەمە چۆن بوو؟" دەیگووت:" کە من هاتم لە یۆنانستان بوو، من قسەم لەگەڵیدا کرد، سەرۆك لەوێ بوو و مەسەلەکە چارەسەر ببوو، هەڵبەتە لەبەر ئەمە من هاتم بۆ ئێرە، وادیارە لەدوای من دەریانخستووە و بۆ کینیایان ناردووە، ئەو کاتە رەوشێکی وەها لەئارادا نەبوو، دوای من ئەمە روویداوە، من هیچ زانیارییەکم لەسەر ئەو شتانە نییە". ئیدی مەسەلەکەی وەها روونکردەوە. ئێمەش گووتمان:" لەوانەیە وابێت" واتا ئەو ئێمە وا تێگەیشتبووین کە بەئەنقەست ناخەڵەتێنێت، بەڵکو لەوانەیە ئەو چووبێتە یۆنانستان و چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجام دابێت و چاوپێکەوتنەکە باش دەربازبووە و سەرۆکیش چۆتە یۆنانستان.

چونکە گووتی:" سەرۆك هات و گەیشتە یۆنانستان و ئێستا لە یۆنانستانە، ئیدی لەوێش دەمێنێتەوە، هەندێك کەسیش بەڵێنیان داوە". گووتمان لەوانەیە ئەویان هەڵخەڵەتاند بێت، بەڵام پاشان ئاشکرابوو کە ئەو زانیاری هەڵەی بە ئێمە و کۆنگرە داوە، بەئەنقەستیش ئەوەی کردووە، بۆ ئەوەی کۆنگرە زێدە گفتوگۆی لەسەر نەکات و تەدبیر وەرنەگیردرێت و کۆنگرەش واتێبگات کە زێدە مەترسی لەئارادا نییە. هەڵبەتە وەهایشی لێهات. بۆیە کۆنگرە بەتەواوی لەرەوشەکە تێنەگەیشتبوو، لەو لەمیستۆکەی ئەنجام دەدرا تێنەگەیشت. بۆیەش ئەو بڕیارەی پێویستبوو وەرگیرابایە و ئەو تەدبیرانەی کە پێویستبوو بدرابایە نەیتوانی وەریبگرێت. کاتێکیش کە پیلانگێڕی جێبەجێکرا و سەرۆك دەستگیرکرا و تەسلیمی تورکیاشیان کردەوە، ئیدی لەوێ ئێمە کۆتاییمان بە کۆنگرە هێنا و یەکسەر هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرایەتیمان هێنایە پێشەوە، تاکو ئێمە بەڕێوەبەرایەتییەك هەڵبژێرین و یەکسەر بکەوینە نێو پراکتیك و جموجۆڵەوە، بۆ ئەوەی بتوانین چالاکی عەسکەری بەهێز بکەین. ئێمە بڕیارمان لەسەر ئەوە وەرگرت، بەمشێوەیە کۆنگرە کۆتایی پێهات.

بێگومان دوای کۆنگرە هەندێك کێشەی دیکەش دەرکەوتنەڕوو، زێدەتریش کێشەی ژن بوو. بۆچی ئەو کێشەیە دەرکەوتەڕوو؟ چونکە بڕیارێکی کۆنگرە پەسندکرا کە؛ پێویستە ژن پارتییەکی خۆی دروست بکات. ئەمەش هەنگاوێکی زۆر بەهێز بوو لەئاستی ڕێکخستنیی ژندا، ئەمە داخوازی سەرۆك و داخوازی کۆنگرەش بوو، ئەو بڕیارە وەرگیرا، پێویستبوو دوای کۆنگرەش ژنان کۆنگرەی خۆیان سازبدەن و خۆ بکەنە پارتییەك و وەك پارتییەك خۆیان رابگەیەنن. بێگومان کۆنگرەشیان سازدا و بڕیاری پارتیبوونیشیان دا. بێگومان تا ئەو کاتە سەرۆك راوەستەی لەسەر مەسەلەی ژن و تەڤگەری ژن و پەروەردەی ژن دەکرد، لەبەر ئەوەی سەرۆك لەسەر ئەو کارە راوەستەی دەکرد، کۆمیتەی ناوەندی زێدە راوەستەی لەسەر تەڤگەری ژن نەدەکرد. واتا ئەو ئەرکەی بەئەرکی خۆی نەدەزانی، دەیگووت:" سەرۆك ئەو ئەرکە بەڕێوە دەبات، با ئەو بەڕێوەی ببات، ئەگەر ئێمەش بخوازین ئەو ئەرکە پێك بێنین ئەوا لەوانەیە ئێمە بۆ سەرۆك و بۆ ژنیش کێشە و گرفت دروست بکەین". کۆمیتەی ناوەندی نەیدەخواست لەسەر ئەو ئەرکە راوەستە بکات و ئەو ئەرکەی بە سەرۆك سپاردبوو. تا ئەو کاتەی

سەرۆك بە دیلگیرا ژن تەنیا سەرۆكی بە موخاتەب دەبینی و ئەوەی لەهەموو ڕوویەكەوە هاوكاری ژنی دەكرد سەرۆك بوو، ئەوەی هێز و وزە بەژن دەدات سەرۆك بوو. بەڵام كاتێك كە سەرۆك دەستگیر كرا، ئیدی كۆمیتەی ناوەندی ناچاربوو لەسەر هەموو كار و خەباتی ژنیش ڕابوەستێت، ئەو ئەركەی سەرۆك بۆ ژن جێبەجێی دەكرد، ئیدی پێویستبوو كۆمیتەی ناوەندی جێبەجێی بكات. بێگومان كۆمیتەی ناوەندی ئەو كاتە لەسایكۆلۆژیای ژن تێنەگەیشت، واتا ژن لە چ سایكۆلۆژیایەكدا دەژیت، لەمەدا كەوتە نێو خەتاوە. خەتایەكە چی بوو؟ پێویستبوو كۆمیتەی ناوەندی لەوە تێگەیشتبایە كە تاكو ئێستا لەسەر خەباتی ژن ڕاوەستەی نەكردووە و بۆ ژن هێز و وزەیەكی پێنەداوە، هەمووی سەرۆك ئەنجامی داوە، كاتێك كە سەرۆك دەستگیر كرا، ژن لەنێو سایكۆلۆژیایەكی بەمجۆرەدا دەژیا وەك بڵێت:" تاكو ئێستا ئەو كۆمیتەی ناوەندییە لەسەر ئێمە و خەباتی ئێمە ڕاوەستەی نەدەكرد، كەچی بە دەستگیركردنی سەرۆك لەسەر ئێمە ڕاوەستە دەكات، لەوانەیە كۆمیتەی ناوەندی بخوازێت ئێمە بخاتە ژێر ڕكێفی خۆیەوە". ئیدی ئێمە بەتەواوی لەم سایكۆلۆژیایە تێنەگەیشتین. لەمەدا كۆمیتەی ناوەندی كەوتە نێو هەڵەوە. بێگومان یەكسەر دوای دەستگیركردنی سەرۆك، كۆمیتەی ناوەندی خواستی ئەو ئەركەی كەوا سەرۆك بۆ ژن بەڕێوەی دەبرد، پێكی بێنێت، بەڵام ژن كاردانەوەی نیشان دا، لە كاردانەوەكەشدا مافدار بوو؛ كاردانەوەیەكی وەهای نیشان دا:" تاكو ئێستا بۆچی لەسەر ئێمە ڕاوەستەی نەدەكرد، بۆچی ئێستا ڕاوەستەمان لەسەر دەكات؟". چونكە سەرۆك لە ژندا ئیرادەیەكی ئافراند بوو، ژن لەوە دەترسا كە كۆمیتەی ناوەندی ئەو ئیرادە ئازادە بخاتە ژێر ڕكێفی خۆیەوە. بۆیە كاردانەوەی نیشان دا. ئیدی كۆمیتەی ناوەندییش لەوە تێنەگەیشت و بە پێداگرییەوە خواستی ژن بخاتە سەر ڕاستەڕێی تەفگەرەوە، چونكە پیلانگێڕی لەئارادایە و دەخوازێت ڕێكخستن پارچە پارچە بكات و پەرشوبڵاوەی پێبكات، ژنیش باش لەدۆخی پیلاگێڕێتی تێنەگەیشتبوو، تەفگەر چۆن بتوانێت لەبەرامبەر پیلانگێڕییەكە ڕابوەستێت؟ ژن مەترسییەكانی سەر تەفگەری نەبینیبوو، تەنیا ئیرادەی خۆی بەبنەما وەردەگرت، واتا لەهەموو ڕوویەكەوە لەگەڵ تەفگەردا خۆی نەدەكردە یەك، ئەمەش مەترسی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا، بۆیە كۆمیتەی ناوەندی دەیخواست ڕێگیری لەو مەترسییە بكات، بۆیە

دەیخواست ژن لەهەموو رووێکەوە لەگەڵ تەڤگەر رابوەستێت. ژنیش تازە هەنگاوی پارتیبوونی هاوێشتبوو، دەیخواست هەندێك بەخۆیەوە خەریك ببێت، ئەمەش لەدۆخی پیلانگێرێتیدا مەترسی دروست دەکرد و کەمێك دوورکەوتنەوەی دەهێنایە ئاراوە، کۆمیتەی ناوەندیەیش دەیخواست رێ لەمە بگرێت، ئیدی ئەو نزیکبوونەوانە کێشە و گرفتی نایەوە. هەم لە بەرێوەبەرایەتی ژن هەڵە هەبوو، هەم لە کۆمیتەی ناوەندیدا هەڵە هەبوو، هەڵەی کۆمیتەی ناوەندی ئەوەبوو کە لە سایکۆلۆژیای ژن تێنەدەگەیشت، هەڵەکەی ژنیش لەوە دابوو؛ پیلانگێری و ئامانجی پیلانگێرێتی چییە لێی تێنەگەیشت، رۆڵی خۆی لەدۆخێکی وەهادا چییە تێنەگەیشت. بۆیە هەڵوێستەکەی کەمێك جیاوازی پێشخست، بەناوی ئیرادەی ئازادەوە.

ئەو گروپەی چەتەگەرێتی خواستی ئەو کێشەیەش بۆ خۆی بەکاربهێنێت، تاکو بتوانێت لەنێوان تەڤگەر و ژندا پارچەبوونێك دروست بکات. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵ و تەقەللای زۆری دا، بە نهێنی هەڤاڵانی کچی وروژاند، لەناو ئەوانیشدا هەندێك هەبوون لەگەڵیاندا لەنێو پەیوەندیدا بوون، هەڤاڵانی ژنیان لەدژی تەڤگەر دەوروژاند، خواستیان بەتەواوی پچڕانێك دروست بکەن، ئەمەش لەو دۆخەدا کێشەیەکی مەزنی دروستکرد، بۆ ئەوەی ئێمە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین ئێمە چووینە سەر کێشەکە و لەمەشدا هەندێك کەموکوڕی دەرکەوت. لەئاکامدا ئەگەر بەگوێرەی داخوازی تەڤگەر و تەڤگەری ژنیش نەبووبێت، بەڵام ئەو کێشەیە کەمێك چارەسەر بوو، واتا هەڵوێستی تەڤگەر و ژن بووە یەك هەڵوێست...

بە دەستگیرکردنی سەرۆك ئاپۆ ئیدی تەواوی خەباتی دیپلۆماسی ئەم تەڤگەرە مرۆڤ دەخاتە نێو بیرکردنەوە و رامانەوە، ئەو پەیوەندییە دیپلۆماسییانەی تا ئەو کاتە بەرێوە چووبوون چۆن بووە و لەسەر چ بنەمایەك بەرێوە چووە تارادەیەك ئەو خەباتە دیپلۆماسییەی ئەنجام درابوو کەوتە ژێر پرسیارەوە. کەواتە مرۆڤ

دەتوانێت بڵێت جۆر و شێوازەکانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیش یەکێك لەو هۆکارانەی ئەنجامگیربوونی پیلانگێڕییە کە بوو...؟

ئەمە هۆکارێکی سەرەکی نییە، بەڵام هەڵبەتە لە کار و خەباتی دیپلۆماسیدا ئەوە بەدیار کەوت کەوا دیپلۆماسییەکی تۆکمە بەڕێوە نەبراوە. وەکوتریش هەندێك لەوانەی کەوا کاری دیپلۆماسییان دەکرد کەوتبوونە خزمەتی دەوڵەتەکانەوە، هەمیش ئەو دەوڵەتانەی پیلانگێڕییەکە بەڕێوە دەبەن. بۆیە ئەو زانیارییانەی بەئێمەیان دەدا بەدیارکەوت کەوا هەندێك لەو زانیارییانە ڕاست نین. بێگومان لەبنەڕەتدا دوای ئەوەی پیلانگێڕییەکە ئەنجامگیر بوو، ئەو کاتە وەك کۆمیتەی ناوەندی تەڤگەر ئێمە لەو مەسەلەیە تێگەیشتین، هەڵبەتە تەڤگەر چووەسەر ئەو مەسەلەیە و خواستی حیساب و لێپرسینەوەش لەگەڵ هەندێکیاندا بکات، بۆیە ئەوانە هەڵاتن، ئەوانەی کە زیاتر تاوانبارن، کە بەئەنقەست پارتییان هەڵخەڵەتاندووە، ئەوانە سیخوڕییان کردبوو، ئەوانەی هەڵاتن... بۆ نموونە؛ هەندێکیش لەوانە سیخوڕێتییان نەکردبوو، بەڵام لەنزیکبوونەوەی ئەو دەوڵەتانە تێنەگەیشتبوون، بۆیەش هەڵخەڵەتێنرابوون، ئەوانەش بەمجۆرە خزمەتی پیلانگێڕێتییان کردبوو.

بۆنموونە؛ "عاکف حەسەن"ێك هەبوو لەکاری دیپلۆماسیدا، ئاشکرا بوو کەوا پەیوەندی لەگەڵ دەزگای ئیستخباراتی فەڕەنسی و دەزگای ئیستخباراتی ئەمریکی (CIA)یەوە هەبووە و کەوتۆتە خزمەتی ئەوانەوە. "ئەمین"ێك هەبوو لە ئەڵمانیا، دەرکەوت کەوا کەوتۆتە خزمەتی دەزگای ئیستخباراتی ئەڵمانییەوە. "ماهیر"ێك هەبوو لە ڕوسیا، دەرکەوت کەوا هەم کەوتۆتە خزمەتی دەزگای ئیستخباراتی ڕوسییەوە، هەم خزمەتی مافیای ڕوسیاوە. واتا ئەو دەزگا ئیستخبارتییانە ئەوانەیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەوانیشەوە پیلانگێڕێتی بەڕێوە ببەن. واتا کەسانی بەمجۆرە بەتەواوی کەوتبوونە خزمەتی دەزگا ئیستخباراتییەکانەوە.

هەندێك هەڤاڵیش هەبوون، ئەوانە نەکەوتبوونە خزمەتی دەزگا ئیستخباراتییەکانەوە، بەڕاستیش نیازی ئەوان پاك و دروستبووە و بۆ تەڤگەر کاریان کردووە و دیپلۆماسییان

کردووە، بەڵام ئاستی تێگەیشتنی ئەوان بەشی ئەوەی نەکردبوو کە تێبگەن ئەو پەیوەندییانەی پێشدەکەون پەیوەندییەکی چۆنن؟ بەنیازپاکی خۆیان کەوتبوونە خزمەتی پیلانگێڕێتییەوە.

بۆنموونە؛ ئەوانە زۆر زانیارییان بە سەرۆك دابوو. سەرۆکیش لەبەر ئەوەی ئەوانە هەڤاڵن و بەوان باوەڕ دەکات و بەگوێرەی ئەمەش هەڵسوکەوت دەکات، پاشان سەرۆك دەبینێت کە ئەو زانیارییانەی بەویان داوە ڕاست نین، هەڵبەتە ئیدی لە سوریا دەرکەوتووە و پیلانگێڕێتی لە جێبەجێ بوون دایە و ڕێگیری لێکردنی زەحمەتە. واتا تاکو سەرۆك لە سوریا دەرنەچوو بوو سەرۆکیش تەواو هەستی پێنەکردبوو، هەڵبەتە کۆمیتەی ناوەندیش هەستی پێنەکرد بوو، سەرۆك دوای ئەوەی لە سوریا دەرکەوت، ئینجا پێی زانی، کۆمیتەی ناوەندیش دوای ئەوەی سەرۆك دەستگیرکرا، دوای ئەوەی پەیوەندی سەرۆك لە زیندانەوە لەگەڵ تەڤگەر دروستبوو و ئەو زانیاری و هەڵسەنگاندنانەی پێشیخست ئەو کاتە کۆمیتەی ناوەندیش تێگەیشت کە کاری دیپلۆماسی چۆن بەڕێوە چووە!!. واتا دیپلۆماسییەکی ڕاست بەڕێوە نەبراوە، بەناوی دیپلۆماسییەوە ئەو کارەی بەڕێوە چووە، بەشێکی کەوتۆتە خزمەتی تەڤگەرەوە و بەشێکیشی کەوتۆتە خزمەتی پیلانگێڕییەوە، ئەمە ڕوون بووەوە.

واتا کاری دیپلۆماسی لە پێکهێنانی پیلانگێڕییدا زێدە ڕۆڵێکی نییە، بەڵام ئەگەر کەمیش بێت ڕۆڵێکی بینیوە. مرۆڤ دەتوانێت ئەمە بەئاسانی بڵێت. بۆیە ئەو کارە دیپلۆماسییەی تا ئەو کاتە بەڕێوە چووبوو، ئێمە موداخەلەمان کرد و خواستمان ڕاستی بکەینەوە، ئیدی لەمەدا ئەوانەی کەوا بەئەنقەست سیخوڕییان کردووە هەڵاتن، ئەوانەی دیکەش بینیان کە بەنەزانییەوە کەوتوونەتە خزمەتی پیلانگێڕێتییەکەوە لەواندا هەستی خۆتاوانبار بینین پێشکەوت، هەڵبەتە لەهەندێکی دیکەشیاندا شکستیش ڕوویدا، ئێمە خواستمان کە سەرلەنوێ کاری دیپلۆماسی لەسەر بنەمایەکی نوێ پێشبخەین.

بەدەستگیرکردنی سەرۆك ئاپۆ ڕەوشی بەڕێوەبەرایەتی و تەڤگەر و کادیران و هەڵوێستی گەل چۆن بوو؟ هەروەها ئەو مەیلانەی دوای

ئەو دەستگیرکردنە دەرکەوتنە ڕوو چیبوون؟ ئەو ئەگەرانەی ئەو کاتە تەڤگەر شیمانەی دەکرد چیبوو؟

بێگومان کەسێك باوەڕی نەدەکرد کە بە پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی سەرۆك ئاپۆ دەستگیر بکرێت و تەسلیم بە تورکیا بکرێتەوە. کاتێك کە ئەو پیلانگێڕییە بەوجۆرە پێکهات کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هەموو کەسێك کرد، ئەو کاریگەرییەی لەسەر گەل دروستبوو، ئەوە بوو، داخوا تەڤگەر بەردەوام دەبێت یان نا؟ دوودڵییەکی بەمجۆرە لەهەندێك لەخەڵکدا دروستبوو، لەزۆربەی خەڵکدا لەدژی پیلانگێڕی ڕاوەستان و خاوەندارێتییان لە سەرۆك و تەڤگەر کرد. دەتوانم بڵێم لەهەموو بەشەکانی کوردستان و لەدەرەوەی وڵات گەل لەدژی پیلانگێڕی ڕابووە سەرپێیان، زۆر سەرهەڵدان و چالاکی ئەنجام دران، تەنانەت لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نزیکەی پەنجا کەس لەخەڵك شەهید بوون، سەرهەڵدانێکی مەزن بەرپابوو. کەسێکیش وەها باوەڕی نەدەکرد کە بە دەستگیرکردنی سەرۆك گەل بەمشێوەیە ڕاببێتە سەرپێیان. تەنانەت ئەو کاتە"مادلین ئۆلبرایت"ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گووتی:" ئێمە وەها مەزندەمان نەدەکرد...!!" بەگوێرەی ئەوان ئەگەر سەرۆك دەستگیر بکرێت ئەوا ئیدی ئیرادەی گەل و ئیرادەی تەڤگەر دەشکێت و بەئاسانی ئەنجامگیر دەبن، مەزندەیەکی وەهایان هەبوو، کاتێك کە لەتەواوی کوردستان گەل ڕابووە سەرپێیان. ئەوانیش شۆك بوون، بۆیە دەیگووت:" ئێمە مەزندەمان نەدەکرد ئەنجامی بەو شێوەیە دەربکەوێتە ڕوو". لەهەموو شوێنێك گەل هەموو شتێکی خستە بەرچاو و ڕابوونە سەرپێیان. واتا لەئاستێکی زۆر بەرزدا گەل خاوەندارێتی لە سەرۆك و تەڤگەر کرد، خاوەندارێتی لەخۆی کرد. لەناو گەلدا زۆر کەسی وڵاتپارێز بۆ سەرۆك خۆیان سووتاند، هەم بەرلەوەی دەستگیریش بکرێت، هەمیش دوای ئەوەی دەستگیرکرا، بەدەیان کەس خۆیان سووتاند.

مرۆڤ ئەگەر لەمێژوو بڕوانێت، دەبینێت کە؛ ئەم هەموو سەرۆکە دەرکەوتوون، چەندین پێغەمبەر دەرکەوتوون، کەسانێك کەوا لەزانستدا هەنگاوی مەزنیان هاوێشتووە دەرکەوتوون، هیچ کاتێك بۆ یەکێك لەوانە کەسێك خۆی نەسووتاند، لەڕووداوی

دەستگیرکردنی سەرۆکدا تاکو ئێستا نزیکەی (٨٥) کەس خۆیان سووتاندووە. ئەمە شتێکە هەرگیز رووی نەداوە، شتێکە لەمێژوودا هیچ روویندەداوە.

بۆچی ئەو هەموو کەسە خۆیان سووتاند...؟ بەمە هەم پابەندبوونی خۆیان بۆ سەرۆك نیشان دا، هەم پیلانگێڕییان لەخۆیاندا سووتاند و تواندیانەوە، هەمیش پەیامێکی بەهێزیان بە پیلانگێڕان دا؛ " ئەگەر دان بەئێمەدا نەنێن و دان بەئیرادەی ئێمەدا نەنێن و بەمشێوەیە بێنە سەر ئێمە و پیلانگێڕێتی لەسەر ئێمە بەردەوام بکەن، چۆن ئێمە خۆمان دەسووتێنین ئەوا ئێوەش دەسووتێنین" ئەو پەیامەیان بە پیلانگێڕان دا. لەقۆناخی پیلانگێڕییەکەدا، چ بەرلەوەی سەرۆك دەستگیر بکرێت و چ لەدوای دەستگیرکردنەکەش زۆر کەسی وڵاتپارێز خۆیان کردە تۆپێك ئاگر، ئەو چالاکییەی ئەوان گوزارشت لەمە دەکات، خەڵکی ئێمە گووتیان:" ئێوەی پیلانگێڕ و هیچ کەسێکی تریش ناتوانێت خۆرمان تاریك بکەن" چونکە سەرۆکیان بۆخۆیان وەك "خۆر" دەبینی و بۆ خۆیان بەسەرچاوەی رووناکیان دەبینی، بۆ خۆیان وەك سەرچاوەی هێزیان دەبینی. پیلانگێڕان دەیانخواست سەرچاوەی رووناکی، هێز و وزە، زانایبوون و هوشیاری، باوەڕی و مۆڕاڵی ئەو گەلە لەناو ببەن. بۆیە گەل لەدەوروبەری سەرۆك بووە پەرژینێکی ئاگر، خواستی بەمجۆرە خۆی بپارێزێت، خاوەنداریێتی کردن لە سەرۆك خاوەنداریێتی کردن بوو لەخۆی، بۆیە گەل هێندە خۆی کردە تۆپێك ئاگر، هێندە خۆی دەسووتاند، هێندە لەهەموو شوێنێك رابووە سەرپێیان.

لەمێژووی گەلی کورددا، دەتوانم بڵێم:" ئەمە هەنگاو و قەڵەمبازێکی نوێ بوو، کولتوورێکی نوێ بوو، ئەخلاقێکی نوێ بوو، ئیدی ئەوەی کە سەرۆك بەساڵان لەناو کۆمەڵگای کورددا چاندبووی بەمشێوەیە بەرهەم و ئەنجامی خۆی دەدا. بێگومان لەناو گەلدا لەشتێکی دیکەشدا دوودڵی هەبوو، واتا سەرۆك دەستگیر کرا، ئایا تەفگەر لەسەر پێیان دەمێنێتەوە یان نا؟ دوودڵییەکی وەهایان هەبوو، چونکە گەل هەموو شتێکی خۆی خستبووە ناو ئەو تەفگەرەوە، چارەنووسی خۆی بەم تەفگەرەوە پەیوەست کردبوو، پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی مەزن لەدژی ئەم تەفگەرە بەڕێوە دەچوو، ئیحساسی گەل بەهێز بوو و لەوە تێدەگەیشت کەوا یاری بەچارەنووسی ئەو دەکرێت، دەخوازن هەموو رەنجی ئەو گەلە بسڕنەوە و بەرخۆدانی ئەو گەلە دابمرکێننەوە.

ده‌خوازن جارێکی دیکه‌ دڵ و مێشکی ئه‌وان سڕبکه‌ن و ره‌شی بکه‌ن. ئیدی بۆیه‌ دوودڵییه‌ك له‌ئارادا بوو، داخوا له‌دژی ئه‌و پیلانگێڕییه‌ که‌ سه‌رۆکیش تێیدا دیل که‌وتووه‌، ته‌ڤگه‌ر هه‌ڵوێست چی ده‌بێت، ده‌مێنێته‌وه‌ و به‌رخۆدان ده‌کات یان نامێنێته‌وه‌ و ته‌سلیم ده‌بێت؟ ئایا ئه‌گه‌ر بخوازێت بمێنێته‌وه‌ ده‌توانێت یان ناتوانێت؟ هێزی خۆی به‌شی ئه‌مه‌ ده‌کات؟ دڵه‌ڕاوکێیه‌کی وه‌ها هه‌بوو، ئیدی ئه‌و رابوونه‌ی گه‌ل، بۆ ئه‌وه‌ بوو تاکو هێز و وزه‌ به‌ ته‌ڤگه‌ر بدات، تاکو ته‌ڤگه‌ر بتوانێت له‌دژی پیلانگێڕییه‌که‌ رابوه‌ستێت، که‌ باوه‌ڕی، مۆراڵ و پشتگیری گه‌ل ببینێت و بتوانێت له‌دژی پیلانگێڕییه‌که‌ رابوه‌ستێت. بۆیه‌ ئه‌و رابوونه‌ رابوونێکی مێژوویی بوو.

هه‌روه‌ها دوای دیلکردنی سه‌رۆك له‌کوردستاندا گه‌لێك گه‌نج و لاو ته‌ڤلی ته‌ڤگه‌ر بوون، ئه‌مه‌ش بووه‌ وه‌ڵامێك بۆ پیلانگێڕان. واتا لاوان بینیان که‌ پیلانگێڕێتی ده‌خوازێت ئیراده‌ی ته‌ڤگه‌ر و گه‌ل بشکێنێت، بینیان له‌دژی ئه‌مه‌ش ته‌ڤگه‌ر و گه‌ل له‌به‌رخۆدان دایه‌، لاوان خاوه‌نداریێتیان له‌ ته‌ڤگه‌ر و گه‌ل کرد. بۆیه‌ ته‌ڤلیبوونێکی مه‌زن هاته‌ ئاراوه‌، به‌سه‌دان لاو ته‌ڤلی بوون، ئیدی ئه‌و ته‌ڤلیبوونه‌ بووه‌ وه‌ڵامێك بۆ پیلانگێڕی، لاوان به‌م ته‌ڤلیبوونه‌ی خۆیان له‌به‌رامبه‌ر پیلانگێڕێتیدا نه‌یانهێشت پیلانگێڕێتی سه‌ربکه‌وێت و به‌ئامانجه‌کانی خۆی بگات، ته‌ڤلی ته‌ڤگه‌ر و گه‌ریلا ده‌بوون، گه‌ریلایان به‌هێزتر کرد، پیلانگێڕێتییان کرده‌ هۆی شکاندنی خودی پیلانگێڕییه‌که‌، کردیانه‌ هۆکاری مه‌زنکردنی ته‌ڤگه‌ر و هێزه‌کانی گه‌ریلا، تاکو به‌رخۆدان مه‌زن بکه‌ن، لاوان به‌مشێوه‌یه‌ هه‌ڵوه‌سته‌یان له‌به‌رامبه‌ر پیلانگێڕێتی کرد. هه‌ر له‌باشووری خۆرئاوای کوردستاندا، یه‌کسه‌ر دوای پیلانگێڕییه‌که‌ نزیکه‌ی هه‌زار گه‌نج ته‌ڤلی ریزه‌کانی ته‌ڤگه‌ر و گه‌ریلا بوون، ئه‌مه‌ش وه‌ڵامێکی به‌هێز بوو، چۆن له‌ رۆژهه‌ڵاتی کوردستاندا که‌ که‌سێك مه‌زنده‌ی نه‌ده‌کرد، گه‌ل رابووه‌ سه‌رپێیان و نزیکه‌ی په‌نجا شه‌هیدی دا و سه‌رهه‌ڵدانێکی به‌هێزی پێشخست. له‌باشووری خۆرئاواشدا نزیکه‌ی هه‌زار گه‌نج ته‌ڤلی ریزه‌کانی گه‌ریلا بوون، به‌ته‌ڤلیبوونی خۆیان وه‌ڵامێکی دژبه‌رانه‌ی پیلانگێڕێتییان دایه‌وه‌. ئه‌و ته‌ڤلیبوونه‌ی لاوان له‌دژی پیلانگێڕان به‌رخۆدانێك بوو، وه‌ڵامێك بوو. له‌به‌شه‌کانی دیکه‌ی کوردستانیشدا ته‌ڤلیبوون هه‌بوو، به‌ڵام به‌قورسایی له‌و به‌شه‌دا ته‌ڤلیبوون پێشکه‌وت، بۆچی؟ چونکه‌ سه‌رۆك ساڵه‌های ساڵ له‌ سوریا مابووه‌وه‌،

چووبووە نێو گەلەکەمان لە باشووری خۆرئاوای کوردستان و لەناو گەلدا خەباتی کردبوو، بەسەدان کەسی وڵاتپارێز لەنزیکەوە سەرۆکیان ناسیبوو، خەبات و رەنج و کەسێتی ئەویان ناسیبوو و بەمەش خۆی ناسیبوو، بۆیە بەمشێوەیە خاوەندارێتی لە رەنجی سەرۆك کرد، چونکە لەرێگەی سەرۆکەوە باشووری خۆرئاوای کوردستان رابووە سەرپێیان، کاتێك کە سەرۆك بە پیلانگێڕییەك دەستگیرکرا، باشووری رۆژئاوای کوردستانیش بەتەڤلیبوونی خۆی خاوەندارێتی لەسەرۆك کرد و بەوپەڕی هێزەوە لەدژی پیلانگێڕێتی راوەستا.

بێگومان لەناو دۆستەکانی تەڤگەریشدا دوودڵییەك هەبوو؛ ئایا تەڤگەر لەبەرامبەر پیلانگێڕێتی خۆی دەپارێزێت یان نا؟ بەردەوام دەکات یان نا؟ لەنێو زۆربەشیاندا دوودڵییەکی وەها روویدا.

دەستگیرکردنی سەرۆك کاریگەری لەسەر تەڤگەریش کرد، بە کادیر و شەڕڤانیشەوە، هەندێکیان دەیانگووت:" ئیدی سەرۆك دەستگیر کراوە، پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی مەزن لەسەر ئێمە بەڕێوە دەچێت... ئیدی هەموو شتێك کۆتاییهات، ئێمە ناتوانین لەدژی پیلانگێڕی رابوەستین و هەنگاو بهاوێژین، ئیدی پیلانگێڕی ئێمەی هەموو کردۆتە ئامانج و دەخوازن هەمووومان تەسفیە بکەن و بمانکوژن، پێویستە ئێمە هەر چۆنێك بێت گیانی خۆمان رزگار بکەین". چەمکێکی بەمجۆرە لەلای هەندێك لەکادیران و شەڕڤاناندا هەبوو. زیاتریش گروپی چەتە ئەو چەمکەی پەرەپێدەدا، دەیبینی کە بەدەستگیر کردنی سەرۆك ئاپۆ هەموو کەسێك شۆك بووە، دەیخواست سوود لەو دۆخە وەربگرێت، بێباوەڕی و بێ مۆراڵی تەشەنە پێبدات، بۆ ئەوەی پەرشوبڵاوی لەنێو تەڤگەردا پێشبخات. کاری ئەوانە بەتەواوی ئەوەبووە کە چۆن مۆراڵ و باوەڕی لە کادیران و شەڕڤاناندا بشکێنن و وابکەن کە دەستبەرداری تەڤگەر ببن، دەیانخواست وەها شڵەژانێك بخەنە نێو تەڤگەرەوە، بخەنە نێو کادیران و شەڕڤانانەوە. بێگومان تەڤگەر لەدژی ئەمە راوەستا و نەیهێشت ئەوانە زێدە تەخریبات دروست بکەن.

لەلایەکی دیکەوە؛ لەنێو کادیران و شەڕڤاناندا دوودڵییەك هەبوو، وەك چۆن لەناو گەل و دۆستاندا دوودڵییەك هەبوو؛ داخوا تەڤگەر دەتوانێت خۆی بپارێزێت؟ بەردەوام بکات یان نا؟ واتا لەنێوان تەڤگەر و پیلانگێڕێتیدا مابوونەوە، داخوا تەڤگەر سەردەکەوێت

یان پیلانگێڕێتی سەردەکەوێت؟ ئەمەش بێ باوەڕ[illegible]ە بێ مۆڕاڵییەکی لەکادیراندا دروستکردبوو، تا ماوەیەکی دوور و درێژیش نەیتوانی خۆی لەژێر ئەو کاریگەرییە رزگار بکردبایە. تەڤگەر لەدژی ئەمەش راوەستا و هەوڵیدا کە بۆ ئەوەی ئەو کاریگەرییە بشکێنێت و باوەڕی و مۆڕاڵ و رۆحی ئەوان بەهێز بکات. ئیدی بەخەباتی بێوچان ئەو کاریگەرییەش سڕایەوە، لەکادیراندا باوەڕی و مۆڕاڵ بەهێز کرایەوە.

لەناو بەشێکی تەڤگەریشدا پیلانگێڕییەکە بووە هۆی ئەوەی لەدژی پیلانگێڕییەکە بەهێزتر رابوەستێت و بەپێویستی دەبینی کە تەڤگەر بەهەموو هێز و توانایەکییەوە لەدژی پیلانگێڕی رابوەستێت. مادام پیلانگێڕییەکە دەخوازێت ئێمە تەسفیە بکات، پێویستە ئێمەش ئەوە بکەینە هۆی بەرخۆدانێکی بەهێز و تۆکمە. چونکە ئێمە ئەوە لە سەرۆك ئاپۆ تێگەیشتبووین؛ پێویستە خودی پیلانگێڕییەکە بکاتە فاکتەری پووچەڵ کردنەوەی پیلانگێڕی و تەڤگەر بەهێز بکات. هەر خیانەتێك پێویستە ببێتە فاکتەری ئەوەی خیانەت بنبڕ بکەیت و تەڤگەر بەهێزتر بکەیت. ئێمە ئەوەمان لە سەرۆك ئاپۆ وەرگرتبوو و لێی فێر ببووین و تێگەیشتبووین. شۆڕشگێڕێتی ئەم تەڤگەرە بەتەواوی لەسەر ئەو بنەمایە بوو، چونکە کاتی خۆی هەڤاڵ "حەقی قەرار"یش بە پیلانگێڕییەك شەهید کرا، سەرۆك ئاپۆ ئەو پیلانگێڕییەی وەرگەڕاندە هاوێشتنی پێنگاڤ (هەنگاو)ێکی مێژوویی مەزن کە پارتیبوونی تەڤگەر بوو.

بۆیە پێویستبوو پیلانگێڕی نێودەوڵەتیش ببوایە هۆی ئەوەی ئێمە پیلانگێڕییەکە پووچەڵ بکەینەوە و تەڤگەر بەهێز بکەین و لەئامانجی خۆی دوور نەکەوێتەوە و لەسەر بناخەی خۆی بەڕێوە بچێت. نزیکبوونەوەی هەندێك لەکادیرانیش لەسەر ئەو بنەمایە بوو. ئیدی بە دەستگیرکردنی سەرۆك تەڤگەر و گەل کێشەیەکی بەمجۆرە ژیا. چونکە تەڤگەریش مەزندەی ئەوەی نەدەکرد کە بەمشێوەیە پیلانگێڕییەکی وەها ئەنجام بدرێت و سەرۆك دەستگیر بکرێت. هەم تەڤگەر و هەمیش گەل بەبێ ئامادەکاریی رووبەڕووی ئەو پیلانگێڕییە ببوونەوە. کەچی سەرۆك بەرلەوە دەیخواست تەڤگەر و گەلیش بۆ رۆژێکی وەها ئامادەبکات، هەرچەندە خواستی ئامادەشیان بکات، تەڤگەر و گەل زێدە باوەڕی نەدەکرد کە گەلەکۆمەیەکی وەها لەدۆخێکی وەها ئەنجام دەدرێت. بۆیە گەل و تەڤگەریش کاتێك ئەو پیلانگێڕییە پێکهات بێ ئامادەکاری بوون،

لەبەرئەوە شۆکێکی مەزنیان دەربازکرد، بەهۆی ئەو شۆکەوە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ نەیاندەتوانی دەربازی بکەن. ئیدی لێرەدا پیلانگێڕتییەکە دەیخواست ئەنجامگیر ببێت. کاتێك کە پیلانگێڕان سەرۆکیان دەستگیرکرد و لە ئیمرالی زیندانیان کرد، پڕوپاگەندەیەکی زۆریشیان کرد:" ئیدی تەواو، وەرن تەسلیم ببنەوە" ئەو پڕوپاگەندانەیان دەکرد. لەلایەکی دیکەشەوە ئەمریکا، ئینگلتەرا و ئیسرائیل بەرێی هەندێك کەناڵەوە پەیامیان بۆ ئێمە (بەڕێوەبەرایەتی تەڤگەر) دەنارد، دەیانگووت:" ئێوە پێویستە دەستبەرداری لە سەرۆك ئاپۆ بکەن، ئیدی ئاپۆ تەواو، پێویستە ئێوە سەرۆکێکی نوێ بۆخۆتان دەستنیشان بکەن و ئەو گۆڕانکارییانەی ئێمە دەیخوازین ئەنجامی بدەن، ئەو کاتە شانسی ژیانتان بۆ دەمێنێتەوە، ئەگەر ئێوە وەها نەکەن ئەوا تا شەش مانگی دیکە ئێمە ئێوە تەسفیە دەکەین..." بەوانە دەیانخواست ئێمە بترسێنن و تەسلیممان وەربگرن، ئامانجی ئەوان لەناردنی ئەو پەیامانە ئەوە بوو، بۆ ئەوەی تەڤگەر و ئەو جەماوەرەی لەژێر کاریگەری تەڤگەر دایە بەتەواوی بخەنە خزمەتی خۆیانەوە، ئەو تەڤگەرە لەناو ببەن، ئەو کوردەی سەرۆك ئاپۆ ئافراندی لەناوی ببەن، کوردێکی وەها دروست بکەن کە شەو و رۆژ لەخزمەتی ئەواندا بێت. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ و تەقەللایان دەدا، چونکە دەیانزانی بە دەستگیرکردنی سەرۆك هەندێك دوودڵی و بێباوەڕی و شۆکبوون هەم لەناو گەل و هەمیش لەناو کادیرانی تەڤگەردا، لەئارادایە، ئیدی چیبکەن بۆ ئەوەی ئەمە بگەیەننە رادەی تەسفیەکردن و تەسلیم وەرگرتن؟ لەم پێناوەدا کاریان دەکرد و ئەو پڕوپاگەندە و پەیام ناردنەشیان لەچوارچێوەی ئەو مەبەستە دابوو، بۆ ئەوەی تەڤگەر نەتوانێت ڕووبەڕووی ئەو پڕوپاگەندانە ببێتەوە و خۆی بپارێزێت و پووچەڵیان بکاتەوە، خواستیان ئەو توانستەی لەدەست تەڤگەریشدا بوو نەهێڵن، خواستیان دەرگای کەناڵی راگەیاندن لەسەر تەڤگەر دابخەن. بۆ ئەوەی یەکلایەنە پڕوپاگەندەی خۆیان پێشبخەن، تاکو بەئاسانی ئەنجام بەدەستبخەن.

بێگومان تەڤگەر هەوڵیدا کە بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی بپارێزێت و ئەو شۆکبوونەی لەئارادایە دەربازی بکات، ئەو دوودڵییەی کەوا هەیە بەلاوەی بنێت و پیلانگێڕییەکە بکاتە فاکتەری پووچەڵ کردنەوەی خودی پیلانگێڕییەکە. تەڤگەر راوەستەی لەسەر ئەمە کرد. چونکە زۆر هێز و لایەن دەستیان دەخستە ناو تەڤگەرەوە، بۆ ئەوەی یان

تەڤگەر بەتەواوی بخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە، ئەگەر ئەمەشیان پێنەکرێت ئەوا پارچە پارچەی بکەن و هەندێك لەو پارچانە بخەنە ژێر کاریکەری خۆیانەوە. لەم رووەوە هەندێك مواخەلەی وەهایشیان کرد. ئەمە مەترسییەکی مەزنی بۆ تەڤگەر دروست دەکرد، پێویستبوو تەڤگەر هەم لەدژی ئەو موداخەلانە راوەستابایە، بۆ ئەوەی بتوانێت یەکێتی خۆی بپارێزێت، هەمیش پێویستبوو لەدژی پیلانگێڕییەکە رابوەستابایە و باوەڕی و مۆڕاڵی لەناو خۆی و گەلدا بەهێز و تۆکمە بکردبایە، بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێر مەترسییەوە. بۆیە ئەو کاتە بەڕێوەبەرایەتی تەڤگەر هەم بۆ دەرەوە و هەمیش بۆ ناوخۆی خۆی لەدژی ئەو چەمك و دەستێوەردانانەی دەخوازێت تەڤگەر پارچە بکات و تەسفیەی بکات راوەستا، لەدژی دوودڵی و بێ باوەڕی راوەستا، هەموو تەرکیزی بەڕێوەبەرایەتی لەسەر ئەوە بوو کە؛ بتوانێت یەکێتی تەڤگەر بپارێزێت و تەڤگەر لەو چەمك و دەستێوەردانانەی تەسفیەگەران رزگار بکات و ئاستی شەڕ بەرزتر بکاتەوە، تەڤگەر لەسەر ئەمە راوەستەی دەکرد.

بێگومان چەمکی چەتەگەریّتی و ئەوانەش کە نوێنەرایەتی ئەو چەمکەیان دەکرد (د. سلێمان و زەکی بچووك و ئەوانە) خواستیان لەو دۆخەدا هەڵمەتێك دژ بە تەڤگەر بکەن، لە شەشەمین کۆنگرەدا خواستیان ئەمە بەڕێوە ببەن، بەڵام نەیانتوانی، ئەمجارە خواستیان دوودڵی و بێباوەڕی بەهێز بکەن و تەڤگەر بەرەو تەسفیەبوون ببەن، تەڤگەر بەسەریاندا چوو، بینیان کە ناتوانن شتێك بکەن، هەڵاتن. پاشان خواستیان لەدەرەوە و بەهاوکاری هەندێك هێز و لایەن، جا چ دەوڵەت بن یان پارتی و رێکخراو بن، زەبرێك لەتەڤگەر بدەن، بێگومان تەڤگەر بەباوەڕییەوە لەدژی ئەمە راوەستا و نەیانتوانی تەخریباتێکی مەزن بکەن. ئەوەی لەبنەڕەتدا ئەو گروپەی دەخستە جموجۆڵەوە "بۆتان" بوو، "بۆتان" هەتا کۆتایی بەشاراوەیی ئەمەی دەکرد، کاتێك کە بینی ئەو گروپە ناتوانێت زەبر لەتەڤگەر بدات، واتا ناتوانێت تەڤگەر بخاتە دەستی خۆیەوە، خۆی شاردەوە. ئەو "د.سلێمان" و "زەکی بچووك"ی خستبووە جوڵەوە، ئەوانەش شکستیان هێنا و هەڵاتن و چوونە لای (ی ن ك). خواستیان بەهاوکاری (ی ن ك) هەندێك هێرش بکەن و زەبر لەتەڤگەر بوەشێنن، لەم پێناوەشدا زۆر هەوڵیاندا دیسان بێ ئەنجام مانەوە. تەنانەت دوای ئەمە "زەکی بچووك" گووتبووی:" بۆتانیش لەگەڵ ئێمە بوو،

بۆتان خۆی ئێمەی خستە جموجۆڵەوە، ئێمە هاتین (هەڵاتین) کەچی ئەو نەهات"، بێگومان "بۆتان" خۆی شاردبووەوە، چونکە بینیان سەرنەکەوتوون، لەبەرئەوە خۆی شاردەوە. ئەگەرنا ئەویش لەناو پیلانگێڕییەکە دابوو، هەمیشە ئەوانەی پیلانگێڕی ئەنجام دەدەن تاکو پیلانگێڕییەکە سەرنەکەوێت خۆیان ئاشکرا ناکەن.

بۆ نموونە؛ لەزۆر پیلانگێڕییدا، ئەوانەی پیلانگێڕییەکە بەڕێوە دەبەن دیار نین، بەڵام پاشان خۆیان ئاشکرا دەکەن. واتا کە پیلانگێڕییەکەیان سەرکەوت خۆیان لەپشت پەردەوە ئاشکرا دەکەن، هەڵبەتە کە سەرکەوتنیشیان بەدەستنەهێنا خۆیان ئاشکرا ناکەن و خۆیان دەشارنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوازێکی دیکە پیلانگێڕێتی خۆیان بەردەوام بکەن، "بۆتان"یش وەهای دەکرد. ئیدی بۆیە "زەکی بچووك" ئەو ئاخافتنەی کردبوو، گووتبوی:" ئێمەی خستە جموجۆڵەوە ئێمە هاتین و دەبووایە خۆیشی هاتبایە کەچی نەهات". بێگومان وایە، چونکە ئەو پیلانگێڕییەی "بۆتان" پەرەی پێدەدا بێئەنجام مابووەوە، بۆیە ئەو کاتە هەڵنەهاتبوو و خۆی لەناو تەفگەردا شاردبووەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت سەرلەنوێ پیلانگێڕێتی دیکە پەرە پێبدات، ئەزموونیش لەو پیلانگێڕییەی تری وەربگرێت کەئەنجامی داوە و تێیدا سەرنەکەوتووە، تاکو بتوانێت سەرلەنوێ پیلانگێڕێتییەکی دیکە ئەنجام بدات. بۆیە هەڵنەهاتبوو.

دوای دەستگیرکردنی سەرۆك؛ "فەرهاد" و "بۆتان" رەوشەکەیان بۆخۆیان بەدەرفەتێکی مەزن زانی؛ تا ئەو کاتە لەدژی سەرۆك کاریان دەکرد، دووژمنایەتیان دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرۆك باڵادەست بوو نەیاندەتوانی بەئاشکرا ئەمە بکەن. کە سەرۆك دەستگیرکرا ئەمەیان بۆخۆیان بە هەلێك زانی، پیلانگێڕەکانیش پەیامیان دەنارد و دەیانگووت:" ئاپۆ کۆتاییهات، سەرۆکێکی نوێ بۆخوتان دەستنیشان بکەن" زۆر بەئاشکرا خیتابی "فەرهاد"یان دەکرد، کەوا بکەوێتە نێو جموجۆڵەوە و ئەوان پشتیوانی لێدەکەن، کاتێك ئەو پەیامانەشیان وەرگرت، بە دەستگیرکردنی سەرۆکیش بۆشاییەك دروست ببوو، ئەو ئاڵۆزییەش لەئارادا بوو، ئەو چەمکانە تەشەنەیان سەندبوو، ئەو دوودڵیانەی هەبوون، ئەو موداخەلانەی لەسەر تەفگەر دەکران، بەمانە هەمووی خواستیان دەرفەت وەربگرن کە تەفگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە، ئیدی کەوتنە نێو هەڵپەی ئەمەوە.

کاتێك کە سەرۆك دەستگیرکرا من مەزەندەی ئەوەم دەکرد کە ئێمە بکەوینە نێو کێشە و گرفتی بەمجۆرەوە. بۆچی؟ چونکە هێشتا لە "زەڵێ" ئەو کاتە سەرۆك بەکردار لەسەر تەڤگەر بوو، تەڤگەر بەهێز بوو "فەرهاد" بەهاوکاری هەندێك پارتی و دەوڵەت لەدژی سەرۆك راوەستا و خواستی تەڤگەر بخاتە نێو دەستی خۆیەوە. ئەوەی لەهەلومەرجی ئەو کاتەدا ئەو هەنگاوەی لەدژی سەرۆك و تەڤگەر هاوێشتبێت، ئەوا مرۆڤ دەزانێت کەوا بە دەستگیرکردنی سەرۆك ئەو هەنگاوەی لە "زەڵێ" هاوێشتبووی دیسان دەیهاوێژێتەوە. هەڵبەتە پەیامیشیان دەنارد کە "سەرۆکێکی نوێ بۆخۆتان دەستنیشان بکەن". لەناو ئەو تەڤگەرەشدا ئەوەی زۆر خواستبێتی تەڤگەر بخاتە دەستی خۆیەوە و خۆی بکاتە سەرۆکێك کێ بوو؟ "فەرهاد" بوو. لەدەرەوەی ئەو کەسی دیکە نەبوو. بۆیە "فەرهاد" کە ئەو پەیامانەشی وەرگرت تەواو دەکەوێتە جموجۆڵەوە، بۆیە ئێمە مەزەندەیەکی وەهامان لەسەر ئەو هەبوو، بەڵام ئایا ئێمە دەتوانین رێی لەبەردەم بگرین؟ بۆ دۆخی ئەو کاتە ئەمە زەحمەت بوو، بەڵام ئایا دەتوانین ئەمە دوابخەین؟ ئەوە دەکرا ببووایە. چونکە "فەرهاد" و "بۆتان" و ئەوان هێشتا باش خۆیان رێکخستە نەکردبوو، پێداویستی ئەوانیش بە کات هەبوو، ئەگەر ئێمە کەمێك توانست یان دەرفەت بەوان بدەین و واتێبگەن کە:" لەپێش ئێمە هیچ کۆسپ و ناستەنگێك لەئارادا نەماوە، ئێمە دەتوانین بەئاسانی خۆمان بەرێکخستن بکەین" ئەوا ئەوان لەناو تەڤگەردا دەمێننەوە و هەنگاو دەهاوێژن و بەلایەنی کەم لەو کاتەدا کێشە و گرفتی مەزن دروست ناکەن. ئەمە بۆ ئێمەش گرنگ بوو. بۆ ئێمەش کات پێویستبوو. بۆ ئەوان تاکو بتوانن خۆیان رێکبخەن کات پێویستبوو، بۆ ئێمەش کات پێویستبوو، چونکە لەو دۆخەدا ئەگەر ئەوانە کێشە و گرفتمان بۆ دەرنەخەن، تاکو بتوانین بەهەموو توانست و هێزی خۆمانەوە لەدژی دەستێوەردانەکە (پیلانگێرییەکە) رابوەستین، بۆ ئەوەی بتوانین پووچەڵی بکەینەوە و یەکێتی تەڤگەر بپارێزین... بۆیە لێرەدا من گەیشتمە ئەنجامێك؛ ئەگەر رێگەیان بۆ بکەینەوە، ئەوا "فەرهاد" دەڵێت:" رێم بۆکراوەتەوە و هیچ ئاستەنگێکم لەبەردەمدا نییە، من دەتوانم بەئاسانی خۆم رێکبخەم، دەتوانم تەڤگەر بخەمە دەستی خۆمەوە" ئەو کاتە لەناو تەڤگەردا دەمێنێتەوە و تەڤگەر سوودی لێوەردەگرێت. ئەو موداخەلانەی لەدەرەوە لەسەر تەڤگەر دروست دەبن، تەڤگەر

دەتوانێت کەمیان بکاتەوە و لاوازیان بکات و یەکێتی تەڤگەر بپارێزێت، **"فەرهاد"** ناتوانێت زێدە مەترسی دروست بکات. چونکە **"فەرهاد"** ناوی زڕابوو، بەپراکتیکی خۆی لە "زەڵێ" بەرلەوە و دوای ئەوە ئەو شتانەی کردوویەتی لەناو تەڤگەردا ناوی زڕابوو، تەنانەت کەمێك لەناو گەلیشدا ناوی زڕابوو، بۆیە **"فەرهاد"** نەیدەتوانی مەترسی دروست بکات، لەوانەیە هەندێك تەخریباتی بکردبایە، تەڤگەر دەیتوانی ئەو تەخریباتانەی نەهێڵایە. بەم حیساباتە من نزیکبوومەوە، نزیکبوونەوەیەکی بەمشێوەیەم پێشخست. ئەمە دەهاتە حیساباتی **"فەرهاد"**یش. چونکە بۆ ئەو کات پێویستبوو تاکو بتوانێت خۆی رێکخستە بکات. ئەگەر دوای دەستگیرکردنی سەرۆك بکەوتبایەتە جموجۆڵەوە ئەوا نەیدەتوانی ئەنجامیش بەدەستبخات، بۆ ئەوەی تەڤگەر بخاتە دەستی خۆیەوە پێویستبوو خۆی رێکبخات. لەلایەکی دیکەشەوە باوەڕی و متمانەیەکیش بە کادیران بدات، کە گوایە خاوەنداریێتی لەتەڤگەر دەکات و لەدژی پیلانگێڕێتی رادەوەستێت، تاکو بتوانێت بەئاسانی کاریگەرییان لەسەر بکات و بەئاسانیش تەڤگەر بخاتە دەستی خۆیەوە. ئیدی دوای پیلانگێڕییەکە کێشەیەکی بەمجۆرەمان لەپێش بوو. **"فەرهاد"** نەیدەتوانی ببێتە مەترسی، لەبنەڕەتدا مەترسی سەرەکی **"بۆتان"** دروستی دەکرد. چونکە رەوشی **"بۆتان"** لەناو تەڤگەردا کەمێك دەزانرا و تێگەیشتن لەبارەیەوە هەبوو، بەڵام لەناو گەلدا نەدەزانرا، کادیرانی تەڤگەریش بەتەواوی رەوشی **"بۆتان"**یان نەدەزانی. ساڵی (١٩٨٨) سەرۆك رەخنەی زۆری کردبوو، لەکۆنگرەی چوارەمدا ئێمە رەخنەیمان کردبوو، لە پێنجەمین کۆنگرەشدا ئێمە دیسان رەخنەیمان کردبوو، لەساڵی (١٩٩٧)دا سەرۆکایەتی بەتەواوی لەگەریلای دوورخستەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەموو کادیران بەتەواوی رەوشی ئەویان نەدەزانی، واتا شتی گشتیان دەزانی، ئەو جموجۆڵانەی لەدوای دەستگیرکردنی سەرۆك بەڕێوەی دەبرد زێدە کەسێك نەیدەزانی، نەخاسمە لەناو گەلدا هیچ نەدەزانرا، بۆیە ئەوەی مەترسی دروستدەکرد، **"بۆتان"** و گروپەکەی ئەوبوو. ئەوانە **(فەرهاد و بۆتان)** لەدژی تەڤگەر رێکدەکەوون، چونکە خۆیان یەك گروپ نەبوون، بەڵام موحتاجی یەکتربوون و یەکێکیان بێ ئەوەیتریان نەیدەتوانی لەدژی تەڤگەر هەنگاو بهاوێژێت. ئیدی ئەوانە رێککەوتنێکی بەمجۆرەیان لەگەڵ یەکتر کرد، بۆ ئەوەی بتوانن لەدوای دەستگیرکردنی سەرۆك تەڤگەر

بخەنە دەستی خۆیانەوە، لەسەر ئەو بنەمایە کاریان کرد، تا لەکۆتاییدا رەوشی ئەوانیش ئاشکرابوو، لەدوای دەستگیرکردنی سەرۆك ئەو کێشانەی تەفگەر تێیدا دەژیا ئەو کێشانە بوون.

پەراوێزەکان:

(١) مەبەستی کاتی سازدانی ئەو دیدارمیه.

(٢) مەبەستی کاتی سازدانی ئەم دیدارمیه.

(٣) رێژەی (١٠٪): ئەو رێژمیە وەك ماددمیەکی یاسایيه لەدەستووری تورکیا کە هەر پارتێکی سیاسی دەبێت ئەو رێژمیەی دەنگ بەدەست بێنێت تا بتوانێت بکەوێتە پەرلەمانەوە. ئەم ماددمیە زیاتر لەدژی پارتە کوردییەکان دانراوە.

(٤) مەبەستی ئەو هەڵمەتی دەستگیرکردنانەیە کە لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٦) و سەرەتای ساڵی (٢٠٠٧) دا سەرەتا ئەڵمانیا و پاشان فەرەنسا و بەلژیکا لە ئەوروپا دژ بە چالاکوانان و سیاسەتمەدارانی کورد لەو وڵاتانە بەرێوەی دەبەن، هەروەها لەبەرامبەر دەزگا و کۆمەڵە کوردییەکانی نێو ئەو وڵاتانەدا هەڵمەتی پشکنین و چاوسوورکردنەوەیان پەیرەوکردووە)

(٥) ئیتحاد و تەرقییەکان: سەرەتا بەناوی ئیتحادی عوسمانی وەك رێخستنێکی نهێنی لەدژی دەسەڵاتی عەبدولحەمیدی دووەم لە (٢١)ی مایسی ساڵی (١٨٨٩) لە ئەستەنبۆل دامەزرا. لە (١٨)ی تشرینی یەکەم تا (٨)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٠٨) یەکەم کۆنگرەی ئیتحاد و تەرەقی سازدەدرێت و وەك پارتییەك خۆی دەناسێنێت. ئتیحاد و تەرەقی خاوەن بیرێکی تۆرانی شۆڤێنیستی بوون. ئەو کاتە دەوڵەتی ئەڵمانیا بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لەناو ئیمبراتۆری عوسمانی تۆکمەتر بکات، هاوکاری پشتیوانییەکی زۆری ئیتحادییەکانی کرد، سەرکردە باڵاکانی ئیتحاد و تەرەقی " ئەنوەر پاشا، جەمال پاشا و تەڵعەت پاشا"بوون. ئیتحاد و تەرەقیچییەکان رۆڵێکی سەرەکیان لە کۆمەڵکوژییەکانی دژ بە ئەرمەنییەکان و کوردەکان هەبوو. ئێستاش لەسەر هەمان رێچکەی ئیتحاد و تەرەقیچییەکان دژ بە گەلی کورد و گەلانی دیکەی تورکیا سیاسەتی تۆرانی و شۆڤێنییەتی خۆیان بەرێوە دەبەن، بەوانە دەگووترێت **ئیتحاد و تەرەقیچییە نوێیەکان.**

(٦) مەبەستی کاتی ئەنجامدانی ئەم دیدارمیه.

(٧) مەبەستی کاتی ئەنجامدانی ئەم دیدارمیه.

بەشی هەشتەم:
ژانی گۆڕانکاری... بەرەو پارادیگمایەکی نوێ
(٢٠٠٠ ـ ٢٠٠٣)

ئیمرالی...
ئەو دوورگەیەی خۆری
لێوەهەڵدێ...!!

دەستپێکردنی قۆناخی دادگایی ئیمرالی و ئەو هەڵوێستەی کەوا سەرۆك ئاپۆ لەمیانەی بەرگرینامەکەی یەکەمیدا (مانیفێستۆی چارەسەری دیموکراتیانەی کێشەی کورد) لەدادگایی ئیمرالی دەردەبرێت لەناو ئەو هەموو هێرش و پیلانگێڕی و موداخەلە و کێشە و گرفتانەدا ئەو کاتە تەڤگەر چۆن لەو دادگاییە و لەو هەڵوێستەی سەرۆك ئاپۆ نواندی دەیڕوانی...؟

کاتێك کە دادگایی ئیمرالی دەستپێکرد، سەرۆك لەوێ زێدە بەرگرییەکی وەهای لەخۆی نەکرد، هەڵبەتە دۆخێکی وەهاش نەبوو کە بەرگری لەخۆی بکات. لەژێر هێرشێکی تیرۆریستیانەدا ئەو دادگاییکردنە ئەنجام درا، واتا لەرووی ئایدیۆلۆژی و سیاسییدا لینجکردنێکیان پێشخست. بەم کەشوهەوایەش خواستیان دۆخی بەرگری لەخۆکردن نەهێڵنەوە، بۆیە دۆخێکی بەرگری لەخۆکردنیان بۆ سەرۆك نەهێشتەوە کەوا بەرگری لەخۆی بکات. سەرۆك لەو دۆخەدا نەیدەتوانی بەرگری لەخۆی بکات، خواستی

لەدادگایی ئیمرالیدا رێگەی چارەسەری بداتە پێش دەوڵەتی تورکیا، ئەو لەیستۆکانەی ئەنجام دەدرێن تێیبگەیەنێت، ئەگەر تورکیا بەراستی دەخوازێت نەیەتە ئەو لەیستۆکانەوە، ئەگەر دەخوازێت زەرەر نەبینێت گووتی:" ئەمە رێگەکەیەتی" لەوێ رێی چارەسەری خستەپێش تورکیا. ئەوەی سەرۆك لەوێ کردی ئەمە بوو. بۆیە لەو دادگاییەدا بەرگری لەخۆکردنی پێشنەخست، ئەگەر نیازێکی تورکیا هەیە کە کێشەی کورد چارەسەر بکات، ئەگەر ناخوازێت لەنێو کێشەی مەزندا بژیت و نەیەتە لەیستۆکی پیلانگێرییەکەوە. گووتی:" ئەوا ئەمەیە رێگەکەی" و ئەو رێگەیەی دەستنیشان کرد، ئەوەی لەو دادگاییەدا کردی ئەمە بوو.

ئەگەر دۆخ و هەلومەرجی بەرگری لەخۆکردن هەبووایە، بەو شێوەیە تیرۆر و "لینجکردن"یان بەرێوە نەبردبایە، سەرۆك ئەو بەرگرینامانەی پاشان بۆ دادگای ماف مرۆڤی ئەورووپای پێشیخست ئەوا لەو دادگاییەشدا پێشیدەخست. بەڵام ئەو دەرفەتەیان پێنەدا. واتا خواستیان گوایە بەو دادگاییە سەرۆك بەتەواوی و بەسیاسی بکوژن. هەڵبەتە بەر لەوەش کەمپینێکی ناوزڕاندنی بەهێزیان بەرێوەبرد، گوایە لەرووی حقوقییەوە ئەمەش تەواو بکەن، ئەو دادگاییەی ئەنجامدرا دادگایی نەبوو، بەڵکو ئەو لینج و تیرۆرەی بەرێوەیان برد خواستیان لەرووی حقوقییەوە تەواوی بکەن، ئەوە سیناریۆیەك بوو، سیناریۆیەکە نووسرابووەوە، دەیانخواست ئەو سیناریۆیە جێبەجێ بکەن. ئەوەی لەو دادگاییەدا روویدا ئەمەبوو.

بێگومان هەموو کەسێك مەزەندەی جیاوازی دەکرد؛ "ئیتر یان وەك هەڤاڵان محەمەد خەیری دوورموش و کەمال پیر و ئەوان لەرەوشەکە نزیك دەبێتەوە" یان "زۆر جیاوازتر نزیك دەبێتەوە" بێگومان لەوێ نەدەکرا ئەمە ببایە، سەرۆك نەیدەتوانی وەك هەڤاڵان "محەمەد خەیری دوورموش و کەمال پیر" نزیك ببایەوە. چونکە پیلانگێرییەکی زۆر مەزن هەبوو، پێویستبوو رێگیری لێبکردبایە، ئەوەی پیلانگێڕان دەیانخواست لە ئیمرالی پێیبگەن چیبوو؟ دەیانویست سەرۆك تەسلیم ببێت، ئەگەر تەسلیمیش نەبێت بکەوێتە نێو بەرخۆدانێکی وشك و قەباوە، بەمشێوەیە دەتوانن کۆتایی بە سەرۆك بهێنن، واتا یان بە تەسلیمی بیکوژن یاخود بەجەستەیی بیکوژن. هەڵبەتە هەر دوو شێوازەکەش وەك یەك بوو. بێگومان سەرۆك لەو ئامانجانەی

پیلانگێڕییەکە تێگەیشت، بۆیە نەهاتە ئەو لەیستۆکەوە. واتا لەو دادگاییەدا؛ ئەرکێکی چۆن پێك بێنێت؟ مێژوو ئەرکێکی چۆن لە سەرۆك دەخوازێت؟ بەرژەوەندی گەلی کورد و تەڤگەر چ لەسەرۆك دەخوازێت؟ بەرژەوەندی گەلان چ دەخوازێت، ئەوەی دایە پێشخۆی. لەبەر ئەوەی مەزەندەی هیچ کەسێك لەوێ پێك نەهات، بۆیە هەر کەسێکیش شۆك بوون. سەرۆك لەهەنگاوی یەکەمدا لەدادگایی ئیمرالیدا بەمشێوەیە پیلانگێڕییەکەی پووچەڵ کردەوە. واتا ئەوانە دەیانخواست بەو دادگاییە هەم ئامانجەکانی خۆیان بپێکن و هەمیش گوایە بەرێگەی حقوقی جێبەجێی بکەن. سەرۆك نەکەوتە ئەو لەیستۆکەوە...

هەر پەیوەست بەقۆناخی ئیمرالییەوە؛ لەکاتی دەستگیرکردنی تاکو ئێستاش تاکە رێگەی پەیوەندی نێوان سەرۆك ئاپۆ لەگەڵ گەل و تەڤگەر بەگشتی تەنیا پارێزەران بووە. بەڵام وەکو دیار دەبێت لەرێگەی پارێزەرانیشەوە هەندێك لەیستۆك بەرێوە دەبردرا. بۆنموونە پارێزەر "ئەحمەد زەکی ئۆخچی ئۆغلو" هەبوو، ئەو پارێزەرە چۆن بوو بە پارێزەری سەرۆك ئاپۆ و دەیخواست چ لەیستۆکێك ئەنجام بدات و بۆ چ ئامانجێك ئەنجامی دەدا؟ پێم وایە ئەو کاتە ئەو تاکە کەسێك بوو کە ببووە پارێزەری سەرۆك ئاپۆ...

بێگومان لەدەستپێکدا زۆر زەحمەتی هەبوو بۆ دروستکردنی پەیوەندی و تەماس لەنێوان سەرۆك و تەڤگەردا، بۆچی؟ چونکە ئەو کاتە بەناوی پارێزەرێتییەوە "ئەحمەد زەکی ئۆخچی ئۆغلو" کەوتە ناو مەسەلەکەوە و نەیاندەهێشت پارێزەرانی دیکە بکەونە مەسەلەکەوە. ئەو پارێزەرانەی دەیانخواست بکەونە نێو مەسەلەکەوە، پەسندیان نەدەکردن و دەیانترساندن و هەڕەشەیان لێدەکردن. "ئەحمەد زەکی ئۆخچی ئۆغلو" پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا هەبوو، بۆیە دەیانخواست لەرێگەی "ئەحمەد

زەکی ئۆخچی ئۆغلو"وە بالآدەستی خۆیان بەسەر دۆخەکە بسەپێنن و دۆخەکە بەتەواوی بەلای خۆیاندا بشکێننەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لەنێوان سەرۆك و تەڤگەردا هەم پچڕاندنێك دروست بکەن، هەمیش گرفت و ئاڵۆزییەکیش بنێنەوە و ناکۆکییەك دروست بکەن. چونکە ئامانجی پیلانگێڕان چیبوو؟ پەیوەندی نێوان سەرۆك و گەل و تەڤگەر بپچڕێنن، بۆ ئەوەی تەڤگەر و گەل لەژێر کاریگەری سەرۆك دەربخەن و بیخەنە خزمەتی خۆیانەوە، ئیدی هەر لەسەرەتای قۆناخی ئیمراڵیدا "ئەحمەد زەکی ئۆخچی ئۆغلو" کەوتە نێو مەسەلەکەوە. "ئەحمەد زەکی ئۆخچی ئۆغلو" لەیستۆکی ئەنجام دەدا، ئەوەی سەرۆك لەلای ئەو باسی دەکرد ئەو نەیدەخواست بیگەیەنێتە تەڤگەر، دەیخواست شتی بەپێچەوانەی ئەمە بگەیەنێتە تەڤگەر، ئەوەی تەڤگەریش بەپێچەوانە بگەیەنێتە سەرۆك. بەمجۆرە ناکۆکی بنێتەوە و باوەڕی و متمانە نەهێڵێت و لەدژی یەکتر دەریانبخات، لەیستۆکی بەمجۆرەی دەکرد. لەلایەکی دیکەشەوە؛ دەیخواست سەرۆك بترسێنێت و رایبکێشێتە نێو بەرخۆدانێکی قەبەوە، بەمەش لەناویبرێت. سەرۆك بینی کە "ئەحمەد زەکی ئۆخچی ئۆغلو" لەیستۆکی وەها دەکات. پێشتریش ئەوی دەناسی، بۆیە لەیستۆکەکەی ئەو بەسەرنەکەوت. ئیدی سەرۆك ئەوی وەك پارێزەری خۆی پەسند نەکرد، کە بینی وەها لەیستۆك و پیلان دەگێڕێت، هێدی هێدی ئەوەی لەدەور دەرخست و پارێزەرانی دیکە کەوتنە دەورەوە (ناو مەسەلەکەوە). تا ئەو کاتەی پارێزەرانی دیکە کەوتنە دەورەوە، لە پەیوەندی نێوان ئێمە و سەرۆکدا زۆر کێشە و زۆری و زەحمەتی دەرکەوت. "ئەحمەد زەکی ئۆخچی ئۆغلو" لەیستۆکی پڕ خراپی ئەنجام دەدا، هەوڵی دەدا سەرۆك و تەڤگەر بهێنێتە دۆخی دژایەتیکردنی یەکتر و سەرۆك بخاتە نێو بەرخۆدانێکی قەبەوە و بەرەو لەناوبردنی ببات.

لەبەر ئەوەی سەرۆك پێشتر ئەو کەسەی دەناسی و برای ئەوی دەناسی، لەو لەیستۆکانەی کەوا ئەو لەو پیلانگێڕییەدا دەیکرد، دەیزانی و تێدەگەیشت، بۆیە رێگەی نەدا ئەو لەیستۆکانە بەسەر بکەوێت.

هەر لەو قۆناخەدا دوو هەنگاوی مەزن هاوێشتران؛ یەکەمینیان کشاندنەوەی هێزەکان بوو لەباکوورەوە بۆ سەر سنوور، دووەمینیشیان ناردنی دوو گروپ بوو، بەناوی گروپی ئاشتی و نیازپاکی بۆ تورکیا. ئەو دوو هەنگاوە چۆن و بە چ ئامانجێك هاوێشتران؟ ئەو کێشانەی لەمیانەی هاوێشتنی ئەو دوو هەنگاوەدا دەرکەوتن چیبوون؟ هەروەها هەر دوو هەنگاو چ ئەنجامێکی لەگەڵ خۆیدا هێنا؟

هەر کەس واتێدەگەیشت گوایە:" دوای ئەوەی سەرۆك هاتە ئیمرالی گۆڕانکاری لەتەڤگەردا ئەنجام دا، ئەو گۆڕانکارییەش بەئیرادەی خۆی پێشینەخست، بەڵکو دەوڵەتی تورکیا فشاری دروست کردووە و گوایە لەئاکامی ئەو فشارانەدا سەرۆك ئاپۆ ئەو گۆڕانکارییانەی ئەنجام داوە، ئامانجیش لەو گۆڕانکارییەدا ئەوە بووە کە دەوڵەتی تورکیا بەرێگەی سەرۆك ئاپۆ هەموو ئەو دەستکەوتانەی (PKK) بەدەستیهێناوە تەسفیە بکات و هەموو شتێك لەناوببات و تەڤگەر بەتەواوی بخاتە خزمەتی دەوڵەتەوە" پروپاگەندەی بەمشێوەیەیان زۆر دەکرد. ئەمە بوختانێکی زۆر مەزن بوو، ئەوانەی ئەو پروپاگەندانەیان دەکرد دووژمنایەتییەکی زۆر مەزنیان بۆ سەرۆك دەکرد و دەیانخواست بەمشێوەیە تۆڵە لە سەرۆك بکەنەوە. چونکە سەرۆك ڕاستینەی ئەوانی ئاشکرا کردبوو و گەلی لەوان ئاگادار کردبووەوە، بۆیەش ئیفلاسیان کردبوو، تا ئەو کاتەی ڕاستینەی ئەوان ئاشکرا نەببوو، بەناوی کوردایەتییەوە بازرگانییەکی مەزنیان دەکرد و لەسەر ئەمە دەژیان. بەڵام سەرۆك ئاپۆ ڕاستینەی ئەوانی دەرخستەڕوو و بەمەش ئیفلاسیان کرد، ئیدی نەیاندەتوانی چیتر بەناوی کوردایەتییەوە بازرگانی بکەن. ئیدی کاتێك کە سەرۆك دەستگیرکرا ئەمەیان بۆخۆیان بە هەلێك زانی و خواستیان تۆڵەی خۆیان بستێننەوە. بۆیە دەستیان بەو پروپاگەندانە کرد، بۆ ئەوەی ئاڵۆزی لەسەر گەل دروستبکەن و سەری کادیرانیش تێکەڵ و پێکەڵ بکەن. بەمەش

نەك تۆڵەی خۆیان دەکردەوە، تەنانەت کەوتبوونە خزمەتی پیلانگێڕییەوە و داخوازییەکانی پیلانگێڕێتیان پێك دەهێنا، ئیدی بێ ویژدانییەکی مەزن، بوختان و دووژمنایەتییەکی مەزنیان دەکرد، مەگەر کەسێك بێویژدان بێت، دڵی خۆی رەش کردبێت، ئەمەی بکردبایە. هەر کەسێکیش دەزانێت کە ئەوەی نەتەوایەتی لە کوردستاندا پێشخست، ئەوەی یەکێتی گەلی کورد، دڵ و رۆحێکی یەکگرتووانەی بۆ گەلی کورد ئافراند، ئەوەی کوردێکی نوێی خوڵقاند سەرۆك ئاپۆ بوو، ئەوەی رێزی بۆ گەلی کورد دروستکرد سەرۆك ئاپۆ بوو، ئەوەی کێشەی کوردی خستە ناوەندی سیاسەتی جیهانەوە سەرۆك ئاپۆ بوو، بەسەرۆك ئاپۆوە کوردان رابوونە سەرپێیان و بوونە ئیرادەیەکی مەزن، ئەوەی بۆ گەلی کورد بەدەستیهێناوە مەگەر کەسێکی بێویژدان بتوانێت نکۆڵی لێبکات، کەسێك کەوا خاوەن ویژدان بێت، ناتوانێت هەروەها بووختان بکات و دووژمنایەتی بکات.

سەرۆك ئاپۆ هەر لە ساڵی (١٩٩٣)وە دەستی بە گۆڕانکاری لەنێو تەڤگەردا کرد. ئەمە هەر کەسێکیش دەیزانێت کە ئەو گۆڕانکارییانەی لەساڵی (١٩٩٣)وە دەستپێکرد بوو خواستی لە پێنجەمین کۆنگرەدا قووڵ و فراوانتری بکاتەوە. ئەمانە هەمووی بەڵگەدارن و بە دیکۆمێنت ماون و پارێزراون. تەڤگەر هەندێك هەنگاوی بۆ گۆڕانکاری و خۆنوێکردنەوە هاوێشت، بەگوێرەی داخوازی سەرۆك هەنگاوی نەهاوێشت، لە شەشەمین کۆنگرەدا خواستی تەواوی بکات، پیلانگێڕییەکە نەیهێشت ئەمە پێکبێت.

هەڵبەتە پیلانگێران بینیان کەوا سەرۆك ئاپۆ خەریکە نوێبوونەوەیەکی مەزن لە تەڤگەردا ئەنجام دەدات، پاککردنەوەیەك لە تەڤگەردا دێنێتەدی، ئەگەر ئەمە ئەنجام بدرێت، ئەوا پیلانگێڕی سەرناکەوێت. سەرۆك هەم نوێبونەوەی لە تەڤگەردا ئەنجام دەدا، هەمیش تەڤگەری دەخستە سەر راستەڕێی سیاسی و دیموکراتییەوە، ئەگەر تەڤگەریش بکەوێتە سەر ئەو رێگەیە ئەوا مسۆگەر پیلانگێڕی پووچەڵ دەبێتەوە. هەڵبەتە بۆیە پیلانگێڕییان ئەنجام دا، بۆ ئەوەی بتوانن رێگیری لەمە بکەن. تاکو هەم رێی دیالۆگ نەکرێتەوە و کێشەکە نەکەوێتە سەرڕێی سیاسی و دیموکراتی و چارەسەر نەبێت، چونکە لەگەڵ حیساباتی ئەوان یەکانگیر نابێتەوە، هەمیش لەتەڤگەردا ئەو

فووڵبوونەوە و نوێبوونەوەیەی سەرۆك كردوویەتی پێشنەكەوێت، بۆ ئەوەی تەفگەر سەرنەكەوێت و ئامانجی خۆی پێكنەهێنێت.

كاتێك كە سەرۆك دەستگیركرا گووتی:" ئەو كارەی من لەپێش خۆمم دانابوو بەنیوەچڵی مایەوە، هەندێكیانم پێكهێناوە و هەندێكیشم پێكنەهێناوە" ئەمانەش هەمووی بەڵگەدارن. ئیدی ئەو كارەی لەنیوەدا ماوەتەوە، لە ئیمرالی تەواوی كرد. ئەوەی لە ئیمرالی كردی ئەوەبوو، نەك پێڤاژۆیەك لە ئیمرالی دەستپێكرد بێت و وەك بانگەشەی بۆ دەكەن، گوایە بەداخوازی دەوڵەتی توركیا دەستی پێكردبێت. ئەمە بووختان (ئیفترا) و چەواشەكارییەكی مەزنە و بەئەنقەست ئەو بووختان و چەواشەكارییانەیان كرد، هەموو ئەمانە بە بەڵگەوە هەن. ئەگەر مرۆڤ مێژووی (PKK) لێكۆڵینەوە بكات ئەوا دەتوانێت ئەمانە ببینێت.

سەرۆك ئاپۆ كاتێك لەساڵی (١٩٩٨)دا ئاگربەستی راگەیاند، ئەو كاتە لەتەلەفزیۆندا ئاخفیبوو، چەند رۆژێك پێش ئێستا(١) جارێكی دیكە بەبۆنەی راگەیاندنی پێنجەمین ئاگربەستەوە هەمان ئەو ئاخافتنانەی ساڵی (١٩٩٨)كردبووی بیستمانەوە، كەچی لە توركیادا زۆر كەس و كەناڵی راگەیاندنی گووتبوویان:" ئاپۆ لە ئیمرالییەوە قسە دەكات و كاسێتەكەیشی بۆ تەلەفزیۆن دەنێردرێت و بڵاوی دەكەنەوە، ئەمە چۆن وا دەبێت؟" واتا وەها تێگەیشتن كە ئەو ئاخافتنانە تازە كراوە، كەچی تازە نەكراون، بەڵكو لەساڵی (١٩٩٨)دا كراوە. ئەمە چ بەدیار دەخات؟ ئەوە بەدیار دەخات كەوا سەرۆك گۆڕانكاری و نوێبوونەوەی لە ئیمرالییەوە دەستی پێنەكردووە. كاتێك كە ئەو شێواندن و چەواشەكارییانە دەكران و لەناو ئێمەشدا هەندێك كەس ئەو شێواندن و چەواشەكارییەیان بۆخۆیان بەبنەما وەرگرت، سەرۆك گووتی:" من فیكری خۆمم نەگۆڕیوە، بەڵكو لەفیكری مندا هەڵاوێردكردن و فووڵبوونەوە هەیە" راستییەكەشی هەر وەهایە، ئەو كارەی كە لەساڵی (١٩٩٣)وە دەستیپێكرد، لە "ئیمرالی" تەواوی كرد، ئەوەی لە ئیمرالی ئەنجامی دا ئەوەیە. پێویستە ئەم راستییە وەهای لێی تێبگەین.

سەرۆك هەر لەساڵی (١٩٩٦)دا بیری لەوە دەكردەوە كە هێزەكانی گەریلا بۆ باشوور بكشێنێتەوە، بۆچی؟ چونكە ئەو كاتە "نەجمەددین ئەربەكان" لە توركیا سەرۆك وەزیران بوو، هەندێك نامەی بۆ ئێمە نارد، ئێمەش وەڵامی ئەو نامانەمان دایەوە،

راستەوخۆ نەبوون، ناراستەوخۆ بوون، ئەو کاتە من لەلای سەرۆك بووم، ئێمە گفتوگۆمان کرد، ئایا "ئەریەکان" دەتوانێت هەنگاو بهاوێژێت؟ تا چەند شێلگیر و جدیە؟ ئایا بۆ ئەوەی هەنگاو بهاوێژێت و جورئەتی پێبدەین بۆ ئەوەی کێشەکە بکەوێتە سەرڕێی چارەسەرییەوە و بۆ ئەوەی شەڕ و پێکدادان و گێرەشێوێنی (پراواکسیۆن) روونەداتەوە، ئایا دەتوانین هێزەکانی گەریلا بۆ باشوور بکێشنینەوە؟ چونکە لەساڵی (١٩٩٣)دا پراواکسیۆنێك ئەنجامدرا، پێڤازۆی ئاگربەستەکە شێوێندرا، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەمە دووپات نەبێتەوە، ئایا دەتوانین هێزەکانمان بۆ سەر سنوور بکشێنینەوە. چونکە ئێمە دەمانزانی ئەوەی لە تورکیا خوازیاری چارەسەری نین بەهێزن و پراواکسیۆن دەکەن، لەوانەیە لەناو ئێمەشدا کەسانی وەك "شەمدین ساکیك" پراواکسیۆن بکەنەوە، بۆ ئەوەی رێگیری لەمە بکرێت ئەو کاتە بیرمان لێی کردەوە و گفتوگۆمان لەسەری کرد. ئەو کاتە سەرۆك گووتی:" ئێمە دەتوانین هێزەکانمان بکشێنینەوە" واتا ئەو بیرکردنەوەیە هەر لەو کاتەوە لەئارادا بوو، چونکە سەرۆك ئیدی نەیدەخواست شەڕ پێشبکەوێت، چونکە ئەوەی بەشەڕ چارەسەر بکرابایە نەمابوو، ئەو شتەی بەشەڕ چارەسەر بکرابایە چارەسەر کرابوو، ئەوەی دیکە پێویستبوو بەرێگەی سیاسی و دیالۆگ و دیموکراتییانە چارەسەر بکرێت. بەڵام تورکیا نەکەوتە سەر ئەو رێگایەوە. کاتێك کە سەرۆك لە ئیمرالی گووتی:" با شەڕ رابوەستێت و با هێزەکانمان بۆ باشوور بکشێنەوە" ئەو بڕیارەی لە ئیمرالییەوە نەدابوو، بەڵکو هەر لەساڵی (١٩٩٦)وە گفتوگۆ و تاوتوێی دەکرد. کاتێك کە پیلانگێڕیش بەمشێوەیە پێکهات، سەرۆك باش لەئامانجەکانی پیلانگێڕییەکەش تێگەیشتبوو؛ کە دەخوازن شەڕێکی مەزن لەنێوان (PKK) و تورکیا بەرپابکەن، چونکە ئەمە مەترسیدار بوو، پێویستبوو پیلانگێڕییەکە پووچەڵ بکرێتەوە، ئیدی مادام ئەوان دەخوازن شەڕ و کۆمەڵکوژییەکی مەزن پێشبخەن، ئەوا پێویستە ئەمە پووچەڵ بکرێتەوە، رێگای ئەمە چییە؟ ئەگەر شەڕی راوەستاند و هێزەکانی بۆ باشوور کشاندەوە ئەوا هەوڵ و داخوازی ئەوان پووچەڵ دەبێتەوە و بەمشێوەیە رێگیری لە سەرکەوتنی پیلانگێڕییەکە دەکرێت. بۆیە سەرۆك ئەمەی پێشخست. لەبەر ئەوەش تەفگەر ئەمەی پەسندکرد. ئیدی بەمە رێی لەپێش ئەگەر روودانی کۆمەڵکوژییەك بەسەر کورداندا گرت، رێی لەبەردەم تەخریبات گرت،

بۆ ئەوەی پیلانگێڕییەکە پووچەڵ بکرێتەوە و ئەگەر بکرێت دۆخەکە بەرەو چارەسەری بچێت، چونکە سەرۆك لە ئیمرالیش ڕێی چارەسەری خستە بەردەم تورکیاوە، گووتی:" ئەمەیە ڕێی چارەسەری" لەسەر ئەو بنەمایەش بۆ ئەوەی بتوانێت تورکیاش رابکێشێتە سەر ئەو ڕێگایەوە ئەم هەنگاوەی هاوێشت، نەك تورکیا ئەمەی دەخواست، بەڵکو سەرۆك خواستی بەم هەنگاوە تورکیا رابکێشێتە سەر راستەڕێی چارەسەری. لە تورکیادا ئەوانەی لەسەر سیاسەت باڵادەستن ئەوانەن کە نکۆڵی و قڕکردن بەبنچینە وەردەگرن، بۆیەش شەڕ بەبنەما وەردەگرن. ئەوانە دەیانخواست سوود لەدەستگیرکردنی سەرۆکیش وەربگرن و زەبر لە تەڤگەر بوەشێنن. واتا لەچوارچێوەی ئامانجەکانی پیلانگێڕییدا دەخولانەوە و کاریان دەکرد. سەرۆك لەدادگایی ئیمرالیدا هەوڵی دا زەمینەی چارەسەری پێشبخات، لەسەر ئەو بنەمایەش شەڕی راوەستاند، هێزەکانی گەریلایشی بۆ باشوور کشاندەوە، بۆ ئەوەی زەمینەی چارەسەری بەهێز بکات، بۆ ئەوەی تورکیا بۆ سەر ئەو ڕێگایە رابکێشێت و بەمجۆرە پیلانگێڕییەکەش پووچەڵ بکاتەوە، بۆ ئەوەی شەڕ و تەخریبات و کۆمەڵکوژی مەزن روونەدات. ئەمە بۆ ئەو مەبەستە بوو.

دوای ئەوەش بۆ ئەوەی ئەو هەنگاوەی هاوێشتوویەتی بەهێزتر بکات و زەمینە و توانستی چارەسەری تۆکمەتر بکات سەرۆك گووتی:" با گرووپی ئاشتیش بێن " لەسەر ئەو بنەمایەش گرووپێك لە ئەورووپا و گرووپێکیش لەناو گەریلا لە چیادا بۆ تورکیامان نارد، بەنامەوە رەوانەی تورکیامان کردن. لەگەڵ ئەواندا نامەمان بۆ سەرۆك کۆمار، سەرۆك وەزیران، سەرۆکی فەرماندەری سوپا، پەرلەمان و حکومەتی تورکیا رەوانە کرد، بۆ ئەوەی بتوانین تورکیا رابکێشینە سەرڕێی چارەسەری، چونکە لەمەدا سوود و بەرژەوەندی کوردیش و تورکیاشی تێدا هەبوو، ئەوانەی پیلانگێڕییەکەیان ئەنجام دابوو نەیاندەخواست چارەسەری پێشبکەوێت. دەیانخواست شەڕ پەرەبسێنێت. ئیدی سەرۆك بۆ ئەوەی پیلانگێڕێتی و ئامانجەکانی پیلانگێڕێتی پووچەڵ بکاتەوە هەموو ئەو هەنگاوانەی هاوێشت، تاکو تورکیاش رابکێشێتە زەمینەی چارەسەری، نەك تورکیا خواستبێتی سەرۆك رابکێشێتە خەتی خۆیەوە، پێویستە ئەم راستییە وەکو خۆی لێی تێبگەین، بەو شێوەیە بێویژدانی نەکرێت.

ئەو هەنگاوەی سەرۆك دوای دەستگیرکردنی خۆی هاوێشتی هەمووی لەساڵی (١٩٩٦)دا پێکەوە گفتوگۆمان لەسەر کردووە، تەنانەت ئەو کاتە من لەدژی ئەوەش راوەستام، من ئەو کاتە گووتم:" ئەگەر ئێمە هێزەکانی گەریلا بکشێنینەوە لەوانەیە زەبریشمان بەرکەوێت، چونکە ئەگەر تۆ گەریلا بکێشنیتەوە، پاشان ئەگەر چارەسەری پێشنەکەوێت، ئەوا دەبێت جارێکی دیکە بیخەیتەوە ناو باکوور و جێگیرکردنەوەیان زۆر زەحمەتە، ئەمە لەگەڵ خۆیدا بۆشاییەکی مەزنیش دێنێتە ئاراوە، لەوانەیە زەبریشمان بەرکەوێت. وەك دەڵێن؛ پیلان و لەپستۆکی عوسمانییەکان زۆرە، مێژووی تورکیا هەمووی لەپستۆك و پیلانگێڕییە..." سەرۆکیش دەیگووت:" راستە، بەڵام پێویستە ئێمە کێشەکە بخەینە سەر راستەڕێی چارەسەری و دیالۆگەوە، واتا هەتا کۆتایی هەر بەشەڕ نابێت، ئەو شەڕەی کە کردمان ئەوە کردمان، ئەو شتەی پێویستبوو بەشەڕ چارەسەری بکەین ئەوا چارەسەرمان کرد، ئیدی پێویستە ئێمە تەفگەرەکەمان بخەینە سەر ئەو رێگەیەوە" ئیدی "ئەریەکان"یش هەندێك نامەی دەنارد، دەیخواست لەئێمە تێبگات کە ئێمە دەخوازین چی بکەین و چی نەکەین، هەندێك تێڕوانینی ئەوانیش هەبوو. بۆیە سەرۆك دەیگووت:" ئەگەر ئیحتمالێکی کەمیش بێت ئەوا لەوانەیە مرۆڤ بتوانێت هەندێك هەنگاو بە "ئەریەکان" و تورکیا بهاوێژێت. بۆ ئەوەی ئەو هەنگاوانە بهاوێژن، ئێمە دەتوانین هەندێك جورئەت بەئەوان بدەین، بۆ نموونە؛ گەریلا بکشێنینەوە، تەنانەت ئەگەر پێویست بکات چەند گروپێکیش بنێرین، بۆ ئەوەی باوەڕی و متمانە دروست ببێت، ئێمە ئەو کاتە ساڵی (١٩٩٦) لەسەر ئەو مەسەلانە گفتوگۆمان دەکرد، ئیدی کە پیلانگێڕیش پێکهات و سەرۆك لەئامانجی پیلانگێڕانیش تێگەیشت، کە دەخوازن رێی چارەسەری دابخەن و شەڕ و پێکدادان بەهێز بکەن، ئەو شتەی کەوا سەرۆك لەساڵی (١٩٩٦)دا دەیخواست جێبەجێی بکات، ئەوا لەقۆناخی دوای دەستگیرکردنیشدا خستیە رۆژەڤەوە، ئەگەر خستیە پراکتیکەوە بۆ ئەو مەبەستە خستیە پراکتیکەوە.

بێگومان ئەمە هەندێك کاریگەری لەسەر تورکیا کرد، کەشوهەوا و زەمینەیەکی رەخساند. سەرۆك گەلی کورد و تەڤگەری هەموو ئامادەکرد بۆ ئەوەی کێشەکە بکەوێتە سەرڕێی سیاسی و چارەسەری، هەندێك کاریگەری لەسەر دەوڵەتیش کرد. بەڵام دەوڵەت

ئەو هەنگاوەی نەهاوێشت، ئەو زەمینەیەی کە سەرۆك بۆ دەوڵەتیشی ئامادەکرد دەوڵەت سوودی لێنەبینی نەشیخواست سوودی لێ وەربگرێت. بۆچی؟ چونکە پیلانگێڕان نەیانهێشت دەوڵەت لەم ڕووەوە هەنگاو بهاوێژێت، ئەگەر دەوڵەت هەنگاوی نەهاوێشت ئەوا لەبەر ئەم هۆیە هەنگاوی نەهاوێشت. دوای ڕووداوەکەی (١١)ی ئەیلولی (٢٠٠١) کە لە ئەمریکا ڕوویدا، ئەمریکا لەدژی تیرۆریزم سیاسەتێکی پێشخست، ئەوانەی لە تورکیاشدا لەدژی چارەسەری ڕادەوەستان، گووتیان:" ئەمە بۆ ئێمە دەرفەت و هەلێکە، پێویست ناکات هەنگاو بۆ چارەسەری بهاوێژین. ئێمە دەتوانین لەو دۆخ و کەشوهەوایەدا سوود وەربگرین، زەبر لە (PKK) بوەشێنین. بۆیە هەنگاوی چارەسەریان نەهاوێشت. لەبەر ئەمە هەرچەندە سەرۆك ئەو هەنگاوانەی هاوێشت و زەمینەی ئامادەکرد، دەوڵەت ئەو هەنگاوەی نەهاوێشت.

لەو دوو هەنگاوەی هاوێشترا، هەم کشاندنەوەی هێزەکان و هەمیش ناردنی دوو گروپی ئاشتی و نیازپاکی، لەکاتی پراکتیزەکردنیدا چ کێشە و گرفتێکی لەگەڵ خۆیدا هێنا...؟

کاتێك تەڤگەر ئەو هەنگاوانەی هاوێشت، هەم لەناو تەڤگەردا هەندێك کەس لەدژی ئەو هەنگاوانە ڕادەوەستان، هەمیش لەدەرەوەی تەڤگەر، ئەوانەی دووژمنایەتی ئەو تەڤگەرەیان دەکرد، خواستیان هەندێك کێشە و گرفت بۆ تەڤگەر دروست بکەن. ئەوانەی لەدەرەوەی ئێمە بوون دەیانگووت:" ئیدی (PKK) تەسلیم دەبێت، بۆچی شەڕ ناکات؟ بۆچی گروپ لەنێو گەریلا و ئەورووپا دەنێرێت بۆ تورکیا؟ ئەمە تەسلیمییەتە، ئیدی ئاپۆ کەوتۆتە خزمەتی سوپای تورکیاوە، تەڤگەر تەسفیە دەکات، پێویستە شەڕ بکەن". ئەوانە ئەمجارە بەمشێوەیە پڕوپاگەندەیان دەکرد، کاتێکیش کە ئێمە شەڕمان کرد هەر هەمان ئەو کەس و لایەنانە دەیانگووت:" بۆچی شەڕ دەکەن؟ بەمە ڕێی دیالۆگ و چارەسەری دادەخەن و ناهێڵن کێشەی کورد بکەوێتە سەرڕێی چارەسەرییەوە" کاتێکیش کە ئێمە شەڕمان ڕاوەستاند و گروپمان ناردە تورکیا و

هێزەکانیشمان کشاندەوە، ئەمجارەیان دەیانگووت:" بۆچی شەڕ ناکەن؟ ئیدی ئەمە تەسلیمییەتە". واتا تەڤگەر هەر شتێکی بکردبایە، ئەوان بەراستیان نەدەزانی، بەگوێرەی ئەوان ئەم تەڤگەرە هەرچییەك بکات هەر هەڵەیە. بۆخۆشیان شتێکیان نەکردووە و ناشیکەن. مادام هەڵەیە تۆ وەرە راستی بکەوە، ئەمەشیان نەدەکرد، ئیدی یەك ئامانجیان بەبنەما وەرگرتووە ئەویش دووژمنایەتی کردنی ئەم تەڤگەرەیە.

لەناو ئێمەشدا، هەندێك کەس لەنێو دوودڵی دابوون، واتا ئەگەر تەڤگەر ئەم هەنگاوانەش بهاوێژێت، ئەوا دەوڵەت هەر هەنگاو ناهاوێژێت. تەنانەت لەمەش سوود وەردەگرن و زەبرمان لێدەوەشێنن، ئەو هەڤاڵانە لەدژی ئەو هەنگاوانە نەبوون، بەڵکو لەبەر ئەوەی باوەڕییان بە تورکیا نەبوو، دەیانگووت:" تورکیا سوود لەو هەنگاوانە وەردەگرێت و زەبرمان لێدەوەشێنێت. بۆیە ئەو هەنگاوانە نەهاوێژرێن باشترە. چونکە گەرەنتییەکی خۆی نییە، تاکلایەنە ئەو هەنگاوانە دەهاوێژین، ئەگەر تورکیا هەنگاوێکی بهاوێشتبایە ئەوا ئەو هەنگاوانەی ئێمەش لەشوێنی خۆیدایە" هەندێکی دیکەش دەیانگووت:" ئەو هەنگاوانە مسۆگەر هەڵەن، پێویستە ئێمە بەردەوامی بەشەڕ بدەین". واتا تورکیا ئاشتی ناکات و دەستبەرداری شەڕ نابێت، کەواتە بۆچی ئێمە ئەو هەنگاوانە بهاوێژین؟ با ئێمە شەڕی خۆمان بەردەوام بکەین، پێویستە ئێمە گەریلا بۆ باشوور نەکشێنینەوە و گروپی ئاشتیش نەنێرین. هەندێك هەڤاڵیش تێڕوانینی وەهایان هەبوو و وەهایان بەراست دەزانی.

بێگومان ئەو هەڤاڵانە زێدە لەپیلانگێڕی و ئامانج و تاکتیکەکانی پیلانگێڕییەکە تێنەدەگەیشتن. واتا نیازی ئەو هەڤاڵانە پاك و دروست بوو، بەڵام چۆن لەدژی پیلانگێڕی رابوەستین و چۆن بتوانین ئەنجام بەدەست بخەین؟ لەوە تێنەدەگەیشتن و دەیانخواست بەشەڕ لەدژی پیلانگێڕییەکە رابوەستین. هەڵبەتە ئەمەش پیلانگێڕییەکەی پووچەڵ نەدەکردەوە، ئەوەی لێشی تێنەگەشتبوون ئەمەبوو.

بۆ نموونە؛ ئەوانە بەئاشکرا لەدژی کشاندنەوەی هێزەکان و ناردنی گروپی ئاشتی رادەوەستان. تەنانەت نەیاندەخواست هێزەکانیشمان بکشێنەوە، ئەوانە گوتیان:" ئێمە ناکشێینەوە" نەیانخواست تەعلیماتی تەڤگەر پێکبهێنن. بۆ نموونە؛ لە دێرسیم و ئامەد و ئەو ناوچانە، ئەوانەی لەدژی هاوێشتنی ئەو هەنگاوانە بوون دەیانخواست لەوێ

هێزەکانمان نەکشێنەوە. ئیدی تەڤگەر لەسەر ئەمە راوەستەی کرد و رەخنەی ئەو هەڵوێستانەیانی کرد و روونکردنەوەی دا، لەئاکامدا تەڤگەر بەو شێوەیە ئەو ئاستەنگییەی دەرباز کرد.

ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەدوای پیلانگێڕییەکە لەناو تەڤگەردا روویاندا و ئەو چەمکانەی سەریانهەڵدا چۆن رەنگدانەوەی خۆی لەناو ئەندام و کادیرانی ناو زیندانەکانی باکوور و تورکیا دایەوە؟

لەناو زیندانەکانیشدا چەندین چەمك و نزیکبوونەوە سەریانهەڵدا؛ یەکێکیان ئەو چەمکە بوو کە خەتی تەڤگەری بەبنچینە وەردەگرت، هەڵبەتە لە زیندانەکاندا بەقورسایی ئەوان بوون و باڵادەستیش هەر ئەوان بوون. ئەو هەنگاوانەی کە سەرۆك دەیهاوێشت ئەوان دەیانخواست لێی تێبگەن و بەگوێرەی ئەمەش هەنگاو بهاوێژن، لە زینداندا زۆربەی کادیران، دەتوانم بڵێم (٩٥٪) کادیرانی نێو زیندانەکان ئەو خەتەیان بەبنەما وەردەگرت. چەمکەکانی دیکەش هەبوون؛ کە یەکێکیان لەشەخسی "محەمەد جان یوجە"دا دەرکەوتبوو، ئەوانە نزیکەی دە کەسێك دەبوون لە زیندانەکان، ئەوانە سۆسیالیزمی بنیادنراویان بەبنچینە وەردەگرت، واتا لەدژی ئەو هەنگاوانە رادەوەستان کە تەڤگەر دەیهاوێشت و رەتیان دەکردەوە. ئەوان دەیانگووت:" سەرۆك و (PKK) لەخەت و ئامانجی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە، پێویستە ئەو خەتەی رابردوو بەرێوە بچێت". ئەو گروپە خاوەنداریتییان لەو چەمکە دەکرد. واتا ئەو نوێبوونەوانەی کەوا سەرۆك لە تەڤگەردا پێشیدەخست ئەوانە رەتیان دەکردەوە. بۆچی؟ چونکە زیهنییەت و چەمکی سۆسیالیزمی بنیادنراویان بۆخۆیان بەبنەما وەردەگرت. سەرۆکیش بەتەواوی تەڤگەری لە سۆسیالیزمی بنیادنراو پاك دەکردەوە، کەچی ئەوان پێداگرییان لەسەر زیهنیەتی سۆسیالیزمی بنیادنراو دەکرد. بۆیە دژایەتی سەرۆك و تەڤگەریان دەکرد. ئەوانە بەتەواوی دۆگماتیزمیان بۆخۆیان بەبنەما وەردەگرت.

گروپێکی تریش لە زینداندا هەبوو، "فەرحان" ناوێك سەرکێشی ئەو گروپەی دەکرد، ئەوانەش گروپێکی بچووك بوون، نزیکەی (٢٥) کەس دەبوون ئەوانیش سەبارەت بەو نوێبوونەوەیەی کەوا سەرۆك لەتەڤگەردا پێشیدەخست، دەیانگووت:" ئێمە لەگەڵ ئەو نوێبوونەوانە داین" بەڵام ئەوەشیان بۆخۆیان دەکرد بە بیانوویێك کە تەڤگەر لەخەتی خۆی دەربخەن. تاکو خەتێکی دیکە پێشبخەن، بەتەواوی خەتێکی لیبرالییانە پێشبخەن، واتا لەژێر ناوی گۆڕانکاری و نوێبوونەوەدا پێویستە تەڤگەر دەستبەرداری مێژووی خۆی ببێت. دەستبەرداری لە رەنجی خۆی بکات، دەستبەرداری لەهەموو شتێکی خۆی ببێت. ئەوانەش دەیانخواست نوێبوونەوەی وەها پێشبخەن. بێگومان ئەمە خەتێکی نکۆڵیکارانە بوو، خەتێك بوو بەناوی گۆڕان و نوێبوونەوەوە نکۆڵیکردنی بەبنەما وەردەگرت. بێگومان تەڤگەر لەدژی هەردوو خەتیش راوەستا. یەکێکیان نوێبوونەوە رەتدەکاتەوە، ئەوەی تریشیان بەناوی نوێبوونەوەوە تەڤگەر و مێژووەکەی و بەهاکانی و پرەنسیپەکانی خەتی رەتدەکردەوە و خەتێکی دیکە لەپێش خۆی دادەنێت. بۆیە هەردووکیشیان نکۆڵیکردنیان بەبنچینە وەردەگرت.

تەڤگەر لەدژی هەردوو ئەو چەمکەش راوەستا و مەحکومی کرد و ئەو تەخریباتانەی هەر دوو گروپ دەیانخواست ئەنجامگیر نەبوون. هەڵبەتە هێزێکی ئەوتۆشیان نەبوو، هەم ژمارەی خۆیان پڕ کەم بوو، هەمیش لەرووی ئایدیۆلۆژی و رێکخستنیدا توانستێکی بەهێزیان نەبوو، لەناو تەڤگەریشدا کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو. لە زیندانیشدا هەر کەس پراکتیکی ئەوانەیان دەزانی، هەم لە زینداندا و هەمیش لەدەرەوە دەزانرا. هەڵبەتە کە "محەممەد جان یوجە" دەستگیر کرابوو، تەسلیم ببوو. هەڤاڵان و هەڤاڵ "مستەفا قەرسو" و ئەوان بۆ ئەوەی لەسەر تەڤگەر نەبێتە بەڵا و دووژمن لەدژی تەڤگەر بەکاری نەهێنێت، هاوکاریان کردبوو و لەشوێنی تەسلیمکارانیان دەرخستبوو و خستبوویانە نێو هەڤاڵانەوە، بۆ ئەوەی بیپارێزن. رەوشی ئەو وەهابوو.

سەبارەت بە"فەرحان"یش؛ سەرۆك لەکاتی خۆیدا لە ئەکادیمیای مەعسوم قۆرقماز قاوی دابوو (دەریکردبوو). لەمێژووی ئەم تەڤگەرەدا سەرۆك دوو کەسی لەناو تەڤگەر دەرکردووە، هەروا زوو بەزوویی کەسێکی وەدەرنەدەنا. چونکە سەرۆك دەیگووت:" ئەگەر کەسێك سەدا یەك (٪١) باشەی هەبێت بۆ ئێمە ئەو لەسەدا یەك (٪١)ە بەبنچینە

و بەبنەمای وەردەگرین" نزیکبوونەوەی خۆی بۆ کەسەکان لەسەر ئەو بنەمایە بوو. واتا باوەڕییەکی بەهێزی بە مرۆڤەکان، کەسەکان هەبوو، کەسێك چەندە بێهێز و نەزانیش بێت مرۆڤ دەتوانێت بیکاتە کەسێکی تێگەیشتوو.

سەرۆك دەیگووت:" لە کوردستاندا کەسێك لە من لاوازتر و نەزانتر و ترسنۆکتر نەبوو، ئەگەر من لەخۆمدا ئەو هێز و کەسێتی و پێشکەوتنەم ئافراند، ئەوا هەر مرۆڤێکی کورد دەتوانێت بەو شێوەیە خۆی بئافرێنێت". باوەڕی بەمە هەبووە و فەلسەفەی خۆی ئەمەیە، هەر مرۆڤێك دەتوانێت ببێتە هێزێکی مەزن، لەمرۆڤ بەهێزتر نییە، چونکە هەموو شتێك ئەقڵی مرۆڤ دروستی دەکات، شتێك نییە لەدەست مرۆڤ دەربچێت، بەو نزیکبوونەوەیە لەمرۆڤ نزیکبووەوە، بۆیە سەرۆك مرۆڤی بەهێز دەکرد و دەیخستە سەر پێی خۆی. ئیدی سەرۆك نزیکبوونەوەی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە بوو، بۆیە زوو بەزوو مرۆڤێکی بەلاوە نەدەنا. بەڵام تەنیا دوو مرۆڤی بەلاوە ناوە، کە یەکێکیان ئەو "فەرحان"ە بوو، چووبوو لە زیندان دیسان پەیوەندی لەگەڵ هەڤاڵاندا دروستکردبووەوە، رەخنەدانی خۆی دابوو، هەڤاڵانی زیندانیش لە "زیندانی ئەستەنبۆل" رەوشی ئەویان نەزانیبوو و پەسندیان کردبووەوە. ئیدی یەکێك لەوانەی کێشە و گرفتی دەنایەوە ئەوبوو. "فەرحان" خیتابی چی دەکرد؟ خیتابی کەسە لاواز و بێ وزە و تواناکانی دەکرد، کەسێك باوەڕی و مۆڕاڵی خۆی کەم بێت یان تێنەگەیشتوو بێت. هەڵبەتە بۆیە چەمکێکی تەواو لیبرالی بەبنەما وەردەگرت. ئیدی لەو زیندانەدا هەندێك کەسی وەهای لەدەوری خۆی کۆکردبووەوە، نزیکەی (٢٠ تا ٢٥)کەس دەبوون. ئەو کەسانەی کە لە زینداندا بەرگەیان نەگرتبوو، ئەوەی نیوە تەسلیم بووبێت و باوەڕی خۆی شکابووبێت، ئەوجۆرە کەسانەی لەدەوری خۆی کۆکردبۆوە. ئەو نوێبوونەوانەی کە لەنێو تەڤگەردا بەدیهاتبوو بۆخۆی دەکردە دەمامکێك. بۆیە نەیانتوانی زێدە کاریگەری خۆیان دروست بکەن، چونکە هێزێکی ئەوتۆی خۆیان نەبوو.

لەو قۆناخە و لەدۆخێکی وەهادا، لەلایەك مەیل و چەمکی نکۆڵیکردن، رەتکردنەوە و دوودڵی دەهێنا. لەلایەکی دیکەشەوە

سووربوون و شێلگیری بۆ پرۆسەی گۆڕان و نوێبوونەوە و گۆڕانکاری ستراتیژی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا، لەدۆخێکی وەهادا حەوتەمین کۆنگرەی (PKK) کە کۆنگرەیەکی ئاوارتە بوو، سازدەدرێت... ئەو چەمك و مەیلانە چۆن لەناو کۆنگرەدا ڕەنگ دەدەنەوە؟ تا چەند و چۆن گۆڕانکاری ستراتیژی لە کۆنگرەدا خۆی بەرۆژەڤ دەکات؟ لەم ڕووەوە کۆنگرە چ گۆڕانکارییەکی سەرەکی ئەنجام دەدات و چ ڕێنمایی و بڕیار و ئاکامێك لەگەڵ خۆیدا دێنێت؟

کاتێك حەوتەمین کۆنگرە سازدرا هێشتا کاریگەری پیلانگێڕییەکە لەسەر تەڤگەر مابوو. لەناو تەڤگەردا گرووپی چەتەگەرێتی "د. سلێمان" و "زەکی بچووك" سەریهەڵدا، هەڵبەتە سەرۆکی ئەو گرووپەش "بۆتان" بوو. بەڵام "بۆتان" خۆی نیشان نەدەدا و وا خۆی نیشاندەدا کە لەگەڵ تەڤگەر دایە، واتا ساختەکاری بەو شێوەیەی دەکرد، ئەو گرووپە چەتەیە بێباوەڕیی بۆخۆی بەبنەما وەرگرتبوو و بەمەش خیتابی کادیرانی دەکرد، ئەو دوودڵییەی لەکادیراندا هەبوو بۆخۆی بەبناخە وەردەگرت، کە چۆن بتوانن ئەو دوودڵییە قووڵتر بکەنەوە و بیگەیەننە بێباوەڕێتی؟ چۆن بتوانن ئەوانە لەتەڤگەر دابڕێنن؟ ئەمەیان بۆ خۆیان بەبنەما وەردەگرت. بۆیە خیتابی سۆز و غەریزە و لاوازی ئەوانیان دەکرد. کێ کێشەی شەخسی خۆی هەیە، کێ لەگەڵ ڕێکخستندا کێشە و گرفتی هەیە، کێ بۆ ئەو قۆناخە و لەبەرامبەر ئەو قۆناخەدا دوودڵی خۆی هەیە، کێ لە بێباوەڕیدا دەژیت؟ کێ دەخوازێت ژیانێکی شەخسی بۆخۆی بژیت؟ خیتابی هەموو ئەوانەیان دەکرد. دەیانخواست ئەو چەمك و مەیلانەی لەدژی ڕێکخستنن و ناکەونە ناو ڕێکخستنەوە بەهێز بکەن، لەسەر ئەو بنەمایەش تەڤگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە. بێگومان ئەوانە هێز و توانستی خۆیان لە پیلانگێڕییەکە و هێزە دەرەکییەکان وەردەگرت، دەیانبینی هێزە دەرەکییەکان دێنەسەر تەڤگەر، دەیانخواست سوود لەمە وەربگرن، تەنانەت هەندێکیان پەیوەندیشیان لەگەڵ ئەو هێزانەدا هەبوو. لەڕێگەی

ئەوانەوە دەیانخواست لەنێو تەڤگەردا ئەنجامگیر ببن. لەو باوەڕەشدا بوون کە ئەنجامگیر دەبن. هەرچی کێشە و گرفتی نێو تەڤگەر هەبوو لەدژی تەڤگەر بەکاریان دەهێنا و بەمەش دەیانخواست بەسەر تەڤگەردا زاڵ ببن.

بۆ نموونە؛ ئەو کێشەیەی ژن کە لەدوای شەشەمین کۆنگرە دەرکەوتبوو، دەیانخواست بۆ خۆیان بکەنە بنەمایەك، بەمەش خیتابی هەڤاڵانی کچیان دەکرد، گوایە" ناحەقی لەنێوە کراوە، ئێوە ڕاستن، ئێوە ڕاستبوون و تەڤگەر هەڵەبوو، بەڕێوەبەرایەتی تەڤگەر هەڵەبوو، ناحەقی لەنێوە کراوە..." تاکو بەمە هەڤاڵانی کچ لەدژی تەڤگەر بوروژێنن. ئەو کادیرانەی ئەو کاتە لەنێو دوودڵی و بێباوەڕیدا دەژیان خیتابی ئەوانەیان دەکرد، بۆ ئەوەی ئەوانە بخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە، تا بتوانن بێ بڕیاری ئەوان قووڵتر بکەنەوە. بەهەندێکیان گووتبوو:" ئیدی پێویستە بۆخۆمان بژین... تاکو ئێستا خەباتمان کرد، ئێستاش پیلانگێڕی هەیە، سەرۆکیش دەستگیرکرا و ئیدی شتێك نەماوە ئێمە بیکەین، پێویستە ژیانی شەخسی خۆمان بەبنچینە وەربگرین"، ئیدی خیتابی ئەو جۆرە کەسانەیان دەکرد.

هەروەها ئەو کاتە "ناسر" هەبوو، مەیل و چەمکەکانی ئەویش هەبوو، کە بەتەواوی نارێکخستنی (ئانارشیزم)ی بەبنەما وەردەگرت، لەدژی چەمکەکانی تەڤگەر ڕادەوەستا، "ناسر" دەیگووت:" ئەو ڕەخنە و ڕەخنەدانە چییە؟ ئیدی پێویست ناکات، هەرکەسێك چۆنی دەوێت با وەها بژیت و چۆنی دەیەوێت کاربکات با وەها کاربکات" ئەمەش لەگەڵ حیساباتی هەندێك کەسدا یەکانگیر دەبووەوە. ئیدی گروپی چەتەگەرێتی دەیخواست بەتەواوی سوود لەو مەیل و چەمکە وەربگرێت و حیساباتی خۆی پێشبخات. واتا هەرچی کێشەی کادیران هەبوو، هەرچی کێشەی کادیران و ڕێکخستن هەبوو هەموویان بۆخۆیان دەکردە زەمینەیەك و لەسەر ئەو بنەمایەش بتوانن لەدژی تەڤگەر ڕێککەوتنێك دروستبکەن، تاکو بتوانن لەکۆنگرەدا ئەنجام بەدەست بخەن. ئەوانە وا حیساباتییان دەکرد کە دەتوانن ئەنجامگیریش ببن. دەیانگووت:" ئیدی گروپێکی بچووك هەیە کە تەڤگەر بەبنەما وەردەگرێت، ئەوانەی دیکە دەتوانین هەموویان بەئاسانی ڕێکخستە بکەین" لەسەر ئەو بناخەیە حیساباتی خۆیان پێشخستبوو.

بێگومان کاتێك ئێمه کەوتینه کۆنگرەوە، بینیمان هەوایەکی وەها دروستبووە و لەسەر ئەو بنەمایە کاریان کردووە و ئامادەکارییان کردووە و دەشخوازن لەکۆنگرەدا ئەنجام بەدەست بخەن. تا سازدانی حەوتەمین کۆنگرە، ئەو نوێبوونەوەیەی سەرۆك لە تەڤگەردا پێشیخستووە، هێشتا تەڤگەر و کادیران بەتەواوی لێی تێنەگەیشتبوون. لەمەشدا زێدە یەکلایی بوونەوەیەك بەدینەهاتبوو، سەرۆك لەسەر چ بنەمایەك گۆڕانکاری و نوێبوونەوەی ئەنجام دەدا و قووڵی دەکردەوە؟ ئەو کاتە هەندێك ئاخافتنی سەرۆك لەرێگەی پارێزەرانییەوە دەهاتن و دەگەیشتنە تەڤگەر. بەڵام ئەمە بەتەواوی تێگەیشتن لێی بەدینەهاتبوو، بۆیە هەندێك کەسیش بەگوێرەی خۆیان لێی تێدەگەیشتن. ئیدی گۆڕانکارییەکی چۆن لەکۆنگرەدا ئەنجام دەدرێت؟ یەکلایی نەببوو هەرکەسێك دەیخواست بەگوێرەی خۆی گۆڕانکاری ئەنجام بدات. ئیدی ئەو گروپە چەتەگەرییەی "د. سلێمان" و ئەوان بینیبوویان کە لەنێو کادیراندا یەکلایی بوونەوەیەك نییە. ئەگەر خیتابی ئەوجۆرە کادیرانە بکەن ئەوا دەتوانن بەشداربووانی کۆنگرە بخەنە سەرپێیان، دەتوانن کۆنگرەش بخەنە دەستی خۆیانەوە، کاتێك کە کۆنگرە دەستپێکرد، کە هەندێك ئاخافتن کران ئەمە زانرا. واتا ئەوانە خیتابی سۆز و غەریزە و نارێکخستنی دەکەن و لەژێر ناوی گۆڕانکارییدا بەتەواوی بەگوێرەی هەرکەسێك واتایەك بە گۆڕانکاری دەدەن و بەتەواوی بێ ڕێکخستنی و پەرشوبڵاوی پێشدەخەن، ئەمە کاریگەری خۆیشی هەیە. بۆیە من ئەو کاتە هەڵسام قسەم کرد و گووتم:" لێرەدا رۆحی "سەمیر" دەگەڕێت و دەسووڕێت، من ئەوە دەبینم..." کاتێك من ئەو قسەیەم کرد، کاریگەرییەکی خۆی لەسەر کۆنگرە کرد. ئەو هەوا و ئاتمۆسفێرەی تا ئەو کاتە دروستکرابوو، گۆڕا. واتا بەشدارانی کۆنگرە تێگەیشتن کە گروپی چەتەگەرێتی دەخوازێت چی بکات...؟ چونکە راستینەی ئەوان ئاشکرا بوو، تا ئەو کاتە بەشدارانی کۆنگرە زێدە نەیاندەزانی کە ئەو گروپە دەخوازن چیبکەن؟! بەقورسایی لەکۆنگرەدا بەشدارانی کۆنگرە وریابوونەوە. بۆیە لەسەر خەتی سەرۆك کۆکردنەوەیەك لەکۆنگرەدا بەدیهات. کاتێك کە ئەمەیان بینی، ئیدی زانیان کە ناتوانن ئاڵۆزی لەناو کۆنگرەدا دروستبکەن، ناتوانن هەروا خیتابی سۆز و غەریزەی هەموو کەسێك بکەن، خۆیان بۆ دواوە کشاندەوە. ئەو تاکتیکەی کە "سەمیر" لەناو کادیراندا کە لە گۆڕەپانی

فەلەستینییەکاندا بووین لەیەکەمین کۆنفرانس و دووەمین کۆنگرە بەڕێوەی دەبرد، ئەوانەش هەمان شتیان بەڕێوە دەبرد. چونکە "سەمیر"یش سوودی لە کەموکوڕی و هەڵەکان و کێشەکانی کادیر لەناو ڕێکخستندا وەردەگرت. ئەو شێوازەی بەڕێوەی دەبرد هەمان شێواز بوو. واتا کێشەکانی کادیر چۆن لەناو ڕێکخستندا قووڵ بکاتەوە؟ چۆن داخوازییە شەخسییەکانیان زیاتر بوروژێنێت و ختووکەیان بدات؟ ئەوانیش وەکو "سەمیر" خیتابی ئەو شتانەیان دەکرد، خیتابی مەیلەکانی ئەوانیان دەکرد. ئەوانەش هەمان شتیان دەکرد، لەبەر ئەوەش بوو من گووتم:" لێرەدا ڕۆحی "سەمیر" دەگەڕێت...!!". ئیدی لەئاکامی ئەوەدا لەکۆنگرە کۆکردنەوەیەك هاتە ئاراوە، کۆنگرە نەکەوتە مەترسییەوە و بەسەرکەوت.
ئەوان وا حیسابیان دەکرد کە لەکۆنگرەدا ئەنجامگیر دەبن و تەفگەر دەخەنە دەستی خۆیانەوە. هەڵبەتە لەپشت ئەوانیشدا چەندین دەوڵەت و پارتی هەبوون، بۆیە وا مەزەندەیان دەکرد کەوا بەئاسانی دەتوانن ئەنجام بەدەسبخەن...

لەم ڕووەوە؛ هێزە دەرەکییەکان چ ئومێد و چاوەڕوانییەکیان لەئاکامی کۆنگرە هەبوو...؟

بەڵێ، ئومێد و چاوەڕوانی هێزە دەرەکییەکانیش هەبوو، واتا ئەوانیش وا حیسابیان دەکرد کە بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی ئەو گروپە بەوانیان داوە، دەیانگووت:" بەئاسانی ئەو کۆنگرەیە دەخەنە دەستی خۆیانەوە". ئەوان چاوەڕوانییەکی بەو شێوەیەیان هەبوو. بێگومان چاوەڕوانییەکانی ئەوانیش بێهودە بوو و پووچەڵ بووەوە. وەکو ئەوان مەزەندەیان دەکرد کۆنگرە وەها ئەنجام نەدرا، بەڵکو کۆنگرە کەمێك لەسەر ئەو ڕۆژهڤانەی کەوا سەرۆك دیاری کردبوو سازدرا، لەوانەیە بە قووڵیش لەو نوێبوونەوەیەی کەوا سەرۆك لەناو تەفگەردا پێشیدەخست بەتەواوی تێگەیشتن بەدی نەهاتبێت. بەڵام لەسەر ئەو بنەمایە کۆنگرە بەڕێوەچوو و ئەنجام درا. ئیدی لە کۆنگرەدا هەندێك گۆڕانکاری ئەنجام درا. ئەو گروپە چەتەگەرییە دەیانخواست بەو

كۆنگرمیه تەڤگەر بەتەواوی لەمێژوو و رەگی خۆی دابرێنن. ئامانجێكی وەهایان هەبوو. بێگومان ئەمە رووینەدا. واتا لەژێر ناوی گۆڕانكارییدا دەیانخواست ئەمە ئەنجام بدەن، رێ لەپێش ئەمە گیرا. كۆنگرە هەندێك گۆڕانكاری كرد و خستییە بەردەم خۆی. وەك مەسەلەی (ERNK) و (ARGK) و (PKK) گەلێك هەنگاو هاوێشتران. بێگومان لێرەدا هەندێك هەڵە و كێماسیش روویان دا. ئەو هەڵە و كەموكوڕییانە چیبوون؟ یەكێك لەوانە، هەڵوەشاندنەوەی (ERNK) بوو، ئەمە هەڵەیەكی مەزن بوو. ئەو هەڵەیە پاشان سەرۆك بینی و خواستی بە دامەزراندنی كۆنگرەی گەلی كوردستان (كۆنگرا گەل KONGRA GEL) ئەم هەڵەیە راست بكاتەوە، بۆ ئەو مەبەستە كۆنگرەی گەلی پێشخست. یەكێك لەهەڵە مەزنەكانی حەوتەمین كۆنگرە ئەو خاڵەدا بوو. ئەمە لەكاتێكدا سەرۆك ئەو نوێبوونەوەیەی پێشیدەخست لەسەر چ بنەمایەك بوو؟ لەسەر ئەو بنەمایە بوو كە دەبووایە تەڤگەر بكەوێتە سەرڕێی دیالۆگ و رێی سیاسی و دیموكراتییانە بۆخۆی بناخە وەربگرێت. ئەمەش مەگەر لەسەر گەل و رێكخستنی گەل پێشبكەوێت. واتا ئیدی تاكتیك گەریلا نییە، تاكتیك بزاڤی گەلە، سەرهەڵدانە، بەرخۆدانی گەلە، رێكخستنی گەلە، چالاكی گەلە، گەلیش بەبێ رێكخستن ناتوانێت خۆی بكاتە هێزێك و بكەوێتە نێو چالاكی نواندنەوە. (ERNK) رێكخستنی گەل بوو، ئەو ستراتیژی و تاكتیكەی كەوا سەرۆك پێشیدەخست نەك لەسەر گەریلا، بەڵكو لەسەر بنەمای گەل پێشیدەخست. پێویست دەكات تۆش رێكخستن و رێكخستەبوونی گەل بەهێز بكەیت، چالاكییەكانی گەل بەهێز بكەیت. ئێمە چیمان كرد؟ ئێمە رێكخستنی گەلمان خستە لایەكەوە. لەمەدا هەڵەی مەزنمان ئەنجام دا. لەبەر ئەوەی رێكخستنی گەل (ERNK)مان هەڵوەشاندەوە و گەلمان بەبێ رێكخستن هێشتەوە، بۆیە سەرهەڵدانی گەل پێشنەكەوت، لەبەر ئەوەی سەرهەڵدانیش پێشنەكەوت، قۆناخی چارەسەریش پێشنەكەوت، بەگوێرەی ئەمەش ستراتیژ و تاكتیك و رێكخستەبوون و چالاكیش پێشنەكەوت. ئیدی ئەمەش نەكەوتە خزمەتی ئەو خەبات و هەوڵدانانەی كە سەرۆك دەیكرد بۆ ئەوەی رێی چارەسەری بكاتەوە و بەهێزی بكات. ئەگەر توركیا بۆ چارەسەری هەنگاوی نەهاوێشت یەكێك لە هۆكارەكانی ئەوەبوو كە بزاڤی گەل پێشنەكەوت تاكو فشار بخاتە سەر توركیا و ناچاری هەنگاو هاویشتنی بكات. بۆیە

قۆناخی چارەسەری پێشنەکەوت. ئەگەر سەرهەڵدان پێشبکەوتبایە، لەوانەبوو تورکیاش هەندێك هەنگاوی بهاوێشتبایە، ئەوەی هەنگاوی بە تورکیا هاوێشتبایە نەمەبوو، ئەوەی قۆناخی چارەسەری پێشخستبایە نەمەبوو، ئەویش پێشنەکەوت. بۆچی؟ چونکە ئێمە رێکخستنی گەل (ERNK)مان نەهێشت و هەڵمانوەشاندەوە، بۆیە سەرهەڵدان پێشنەکەوت و قۆناخی چارەسەری پێشنەکەوت. ئێمە بەمە هەڵەی هەرە مەزنمان کرد.

لەچوارچێوەی پرۆسەی نوێبوونەوە و گۆڕانکارییدا هەندێك هەنگاوی چەوتیشمان هاوێشت. ئیدی ئەمە لە تەڤگەردا ناهاوسەنگییەکی دروستکرد. واتا پیلانگێڕان سەرەتا دەیانخواست تەڤگەر نوێبوونەوە لەخۆیدا ئەنجام نەدات، بۆ ئەوەی بتوانن بەئاسانی زەبر لەتەڤگەر بوەشێنن. کاتێك کە بینیان سەرۆك سوورە و نوێبوونەوە هەر پێشدەخات، ئەمجارە هەوڵیاندا تێگەیشتنی راست لەو نوێبوونەوەیە بەدینەیەت، بەڵکو تێگەیشتنی هەڵە لەسەر ئەو نوێبونەوەیە بکرێت و بەهەڵەش پراکتیزە بکرێت. ئیدی بەمشێوەیە زەبر لەتەڤگەر بوەشێنن.

وەك چۆن لە سۆڤییەتدا کاتێك کە "گۆرباتشۆف" دەستی بە نوێکردنەوە کرد و ئەوانە کاریان دەکرد کە ئەو نوێبوونەوەیەیان لەدژی خودی سۆڤییەت بەکارهێنا و بەمەش سۆڤییەتیان پەرشوبڵاوە پێکرد، بۆ تەڤگەری ئێمەش خواستیان هەمان شت بکەن، خواستیان سوود لە هەڵەکانی ئێمەش وەربگرن، تاکو بتوانن ئەو قۆناخە پێچەوانە بکەنەوە، کە لەبری نوێبوونەوە پەرشوبڵاوی دروست بکەن. بۆیە ئێمە لەو قۆناخەدا لەنێو مەترسی بەمجۆرەدا دەژیاین، چونکە لەژێر پیلانگێڕی و هێرش و موداخەلەیەکی مەزن داین و سەرۆکیش دەستگیرکراوە، تۆ بێیتو نوێبوونەوە پێشبخەیت، ئەمە هەروا ئاسان نییە. واتا لەوانەبوو ئەو نوێبوونەوەیە وەك سۆڤییەت تەڤگەریش تێك بدات و هەڵیوەشێنێتەوە. ئەو مەترسییە لەئارادا هەبوو، ئیدی ئێمەش کارمان دەکرد کە نەکەوینە نێو رەوش و دۆخێکی وەك ئەوەی سۆڤییەت و رووبەڕووی وەها رەوش و دۆخێك نەبینەوە.

ئێمە لەنێو مەترسی و زەحمەتی وەهادا دەژیاین، هەم لەژێر پیلانگێڕییەکەدا ئەو نوێبوونەوەیە ئەنجام دەدرێت، کە مەترسیدارە، هەمیش ئەو نوێبوونەوەیەی سەرۆك بەرەو پێشەوەی دەبات، بەتەواوی تێگەیشتن لێی بەدینەهاتووە، هەموو ئەمانە مەترسی

لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. بۆیە لەناو ئێمەشدا هەندێك كەس دەیانخواست لەژێر ناوی نوێبوونەوەدا پەرشوبڵاوی و لێك هەڵوەشاندنەوە پێشبخەن. بۆیە ئێمە لەهەندێك رووەوە بەتەدبیر لە پرۆسەی نوێبوونەوەكە نزیك دەبووینەوە. واتا ئێمە نەماندەتوانی ئەو گۆڕانكارییانەی كە پێویستبوو لە كات و ساتی خۆیدا ئەنجامی بدەین ئەو هەنگاوانەمان بهاوێشتبایە. بەڵام دەمانبینی؛ ئەگەر ئەو هەنگاوە بهاوێژین لەژێر مەترسیدا دەبین، بۆیە ئەو هەنگاوەمان نەهاوێشت و درەنگمان خست. بێگومان ئەمانە هەمووی بۆ ئێمە كێشە و گرفتی دەنایەوە. ئیدی لە حەوتەمین كۆنگرەدا هەندێك هەنگاومان هاوێشت، هەنگاوی راستمان هاوێشت، هەندێك هەنگاویش كە پێویستبوو بیانهاوێژین، كە دەمانبینی ئەگەر بیهاوێژین مەترسیدارە، نەمانهاوێشت. هەندێك هەنگاویش كە هاوێشتمان بەراستمان دەزانی، بەڵام پاشان دەركەوت بەهەڵە ئەو هەنگاوەمان هاوێشتووە. ئیدی ئەو هەنگاوە هەڵانەی كە هاوێشتبوومان و ئەو هەنگاوانەش كە پێویستبوو بهاوێژرێت نەهاوێشتران بۆ ئێمە مەترسی و كێشە و گرفتی دەنایەوە...

وەك لەشرۆڤەكەی خۆشتاندا باستان لێوەی كرد؛ لەلایەكەوە ئەو گروپە چەتەگەرییەی د. سلێمان و زەكی بچووك هەڵدێن، لەلایەكی دیكەشەوە ئەو چەمك و مەیلانەی لەدوای شەشەمین كۆنگرەوە لەلایەن هەندێك لەكەسانی ناو تەڤگەری ژندا پەرەیسەندبوو، وەكو دیاردەبێت لەكۆنگرەی حەوتەمیشدا سەرهەڵدەداتەوە و خۆی دووپات دەكاتەوە. واتا ئەوەی بەدیار دەكەوێت؛ ئەو رێنمایی و بڕیار و هەنگاوانەی حەوتەمین كۆنگرە بۆ نوێبوونەوە و گۆڕانكاری ئەنجامی دا زۆر بەزەحمەتی پراكتیزە دەكرێت. هەم ئومێد و چاوەڕوانییەكانی هێزە دەرەكییەكان پووچەڵ دەبێتەوە، هەمیش

ئەوەی دەیخوازرێت ئەنجام بدرێت بەتەواوی ناتوانرێت هەنگاوی بۆ بنرێت. لەرەوشێکی وەهادا، ئەو پراکتیکەی تەڤگەر لەدوای حەوتەمین کۆنگرەوە چۆن بەڕێوە دەچێت...؟

هەڵبەتە وەکو گووتم؛ گرووپی چەتەگەری حیساباتی سەرەکی خۆیان لەسەر تەڤگەری ژن کردبوو. چونکە دوای کۆنگرەی شەشەم کێشەی ژن لەتەڤگەردا دەرکەوتبوو، حیساباتی خۆیان لەسەر ئەوە کردبوو، کە لەحەوتەمین کۆنگرەشدا، لەسەر ئەو کێشەیە هەنگاو بهاوێژن و ئەنجام بەدەستبخەن. بۆیە خیتابی ژنانیان دەکرد و دەیانگووت:" ناحەقی لەبەرامبەر ئێوە کراوە..." دەیانخواست بەمشێوەیە پراواکسیۆن بکەن. بۆیە هەندێك پراواکسیۆنیش ئەنجام دران.

بێگومان لەناو تەڤگەری ژنیشدا کەسانێك هەبوون پەیوەندییان بە "بۆتان" و ئەوانەوە هەبوو. لەبنەڕەتدا "بۆتان" ئەوانەی دەخستە ناو پراواکسیۆنەوە. هەڵبەتە ئێمە ئەو کاتە نەماندەزانی، ئێمە وامانەزانی کەوا تەنیا "د.سلێمان" و "ناسر" پراواکسیۆن دەکەن، بەڵام لەبنەڕەتدا ئەوەی پراواکەی دەکرد "بۆتان" بوو، بەڵام خۆی دەشاردەوە، خۆی وانیشاندەدا کە لەگەڵ تەڤگەردایە، پاشان ئێمە لەم راستییە تێگەیشتین. بۆیە تەڤگەری ژن هەم لەکۆنگرەی حەوتەمدا، هەمیش لەدوای کۆنگرەوە هەندێك کێشە و گرفتیان بۆ تەڤگەر نایەوە، لەبەر ئەوەی ئەوانیان وروژاند بوو. بێگومان ئێمە نەهاتینە نێو ئەم وروژاندن (تحریض)ەوە. ئەوان دەیانخواست کە ئێمە بوروژێین، تاکو ئەمەش لەدژی ئێمە بەکاربهێنن و ئەنجامگیر ببن، ئێمە هەندێك لەو لەیستۆکە تێگەیشتین، بۆیە ئێمە نەوروژاین و ماقووڵانە نزیك بووینەوە، بۆیە ئەو تاکتیکەی ئەوان پووچەڵ بووەوە. هەڵبەتە لەم رووەوە زەبرێکی مەزنیان خوارد. حیساباتی سەرەکی خۆیان لەسەر ژن کردبوو، ئەو حیساباتەش بەمشێوەیە پووچەڵ کرایەوە.

لەدوای کۆنگرەشەوە؛ هەموو هەوڵی خۆیان بۆ ئەوە چڕ کردبۆوە کە بتوانن بڕیارەکانی کۆنگرە پووچەڵ بکەنەوە و ئەو هەنگاوانەی تەڤگەر دەخوازێت بیانهاوێژێت پووچەڵی بکەنەوە، هەروەها ئەو هەڵە و کەموڕییانەی لەنێو تەڤگەردا لەئارادایە لەدژی تەڤگەر

بەکاربهێنن لەسەر ئەو مەسەلانە کاریان کرد. لەمیانەی پەیوەندییان بەهێزی دەرەوەش خواستیان ئەو هەنگاوانەی بەناوی گۆڕانکارییەوە بەهەڵە هاوێشتبوومان، هەروەها ئەو هەنگاوانەی کەوا پێویستبوون بیهاوێژین و نەمانهاوێشتووە، کە هەمووی ئەمانە کێشەی لەگەڵ خۆیدا هێنا لەدژی تەڤگەر بەکاربهێنن، لەسەر ئەم بنەمایە دەستیان بە جموجۆڵ کرد. ئیدی گوایە:" گۆڕانکاری نەبووە، لەگۆڕانکاری دەترسێن، ناهێڵن گۆڕانکاری ئەنجام بدرێت، ناهێڵن بەگوێرەی خەتی سەرۆك گۆڕانکاری بکرێت..." بەمشێوەیە ئەو پروپاگەندانەیان دەکرد، بەمەش دەیانخواست ئاڵۆزی دروستبکەن، خواستییان کێشەکانی تەڤگەر لەدژی تەڤگەر بەکاربهێنن و لەمەش ئەنجام بەدەستبخەن. کاتێك کە دەستیان بەوجۆرە کارانە کرد، بێگومان تەڤگەریش چووە سەریان و بانگهێشتی جددییەتی کردن و پێیانی گووت:" ئەگەر دەخوازن گفتوگۆ بکەن بەفەرمی گفتوگۆ بکەن، بەو شێوەیە بەنهێنی گفتوگۆ کردن، کێشەی تەڤگەر لەدژی تەڤگەر، کێشەی کادیر لەدژی کادیر بەکارمەهێنن...". بێگومان کاتێك ئەو زەمینەیەی پروپاگەندەیان لەسەر دەکرد لەدەستی ئەوانمان دەرخست، ئیدی نەیاندەتوانی شتێك بکەن، بۆیە ئەو تاوان و خراپەکارییەی کردبوویان ئاشکرابوو، کە لەگەڵ هەندێك هێزی دەرەوە ئەو شتانەیان کردووە، بۆیە لەناو تەڤگەر هەڵاتن، هەڵاتن و چوونە لای (ی ن ك) لەوێش خواستیان بەهاوکاری (ی ن ك) زەبر لەتەڤگەر بوەشێنن. ئیدی چوون گووتیان:" تەڤگەر لاواز بووە و کێشەی زۆری تێکەوتووە، کەس کۆنسەی سەرۆکایەتی تەڤگەر بەجددی وەرناگرێت، کەس لەگەڵ ئەواندا نەماوە، زۆر کەم لەگەڵیاندا ماون، ئەگەر مرۆڤ هێرشیان بکاتەسەر ئەوا ناتوانن شەڕ بکەن و بەرگە بگرن و هەموویان تەسلیم دەبن". زانیاری بەو شێوەیان بە (ی ن ك) دابوو، (ی ن ك)ش لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانە جموجۆڵیان کرد. ئیدی شەڕی ساڵی (٢٠٠٠) بەو شێوەیە روویدا، ئەو گروپە چەتەگەرییەی کە هەڵاتن، "د.سلێمان" و ئەوان، چوونە لای (ی ن ك) و (ی ن ك)شیان وروژاند، لەلایەکی دیکەشەوە (ی ن ك) حیساباتی دیکەیشی هەبوو، کاتێك کە ئەو زانیارییە هەڵانەشی دەسکەوت و باوەڕی بەو زانیارییانەش کرد و پەلاماری تەڤگەری دا و خواستی زەبر لە تەڤگەر بدات، ئەوا لەمەدا دەستی ئێرانیش هەبوو، دەستی تورکیاش هەبوو. بۆیە شەڕی ساڵی (٢٠٠٠) زۆر مەترسیدار بوو. دوای دەستگیرکردنی سەرۆك

خواستیان بەو شەڕە تەڤگەر تەسلیم وەربگرن. بۆیە تەڤگەر بەرخۆدانێکی بەهێزی پێشخست. ئەو بەرخۆدانە بەرخۆدانێکی زۆر بەهێزە، ئەگەر تەڤگەر بەرخۆدانی نەکردبایە. ئەوا لەوانەبوو پیلانگێڕییەکە تەواو (کامڵ) ببایە. چونکە ئامانجی ئەو شەڕە ئەوە بوو کە ئیرادەی تەڤگەر بشکێنن و تەسلیمی وەربگرن. وا حیساباتیان دەکرد کە تەڤگەر ناتوانێت بەرخۆدان بکات و خۆی بپارێزێت. بەڵام تەڤگەر لەو نیازەیان تێگەیشت و ئەمەی کردە هۆی بەرخۆدانێکی مەزن. بۆیە بەرخۆدانی ساڵی (٢٠٠٠) بەرخۆدانێکی مێژووییە. شەهیدانی ئەو کاتەش لەمێژووی تەڤگەری ئێمەدا خاوەن تایبەتمەندییەکی خۆیانن. هەموو شەهیدان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بەڵام هەندێك شەهید هەن لەهەندێك قۆناخدا زۆر گرنگن. چونکە چارەنووسی تەڤگەر دەستنیشان دەکەن. شەهیدانی ساڵی (٢٠٠٠)یش شەهیدی بەمجۆرەن، چارەنووسی تەڤگەریان دەستنیشان کرد. بۆیە لەمێژووی تەڤگەردا شوێنێکی تایبەت و شکۆدار و گرنگیان هەیە.

دوای کۆنگرە، تەڤگەر لەلایەکەوە لەبەرامبەر شەڕی ساڵی (٢٠٠٠) راوەستا و بەرخۆدانێکی بەهێزی پێشخست، لەلایەکی دیکەوە لەدژی ئەو تەخریباتانەی گروپی چەتەگەرێتی هەڵاتوو راوەستا، بۆ ئەوەی ئەو تەخریباتانە نەهێڵێت. لەلایەکی دیکەشەوە لەسەر ئەوە راوەستەی دەکرد کە ئەو بڕیارانەی لە حەوتەمین کۆنگرەدا وەریگرتووە پراکتیزەی بکات.

هەروەها تەڤگەر تاکتیکی سەرهەڵدانی خستبووە بەرنامەی خۆیەوە، بەڵام رێکخستن (رێکخراو)ی ئەمە لەئارادا نییە. بۆیە خواستی لەمیانەی کۆبوونەوەیەك ئەمە راست بکاتەوە، بەر لەشەڕی ساڵی (٢٠٠٠) کۆبوونەوەیەکی ناوەندی سازدرا. لەو کۆبوونەوەیەدا ئێمە بڕیارمان دا کە هەندێك هەنگاو سەبارەت بە رێکخستەبوون بهاوێژین، خواستمان ئەو هەڵانەی کە لەکۆنگرەی حەوتەمدا کردوومانە راستی بکەینەوە، بەڵام کە ئەو هەنگاوەمان هاوێشت هێشتا کۆبوونەوەکە تەواو نەببوو (ی ن ك) هێرشی بۆ سەر ئێمە کرد. لەبەر ئەوەی ئامانجی هێرشەکەش تەسلیم وەرگرتنی ئێمە بوو، پێویستبوو لەبەرامبەر ئەو هێرشە رابوەستینەوە و خۆمان بپارێزین. بۆیە بەهەموو هێز و تواناکاری و تەرکیزی خۆمانەوە لەدژی ئەو هێرشە راوەستاین، ئەمەش ئەو هەنگاوەی

ئێمە دەمانخواست لەرووی رێکخستەبوونەوە بیهاوێژین زۆر درەنگ کەوت. ئەمەش بۆ ئێمە بووە زەرەر و لەدەستدانێك. هەڵبەتە لەکۆنگرەی حەوتەمدا هەنگاوێکی هەڵەمان هاوێشتبوو، خواستمان لەو کۆبوونەوەیەی بەر لەشەڕ راستی بکەینەوە، لەم رووەوە هەندێك بڕیاریشمان وەرگرت کە هەنگاوی بۆ بهاوێژین، بەڵام هێرشی (ی ن ك) لەبەردەم ئەمە بووە ئاستەنگ. ئێمەش هەموو تەرکیزمان لەسەر ئەو شەڕە بوو، بۆیە ئەو بڕیارانەمان زۆر درەنگ کەوتە پراکتیکەوە. ئەمەش زۆر شتی لەدەست ئێمە دا. ١

بەرلەوەی شەڕ دەست پێبکات، هەندێك جموجۆڵ لەئارادابوون کە ئاماژەی بەدەستپێکردنی هێرشێکی بەو جۆرەی (ی ن ك) دەدا، بۆ نموونە: ئەو دامودەزگاییانەی ئەو کاتەی لەناوچەی سنووری ئیدارەی (ی ن ك)دا هەبوون یەك بەدوای یەك لەژێر فشاردا دادەخران، پاشانیش هێرش کرایە سەر کامپی قەرەداخ و کۆمەڵکوژییەکی لێکەوتەوە، ئیدی ئاتمۆسفێری شەڕی دروستکرد. ئەو شەڕە لەرووی کاتەوە زۆری نەخایاند، بەڵام هەندێك مەسەلەشی لەگەڵ خۆیدا یەکلایی کردەوە. کەواتە ئەم شەڕە هەم بۆ هێزە دەرەکییەکان، هەمیش بۆ گرووپی چەتە، یان دوودڵ و بێ باوەڕەکانی ناو تەڤگەر، بەچ واتایەك دەهات؟ هەروەها چ ئەنجامێکی لەگەڵ خۆیدا هێنا...؟

ئەو شەڕە لەلایەکەوە، زەبرێکی مەزنی لەنێمە دا، لەلایەکی دیکەشەوە، بۆ ئەوەی تەڤگەر خۆی کۆبکاتەوە خزمەتی کرد. زۆر لەو کادیرانەی لەنێو کێشەدا بوون، کاتێك کە بینی (ی ن ك) هێرشی سەر تەڤگەر دەکات، ئەمەیان کردە مەسەلەی شەرەف و کەرامەت بۆخۆیان، واتا تێگەیشتن کە پیلانگێڕییەکە بەوجۆرە تەواو (کامڵ) دەکرێت.

ئەمەش بۆ هەر کەسێك بەواتای مردن دێت. بۆیە ئیدی زۆر لەو کادیرانەی لەنێو کێشە دابوون، کێشەکەی خۆیان خستە لایەکەوە و کەوتنە نێو بەرخۆدانەوە و لەگەڵ تەفگەردا بوونە یەك، لەم رووەوە ئەو هێرش و پەلامارەی لەدژمان کرا خزمەتی بەتەفگەر گەیاند، تاکو تەفگەر زووتر خۆی کۆبکاتەوە، هەروەها توانی ئەو کێشانەی کە کادیران تێیدا دەژیان و ئەو خراپەکارییانەی گروپی چەتەگەری دروستیان کردبوو بەلاوە بنێت و چەمکەکانی تەفگەر لەکادیراندا بچەسپێنێت. بەڵام لەروویێکی دیکەوە، هەڵبەتە زەرەرێکی مەزنی لەئێمە دا. واتا ئێمە کۆنگرەمان سازدابوو و هەندێك بڕیارمان وەرگرتبوو، پاشان کۆبوونەوەمان کرد و هەندێك بڕیاری دیکەمان وەرگرت تاکو ئێمە خەباتی خۆمان بەهێز بکەین، زیاتریش بتوانین سەرهەڵدان لەباکووری کوردستان بەهێز بکەین تاکو تاکتیکی خۆمان بەڕێوە ببەین. بەڵام ئەو شەڕە رێگیری لەمە کرد کە بتوانین ئەو هەنگاوە بهاوێژین، شەڕەکە نەیهێشت ئەو هەنگاوە بهاوێژین و زەرەری لەئێمە دا. هەروەها ئێمە دەمانخواست کە لەگەڵ هێزەکانی باشوور پەیوەندییەکانی خۆمان خۆش بکەین، رێگیری لەمەش کرا، لەبری ئەمە دووژمنایەتی لەنێوان ئێمە و (ی ن ك) دا دروستبوو، لەم رووەشەوە زەرەرێکی لەئێمە دا. لەو شەڕەشدا زۆر هەڤاڵی ئێمە شەهید بوون، نزیکەی (١٠٠) هەڤاڵ شەهیدبوون، هەموویان کادیر بوون. ئێمە نەماندەخواست ئەو کادیرانە لەشەڕدا لەبەرامبەر (ی ن ك) شەهید ببن، لەم رووەوە زەرەری لەئێمە دا. ئێمە دەمانخواست پەیوەندی خۆمان لەگەڵ هێزەکانی باشوور باش ببێت. نزیکبوونەوەی ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە بوو، تەنانەت ئەو کاتە پەیوەندیمان لەگەڵ (ی ن ك) هەبوو، (ی ن ك) بەئێمەی گووت:" ئێمە هاوکاریتان دەکەین، ئێمە پشتیوانی لەئێوە دەکەین...". ئێمەش گووتمان:" ئەمە باشە، ئەوەی کە دەخوازرێت هەر ئەوەیە و راستیش ئەوەیە..." بەڵام بینیمان (ی ن ك) هێرشی سەر ئێمەی کرد. سەرەتا لە"کامپی قەرەداغ" دەستیان پێکرد، پێش ئەوەش هەڤاڵانیان گرتین، دەزگاکانی ئێمەیان گرت، ئێمە زێدە دەنگمان نەکرد، لە "قەرەداغ"یش دەوروبەری هەڤاڵانیان گرت و گەمارۆیان دان. ئێمە لەرێگەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە خەبەرمان نارد و پێمان گووتن:" بە (ی ن ك) بڵێن با هێزی خۆیان لەوێ بکشێننەوە، با ئەمە نەبێتە هۆی شەڕ لەنێوانماندا". ئێمە کە بینیمان هێرشی سەر

"قەرەداخ"یان کرد، هەڤاڵانیان شەهیدکرد و دەستگیریان کردن. ئەوە بەدیارکەوت کە ئەوان بەداخستنی دەزگاکانمان، دەستگیرکردنی هەڤاڵانمان و بەهێرشی سەر "کامپی قەرەداخ" دەخوازن تەڤگەر بەتەواوی تەسلیم وەربگرن. نزیکبوونەوەی (ی ن ك) دیاربوو. بۆیەش ئیدی ئێمە بخوازین و نەخوازین دەبێت خۆمان بپارێزین. بەئێمەیان گووتبوو:" پشتیوانیتان لێدەکەین و هاوکاریتان دەکەین..." کەچی بینیمان دەخوازن تەسلیممان وەربگرن و تەسفیەمان بکەن. بینیمان رەوشێکی زۆر مەترسیدار رووبەڕوومان دەبێتەوە، ناچاربووین خۆمان بپارێزین. ئێمە دەستبەرداریمان لەکارەکانی دیکەی خۆمان کرد، بۆ ئەوەی خۆمان بپارێزین. تاکو تەسفیە نەبین. ئیدی ئەمە زۆر زەرەری لەئێمە دا.

ئەگەر ئەو شەڕە نەبایە، ئێمە دەمانخواست لەباکوور سەرهەڵدان پێشبخەین. ئەگەر لەو قۆناخەدا سەرهەڵدان پێشبکەوتبایە، لەوانەبوو تورکیا بۆ چارەسەری هەندێك هەنگاوی بهاوێشتبایە. چونکە ئەو کاتە رەوش جودا بوو. ئەگەر ئێمە ئەو هەنگاوەمان نەهاوێشت ئەوا ئەو شەڕە نەیهێشت ئەو هەنگاوە بهاوێژین. بۆیە زەرەرێکی بەو شێوەیەی لەئێمە دا...

لەساڵی (٢٠٠٢)دا هەشتەمین کۆنگرە سازدەدرێت، لەو کۆنگرەیەدا (PKK) ناوی خۆی دەگۆڕێت و دەبێتە "کۆنگرەی ئازادی و دیموکراتی کوردستان ـ KADEK". ئەو هەڵانەی لەکۆنگرەی حەوتەم کران هەشتەمین کۆنگرە تاچەند توانی ئەو هەڵانە راست بکاتەوە؟ هەروەها ئەو ناوگۆڕینە بە چ ئامانجێك ئەنجام درا، ئەمە لەکاتێکدا لەساڵی (١٩٧٨) وە تا ئەو کاتە هەر بە (PKK) دەناسرا؟ هەشتەمین کۆنگرە چ هەنگاوێکی هاوێشت؟ هەروەها بەرچاوترین رۆژەڤی کۆنگرە چیبوو؟

دوای حەوتەمین کۆنگرە من لە وڵات نەبووم، لەدەرەوە بووم، بەر لەوەی هەشتەمین کۆنگرە سازبدرێت من گەڕامەوە، بۆیە لە ئامادەکارییەکانی کۆنگرەدا من ئامادە نەبووم. هەڵبەتە کاتێك کە گەڕامەوە ئامادەکارییەکان تەواو ببوون و کۆنگرەش دەستیپێکرد. ئەو گۆڕانکاری و نوێبوونەوەیەی لە حەوتەمین کۆنگرەدا پێشمانخستبوو پێویستبوو لە هەشتەمین کۆنگرەدا تەواومان بکردبایە. بەڵام ئەمە لە هەشتەمین کۆنگرەدا ئەنجام نەدرا، سەرۆك ئەو بەرگرینامەیەی بۆ دادگای ماف مرۆڤی ئەوروپای نووسیبوو، گەیاندبوویە دەستی تەڤگەر. هەرچەندە کاتێکی کەم بەدەستەوە مابوو بۆ سازدانی کۆنگرە کە ئەو بەرگرینامەیە گەیشتە دەستی تەڤگەر، بەڵام کە گەیشتبووە دەستی تەڤگەر کادیران پەروەردەشیان لەسەر ئەو بەرگرینامەیە بینیبوو. واتا بۆ کادیران و بۆ تەڤگەر قۆناخێك بوو وەك قۆناخی بەر لە حەوتەمین کۆنگرە نەبوو، تەنانەت بۆ کۆنگرەی حەوتەم لەرێگەی دیدار لەگەڵ پارێزەرەکانیدا هەندێك تێڕوانین و تێبینی خۆی ناردبوو. بۆیەش ئەو نوێبوونەوەیەی لەتەڤگەردا پێشدەخست، لە دووتوێی ئەو دیدارانەیدا هەبوو، بەڵام مرۆڤ نەیدەتوانی بەتەواوی لێی تێبگات، بەڵام بەرێگەی بەرگرینامەکەیەوە ئیدی مرۆڤ دەیتوانی بەئاسانی لێی تێبگات. واتا ئەو زەحمەتییەی کە لە حەوتەمین کۆنگرەدا بینیبوومان دەمانتوانی لە هەشتەمین کۆنگرەدا هەمان زەحمەتی نەبینین، چونکە ئاڕادەیەك لە زۆر رووەوە یەکلایی بوونەوە هەبوو. واتا سەرۆك بناخەیەکی تیۆری بەهێزی لەبەرگرینامەکەیدا داڕشتبوو، لەرووی فەلسەفی، ئایدیۆلۆژی نزیکبوونەوەیەکی بەهێز و تۆکمەی پێشخستبوو، بەڵام لەرووی رێکخستنییەوە هێشتا یەکلایی بوونەوەیەك بەتەواوی لەئارادا نەبوو. چونکە بەگوێرەی ئەو شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنانەی سەرۆك، مرۆڤ چ گۆڕانکارییەك لەرووی رێکخستنییەوە ئەنجام بدات؟ چ مۆدێلێکی رێکخستنی پێشبخات؟ هێشتا سەرۆك لێبڕاوانە و یەکلاییکەرەوە پێشینەخستبوو. لەم رووەوە ئێمە کێشەمان هەبوو. هەڵبەتە شتی هەرە گرنگیش ئەوەبوو، لەرووی رێکخستنییەوە پێویستبوو نوێبوونەوەیەك ئەنجام بدرابایە. بۆ ئەوەی نوێبوونەوەیەك لەرووی رێکخستنییەوە ئەنجام بدرێت، سەرۆك لەرووی فەلسەفی و ئایدیۆلۆژییەوە نوێبوونەوەیەکی بەهێزی پێشخستبوو، بەڵام ئەمە لەرووی رێکخستنییەوە چۆن تەواو (کامڵ) بکرێت؟ لەم رووەوە تێگەیشتن

بەدینەهاتبوو. چونکە تا ئەو کاتە هەم لەدیدارەکانیدا و هەمیش لەبەرگرینامەکانیدا سەرۆك هێشتا مۆدێلی رێکخستنی ئەوەی پێشنەخستبوو. لێرەدا ئێمە زەحمەتییەکمان دەبینی. پێویستبوو لەرووی رێکخستنیشەوە نوێبوونەوە ئەنجام بدرابایە.

ئیدی مەسەلەی **کۆنگرەی ئازادی و دیموکراتی کوردستان** (KADEK) بەمشێوەیە پێکهات. ئەو کاتە (PKK)ش بەتیرۆریست راگەیەنرا بوو، بۆیە هەڤاڵان پێشتر ناوی (KADEK)یان پێشنیار کردبوو. ئیدی لەکۆنگرەدا ناوی (PKK)مان گۆڕی و کردمان بە (KADEK). ئەمە لەرووی نیاز و نزیکبوونەوەوە هەر تەنیا گۆڕانکارییەك نەبوو لەناودا، واتا گۆڕانکارییەکیش بوو لەمۆدێلی رێکخستنیدا. نیاز (نییەت) ئەوە بوو، بۆیەش ناوەکەمان نەکردبووە "پارتی..." بەڵکو کردبوومان بە "کۆنگرەی.." واتا بەگوێرەی ئەو فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیایەی کەوا سەرۆك پێشیدەخست، ئێمە دەمانگووت:" پێویستە (کۆنگرە)یەك دابمەزرێنین". ئەمە راستبوو و هەڵە نەبوو، ئێمە لەبنەڕەتدا دەمانتوانی ئەو هەڵەیەی لەکۆنگرەی حەوتەمدا کردبوومان بەو شێوەیە راستی بکەینەوە. واتا ئێمە لەبەرگرینامەکەدا ئەوەمان هەڵدەهێنجا کە دەتوانین مۆدێلێکی کۆنگرە پێشبخەین. بەڵام لەکۆنگرەی هەشتەمیشدا دیسان هەڵەیەکی مەزنمان کرد. ئەو هەڵەیە چیبوو؟ ئێمە پارتیمان هەڵوەشاندەوە و لەجێی ئەوە (KADEK)مان پێشخست. ئەمەش هەڵەیەکی دیکەی مەزن بوو. پێویستبوو لە هەشتەمین کۆنگرەدا پارتی هەڵنەوەشابایەوە، بەڵکو پێویستبوو پارتی بمابایەوە و ئێمە رێکخستنی گەلمان پێشخستبایە. چونکە ئێمە رێکخستنی گەل (ERNK)مان لە حەوتەمین کۆنگرەدا هەڵوەشاندبووەوە، پاشان کە ئەو بۆشاییەمان بینی، ئێمە هەندێك تەدبیرمان وەرگرت، بەڵام پێویستبوو لەکۆنگرەدا ئەو هەنگاوەمان هاوێشتبایە. ئیدی (KADEK) کەمێك لەو پێداویستییەوە سەریهەڵدا. کەمێکیش لە نزیکبوونەوە (شیکردنەوە)ی بەرگرینامەکەدا هەڵهێنجرابوو. بۆیە ئەو هەنگاوەی (KADEK)مان پێشخست. بەڵام (KADEK) نەبوو بە"پارتی" و نەبوو بە"کۆنگرە"ش. راستە ناوەکەی "کۆنگرە..." بوو، بەڵام سیستەمەکەیشی "پارتی" بوو. واتا لەنێوان "پارتی" و "کۆنگرە"دا مایەوە. نەبوو بە"پارتی"یەك و نەبوو بە"کۆنگرە"یەکیش. بۆیەش (KADEK) نەبووە هۆی گۆڕانکارییەك و هەشتەمین کۆنگرەش زێدە رۆڵێکی ئەوتۆی نەگێڕا.

هەڵەی هەرە مەزنیش ئەوەبوو کە پارتیمان هەڵوەشاندەوە. واتا ئێمە رێکخستنی ئایدیۆلۆژی و رێکخستنی کادیرانمان هەڵوەشاندەوە. ئەگەرچی (KADEK) رۆڵی نیمچە پارتییەکی دەبینی، بۆیە زێدە لەکادیراندا پەرشوبڵاوییەکی نەهێنایە ئاراوە و دیسان لەخۆوەی گرت، کادیرانی لەخۆوە گرت و رێکخستنی لەخۆوە گرت کە پەرشوبڵاو نەبێت، بەڵام لەکادیر و لەرێکخستنیشدا پێشکەوتنێکی ئەنجام نەدا. هەڵبەتە لەرووی رێکخستەکردنی گەلیشدا زێدە پێشکەوتنێك بەدینەهات. چونکە زێدەتر دەمانخواست ئەرکی "پارتی" بخەینە ئەستۆی (KADEK)وە و پێکیبێنێت. لەلایەکی دیکەشەوە ئەرکی "کۆنگرە"یەکی بخەینەپێش، بۆیە نە بەتەواوی ئەوەی "پارتی"یەکەی پێکهێنا و نە بەتەواویش ئەوەی "کۆنگرە"کەی پێکهێنا. ئیدی هەشتەمین کۆنگرە زێدە رۆڵی خۆی نەبینی. هەرچەندە ئەو هەنگاوەی لەحەوتەمین کۆنگرەدا هاوێشتبوومان پێویستبوو لەهەشتەمین کۆنگرەدا تەواو ببایە و تەڤگەر لەرووی رێکخستنییەوە بکەوتبایە قۆناخێکی نوێوە. دەبووایە هەڵەکەی حەوتەمین کۆنگرەی راست بکردبایەوە، هەروەها ئەو کەموکورییەی لەئارادا هەبوو پڕبکرابایەوە، ئەو هەنگاوانەی کە لەرووی رێکخستنییەوە پێویستبوو لە حەوتەمین کۆنگرەدا بمانهاوێشتبایە و نەمانهاوێشتبوو، تەواومان بکردبایە و تەڤگەر بەتەواوی بەگوێرەی ستراتیژ و تاکیکی نوێ نوێبوونەوەی خۆی تەواو (کامڵ) بکردبایە و بکەوتبایە قۆناخێکی نوێوە. ئەوەی کە دەخواسترا ئەوە بوو. بەڵام ئەمە ئەنجام نەدرا. نە هەڵەکانی حەوتەمین کۆنگرەمان راستکردەوە، نە کەموکورییەکانیشمان پڕکردەوە. بۆیە هەشتەمین کۆنگرە رۆڵی خۆی نەگێڕا. لەوانەیە لەبیرکردنەوە و راماندا گۆڕانکاری روویدا بێت، هەندێك بڕیار وەرگیران، بەڵام لەبنەڕەتدا رۆڵی هەشتەمین کۆنگرە بەگوێرەی ئەو بەرگرینامەیەی کە بۆ دادگای ماڤ مرۆڤی ئەورووپا (بەرگرینامەی لەدەوڵەتی راهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانییەتی دیموکراتی) نووسرابوو پێویستبوو لەرووی رێکخستنییەوە هەنگاو هاوێشترابایە، واتا ئەو نوێبوونەوەیەی کەوا سەرۆك لە تەڤگەردا پێشیخستبوو پێویستبوو لە هەشتەمین کۆنگرەدا تەواو بکرابایە، تەڤگەر بەتەواوی بکەوتبایە نێو قۆناخی نوێوە، لەسەر ستراتیژ و تاکتیکی نوێ، فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیای نوێدا خۆی بەرێکخستن بکردبایە و

بکەوتبایە نێو پراکتیکەوە، ئیدی ئەوەی کە ڕووینەدا ئەوەبوو. بۆیە هەشتەمین کۆنگرە ڕۆڵێکی مەزنی نەبینی.

لەو قۆناخەدا، لەنێو تەڤگەردا، دوو ڕووداوی شەهیدبوون ڕوودەدەن، کە کاریگەری خۆی لەسەر تەڤگەر کرد. یەکێکیان شەهیدبوونی هەڤاڵ "گولان"ە و ئەوەی تریش شەهیدبوونی هەڤاڵ ئەردال (ئەنگین سنجار)ە، ئەم دوو ڕووداوی شەهیدبوونە هەژاندنێك لەنێو تەڤگەردا دروست دەکەن. چونکە ڕووداوی بەمشێوەیە لەنێو تەڤگەردا هیچ ڕووینەدابوو... لەدۆخێکی وەهادا ئەو دوو ڕووداوە چۆن لێکدەدرێتەوە؟

شەهیدبوونی هەڤاڵ "گولان" بۆ ئێمە گرنگ بوو، چونکە هەڤاڵ "گولان" لە بەڕێوەبەرایەتی" هێزی تایبەت ÖZEL KUVVET"دا جێگەی خۆی دەگرت، لەڕێکخستنکردنی "هێزی تایبەت"دا بەرپرسیارێتی خۆی هەبوو، لەکاتی سازدانی کۆنگرەی تەڤگەری ژندا شەهید بوو. بۆیە ئەو شەهیدبوونە هەم بۆ تەڤگەری ژن، هەم بۆ "هێزی تایبەت" هەمیش بۆ پارتیمان گرنگ بوو، ئەو شەهیدبوونە بۆخۆی پیلانگێڕییەك بوو، ئەو هەڤاڵە بەپیلانگێڕی شەهید کرا، بۆیە تەڤگەر بۆ ئەوەی ئەو پیلانگێڕییە ئاشکرا بکات ڕووداوەکەی خستە ژێر لێکۆڵینەوەوە، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکە بەراستی و دروستی بەڕێوە بچێت و بگەینە ئەنجام و پیلانگێڕییەکە ئاشکرا بکەین کۆمسیۆنێك (لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە)مان پێکهێنا و ئەو کۆمسیۆنە دەستی بەکارکرد، لەئاکامی ڕاپۆرتی ئەو کۆمسیۆنەدا، کۆنسەی سەرۆکایەتی گووتی:" ئەو ڕاپۆرتە کەمە، پێویستە لێکۆڵینەوەکە زیاتر قووڵ ببێتەوە". چونکە ڕاپۆرتەکە هێشتا یەکلایی بوونەوەیەك (سافیبوونێك)ی بەدینەهێنابوو. واتا کۆمسیۆنەکە لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجام دابوو، بەڵام بەتەواوی قووڵ نەبووەوە و بە یەکلایی بوونەوە

و سافیبوونێك نەگەیشتبوو، لە لێکۆڵینەوەکەدا هەنگاوێك هاوێشترا بوو، لەسەر ئەو بنەمایە کۆنسەی سەرۆکایەتی بڕیاری دا کە ئەو لێکۆڵینەوەیە زیاتر قووڵ ببێتەوە و بە کۆمسیۆنێکی تر قووڵتر ببێتەوە، کۆمسیۆنێکی نوێ پێکهات، ئەو کۆمسیۆنەش زێدە کارەکەی خۆی پێشنەخست، چونکە ئەوانەی لەو کۆمسیۆنەدا بەشداربوون ئەرکی دیکەشیان لەئەستۆ گرتبوو، نەیانتوانیبوو بەتەواوی هەموو کاتی خۆیان بۆ تەرخان بکەن. ئەو هەڤاڵانە گووتیان:" ئێمە بەو شێوەیە ناتوانین، نە دەتوانین کاری کۆمسیۆن پێکبێنین و نە دەشتوانین کارەکانی دیکەش راپەڕێنین، ئەگەر دەکرێت با کۆمسیۆنێکی نوێ پێکبێت". ئێمەش وەك کۆنسەی سەرۆکایەتی ئەوەمان بەراست زانی، ئێمە کۆمسیۆنێکی نوێمان پێکهێنا، کە ئەو کۆمسیۆنە هەموو کاتی خۆی لەسەر ئەو کارە رابوەستێت، بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجام. کاتێك کە ئەو کۆمسیۆنە دروستبوو و دەستی بەکارکرد، من گووتم:" پێویستە ئێوە تاراپۆرتی خۆتان ئامادە دەکەن هیچ زانیارییەك دەربارەی لێکۆڵینەوەکەی خۆتان بەهیچ کەسێك نەدەن، زانیاری بە منیش مەدەن. بۆ ئەوەی ئێوە بتوانن ئەنجام وەربگرن، هەرچییەك لەئێمە دەخوازن ئێمە ئامادەین کە بۆ ئێوەی ئامادە بکەین" ئەوانیش دەستیان بە لێکۆڵینەوەکە کرد، راپۆرتیان ئامادەکرد و هێنایان. کاتێك کە راپۆرتەکەیان دایە من، سەرۆکی ئەو کۆمسیۆنەش کەسێك بوو بەناوی "مەروان تورك" گووتی:" پێشنیازی ئێمە ئەوەیە کە ئەو راپۆرتە تەنیا هەڤاڵانی پیاو لەنێو کۆنسەی سەرۆکایەتی بیخوێننەوە و هەڤاڵانی ژنی ناو کۆنسەی سەرۆکایەتی نەیخوێننەوە" ئەمە لەکاتێکدا لێکۆڵینەوەکە پەیوەست بە کۆنسەی سەرۆکایەتی بەڕێوە دەبردرا، پێشنیازێکی بەمجۆرە راست نەبوو، کاتێك کە ئەو پێشنیازەی کرد من گووتم:" بۆچی چی بووە؟" گووتی:" تۆ بیخوێنەوە دەزانیت بۆچییە؟" منیش گووتم:" ئێوە ئیشی خۆتان تەواوکرد، ئیدی کۆنسە هەر چ بڕیارێك بدات، بەگوێرەی ئەمە ئێوە هەڵسوکەوت دەکەن، ئێستا کاری ئێوە تەواو، ئەو لێکۆڵینەوەیەی ئێوە ئەنجامتان داوە، رێکخستن یان پەسندی دەکات یان دەڵێت:" لێکۆڵینەوەکە هێشتا کەمە و پێویستە قووڵتر ببێتەوە، کۆمسیۆنەکەی ئێوە بەڕێوەی بباتەوە، یان کۆمسیۆنێکی دیکە بەڕێوەی ببات، ئەوا پاشان بەدیار دەکەوێت، بەڵام ئێوە هیچ قسەیەك لێرە و لەوێ نەدرکێنن". من راپۆرتەکەم خوێندەوە بینیم

لێکۆڵینەوەکەیان لەسەر بنەمای لۆژیکێك پێشخستبووە کە تەواوی تەڤگەری ژنیان گوناهبار کردووە، لەئاکامیشدا ناوی سێ ژنیان هێناوە کە ئەوان بەرپرسیارن لەپیلانگێری شەهیدبوونی ئەو هەڤاڵەدا و پێویستە ئەوانە دەستگیر بکرێن و بکەونە ژێر لێکۆڵینەوەوە. بێگومان ئێمە بەرەو کۆنگرەی گشتی "کۆنگرەی گەل"یش دەچووین. کاتیش زۆرکەم ماوە، ئەگەر ئەو لێکۆڵینەوە و ئەو راپۆرتە بخەینە رۆژەڤەوە، ئەوا بۆ ئێمە کێشە و گرفت دەنێتەوە، چونکە لە کۆنگرەی شەشەم و حەوتەم دا کێشەی تەڤگەری ژنان دەرکەوت، ئەگەر بەر لەسازدانی کۆنگرەی "کۆنگرەی گەل"ش ئەو راپۆرتە بخەینە رۆژەڤەوە، من دەمزانی کە کێشەی جدی دەردەکەوێت. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو لۆژیکەی کۆمسیۆنەکە کاری پێکردبوو لۆژیکێکی راست نەبوو، ئەوەش دەبینرا. بۆیە گووتمان ئێمە بیهێڵینەوە بۆ دوای جڤاتی گشتی کۆنگرەی گەل، بۆ ئەوەی هەم کێشە دەرنەکەوێت و هەمیش لەبەر ئەوەی ئەو لێکۆڵینەوەیە راست بەڕێوە نەچووە، ئەو کۆمسیۆنەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی بەڕێوە بردووە پابەند بە "فەرهاد" و "بۆتان" بەڕێوەی بردبوو، بەگوێرەی داخوازی ئەوان بەڕێوەی بردبوو، بەم لێکۆڵینەوەیە دەیانخواست بەو ئامانجانە بگەن کە خستبوویانە پێش خۆیانەوە، ئەو شەهیدبوونە و لێکۆڵینەوەیە بۆ خۆیان بکەنە هەنگاوێك و تاکتیکی خۆیان لەسەر ئەوە دانابوو، بۆ ئەوەی بتوانن تەڤگەری ژن بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. ئیدی دەیانخواست بەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە بکەن. دەیانگووت:" سێ کەس لەمەدا بەرپرسیارن و پێویستە بکەونە ژێر لێکۆڵینەوەوە، پێویستە ئێمە ئەرکیان لێوەربگرینەوە و بیانخەنە ژێر لێکۆڵینەوەوە". خۆشیان لەژێرەوە بەڕێوەبەرایەتییەکی نوێشیان بۆ کۆردیناسیۆنی تەڤگەری ژن ئامادە کردووە، تاکو بەمشێوەیە تەڤگەری ژن بخەنە ژێرکۆنترۆڵی خۆیانەوە. چونکە تاکتیکی خۆیان لەسەر "ریفۆرمی کۆمەڵایەتی" و لەسەر مەسەلەی رەگەزایەتی (الجنسوية) پێشدەخەن، دەشزانن کە تەڤگەری ژن دژی ئەمە رادەوەستێت، ئەو کاتەش نەیاندەتوانی ئەنجام وەربگرن، بۆیە پێویستە تەڤگەری ژن بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، تاکو بتوانن تاکتیکی خۆیان پراکتیزە بکەن. "بۆتان" و "فەرهاد"یش بەرێگەی "مەروان تورك" ئەو لێکۆڵینەوەیان بەو شێوەیە پێشخستبوو. ئەو راپۆرتەی ئامادە کرابوو راپۆرتێکی راست نەبوو، ئامانجی ئەوان بەتەواوی ئەوەبوو

كە بەرێگەی ئەممەوە تەڤگەری ژن بێكاریگەر بكەن، بۆ ئەوەی بتوانن لەیەكەمین كۆنگرەی جڤاتی گشتی كۆنگرەی گەلیشدا تەڤگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە. بێگومان لەبەر ئەوەی ئێمە لەوە تێگەیشتین، رێگەمان لەو لەیستۆكە گرت، كاتێك كە بینیمان ئەو راپۆرتە بەر لە یەكەمین كۆنگرەی "جڤاتی گشتی" ناخەینە رۆژەڤەوە، فشاریان لەسەر من دروستكرد كە بیخەینە رۆژەڤەوە، بینیان كە من نایخەمە رۆژەڤەوە، لەژێرەوە وابلاویان كردەوە گوایە:" لە لێكۆڵینەوەكەدا دەركەوتووە كە سێ كچ لەشەهیدبوونی هەڤاڵ "گوڵان"دا بەرپرسیارن، پێویستە ئەو سێ كچە بكەونە ژێر لێكۆڵینەوەوە، كەچی نایانخەنە ژێر لێكۆڵینەوەوە و دەیانپارێزن..." بەمەش خواستیان فشار لەسەر ئێمە دروستبكەن و ئێمەش بێكاریگەر بكەن. بۆ ئەوەی بتوانن بەئاسانی ئەو لەیستۆكەی ئەنجامی دەدەن سەربكەون. ئیدی ئەو شەهیدبوونە، بۆیە ئەو پیلانگێڕییە گرنگ بوو. گرووپی خیانەتكار و چەتەگەرایی "بۆتان" و "فەرهاد" دەیانخواست ئەمە لەدژی تەڤگەر بەكاربهێنن، بۆ ئەوەی تەڤگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە. ئەوانەی ئەو هەڤاڵەیان شەهید كردبوو و ئەو پیلانگێڕییەشیان ئەنجام دابوو هەر ئەوانن، هەم ئەوان ئەنجامیان دابوو و هەمیش دەیانخواست بیخەنە سەر هەندێك كەسی دیكە، هەندێك كچ، بۆ ئەوەی بتوانن كچانیش بێكاریگەر بكەن، ئێمەش بێكاریگەر بكەن، بەمەش تەڤگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە.

بێگومان ئێمە تاكتیكی ئەوانمان خراپ كرد، ئێمە نەمانهێشت ئەو تاكتیكە پێك بێت، نەمانهێشت ئیرادەی تەڤگەری ژنان بشكێنن و ژنان بەتەواوی بێكاریگەر بكەن. چەندە خواستیان لەسەر ئێمە فشار و گوشار بكەن بۆ ئەوەی ئەو هەنگاوە بهاوێژین نەمانهێشت ئەوەش رووبدات. كاتێك كە بینیان ئێمە نابین بەئامرازی مەبەستی ئەوان و ناكەوینە ناو لەیستۆكی ئەوانەوە، گوایە بەمەش بمانخەنە ژێر تۆمەتەوە، بۆ ئەوەی بێكاریگەرمان بكەن، تاكو بڵێن:" لێكۆڵینەوەكە بەرێوە چووە، بەرپرسیاری شەهیدبوونی ئەو هەڤاڵە دەركەوتووە، ئەوانە ئەو كەسانە ناگرن و دەیانپارێزن". بۆ ئەوەی ئەمجارەیان ئێمە بێكاریگەر و تاوانبار بكەن و بەئاسانی تەڤگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە. بێگومان كاتێك ئەو گوشار و فشارەی ئەوانمان پووچەڵ كردەوە، ئەوا تاكتیكی ئەوانیش زەبری بەركەوت.

سەبارەت بە شەهیدبوونی هەڤاڵ "ئەردال"؛ لە (١٥)ی ئابی (٢٠٠٢) لەنزیك گوندی "سوورەدێ" کۆبوونەوە و مۆراڵێك سازدرابوو، هەم هەڤاڵانی گەریلا و هەمیش گەل تێیدا ئامادە ببوون، کۆمیتەیەکی ئامادەکاری ئەو مۆراڵ و کۆبوونەوەیە هەبوو و بەرنامەی ئەو کۆبوونەوەیە هەمووی ئەو کۆمیتەیە بەڕێوەی دەبرد، هەڤاڵ "ئەردال" خۆیشی لەو کۆمیتەیەدا بوو، لەبەرنامەکەدا شانۆگەریش هەبوو، ناوەرۆکی شانۆییەکەش سەبارەت بەیادەوەری قەڵەمبازی (١٥)ی ئاب بوو. پێویستبوو لە شانۆییەکەدا چەك نەتەقێندرێت، بەڵام لەدیمەنێکی شانۆییەکەدا چەك و تەقاندنی چەك هەیە، خۆی ئەمە هەڵەیەکە، چونکە مەراسیمێکی هێندە مەزنە و خەڵك هاتووە، گەریلا ئامادەیە، چۆن دەبێت فیشەك بتەقێنرێت؟. پێویستبوو چەکە بەکارهاتووەکانی نێو شانۆییەکە بێ فیشەك بن، فیشەکی راستەقینەش بەکار نەهێنرێت. بەڵام شانۆکاران لەشانۆییەکەدا باوەڕییان بەخۆیان هەیە و بە لۆژیکی" دەی کێشە نییە" لەدیمەنێکی شانۆییەکەدا فیشەك دەتەقێت، پاشان هەڤاڵان ئاگادارییان دەکەنەوە، دەڵێن:" با چەك نەتەقێنرێت، گەل و هەڤاڵان ئامادەن، باش نییە نەوەك رووداوێك رووبدات، با بەبێ تەقاندنی فیشەك بێت" هەڤاڵان موداخەلە دەکەن، ئەوانیش دەڵێن:" تەواو تەدبیرمان وەرگرت، چیدی فیشەك ناتەقێنرێت"، کچێك کە لە سوێدەوە تەفلی ئێمە ببوو و هاتبوو، ئەویش گەریلا بوو، لەو شانۆییەشدا بەشدار ببوو، لە چەکەکەی ئەودا فیشەك ماوە، دەبووایە فیشەکی تێدا نەبێت و نەتەقێنرێت، بەڵام ئەو کچە چەکەکەی دەتەقێنێت و فیشەکێك بە هەڤاڵ"ئەردال" دەکەوێت، فیشەکێکی تریش بەهەڤاڵ "خەڵات سۆران" کە خەڵکی باشووری مەزن بوو، دەکەوێت، ئەم دوو هەڤاڵە هەرلەوێ شەهید دەبن، بە بەرچاوی هەڤاڵان و گەلەوە. رووداوەکە بەمشێوەیە روویدا. بێگومان سەبارەت بەم رووداوە لێکۆڵینەوە دەستپێکرد، هەڵبەتە لەبەر ئەوەی ئاهەنگی (١٥)ی ئاب بوو، بەکامێرای ڤیدیۆیی وێنەی ئاهەنگەکەش دەگیرا، بۆیە هەموو وێنە (تصویر)ەکانی ئەو ئاهەنگەش درا بە کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوەی ئەم رووداوە، لەئاکامی لێکۆڵینەوەکەدا بەدیارکەوت کە رووداوەکە بەئەنقەست نەبووە و (قەزا) یە و لەم رووەوە نیازێکی خراپ لەئارادا نییە. بەڵام بێگومان لەتەدبیر وەرگرتندا، کێماسی جددی لەئارادایە، لەنزیکبوونەوە و لۆژیکی کارەکەدا (ئامادەکاری ئاهەنگەکەدا) کێماسی هەیە.

بۆیە لەئاکامی لێکۆڵینەوەکەدا هەندێك رەخنە و هەندێك تەدبیریش پێشکەوت، بۆ نموونە؛ ئەگەر رووداوەکە بەئەنقەستیش نەبووبێت، ئەوا ئەوەی رووداوەکەی لەدەست دەرچوو بوو دەستگیرکرا، ئەوەی ئەو شانۆییەی ئامادەکرد دەستگیرکرا، چونکە زانیاری نەدابوو کە بەو شێوەیە چەك لەشانۆییەکەدا دەتەقێنرێت، هەر ئەو کاتە کە چەك لەشانۆییەکەدا تەقێنرابوو، هەڤاڵان رەخنەیان کردبوون، گووتبوویان:" بۆچی چەك دەتەقێنرێت؟ بۆچی ئەو چەك تەقاندنانەتان قەدەخە نەکرد، بەتایبەتی بە هەڤاڵ "ئەردال" و ئەوان گووترابوو، چونکە هەڤاڵ "ئەردال" خۆی بەرپرسیاری کۆمیتەی ئامادەکاری ئاهەنگەکەش بوو، هەڤاڵ "ئەردال"یش دەڵێت:"باشە پێیان دەڵێم، ئیدی با چەك نەتەقێنن، گووتمان؛ یادی (١٥)ی ئابە، ئەگەر بەشێوەیەکی زیندوو بەرجەستەی ئەو هەڵمەتە بکەین باش دەبێت، بۆیە رێمان لێنەگرتبوون" کاتێك کە هەڤالان ئەوە رەخنە دەکەن، ئەویش دەڵێت:" ئاگاداریان دەکەمەوە با چیدی چەك نەتەقێنن" ئاگاداریشیان دەکاتەوە، گوایە هەموو فیشەکەکانیش لەمەخزەنەکان دەردەخەن، بەڵام ئیدی ئەو کچە لەیاد دەکات، فیشەکەکانی مەخزەنی چەکەکەی دەربخات، وامەزەندەی دەکرد کە فیشەکی تێدا نەماوە، بەو شێوەیە چەکەکەی دەتەقێنێت. رووداوەکە وەها روویدا.

بێگومان راگەیاندنەکانی تورکیا خواستیان ئەو رووداوە لەدژی تەڤگەر بەکاربهێنن، ئیدی گووتیان:" لەناوخۆیاندا شەڕ روویداوە و یەکتریان کوشتووە، "ئەردال"یان کوشتووە..." نازانم دەیانگووت:" ئەردال لەدژی شەڕ رادەوەستا، هەندێکیان شەڕیان دەخواست بۆیە کوژراوە" هەروەها دەیانگووت:" ئەردال بووە بە بەرپرسیار بۆیە کوژراوە"، واتا خواستیان ئەو رووداوە لەدژی تەڤگەر بەکاربهێنن، بەمەش خێزانی شەهید "ئەردال" بوروژێنن و لەدژی تەڤگەر بەکاربهێنن. خەڵکی ئەو ناوچەیە (مەرعەش)یش لەدژی تەڤگەر بوروژێنن، ئەمە بۆ ئەو مەبەستە بوو، هەڵبەتە ئەمەش هەندێك سەرئێشەی بۆ ئێمە دروستکرد. ئیدی خێزانەکەی (خانەوادەکەی) هەڤاڵ "ئەردال" هاتنەلامان، بۆ خانەوادەکەیمان باس کرد کە رووداوەکە چۆن بووە و شوێنی رووداوەکەشمان نیشاندان، گووتمان:" ئێوە دەتوانن خۆشتان بپرسن، ئەمەش کاسێتی وێنەگیراوی ئاهەنگەکەیشە، بیبەنە لای کەسانی پسپۆر، لەم رووەوە دەتوانن نیشانیان

بدەن، دیارە کە ڕووداوەکە بەئەنقەست نەبووە و ئێمە لێکۆڵینەوەشمان لەسەری کردووە. ئەمەش ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکەیە، شتێکی وەهای تێدا نییە کە ڕووداوێکی بەئەنقەست بووبێت. بەڵام ئەو ڕووداوە تاڕادەیەك سەرئێشەی بۆ تەڤگەر دروستکرد.

چونکە گروپە خائینەکەی "فەرهاد" و "بۆتان" خانەوادەکەی هەڤاڵ "ئەردال"ی بەگژ تەڤگەر وەدەنا، گوایە:" ئەردال بە پلان و بەئەنقەست کوژراوە، ئەردال زۆر پێشدەکەوت، بۆیە کوژراوە" هەم وروژاندنەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تورکیا و هەمیش ورژندنەکانی ئەو گروپە کاریگەری لەسەر خانەوادەکەی و لەسەر خەڵکی ئەو ناوچەیەش کرد. خانەوادەکەی لەو قەناعەتە دابوون کە گروپی خیانەتکار (بۆتان و فەرهاد) هەڤاڵ "ئەردال"یان شەهید کردبێت، ئەمە قەناعەتی ئەوان بوو، چونکە هەڤاڵ "ئەردال" پابەندی تەڤگەربوو، هەڤاڵێکی زۆر دروستبوو، لە هێزی پاراستنی گەل (HPG)شدا پێشدەکەوت، ئیدی خانەوادەکەی دەیانگووت:" ئەو گروپە ئەویان شەهیدکردووە" ئێمەش گووتمان:" نا، ڕاستە ئەو گروپە خائینن، بەڵام شتێکی وەها نییە و لە لێکۆڵینەوەشدا نەگەیشتووین بە ئەنجامێکی بەمجۆرەوە". دوای ئەوەی ئەو گروپە لەناو ئێمە دەرچوون و خیانەتیان لەدژی تەڤگەر کرد و دەستیان لەڕووداوی شەهیدبوونی هەڤاڵ "ئەردال"یش وەردا و خواستیان بیخەنە سەر ئەستۆی تەڤگەر و گووتیان:" تەڤگەر کوشتوویەتی". ئەو کاتە خانەوادەکەی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ئەوان ئەومیان ئەنجام دابێت و دەیخەنە ئەستۆی تەڤگەرەوە، بۆیە خانەوادەکەی دەیانگووت:" ئەو گروپە ئەمەیان کردووە، چونکە ئەوانە لەدژی تەڤگەرن لەدژی ئەو هەڤاڵانەشن کە سەرۆك بەبنەما وەردەگرن. بۆیە ئەوانیان بەهۆکار دەزانی" ئێمە گووتمان:" نا، هەرچەندە ئەوانە خائینیش بن، لەدژی تەڤگەریش ڕاوەستا بن، بەڵام لە لێکۆڵینەوە و ڕاستی ڕووداوەکەدا شتێکی وەها بەدیار ناکەوێت"، مەسەلەی هەڤاڵ "ئەردال"یش بەمشێوەیە بوو.

پەراوێزەکان:

(١) مەبەستی کاتی سازدانی ئەم دیدارەیە.

بەشی نۆیەم:

بەرەو سیستەمی ئازادی گەل...

(٢٠٠٣ ـ ٢٠٠٦)

گێژاوە قووڵەکە

لەساڵی (٢٠٠٣)دا بەشێوەیەکی کرداری ئەمریکا موداخەلەی ئێراق و ناوچەکەی کرد. لەئاکامیشدا رژێمی بەعس ڕووخا. ئەو مۆداخەلەیە بەگشتی و کەوتنی رژێمی بەعسی بەتایبەتی بە چ واتایەك دەهات؟ ئەو دەرفەت و هەلومەرجەی ئەو موداخەلەیە لەگەڵ خۆیدا هێنای چیبوو... ؟

ئەو موداخەلەیەی ئەمریکا لەسەر ئێراق کردی، موداخەلەیەکە بۆ سەر خۆرهەڵاتی ناوین، ئەو موداخەلەیە کە بەسەرۆکایەتی ئەمریکا ئەنجام درا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سیستەمی سەرمایەداری بوو. ئامانجی ئەو موداخەلەیە ئەوەبوو کە خۆرهەڵاتی ناوین هەم لەرووی ئابووری و سیاسی و هەمیش لەرووی کولتوورییەوە، بەگوێرەی سیستەمی سەرمایەداری ئامادە بکات، تاکو ئەم ناوچەیە بکەوێتە خزمەتی ئەو سیستەمەوە. چونکە ئێستا خۆرهەڵاتی ناوین لەهەموو رووێکەوە لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداری لەنێو ناکۆکی دایە، لەم رووەوە رژێمەکانی ناوچەکە هەم لەگەڵ گەلانی ناوچەکە هەمیش لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداری لەنێو ناکۆکییەکی مەزندا دەژین، هەم گەلانی ناوچەکە دەخوازن لەو رژێمانە رزگاریان ببێت، هەمیش سیستەمی سەرمایەداری دەخوازێت ناوچەکە بەتەواوی بخاتە خزمەتی سیستەمەوە، چونکە بەم دۆخەی ئێستایەوە خزمەتی سیستەمەکە ناکات. ئیدی لەمیانەی ئەو موداخەلەیەوە سیستەمی سەرمایەداری خواستی ئەو رژێمانەی خۆرهەڵاتی ناوین بگۆڕێت، تاکو ناوچەکە لەرووی سیاسی، ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە بەگوێرەی سەرمایەداری (کاپیتالیزم) رێکبخات. هەروەها بۆ ئەوەی ئیسرائیلیش بەهێز بکات، ئەو

مەترسییانەی لەناوچەکە بۆ ئیسرائیلیش لەئارادان نەهێڵێت. بێگومان ئامانجی موداخەلەکە ئەمەیە و ئەمە موداخەلەیەکی مەزنە. ئیدی بۆ ئەوەی ئەو موداخەلەیە بکات، بەرلەوە موداخەلەی کەنداوی کرد، بەمەش هەنگاوێکی هاوێشت و رژێمی بەعسی رووخاند. چونکە ئەوەی بخوازێت لەجیهاندا بالآدەست بێت، ئەوەی بخوازێت کێشەکانی سیستەمی سەرمایەداری چارەسەر بکات، ئەوەی سەرۆکایەتی ئەو سیستەمە دەکات پێویستە خۆرهەلآتی ناوین قازانج بکات. ئەگەر وەها نەبێت هەم ناتوانێت سەرۆکایەتی بکات و هەمیش ناتوانێت کێشەکانی سیستەم چارەسەر بکات. چونکە خۆرهەلآتی ناوین وەك بڕبڕەی پشتی جیهانە، هەروەها خۆرهەلآتی ناوین لانکەی شارستانییەتە و دایکایەتی بۆ شارستانییەت کردووە، بۆیە پێویستە تۆ خۆرهەلآتی ناوین بخەیتە دەستی خۆتەوە و بەگوێرەی خواستی خۆت ئامادەی بکەیت، تاکو بتوانیت بالآدەستی خۆت پێکبێنیت. ئیدی ئەو موداخەلەیەی کە لەسەر خۆرهەلآتی ناوین ئەنجام درا لەسەر ئەو بنەمایە بوو.

بۆچی لەئێراقەوە دەستیپێکرد؟

ئەمە هۆکاری خۆی هەیە، چونکە رژێمی بەعس رژێمێك بوو لەجیهاندا گۆشەگیر ببوو، رژێمێك بوو لەناو گەلی خۆیدا گۆشەگیر ببوو، بۆیە هەم لەناوخۆ و هەم لەدەرەوەدا، هەموو کەسێك لەدژی ئەو رژێمە بوو و بەئاسانی دەیتوانی بیڕووخێنێت. لەلایەکی دیکەشەوە، لەخۆرهەلآتی ناویندا، لەدەرەوەی تورکیا، سوپای هەرە مەزن لە ئێراق دروستکرا بوو. هەڵبەتە ئەوەی تورکیا لەبەر ئەوەی ئەندامی ناتۆیە و بۆ سیستەم مەترسی دروستناکات، بەڵکو هەمیشە لەخزمەتی سیستەم دابووە، بەلآم ئەوەی ئێراق مەترسی بۆ سەر سیستەم و بۆ ناوچەکە دروست دەکرد، پێویستبوو ئەو سوپایە هەڵوشێنێتەوە و پەرشوبلآوەی پێبکات، هۆکارێکیش ئەوەبوو کە موداخەلەی سەر ئێراقیان بۆخۆیان بەبنچینە وەرگرت. هۆکاری سێیەمیش ئەوەیە کە لە ئێراقدا وزە (پەترۆڵ و سامانە سروشتییەکانی دیکە) هەیە، ئەو شوێنانەی دیکە کە وزەیان تێدایە لەژێر کۆنترۆڵی ئەمریکا دان، لەژێر کۆنترۆڵی سیستەم دان، بەلآم لە ئێراق و ئێراندا

سەرچاوەكانی وزە زێدە لەژێر كۆنترۆڵدا نەبوون، ئەمەش كێشەیان بۆ دەنێتەوە. دەیانتوانی ئەوەی ئێراق بەگوێرەی ئێران، بەئاسانتر بیڕووخێنن، تاكو بتوانن ئێرانیش بەتەنیا بهێڵنەوە و پاشان بەهەموو هێزی خۆیانەوە بچنە سەر ئێران. ئێراق لە پەترۆڵدا دەوڵەمەندە و پێویستیان بەوە هەبوو كۆنترۆڵی سەر پەترۆڵیان بكردبایە، هەموو كەسێكیش دەیخواست لەو رژێمە رزگاری ببایە، بۆیە ئەو موداخەلەیەیان لەسەر ئێراق پێكهێنا.

لەلایەكی دیكەشەوە لەدژی ئێراق ئۆپۆزسیۆنیش هەبوو، بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو رژێمە بڕووخێنرێت. لەشوێنانی دیكە ئۆپۆزسیۆنێكی وەها بەهێز لەئارادا نەبوو، بەرێگەی ئەو ئۆپۆزسیۆنەوە دەیانتوانی ئەنجام بەدەستبخەن. ئیدی بۆ ئەوەی ئەو موداخەلەیە ئەنجام بدرێت و سەركەوتوو بێت، پێوویستبوو تەدبیری ئەوەشیان وەربگرتبایە كە چ شتێك ئەو موداخەلەیە (دەستێوەردانە) دەخاتە مەترسییەوە. ئیدی بەر لە موداخەلەكە بە پیلانگێڕییەكی نێودەوڵەتی هاتنە سەر سەرۆك ئاپۆ و (PKK)، تاكو بتوانن زەبرێك لەتەڤگەر بدەن و بیخەنە ژێر فشار و گوشارەوە، بۆ ئەوەی موداخەلەی خۆیان بەئاسانی پێشبخەن، بۆ ئەوەی (PKK) زێدە سوود لەو موداخەلەیە وەرنەگرێت. چونكە (PKK) لە كوردستانیشدا پێگە (ستوونە - ڤاچ)ی موداخەلەكەی لاواز دەكرد، لەناوچەكەشدا (PKK) و سەرۆك ئاپۆ دەبوونە ئومێدێك بۆ گەلانی ناوچەكە. ئەگەر زەبر لەو تەڤگەرە نەوەشێنن، هەم موداخەلەكە لاواز دەكات و هەمیش دەیخاتە ژێر مەترسییەوە. ئەگەر موداخەلەكە ببێت ئەوا لەوانەیە سوود لەو موداخەلەیەش وەربگرێت. چونكە دوای موداخەلەكەی كەنداو (شەڕی یەكەمی كەنداوی ساڵی ١٩٩١)، (PKK) سوودمەند بوو، ئەمەیان بینیبوو و لەمە ئەزموونیان وەرگرتبوو، بۆ ئەوەی لەو موداخەلەیەی ئەمجارەی سەر ئێراق (PKK) سوودمەند نەبێت پێویستە بەرلەوە تەدبیر وەربگرن و زەبری لێبوەشێنن. بەمەش هاتنە سەر تەڤگەر و سەرۆكیان بەدیلگرت، هێرش و فشارێكی زۆریان بۆ سەر تەڤگەر هێنا، تاكو تەڤگەر مژوولی خۆی و كێشەكانی ببێت. بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن بەئاسانی موداخەلەی خۆیان ئەنجام بدەن و سەربكەون، هەروەها بتوانن ئەو خەتەی كە كوردان دەخاتە خزمەتی سیستەمەوە بەهێز بكەن و بەمەش بتوانن پێگە و باڵادەستی خۆیان لە كوردستاندا تۆكمەتر بكەن و

کوردانیش لە ستراتیژییەتی خۆیاندا بۆخۆیان بکەنە هێزێکی سەرەکی، ئیدی موداخەلەکەیان بەمشێوەیە پێشخست و رژێمیان رووخاند. بەڵام دوای ئەوەی رژێمیان رووخاند ئەو ئامانجانەی لەپێش خۆیان دانابوو پێکنەهات، تاکو ئێستاش ئەو ئەنجامەیان بەدینەهێناوە.

راستە رژێمیان رووخاند، لەمەدا ئەنجامگیر بوون، لەدوای رووخاندنیشەوە هەندێك هەنگاوی تریان هەڵهێنا. واتا بۆ ئەوەی ئێراق بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی سیستەمی سەرمایەداری رێکبخەن هەندێك هەنگاویان هاوێشت. بەڵام ئەوانە دەیانخواست لەماوەیەکی کورتدا بەئامانجەکانی خۆیان بگەن، لەمەدا بەئامانج نەگەیشتن، هەرچەندە هەنگاویشیان هاوێشتبێت، هێشتاش لەسەر ئەوە هەڵوەستە دەکەن تاکو هەنگاوی دیکە بهاوێژن. ئەو کاتەی موداخەلەکە لەسەر ئێراق ئەنجام درا و رژێم رووخا، ئەوا بۆ تەڤگەرەکەمان و بۆ کوردان شتێکی نوێ دەرکەوت، دەرفەتێکی نوێی بۆ تەڤگەرەکەمان و گەلەکەمان و گەلانی ناوچەکە رەخساند، هەم ئەو ستاتۆیەی لەناوچەکە کە لەسەر بنەمای نکۆڵی و قڕکردنی کوردان ئاواکرابوو تێکیدا، هەمیش بۆ ئەوەی کورد لە شێوەگرتنی سەرلەنوێی خۆرهەڵاتی ناویندا جێگە و پێگەیەك بگرێت توانست و دۆخێکی هێنایە ئاراوە. ئەمە شتێکی باش و زەمینەیەکی باش بوو. بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ئەمریکا خواستی لە کوردستاندا خەتێکی میللیگەرایی کە سیستەمی سەرمایەداری بەبنەما وەردەگرێت و دەکەوێتە خزمەتی ئەو سیستەمەوە بەبنچینە وەرگرت و خواستی بەهێزی بکات. ئیدی لەسەر ئەو بنەمایە هاوکاری خەتی میللیگەرایی کرد و لەباشووردا کردی بەحکومەت و تەنانەت کردی بەنیوە دەوڵەتێك. خواستی ئەمە بۆ هەموو کوردان سەرنجراکێش بکات و ئاراستەی هەموو کوردان بداتە ئەو خەتە، کە کوردان لەژێر خەتی ئازادی و سەربەخۆی سەرۆك ئاپۆ و (PKK) دەربخات، هەوڵێکی بەمجۆرەیان دا.

سەرۆك لەم رووەوە چیکرد؟ بینی کە لە باشوور دەسەڵاتێکی میللیگەرایی لەسەر ئایدیۆلۆژیایەکی میللیگەرایی ئاوادەبێت، پەرلەمان و حکومەت لەسەر ئەو بنەمایە ئاوا دەکرێت، ئەمریکا پرۆژەی خۆی بۆ خورهەڵاتی ناوین لەناوچەکە پێشدەخات، سەرۆکیش هەم بۆ کوردان و هەمیش بۆ گەلانی ناوچەکە پرۆژەیەکی پێشخست. ئەو

پرۆژمیە چیبوو؟ پرۆژەی ئازادی و دیموکراتی گەلانی پێشخست. هەڵبەتە لەرووی ئایدیۆلۆژی و فەلسەفییەوە خەتەکەی پێشخستبوو، ئیدی لەسەر ئەو بنەمایەش مۆدێلی" کۆنگرەی گەل"ی پێشخست، ئەمەش موداخەلەی سەرۆك ئاپۆ بوو، موداخەلەی گەلان بوو، کە بتوانن ئەلتەرناتیفی خۆیان لەبەرامبەر پرۆژەکەی ئەمریکا پێشبخەن. چونکە ئەو پرۆژەیەی کە ئەمریکا لەناوچەکەدا پێشیخست تەنیا بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی و سیستەم بوو، نەك بۆ گەلانی ناوچەکە. ئەگەر تۆ لەبەرامبەر ئەوە موداخەلەی گەلان پێشنەخەیت و پرۆژەی گەلان پێشنەخەیت ئەوا بێ ئەلتەرناتیف دەمێنیتەوە، ئەو کاتە گەلانی ناوچەکە زەبرێکی مەزنیان لێدەدرێت. ئیدی بۆ ئەوەی ئەمە روونەدات، وەك چۆن ئەمریکا پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوینی پێشخست سەرۆکیش "پرۆژەی شارستانییەتی دیموکراتی" پێشخست و لەسەر ئەو بنەمایەش مۆدێلی" کۆنگرەی گەل"ی پێشخست. تاکو بتوانێت بەم مۆدێلە هەم گەلانی ناوچەکە بێ ئەلتەرناتیف نەهێڵێتەوە، هەمیش بەم مۆدێل و خەتە بتوانێت لە کوردستاندا خەتی گەل بگەیەنێتە سەرکەوتن. ئەمە بۆ ئەو مەبەستە بوو. ئیدی رێك لێرەدا "بۆتان" و "فەرهاد" کەوتنە جموجۆڵەوە، ئەو خەتەی کە لەناو تەڤگەردا چەتەگەرێتی بەبنەما وەردەگرت، تەواو لەو قۆناخەدا کەوتە جموجۆڵەوە. واتا بەمەزندەی ئەوان ئەگەر ئەو خەتی چەتەگەرێتییە لەو قۆناخەدا بکەوێتە جموجۆڵەوە ئەوا دەتوانێت ئەنجامگیر ببێت و باڵادەستێتی خۆی لەنێو تەڤگەردا دروستبکات. چونکە ئەو گروپی چەتەگەرییە پەیوەندی خۆی هەم لەگەڵ پارتەکانی باشوور، هەمیش لەگەڵ ئەمریکادا هەبوو، ئەگەر بەهاوکاری ئەوان بکەوێتە جموجۆڵەوە، ئەوا دەتوانێت ئەنجامگیر ببێت و زاڵ ببێت. هەندێك خۆیان لەناو تەڤگەریشدا بەرێکخستن کردبوو، واتا خواستیان لەم موداخەلەیەی ئەمریکا و لەرووخاندنی رژێمی ئێراقدا و بەپێشکەوتنی خەتی میللیگەرایی لەناو تەڤگەری کوردانا سوودمەند ببن، بەمەش خەتی خۆیان لەناو تەڤگەری (PKK)دا بەسەر بخەن. بێگومان ئەوانە دوای دەستگیرکردنی سەرۆك دەستیان بە خۆرێکخستن کردبوو لەناو تەڤگەردا، ئێمە ئەمەمان لەساڵی (٢٠٠٢)وە دەستنیشان کردبوو؛ لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٢)دا ئێمە کۆبوونەوەیەکی ناوەندیمان سازکرد بۆ ئەوەی بچینە سەر ئەو خەتە. لەو

کۆبوونەوەیەدا چووینە سەر ئەو خەتە و رەخنەشمان کردن، ئەوانە بینیان کە ئێمە لە پیلانی ئەوان تێگەیشتووین و دەچینە سەریان، ئەوا تاکتیکیانە هەڵسوکەوتیان کرد، گوایە ئەو رەخنانەی بۆ ئەوان کردوومانە پەسندیان کردووە و بەمشێوەیە رەخنەی خۆیان دا، تاکو بتوانن بەئاسانی خۆ بەرێکخستن بکەن. ئیدی ئەو سەرکۆنە و رەخنەگرتنەی بۆ سەر ئەوان دەگرێت پووچەڵ بکەنەوە. چونکە بینیان ئەگەر لەدژی ئەمە رابوەستن رەوشی ئەوان بەتەواوی ئاشکرا دەبێت، لەوانەیە ئەو ئامانجانەی لەپێش خۆیان دانابوو، بکەوێتە زێر مەترسییەوە و بێ ئەنجام بمێننەوە، ئیدی بۆ ئەوەی نەکەونە نێو رەوشێکی بەوجۆرەوە و بتوانن هەوڵەکانی تەڤگەر پووچەڵ بکەنەوە و رێگیری لەمە بکەن، وەك بڵێی رەخنەیەکە و کراوە و پەسندیان کردووە، رەخنەدانی خۆیان دا، بۆ ئەوەی کەس بەسەر ئەواندا نەچێت، تاکو ئەوانیش بتوانن دیسان کاری خۆیان بەردەوام بکەن. بەراستیش وەهای لێهات.

لەبنەڕەتدا ئێمە خواستمان لەو کۆبوونەوەیەدا رەوشی ئەوان یەکلایی بکەینەوە و بێکاریگەریان بکەین، ئێمە هەنگاومان بۆ ئەمە هاوێشت و ئەوانیش بەو شێوەیە وەڵامیان دایەوە. ئیدی لەمەدا بەڕێوەبەرایەتی ئێمە کەوتە نێو دوودڵییەوە و نەچوونە سەریان. هەڵبەتە ئەوانە بینیان کە ئیدی تەڤگەر لەرەوشی ئەوان تێگەیشتووە و دەچێتە سەریان، ئەوانە بەو هەنگاوەیان (بەرەخنەدانی شکلی خۆیان) چوونی تەڤگەر بۆ سەر ئەوان رەخنەگرتنیان لاواز کرد و کاری خۆشیان بەهێز کرد، کاتێك کە ئێمە گەیشتینە ساڵی (٢٠٠٣) سەرۆك بەرگرینامەی ئەسینا (کوردی ئازاد ئاسنامەی خۆرهەڵاتی ناوینی نوێیە)ی بۆ ئێمە نارد، لەو بەرگرینامەیەدا ئەو خەتەی بەرێگەی بەرگرینامەکەی بۆ دادگای ماق مرۆڤی ئەوروپا (لەدەوڵەتی راهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانییەتی دیموکراتی) پێشخستبوو، سەرۆك لەرێگەی بەرگرینامەکەی بۆ ئەسیناوە موداخەلەیەکی بۆ تەڤگەر کردبوو، چونکە بینی کە لەرووی رێکخستنییەوە هیچ گۆڕانکارییەك ئەنجام نەدراوە، ئەمەش مەترسی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، پێویستە تەڤگەر لەرووی رێکخستنییەوە گۆڕانکاری ئەنجام بدات. ئیدی لەسەر چ بنەمایەك ئەو گۆڕانکارییە بکات؟ وەڵامی ئەوەی لەو بەرگرینامەیە (بەرگرینامەکەی ئەسینا) دایەوە و گەیاندیە تەڤگەر، سەرۆك گووتی:" من یەکلایەنە ئاگربەست رادەگەیەنم، تاکو رۆژی

یەکی ئەیلول، یان ئەوەتا ئاگربەستەکە دەبێتە دوولایەنە یانیش ئەگەر نەبێت ئەوا شەڕ دەستپێدەکات". ئەمەی خستە بەردەم تەڤگەر، تاکو تەڤگەر گفتوگۆی لەسەر بکات و بە بڕیارێك بگات. بۆچی؟ چونکە سەرۆك بینی کە ئەمریکا موداخەلەیەکی کردووە، ئەو موداخەلەیە هەم لە کوردستان و هەمیش لەناوچەکەدا پێشدەکەوێت، پرۆژەی خۆی داناوە، لەسەر ئەو بنەمایەش هەنگاو دەهاوێژێت. ئەگەر لەبەرامبەر ئەو موداخەلەیە موداخەلەیەك پێشنەکەوێت ئەوا مەترسیدارە، هەم بۆ کوردان و هەمیش بۆ گەلانی ناوچەکە. چونکە بەتەواوی بێ ئەلتەرناتیف دەمێننەوە. بۆیە سەرۆك ئاپۆ چی گووتبووی؟ گووتبووی:" با کۆنگرەی ئازادی و دیموکراتی کوردستان (KADEK) و کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (KNK) ببنەیەك و با جڤاتی گشتی کۆنگرەی گەل ئاوابێت. هەمیش زوو ئاوا ببێت"، ئیدی بەمشێوەیە سەرۆك لەبەرامبەر موداخەلەکەی ئەمریکا موداخەلەیەکی لە کوردستان و ناوچەکە پێشدەخست، ئەلتەرناتیفی گەلانی بەرێگەی مۆدێلی " کۆنگرەی گەل" پێشدەخست. ئەمە بۆ ئەو مەبەستە بوو. چونکە ئەگەر وەها نەبایە ئەوا ئەمریکا پرۆژەکەی خۆی بەپێشدەخست ئەو کاتە گەلان و گەلی کوردیش زەرەر دەکەن. بۆچی دەیگووت:" ئەگەر ئاگربەستەکە یەکلایەنە بمێنێتەوە ئەوا کۆتایی پێدێت"؟ چونکە دەیبینی؛ ئەگەر لەو قۆناخەدا ئاگربەست نەبێتە دوولایەنە و چارەسەری پێشنەکەوێت، ئەوا تورکیا بەرنامەی خۆی بەڕێوە دەبات، ئەمریکاش بەرنامەی خۆی بەڕێوە دەبات، لێرەدا تەڤگەر و گەل زەرەرمەند دەبن، لەلایەکەوە کێشەکانی تورکیا جددیین، ئەگەر چارەسەری پەسندنەکرد و تۆش شەڕت پێشخست، بەگوێرەی ئەو بارودۆخەی ئەو کاتەی تورکیای تێدا بوو، کێشەکانی بەردەم تورکیا گران ببوون، ئەوا رەوشی شەڕیش ئەو کێشانە قورستر دەکات، تورکیا ناتوانێت شەڕ بخاتە پێش خۆی، لەوانەیە هەنگاو بۆ چارەسەری بهاوێژێت. ئیدی بۆیە سەرۆك گووتی:" من یەکلایەنە ئاگربەست رادەگەنم". چونکە دەیزانی کە ئەگەر تورکیا کێشەکانی خۆی چارەسەرکرد ئەوا هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ناهاوێژێت. ئەگەر تۆ پێش ئەوە تورکیات خستە سەرڕێی چارەسەری ئەوا دەکرێت هەنگاو بهاوێژێت، ئەو توانستەش هەبوو.

هەروەها کاتێك کە سەرۆك ئەوانەشی گەیاندە ئێمە، بۆخۆیشی کەوتبووە نێو مانگرتنەوە(١). واتا لە زیندان بەرخۆدانێکی پێشخستبوو، بەم بەرخۆدانەش دەیخواست تەڤگەر و گەل بخاتە جموجۆڵەوە. چونکە دەیبینی ئەگەر تەڤگەر و گەل نەکەونە جموجۆڵەوە ئەوا مەترسی لەئارادایە، ئەمریکا موداخەلەی کردووە و پێشیدەخات، لەکوردانیشدا موداخەلەی کردووە، هەڵبەتە پیلانگێرییەکی نێودەوڵەتیش هەیە، ئەوا ئەمریکا لەوانەیە تەڤگەر تەنگاو بکات. تەنانەت ئەو کاتە لەوانەیە پیلانگێرییەکە بەردەوام ببێت و بەئامانجی خۆیشی بگات. ئیدی بۆ ئەوەی ئەوانە روونەدەن و رێگیری لەبەردەم بکات کەوتە نێو بەرخۆدانێکەوە. بەمەش گەل و تەڤگەر ئەو کاتە دەکەونە نێو بەرخۆدانەوە. ئەو کاتە دەتوانێت پیلانگێرێتی ئەمریکا و تورکیا لەسەر تەڤگەری کوردان خراپ بکرێت. لەسەر ئەو بنەمایە تەڤگەر کۆبوونەوەی بەرفراوانی ناوەندی سازکرد، بۆ ئەوەی هەموو ئەو مەسەلانە گفتوگۆ بکات و بیکاتە بڕیار.

کاتێك کە ئێمە دەستمان بە کۆبوونەوەکە کرد، ئیدی ئەو گروپەی خیانەت (فەرهاد ـ بۆتان) و ئەوان خواستیان رۆژەڤی کۆبوونەوەکە بگۆڕن و ئەو کۆبوونەوەیە پووچەڵ بکەنەوە. چونکە قسەیان لەگەڵ ئەمریکا کردبوو، زانیارییان بە ئەمریکا دابوو، کە تەڤگەر دەخوازێت چیبکات!! بۆیە ئەمریکییەکانیش سێ شتیان دابووە پێش ئەو گروپەوە، یەکەم: دەستبەرداری ئۆجەلان ببن و ئۆجەلان بەلاوە بنێن، دووەم: ئەو گروپی ئەنقەرە ـ واتا ئەو گروپەی سەرەتا، ئەو هەڤاڵانەی کە هەر لەسەرەتاوە لە ئەنقەرە هەنگاویان بۆ ئاواکردنی ئەم تەڤگەرە هاوێشتبوو ـ ئەو گروپە بەلاوە بنێن. چونکە ئەگەر ئەو گروپە نەدەنە لایەکەوە ئێوە ناتوانن تەڤگەر بخەنە دەستی خۆتانەوە. سێیەمینیش: ئێوە ژیانی تەڤگەر بگۆڕن. ئەگەر ئێوە ئەو کارانەتان کرد ئەوا ئێمە ئێوە بەبنچینە (موخاتەب) وەردەگرین، ئەگەر ئەو هەنگاوانەتان نەنا ئەوا ئێمە پەیوەندی لەگەڵ ئێوە پێشناخەین. ئیدی ئەو مەسەلانەیان لەگەڵ "بۆتان" باسکردبوو. "بۆتان" لەسەر ئەو بنەمایانە هاتبووە کۆبوونەوەوە، کە کۆبوونەوەکە گفتوگۆ لەسەر ئەو شتانە نەکات کە سەرۆك خستبوویە پێش تەڤگەرەوە. چونکە ئەگەر ئەو شتانە ببنە بڕیار ئەوا تەڤگەر هەنگاو دەهاوێژێت، ئیدی تەڤگەر بەدەستخستن و خستنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان بەدینایەت، پیلانگێڕێتییەکەش بەتەواوی پووچەڵ دەبێتەوە. بۆیە

تەڤگەر پێویستە ئەو شتانە نەکاتە بڕیار، ئەگەر نەیکاتە بڕیار ئەوا دەتوانن پیلانی خۆیان لەسەر تەڤگەر بەڕێوە ببەن، لەبەرئەوە ئەو کۆبوونەوەیە هەم بۆ ئێمە گرنگ بوو و هەمیش بۆ ئەوان گرنگ بوو.

وەکوتریش کاتێك کە کۆبوونەوەکە سازدەکرا "محەممەد عەلی بیراند"(٢) لە کەناڵی ئاسمانی (CNN turk)دا گووتی:" پیلانی ئەمریکا بۆ (PKK) ئەوەیە کە دەخوازێت گەریلا بۆ تورکیا بنێرێتەوە (بگەڕێنێتەوە) و نزیکەی سەد لەبەڕێوەبەرانی (PKK)ش بنێرێتە ئەرووپا" ڕێك ئێمە ئەو کاتە لە کۆبوونەوەکە دابووین کە ئەوەی لە تەلەفزیۆن باسکرد، ئەمە موداخەلەکردن بوو بۆ ئەو کۆبوونەوەیە. لەدەرەوە وەها موداخەلەیان دەکرد و لەناوەوەشدا بەرێگەی ئەو گرووپی چەتەگەر و خیانەتکارەوە موداخەلەیان دەکرد، تاکو ئەو کۆبوونەوەیە تێك بچێت. بەراستیش لەمێژووی تەڤگەری ئێمەدا یەکەمجارە شتێك کە سەرۆك خستبێتییە پێش تەڤگەر و نەبووبێت بە بڕیار، ئەمە یەکەمجار بوو. بەرلەوە هەموو کاتێك و جارێك هەرچییەکی دابووبێتە پێش تەڤگەر، ئەوا تەڤگەر کردوویەتی بەبڕیار، لەوانەیە لەپراکتیکدا پێکنەهاتبێت، یان کەم پێك هاتبێت، بەڵام کردوویەتی بە بڕیار، کەچی ئەوە یەکەمجار بوو لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو شتەی سەرۆك خستییە پێش تەڤگەر نەبووە بڕیار. ئیدی ئەو گرووپی خائین نەیهێشت ئەو بڕیارە وەربگیردرێت. کاتێك کە کۆبوونەوەکە بەمشێوەیە کۆتایی هات، چ ئامانجێکیان بەدەستخست؟ گووتیان:" کەواتە ئیدی حاکمییەتی سەرۆك لەسەر تەڤگەر نەماوە، ئەو کاتە ئێمە دەتوانین بەئاسانی ئەنجامگیر ببین، کەواتە "بۆتان" و "فەرهاد" و ئەوان بەهێزن و دەتوانن تەڤگەر بخەنە ژێردەستی خۆیانەوە، ئیدی ئەگەر ئێمە هەندێك هاوکارییان بکەین، ئەوا لە کۆنگرەدا دەتوانن تەڤگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە". "بۆتان" و "فەرهاد" و ئەوانیش وەها حیسابیان کردبوو، بینیان کە لەکۆبوونەوەکەدا نەیانهێشت ئەو بڕیارەی کە سەرۆك پێشنیازی کردووە، بدرێت. ئیدی گووتیان:" دەتوانین لەکۆنگرەشدا ئەنجامگیر ببین. دوای ئەو کۆبوونەوەیە تاکو سازدانی کۆنگرە کەوتنە نێو ئامادەکارییەکی بەمجۆرەوە، کە بتوانن لەکۆنگرەدا ئەنجامی تەواو وەربگرن. ئیدی کۆمیتەی ئامادەکاری بۆ سازدانی کۆنگرە ئاواکرا، ئەو کۆمیتەیەی ئامادەکاریش بەتەواوی بەگوێرەی ئەوان کاری کردووە، ئەو بەڵگانەی ئامادەشیان

کردبوو بۆ کۆنگرە بەتەواوی بەگوێرەی ئەوان ئامادەیان کردبوو. واتا بەپیلان و بەرنامە کاریان دەکرد. بۆیەش متمانە و باوەڕی ئەوەیان دابوو کە دەتوانن بەئاسانی لەکۆنگرەدا ئەنجام بەدەستبخەن.

بێگومان ئێمە خەتایەکمان کرد، ئەو خەتایە چیبوو؟ لەو کۆبوونەوەیەی کە لەساڵی (٢٠٠٢)دا ئەنجامماندابوو چووینە سەر ئەوان و رەخنەیانمان کردبوون، ئەوانیش لەمە تێگەیشتن و هەوڵیاندا رەخنە و چوونەسەر ئەوانی ئێمە پووچەڵ بکەنەوە، لەم رووەوە تاکتیکیان کرد، وەك بڵێی رەخنەیان پەسند کردبێت و رەخنەدانی خۆیان دا و لەمەدا ئێمەیان خەڵەتاند. لەبنەڕەتدا ئێمە لەو خاڵەدا کەوتینە خەتا (هەڵەوە)وە، واتا وەك ئەوە وایە تۆ مارێك بریندار بکەیت و نەیکوژیت، ئیدی ئەو مارە هاردەبێت. کۆبوونەوەی ساڵی (٢٠٠٢) وەهای لێهات، خەتاکە لەوێوە دەستی پێکرد. پێویستبوو ئێمە لەو تاکتیکەی ئەوان تێگەیشتبینایە، دەبووایە لەکۆبوونەوەکەدا و لەدوای کۆبوونەوەکەش بچووبینایە سەریان و بەتەواوی بێکاریگەرمان بکردبانایە، ئێمە ئەوەمان نەکرد. ئیدی لەوەدا خەتامان کرد. خەتای دووەمیش لەکۆبوونەوەی ساڵی (٢٠٠٢)دا کردمان، کە کۆبوونەوەکە کۆتایی هات، پێویستبوو ئێمە سەبارەت بەوان زانیاریمان بە سەرۆك دابایە، کە رەوشێکی وەها لەئارادایە، ئەگەر ئێمە زانیاریمان بە سەرۆك دابایە، لەوانەیە موداخەلەی سەرۆك زوو ئەنجام بدرابایە، لەوانەیە ئەو تەخریباتانەی کەوا پاشان تێیدا ژیاین، کەمتر روویدا بایە. بۆچی ئەو خەتایەمان کرد؟ چونکە سەرۆك لەنێو بەرخۆدان دابوو، هاتن و چوونی پارێزەران نەبوو، بۆیە ئێمە گووتمان:" ئێمە ناتوانین زانیاری بە سەرۆك بدەین، هەڵبەتە ئێمە بڕیارمان وەرگرتووە کە کۆنگرە سازبدرێت، سێ مانگ ماوە کە کۆنگرە ئەنجام بدرێت. سەرۆك لەدیدارێکیدا لەگەڵ پارێزەرەکانی گووتبووی:" ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی هەیە، ئەگەر کۆنگرە سازدرا با لە بەڕێوەبەرایەتیدا شوێن نەگرن با لە " کۆمیتەی زانست، رۆشنگەری، هونەر(٣)"دا شوێن بگرن" ئێمەش گووتمان:" هەرچۆنێك بێت کۆنگرە سازدەدرێت، هەڵبەتە ئەو بەڕێوەبەرایەتییەش دەگۆڕدرێت، ئیدی پێویست ناکات مەسەلەکە مەزن بکەین"، ئیدی لەمەدا کەوتینە نێو خەتاوە، هەرچەندە سێ مانگی مابووبێت بۆ کۆنگرە و بەڕێوەبەرایەتییەکەش بگۆڕدرێت، پێویستبوو ئەو رەوشەی کە دەرکەوتبوو، ئێمە بە

سەرۆكمان بگووتبایە. راستە بەرخۆدانی سەرۆك هەبوو، ئەگەر رەوشەكەمان بۆ پارێزەرانی روون بكردبایەوە، ئەوا لەوانەبوو بەرێگەیەك لەرێگاكان ئەو زانیارییانەیان بگەیەندبایە لای سەرۆك، ئەو كاتە سەرۆكیش دەیتوانی موداخەلەیەكی بكردبایە، لەوانەبوو ئەو تەخریباتە لەو ئاستەدا رووینەدابایە، ئیدی ئێمە لەمەدا خەتامان كرد.

وەكو تریش ئێمە كۆمیتەی ئامادەكاریمان ئاواكرد، تاكو ئەو كۆمیتەیە هەموو ئامادەكارییەكانی بۆ سازدانی كۆنگرە جێبەجێ بكردبایە. لە نەریتی تەڤگەری ئێمەشدا نەریتێكی وەها هەیە كە كۆمیتەی ئامادەكار هەموو شتێك ئامادە دەكات و كەسێكیش موداخەلەی كاری ئەوان ناكات، ئێمە گووتمان:" ئەوە كولتوور و نەریتێكی ئێمەیە، با دیسان هەروا بێت". بێگومان ئەو گروپە خیانەتكارە ئەو كولتوور و نەریتەیان پێشێل كرد، بەنهێنی كۆمیتەی ئامادەكاری بەرێوە دەبرد و دەستی لەكاروباری كۆمیتەكە وەردەدا، كۆمیتەی ئامادەكاریش بەتەواوی كەوتبووە ژێر كاریگەری ئەوانەوە و هەموو شتێكی بەگوێرەی ئەوان كرد. كاتێك كە ئێمە هاتینە كۆنگرەوە ئینجا لەو مەسەلەیە تێگەیشتین، واتا ئەوان بەپیلان و پرۆگرام ئامادەكارییان كردووە كە بەسەر كۆنگرەدا زاڵ بن، لەم رووەشەوە زۆر هەنگاویان هاوێشتووە. ئێمە كاری تەڤگەرمان بەرێوە دەبرد، ئەوانەش بۆ ئەوە كاریان كردووە كە چۆن بتوانن تەڤگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە، ئیدی سوودیان لەنزیكبوونەوە و خەتاكانی ئێمە وەرگرتبوو، ئەو ئامادەكارییانەیان كردبوو و خۆیان ئامادەكردبوو.

ئیدی گەل دەبێتە خاوەن سیستەمی خۆی...!!

دوای ئەوەی ئامادەکاری سازدانی کۆنگرەکە تەواو دەبێت، ئیدی کۆنگرەکە سازدەدرێت، ئەم کۆنگرەیە نۆیەمین کۆنگرەی تەڤگەرە، دووەمین کۆنگرەی (KADEK)ە کە تێیدا (KADEK) خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە و "کۆنگرەی گەلی کوردستان " دادەمەزرێت. بەگوێرەی ئەو مەسەلانەی بەر لەسازدانی کۆنگرە باستان لێیەوە کرد، کەشوهەوای نێو کۆنگرەکە چۆن بوو و ئەو مەیل و چەمکانەی دەرکەوتن چیبوون؟ ئەو رێنمایی و شرۆڤانەی سەرۆك ئاپۆ ناردبووی تاچەندە رەنگدانەوەی خۆی لەسەر کرنگرە هەبوو؟ ئەو کێشە و گرفتانەی دەبایە کۆنگرە چارەسەری بکردبایە تاچەند چارەسەریانی کرد؟

سەرۆك ئەو کەموکوڕی و هەڵانەی کە لە حەوتەمین و هەشتەمین کۆنگرەدا دەرکەوتبوون بینی و خواستی ئەوانە بەرێگەی "کۆنگرەی گەل"ەوە راستیبکاتەوە. کۆنگرەی گەل رێکخستەبوونی گەل بوو، چونکە ئێمە ئەو رێکخستەبوونەمان

هەڵوەشاندبووەوە(٤) بۆیە ستراتیژ و تاکتیك بەڕێوە نەدەچوو. ئیدی مۆدێلی "کۆنگرەی گەل"ی پێشخست و ئەمەی بەڕێگەی کۆنگرەی گەل ڕاستکردەوە، لەم ڕووەوە کۆنگرەی گەل گرنگ بوو. لەلایەکی دیکەشەوە لەبەر ئەوە گرنگ بوو کە لەبەرامبەر پرۆژەی ئەمریکا پرۆژەیەکی بۆ گەلان پێشدەخست، کۆنگرەی گەل یش ئەو پرۆژەیە بوو.

بێگومان گروپی خیانەتکار، بەرێگەی پەیوەندی خۆی بەدەرەوە، پەیوەندی خۆیان لەگەڵ پیلانگێڕان دروستکردبوو، دەیانخواست ئەو پرۆژەیە پووچەڵ بکەنەوە، ئەو هەنگاوەی کە سەرۆك بۆ گەلان دەیهاوێشت، دەیانخواست پووچەڵی بکەنەوە. وەکوتریش دەیانخواست ئەو هەنگاوە بکەنە هەنگاوی باڵادەستبوون بەسەر تەڤگەر. ئەو ئامادەکارییانەی کە کردبوویان، بەتەواوی لەسەر ئەو بنەمایە بوو. بۆیە کاتێك کە جڤاتی گشتی کۆنگرەی گەل کۆبووەوە (یەکەمین کۆنگرەی خۆی کرد)، ئێمە بینیمان دۆخەکەیان شێواندووە، ئیدی کاری خۆیان بەئاشکرا بەڕێوە دەبرد، باوەڕیان بەخۆیان هەبوو کە ئەنجام دەگرن، بۆیەش ئیدی بەئاشکرا کاری خۆیان دەکرد، کولتوور و ئەخلاقی تەڤگەریان بەتەواوی خستبووە لایەکەوە. ئیدی کاری خۆیان بێباکانە و بێپەروا بەڕێوە دەبرد، زۆر شێوازیان بەکارهێنا بۆ ئەوەی ئەنجام بەدەستبخەن. لەو باوەڕەش دابوون کە ئەنجام دەگرن. دەیانخواست بەرلەوەی جڤاتی گشتی کۆببێتەوە ئەنجام بگرن و بەمشێوەیە بکەونە نێو جڤاتی گشتی هەموو کار و ئامادەکارییەکانی ئەوان لەسەر ئەو بنەمایە بوو. بەر لەوەی جڤاتی گشتی کۆببێتەوە، ئێمە دوا کۆبوونەوەی مەرکەزیمان دوو ڕۆژ بەر لەسازدانی کۆنگرە سازدا. ئەو کۆبوونەوەیەشمان بۆچی سازدا؟ چونکە بینیمان ئەو بەڵگانەی کە کۆمیتەی ئامادەکار بۆ کۆنگرە ئامادەی کردووە، زۆر شتی هەڵە و لەدەرەوەی خەتی تەڤگەری تێدایە. ئێمە گووتمان:" با ئەوانە ڕاست بکەینەوە و گفتوگۆی لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی لە جڤاتی گشتی دا زێدە گفتوگۆی لەسەر نەکرێت، تاکو جڤاتی گشتی نەکەوێتە ژێر مەترسییەوە". چونکە زۆر کەسی نوێ هاتبوون تەڤلی دەستەی گشتی ببوون، زێدە تەڤگەریان نەدەناسی، زێدە جڤاتی گشتییان نەدەناسی، ئێمە گووتمان:"بەر لە کۆنگرە هەندێك لەو مەسەلانە چارەسەر بکەین، بۆ ئەوەی لەوێ زێدە کێشە دروست نەبێت و کاریگەری خراپ دروست نەکات، تەنانەت بۆ ئەوەی پارچەبوون دروست نەبێت، بۆیە ئەو کۆبوونەوەیەمان سازدا.

هەروەها ئێمە نیازی ئەوانمان بینی و بەو شێوازانەی بەڕێوەیان دەبرد، دەبینرا کە دەخوازن بەر لە کۆنگرە ئەنجام بەدەست بخەن و بەو شێوەیە بکەونە نێو جڤاتی گشتییەوە. واتا بەرلەوەی جڤاتی گشتی دروست ببێت مەسەلەکان تەواو بکەن و کۆنگرە بخەنە دەستی خۆیانەوە. ئیدی بۆ ئەوەی ڕێگیری لەمە بکەین ئەو کۆبوونەوەیەمان سازدا، ئێمە لە کۆبوونەوەکەدا هەندێك گفتوگۆمان کرد، لە کۆتایی کۆبوونەوەکە دابوو، من بینیم "بۆتان" ـ بێگومان پێشتر لەنێوان خۆیاندا قسەیان کردووە و خۆیان ئامادە کردووە ـ هەڤاڵ "قەرەسوو"ی کردە ئامانج و یەکسەر هەندێك قسەی لەدژی ئەو هەڤاڵە کرد، هەم بەبێ هۆکار، هەمیش ئاخافتنی گران بوون، کە ئاخافتنی دەرەوەی ئەخلاق و کولتوور و شێوازی ئێمە بوون، ئەمە وروژاندن (تحريض)ێك بوو. بێگومان لەبەر ئەوەی لە مەسەلەکە تێگەیشتین، ئێمە نەمانهێشت ئەو وروژاندنە ڕووبدات. کە بینیان بەو شێوازە ئەنجام بەدەستناخەن، مەسەلەی شەهیدبوونی هەڤاڵ "گولان"یان خستە ڕۆژەڤەوە، گووتیان:" پێویستە ئەو سێ کچانە نەکەونە کۆنگرەوە، ئەگەر ئەوان بکەونە کۆنگرەوە ئەوا ئێمە ناکەوینە کۆنگرەوە..." بەمشێوەیە هەڕەشەیان لە کۆنگرە کرد، ئەوانە دەیانخواست سوود لە هەستیارێتی دۆخەکە وەربگرن و وامەزندەیان دەکرد کە؛ ئەگەر ئەو هەڕەشەیەیان کرد، ئەوا ئێمە هەنگاو بۆ دواوە دەهاوێژین، بۆ ئەوەی کۆنگرە نەکەوێتە ژێر مەترسییەوە. بەمەش داخوازی ئەوان پێك دەهێنین، کە ئەو داخوازییەی ئەوانمان پێکهێنا، ئەوا دەتوانن تاکتیکی خۆشیان بەڕێوە ببەن. تاکتیکی ئەوان چی بوو؟ بەگوێرەی چەمك و ڕوانینی ئەوان ئێمە و هەڤاڵانی کچ ڕێککەتووین، پێویستە ئەوان ئەو ڕێککەوتنە تێك بدەن. تاکو بتوانن ئەنجام بگرن، بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتنە تێك بدەن پێویستە ئێمە و هەڤاڵانی کچ بەگژیەکدا بدەن. بۆ ئەو مەبەستەش بەو شێوەیە شەهیدبوونی هەڤاڵ "گولان"یان خراپ بەکارهێنا. کاتێك کە بینیان ئەو هەڕەشە و گوشارەی ئەوان بەڕێوە ناچێت سەرناگرێت، چونکە کاتێك ئەو گوشارەیان کرد منیش گووتم:" ئیدی من بەراستی نازانم ئەو کۆبوونەوەیە بەمشێوەیە بەردەوام بکات، کێ ئەو کۆبوونەوەیە بەردەوام دەکات با بیکات" و من لە کۆبوونەوەکە دەرچووم، کاتێك کە منیش دەرچووم هەندێك لە هەڤالانی دیکەش بەدوای مندا دەرچوون، بەمشێوەیە کۆبوونەوەکە کۆتایی

هات. بۆیە تاکتیکی ئەوان تێکچوو، لەبەر ئەوەی تێکچوو ئەمجارەیان تاکتیکێکی دیکەیان بەڕێوە برد؛ "بۆتان" و "فەرهاد" و ئەوان چوونە شوێنێك کۆبوونەوە و بڕیاریان وەرگرت کە" بەشداری لەکۆنگرەدا ناکەین تا داخوازییەکانی ئێمە جێبەجێ نەکرێت". هەڕەشە و گوشارێکی وەهایان کرد. خواستیان بەمشێوەیە کەسانی بێلایەنیش بکەنە لایەنگری خۆیان. ئیدی "ئەکرەم"ێك هەبوو، گووتی:" ڕەوش مەترسیدارە، "بۆتان" و "فەرهاد" و ئەوان دەڵێن؛ ئەگەر داخوازییەکانمان جێبەجێ نەکرێت ئەوا ئێمە بەشداری لە کۆنگرە ناکەین، بۆیە ڕەوشەکە مەترسیدارە..." منیش گووتم:" ئەگەر بەشداری کۆنگرە دەبن با ببن، ئەگەر بەشداریش نابن با هەر بەشدار نەبن، هیچ ئیشی من پێی نییە" بە ئاشکرا لەسەر کۆنگرە هەڕەشە و مەترسی هەیە و گێرەشێوێنییەك پەرەپێدەدەن، ئەمەش پەسند ناکرێت، من گووتم:" ئەگەر وەها بێت ئەوا ئەو کۆنگرەیە ئەنجام نادرێت و منیش خۆم بەشداری ئەو کۆنگرەیە نابم" کاتێك کە بینیان من ملکەچی بۆ هەڕەشە و گوشارەکانی ئەوان ناکەم، گووتی:" من دەچم لەگەڵ کۆمیتەی ئامادەکار قسە دەکەم" منیش گووتم:" بڕۆ قسەیان لەگەڵ بکە" گووتی:" من دەخوازم لەگەڵ هەڤاڵانی کچ قسە بکەم" گووتم:" دەخوازیت لەگەڵ کێدا قسە بکەیت بڕۆ قسەی لەگەڵدا بکە، هیچ ئیشی من پێی نییە" بێگومان ئەو "ئەکرەم"ە چووە لای کۆمیتەی ئامادەکار، ئەوانەی نێو کۆمیتەی ئامادەکاریش، کە لەگەڵ ئەواندا بوون، هاتن گووتیان:" ئەگەر تۆ بەشداری کۆنگرە نەکەیت نابێت، خەڵك کۆبووەتەوە، ئەمە باش نابێت، پێویستە تۆ بڕیاری خۆت بگۆڕیت" من پێداگریم کرد، ئیدی گووتیان:" با ئێمە کۆبوونەوەیەك سازبدەین و بڕیارێك وەربگرین، تا ئێمە بڕیارێك وەردەگرین تۆ هیچ بڕیارێك وەرمەگرە" منیش گووتم:" من چاوەڕێی بڕیاری ئێوەم" ئەوانیش دەچن لەنێوان خۆیاندا قسە دەکەن و لەگەڵ هەڤاڵانی کچ قسە دەکەن، بە هەڤاڵانی کچ بەپەسند کردن دەدەن کە ئەو سێ هەڤاڵە کچانە بەشداری لە کۆنگرە نەکەن، بەمشێوەیە داخوازی "بۆتان" و "فەرهاد" جێبەجێ دەکەن، دەچنە لای ئەوانیش و پێیان دەڵێن:" ئەوا داخوازی ئێوەمان پێکهێنا" و هاتنە لای من و گووتیان:" مەسەلەکە چارەسەر بوو" گووتم:" چۆن چارەسەرتان کرد؟" گووتیان:" ئیدی ئەو سێ کچانە بەشداری لە کۆنگرە ناکەن، ئێمە بەو شێوەیە چارەسەرمان کردووە" منیش

گووتم:" بەگوێرەی خۆتان چارەسەرتان کردووە، بەگوێرەی تێڕوانینی منیش مەسەلەکە چارەسەر نەبووە، من ئەمە پەسند ناکەم و بەشداری کۆنگرەش نابم و من دەڕۆم" بێگومان کە بینیان من جددیم. زۆر گفتوگۆمان کرد، هەڤالانی دیکەش هاتن گووتیان:" بۆ ئەوەی کۆنگرە بە سەلامەتی دەرباز ببێت و ئەمەش دژ بە تەڤگەر بەکار نەهێنن پێویستە تۆ بەشداری کۆنگرە ببیت" لەسەر ئەو بنەمایە گووتم:" بۆ خاتری ئەوەی کۆنگرە سەلامەت بەڕێوە بچێت من دەمێنمەوە و بەشداری کۆنگرە دەبم".

واتا پێش ئەوەی بچینە کۆنگرەوە، بەو شێوەیە پراواکسیۆن و هەڕەشە و گوشاریان دەکرد، تاکو بتوانن ئەنجام وەربگرن. واتا کەشێکی گرژ و بارگراویی کراویان دروستکرد، پروپاگەندە و رێکخستەکردنیان ئەنجام دەدا، دەیانگووت:" لەنێو تەڤگەر دوو لایەن هەیە، یەکەمیان: خەتی سەرۆك بەبنەما وەردەگرێت، دووەمیشیان: خەتێکە لەدژی خەتی سەرۆك رادەوەستێت. ئیدی بەخۆیان دەگووت:" ئێمە خەتی سەرۆك بەبنەما وەردەگرین و ریفۆرمخوازین و گۆڕانکاری دەخوازین" بەئێمەشیان دەگووت:" ئەمانە دۆگماتیك و چەقبەستوون و ناخوازن گۆڕانکاری ئەنجام بدرێت" پروپاگەندەیەکی بەمجۆرەیان پێشدەخست، لەسەر ئەو بنەمایەش خۆیان رێکخستە دەکرد. ئەوانەی نەکەوتبایەتە ژێر کاریگەری ئەوانیشەوە، دەیانخواست تۆمەتباری بکەن و فشاری بۆ بێنن و بەمشێوەیە بێکاریگەری بکەن و ئەنجام بەدەستبخەن.

لەبنەڕەتدا ئامانجی ئەوان سەرۆك بوو، نەك ئێمە. بەڵام نەیاندەتوانی بەئاشکرا لەدژی سەرۆك رابوەستن و بیانگووتبایە:" لەدژی سەرۆك و خەتی سەرۆکین و پەسندی ناکەین". چونکە کادیران و گەل پەیوەستی سەرۆکن، ئەگەر بەمشێوەیان بگووتبایە، ئەوا لەسەرەتاوە ئیفلاسیان دەکرد و نەیاندەتوانی کەسێك بخەڵەتێنن و ئەنجام بەدەست بخەن. بۆ ئەوەی هەرکەس بخەڵەتێنن و ئەو شتەی دەشیکەن کەس لێی تێنەگات خۆیان لەپشت سەرۆك دەشاردەوە، خۆیان وانیشان دەدا کە دەخوازن لەسەر خەتی سەرۆك بەڕێوە بچن، ئێمەشیان وانیشان دەدا کە لەدژی خەتی سەرۆکین، بەمەش کاردانەوەی کادیران و گەل لەبەرامبەر ئێمە دروست بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو کاردانەوەیە رێکخستە بکەن و رێکخستن لەژێر کۆنترۆڵی ئێمە دەربخەن و بیخەنە دەستی خۆیانەوە، کە رێکخستنیشیان خستە دەستی خۆیانەوە، هەڵبەتە دەتوانن ئیشی سەرۆك بەئاسانی

تەواو بکەن. ئەگەر ئێمەیان دەکردە ئامانج بۆ ئەو مەبەستە بوو. چونکە دەیانزانی تاکو ئێمە بێکاریگەر نەکەن ئەوا ناتوانن ڕێکخستن بخەنە دەستی خۆیانەوە، بۆ ئەوەی ڕێکخستن بخەنە دەستی خۆیانەوە، دەیانخواست سەرەتا ئێمە بێکاریگەر بکەن، ئەو پروپاگەندانە و لەیستۆکانەیان بۆ ئەو مەبەستە دەکرد، تاکو کەس لەرەوشی ئەوان تێنەگات و هەموو کەسێك بخەڵەتێنن و ئەنجام بگرن.

پێشتریش من باسم لێیەوە کرد کە لە پیلانگێڕی شەهیدکردنی هەڤاڵ "حەقی قەرار"دا چۆن لەناوەوەی ئێمە و دەرەوەی ئێمەدا دەستیان لەگەڵ یەکتر تێکەڵاو کردبوو و هەڤاڵ "حەقی قەرار"یان شەهید کرد، دوای ئەوەی شەهیدیشیان کرد دەیانگووت:" ئێمە حەقیجین" بەمەش دەیانخواست ڕاستینەی خۆیان بشارنەوە و ڕێکخستن بخەنە دەستی خۆیانەوە، ئەوانەش هەمان تاکتیکیان بەڕێوە دەبرد. بێگومان تێگەیشتنی بەردەوام لەو تاکتیکە و ئاشکراکردنی شتێکی هەروا ئاسان نەبوو. هەروەها ئەوانە خیتابی لاوازییەکانی مرۆڤیان دەکرد، خیتابی مەیلی ئەوانیان دەکرد، بەمەش دەیانخواست هەموو لاوازییەکانی کادیر لەدژی کادیر و تەڤگەر بەکاربهێنن و بۆخۆیان بەکاری بهێنن و بەمەش ئەنجامگیر ببن. ئیدی گفت و بەڵێنی زۆریان بەوان دەدا و دەیانگووت:" ئەگەر ئێمە بووینە ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی ئەوا هەندە شتەتان بۆ دەکەین و ئێوە دەنێرینە فلان شوێن و نازانم بۆ ئێوە چ دروست دەکەین..." سیاسەتمەدارانی چینی باڵادەستیش بۆ ئەوەی گەلانی خۆیان بخەڵەتێنن هەزار درۆی وەها دەکەن، ئەوانەش بەهەمان شێوە ئەو شێواز و ئوسلوبەیان بەڕێوە دەبرد. بێگومان زۆر کەس لەدۆخێکی وەهادا کە پراواکەیان کردبوو و ڕاستی و چەوتیان تێکەڵ یەکتر کردبوو، چ ڕاستە و چ هەڵەیە نەیاندەتوانی لەیەکتری جودا بکەنەوە. ئەوانە بەئەنقەست دۆخێکی وەهایان دروستکردبوو، بۆ ئەوەی بتوانن لەو دۆخە ئاڵۆزەدا بەئاسانی ئەو پیلانگێڕییەی بەڕێوەی دەبەن بیگەیەننە ئەنجام و ئەنجامگیر ببن، لەنێو ئاتمۆسفێرێکی بەمجۆرەدا ئێمە چووینە نێو کۆبوونەوە (کۆنگرە)ی جڤاتی گشتییەوە.

بێگومان لە کۆبوونەوە (کۆنگرە)ی جڤاتی گشتیدا نیازی ئەوان زیاتر ئاشکرا بوو، سەرۆك گووتبووی:" ئەگەر کۆنگرە سازدرا، با هەڤاڵانی بەڕێوەبەرایەتی ئێستا بەشداری لە بەڕێوەبەرایەتی نوێدا نەکەن"، ئێمەش لە کۆبوونەوەی ناوەندی خۆماندا ئەو

بڕیارەمان وەرگرتبوو، من لەسەر ئەو بنەمایە لە راگەیاندندا ریپۆرتاژێکیشم لەگەڵدا کرابوو، لەو ریپۆرتاژەدا گووتبووم:" ئەگەر کۆنگرە سازبدرێت ئێمەی هەڤاڵانی کۆن ناگەوینە نێو بەڕێوەبەرایەتی نوێوە" ئەوە تەدبیرێك بوو، هەم ئامادەکردنی گەل بوو، هەمیش تەدبیرێك بوو، من بینیم کە "فەرهاد" و "بۆتان" و ئەوان دەخوازن ئەو بڕیارە خراپ بەکار بهێنن و پێشێلی بکەن و ئێمە ئەو بڕیارە پێك بهێنین و ئەوانیش پێکینەهێنن و لە بەڕێوەبەرایەتی نوێشدا بمێننەوە، هەڵبەتە بەنهێنی لەیستۆکێکی بەمجۆرەشیان پێشدەخست. ئێمە چۆن بەو مەسەلەیەمان زانی؟ ئەو هەڤاڵانەی کە لە ئەورووپاوە لەناو گەل هاتبوون، لەگەڵ هەندێکیان قسە و باسیان کردبوو و گووتبوویان:" لەبەڕێوەبەرایەتی کۆندا با "فەرهاد" و "بۆتان" و هەروەها "رەمزا ئاڵتون" بمێننەوە، با ئەوانی دیکە نەمێننەوە، ئەگەر هەموو هەڤاڵە کۆنەکان لەبەڕێوەبەرایەتیدا نەمێنن باش نابێت..." شەخسی خۆیان بەوان بە پەسندکردن دابوو، هەندێك پڕوپاگەندەشیان کردبوو. بێگومان ئەو کەسانەی کە لە ئەورووپا هاتبوون بەمنیان گووت:" پێویستە تۆش لە بەڕێوەبەرایەتیدا بمێنییەوە" من گووتم:" بۆچی من بمێنمەوە؟ تەعلیماتی سەرۆك لەبەرچاوانە، بڕیاری ئێمە لەبەرچاوانە، ریپۆرتاژەکەی من لەبەرچاوانە، ئەخلاقێکی ئێمە هەیە، ئێمە ناتوانین ئەوانە هەمووی ژێرپێ بکەین" بەڵام من دەرکم بەوە کرد کە مەسەلەکە ئەوە نییە کە دەخوازن من لە بەڕێوەبەرایەتیدا بمێنمەوە، مەسەلەکە ئەوەبوو کە ئەوانە لەیستۆك دەکەن و دەخوازن لە بەڕێوەبەرایەتیدا بمێننەوە، دەخوازن هەڵوێستی ئێمە لەم بارەیەوە بزانن، بۆ ئەوەی تەدبیر وەربگرن، بۆ ئەوەی هەڵوێستی ئێمە تێبگەن ئەو قسانە دەکەن. ئەو کەسانەش بەو شێوەیە بۆ ئامانجەکانی خۆیان بەکاردەهێنن. کاتێك کە بینیم رەوشەکە بەمجۆرەیە، منیش لە جڤاتی گشتیدا ئەوەم ئاشکرا کرد و گووتم:" بڕیاری سەرۆك و تەڤگەر ئەوە بوو کە هەڤاڵانی بەڕێوەبەرایەتی کۆن لە بەڕێوەبەرایەتی نوێدا جێنەگرن. بەڵام بەداخەوە وادیار دەبێت کە هەندێك لە هەڤاڵان دەخوازن ئەو بڕیارە پێشێل بکەن" بەمشێوەیە ئەوەمان ئاشکرا کرد. من بەئەنقەست ئاشکرام کرد، بۆ ئەوەی دەست لەو کارەیان بەربدەن. هەروەها دوای ئەوەی من ئەو قسەیەم کرد "فەرهاد" هەڵسا و گووتی:" ئەو بڕیارە کاتی (KADEK) وەرمانگرتووە، هەڵبەتە

ئێستاش (KADEK)مان هەڵوەشاندۆتەوە، بۆیە ئەم بڕیارە بڕیارێکی بەسەرچووە" بەمشێوەیە نیازی خۆی ئاشکرا کرد، دیسانیش من بینیم کە ناخوازن دەستبەرداری ئەوە ببن، بۆیە من ئاخافتنێکی دیکەم کرد و گووتم:" پێویستە ئەو هەڤالانەی دیکەش لە بەڕێوەبەرایەتیدا بمێننەوە، ئەو هەڤالانەی کە بڕیاریان دابوو نەکەونە بەڕێوەبەرایەتی نوێوە، پێویستە لەبەڕێوەبەرایەتیدا بمێننەوە" ئیدی هەڤالان "عەباس و جەمال و... هتد" دوای ئاخافتنی من لە بەڕێوەبەرایەتیدا مانەوە. ئەگەر وەها نەبایە، ئەوا ئەو هەڤالانەش بەگوێرەی تەعلیماتی سەرۆك و بڕیاری ئێمە خۆیان لە بەڕێوەبەرایەتیدا دەکشاندەوە و نەدەکەوتنە نێو بەڕێوەبەرایەتییەوە. چونکە من بینیم کە ئەگەر ئەو هەڤالانە لە بەڕێوەبەرایەتیدا نەمێننەوە، ئەوا تەنیا ئەوان دەمێننەوە، ئەگەر هەموو هەڤالان لە بەڕێوەبەرایەتیدا دەربکەون و تەنیا ئەوان (گروپەکەی فەرهاد و بۆتان) بمێننەوە ئەوا تەڤگەر بەتەواوی دەکەوێتە دەستی ئەوانەوە، بۆ ئەوەی ئەمە روونەدات، بە هەڤالانم گووت:" پێویستە ئێوە بمێننەوە" هەڤالانیش بەو شێوەیە مانەوە. لێرەدا لەیستۆکی ئەوان کەمێك خراپ بوو. لەپاشاندا کاتێك کە هەڵبژاردن ئەنجام درا، "فەرهاد" و "بۆتان" دەچن دەبینن لەوانەیە خۆیان لەهەڵبژاردنەکەدا بەسەرنەکەون، بۆیە دیسان پراواکسیۆنێکی دیکەیان کرد؛ هەردووکیان نامەیەکیان نووسیبوو کە گوایە:" ئێمە ئیستقالە دەکەین" و بۆ هەڤاڵ "زوبێر ئایدار"(٥) یان ناردبوو، هەڤالان هاتن بەمنیان گووت، منیش گووتم:" ئەگەر ئیستقالە دەکەن با بیکەن" هەڵبەتە ئەوەش گوشار (شانتاژ)ێك بوو، هەڕەشەیەك بوو، پاشان وادیارە هەڤاڵ "زوبێر" و ئەوانیش چووبوون قسەیان لەگەڵدا کردبوون، بەو شێوەیە دەستبەرداری ئەو کارە ببوون. لەئاکامی هەڵبژاردنەکاندا ئەوانیش بۆ بەڕێوەبەرایەتی دەرچووبوون، ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی کە دروست بوو بەزۆری لەوان دروست ببوو. بێگومان کاتێك کە بینیان بەڕێوەبەرایەتی بەزۆری لەگروپی خۆیانە، ئەوا بەگوێرەی خۆشیان ئەرك و کاریان دابەشکرد. ئیدی گووتیان:" ئیدی ئێمە ئەنجامگیر بووین و کەس نەماوە موداخەلەیەك بکات" گەیشتبوونە ئەو قەناعەتە، چونکە ئەوانە چ حیساباتێکیان دەکرد؟ دەیانگووت:" ئەگەر لە کۆنگرەدا هەندێك کەس بیانخواستبایە شتێکیان بکردبایە ئەوا دەیانکرد، ئیدی کۆنگرەش تەواو بوو،

بەڕێوبەرایەتیش بەزۆری لەدەست ئێمە دایە، بەگوێرەی خۆشمان ئەرك و كار دابەش دەكەین، ئیدی مەسەلەكە تەواو بوو..." ئەوانە حیسابی وەهایان دەكرد. بێگومان كاتێك كە ئێمە هاتینە كۆنگرە و ئەو دۆخەمان بینی، كە كۆنگرەش دەستپێكرد و لەیستۆكی ئەوانیشمان بینی، ئەو كاتە من چیم بەهەڤالان گووت؟ پێمگووتن:" ئێمە رووبەڕووی مەترسیەكی مەزن بووینەتەوە، یان دەبێت ئێمە تەڤگەر تەسلیمی ئەوان بكەین، یانیش دەبێت ئێمە لەدژی ئەوان رابوەستین، ئەو كاتە پارچەبوون لەكۆنگرەدا روودەدات. هەم تەسلیمكردن و هەمیش پارچەكردن هەردووكیان مەترسیدارن. چونكە ئەوان لەهەردوو رێگا یەكێكیان دەخەنە پێش ئێمەوە، دەزانن كە هەستیارێتی و پەیوەستبوونی ئێمە بۆ تەڤگەر هەیە، بەمشێوەیە پارچەبوون پەسند ناكەین، ئەو كاتە ئێمە تەڤگەر تەسلیمی ئەوان دەكەین. ئەوانە حیساباتێكی وەهایان دەكرد. ئێمە رێگەی پارچەبوون نادەین، ئێمە ملكەچی ئەوان دەبین... حیساباتێكی بەمجۆرەیان كردبوو، بۆیە من بە هەڤالانم گووت:" هەردووكیشیان مەترسیدارە، با وریا بین بۆ ئەوەی پارچەبوونێك روونەدات، هەروەها با ئێمە زیاتر لەدژی ئەو شتانە بین كە زۆر مەترسیدارن، بەو شێوەیە كۆنگرە بەسەلامەتی تەواو ببێت، ئەگەر ئەوانە دەستبەرداری ئەو كارەیان نەبوون، ئەوا ئێمە پاشان دەتوانین موداخەلە بكەین، هەندێك خراپەكاری روودەدات، بەلام مەترسی دروست نابێت، هەڤالانیش ئەوەیان پەسند كرد. ئیدی ئەوانە دەیانگووت:" ئەوان لە كۆنگرەدا رێی پارچەبوونیان نەدایە بەرچاو، چونكە ئەگەر وابووایە ئەوا ئەوەیان بەسەر ئێمەدا دەسەپاند، كەواتە لەمەودوا شتێكی دیكە بیكەن نەماوە، تەڤگەریش بەقورسایی لەدەست ئێمە دایە، ئیدی دەتوانین بەئاسانی وەكو خۆمان دەمانەوێت بیكەین و مەزنەدەش ناكەین كەوا هیچ موداخەلەیەكی دیكە بكرێت و مەسەلەكە كۆتایی هات..."

بێگومان دوای ئەوەی كۆنگرەی جڤاتی گشتی دامەزراندنی " كۆنگرەی گەل" تەواو بوو، بەڕێوەبەرایەتی نوێش كۆبووەوە، من بە "فەرهاد" و "بۆتان"م گووت:" ئەوەی روویدا ئەوە روویدا، پێویستە هەموو شتێك لەم دۆڵەدا بمێنێتەوە، لێرە نەچێتە دەرەوە، پێویستە ئێوە دەست لەو كارە بەردەن، ئەگەر دەست بەرنەدەن ئەوا پەسند ناكرێت" هەروەها گووتم:" ئێوە كۆبوونەوە دەكەن پێویستە هەستیارێتی تەڤگەر

لەبەرچاو بگرن" هەردووکیشیان گووتیان:" ئەوانەی تۆ دەیڵێیت راستن، ئێمەش هەر بەمجۆرە بیردەکەینەوە" کۆبوونەوەیان دەستپێکرد، لە کۆبوونەوەکەدا پشوویێکیان دا، من لەهەڤاڵانم پرسی، لەهەڤاڵ جەمال (موراد کارایلان) و هەڤاڵ عەباس (دوران کالکان) و ئەوانم پرسی گووتیان:" بەردەوامن لەسەر کار و پیلانی خۆیان" هەروەها گووتیان:" دەخوازن ئێمەش بەتەواوی بێکاریگەر بکەن" کە کۆبوونەوەکە تەواو بوو و هەر کەس چووە سەرکاری خۆی، بێگومان زۆر بیرم کردەوە، سێ شەو و سێ رۆژ من گفتوگۆم لەگەڵ خۆمدا کرد، دوای ئەو گفتوگۆیەم لەگەڵ خۆمدا من بڕیارمدا کە موداخەلە بکەم. کاتێك من موداخەلەم کرد. کەس لێی ئاگادار نەبوو، من ئەو بڕیارەم بەتەنیا وەرگرت.

ئیدی کاتێك من دەستم بە موداخەلەکردن کرد، بینیان ئەو تەڤگەرەی کە دەیانگووت:" ئێمە خستوومانەتە دەستی خۆمانەوە" واخەریکە لەدەست ئەوان دەردەچێت، ئەو کاتە تێگەیشتن کە هەروا ئاسان نییە تەڤگەر بکەوێتە دەستی ئەوانەوە. هەڵبەتە ئەو کاتە "کانی یلماز" گووتبووی:" ئەگەر ئەو "جومعە" ئەو موداخەلەیەی نەکردبایە، ئەوا ئیشەکەی ئێمە سەریگرتبوو و تەواو ببوو، ئیدی کە موداخەلەی کرد ئیشی ئێمەی تێکدا" ئەمە راستە. بۆ ئەوەی ئەو موداخەلەیەی من کردبووم پووچەڵی بکەنەوە، هەندێك شێوازیان بەکارهێنا. تەنانەت هەڕەشەی کوشتنیان لێکردم، لەدژی من زۆر پروپاگەندەیان کرد، تاکو بتوانن فشار و گوشارێك دروستبکەن بۆ ئەوەی دەستبەرداری ئەو کارە ببم، هەموو شێوازێکیان بەکارهێنا. بەڵام کە بینیان من هەر بەبڕیارم، واتا هەرچییەکیش بکەن من هەنگاو بۆ دواوە ناهاوێژم. ئەمجارە خواستیان بەرێگەی هەڤاڵانی کچەوە؛ هەم تاکتیکی خۆیان بەڕێوە ببەن، هەمیش ئێمە بێکاریگەر بکەن. بەڵام ئەوە سەرینەگرت. واتا هەڤاڵانی کچ بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و لەدژی ئێمە بەکاریان بهێنن، بۆ ئەوەی ئێمە بێکاریگەر بکەن، هەم بەخۆیان زانیارییان بۆ سەرۆك دەنارد، هەمیش بەناوی هەڤاڵانی کچەوە و بەرێگەی ئەوانەوە، ئەو کچانەی لەگەڵ گروپی ئەواندا بوون، زانیارییان بۆ سەرۆك دەنارد، تاکو بتوانن کاریگەری لەسەر سەرۆکیش بکەن. سەرەتا خواستیان بەرێگەی هەڤاڵانی کچەوە ئێمە بێکاریگەر بکەن، بۆ ئەمەش لە موسڵ کۆبوونەوەیەکیان سازدابوو، بڕیاریان وەرگرتبوو، کە من و هەڤاڵ

"عەباس" ناچار بکەن دەستبەرداری تەفگەر و ئەرکی تەفگەر ببین، دەخوازن ئەو بڕیارە بکەنە بڕیاری تەواوی هەڤالانی کچ، کە گوایە تەفگەری ژن و "بۆتان" و "فەرهاد" هەموویان پێکەوە بێنە سەر ئێمە و ئێمە بێکاریگەر بکەن. بێگومان ژنان ئەو بڕیارەی ئەوانیان پەسند نەکردبوو، کاتێك کە دەبووایە ئێمە کۆبوونەوەیەك ئەنجامبدەین، پێش سازدانی ئەو کۆبوونەوەیە ئەوان ئەو ·بڕیارەیان وەرگرتبوو و ئەو کارەیان کردبوو، لەلایەکی دیکەشەوە بەر لە کۆبوونەوەکە "ئەکرەم" خواستی بەرێگەی هەندێك لەهەڤالان، پاسەوانەکانی منیش لە من دوور بخاتەوە. چونکە ئەو هەڤالانە تێنەدەگەیشتن کە مەسەلەکە چییە، دەیانخواست سوود لە نیازپاکی ئەو هەڤالانە وەربگرن و پاسەوانەکانی ئێمە لە ئێمە دوور بخەنەوە، بەو هەڤالانەی گووتبوو:" هێزی عەسکەری لە دەوروبەرمان هەیە، ئەو پاسەوانانە قەرەباڵغی دروست دەکەن، با پاسەوانەکان لێرە دوور بکەونەوە باشترە." ئەو هەڤالانەش بە نیازپاکی خۆیان هاتن بە منیان گووت:" لێرە هێزی عەسکەری هەیە، پێویست بەپاسەوانی نزیك ناکات، ئیتر ئێرە زۆر قەرەباڵغ دەبێت با ئەو پاسەوانانە لێرە دەربکەون باشترە" بێگومان زانیم ئەمە فیتی "ئەکرەم"ە، دەشمزانی کە ئامانجیان چییە. منیش بەو هەڤالانەم گووت:" ئەمانە پاسەوانی ئێمەن، ئەگەر من بە پاسەوانەکانم بڵێم:" لێرە بڕۆن" ئەوا پاسەوانەکانم منیش لەگەڵ خۆیان دەبەن، ئەگەر من لێرە بمێنم ئەوا پاسەوانەکانیش لێرە دەمێننەوە" من پێمگووتن:" تۆ بەوە دیارە بەمن دەڵێیت لێرە برۆ". ئەو هەڤاڵە گووتی:" من شتێکی وەها نالێم". گووتم:" تۆ دەڵێیت: با پاسەوانەکانی من ئێرە بەجێبهێڵن و دەربچن؟! نا من بەجێناهێڵن و لێرە ناچن" کاتێك من وەهام گووت:" ئەو کاتە ئەو هەڤالانە تێگەیشتن کە لە ژێرەوەدا شتێك هەیە، ئیدی ئەو هەڤاڵە بێدەنگ بوو. بۆچی وەهایان دەکرد؟ کاتێك کە ئێمە کەوتینە کۆبوونەوە بە من و هەڤاڵ "عەباس" بڵێن دەست لەئەرك بەربدەن، دەزانن کە ئێمە دەست لەئەرك بەرنادەین، بە چەك و بەزۆرەملێیی وامان لێبکەن کە ئێمە ئیستقالە بکەین، ئەگەر پاسەوانەکانی ئێمە لەوێ بن ئەوا ناتوانن ئەمە لەبەرامبەر ئێمە ئەنجام بدەن، بۆیە دەخوازن پاسەوانەکان لەئێمە دوور بخەنەوە، تاکو چەك بخەنە سەر سەرمان و گوایە بەزۆرەملێیی تەفگەر لەدەست ئێمە دەربخەن، کە بەتەواوی تەفگەر بخەنە دەستی

خۆیانەوە، واتا دەیانخواست کە کودەتایەك ئەنجام بدەن، ئەمە بۆ ئەو مەبەستە بوو. بێگومان لەبەر ئەوەی ئێمە لەو لەیستۆکە تێگەیشتبووین، ئەو لەیستۆکە هەمووی تێکچوو، نە بەرێگەی ژنانەوە توانیان ئەو لەیستۆکە ئەنجام بدەن، نە بەرێگەی کودەتایەکی عەسکەری توانیان ئەنجامگیر ببن.

کاتێك کە بینیان بەو شێوەیە ئەنجامگیر نەبوون، تەنیا یەك رێگە مایەوە، پێیان وابوو ئەمەش لەرێگەی سەرۆکەوە دەکرێ ببێت، کە بتوانن بەگوێرەی خۆیان زانیاری بگەیەننە سەرۆك، کە سەرۆك لەدژی ئێمە بخەنە جموجۆڵەوە، ئەمەش دوا ئومێدیان بوو، چونکە بەخۆیان هەرچییەکیان دەکرد نەیاندەتوانی ئەنجام بەدەستبخەن، دەیانزانی کە کادیران و گەل پەیوەستن بە سەرۆکەوە، ئەگەر سەرۆك رەخنەی ئێمە بکات و ئێمە شەرمەزار بکات ئەو کاتە دەتوانن کادیران و گەل لەژێر کاریگەری ئێمەدا دەربخەن، چونکە پروپاگەندەیان دەکرد و لەسەر ئێمە دەیانگووت:" ئەوانە لەدژی سەرۆکن، ناهێڵن ئێمە خەتی سەرۆك جێبەجێ بکەین"، ئیدی ئەگەر سەرۆکیش رەخنەی ئێمە بکات و مەحکوممان بکات ئەو کاتە دەڵێن:" دەفەرموون سەرۆك چی بۆ ئەوان دەڵێت!!" ئەو کاتە دەتوانن تەفگەر لەژێر کۆنترۆڵی ئێمەدا دەربخەن. ئەو لەیستۆکەیان دەکرد، لەیستۆکێکی زۆر گڵاو بوو؛ کە چۆن ئێمە و سەرۆك بخەنە دژی یەکترەوە، چۆن وابکەن کە سەرۆك رەخنەی ئێمە بکات، چۆن وابکەن کە سەرۆك ئێمە مەحکوم بکات، تاکو باوەڕی گەل و کادیران و سەرۆك بەئێمە نەمێنێت، تاکو بتوانن بەئاسانی تەفگەر بخەنە ژێردەستی خۆیانەوە. ئەو لەیستۆکەی دەیانکرد ئەمە بوو.

بێگومان سەرۆك ئاگاداری شتێك نەبوو، هیچ زانیارییەك لەدەست سەرۆك نەبوو، ئەو زانیارییانەی پێی گەیشتبوو، هەمووی "بۆتان" و "فەرهاد" و ئەوان ناردبوویان، بەناوی "کۆنگرەی گەل" و بەڕێوەبەرایەتی ژنەوە، دەیانزانی کە ناردنی زانیاری بەناوی ئەوانەوە، بەناوی ئەو دەزگایانە سەرۆك باوەڕ دەکات. ئیدی ئەو کاتە دەتوانن لەیستۆکی خۆیان بەڕێوە ببن، ئیدی ئەو زانیارییانەی ناردبوویان بەناوی ئەو دەزگایانەوە ناردبوویان، هەمیش زانیارییەکی وەهایان دابوو کە گوایە ئێمە لەدژی سەرۆکین، لەدژی خانەوادەی سەرۆکین، ئێمە لەدژی ئەو کادیرانەین کە سەرۆك بەبنەما وەردەگرن، ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ ئێران و سوریا دروستکردووە، ئێمە

کودەتامان بەسەر سەرۆکدا کردووە، ئێمە هەموومان دەزگاکانمان بەرووی سەرۆکدا داخستووە، ئەو زانیارییانەی کە ناردبوویان لەسەر ئەو بنەمایانە بوو. سەرۆك دەرك بەوە دەکات کە پیلانگێرییەك لەئارادایە، بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی پێشی دەگات ئەوا ئێمە لەناو پیلانگێرییەکە داین و لەدژی سەرۆك پیلانگێری ئەنجام دەدەین، لەلایەکی دیکەشەوە سەرۆك ناخوازێت باوەڕ بەمە بکات و دەڵێت:" ئەوە چۆن دەبێت؟" چونکە ئامانجی پیلانگێرییەکە ئەوەبوو کە ڕێکخستن لەژێر کاریگەری سەرۆك دەربخەن، ئەمە ئامانجەکەیان بوو، بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی پێیدەگات سەرۆك دەرك بەوە دەکات کە پیلانگێرییەك پێشدەکەوێت، وەك بڵێی تەڤگەر لەژێر کۆنترۆڵی سەرۆکدا دەردەچێت و دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی هەندێك لە دەوڵەتەکانەوە. چونکە دەوڵەتانی ناوچەکەش ئامانجێکی بەوجۆرەیان هەبوو و بۆ ئەم مەبەستەش کاریان دەکرد. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی بەدەستی گەیشتبوو ئەوا؛ دوو تەڕەف هەن؛ یەکێکیان "فەرهاد" و "بۆتان"ە ئەوەی تریش ئێمەین، ئەوان گوایە ریفۆرمخوازن و ئێمە دۆگماتیکین، شەڕ شەڕی دەسەڵاتە... ئەو زانیارییانەی پێیدەگات لەسەر ئەو بنەمایانەیە. هەروەها ئەزموونی کاتی شەڕی (١٩٩٢)یش هەبوو، سەرۆك ئەو ئەزموونەی لەبەرچاو گرت، لەو شەڕەشدا "فەرهاد" لەلایەك بوو و ئێمەش لەلایەك بووین، لە "خواکورك"دا "فەرهاد" تەسلیم بوو، سەرۆك ئەو کاتە بۆ "فەرهاد" گووتی:" لەسەر خەتی تەسلیمکارییە" بۆ ئێمەش گووتی:" لەسەر خەتی چەپین، ئەو خەتەی دەکوژێت و دەمرێت" ئەم هەڵسەنگاندنەی لەدوای شەڕی (١٩٩٢)دا کردبوو، ئیدی بینی کە ئێستاش هەر ئێمە دوو تەڕەفین؛ تەڕەفێك "فەرهاد" و تەڕەفەکەی تریش ئێمەین. بۆ "فەرهاد" ریفۆرمیست و ئێمەش دۆگماتیك، بۆیە سەرۆك هەم ئەو زانیارییانەی لەبەرچاو گرتبوو، هەمیش ئەزموونی کاتی شەڕی (١٩٩٢)ی لەبەرچاو گرت، لەسەر ئەو بنەمایە هەڵسەنگاندنی کرد، لە هەڵسەنگاندنەکانی خۆیشیدا بۆ ئەوەی یەکلایی بکاتەوە دەیگووت:" ئەگەر هەندێك زانیاری بە من نەگەیشتووە و من نازانم رەوشەکە چییە و هەڵسەنگاندنەکانی من هەڵەن، هەڤالان دەتوانن زانیاری دیکە بگەیەننە من، ئەگەر هەڵەش هەبێت دەتوانم راستیبکەمەوە و لێبوردن دەخوازم" دەیخواست ئەو مەسەلەیەش یەکلایی بکاتەوە. بێگومان بەرلەوەی زانیاری بە سەرۆك بگات، ئەوانە هەڵاتن، کە هەڵاتن، سەرۆك

لەمەسەلەکە تێگەیشت کە ئەوە ئێمە نین لە پیلانگێڕییەکەدا شوێن دەگرین، بەڵکو ئەوە "فەرهاد" و "بۆتان"ن بەشدارن لە پیلانگێڕییەکەدا. هەڵبەتە گووتی:" ئەمە پیلانگێڕییە و پیلانگێڕییەکی ئەمریکایە، پێویستە هەموو کەسێك بەر ئەفرەتی بدات"، تا ئەو رادەیە هەڵوێستی خۆی بەئاشکرا و بەروونی دیارکرد. واتا بینی کە ئەو زانیارییانەی پێیگەیشتووە زانیاری راست نین، ئەوەی لەناو پیلانگێڕییەکەش دایە "فەرهاد" و "بۆتان"ن، نەك ئێمە بین.

بێگومان "فەرهاد" و "بۆتان" دەیانگووت:" ئەگەر سەرۆك ئەوانە رەخنە بکات و مەحکومیان بکات، ئەوا ئێمە بەئاسانی دەتوانین تەفگەر بخەینە دەستی خۆمانەوە" ئەگەر جارێکی دیکە ئەوانە بۆ بەشداریکردن لە دووەمین کۆبوونەوەی جڤاتی گشتی گەڕانەوە ئەوا بۆ ئەو مەبەستە گەڕانەوە، گەڕانەوە تاکو تەفگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە، دەیانگووت:" ئیشی جومعە و عەباس تەواو و کۆتایی هات، هەمیش بەدەستی سەرۆك تەواو کران، ئەگەر ئەو رەخنانە کران، ئیدی کادیران و گەل باوەڕ بە جومعە و عەباس و ئەوان ناکەن، ئێمە دەتوانین تەفگەر بخەینە دەستمانەوە، هەروەها ئەگەر رەخنەکران ئەوا جومعە و عەباس و ئەوان بەکاردانەوە (ردفعل) لە سەرۆك نزیك دەبنەوە، ئەو کاتە ئێمەش دەڵێین؛ ها بڕوانن، ئێمە دەمانگووت ئەوانە لەدژی سەرۆکن، ئێوە ئەوەتان پەسند نەدەکرد، فەرموون بڕوانن وا بەچاوی خۆتان دەبینن کە چۆن دژی سەرۆکن" ئەو کاتە لەیستۆکەکەیان بەسەردەکەوت، ئیدی باوەڕییەکی بەوجۆرەیان هەبوو، بۆیە گەڕانەوە.

بێگومان سەرۆك نزیکبوونەوەیەکی پۆلەتیك (سیاسی)ی بەڕێوە دەبرد، بۆ ئەوەی ئەوانە لەناو تەفگەردا بمێننەوە، ئێمە لەوە تێدەگەیشتین. ئێمەش ئەوەمان بەبنەما وەردەگرت، تاکو لەناو تەفگەردا بمێننەوە، بۆیە لەو کۆبوونەوانەدا ئێمە شەڕێکی ئایدیۆلۆژیمان لەبەرامبەریان نەکرد، چونکە ئەگەر ئێمە ئەو شەڕەمان بکردبایە، ئەوا هەڵدەهاتن، بۆیە ئێمە لە هەڵسەنگاندنەکاندا بەتەواوی هەڵسەنگاندنی سیاسییانەمان بەبنەما وەردەگرت. من خۆم بەتەواوی ئەوەم بەبنەما وەردەگرت، بۆ ئەوەی بتوانین ئەوانە لەناو تەفگەردا بهێڵینەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە؛ من گووتم:" پێویستە لێکۆڵینەوە (لێپرسینەوە)یەك بکرێتەوە؛ داخوا کێ لەناو پیلانگێڕییەکە دایە و کێ تێیدا نییە و رۆڵی کێ چییە و چ نییە و کێ خراپەکاری کردووە با ئاشکرا ببێت. با ئەو بڕیارەش ببردرێتە جڤاتی گشتی و با کۆمسیۆنی ئەو لێکۆڵینەوەیەش لە جڤاتی گشتیدا دەستنیشان بکرێت و رەوشی کێ چییە با روون بێتەوە..." ئەمەش پێشنیازی من بوو. لەلایەکەوە نزیکبوونەوەیەکی سیاسیمان دەکرد و لەلایەکی دیکەشەوە پێشنیازمان کرد کە لێپرسینەوە (لێکۆڵینەوە) بەڕێوە بچێت، بۆ ئەوەی راستی بۆ هەموو کەسێك ئاشکرا ببێت. ئیدی جڤاتی گشتی بڕیاری لێکۆڵینەوەی وەرگرت، کاتێك کە ئەو بڕیارەش وەرگیردرا، دوای ئەوە من لە کۆبوونەوەی جڤاتی گشتیدا گووتم:" لەیستۆکێکی مەزن لەسەر تەڤگەر هەیە، پێویستە ئەو لەیستۆکەش تێك بدرێت، بۆ ئەوەی تێکیش بدرێت هەرچییەك لەمن بخوازرێت ئەوا من ئامادەم پێکیبهێنم، ئەگەر ژەهریش بێت ئەوا من دەیخۆمەوە..." ئیدی لەیستۆکەکە گەیشتە کۆتایی، "فەرهاد" و "بۆتان" بینیان کە ئیدی مومکین نییە تەڤگەر بخەنە ژێردەستی خۆیانەوە، مومکین نییە ئێمە بێکاریگەر بکەن، هەروەها لەیستۆك و خیانەتی ئەوانیش دەرکەوتەڕوو و ئاشکرا بووە، ئیدی شتێکی بیکەن نەماوە و ناتوانن تەڤگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە، بۆیە هەڵاتن...

دوای ئەوەی کە هەڵاتن، یەکسەر لەبەرەی دژدا دەستیان بەهێرش کرد و گووتیان:" مەسەلەی بنچینەیی ئێمە سەرۆك و خەتی ئەوە" تا ئەو کاتە دەیانگووت:" مەسەلەی ئێمە جومعە و عەباسە و ئەوان کێشەن لەبەردەم ئێمەدا، ئێمە سەرۆك بەبنەما وەردەگرین" بەڵام کە رەوشی ئەوان ئاشکرا بوو.و سەرنەکەوتن و هەڵاتن ئینجا گووتیان:" مەسەلەی بنەڕەتی ئێمە خەت و رێبازی سەرۆکە" واتا بەراستینەی خۆیانەوە ئاشکرا بوون، تەنانەت گووتیان:" نەك لەئێستاوە، بەڵکو لە (١٩٩١)وە باوەڕمان بە سەرۆکی پارتی و خەتی سەرۆك نەمابوو" ئیدی دەستیان بەهێرش کردن بۆ سەر سەرۆك کرد، بەمەش خواستیان کەوا تەڤگەر تەسفیە و پارچە بکەن، مادام بەدەست ئەوان نەکەوت، ئەمجارە پارچە و تەسفیەی بکەن. بۆیە کەوتنە نێو هێرشێکی مەزنەوە، ئیدی هەرچییەك دەهاتە بەردەمیان لەدژی سەرۆك دەیانگووت...

هەرچییەكیان كرد و نەكرد نەیانتوانی پارچەبوون ئەنجام بدەن و تەسفیەی بكەن و لەمەشدا لەیستۆكەكەیان پووچەڵ بووەوە.

لەبەر ئەوەی بەتەواوی بێئەنجام مانەوە ئەوا رێككەوتنی نێوان "فەرهاد" و "بۆتان"یش كۆتایی پێهات. چونكە ئەوانە لەدژی تەڤگەر رێككەوتبوون، كە تەڤگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە، بۆیە زۆر هەوڵ و تەقەللایان دا، ئەمجامگیر نەبوون، ئیدی هەڵاتن بۆ ئەوەی تەڤگەر پارچە بكەن و كەوتنە نێو هێرش و پڕوپاگەندە كردنەوە، ئەمەش سەرینەگرت، شتێكی بیكەن نەمابوو، سەرنەكەوتبوون، ئیدی رێككەوتنی ئەوانیش تا ئەو خاڵە بوو، بۆیە رێككەوتنی نێوانیان بێواتا دەمایەوە، ئەو شتەی لەسەری رێككەوتبوون و خستبوویانە پێش خۆیانەوە بەدینەهاتبوو، بۆیە نەیاندەتوانی ئەو رێككەوتنەی نێوانیان بەڕێوە ببەن و بەردەوامی پێبدەن. بۆیە ئەمجارە كەوتنە دژایەتیكردنی یەكتر، بەمەش لەنێوان خۆیاندا پارچە پارچە بوون. هەڵبەتە پێشتریش یەكگرتوو نەبوون، بەمجۆرە ئەو رێككەوتنەی نێوانیان تێكچوو و هەڵوەشایەوە.

وادیارە لەو قۆناخەدا ئەو گروپە چەندین شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی سەرۆك ئاپۆشیان بەكاردەهێنا، وابزانم لەبەرگرینامەكەی ئەسینا (كوردی ئازاد ناسنامەی خۆرهەڵاتی ناوینی نوێیە)دا سەرۆك ئاماژەی بە ریفۆرمكردن داوە؛ ریفۆرمی سیاسی، رێكخستنی و كۆمەڵایەتی، ئەو گروپە ئەو زاراوانەیان بەكاردەهێنا. خاڵی سەرنجڕاكێش ئەوەیە كە چۆن توانیان ئەو چەمك و زاراوانە بۆ سوودی خۆیان بەكاربهێنن، ئەمە لەكاتێكدا پێشینەی پراكتیكی كەسانی نێو ئەو گروپە دیار و بەرچاو بوو، لەكۆنگرەشدا وەكو باستان كرد تارادەیەك ئەوان قازانجیان كرد... ئەمە چۆن روویدا؟

هەڵبەتە کاتێك کە ئەوانە هەڵاتن و ڕۆیشتن، من ئەو کاتە گووتم:" تەڤگەری ئێمە ڕشایەوە، هەرچەندە ئێمە کەمێك ئازارمان بینی، بەڵام ئیدی لەمەودوا دەحەسێینەوە".

بۆچی من ئەمەم گووت؟ چونکە هەرچی پیسی و خراپی نێو ئەو تەڤگەرە هەبوو لەئەوانەوە دروستببوو، ئەوانە هەموویان زۆر خراپییان لەناو تەڤگەردا تەشەنەپێدا، بە ڕۆیشتنی ئەوانیش تەڤگەر لەئەوان و لە پیسی ئەوان ڕزگاری بوو. ئیدی تەڤگەر دەیتوانی خۆی پاك بکاتەوە و لەسەر بناخەی خۆی هەنگاو بهاوێژێت. بۆیە من ئەو گووتنەم کرد، من گووتم:" تەڤگەر ڕشایەوە، ئێمە ئازارمان چەشت، بەڵام ئیدی تەڤگەر دەحەسێتەوە، ئیدی دەتوانین لەسەر بناخەی خۆمان بڕۆین و هەنگاو بهاوێژین". چونکە ئەوانە نەیاندەهێشت ئێمە لەسەر بناخەی خۆمان بڕۆین، ئەوانە بەردەوام لەنێو تەڤگەردا پیسی و خراپەکارییان دەکرد و هەموو خراپییەکی خۆشیان خستە سەر تەڤگەر و ڕۆیشتن. گووتمان:" هەرچۆنێك بێت دەتوانین پیسییەکانی ئەوان خاوێن بکەینەوە، دەتوانین تەڤگەر خاوێن بکەینەوە، لەمەودوا تەڤگەر دەتوانێت لەسەر بناخەی خۆی کاربکات و بەڕێوە بڕوات". ئەگەر من ئەو هەڵسەنگاندنەم کرد لەبەر ئەو هۆیە بوو.

چونکە ئەگەر مرۆڤ باش لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی ئەو تەڤگەرە بکات ئەوا دەبینێت کە هەرچی خراپی و گەمارییەك دەرکەوتووە، لەئەواندا دەرکەوتووە، ئەوانە هەموو ئەو خراپەکارییەیان کردووە، ئەوان چەتەگەرییان پێشخست، ئەوان لیبرالیزمبوونیان پێشخست، ئەوان سەکتەریزم (توندگەرایی)یان پێشخست، ئەوان یارییان بە بەها ماددی و مەعنەوییەکانی ئەو تەڤگەرەوە کرد... ئیدی ئەو تەخریباتانەی کردبوویان ئەوا کردبوویان، ئیدی بەهەڵاتنیان شتێکی دیکە نەمابوو بیکەن، تەخریباتیان لەناو تەڤگەردا کردبوو، ئیدی شتێك کە بە هەڵاتنی خۆیان بیکەن نەمابوو، بۆیە من گووتم:" ئیدی دەحەسێینەوە و لە بەڵایەك ڕزگارمان بوو"

ئەگەر لەناو تەڤگەردا ئەو هەموو گەماری و خراپییەیان کردبێت، کەواتە چۆن لە یەکەمین کۆنگرەی جڤاتی گشتیی "کۆنگرەی گەل"دا بەڕێوەبەرایەتیان خستە دەستی خۆیانەوە...؟ بێگومان هۆکاری خۆی هەیە، یەکەمیان: ئێمە لەوێدا هەندێك خەتامان کرد و سوودیان لەخەتاکانی ئێمە وەرگرت، خۆیان باش بەرێکخستن کردبوو. هەروەها

لەزۆر شوێندا ئەو بەشداربووانەی کە دەبووایە بەهەڵبژاردن بێنە جڤاتی گشتی، بەتاڵیان کردبوووەوە و لەرێگەی فشار و کەسانی خۆیان، پیاوانی خۆیان، کردبووە بەشداربووی کۆنگرەی جڤاتی گشتییەوە...

بۆ دموونە؛ لە پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (PJAK)دا سێ جار هەڵبژاردن دەکرێت، هەر سێ جاریش ئەوانەی هەڵدەبژێردرێن بەگوێرەی ئەوان نین و پیاوی ئەوان نین، "فەرهاد" بەفشار و گوشار ئەو هەڵبژاردنانە بەتاڵ دەکاتەوە. ئەو کاتە هەڤاڵان دەڵێن:" مادام سێ جار بەهەڵبژاردن بەشداربووان (پاڵێوراوان) هەڵدەبژێردرێن و ئێوە پەسندی ناکەن، کەواتە ئێوە کێ دەخوازن ئەوان ببەنە کۆنگرەوە..." واتا بەگوێرەی خۆیان بەشدارانی کۆنگرە دەستنیشان دەکەن. هەروەها لەنێو تەڤگەری لاوانیشدا دیسان بەمشێوەیە دەکەن. ئێمە بەو شتانەمان نەزانیبوو، پاشان پێمانزانی و هەستمان پێیکرد. دووەمیشیان: ئەوانەی لەنێو گەلەوە تەڤلی کۆنگرە ببوون نەیاندەزانی لەناو تەڤگەردا چ کێشە و گرفتێك هەیە، ئێمە هەریەکە و لەجێگەیەکدا لەنێو کاردا بووین، "فەرهاد" و "بۆتان" و ئەوان چەند رۆژێك بەر لە کۆنگرە دانیشتوون و کێ هاتووە بە رۆژان و بەسەعاتان هەر ئاخافتنیان بۆ کردووە، کە چۆن ئەوان پابەندی سەرۆکن و چۆن بەگوێرەی سەرۆك دەیخوازێت گۆڕانکاری دەخوازن، چۆن ئێمەش دۆگماتیکین و چەقبەستووین و لەبەردەم گۆڕنکارییدا ئاستەنگیین... ئەو ئاخافتنانەیان کردووە. ئیدی ئەو کەسانەشیان خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیانەوە. هەروەها هەندێك لەهەڤاڵانیش کە پەیوەستی تەڤگەریش بوون، بەفشار و هەڕەشەی ئاشکرا بێکاریگەرییان کردوون. ئیدی بەهەندێکیان گووتووە:" ئێوە دۆگماتیکن، ئێمە ریفۆرمخوازین، ئێوە چەقبەستوون" بەمشێوەیە ئەوانەیان خستۆتە ژێر تۆمەتەوە، بۆ ئەوەی بێکاریگەرییان بکەن. ئیدی لەئاکامی ئەوەدا بوونە زۆرینە لەکۆنگرەدا و زۆربەی بەڕێوەبەرایەتیان خستە دەستی خۆیانەوە.

هەروەها لەبەر ئەوەی ئێمە ئامانجێکی وەهامان نەبوو کە هەندێك کەس بەتایبەت بۆ بەڕێوەبەرایەتی دەستنیشان بکەین، ئێمە شێوە و شێوازێکی دیموکراتییانەمان بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوە دەبرد، کولتوور و ئەخلاق و نەریتێکی ئێمە لەم رووەوە هەبوو. واتا ئێمە موداخەلەی ئیرادەی کەسێکمان نەکرد، کێ دەخوازێت ببێتە ئەندامی

بەڕێوەبەرایەتی با ببێت، جڤاتی گشتی دەخوازێت کێ بکاتە ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی با بیکات، چەمك و ئەخلاقێکی گشتی ئێمە وەها هەبوو، کەچی ئەوانە موداخەلەی ئیرادەی مرۆڤەکانیان دەکرد:" ئێوە فلان کەس مەکەن بە ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی و فیسار بکەن بە ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی، ئەگەر ئێوە فلان کەس بکەنە ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی ئێمە وەها و وەهاتان بۆ دەکەین. واتا ئەو شێوازانەیان هەموو بەکارهێنابوو، لەئاکامی ئەوەدا بەقورسایی لە بەڕێوەبەرایەتیدا شوێنگیر بوون. لەلایەکی دیکەشەوە لە جڤاتی گشتی دا دۆخەکەیان شێواندبوو (پراواکە کردبوو). وەك بڵێن:" یان تەفگەر تەسلیم بە ئێمە بکەن، ئەگەرنا ئەوا تەفگەر پارچە دەکەین" ئەوەیان خستبووە پێش ئێمەوە. ئێمەش ئەوەمان بە مەترسی دەزانی، بۆیەش ئێمە زێدە موداخەلەمان نەدەکرد، ئەوانە سوودیشیان لەمە بینی و هەندێك چەمکی خۆیانیان لە جڤاتی گشتیدا پێشخست، ئەو ئامادەکارییانەی لەڕێگاری کۆمیتەی ئامادەکارییەوە کردبوویان بەمە تەواویان کرد، بۆیەش قورساییەکیان بۆخۆیان دروستکردبوو و زۆر کەس نەیاندەزانی چ لەیستۆکێك ئەنجام دەدرێت و وەها باوەڕیان دەکرد کە ئەوانە شتێك دەکەن و پەیوەستی سەرۆکن. چونکە ئەمە بەکاردەهێنن و ئەو مەترسییانەیان نەدەبینی، ئەگەر قورسایی خۆیان لە کۆنگرەدا دروستکرد لەبەر ئەو هۆیە بوو، نەك بەراستی خەتی سەرۆکیان بەبنەما وەردەگرت، یان بەو شێوەیە بەهێزبوون، وەها نەبوو. ئەوانە یاریان بەچەمك و زاراوە و هەڵسەنگاندنەکانی سەرۆك دەکرد و دەیانشێواند و ناواخنی چەکك و هەڵسەنگاندنەکانیان پووچ دەکردەوە. ئیدی بەگوێرەی خۆیان چەمکەکانی "دیموکراسی، ئازادی و ئازادی تاك"یان لێکدەدایەوە و بەگوێرەی خۆیان چەمکێکی دەرەوەی ڕێکخستن و ژیانێکی جودای ژیانی ڕێکخستنیان پێشدەخست، زێدەتریش خیتابی سۆزی مرۆڤەکانیان دەکرد، لەمەوە ئەنجامگیر بوون و قورسایی خۆیان دروستکرد... ئەمە بووە هۆکاری ئەو قازانجکردنەیان...

وەکو دیار دەبێت تەسفیەگەرێتی لەیەکەمین کۆنگرەی جڤاتی گشتی "کۆنگرەی گەل" دا بەو شێوەیە دەبێت و چوارچێوەکەی روون

دەبێتەوە، ئەی لەدووەمین و سێیەمین کۆبوونەوەی جڤاتی گشتی "کۆنگرەی گەل" دا ناکۆکی و جموجۆڵەکانی ئەو گروپە بە چ رەنگێك بەدیار دەکەوێت؟ چونکە دوای یەکەمین کۆنگرە هەڵدێن و پاشان دەگەڕێنەوە ناو تەڤگەر و تەنانەت بەشداری دووەمین کۆنگرە یان بڵێین دووەمین کۆبوونەوەی جڤاتی گشتی کۆنگرەی گەلیش دەبن...

هەڵبەتە دوای یەکەمین کۆنگرەی جڤاتی گشتی هەڵاتبوون و چووبوونە ئێراق. ئیدی سەرۆکیش دەیخواست هەرچۆنێك بێت بیانگەڕێنێتەوە بۆ چیا و بۆ ناو تەڤگەر، بۆ ئەوەی ئەمریکا و ئەوان لەدژی تەڤگەر بەکاریان نەهێنن، بۆ ئەوەی (ی ن ك) و (پ د ك) بەکاریان نەهێنن. چونکە (ی ن ك) و (پ د ك) دەیانخواست ئەو هەڵاتنەی ئەوان لەدژی تەڤگەر بەکاربهێنن و بەرێگەی ئەوانەوە تەڤگەر بخەنە ژێر چاودێری خۆیانەوە، ئەگەر ئەمەش نەکرێت، ئەوا تەڤگەر پارچە پارچە بکەن و لاواز و بێتوانای بکەن. سەرۆك ئەو مەترسییەی دەبینی، بۆ ئەوەی لەدژی تەڤگەر بەکار نەهێندرێن دەیخواست لە ئێراق دەریانبخات و بیانگەڕێنێتەوە بۆ چیا و لەناو تەڤگەریشدا بیانهێڵێتەوە. ئیدی سەرۆك گووتی:" با لیژنەیەك ناوا بکرێت و ئەو لیژنەیە بەبێ لایەنی هەڵسوکەوت بکات، هەم بۆ بۆتان و فەرهاد، هەم بۆ جومعە و ئەوان با ئەو لیژنەیە کار بکات تاکو کۆبوونەوەی ئاوارتەی جڤاتی گشتی سازدەدرێت، لەوێش ئەو کێشە و گرفتانە چارەسەر بکرێت، ئیدی با لیژنەی سەرلەنوێ بنیادنانەوە پێکبێت... لەسەر ئەو بنەمایە ئەو لیژنەیە پێکهات. ئەو لیژنەیە دەستی بەکارەکانی کرد و ئێمەش هاوکاری ئەو لیژنەیەمان دەکرد، تاکو داخوازی سەرۆك بێتەدی. ئیدی ئەوانە لەسەر ئەو بنەمایە گەڕانەوە، وەکو گووتم:"رەخنەی سەرۆك هەبوو، رەخنەکانیش زیاتر بۆ ئێمە بوو، ئەوانە بەمە باوەڕیان کرد و گووتیان:" ئەگەر ئێمە بچینەوە دەتوانین تەڤگەر بخەینەوە دەستی خۆمان" بۆیە گەڕانەوە، نەك گەڕابنەوە و تەڤلی کۆبوونەوەی جڤاتی

گشتی ببنن و كێشەكان چارەسەر بكەن، بۆ ئەوە گەڕابوونەوە بەئومێدی ئەوەبوون كەوا لە دووەمین كۆبوونەوەی جڤاتی گشتیدا تەڤگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە بۆ ئەو مەبەستە گەڕانەوە، ئێمە بەر لە كۆبوونەوەی جڤاتی گشتی چەند كۆبوونەوەیەكمان كرد و بەو كۆبوونەوانەوە چووینە دووەمین كۆبوونەوەی جڤاتی گشتی ، بەڵام كە بینیان ناتوانن تەڤگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە و رەوشی ئەوانیش ئاشكرا بوو، ئیدی جارێكی دیكە هەڵاتنەوە و رۆیشتن.

هەڵبەتە دووەمین كۆبوونەوەی جڤاتی گشتی كۆبوونەیەكی ئاوارتە (نائاسایی) بوو، زێدەتر ئەو كێشانەی دەركەوتبوون كردبووی رۆژەڤی خۆیەوە تاكو چارەسەریان بكات. واتا لەتەڤگەردا پارچەبوون و تەسفیە روونەدات و ئەو گروپەش لەناو تەڤگەردا بهێڵێتەوە. ئەو كۆبوونەوە ئاوارتەیە بۆ ئەو مەبەستە بوو. بۆ ئەمەش ئێمە هەوڵماندا. بەڵام ئەوانەش بینیان كە ناتوانن تەڤگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە، ئەوا هەڵاتن و رۆیشتن. ئیدی ئەو مەسەلەیەش لەهەموو روویێكەوە دەركەوتەڕوو كە مەسەلەكە چییە و چی نییە. واتا ئەركی دووەمین كۆبوونەوەی جڤاتی گشتی ئەوەبوو كە ئەو كێشە و گرفتانەی سەریانهەڵداوە چارەسەریان بكات، هەر ئەمەشی كردبووە رۆژەڤی خۆی، رۆژەڤی دیكەی نەبوو.

دوای ئەوەی ئەوانە هەڵاتن و رۆیشتن و رەوشی ئەوان یەكلایی بووەوە؛ تەڤگەر لەدژی خیانەت و تەسفیەگەرێتی كەوتە نێو خەبات و كارەوە، بەمەش هەنگاوی هاوێشت و كاریگەرییەكانی ئەوانی هەندێك كەم كردەوە، تەخریباتەكانی كەم كردەوە، رێگیری لەبەردەم تەسفیەبوون و خیانەت كرد. لەسەر ئەو بنەمایەش سێیەمین كۆبوونەوەی جڤاتی گشتی ئەنجامدرا. جڤاتی گشتی ئەوەی خستە رۆژەڤی خۆیەوە كە مۆدێلی "كۆنگرەی گەل" چۆن پێشبخرێت؟ ئەو تەخریبات و تەسفیەگەرییەی ئەنجام درابوو تاچەند كاریگەری لەسەر كادیران و گەل كردووە، راوەستەی لەسەر ئەو مەسەلانە كرد، تاكو لەسەر ئەو مەسەلانە باش تێگەیشتن بێتەدی، بۆ ئەوەی كادیران و گەلیش بەتەواوی لەژێر كاریگەری و تەسفیەگەری رزگار بكات. لەبنەڕەتدا سێیەمین كۆبوونەوە ئەمەی بۆخۆی كردە ئامانج. هەروەها ویستی مۆدێلی "كۆنگرەی گەل" بەرەو پێشەوە ببات. چونكە لە یەكەمین و دووەمین كۆبوونەوەی جڤاتی گشتیدا تێگەیشتنی راست بۆ

مۆدێلی "کۆنگرەی گەل" بەدینەهاتبوو، گروپی خیانەتکار و تەسفیەگەرای چەتەگەر نەیانهێشت تێگەیشتن بۆ مۆدێلی "کۆنگرەی گەل" دروست ببێت. بۆیە پێویستبوو لەمیانەی سێیەمین کۆنگرەوە تێگەیشتن لەمەدا بەدیهاتبایە، یەکێك لەئەرکەکانیش ئەمە بوو، لەم رووەوە هەنگاوی هاوێشت.

ئیدی چوارەمین کۆبوونەوەی جڤاتی گشتی کۆنگرەی گەل تەسفیەگەرێتی لەدوای خۆی بەجێهێشتبوو، تەڤگەر لەهەوڵی ئەوەدابوو کەوا چۆن بتوانرێت "کۆنگرەی گەل" بەهێز بکرێت و ئەو هەنگاوانەی لەم رووەوە هاوێشتراون هەڵە و کەموکوڕییەکانی چین؟ چۆن بتوانرێت ئەو هەڵە و کەموکوڕییانە نەهێڵرێت؟ لەبنەمادا لەسەر ئەو مەسەلانە راوەستەی کرد. چونکە لەسیستەمی "کۆنگرەی گەل"دا هەم کێماسی تێدا هەبوو، هەمیش هەڵەی تێدا هەبوو. پێویستبوو ئەمەی بەتێگەیشتن دابایە و تەدبیری ئەوەی وەربگرتبایە و مۆدێلی خۆیشی قووڵ بکردبایەوە. ئیدی چوارەمین کۆبوونەوە (کۆنگرە)ی جڤاتی گشتی ئەو ئەرکەی پێکهێنا. لەبنەڕەتدا مۆدێلی "کۆنگرەی گەل" لەسێیەمین و چوارەمین کۆبوونەوەکانی جڤاتی گشتیدا گفتوگۆی لەسەرکرا، تاکو تێگەیشتن لێی بێتە ئاراوە؛ کە چییە و چی نییە. لەیەکەمین و دووەمین کۆبوونەوە (کۆنگرە)دا زێدە ئاخافتن و گفتوگۆ ئەنجام نەدرا. بۆیەش تێگەیشتن لێی بەدینەهات، هەریەکە و بەگوێرەی خۆی لێی نزیکبووەوە. بێگومان لەیەکەمین کۆنگرە (کۆبوونەوە)دا بەتەواوی ئاڵۆزی و تەڤلیهەڤی هەبوو، تەسفیەگەرێتی هێنایە ئاراوە، دووەمین کۆنگرەش ئاوارتە بوو، بۆ ئەوەی رێگیری لەو تەسفیەگەرێتییە بکرێت کە پەرەیسەندبوو. لەم رووەوە هەنگاو هاوێشتران. هەڵبەتە ئەو گروپەی خیانەت دابڕان و رۆیشتن، ئەو کارەی ئێمە ئەنجاممان دابوو ڤاڵا دەرکەوت. واتا ئێمە دەمانخواست لەناو ئێمەدا بمێننەوە، لەئاکامدا ئەنجامگیر نەبووین و ئەوان نەمانەوە هەڵاتن. بۆیە ئەو ئەرکەی کە لەیەکەمین و دووەمین کۆبوونەوەدا خستبوومانە پێش خۆمان و پێکنەهات، پێویستبوو سێیەمین کۆبوونەوەی جڤاتی گشتی بیخستبایە پێشخۆیەوە، ئەو ئەرکانەی پێکنەهاتبوون سێیەمین کۆبوونەوە کردی بەرۆژەڤی خۆی. چوارەمین کۆنگرە (کۆبوونەوە) لەم رووەوە هەنگاوەکانی تەواو کرد، ئەو هەڵە و کەموکوڕییانەی لەمۆدێلی

"کۆنگرەی گەل"دا هەبوو دەستنیشانی کرد و خواستی راستیان بکاتەوە، بڕیاری لەسەر ئەمە دا.

لە حەوتەمین کۆنگرەی (PKK) لەساڵی (٢٠٠٠)دا گۆڕانکاری ستراتیژی بەشێوەیەکی فەرمی بڕیاری لەسەر دەدرێت، ئایا تاچەند ئەو گۆڕانکارییە ستراتیژییە بۆهەر پارچەیەك لە پارچەکان رەنگدانەوەی خۆی هەبوو؟ ئەو کێشە و گرفتانەی لەپرۆسەی گۆڕانکاری ستراتیژی هاتنە ئاراوە چیبوون؟

کاتێك کە (PKK) لە کوردستاندا دەستی بەکار و تێکۆشان کرد، یەکێتی گەلی کورد و تەواوی کوردستانی بەبنەما وەرگرت، هیچ کاتێك کوردستانی تەنیا لەبەشێکدا نەبینی، بەڵکو گەلی کوردی لەهەر چوار پارچەدا بینی، بۆیە لەو رۆژەوەی دەرکەوتووە کێشەی هەموو کورد و کوردستانی دایە پێشخۆی و ئەوەی کردە ئامانج کە چۆن بتوانێت چارەسەری بکات. لەبەر ئەوەی سەرەتا ستراتیژییەتی کوردستانێکی سەربەخۆ و دیموکرات و ئازادی کردە ئامانج، واتا یەکێتی گەلی کورد و دەوڵەتێکی کوردی کردە ئامانج. بۆیە لەم پێناوەدا خەباتی کرد، لەسەر ئەو بنەمایە زۆر پێشکەوتن و هوشیارکردنەوەی بەدیهێنا، رۆحێکی کوردانە و یەکێتییەکی لەنێوان گەلی کورد خوڵقاند و نەتەوەیبوون و ئیرادەی کوردانی ئافراند.

کاتێك کە سەرۆك لەساڵی (١٩٩٣)وە دەستی بە گۆڕانکاری ستراتیژی کرد و هەوڵیدا کاریگەری سۆسیالیزمی بنیادنراو لەسەر تەفکەر نەهێڵێت و نوێبوونەوەیەك لە تەفکەردا بێنێتەدی، سەبارەت بەمەسەلەی پارچەکانی کوردستانیش هەندێك گۆڕانکاری ئەنجام دا. چونکە تەواوی تەفگەری هەم لەکاریگەری سۆسیالیزمی بنیادنراوی رزگارکرد، بۆیە نوێبوونەوەیەکی تۆکمەی ئەنجام دا، هەمیش لەستراتیژدا گۆڕانکاری ئەنجام دا، ئەمەش نوێبوونەوەیەکی زۆر مەزن بوو. پێشتر تەفکەر کێشەی کوردی هەر تەنیا وەك کێشەی ئازادی گەل نەدەبینی، شانبەشانی ئەمەش وەك مەسەلەی

دەوڵەتیشی دەبینی. واتا:" ئەگەر تۆ دەخوازیت کێشەی گەلی کورد چارەسەر بکەیت، ئەوا دەبێت تۆ دەوڵەتێکی کوردی ئاوا بکەیت، بەمشێوەیە کێشەی کورد چارەسەر دەبێت، ئەگەر دەوڵەت ئاوا نەکرێت ئەوا کێشەکە چارەسەر نابێت و ئازادی و دیموکراتیش نایەتەدی". ئەم تێڕوانینە ستراتیژییە کاریگەری سۆسیالیزمی بنیادنراو بوو، بەڵام کە سۆسیالیزمی بنیادنراو تەسفیەبوو، هەندێك راستینەی ئاشکرا کرد کە" مەسەلەی ئازادی و دیموکراسی مەسەلەی دەوڵەت نییە، تەنانەت ئەگەر تۆ دەوڵەتت بەبنەما وەرگرت ئەوا تۆ ناتوانیت ئازادی و دیموکراتی بەتەواوی بەدیبهێنیت" ئەو راستییە روون بووەوە کەوا مەسەلەی ئازادی و دیموکراتی مەسەلەی دەوڵەت (دروستکردن یان نەکردن) نییە. بەڵام تا ئەو کاتە، تێڕوانینی وەها نەبوو، بەڵکو ئەگەر تۆ دەخوازیت کوردستان رزگار بکەیت ئەوا پێویستە تۆ دەوڵەتێك ئاوا بکەیت. تا ئەو کاتە وەها تێگەیشتبووین و لەم پێناوەشدا کارمان دەکرد.

بەڵام بەهەڵوەشاندنەوە و تەسفیەبوونی سۆڤییەت ئێمە بینیمان کە دەوڵەت چارەسەر نییە، تەنانەت ئەو کەسەی بەراستی دەخوازێت ئازادی و دیموکراسی و عەدالەت بێنێتەدی، پێویستە دەوڵەت بەبنەما وەرنەگرێت، چونکە دەوڵەت بەهەر شێوەیەك بێت با ببێت، حاکمییەت (باڵادەستی) بەبناخە وەردەگرێت، ئەگەر باڵادەستیشی بەبناخە وەرگرت ئەوا باڵادەستێتی لەسەر کۆیلایەتی بنیاد دەنرێت، ئەگەر لەشوێنێکدا کۆیلایەتی نەبێت ئەوا باڵادەستیش نابێت. بۆیە ئەگەر تۆ باڵادەستیت بەبناخە وەرگرت ئەوا باڵادەستێتی لەسەر کۆیلایەتی بنیاد دەنرێت، کەواتە ئەمە ئازادی، دیموکراسی و یەکسانی ناهێنێتەدی. بۆیە بینیمان کە کێشەی کورد کێشەی دەوڵەت (دەوڵەتبوون) نییە. کێشەی کورد کێشەی ئازادییە (ئازادبوونە). واتا مەرج نییە تەنیا بە دروستکردنی دەوڵەت ئازادی و دیموکراسی بێتەدی. چونکە زۆر دەوڵەتیش دروستکراون، بەڵام ئازادی و دیموکراسیش تێدا بەدینەهاتووە. گەلی عەرەب بیست و دوو دەوڵەتیان هەیە، بەڵام کێشەی ئازادی و دیموکراسیان هەیە.

بۆیە سەرۆك لە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژی خۆیدا، نزیکبوونەوەیەکی نوێی پێشخست و فەلسەفە و فیکر و ئایدیۆلۆژیای خۆی لەژێر کاریگەری سۆسیالیزمی بنیادنراودا رزگارکرد و خاوێنی کردەوە، بینی کە دەوڵەت هۆکاری سەپاندنی کۆیلایەتییە نەك

بەدیهێنانی ئازادی و ئازادیش ناهێنێتەدی. لەسەر ئەو بنەمایە دەستبەرداری دەوڵەت (دامەزراندنی دەوڵەت) بوو.

پێشتر ئەو سیستەمەی کەوا سەرۆك پێشیدەخست بەتەواوی لەسەر بنەمای ئاواکردنی دەوڵەت پێشیدەخست، دیموکراسیش پارچەیەك بوو لەو سیستەمەی دەوڵەت و لەناو ئەو سیستەمەدا بوو، ئیدی بینی کە ئەگەر تۆ دیموکراسی لەناو سیستەمی دەوڵەتدا بەبنەما وەربگریت ئەوا هیچ کاتێك دیموکراسی راستەقینە نایەتەدی. سەرۆك لەدەرەوەی دەوڵەت سیستەمی دیموکراسی کردە ئامانج. وەك چۆن دەوڵەت سیستەمێکە ئەوا دیموکراسیش سیستەمێکە، سیستەمی دیموکراسی وەك ئەلتەرناتیفی دەوڵەتە، ئەگەر تۆ سیستەمی دیموکراسی وەك ئەلتەرناتیفی دەوڵەت ببینی و ئەو سیستەمەت بەبناخە وەرگرت تۆ دەتوانیت ئازادی و دیموکراسی فەراهەم بکەیت.

ئیدی سەرۆك سیستەمی خۆی بەتەواوی لەسەر بناخەی دیموکراسی پێشخست، بۆ ئەوەی سیستەمی دیموکراسیش ئاوا بکات، ئەوا لەسەر بنەمای کۆمەڵگای ژێرەوە (خوارەوە)ی سەقامگیر کرد، لەسەر بنەمای گەل بنیادی نا، بۆ ئەوەی بتوانێت سیستەمی دیموکراسی پێك بهێنێت. چونکە ئەگەر تۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد بنیاد نەنێیت - هەڵبەتە کۆمەڵگای ئازادیش لەسەر بنەمای تاکی ئازاد بنیاد دەنرێت - ئەگەر تۆ لەشەخسدا (لەتاکدا) ئازادی نەئافرێنیت، لەکۆمەڵگادا ئازادی نەئافرێنیت، ئەوا تۆ ناتوانیت سیستەمی دیموکراسیش بئافرێنیت. چونکە سیستەمی دیموکراسی لەسەر کۆمەڵگایەکی ئازاد و کەسێتییەکی ئازاد بنیاد دەنرێت. هەڵبەتە کاتێك تۆ دەتوانیت کۆمەڵگایەکی ئازاد و کەسێتییەکی ئازادیش بنیاد بنێیت کە تۆ کۆمەڵگای خوارەوە بەبناخە وەربگریت. کاتێك کە تۆ دیموکراسی، شۆڕشی رەگەزی و شۆڕشی ئیکۆلۆژیت بەبناخە وەرگرت ئینجا دەتوانیت کۆمەڵگایەکی ئازاد و کەسێتییەکی ئازاد بئافرێنیت. کاتێك کە تۆ لەنێوان کۆمەڵگا و تاکدا هاوسەنگیت بەبناخە وەرگرت، تۆ لەنێوان ژیری سۆزداری (الذكاء العاطفي) و ژیری ئەنالیتیکی (الذكاء التحليلي)دا هاوسەنگی بەبناخە وەربگریت ئینجا دەتوانیت کۆمەڵگایەکی ئازاد و کەسێتییەکی ئازاد بنیاد بنێیت. سەرۆك سیستەمی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە پێشخست و دەخوازێت لەسەر

بنەمای زانست، ئایدیۆلۆژیا، ئەخلاق و سیاسەت کۆمەڵگایەکی ئازاد و کەسێتییەکی ئازاد و سیستەمێکی ئازاد و سیستەمێکی دیموکراسی پێشبخات.
سەرۆك ئاپۆ دەخوازێت کێشەی کوردیش لەنێو ئەو سیستەمەدا چارەسەر بکات، نەك لەنێو سیستەمی دەوڵەتدا. بۆیە دەستبەرداری دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو. چونکە ئێمە پێشان دەمانگووت:" دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد" کاتێك کە ئێمە دەستبەرداری ئەمە بووین زۆر کەس و لایەن هێرشیان کردە سەرمان و گووتیان:" ئیدی ئاپۆ و (PKK) دەستبەرداری کوردان بوون، پێشان دەیانگووت؛ کوردستانێکی ئازاد و یەکگرتوو و دیموکرات و هەموو کەسێکی لەسەر ئەو بنەمایە دەخستە نێو جموجۆڵەوە، ئێستاش دەستبەرداری لەهەموو بەشەکانی دیکە بوون، تەنیا باکوور بەبنەما وەردەگرن..." گوایە بەشەکانی دیکە دەفرۆشێت، پڕوپاگەندەیەکی بەمجۆرەیان پێشخست، ئەمە بووختانێك بوو و ڕاست نەبوو. وەك چۆن (PKK) کێشەی کورد لەهەر چوار پارچەدا بینی، دوای ئەوەی کە ستراتیژی خۆیشی گۆڕی دیسان کێشەی کوردی لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا بینی، هیچ کاتێك لەمەدا گۆڕانکاری نەکردووە و دەستبەرداری پارچەکان نەبووە، لەپراکتیکیشدا، پێشتر بەناوی بەشەکان (پارچەکان) ڕێکخستنێکی بۆ هەر پارچەیەك دروست نەکردبوو، بەڵام دوای ئەوەی کە ستراتیژی خۆی گۆڕی، بەناوی بەشەکانیش ڕێکخستنی دامەزراند، کەواتە ئەگەر یەکێك دەستبەرداری بەشەکانی کوردستان بووبێت، چۆن بەناوی بەشەکانی دیکە و بۆ بەشەکانی دیکە ڕێکخستن دادەمەزرێنێت؟. ئەمە لەکاتێکدا بەگوێرەی ستراتیژی خۆی، ئەو هەنگاوەی لە پارچەکانی کوردستاندا هاوێشتوومانە، ئێستا لەرابردوو قووڵتر و بەهێزتر بووە؛ پێشتر تێکۆشانی ئێمە گشتی (عام) بوو، بەڵام لەمیانەی ستراتیژی نوێدا ئێمە ڕێکخستن و ڕێکخستەبوونی بەشەکانمان دامەزراند و پێشمانخست. ئەگەر یەکێك دەستبەرداری بەشەکان (پارچەکان) بووبێت چۆن بەناوی ئەو بەشانەوە ڕێکخستن و ڕێکخستەبوون پێشدەخات؟. سەرۆك لەهەموو بەرگرینامەکانی خۆیشیدا بەئاشکرا و بەروونی کێشەی کورد بە کێشەی هەموو پارچەکان دەبینێت، زۆر بەروونی و ئاشکرایی ئەمەی خستۆتەروو، کێشەی کورد تەنیا لەبەشێکدا نابینێت، لەڕێکخستەبووندا تەنیا بەشێك بەبنەما وەرناگرێت، بەڵکو هەموو بەشەکان بەبنەما وەردەگرێت. ئەو پڕوپاگەندانەی

دەیانکرد شێواندن و بووختانکردن بوو. تا ئەمڕۆش لەپێش چاوانە، ئەوەی بۆ هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانیش خەبات و تێکۆشان دەکات تەنیا تەڤگەری (PKK)یە، لەدەرەوەی تەڤگەری (PKK) کامە پارتی بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان ڕێکخستن و ڕێکخستەبوونی پێشخستووە؟ هیچ پارتییەکی وەها نییە. ئەمڕۆ هەموو کەسێکیش ئەمە دەبینێت و لەپێش چاوانیشە، لەهەر چوار پارچەدا خەڵك لەم تەڤگەرەدا بەشدارن و بۆ هەر چوار پارچە شەڕ دەکەن و خەبات دەکەن و شەهیدیش دەبن.

بۆ نموونە؛ لەباکوور، لەشاری "مووش" چواردە هەڤاڵی هەر چوار پارچە بەیەکەوە شەهیدبوون(٦) لەرۆژهەڵاتی کوردستان هەڤاڵانی خەڵکی هەر چوار پارچەی کوردستان لەوێ کار و خەبات دەکەن و شەهیدیش دەبن، لەبەشەکانی دیکەش بەهەمان شێوەیە. ئەمە هەموو کەسێك دەیبینێت. ئیدی ئەوەی کە یەکێتی کورد و رۆحی کورد و نەتەوەیبوونی کوردان ئاوا دەکات و مۆراڵ و هوشیاری و توانایی کوردان دەئافرێنێت ئەم تەڤگەرەیە.

ئەگەر باشوور بۆتە فەوارەیەك و زلهێزەکانی جیهانیش پشتیوانی لێدەکەن، کوا ئەم فەوارەیەی باشوور چەندە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان کاردەکات؟ بۆ ئەوەی لەبەشەکانی دیکە کێشەکە چارەسەر ببێت چەندە کاری بۆ دەکات؟ کاردەکات یان نایکات؟ ئەمە لەپێش چاوانە و هەموو کەس دەیبینێت. مەگەر کەسێکی بێویژدان بتوانێت نکۆڵی لەمە بکات.

پێشتریش (PKK) بۆ تەواوی کوردستان خەباتی دەکرد، بەڵام گشتگیرانە دەمایەوە، بەمەش لە کوردستاندا هەندێك پێشکەوتن بەدیهات و گەیشتە ئاستێك، ئیدی ئەگەر تێکۆشانی تۆ هەر گشتگیرانە (بشکل عام) بمابایە، ئەوا تۆ نەتدەتوانی لەو ئاستەی هەیە زیاتر پەرەی پێبدەیت. بۆیە ئیدی پێویستبوو لەهەر بەشێکی کوردستان ڕێکخستن و ڕێکخستەبوون پێشبکەوتبایە، تەڤگەر ئەمەی ئەنجام دا، نەك هەر دەستبەرداری بەشەکان نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە زیاتر قورسایی خستە سەر بەشەکان. بەڤاوی بەشەکانەوە ڕێکخستن و ڕێکخستەبوونی پێشخست، کار و خەباتی پێشخست، ئەمەش ئەوە بەدیار دەخات کە ئەم تەڤگەرە تەواوی کوردستان بەبنچینە وەردەگرێت، نەك تەنیا بەشێك، کوردستان تەنیا لەبەشێکدا نابینێت، هەر تەنیا چارەسەری لەبەشێکیشدا

نابێت. بۆیه سەرۆك دەخوازێت لەنێوان هەر چوار پارچەشدا پەیوەندی پەرەبسێنێت. هەرچەندە شێوەگرتنی هەر پارچەیەك جودا جودایە، ئەمەش لەبەرچاو دەگرێت، بەڵام لەنێوان کوردان خۆیان و کوردان و گەلانی دیکە چ جۆرە پەیوەندییەك بەبنەما وەردەگرێت، ئەوا لەنێوان هەر چوار پارچەشدا هەمان پەیوەندی بەبنەما وەردەگرێت. ڕێککەوتنی نێوان کوردان لەنێوان هەر چوار پارچە دەخوازێت، ڕێککەوتنی نێوان کوردان و گەلانی ناوچەکە دەخوازێت، ئەمانە روون و ئاشکران.

بۆیە ئەم تەڤگەر و سەرۆکە هیچ کاتێك دەستبەرداری بەشەکانی دیکە نەبوون، بەڵکو تا هاتووە کار و خەباتی خۆیان لەهەموو بەشەکان بەهێزتر کردووە، شتی هەرە راستیش ئەمەیە. ئیدی ئەمە راستییەکە و هەموو کەسێك دەیبینێت، دووژمنیش دەیبینێت، هەر کەسێکی وڵاتپارێز و خاوەن ویژدانیش دەیبینێت. ئەوەی ئەمڕۆ لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا خەبات و شەڕ دەکات ئەم تەڤگەرەیە، ئەوەی ئەمڕۆ لەباکووری کوردستان و باشووری رۆژئاوای کوردستاندا خەبات و تێکۆشان دەکات هەر ئەم تەڤگەرەیە، لەوانەیە لەباشووری مەزندا خەبات و تێکۆشانی خۆی زۆر پێشنەخستبێتە بەڵام دیسان هەر بەهەمان چەمك و تێڕوانینەوە خەبات دەکات. ئەمە هەموو کەسێك دەیبینێت و دەشزانێت. ئەوەی بۆ گەلی کورد هێز و مۆڕاڵ و هوشیاری و ویژدان و رۆحی بەرخۆدان دەئافرێنێت هەر ئەو تەڤگەرەیە. هەڵبەتە لەبەر ئەوەشە کە دەبێتە ئامانجی هەموو داگیرکەران، دەبێتە ئامانجی هەموو چەوسێنەر و ستەمکاران. بۆچی لەناو هەموو تەڤگەرەکاندا ئەو تەڤگەرە دەبێتە ئامانجی هەموو هێز و لایەنێکی ستەمکار؟ گوایە هەموو پارتەکان هەر کوردن و بۆ کوردان خەبات دەکەن، کەواتە بۆچی دەوڵەتانی داگیرکەر، دەوڵەتانی سەرمایەدار بەو شێوەیەی سەرۆك ئاپۆ و (PKK) دەکەنە ئامانج، ئەو سەرۆك و پارتانەی دیکەی کورد ناکەنە ئامانجی خۆیان؟ هۆکار چییە؟ هۆکار ئەوەیە کە ئەم تەڤگەرە یەکێتی کوردان و رۆحی بەرخۆدانڤانی کوردان، هەروەها یەکێتی رۆحی کوردان، نەتەوەیبوونی کوردان لەسەر بنەمای ئیرادەیەکی ئازاد بنیاد دەنێت، بۆیە کردوویانە بەئامانجی خۆیان، ئەگەر ئەم تەڤگەرەش وەکو پارتەکانی دیکەی بکردبایە، وادیارە ئەوەندە نەدەبووە ئامانجی هەموو ئەو لایەنانە، ئەگەر وابووایە ئەوا وەك چۆن دەوڵەتانی داگیرکەر و دەوڵەتانی سەرمایەدار و ئیمپریالیست

لەگەڵ هەندێك پارتی کورد دۆستایەتی دەکەن و چارەنووسی خۆیان لەگەڵیاندا دەکەنەیەك، وادیارە لەگەڵ ئێمەشدا دەیانکردەیەك، پەیوەندی دۆستایەتی خۆیان لەگەڵ ئێمەش دروست دەکرد. ئەگەر پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ ئێمە دروست ناکەن و هێرش و شاڵاو دێننە سەر ئەم تەڤگەرە و دەخوازن ئەم تەڤگەرە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە و لێی رزگار بن، کەواتە ئەم تەڤگەرە زیان بەوانە هەموویان دەگەیەنێت. بەگوێرەی ئەوان کورد نائافرێنێت، ئەو کوردەی بەگوێرەی خۆیان دروستیان کردووە، لەوان دەستێنێتەوە، کوردێکی دیکە دەئافرێنێت، بۆیە دەیکەنە ئامانجی خۆیان. ئەمەش لەبەرچاوانە و روون و ئاشکرایە...

لەبەرامبەر ئەو گۆڕانکارییە ستراتیژییەدا ئەو تەسفیەگەرییەی دەرکەوت چ کاریگەرییەکی خۆی لەسەر خەبات و تێکۆشانی هەر پارچەیەك لەپارچەکانی کوردستان کرد، تاچەندە توانیان تێکۆشانی ئەو پارچانە بۆخۆیان بەکار بهێنن و کاریگەری خۆیان لەسەر هەر پارچەیەکی کوردستان و دەرەوەی وڵات بکەن؟ رەنگدانەوەی ئەم تەسفیەگەرێتییە لەسەر خەبات و تێکۆشانی ئەو پارچانە چیبوو؟

بێگومان گروپی چەتەگەری دەیانخواست تەڤگەر بەتەواوی بخەنە دەستی خۆیانەوە، ئەم تەڤگەرەش هەر تەنیا لەبەشێکی کوردستان نەبوو، بەڵکو لەهەموو بەشەکاندا هەبووە و خۆی بەرێکخستن کردووە، بۆیە دەیانخواست لەهەر چوار بەشیشدا تەڤگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە، تەڤگەر بەگوێرەی ستراتیژی خۆی هەندێك رێکخستن و رێکخستەبوونی لە پارچەکاندا پێشدەخست، ئەوانەش هەوڵ و تەقەللایان دەدا کە ئەو رێکخستنانە پێشنەکەوێت، بەڵکو ئەو رێکخستنانەی دامەزراون بکەوێتە دەستی ئەوانەوە. بۆ ئەم مەبەستە زۆر هەوڵیاندا. ئامانجی ئەوان هەرە ئەوە نەبوو لەو تەڤگەرەدا بەشێك لەو تەڤگەرە بخەنە دەستی خۆیانەوە، بەڵکو ئامانجیان ئەوەبوو

بەڕێوەبەرایەتی تەڤگەر و تەڤگەر بەگشتی بخەنە دەستی خۆیانەوە. بۆیە ڕاوەستەیان لەسەر تەواوی تەڤگەر و لەسەر تەواوی دامودەزگا ڕێکخستنییەکانی تەڤگەر دەکرد، چ ئەوەی لەبەشەکانی کوردستاندا هەبوو و چ ئەوەش کە لەدەرەوەی وڵاتدا هەبوو. واتا لەسەر هەموو بەشەکان ڕاوەستەیان دەکرد، بۆ ئەوەی تەواوی تەڤگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە، بەنهێنی ڕێکخستەبوونی خۆیان پێشدەخست و بەگوێرەی خۆیان شێوەیان بەکادیر دەدا و جێگیریان دەکرد، لەبەشەکانی کوردستان جێگیریان دەکردن، دەیانناردنە دەرەوەی وڵات، بۆ ئەوەی بتوانن لەهەموو شوێنێك تەڤگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە، بۆیە لەوەی بەشەکانیش و دەرەوەی وڵاتیش هەندێك کادیریان بەگوێرەی خۆیان دروست کردبوو و چەمکی خۆیان لەو شوێنانەدا پەرەپێدا بوو.

بۆیە هەندێك تەخریباتیان لەو شوێنانەش کردبوو، کاتێك ئێمە تەواوی تەڤگەرمان لەژێر کۆنترۆڵی چەمکی تەسفیەگەرێتی و چەتەگەرێتی ڕزگارکرد، لەهەر یەك لەو بەشانەش هەوڵ و خەباتمان کرد بۆ ئەوەی تەخریباتەکانی ئەو چەمکە نەهێڵین. چونکە ئەو تەخریباتانەی کردبوویان هەر تەنیا لەناوەندەکاندا، لەکادیرەکاندا، یان تەنیا لەیەك بەشدا نەیانکردبوو، بەڵکو لەهەر بەشێك و لەدەرەوەی وڵاتدا کردبوویان. چونکە ئەم تەڤگەرە تەڤگەرێکی کوردستانییە، لەنێو ئەم تەڤگەرەدا لەهەر پارچەیەکی کوردستان و دەرەوەی وڵات کادیر و ڕێکخستن هەیە، لەم تەڤگەرەدا هەرشتێك ڕوودەدات کاریگەری خۆی لەسەر هەموو پارچەکان و بەشەکان دەکات، بەڕاستی کاریگەری خۆیشی کرد.

ئیدی بۆ ئەوەی چەمکەکانی تەسفیەگەرێتی و ئەو تەخریباتانەی لەهەموو بەشەکان و لەدەرەوەی وڵات پێشیانخستبوو بەلاوە بنرێت، تەڤگەر موداخەلەی هەموو ئەو شوێنانەی کرد تاکو ئەو کاریگەرییە نەهێڵێت، بۆ هەر پارچەیەکیش موداخەلەی کرد، لەهەر پارچەیەك ئەوانەی خەتی سەرۆکیان بەبنچینە وەرگرت لەدژی خەتی خیانەت ڕاوەستان، لەم ڕووەوە شەڕێك بەڕێوەچوو. تاکو ئێستاش هەندێك چەمك و کاریگەری ئەوان ماوەتەوە، هەم لەناو کادیراندا و هەمیش لەناو گەلدا، واتا گەلیش و کادیرانیش نەفرەتیان لێکردوون و لەدژیان ڕاوەستاون، ئیدی لەهەموو ڕوویێکەوە فەشەلی پێهێناون، ئیدی تەسفیەگەرێتی و گروپی خیانەتەیان لەرۆژەڤی خۆیاندا نەهێشتۆتەوە، بەڵکو

ئەرکی دیکەیان خستۆتە رۆژەڤی خۆیانەوە و راوەستە لەسەر ئەو ئەرکانەی خۆیان دەکەن و بەرێوە دەچن. بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت ئەو تەخریباتانەی کردبوویان و ئەو کاریگەرییەی ئەوان دروستیان کردبوو بەتەواوی نەماوە. چونکە بەناوی دیموکراسی، ئازادی، مافی شەخسی و دژی مەرکەزی بوون و...هتد زۆر چەمکی هەڵەیان بڵاوکردەوە و پێشخست. بۆیە زۆر کەس نەیاندەزانی ئەمە چییە؟ بۆ ئەوەی لەچەمکەکانی ئەم تەڤگەرە بۆ دیموکراسییەت و ئازادی تێبگات و ئەو گۆڕانکاری و نوێبوونەوەیەی ئەنجام دراوە تێبگات و پەرەی پێبدات، ماوەیەکی زۆری خایاند، کاریگەری ئەوان بەقورسایی نەما، بەڵام هێشتاش کاریگەری بچووك بچووکی خۆی هەرماوە، بێگومان بۆ ئەوەی ئەمەش بەتەواوی نەمێنێت، کاتیش پێویستە. بەڵام ئیدی بۆ تەڤگەر کێشە نین و تەڤگەر ئەو کێشەیەی لەدوای خۆی بەجێهشتووە.

لە (٢٩)ی تشرینی دووەمی ساڵی (٢٠٠٤)دا لەموسڵ رووداوی شەهیدبوونی هەڤاڵ شیلان کوبانی (مەیسا باقی) و چوار هەڤاڵی دیکە (جەمیل، فوئاد، زەکەریا، جوان) روویدا. دیارە ئەو هەڤاڵە ماوەیەکی درێژ لەنێو ئەم تەڤگەرەدا بووە و رۆڵێکی بەرچاوی لەبەرزکردنەوەی تێکۆشانی ژنیش هەبوو، هۆکاری شەهیدبوونی هەڤاڵ شیلان و هەڤاڵەکانی لەنێو ئەو دۆخەی کە روویدا چیبوو و بۆچی خۆی و هەڤاڵەکانی کرانە ئامانج...؟

ئەوانەی ئەو هەڤاڵانەیان لەموسڵ دەستگیرکرد و شەهیدیان کردن، تیرۆریستە ئیسلامییەکان بوون، ئەوانە بوون کە بەناوی ئیسلامییەتەوە تیرۆریزم تەشەنە پێدەدەن. ئەوانە گرتیانن و شەهیدیان کردن. بێگومان، ئەوانە ئەو هەڤاڵانەیان نەدەناسی، هەندێك کەس ئەو زانیارییانەیان بەوان دابوو، لەسەر ئەو زانیارییانە هەڤاڵانیان گرت و شەهیدیان کردن. ئەوانەی هەڤاڵانیان کوشت دەیانزانی کە ئەو

هەڤاڵانە کوردن و لای ئەوانیش کورد هاوپەیمانی ئەمریکا و ئیسرائیلن، ئەوان کورد وادەبینن و وەها تێگەیشتوون. ئیدی مادام ئەوانە کوردن، وەهاش زانیارییان پێدابوون کە ئەم هەڤاڵانە ئەو کوردانەن کە لەگەڵ ئەمریکان، ئەوانەش ئەو هەڤاڵانەیان گرتبوو و بەوجۆرە شەهیدیان کردن. دوای ئەوەی کوشتیانن تێگەیشتن کە ئەوانە بەو شێوەیە نین کە زانیارییان پێدابوون، بەڵام ئیدی کوشتبوویانن. تەنانەت هەندێکیان پەشیمان بوونەوەی خۆشیان نیشان دابوو و گووتبوویان:" ئێمە نەمانزانی و بەنەزانی ئەوانمان کوشت، ئێمە بمانزانیبایە ئەوانە (PKK)یین نەماندەکوشتن، ئیدی بەئێمەیان گووتبوو ئەوانە ئەو کوردانەن کە لەگەڵ ئەمریکاییەکاندا جموجۆڵ دەکەن..."

کێ ئەو زانیارییانەی بەوان دابوو؟ چۆن ئەو زانیارییانەیان بەوان دابوو؟

خائینەکانی ناو ئێمە ئەو زانیارییانەیان بەئەوان دابوو، لەموسڵ هەندێك عەرەب هەبوون پەیوەندی ئێمە لەگەڵیاندا هەبوو، کاتێك ئەو خائینانە لەموسڵ و دەوروبەری کار و جموجۆڵیان دەکرد، ئەو عەرەبانەیان خستبووە ژێر کاریگەری خۆیانەوە کە ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵیاندا هەبوو، بەرێگەی ئەو عەرەبانەوە ئەو زانیارییانەیان دابووە ئەو گروپە تیرۆریستییەی کە هەڤاڵانیان شەهیدکرد بوو، ئەو گروپەی هەڤاڵانیان شەهیدکرد پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئیستخباراتی سوریاش هەبووە. ئەو گروپە خیانەتکارە لەلایەکەوە پەیوەندییان لەگەڵ ئیسخباراتی سوریا هەبوو و زنیارییان بە ئیستخباراتی سوریا دابوو، هەمیش بەو گروپە ئیسلامییەوە، تۆڕەکانی ئیستخباراتی سوریاش لەناو ئەو گروپە ئیسلامییانەدا هەبووە و هاوکاریشیان کردوون. ئیدی بەمجۆرە بە پیلانگێڕییەك شەهیدیان کردن.

بۆیە لەلایەکەوە لەرێگەی ئەو عەرەبانەوە زانیارییان ناردبوو، لەلایەکی دیکەشەوە لەرێگەی ئیستخباراتی سوریاوە ئەو زانیارییەیان گەیاندبووە ئەو گروپە تیرۆریستەوە.

ئیستخباراتی سوریاش بەو گروپە ئەو هەڤالانەی بەکوشتن دا. ئەو شەهیدبوونە و کۆمەڵکوژییە بەوجۆرە روویدا.

بۆچی هەڤاڵ "شیلان" و هەڤالانی دیکەی لەگەڵیدابوون بەئامانجیان گرتبوون؟ هۆکاری خۆی هەیە. هەر لەیەکەمین کۆنگرەی جڤاتی گشتیدا لەناو هەڤالانی کچدا ئەوەی لەبەرامبەر گروپی خیانەتکار هەڵوێستی وەرگرت بۆیەکەمجار هەڤاڵ "شیلان" بوو، هەڤاڵ "شیلان" لەنێو پارتی یەکێتی دیموکراتی (PYD)شدا لەدژی ئەو چەمکی چەتەگەرێتییە راوەستا، لەدژی **کەماله سوور** (کەمال شاهین) و ئەوان راوەستا، ئەوانە بینیان کە ئەگەر "شیلان" بێکاریگەر نەکرێت ئەوا ناتوانن (PYD) بخەنە نێو دەستی خۆیانەوە.

هەر لەدەستپێکدا کاتێك کە کامپی (PYD) لە کانی شیلان(٧) بوو، دوای یەکەمین کۆبوونەوەی جڤاتی گشتی کە هەڤاڵ "شیلان" خواستبووی بچێتە ئەوێ، "کەماله سوور" و "فەرهاد" و ئەوان هەڕەشەیان کردبوو کە "شیلان" نەچێتە ئەوێ، سەرەڕای ئەمەش هەڤاڵ "شیلان" هەرچووبوو، لەوێش هەڤالانی ئەوێیان ئامادەکردبوو، کە کاتێك هەڤاڵ "شیلان" چووە ئەوێ ئەو هەڤالانە لەدژی هەڤاڵ "شیلان" بخەنە جموجۆڵەوە، بۆ ئەوەی هەڤاڵ "شیلان" نەتوانێت لەوێ بمێنێتەوە، سووکایەتیان بەرامبەری کردبوو، بەڵام دیسان هەڤاڵ "شیلان" بەجورئەتەوە لەدژی هەڕەشەکانی ئەوان راوەستایەوە. لەنێو (PYD)شدا لەدژی چەمکەکانیان خەبات و شەڕی کرد و تەسلیمی چەمکەکانی ئەوان نەبوو و نەشیخواست کە (PYD)یش تەسلیمی چەمکەکانیان ببێت. تادەهات ئەو خەتی تەسفیەگەرێتییەی بەرتەسك کردەوە، بەخۆی هاتە لای ئێمە و هەڤالانی کچی ناردە لامان، هەڤالانی (PYD)ی ناردە لای ئێمە، تەنانەت ئەوانەی کە لەنێو تەڤگەری ژندا بوون و لەگەڵ گروپی "فەرهاد" و "بۆتان" بوون هەڕەشەیان لێکردبوو و پێیان گووتبوو:" بۆچی دەچیتە لای جومعە (جەمیل بایك)؟" پێویستە نەچیتە لای ئەو، تەنانەت لەبەرامبەر ئەو هەڕەشانەدا هەڤاڵ "شیلان" هەنگاوی بۆ دواوە نەهاوێشت و خۆی هاتە لام و هەڤالانی دیکەی کچ و هەڤالانی (PYD)ی ناردە لای من بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا قسە بکەم و سەبارەت بەدۆخەکە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەم. بێگومان ئێمە پێکەوە لەدژی ئەو خەتە هەم لەناو تەڤگەر

بەگشتی و هەمیش لەناو (PYD)دا جموجوڵێکیان دەرخست. چۆن لەناو تەڤگەردا بەگشتی گروپی چەتەگەری خیانەتکار ئاشکرا بوون و شکستیان هێنا و هەڵاتن و رۆیشتن، لەناو (PYD)شدا بەهەمان شێوە شکستیان هێنا و هەڵاتن و رۆیشتن. هەڵبەتە ئەوانیش پێکەوە کاریان دەکرد. ئیدی (PYD) بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا دەرچوو. تەنانەت هەڤاڵ "شیلان" بۆ ئەو مەبەستە چووە خۆرئاوای کوردستان و لەوێش کار و خەباتی کرد، لەوێش چەمکە خیانەتکارییەکان و تەسفیەگەرییەکانی ئەوانی بە گەل و کادیران ناساندبوو و تێیگەیاندبوون، لەوێش نەیهێشت ئەو گروپە خیانەتکارە تەخریبات بکات، ئەو گروپە خواستیان بەرێگەی ئیستخباراتی سوریا بەگرتنی بدەن، کەمێك مابوو دەستگیر بکرێت، هەڤاڵ "شیلان" ناچارما لە سوریا دەربکەوێت، ئێمە گووتمان:" لەوێ دەربکەوە و وەرەوە" چونکە دەستگیرییان بکردبایە لەناویان دەبرد. هەڤاڵ "شیلان" گەڕایەوە، بەڵام دەچووە موسڵ و لەسەر سنوور

پەیوەندی لەگەڵ رێکخستنەکانی ئەوێ دەکرد. واتا لە موسڵەوە کار و خەباتی باشووری خۆرئاوا و سوریای بەرێوە دەبرد، سەرپەرشتیاری ئەو کار و خەباتەی ئەوێ بوو، ئیستخباراتی سوریا بەمەی زانی، خائینەکانیش بەو جۆرە زەبریان لەو هەڤاڵە و هەڤالانی لەگەڵیدا بوون دا. واتا تۆڵەی خۆیان کردەوە، لەبەر ئەوەی هەم بەگشتی و هەمیش لەنێوان (PYD)دا لەدژی چەمکە تەسفیەگەرییەکان راوەستابوو و راستینەی ئەوانی ئاشکرا کردبوو و تەڤگەری لەژێر کۆنترۆڵی ئەوان دەرخستبوو. ئەوانیش بەو شێوەیە پیلانیان دانا و تۆڵەی خۆیان کردەوە، ئەو رووداوی شەهیدبوونە بەو شێوەیە روویدا.

بێگومان ئەو شەهیدبوونە بۆ ئێمە گرنگ بوو، بۆیە پێویستبوو ئەوەمان بکردبایە بناخەی پێشکەوتنی تەڤگەر، بناخەی مەزنبوونی (PYD)، وەك چۆن شەهیدبوونی هەڤاڵ "حەقی قەرار"مان کردە بناخەی دامەزراندنی (PKK) و (PKK)مان لەسەر ئەو بنەمایە ئاواکرد، پێویستبوو شەهیدبوونی هەڤاڵ "شیلان"یش ببایە هۆکاری ئەوەی (PYD) بەرەو پێشەوە ببەین و بەهێزی بکەین. بێگومان ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە لەو

ڕووداوەی شەهیدبوونی هەڤاڵ "شیلان" و هەڤاڵانی نزیك بووینەوە، بەو شێوەیە کاریگەری چەمکە تەسفیەگەرییەکانی ئەوانمان بێکاریگەر کرد.

دوای ئەوەی "کۆنگرەی گەل" ئاوادەبێت و تارادەیەك ڕۆڵ و پێگەکەی دیاردەبێت، پاشان کار بۆ سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی (PKK)ش دەکرێت. پێش ئەمەش سەرۆك ئاپۆ ڕۆڵێکی بەمجۆرەی بە "کۆمیتەی زانست، ڕۆشنگەری، هونەر"ی دابوو لەنێو کۆنگرەی گەل دا... بەڵام پاشان پرۆژەی سەرلەنوێ بنیادنانەوەی (PKK) پێشکەوت و لەساڵی (٢٠٠٥)دا یەکەمین کۆنگرە بۆ سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی (PKK) سازدەکرێت و (PKK) بنیاد دەنرێتەوە. لێرەدا سەرلەنوێ بنیادنانەوەی (PKK) بەچ واتایەك دێت؟ ئەمڕۆ لەنێو ئەم تەڤگەرەدا بەگشتی ئەو ڕۆڵ و پێگەیەی کە (PKK)ی نوێ لەئەستۆی خۆی گرتووە چییە؟

ئەو بڕیارە هەڵانەی ئێمە لە حەوتەمین کۆنگرەدا سەبارەت بەناو گۆڕین دامان و لە هەشتەمین کۆنگرەشدا لەسەری بەردەوام بووین، سەرۆك بەرێگەی ئاواکردنی مۆدێلی "کۆنگرەی گەل"ەوە ئەو هەڵانەی ڕاستکردەوە. واتا ئێمە ڕێکخستنی گەل (ERNK)مان تەسفیە کردبوو، سەرۆك بەرێگەی ئاواکردنی "کۆنگرەی گەل"ەوە جارێکی دیکە ئەو هەنگاوەی هاوێشت و ئەو هەڵەیەی ڕاستکردەوە، کاتێك کە مۆدێلی "کۆنگرەی گەل"یشی پێشخست گووتی:"با کۆمیتەی زانست، ڕۆشنگەری، هونەر ئەرکی پارتی جێبەجێ بکات". واتا ئەرکی ئایدیۆلۆژی، فەلسەفی و ئەخلاقی جێبەجێ بکات. ئەو ئەرکەی خستە ئەستۆی "کۆمیتەی زانست، ڕۆشنگەری، هونەر"ەوە. بێگومان لەبەر ئەوەی گروپی خیانەتکار هەم مۆدێلی "کۆنگرەی گەل"یان شێواند و نەیانهێشت تێگەیشتن لەو

مۆدێلە بەدروستی بێتەئاراوە، هەمیش بەناوی "کۆنگرەی گەل" گەلێك چەمکی هەڵەیان پێشخست و تەسفیەگەرێتییان ئەنجام دا. هەڵبەتە "کۆمیتەی زانست، رۆشنگەری، هونەر"یش نەیتوانی لەدۆخێکی وەهادا ئەو ئەرکەی خۆی پێکبهێنێت، سەرۆك کە بینی ئەو کۆمیتەیە ناتوانێت ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات. هەم لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژەیەی کە پێشکەشی کردووە پێشنەکەوتووە، هەمیش تەسفیەگەرێتی تەشەنەی سەندبوو، بەشێوەیەکی زۆر مەترسیدار تەشەنەی سەندبوو، بۆیە موداخەلەی ئەو دۆخەی کرد. چونکە دەرکی بەوە کرد کە تەسفیەگەرێتی لەنێو کادیراندا پەرمیسەندووە. بۆچی؟ چونکە کادیران بێ رێکخستن ماونەتەوە، لەکادیراندا پەرشوبڵاوی و تەسفیەگەرێتی پەرمیسەندووە، ئەمە بۆ ناو گەلیش شۆڕدەبێتەوە. بۆیە پێویستە رێگیری لەمە بکرێت. کە بینی ئەمە بەرێگەی "کۆمیتەی زانست، رۆشنگەری، هونەر" ئەنجام نادرێت، بۆیە گووتی:" پێویستە سەرلەنوێ (PKK) ئاوابکرێتەوە" واتا پێویست دەکات رێکخستنی کادیران جارێکی دیکە ئاوابکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەکادیراندا کۆکردنەوەیەك بێتەدی و ئەو پەرشوبڵاوییەی لە پەرمیسەندووە و ئەو تەسفیەگەرێتییەی لەئاکامی ئەو پەرشوبڵاوییە پەرمیسەندووە رێگیری لێبکرێت. سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی (PKK) بۆ ئەو مەبەستە بوو.

بۆیە پێویستبوو (PKK) ئاوا بکرێتەوە. چونکە ئەم تەڤگەرە تەڤگەری کادیرانیشە، کاتێك کە کادیرانیش بێ رێکخستن مانەوە پەرشوبڵاوی پەرمیسەند و کەمێك مابوو تەڤگەریش تەسفیە ببێت. بۆ ئەوەی رێگیری لەمە بکرێت و کۆکردنەوەیەك بێنێتەدی گووتی:"با (PKK) دابمەزرێتەوە، بەڵام پێویستە لەسەر بناخەیەکی نوێ ئاوابکرێتەوە" کاتێك کە سەرەتا (PKK) دامەزرا سۆسیالیزمی بنیادنراو هەبوو، هەموو لەژێر کاریگەری سۆسیالیزمی بنیادنراو دابوون، پاشان کە سەرۆك بۆ ئەوەی تەڤگەر لەکاریگەرییەکانی سۆسیالیزمی بنیادنراو خاوێن بکاتەوە زۆر کاری کرد. هەڵبەتە ئێستاش کە کاریگەری سۆسیالیزمی بنیادنراوی لە ئایدیۆلۆژیای خۆی خاوێن کردۆتەوە، ئەوا بەمە قووڵبوونەوەیەکی لەئایدیۆلۆژیای خۆیدا ئەنجام دا. بەگوێرەی ئەمەش مۆدێلێکی رێکخستنی لەپارتیبوونیشدا پێشخستبوو، کە مۆدێلی کۆنگرەی گەل بوو، بۆیە پێویستبوو "PKKی نوێ" لەسەربنەمای ئەو مۆدێلە نوێیە ئاوابکرێت، نەك لەسەر

مۆدێلی کۆن. چونکە مۆدێلی کۆنی پارتیبوونی (PKK) لەسەر بنەمای مۆدێلی "بەلشەفیك"ی ئاواکرابوو. هەڵبەتە ئەو مۆدێلەش، کە سۆڤییەت نموونەکەی بوو، تەسفیە ببوو، تۆ نەتدەتوانی جارێکی دیکە (PKK) لەسەر بنەمای ئەو مۆدێلە ئاوابکەیتەوە، هەڵبەتە خودی ئەو مۆدێلە خۆی لەدونیادا نەما بوو و تەسفیە ببوو، بۆیە پێویستبوو لە پارتیبووندا مۆدێلێکی نوێ پێشبخرێت، ئیدی پێویستبوو (PKK)ی نوێ لەسەر مۆدێلێکی نوێ ئاوابکرێت، ئەو مۆدێلەش سەرۆك لە بەرگرینامەکەی خۆیدا چوارچێوەکەی دارشتبوو، کە لەسەر کامە مۆدێل ئاوا ببێت. ئیدی (PKK)ی کۆن دەوڵەت و دەسەڵاتی بۆخۆی بەبنەما وەرگرتبوو، مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی گەلی ژێردەستە و دیاریکردنی چارەنووسی خۆی لەمەسەلەی دەوڵەتدا دەبینییەوە، لەسەر ئەو بنەمایە خۆی ئاواکردبوو. لەپارتیدا چەمکی دوڵەت و دەسەڵات هەبوو، بۆیە (PKK) دەوڵەت و دەسەڵاتی کردبووە ئامانجی خۆی، چونکە دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردی بەجودابوون و بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ و جودای دابووە پێشخۆی. هەروەها ستراتیژی خۆی بەگوێرەی رەوشی ئەو کاتەی جیهان پێشخستبوو، تاکتیکی خۆی لەسەر بنەمای "شەڕی گەلی درێژخایەن" دارشتبوو، شەڕێك کە ئەو کاتە تەڤگەرەکانی گەلانی ژێردەستە بەڕێوەیان دەبرد. رەوشی جیهانیش گۆڕدرابوو، بەناوی سۆسیالیزم ئەو سۆسیالیزمەی لەئارادا بوو پەرشوبڵاو ببوو، ئیدی تۆ ناتوانیت بەو سۆسیالیزمە و بەو مۆدێلەی ئەو سۆسیالیزمە رێکخستن پێشبخەیت. سەرۆك لە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیای خۆیدا نوێبوونەوەیەکی بەهێزی ئەنجام دا، بەتەواوی دەستی لە دەوڵەت و دەسەڵات بەردا، زیهنییەتێکی نوێی پێشخست، بەگوێرەی ئەو زیهنییەتەش کولتوور و ئەخلاقێکی نوێ و سیاسەتێکی نوێی پێشخست. بۆیەش پێویستبوو ئەو پارتییەی ئاوا ببێت لەسەر ئەو بنەمایە ئاوا ببێت. ئیدی (PKK)ی نوێ لەسەر ئەو بنەمایانە ئاوابوو. لەسەر بنەمای سیستەمی دیموکراسی ئاوا بوو، نەك لەسەر بنەمای سیستەمی دەوڵەتگەرا.

واتا هیچ ئامانجێکی سیاسی خۆی نییە؟

پێویستە ئامانجی خۆی بەتەواوی ئایدیۆلۆژی و ئەخلاقی بێت، خەباتی ئایدیۆلۆژی و ئەخلاقی پێکبێنێت، سیاسەتیش لەسەر ئەو بنەمایە پێکبێنێت، نەك لەسەر بنەمای ئاواکردنی دەسەڵات و دەوڵەت، بەڵکو پێویستە پارتی لەسەر بنەمای ئاواکردنی سیستەمێکی دیموکراتی کاربکات و سیاسەت بکات و خۆی نەکاتە هەموو شتێك. چونکە هەر پارتییەك کە بەگوێرەی مۆدێلی سۆڤییەت و بەلشەفیك دروستبووایە، ئەوا خۆی دەکردە هەموو شتێك؛ دەوڵەت، دەسەڵات، پارتی، چین و هەموو شتێك. ئەگەر تۆ پارتییەکی نوێ پێشبخەیت، پێویستە بەمشێوەیە خۆی نەکاتە ناوەندی هەموو شتێك، پارتی رۆڵی خۆی هەیە، ئەویش سیاسەتکردنە، رۆڵی پارتی سیاسەتکردنە، سیاسەتیش لەسەر چ بنەمایەك بکات؟. لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی و ئەخلاق سیاسەت بکات تاکو بتوانێت کۆمەڵگایەکی نوێ پێشبخات و بەردەوام نوێی بکاتەوە، هەروەها پێداویستییەکانی کۆمەڵگا لەرووی ئازادی و دیموکراسی و عەدالەت بێنێتەدی، ئیدی پێویستبوو (PKK)ی نوێ لەسەر ئەو بنەمایە ئاوا بکرێت. بۆیە سەرۆك دەستەواژەی "(PKK)ی نوێ"ی بەکارهێنا. چونکە (PKK)ی نوێ لەهەموو روویەکەوە لە (PKK)ی کۆن جوداترە.

راستە لەسەر خەبات و میراسی ئەو ئاواکراوە، بەڵام وەکو ئەو ئاوا نەبووە، ئەرکی (PKK)ی پێشوو لە (PKK)ی ئێستا جیاوازتربوو، (PKK)ی پێشوو بەتەواوی سیستەمی دەوڵەت و دەسەڵاتی بۆخۆی بەبنەما وەردەگرت. لە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیای سەرۆکدا دەوڵەت و دەسەڵات نییە، بەڵکو سیستەمی دیموکراسی هەیە، پێویستە هەموو شتێکی بەگوێرەی ئەو سیستەمە رێکبخرێت، پارتیش بۆ ئەوەیە کە بتوانێت پێشەنگایەتی بۆ ئەو سیستەمە بکات. هەر پارتییەکیش کە ئاوا بکرێت پێویستە بەتەواوی لەسەر بنەمای ئەو سیستەمە خۆی ئاوا بکات. لەسەر بنەمای دیموکراسی، شۆڕشی ژن (رەگەزی)، شۆڕشی ئیکۆلۆژی، لەسەر ئەو بنەمایەش ئەخلاقی نوێ پێشبخات. پێویستە پارتی لەسەر ئەو سێ ستوند و پایانە سیاسەت بکات، ئیدی ئەو کاتە ئەو پارتییە دەبێتە پارتییەکی نوێ، بەتەواوی بەگوێرەی زیهنییەتێکی نوێ، کولتوور و ئەخلاقێکی نوێ خۆی ئاوابکات، تاکو بتوانێت کۆمەڵگایەکی نوێ، سیستەمێکی نوێ ئاوا بکات و پێشەنگایەتی بۆ بکات. لەو سیستەمەدا ئەرکی پارتی پێشەنگییە، پێشەنگی ئایدیۆلۆژی

و ئەخلاقییە، سیاسەتیش لەسەر ئەو بنەمایە دەكات. ئەركی پارتی سیاسەتكردنە، نەك بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دەسەڵات.

لە (١)ی حوزەیرانی (٢٠٠٤)دا لەلایەن تەڤگەرەوە هەڵمەتێك (قەڵەمبازێك) ئەنجام درا. بەر لەهاوێشتنی ئەو هەڵمەتە رەوشەكە چیبوو؟ ئەو هەڵمەتە بە چ ئامانجێك هاوێشترا و چ ئەنجامێكی لەگەڵ خۆیدا هێنا؟

لەدووەمین كۆنگرەی جڤاتی گشتیدا ئەو بڕیارە وەرگیرا، چونكە هێزە پیلانگێڕەكان كەوتبوونە نێو جموجۆڵەوە، بەرێگەی گروپی خیانەتكارەوە دەیانخواست تەڤگەر بخەنە دەست خۆیانەوە، دەوڵەتی داگیركەریش لەمە سوودمەند ببوو و دەیخواست هێرشەكانی خۆی زیاتر بكات، لەبەرامبەر تەڤگەردا لەهەموو رووێكەوە هێرشێكی مەزن پێشدەكەوت، هەم لەلایەن دەوڵەتی داگیركەرەوە، هەمیش لەلایەن ئەمریكاوە. تەنانەت لەناو كوردانی بەكرێگیراو و میللیگەراشدا بۆ ئەم مەبەستە كەوتبوونە نێو جموجۆڵەوە، بەمجۆرە هێرشێكی مەزنیان لەسەر تەڤگەر پەرەپێدەدا، هێرشی عەسكەری، سیاسی، ئایدیۆلۆژی و رێكخستنی لەسەر گەل و تەڤگەر پەرەی دەسەند، پێویستبوو كە تەڤگەر لەبەرامبەر ئەو هێرشانە بەرگری لەخۆی بكردبایە. چونكە ئەگەر بەرگری لەخۆی نەكردبایە، ئەوا ئەو هێرشانە مەترسیدار دەبوون و تەڤگەر زەبری بەردەكەوت، گەل زەبری بەردەكەوت. ئیدی بۆیە تەڤگەر لەیەكی حوزەیراندا بڕیاری "بەرگری رەوا"ی وەرگرت. واتا لەبەرامبەر هێرشەكاندا بەرگری لەخۆی بكات و خۆی بپارێزێت.

ئەو بڕیارە راگەیاندنی شەڕ نەبوو، گۆڕانكاری نەبوو لە ستراتیژی و تاكتیكدا، بەڵكو بەتەواوی لەبەرامبەر هێرشەكاندا خۆی بپارێزێت تەڤگەر ئەو بڕیارەی وەرگرت، لەسەر ئەو بنەمایەش تەڤگەر خۆی بەرێكخستن كرد تاكو بتوانێت بەرگری لەخۆی بكات، لەبەرامبەر هێرشەكان راوەستا و وەڵامی هێرشەكانی دایەوە، چونكە تاكو ئەو كاتە

وەڵامی نەدەدایەوە، لەبەر ئەوەی وەڵامی نەدایەوە هێرشەکانیش تادەهات زێدەتر و مەترسیدارتر دەبوون، بەڕادەیەك تەڤگەر نەیدەتوانی خۆی بپارێزێت و بەرەو تەسفیەبوون دەچوو، ئەو هێرشانەی لەسەر تەڤگەر دەکران، تەڤگەری خستبووە نێو رەوشێکی بەمجۆرەوە. ئەگەر ئەو بڕیارە وەرنەگیرابایە و ئەو پێڤاژۆیە (قۆناخە) بەردەوام ببایە، ئەوا تەڤگەر بێ خۆپاراستن بوو، هێرشەکان زێدەبوون و تەڤگەر لەهەموو لایەکەوە زەبری بەردەکەوت. ئەمەش تەڤگەری بەرەو لەناوچوون دەبرد. ئیدی بۆ ئەوەی ئەمە روونەدات تەڤگەر ئەو بڕیارەی وەرگرت تاکو بەرگری لەخۆی بکات و ئەگەر هەر هێرشێك روویدا بتوانێت زەبری بەرنەکەوێت و وەڵامی ئەو هێرشانە بداتەوە، لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە هەنگاومان هاوێشت.

کاتێك ئێمە ئەو بڕیارەمان وەرگرت گروپی خیانەتکاریش هێشتا لەناو تەڤگەرمابوون و هەڵنەهاتبوون، ئەوانە گووتیان:" ئەو بڕیارە چییە؟ ئەمە گەڕانەوەیە بۆ ستراتیژی رابردوو" ئەوانەی دەرەوەی ئێمەش، ئەوانەی ئەو هێرشانەیان لەسەر تەڤگەر دەکرد و دەیانخواست تەڤگەر بێتوانا بکەن و پەرە بە تەسفیەکردنی بدەن و تەسلیمی بکەن، ئەوانەش گووتیان:" ئەمە چ بڕیارێکە؟ بۆچی ئەو بڕیارەتان وەرگرت؟" ئەو بڕیارەیان بەهەڵە زانی. واتا بەگوێرەی ئەوانە دەبووایە تەڤگەر بەرگری لەخۆی نەکات، بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن بەئاسانی ئەنجامگیر ببن. تەنانەت لەناو ئێمەشدا لەبەر ئەوەی هێشتا کاریگەری ئەو گروپە هەبوو و پروپاگەندە و چەمکی هەڵەیان بڵاوکردبووەوە، هێشتا کاریگەری ئەوان مابوو، هەندێك لە هەڤاڵان دەیانگووت:" بۆچی تەڤگەر ئەم بڕیارەی وەرگرت؟ تۆبڵێی ئەم بڕیارە جارێکی دیکە ئێمە دەگەڕێنێتەوە بۆ ستراتیژی کۆن؟" بۆیە بە دوودڵی لەو بڕیارەی تەڤگەر نزیك دەبوونەوە، تەنانەت هەندێکیان لەدژی ئەو بڕیارەش راوەستان. کاتێك ئێمە بڕیاری بەرگری رەوا (پاراستنی رەوا)مان پێشخست، تەنانەت (HPG)ش لەدوودڵی دابوو؛ تۆبڵێی تەڤگەر بەتەواوی خاوەنداری ئەو بڕیارە دەکات یان نا؟ ئەگەر لەسەرەتادا بەرگری رەوا بە لاوازی پێشکەوت لەبەر ئەو هۆیە بوو. چونکە هەموو تەڤگەر لەپشت ئەو بڕیارە رانەوەستا، لەپشت (HPG) رانەوەستا، (HPG)ش ئەمەی بینی، بۆیە ئەمە کاریگەری لەسەر (HPG)ش کردبوو، بەڕێوەبەرایەتی تەڤگەر لەدژی ئەو چەمکە راوەستا، ئەو هێرشانەی لەسەر ئەو بنەمایە

لەدەرەوە دەكرێت، ئەوەی كە هەڵمەتەكە لاواز دەكات و خەبات لاواز دەكات و مەترسییەكان مەزنتر دەكات لەدژی ئەو چەمكانە شەڕی كرد، ئیدی لەئاكامی ئەوەدا كاریگەری خیانەتكاری و هێزەكانی دەرەوە كەم بۆوە.

ئەو هەڵمەتەی یەكی حوزەیران بەو شێوەیە پێشكەوت و تەڤگەر بەوجۆرە خۆی پاراست. ئیدی ئەگەر ئێمە گەیشتینە رۆژی ئەمڕۆ، ئەوا لەسەر بنەمای ئەو بڕیارە گەیشتینە رۆژی ئەمڕۆ. ئاشكرابوو كە ئەو بڕیارە تاچەند راستبووە، ئەگەر ئەو بڕیارەمان وەرنەگرتبایە ئەوا تەڤگەر خۆی كۆنەدەكردەوە، بەڵكو تەڤگەر زەبری مەزنی بەردەكەوت. چونكە تەڤگەر بێ خۆپاراستن مابۆوە، بۆیە هەموو كەسێك هێرشی لەسەر تەڤگەر دەكرد، هەموو كەسێكیش چەندە هێرشی دەكرد ئەوەندە ئەنجامگیر دەبوو، ئیدی بەم بڕیارە رێگیری لەمە كرا، تەڤگەر خۆی كۆكردەوە و جارێكی دیكە گووتی:" من هەم...!!" بەم هەڵوێستەی و بەتێكۆشانی خۆی ئەو هێرشانەی لەسەر خۆی كەم كردەوە و بێكاریگەری كردن و خۆیشی بەهێز كرد. هێرشكارانیش بینیان كە هەروا زۆر بەئاسانی ناتوانن ئەم تەڤگەرە وەها تەسلیم بكەن و پەرشوبلاوەی پێبكەن، ئەمەیان بینی. بۆیە تەنانەت تەڤگەر هەر خۆی كۆنەكردەوە، بەڵكو ئەو پراكتیكەی بە گەریلا و سەرهەڵدانیش پێشیخستبوو كاریگەری لەسەر گەلێك هێز و لایەن كرد و سیاسەتی ئەوان و بەرژەوەندی ئەوانیان خستە ژێر مەترسییەوە. بۆیە ناچاربوون گووتیان:" با (PKK) و ئاپۆ ئاگربەستێك رابگەیەنن..."

ئەو هێزانە هەموویان بەم بڕیارە و لەئاكامی پراكتیكی ئەو بڕیارەوە تەڤگەر ئەوانی راكیشایەوە ئەو دۆخەوە. ئەگەر ئەوانە داوایان لەسەرۆك كرد كە ئاگربەست رابگەیەنێت، لەبەر ئەوەبوو داوایان كرد، ئەگەر وەها نەبایە كەسێك ئەو داوایەی لە سەرۆك ئاپۆ نەدەكرد، هەموو كەسێك بەئێمەی دەگووت:" مسۆگەر دەبێت دەستبەرداری سەرۆك و (PKK) ببن" چونكە بەرێگەی گروپی خیانەتكارەوە بەو هیوایە بوون كە تەڤگەر بخەنە دەستی خۆیانەوە، ئەگەر ئەمەش مەیسەر نەبێت ئەوا تەڤگەر پارچە بكەن و پەرشوبلاوی بكەنەوە، بۆیە دەیانگووت:" ئیدی ئەو تەڤگەرە مرد..." هەر بۆیە بەئاشكرا دەیانگووت:" دەست لە ئاپۆ و (PKK) بەربدەن، ئیدی ئەوانە نوێنەرایەتی كوردان ناكەن" چونكە دەیانگووت:" ئیدی ئەو تەڤگەرە بەرەو

تەسفیەبوون دەچێت"، بۆیە ئەو بانگەوازییەیان دەکرد. بەڵام ئەو بڕیارەی یەکی حوزەیران، ڕێگیری لەمە کرد و تەڤگەر خۆی کۆکردەوە و سەرهەڵدان و گەریلا و بەرگری ڕەوای بەهێز بوون.

ئیدی بەمە (PKK) جارێکی دیکە لەسیاسەتی ناوچەکەدا شوێنی خۆی گرتەوە. چونکە لەسیاسەتی ناوچەکەیان دەرخستبوو، جارێکی دیکە کەوتەوە نێو سیاسەتی ناوچەکە و شوێنی خۆی گرتەوە و کاریگەری لەسەر سیاسەتی ناوچەکە کرد، کاریگەری لەسەر سیاسەت و بەرژەوەندی دەوڵەت و پارتەکانی کرد، بۆیە ناچاربوون گووتیان: "با سەرۆك ئاگربەست ڕابگەیەنێت". ئیدی ئەگەر ئێمە بەو ئاستە گەیشتین ئەوا بەهۆی بڕیاری یەکی حوزەیرانەوە بەدیهات.

کاتێك سەرۆك ئەمەی وەك پێشنیاز پێشکەشی تەڤگەری کرد و تەڤگەریش کردی بەبڕیار و وەك هەنگاوێك هاوێشتی، پیلانگێڕان و دەوڵەتی داگیرکەر زۆرتووڕە بوون، ئەو گۆشەگیرییەی لەسەر سەرۆك بەڕێوەیان دەبرد توندتریان کرد، کەمێك مابوو سەرۆك لەناوببەن. وەك بڵێی بەسەرۆك بڵێن: " تۆ بۆ تەڤگەر وریا دەکەیتەوە؟ تۆ بۆ ناهێڵیت تەڤگەر تەسفیە ببێت؟ ئێمە دەخوازین تەسفیەی بکەین، تۆش ناهێڵیت تەسفیە ببێت". بۆیە خواستیان بەو شێوەیە تۆڵەی خۆیان لەسەرۆك بکەنەوە، بۆیە ٠٠ گۆشەگیرییەی بەڕێوەیان دەبرد، لەئاستێکی زۆر وەحشیگەرانە پێشیانخست کە؛ یان ـك خۆی خۆی لەناوببیات یان ئەمە نەکات و تەسلیم ببێت. تا ئەو ئاستە وەحشییەتیان بە پێشخست، سەرۆکیش نە تەسلیمی ئەوان بوو و نە خۆیشی لەناوبرد، بەڵکو لەبەرامبەر ئەواندا بەرخۆدانی خۆی پێشخست و پێداگری لەسەر ڕێگای چارەسەری کرد. بینیان کە پێداگری لەسەر ئەمە دەکات، ئەمجارەیان لەبەرامبەر ئەوەدا چییان کرد، هەوڵیاندا سەرۆك لەنێوان مردن و ژیاندا بهێڵنەوە، ئەو سیاسەتەیان بەڕێوە برد، بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژ بیکوژن، سیاسەتێکی هێندە وەحشیگەرانەیان لەسەر سەرۆك پێشخست. چونکە هێشتنەوەی لەنێوان مردن و ژیاندا، هەموو ڕۆژ مردنە و ژیانبوونیش هەر مردنە، کەس ناتوانێت بەرگەی ئەمە بگرێت، ئەو کاتە یان خۆی دەکوژێت یان تەسلیم دەبێت.

ئیدی سەرۆك لەدژی ئەو سیاسەتەش راوەستایەوە، لەبەر ئەوەی لەدژی ئەو سیاسەتە راوەستایەوە، بینیان بەمەش ناتوانن ئەنجام بگرن. بۆیە کەمێك هەنگاویان هاوێشت و گووتیان:"با ئاپۆ ئاگربەست رابگەیەنێت..."

سیستەمێك
لەدەرەوەی كۆشك و سەراكانی
دەوڵەت...!!

لەنەورۆزی ساڵی (٢٠٠٥)دا سیستەمی كۆما كۆمەڵانی كوردستان (KKK) لەلایەن سەرۆك ئاپۆوە راگەیەنرا، گەلی كوردیش لەمیانەی پیرۆزكردنی نەورۆزدا خاوەندارێتی لەسیستەمی (KKK) كرد. هەڵبەتە گەوهەری ئەو سیستەمەش كۆنفیدراڵیزمی دیموكراتییە. راگەیاندنی ئەو سیستەمە چ رەنگدانەوەیەكی لەناو تەڤگەر و گەلدا هەبوو؟ پرۆژەی كۆنفیدراڵیزمی دیموكراتیك خاوەن چ ناوەرۆك و گەوهەرێكە و لەسەر چ بنەمایەك پێشدەكەوێت؟ تا رۆژی ئەمرۆ لەماوەی ئەم یەك دوو ساڵەدا تا چەند توانیویەتی هەنگاو بۆ پراكتیزەكردنی بهاوێژێت، لەم رووەوە تا چ ئاستێك پێكهاتووە؟

سەرۆك بەساڵان لەرووی فەلسەفی، ئایدیۆلۆژی و تیۆریدا تێکۆشانی کردووە و هەنگاوی هاوێشتووە، تا گەیشتە ئەو ئاستەی بتوانێت ئەوە روون بکاتەوە کە مۆدێلی ئەو رێکخستنە لەرووی تیۆرییەوە لەسەر چ بنەمایەکە و لەرووی پراکتیکیشەوە چۆن پێکدێت. کاتێك دوای ئەوەی هەموو ئەوانەی تەواوکرد و یەکلایی کردەوە ئینجا لەسەر ئەو بنەمایە سیستەمی **کۆما کۆمەڵێن کوردستان (KKK)**یان بەناوێکی دیکە "**کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی**"ی راگەیاند، ئاڵاکەیشی دەستنیشان کرد و گووتی:" ئاڵاکەی ئەمەیە و سیستەمەکەشی ئەمەیە، منیش بەشەرەفەوە سەرۆکایەتی ئەو سیستەمە لەئەستۆی خۆم دەگرم" واتا کاتێك بەتەواوی لەرووی ئایدیۆلۆژی، فەلسەفی، رێکخستنی، تاکتیکی و سیاسی چوارچێوەکەی دیارکرد، ئینجا بەفەرمی رایگەیاند. تا ئەو کاتە (ساڵی ٢٠٠٥) مژوولی روونکردنەوەی سیستەمەکە و یەکلایی کردنەوەی بوو، بۆیە تا ئەو کاتەش رایانەگەیاندبوو. ئیدی کاتێك لەهەموو روویێکەوە سیستەمەکەی روونکردەوە و یەکلایی کردەوە ئەو کاتە رایگەیاند.

وەکوتریش لەرۆژی نەورۆزدا رایانگەیاند، بەمەش واتایەکی مەزنی بە نەورۆز بەخشی. بۆیە لەنەورۆزدا رایگەیاند، چونکە نەورۆز بۆ گەلی کورد و گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین واتایەکی خۆی هەبوو، سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیش هەر تەنیا بۆ کوردان نەبوو، بەڵکو بۆ گەلانی ناوچەکەش بوو، تەنانەت ئەو مۆدێلەی سیستەمی بۆ تەواوی مرۆڤایەتی راگەیاند و پێشیخست. هەڵبەتە نەورۆز تەنیا بۆ کوردان نییە، بۆ گەلانی ناوچەکە و تەنانەت بۆ تەواوی گەلانی جیهانیشە، چونکە واتای "ئازادی" هەیە. ئیدی سەرۆك لەنەورۆزدا رایگەیاند، بەمەش هەم واتای بەنەورۆز بەخشیەوە، هەمیش پردێکی لەنێوان ئەمڕۆ و مێژوودا دروستکرد.

بێگومان کاتێك سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی و ئاڵاکەی راگەیاند، ئەوا لەناو گەلدا دەنگدانەوەیەکی مەزنی دایەوە و کاریگەرییەکی مەزنی دروستکرد، گەل یەکسەر خاوەندارێتی لێکرد و لەنەورۆزی هەمان ساڵدا زۆر بەئاشکرایی خاوەندارێتی لە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی کرد و ئاڵاکەیشی بەرزکردەوە. داگیرکەران ئەو مەزەندەیەیان نەدەکرد کە گەل یەکسەر خاوەندارێتی لێبکات. هەڵبەتە کاتێك رایگەیاند دوو سێ رۆژ مابوو بۆ جەژنی نەورۆز. کاتێك کە لەنەورۆزدا بینی گەل هەمووی ئاڵای کۆما

کۆمەڵانی کوردستان (KKK)ی بەرزکردۆتەوە گەل بەدروشمەکان و ئاڵاکان خاوەنداریّتی لێکرد، ئەمە داگیرکەرانیشی شۆك کرد. واتا چۆن لەکاتێکی وەها زۆرکەمدا هێندە ئامادەکاری بۆ کرا و هێندە خاوەنداریّتی لێکرد؟ ئەوەیان بۆ روون نەبووەوە کە ئەو تەڤگەرەی پێیان دەگووت:" ئێمە بەرێگەی بۆتان و "فەرهاد"ەوە ئیفلیجمان کرد، ئیدی ناتوانێت پشتی خۆی راست بکاتەوە" بینیان پڕ بەهێزەوە دەکەوتەڕوو کە؛ تەڤگەر نەك هەر بێهێز نەبووە، بەڵکو پڕ بەهێزتر بووە. ئیدی لێرەدا بۆیان دەرکەوت کە تەسلیمبوونی ئەو تەڤگەرە یان تەسفیەکردنی ئەو تەڤگەرە زۆر دژوارە. چەندە دەڵێن:" ئێمە وا زەبرمان لێدان، ئێمە وا ئەنجام دەگرین" کەچی دەبینین تەڤگەر جارێکی دیکە لەبەرامبەریاندا بەهێزەوە دەردەکەوێت. ئەمەش ترس و شڵەژانێکی لەوان دروستکرد. ئیدی چۆن ئەمە بێکاریگەر بکەن؟

دەوڵەتی داگیرکەری تورك لەبەرامبەر ئەمە یەکسەر کەوتە جموجۆڵەوە؛ چۆن گەلی کورد ئاڵای **کۆما کۆمەڵانی کوردستان** (KKK)ی بەرزکردەوە تورکیاش یەکسەر ئاڵای تورکیای بەرزکردەوە و دایەدەستی هەموو کەسێك و **"پراواکسیۆنی ئاڵا"**(٨) دەستپێکرد. بۆچی؟ چونکە ئاڵای تورکیا نوێنەرایەتی سیستەمەکەی تورکیای دەکرد، ئەو ئاڵایەی سەرۆك دایە دەستی کوردان نوێنەرایەتی سیستەمێکی دیکەی دەکرد. ئەمە هەر تەنیا ئاڵایەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو ئاڵایەك بۆ گەل و میللەتێك بوو، ئاڵای سیستەمێك بوو، بۆیە مەسەلەی ئاڵاکە لە تورکیادا زۆر گرنگ بوو، لەشەڕی نێوان ئاڵاکاندا گوزارشتی لەشەڕی سیستەمەکان دەکرد. چونکە سەرۆك ئاپۆ ئاڵایەکی دابووە دەستی کورد و مرۆڤایەتییەوە، ئەو ئاڵایە ئاڵای سیستەمێك بوو. بۆیە یەکسەر ئاڵای تورکیایان لەبەرامبەریدا بەرزکردەوە، بەرێگەی پراواکسیۆنی ئاڵاکانەوە خواستیان ئەو کاریگەرییە نەهێڵن. چونکە ئەگەر ئەو کاریگەرییەی دروست بووە نەسڕنەوە ئەوا لەلای تورکیاش ئەو هەنگاوە دەهاوێشترێت و یەکێتی نێوان گەلی کورد و تورك دێتەدی. ئەمەش چارەسەری بەرەو پێشەوە دەبات، بۆیە ئەمان مەترسیدار بینی و بە پێویستیان زانی رێگیری لەمە بکرێت. ئیدی لەبەر ئەوە تیرۆرێکی مەزنیان لەسەر دیموکراتیخوازانی تورك پێشخست، بۆ ئەوەی بەتەواوی دیموکراتیخوازانی تورك تەسلیم بکەن، تاکو بەرەی تورکیا سەلامەت بێت. بەرێگەی پراواکسیۆنی ئاڵاکان و لینجکردنەوە

خواستیان کوردان گۆشەگیر بکەن و چاوی گەلی کورد بترسێنن و سەرهەڵدان پەرە نەسێنێت و بەهێز نەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن کۆنترۆڵی گەل بکەن، بتوانن گەریلاش بەتەنیا لەچیا عاسێ و گۆشەگیر بکەن و زەبریشی لێبدەن. هەر بۆیە شانبەشانی پراواکسیۆنەکەی ئالا و بەلینجکردن یەکسەر ئامادەکاری نۆپەراسیۆنیشیان پێشخست، تاکو بتوانن رێگری لەو پێڤاژۆیە بکەن و رووبەرووی مەترسی نەبنەوە.

ئیدی بۆیە راگەیاندنی **کۆما کۆمەلانی کوردستان** (KKK) یەکسەر کاریگەرییەکی بەهێزی خۆی کرد، لەناو گەلدا یەکسەر گەل خاوەنداریێتی لێکرد. لەوانەیە گەل بەقووڵایی لەمە تێنەگەیشتبێت، بەڵام باوەڕییەکی تۆکمەی بەسەرۆك هەبوو، ئەو سیستەمەی راشیگەیاندبوو بەرجەستەیان کرد و پێشتریش کەمێك تێیدا ژیابوون و لەپراکتیکی ئەو تەڤگەرەشدا، لەهەندێك شوێندا تێیدا ژیابوون، بۆیە ئەگەر بەقووڵاییش نەبێت بەڵام تارادەیەك دەیانزانی چییە و یەکسەر خاوەنداریێتیان لێکرد. چونکە لە **حیلوان**دا ئێمە پراکتیکێکی **کۆما کۆمەلانی کوردستان**مان پێشخستبوو. لە **باتمان**یش کەمێك تێیدا ژیابوون، لەهەندێك شوێنی دیکەشدا تێیدا ژیابووین و گەل ئەمانەیان دەزانی و لێی نامۆ نەبوون. بۆیە خاوەنداریێتی لێکرد.

کەواتە بناخەی سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی چییە؟

ئەو سیستەمە لەدەرەوەی دەوڵەت سیستەمێکی دیموکراتی بۆخۆی بەبنەما وەردەگرێت، دیموکراسییەت وەك سیستەمێك دەبینێت و ئەو سیستەمەش لەدەرەوەی دەوڵەت دەبینێت. سیستەمی دیموکراسی بە ئەلتەرناتیفی سیستەمی دەوڵەتگەرا دەزانێت. دیموکراسی وەك لەدەوڵەتدا هەیە تەنیا شێوەیەکی (شکلێکی) ئیداری نابێت، لەو سیستەمەدا لەبەر ئەوەی دەستڕۆیی (صلاحیة) و هێز لەئارادا نییە، لەبەر ئەوەی بەتەواوی ئازادی، دیموکراسی، یەکسانی و عەدالەت بەبنەما وەردەگرێت و باڵادەستێتی و دەسەڵات و دەوڵەت بەبناخە وەرناگرێت، بۆیە دابەشکردنی دەستڕۆییش لەئارادا نییە، بەو شێوەیە دابەشکردنی هێزیش لەئارادا نییە، لەو سیستەمەی کە دەوڵەت بەبناخە وەردەگرێت، دابەشکردنی هێز هەیە، چونکە ئەگەر ئەمە نەکات ناتوانێت باڵادەستێتی

خۆی بەڕێوەببات، ئەو کاتە حاکمییەت (باڵادەستێتی) دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە. بۆیە هێزی دادوەری، یاسادانان، جێبەجێکردن دابەش دەکەن، تاکو سیستەم بەڕێوە بچێت. چونکە سیستەم لەسەر دەسەڵات و حاکمییەت ئاواکراوە، بۆیە ئەو جودابوونەش دەکەن تاکو نەکەونە ژێر مەترسییەوە. ئەو سیستەمەی سەرۆك بەناوی کۆما کۆمەڵانی کوردستانەوە پێشیدەخات، تێیدا سیستەم لەسەر دەسەڵات و دەوڵەت و حاکمییەت ئاوای ناکات. بۆیە دابەشکردنی هێز بەبنەما وەرناگرێت. یەکێك لەخاڵە سەرەکییەکانی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیش ئەوەیە.

هەروەها ئەو سیستەمە بەتەواوی کۆمەڵگای ژێرەوە (خوارەوە) بۆخۆی بەبنەما وەردەگرێت، بەڵام ئەو سیستەمەی حاکمییەت بەبنەما وەردەگرێت، جا بە چ شێوەیەك دەبێت بابێت، کۆمەڵگای سەرەوە (ژوورەوە) بۆخۆی بەبنەما وەردەگرێت. ئەو سیستەمەی کە سەرۆك پێشیدەخات؛ لەکۆمەڵگادا کۆمەڵگای خوارەوە بەبنەما وەردەگرێت، بۆیەش دیموکراسییەتی راستەوخۆ (الديمقراطية المباشرة) بەبناخە وەردەگرێت نەك دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی (الديمقراطية النيابية). لە سیستەمی دەسەڵاتدارێتیدا دیموکراسی ئیدارەیەك و پارچەیەکی ئەو سیستەمەیە و لەناو خودی ئەو دایە، بۆیەش دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی بەبنەما وەردەگرێت. لەبەر ئەمەش هیچ کاتێك بەتەواوی دیموکراسی تێیدا بەرجەستە نابێت. بەڵام لەبەر ئەوەی لەسیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیدا کۆمەڵگای خوارەوە بەبناخە وەردەگرێت، ئەوا دیموکراسییەتی راستەوخۆ بەتەواوی بەبنچینە وەردەگیردرێت. یەکێك لەخاڵە جیاوازەکانیشی ئەمەیە.

لە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیدا پێویستە هەموو کەسێك بەزمان، ناسنامە، کولتوور و بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە خۆی رێکبخات و بەئازادیش گوزارشت لەخۆی بکات. واتا لێرەدا ژمارەی نفوسی هەر گەلێك، ئایینێك، ئایینزاێك،... هتد چەند دەبێت بابێت، هیچ کاتێك پێوانەی زۆرینە و کەمینە، گەورەیی و بچووکی بەبنەما وەرناگرێت، بەڵکو عەدالەت بەبنەما وەردەگرێت، مافی ئەو بەبناخە وەردەگرێت. بۆ نموونە؛ چۆن مافی میللەتێکی سەد ملیۆنی هەیە، میللەتێکی چەند هەزار کەسیش هەمان مافی هەیە،

مافەکانیان وەك یەکە، چۆن ئەم دەڵێت:" زمانی و کولتوور و ناسنامەی من" ئەویش هەمان ماف هەیە کە بڵێت:" زمان و کولتوور و ناسنامەی من".

مرۆڤ ئەگەر سەرنج بداتە مێژوو؛ دەبینێت کە ئەو شەڕانەی بەرپابوون لەسەر چی بەرپابوون؟ ئەوەی بەهێز بووە هەموو شتێکی بەمافی خۆی زانیوە، بەڵام بەمافی ئەوەی دیکەی نەزانیوە و خواستوویەتی لەناوی ببات، بۆیە شەڕەکان بەرپابوونە. شەڕەکان یان لەنێوان گەلاندا یان لەنێوان ئایینەکان و ئایینزاکاندا روویداوە، یاخود لەنێوان چینەکانیشدا روویداوە، چینێك خۆی باڵادەست دەبینێت، هەموو شتێك بەمافی خۆی دەزانێت، بۆ چینەکەی دیکەش بەماف نازانێت و لەبەرامبەریدا زوڵم و چەوسانەوە بەبنەما وەردەگرێت، ئیدی لەنێوان چینەکاندا شەڕ بەرپا دەبێت. هەروەها لەنێوان رەگەزەکاندا شەڕ دەرکەوتووە، دەسەڵاتی پیاو هەیە پیاو هەموو شتێك بەمافی خۆی دەزانێت، بەڵام بە ماف ژنانی نازانێت، ئەوەی کە بۆ ژن بەمافی دەزانێت چییە؟ تەنیا شوو بکات و ماڵ و منداڵی هەبێت و پیاوەکەی خۆی تێربکات و ئیشوکاری ماڵەوە بکات، ببێتە ژنێکی ماڵەوە.

هەروەها لەژینگە و سروشتدا تەخریباتێکی مەزن لەئارادایە و هاوسەنگی نێوان مرۆڤ ـ کۆمەڵگا، کۆمەڵگا ـ ژینگە نەماوە، بۆ ئەوەی دەستکەوت و کار و قازانج زیاتر بکەن بێسنوور سروشت تێکدەدرێت. هەڵبەتە ئەمەش ژیانی مرۆڤ دەخاتە مەترسییەوە، بەرێگەی ئەتۆم و کیمیاوی و بایۆلۆژی و...هتد، بێسنوور بەکاربردن (ئیستهلاك کردن) و پیسبوونێکی مەزن و نەخۆشی مەزن دروست دەکات، ژیانی مرۆڤیش دەخاتە مەترسییەوە. لەلایەکی دیکەوە مرۆڤ خۆی بەپارچەیەکی سروشت نازانێت، دەخوازێت بەسەر سروشتدا زاڵ ببێت، هەمیش بێسنوور دەخوازێت بەسەریدا زاڵ ببێت، ئیدی ئەمانە هەمووی کێشە بۆ مرۆڤایەتی دروستدەکەن.

لێرەوە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی کێشە مرۆڤایەتییەکان بەبناخە وەردەگرێت. واتا دەخوازێت ئەو هاوسەنگییەی تێکچووە و ئەو ناهاوسەنگییەی لەنێوان مرۆڤ و سروشتدا هەیە چارەسەر بکات و هاوسەنگ بکاتەوە، هەروەها مرۆڤ خۆی بەپارچەیەك لە سروشت بزانێت و لەگەڵ سروشتدا بەیەکەوە بژین. بێسنوور باڵادەستێتی خۆی بەسەر سروشتدا نەخات و تێکدان و وێرانکردن ئەنجام نەدات.

لەلایەکی دیکەشەوە؛ لەنێوان تاك و کۆمەڵگادا هاو... . تێکچووە، یان کۆمەڵگا نکۆڵی لەتاك دەکات و یانیش تاك نکۆڵی لەکۆمەڵگا دەدات. ئەم سیستەمە هەوڵدەدات لەنێوان تاك و کۆمەڵگادا هاوسەنگی دروست بکات. هەروەها لەنێوان دەوڵەت ـ تاك و کۆمەڵگادا ناهاوسەنگی دروستبووە، دەوڵەت هەموو شتێك بەقوربانی خۆی دەکات، تەنانەت تاك و کۆمەڵگاش، پێویستە لەبەرامبەر دەوڵ . ا کۆمەڵگا و تاك بپارێزرێت، پێویستە لەنێوان هەردوو رەگەزدا یەکسانی و هاوسەنگی بێتەدی، هەروەها نێوان ئایینەکان، ئایینزاکان، میللەتاندا هاوسەنگی دروست ببێت و ئەو ناهاوسەنگییەی لەئارادایە نەمێنێت. بۆ هەموو کەسێك ئازادی و بەئازادی گوزارشت لەخۆکردن هەبێت. لەمەسەلەی چینەکاندا، چینێك بەسەر چینێکی دیکەدا زاڵ نەبێت و دەسەڵاتدار نەبێت. لەگەوهەری کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیدا ئەمانە بەبناخە وەردەگیردرێت، کە هەموو کەسێك، چی بەماف خۆی دەزانێت دەبێت بە ماف ئەوەی بەرامبەریشی بزانێت، شتێك کە بە شایستەی خۆی دەبینێت بە شایستەی ئەوەی دیکەشی ببینێت، تاکو لەسەر بنەمای نکۆڵی و کوشتوبڕی و لەناوبردن نەژین، یەکتری پەسند بکەن و بەیەکەوە بژین، ژیان لەسەر بنەمای نکۆڵی و قڕکردن و توانەوە و لەناوبردن بەرێوە نەچێت، هەموو کەسێك بەناسنامە، زمان، ئایین، کولتوور و بەرژەوەندییەکانی خۆی خۆی رێکبخات و گوزارشت لەخۆی بکات. بەڵام هەموو کەسێکیش لەبەرامبەر ئەوانەی دیکە خۆی بەرپرسیار ببینێت. واتا وەك چۆن ئەوەی دیکە خۆی لەبەرامبەر تۆ و ئەوانی دیکە خۆی بەرپرسیار دەبینێت، پێویستە تۆش لەبەرامبەر ئەوانەی دیکە خۆت بە بەرپرسیار ببینیت، پێکەوە بژین و کاربکەن، هەموو شتێك پێکەوە دابەش بکەن (پارفە بکەن). واتا دەرك بەوە بکات کە بەبێ ئەوەی دیکە و ئەوانەی دیکە ناتوانێت بژیت، وەك چۆن دەخوازێت بژیت و ماف ژیانی هەیە، ئەوەی لەبەرامبەریشی دایە بەهەمان شێوە ماف ژیانی هەیە، پێویستە پێکەوە بژین و لەبەرامبەر یەکتری بە بەرپرسیارێتیەوە بژین، تاکو یەکێتییەکی بەهێز بێتەدی و کێشە و گرفت و پارچەبوون روونەدات، ناحەقی و زوڵم و نکۆڵی و شەڕ روونەدات. ئیدی راستینەی ئەم سیستەمە بەکورتی*و پووختی ئەومیە.

کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی ئیدارەیەکی ناوەندی ناخوازێت، بەڵکو ئیدارەیەکی خۆجێی (مەحەلی) بەڵام لەناوەندێکدا و لەکۆردیناسۆنێکدا بگەنەوە یەکتری بەبنچینە وەردەگرێت، بۆ ئەوەی هەموو کەسێك نوێنەرایەتی خۆی لەو کۆردیناسیۆنەدا بکات، تاکو بتوانن بەیەکەوە بژین، پارچەبوون و ناحەقیش روونەدات. واتا ناوەندێتی بەبنەما وەرناگرێت و نکوڵی لە لۆکاڵی (خۆجێی) ناکات و لاوازی ناکات، هەروەها لۆکاڵێتی (خۆجێتی) بەهێز ناکات و ناوەندێتیش بەتەواوی بەلاوە نانێت، بەمشێوەیە لەنێوان ناوەند و خۆجێیشدا هاوسەنگییەك دروست دەکات، تاکو بتوانێت کۆمەڵگا لەنێو ناهاوسەنگیدا نەژیت و کێشە و حاکمییەت و زوڵم و توندوتیژی روونەدات، تاکو مافی هەموو کەسێك بپارێزێت و لەوێدا ئاشتی، عەدالەت، ئازادی و یەکسانی سەقامگیر ببێت. سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی بەتەواوی لەسەر ئەو بنەمایە ئاوادەکرێت...

لەسیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیدا کێشەی جوگرافیا و سنوور، کە لەرابردوودا و تا ئێستایشی لەگەڵدابێت زۆر گەل، نەتەوە و...هتد کێشە و ناکۆکییان لەنێواندا هەبووە و هەیە، پەیوەست بەمەشەوە کێشەی ئابووری و سەرچاوە ئابوورییەکان چۆن چارەسەر دەکرێن؟

کێشە جوگرافییەکان لەچییەوە سەرچاوە دەگرن؟ لەئەنجامی ناعەدالەتی و حەقییەکانەوە دەردەکەوێت، لەئەنجامی نکوڵی و فڕکردن و توانەوە دەردەکەوێت. ئەگەر نکوڵیکردن نەبێت و یەکتری پەسندکردن و پێکەوە ژیان سەقامگیر بووبێت، کە هەرکەس بەناسنامە و ئازادی و راستینەی خۆی گوزارشت لەخۆی بکات و خۆی رێکبخات، مەسەلەی جوگرافیا نابێتە کێشەیەك، مەسەلە سنوورییەکان نابنە کێشەیەك، ئەگەر دەبنە کێشە لەبەر ئەو هۆکارەیە. چەندە جوگرافیا و رێژەی دانشتوانی خۆی مەزنتر و زیاتر بکات ئەوەندەش دەسەڵاتدارێتی خۆی مەزنتر و زیاتر دەکات، چەندە کەم ببێتەوە، ئەوا دەسەڵاتدارێتییەکەیشی کەمتر دەبێتەوە، یان بڵێین؛ لاوازییەکانی

زیاتر دەبن بۆیە هەموو ئەو کێشە جوگرافی سنوورییانە دەردەکەون. لە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیدا مەسەلەی جوگرافیا گرنجیتی خۆی لەدەست دەدات، واتا ژمارەی دانیشتوان (نفوس)ی خۆی زێدە بووە، کەم بووە، توانستەکان کەمبوونە یان زیادبوونە، کێشەیەکی بەمشێوەیە لەئارادا نامێنێت، بۆیەش شەڕی سنوورەکان، شەڕ لەسەر جوگرافیا روونادات.

سەبارەت بەمەسەلەی ئابووریش؛ نەك بەگوێرەی کارکردن، بەڵکو بەتەواوی بەگوێرەی "پێداویستی" و دابەشکردن (پارڤەکردن) کایەی ئابووری بەڕێوە دەچێت. ئێستا ئەو ئابوورییەی لەئارادایە، لەسەر چ بنەمایەکە؟ لەسەر بنەمای کارگردنە، واتا هەموو شتێك کراوە بە موڵك و سامان و دەفرۆشرێت و دەکرێتە سەرمایە و پارەو قازانج (ربح). واتا ئەو بەرهەمەی بەرهەم دەهێنرێت لەسەر چ بنەمایە؟ لەسەر بنەمای مەتریال (سەرمایە، کاڵا) و کارە. ئیدی هەموو شتێك دەکرێتە کاڵا و دەفرۆشرێت. بۆچی ئەو کاڵایە دەفرۆشرێت؟ تاکو قازانج بکات، هەمیش بێسنوور قازانجکردن، ئابووری ئێستا بەتەواوی لەسەر ئەو بنەمایەیە. ئیدی ئەمە بۆ مرۆڤ کێشەی جددی دروست دەکات و تەخریباتی جددی دێنێتە ئاراوە؛ برسیبوون، هەژاری، ناحەقی و خراپی دروست دەکات، لە مرۆڤ و ژینگە و سروشتدا تەخریبات دروست دەکات، پێویستە ئابووری لەسەر بنەمای "پێداویستی" و "پێکهێنان" و دابەشکردن (توزیع) بێت. چەمکی ئابووری کۆما کۆمەڵانی کوردستان لەسەر ئەو بنەمایەیە، بەمەش دەڵێن "ئابووری سروشتی" واتا ئەو ئابوورییەی کەوا پێداویستییەکانی مرۆڤ بەبنچینە وەردەگرێت، ئەوەی لەنێوان مرۆڤەکاندا هەیە دابەشکردن (توزیع) بەبنەما وەردەگرێت و بەرهەمهێنانیشی بەتەواوی لەسەر ئەو بنەمایەیە. ئەگەر وەهابێت، ئەوا لەسروشتدا تەخریبات دروست ناکات و لە مرۆڤیشدا تەخریبات دروست ناکات، ئەمە ناعەدالەتیش دروست ناکات، دەوڵەمەندبوون ـ هەژاربوون و برسیبوونیش ناهێنێتەوە کایەوە، کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێرانیش دروست ناکات، سیاسەتی ئابووری کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی لەسەر ئەو بنەمایە بەڕێوە دەچێت...

ڤیان، ئەلەفتەریا
ئەو بلێسانەی واتایان بۆ هەموو شتێك گەڕاندەوە...!

لەشەوی (½)ی شوباتی (٢٠٠٦)دا هەڤاڵ ڤیان جاف (لەیلا والی حوسێن) چالاکییەك ئەنجام دەدات، هەم بۆ شەرمەزارکردنی ئەو زوڵم و چەوسانەوەیەی لەبەرامبەر گەلی کورد دەکرێت، هەمیش لەبەرامبەر ئەو گۆشەگیرییەی بەسەر سەرۆك ئاپۆدا سەپێنرا بوو. لەشەخسی هەڤاڵ ڤیان دا ئەو چالاکییە چۆن شرۆڤە دەکەن؟ ئێوە خۆشتان هەڤاڵ ڤیانتان لەنزیکەوە دەناسی، هەڤاڵ ڤیان کەسێتییەکی چۆن بوو؟

مرۆڤ دەتوانێت لەچالاکییەکەی هەڤاڵ "ڤیان"دا کەسێتی هەڤاڵ "ڤیان"یش بناسێت و تێبگات کە چ کەسێتییەکی هەبوو؟ کەسێتی هەڤاڵ "ڤیان" ئەو کەسێتییەیە کە سەرۆك ئاپۆ خواستوویەتی لەکەسێتی مرۆڤی کورددا، لەکۆمەڵگای کورددا پێشیبخات. ئەو کەسێتییەیە کە لەناو (PKK)دا بەرجەستەبووە، ئەو کەسێتییەیە کە تەنیا

لەناستی هەندێك لەهەڤالاندا خۆی سەلماندووە. کەسێتی هەڤاڵ "ڤیان" کەسێتی (PKK)یە، پراکتیکبوونی کەسێتی (PKK)یە، هەم بەژیانی خۆی و هەمیش بە چالاکییەکەی خۆیشی. کەسێتییەکە بەتەواوی خۆی لەخۆی دەرخستووە و بۆخۆی نائیت، بۆ بنەماڵەکەی و عەشیرەتەکەی و چینەکەی و ناوچەکەی خۆی نەژیاوە، ئەو کەسێتییەیە کە بۆ پارچەکی کوردستان یان تەنیا بۆ میللەتێك نەژیا، چونکە کەسێتی (PKK) ئەو کەسێتییەیە کە خۆی لەهەموو ئەوانە دەردەخات و لەکەسێتی خۆیدا بەرژەوەندی مرۆڤایەتی، بەرژەوەندی گەلان و گەلی کورد بەبنەما وەردەگرێت، ئەوەی کە بەتەواوی خۆی لەگەڵ ئازادی کلیل کردووە، بەتەواوی بۆ ئازادی دەژیت و بۆ ئازادی دەمرێت، ژیان و مردنی خۆی بەگوێرەی ئازادی رێکدەخات، لەدەرەوەی ئەمە ژیانێکی دیکە و مردنێکی دیکە پەسند ناکات، کەسێتی هەڤاڵ "ڤیان"یش کەسێتی (PKK)یە و (PKK) لەکەسێتی ئەودا بەرجەستەبووە. کەسێتییەکە خاوەن مۆراڵ و باوەڕی، هوشیاری و زانایی، ئیرادە و فیداکاری و جورئەت بوو، بەبێ مەرج خۆی تەڤلی کردبوو، هەڤاڵ و گەل و سەرۆکی خۆی خۆشدەویست، مرۆڤایەتی خۆشدەویست، هەم بەتێگەیشتن و هەمیش بەپێکهێنان.

"ڤیان" کەسێتییەك بوو نەك بەتەعلیمات و فەرمان و چاودێری کردن هەڵسوکەت و جموجۆڵ بکات، بەڵکو بەتەواوی بەگوێرەی پێداویستییەکان هەڵسوکەوت و جموجۆڵی دەکرد، پێداویستییەکان دەبینێت و دەیخاتە پێشخۆی و لەسەر بنەمای دابینکردنی ئەو پێداویستییانە پێداگری دەکات تاکو ئەو پێداویستییانە پێکبێنێت. لەژیانی خۆیدا بەتەواوی سادە و دڵنزم بوو، ئەو ژیانەی کە گەلەکەی تێیدا دەژیت، دەژیا. کەسێتی هەڤاڵ "ڤیان" کەسێتییەکی بەمجۆرە بوو. واتا کەسێتی (PKK)یە، ئەو کەسێتییەیە کە سەرۆك ئاپۆ دەیخواست لەمرۆڤ و کۆمەڵگای کورددا بنیای بنێت. هەڤاڵ "ڤیان" ئەو کەسێتییەی بۆخۆی بەبنەما وەرگرت.

لەکەسێتی هەڤاڵ "ڤیان"دا تۆ خێزانت نەدەبینی، عەشیرەتت نەدەبینی، چەمکی مەحەلی و ناوچەگەرێتی و پارچەگەرێتیت نەدەبینی، بەڵکو لەکەسێتی خۆیدا بەتەواوی ئاستی هەرە پێگەیشتووی گەلی کورد و ئاستی مرۆڤایەتی بەبنەما وەرگرتبوو و بەمشێوەیە لەخۆیدا سەرتاپاگیری ئافراندبوو، بۆخۆی نەدەژیا، ژیانێکی شەخسی

خۆی نەبوو، هەموو شتێکی خستبووە راژەی ئازادی و بەئازادی هەڵدەستا و دادەنیشت و دەژیا، لەکەسێتی خۆیدا ژنێتی باوی کوشتبوو، لەخۆیدا چڵێسی و کۆیلایەتی کوشتبوو و بەتەواوی کەسێتییەکی ئازاد و ئیرادەیەکی ئازادی لەکەسێتی خۆیدا ئافراندبوو و پێشیخستبوو.

هەڵبەتە ئەگەر مرۆڤ لەو چالاکییەی کە هەڤاڵ "ڤیان" ئەنجامی دابوو بڕوانێت ئەوا دەتوانێت لەکەسێتییەکەشی تێبگات. لەسەر سەرۆك ئاپۆ زوڵمێکی مەزن و وەحشییەتێکی مەزن بەڕێوە دەچێت، هەڤاڵ "ڤیان" ئەمە پەسند ناکات، ئەو زوڵمەی لەسەر سەرۆك ئاپۆ پەیڕەو دەکرێت زوڵمێکە لەسەر مرۆڤایەتی و گەلی کورد و تەڤگەر ، بۆیە پەسندی ناکات. چونکە سەرۆك ئاپۆ بەهایەکی مرۆڤایەتی مەزنە و سەرۆکی گەلێك و تەڤگەرێکە، ئیرادەی گەل و تەڤگەرێکە، ئەو سەرۆکێکە نەك تەنیا دەخوازێت کێشەی تەڤگەرێك یان گەلێك چارەسەر بکات، بەڵکو دەخوازێت کێشەی تەواوی مرۆڤایەتی چارەسەر بکات، دەخوازێت کێشەی ژن چارەسەر بکات. سەرەڕای ئەمە کاتێك وەحشییەتێك لەسەر ئەو سەرۆکە بەڕێوە بچێت ئەوا بەو واتایە دێت کە ئەو وەحشییەتە لەسەر ئەو تەڤگەرە و گەلی کورد و ژن و تەواوی مرۆڤایەتی بەڕێوە دەچێت.

ئیدی هەڤاڵ "ڤیان" ئەمەی پەسند نەکرد و لەدژی ئەوە بە رکوکینێکی مەزنەوە راوەستا. بینی کە وەحشییەتێکی هێندە مەزن لەسەر سەرۆك بەڕێوە دەچێت، کەچی لەدونیادا کەس دەنگی خۆی ناکات، لەناو گەلیشدا کاردانەوەیەکی وەها مەزن بەدیار ناکەوێت، تەنانەت لەناو تەڤگەریشدا وەڵامێکی مەزنی ئەمە نادرێتەوە. ئەمەی پەسند نەکرد، ئەو سەرۆکە بۆ ئەم تەڤگەرە، بۆ ئازادی ئەم گەلە، بۆ ئازادی ژن، بۆ مرۆڤایەتی لەژێر ئەو زوڵمەدا دەژیت و بەرخۆدانێك پێشدەخات، چۆن مرۆڤایەتی، ژن، گەلی کورد و ملیتانانی (PKK) ئەمە نابینن؟ بۆچی لەدژی ئەو وەحشییەتە بەهەموو توانستی خۆیانەوە بەئەرکی خۆیان رانابن؟ ئیدی کاردانەوەی خۆی لەبەرامبەر ئەوە بوو، واتا هەم لەدژی زوڵم و زۆری، هەمیش لەدژی ئەوەی کە لەبەرامبەر ئەو زوڵم و زۆرییە زێدە کاردانەوە نیشان نادرێت، بەو چالاکییەی خۆی ئەمەی پرۆتستۆ کرد و لەدژی ئەمە راوەستا. بەمەش خواستی کە؛ تەڤگەر، ژن، گەل و مرۆڤایەتی لەدژی ئەو زوڵم و

وەحشییەتە بخاتە نێو جموجۆڵەوە، چونکە بەو شێوەیە خۆسووتاندن (گڕ لەخۆبەردان) و لەخۆیدا سووتاندنی زوڵم، لەخۆیدا سووتاندنی ئەو مەیلەی کەوا لەبەرامبەر زوڵم ئەرکی خۆی پێك ناهێنێت، چلاکییەکی هەروا ئاسان نییە و کاریگەرییەکی مەزن دروست دەکات. هەر کەس ناتوانێت گڕ لەخۆ بەربدات. بۆیە مرۆڤ دەزانێت کە ئەوەی ئەمە ئەنجام دەدات کەسێتییەکی مەزنە، کەسێتییەکە بۆ مرۆڤایەتی، بۆ ژن، بۆ گەلی کورد و هەڤاڵانی خۆی دەژیت. ئەوەی بۆ خودی خۆی ژیانێکی شەخسی بژیت و دوودڵییەکی خۆی هەبێت، ناتوانێت چالاکییەکی وەها پێشبخات، بەو چالاکییەی خۆی خواستی ئەرکی هەرکەسێك لەهەر کەسێك تێبگەیەنێت، تاکو هەرکەس ئەرکی خۆی پێك بێنێت، بۆیە ئەو چالاکییەی پێشخست. هەڵبەتە ئەو نامانەی کە پێش ئەنجامدانی چالاکییەکە نووسیبووی هەن، باسی ئەوە دەکات کە بۆچی ئەو چالاکییەی پێشخستووە. لەو نامانەیدا بانگەوازی خۆی بۆ هەموو کەسێك هەیە، بۆ ئەوەی ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆیان پێکبهێنن.

بێگومان لە باشووری مەزندا، کچێکی وەها دەربکەوێت و لەو ئاستەدا ئەو چالاکییە پێشبخات، ئەمە بۆ باشووری مەزنیش پڕ گرنگە. چونکە لە باشووری مەزندا حکومەت و پەرلەمان و قەوارەیەکی کوردان ئاوابووە، ئەوانە چەندە دەکەونە راژە (خزمەت)ی تەواوی کوردانەوە؟ هەڤاڵ "ڤیان" دەرك بەمە دەکات، دەبینێت کە ناکەوێتە راژەی هەموو کوردان. تەنانەت لەهەندێك رووەوە کێشە و گرفت بۆ بەشەکانی دیکە و بۆ تەڤگەری ئازادیخوازیش دروست دەکات. تەنانەت لەم رووەوە هوشیارییەك و هۆشدارییەکیش دێنێتە ئاراوە، رەخنەیەکیش پێشدەخات.

بۆیە چالاکی هەڤاڵ "ڤیان" چالاکییەکی مەزنە، پێویستە هەر کەسێك "ڤیان" بناسێت و لێی تێبگات، چالاکییەکەی بناسێت و تێبگات. هەڤاڵ "ڤیان" ئەو چالاکییەی لەدژی چییدا پێشخست؟ چی پرۆتستۆ کرد؟ چی خواست؟ چۆن خواستی ئەرکی هەرکەسێك بە هەرکەسێك بناسێنێت و تێبگەیەنێت و چۆن خستییە پێش هەرکەسێکەوە؟ پێویستە هەرکەس ئەمانە ببینێت، لەبەرامبەر ئەمەشدا لێپرسینەوە لەگەڵ خۆی بکات (خۆی موحاسەبە بکات) کە بەراستی ئەو بەرپرسیارێتی و ئەرکەی هەڤاڵ "ڤیان" بەبیری هەموو کەسێکی هێنایەوە و خستییە پێش هەموو کەسێك، چەندە لێی

تێگەیشتووە و چەندە پێکیهێناوە؟ پێویستە خۆ موحاسەبەکردنێکی بەمجۆرە بکرێت و هەر کەس راستینەی خۆی بناسێت و تێیبگات و بەرپرسیارێتی خۆی لەبەرامبەر مێژوو و ژن و ئازادی و گەلی کورد بزانێت و جێبەجێی بکات. هەڤاڵ "ڤیان" ئەمە لەهەر کەسێك دەخوازێت. وەك چۆن هەڤاڵ "ڤیان" لەکەسێتی خۆیدا (PKK)ی بەرجەستەکرد و ملیتانێتی (PKK)ی لەپراکتیکدا پێکهێنا و خواستی بەشەهیدبوونی خۆیشی هەنگاو بەتەڤگەر و گەل و ژن و مرۆڤایەتی بهاوێژێت، پێویستە هەموو کەسێکیش لەبەرامبەر هەڤاڵ "ڤیان" خۆی قەرزاربار ببینێت و قەرزی خۆیشی بەپێکهێنانی ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆی بداتەوە. ئەو کاتە هەرکەس دەتوانێت ویژدانی خۆی بحەسێنێتەوە، ئەگەر وەها نەبێت، کەس ناتوانێت ویژدانی خۆی بحەسێنێتەوە.

نەخاسمە کەسێتییەکی بەمجۆرە و چالاکییەکی بەمجۆرە کە لەکەسێتی باشووردا بەرجەستەی کرد، ئەمە زۆر گرنگە. ئەمە لەباشووردا هەروا بەئاسانی پێشناکەوێت. چونکە رژێمی بەعس زۆر تەخریباتی لەکەسێتی مرۆڤی کورددا کردووە، لەناو ئەو تەخریباتانەدا هەڤاڵ "ڤیان" هەنگاوی هاوێشت. بێگومان وزە و توانستی ئەو هەنگاوە ئەم تەڤگەر و سەرۆکە بە هەڤاڵ "ڤیان"ی بەخشی. ئەو کەسێتییە ئەم تەڤگەرە لە هەڤاڵ "ڤیان"ی پێشخست. بێگومان ئەگەر هەڤاڵ "ڤیان"یش بۆ ئەوەی ئەو کەسێتییە لەخۆیدا پێکبهێنێت بەدڵ کاری نەکردبایە، ئەم تەڤگەرە نەیدەتوانی ئەم کەسێتییە لەو هەڤاڵەدا بنیاد بنێت. کەواتە ئەو هەڤاڵەش خواستی ئەو کەسێتییە پێك بهێنێت، ئەم تەڤگەرەش بۆ ئەوەی ئەو کەسێتییە لەو هەڤاڵەدا پێکبهێنێت کاریکرد، لەئاکامی ئەوەدا ئەو کەسێتییە خوڵقا.

(PKK) کەسێتی بەمجۆرە بۆ کوردان و بۆ مرۆڤایەتی دەئافرێنێت. تاکو ئێستا کامە ژن بۆ ئازادی خۆی سووتاندووە؟ لەمێژووی باشووری کوردستاندا یەکەمین جارە ئەمە روودەدات، تەنانەت دەتوانم بڵێم لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، لەوانەیە تاك تاك روویدا بێت، بەڵام لەمێژووی کورداندا چالاکییەکی نەوازەیە، ئەوەی لەمێژووی گەلانی دیکەدا تاك تاك روویدا بێت، ئێستا لە کۆمەڵگای کورددا ئاسایی بووە، لەزۆربەی هەرە زۆری مرۆڤی کورددا ئەمە پێشدەکەوێت. ئەمە کولتوورێکی نوێیە، ئەخلاقێکی نوێیە، ئیدی

ئەمە ئاواکردنی کەسێتی و کۆمەڵگایەکە لەسەر کولتوورێکی نوێ و ئەخلاقێکی نوێ. ئیدی راستینەی ژنی کوردیش راستینەی "ڤیان"ە، "ڤیان" لەکەسێتی خۆیدا راستینەی ژنی کوردی خستەڕوو، واتا بۆ ژنی کورد لەدەرەوەی ئازادی ژیانێکی دیکە نییە، پێویستە لەژیانی ساختەدا، ژیانێك کە هەر رۆژ ژن دەکوژێت و هەر رۆژ دایدەرووخێنێت خۆی رزگاربکات، خۆی خاوێن بکاتەوە، ئیدی "ڤیان" خۆی لەو ژیانە دەرخست و خۆی پاککردەوە، ئەوەی خستەڕوو کە ژنی کورد کامە رێگا بۆخۆی بەبنەما وەربگرێت، بەکامە رێگا خۆی پاك بکاتەوە و خۆی بگەیەنێتە کەسێتی خۆی و ئیرادەی خۆی و ناسنامەی خۆی؟ بۆیە پراکتیکبوونی خۆی مەزن ئافراند، مەزن ژیا، ئیدی ئەگەر ئەمڕۆش "ڤیان" دەژی و نەمرە لەبەر ئەوەیە. "ڤیان" خۆی نەمر کرد، بۆیە "ڤیان" نامرێت. لەکەسێتی خۆیدا هەم ژنێتی باوی کوشت، هەم کۆیلایەتی کوشت، هەمیش مردنی کوشت. بۆیە مەزن ئافرا و مەزن ژیا، ئیدی هەر کەسێك دەخوازێت "ڤیان" بناسێت، پارتی ئەو، ئایدیۆلۆژیای ئەو، سەرۆکی ئەو بناسێت.

تاکو ئەم تەڤگەرە هەبێت "ڤیان" هەمیشە دەژیت و نەمر دەبێت. ئەم تەڤگەرە هەمیشە "ڤیان" دەکاتە هۆکارێك کە ژن مەزن بکات، گەل مەزن بکات، ئازادی و عەدالەت مەزن بکات، "ڤیان"یش دەیزانی کە نزیکبوونەوەی ئەم تەڤگەرە لەسەر ئەو ‑ەمایەیە. هەڵبەتە بۆیە ئەو کەسێتییەی بەبنچینە وەرگرت. بێ دوودڵی بۆ ئازادی، بۆ ‑ری شەهیدبوونی دایە پێشخۆی. چونکە ئەو چالاکییەی پێشیخستووە بەتەواوی لەپێناو ئازادی دایە، لەدژی زوڵم و وەحشییەت و کۆیلایەتییە، رەتکردنەوەی ئەمانەیە. دەیزانی کە ئەم تەڤگەرە یەکێك لەدژی زوڵم و کۆیلایەتی رابوەستێت و بۆ ئازادی بژیت و بمرێت دەیکاتە بناخەیەك بۆ خۆی و هەمیشە تەڤگەر لەسەر ئەو بنەمایە ژن و گەل و مرۆڤایەتی پێشدەخات، بۆیە بە باوەڕییەکی مەزن ئەو چالاکییەی خستەپێشخۆی، واتا باوەڕی خۆی بە هەڤاڵی خۆی و بە تەڤگەری خۆی و بە گەلی خۆی بەهێزە کە ئەو چالاکییە مەزنتریش بکەن و لەسەر ئەو بنەمایە ئیرادەی خۆیان و ناسنامەی خۆیان و کەسێتی خۆیان مەزن دەکەن، لەو باوەڕییەوە ئەو چالاکییەی پێشخست. هەڵبەتە راستینەی ئەم تەڤگەرەش، ئەوەیە. "ڤیان" دەبێتە بناخەی ئەم

تەڤگەرە و ئەم گەلە، تا ئەم تەڤگەر و گەلە هەبن لەسەر راستینەی ڤیان بەڕێوە دەچن...

دوای شەهیدبوونی هەڤاڵ ڤیان بەچەند رۆژێك ئەلەفتەریای كچە یۆنانی لە یۆنانستانەوە چالاكییەكی بەهەمان شێوەی ئەنجام دا. ئەو چالاكییەی ئەلەفتەریا جیا لەهەموو چالاكییە پرۆتستۆییەكانی دیكە واتا و شرۆڤەی زۆر هەڵدەگرێت... لێرەدا چالاكییەكەی ئەلەفتەریا چۆن شرۆڤە و لێكدانەوەی بۆدەكرێت؟

شەهید روناهی (ئاندرەئۆلف) بەرەگەز ئەلمان

"**ئەلەفتەریا**" ژنێکی یۆنانی بوو، شووی کردبوو و دوو منداڵی هەبوو، بۆ سەرۆك ئاپۆ و (PKK) و گەلی کورد خۆی سووتاند. بێگومان چالاکییەکەی "**ئەلەفتەریا**" واتایەکی مەزنی خۆی هەیە، چونکە لەپیلانگێڕییە نێودەوڵەتییەکەی (١٥)ی شوباتی (١٩٩٩)دا دەوڵەتی یۆنان رۆڵێکی زۆر خراپی بینی. واتا ئەگەر پیلانگێڕییەکە لەپراکتیکدا پێکهات لێرەدا رۆڵی یۆنانستان مەزنە. چونکە لەدەرچوونی سەرۆك لە سوریاوە و چوونی بۆ یۆنانستان، یۆنانستان سەرۆکی بانگهێشت (دەعوەت) کردبوو، سەرۆك بەو دۆستایەتییە باوەڕی کرد و چووە یۆنانستان، کاتێك کە چووە یۆنانستان بێگومان یۆنانستان خاوەنداری لە سەرۆك نەکرد.

بێگومان مێژووی یۆنانستان دەزانرێت کە بە پیلانگێڕێتی بەناوبانگە و لەم رووەوە زۆر حیکایەت و داستانی ئەوانیش هەیە، لەم بارەیەوە بەناوبانگن. واتا کارەکتەری یۆنان کەمێك لەمێژووی خۆیەوە دێت. بۆیەش کارەکتەرێکە پیلانگێڕێتی بەبناخە وەردەگرێت و لەسەر پیلانگێڕێتی دەژیت، دووڕوویی، درۆ، هەڵخەڵەتاندن، فرۆشتن و هەموو شتێك لەو کارەکتەرەدا هەیە. ئیدی لەپیلانگێڕی نێودەوڵەتی دژی سەرۆك ئاپۆشدا یۆنانستان خاوەندارێتی لەمێژووی خۆی کرد، خاوەندارێتی لەکارەکتەری خۆی .. بۆیە ئەگەر ژنێکی یۆنانی لە یۆنانستان دەربکەوێت و بۆ سەرۆك ئاپۆ و (PKK) و ی کورد خۆی بسووتێنێت ئەوا زۆر گرنگە. هەڵبەتە ئەمە وەڵامێکە بۆ خیانەتی دەوڵەتی یۆناستان، بەم چالاکییە "**ئەلەفتەریا**" خیانەتی دەوڵەتی یۆنانستانی لەخۆیدا سووتاند و تواندەوە. ئەو چالاکییەی هەر تەنیا لەدژی خیانەتی دەوڵەتی یۆنانستان نەبوو، بەڵکو لەدژی خیانەتی کورد، لەدژی هەموو ئەو خیانەتانەی لە گەلی کورد دەکرێن، لەدژی ئەو پیلانگێڕییانەی لەدژی گەلی کورد و سەرۆکی گەلی کورد دەکرێت ئەو چالاکییەی ئەنجام دا. بێگومان ئەو جۆرە چالاکییە، تا چالاکییەکەی "**ئەلەفتەریا**" زێدەتر لەنێوان کوردان و لەنێو تورکان دەرکەوتووە، ئەمە یەکەمجارە کەوا لەمیللەتێکی دیکە چالاکییەکی بەمجۆرە پێشبکەوێت. بێگومان ئەگەر ئەوانە لە سەرۆك ئاپۆ و (PKK) و گەلی کورددا خۆیان نەبینیایە، کەسێتی و ناسنامە و ئیرادەی خۆیان نەبینیبایە، ئومێد و باوەڕی و خەیاڵی خۆیان نەبینیبایە، وادیارە ژنێکی یۆنانی و

خاوەن دوو منداڵ بەمشێوەیە خۆی نەدەسووتاند و وەها لەخۆیدا خیانەتی نەدەتواندەوە.

ئێمە "**ئەلەفتەریا**"مان نەدەناسی و هیچ کاتێك ئێمە پەروەردەشمان نەکردبوو و هیچ توانستێکیشمان پێی نەداوە، بەڵکو بە توانستی خۆی چەندە لە **سەرۆك ئاپۆ** و تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد تێگەیشتووە، ئەوا هەمووی هەر بەتوانستی خۆی تێیگەیشتووە، بەتەواوی بەتوانست و هێزی خۆیەوە خۆی پێگەیاندووە، نە ئێمە پەروەردەمان کردووە و نە ئێمە توانستێکمان پێی داوە، نە کادیرێکی تەڤگەریش بوو، بێگومان ئەگەر کەسێك کادیری ئەم تەڤگەرە نەبێت و هەم کوردیش نەبێت و ژنێکی یۆنانی بێت، وەها بەتوانستی خۆی لەم تەڤگەرە تێبگات، بەگوێرەی ئەو توانست و تێگەیشتنەی خۆیشی لەو ئاستە بەرزەدا چالاکییەکی بەمجۆرە پێکبێنێت و خاوەنداری لە سەرۆك و تەڤگەر و گەلی کورد بکات و لەدژی هەموو هێرشێك و خیانەتکارییەك رابوەستێت و لەجەستەی خۆیدا هەموو ئەو خیانەت و هێرشانە بسوتێنێت بێگومان واتایەکی مەزنی خۆی هەیە.

هەر کەسێکی کوردی خاوەن ویژدان دەتوانێت لەمە ئەنجام بۆخۆی هەڵبهێنێت، نەك هەر تەنیا کادیرانی ئەم تەڤگەرە بەڵکو کەسانی وڵاتپارێزیش دەتوانن لە "**ئەلەفتەریا**" بڕوانن کە چۆن مرۆڤ لەدژی دووژمنی خۆی رابوەستێت، لەدژی خیانەت رابوەستێت، کە چۆن خاوەندارێتی لەوڵات و گەل و ناسنامە و ئیرادە و کەسێتی و ئازادی خۆی بکات، چۆن ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆی جێبەجێ بکات، دەتوانێت لەم رووەوە ئەنجام دەربخات. ئەگەر ژنێکی یۆنانی خاوەنی دوو منداڵ لەپێناو کوردان و ئازادی کورداندا خۆی دەسوتێنێت ئەوا پێویستە هەر مرۆڤێکی کورد لەدژی دووژمنی خۆی و خیانەت خۆی بکاتە تۆپێك ئاگر. ئەگەر "**ئەلەفتەریا**" بۆخۆی بەبنەما وەربگرێت و ئەنجامی بۆخۆی لێ هەڵبهێنجێت، زێدە زانایی و ئەزموونیشی پێویست ناکات. تەنیا لەو بڕوانێت دەتوانێت بەئاسانی ئەوە ببینێت کە چۆن بژیت؟ چۆن کار بکات؟ چۆن خاوەندارێتی لەئازادی و لەخودی خۆی بکات و چۆن لەدژی دووژمن رابوەستێت. بۆیە چالاکییەکەی "**ئەلەفتەریا**" زۆرگرنگە.

ئەگەر ژنێکی یۆنانی لەپێناو ئەم تەڤگەر و سەرۆکە خۆی دەسووتێنێت کەواتە لەو سەرۆکەدا خۆی و ئازادی و ئومێدی خۆی دەبینێت، بۆیە ئەو چالاکییە ئەنجام دەدات.

ئەگەر وەها نەبێت بۆچی خۆی وەها دەسووتێنێت؟ لەمێژوودا شتێکی بەمجۆرە هیچ نەبینراوە، کەواتە لەو سەرۆکەدا ئازادی، ئازادی ژن، ئازادی گەلان دەبینێت، لەو سەرۆکەدا سەرکەوتن دەبینێت، دەبینێت کە ئەو سەرۆکە لەدژی هەموو جۆرە زوڵمێك رادەوەستێت، بۆیە بۆ ئەو سەرۆکە خۆی دەسووتێنێت. بۆچی بۆ یەکێکی دیکە ئەو چالاکییەی پێشنەخستووە؟ ژنێکی یۆنانییە، ئەگەر ئامانجێکی مەزنی لەپێشدا نەبێت، بۆچی بۆ کەسێکی یۆنانی یان کەسێکی دیکە خۆی ناسووتێنێت، بۆ سەرۆك ئاپۆ خۆی دەسووتێنێت؟ پێویستە هەموو مرۆڤێك کە خوازیاری ئازادی و دیموکراسییە، خوازیاری بەدیهێنانی ناسنامە و ئیرادەیە لەسەر ئەوە بەجددی راوەستە بکات و بۆخۆی ئەنجام هەڵبهێنجێت، کە چۆن بژیت و چۆن نەژیت؟ چۆن لەدژی زوڵم و خیانەت رابوەستێت؟ دەتوانێت لەم چالاکییەدا دەرکی پێبکات.

چالاکییەکەی **"ئەلەفتەریا"** نەك تەنیا بۆ گەلی کورد بەڵکو بۆ مرۆڤایەتیش گرنگە و مەزنە. بۆیەش گەلی کورد هیچ کاتێك **"ئەلەفتەریا"** لەیاد ناکات، **"ئەلەفتەریا"** لەدڵی گەلی کورددا جێیەکی مەزنی بۆخۆی کردەوە، لەدڵی مرۆڤایەتیدا جێیەکی مەزنی بۆخۆی کردەوە، بووە مێژوویێك، بووە پێوانە و کولتوور و ئەخلاقێك. مرۆڤایەتی و گەلی کورد و (PKK) قەرزارباری **"ئەلەفتەریا"**ن. پێویستە ئەو قەرزەی خۆیان بدەنەوە، مرۆڤایەتی ئەو قەرزە دەداتەوە یان نا، من ئێستا ناتوانم شتێك بڵێم، بەڵام گەلی کورد و (PKK) بۆ ئەوەی ئەو قەرزەی خۆیان بدەنەوە هەمیشە **"ئەلەفتەریا"** بۆخۆیان بەبنچینە وەردەگرن. **"ئەلەفتەریا"** خەتێکی دایە پێش ئێمە، پێوانەیەکی دایە پێش ئێمە، بۆ ئەوەی ئێمە هەمیشە لەسەر ئەو بنەمایە بژین، لەدەرەوەی ئەمە هیچ کاتێك ژیانێکی دیکە بەشایستەی خۆمان نابینین و لێیشی نزیك نابینەوە.

لێرەدا پێویستە دەرك بەم راستییە بکرێت کە تەڤگەری (PKK)، تەڤگەرێك نییە هەر تەنیا ئازادی گەلی کورد بەبناخە وەربگرێت، خۆی تەڤگەرێکی ئازادییە، لەبەر ئەوەی تەڤگەرێکی ئازادییە، کەواتە کەسێك ئازادیخواز بێت و دەخوازێت بۆ ئازادی کاربکات و دەیەوێت ئەو تەڤگەرە بناسێت، نەك تەنیا هەر کورد، بەڵکو سەرنجی هەرکەسێك بۆ لای خۆی رادەکێشێت. بۆیە زۆر کەس لەدەرەوەی کوردان لەم تەڤگەرەدا بەشدار دەبن. هەر لەدەستپێکەوە تارۆژی ئەمرۆ زۆر شەهیدی (PKK) هەیە کە بەرەگەز کورد نین و

لە نەتەوەی ترن. ئیدی ئەمە کارەکتەری ئەم تەڤگەرە نیشان دەدات. ئەگەر تەڤگەری (PKK) تەنیا تەڤگەرێك بۆ کوردان بووایە، ئەوا لەدەرەوەی کوردان کەسێکی دیکە بەشداری تێدا نەدەکرد، لەوانەیە ئێستا هەندێك کەس بەشدارییان تێدا بکردبایە. بەڵام کاتێك مرۆڤ لەمێژووی (PKK) بڕوانێت، دەبینێت کە هەر تەنیا لەئێستاوە چەند کەسێك بەشدارییان تێدا نەکردووە، بەڵکو زۆر کەس لە گەل و نەتەوەکانی دیکە بەشدارییان تێداکردووە و تەڤلیبوونە و خەبات و تێکۆشان لەنێو ئەم تەڤگەرەدا دەکەن و لەنەتەوە و گەلانی دیکەن، لەواندا شەهید و کەم ئەندام بوونە.

بۆچی تەڤگەرەکانی دیکەدا ئەم هەموو کەسە لە نەتەوە و گەلانی دیکەیان تێدا بەشدار نەبووە، بەڵام لە تەڤگەری (PKK)دا جێیان گرتووە و تەڤلی بوونە و دەبن؟ چونکە لەم تەڤگەرەدا ئازادی خۆیان و سەرکەوتنی خۆیان دەبینن، ئومێد و خەیاڵی خۆیان دەبینن. بەم تەڤگەرە ئینسانییەتی خۆیان بەدەست دێننەوە، بۆیە تەڤلی ئەم تەڤگەرە دەبن. هەر لەدەستپێکدا کاتێك سەرۆك ئاپۆ بەتەنیا هەنگاوی هاوێشتبوو لەگەڵ سەرۆکدا هەردوو هەڤاڵ "حەقی قەرار" و "کەمال پیر" جێگەیان تێدا گرتبوو، بێگومان هەردووکیشیان کورد نەبوون و لەکوردستانیش نەژیابوون. چونکە هەر لەسەرەتاوە ئەو سەرۆك و تەڤگەرەی سەریانهەڵدا سەرۆك و تەڤگەرێکی میللیگەرایی نەبوون، سەرۆك و تەڤگەرێك نەبوون بەزیهنییەتێکی بەرتەسك بیر بکەنەوە، هەر لەسەرەتاوە سەرۆك ئەوەی خستبووە پێشخۆی کە چۆن بتوانێت کێشەی مرۆڤایەتی چارەسەر بکات؟ بۆیە سەرنجی "حەقی قەرار" و "کەمال پیر"ی بۆ لای خۆی راکێشابوو. ئەگەر سەرۆك ئاپۆیان وەك سەرۆکێك کە ئازادی بەبناخە وەردەگرێت نەبینیبایە ئەوا هیچ کاتێك لەگەڵ سەرۆکدا شوێنیان نەدەگرت.

دوای ئەوەش ئەگەر زۆر کەس هەڤاڵێتی سەرۆکیان کرد و تەڤلی ئەو تەڤگەرە بوون و بێ دوودڵی کەوتنە نێو خەبات و شەڕەوە و شەهیدبوون و برینداربوون و کەمئەندام بوون و هێشتاش لەنێو تەڤگەردا زۆرن و خزمەت دەکەن و بەردەوامن لە تێکۆشاندا هەروا بێ هۆ نییە. چونکە لەم تەڤگەر و سەرۆکەدا زیهنییەتێکی نوێیان بینی، ویژدانێکی نوێیان بینی، ئەو ئینسانییەتیان بینییەوە کە زۆر تایبەتمەندی خۆی لەدەستدابوو. بینیان کە ئەم تەڤگەرە نوێنەرایەتی مرۆڤایەتی دەکات، ئەو

مرۆڤایەتییەی کەوا کەوتۆتە ژێر پێیانەوە و دەخوازێت لەژێر پێیانی رزگاربکات، ئەو ئینسانییەتەی کەوا زۆر تایبەتمەندی لەدەستداوە، جارێکی دیکە ئەو تایبەتمەندییانەی بۆ دەگەڕێنێتەوە، ئەمەیان بینی، بینیان کە ئەم تەڤگەرە دەخوازێت کێشە مرۆڤایەتییەکان؛ کێشەی ئازادی، دیموکراسی، یەکسانی، عەدالەت و ئاشتی چارەسەر بکات... بینیان ئەوانەی کە لەم تەڤگەرەدا جێدەگرن بۆ بەرژەوەندی خۆیان جێناگرن. بەڵکو بەتەواوی بۆ ئازادی و ئازادی مرۆڤایەتی جێدەگرن، ئیدی ئەڵقەی دواییش "**ئەلەفتەریا**"یە، ژنێکی یۆنانییە و خاوەن دوو منداڵە و نە پەروەردەیەکی ئەم تەڤگەرەی بینیوە و نە تەڤگەر توانستی پێداوە، بەڵکو بەگوێرەی توانست و دەرفەتی خۆی بیستوویەتی و لێکۆڵینەوەی کردووە، ئیدی چەندە لێی تێگەیشتووە ئەوەندەش لەسەر ئەوە مەزن رابوو، مەزن ژیا. ئەگەر "**ئەلەفتەریا**" لەم تەڤگەر و سەرۆکەدا ئازادی ژن و ئازادی گەلان و مرۆڤایەتی نەبینیبایە، وادیارە لەم تەڤگەرە نزیک نەدەبووەوە، بۆ ئەم سەرۆکەش بەوجۆرە خۆی نەدەسووتاند و خۆی نەدەتواندەوە. کەواتە لەم تەڤگەرەدا سەرکەوتنی بینیوە و خۆی بینیوەتەوە. لەپێناو ئەم تەڤگەرەدا ئەو چالاکییەی ئەنجام داوە. ئەمەش سەلماندنی ئەوەیە.

بۆیە تادێت ئەم تەڤگەرە سەرنجی مرۆڤایەتی رادەکێشێت، هەرکەس دەخوازێت زیاتر لەم سەرۆك و تەڤگەرە تێبگات. چونکە لەمێژوودا کەسێك بۆ کەسێکی دیکە خۆی نەسووتاندووە، تەنانەت بۆ پێغەمبەرەکان کەس خۆی نەسووتاندووە، بۆ سەرۆك ئاپۆ نزیکەی سەد کەس کە لەنێوانیاندا کورد هەیە، تورك، عەرەب، ئەرمەن، زۆر کەس کە لەنەتەوە و گەلی دیکەن خۆیان سووتاندووە. هەرکەس دەخوازێت لەمە تێبگات، تا لێی تێدەگات دەبینێت لەخۆی تێدەگات، چەندەش لەخۆی تێبگات ئەوەندە لە سەرۆك ئاپۆ و فیکر و فەلسەفەکەی تێدەگات. ئیدی گەلان ئەوانەی ئازادی، دیموکراسی، عەدالەت و یەکسانی دەخوازن ئەم تەڤگەر و سەرۆکە بۆخۆیان ئومێدێك دەبینن. ئەوانەی سەردەست، داگیرکەر و خوێنرێژیشن هەموویان ئەم تەڤگەرە و ئەم سەرۆکە بۆخۆیان بەمەترسی دەزانن. هەم دووژمنایەتی بۆ ئەم تەڤگەرە پەرەدەسێنێت، هەمیش دۆستایەتی و باوەڕی بۆ ئەم تەڤگەرە پەرەدەسێنێت، لەنێو سەرمایەداران و چینی سەردەستدا دووژمنایەتییەکی مەزن پێشدەکەوێت. بۆیە جڤاکی خوارەوە، ژێردەستان و

زوڵملێکراوان، جا چ چین و توێژ بن، یان ڕەگەز و نەتەوە بن، بۆ ئەوانەش دەبێتە ئومێدێکی مەزن. ئێستا ڕاستینەی ئەم تەڤگەرە وەهایە، بەو شێوەیەش دەرکەوتۆتە ڕوو، هەر کەسێك بەگوێرەی ئەم ڕاستییە یان لێی نزیك دەبێتەوە یان دووژمنایەتی دەکات. ئەوانەی بۆخۆیان وەك ئومێدێکی دەبینن، ئەوا لەگەڵ ئەم تەڤگەرەدا جێدەگرن، ئەوانەش کە ئەم تەڤگەرە بۆخۆیان بەمەترسی دەزانن ئەوا دووژمنایەتی ئەم تەڤگەرە دەکەن. بۆیە ئەگەر ئێمە دەخوازین پێوانەیەك بۆخۆمان دروستبکەین، ئەمە پێوانەیەکە، کێ دووژمنایەتی دەکات و کێ دۆستایەتی دەکات، لێرەدا پێویستە جیاوازی بکەین، ئەوەی دووژمنایەتی دەکات مرۆڤ دەزانێت کە دووژمنایەتی گەلی کورد و گەلان و مرۆڤایەتی دەکات، دووژمنایەتی ئازادی و دیموکراسی، عەدالەت و ئاشتی دەکات. ئەمە لەشەخسی ئەو تەڤگەرەدا هێندە ڕوونبۆتەوە، ئەم تەڤگەرە ئەمە زیاتر ڕووندەکاتەوە، ئەو جیاوازییە زیاتر یەکلایی دەکاتەوە.

ئێستا تەڤگەری (PKK) یەکلایەنە ئاگربەستی ڕاگەیاندووە، زۆر قسە و باس لەسەر ئەو ئاگربەستە دەکرێت. بیرۆکەی ئەو ئاگربەستە لەبنەڕەتدا لەکوێوە دەستیپێکرد؟ تائێستا هەڵوێستی هێزە دەرەکییەکان، هەرێمییەکان و تورکیا لەم ئاگربەستەدا چۆن بووە؟ هەروەها ئێستا ئەو ئاگربەستە گەیشتۆتە چ خاڵێك و چی لەگەڵ خۆیدا هێناوە؟ چاوەڕێ دەکرێت بگاتە چ خاڵێك؟ ئایا ئەم ئاگربەستە دوای ئەزموونی چەندین ئاگربەستی ڕابردوو، شانسی ئەوەی هەیە کە بگاتە ئاشتییەکی هەمیشەیی و هەنگاوێك بۆ چارەسەری کێشەی کورد؟

ئەم تەڤگەرە لەساڵی (١٩٩٣)وە دەستی بەئاگربەست كردووە. تاكو ئێستا پێنج جار یەكلایەنە ئاگربەستی راگەیاندوە. ئەمە چی دەخاتەڕوو؟ ئەوە دەخاتەڕوو كە ئەم تەڤگەرە شەڕ ناخوازێت و نایەوێت كێشەی گەلی كورد بە شەڕ چارەسەر بكات، بەڵكو دەیەوێت بەرێگەی دیالۆگ و بەرێگەی سیاسی و دیموكراتییانە چارەسەری بكات. ئەگەر ئەو پێنج جارە یەكلایەنە ئاگربەست پێشدەخات بۆ ئەم مەبەستەیە. ئەگەر بیخواستبایە كێشەكەی بە شەڕ چارەسەر بكردبایە، هێندە یەكلایەنە ئاگربەستی پێشنەدەخست. ئەمە راستینەی ئەم تەڤگەرەش دەخاتەڕوو، راستینەی دەوڵەتی توركیاش ئاشكرا دەكات، كە دەوڵەتی توركیا ناخوازێت كێشەی كورد بەدیالۆگ و بەرێگەی سیاسی و دیموكراتییانە چارەسەر بكات، بەڵكو دەیەوێت بە نكۆڵی و كۆمەڵكوژی و لەناوبردن و ژینۆساید و تواندنەوە (ئاسمیلاسیۆن) چارەسەر بكات.

لێرەدا ئەگەر ئەم ئاگربەستەی ئێستا كەوا سەرۆك پێشیخست لەبەرئەوە بوو كە گەلێك هێز و لایەن داوایان كردبوو، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە سەرۆك ئاپۆ ئەم ئاگربەستەی پێشخست. چونكە سەرۆك پێداگری لەسەر چارەسەری كێشەی گەلی كورد بەرێگەی سیاسی دەكات. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ و كاری زۆر جددی كردووە. كاتێك كە زۆر هێز و لایەنیش؛ لەوانە هێزە كوردییەكانی باشوور (ی ن ك ـ پ د ك)، هەروەها ئەمریكا و ئەورووپاش داوایان كرد، لەناو توركیاشدا هەم هێز و لایەنە سڤیلەكان، هەمیش هەندێك دامودەزگای ناو دەوڵەت، هەموویان داوای ئاگربەستیان كرد، و گووتیان:" ئەگەر ئاگربەستێك رابگەیەندرێت ئەوا ئێمەش بۆ چارەسەری كاردەكەین" هەروەها هەر تەنیا داوای ئاگربەستیان نەكرد، بەڵكو بەڵێنیشیان دا كە بۆ چارەسەریش كاربكەن، ئەو گووتنانەیان كرد و ئەو بەڵێنانەیان دا. لەسەر ئەو بنەمایەش سەرۆك ئاپۆ ئاگربەستی راگەیاند.

نزیكبوونی ئەو هێز و لایەنانە دوای راگەیاندنی ئاگربەستەكە چیبوو؟

دوای ئەوەی ئاگربەستەكە راگەیەندرا، ئەوا هەموویانی مورتاح كرد (حەساندەوە) و دڵخۆشی كردن. بەڵام بۆ ئەوەی ئاگربەستەكە پێشبكەوێت و ببێتە دوو لایەنە و كێشەكە بكەوێتە سەررێی چارەسەری هیچیان نەكرد. ئەوانەی كە ئاگربەستیان دەخواست و دەیانگووت:" ئەگەر ئاگربەست رابگەیەنن ئەوا ئێمە بۆ چارەسەری كار دەكەین..." دوای ئەوەی ئاگربەستەكە راگەیەندرا هەموویان بێدەنگ بوون، هەموویان بەنەرك و كاری دیكەوە خۆیان خەریك كرد.

كەواتە بۆچی ئەو هێز و لایەنانە داوایان كرد كە سەرۆك ئاپۆ ئاگربەستێك رابگەیەنێت؟ ئەگەر مرۆڤ لەنزیكبوونەوەی ئەوانە لەدوای راگەیاندنی ئاگربەستەكە بروانێت ئەوا تێدەگات بۆچی ئەو داوایەیان لە سەرۆك ئاپۆ و تەڤگەر كرد. مرۆڤ لەوە تێدەگات كە ئەو لایەن و هێزانە بینیان كە؛ تەڤگەر هەنگاوی هاوێشت، بە سەرهەڵدان و بە گەریلا بەرخۆدانێكی مەزنی پێشخست، جارێكی دیكە لەسیاسەتی خۆرهەڵاتی ناویندا جێگە و پێگەیەكی بەهێزی گرتەوە. چونكە ئەوان دەیانخواست لەو پێگەیەی دەربخەن، كەچی تەڤگەر پێگەی بەهێزتری گرت و كاریگەری لەسەر سیاسەتی ناوچەكە زیاتر كرد، كاریگەری لەسەر سیاسەتی زۆر هێز و لایەن كرد و بەرژەوەندییەكانی ئەوانی خستە مەترسییەوە، بۆ ئەوەی بتوانن سیاسەت و بەرژەوەندییەكانی خۆیان لەژێر مەترسییەكان دەربخەن، داوای ئاگربەستیان كرد. بۆیە كە ئاگربەستەكە راگەیەندرا هەموویانی حەساندەوە و دڵخۆشی كردن. ئیدی بۆخۆیان بەكاری دیكەوە مژوول بوون و لەسەر ئاگربەستەكە راوەستەیان نەكرد. دەوڵەتی توركیاش بینی كە راگەیاندنی ئاگربەستەكە كەشوهەوایەكی باشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. بەڵام دوای ئەوە بینی كە ئەوانەی داوای ئاگربەستیان كردووە، تەنیا داوای ئاگربەستیان كردووە، واتا بۆ ئەوەی كێشەكان چارەسەر ببێت هیچ هەنگاو ناهاوێژن، تەنانەت ئەوانەی كە دەخوازن ئاگربەستەكە پێشبكەوێت و بیگەیەننە چارەسەری، زۆر كەم و لاوازن، ئیدی هەوڵیاندا بۆ ئەوەی ئەو كەشوهەوایە كپ بكەنەوە، چۆن ئاگربەستەكە بێكاریگەر بكەن؟ چیبكەن تاكو بتوانن زەبر لەتەڤگەر بدەن؟ ئەومیان بەبنەما وەرگرت. ئەگەر ئەو هێز و لایەنانەی داوای ئاگربەستیان كردبوو خاوەنداریان لێبكردبایە و بۆ چارەسەری هەوڵ و

تەفەللایان بدابایە، ئەوا کێشەکە دەکەوتە سەرڕێی چارەسەری. واتا هێزێکی مەزنی ئەوتۆی تورکیا نییە کە لەدژی ئەو ئاگربەستەی ئێمە رابوەستێت.

بەڵام ئەوەی لەسەر سیاسەتی تورکیا باڵادەستە سوپای تورکیایە، ئەویش بینی کە ئەوانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئاگربەستەکە دەخوازن نەك بۆ چارەسەری، ئەوانەی چارەسەری دەخوازن زۆر کەم و لاوازن، بۆیە بینی هەر خۆی باڵادەست و بەهێزە، ئەگەر لەدژی ئاگربەستەکە رابوەستێت ئەوا دەتوانێت ئاگربەستەکە بێکاریگەر بکات و ئەو کەشوهەوایەی ئاگربەستەکە دروستیشی کردووە تێکی بدات. سوپای تورکیا لەلایەك لەمە سوودمەند بوو، لەلایەکی دیکەشەوە بینی کە ئێران و سوریاش پشتیوانی لەسیاسەتی سوپای تورکیا دەکەن، سوریا و ئێرانیش ناخوازن کێشەکە چارەسەر ببێت. چونکە ئەگەر کێشەکە چارەسەر ببێت، ئەوا لەوانەیە تورکیا لەدەست بدەن و هاوپەیمانێتی و رێککەوتنی نێوانیان تێك بچێت و تورکیا بەتەواوی بەرەو لای ئەمریکا بڕوات، ئەمەش بۆخۆیان بە مەترسیدار دەزانن، بۆیەش پێویست دەکات ئاگربەستەکە پێشنەکەوێت، چارەسەری پێشنەکەوێت، پێویست دەکات شەڕ بەرپا ببێتەوە، کە شەڕیش بەرپا بووەوە تورکیا لەو رێککەوتن و هاوپەیمانێتییەیان دوور ناکەوێتەوە. بۆیە ئێران و سوریاش لەپشت سیاسەتی سوپای تورکیا راوەستان، سوپای تورکیا و ژەنراڵەکانی ئەوانیش ئەمەیان بۆخۆیان وەك هێزێك و پشتیوانییەك دەبینی. هەروەها سوپای تورکیا دەیبینی کە ئەمریکا لەئێراق موحتاجی تورکیایە، بۆ ئەوەی پرۆژە و سیاسەتی خۆی لە ناوچەکە پێشبخات موحتاجی تورکیایە و پێویستی پێی هەیە، ئەو کاتە دەتوانێت لەم رووەوە ئەمریکاش بۆ لای سیاسەتی خۆی رابکێشێت، دەتوانێت ئەورووپاش رابکێشێتە نێو سیاسەتی خۆیەوە، ئەو کاتە پێویست نییە هەنگاو بۆ چارەسەری بنێت، دەتوانێت لەسەر ئەو سیاسەتی نکۆڵی و لەناوبردنەی پێشتر پەیڕەوی کردووە بەردەوام ببێت و بیگەیەنێتە سەرکەوتن. سوپای تورکیا ئەمەی بەبنەما وەرگرت. لەسەر سەرۆك ئاپۆ و دامودەزگا دیموکراتی و مەدەنییەکان لە تورکیا و لە کوردستاندا، هەروەها لەسەر گەل و گەریلا ئۆپەراسیۆن، فشار و گوشار، کوشتن و ئەشکەنجەی خۆی بەردەوام بوو و زیاتر پەرەی پێدا، تاکو بتوانێت رێ لەبەردەم گەشەسەندنی ئەو کەشوهەوایەی ئاگربەستەکە دروستیکردووە بگرێت، هەمیش بتوانن

لەو دۆخە سوود وەربگرن و زەبر لەتەفگەر بدەن، بەمشێوەیە لەئاگربەستەکە نزیك بوونەوە. ئەو کەس و هێز و لایەنانەی دەیانخواست ئاگربەستەکە بەرەو چارەسەری ئاراستەگیر بکەن، لە ئەنقەرە کۆنفرانسێکیان سازدا، "یەشار کەمال" و ئەوانیش تەڤلیبوون. لە کۆنفرانسەکەدا بڕیاری باشیشیان وەرگرت و ئومێدێکیشیان بەخشی، بەشدارانی کۆنفرانسەکە گووتیان:" ئێمە هەر تەنیا لەچوارچێوەی کۆنفرانسەکەدا نامێنینەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانە بخەینە پراکتیکەوە هەوڵەکانی خۆمان بەردەوەام دەکەین، واتا ئێمە خۆمان دەکەینە تەڤگەرێکی ئاشتی و چارەسەری..." کاتێك کە دەوڵەتی تورکیا و سوپایەکەی بینیان تەڤگەرێکی بەمشێوەیە لەناو تورکیادا پێشدەکەوێت، ئەوەیان بەمەترسی زانی، ئیدی هەوڵیان دا کە چۆن ئەو کۆنفرانسە پووچ بکەنەوە؟ هەوڵیان دەدا کە چۆن بتوانن ئەوانەی ئەو کۆنفرانسەیان سازداوە و ئەو بڕیارانەیان وەرگرتووە بترسێنێن. تاکو ئەو کارە پێشنەکەوێت و نەبێتە تەڤگەرێك، بۆ ئەوەی تەنگەتاویان نەکات. ئیدی لەم چوارچێوەیەدا رۆژنامەوانی ئەرمەنی "هیرانت دینك"یان کوشت(٩) کە بەمە بتوانن کاریگەری ئەو کۆنفرانسە نەهێڵن. ئەوانەی بۆ چارەسەری کێشەکە کار دەکەن و دۆستایەتی کوردان دەکەن بترسێنن، تاکو دەستبەرداری ئەو کارە ببن، ئەو تاوانەیان بۆ ئەو مەبەستە ئەنجام دا.

هەروەها لەکاتێکدا کە مەسەلەی کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان لەرۆژەڤی مەجلیسی ئەمریکا دایە، بەم کوشتنە وەڵامێکی ئەو بەرۆژەڤکردنەیان دایەوە. واتا:" ئەگەر ئێوە بەمشێوەیە خاوەندارێتی لە ئەرمەنییەکان بکەن، ئێوە بەمشێوەیە لەمەجلیسی خۆتان بڕیار وەربگرن، ئەوا ئێمەش ئەرمەنییەکان دەکوژین، ئێمە لەدژی ئێوە رادەوەستین". ئەو پەیامەیان دا. واتا" پێویستە کەس خاوەندارێتی لە ئەرمەنییەکان نەکات". بۆ ئەوەی لەمەجلیسدا بڕیار سەبارەت بە ئەرمەنییەکان و کومەڵکوژییەکەیان وەرنەگرن خواستیان رێگیری لەمە بکەن.

وەکوتریش بەکوشتنی "هیرانت دینك" خواستیان لە تورکیا شوڤێنیزمی تورك بەهێز بکەن و میللیگەرایی و نەژادپەرستی بەهێز بکەن، ئەمەش لەدژی کوردان و (PKK) بخەنەگەڕ و جموجۆڵەوە، ئامانجێکی ئەو کوشتنەیان ئەمە بوو. بێگومان کاتێك کە "هیرانت دینك"یان کوشت، ئەوانە مەزنەدەی ئەوەیان نەدەکرد کە کەس بەو شێوەیە

خاوەنداریێتی له"هیرانت دینك" بکات، مەراسیمێکی زۆر مەزنی بۆ کرا، ئەوانەی که تەڤلی ئەو مەراسیمەبوون گووتیان:" ئێمە هەموومان "هیرانت دینك"ین، هەموومان ئەرمەنین" ئەمە کەشوهەوا و دۆخێکی دیکەی له تورکیا پێشخست، ئەوانەی ئەو تاوانەیان ئەنجام دا بینیان ئەو ترسەی دەیانخواست دروستی بکەن، دروست نەبوو و ئەنجامگیر نەبوون، ئەو شۆڤێنیزمەی دەیانخواست بەو تاوانە پێشیبخەن پێشنەکەوت و تەواو بەپێچەوانەی ئەمە، ئەو تاوانەیان لەسەر ئەستۆی دەوڵەت مایەوە، لەسەر ئەستۆی میللیگەرایی تورکیا مایەوە، دەوڵەت و هێزە میللیگەراکانی زۆر تەنگەتاو کرد، وەك بڵێی لەسەر تاوان دەستگیر کرابن وابوو. له تورکیادا هێزە دیموکراتیخوازەکان، تەنانەت هێزە لیبرالەکانیش ئەو تاوانەیان مەحکوم و ریسوا کرد، دەستیان بە موحاسەبەکردن و مەحکومکردنی میللیگەرایی تورك کرد. ئەمە چی لەگەڵ خۆیدا هێنا؟ ئەمە ئەگەر رێگیری لێنەکرێت، ئەوا دۆستایەتی مەزنیش بۆ کوردان دروست دەکات، ئەوانەی ئەمرۆ گووتیان:" ئێمە هەموو ئەرمەنین" ئەوا سبەینێش دەڵێن:" ئێمە هەموو کوردین" ئەمە مەترسییەکی مەزنە، تەنانەت لەو مەراسیمەدا گووتیشیان:" ئێمە هەموومان کوردین"، بۆیە بینیان کە شۆڤێنیزم گورزێکی مەزن دەخوات، یەکسەر دەوڵەت و هێزە فاشیست و شۆڤێنیستەکان کەوتنە نێو جموجۆڵەوە، تاکو رێگیری لەو کەشوهەوایە بکەن و بۆ ئەوەی پێچەوانەی وەرگەرێننەوە، تاکو بتوانن دیسان ئامانجەکانی خۆیان پێکبهێنن. بۆیە ئیدی له "دەنیز بایکال"ەوە بگرە تا دەگاتە "دەڤلەت باخچەلی" و هەموویان، ئەوانەی ناو حکومەت و دەوڵەت گووتیان:" میللیگەرایەتی بربرەی پشتی تورکیایە" و خاوەنداریێتیان لێکرد. گووتیان:" هێرش بۆ سەر میللیگەرایی هەیە و ئێمە ئەوە پەسند ناکەین. ئەم هێرشە لەدژی دەوڵەتە، لەدژی هێزە میللیگەراکانە، ئەمە بۆ دوارۆژی کۆماری تورکیا مەترسیدارە" یەکسەر کەوتنە ناو هێرش و گوشار و فشارەوە، بۆ ئەوەی هەرکەس بێدەنگ بکەن، بۆ ئەوەی موحاسەبەی میللیگەرایەتی و دەوڵەت پێشنەکەوێت، بەمەش تەفکەری کورد بەهێز نەبێت و چارەسەری کێشەی کورد پێشنەکەوێت. ئیدی ئەمجارە شەپۆلێکی شۆڤێنیزمی بەهێزیان بەئاشکرا پێشخست، بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بترسێنن، زۆر بەئاشکرایی گووتیان:" ئێمە هیرانت دینکنین و ئێمە ئەرمەنی نین و ئێمە هەموو تورکین، هەموو کەس

تورکە، ئەوەی تورك نەبێت پێویستە نەژیت" بەئاشکرا و بێ پێچ و پەنا ئەوەی "هیرانت دینك"ی کوشت خاوەنداریێتیان لێکرد، گووتیان:" ئێمە هەموو ئۆگونین"(١٠) بەمەش خواستیان کۆمەڵگا بەتەواوی بترسێنن، هێزە دیموکراتیخوازەکان بترسێنن و تەسلیمیان بکەن، ئیدی دەستیان بەهەڕەشە کردن کرد. ئەو کەسانەی بە دیموکراتیخواز دەناسرێن، هەر لە "یەشار کەمال"ەوە بگرە تا دەگاتە "ئۆرهان پاموك"(١١) و ئەوان هەڕەشەی کوشتنیان لێکردن. ئیدی لەلایەکەوە خاوەنداریێتیان لەبکوژەکان کرد، لەلایەکی دیکەشەوە هەڕەشەیان لەو کەس و هێزە دیموکراتیخوازانە کرد، بۆ ئەوەی بتوانن شۆڤێنیزمی تورك بپارێزن و جارێکی دیکە زەبری بەرنەکەوێت، بەڵکو ئەو شۆڤێنیزمە لەدژی کوردان بخەنە جموجۆڵەوە.

دەوڵەتی تورکیا بەو شێوەیە و بەئاشکرا خاوەنداریێتی لەشۆڤێنیزم دەکات، شۆڤێنیزم پێشدەخات و دەخوازێت زاڵی بکات. بۆیەش هەر کەسێك لەناوەوە لەدژی (PKK) و کوردان دەخاتە نێو جموجۆڵەوە، ئۆپەراسیۆنی سەربازی مەزن و فراوان دەکات، گرتن، سووکایەتی و ئەشکەنجە چڕوپڕ و بەرفراوانتر دەکات. لەدەرەوەش دەیەوێت هەموو دەوڵەتان لەدژی (PKK) بخاتە نێو جموجۆڵەوە، بینیویەتی کە ئەمریکا پێویستی پێی هەیە، ئەوروپا پێویستی پێی هەیە، هەڵبەتە هێزەکانی ناوچەکە، وەك سوریا و ئێرانیش پێویستیان پێی هەیە، دەخوازێت سوود لەمانە وەربگرێت و هەرکەس لەدژی (PKK) بخاتە نێو جموجۆڵەوە.

ئەمریکاش بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی، بۆ ئەوەی تورکیا بەلای خۆیدا رابکێشێت و رێککەوتنی نێوان تورکیا، سوریا و ئێران تێك بدات، بۆ ئەوەی بتوانێت لە ئێراق ئەنجامگیر ببێت و شالاو و موداخەلەی خۆی بۆ ئێران و سوریا پێشبخات و ستراتیژی خۆی لەخۆرهەلاتی ناوین پێك بێنێت، ئەوا (PKK) و کوردان دەکاتە قوربانی. بەمەش داخوازییەکانی تورکیا پێك دێنێت، بۆیە ئەمریکا جارێکی دیکە دەخوازێت ئەو پیلانگێڕییەی کەوا لەدژی (PKK) پێشیخستبوو بەگوێرەی هەلومەرجی نوێ رێکیبخاتەوە. ئیدی پێگەی ئەوروپای ئەو پیلانگێڕییەی دروستکرد، ئەوروپای خستە نێو جموجۆڵەوە، ئەڵمانیا کەوتە نێو هێرشەوە، فەرەنسا و بەلژیکا کەوتنە نێو هێرشکردنەوە، سەرلەنوێ دادگاییکردنەوەی سەرۆکیان پووچەڵ کردەوە، هەروەها بۆ

ئەوەی له تورکیادا کورد لەهەڵبژاردنەکاندا سەرنەکەون ڕێژەی (١٠٪)یان دانابوو، دادگای ماف مرۆڤی ئەوروپا ئەوەی پەسندکرد و گووتی:" ئەمە بۆ ئارامی تورکیا پێویستە و پێشێلکردن نییە بۆ ماف مرۆڤ" زۆر بەئاشکرایی لەدژی (PKK) و سەرۆك و کوردان کەوتنە نێو جموجۆڵەوە. بەمەش هەم داخوازییەکانی ئەمریکا پێکدێنن، هەمیش داخوازییەکانی تورکیا پێکدێنن، بۆ ئەوەی بتوانن بەرژەوەندییەکانی خۆیان له تورکیا و لەڕێی تورکیاشەوە، له خۆرهەڵاتی ناوین بپارێزن.

بێگومان ئەمریکا دەیەوێت پێگەی دووەمی ئەو پیلانگێڕییەش پێشبخات، ئەم پایە و پێگەیەش له ئێراقە و زیاتر دەخوازێت بەڕێی (ی ن ك) و (پ د ك)ەوە پێشبخات. ئیدی بۆیە کۆبوونەوە لەگەڵ (ی ن ك) و (پ د ك) سازدەکەن و نێوان ئەوان و تورك کۆبوونەوە ڕێکدەخەن. "**ڕاڵستۆن**"(١٢) هات و "**مەسعود بارزانی**" بینی و گووتی:" من لەسەر مەترسی (PKK) لەگەڵ **مەسعود بارزانی** قسەم کردووە، کە چەندە بۆ (ی ن ك) و (پ د ك) و باشوور مەترسیدارە، لەو باوەڕەدام کە قەناعەتی پێبهێنم" پاشان "**نێچیرڤان بارزانی**" چووە ئەمریکا، "**عەبدوڵڵا گویل**"یش له تورکیاوە چووە ئەمریکا، لەوێ دیدار ئەنجام دەدەن. لێرەدا دیارە کە هەندێك هەنگاویان لەم ڕووەوە هاوێشتووە "**ئەدیب باشەر**"ی کۆردیناتۆری تورکیا(١٣) ئاخفتنێکی کرد و گووتی:" ئەگەر سوودی هەبێت ئەوا دەتوانم دیدار لەگەڵ **تاڵەبانی** و **بارزانی** سازبدەم" ئەمە لەکاتێکدا پێش ئەوە هیچ کاتێك نەیدەخواست دیدار لەگەڵ ئەوانە سازبدات و ئەوانە ببینێت. ئیدی ئەگەر ئەمڕۆ کە دەڵێت:" ئەگەر سوودی هەبێت دەتوانم ئەوانیش ببینم، دیارە له ئاخافتنەکاندا؛ لەئاخافتنی سەرانی ئەمریکا و "**تاڵەبانی**" و "**بارزانی**"دا، لەئاخافتنی "**نێچیرڤان بارزانی**" و "**عەبدوڵڵا گویل**"دا کە ئەمریکا کۆردینەی هەموویان دەکات هەندێك هەنگاویان لەم ڕوووەوە بەرەو پێشەوە هەڵهێناوە تاکو "**ئەدیب باشەر**"یش لەئاخافتنی خۆیدا هەڵوێستێکی نوێ پێشدەخات. ئیدی ئەمەش ئەوە بەدیار دەخات کە پێی پیلانگێڕییەکە لەباشووری کوردستانیش واخەریکە پێشدەکەوێت، تاکو بتوانن له ئەوروپا و لەباشووریش زەبر له تەڤگەر بوەشێنن.

ئەم پیلانگێڕییە بەتەواوی ئەمریکا ئۆرگانیزەی دەکات. ئاشکرا بوو کە ئەو میکانیزمی کۆردیناتۆرییە بۆ ئەوە دروستبووە تاکو پیلانگێڕییەکە بەگوێرەی هەلومەرجی تازە

ڕێكبخەن و كۆردینەی بكەن. ئیدی پایە (ڤاچ)ی ئەوروپا ئەڵمانیا نوێنەرایەتی دەكات، ئەڵمانیا ئەوروپا دەخاتە نێو جموجۆڵەوە و لە ئەورووپاش هەر ئەڵمانیا كۆردینەی دەكات. لەئێراقیشدا بۆ ئەوەی بتوانن بەو شێوەیە ئەنجامگیر ببن، دەخوازن پایەی دووەمیش لە (ی ن ك) و (پ د ك) دروستبكەن. لەناوەوە فاشیزم پێشدەخەن، لەدەرەوەش بەو شێوەیە پیلانگێڕی پێشدەخەن، بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجام بەدەستبخەن.

ئێستا نزیكبوونەوە لەئاگربەستەكە لەسەر ئەو بنەمایەیە. ئەمریكا و ئەوروپا و (ی ن ك) و (پ د ك)ش نەك بۆ ئەوەی ئاگربەست پێشبكەوێت و بەرەو چارەسەری ئاراستەگیر ببێت، هەوڵدەدەن، بەڵكو دەخوازن ئاگربەستەكە بكەنە ئامراز و ڕێگەی تەسفیەكردنی تەڤگەری (PKK)، ئێستا بۆ ئەو ئامانجە كاردەكەن. هەڵبەتە توركیا هیچ جارێك ئاگربەستی پەسند نەكردووە، دوای ئەم ئاگربەستەش هێرشەكانی خۆی زۆر زیاتر و فراوانتر كردووە. واتا دەخوازن تەڤگەر لەناو ببەن بكەن. هەڵبەتە بۆیە ئێستا ئاگربەستەكە وەكو پێویستە بەڕێوە ناچێت. بەم حاڵەشەوە مومكین نییە ئاگربەستەكە بپارێزرێت. ئێمە تاكو ئێستا یەكلایەنە ئاگربەستمان ڕاگەیاندووە و پێداگریمان لەسەر ئاگربەستەكە كردووە، لەژێر ئەو هێرشانەشدا ئێمە بڕیاری ئاگربەستی خۆمان دەپارێزین، ئێمە دەشخوازین ئەو ئاگربەستە بپارێزرێت، بەڵام كەس ئاگربەست پەسند ناكات و هەر كەسێكیش شەڕی لەبەرامبەر (PKK) ڕاگەیاندووە. دەڵێن:" یان ئێوە تەسلیم ببن، یانیش ئێمە ئێوە تەسفیە دەكەین" ئەمەیە وەڵامی ئەوان، ئەو هەنگاوەی دەیهاوێژن بەو واتایە دێت. بێگومان تەڤگەری (PKK) خۆی دەپارێزێت، بەو شێوەیە تەسلیم نابێت، هەتاكو دواییش هەرخۆی دەپارێزێت. بۆیە ئەو پێڤاژۆیە (قۆناخە)ی پێشدەكەوێت، پێڤاژۆیەكە دەخوازرێت تێیدا تەڤگەر تەسفیە بكەن. لەهەموو شوێنێكەوە؛ هەمیش زۆر بەئاشكرا هێرش و فشار زیاتر دەكەن... تەنانەت شتێكی وەكو ئاشتی یان چارەسەری بۆ كوردان ناهێننە نێو ئەقڵی خۆشیانەوە. بیر لەوە دەكەنەوە كە چۆن لەناویان ببەن. ئەمەش ناشارنەوە و بەئاشكرا دەیڵێن:" ئێمە تەسفیەیان دەكەین". نزیكبوونەوەیان لەم ئاگربەستە وەهایە.

هەڵبەتە ئێمە چەندە هەوڵیشمان داوە تاكو ئاگربەستەكە ببێتە دوو لایەنە، وادیارە ئەمە نایەتەدی، بەڵكو دەخوازن زەبر لە تەڤگەر بوەشێنن. هەڵبەتە تەڤگەریش

ناتوانێت بەو شێوەیە پێداگری لەسەر ئاگربەستەکە بکات. ئەگەر پێداگریش بکات بێسوودە، بۆیە لەبەرامبەر ئەو هێرشانە تەفگەر و گەل خۆیان دەپارێزن.

بەرەو لوتکەی سەرکەوتن...

دوای هەموو ئەو پرسیارانەی سەبارەت بەمێژوو و تێکۆشانی سی ساڵ زیاتری تەڤگەری (PKK) کردم؛ ئەمڕۆ داهاتووی ئەم تەڤگەرە، ئاسۆی پێشکەوتن و مەزنبوون و سەرکەوتنی ئەم تەڤگەرە چۆن دەبینن؟

ئەم تەڤگەرە بەبێ میراس دەستی بەتێکۆشان کرد، بەبێ توانست و دەستپێکرد، لەنێو نەبوونی و سەختی و دژوارییەکی مەزندا دەستپێکرد و بەتەواوی لەسەر هێز و توانستی خۆی سەرپێهەڵدا. هەر لەدەستپێکەوە زۆر بەدژواری و زەحمەتی سەرپێهەڵدا، زۆر هێز و لایەن هەر لەسەرەتاوە خواستیان ئاستەنگی لەبەردەم دەرکەوتنی ئەو تەڤگەرە دروستبکەن، بۆ ئەوەی هیچ دەرنەکەوێت، ئەم تەڤگەرە پێداگری کرد، ئەو ئاستەنگییانە زەحمەتیش بن لەبەردەم خۆیدا لایبرد و دەرکەوتن و پێهەڵگرتن (إنطلاقة)ی خۆی ئەنجام دا، لەو رۆژەوە تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆ بەردەوام لەنێو بەرخۆدانێکی مەزن دابووە، بە بەرخۆدان و توانست و هێزی خۆیەوە لەسەر پێیان مایەوە و پێشکەوت، بەردەوامیش خواستیان رێگیری لەم تەڤگەرە بکەن، بۆ ئەوەی ئەم تەڤگەرە تەسلیم وەربگرن و تەسفیەی بکەن. بەڵام ئەم تەڤگەرە نە تەسلیم بوو و نە تەسفیە بوو، تارۆژی ئەمڕۆش هاتووە. لەمەودواش هەر لەسەر هێزی خۆیی خۆی، لەسەر توانست و ئیمکانییەتی خۆی، لەسەر رۆحی خۆی بەردەوام دەبێت تا ئامانجەکانی خۆی بەدیدێنێت. ئەمە کاروانێکی ئازادییە و مێژوویێکی پڕ لەبەرخۆدانە.

بۆیەش تا ئەم کاروانە دەگاتە ئامانجەکانی خۆی شێلگیرانە هەر بەردەوام دەبێت، چ ئاستەنگی و سەختی و دژواری دەبن بابن، ئەم کاروانە هەر بەردەوام دەبێت. وەك چۆن تاکو ئێستا بەردەوام بووە، لەمەودواش هەروا بەردەوام دەبێت. بە نکۆڵی و قرکردن و پیلانگێڕی ناتوانن هەروا ئەم تەڤگەرە تەسلیم وەربگرن و تەسفیەی بکەن. ئەم تەڤگەرە چەندە نکۆڵی لێکراوە و چەندە خواستوویانە لەناوی ببن، تەسلیم ببێت و تەسفیەی بکەن، ئەوانەی هەموو کردۆتە هۆکاری ئەوەی کە تەسلیم و تەسفیە نەبێت. بۆیەش نەیانتوانیوە ئەنجامگیر ببن. چونکە ئەم تەڤگەرە هەمیشە خۆی دەئافرێنێتەوە، لەبەر ئەوەی لەسەر هێزی خۆیی خۆی رابووە و باوەڕی بەخۆی دەکات، هەروا بەئاسانی ناتوانن تەسلیمی وەربگرن و تەسفیەی بکەن. ئەم تەڤگەرە تەڤگەرێکی وەها بەرتەسك نییە، هەر تەنیا تەڤگەری کادیران نییە، ئەم تەڤگەرە بۆتە تەڤگەری گەل، کەوتۆتە نێو دڵی گەلەوە، لەهەر چوار پارچەی کوردستان و لەدەرەوەی کوردستان، هەروەها هەر تەنیا نەکەوتۆتە دڵی کوردانەوە، بەڵکو کەوتۆتە دڵی گەلانی دیکەشەوە، کەسانی دیکەشەوە. بۆیە تەسفیەکردنی و تەسلیم وەرگرتنی ئەم تەڤگەرە زۆر دژوارە. ئیدی بۆتە تەڤگەری ملیۆنان مرۆڤ، بۆتە تەڤگەری گەلان، نەك هەر تەنیا گەلی کورد، جگە لە گەلی کوردیش زۆر کەسی دیکە لەنێو گەلانی دیکەدا جێیان تێیدا گرتووە و بەشداربوونە و ئەم تەڤگەرەیان بۆخۆیان کردۆتە ئومێدێك...

هەروەها لەرێگەی تێکۆشان و بەرخۆدانی ئەم تەڤگەرەوە رەنجێکی پڕ. مەزن ئافرێنراوە، بەهای زۆر مەزن ئافرێندراون، شەهیدبوونی زۆر مەزنی داوە، بەملیۆنان کەس کۆچبەربوونە، بەهەزارانِ گوند تێکدراون و سووتێنراون، لەباکووردا مرۆڤ نەماوە بەدەست داگیرکەرەوە ئەشکەنجە نەدرابێت، بۆیە گەل چارەنووسی خۆی لەگەڵ ئەم تەڤگەرەدا کردۆتە یەك، زۆر بەئاشکرایی ئەمەش دەبێژن:" بێ سەرۆك، بێ (PKK) ژیان نابێت" و "(PKK) گەلە و گەلیش ئێمەین" وەها دەڵێن:" هەر هەڵوێست و نزیکبوونەوەیەك لە سەرۆك ئاپۆ و (PKK)، هەڵوێست و نزیکبوونەوەیە لە کێشەی گەلی کورد" ئەمانە هەرکەس بەئاشکرا و بێ پێچ و پەنا دەبێژن. ئەمریکا هێندە پیلانگێڕییەکی مەزن لەسەر تەڤگەر بەرێوە دەبات، هەرچی دەوڵەتە ئەم دونیایە هەیە لەدژی ئەم تەڤگەرە دەخاتە جموجۆڵەوە، کەچی ناتوانێت ئیرادەکەی تێك بشکێنێت و

تەسلیمی وەربگرێت. چونكە گەلی كورد بڕیاری خۆی داوە كە بەئازادی بژیت، یانیش هیچ نەژیت. ئیدی گەلی كورد بەرێگەی ئەم تەڤگەرەوە ئەو ژیانەی كە سیستەمی كاپیتالیزم، داگیركەران و بەكرێگیراوانی كورد بەسەدان ساڵە بەسەریدا سەپاند بوو، رەتیكردۆتەوە و ئەو ژیانە پەسند ناكات و چیدی تێیدا ناژیت، ئیرادەیەكی ئازادی خۆی دەرخستۆتەڕوو، لەمەشدا پێداگری دەكات و دەڵێت:" یان دەبێت من بەئازادی بژیم یانیش ناژیم" ئەم بڕیارەی داوە، بۆیە بەرخۆدانێكی مەزن دەكات، بۆیە لەدژی ئەم هەموو پیلانگێڕییە رادەوەستێت. ئەگەر وەها نەبایە لەمێژ بوو ئەم تەڤگەرە یان تەسلیم دەبوو، یانیش تەسفیە دەبوو. زیهنییەت و فەلسەفەیەكی ئەم تەڤگەرە هەیە؛ كەسێتی ئەم تەڤگەرە و گەلی ئەم تەڤگەرە بەتەواوی لەسەر ئەو بنەمایە ئافرێندراوە، ئەو فەلسەفە و زیهنییەتە چییە؟ "یان من بەئازادی دەژیم یانیش ناژیم" بەم فەلسەفەیە كۆمەڵگایەكی بەمشێوەیە و مرۆڤێكی بەمشێوەیە و تەڤگەرێكی بەمشێوەیەی خوڵقاندووە، خیانەت و بەكرێگیراوێتی و تەسلیمییەت پەسند ناكات، سەودا و مامەڵە و درۆ پەسند ناكات، تەنیا و تەنیا دەڵێت:" ئەگەر من بژیم بۆ ئازادی دەژیم، ئەگەر بشمرم هەر بۆ ئازادی دەمرم" لەم رووەوە بڕیاری خۆی داوە، ئەگەر تەڤگەرێك، میللەتێك بڕیاری وەها بدات ئەوا هیچ هێزێك ناتوانێت رێگیری لێبكات، هێزێكی لەمە مەزنتریش لەئارادا نییە، ئەم هێزە دەتوانێت لەبەرامبەر هەر هێزێكی دیكە رابوەستێت و راوەستاوە و لەمەودواش هەر رادەوەستێت.

زۆر كەس بۆ ئازادی خۆیان سووتاندووە، ئەوەی بۆ ئازادی خۆی بسووتێنێت، كێ دەتوانێت ئازادییان لێبستێنێتەوە؟ ئەوەی ئەمە بخوازێت ئەوا ئەوانیش دەسووتێنن. پێویستە هەركەس ئەم راستییە ببینێت. چەندە لەسەر نكۆڵی و لەناوبردن پێداگری بكەن، ئەوا ئەم تەڤگەرەش زیاتر لەسەر ئازادی پێداگری دەكات. ئەو بڕیارەی گەل و تەڤگەر داویەتی ئەمەیە:" یان بەئازادی بژین یانیش ئەو ژیانە پەسند ناكەین، وەك بڵێی؛ تێیدا نەژیاوم و تێیدا ناژیم"، بۆیە تا ئەو ئامانجانەی لەپێش خۆی داناوە پێكنەهێنێت دەستبەرداری لەخەبات و تێكۆشان و بەرخۆدان ناكات. سەختی و دژواری چەندە دەبن با ببن، خیانەت چەندە دەبێت با ببێت، پیلانگێڕی چەندە دەبێت با ببێت، دەستبەرداری لەمە ناكات. پێویستە هەموو كەسێك ئەم راستییە بەمشێوەیە

تێبگات. چونكە ئەم تەڤگەرە، هەموو خیانەت و پیلانگێڕێتییەك دەكاتە هۆی ئەوەی كەوا ئیرادە و خەباتی خۆی بەهێزتر بكات، شەڕی ئازادی بەهێزتر بكات، ئەگەر تەڤگەرێك بەم فەلسەفەیە جموجۆڵ بكات، ئەوا كەس ناتوانێت رێگیری لێبكات. تاكو ئێستا زۆر هەوڵ و تەقەللایان دا كە تەسلیم ببێت و تەسفیەی بكەن. بەڵام ئەنجامیان نەگرت و لەمەودواش هەر ناتوانن ئەنجام بگرن. چونكە ئەم تەڤگەرە رەنجێكی مەزنی داوە، بەهای زۆر مەزنی ئافراندووە، ئەم گەلە چارەنووسی خۆی لەگەڵ ئەم تەڤگەرەدا كردۆتە یەك، هەموو شتێكی خۆی خستۆتە نێو ئەم تەڤگەرەوە و دەزانێت كە ئەگەر ئەم تەڤگەرە بەسەر نەكەوێت، ئەوا هەموو شتێك لەدەست دەدات، مرۆڤایەتی خۆیشی لەدەست دەدات. ئەمە باش دەزانێت. بۆیە خاوەندارێتی لە سەرۆك و (PKK) دەكات، خاوەندارێتی لە بەها و رەنجەكانی خۆی دەكات، خاوەندارێتی لەداهاتوو و مرۆڤایەتیبوونی خۆی دەكات.

ئەم زیهنییەتە و ئەم دڵە لەم تەڤگەرەدا خولْقاوە، بۆیە ناتوانن شكستی پێبهێنن. شتی هەرە راست ئەوەیە كە ئیرادەی ئەم تەڤگەرە پەسند بكەن و رێز لەم گەلە بگرن. بانگەوازی من بۆ هەموو كەسێك ئەمەیە. پێویستە كەس بێڕێزی لەبەرامبەر ئەم تەڤگەر و گەلە نەكات و حیساباتی هەڵە نەكات، ئەوانەی تاكو ئێستا دووژمنایەتیان كردووە، با هەوڵبدەن خۆیان بەم گەلە بە عەفوكردن بدەن، پێویستە ئازادی و مافی ئەم گەلە پەسند بكەن، مەگەر تەنیا بەمشێوەیە بتوانن خۆیان و تاوانەكانی خۆیان بە عەفوكردن بدەن، ئەگەرنا ئەگەر تاوانەكانی خۆیان قورستر بكەن، ئەوا حیساب پرسینەوە و لێپرسینەوەش قورستر دەبێت. پێویستە هەموو كەسێك ئەو راستینەیەش وەها تێبگات.

ئەم تەڤگەرە ئامانجی مەزنی لەپێش خۆی داناوە، بۆیەش پراكتیكبوونی خۆیشی مەزن دەركەوتۆتەڕوو. چونكە چارەسەركردنی كێشەكانی مرۆڤایەتی لەپێش خۆی داناوە، بۆیە لەدژی ئەو زیهنییەتەی ئەمڕۆ لە دونیادا هەیە و باڵادەستە شەڕ دەكات، لەدژی ئەو ئەخلاق و كولتوورەی لەو زیهنییەتەوە سەرچاوەی گرتووە شەڕ دەكات، شەڕێكی هێندە مەزن پێشدەخات، دەخوازێت دونیایەك بگۆڕێت، لەبەرامبەر دونیایەك رادەوەستێت، ئەم جورئەتەی لەخۆیدا خولْقاندووە، ئامانجی خۆی وەها مەزنە، ئەوەی

ئەقڵ و دڵی خۆی بەگوێرەی ئەمە مەزن خولقاندبێت، ئەوا بەگوێرەی ئەمەش دەژیت و کاردەکات. بۆیە هەروا بەئاسانی ناتوانن ئەم تەڤگەرە تەسلیم وەربگرن و پەرشوبڵاوەی پێبکەن. ئەم تەڤگەرە تۆوێکی هاوێشتووە، هەمیش تۆوێکی مەزنی هاوێشتووە، ئەم تۆوە تادێت بڵاودەبێتەوە، ناشتوانن رێگێری لە بڵاوبوونەوەی بکەن، ناتوانن بە گرتن و کوشتن و پیلانگێرێتی، رێگیری لێبکەن. زیاتر لەچوار هەزار گوندیان تێکداوە، بەملیۆنان کەسیان کۆچبەر کردووە و لەکۆڵانان فرێیان داون و برسیان کردوون، هەموویان ئەشکەنجە دەکرێن، سووکایەتی هەرە مەزن بەرامبەر کوردان دەکەن، هەموو شێوە زوڵم و چەوسانەوەیەك بەرێوە دەبەن، تاکو ئێستا سەرۆکی ئەو گەلە دەستگیر کراوە، بەهەزاران کەسیان لە کوچە و کۆڵانەکاندا کوشت، دەوڵەتی هەرە زلهێز هاتنە سەر ئەم تەڤگەر و گەلە چ ئەنجامێکیان بەدەست خست؟ هیچ ئەنجامێکی لێنەکەوتەوە، هەموو کات دەڵێن:" ئێمە ئەنجامگیر بووین". کەچی دەبینن جارێکی دیکە زۆر مەزنتر سەریهەڵدایەوە، وەك درەختی بەڕوو وایە، تۆ دەیبڕیتەوە، کەچی جارێکی دیکە لەسەر هەمان رەگدا سەرهەڵدەداتەوە و دەبێتە پێنج شەش رەگی دیکە. راستینەی ئەم تەڤگەرە وەهایە. بۆچی؟ چونکە لەسەر راستینەیەك و بناخەیەکی راست و ئامانجێکی راست سەریهەڵداوە، لەسەر بنچینەیەکی مرۆڤایەتی و کارەکتەری مرۆڤایەتی سەریهەڵداوە و دەخوازێت کێشە مرۆڤایەتییەکان چارەسەر بکات، کێ دەتوانێت رێگیری لەم تەڤگەرە بکات و تەسلیمی وەربگرێت؟ تاکو ئێستا سەلمێندراوە کە کەس ناتوانێت ئەنجامگیر ببێت.

وەکو دیارە دەخوازن زیاتریش بۆیان بسەلمێت، هێشتاش ئومێدێکی وەهایان هەیە کە دەتوانن تەسلیمی وەربگرن یان پەرشوبڵاوەی پێبکەن، بۆیە دەستبەرداری خراپەکاری خۆیان نابن و بێ ویژدانی دەکەن، مادام وەهایە و هێشتاش ئومێدێکی وەهایان هەیە، ئەوا ئەم تەڤگەرەش تا ئەو ئومێدەیان ئەوان مایەپووچ نەکات و نەڵێن:" ئێمە هەموو شتێکمان لەبەرامبەری کرد و نەمانتوانی تەسلیمی وەربگرین و پەرشوبڵاوەیان پێبکەین" ئەوا ئەم تەڤگەرەش بەرخۆدانی خۆی بەردەوام دەکات. بەداخەوە ئێمە نەماندەخواست وەها بێت، بەڵام وەکو دیارە بۆ ئەوەی ئەو ئومێدەی ئەوان نەمێنێت پێویستە ئێمە ئەو بەرخۆدانەش زیاتر و زیاتر بکەین، پێویستە گەلی کورد ئەم

ڕاستییە باش تێبگات. بۆیە پێویست دەکات بەرخۆدانی خۆی بەهێزتر بکات. لێرەدا شەڕێکی ئیرادە بەڕێوە دەچێت، ئەوان دەخوازن ئیرادەی خۆیان بەئێمە بە پەسندکردن بدەن، ئێمە ناخوازین پەسندی بکەین و ئێمەش خاوەنداریێتی لەئیرادەی خۆمان دەکەین، لەئاکامی ئەو شەڕەدا دەبێت لایەك ئیرادەی ئەویتر پەسند بکات. ئێمە وەکو کورد پێشتر لەکۆندا ئیرادەی ئەوانمان پەسندکردبوو، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدان و پێشکەوتنی ئەم تەڤگەرە ئیدی ئیرادەی ئەوان هەرگیز پەسند ناکەینەوە و ڕەتمانکردۆتەوە، لەپێناو گەیشتن بە ئیرادەیەکی ئازاد و سەربەخۆشدا دەستمان بە تێکۆشان و بەرخۆدان کردووە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش هەر لەنێو تێکۆشان و بەرخۆدان داین و تاگەیشتن بە ئازادی و تەواوی مافەکان ئەم تێکۆشان و بەرخۆدانە هەر بەردەوام دەبێت و بەرەو سەرکەوتن هەڵدەکشێت. بێگومان ئەگەر ئێمە پەسندمان بکردبایە ئەوا ڕەتمان نەدەکردەوە، پێویستە ئەوان ئیرادەی ئێمە پەسند بکەن، ئیرادەی ئازادی پەسند بکەن، ئێمە بە بەرخۆدانی خۆمان ئیرادەی ئەوانمان شکاند، بەڵام ئەوان دەیانەوێت جارێکی دیکە ئیرادەی شکێنراوی خۆیان بە پەسندکردنەوە بدەن، ئەمەش هیچ مومکین نییە، ئێمە ئیدی بڕیارمان داوە؛ یان ئێمە بەئیرادە و ناسنامە و ئازادی و زمان و کولتووری ڕاستینەی خۆمان دەژین یانیش ئێمە ناژین. ئەمە بە چ واتایەك دێت؟ پێویستە هەرکەس بیزانێت و بەگوێرەی ئەمە بڕیاری خۆی بدات...

دوا پەیام و گووتنی ئێوە چییە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم مێژووە دەخوێننەوە؟

ئەوەی کە من بیڵێم ئەوەیە؛ پێویستە بزانن کە سەرۆك ئاپۆ و (PKK) هەر تەنیا بۆ باکووری کوردستان نیین و تەنیا لەپێناو باکوور شەڕ و تێکۆشان ناکەن، بەڵکو لەپێناو تەواوی پارچەکانی کوردستاندا شەڕ و خەباتی ئازادیخوازانە پێشدەخەن. سەرۆك ئاپۆ و (PKK) دەخوازن ڕۆحی کورد و یەکێتی کورد مەزن بکەن، دەخوازن کێشەی کورد لەتەواوی پارچەکاندا چارەسەر بکەن. کێشەی کورد هەر تەنیا کێشەی پارچەیەك نییە،

کوردستان تەنیا یەك پارچە نییە و کورد تەنیا لەیەك پارچەدا نییە، کورد و کوردستان بەهەر چوار پارچەی خۆیەوە کورد و کوردستانە، ئەوەی دەڵێت؛ من بۆ کورد و کوردستان کار و خەبات دەکەم، ناچارە هەر چوار پارچە بداتە پێشخۆی و بۆ ئەوەی لەهەر چوار پارچەدا کێشەی کورد چارەسەر بکات خەبات و بەرخۆدان پێشبخات، پێویستە هەموو توانستی خۆی بخاتە خزمەت و راژەی هەر چوار پارچەکەوە، پێویستە یەك رۆحیی کوردان و یەکێتی کوردان بخوڵقێنێت، تا کێشەکە لەهەر چوار پارچەی کوردستان چارەسەر نەبێت رانەوەستێت و ژیانی شەخسی لەخۆی حەرام بکات. سەرۆك ئاپۆ و (PKK) لەو رۆژەوەی دەرکەوتووە تا رۆژی ئەمرۆ لەسەر ئەو بنەمایە کاریان کردووە، بۆیە سەرۆك ئاپۆ، (PKK) هێز و وزەی گەلی کوردن، زانایی و توانستی گەلی کوردن، دڵ و ویژدانی گەلی کوردن، کورد بە (PKK) و سەرۆك ئاپۆوە مەزن بوون و لەمەش زیاتر مەزن دەبن. ئەگەر ئەمرۆ لە باشووردا نیوە دەوڵەتێکی کوردی ئاوا بووە لێرەدا پێویستە لەمەدا کەس رەنجی سەرۆك ئاپۆ و (PKK) لەیاد نەکات. پێویستە رێز لەمەش بگیردرێت.

کاتێك کە سەرۆك ئاپۆ بە پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی دەستگیرکرا، لەنێو فڕۆکەدا گووتی:" لەوانەیە شەخسی من زەرەر بکەم، بەڵام کوردانم بە قازانجی مەزن گەیاندووە" ئەمە راستە. ئیدی ئاکامی ئەمەش ئەمرۆ لەباشووری کوردستان لەبەرچاوان دایە. ئەگەر ئێستا فەوارمیەك لەباشوور ئاوابووە، ئەوا لێرەدا بەرەنجی گەلەکەمان لەباشوور و رەنجی (PKK)، هەروەها هاوکاری ئەمریکا ئاوابووە و پێویستە هەموو کەسێك ئەو راستییە ببینێت. ئەگەر خەباتی (PKK) نەبایە، (PKK) تورکیای موحتاجی (ی ن ك) و (پ د ك) نەکردبایە، (ی ن ك) و (پ د ك)ش هاوکارییان لە تورکیا وەرنەگرتبایە هیچ جارێك نەیاندەتوانی ببنە هێز. (PKK) رێی تورکیا و بەرێگەی تورکیاشەوە بۆ هەموو دونیای بۆ ئەوان کردەوە، خەبات و تێکۆشانی (PKK) ئەو رێگایەی کردەوە، ئەگەر وەها نەبایە ئەوا هیچ کاتێك رێگەی تورکیا بۆ باشوور نەدەکرایەوە، هێندەش رێگەی دونیا بۆ باشوور نەدەکرایەوە، تورکیاش هێندە هاوکاری ئەوانی نەدەکرد، ئەم هەنگاوە (PKK) بەتورکیای هاوێشت، (PKK) تورکیای خستە ناو ئەو هەڵەیەوە و ئەمرۆ تورکیا ئەو هەڵەیەی خۆی دەبینێت و ژەنراڵ و سەرانی تورکیا

دەڵێن:" ئێمە بەدەستی خۆمان لەباکووری ئێراق (باشووری کوردستان) دەوڵەتێکمان ئاواکرد، ئێمە خواستمان (ی ن ك) و (پ د ك) و (PKK) بەگژ یەکیاندا بدەین و بەمەش کورد بەکورد بەکوشتن بدەین و کوردان وەها تەسفیە بکەین، بەڵام پاشان بەدیارکەوت کە کوردان قازانجیان کرد و ئێمە دۆڕاندمان". ئەمڕۆ ئەو قسەیە دەکەن. ئیدی ئەگەر تورکیا دۆڕاندی و ئەو هەڵانەی کرد، ئەوا (PKK) تورکیا خستە ناو ئەو هەڵەیەوە. لەئاکامی ئەوەدا لەباشوور دەوڵەت ئاوابوو، پێویستە هەموو کەسێك ئەم ڕاستینە بزانێت.

پێویستە هەر کەسێکیش بزانێت کە تا لەباکووری کوردستان کێشەکە چارەسەر نەبێت ئەوا کورد هیچ ناحەسێتەوە. ئەمڕۆ ئەو ڕاستییەش لەباشوور لەپێش چاوانە.

تورکیا تازە لەوە گەیشتووە کە (PKK) ئەو هەڵەیەی پێ کردووە و خستیە خزمەتی ئاواکردنی دەوڵەتێك لەباشوور، لەبەر ئەمە ئێستا ڕکوکینێکی مەزنی لەبەرامبەر سەرۆك ئاپۆ و (PKK) هەروەها لەدژی باشووریش هەڵگرتووە، دەخوازێت تۆڵەی خۆی بکاتەوە، دەخوازێت هەڵەکانی خۆی ڕاست بکاتەوە، دەڵێت:" من چۆن ئەو هەڵانەم کرد؟ من دەمخواست کوردان لەناوببەم، کەچی من کوردم کردە هێز" هەروەها دەڵێت:" ئاپۆ و (PKK) ئەو هەڵەیان بەمن کرد" بۆیە دەخوازێت تۆڵەی خۆی بکاتەوە. بەهاوکاری تورکیا دەوڵەت لەباشوور ئاوا بوو، دیسان دەخوازێت چۆن ئاوایکردووە تێکیشی بداتەوە، لەم پێناوەشدا کار دەکات. پێویست دەکات گەلەکەمان لەباشوور ئەمە ببینن، نرخ و بەهای (PKK) ببینن و بیزانن. چونکە (PKK) گەلی کوردی لەباشوور گەیاندە قازانجی مەزن، ئەگەر دەخوازن ئەو دەسکەوتانەی بەدەستهاتوون بپارێزن و دەسکەوتی زیاتریش بە دەستبهێنن، پێویست دەکات (PKK) بپارێزن و ڕێزی لێبگرن و پیشتیوانی لێبکەن. (PKK) چەندە کار بکات، ئەوا باشوور ئەوەندە قازانجی مەزن دەکات، تا ئێستا چەندەی قازانج کردووە، ئەوا لەمەودواش زیاتر قازانج دەکات. بۆیە پێویستە (PKK) وەك چاوی خۆیان بپارێزن، (PKK) هێزی ئەوانە، ڕۆحی ئەوانە، (PKK) گەرەنتی ئەوانە.

هەروەها با هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر باشوور لەلایەك بمێنێت، ئەگەر چارەسەری لەباکوور بە دینەیەت ئەوا گەلەکەمان لەباشوور ناحەسێتەوە و بەردەوام لەسەر ئەوان

مەترسی هەیە، ئەگەر تورکیا دەرفەت و هەلی بۆ برەخسێت، ئەوا هەرچی دەستکەوتی بەدیهاتووە بەفیڕۆی دەدات و تێکی دەدات و کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدات. بۆیە پێویستە گەلەکەمان لەباشووردا باش لەراستینەی تورکیا تێبگات.

لەو رۆژانەدا لەدادگایی ئەنفالدا بەدیارکەوت؛ کاتێك کە رژێمی سەددام کوردی ئەنفال کردووە، ئەوا بەهاوکاری سوپای تورکیا ئەمەی ئەنجام داوە، ئەمەش روون و ئاشکرایە، کە هەر چییەك بەسەر باشووردا هاتووە، هەر تەنیا سەددام و پارتی بەعس و سوپای ئێراق بەسەرینەهێناون، بەڵکو ئەمەی بەهاوکاری دەوڵەتی تورکیا پێکهێناوە، ئیدی دادگاییەکە لەپێش چاوانە.(١٤) مادام ئەگەر راستی مەسەلەکە وەهایە، پێویستە گەلەکەمان لەباشوور دووژمنی خۆی ببینێت و بناسێت کە لەبنەڕەتدا مەترسییەکان لەکوێوە دێن، ببینێت. ئەوەی لەبەرامبەر ئەو مەترسیانە رادەوەستێت (PKK)یە، پێویست دەکات خۆی لەگەڵ (PKK)دا بکاتە یەك و هێز بە (PKK) ببەخشێت، بۆ ئەوەی هەم ئەو مەترسییەی لەسەر خۆی لەئارادایە کەم بکاتەوە و ئەو مەترسییانە پووچەڵ بکاتەوە، هەمیش کاتێك لەسەردەمی حوکمی سەددامدا ئەو کۆمەڵکوژی و ئەشکەنجەیەی بەسەریهاتووە رۆڵی تورکیای تێدا ببینێت، پێویستە جارێکی دیکە دەرفەتی بەمجۆرە بە تورکیا نەداتەوە، بۆئەمەش پێویستە بەهەموو هێزی خۆی پشتیوانی (PKK) بکات، تاکو (PKK) بتوانێت چارەسەری لەباکووری کوردستان پێشبخات، بۆ ئەوەی ئەو مەترسییانەی تورکیاش دروستی دەکات نەیهێڵێت.

لەوانەیە پێشتر زێدە ئەو ئیمکانییەت و توانستەی خۆی نەبووبێت، پێشان دەیانگووت:" دەوروبەری ئێمە گیراوە" بەڵام ئەمڕۆ بوونەتە خاوەن قەوارە، تەنانەت لەئاستی ئێراقیشدا قورسایی خۆیان هەیە، ئەمریکا و سیستەمی کاپیتالیزمیش پشتیوانیان لێدەکات، دەتوانن ئەو هێزەی خۆیان بخەنە خزمەتی گەلەکەی خۆیان لەپارچەکانی دیکەشدا. بۆ ئەوەی لەپارچەکانی دیکەشدا چارەسەری پێشبکەوێت، ئەوا پێویستە لەباکوور چارەسەری بێتەدی. ئەگەر لەباکوور کێشەی کورد چارەسەر بوو، ئەوا لەپارچەکانی دیکەشدا پێشدەکەوێت، ئەوەی ناهێڵێت ئەمە بێتەدی تورکیایە. ئەمە راستینەیەکە و ئەگەر ئێمە دەمانەوێت چارەسەری لەتەواوی کوردستان پێشبخەین و رۆح و یەکێتی کوردان بەهێز بکەین و لە کوردستاندا ئازادی بێنینەدی

ئەوا پێویستە بەهەموو هێزی خۆمانەوە هەوڵ بدەین لەباکوور چارەسەری بێتەدی. هەڵوێستی هەرە راستیش ئەمەیە. بۆیە پێویستە پشتیوانی لە (PKK) بکەن، نەك باشوور ببێتە ئامرازی تورکیا. ئێستا تورکیا هەوڵ دەدات دیسان لەنێوان کوردان دووژمنایەتی دروست بکاتەوە، پێویستە ئەم لەیستۆکە ببینن و نەکەونە نێو ئەو لەیستۆکەوە، پێویستە دووژمنایەتی (PKK) و برای خۆیان نەکەن. ئەگەر دووژمنایەتی بکەن ئەوا دووژمنایەتی خۆیان دەکەن، چەندە دۆستایەتی (PKK) بکەن ئەوەندە قازانجی مەزن دەکەن. تورکیا دەیەوێت جارێکی دیکە نێوان کوردانی باکوور و باشوور شەڕ بەرپا بکاتەوە، لەنێوان (پ د ك) و (ی ن ك) و (PKK) شەڕ بەرپا بکات، بۆ ئەوەی کورد نەبنەیەك، تاکو دەسەڵاتدارێتی خۆی لاواز نەبێت و نەکەوێتە مەترسییەوە. لەم پێناوەشدا هەوڵ و تەقەللای زۆر دەدات، ئیدی چۆن تۆڵە لە (PKK) بکاتەوە؟ دەیەوێت شەڕێکی بەمجۆرە بەرپا بکات و تاکو تۆڵەی خۆی بستێنێتەوە. چونکە دەڵێت:" (PKK) ئەو هەڵەیەی بەمن کرد، منی خستە خزمەتی ئاواکردنی دەوڵەتێك لەباشوور" بەمەش دەیەوێت بەوجۆرە تۆڵەی خۆی لە (PKK) و هەمیش لەباشوور بکاتەوە، پێویستە ئێمەش هەموو لایەکمان ئەو دەرفەتەی پێنەدەین. با ئەنفالەکان و رۆڵی تورکیا تێیدا و ئەو دادگاییەش بخەینە پێش چاومان، پێویستە ئێمەش پیلانە گلاوەکانی تورکیا هەڵوەشێنینەوە.

ئێمە گەیشتووینەتە ئەو قۆناخەی کە بگەینە ئامانج. ئیدی پێویستە هەموو کەسێك پشتیوانی ئەمە بکات. نەك ئەمە لاواز بکات یان تێکیبدات، دەوڵەتانی داگیرکەر و دەوڵەتانی دیکە ئەمە دەخوازن و بەرژەوەندیی ئەوان وا دەخوازێت. بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردیش وا دەخوازێت کە لەدژی ئەوان رابوەستێت. وا دەخوازێت لەگەڵ برای خۆی ببێتەیەك، ئەگەر کوردان ببنە یەك، دڵی خۆیان بکەنە یەك، لەسەر ئیرادە و ئازادی خۆیان پێداگری بکەن، ئەوا کەس ناتوانێت کوردان تێك بشکێنێت، ئەمە راستییەکە، پێویستە کورد نەترسێت، پێویستە کورد حیسابی زۆر مەزنتر بکات. ئەگەر حیسابی خۆی مەزن کرد، ئەوا دەتوانێت خۆی بکاتە هێزی یەکەمین لەناوچەکەدا. ئەم رۆژە هاتووە و ئەو دەرفەت و توانستە رەخساوە، ئەمە دەمێنێتەوە سەر کوردان، ئەگەر یەکێتی نێوان خۆیان بەهێز بکەن و لەهەموو پارچەکاندا چارەسەری پێشبخەن و

کێشەی کورد چارەسەر بکەن و ببنە هێزی یەکەم لەناوچەکەدا، ببنە هێزی ئازادی، یانیش خیانەت لەخۆمان بکەین و گورز لەخۆمان بوەشێنین، ئەو لەسەر کوردان دەمێنێتەوە.

من لەو باوەڕەدام ئیدی گەلەکەمان لەباشوور لە راستییەکان تێدەگات و لەراستینەی (PKK)ش تێدەگات، باش لەمە تێدەگات کە (PKK) بۆ تەواوی کوردستان و باشوور بەتایبەت گوزارشت لەچی دەکات و ناکەوێتە نێو لەیستۆکەکانەوە، بەڵکو شانبەشانی (PKK) لەدژی لەیستۆکەکان رادەوەستێت و ئەو لەیستۆکانە تێك دەدات...

زۆر سوپاس بۆ ئەم دیدارە...

سوپاس بۆ تۆش...

پەراوێزەکان:

(١) مەبەستی ئەو مانگرتنەیە کە سەرۆك ئەو کاتە لەزینداندا دژ بە هەڵسوکەوتەکانی حکومەتی تورکیا ئەنجامی دا. لەئاکامدا داوای کرد کەوا پارێزەرانی و برا و خوشکەکانی بۆ ماوەیەك سەرردانی نەکەن سەردانی نەکەن.

(٢) محەمەد عەلی بیراند: رۆژنامەوانێکی بەناوبانگی تورکیایە، بەوە دەناسرێت کە زۆر لەدەزگای میت (MİT) و کەسانی بالادەستی نێو دەوڵەتی تورکیاوە نزیکە.

(٣) کۆمیتەی زانست، رۆشنگەری، هونەر: کۆمیتەیەکە لەکۆمیتەکانی نێو پێکهاتەی کۆنگرەی گەل.

(٤) مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی بەرەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان (ERNK) بوو لە کۆنگرەی حەوتەمدا.

(٥) هەر لەو کۆنگرەیەی جفاتی گشتیدا هەڤاڵ "زوبێر ئایدار" وەك سەرۆکی دیوانی کۆنگرەی گەل هەڵبژێردرا.

(٦) مەبەستی رووداوی شەهیدبوونی ئەو چواردە گەریلایەیە کە لە ناوچەی مووش لە (٢٤) مانگی ئاداری (٢٠٠٦)دا لەئاکامی هێرشی چەکی کیمیاوی سوپای تورکیا شەهید بوون.

(٧) کانی شیلان: دۆڵێکە لە چیای قەندیل، کانییەکی بەو ناوە لێیە. ئەو کاتە کەمپی پەروەردەیی پارتی یەکێتی دیموکراتی (PYD)ی لێبوو.

(٨) پراواکسیۆنی ئالا: مەبەستی رووداوە گێرەشێوێنییەکەی دوای پیرۆزکردنی جەژنی نەورۆزی (٢٠٠٥) و خاوەندارێتی گەلی کورد لەراگەیاندنی سیستەمی (KKK) بوو لەلایەن رێبەر ئۆجەلانەوە، کە حکومەتی تورکیا زۆر تەنگەتاو بوو و بۆ ئەوەی شەڕی کورد ـ تورك بەرپابکات هات ئالای تورکیای دایە دەستی هەموو کەسێك و کردی بە شەڕە ئالا.

(٩) هیرانت دینك: رۆژنامەوانی بەناوبانگی ئەرمەنی لەرێکەوتی (١٩)ی مانگی (١)ی (٢٠٠٧) کوژرا و پاشان بکوژانی ئەو رۆژنامەوانە ئاشکرابوون کە پشتیوانییەکی مەزنیان لەناو دەوڵەتدا هەیە.

(١٠) ئۆگون سامەست: ئەو کەسە بوو کە رۆژنامەوان هیرانت دینکی کوشت.

(١١) ئۆرهان پاموک: رۆماننووسێکی بەناوبانگی تورکیایە و لەساڵی ٢٠٠٧دا خەڵاتی نۆبلی لەبواری ئەدەبیات وەرگرت.

(١٢) جۆزیف راڵستۆن کۆنەژەنراڵ و سەرمایەدارێکی گەورەی ئەمریکییە و نوێنەری ئەمریکا بوو لە کۆردیناتۆری مەسەلەی PKK و پاش ئەوەی ئەو کۆردیناتۆرییە سێ قۆڵییەی نێوان ئەمریکا و تورکیا و ئێراق لەقۆناخی یەکەمیدا بێئەنجام بوو راڵستۆن دەستی لەو ئەرکەی خۆی کێشایەوە.

(١٣) ئەدیب باشەر ژەنراڵێکی خانەنشینکراوی تورکیایە و نوێنەری تورکیا بوو لە کۆردیناتۆرە سێ قۆڵییەکەی مەسەلەی PKK ئەویش پاشان دەستی لەئەرکەکەی خۆی کێشایەوە.

(١٤) مەبەستی ئاشکرابوونی ئەو بەڵگانەیە کە لە کاتی دادگاییکردنی سەرانی رژێمی بەعسدا دەرکەوتن کە سوپای تورکیا هاوکاری سوپای ئێراقی کردووە بۆ بەئەنجام گەیاندنی پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال.

جەمیل بایك لەچەند دێڕێکدا

** لەساڵی(١٩٥٥) لەخێزانێکی زۆر هەژاری گوندی (ئەشایا چەخماخ)ی سەر بەقەزای "کەبان"ی سەر بەشاری خەرپووت (ئەلآزخ) لەدایکبووە. شاری خەرپووت شارێکی دێرینە و بەنداوێکی مەزن لەنێوان ئەلآزج و کەبان بەناوی بەنداوی "کەبان" دروستکراوە.

** خێزانەکەی بەزۆری و زەحمەتی بژێوی ژیانی دابینکردووە و خەریکی کشتوکاڵ بووە.

** خوێندنی سەرەتایی لەگوند خوێندووە. بەهۆی دۆخی هەژاری خێزانەکەیەوە دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی، چووەتە تاقیکردنەوەی خوێندنگا (پەیمانگا)یەی مامۆستایانی سەرەتایی. چونکە سەرکەوتن لەو تاقیکردنەوەیە مەرجە بۆ خوێندن تێیدا. ئەویش لەو تاقیکرنەوەیەدا سەردەکەوێت.

بۆ ئەم مەبەستەش لە شاری مەلآتیە لە خوێندنگای مامۆستایانی ئەکچاداخ دەخوێنێت، لەبەرئەوەی خوێندن لەم خوێندنگایەدا لەسەر کیس و خەرجی دەوڵەت بوو و زیاتریش خەڵکی هەژار دەچنە ئەو خوێندنگایەوە.

** لەهەموو قۆناخەکانی خوێندندا یەکێك بووە لەخوێندکارە هەرە زیرەکەکان.

** ئەو خوێندنگایانەش زیاتر لەهەرێمە کوردییەکان (باکووری کوردستان) ئاواکرابوون. بێگومان ئامانجی شاراوەی دەوڵەت لەئاواکردنی ئەو خوێندنگایانە ئەوەبوو کە سیاسەتی توانەوە جێبەجێ بکات. واتا دەوڵەت دەیەویست خوێندکارە ناتورکەکان بکاتە تورك و بیخاتە خزمەتی تورکیاوە. واتا ئامانج ئەوە بوو کوردان لەوێ بتوێننەوە. هەڵبەتە ئەوەی دەچووە ئەو خوێندنگایەوە شەو و رۆژ لەوێ دەمایەوە، بۆ ئەوەی

پرۆسەی تواندنەوەکە زیاتر و زووتر ئەنجام بگرێت. بەرێز بایك پێنج ساڵ لەوێ دەخوێنێت، کاتێك کە دەربازی پۆلی شەشەم دەبێت لەبەر ئەوەی خوێندکارێکی زیرەك بوو لەسەر بڕیاری بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگایەکە دەینێرنە ئەنقەرە بۆ خوێندنی خوێندنگای مامۆستایانی باڵا. لەو خوێندنگایەی ئەنقەرەدا مامۆستای قۆناخی ناوەندی و دواناوەندی لێدەردەچێت. لەبەر ئەوەی بەرێزی قوتابییەکی زیرەك دەبێت لەخوێندنی خۆیدا، بەبڕیاری ئیدارەی قوتابخانە دەینێرنە ئەنقەرە تاکو ئەو قوتابخانە بخوێنێت.

** بەرێزیشی دەچێتە ئەنقەرە و لەوێ لە تاقیکردنەوەی وەرگرتندا سەردەکەوێت و دەچێتە ئەو خوێندنگایەوە. لەوێ ساڵێك لە قۆناخی ئامادەکاری دەخوێنێت بۆ ئەوەی بچێتە زانکۆ، لەو قۆناخەشدا سەردەکەوێت و دەچێتە زانکۆ.

** لەزانکۆی ئەنقەرە لە"کۆلێژی زمان، مێژوو، جوگرافیا"دا وەردەگیردرێت، لەو کۆلێژەشدا دەچێتە بەشی زمان و ئەدەبیاتی تورکی.

** لەساڵی (١٩٧٣)دا لەزانکۆدا هەڤاڵ کەمال پیر دەناسێت کە یەکێکە لەو سێ سەرکردانەی گروپی سەرەتایی ئاپۆچیتیان ئاواکردووە. ئیدی لەرێی هەڤاڵ کەمال پیرەوە سەرۆك ئۆجەلان دەناسێت و دەست بەتێکۆشانی شۆڕشگێڕی دەکات.

** تا قۆناخی سێیەمی کۆلێژ شانبەشانی خوێندنەکەی پەرەی بەتێکۆشانی شۆڕشگێڕی خۆی دژ بە فاشیستەکان دەدا.

** لەساڵی چوارەمی زانکۆدا دەستبەرداری خوێندن دەبێت. چونکە هەموو ژیان و کاتی خۆی بۆ تێکۆشانی شۆڕشگێڕێتی تەرخان کرد، ئیدی کاتێك کە دەربازی ساڵی چوارەم دەبێت بەتەواوی دەستبەرداری لەخوێندندا دەکات. چونکە وەك گروپی سەرەتای تەڤگەری ئاپۆچی بڕیار دەدەن کە تێکۆشان بگوازنەوە بۆ کوردستان و لەم پێناوەشدا دەگەڕێنەوە کوردستان و دەست بەخەبات و تێکۆشان دەکەن. کاتێك کە لەگەڵ یەکەم گروپدا دەگەڕێتەوە کوردستان سەرەتا دەچێتە شاری "عەنتاب"و دەست بەجموجۆڵ و چالاکی شۆڕشگێڕی دەکات.

** وەك یەكێك لەئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری تەڤگەری ئاپۆچێتی و (PKK) لەنێو تێكۆشانی شۆڕشگێڕیدا تێكۆشاوە. ئیدی لەو ڕۆژەوە تاكو ڕۆژی ئەمڕۆ لەتێكۆشاندا بەردەوامە و لەسەرجەم ئاستەكانی تێكۆشاندا كار و خەباتی كردووە...

** ئێستا جێگری سەرۆكی كۆما جڤاكێن كوردستان (KCK)یە.

کرۆنۆلۆژیای مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)

★ لەدوای کودەتاکەی (١١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧١) رەوتی شۆڕشگێڕی و چەپگەری لەژێر کاریگەری شۆڕشی گەلی ڤێتنام و بزاڤی لاوانی پاریسی (١٩٦٨)دا لەنێو لاوان لەتورکیادا لەبرەو دابوو و ئاتمۆسفێرێکی شۆڕشگێڕی خوڵقابوو.

★سەرۆك ئاپۆش سەبارەت بە کورد و کێشەکەی و گرفتەکانی دیکەی کۆمەڵگا لەنێو لێگەڕین و لێکۆڵینەوە دایە و تادێت زیاتر لە راستینەی کێشە و گرفتەکان و ناکۆکییەکان قووڵتر دەبێتەوە. بەهاتنیشی بۆ ئەنقەرە و زانکۆی ئەنقەرە و کۆلێژی زانستە سیاسییەکان و ئەو دۆخ و ئاتمۆسفێرەی لەپەرەسەندن دابوو بەرەوتی چەپگەری و شۆڕشگێڕی ئەو کاتە کاریگەر دەبێت. بەتایبەتی زیاتر بزاڤەکانی پارتی - بەرەی رزگاری گەلی تورکیا (Türkiye Halk Kurtuluş Partisi-Cephesi) بەرێبەرایەتی "ماهیر چایان" و ئەرتەشی رزگاری گەلی تورکیا (Türkiye Halk Kurtuluş Ordusu) بەرێبەرایەتی"دەنیز گەزمیش" و ئارتەشی شۆڕشگێڕی رزگاریخوازی کرێکاران و جووتیارانی تورکیا (TİİKKO) بەرێبەرایەتی " ئیبراهیم کایپاك کایا"ی لەهەموو گروپەکانی دیکەی چەپگەر کاریگەر دەبێت و لەگروپەکانی دیکەی چەپڕەو باشتریان دەبینی.

* بۆیە لەدژی شەهیدبوونی ماهیر چایان سەرۆکی بەرەی - پارتی - رزگاری گەلی تورکیا (Türkiye Halk Kurtuluş Partisı-Cephesi) و نۆ لەهاوڕێکانی لە(٣١)ی ئاداری (١٩٧٢)دا لە ناوچەی قزلدەرە، هەروەها بۆ رێگیری لە لەسێدارەدانی دەنیز گەزمیش سەرۆکی ئارتەشی رزگاری گەلی تورکیا (Türkiye Halk Kurtuluş Ordusu) و دوو لە هاوڕێیانی "یوسف ئەسلان و حوسێن ئینان" رێبەر ئۆجەلان لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی "دۆغان فرتنە" پێشەنگایەتی رێپێوانێکی پرۆتستۆیی دەکەن لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئەنقەرە. بەهۆی ئەو پێشەنگایەتیکردنەی لەرێپێوانەکەدا دەستگیر دەکرێت و نزیکەی (٧) مانگ لەزیندانی "ماماك"دا دەمێنێتەوە، لەماوەی زیندانیبوونیدا بیر لە ئاواکردنی گروپێکی رێکخستنی شۆڕشگێڕی دەکاتەوە، لەدوای ئازادبوونی لەزینداندا هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی بۆ ئەو مەبەستە دەبێت.

* دوای ئازادبوونی لەزیندان و گەڕانەوەی بۆ خوێندن، لەرێگای ئەدرەسێك کە دۆغان فرتنە دەیداتێ، هەردوو هەڤاڵ "حەقی قەرار و کەمال پیر" دەناسێت، ئیدی بەیەکەوە دەژین و تێدەکۆشن و یەکەم گروپی ئایدیۆلۆژی تەڤگەری ئاپۆچێتی بنیاد دەنێن.

* لەنەورۆزی (١٩٧٣)دا لە لەمیانەی گەشتێکی ئاساییدا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی زانکۆیدا بۆ بەنداوی " چووبوك"، بۆ یەکەم جار سەرۆك ئۆجەلان ئەو دەرئەنجامە فیکرییەی لەمیانەی قووڵبوونەوە و لێگەڕینی تیۆریدا پێیگەیشتبوو لەلای ئەو هاوڕێیانەی باس دەکات و خوازیارە هەڵوێست و بیر و رایان لەمبارەیەوە بزانێت، تاکو بناخەی یەکەم گروپ دارێژێت. لەو کۆمەڵە هاوڕێیەیدا تەنیا " عەلی حەیدەر قەیتان" تێیدا دەمێنێتەوە و تاکو ئێستا لەنێو تێکۆشاندا بەردەوامە. ئیدی لەو کاتە بەدواوە سەرۆك تێکۆشانی خۆی دەگەیەنێتە ئاستی گروپێکی ئایدیۆلۆژی و بەناوی "شۆڕشگێڕانی کوردستان" یان بەناوی "تەڤگەری ئاپۆچی"یەوە لەزانکۆ و هەندێك گەڕەکی هەژارنشین و کوردنشینی ئەنقەرەدا فیکر و بیروباوەڕی خۆیان بڵاودەکەنەوە.

* لەساڵی (١٩٧٦)دا لە ئەنقەرە لە "ژووری بیناسازان" ی "کۆمەڵەی ئەندازیاران" سیمینارێکی سەبارەت بە فیکر و بیر و باوەڕی خۆی سازکرد. ئەمەش یەکەم جار بوو سەرۆك ئاپۆ لەدەرەوەی گروپەکە تێڕوانین و دەرئەنجامە فیکرییەکانی خۆی بە ئاشکرا بۆ خەڵکی دیکە باس بکات و رایدەگەیەنێت.

★ لە (١٩٧٦)دا لە ئەنقەرە دا یەکەم کۆبوونەوەی گروپەکە لە گەڕەکی "دیکمان " ئەنجام دەدرێت. ئەم کۆبوونەوەیە یەکەم کۆبوونەوەی فەرمی تەڤگەری ئاپۆچێتییە، کە تێیدا بڕیاری گەڕانەوە لە ئەنقەرەوە بۆ کوردستان و دەستکردن بەتێکۆشانی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و رێکخستنی دەدرێت.

★ لەساڵی (١٩٧٦) لەکاتی مەشقپێکردنی هەڤاڵان لەسەر بەکارهێنانی دەمانچە، هەڤاڵ "عەلی دۆغان یلدرم" لەگەڕەکی "توززلوچایر"ی ئەنقەرە فیشەکی لەدەست دەردەچێت و شەهید دەبێت. ئەمە یەکەم شەهیدی تەڤگەری (PKK)یە.

★ لەساڵی (١٩٧٦)دا سەرۆك ئاپۆ یەکەم نامیلکە دەنووسێت بەناوی "مێژووی کۆلۆنیالیزم" ئەم نامیلکەیە سەرەتا لەسەر کاسێت تۆمار دەکرێت و پاشان لەلایەن هەڤاڵ "محەمەد خەیری دوورموش"ەوە دەکرێتە نامیلکە.

★ لە(٨)ی ئاداری (١٩٧٧)دا لەشاری دیرسیمدا هەڤاڵ "ئایدن گول" بەدەستی رێکخراوی چەپی تورکی رزگاریخوازانی گەل (Halkın Kurtuluşu) شەهید دەکرێت. چونکە دەستبەرداری ئەوان بووە و تەڤلی تەڤگەری ئاپۆچێتی بووە. بەمەش تەڤگەری ئاپۆچێتی یەکەم شەهیدی خۆی دەدات.

★ لە (١٨\٥\١٩٧٧)دا هەڤاڵ "حەقی قەرار" یاریدەدەری یەکەمی سەرۆك ئۆجەلان بەدەستی رێکخراوی سیخوڕی "ستێرکا سۆرSıtêrka sor" لە چایخانەیەك لەگەڕەکی نووری پازارِ باشی شاری "عەنتاب" لەمیانەی پیلانگێڕییەکدا بەدەستی سیخوڕ "عەلائەددین قاپان" شەهید دەکرێت.

★ لەپایزی (١٩٧٧)دا سەرۆك ئۆجەلان دەست بە نووسینی یەکەم رەشنووسی پرۆگرامی پارتییەکی سیاسی کرد و لەزستان و بەهاری (١٩٧٨) بەسەر تەواوی کادیرانی تەڤگەرەکەدا بڵاودەکرێتەوە، بۆ ئەوەی هەموویان پەروەردەی لەسەر ببینن و تێڕوانینی خۆیانی لەسەر بدەن. ئەو رەشنووسە پاشان دەبێتە پرۆگرامی (PKK).

★لە(٩)ی ئاداری ١٩٧٨ دا لەعەنتاب بەدەستی رزگاریخوازانی گەل (Halkın Kurtuluşu) هەڤاڵ پارێزەر "حەسەن ئایدن" شەهید دەکەوێت.

★لەساڵی (١٩٧٧)وە تا بەرپابوونی کودەتای سەربازی (١٢)ی ئەیلولی (١٩٨٠) چەندین رێکخراوی فاشیستی و چەپی تورکی و رێکخراوی کوردی دژایەتی تەڤگەری ئاپۆچی

(PKK)یان دەكرد و هەندێك لەو ڕێكخراوانە دژایەتی خۆیان گەیاندە ئاستی كوشتن و هێرش و پەلاماردانیش. لەمیانەی ئەو هێرش و پەلاماردانانەدا بەدەیان كادیر و هەواداری تەڤگەری ئاپۆچییان شەهید كرد.

★ لەبەهاری (١٩٧٧)وە تا (١)ی گوڵانی (١٩٧٧) سەرۆك ئاپۆ لە كوردستاندا زنجیرەیەك كۆبوونەوەی بۆ كادیرانی پێشكەوتووی تەڤگەرەكە ئەنجام دا. وەك ئامادەكارییەك بۆ نووسینی ڕەشنووسی بەرنامەی پارتی. ئەم زنجیرە كۆبوونەوەیە بەماراتۆنی جڤینەكان دەناسرێت.

★ لەشەوی(١٩\٢٠)ی گوڵانی (١٩٧٨) لەكاتی كۆبوونەوەیەكی نهێنیدا لەشارۆچكەی حیلوان‌دا هەڤاڵ"خەلیل چاوغون" لەلایەن عەشیرەتی سلێمانان‌ەوە شەهید دەبێت.

★ بۆیە لەهەمان ساڵدا (١٩٧٨)دا لەشارۆچكەی "حیلوان" چالاكییەك لەدژی سەرۆك جاش و سەرۆكی عەشیرەتی سلێمانان ئەنجام دەدرێت. لەو چالاكییەدا سەرۆك عەشیرەتەكە و چەندین جاشی ئەو عەشیرەتە دەكوژرێن، لەئاكامدا "حیلوان" دەكەوێتە دەستی ئاپۆچییەكان، ئەوانیش دەسەڵات بەجەماوەری شارۆچكەكە دەسپێرن و دەسەڵاتی گەل ئاوا دەكەن. برینداەكانیشیان دەبەنە نەخۆشخانەی دیاربەكر، لەوێش لەبەردەم نەخۆشخانەكەدا دیسان هێرشیان دەكرێتەوە سەر و چەندین كەسی دیكەیان بریندار دەبێت ناچار برینداەكانی دیاربەكریش دەبەنە عەنتاب، لەوێش لێیان دەدەنەوە دەكوژرێن...

★ لە (٢٧\١١\١٩٧٨)دا لەگوندی "فیس"ی سەر بە قەزای"لیجە"ی شاری "ئامەد"، بەئامادەبوونی بیستو دوو تا بیستو سێ كەس، كە دوویان كچ بوون، یەكەم كۆنگرەی تەڤگەری ئاپۆچێتی ئەنجام دەدرێت و لەو كۆنگرەیەدا پارتی كرێكارنی كوردستان (PKK) دادەمەزرێت.

★ لە(٣٠\٧\١٩٧٩)دا لەگوندی "قرباشی"ی سەر بە شارۆچكەی "حیلوان"ی سەر بە شاری "ئورفە" چالاكییەك لەبەرامبەر گەورەترین بەكرێگیراو "محەممەد جەلال بوجاك"ی سەرۆكی عەشیرەتی بوجاك لەلایەن ئاپۆچییەكانەوە ئەنجام دەدرێت و لەئاكامدا "محەممەد جەلال" بەبرینداری خۆی ڕزگار دەكات. بەم چالاكییە دامەزراندنی (PKK) ڕادەگەیەندرێت. لەو چالاكییەدا هەڤاڵ "ساڵح كەندال" شەهید دەبێت.

★ لەرێکەوتی نێوان (٢٧ ـ ٢٤)ی کانوونی یەکەمی (١٩٧٨)دا دەوڵەتی تورك بەهاوکاری هێزە فاشیستەکانی ئەوکاتە کۆمەڵکوژییەکی مەزن لەشاری "مەرعەش" ئەنجام دەدات، ئەم کۆمەڵکوژییە وەك کاردانەوەیەك بۆ پەرەسەندنی تەڤگەری ئاپۆچیتی و دامەزراندنی (PKK) و هەنگاوێك بۆ ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازی ئەنجام درا. لەو کۆمەڵکوژییەدا بەسەدان کەس کوژران. هەروەها شانبەشانی ئەو کۆمەڵکوژییەش حوکمی عورفی "رەوشی ئاوارتە"ی لە(١٣) پارێزگا کە(١٠)یان لە باکووری کوردستان بوو راگەیاند.

★ لەساڵی (١٩٧٩)دا لەهەڵبژاردنی شارەوانیدا، لەشارەکانی حیلوان و باتمان لایەنگرانی (PKK) لەهەڵبژاردنەکاندا سەردەکەون. بەڵام دوای (٢) مانگ سەرۆکی هەڵبژێردراوی شارەوانی باتمان "ئەدیب سۆڵماز"لەلایەن دەوڵەتەوە تیرۆر دەکرێت. ئەو ئەزموونەی شارەکانی حیلوان و باتمان بەنموونەیەکی دیموکراتیانەی دەسەڵاتی گەل و کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیانە دادەنرێت.

★ وەك تەدبیر وەرگرتنێك لەبەرامبەر ئەگەری بەرپابوونی کودەتایەکی سەربازی، لەسەرەتای تەمموزی (١٩٧٩)دا بە هاوکاری هەڤاڵی شەهید "ئەدهەم ئەکچان" سەرۆك ئۆجەلان تورکیا و باکووری کوردستان بەجێدێڵێت و بەنهێنی بەرەو باشووری رۆژئاوای کوردستان و سوریا دەڕوات و لەوێ لەماڵی خزمێکی شەهید "ئەدهەم ئەکچان" لە شارۆچکەی کوبانێ بەنهێنی ماوەیەك دەمێنێتەوە.

★ هەر لەهەمان ساڵدا لە دیمەشق رێکخراوە فەلەستینییەکان دەناسێت و پەیوەندییان لەگەڵدا دەبەستێت و توانستی ئەوە دەئافرێنێت تا لە لوبناندا لەکامپی پەروەردەیی فەلەستینییەکاندا کادیرانی (PKK) تێیدا پەروەردەی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و گەریلایی دەبینن. هەر لەکۆتایی هەمان ساڵدا بەدەیان کادیری (PKK) بۆ مەشق و پەروەردە بینین دەربازی کامپی فەلەستینییەکان لە لوبنان دەبن.

★ لە (١٩٨٠\٩\١٢)دا وەك سەرۆك شیمانەی دەکرد؛ کودەتایەکی سەربازی لەتورکیا ئەنجام دەدرێت و بەهەزاران کەسی سڤیل دەکوژرێن و بەدەیان هەزار کەسی دیکەش دەخرێنە زیندانەوە و بڕیاری داخستنی سەرجەم پارتە سیاسییەکان و رێکخراوە مەدەنییەکان و تەواوی رۆژنامە و گۆڤارەکان دەدرێت و هەموویان دادەخرێن و حوکمی جۆنتای

سەربازی دەسەڵاتدار و باڵادەست دەبێت. هەروەها تەواوی تورکیا و باکووری کوردستان کەوتە ژێر حوکمی عورفییەوە. لەو هەڵمەتەدا بەسەدان کادیری (PKK) و هەزاران لایەنگری (PKK) و کەسانی وڵاتپارێزیش دەستگیر دەکرێن. لەئاکامی ئەشکەنجەیەکی هۆڤیگەرانەوە کادیرانی (PKK) لەزیندانی "ئامەد" بەرخۆدانێکی مەزن ئەنجام دەدەن.

★ لە(١٥)ی تەمموزی (١٩٨١)دا یەکەمین کۆنفرانسی (PKK) لە لوبنان ئەنجام دەدرێت و تێیدا بڕیاری گەڕانەوە بۆ وڵات و ئامادەکاری بۆ دەستکردن بەخەباتی پروپاگەندەی چەکداری (الدعاية المسلحة) و دەستکردن بەتێکۆشانی چەکداری دەدرێت.

★ لەرۆژی نەورۆزی (١٩٨٢)دا هەڤاڵ **"مەزلوم دۆغان"** لەژێر دروشمی " **بەرخۆدان ژیانە، تەسلیمییەت مردنە**"دا لەحوجرەی (٩)ی قاتی (٤)ی زیندانی "ئامەد"دا ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات و شەهید دەبێت. بەمەش بەدوایدا زنجیرەیەك چالاکی بەرخۆدانڤانی لەو زیندانە دەست پێدەکات، پاشان ئەو بەرخۆدانڤانییە زیندانەکانی دیکەی باکوور و تورکیاش دەگرێتەوە.

★ لە کاتژمێری نێوان دوو تا سێی شەوی (١٨\١٩)ی مانگی (٥)ی ساڵی (١٩٨٢)دا لەقاوشی (٣٣)ی قاتی (٢)ی زیندانی "ئامەد"دا بۆ بەردەوامکردنی چالاکییە بەرخۆدانییەکەی هەڤاڵ **"مەزلوم دۆغان"** هەڤاڵان **"فەرهاد کورتای، مەحمود زەنگین، ئەشرەف ئانیك، ئەجمی ئۆنەر"** بەدروشمی **"بەرخۆدان ژیانە، تەسلیمییەت مردنە"** هەر چواریان بەیەکەوە گڕ لەجەستەی خۆیان بەردەدەن و شەهید دەبن. ئەم چالاکییە بە**"چالاکی شەوی چوار ڤارەمانەکە"** بەناوبانگە.

★ لە (١٤\٧\١٩٨٢)دا هەڤاڵان" **محەممەد خەیری دوورموش، کەمال پیر، عاکیف یڵماز، عەلی چیچەك"** دەستیان بەمانگرتن لەخواردن کرد و پاش (٥٥ـ ٦٥)رۆژ لە مانگرتن هەر چواریان دەبردرێنە نەخۆشخانەی سەربازی "دیاربەکر" و هەموویان لەوێ شەهید بوون. کەمال پیر لە حوجرەی (١)ی قاتی(٤)دابوو، لەرۆژی (٧\٩\١٩٨٢)دا شەهید بوو. هەڤاڵ **"محەممەد خەیری دوورموش"** لەحوجرەی (٣)ی قاتی (٤)دابوو، لەرۆژی (١٢\٩\١٩٨٢)دا شەهید بوو. هەڤاڵ **"عاکف یڵماز"** لەقاتی (٢)دابوو، لەرۆژی (١٥\٩\١٩٨٢)دا شەهید بوو. هەڤاڵ **"عەلی چیچەك"** لەرۆژی (١٧\٩\١٩٨٢)دا شەهید بوو.

★ لەساڵی (١٩٨٢)دا لەبەرامبەر هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر باشووری لوبنان و کەمپی فەلەستینییەکاندا (PKK) بڕیاری پشتیوانیکردنی گەلی فەلستین و لوبنان دەدات و لە شارەکانی بەیروت، حەسبایا، ئەلدامور، سەیدا سور.. بەگشتی و لە قەلای شەقیف و قەلای سەلاحەددینی ئەیوبی بەتایبەتی بەرخۆدانێکی مەزن لەبەرامبەر سوپای ئیسرائیلییەکان دەکەن. ئەو بەرخۆدانە کاریگەرییەکی مەزن لەسەر پەیوەندی کورد ـ عەرەب دەکات.

★ لە (٢٠)ی ئابی (١٩٨٢)دا لە لوبناندا دووەمین کۆنگرەی (PKK) ئەنجام دەدرێت و بڕیاری گەڕانەوە بۆ وڵات و دەستکردن بە تێکۆشانی چەکداری دەدرێت. بەمەش بەشێوەیەکی پراکتیکی گەڕانەوە بۆ وڵات دەست پێدەکرێت و ئیتر هەڤاڵان گروپ گروپ بۆ وڵات دەگەڕێنەوە.

★ لە (٢\٥\١٩٨٣)دا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (PKK) هەڤاڵ "محەمەد قەرەسوونگور" و هەڤاڵ "ئیبراهیم بیلگین" لەشەڕی ناوخۆی نێوان (ی ن ك) و حزبی شیوعی ئێراق کە بەشەڕی قرناقا و پشتئاشان دەناسرێت شەهید دەکرێن. ئەو دوو هەڤاڵە لەگەڵ دوو هەڤاڵی دیکەیان بەمەبەستی ڕاوەستانی شەڕی براکوژی ئەوکاتەی نێوان هێزەکانی باشوور و فەراهەمکردنی ئاشتی و تەبایی نێوان لایەنەکان سەردانی بارەگای ئەو پارت و لایەنانەیان دەکرد. لەو هەوڵەیان دابوون کە شەهید دەکرێن.

★ لەساڵانی (١٩٨٣ـ ١٩٨٤)دا چەندین گروپ و یەکینەی گەریلایی بەرەو وڵات دەگەڕێنەوە و لەسەر سنووری نێوان باکوور ـ باشووری کوردستان (تورکیا ـ ئێراق) جێگیردەبن و دەست بە پروپاگەندەی چەکداری دەکەن و ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتێکی چەکداری لەباکووری کوردستان دەکەن.

★ لە (١٥)ی ئابی (١٩٨٤)دا دوای ئامادەکارییەکی چڕوپڕ بە فەرماندەیی و سەرپەرشتی هەڤاڵ عەگید (مەعسوم قۆرقماز) لە شارۆچکەکانی" ئەروە ـ شەمزینان" هەڵمەتی چەکداری دەستپێدەکات و یەکەم فیشەك دەتەقێنرێت. بەمەش تێکۆشانی چەکداری (PKK) دەستپێدەکات و قەڵەمبازێکی مێژوویی لەمێژووی تێکۆشانی (PKK) و گەلی کورد دەهاوێشترێت. هەروەها لەگەڵ ئەو هەڵمەتەدا هێزی ڕزگاری کوردستان (HRK) ڕادەگەیەنرێت.

* لەرۆژی نەورۆزی (١٩٨٥)دا بەرەی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان (ئەنیا رزگاریا نەتەوا کوردستان ERNK) رادەگەیەندرێت. ئەم بەرەیە بریتی بوو لە رێکخستنە جەماوەری و دیموکراتییەکانی گەلی کوردستان.

* لە(١٩٨٦\٢\٢٨)دا بەپیلانێکی هاوبەشی دەزگا ئیستخباراتییەکانی (CIA)ی ئەمریکی و (MİT)ی تورکی و (SAPO)ی سوێدی. "ئۆلف پالمە"ی سەرۆك وەزیرانی سوێد تیرۆر کرا، پالمە کەسایەتییەکی ئەنتەرناسیۆنال و سۆسیال ـ دیموکرات بوو و سەرۆکی پارتی سۆسیال ـ دیموکراتی سوێد بوو، دۆستێکی دڵسۆزی گەلی کورد و (PKK) بوو. بەئامانجی ناوزڕاندنی (PKK) لە ئەوروپا، ئەو تاوانەیان دایە پاڵ (PKK). بەڵام پاش ماوەیەك لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونێکی زۆر، تاوانی تیرۆرکردنی ناوبراو ئاشکرا بوو و زانرا کە (CIA) و (MİT) و (SAPO) تیرۆریان کردووە.

* لە (١٩٨٦\٣\٢٨)دا هەڤاڵ عەگید (مەعسوم قۆرقماز) فەرماندار ی هەڵمەتی (١٥)ی ئاب و (HRK) لەمیانەی شەڕ و پێکدادانێکدا لەچیای گلیار شەهید دەبێت. شەهیدبوونی کاریگەرییەکی مەزن لەسەر ئاراستەی تێکۆشانی چەکداری دەکات.

* لە(١٩٨٦\١٠\٢٥)دا کۆنگرەی سێیەمی (PKK) لە ئەکادیمیای مەعسوم قۆرقماز لە دۆڵی بیقاع لە لوبنان بەسترا. لەو کۆنگرەیەدا سەرۆك ئۆجەلان شیکردنەوەیەکی پڕ گرنگ سەبارەت بە تاك، کۆمەڵگا، سۆسیالیزم، سۆسیالیزمی بنیادنراو و بەسوپابوونی گەریلا و پارتیبوون دەکات. هەر لەم کۆنگرەیەدا بڕیاری ئاواکردنی "ئارتەشی رزگاریخوازی گەلی کوردستان ARGK "درا.

* لە (١٩٨٨\١٢\٥) حکومەتی ئەڵمانیا هەڤاڵان "دوران کالکان و عەلی حەیدەر قەیتان " و چەند ئەندامێکی دیکەی (PKK)ی گرت و خستنییە زیندانەوە. ئەڵمانیا دەیویست لەکەسایەتی ئەو سەرکردانەدا، تێکۆشانی (PKK) و خەباتی ئازادیخوازی گەلی کوردستان بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە، ئەگەرنا مارژیناڵ یان تەسفیەی بکەن. بەڵام بەرگریکردنی رەوایانە و یاساییانەی ئەو سەرکردانەی (PKK) لە دادگایی دۆسلدۆرفدا وایکرد کە ئاراستەی دادگاییەکە بە بەرژەوەندی حکومەتی ئەڵمانیا بەرێوە نەچوو، ناچار ئازادکران.

* لەگولانی (١٩٩٠)دا كۆنفرانسی نەتەوەیی دووەمی (PKK) بەسترا. رۆژەڤی گشتی كۆنفرانسەكە هەڵسەنگاندنی پراكتیكی دوای سێیەمین كۆنگرە بوو، كە لەو پراكتیكەدا چەمكی چەتەگەرێتی مۆركی خۆی لێدا بوو. بۆیە لەو كۆنفرانسە چەتەگەرێتی مەحكوم كرا و بڕیاری خەبات لەدژی چەتەگەرێتی درا.

* لەرۆژی نەورۆزی (١٩٩٠)دا كچە خوێندكاری كۆلێژی پزیشكی زانكۆی دیجلە "زەكیە ئالكان" لەسەر قەلاكەی شاری ئامەد گڕی لەجەستەی خۆی بەردا و بەگیانی خۆی نەورۆزی پیرۆز كرد.

* لەنەورۆزی (١٩٩٠) تا ساڵی (١٩٩٢)دا لە زۆربەی شار و شارۆچكەكانی باكووری كوردستاندا سەرهەڵدانی گەل بەرپا بوو. تێكۆشان گەیشتە ئاستێكی گەلەری و گەل و گەریلا بوونە یەك. سەرەتا هەڤاڵ زانا (كامەران دوندار) لە (١٩٩٠\٣\١٠) لە ماردین شەهید دەبێت و سەرهەڵدان لە شارۆچكەی نسێبین دەستپێدەكات. هەروەها هەر لەو سەرهەڵدانانەدا لە"جزیرە" و "بۆتان" یش سەرهەڵدان بەرفراوان دەبێت و لەنێو سەرهەڵدانەكەدا هەڤاڵ بێریڤان (بنەوش ئاگال) لەساڵی (١٩٩٢) لە "جزیرە" شەهید دەبێت.

* لەپایزی (١٩٩٠)دا كۆنگرەی چوارەمی (PKK) لە كوردستان بەسترا. كە نوێنەری هەر چوار پارچەی وڵات و كوردەكانی دەرەوەی وڵات تێیدا بەشدار بوون، ئەم كۆنگرەیە بە كۆنگرەی نەتەوەیی ناسێنرا. لەم كۆنگرەیەدا، بڕیاری مەزنكردنی سوپای گەریلا و فراوانكردنی شەڕ و پێشخستنی سەرهەڵدانی گەل لەباكووری كوردستان درا. هەروەها بڕیار درا كە ئەنجوومەن (مەجلیس)ی نەتەوەیی دابمەزرێت.

* لە ساڵی (١٩٩١)دا بۆیەكەمین جار كۆنفرانسێكی تایبەت بە گیراوەكانی زیندانەكانی توركیا و باكووری كوردستان لە ئەكادیمای مەعسوم قۆرقماز لە "دۆڵی بیقاع"ی لوبنان دا سازدرا.

* لەساڵی (١٩٩١)دا پارتی ئازادی كوردستان (PAK) لەلایەن هەڤاڵان و كادیرانی خەڵكی باشوور كە تا ئەو كاتە لەنێو (PKK)دا لەتێكۆشان دابوون دامەزرا.

* لە (١٩٩٢\٧\١٠) ویداد ئایدن سەرۆكی لقی دیاربەكری (DEP) شەهید دەكرێت و لەئاكامدا سەرهەڵدانێكی مەزن بەرپا دەبێت.

* لە نەورۆزی (١٩٩٢)دا هەڤاڵ رەهشان دیمیرال لە شاری ئەزمیر، لەسەر قەڵای قەدیفە گڕی لەجەستەی خۆی بەردا و جەژنی نەورۆزی پیرۆز کرد.

* لە (١٩٩٢)دا کۆنفرانسی نەتەوەیی سێیەمی (PKK) بەسترا.

* لە (١٩٩٢/١٠/٤)دا تورکیا و (پ د ك) و (ی ن ك) و بەپشتیوانی سیاسی و راگەیاندنی ئەمریکا و زۆربەی پارتە کوردییەکانی، ئەوکاتە، هێرش کرایە سەر (PKK) و شەڕ هەرێمەکانی حەفتانین، خواکورك و چوقورجەی گرتەوە.

* لەهەمان شەڕدا و بۆ ئەوەی خۆی تەسلیمی دووژمنان نەکات هەڤاڵ بێریتان (گوڵناز قەرەتاش) لەخواکورك لە (١٩٩٢/١٠/٢٥)دا دوای ئەوەی فیشەك و تەقەمەنی پێ نامێنێت تفەنگەکەی خۆی دەشکێنێت و خۆی لەسەر لوتکەی چیادا دەهاوێژێت و شەهید دەبێت.

* لەرۆژی (٨)ی مایسی (١٩٩٣)دا یەکەم ژمارە(ژمارە سفر)ی رۆژنامەی وڵات لە شاری هەولێر دەرچوو، وڵات خاوەن بیرێکی نەتەوەیی دیموکراتی بوو و وەك رۆژنامەیەکی سەربەخۆ و نەتەوەیی و دیموکراتی رۆڵێکی گرنگی لەهوشیاری نەتەوەیی و دیموکراتی لەباشووری کوردستاندا بینی و بووە قوتابخانەیەکی گرنگی پێگەیاندنی رۆژنامەوانی. دەرچوونی ئەو رۆژنامەیە بەچەندین قۆناخی جیاجیا تێپەڕی و چەندین جار قەدەخەکرا و بەنهێنی لەهەولێر، سلێمانی و شاخ دەردەچوو. خاوەنی زیاتر لە (١٠) رۆژنامەوانی شەهیدە و تا ساڵی (٢٠٠٢) لەدەرچوون بەردەوام بوو.

* لە (١٩٩٣/٣/١٧)دا (PKK) یەکلایەنە ئاگربەستی راگەیاند. لە (١٧\٤\١٩٩٣) بێوادە درێژکرایەوە. بەڵام ئەو ئاگربەستە بێ وەڵام دەمێنێتەوە و شەڕ و پێکدادان دەستپێدەکاتەوە. لە (٢٠\٥\١٩٩٣) کۆتایی پێهات.

* لەرۆژی نەورۆزی (١٩٩٤)دا بۆ پرۆتستۆکردنی سیاسەتی دژە دیموکراتیانەی حکومەتی ئەڵمانیا بەرامبەر بە تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد لە ئەڵمانیا؛ هەردوو کچە کورد "رووناهی و بێریڤان" ئاگریان لەجەستەی خۆیان بەردەدەن و شەهید دەبن.

* لە (١٩٩٤)دا (PKK) لە شاری ژنێف، پەیمانی نێودەوڵەتی بەناوی پەیمانی ماف مرۆڤی ئیمزا کرد، پاش ئیمزاکردنی ئەو پەیمانە (PKK) لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەکو لایەنێکی شەڕ ناسرا.

★ لە (کۆتایی کانونی دووەمی (١٩٩٤) تا سەرەتای شوباتی (١٩٩٥) کۆنگرەی پێنجەمی (PKK) لە کوردستان بەسترا. لەم کۆنگرەیەدا بڕیاری نەهێشتنی تەسفیەگەریتی و چەتەگەریتی درا، هەروەها بڕیار و پێداگری لەسەر پێشخستنی پارتیبوون درا...

★ لەبەهاری (١٩٩٥)دا سوپای تورکیا بەهاوکاری (پ د ك) ئۆپەراسیۆنێکی مەزنی بەناوی ئۆپەراسیۆنی پۆڵایین (ÇELİK OPERASYONU) بەئامانجی لەناویردنی (PKK) ئەنجام دا. بەڵام وەك هەموو ئۆپەراسیۆنەکانی دیکە بەو ئامانجەی خۆی نەگەیشت و زەبرێکی مەزنی خوارد.

★ لەنەورۆزی (١٩٩٥)دا لەمیانەی کۆنفرانسێکدا؛ یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان (YNDK) دامەزرا، لەو کۆنفرانسەدا شەهید دسەروان بەسکرتێری گشتی هەڵبژێردا، زۆری نەبرد لەلایەن (پ د ك) و (ی ن ك)وە هەوڵی مارژینالکردن و پارچەکردنی درا و هەر یەکێکیان لەلای خۆیەوە (YNDK)یەکی ساختە و گرێدراوی خۆیان دروستکرد. لەساڵی (١٩٩٩)وە (YNDK)وەك رێکخستن هەڵوەشایەوە.

★ لە(١٩٩٥/٣/٣١)دا یەکەم کەناڵی ئاسمانی کوردان (MED -TV) لەئەوروپا کرایەوە و دەستی بە پەخشی فەرمی خۆی کرد و بووە هێزێکی مەعنەوی مەزن و هەڵمەبازێکی مێژوویی لە بواری راگەیاندنی کوردیدا.

★ لە (١٩٩٥/٤/٢١) پەرلەمانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات (PKDW) دامەزرا. ئەو پەرلەمانە وەك سەکۆیەکی سیاسی و دیپلۆماسی گەلی کورد رۆڵێکی گرنگی بینی لەناساندنی دۆزی رەوای گەلی کوردستان لەئاستی ئەوروپادا. ئەو پەرلەمانە لەنوێنەری زۆر پارت و رێکخراوی سیاسی و مەدەنی و کەسایەتی سەربەخۆی هەر چوار پارچەی کوردستان و هەندەران پێکهاتبوو و تا ساڵی (١٩٩٩) خەباتی خۆی بەردەوام کرد و پاشان لەچوارچێوەی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (KNK)دا درێژەی بەخەباتی سیاسی و دیپلۆماسی خۆی دا.

★ لە (١٩٩٥/٨/٢٦)دا شەڕ لەنێوان (PKK) و (پ د ك) هەڵگیرسا و تا کۆتایی ئەو ساڵە بەردەوام بوو. پاشان (PKK) ئاگربەستی راگەیاند و (پ د ك)ش ئەو ئاگربەستەی پەسندکرد و تا مانگی گوڵانی (١٩٩٧)بەردەوام بوو. لەمیانەی بەشداریکردنی (پ د ك) لە ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا لە(١٩٩٧\٥\١٤) دیسان شەڕ و پێکدادان دەستیپێکردەوە.

★ لەئایاری (١٩٩٦)دا کۆنفرانسی چوارەمی (PKK) بەسترا.

★ لە (٢٤\١٢\١٩٩٥) جارێکی دیکە ئاگربەستی یەکلایەنەی لەبەرامبەر تورکیا و (پ د ك)ی ڕاگەیاند. بەڵام دیسان ئەو ئاگربەستەش بێ وەڵام مایەوە.

★ لە (٦)ی ئایاری (١٩٩٦)دا لەمیانەی پیلانگێڕییەکی هەمەلایەنەدا! لە شام ترومبێلێکی بۆمبڕێژکراو لەنزیك شوێنی مانەوەی سەرۆك ئاپۆ تەقێندرایەوە. لەم پیلانگێڕییەدا ئیستخباراتی چەندین دەوڵەت هەندێك هێزی کوردانیش تێیدا بەشدار بوون. بەڵام پیلانەکە سەرناکەوێت.

★لە(١٩٩٦/٦/٣٠) کچە گەریلای (ARGK) هەڤاڵ زیلان (زەینەب کناجی) لە شاری دێرسیم لەبەرامبەر پیلانگێڕییەکەی (٦)ی ئایاردا لەنێو ژمارەیەك ئەفسەر و سەربازی داگیرکەری تورك چالاکییەکی گیانبازی ئەنجام دا و خۆی تەقاندەوە و بەدەمیان سەرباز و ئەفسەری تورکی کوشت.

★ لە(١٩٩٦/١٠/٤)دا دکتۆر سیروان، سکرتێری گشتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان "YNDK". لەنزیك گوندی"قەڵاچووغەی سەی کەریم"ی سەر بەناوچەی"ئاغجەلەر" بەدەستی چەکدارانی (پ د ك) لەگەڵ هەڤاڵان"حاجی قامشلۆیی، عەگید گەرمیانی، بابان، دیلان ماردینی دا شەهید کران.

★ لە(١٩٩٦/١٠/٢٥)دا لە شاری ئامەد هەڤاڵ ڕەوشەن (لەیلا کاپلان) بە چالاکییەکی گیانبازی ڕووبەڕووی دووژمن بۆوە.

★ لە(١٩٩٦/١٠/٢٩)دا لە شاری سیواس هەڤاڵ بەرماڵ (گولەر ئاتاچ) بە چالاکییەکی گیانبازی ڕووبەڕووی دووژمن بۆوە.

★ لە(١٩٩٧/٥/١٤)دا بەپاڵپشتی (پ د ك) سوپای تورك ئۆپەراسیۆنێکی مەزنی دژی (PKK) و باشووری کوردستان ئەنجام دا.

★ لە(١٩٩٧/٥/١٦)دا چەکدارانی (پ د ك) لە شاری هەولێر پەلاماری بنکە و بارەگاکانی "YNDK" و نووسینگەی ڕۆژنامەی وڵات و نەخۆشخانەی مانگی سووری کوردستان و نوێنەرایەتی باشووری (PKK) و مەڵبەندی ڕۆشنبیری مێزۆپۆتامیا و نووسینگەی "MEDTV"یان دا و لەئاکامدا کۆمەڵکوژییەکی مەزن ئەنجام درا و بە دەمیان شۆڕشگێڕ و بریندارى شەڕ و نەخۆش و نووسەر و ڕۆشنبیر و وڵاتپارێز شەهید و شونبزر کران.

* لەسەرەتای حوزەیرانی (١٩٩٧)دا لە هەرێمی زاب بە دەستی گەریلاکانی "ARGK" کۆپتەرێکی سوپای داگیرکەری تورك بەردرایەوە کە چەندین گەورە ئەفسەری بەڕێوەبەری ئۆپەراسیۆنەکەی تێدا کوژران و لەناوچوون. پاشان دەوڵەتی تورك پاشەکشێی خۆی لە ئۆپەراسیۆنەکە راگەیاند.

* لە(٢٠)ی ئەیلولی (١٩٩٧)دا جارێکی دیکە داگیرکەری تورك پەلاماری باشووری کوردستانی دایەوە و دیسان شکستی هێنا.

* لە (١\٩\١٩٩٨)دا بەبۆنەی رۆژی ئاشتی جیهانییەوە و لەپێناو زەمینە خۆشکردن بۆ دیالۆگ و چارەسەرکردنی کێشەی کورد (PKK) ئاگربەستێکی یەکلایەنەی راگەیاند. بەڵام ئەو بانگەوازییەی ئاشتیش وەك بانگەوازەکانی دیکە بەپیلانگێڕی وەڵام درایەوە.

* لە (١٧\٩\١٩٩٨)دا بەسەرپەرشتی و هاوکاری ئەمریکا و تورکیا ڕێککەوتنی واشنتۆن لەنێوان (ی ن ك) و (پ د ك) ئەنجام درا، لەم ڕێککەوتنەدا پیلاننامەی تەسفیەکردنی ڕێبەر ئۆجەلان و (PKK) درا، کە پاشان ئەو ڕێککەوتنە بەشێوەیەکی کرداری لەرێککەوتی (٩\١٠\١٩٩٨) دەستپێکرد و بەتۆمەتی داڵدەدانی ڕێبەر ئۆجەلان هەڕەشە لەسوریا دەکرێت. ڕێبەر ئۆجەلان لە خۆرهەڵاتی ناوینەوە (سوریا) بەرەو ئەوروپا (یۆنان) چوو.

* لە (١٩٩٨)دا سەما یوجە لە زیندانی ساغمالجیلەر (لە ئەستەنبۆل) دژی مەیلە خیانەتکارییەکان و هێرش و شاڵاوەکانی رژێمی تورکیا ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات و پرۆتستۆی خیانەت و داگیرکاری دەکات.

* لە (٩\١٠\١٩٩٨)دا ڕێبەر ئۆجەلان سوریا بەجێدێڵێت و بەرەو یۆنانستان بەڕێدەکەوێت. بەڵام هەر لە فرۆکەخانەوە ئەوانەی بانگهێشتیان کردووە پێشوازی لێناکەن و خاوەنداری لە بانگهێشتنامەکەی خۆیان ناکەن. بۆیە ڕێبەر ئۆجەلان بەرەو روسیا بەڕێدەکەوێت. دوای ماوەیەك حکومەتی روسیاش پەسندناکات ڕێبەر ئۆجەلان لەوێ بمێنێتەوە، بۆیە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە یۆنانستان. بەڵام دیسان رێگەی مانەوەی پێنادەن. بۆیە ڕەوانەی سەفارەتی یۆنانستان لە "کینیا" دەکرێت. ئیدی دوای مانەوەی چەند رۆژێك لەو سەفارەتە لەفرۆکەخانەی ئەو وڵاتە دەرفێندرێت و بەدەستگیرکراوی تەسلیمی تورکیا دەکرێتەوە.

⋆ لە (١٥\٢\١٩٩٩)دا رێبەر ئۆجەلان بەپیلانگێرییەکی نێودەوڵەتی لە وڵاتی "کینیا"وە دەرفێندرێت و دەستگیر دەکرێت و تەسلیمی تورکیا دەکرێتەوە. لەو کاتەوە تاکو ئێستا لەزیندانی ئیمرالی لەنێو رەوشێکی پڕ دژواردا لەژوورێکی تاکەکەسییدا زیندانیکراوە.

⋆ لەکاتی دەستپێکردنی پیلانگێریی نێودەوڵەتی و دەرچوونی رێبەر ئۆجەلان لە سوریاوە بۆ ئەوروپا و پاشان دەستگیرکردنی و تەسلیمکردنەوەی بە تورکیا زیاتر لە (٨٥) کەس لە کادیران و دۆست و هەواداران لەهەر چوارپارچەی کوردستان و دەرەوەی وڵات، چ بەچالاکی فیدایی دژی هێزەکانی دووژمن یان بە ئاگر لەخۆبەردان چالاکی گیانبازیان ئەنجام دا و ئەو پیلانگێرییەیان مەحکوم و پرۆتستۆ کرد. ئەگەر بانگەوازی چەندین جارەی رێبەر ئۆجەلان بۆ دەستبەردان لەو جۆرە چالاکییە نەبووایە، ئەوا ئەو شێوە چالاکییانە زیاتر بەربلاو و فراوان دەبوو...

⋆ لە شوباتی (١٩٩٩)دا شەشەمین کۆنگرەی (PKK) سازدرا، لەئانوساتی بەستنی کۆنگرەکەدا هەواڵی رفاندن و دەستگیرکردنی رێبەر ئۆجەلان بەپیلانگێرییەکی نێودەوڵەتی دەبیسترێت... ئیدی کۆنگرە دەستبەرداری رۆژەڤەکانی خۆی دەبێت و بڕیاری بەرزکردنەوەی شەڕ و بەرخۆدانی نەتەوەیی دەدرێت...

⋆ لەساڵی (١٩٩٩)دا بڕیاری کشاندنەوەی سەرجەم هێزەکانی گەریلا لە تورکیا و باکووری کوردستانەوە بۆ سەر سنووری باشوور دەدرێت، لەپێناو دروستکردنی زەمینەی دیالۆگ و ئاشتی و چارەسەری.

⋆ لە (١٩٩٩)دا دوو گروپی ئاشتی بەمەبەستی نیشاندانی نیازپاکی و داخوازی دیالۆگ و ئاشتی بەرەو تورکیا بەرێدەکەون. ئەم دوو گروپە یەکێکیان لەناو هێزەکانی گەریلا و ئەوەی تریشیان لە ئەوروپاوە هەڵگری نامە و پەیامی ئاشتی و نیازپاکی بوون و ئەو نامەیە ئاراستەی سەرۆك کۆمار و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك وەزیران و سەرۆك ئەرکانی گشتی کرابوون. بەڵام هەر لەگەڵ گەیشتنی هەردوو گروپەکە دەستگیر کران و هیچ وەڵامێکی ئەو نامانەیان نەدایەوە.

⋆ لە زستانی ساڵی (٢٠٠٠)دا حەوتەمین کۆنگرەی (PKK) بەشێوەیەکی ئاوارتە ساز دەدرێت. لەو کۆنگرەیەدا بڕیار لەسەر گۆڕانی ستراتیژی (PKK) دەدرێت.

★ لەئەیلولی (٢٠٠٠)دا (ی ن ك) دوای داخستنی هەموو بارەگاكانی وەك" رۆژنامەی وڵات، مەڵبەندی رۆشنبیری میزۆپۆتامیا، یەكێتی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستان، بیرۆی پەیوەندییەكانی (PKK) و....هتد، پەلاماری كەمپی پەروەردەیی قەرەداخی دا و پاشان هێرش و شاڵاوەكانی خۆی بۆ سەر قەندیل دەستپێكرد و شەڕ و پێكدادان پەرەی سەند...

★ لەساڵی (٢٠٠١)دا شەشەمین كۆنفرانسی (PKK) سازدرا.

★ لە هاوینی (٢٠٠١) یەكەمین كۆنفرانسی هێزی پاراستنی گەل (HPG) سازدەدرێت. بڕیاری هەرە گرنگ كردنەوەی ئەكادیمیای ئەفسەری عەسكەری بكرێتەوە.

★ لە ساڵی (٢٠٠٢)دا هەشتەمین كۆنگرەی (PKK) سازدەدرێت. لەم كۆنگرەیەدا ناوی (PKK) دەگۆڕدرێت و دەبێتە كۆنگرەی ئازادی و دیموكراتی كوردستان (KADEK).

★ لەكۆتایی ساڵی (٢٠٠٣)دا دووەمین كۆنگرەی (KADEK) سازدەدرێت. لەم كۆنگرەیەدا (KADEK) خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە و كۆنگرەی گەلی كوردستان (KONGRA GEL) دادەمەزرێت. لەهەمانكاتدا ئەو كۆنگرەیە دەبێتە یەكەمین كۆنگرەی "كۆنگرەی گەل"یش. بەڵام بەهۆی مەیل و جموجۆڵە تەسفییەگەرایییەكانەوە سیستەمی كۆنگرەی گەل بەشێوەیەكی راست جێگیر نابێت و لەگەڵ خۆیدا پەرشوبڵاوی دێنێت.

★ لە (١٥)ی (٢٠٠٣)دا هەڤاڵ ئەردال (ئەنگین سینجەر) فەرماندەی (HPG) بەرووداوێك شەهید بوو.

★ لە (٢٠٠٤)دا دووەمین كۆبوونەوە (كۆنگرە)ی جڤاتی گشتی كۆنگرەی گەل سازدەدرێت. لەو كۆنگرەیەدا مەیل و جموجۆڵە تەسفیەگەرییەكان زیاتر ئاشكرا و مەحكوم دەكرێت.

★ لە (١\٦\٢٠٠٤)دا لەسەر بنەمای ماف بەرگری لەخۆكردندا؛ هەڵمەتێكی بەرفراوانی بەرگری لەخۆكردن ئەنجام دەدرێت. لەمیانەی ئەو هەڵمەتەدا تەڤگەر خۆی كۆدەكاتەوە و هێرش و پیلانگێڕییەكان بێكاریگەر دەكات و جارێكی دیكە توانستی هەنگاو هاوێشتن بەرەو پێشەوە دەئافرێنێت.

★ لە (١٢\٣\٢٠٠٤) لەمیانەی پیلانگێڕییەكدا و بەئامانجی شكاندنی ئیرادەی گەلی كورد لەرۆژئاوای كوردستاندا هێزەكانی رژێمی سوریا كۆمەڵكوژییەكیان لە قامیشلۆ ئەنجام دا،

ئەو كۆمەڵكوژییە لەگەڵ خۆیدا سەرهەڵدان هەموو ڕۆژئاوای كوردستانی گرتەوە و هاوسۆزی و پشتیوانی نەتەوەیی لەتەواوی كوردستان پتەوتركرد.

★ لە(١٥ ـ ٢٢)ی گوڵانی (٢٠٠٥)دا سێیەمین كۆبوونەوەی جڤاتی گشتی كۆنگرەی گەل سازدەدرێت.

★ لە (٢٩\١١\٢٠٠٤)دا هەڤاڵان "شیلان كوبانێ، جەمیل، زەكەریا، فوئاد، جوان" لەمیانەی پیلانگێڕییەكدا لە دەوروبەری شاری موسڵ شەهید دەكرێن. ئەو هەڤاڵانە لە بەڕێوەبەرایەتی پارتی یەكێتی دیموكراتی (PYD)دا بوون.

★ لە نەورۆزی (٢٠٠٥)دا ڕێبەر ئۆجەلان لەرێگەی پارێزەرەكانییەوە سیستەمی كۆما كۆمەڵێن كوردستان (KKK) ڕادەگەیەنێت و گەلیش لەمیانەی پیرۆزباییەكانی جەژنی نەورۆزی هەمان ساڵدا وەك ریفراندۆمێكی جەماوەری و گەلەری ئەو سیستەمە پەسند دەكات و بە هەڵكردنی ئەو ئالایەی ڕێبەر ئۆجەلان بۆ (KKK) وەسفی كردبوو خەڵك دروستیان كرد و لەئاهەنگەكانی پیرۆزباییدا بەرزیان كردەوە. لەو كاتەوە (KKK) كە پاشان ناوی گۆڕدرا و بووە كۆما جڤاكێن كوردستان (KCK) یەكەمین سیستەمی گەلە لەمێژوودا كە لەدەرەوەی پێكهاتەی دەوڵەتگەراییەوە دادەمەزرێت و بەڕێوە دەچێت.

★ لەشەوی (٢\١١)ی شوباتی (٢٠٠٦)دا هەڤاڵ ڤیان ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری (PKKی ٠٠ێ) و فەرماندار‌ی هێزی پاراستنی گەل (HPG) و یەژا ستار (YJA STAR) وچەی حەفتانیندا بۆ پرۆتستۆكردنی پیلانگێڕی (١٥)ی شوباتی (١٩٩٩) و گۆشەگیركردنی ڕێبەر ئۆجەلان لەزیندانی ئیمرالی و لەبەرامبەر ئەو زوڵم و چەوسانەوەیەی لە گەلی كورد و ژنانی كورد دەكرێت بەچالاكییەكی گیانبازی ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و شەهیدبوو. شەهید ڤیان لەدوای خۆیدا نامەیەكی (٢٤) لاپەرەیی بەجێهێشتووە، لەو نامەیەدا بەقووڵی باس لە هۆكاری ئەنجامدانی ئەو چالاكییەی خۆی دەكات.

★ لە ئاداری (٢٠٠٦)دا كچە یۆنانی ئەلەفتەریا فۆرتاكی لە یۆنانستانەوە دژ بەسیاسەتی گۆشەگیری لەسەر سەرۆك ئۆجەلان و كوشتوبڕكردنی گەلی كورد چالاكییەكی گیانبازی ئەنجام دا و ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا.

★ لە (٢٠٠٦) چوارەمین كۆبوونەوەی جڤاتی گشتی كۆنگرەی گەل سازدرا.

★ لە (١\١٢\٢٠٠٧)دا پارێزەرانی **رێبەر ئۆجەلان** لە ئەوروپادا لەمیانەی کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا رایانگەیاند کە **رێبەر ئۆجەلان** لە زیندانی ئیمرالیدا بە ماددەی سترانسیۆم و کرۆم ژەهرخوارد کراوە. بەمەش بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بەو پلانگێڕییەی ژەهرخواردنە گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و دەرەوەی وڵات بەچەندین شێوە دەستیان بە چالاکی پرۆتستۆیی کرد.

★ هەر داوی ئەو کۆنفرانسە رۆژنامەوانییەدا بە بەشداری (٦٨) کەس، (١٨)یان هەمیشەیی و (٥٠)یان بەنۆرە لەبەردەم بینایەی **دادگای ماڤ مرۆڤی ئەوروپا** لە **ستراسبۆرگ** دەستیان بە مانگرتنی بێکۆتایی کرد، بەمەبەستی شەرمەزارکردنی پیلانی ژەهرخواردکردنی **رێبەر ئۆجەلان** و فشارخستنە سەر رێکخراوی دژ بە ئەشکەنجە (CPT) بۆ ئەوەی دەستەیەك پزیشکی سەربەخۆ سەردانی ئیمرالی بکات و بەزووترین کات پشکنینی پزیشکی ئەنجام بدرێت و چارەسەر بکرێت و لە زیندانی ئیمرالی دەربخرێت. ئەو چالاکییە (٣٩)ی خایاند. ئەو رێکخراوە لەژێر فشاری ئەو چالاکییانەدا سەردانی ئیمرالی کرد، بەڵام تا ئێستا ئەنجامی پشکنینەکەی ئاشکرا نەکردووە!!.

★ لە (١\١٠\٢٠٠٧)دا لەچوارچێوەی تێکۆشان بۆ راوەستاندنی زوڵم و تیرۆری دەوڵەتی تورکیا و داگیرکەرانی دیکەی کوردستان و زەمینە خۆشکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد و ئازادی رێبەر ئۆجەلاندا، هەڵمەتی" **ئیتر بەسە**" بەچەندین شێوە و جۆری چالاکی نواندن دەستپێکردووە و تا ئێستا بەردەوامە....

★ لە (٢٠\١١\٢٠٠٧)دا کۆنسەی بەرێوەبەرایەتی **کۆما جڤاکێن کوردستان** (KCK) و دیوانی سەرۆکایەتی **کۆنگرەی گەل** پرۆژەیەکی چارەسەری بەناوی "**جارنامەی چارەسەری دیموکراتیانە**"ی لە حەوت خاڵدا پێشکەش کرد، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد. بەڵام ئەم پرۆژەیە بە پیلانگێڕی و ئۆپەراسیۆنی بەرفراوانی سەربازی وەڵام درایەوە.

★ رۆژی (٣ \١١ \٢٠٠٨) حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چەندین جار و لەدەرەوەی یاسا بارەگای "هەولێر" و "سلێمانی"ی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان (PÇDK)ی داخستەوە.

* رۆژی (٥ ـ ١١ـ ٢٠٠٨) حكومەتی هەرێمی كوردستان ئابلۆقەی ئابووری و راگەیاندنی لەسەر بناری قەندیل (هەرێمی پاراستنی میدیا) و كامپی ئاوارەكانی مەخمور سەپاند.
* لەشەوی (١٥ ـ ١٦)ی مانگی (١٢)ی (٢٠٠٨)دا (٥٣) فرۆكەی جەنگی سوپای تورك گوندەكانی باشووری كوردستانیان بۆردومان كرد. لە ئاكامدا (٢) گوندنشینی بناری قەندیل و (٥) گەریلا شەهیدبوون و بەدەیان كەسیش بریندار بوون. هەروەها چەندین نەخۆشخانە و خوێندنگا و خانووی گوندنشین وێران كران و بەسەدان سەر مەڕیش لەناوچوون.

کورتکراوەی

ناوی پارت و رێکخراوەکان

کۆنگرا گەل KONGAR GEL: کۆنگرەی گەلی کوردستان.

PKK: پارتیا کارکەرێن کوردستان، پارتی کرێکارانی کوردستان.

KNK: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

KJB: کۆما ژنێن بلّند

YAJK: یەکێتی ئازادی ژنانی کوردستان

PAJK: پارتی ئازادی ژنانی کوردستان

ARGK: ئارتەشی رزگاریخوازی گەلی کوردستان

ERNK: ئەنیا رزگاریا نەتەوا کوردستان، یان بەرەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان

YAJK: یەکێتی ئازادی ژنانی کوردستان

HEP: پارتی رەنجی گەل

DEP: پارتی رەنجی دیموکراتی

DEHAP: پارتی گەلی دیموکراتی

HADEP: پارتی دیموکراتی گەل

HRK: هێزی رزگاری کوردستان

(KCK)KKK: کۆما کۆمەلّانی کوردستان، یان کۆما جڤاکێن کوردستان

PKDW: پەرلەمانی کوردستان لەدەرەوەی کوردستان

HPG: هێزی پاراستنی گەل.

TÜRKİYE İHTİLALCİ İŞÇİ KÖYLÜ KURTULUŞ ORDUSU :TİİKKO ئارتەشـی رزگـاریخوازی كرێكـاران و جووتیـارانی شۆڕشگێڕی توركیا

DDKD: Devrimci Demokratik Kültür Dernekleri كۆمەڵـەكانی كولتووری دیموكراتی شۆڕشگێڕ

DEV-YOL: DEVRİMCİ YOL ڕێگای شۆڕشگێڕی

DEV-SOL: DEVRİMCİ SOL چەپی شۆڕشگێڕ

ADYÖD: ANKARA DEVRİMCİ YÜKSEK ÖĞRENİM DERNEĞİ كۆمەڵەی خوێنـدكارانی خوێنـدنی باڵای شۆڕشگێڕ لە ئەنقەرە

TSP: TÜRKİYE SOSYALİST PARTİSİ پارتی سۆسیالیستی توركیا

TSIP: TÜRKİYE SOSYALİST İŞÇİ PARTİSİ پارتی كرێكارانی سۆسیالیستی توركیا

THKO: TÜRKİYE HALK KURTULUŞ ORDUSU ئارتەشـی رزگاری گەلی توركیا

THKP-C: (Türkiye Halk Kurtuluş Partisi-Cephesi) بەرەی ـ پارتی ـ رزگاری گەلی توركیا.

KUK: Kürdistan Ulusal Kurtuluşçuları رزگـاریخوازانی نەتـەوەیی كوردستان.

UDG: Ulusal Demokratik Güçbirliği یـەكێتی هێـزە دیموكراتییـە نەتەوەییەكان

PSK: Partiya Sosyalist a Kürdistan پارتی سۆسیالیستی كوردستان

پ د ك: پارتی دیموكراتی كوردستان

ی ن ك: یەكێتی نیشتمانی كوردستان

فەرهەنگۆکی هەندێك

لە وشە و زاراوەکان

ئەکادیمیای مەعسوم قۆرقماز: ئەکادیمیای پەروەردەیی تەڤگەری (PKK) بوو، تێیدا پەروەردەی فیکری، سیاسی و عەسکەری بەڕێوەدەچوو. شوێنی ئەو ئەکادیمیایە لە دۆڵی "بیقاع"ی لوبنان بوو، لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا (PKK) بەهاوکاری رێکخراوە شۆڕشگێڕە فەلەستینییەکانی وەك "بەرەی دیموکراتی فەلەستینی" دایمەزراند. لەدوای شەهیدبوونی هەڤاڵ عەگید (مەعسوم قۆرقماز) و وەرگرتنی بڕیاری بەسوپابوون (بەئارتەشبوون) و دامەزراندنی (ARGK) لە کۆنگرەی سێیەم (١٩٨٦)دا، وەك رێزگرتن و بیرەوەرییەکی شەهیدبوونی هەڤاڵ عەگید ، ئەو ئەکادیمیایە بەناوی ئەوەوە کرا. لەساڵی (١٩٩٢)دا لەژێر فشارێکی زۆری ئەمریکا و تورکیادا بۆ سەر حکومەتی لوبنان، ئەو ئەکادیمیایە داخرا.

بەرگری رەوا: بەرگری رەوا مافێکی سروشتی و گەردوونی هەموو کەس و هێز و لایەن گەل و نەتەوەیەکە لەبوارە سیاسی، سەربازی و یاساییەکانەوە و بەندێکی نێو جاڕنامەی جیهانی ماف مرۆڤیشە. لەبەرامبەر هەر هێرش و پەلاماردانێك ماف بەرگری لەخۆکردن مافێکی رەوایە، تەنانەت پێشێلکردنی هەرە مەزن بەرگری لەخۆنەکردنە، واتا بەکارنەهێنانی ئەو مافەیە. بەرگری رەوا سێ جۆرە یان بڵێین سێ ئاستی هەیە: بەرگری رەوای پاسیف، بەرگری رەوای چالاك، بەرگری رەوای سەرتاسەری.

بەڕێوەبەرایەتی پراکتیکی: (سەرۆکایەتی مەیدانی، یان سەرۆکایەتی تاکتیکی) بەو بەڕێوەبەرایەتییە دەگووترێت کە بەرپرسیار و سەرپەرشتیکار و جێبەجێکارە لە پراکتیکدا.

بکەری نادیار: واتا ئەو کارەی کە بکەرەکەی دیار نییە و نازانرێت کێ کردوویەتی. بەڵام لەم پەرتووکەدا مەبەست لە دەستەواژەی (بکەری نادیار) سەرجەم ئەو کارە تیرۆریستیانەیە کە لەسەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە تاوەکو ئێستا لەباکووری کوردستان و تورکیا لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە و لەرێگەی رێکخراوە شاراوە و نهێنییەکانی وەك "

میت، حزبوللا، ژیتەم، کۆنتراگەریلا، ئۆزەل تیم...هتد" بەڕێوە دەبردرێت. ئەو کارە تیرۆریستیانەی لەژێر ناوی "بکەری نادیارەوە ئەنجام دەدرێت، بەشێکە لە" تیرۆری دەوڵەت"ی تورکیا کە بەردەوام لەدژی گەلی کورد بەگشتی و ئازادیخواز و دیموکراتیخوازەکان لە کوردستان و تورکیا بەڕێوەی دەبات. لەسەرەتای نەوەدەکانەوە تاوەکو ئێستا قوربانیانی "بکەری نادیار" زیاتر لە (١٠٠٠٠) دەهەزار کەسە، کە لەنێویاندا رۆژنامەوان ، هونەرمەند، نووسەر، چالاکوانانی بواری ماق مرۆڤ و حقوق، سیاسەتمەدار، مامۆستا، خوێندەفان، کاسبکار، جووتیار، شوان، هەروەها ژن، منداڵ و پیریش هەن. تیرۆرکردنی نووسەری گەورەی کورد موسا عەنتەر کە تەمەنی لەسەرووی هەشتاوە بوو، نموونەیەکی قوربانی تیرۆری دەوڵەتی تورکیایە. ئەوەی جێی سەرنجە تا ئێستا یەك کەسیش لەسەر ئەو تاوانانەی لەژێر ناوی "بکەری نادیار" کراوە، لەلایەن دادگای دەوڵەتەوە سزا نەدراوە، تەنانەت ئەگەر بکەرەکە ئاشکراش ببێت هەر سزا نادرێت، بەڵکو دەپارێزرێت و ئیمتیازی زیاتری پێدەدرێت، بۆنموونە؛ تەقاندنەوەی پەرتووکخانەی ئومێد لە شەمزینان لە (٩)ی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (٢٠٠٥) گەل تاوانبارانیان لەسەر تاوانەکە و بەدەمیان بەڵگەوە دەستگیرکرد کەچی داداگا بەرەڵای کردنەوە....

بەلشەفیك: وشەیەکی روسییە، واتا زۆرینە. کاتێك کە "لینین" لەساڵی (١٩٠٤)دا مۆدێلێکی رێکخستنی بۆ **پارتی کۆمۆنیستی روسیا** پێشنیاز کرد، زۆربەی بەشدارانی کۆنگرەکە لەگەڵ مۆدێلەکەی "**لینین**" دابوون و کەمینەش لەدژی ئەو مۆدێلە پێشنیازکراوەی "**لینین**" نەبوون. بەزمانی روسی بەزۆرینەکانیان دەگووت"**بەلشەفیك**" بە کەمینەکانیش "**مەنشەفیك**". ئەو مۆدێلەی کە "**لینین**" پێشنیازی کردبوو؛ میکانیزمەی "**ناوەندی دیموکراتی**" بەبنەما دەگرت و دەبوو ئەندامی پارتی ئامادە بێت لەشانەیەکی رێکخستنیدا جێگە بگرێت و ببێتە ئەندامی شانەیەکی رێکخستنی ئەوکاتە ئەندامێتی ئەو کەسە پەسند دەکرا. بەڵام "**مەنشەفییەکان**" پێیان وابوو مەرج نییە ئەندام ببێتە ئەندامی ئۆرگانێکی رێکخستنی، بەڵکو هەر کەسێك بەرنامە و بیروبۆچوونی پارتی پەسند کرد و کاری بۆکرد ئەوا ئەندامی پارتییە. کاتێك کە بەلشەفیکەکان لەمیانەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧)دا سەردەکەون و دەسەڵات دەگرنە

دەست، ئەوا بەگوێرەی چەمکەکانی خۆیان سۆفییەتیان بەڕێوە برد. بەو شێوە ڕێکخستنییەی کە "لینین" دایهێنا دەگووترێت شێوە ڕێکخستنی بەلشەفیانە و لەهەموو جیهاندا بووە مۆدێلی پارت و ڕێکخراوە کۆمۆنیستیی و سۆسیالیستییەکان.

تەسفیەگەرێتی: بریتییە لەو هەوڵانەی لەناو ڕێکخستندا دراون بۆ بەلاڕێدا بردنی ڕێکخستن و گۆڕینی هێڵی تێکۆشانی ڕێکخستن.

تەڤگەر: بزووتنەوە، بزاڤ، جولانەوە، جموجۆڵ. بەڵام لەدووتوێی ئەم پەرتووکەدا وشەی (تەڤگەر) لەزۆر کاتدا بەواتای تەڤگەری ئاپۆچی یان تەڤگەری (PKK)دێت.

چەتەگەرێتی: لەبنەڕەتدا ئەو چەمکی چەتەگەرێتییە لەچەمکی گوندێتییەوە دەرچوو. لەبنەمادا چەمکی چەتەگەرێتی ساڵی (١٩٨٧) دەستیپێکرد و "کۆر جەماڵ" نوێنەرایەتی ئەو چەمکەی دەکرد و لەناو تەڤگەر و لەناو گەریلادا پەرەی پێدا. هەرچەندە ئەو چەمکە **چوار چەتەکان** لەپراکتیکدا پێشیانخست و بەهێزیان کرد، بەڵام لەبنچینەشدا **ئەبوبەکر (خەلیل ئەمتاج)** و **بۆتان (نیزامەددین تاش)** کە دوو بەرپرسیاری ئەوکاتە بوون، ئەو خەتەی ئەوانیان دەپاراست، ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی خەتی چەتەگەرێتی و ڕێکخستنکردنی چەتەگەرێتی ئەوەندە تەشەنە بکات و ئەوەندە تەخریبات لەگەڵ خۆیدا بهێنێت. لەبنەمادا، لەژێر بەرپرسیارێتی هەردووکیاندا ئەو خەتە و ئەو هەموو تەخریباتانە ڕوویاندا. بەڕێز **جەمیل بایك** لەم بارەیەوە دەڵێت:" ئەو پراکتیکەی لە ماردین و بۆتان و دەوروبەری لەدژی گوندەکان، لەدژی کەسانی سڤیل پێشکەوت لەژێر ناوی "ئەوانە سیخوڕن، چەتەن و جاشن" تەسفیەکردنی ئەو کەسانە هەمووی لەژێر بەرپرسیارێتی" **نیزامەددین تاش و خەلیل ئەمتاج**"دا پێشکەوت...". لەساڵانی (٢٠٠٤ ـ ٢٠٠٥)شدا ئەو کەسانە خواستیان ئیدی تایبەتمەندێتی چەتەگەرێتی و تەسفیەگەرێتی خۆیان بەتەواوی بسەپێنن. بەڵام کە لەمەدا سەرنەکەوتن، بەیەکەوە لەنێو ڕێکخستندا هەڵاتن.

چوارچەتە: بە" **کۆر جەماڵ، هۆگر، مەتین، شەمدین ساکیك**" دەگووترێت "**چوار چەتە**"کە. چونکە ئەوانە سەرکێشی پراکتیکی چەتەگەرێتیان لەنێو تەڤگەردا کردووە. ئەوانە لەنێو تێکۆشانی گەریلاییدا لەدەرەوەی ئامانج و پرەنسیپ و ڕێبازی (PKK)

چالاکی و جموجۆڵ و هەڵسوکەوتیان کردووە. ئەو چەتانە بەسوود وەرگرتن لە رەوشی پـڕ دژواری خـەباتی گـەریلایی لـە هەشـتاکان و سروشـتی پێکهاتـەی گونـدێتی و گوندنشینی کۆمەڵگای کوردستان و خۆشکردنی زەمینەی چەتەگەرێتی لەلایەن هەردوو بەرپرسیاری ئەو کاتەی گەریلا "خـەلیل ئـەتاج" و "نیزامـەددین تـاش" ئـەو چـەتانە چـەمکی چـەتەگەرێتی خۆیـان تەشـەنەپێدا. سـەرەڕای هـەموو تـەدبیرەکانی سـەرۆك و رێکخـستن، بـەڵام زەرەر و زیـانێکی زۆریـان لـە تەڤگـەر و گـەل دا، چـەندین چـەمکی دواکـەوتووی وەك؛" گروپـچێتی، پێرپێرێتـی، تەکـەتول، بـەکارهێنانی توندوتیـژی لەرادەبەدەر و بێ هۆ، موڵکییـەتی شەخسی، دەسـەڵاتخوازێتی، پیلانگێرێتـی، گونـدێتی و...هتـد"یـان لـەناو تەڤگـەردا پـەرە پێـدا. دوای هـەوڵ و کۆشـشێکی زۆری سـەرۆك و هەڤاڵانی ملیتان و گشت تەڤگەر توانرا ئەو چەتانە و چەمکەکانیان ریسوا و بێکاریگەر بکـرێن و پاشماوەکانیـان بـسڕدرێتەوە، بەمـەش تەڤگـەر لـە کەسـانی چـەتە و چـەمکە چەتەگەرییەکانیان پاك بکرێتەوە و تەڤگەر بکەوێتەوە سەر رەوت و راستەڕێی خۆی.

دیموکراتی راستـەوخۆ: بریتییە لـەو سیـستەمەی کە گـەل راسـتەوخۆ خـۆی بـەڕێوە دەبات. ئەم سیستەمە لەخوارەوە بۆ سەرەوە خۆی بنیاد دەنێت و دیموکراسییەت تـەنیا میکـانیزمێکی ئیـداری نییـە، بـەڵکو خـودی سیـستەمەکەیە و گـەل هـەمووی بەیەکـەوە مومارەسەی دەکەن، نەك تەنیا نوخبەیەکی سیاسی باڵادەست. هەروەها ئـەم سیـستەمە لەدەرەوەی زیهنییەت و پێکهاتەی دەوڵەتگەراییەوە بەڕێوەدەچێت.

دیمـوکراتی نوێنـەرایـەتی: بریتییـە لـەو سیـستەمەی کـە گـەل نوێنـەرانی خـۆی بـۆ ئۆرگانەکانی دەسەڵات و دەوڵەت هەڵدەبژێرێت و لەڕێگەی ئەو نوێنەرانەیەوە بەشـداری لەدەسەڵات دەکات. واتا دیموکراسییەت وەك میکـانیزمێکی ئیـداری دەوڵـەت بـۆ دەسـتاو دەسـتکردنی دەسـەڵات کـاری پێـدەکرێت، نـەك وەك سیـستەمێك کـە ئـیرادەی گـەل راسـتەوخۆ بەشـداری تێـدا دەکـات، بـەڵکو بەنوێنەرایـەتی گـەل نوخبەیـەکی سیاسـی مومارەسەی دەسەڵات دەکات.

سۆسیالیزمی بنیادنـراو: سۆسیالیزمی ریئال، بەو ئەزموونە دەگووترێت کە سۆڤییەت و چین و وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات و هەندێك وڵاتی ئەمریکای لاتین پەیڕەویان کرد و خواستیان سۆسیالیزم پەیڕەو بکەن. بەڵام لەجێبەجێکردندا لەجەوهـەر و راستینەی

سۆسیالیزمی زانستی لایاندا و لەئاکامدا لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا ئەو ئەزموونانە بەرەو هەڵوەشانەوە چوون. ئێستاش هەندێك وڵاتی وەك چین و کۆریای باکوور و کوبا پێداگری لەسەر هەمان ئەزموون دەکەن. ئەو زاراوەیە وەك ئاماژەیەك بۆ دوورکەوتنەوەی ئەو ئەزموونە لە راستینەی سۆسیالیزم بەکاردەهێنرێت...هەروەها بۆ هەموو ئەقڵییەت، چەمك، کولتوور، شێوازی بیرکردنەوە و ژیان و کارێك دەگووترێت کە لەو ئەزموونەدا سەریهەڵداوە، یان خوازیار بێت لاسایی بکاتەوە.

ژیری سۆزداری و ژیری ئەنالیتیکی: بەپێی زانست ژیری مرۆڤ دوولایەنەیە؛ لایەنی سۆزداری و لایەنی شیکاری. ژیری سۆزداری ئەو لایەنەی پێکهاتەی ژیری مرۆڤە کە سۆز بەسەریدا زاڵە و رەنگدانەوەی خۆی لەهەڵسوکەوت و مامەڵەکردن لەگەڵ رووداو و دیاردەکاندا. ژیری شیکاریش بریتییە لەو بەشەی ژیری مرۆڤ کە پیشت بەزانیاری و پێدراوەکان دەبەستێت و دابڕاو لەسۆز مامەڵە لەگەڵ رووداوەکاندا دەکات.

کۆمەڵگای ژێرەوە: بریتییە لەسەرجەم ئەو رەگەز، توێژ و چین، ئایین، ئایینزا، ئەتنیك و گەلانەی ژێردەستە و چەوساوەن. وەك ژن، کۆیلە، سەپان، جوتیار، کرێکار....

کۆمەڵگای سەرەوە: بریتییە لە سەرجەم رەگەز، توێژ و چینە دەسەڵاتدار و باڵادەستەکان، ئەوانەی لەئاستی سەرەوودا لەدەسەڵات و دەوڵەتدا شوێنگیرن. وەك: پیاو، تەکنۆکرات، خانەدان، کۆیلەداران، دەرەبەگ، بۆرژوا...هتد.

کۆمینالی دیموکراتی: (کۆمەڵکاری دیموکراتی) لەسەر بنەمای بەها کۆمەڵکاریی و هەرەوەزییەکان بنیاد دەنرێت. شانبەشانی لەبەرچاوگرتنی ماف ئازادییەکانی تاك، ماف و ئازادییەکانی کۆمەڵگاکان و پێکهاتە ئەتنیکییەکانیش بەهادار دەبینێت.

گۆڕەپانی سەرۆکایەتی: بەشوێنی مانەوەی سەرۆکایەتی (PKK) بەتایبەتی سەرۆك ئۆجەلان دەگوترا. لە ساڵانی نێوان (١٩٧٩ ـ ١٩٩٨) گۆڕەپانی سەرۆکایەتی لوبنان و سوریا بوو. ئەو گۆڕپانە شوێنی سەرەکی پەروەردە و قووڵبوونەوەی فیکری بوو.

میللیگەرای سەرەتایی: بریتییە لەو چەمك و پێکهاتەیەی کە بانگەشەی نەتەوەییبوون دەکات، بەڵام لەرووی کردارییەوە پێداویستییەکانی نەتەوەییبوونیش نە لەرووی زیهنی و نە لەرووی کردارییەوە لەخۆیدا بەرجەستە ناکات و بەدیناهێنێت.

بەڵكو پێوانە خێڵەكی و ناوچەگەرییەكان لەبوارە فیكری و سیاسی و كولتووری و ئابوورییەكان بەسەر ئەو پێكهاتە و ڕێكخستنەدا زاڵە.

ئاتمۆسفێر: كەشوهەوا

ئاژیتاسۆن: خیتابی حەماسی، هاندان.

ئەلتەرناتیف: بەدیل، جێگرەوە.

ئەنتەرناسۆنالیست: كەسی نێونەتەوەیی

ئەماتۆر: ناپرۆفیشناڵ، ڕانەهاتوو، بەكەسێك دەگووترێت كە كارێك بكات بەڵام نەیكردبێتە پیشە و خۆی تێدا قووڵ نەكردبێتەوە.

ئۆبژێكتیف: بابەتی

ئۆرگانیزە: بەڕێوەبردن، سەرپەرشتیكردن،ڕێكخستەكردن.

ئیكۆلۆژی: زانستی ژینگە، ژینگەناسی، ژینگەپارێزی.

ئینسیاتیف: دەستپێشخەری، مبادرە.

بایكۆت: نەچوونە سەر كار، یان نەچوونە دەوام.

پارادیگما: جیهانبینی، دیدگا.

پارڤەكردن: دابەشكردن،

پێڤاژۆ: پێوازۆ، قۆناخ، دۆخ، دۆخی بەڕێوەچوو یان دۆخی بەڕێوەبراو.

پراواكسیۆن: گێرەشێوێنی. ئاڵۆزی دروستكردن.

پرۆتستۆ: شەرمەزار و مەحكومكردن

جڤات: ئەنجوومەن، شورا

جڤاك: كۆمەڵگا

جڤین: كۆبوونەوە، گردبوونەوە

چێبوون: دروست بوون، ئافراندن

دیرۆك: مێژوو.

دۆگماتیـك: ، ئـەقڵ وەسـتاو، قاڵبـچی، چەقبەسـتوو، بـەو کەسـانە دەگووترێـت کـە بەشێوەیەکی رەها لەمەسەلەکان دەڕوانێت و باوەڕی بەگۆڕان و پێشکەوتن نەبێت.

دیالیکتیك: جەدەلییەت

تەڤلیهەڤ: تێکەڵ و پێکەڵ، ئاڵۆز.

تەڤلیبوون: بەشداربوون

تەرز: شێواز، ئوسلوب.

تیم: گروپ، دەستە، مەفرەزە.

رەوش: بارودۆخ، هەلومەرج.

رۆژەڤ: باسوخواس، ئەجیندا، بابەتی باس.

زەلال: روون، ئاشکرا، سازگار.

کاپیتالیزم: سەرمایەداری

کەناڵیزەکردن: ئاراستەکردن، رێڕەودان.

کۆردیناتۆر: کارگێڕ

کۆردیناسیۆن: لیژنەی تەنسیق، ئەنجوومەنی کارگێڕی، ئەنجوومەنی تەنسیق.

کۆنسێپت: پیلان، نەخشەیەکی کار.

کێماسی: کەموکوڕی.

ڤالا: پووچ، بەتاڵ، بۆش.

سەنترالیزم: ناوەندگەرایی

سۆبژێکتیف: خودی (ژاتی)

ستاتۆ: قەوارە، کیان، پێکهاتە... ستاتۆپارێز: قەوارەپارێز یان کۆنەپارێز.

شانتاژ: هەڕەشە، گوشار، بەکارهێنانی کارتی فشار.

لەیستۆك: یاری، گەمە. بۆ پیلانگێڕییش بەکار دێت.

لینجکردن: بێکاریگەرکردن، گۆشەگیرکردن.

مارژینالّ: بێکاریگەر، بچووککردن.

مەتریال: کەرەستە.

مژوول: خەریك، مژوولبوون: خەریکبوون.

ملیتان: شۆڕشگێڕی پرۆفیشنالی فیداکار

نۆرمالّ: ئاسایی.

نیۆلۆتیك: چەرخی بەردینی نویّ.

لیستی ناوی ئەو هەڤاڵ و دۆست و لایەنگرانەی کە لەماوەی نزیکەی سێ مانگدا لەرێکەوتی نێوان (١٩٩٨\١٠\٩) و (١٩٩٩\١٢) بەچالاکی فیدایی یان خۆسووتاندن یان شێوازی دیکەی چالاکی لەدژی پیلانگێڕی نێودەوڵەتی دەستگیرکردنی سەرۆك ئاپۆ راوەستانەوە.			
شوێنی ئەنجامدانی چالاکی	رێکەوتی ئەنجامدان چالاکی	ناوی چالاکوان	ژمارە
زیندانی مەرعەش	(١٩٩٨/١٠/٩)	محەمەد خالد ئۆزال	١
زیندانی بارتن	(١٩٩٨/١٠/١٨)	موراد کایا	٢
زیندانی ئەماسیا	(١٩٩٨\١٠\١٩)	محەمەد گول	٣
زیندانی ئەماسیا	(١٩٩٨/١٠/١٩)	عەلی ئایدن	٤
زیندانی چاناك قالە	(١٩٩٨/١٠/٢٠)	مەرال کاشۆ توراچاك	٥
زیندانی ئادیەمان	(١٩٩٨/١٠/٢١)	بولەند بایرام	٦
زیندانی یۆزگات	(١٩٩٨/١٠/٢٢)	عیسمەت ئینانچ	٧
قامیشلی	(١٩٩٨/١٠/٢٢)	حەسەن عیسا حەسەن	٨
ئامەد	(١٩٩٨/١٠/٢٢)	فەتاح قەرەتاش	٩
زیندانی میدیات	(١٩٩٨/١٠/٢٢)	سەلامەت مەنتەش	١٠
زیندانی میدیات	(١٩٩٨/١٠/٢٣)	ئاینور ئارتان	١١
زیندانی ئەلەبستان "مەرەش"	(١٩٩٨/١٠/٢٣)	محەمەد باریانك	١٢
زیندانی عەنتاب	(١٩٩٨/١٠/٢٤)	جەننەت گونەش	١٣
زیندانی ساکاریا	(١٩٩٨/١٠/٢٤)	سەبری ئیپەك	١٤
زیندانی ساکاریا	(١٩٩٨/١٠/٢٤)	ئایسەل جەیلان	١٥
زیندانی کۆنیا	(١٩٩٨/١٠/٢٤)	سەمەد ئۆکتای	١٦

١٧	میرزا سەفیملی	(١٩٩٨/١٠/٢٦)	زیندانی ئەرزڕۆم
١٨	موسلیم محەمەد	(١٩٩٨/١٠/٢٦)	زیندانی عەنتاب
١٩	کەنعان قەرە حەسەنۆ - لی	(١٩٩٨/١٠/٢٦)	زیندانی ئەرزڕۆم
٢٠	بەرزان ئۆزتورك	(١٩٩٨/١١/١)	ئەڵمانیا(١٩٩٩/١/٤) شەهیدبوو
٢١	محەمەد ئایدن	(١٩٩٨/١١/١٣)	زیندانی چەناك قالە
٢٢	ئەردالْ جەکەن	(١٩٩٨/١١/١٣)	زیندانی ماردین
٢٣	عەباس سەرتکایا	(١٩٩٨/١١/١٤)	زیندانی عومرانی
٢٤	عیسمەت ئاکای	(١٩٩٨/١١/١٤)	زیندانی ئادیەمان
٢٥	موحەییەدین سەفیملی	(١٩٩٨/١١/١٥)	زیندانی ئامەد
٢٦	عومەر شەن	(١٩٩٨/١١/١٥)	زیندانی عومرانی
٢٧	عەدنان ئۆزجان	(١٩٩٨/١١/١٥)	زیندانی بورسا
٢٨	قادری ئیلهان	(١٩٩٨/١١/١٥)	زیندانی سێرت
٢٩	سیراجەدین حەسەن	(١٩٩٨/١١/١٦)	زیندانی بورسا
٣٠	رەمەزان مالکۆچ	(١٩٩٨/١١/١٦)	زیندانی عومرانی
٣١	عەزیمە ئینان	(١٩٩٨/١١/١٦)	زیندانی باتمان
٣٢	رەمزیە زەنگین	(١٩٩٨/١١/١٦)	زیندانی باتمان
٣٣	ئیدریس باشاران	(١٩٩٨/١١/١٦)	زیندانی جەیهان
٣٤	حانیفی کوزو	(١٩٩٨/١١/١٦)	زیندانی سێرت
٣٥	حەمدوڵلا داشجی	(١٩٩٨/١١/١٦)	زیندانی ماردین
٣٦	عەلی ئەربەك	(١٩٩٨/١١/١٦)	زیندانی ماردین
٣٧	مستەفا شاهین	(١٩٩٨/١١/١٦)	ئەڵمانیا
٣٨	ئەحمەد یڵدرم	(١٩٩٨/١١/١٧)	مۆسکۆ
٣٩	محەمەد تورگای	(١٩٩٨/١١/١٧)	زیندانی کۆنیا
٤٠	زەینەب عەرەب	(١٩٩٨/١١/١٧)	زیندانی عەنتاب
٤١	رەمەزان ئیدیبەللی	(١٩٩٨/١١/١٧)	زیندانی کۆنیا
٤٢	رەمزی ئاککوش	(١٩٩٨/١١/١٧)	مۆسکۆ

٤٣	فاتمه ئۆزەن (رۆژبین)	(١٩٩٨/١١/١٧)	یوکسەکۆڤا\چالاکی فیدایی
٤٤	ئەمروڵڵا داملاّیجی	(١٩٩٨/١١/١٨)	قامیشلی
٤٥	سولێمان گولتەکین	(١٩٩٨/١١/١٨)	زیندانی ترابزۆن
٤٦	سەید بایرام	(١٩٩٨/١١/١٨)	دێرك(باشووری رۆژئاوا)
٤٧	زولکیف یڵماز	(١٩٩٨/١١/١٨)	رۆما
٤٨	فەتیحە عەبدوڵڵا	(١٩٩٨/١١/١٨)	زیندانی مەلاتیه
٤٩	عوسمان تینیت	(١٩٩٨/١١/١٨)	زیندانی مەلاتیه
٥٠	فازڵ سولوك	(١٩٩٨/١١/١٩)	زیندامی عەنتاب
٥١	خەلیل ئاکنجی	(١٩٩٨/١١/١٩)	زیندانی بورسا
٥٢	جەنگیز کایا	(١٩٩٨/١١/١٩)	زیندانی ئاگری
٥٣	حەمید چاکر	(١٩٩٨/١١/١٩)	ئامەد
٥٤	مەتین یورتسەڤەر	(١٩٩٨/١١/١٩)	کۆجائەلی
٥٥	زەهرا رزگار	(١٩٩٨/١١/٢٧)	رۆژهەلاّتی کوردستان
٥٦	نوری ئاجار	(١٩٩٨/١١/٢٧)	زیندانی ئۆردوو
٥٧	جەمیل ئۆزالپ	(١٩٩٨/١١/٢٧)	ئامەد
٥٨	میرزا چوبوکچو	(١٩٩٨/١١/٢٧)	زیندانی باتمان \ لەئەنجامی چالاکی مانگرتن شەهیدبوو
٥٩	حوسنییه ئۆروج (بنەفش)	(١٩٩٨/١٢/١)	لیجه (چالاکی فیدایی)
٦٠	حەسەن تاشکن	(١٩٩٨/١٢/٣)	ئەڵمانیا
٦١	جیهاد شێخۆ	(١٩٩٨/١٢/١٠)	قوبرس
٦٢	تاقیبه گولتەکین	(١٩٩٨/١٢/١٢)	زیندانی سیواس
٦٣	خەدیجه فالای	(١٩٩٨/١٢/١٣)	ئەستەمبوڵ
٦٤	گوڵستان تاش	(١٩٩٨/١٢/١٦)	باتمان

٦٥	تایلان ئۆزگور قەهرەمان	(١٩٩٨/١٢/٢١)	روسیا
٦٦	محێدین ئشك	(١٩٩٨/١٢/٢٤)	عەنتاب
٦٧	حەمدیە کاپان (بەروار)	(١٩٩٨/١٢/٢٤)	وان \ چالاکی فیدایی
٦٨	ئەردال ئاکسو	(١٩٩٨/١٢/٢٩)	لەچالاکی رفاندنی فرۆکەدا
٦٩	سیروان رەئوف	(١٩٩٩/٢/١٨،١٧)	سلێمانی ـ لەشەوی (٢٦ ـ١٩٩٩\٢\٢٧) شەهیدبوو
٧٠	فەلات قادر	(١٩٩٩/٢/٢٥)	یوکسەکۆڤا\ چالاکی فیدایی
٧١	نورەددین شاهین(فەرهاد بەروار)	(١٩٩٩/٣/٥)	باشکەلا\ چالاکی فیدایی
٧٢	شاهین حوسێن	(١٩٩٩/٣/١٠)	دهۆك\ چالاکی فیدایی
٧٣	دیلان گەڤەر	حوزەیرانی(١٩٩٩)	ئەرزرۆم\ چالاکی فیدایی
٧٤	باقی تاتلی (باران شاهین)	(١٩٩٩/٤/٥)	بینگۆل\ چالاکی فیدایی
٧٥	نەزهات باراجی (شەهرستان بۆتان)	١٩٩٩	
٧٦	یاڤوز گوزەل	(١٩٩٩/١١/٣٠)	زیندانی بارتن (١٩٩٩/١٢/٦) لە نەخۆشخانە شەهیدبوو
٧٧	حوکمیە سەیهان (رووکەن بێریتان)	(١٩٩٩/١٢/)	روسیا
٧٨	رێناس	(١٩٩٩\٦\٣٠)	زیندانی ورمێ

٧٩	موسلم	٢٠٠٠	زیندانی ئاكرێ \ لەنەخۆشخانەی ئاكرێ شەهیدبوو

كۆتایی

شەهید عەگید (مەعسوم قورقماز)

ئەکادیمیای مەعسوم قۆرقماز ـ دۆڵی بیقاع

رێبەر ئۆجەلان لەگەڵ پۆلێك لەكادیران ـ دۆڵی بیقاع



سێیەمین كۆنگرەی (PKK)

سێیەمین کۆنگرەی کۆنگرەی (PKK)

ئەكادیمیای مەعسوم قۆرقماز ـ دۆڵی بیقاع ـ لوبنان

رێپێوانێکی جەماوەری لەئەوروپا

ڕێپێوانیێکی جەماوەری لەئەوروپا

شەهید حەمزە لەگەڵ ڕێبەر ئۆجەلاندا

ڕێپێوانێکی جەماوەری لە ئەوروپا

ڕێپێوانێکی جەماوەری

کۆمەڵێک بڵاوکراوەی تەڤگەری ئاپۆچی

شەهید نەژبیر ـ لەرێپێوانێکی جەماوەری لەهەولێر
لەمانگی ئابی ، 1992 ، شەهیدکرا



راگەیاندنی ئاگربەستی یەکلایەنە لە
کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا
17 ـ 3 ـ 1993

ریپیوانی جەماوەری

پۆلێك گەریلای YJA-STAR



شەهید بیریڤان ، گولناز قەرەتاش ،

پۆستەرێك سەبارەت بەساڵڕۆژی دامەزراندنی (PKK)

کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لەشاری ئامەد

شەهید د.سیروان لەگەڵ رێبەر ئۆجەلان ـ 1991

MED TV

لۆگۆی یەکەم کەناڵی ئاسمانی کوردی

MEDYA

لۆگۆی دووەم کەناڵی ئاسمانی کوردی

رۆژنامەی (وڵات) یادی نووسەرە شەهیدەکانی خۆی لەکۆمەڵکوژییەکەی 16ی گوڵانی 1997لە هەولێر دەکاتەوە

شەهید [illegible]

لە کۆمەڵکوژییەکەی هەولێر لە بارەگای ز. د. ك (لە 1997/5/16) شەهیدکرا

شەهید هیلین سەرحەد

لە کۆمەڵکوژییەکەی هەولێر شەهیدکرا

لە (1997/5/16)

شەهید سالح (حەسەن ئاغاج)
لە کومەلکوژییەکەی هەولیر (1997/5/16)
شەهیدکرا

شەهید هوزان

پۆلێك گەریلای هێزی پاراستنی گەل HPG

شەهید زیلان (زەینەب کناجی)

شەهید بەرماڵ (گوڵەر ئۆزتاچ)

پۆلێک گەریلای YJA-STAR

شەهید ئەیهان ، ئومید یونگون ،

شەهید سیروان رەئووف

شەهید مەریەم لەگەڵ ڕێبەر ئۆجەلان و هەڤاڵانیدا

شەهید سەما یوجە

شەهید رووناهی

چالاکییەکی پرۆتستۆیی

رێبەر ئۆجەلان لە بەناو دادگای ئیمرالیدا

پۆلێك گەریلا لەکاتی بەڵێندانی شۆڕشگێریدا

شەهید خەلات سوران

شەهید گولان

شەهید ئەردال (ئەنگین سنجار)

نەورۆزی ساڵی 2005

کاتێك كه ئیرادەی ئازادی گەل دێتە مەیدان..!!

دووەمین کۆبوونەوەی جڤاتی گشتی کۆنگرەی گەل

مەراسیمی سەربازی رێزگرتن لەیادی شەهیدان

شەهید شیلان (مەیسا باقی)

شەهید جەمیل

پۆلێك گەریلا لەكاتی مەشقكردندا

شەهید ڤیان جاف

شەهید نەلە فتەریا لەگەڵ منداڵەکانیدا

شەهید نەلە فتەریا

شەهید نوودەم (نووتا)
بە رەگەز ئەڵمان

شەهید ئەمارە (بەرگەز تورک)

هەڤاڵان (جەمیل بایك، مستەفا قەرەسوو، دوران کالکان)

هەڤاڵ موراد قەرەیلان سڵاو لەهەڤاڵانی دەکات

کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لەبەردەم بارەگای (پ ج د ك)

AKIF ZAGROS SİRWAN NARİ

شەهیدان

عاکف زاگرۆس و سیروان ناری

هەندێك لە ئارم و ئاڵاكانی تەڤگەری ئاپۆچی

ئاڵای (PKK)

لەکۆنگرەی یەکەمەوە تا کۆنگرەی پێنجەم

1978 - 1995

ئاڵای (HRK)

ئالای (ARGK) و (HPG)

ئالای (ERNK) لە 1985وە
تا 2000 * ئالای (PKK) لە
نەورۆزی 2005وە تا ئێستا

ئالای (PKK)
لەکۆنگرەی پێنجەمەوە تا کۆنگرەی حەوتەم
(1995- 2000)

ئالاّی(PKK) لەکۆنگرەی حەوتەمەوە
تا کۆنگرەی هەشتەم .
پاشان بووە ئالاّی KADEK

ئالاّی کۆنگرەی گەلی کوردستان



ئارمی پارتی ئازادی ژنانی کوردستان PAJK

ئارمی تەڤگەری جوانانی ئازادیخوازی کوردستان
(TECAK)

ئاڵای (YJA-STAR)

ئاڵای کۆما جڤاکێن کوردستان (KCK)

چەپکێک وێنە
لە مێژووی تێکۆشانی (PKK)

هەڤاڵ جەمیل بایك سڵاو دەداتە هەڤاڵانی خۆی

کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی بۆ راکەیاندنی ئاگربەست

رێبەر ئۆجەلان لەگەڵ هەڤاڵ جەمیل بایكدا

هەڤاڵ جەمیل بایك

شەهید سیروان لە نەخۆشخانەدا

شەهید سیروان ڕدنووف لە نەخۆشخانەدا

چوارده گەریلای شەهیدی کیمیابارانەکەی سوپای تورکیا لە
هەرێمی مووش لە 2006 ـ 3 ـ 25

شەهید زەکیە نەلکان

شەهید زیلان رۆژهەلاتی

شەهید دایکە عایشە کە لەئاکامی هێرشە ئاسمانییەکەی فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا لە16-12-2008

رژێمی تورکیا هەموو گیانەوەرێکی کوردستانیش بەدووژمنی خۆی دەزانێت

گەریلاكانی هێزی تایبەتی HPG

گەریلاكانی هێزی تایبەتی HPG

پەیمانی شۆڕشگێڕانەی گەریلا

PKK

ئیدی (PKK) تەڤگەرێکە وەك رووبار هەمیشە شەپۆڵ دەدات و دەهەرکێت و خۆی نوێدەکاتەوە و پێشدەکەوێت. ئەمەش سەرچاوەی خۆی لە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیاکەیەوە وەردەگرێت. بۆیە کەس ناتوانێت بە لۆژیکی باو و لەئارادا راست لە (PKK) تێبگات، چونکە (PKK) بەگوێرەی ئەو لۆژیکە باوەی هەیە ئاوا نەبووە و بەرێوە ناچێت و کارناکات، بەڵکو لەدەرەوەی ئەو زیهنییەت و لۆژیکەی هەیە ئاوابووە و بەرێوەدەچێت و کاردەکات، بۆیە ئەو زیهنییەتەی لەئارادایە ناتوانێت لە (PKK) تێبگات.

لە بڵاوکراوەکانی کۆمیتەی راگەیاندنی (پ.چ.د.ك)